سەرچاوە
Serchawe



ئەگەر توانای سازان و ئاشتبوونەوەمان نەبوایە، لە مێژ بوو مرۆڤ لە سەر زەوی بڕابۆوە، بەبێ هەبوونی ئەو توانایە، هەستی تۆڵە کردنەوە بە تەنیا دەیتوانی نەسلی ئینسان لە شەڕ و ڕق و تۆڵە سەندنەوە دا لە نێو ببا. بەڵام خۆشبەختانە توانای سازان و ئاشتبوونەوە لە مرۆڤەکان دا زۆر بە هێزترە لە هەستی تۆڵە و شەڕ خوازی.

# عومرێک چوونە پێش لە گەڵ کاروانی خەبات

## کۆمەڵێک بابەت و وتارەکانی برایم لاجانی

ئامادە کردنی : ڕەحمان نەقشی

## ناوڕۆک

### بابەت و نووسراوەکانی ساڵی ٢٠١٣ ......... لاپەڕەی ............... ٦


١- یادێک لە شەهیدی ڕێگای ئازادی کوردستان کاک ساڵح لاجانی ...
٢- دێموکڕاسی ...
٣- لە ساڵڕۆژی دامەزرانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران ...
٤- با چیدی بە ئێسک و پرووسکی مردووەکانمان یەکتر نەکوتین ...
٥- پێشەوا سەرچاوەی ئیلهام و سەرمەشقی خەبات لە پێناوی ئازادیدا...
٦- دیمانە : قاسملوو سەرمەشق و سەرچاوەی ئیلهامە بۆ خەبات لە پێناوی دێموکڕاسی دا.! ...
٧- با پردان درووستکەین نەک دیواران! ...
٨- ئامادە کردنی بۆ چاپ، کتێبی با پردان درووست کەین نەک دیواران!....
٩- کاتێک پەرواز دەبێتە بادی خۆشمروور و پەیکی شارەزا بە وادی شارە زوور ...
١٠- دیفاع لە پەرواس دیفاع لە هەموو ژنانی کوردستانە! ...
١١- پێڵاوی ژمارە ٤٢ ...
١٢- فانۆسی دەریایی ...
١٣- بانگی ئازادی،...
١٤- چاویلکەی حیزبی ئێمە دەبێ لەیەک کاتدا هەم زەرەبین بێ، هەم نزیکبین و هەم دووربینیش بێ،...
١٥- با مێژوومان میللی بکەین و شکڵێکی میللی و نەتەوەیی بە خەبات بدەین،...
١٦- کەمایەتیە نەتەوەییەکان و بەشداریی کاریگەریان لە پرۆسەی سیاسیدا...
١٧- کوردستان دەبێ زەنجیری ئیسلام لە دەست و پێی خۆی بکاتەوە ...
١٨- دیالۆگ لە گەڵ بەڕێز مامۆستا مەزهەری خوراسانی ...
١٩- بۆ پێویستە حکوومەت سکۆلار بێت؟ ...
٢٠- بۆ دەبێ کوردستان سکۆلاریزە بکەین؟ ...
٢١- مەئموریەتێکی قورس ...
٢٢- تەکانی ئاخر , مەئموریەتێکی قورس و گران.! ...
٢٣- باڵەکانی فڕینی حیزبی دێموکڕات بۆ فڕین بە بڵندایی ئاسمانی دا ئازاد دەکەین!...
٢٤- دەستمان بگرن و هەڵمان کێشنە ئاستی خۆتان! ...
٢٥- ئەسپی حیزبی ئێمە لە ڕێبەندانان ناسڵەمێتەوە ...
٢٦- با لەو کابووسە وەخەبەر بێین ...
٢٧- کارکردن بۆ دۆزینەوەی گەورەترین کۆڵەکەی هاویەش ...
٢٨- پێشەوا قازی لە پێرسپێکتیڤێکی نزیکتر و روانگەیەکی روونترەوە ...
٢٩- دیسکۆرسی کوردستانی .! ...
٣٠- خۆش نیە هەمیشە هەر برا چووکە بێت! ...
٣١- ریسالەتی حیزبی دێموکڕات! ...
٣٢- حیزبی دێموکڕات و ئیرادەی ئانجامدانی کردەوەی سیاسی! ....


### بابەت و نووسراوەکانی ساڵی ٢٠١٢ ......... لاپەڕەی ............... ٦١


١- کێشەی کورد کێشەیەکی سیاسی و نەتەوایەتیە و نابێ بکەوێتە داوی شەڕی مەزهەبییەوە! ...

٢- براکوژی ...
٣- دەست بەو مەوجانەوە دە گرین کە بەرەو ئایندەمان دەبەن...
٤- ئەوبەردانە خوێنی شەهیدانیان بەسەردا ڕژاوە ...
٥- حیزبی دێموکڕات و هەلسوکەوت لە گەڵ دین ...
٥- لە پەنجەرەکانی ساڵۆنی کۆنگرەی ١٥ی حیزبی دێموکڕاتەوە شەماڵی سالمسازی لە پۆلیتیکی کوردستانی ئیراندا هەڵدەکا...
٦- تەنیا بۆ مێژوو بەیادی کاک دووکتۆر شەرەفکەندی ...
٧- بۆ ئەندامانی کۆنگرەی ١٥ی حیزبی دێموکڕاتی کوردستانی ئێران...
٨- با ڕووحی بەرزی شەرەفکەندی ..ئاسمانی فەزای کۆنگرەی ١٥ای حیزبی دێموکڕات داگیربکات ...
٩- لە ساڵرۆژی دامەزرانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران ...
١٠- حیزبایەتی بە سیمایەکی ئینسانیەوە ...
١١- چ شتێک ڕۆڵی کلیدی بە حیزبی دێموکرات دەدا؟ ...
١٢- غونچەیەک کە مژدەی بەهاری پێیە! ...
١٣- با گوێ ڕادێرینە بانگەوازی زەمان! ...
١٤- تیپۆلۆژی دوکتۆر قاسملوو لە حیزبایەتی، کوردایەتی و خەبات و سیاسەتدا...
١٥- ئیبراهیم لاجانی، چالاک و کارناسی مافەکانی مرۆڤ، دوهەمین کتێبی دەرسی بۆ فێربوونی مافەکانی مرۆڤ ،لە نۆرویژیەوە کردە کوردی ...
١٦- بەرە و کۆنفرانس و بەرەو پیری کۆنگرەی ١٥ ی حدک ئێران! ...
١٧- کابینەی تازەی حکومەتی هەرێم و مافەکانی مرۆڤ ...
١٨- حیزبی دێموکڕات نیشاندەری ڕێگای خەبات ...
١٩- چۆن بەدەنەی حیزب هەڵسوڕتر و ڕۆڵی حیزب لە ڕێبەریکردنی خەباتی جەماوەریدا کاراتر بکەین؟ ...
٢٠- بوون بە پێشەوا و بە پێشەوا مانەوەی قازی موحەممەد ...
٢١- تووند و تیژی بە دژی ژنان دوای تەواوبوونی شەڕ ...
٢٢- هەل و مەرجی ئێستای خەبات و ئەرکەکانی تەشکیلاتی ئێمە ...
٢٣- ئاورێک لە ڕاگەیاندن و ڕێتۆریکی حیزبی دیموکڕات ...
٢٤- خەبات بۆ ئازادی کارێکی هێندە ئاسان نیە ...
٢٥- سەبارەت بە هەڵسوڕان و شوێنی ژنان لە حیزبی دێموکڕاتی کوردستانی ئێران ...
٢٦- با سەرمایە کانی حیزب و بزووتنەوە زەڕبی یەکتری کەین! ...
٢٧- حیزبی دێموکڕات و خێری گشتی ...
٢٨- حاکمیەتی شەڕاکەتی ...
٢٩- فیرقەگەرایی و سکتاریزم دوژمنی خەباتی جەماوەرین ...
٣٠- چ بکەین و چ نەکەین؟ ... بەرەو کۆنگرەی ١٥ی حیزبی دێموکڕاتی کوردستانی ئێران ...
٣١- بانگەوازی ستراسبۆرگ یەکەمین کۆنگرەی جیهانیی بۆ هەڵوەشاندنەوەی سزای ئیعدام! چەند قسەیەکی پێویست ...
٣٢- کوردستانی ئێران ...

**بابەت و نووسراوەکانی ساڵی ٢٠١١ ......... لاپەڕەی ............... ١٢٧**

١- شەڕی شیعە و سوننی و ئێمەی کورد ...
٢- بڕیاری دەفتەری سیاسی ...
٣- ئەمڕۆ ١٠ دیسامبر ڕۆژی پەسندکرانی بەیاننامەی جیهانی مافەکانی مرۆڤە ...
٤- ڕووداوەکانی ئەم دواییانەی زاخۆ و چەند سەرنجێک ...
٥- حیزبی دێموکڕات دەبێ یەخچاڵێک بێ بە پێچەوانەوە کار بکا ...
٦- بیست ساڵ پاش کارەساتێکی دڵتەزێن ...
٧- بزووتنەوەکانی ئێستای دونیای عەڕەب و تایبەتمەندیەکانیان ...
٨- پێداگۆگیی پاراستن و پەرەپێدانی و دەکارکردنی سەرمایەکانی حیزب.! ...

٩- زەماوەندی کوڕ و کچەکانی حیزب! ...
١٠- حیزبی دێموکڕاتی کوردستانی ئێران و ڕێتۆریکی سیاسی ...
١١- هاوڕێی حیزبی ...
١٢- پشتیوانی لە زیندانیانی سیاسی مەیدانی کار و تێکۆشانی هاوبەش ...

## بابەت و نووسراوەکانی ساڵی ٢٠١٠ ......... لاپەرەی ............... ١٤٧

١- ١٠ی ئۆکتۆبەر ڕۆژی جیهانیی خەبات بۆ هەڵوەشانەوەی سزای ئیعدام ...
٢- پێویستیی کارکردن بۆ ڕێکخستنی زیاتری ڕیزەکانی بزووتنەوەی میللی دێموکڕاتی کوردستانی ئێران ...
٣- چۆن یارمەتی بە خەبات لە نێوخۆی وڵاتدا بکەین؟ ...
٤- سەبارەت بە سیاسەتەکانی حیزبی دێموکڕاتی کوردستانی ئێران.! ...
٥- هەل و مەرجی ئێستای خەبات و ئەرکەکانی تەشکیلاتی ئێمە ...
٦- سەبارەت بە دەسپێشخەریە سیاسیەکانی بەڕێز کاک مستەفای هیجری ...
٧- یادێک لە شەهیدی نەمر کاک قادر لاجانی ...

## بابەت و نووسراوەکانی ساڵی ٢٠٠٩ ......... لاپەرەی ............... ١٥٦

١- کاک تەها ئەرکی ئێمەت قورستر کرد ...
٢- لە شەست و چوارەمین ساڵرۆژی دامەزرانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێراندا ...
٣- ئامانجی دێموکڕاسی بریتیە لە دێموکڕاسیی زیاتر ...

## بابەت و نووسراوەکانی ساڵی ٢٠٠٨ ......... لاپەرەی ............... ١٦١

١- هەلی زێڕین و مەترسی گەورە!! ...
٢- قۆناخی ئێستای خەبات و ئەرکەکانمان ...
٣- دیسان ئیعدام! ...
٤- جێگا و شوێنی مافی مرۆڤ لە بەرنامەی سیاسی و خەباتی ڕۆژانەی حیزبی دێموکڕات دا ...
٥- کۆنگرەی ١٤ی حیزب کۆنگرەی بە جەماوەری کردنی خەبات لە کوردستانی ئێران ...
٦- دیالۆگێکی دۆستانە سەبارەت بە دێموکراسی ...
٧- دێموکڕاسی، دیالۆگ، کێشە ، ئاشتبوونەوە ...
٨- کاڵای سیاسی حیزبی ئێمە و بازاڕی کوردستانی ئێران ...
٩- وەڵام بە بانگەوازی زەمان ...
١٠- خەباتی دەروون حیزبی ...
١١- کۆنگرەی چواردە ، هەنگاوێکی دیکە بەرەو بەهێزکردنی حیزب ...
١٢- ئاڵوگۆڕ ...
١٣- حیزبی ئێمە پێوستی بەهەزاران ڕێبەر هەیە ...
١٤- حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران و پرۆسەی هەڵبژارنی کادرەکانی ڕێبەرایەتی ...
١٥- حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران و کارو تێکۆشانی ژنان لە حیزب دا ...
١٦- ئەندراگۆگی موساڵەحە

# چەند قسەیەکی پێویست



ئەو کۆمەڵە وتارە وەک هەموو نوسراوەکانی دیکەی من ڕەنگی ڕووداوەکانی ڕۆژ و ژیان و خەبات و تێکۆشانی تەشکیلاتی و سیاسی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێرانیان پێوەدیارە. ئاخر ژیانی من لە ژیان و تێکۆشانی حیزبی دێموکرات جیانابێتەوە. من نوسەرێکی حیرفەیی نیم. وەک ئەندامیکی حیزبی دێموکرات لەو حیزبەدا کاروخەباتم کردوە، لەو حیزبەدا بیرم کردۆتەوە و نوسینیش بۆمن سەنگەرێکی خەبات بووە. جارێک شەهید دووکتۆر سەعید وتی برایم کاک هەژار رایسپاردوە کە برایم لە ڕادیۆ زۆر باسی گرانی و وەزعی دژواری ئابووری خەڵک دەکا. کێشەی کورد سیاسیەو خەباتی حیزبی دێموکرات بۆ مافە نەتەوەییەکانی گەلی کوردە نەک بۆ هەرزان بوونی باینجان و پیواز و یارئەڵماسی ، داوات لێدەکەم کەمتر لەوبارەوە بنووسەو زۆرتر لەسەر ریسالەتی حیزب و لایەنەکانی ستەمی نەتەوایەتی قسەبکە. مەبەستم ئەوەیە کەمن ئەژیتاتۆری حیزب بوومە و ئێستاش هەروام. هەر بۆیەش وتارەو بابەتەکان ڕەنگدانەوەی ژیانی حیزبی و تەشکیلاتی من و حیزبەکەمانن. لەبیرمە کاک دووکتۆر سەعید داوای لێکردم سەروتاری رۆژنامەی کوردستان بۆ چوون بەرەو کۆنگرەی نۆ بنوسم، وتارەکەم زوو تەواو کرد و بۆم بردوە. لەکۆنگرەی نۆ لە پشتی تریبۆنی کۆنگرە وتی قەڵەمی برایم وەک بۆڵدزێر بۆ حیزب کاردەکا. ئەوە سەوەروەری و شانازیەکی گەورەی دابەمن و ئێستاش هەروا بەورێگایەدا دەڕۆم .

خوێندوومەتەوەو یاداشتم هەڵگرتوون و دواتر لە شوێنی جۆراوجۆر لە پێوەندی لەگەڵ باس و وتار و سیمنارەکانی نێوخۆی حیزبدا یادداشتەکانم بەکارهێناون. سەرۆکی شیرکەتی ڤۆلڤۆ قسەی بۆ کارمەند و کرێکارەکانی کردوە و من ئیلهامم لە قسەکانی ئەو وەرگرتوە و لە کاتی پێویستدا لە کۆڕوکۆبوونەوە حیزبیەکاندا بەکارم هێناوە ، بەڵام بۆ خزمەت بە حیزب و ئامانجەکانی. هەربۆیە ئەو وتارانە بۆ بردنەپێشی کاری حیزبی و تەشکیلاتی نوسراون و پرۆفیشناڵ نین. لەوبارەوە داوای لێبووردن دەکەم. هەروەها ئەو وتارانە هەندێکیان چەندجار و تەنانەت بە هەندێ دەسکاریەوە لێرەو لەوێ بڵاو کراونەوە. وەک خۆی دایان دەنێینەوەو ڕێکەوتی بڵاو بوونەوەیان دەستنیشان دەکەین.

سوپاسی بەرێز و تێکۆشەر کاک ڕەحمانی نەقشی دەکەم کە زەحمەتی کێشاو سەرەڕای پڕکاری خۆی، دڵی نەشکاندم و داوای منی بە جێ هێناو وتارەکانی لێروە لەوێ کۆکردوونەتەوە و ئەو نامیلکە ئەلەکترۆنیەی لێ درووست کردوون. ئەو کارەی بەرێزیان دەستی داوەتێ، واتە دیجیتاڵیزەکردنی ئەدەبیات و مێژووی حیزب، خزمەتێکی گەورەیە و دوای چەندساڵی دیکە بایەخی راستەقینەی ئەو کارە گرنگە دەردەکەوێت. من بەش بەحاڵی خۆم سوپاسی دەکەم و دەستخۆشی پێدەڵێم. هەروەها سوپاسی برای تێکۆشەرم کاک ساڵح نەلۆسی دەکەم کە بەشێکی زۆری ئەو وتارانەی لەلای خۆی پاراستبوون و لەکاتی پێویستدا یارمەتی و تەشویقی کردین بۆ ئەوکارە.

گەلێک وتاروبابەتی دیکەم بۆ ڕادیۆ دەنگی کوردستان و رۆژنامەی کوردستان و تێکۆشەر نوسیون، هیوادارم دەرفەتم بێت لە ئارشیوی حیزبدا بیاندۆزمەوە و ئاوا بڵاویان کەمەوە .

ئیبراهیم لاجانی

ڕێکەوتی : ٩ی سیپتامبری ٢٠١٣

ئۆسلۆ

# بابەت و نووسراوەکانی ساڵی ٢٠١٣

## یادێک لە شەهیدی ڕێگای ئازادی کوردستان کاک ساڵح لاجانی

### یەکەم

عەبدوڵا پەشێو، شاعیری گەورەی گەلەکەمان دەڵێ : هیچ بستەخاکێکی ئەم کوردستانە نیە، بە خوێنی یەک یا پۆلێک لە ڕۆڵە قارەمانەکانی نەتەوە بندەستەکەمان ڕەنگین نەبووبێت.
هەموو ئەوانەی بەسەر جادەی نێوان پیرانشار و نەغەدەدا تێدەپەڕن، کە دەگەنە سێ ڕای پادگانی جەڵدیان، لەوبەری جادە چاویان بە گڵکۆی پۆلێک لە شەهیدانی ڕێگای ڕزگاری کوردستان دەکەوێت کە ٤٥ ساڵ لەمەوبەر، دوای شکەنجەیەکی زۆر لە زینداندا، لەلایەن دەزگای سەرکوت و زەبروزەنگی ڕێژیمی حەمە ڕەزاشا ئیعدام کران و لەو شوێنە بەبۆڵدزێر ژێرخاک کران .
لەودەمەوە تا ئەمڕۆ گڵکۆی ئەو شەهیدانە، وەک گۆڕی شەهیدانی دیکەی ڕێگای ئازادی میللەتەکەمان، بۆ هەموو ئەو کەسانەی بەو ناوەدا ڕادەبرن، بۆتە مەرقەدی بیری کوردایەتی و ئیلهامبەخشی فیداکاری و گیانبازی. ئەو پۆلە شەهیدە بریتین لە شەهیدان سولەیمان قەرقەشان، عەبدووڵای بایزگەنجە و شەهید ساڵح لاجانی و چەند کەسی دیکە لە تێکۆشەرانی نێورێزەکانی جوڵانەوەی ساڵەکانی ٤٦ و ٤٧ ی هەتاوی.
شەهید ساڵح لاجانی، یەکێک لە پێشمەرگە تێکۆشەر و ئازاو قارەمانی نێو ریزەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی بوو کە نەخشێکی بەرچاوی لە شەروبەربەرەکانی هێزی پێشمەری کوردستان لە بزووتنەوەی ساڵەکانی ٤٦ و ٤٧ دا گێڕا. کاک سالح بەهۆی لێوەشاوەییەکانی خۆی و ئەو متمانەوە کە ڕێبەری بزووتنەوە پێی هەبوو، زوو وەک فەرماندەیەکی بەوەجی هێزی پێشمەرگە لەو قۆناخەدا دەرکەوت و درەوشایەوە.
ئەو لە هەڵسوڕان و بەربەرەکانی پێشمەرگەکان و سازماندان و هاندانی زەحمەتکێشانی ناوچەکانی پیرانشار و سەردەشت و سندووس و مەهابادا، شانبەشانی هاوالانی دیکەی ڕۆڵێکی بەرچاوی گێڕا. هەربۆیە لە ماوەیەکی کەمدا بوو بە یەکێک لە سیما هەر ئازا و قارەمان و خۆشەویستەکانی نێو بزووتنەوە. لە خۆرا نەبوو پاش ئیعدام کران و شەهیدکرانی خەڵک بە نیشانەی وەفاداری نیشاندان بەخۆی و ڕێبازەکەی لەو ناوچانە ناوی کاک ساڵح و شەهیدانی دیکەی گەلیان لە منداڵەکانی دەنا.

### دووهەم :

ئەگەر کاک ساڵح لاجانی لە مەیدانی خەباتی چەکدارانە و هەڵسوڕانی نیزامیدا، وەک پێشمەرگەیەکی ئاز او قارەمان ناسرابوو، لە زیندانەکانی ڕێژیمی دیکتاتۆری حەمە ڕەزاشاشدا، وەک پەیکەرەی برِواو ئیمان و خۆڕاگری مایەوە و سەرەڕای ئەو هەموو ئەشکەنجە زۆرەی کە لەسەری بە تاقی کرایەوە، نەک هەر داوای عەفووی لە ئەلاحەزرەت نەکرد، بەڵکو لە هەر دەرفەتێک کە بۆی هەڵکەوت دیفاعی لە داخوازە ڕەواکانی گەلی کورد و هەڵسوران و تێکۆشانی خۆی و هاوالانی لە ریزەکانی حیزبی دێموکرات دا کرد.
هەموو ئەوانەی لە زیندادا لە گەڵ کاک ساڵح بوون، شاهیدی بۆ وەرەی بەرز و برِوای پتەوی ناوبراو بە ئامانجە سیاسیەکانی حیزبەکەی و خەباتی میللەتەکەی دەدەن. کاک حوسێنی ئەستیە، یەکێک لە ئەندامانی حیزب، لە ناوچەی نەڵێنی پیرانشار، کە لەگەڵ کاک ساڵح لە زیندان دابوو و نینۆکی قامکەکانی دەست و پێیکانیان لە ژێر شکەنجەدا هێنابووەدەر ، دەڵێ هەموو جارێ کە کاک ساڵحیان دەبردە شکەنجە بە بێهۆشی دەیان هێنایەوە. بەڵام کە دەهاتەوە سەرخۆ ئەوەی ڕوویدەدا تەنیا ئەوەبوو کە کێوی بیروبرِوای ساڵح بڵند تر دەبوو و ڕقوقینی لە دوژمنان تووندتر دەبوو.
سالح لاجانی ئەودادگا سەحراییە فەرمایشیەی کە ئەرتەشبوود ئووەیسی جەللاد بۆ بەرواڵەت دادگاییکردنی تێکۆشەرانی حیزبی دێموکڕاتی پێکهێنابوو، دەخاتە ژێر پرسیار و پێش بەرواڵەت دادگایی کرانی لە نامەیەکدا کە بۆسەرۆکی دادگای دەنێرێ، دەڵێ ئێوە هەر لە ئێستاوە
من و هاورێکانی منتان بە ئیعدام مەحکووم کردوە، پەروەندەی پتر لە ٨٠ نەفەر ژاندارم و ئەمنیەتان کۆکردۆتەوە کە لەشەرەکاندا کوژراون و هەموو ئەوانەتان بەسەر مندا هێناوە، ئەوە لە کاتێکدایە لە شەرِدا هیچ ڕوونیە کێ بەدەستی کێ دەکوژرێ. لە حالێکی وادا ئەو شانۆسازیە چیە بە ناوی دادگا وەرِیی دەخەن و گوایە لەسەر ئەوە ڕاتان گرتوین دادگای بکرێین .
کاک سەلاحی موهتەدی تێکۆشەری نێوریزەکانی بزووتنەوەی کوردستان کە ئەویش ئەو دەم لە زینداندادەبێت لەوبارەوە شاهیدی بۆ ئەو هەلوێستە ئازایانەی کاک ساڵح لاجانی دەدا.
کاک حەمەدەمین مەجیدیان، یەکێکی دیکە لە تێکۆشەرانی میللەتەکەمان کە خەڵکی ناوچەی بانەیە و ئێستا لە نۆروێژ دەژی و ئەودەم ئەویش لەگەڵ کاک ساڵح لاجانی لە زینداندابووە، دەڵی کاک ساڵح لە سەر دیواری ژوورەکەی نوسیبووی:
من ساڵح لاجانی بە ئیعدام مەحکووم کراوم، بەڵام شانازی دەکەم کە بەتاوانی بەشداری چالاکانە لە خەبات لە پێناوی ئازادی کوردستان و لە ڕێی ڕێبازی حیزبی دیموکراتدا، ئیعدام دەکرێم.
هەربۆیەشە ئەو بەیانیە کە قەرارە ئیعدامی بکەن، یانی ڕێکەوتی ٨ی ٣ی ١٩٦٨ شەوی پێشوو دەچێتە لای دۆست و هاوالانی لە زیندانداو ماڵاواییان لێدەکا و خۆی دەشواو ریشی دەتاشێ و بەوپەڕی بێ باکیەوە بەروە شاهادەت دەرِوا . بەمجۆرە مامۆستا هێمن وتەنی دیسانیش خوێنی پۆلێکی دیکە لە قارامانانی کوردستان دەنەخشێنێ ڕێگای ڕزگاری، دیسانیش لاپەرەیەکی ڕەشتر، دەکەوێتە سەر مێژوویی زۆرداری.
بەمجۆرە کاک ساڵح لە گەڵ پۆلێک لە هاوالانی بەسەربەرزیەوە دەچنە نێوکاروانی شەهیدانی حیزب و گەل.
ئەمساڵ ٤٥ سال بەسەر جولانەوەی ساڵەکانی ٤٦ و ٤٧ دا ڕادەبرێ. شوێنەواری ئەو جولانەوەیە لەسەر چوونەپێش و گەشەکردنی بزووتنەوەی کورد لە کوردستانی ئێران ئاشکرایە. ئەو

جوڵانەوەیە تێکشکا، بەڵام خۆی و بەڕێوەبەرانی و تێکۆشەرەکانی نێو ریزەکانی، بەکار و تێکۆشان و خەبات و گیانبەختکردنیان، قۆناخێکی دیکەش خەباتی میللەت و حیزبەکەمانیان بردەپێش . هیچ گومانی تێدانیە کە یەکێک لە هۆکارەکانی زیندووبوونەوەی خێرای تەشکیلاتی حیزب دوای ڕووخانی ڕێژیمی شا لە سەرتاسەری کوردستان، وێڕای هۆکارەکانی دیکە، ئەو شوێنەوارە گەورەیە بوو کە ئەو جوڵانەوەیە و تێکۆشەرانی وەک زەنگەنەو و بابیر شکاک و وێردیەکان و ئاوارەکان و لاجانیەکان و موعینیەکان و شەریفزادەکان لە حافیزەی میللی خەڵکی کوردستاندا، لە خۆیانیان بە جێ هێشتبوو.

ویلیام ئۆرانژ، یەکێک لە سەرکەوتوترین فەرماندە نیزامیەکان و ڕێبەرانی سیاسی سەدەی هەژدەهەم لە ئوورووپادا دەڵێ. خەبات و تێکۆشان نیازمەندی دڵنیا بوون لە نەتیجە نیە . واتە خەبات و تێکۆشانی ڕەوا و بەرحەق هەر حەق و ڕەوایە جائەگەر تێشیدا سەرنەکەی و زۆریش بکێشێ و زۆر کەوتن و هەلسانەوەشی تێدابێت. لەوەش زیاتر ئەنتۆنیۆ گرامشی کە کۆمۆنیستێکی خەباتگێڕیکی ئیتالی بوو لە زیندانی مۆسولۆنیدا،مرد، دەڵێ:

بەدبینی شناخت قەت نابێتە مانع و کۆسپێ سەر ڕێگای خۆشبینی ئیرادە .

ئەو خۆشبینیە فەلسەفیە لەوەڕادێ کە ئینسان، گەلان و میللەتان قەت دەست لەسەردەست دانانێن هەمیشە لە خەبات دان. ڕاستە هەوری زووڵم و زۆری ئاسمانی داگرتوە بەڵام ئیرادی ئینسانیش بۆ گۆڕینی ئەو وەزعە هەیە.

بەڵام لەو هاوکێشەیەدا فاکتۆرێکی دیکەش هەیە. ئەویش ئەوەیە کە ئیرادە وشناخت نەکەونە بەرانبەر یەکتر وبکەونە خزمەتی یەکتر، یا هاوتەریبی یەکتر یا تەکمیلکردنی یەکتر. ئیرادەیەک کە شناختی دەگەڵ بێ. نابێ ئیجازە بدرێ شناخت ببێتە هۆی سستبونی ئیرادە . نابێ ئیجازەش بدرێ کە ئیرادەش بە جێی شناخت حاڵی بین. ئیرادەی بێ شناخت ، موسیبەتی بە دواوەیە و شناختی بێ ئیرادەش ناتەوانی و دەستوەستانی بەدواوەیە. ڕێبەران و تێکۆشەرانی جوڵانەوەی ۴۶ و ۴۷ هەم ئیرادەی خەبات و بەربەرەکانیان لە خۆیان و میللەتەکەیاندا دەدی و هەم شناختی درووستیشیان لە کۆمەڵگای خۆیان و هەلومەزی ئەودەمی خەباتی ئازادیخوازانەی گەلانی دیکەی دونیا لە ئاسیا و یەفریقا و ئەمریکای لاتین هەبوو. هەر بۆیەش بوو ئەو جوڵانەوەیە بێ هیچ پشت و پەناو پشتی جەبهەیەک نزیکەی دووساڵی کێشا و ئەگەر هەندێک هۆکاری دەرەکی نەبوایەن قەت ڕێژیمی شا بە تەنیا نەیدەتوانی سەرکوتی کات. دواتریش وەک وتمان ئەو جوڵانەوەیە شوێنەواری مێژووی خۆی دانا.

## سێهەم :

کاک ساڵح لاجانی لە سەرەتاکانی بەهاری ساڵی ۱۳۱۷ی هەتاوی لە ئاوایی دەلاوان ناوچەی پیرانشار ، لە بنەماڵەیەکی زەحمەتکێش و جوتیار دا چاوی بە دونیا هەلێناوە.

ناوچەی پیرانشار هەمیشە مەکۆی بیری حیزبایەتی و کوردایەتی و خەبات و بەربەرەکانی دژی دەستەڵاتی دەوڵەتی ناوەندی بووە. نزیکی ئەو ناوچەیە لە کوردستانی لە عێراق و شوێنەوارەکانی ڕاپەڕینی شورشی ئەیلوول لە سەر خەڵکی ئەو ناوچەیە لە لایەک و زووڵم و زۆری دەزگای دەوڵەتی و ژاندارم و ئەمنیە و کاربەدەستانی حکومەت لەخەڵکی ئەو ناوچە سنوریانە بە تایبەتی دوای درووستکردنی پادگانەکانی جەڵدیان و پەسوێ و پیرانشار و میلیتاریزەکردنی ئەو مەلبەندە لەلایەکی دیکەوە، هەروەها تێکۆشانی کادرە قەدیمیەکانی حیزب لەو ناوچەیەدا ، وەک مامۆستای بداخی، مەلانەجمەئی ئاڵواتان، عەولای مام سەعیدی، عەولای مەلاعوسمانی، سەید حاجی کەڵەویە، فەقێ ڕەسوڵی پایمووزد، دایە مرۆت، مامۆستا ڕەحمانی لاهیجانی،مام سوارە سەکر، مراد ڕەسوڵی لەیلانی ،مام رەسوی ئەمین عەشایری، قادر لاچینی و مونتەقیمی قازی و کاک ئارەحمانی قەرەقشلاخی و سەید رەسوڵی دیهقان و دەیان تێکۆشەری دیکە ، بۆتە هۆی ئەوەی خەڵکی ئەو ناوچەیە لەهەستی نەتەوایەتییان تێدا گەشەبکاو لە گەڵ حیزب و خەبات و شۆڕش ئاشنابن.

کاک ساڵح هەر لە تەمەنی لاویەتیدا لە ڕێگای مەلا قادری لاچینی یەوە، لە گەڵ حیزب پێوەندی دەگرێ و دواتر دەچێتە نێو ریزەکانی شۆڕش و شانبەشانی تێکۆشەرانی دیکەی حیزبی دێموکرات، هەموو توانای خۆی دەخاتە خزمەتی شۆڕشی ئەیلوول و لە گەڵ پێشمەرگەکانی دیکەی حیزب لە دەیان شەروبەربەراکانی دا بە دژی سوپای عێراق بەشداری دەکەن. خەڵکی ناوچەکانی باڵەکایەتی و پشدەر و بیتوێن و مەرگە و سەنگەسەر شاهیدی ئەو دەورە بەرچاوەن کە پێشمەرگەکانی حیزبی دێموکڕات لە ئیداردکردن و بەرەوپێشبردن و تەداروک کردنی شۆڕشدا، لەو قۆناخەدا گێڕاویانە .

## چوارەم

دوای ئەو وەزعە سیاسیە سەختەی کە بۆ تێکۆشانی حیزبی دێموکرات دواتر لە کوردستانی عێراق هاتەپێش و لە ئاکامدا کۆمیتەی ئینقلابی حیزبی دێموکرات پێکهات، کاک ساڵح لاجانی هەرلەسەرەتاوە هەڵوێستی خۆی ڕاگەیانداو ئامادەیی خۆی بۆ گەڕانەوە بۆ نێوخۆی وڵات دەربری . ئەو لەو کەسانەبوو کە هەرزوو بوو بە یەکێک لە فەرماندە نیزامیەکانی ئەو کۆمیتەیە. ئەو لە سازماندان و هیدایەت و سەرپەرستی کردنی بەشێکی بەرچاو لە پێشمەرگەکان و گەڕانەوەی هاواڵان بۆ نێوخۆ کوردستانی ئێران دەوری بینی. دواتریش وەک وتمان لە شەروبەربەرەکانیەکانی پێشمەرگەکان ناوچەکانی بە تەگبیر ی و قارەمانەتیەکی زۆری لەخۆی نیشاندا. بەداخەوە پاش دووساڵ خەبات و بەربەرەکانی و شەهیبوونی هەموو ڕێبەران و کادرەکانی ئەوجوڵانەوەیە بە گەلێک هۆ کە لێرەدا جێی باسنین تیکشکا و لە ئاکامدا، تەنیا پۆلێکی کەم لە پێشمەرگەکان دەمێنن لە لەسەر داوای سەرۆکایەتی شۆڕش و بە تەعەهود و نامەی سەرۆک بارزانی دە گەرینەوە کوردستانی عێراق.

دواتر کاربەدەستانی ڕێژیمی شا فشار دەخەنە سەر سەرکردایەتی شۆڕش و داوایان دەکەنەوە.

هەزاران سڵاو لە گیانی پاکی شەهید ساڵح لاجانی و هەموو شەهیدانی دیکەی جوڵانەوەی ساڵەکانی ۴۶ و ۴۷ ی هەتاوی.

## دێموکڕاسی،

دێموکراسی بە شێوەی جۆراوجۆر لێکدەدرێتەوە. یەکێک لەو لێکدانەوانە ئەوەیە کە دەڵێ دێموکڕاسی بریتیە لە شێوە و فۆرمی حکوومەت کردن و ئیدارەکردنی وڵات.

کەچی پسپۆڕو فەیلەسوفی دیکە هەن کە لەوە تێدەپەڕن و ماناو تێگەیشتن لە دێموکڕاسی بەرینتردەکەنەوە و دەڵێن دێموکڕاسی بریتیە لە شێوەی ژیان.

ڕاستیەکەی ئەوەیە کە دێموکڕاسی تەنیا هەر شێوەی حکومەتکردن، وەدەستهێنانی دەسەڵات و چۆنیەتی بڕیاردان و سیاسەتگوزاری نیە. دێموکراسی بریتیشە لەوە کە چۆن ڕەفتاردەکەی؟ بە چ جۆرێک هەڵسوکەوت دەکەی؟ چدەڵێی و چۆنیش قسەدەکەی؟ دێموکراسی شێوەی رەفتار وهەڵسان و دانیشتن و مێنتالیتەیە. دێموکراسی بریتە لەوە کە چۆن هەڵس وکەوت و رەفتار لە گەڵ کەسانی دیکە، لە گەڵ غەیری خۆمان دەکەین. چۆن گوێ دەگرین؟ چۆن ڕێگا بەکەسانی دیکە دەدەین قسەبکەن؟ چۆن وتا چ ئەندازەیەک تەحەمولی ئەونەزەرو بۆ چوونانە دەکەین کە لە گەڵ نەزەر و بۆ چوونەکانی ئێمە نایەنەوە؟. دێموکراسی بریتیە لە ڕێز و ئیحتیرام بۆ خۆمان وەک ئینسان ، بۆ ئەوانە کە لەگەلیان کار وژیان دەکەین. بۆئینسانەکانی دیکە. بۆ دەوروبەرمان.

دێموکراسی بریتیە لە دیتنی کەسانی دیکەش جیا لە خۆمان. تەنانەت ئەوانەش کە وەک من بیرناکەنەو وەک من بۆ مەسەلەکان ناچن. دێموکراسی بریتیە لەوە کەتوانای ئێمپاتیمان هەبێت. واتە بتوانین خۆمان لە جێی کەسانی دیکەش دانێین. بتوانین بە چاویلکەی کەسانی دیکەی جیا لە خۆشمان تەماشای دیاردەکان بکەین. دێموکراسی بریتیە لەوە کە زمان و وشەو ڕستە باکاربێنی بۆ دۆزینەوەی چارەسەری بۆ کێشەکان. دێموکڕاسی بریتیە لە دیالۆگ و پێکەوە دانیشتن و پێکەوەدوان بۆ دۆزینەوەی قازانج و بەرژەوەندیە گشتیەکانی ئەوکەسانەی پێکەوە دەژین و چارەنووسی هاوبەشیان هەیە. بریتیە لە کارکردن بۆ دابینکردنی خێری گشتی.

دێموکراسی شتێک نیە درووست کرابێ و ئیدی تەواو بووبێت. دێموکراسی بەردەوام لە حاڵی دەوڵەمەند بوون وپەرەسەندن و پێشکەوتن و بەرین بوونەوە و قووڵ بوونەوە دایە. دێموکڕاسی دەبێت فەتح بکرێ، بەکاربهێنرێ و تاقی بکرێتەوە و تەتبیق بدرێ و کەموکوڕیەکانی چاک بکرێن و دیسان ودیسان سەر لەنوێ فەتح بکرێتەوە.

لە ئەسڵدا دێموکراسی وشەیەکی یۆنانیە و بەمانای دەستەڵاتی خەڵک دێ. دێمو واتە خەڵک و کراسییش واتە دەستەڵات یا ئیدارەو حکومەت. دەزانین کە دامەزراوە سیاسیەکانی یۆنانی قەدیم نەیانتوانی بمێننەوە، بەڵام بیرو ئیدەکانیان لە نێو نەچوون. ئەو بیروئیدانە خۆیان خزاندە کولتوری ڕۆمی ومەسیحیە وە. بەکاربران و تاقی کرانەوە. کاریان بۆکرا، پەلاماردران، دیفاعیان لێکراو بەرەبەرە جێگیرکران ولە سەدەی بیستەمدا سەقامگیرکران. کەواتە دێموکراسی وەک شێوەی حکومەت لە ڕاستی دا هەم زۆر قەدیمی یە و هەم نوێشە. تاقیکردنەوەیەکی مێژوویە و پێوێستی بەوە هەیە فێری بین و بەکاریبێنین و بەرو پێشی بەرین.

بۆ ئەوەی دێموکراسی کاربکا و چەرخەکەی هەڵسوڕێ پێویستی بە هاووڵاتی چالاک، هەڵسوور وئاگا و ئاکتیو هەیە. بەڵام هاووڵاتی ئاگاو ئاکتیو تەنیا هەربەوە درووست نابێ کە لە کۆمەڵگایەکی دێموکراتی دا لە دایک بێت. مۆدێلێکی لەو چەشنە لە هاووڵاتی پێویستە پەروەردە بکرێ. لەوبارەوە ئەرکی هەرە گەورە دەکەوێتە سەرشانی مەدرەسە وماموستاکان. دێموکراسی پێویستە ببێتە پەروەردە. دەبێ فێری بین. ببێتە ژیانی ڕۆژانەمان. خۆ لە خۆڕا نیە لە وڵاتێکی وەک نۆروێژ لە قوتابخانەکان دا ئەو هەموو بایەخە بە بردنەسەری لێوەشاوەیی کۆمەڵایەتی قوتابییەکان دەدرێ.

لایەنێکی گرینگی دێموکڕاسی بریتیە لەو یاسا و ڕێسایانە کە پێوەندیان بە چۆنیەتی و پرۆسەی چوونەپێشی بڕیاردان و سیاسەتدانانەوە هەیە. بەڵام دەزانین کە بۆ ئەوەی سیاسەت دانان و بڕیاردان دیمۆکراتیک و درووست وحیسابی بێت، پێویستە هەندێک مەرج دەستەبەرکرابن. واتە پێویستە ئازادی بەیان و عەقیدە، ئازادی هات وچۆی زانیاری و دەست ڕاگەیشتن بە زانیاری، ئازادی دەنگدان و هەڵبژاردن، ئازادی پێکهێنانی کۆڕوکۆمەڵی سیاسی و سەندیکایی و ئازادی ڕێپێوان وخۆپێشاندان دەستەبەربکرێن. لەوەش زیاتر ئەوەیە کە پێویستە ئەمنیەتی قەزایی بۆ هەمووهاووڵاتیان دابین کرابێت.

دێموکراسی تەنیا هەر دەستەڵات و دەنگ وحاکمیەتی زۆرایەتی نیە.لایەنێکی زۆرگرینگی دێموکراسی بریتیە لە وەبەرچاوگرتنی مافی کەمایەتی و پاراستنی کەمایەتی و تەحەمولی کەمایەتی. بریتیە لە ڕێزدانان بۆ کەمایەتی وئەوانەی وەک زۆرایەتی بیرناکەنەوە و وەک زۆرایەتی ناچن. لە دێموکراسی دا کەمایەتی دەبێتە زۆرایەتی. زۆرایەتی دەبێتە کەمایەتی. دەستەڵات دەستاودەست دەکرێ. ئۆپۆزیسیۆن دەچێتە پۆزیسۆن. ئەگەر سیستەمێک دەرفەت بەو ئاڵوگۆڕانە بە گوێرەی یاسا و بەشێوەیەکی دوورلە توندوتیژی نەدا و میکانیزمیان بۆدەستەبەرنەکا، دێمۆکراسیەکەی ناتەواوە. ئەکسەریەت بە پێکەوە هەڵکردن لە گەڵ کەمایەتی دا وەک ئەکسەریەت دەمێنێتەوە. ئەقەلیەتیش تەنیا تا ئەوکاتە ئەقەلیەتە کە توانای ئەوە لەخۆی نیشاندا لە گەڵ زۆرایەتی بحەوێتەوە ومیکانیزمەکانی پێکەوەسازان وەبەرچاوبگرێ. چەندە ئەکسەریەت بەبێ کەمایەتی دەچێتە ژێرپرسیارەوە، ئەوەندەش کەمایەتی بێ زۆرایەتی دەچێتە ژێرپرسیار و قسەو هەڵوێستەکانی حەقانیەت لە دەست دەدەن. نە ئەکسەریەت و نە ئەقەلیەت مافی ئەوەیان نیە دێموکڕاسی تەعتیل بکەن.

پرۆفیسۆر بێرنت هاگتڤیست، ماموستای نانسنسکولەن،کە ئەکادیمیەکە بۆ فێربوونی دێموکڕاسی و مافەکانی مرۆڤ لە نزیک شاری لیلە هامر لە نۆروێژ، لە یەکێک لە وانەکانیدا سەبارەت بە دێموکراسی دەڵێت دێموکڕاسی سیستەمی سازان و پێکەوە ژیان و وێک هەڵکردن و پێکهاتنە. ئەو دەڵی دێموکڕاسی یانی کۆمپرۆمیس، یانی سازان لە گەڵ یەکتر. نێوەرۆکی دێموکراسی بریتیە لە وە کە ئینسانەکان هاوبایەخن و نرخی وەک یەکیان هەیە. بەوپێ یە هیچ کەس مافی ئەوەی نیە مرۆڤەکانی دیکە بەکەم بگرێ یا هەڵیان هاوێری. لە دێموکراسی دا ئەوانی دیکە وەک سەرچاوە و توانا بۆ خزمەتی گشتی سەیر دەکرێن نەک وەک کۆسپی سەر ڕێگای خێری گشتی. ناوبراو باس لە بەرانبەریی سیاسیی ئینسانەکان دەکا. لەوەش زیاتر لەسەر ئەوەپێ دادەگرێ کە دێموکڕاسی ئەوەیە کە مرۆڤەکان هەل و دەرفەتی وەک یەکیان بۆ پێک بێت. لێرەدایە کە مەسەلەی دەستەڵات دێتە گۆڕێ. دەستەڵات بریتیە لە وە کە تواناو دەرفەتمان بۆ بردنە پێشی ویستەکانمان هەبێت. توانا و دەرفەت بۆ ئەوەی داخوازەکانمان وەدیبێنین و مەبەست وقازانجەکانمان بەرینە پێش. کەواتە دەستەڵات ئەوەش دەگرێتەوە کە چەندە دەستمان بە سەرچاوەکان ڕادەگا. مەبەست لە سەرچاوەکان بریتیە لە پووڵ، زانست و زانیاری، پۆست ومەقامی ڕەسمی و پێگەی کۆمەڵایەتی و دەست ڕاگەیشتن بە شوێنەکانی بڕیاردان و..... ئەوانە هەموویان پێوەندی زۆر نزیکیان بە دەستەڵاتەوە هەیە.

دێموکڕاسی کەمووکوڕی تێدایە وەختێک دەبینین زۆربەی بڕیارەکان لە ناوەندەجۆراوجۆرەکانی بڕیاردان وسیاسەت گوزاری دا لە لایەن پیاوانەوە و تەنانەت بە بێ حزووری ژنان دەدەرێن. لە هەموو حیزبە کوردستانیەکاندا و لە حیزبی ئێمەشدا ڕادەی ژنان و بەشداریان لە ئۆرگانە بڕیاردەرەکان دا زۆر زۆر کەمە. بەوپێ یە دەتوانین بڵێین کە بڕیارەکانمان زۆرتر مۆرکی پیاوانەیان پێوەدیارە. کە ئەوە بۆخۆی وەبەرچاونەگرتنی دێموکڕاسی یە. لەبەرنامەی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێراندا پێ لەسەر ئەوەداگیراوە کە ژن وپیاو مافی وەک یەک وبەرامبەریان هەیە. بەرانبەری ژن و پیاو بریتیە لە ئازادی و مافی وەک یەک بۆ بەشداری لە پرۆسەی بریارڕدان و بڕیاردانداا. بریتیە لەوە کە ژن و پیاو دەسەڵات ونفووزی وەک یەکیان لە هەموو بوارە جۆراوجۆرەکانی ژیان وکار و خەبات دا هەبێت. وەک مووچەی وەک یەک بۆ کاری وەک. وەک دەرفەتی وەک یەک بۆ بەشداری لە کاروباری سیاسی و فەرهەنگی و کۆمەڵایەتی دا.

لەوەش زیاتر دێموکڕاسی بریتیە لە دابەشکردنی دەستەڵات ونفووز بە شێوەیەکی عادڵانە. لە کۆمەڵێکدا کە جیاوازیە کۆمەڵایەتی و ئابووریەکان زۆر و زەق و بەرچاون، دێمۆکڕاسی لە ڕاستی دا دەبێتە ڕواڵەتی و تەنانەت ڕەنگە بە پێچەوانەی بایەخەکانی خۆی کەڵکی لێوەرگیرێت. هەژارەکان و دەستکورتەکان خاوەنی ڕۆژنامە و ڕادیۆ و تەلەڤزیۆن و گۆڤار نین، توانای بەکرێگرتنی مێدیاکانیان نیە. دەستیان وە ڕاگەیەنە گشتیەکان ڕاناگا. دەستیان وە ناوەندەکانی بڕیاردان و ئەو ژوورە داخراوانە ڕاناگا کە بڕیاریان تێدا دەدرێ و سیاسەتگوزاریان تێدا دەکرێت. ئەوان خەمی گەورەیان ئەوەیە کە وەمێنن و منداڵەکانیان شەوانە بە برسیەتیەوە سەرنەنێنەوە. لەوەزعێکی ئاوادا دێموکڕاسی بۆ ئەوان دەبێتە چی؟ مافی وەک یەک بۆدەنگ دان و ئەوە کە هەموان مافی وەک یەکیان بۆ دەنگدان هەیە بە کردەوە دابین نابێت. ئەناتۆڵ فرانس بەتەوسەوە دەڵێ قانوون بۆ هەمووان وەک یەکە و کەس هەڵناوێرێ. سواڵ کردن لە ژێر پردەکانی پاریسێ دا بۆ هەموو کەس قەدەغەیە چ دەوڵەمەندو چ فەقیر.

باشە دەوڵەمەند بۆ سواڵێ دەکات؟ دەوڵەمەند چ پێویستیەکی بە سواڵ کردن هەیە تا قانوون لێی قەدەغە بکا؟

بەو جۆرە بۆمان دەردەکەوێت کە ئێمە هێشتا نەهاتووین دێموکڕاسی ئابووری و کۆمەڵایەتی بخەینە بەرباس. نەدیتن و پشتگوێخستنی ئەو لایەنە گرینگەی دێموکڕاسی تێگەیشتنی ئێمە لە دێموکڕاسی بەدەردی کوردەکانی کوردستانی عێراق دەڵێن سەقەت دەکا.
ئێستا مەسەلەیەکی دیکەش لەوبارەوە دەبێت بخەینە بەرباس. ئەویش ئەوەیە کە مەترسی و هەڕەشەی هەرە گەورە لەسەر دێموکراسی ، تەنانەت لە کۆمەڵگا دێموکراتەکانیش دا، بریتیە لە کەم ڕەغبەتی خەڵک واتە هاووڵاتیان بۆ بەشداری لە کاروباری سیاسیدا. لە کوردستانیش ئەوە دەبێت بە مەترسی لە قەڵەم بدرێ. دەبێت خەڵک لە کاروباری سیاسی دا بەشداری و دەخالەت بکەن و وەک هاووڵاتی ماف و ئەرک بۆ خۆیان قایل بن. لە ریزەکانی حیزبیش دا ئەندامانی حیزب پێویستە لە هەموبوارەکانی ژیانی حیزب دا دەخالەت بکەن و شوێن دانێن. دیوارەکانیی قەڵای حیزبی دێموکڕات دەبێت هەموو خشت و بەردەکانی قەوی و پتەوبن تا خودی قەڵاکەش پتەوبێت. ئەوەش بەوە دەستەبەردەکرێت کە ئەندامانی حیزب و تێکۆشەرانی حیزب لە کاروباری حیزبی دا دەخالەت بکەن و فەزای دێموکڕاتی نێوحیزب بۆ شوێن دانان لە سەر سیاسە ت وهەڵوێستەکانی حیزب دەکاربکەن.
مۆبیلیزەکردنی هاووڵاتیان بۆ بەشداری لە کاروباری سیاسیدا بۆخۆی لایەنێکی گرینگی دێموکراسیە. کۆنترۆڵ کردنی نوێنەران لە لایەن ئەوکەسانە کە دەنگیان پێداون، مەسەلەیەکی دیکەی زۆر جدیە لە دێموکڕاسی دا.
دیارە پسپۆران لەسەر ئەو بڕوایەن کە ئەگەر لە لایەک ڕەغبەت بۆ دەخالەت و بەشداری لە کاروباری سیاسیدا لە نێو هاووڵاتیاندا لە کەمیی داوە، لە لایەکی دیکەوە دێموکڕاسی لە ڕێگای جۆراوجۆری دیکەوە بە هێزبووە. بۆ نموونە لە ڕێگای کۆنڤانسیۆن و پەیماننامە نیونەتەوەییەکان، لە ڕێگای بەشداری لە بزووتنەوە جۆراوجۆرەکان، لە ڕێگای درووستکردنی ڕایەڵکەکانی هاوپێوەندی و هاوکاری، چ لە ئاستی نێونەتەوەیی و چ لە ئاستی نەتەوەییدا ، لە ڕێگای هاتنەکایەی تکنۆلۆژی مۆدێرن و ڕاگەیەنە گشتیەکان. ئەوانە هەرکامیان بە نۆرەی خۆیان لەسەر بەهێزکردنی دێموکڕاسی شوێن دادەنێن.
دێموکڕاسی بریتیە لە وە کە هەرکەس خاوەنی دەنگە لە هەڵبژارتندا. بەڵام لە کردەوەدا ئەوانەی کیسەباخەڵەکەیان ئەستوورترە، دەنگی زۆرتر ونفووزی زۆرتریان هەیە. هێزی کڕین و توانای کڕین دەستەڵات دێنێ و دەستەڵات دەدات بەو کەسەی کە توانای کڕینی زۆری هەیە.
لە دێموکراسی دا مەسەلەی دەستەڵات زۆر گرنگە. کێ دەستەڵاتی بەدەستەوەیە؟ کێ دەستەڵاتی بەسەر پوڵەکاندا هەیە؟ ئەوە ئەو مەسەلانەن کە بەردەوام دەبێت باسیان لێ بکرێت. گرینگ ئەوەیە هاووڵاتیان پاسیو نەبن. تەئسیر دانێن و شوێن دانێن لەسەر سیاسەت و لە کاروباری کۆمەڵ دا بەشداربن. زۆر گرینگە لاوان فێربن سیاسەت بکەن و بەرامبەر مەسەلە جۆراوجۆرەکان بێ تەفاوەت نەبن.
لەڕاستیدا بیروبۆچوونی دێموکڕاتیک و ئیدەی دێموکڕاتیک نابنە هیچ ئەگەر کردەوەو ڕەفتار وسیاسەت وهەڵوێستی دێموکراتیکیان لی نەکەویتەوە. لە جێگایەک کە بایەخی ئینسانی ئینسانەکان وەبەرچاوناگیرێ، دێموکڕاسی نیە. لەهەرجێ یەک ئینسانەکان بە جیدی ناگیرێن، دێموکڕاسی لە گۆڕێدانیە. ئینسانەکان خۆیان، نەزەریان و ئەزموون و توانا و لێوەشاوەییەکانیان دەبێت ببینرێن و کەڵکیان لێوەرگیرێ و بە هێند بگیرردرێن. دەنا دێموکڕاسی فریو و کەڵەکە.
ئەوانەی کە دەکەونە بەر ئاکامی سیاسەت وبڕیارەکان، دەبێ لە داڕشتنی سیاسەت و بریارەکاندا نەزەرو بۆ چوونیان وەبەرچاوبگیرێ و تەنانەت نەخشیشیان هەبێت.
مەسەلەیەکی دیکەی ئەسڵی لە دێموکراسیدا بریتیە لە دیالۆگ و لێک تێگەیشتنی دوولایەنەو ریز وئیحترامی دوولایەنە. لە تەربیەتی حیزبی و تەشکیلاتیدا زۆر گرینگە ئەومەسەلەیە وەبەرچاوبگرین. دیالۆگ نەک بۆ یەکتر لە مەیدان دەرکردن، بەڵکو بۆ یارمەتی بە ڕوونبوونەوەی یەکتر. یارمەتی بە لێکنزیکبوونەوەو لە یەکتر فێربوون. یارمەتی بە چارەسەری کێشەکان.

### دیالۆگ

نیشانەیەکی بەرچاوی دێموکڕات بوون ئەوەیە کە ئایا تۆ ئامادەبیت هەیە قسە و دیالۆگ لە گەڵ ئەوکەس ولایەنانە بکەی کە ناکۆکیت لە گەڵیانداهەیە؟ ئایا ئامادەی لە گەڵ ئەوکەس

ولایەنانە دیالۆگ بکەی کە دەگەڵت هاودەنگ نین؟ ئایا ئامادەی تەنانەت لەسەر مەسەلە زۆر ئاڵۆز و پڕ گرێ و گۆڵەکانیش قسەوباس لە گەڵ موخالیفەکانت بکەی؟
کەواتە گرینگترین ئامراز و چەک و وەسیلەی بردنە پێشی دێموکراسی، دیالۆگ و باس و وتووێژە.
بۆ ئەوەی دیالۆگ درووست و سەرکەوتووبێت پێویستە لایەنەکانی دیالۆگ لە دڵەوە بیانەوێ وکاربکەن بۆ تێگەیشتنی هاوبەش. گرینترین مەسەلە لە دیالۆگدا ئەوەیە کە ئەتۆ لایەنی بەرامبەرت بە هاوبایەخ لە قەڵەم دەی. ئەگەر ئەتۆ ئامادەبووی وەک لایەنی هاوبایەخ حیسابت بۆ کرد، ئەودەم ڕێزیشی لێدەگری.
لە دیالۆگدا هەوڵدان بۆ تێگەیشتن لە پارتنەرەکەت بەهەمان ئەندازە گرینگە کە هەوڵدەی پارتنەرەکەت لە تۆ حاڵی بێت. چەندە گرینگە قسەکانت بکەی ، ئەوەندەش گرینگە گوێ لە قسەکانی پارتنەرەکەت بگری. لە ڕێگای گوێگرتن لە تەرەفەوە زۆرلایەنی دیکەی مەسەلەکەمان بۆ دەردەکەوێ و ئەوەش هانمان دەدا جۆرێکی دی لەسەر مەسەلەکە بیر بیکەینەوە. ئەوە ڕەنگە بمان گەیەنێتە جێگایەک کە بۆمان دەرکەوێ هەڵەمان هەبووە و ئازایەتی ئەوەش پەیداکەین دان بە هەڵەکەماندا بێنین.
ئەوە کە پارتنەرەکەت چی لە دڵدایە هیچ بایەخێکی نیە ئەگەر گوێی لێ نەگرین. لە دیالۆگدا قسەدەکەین، بەڵگەی مەحکەم دێنینەوە ، گوێدەگرین و ڕەخنە لەخۆمان دەگرین و تەرەف ڕوون دەکەینەوە.
لەدیالۆگی جیدیدا مەبەست و بیر و ڕوانگەو بۆچوون و نەزەرەکانمان ناشارینەوە. ڕوون و ئاشکراو بێ پێچ وپەنا مەبەستەکانمان بۆ پارتنەرەکەمان دەردە بڕین. هەربەوجۆرەش ئەو نەزەر و بۆ چوونانەی پارتنەرەکەمان ڕەد دەکەینەوە کە قبووڵمان نین. بەڵام ئەوکارە بەشێوەیەک دەکەین کە زیان بە بایەخی ئینسانی و کەسایەتی ئینسانی پارتنەرەکەمان نەگەیەنین. ئێمە نەزەر و بۆچوونەکانی تەرەف دەدەینە بەر نەشتەری ڕەخنەو ڕوونکردنەوەو وئیستیدلال بەڵام ئینسانیەتی لێوەرناگرینەوە.

## کێشەکان

کێشە وهەبوونی کێشە بەشێکی جیانەکراوەی ژیانی ئینسان و کۆمەڵگای ئینسانیە. لە کۆمەڵگای هاوچەرخی ئێستادا کە هۆیەکانی پێوەندی گرتن وکۆمیونیکاسیۆن زۆرن و خەڵک زۆر وێک دەکەون، دەبێت چاوەڕوان بین کە کێشەش زۆربن. کێشەکان بیر و بۆچوون و خەیاڵمان وەکاردەخەن. هیزی خەللاقیەتمان تێدا درووست دەکەن. توانامان بۆ هاوکاری و هاوپێوەندی نیشاندان وەگەردەخەن.
لە یەک قسەدا کێشەکان لەزۆربەی حاڵەتەکان دا ژیانێکی پڕمانامان دەدنێ و مانا بە ژیان وکار وخەبات و تێکۆشانمان دەدەن. هەمووومان دیتوومانە لە کات و حاڵەتی هەبوونی کێشەکاندا هەست بە زیندووبوونی زیاتر دەکەین. بۆیە هێنانە بەرباسی کێشە بچکۆلەکان ، پێش بە سەرهەڵدانی قەیرانی گەورەدەگرێت. کەواتە ژیان بەبێ کێشە نیە و ناتوانین خۆمانیان لێ لادەین. بۆیە دەبێت فێربین بەشێوەیەکی درووست و ئوسووڵی و خەللاق کێشەکان ئیدارە و چارەسەربکەین.
لەوبارەوە ئیدی ئەمڕۆ خاوەنی ئەدەبیاتێکی زۆرین کە یارمەتیمان دەدات چۆن لە کێشەکان حاڵی بین و چۆن بۆ چارەسەرکردنیان هەنگاو هەڵگرین. کێشەکان دابەشدەکرێن بەسەر دەستەی جۆراوجۆردا. بۆنموونە کێشە لەسەر قازانج و بەرژەوەندی، کێشە لەسەر بایەخە ئاینی و سیاسی و ئیدەئۆلۆژیەکان، کێشە لەسەر دەستەڵات و نفووز و پرستیژ و پۆست و مەقام و هتد....
ئەوەش دەزانین کە چۆن کێشەکان گەورەدەبن و داگیرمان دەکەن. لەسەرەتادا بەشێوەیەکی ناخۆش لە گەڵ تەرەف قسەدەکەین. دواتر هەستی مەنفی جۆراوجۆرمان سەبارەت بە تەرەف تێدا درووست دەبێت. بەرەبەرە تەرەف هەرقسەیەک بکا بە خراپ لێی حاڵی دەبین یا خراپی تەرجومەدەکەین. ئیتر ئەسڵی کێشەکەمان لە بیر دەچێ، واتە ئەو شتە کە ناکۆکیمان لەسەری هەیە و خودی تەرەف دەبێتە مەسەلە وگیرووگرفت.
بەرەبەرە شتە وردەکانی ڕابردووش وەبیر دێنینەوەو و بەمجۆرە وێنەیەک لە دوژمن لە تەرەف بۆ خۆمان درووست دەکەین. ئیدی ڕووڵێک وەردەگێڕین، لێک لادەدەین ، لە نزیک یەک دانانیشین، هاتووچۆی یەکتر ناکەین. بەرەبەرە نەک قسە دەگەڵ یەک ناکەین، بەڵکو قسان لەسەر یەک یان بەدژی یەکتر دەکەین. بەمجۆرە فرشتەو شەیتان دەکەونە بەرامبەر یەک. تەرەف دەبێتە شەیتان و خۆشمان دەبینە فرشتە. جا لەوەش تێدەپەڕێ و دەکەوینە یارگیری و ئەوەی دەگەڵمان نیە و پشتیوانیمان لێناکا ئەوە دژمانە. بەرەبەرە کێشەکە قوڵدەبێتەوە و لە هەردوولا تووندڕەوەکان جڵەوی کار بەدەستەوە دەگرن و مۆدێراتەکان لە هەردوولا دەخرێنە پەراوێزەوە. بەمجۆرە کاردەکێشێتە تووندوتیژیی.
بەڵام ڕێگای ئەوەش هەیە کە بە شێوەیەکی درووست کێشەکان چارەسەرکەین. بۆ نموونە دەبێت سرنج بدەینە ئەسڵی کێشەکە نەک خودی تەرەفی کێشەکە. پێویستە توانا و زیرەکی ئەوەمان هەبێت قازانج و بەرژەوەندیەکانی تەرەف لە پشتی ئەو قسە و نەزەرانەوە دەستنیشان کەین کە دەریان دەبڕێت. پێویستە بە دیقەتەوە گوێی لێ بگرین. دەبێ ڕێگا بدەین تەرەف هەستەکانی خۆی دەربڕێ. دەبێ جار جار لە ڕوانگەی تەرەفەوە سەیری کێشەکە بکەین. پێویستە سەیری پێشەوە بکەین و بۆ پێشەوە بڕوانین نەک بۆ دواوە.
باش ئەوەیە کە چارەسەرێک بدۆزینەوە کە هەردوولامان ڕازیبکات. بەرژەوەندیەکانی هەردوولا لە نەزەرگیرابن. نابێ هەڕەشەو ومەترسی بۆ تەرەف درووست کەین، دەبێت فەزایەک بخوڵقێنین کە تەرەف هاندا دان بە هەڵە و زیادەڕەوی و کارشکێنی و بێ ئوسوڵیەکانی خۆیدا بێنێ.

## ئاشتبوونەوە

ئەگەر توانای سازان وئاشتبوونەوەمان نەبوایە، لە مێژبوو مرۆڤ لەسەر زەوەی بڕابۆوە. بەبێ هەبوونی ئەوتوانایە، هەستی تۆڵە کردنەوە بەتەنیا دەیتوانی نەسلی ئینسان لە شەڕ و ڕق وتۆڵەسەندنەوەدا لە نێوببا. بەڵام خۆشبەختانە توانای سازان و ئاشتبوونەوە لە مرۆڤەکان دا زۆر بەهێزترە لە هەستی تۆڵە و شەڕخوازی.
ئاشتبوونەوە بریتیە لە پێکەوە سازانەوەی ئەو کەسانەی لە گەڵ یەک ناکۆکی و شەڕ وکێشەیان هەبووە. بۆ ئەوەی ئاشتبوونەوە بڕواتە پێش دەبێت هەردوولا ئاشتبوونەوەیان بوێت. لایەنێک کە بە سیاسەت وهەنگاو و کار و کردەوەکانی فاسیلەکان زۆرتر دەکا، برینەکان قووڵتر دەکا، دیوارەکان بڵندتردەکا، خاڵە هاوبەشەکان تێکدەدا، پردەکان دەڕوخێنێ لایەنگری چارەسەری کێشەکان نیە. لە حاڵەتێکی ئاوادا هەنگاوە عەمەلیەکانی وەک کۆنگرە گرتن و... بە پێچەوانەی ئیدیعاکانن.

مەسەلەیەکی دیکە لە پێوەندی لە گەڵ ئاشتبوونەوەدا بریتیە لەوە کە لایەنەکان دەرد و ئازار و خەم و ژان فرمێسک وناسۆر و برینەکانی یەکتر دەرک بکەن. ئەو خەم و ژان و ئازارانە بە یەکتر دەرک کردن کەم دەبنەوە، ئەگینا دەبنە رق و تووڕەیی.
ئاشتبوونەوە وەختی دەوێ و پێویستی بە وەخت هەیە. ئاشتبوونەوە بە زۆری و زۆرەملی نابێ و ناڕواتە پێش. ئەگەر دەمانەوێ ئاشتبینەوە، دەبێ بمانەوێ و مایەش لەخۆمان دانێین. کە بمانەوێت ئاشتبینەوە دەبێت بڕۆینەوە بۆ مێژوو و بۆ ڕابردوو. ئەوەش بۆ ئەوەیە کە فێربین و لە لایەکی دیکەش بۆ ئەوەیە کە ڕووداوەکان قبووڵ کەین و بزانین بۆ وەزعەکە گەیوەتە ئێرە. بۆ ئەوەی مەسئولیەتەکان قبووڵ بکەین.
من مەبەستم ئەوە نیە کە ببینە ئەسیری ڕابردوو، ببینە کۆیلەی ڕووداوەکانی پێشتر، بەڵکو بۆ ئەوە کە دەرسیان لێوەرگرین. بە هەر حاڵ زۆر گرینگە کە ڕوو لە داهاتوو بین و لە داهاتوو دا بۆ خەباتی هاوبەش و ئامانجە هاوبەشەکان بگەڕێین. بۆ ئەو شتانە بگەڕێین کە دەتوانن وەسەریەکمان خەنەوە.
لە پرۆسەی ئاشتبوونەودا مەسەلەیەکی دیکە زۆر گرینگە. ئەویش بریتیە لە عەداڵەت. دەبێت عەداڵەت نەخرێتە ژێر پێ. ئەو کەس و لایەنە کە غەدری لێکراوە، دەبێت دەستنیشان بکرێت. ئەووش لەبەر ئەوەنیە کە تۆڵە وەرگرێتەوە. لەبەر ئەوەیە کە ئەو غەدرەی لێی کراوە داگیری نەکات. تەنانەت وا باشە مەسئولیەتی هەرلایەکیشمان لە پێکهێنانی وەزعەکەدا دەستنیشان بکرێت. نەک بۆ ئەوە کە سزای کەسێک بدەین، بەڵکو بۆ ئەوەی جارێکی دیکە ئەوە نەکەینەوە. لە بیرمان بێت کە جیاوازی زۆرە لە نێوان کردار و بکەردا. کرداری خراپ خراپەو دەبێت دووری لێبکەین و مەحکومی بکەین. بەڵام ئەو کەسەی کردەوەیەکی خراپی کرد، ئیدی خۆ نابێت بەو کردەووە بسوتێت. جیاوازی زۆرە لە نێوان دزی و دزدا.

دزی خراپە. بەڵام یەکجار دز هەمیشە دز نیە.

ڕێکەوتی ٣١ی ئاگۆستی ٢٠١٣

## لە ساڵڕۆژی دامەزرانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران ...

حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە نێو حیزب وڕێکخراوە، کوردستانی، ئێرانی، ناوچەیی ونێونەتەوەییەکاندا پرستیژی بەرزی خۆی هەیە. حیزبێکە لە قوڵایی واقعیەتە سیاسی، ئابووری وکۆمەڵایەتیەکانی کوردستانی ئێران و ئەو هەلو مەرجەوە وە سەری هەڵداوە کە کوردستان و کوردی تێدایە. جگە لە میللەتی کورد هێزو تواناو ئیلهام لە هیچ شوێنێکی دیکە وەرناگرێت. پتر لە شەش دەیەیە لە مەیدانی خەباتدا، ئاڵای داخوازە نەتەوایەتیەکانی میللەتی کورد ودێمۆکراسی خوازیی لە ئێران دا بەرزو شەکاوە ڕاگرتوە. سەرەڕایی ئەو هەموو هێرش و پەلامارەی لە لایەن کۆنەپەرستی فەرمانڕەواو و دوژمنانی نەتەوەکەمان کراونەتەسەری، هەروا بەهێز وقایم لە مەیداندا ماوەتەوە ودەڕواتە پێش.
حیزبێکە توانای مانەوەو چوونە پێشی هەیە. لە قەیرانەکاندا بە هێزتر دێتە دەرو لە کورەی خەبات و بەربەرەکانی دا قاڵبۆتەوە. توانای خۆ نوێکردنەوەی و بەخۆداچونەوەی هەیە و تا دێ پتر گەشەدەکا. حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران حیزبێکە هەم لەباری سیاسی وفیکریەوە وهەم لەباری تەشکیلاتی و پێگەی کۆمەڵایەتیەوە گەورەیەو بە ئاسانیش خۆی لە گەڵ هەل ومەرجە تازەکان ڕێکدەخات. حیزبێکە خەبات وتێکۆشانەکەی لە خەبات وتێکۆشانی ئەم شەش دەیەی دوایی میللەتی کورد لە کوردستانی ئێران بۆ ئازادی و مافی نەتەوایەتی و لە خەباتی میللەتانی ئێران بۆ ئازادی ودێموکراسی جیاناکرێتەوە. خاوەنی ڕابردوو و مێژوویی خەباتگێڕانەیە. هەر لەو کاتەدا کە مێژوو بۆ خۆی داناتاشێ، قەت حاشاش لە ڕابردووی خۆی ناکات. ئەگەر بە مێژووی خەباتگێرانەی خۆی شانازی دەکات، لەو شوێنەی کە پێویستە لە مێژووی خۆی دەرس وەردەگرێ.
حیزبی دێموکڕاتی کوردستانی ئێران هیچ پێوێستی بە خۆتەوجیە کردن نیە. حیزبێکی کراوە، گەلی ودێموکراتیک و جەماوەریە و هیچ سیاسەت وبەرنامە و تاکتیکێکی شاراوە لە میللەت و بیرورای گشی نیە. ڕابردوویەکی پڕ لە ئەزموونی هەیە، بەڵام ئەم ڕابردوە نە بۆتە کۆڵەبارێکی گەورە بەسەرشانیەوە کە نەیەڵێ هەنگاو بۆ پێشەوە باوێت. رابردوو بۆ حیزبی دێموکرات تەنیا بریتە لە سەرچاوەی دەرس لێوەرگرتن و ئیلهام، نەک مانەوە و چەقبەستن لە نێویدا.
حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، حیزبێکە کە خەباتی خۆی بە هەڵسەنگاندن و ڕەخنە گرتن لە وەزعی سیاسی ئێران و مەوقعیەتی سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتی میللەتی کورد دەست پێکردوە. حیزبێکە بڵند پەروازە و بۆ ڕزگاری میللەتی کورد لە کوردستانی ئێران، بۆ دێموکراتیزەکردنی دەستەڵای سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتی لە ئێران و لە کوردستانی ئێران، بۆ سەقامگیرکردنی ئازادی و پلۆڕالیزمی سیاسی و فەرهەنگی، و بۆ دابینکردنی مافەکانی مرۆڤ و لە نێو بردنی بێ عەداڵەتی، بۆ پێشکەوتن و پەرەسەندنی هەموو لایەنە و دامەزراندنی کۆمەڵگایەکی مەدەنی و دێموکراتیک و سەقامگیرکردنی بایەخەکانی سۆسیال دێموکراسی خەبات دەکات. دەیەوێ لە باری سیاسیەوە کۆمەڵگای ئێران کوردستان سەرلە نوێ سازمان داتەوە و فەرگەنگ و کولتووری دێموکراتیک لە پێوەندیە کۆمەڵایەتی و سیاسیەکاندا جێگرتووبکات.
حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران حیزبێکی جیدیەو بۆ وەدەستهێنانی دەستەڵاتی سیاسی، چ بەتەنیاو چ بە هاوبەشی لە گەڵ هێزە دێموکراتەکانی دیکەی کوردستان، هەوڵدەدا. حیزبی دێمۆکراتی کوردستانی ئێران، بە چاوگێران بە وەزعی سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتی کورستان و مەوقعیەتی سیاسی میللەتی کورد لە کوردستانی ئێران دا، بۆی دەرکەوتوە کە هیچیدی ئەم وەزعە نابێ قبووڵ بکرێ و دەبێ بگۆڕدرێ. ئەوەش قەتاری حیزبی خستۆتە سەر ڕێگایەکی ئاسنی ئەوتۆکە نایەڵی بترازێ و بە لا ڕێدابڕوا. ڕێگای سڕینەوەی ستەمی نەتەوایەتی و ڕزگاری و دابین کردنی مافی دیاریکردنی چارەنوس بۆ میللەتی کورد و ئازادی و دێموکراسی لە ئێران.
حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران کە خەبات بۆ ئازادی و دێموکراسی و مافە نەتەوایەتیەکانی کورد دەکا، دەبێ خۆی و میللەتی خۆی، کەمووکوریەکانی خۆی، لایەنە لاوازەکانی خۆی و فەرهەنگی سیاسی کوردستان وئێران بناسێ و قامکیان لەسەر دانێ. چارەمان نیە جیا لەوەی کە هەڵەو کەمووکورپەکانمان دەستنیشان کەین و لە دووبارەکردنەوەیان خۆببوێرین. ئێمە دەمانەوێ دەستەڵاتی سیاسی بەدەستەوە بگرین، بە ڵام لە هیچ کاتێکدا ئەوە لەبیر ناکەین کە ئامانجی هەرە بەرزی ئێمە لە کاری سیاسی بریتیە لە خێری گشتی.
حیزبی ئێمە دەستەڵاتی سیاسی بۆ ئەوە دەوێ تا بەرنامەی سیاسی خۆی پێ پیادەبکات. بەرنامەیەک کە بریتیە لە پرۆژەی سڕینەوە و لە نێوبردنی ستەمی نەتەوایەتی، دابین کردنی

دێموکراسی و سەقامگیرکردنی رەفاە و عەدالەتی کۆمەڵایەتی. لە بارودۆخێکی ئاوادا پێویستیمان بە ئازایەتی ئەخلاقی بۆ دیفاعکردن لە بەرنامەی سیاسیمان خۆمان هەیە. پێویستیمان بە ڕووحیەی خەباتگێڕانە لە مەیدانی خەبات دا هەیە. هەربۆیە دەبێ هەمیشە تێکۆشین رەفتار و کردارمان لە گەڵ سیاسەت و قسەو دروشمەکانمان بێنەوە.

پێویستە لەسەر ئوسوڵەکان پێداگرین و سەرمایەی ئەخلاقی خۆمان لە خەباتدا رۆژبەرۆژ دەولەمەندتر کەین.

ئێمە لە دەربڕین و ڕاگەیاندنی سیاسەتەکانی خۆماندا هەمیشە خاوەنی ئازایەتی بووین. فەرهەنگی سیاسی ئێمە ئەوەبوەو ئەوەیە کە جیا لە قازانجەکانی میللەتی کورد و بزووتنەوی سەرانسەریی میللەتانی ئێران وبایەخە ئینسانی وپەسندکراوە نێونەتەوەیەکان، هیچ شتێکی دیکە لە خەبات وسیاسەتدا، خەت ونیشانی بۆ ئێمە دیاری نەکردوون. ئەوەش بۆتە دەستمایەی گەورەی سیاسی بۆمان و ئیعتیبارێکی گەورەی بۆ ئێمە لە نێو میللەتی کوردا بۆ حیزبی ئێمە دەستەبەرکردوە. لە خۆڕانیە کە لە ستراتیژیماندا شێلگیرو لە ئاشتی نە هاتووین و لە تاکتیکەکانماندا، تواناو لێوەشاویی زۆر بۆ خۆ گونجاندن لە خۆ نیشانده دەین. هوشیاری و دووربینی سیاسی تایبەتمەندیەکی سەرەکی سیاسە ت و هەڵوێستە کانمان بوەو هەیە. . ، بەشێکی بەرچاوی کاری فەرهەنگی وخەباتی فەرهەنگیمان لە نێوخۆماندا دەبەینە پێش. هەمیشە نیگەرانی سڵامەتی خۆمان و ریزەکانی تەشکیلاتی خۆمان بووین.

ئاخر ئەگەر حیزبی ئێمە قسەوکردەوەی لە گەڵ یەک نەیەنەوە، قەت شایانی ئەو هەموو رێزو پرستیژەنیە کە لە نێو خەلکی کوردستاندا هەیەتی. لەوەش زیاتر شایانی ئەوەنیە دەستەڵاتی سیاسی بەدەستەوە بگرێت. ئەخلاق شوێنێکی گرینگی لە حیزبی ئێمەدا هەیە. ئێمە لەوە کە ئەخلاق لە سیاسەتەکانماندا بە هێند دەگرین قەت زیانمان نەکردوە. بایەخدان بە بەها ئەخلاقیەکان، حیزب و تەشکیلاتی حیزب بەهێزدەکەن. بایەخی ئینسانی مرۆڤەکان بۆ حیزبی ئێمە لە سەروی هەر شتێکی دیکەوەیە. هەرگیز تووشی دوگماتیزمی حیزبی نە بووینەو بە چاوی دوژمن تەماشای موخالیفانی خۆمانمان نەکردوە. ئەوە بۆتە ئەسڵێکی گرنگی هەڵوێستە سیاسیەکانمان کە دەڵێین هەرکەس دوژمنایەتیمان نەکات دۆستمانە، نەک هەرکەس دۆستایەتیمان نەکات دوژمنمانە. لە نێو ریزەکانی تەشکیلاتماندا فەزایەکی کراوە و دێموکراتیک بۆ باس و دیالۆگ و مناقەشەی سیاسی و فکری و نەزەری هەیە. گومانی تێدانیە کە لەنێوماندا ململانێ ی سیاسی و تەنانەت خسوسیش هەیە. بەڵام ئەو ململا نێ یە نە بۆتە هۆی ئەوەی کە دێموکراسی نێوخۆی حیزبیمان بخاتە مەترسیەوە. تاهاتوە پتر رێو شوێنە دێموکراتیکەکانمان، لە نێو خۆمان جێگیر کردوون.

لەو جێیەی کە ناکۆکی سیاسیمان لە نێو تەشکیلات دا لەسەر مەسەلە تەشکیلاتی و حیزبیەکان بۆ هاتۆتە گۆڕ، لەوە نەترساوین بە بیانووی پاراستنی یەکیەتی سیاسی و تەشکیلاتی، باسیان لێنەکەین . هەمیشە ترسی ئێمە لەوەبووە کە لە ئوسوڵە سیاسیەکانمان و رێباز و سونەتە حیزبیەکانمان لادەین . بۆیێمە سووربوون لەسەر رێبازی حیزب، کە سەربەخۆی سیاسی و تەشکیلاتی حیزب و خەبات بۆ دابین کردنی مافەکانی میللەتی کورد ودێموکراسی لە وڵاتەکەمان دا بووە، لە هەر شتێکی دی گرنگتربووە.

ئێستا کە کەساڵێکی دیکە لە خەباتی حیزبەکەمان دەست پی دەکا وێڕای هەڵسەنگاندنەوەی وەزعی سیاسی وهەلومەرجی خەباتی خۆمان و میللەتەکمان، بە دڵێکی پڕ لە ئومێدو هیواوە بەرەو پێش دەڕۆین. دەزانین هەم دەرفەت وهەم مەترسی جۆراو جۆرمان لە پێش دان.

وەزعێکی نوێ هاتۆتە پێش و لە مەیدانی خەباتی میللی ودێموکراتی گەلەکەمان دا، نەوەیەکی دیکە هاتۆتە مەیدان کە دوور دەڕوانێ و بایەخ وبەها سیاسیەکانی نێو بەرنامەی حیزبی ئێمە بە هی خۆی دەزانێ و خەباتیان بۆ دەکات. ئەمرۆ پتر لە هەرکاتێکی دیکە رۆڵەکانی نەتەوی کورد لەکوردستانی ئێران گوێ بۆ قسەکانی حیزبی ئێمە ڕادەگرن. نەسلێک پێی ناوەتە مەیدانی خەبات و ژیان کە جگە لە ئازادی و دێموکراسی و عەدالەتی کۆمەڵایەتی ، بە هیچ شتێکی دی ڕازی نابێت. ئەوکاروانە دەڕواتە پێش و ڕێگای لێ ناگیرێ.

خەباتی ئێمە تایبەتمەندیی میللی و دێموکراتیکی هەیە. هەربۆیە هەرلەوکاتەدا کە پێویستیمان بە سیستەم و رێکوپێکی تەشکیلاتی هەیە، پێویستیمان بە پلۆڕالیزمی سیاسی و فکری و فەرهەنگی و نەزەری لە نێو بزووتنەوەدا هەیە. پێویستیمان بە هاوپێوەندی میللیی هەیە. بۆیە پێویستە لەسەر پرۆژەیەکی میللی پێک بێین. خۆ لە خۆڕانیە حیزبی ئێمە هێندە لەسەر پێویستی لێک نزیکبوونەوە وهاوکاری و هاوئاهەنگی هێزە خەباتگێرەکانی کوردستانی ئێران پێدادەگرێ.

ئێمە نامانەوێ لەو خەباتەدا بە تەنیا بین. حیزبی ئێمە گەیشتۆتە ئەو قەناعەتە کە سەرەڕای هە موو جیوازییەکانمان، بۆ بنیاتنانی کۆمەلگایەکی ئازاد و دێموکراتیک، دەبێ لە گەڵ هێزەکانی دیکە پێکەوە کاربکەین .

حیزبێک کە بە رەنج و کار و خەبات و تێکۆشانی چەند نەسل لە رۆڵەکانی گەلی کورد لە کوردستانی ئێران درووست بووە، ئێستا بۆتە هێزێکی کاراو کارساز لە سیاسەتی کوردستان و ئێران دا. ئەنداما‌ن و تێکۆشەرانی حیزبی ئێمە لەسەریانە لە گەڵ حیزبی خۆیان گەشەبکەن و برۆنە پێش. خەباتی ئێمە بۆ ئازادی میللەتێکە کە لە هەموو مافە نەتەوایەتیەکانی خۆی بێ بەشە. بۆیە مەسەلەی ئەسڵی و بنەڕەتیی لە خەباتی ئێمەدا، بریتیە لە گەیشتن بە ئازادی، وەدەستهێنانی مافی دیاری کردنی چارەنووس و دامەزراندنی دەستەڵاتی سیاسی و ئیداریی کوردستانی. ئەو ئامانجە ئەستێرەی رێنیشاندەری رێگای خەباتمانە و نابێ لە چاوانمان ونبێت. ئیعتیبار و مانەوەو چونە پێشمان بەوە بەستراوتەوە کە چەندە دەتوانین بە ڕێگای ئەو ئامانجەدا برۆینە پێش.

ئێمە حیزبێک نین کە بە بەرزکردنەوەی دروشمی بژی فڵانە کەس و بمرێ فیسارەکەس پێمان نابێتە مەیدانی خەباتی سیاسی. ئێمە ئامانجێکمان هەیە کە ئەویش بریتیە لە ئازادی و سڕینەوەی ستەمی نەتەوایەتی لە هەموو بوارەکانی ژیانی میللەتەکەماندا. لە رێگای خەبات بۆ وەدەستهێنانی ئەوئامانجەدا، بەو ئاکامە گەیشتووین کە دەبێ بە دژی ستەم و نابەرامبەری، بە دژی دیکتاتۆری، بە دژی ئیستبدادی سیاسی و مەزهەبی، بە دژی کۆنە پەرستی، بە دژی شوێنیزمی دەستەڵاتدار و ناسیۆنالیزمی بەرچاوتەنگی کورد، بە دژی تێکەڵاوکردنی دەستەڵاتی حکومەتی و دین، ڕاوەستین و تێکۆشین.

رێی خەبات سەختە و پر لە هەورازو نشێوە. پشودرێژی و ئازایەتی و چاوی تیژ و ئەژنۆی بە هێز و بیری وردی دەوێ. ئامانج بەرزەو رێگا دوور. بەڵام شێلگیریی لە سەر ئوسوولەکان ونەرم بوون لە هەڵبژاردن و دەکارکردنی تاکتیکەکاندا، وەک هەمیشە دەمان پارێزێ و سەرەنجام خۆمان و میللەتەکەمان دەگەیەنێتە ترۆپکی رزگاری.

ڕێکەوتی : ٢١ی ئاگۆستی ٢٠١٣

## با چیدی بە ئێسک و پرووسکی مردووەکانمان یەکتر نەکوتین ...

کورد نەتەوەیەکی بێبەشکراو لە مافی دیاریکردنی چارەنووسی سیاسی خۆیەتی. هێشتاش بەداخەوە جگە لەشاخەکانی کوردستان و تفەنگی دەستی پێشمەرگەکانی، دۆستێکی دیکەی جێی متمانەی بۆ پەیدا نەبووە. ئەوە بەو مانایەیە کە رزگاری کورد وکوردستان لە ژێرچەپۆکەیی و ئەو ستەمە میللیەی لەسەریەتی کارێکی ئاسان نیە. بۆیە مۆبیلیزەکردنی هێزێک کە بتوانێ کۆتایی بەو وەزعە بینێ، پێویستی بە کارێکی جدی و شێلگیر لە هەموو زەمینەو بوارە جۆراوجۆرەکاندا هەیە.

ڕوونە کە هێزێکی ئەوتۆ ناتوانێ یەکپارچە بێت. کۆمەڵگای کوردستانیش وەک هەموو کۆمەڵگاکانی دیکە پڕە لە بیروباوەڕو عەقیدەو قازانج و بەرژەوەندیی جیاواز. لەوەش زیاتر لە هەندێک شوێن و لە هەندێک بواردا ناکۆکیەکان هێندە زەق و گەورەن کە هیچ هێزێک ناتوانێ لەنێویان بەرێ.

نە ڕێبەرێکی کاریزمای ئەوتۆمان هەیە کە لەعۆدەی ئەو ئەرکە بێتەدەر. نە هیچ هێزو لایەنێکیش بە بەکارهێنانی توندووتیژی دەتوانێ خەڵکان و هێزو لایەنەکانی دیکەی نێومەیدانەکە بۆ هەمیشە ناچار بە پەیڕەوی لە خۆی بکات.

ئەزموون و تاقیکردنەوەکانی کورد لە قەرنی ڕابردوودا ئەوەی دەرخستووە کە خەباتی ئێمە لە ئامانجی خەباتەکەمان جوداناکرێتەوە.

ئامانجی ئێمە لە ڕزگاری لەستەمی نەتەوایەتی بریتیە لە وەی کە دەستەڵاتی سیاسی بەدەستەوە بگرین و کۆمەڵگایەکی دێموکڕاتیک و پلۆرالیستی بنیات بنێین. کۆمەڵگایەک کە بە کاراترین و شارستانی ترین شێوازی سیاسەت و کۆمەڵگا لە قەڵەم دەدرێ. کوردستان هەر لەخۆیدا موزاییکێکی پلۆراڵە. پڕە لە ئایین و مەزهەب و تەریقەت و کولتورو فەرهەنگی جۆراوجۆر. پڕە لە شێوەژیانی جۆراوجۆر، پڕە لە قازانج و بەرژەوەندی سیاسی و ئابووری جۆراوجۆر. ئەو ڕاستیە لەو حیزب و ڕێکخراوو کۆڕوکۆمەڵە سیاسی و مەدەنی و ڕووناکبیریە جۆراوجۆرانە کە لە گۆرەپانەکەدا دەبینرێن خۆی نیشاندەدات. ئەو دابەشکردنەی بە سەر کوردستاندا سەپاوە هێندەی دیکەش ئەو وەزعەی پڕ ڕەنگ کردوە. کەواتە ئەو موزایکە پلۆراڵە دەبێ ببینرێ، وەبەرچاوبگیردرێ، مودیریەت و هیدایەت بکرێ.

پارچەکانی ئەو موزایکە هەمیشە بە یەک ئەندازەو بە یەک شێوە نین. بەردەوام لە حاڵی جووڵە و هاتووچۆدان. بەڵام لە پەنایەکن، پێکەوەن و لەگەڵ یەکتر وێنەکە پێکدەهێنن. لەوەش زیاتر لە چوارچێوە گشتیەکە نارۆنە دەرەوە. هیچ کاتێک دەگەڵ یەکتر ئەوەندە ناکەونە کەڵەوەکێشی کە وێنەکە تێکدەن. موزایکەکە وێران کەن.

ئەگەر پۆلیتیکی کوردی بگاتە ئەو ئەندازەیە لە پێشکەوتن و پەرەسەندن، توانیومانە بگەینە نیوەی ئەو ڕێگایەی لە پێشماندایە. ئەو هەوڵانەی بۆ بەستنی کۆنگرەی نەتەوەیی کورد دەدرێن، سەرەڕای ئەو نیگەرانیانەی بەدەوروبەریەوە لە گۆڕێدان، لەو بارەوە جێگای ئومێدن.

ئێستا ئیدی بۆ هەموو ئەوانەی لە گۆرەپانی سیاسەتی کوردیدا چالاکن، دەرکەوتووەکە گەیشتن بە هەندێک ڕێکەوتنی ئووسووڵی و داڕشتنی تەرح و بەرنامەیەکی گشتیی بۆ بزووتنەوەی کورد و خەباتە ڕەواکەی، وەک ئۆکسژین بۆ مانەوە و چوونە پێشمان پێویستن.

لە لایەک هێزو لایەنە سیاسیەکانی کوردستان، بەو هەموو جۆراوجۆریە سیاسیە و ناکۆکیانەی نێوانیان کە تەنانەت لە هەندێک شوێن دەگاتە دوژمنایەتیش، ناتوانن هەم دەگەڵ داگیرکەران و هەم دەگەڵ یەکتریش بەشەڕ بێن. لە لایەکی دیکەشەوە ئامانجی خەباتی ئێمە ئەوەنیە کە لەجێگای ئەو ستەم و هەڵاواردن و مەینەتبەشی و چەوسانەوەی کە دوژمنانی کوردوکوردستان بەسەریاندا سەپاندووین، بێین سیستەم و دەستەڵاتێکی پۆلیسی و سەرەڕۆ و دواکەوتوانەو عەشیرەتی و تەک حیزبی بنیاتبنێین. مەگەر ئەوەی کە بمانەوێ هەر لە ئەشکەوتی کەهفی دەیەکانی ڕابردووی خۆماندا وەمێنن؟ خۆ دەخەوکەین؟ بۆ نەبیستنی بانگەوازی میللەت و نەوەکانی تازەی کوردستان لۆکە بئاخنینە گوێمان؟ مەگەر ئەوەی هەر وەک ڕابردوو ئامانجی سیاسەت تەنیا هەر بە گەیشتنە دەستەڵات بزانین؟

ئاخر ئامانجی سیاسەت بێجگە لە دەستەڵات گرتنەدەست وەک ئەرستۆ دەڵێ بریتیە لە کاروخەبات بۆ ئەوەی کۆمەڵگای خۆت بگەیەنیە فەزیلەت. واتە لووتەکەی هەرە بەرزی پێشکەوتن و پەرەسەندنی مومکین.

ئەگەر دەستەڵات نەک تەنیا وەک ئامانجی کاری سیاسی، بەڵکوو وەک ئامراز بۆ بردنە پێشی خێری گشتی و خزمەت بە میللەت پێناسە بکەین، ئەودەم بۆمان دەردەکەوێ کە کاری ئێمە هێزە خەباتگێڕەکانی کوردستان هەر ئەوەنیە زەنجیری دەستەڵاتی بێگانە لە دەست و پێی میللەتەکەمان بکەینەوە و خۆمان بچینە سەرکورسی دەستەڵات. بەڵکوو دە بینین کە زۆر قازانج و بەرژەوەندی گەورەتریش هەن کە لەئێمە و حیزبەکەشمان گرنگتر و گەورەترن.

میللەتەکەمان زۆر لە مێژە چاوەڕوانی ئەوەدەکێشی سیاسەتی ئێمەش بەو پلەیە لە گەشەو پووختەیی بگات کە بەشی زۆری هێزەسیاسیەکانی کورستان، سەرەڕایی هەموو جیاوازیە سیاسی و بەرنامەیی و ئیدەئۆلۆژیکیەکانی نێوانیان، بگەنە جۆرێک سازان و هاوڕایی. واتە کۆنسێنسوس و کۆمپرێمیس consensus and kompromisse

تا زووتر ئەو کارەبکەین دەرفەت و شانس و هەلی کەمترمان لە دەست دەچن.

بەو هەموو ئەزموونە تاڵەی لە دوژمنان و داگیرکەرانی کوردستان هەمانە، بەو هەموو خوێن و فرمێسک وئارەقە زۆرەی لەو ڕێگایەدا لە بەرمان چووە، لەوەش خراپتر بەو هەموو ئەزموونە تاڵەی لە شەڕوململانێ و کەڵەوەکێشی لە گەڵ یەکتر و نەخوێندنەوە و یەکتر وەلانان دا هەمانە، دەبێ دەرس و تەنانەت پەند و عیبرەتی ئەوەمان وەرگرتبێ کە ئیدی لە چەرخەکانی نێوەراستی سیاستی کوردی تێپەڕین و پێ بنێینە فەزای سیاسەتێکی ئاسایی. فەزایی ئاسایی سیاسی یانی چی؟ یانی فەزایەکی پڕ لە کێشە و ململانێ و بیروباوەڕ و عەقیدە و قازانج و بەرژەوەندی جۆراوجۆر، پڕ لە ڕێککەوتن و ڕێکنەکەوتن و لە هەندێک شوێن ڕێککەوتن لەسەر ڕێکنەکەوتن و سەرەڕای هەموو ئەوانەش، لەسەر مەسەلە بنەڕەتی و ئەساسیەکان، لەسەر قازانجە گشتیەکانی نەتەوەی کورد و ڕزگاری کوردستان، تارادەیەک هاودەنگی و کۆدەنگی و هاوڕایی و پێکەوە کارکردن.

بۆ گەیشتن بەو هاوڕایی و کۆدەنگیە، پێش ئەوەی پێویست بێ بەرنامەو دیدگا سیاسیەکانمان لێک نزیک کەینەوە، پێویستیمان بەوەیە بە فەرهەنگی سیاسی و کولتووری خەبات و حیزبایەتیماندا بچینەوە و هەڵیان سەنگێنینەوە. واتە دەبێ لە بیری ئەوەدابین کە سیستەم و چوارچێوەیەک بە پۆلیتیکی کوردی بدەین و شورەیەکی پۆلایینی مەسونیەتی بە دەورەدا بکێشین کە چیتر نە بێتە مایەی هەواو و هەوەسی برایم لاجانی و فلانە رێبەر و فیسارە سکرتێرو ئەو دەستی دوژمن و ئەمدەستی فلانە داگیرکەر. وەختی ئەوە هاتووە کە بایەخە هاوچەرخ و ئینسانی و دێموکراتیکەکان ببنە مەخرەجی موشتەرەکی

هەمووومان. تەنیا لە بارودۆخێکی ئاوادایە کە حیزبەکانمان، سیاسەتمەدارەکانمان، ڕووناکبیرەکانمان، ئینتلێکتوێلەکانمان دەگەنە هاوڕایی.

بەڵام ئەگەر ئەو هاوڕاییە تەنیا هەر بە قسە بێت، شوێنەوارێکی ئەوتۆی نابێت. لێرە هاوڕایی مانای ئیلتزام و تەعەهود بە بەرژەوەندیەکانی کورد بەگشتی و بەرژەوەندیەکانی کورد لە هەرکام لە بەشەکانی کوردستاندایە. هاوڕایی ئەوەیە کە فەرق لە نێوان دوژمنایەتی و لە ژێر پێنانی ئوسوڵ لەلایەک و جیاوازی بیروڕا لە لایەکی دیکەوە دابنێین. دەرکێکی ئەوتۆ لە سیاسەت تواناو لێوەشاوەیی ئەوەمان دەداتێ کە سودوقازانجە کاتی و کورتماوەکان فیدای قازانج و بەرژەوەندیە باڵاو درێژماوەکانمان بکەین.
ئەو هێزو لایەنانەی بۆ هاوڕایی دەگەڵ هێزو لایەنەکانی دیکە مەرجی ئەوە دادەنێن کە پشت لە ئامانجەکانی خۆیان بکەن و هەویەت و سەربەخۆیی سیاسی و تەشکیلاتی خۆیان وەلابنێن، هەندێک ئیمتیاز بۆخۆیان قایلن کە مەعلووم نیە کێ پێی داون؟
ئەوە کە ئەمن ئەمرۆ وەزعم باشترە، ناتوانێ پاکانە بۆ ئەوەبکات کە براکانی دیکەم نادیدەبگرم و تێکۆشم بیان شکێنم و تەحقیریان بکەم. یا لەسەر حیسابی ئەوان و بچوککردنەوەیان خۆم هەڵکێشمەسەر. ڕاست بە پێچەوانەوە ئەو برایەی دەستەڵاتی زۆرترە، توانای زۆرترە، وەزعی باشترە، ئەرکی ئەخلاقی زۆرتری بەرانبەر براکانی دیکەی لەسەر شانە.
هیچی دی نابێت بە چاوی گوناهکار تەماشای یەکتر بکەین. ئاخر هەن بەچاوی گوناهکار سەیری خەڵکانی دیکە دەکەن کە پێویستە بۆ ئیعتراف و تۆبە کردن دەستەو داوێنی پاکی ئەوان بن!
ئێمە لەو کۆنگرە میللیەماندا پێش هەمووشتێک پێویستیمان بەوەیە لەگەڵ مێژووی خۆمان ئاشتی بکەین. پێویستە مێژوومان تەئمیم و ناشناڵیزەبکەین. پێویستە داوا لە میللەتەکەمان بکەین عەفوومان بکات. جادوایەش پێویستە گەردنی یەکتر ئازاد کەین و ئامنیستی بدەینە یەکتر. ئاخر ئەو بارووەدۆخەی ئێستا کوردی تێدایە هەموو هەر ئاکامی پیلانی دووژمنانی کوردستان نیە، بەشێکیشی بەرهەمی شێوە و میتۆدی کاری سیاسی خۆمانە. ئەو میتۆدەیە نەی هێشتوە ئەو هەموو هێزو ئینێرژیەیەی لە نێومیللەتی کوردا وەک هەستی کوردایەتی و نیشتیمانپەروەری لە گۆڕیدایە، دووکتۆر شەرەفکەندی وتەنی ببێتە هێزێکی ماددی و خەباتگێرانە.

ساڵانێکی زۆر بەسەر ئەزموونە تاڵەکانی شەڕی براکوژیدا تێپەڕیون. با هیچی تر بە ئێسک و پرووسکی مردوەکانمان یەکتر نەکوتین. با لاپەرەیەکی تازەهەڵدەینەوە.

ڕێکەوتی : ١١ی ئاکۆستی ٢٠١٣

## پێشەوا سەرچاوەی ئیلهام و سەرمەشقی خەبات لە پێناوی ئازادیدا

پێشەوا ئەو لوتکە گەورەی جوغرافیای ناسیۆنالیسمی کوردستانی، دەکرێ لە گۆشەنیگای جۆراوجۆرەوە سەیری بکرێ. تاپتر لێی براوانی و لە پێرسپێکتیڤی جیاوازترەوە سەیری بکەین، پتر گەورەیی ئەو ئینسانە مەزنەمان بۆ دەردەکەوێ. من ئەو ڕۆژانە جارێکی دیکەش بە هەندێک لە بەڵگەنامەکانی سەردەمی کۆماردا چومەوە و سەرەڕای سەرقاڵی زۆرم، هەندێک یاداشتم هەڵگرتوون کە پێشەوا لە گۆشەنیگای نزیکترەوە دێننەبەرچاو.
قازی هەر لەو ماوەکورتەدا کە پێی نایە مەیدانی سیاسەتی کوردی،بە خێراییەکی زۆر بوو بە ئەستێرەی هەرە پڕ شنگداری ئاسمانی کوردایەتی و خەباتی نیشتیمانی و نەتەوەیی میللەتەکەمان. ئەوەتا ئێستا بۆتە سەمبولی قوربانی بوون، فیداکاری و بۆتە سەرچاوەی ئیلهام و سەرمەشقی خەبات بۆ هەموو رۆڵەکانی کورد لە کوردستان.
سیاسەتەکانی و بەرنامەی سیاسی پێشەوا، پاش تێ پەڕینی ئەو ماوە درێژەش، هەروا مەوزوعیەتیان هەیە و ئێستاش هەروا ڕێگاچارەی گیروگرفتەکانی ئێران و هەڵدان و گەشەکردنی کوردستان و وڵاتەکەمانن. دامەزرانی دێموکراسی، سڕینەوەی ستەمی نەتەوایەتی، دابین کردنی مافی کەمایەتیە میللی و مەزهەبیەکانی وڵاتەکەمان، دابین کردنی پەرەسەندنی کۆمەڵایەتی و فەرهەنگی و ئابووری، دیسانترالیزەکردنی دەستەڵاتی مەرکەزی و پێکهێنانی هەلومەرج بۆ کوردو نەتەوە بندەستەکانی دیکەی ئێران تا بتوانن لە پرۆسەی سیاسی و حاکمیەتی میللی دا بەشداری بکەن هەروا مەسەلەی ڕۆژن لە سیاسەتی ئێراندا.
* بەرنامەی سیاسی پێشەوا بۆتە مانفێستی کوردایەتی و ناسیۆنالیسمی هاوچەرخی کورد. دامەزراندنی دەستەڵاتی کوردستانی و دیاریکردنی مافی چارەی خۆنوسین، هەروا ئامانجی هەرەبەرزی بزووتنەوەی کوردە لە هەموو بەشەکانی کوردستاندا. ئەو جادەیە کە قەتاری جوڵانەوەی کوردی پێدا دەڕوا، هەر ئەو جادەیەیە کە پێشەوا موهەندیسی کردوە. ئێمە نەسلەکانی دوای ئەو گەورەتری شانازیمان تەنیا ڕەنگە هەرئەوەبێت، کە نەمان هێشتوە ڕێبازەکەی کوێر بێتەوە و خەباتەکەی ئەومان بردۆتە پێشێ. وەک شەهاب بە ئاسمانی خەباتی میللی ماندا کشاو کوردی لە خەوی غەفلەتی ژێرچەپۆکی ڕاچڵەکاند و ئێستاش لەو شەوەزەنگە تاریکە دا لە پەنجەرەی مێژوومانەوە، هەروا دەبینرێ و دەدرەوشێتەوە.
پێشەوا مێژووی میللەتی کورد و ڕاپەڕینە میللیەکانی کوردی خوێند بوەوە. ئەزموون و ئامانجە سیاسیەکانی ڕێبەرانی پێش خۆی فۆرمۆلەکرد و لە شێوەی پرۆژەیەکی سیاسیدا دایڕشت. بۆ ڕێبەریکردنی ئەو پرۆژەیە حیزب و تەشکیلاتی مۆدێڕنی دروستکرد و دەوڵەتی لە شکڵی جمهوریدا بۆ پیادەکردنی ئەو پرۆژە سیاسیە پێکهێنا.
* دواتر لەدادگادا و لە جەرەیانی سەفەرەکانی دا بۆ تاران دیفاعی لە کار و بەرنامەی سیاسی خۆی و ئامانجەکانی میللەتی کورد کرد و تاسەر پێیان وەفادارما و گیانی خۆشی لە

پێناویاندا بەخت کرد. دوای مردنیشی بوو بە ڕەمزی فیداکاری لە پێناو میللەتدا.
*لە دەورانی بزووتنەوە دژی ئیستیعماریەکان دا. لە هەموو وڵاتانی ناوچەدا ، ڕێبەرانی بزووتنەوەی دژی ئیستیعماری تووند بە خەباتی دژی ئیستعماریەوە نوسابوون و دواتریش هەموو یان دیکتاتۆر و سەرەڕۆ دەرچوون. پێشەوا لە سیاسەت و کردەوەدا، بۆ ئازادی و دێموکڕاتی ، ڕزگاری لە ستەمی نەتەوایەتی و پێشکەوتنی کۆمەڵایەتی و فەرهەنگی تێدەکۆشا و بە هەرسێکیان وەفاداربوو. لە ئەوپەڕی ئیقتداری سیاسیدا، خەڵکی و خاکی و لە هەڵسوکەوتدا دێموکڕات بوو و دێموکڕاتیش مایەوە. لەو دەورانە مێژووییەدا، لە نێو ڕێبەرانی بزووتنەوەی ڕزگاری خوازی میللەتتاندا، ئەوە تەنیا پێشەوابووە کە نەکەوتۆتە داوی سەرەڕۆییەوە.
عونسوری پێشکەوتنخوازی لە بەرنامەی سیاسی و کارنامەی حکومەتی پێشەوادا وەک ڕۆژی ڕوون دیارە. ڕێفۆڕمی ئەرزی و مەسەلەی دابیکردنی مافەکانی ژنان و پەرەپێدانی پەروەردەو فێرکردن و ئەمنیەتی قەزایی و سکۆلاریزەکردنی دادگاکان باشترین نموونەی ئەو قسەیەن. لە گەڵ ئەوەدا کە پیاوێکی ڕووحانی بووە، بەڵام هیچ کات وەک ڕێبەری دینی لە حیزب و حکومەتدا هەڵسوکەوتی نەکردوە و لە هەموو جێگایەک وەک ڕێبەری میللی و سیاسی قسەی کردوە. نە دینی خستۆتە خزمەت ئامانجە سیاسیەکانی خۆی و نە سیاسەت و حیز ب و حکومەتی کردونەتە بووکەشوشەی دەستی دین و مەزهەب. لەسەرتاسەری ئێراندا ئەودەم ئاخوندەکان دژی ئیسڵاحاتی ئەرزی و مافەکانی ژنان بوون و دژایەتیان دەکردن، بەڵام پێشەوا تێدەکۆشا بیانکاتە واقعیەتێکی ژیانی ڕۆژانە.
کۆماری کوردستان پڕشنگدارترین قۆناخی مێژووی هاوچەرخی کورد و کوردستانە. ئەوەی تا ئێستا هەمانە و لە داهاتووشدا تا چاوبڕەدەکا دەمانبێ، هەر لەوێڕا دەست پێدەکا. وەک بیگ بانگ، تەقینەوەی گەورەی ناسیۆنالیسمی هاوچەرخی کوردستانی لەوێرا سەرچاوەدەگرێ و ئێستاش ئەو ئینێرژیەی کە وەری دەگرێ هەر لەو تەقینەوە گەورەیەوە پێی دەگا.
پێشەوا سەرۆکی حیزب و سەرکۆمار بوو ،بەڵام قەت حکومەتی نەکردە ئاڵقەبەگوێی حیزب. حیزبی نەکردە سەرباری حکومەت و زەنجیر بۆ دەست و پێی حکومەت. قەت نەبوو لە کێوی سینای دەفتەری سەرکۆماری و سەرۆکایەتی حیزبەوە فەرمانان نازل بکات. بڕیارە کان دەستەجەمعی دراون و ڕاوێژیان لە سەردەکرا و بە فیلتێرە پێویستەکاندا تێدەپەڕین جادوایەش لە ڕۆژنامەی کوردستاندا بڵاودەکرانەو و بە ئاگاداری بیروڕای گشتی دەگەیەشتن. حیزب ماتۆڕی بردنە پێشی بەرنامەکان و ڕێکخستنی میللەت و مۆبیلیزەکردنی تواناکان بوو نەک دەستوپێگر. هەموو ئیمکاناتی حیزبی خستبووە خزمەت حکومەت نەک بە پێچەوانەوە. قەت خۆی لە جێێ کۆمیتەی ناوەندی دانەدەنا و کۆمیتەی ناوەندیشی لە جێی حیزب دانەدەناو حیزبیشی لە جێی میللەت دانەدەنا. خۆی و حیزب و کۆمار و دەوڵەتی بۆ خزمەتی میللەت دەویستن . پێشەوا بەرانبەر بیرووڕای گشتی لە سەر هەست بوو. کەسێک نەبوو گوێ نەداتە بیروڕای گشتی میللەت و ڕوانگەو بیروبۆچونی هاوکارەکانی بە گرنگ دەگرت.
مەیدانی بۆ درووست بوون و پێگەیشتنی چینی متەوەستی کۆمەڵگای کوردستان خۆشدەکرد. ئەدیب و زانا و فەرهەنگیەکانی کوردی لە دەوری حیزب و کۆمار کۆکردبونەوە و خستبوونیە خزمەت میللەت و پەرەسەندنی زمان و ئەدەب و کولتور و پەروەردەو فێرکردنی میللی. هەموو توانای ئینتلیکتوێلی کوردی خستبوە خزمەت خەبات و بەرنامەکانی حکومەتی کوردستان. ئەو حیزبەی ئەو لە دوای خۆی بە جێی هێشت، ئێستاش هەروا خۆشەویستی خەڵکی کوردستانە و ئەوەش تا ڕادەیەکی زۆر لە وەڕا دێ کە حیزبی پێشەوایەو پێشەوا دایمەزراندوە.
پێشتر ڕێبەرانی بزووتنەوەی کورد بە هۆی پێگەو نفوزی عەشیرەتی و ئایینیەوە هاتونەتەسەر. پێشەوا لە ڕێگای حیزبایەتی و کاری ڕێکخراوەیەوە هاتبووە سەر . ئەو هەم مەشرۆعیەتی هەبوو، هەم لێوەشاوەیی زانستی و سیاسی و هەم یەکپارچەگی ئەخلاقی و هەم مەحبووبیەتی جەماوەری. پاش مەرگیشی هەروا خۆشەویست مایەوە. کەمن ئەو ڕێبەرانەی ئاوا لە نێو میللەتی خۆیاندا خۆشەویستبن و هەر خۆسەویستیش بمێننەوە.
پێشەوا ڕزگاریخواز، ئازادیخواز، پێشکەوتنخواز و شۆڕشگێر بوو. ڕاستەوخۆ لە گەڵ میللەت پێوەندی هەبوو. ئەو دیوانسالاری و بۆرۆکراسی بۆ بردنە پێشی بەرنامە و پرۆژەکانی کۆمار هێنانەکایە و موئەسەساتی بۆ کۆمەڵ و کۆمار درووست کردن، بەڵام وەک پێشەوای میللی قەت نەهات خۆی لە قاوغی تەسکی بۆرۆکراسی حیزبی و دەوڵەتیدا زیندانی بکا. ئەو بە کردەوە ڕیبەرایەتی دەکرد و لە ڕیزی پێشەوەی کار و خەبات و هەوڵ و تێکۆشان بۆ چارەسەری گیروگرفتەکاندا بوو. خاکی و خۆماڵی و بێ فیزو تەکەبوور بوو. ئەو هاتبوو وەک بۆخۆی لە ڕۆژی سوێندخواردنەکەیدا فەرمووی، سەروماڵی فیدای میللەت و نیشتیمانەکەی بکا.
ئینسانێکی زانا و خاوەن فەرهەنگ بوو، هەربۆیەش بایەخێکی زۆری بە فەرهەنگ و ئەدەب و کولتوردەدا. دەورانی حکومەتی کۆماری کوردستان لە مێژووی میللەتی کوردا، تا ئەو دەدوازدە ساڵەی دوایی، پڕشنگدارترین قۆناخی گەشەکردنی فەرهەنگ و زمان و ئەدەب و ڕۆژنامەگەری کوردیە کە مێژوو بە خۆیەوەی دیوە. ئەو زمانە ئەدەبی و سیاسیەی ئەمڕۆ بەکاری دێنین، هەر هەمان زمانە کە لە سەردەمی کۆماری کوردستاندا بوو بە زمانی ئەدەبی و سیاسی و ڕۆژنامەگەری کوردی.
نەخش و سەهمی خەڵک لە بزووتنەوە و دەستەڵاتدا، نەخش و سەهمی هەرە زۆر بوو. پێشەوا دەستەڵاتی حیزبی و حکومەتی لە دەستی خۆی و کەس و کارەکانی دا کۆنەکردبووە وە. چەترێکی گەورە بوو هەموو لە ژێری دا جێگایان دەبوە وە. معیار بۆ وی خزمەت بوو. ئەو گەورەترین کۆلکەی هاوبەش بوو. مەخرەجی موشتەرەک بوو. تەمەنی کەم بوو، هیچ عەشیرەت و تایفەی لە پشت نەبوون، بەڵام توانی لە جامعەی دواکەوتوی ئەودەمی کوردستاندا، ببێتە کاریزمایەکی میللی هێندە گەورە کە هەموو عەشیرەتە گەورە و ناتەبا و تەنانەت نەحەواوە لە گەل یەکتردا، لە دەوری فەرماندەییەکی سیاسی و نیزامی کۆکاتەوە و تەنانەت کوردەکانی بەشەکانی دیکەی کوردستانیش، ڕاکێشێتە ژێر ئۆتۆریتە میللی کۆماری کوردستا.
یەکپارچەیی ئەخلاقی پێشەوا لە پلەیەکی هێندە بەرزدابوو کە گەورەیی و مەزنی خۆی لە گەورەیی و مەزنی میللەت و خەڵک و هاوکارەکانی دا دەدی و پێویستی بەوە نەبوو کەسانی دی نەبینێ و وەلایان بنێ. بە پێچەوانەوە ئەو دەیزانی گەورەیی و مەزنایەتی لەوەڕا دێ کە بتوانێ خەڵک و کەسانی گەورە و بە ئۆتۆریتە لە دەوری خۆت و بەرنامەکانت کۆکەیەوە نەک بە پێچەوانەوە. ئاخر کە سێک کە دەستەڵاتی سیاسی و حیزبی و حکومەتی لە خۆی و دەوروبەری خۆیدا کۆدەکاتەوە، ئەوە کەسێکە کە توانایی سیاسی و فکری و ئەخلاقیەکەی مەحدودە، کاراکتێرێکی بێ هێزی هەیەو دەوروبەرەکەشی هیچ کارە و لێ نە هاتوون. پێشەوا نیهاد سازی کرد، بزوتنەوەی کردە میللی و گشتی. حیزبی نەکردبووە فیرقە و سێکتێکی سیاسی، حیزبی دێموکرات لە سەردەمی پێشەوادا، جەبهەیەکی بەرینی میللی بوو کە هەموو ڕۆڵەکانی کوردستان لە نێویدا جێ یان دەبۆوە و هەموو شیان بە هیخۆیان دەزانی شاعیر وتەنی بە ملیۆن کورد، سوژدەیان بۆ دەبرد.
ئەو خسڵەتە میللیە کە وەک میرات بۆ حیزبی دێموکڕات بە جێماوە هەر لەو دەمەڕا دێ کە پێشەوا کردیە حیزبی میللی. حیزبی دێموکراتی دروست کرد و لە ڕێگای حیزبەوە بوو بە

پێشەوای گەل و دواتر حیزبیشی خۆشەویست کرد. دەڵێن هەر خەباتێک ڕێبەری خۆی درووست دەکا، حیزب و بزووتنەوەی کوردستان لە سەردەمی پێشەوادا جەماوەری و میللی و گەورەو بەرین بوون، بۆیەش ئەو ڕێبەرە گەورەیان هێنایە مەیدان. ئەوەتا ئێستاش مەیدانی چوار چراو گۆڕی پێشەوا، بوونەتە سەمبوولی نیشتمان پەروەری و مەککەی کوردایەتی و قیبلەو زیارەتگای ڕێبوارانی ڕێگای ڕزگاری کوردستان و پێشەوا لە دڵی نەتەوەی کورد و ویژدانی میللەتی کوردا هەر زیندوە و ڕێباز و ئامانجەکانی هەروا ئامانجی کۆمەڵانی بەرینی خەڵکی کوردستانن.

* گۆڕی پێشەوا بۆتە کورەی جۆشدانی کوردایەتی و لە سەرتاسەری کوردستاندا خەڵک سوێندی گەورەیان بە گۆڕی پێشەوایە. ئەوە مانایەکی گەورەی مەعنەوی و ئەخلاقی هەیە. بیری سیاسی پێشەوا هێشتاش هەروا بە پێشەنگ دادەنرێ و مەوزوعیەتی هەیە و ڕوو لە گەشەشە. ئەو درەختەی پێشەوا چەقاندی، هەروادێ پتر ڕەگ لە کوردستاندا دادەکوتێ. ئەو ئینێرژەیە میللیە کە لە پشتی سەری بزووتنەوەی کوردستانەوە هەیە، بە تایبەتی ئەو هێزەکە نەیهێشتوە حیزبی دێموکرات بشکێ، یا لە ڕێلی خۆی لادا، هەر ئەو ئینێرژیەیە کە لە پێشەواوە پێی دەگا.

ئەمڕۆ بە ملیۆن کورد لە هەموو کوردستاندا پەیامی پێشەوایان کردۆتە مەشخەڵی ڕێنیشاندەری ڕێگای خەباتیان. هەموو هێزە کوردستانیەکان چ لە بەشی ڕۆژهەلات یا لە بەشەکانی دیکە، لە ڕاستی ڕاستەوە تا چەپی چەپ و تەنانەت مەزهەبیەکانیش، شەجەرەی سیاسی خۆیان دەبەنەوە سەر پێشەوا و دەیانەوێ مەشروعیەتی لێوەرگرن. هەموو هەسارەکانی کۆمەڵەی خۆر تین و ڕووناکی لە خۆر وەردەگرن، هەموو هێزە سیاسیەکانی کوردستانیش تین و ڕووناکی لە پێشەواوە وەردەگرن. ئەو گەرمی و ڕووناکیەش لە بن نایەو دەگاتە هەموانیش. ئەو شوێنەوارەی پێشەوا لە سەر تاکی کورد، میللەتی کورد، سیاسەتی کورد و ویژدانی میللی کوردستان بە جێی هێشتوە، باشترین بەڵگەی ئەو قسەیەن.

ڕاستە کۆماری کوردستان ڕووخا و بزووتنەوە پاشەکشەی کرد، بەڵام بیری پێشەوا نە شکا،چونکە شکەست ئەوەیە قەت هەڵنەستیەوە. هەرکەس پاش کەوتنەخوار درەنگ یا زوو هەستێتەوە، نەشکاوە. بەرنامەی سیاسی و حیزبی پێشەوا و خەباتی پێشەوا، بە جۆرێک لە کوردستاندا ڕەگیان داکوتاوە، کە ئەوتا شەوەزەنگی ڕەشی ئیستبدادی ئاخوندیش، نەیتوانیوە، لە گەشە و هەڵدانیان بخات. پێشەوا و کۆماری کوردستان و بەرنامەی سیاسی پێشەوا ئێستا بوونەتە ڕێفێرانسە و نەسلەکانی ئێستا و داهاتووی کوردستان خۆیانی پێ پێناسە دەکەن، چونکە قۆناخی دەوڵەتی جمهوری کوردستان، لە مێژووی میللەتی کوردا بەرجەستەگی تاریخی هەیە و سەردەمی زێرێنی مێژووی دەستەڵاتداریەتی هاوچەرخی کوردە.

پێشەوا هەموو هەڵوێستەکانی چ لە پێوەندی دەگەڵ تاران و چ لە گەڵ تەورێز و چ لە پێوەندی لە گەڵ زلهێزەکان و چ لە پێوەندی لە گەڵ مەسەلە نێوخۆیەکانی کوردستاندا، تەنیا لە گۆشەنیگای بەرژەوەندیی کوردستان و دێموکراسیەوە دەگرتن. مەهارەتێکی بێ وێنەی لە فۆرمۆڵە کردنی داخوازەکانی میللەتی کورد و پەیامی سیاسی خەڵکی کوردستان و حیزبی دێموکڕاتدا هە بوو. ئەوەش بوو پێشەوای کردبوە ڕێبەرێکی تەواعەیاری میللی. لە خۆڕانیە بوو بە پێشەوا و هەروا بە پێشەوایش مایەوە.

پێشەوا فیداکاری کرد و تەڵەبکاریش نەبوو. ئەو لە دادگاش دا دەزانێ دەی کوژن، بەڵام دیفاعی سەرسەختانە لە میللەتی کورد و داخوازەکانی میللەتی کورد دەکا. لە وەسیەتنامەکەشی داو لە سەر سێدارەش هەر داوا لە ڕۆڵەکانی کوردستان دەکا خەبات بەرنە پێش و خواش بەشاهیدی دەگرێ کە بەسەر وماڵ خزمەتی میللەی خۆی کردوە و داوا دەکات لە ئەگەر قسوری هەیە نەتەوەکەی بیبەخشن. بەمجۆرە ئەو هیچ تەڵەبکارنیە و فیداکاریشی بۆیە نەکردوە لە میللەتەکەی تەڵەبکاربێت. تەنیا داوای ئەوەیە میللەت پاڵ وێکدەن و خۆیان بە عیلم و زانست تەییارکەن و خەبات بەرنە پێش و نەیەڵن ئاگری خەبات لە نێلە بکەوێت. بۆیەیە لە پێدەشتی کاکی بە کاکی بزووتنەوەی کوردا بۆتە لوتکەی هەرەبەرزی فیداکاری و گیانبازی و نیشتیمان پەرستی و وڵاتپارێزی.

*ئەوە چەند دەیەیە کە تەواوی دەزگای تەبلیغاتی دەوڵەتی ئێران و ناسیۆنالیزمی مەزنی خوازی ئێرانی و کۆنە پەرستیی ناوچەو تەنانەت زڕەچەپی کورد و ئێرانیش کەوتونەتەخۆ تا پێشەوا تەخریب کەن و خۆی و بەرنامە و کارنامەکەی ڕەشکەن، بەڵام نەک هەر نەیان توانیوە زەڕەیەک لە گەورەیی و خۆشەویستی پێشەوا کەم کەنەوە ، بەڵکو پێشەوا هەروادێ و مەزن تر و خۆشەویستر دەبێ و بەرنامەی سیاسی پێشەوا ئەمڕۆ بۆتە بەرنامەی ڕێگاچارەی گیروگرفتەکانی وڵاتە خۆشەویستەکەمان.

ئەو مامانێک بوو تێدەکۆشا کۆرپەی ئازادی و ڕزگاری کوردستان، لە منداڵدانی میللەتی کوردەوە بۆ سەر دونیا هیدایەت بکا. حیزب و تەشکیلاتی بۆ ئەو کارەدەوستن و حیزب بۆ ئەو کەناڵی خزمەت بە گەل و نیشتیمان بوو.

پێشەوا ئەڵترناتیوی نەبوو. کەسێک بوو مێژووی کورد و زەمان هێنابوویە پێشەوە. لە ماوەیەکی کوردا کە دەستی بەکاری سیاسی کرد، نەخشی هێندەگەورەی گێڕا، کە لە مێژووی میللەتی خۆی دا بوو بە گاندیەک، ناپلیۆنێک،ماندێلایەک. ئەو درووستکار بوو. خۆی و دەزگای حکومەتەکەی دووربوون لە گەندەڵی و فەساد. ئێستاش درووستکاری نەک بە فەزیلەت بەڵکوو بە موعجیزە دادەنرێ، کەچی پێشەوا لە هەموو فەساد و ئالودەگیەک بە دووربوو. ئەو کێوێک بوو لە ئەخلاقیەتی بەرز و ئیستراتیژی سیاسی و سەلامەتی ویژدانیی. هەر بۆیەش بوو ئیعتبارێکی سیاسی و مەعنەوی گەورەی لە نێو میللەتدا هەبوو. کەس نەی توانیوە لە نێو کوردا وەک پێشەوا ئاوا ئیعتباری سیاسی وەدەست بێنێ.

دەڵێن مێژوو ڕووحم بە کەس ناکا. پێشەوا لە نێو ڕێبەرانی سیاسی میللەتی کورد و میللەتانی دیکەی ناوچەدا، لە ڕیزی هەرە پێشەوەی ئەو ڕێبەرانەدایە کە ژمارەشیان بە داخەوە زۆر کەمە، کە لە ئیمتیحانی سەختی مێژوو دەرچون و ڕووسوور هاتوونە دەر . هێمن وتەنی عومری کورتی هەبوو، بەڵام ئەو عومرە کورتە پڕاوپڕبوو لە شانازی و شەرەف.

لایەنێکی دیکەی گەورەیی پێشەوا لەو پیلانە گەورەیەڕا دێ کە کۆنە پەرستی و ئیمپریالیزم و دوژمنانی کورد لە دژی ئەو و حکومەتەکەی بە ڕێوەیان برد. ئەو ڕاستیە لە ڕەوتی دادگادا و لە چۆنیەتی حوکمدانی قازیەکان و لەداردانیاندا بە باشترین شێوە دەردەکەوێ. پێشەوا بی کیفایەت نەبوو، بەڵام پیلانێکی نێو نەتەوەیی لە دژی ئەو وەڕێخرا کە لە دەرەوەی کۆنترۆڵی ئەودابوو. ئەو ژمارەیەکی کەم کارتی بۆ یاری لە دەست دابوون، لە هەموو کارتەکان بە باشترین شێوە کەڵکی وەرگرت. تواناو لیوەشاوەیی و درووستکاری و مودیریەت و بە تەگبیری پێشەوا پێشتر لە زۆر بواردا تاقی کرابۆوە. ئەوەی ڕوویدا ئاکامی پیلانی هاوبەشی ئیمپریالیزم و کۆنە پەرستی بوو.

بەبڕوای من گەورەترین تایبەتمەندیی پێشەوا ئەوەیە کە ئەو وەک ڕێبەر و پێشەوای میللەتی کورد لە بەرامبەر میللەت و مێژوودا هەستی بەبەرپرسایەتی دەکرد. ڕێبەرانی ئێستای کورد دەبێ زۆر دەرسی بە نرخ لە پێشەوا فێربن، بەڵام لە هەموان گرنگتر ئەوەیە ئەو ئیحساسی مەسئولیەتە لە بەرانبەر میللەت و مێژوو دا، لە قازی نەمر فێربن.

## دیمانە : قاسملوو سەرمەشق و سەرچاوەی ئیلهامە بۆ خەبات لە پێناوی دێموکڕاسی دا.!

بەڕێزکاک برایم لاجانی پێمان خۆشە بیروڕایی بەڕێزتان وەک کادرێکی پێشووی ڕیبەری حیزب کە دەورەیەکی بەنرخ و بەرچاو لە تێکۆشانی سیاسی و تەشکیلاتیت لە نیزیک ڕێبەری شەهید کاک د. قاسملوو تێپەڕ کردووە و لە نیزێکەوە شارەزایی فکری سیاسی و تێڕوانینن و خوێندنەوەیی وردی لە پەیوەندی لەگەڵ هەل و مەرجی سیاسی ئە وکات و ئەو قۆناخەسەختەیی خەبات کە بزووتنەوەیی نیشتیمانی پێی دا تێپەڕ دەبوو و کاریگەری روداوەکان لە سەر خەباتی ئازادیخوازانەیی گەلی کورد و هەوڵ و تێکۆشانی بێوەچانی سیاسی و دیپلۆماسی لە ئاستی نێونەتەوەیی دا بەمەبەستی ڕاکێشانی پشتیوانی وڵاتانی دێمۆکڕات و ئازادیخواز بۆ لای مەسەلەی رەوایی گەلی کوردستان ، بۆ خوێنەرانی ماڵپەرە کەمان بدوێن و شیکردنەوەیەکی کورتی بیروباوەڕی ئەو نەمرە سەبارەت بە حیزب و بزووتنەوەیی نیشتیمانی گەلی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان مان بۆ تاوتوێ بکەن و پێناسەیەکی کورتی نێوەرۆکی ئەو دێمۆکڕاسیە بکەیت کە بەر هەمی خەباتی ئەو نەمرەیە لە نێوڕێزەکانی حیزب دا.

قاسملوو سەرمەشق و سەرچاوەی ئیلهامە بۆ خەبات لە پێناوی دێموکڕاسی دا.

( ئەگەر تادوێنێ د.قاسملوو شانازی دەکرد کە ئەندامی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێرانە، ئەمڕۆ حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران و هەموو گەلی کورد لە کوردستانی ئێران شانازی دەکەن کە قاسملوویان لە ئامێزی خۆیان دا پەروەردە کردوە.)

یەکەم

بیست ساڵ بەسەر تیرۆرکرانی ڕێبەری گەورەی حیزب وگەلەکەمان، دوکتۆر قاسملوودا تێدەپەڕێ. مەبەستی کۆماری ئیسلامی لە ئەنجامدانی ئەو جنایەتە ئەوەبوو کە بۆ هەمیشە ئاگری خەبات بۆ ئازادی، دێموکڕاسی و مافەنەتەوایەتیە کان لە کوردستانی ئێراندا خەفەبکات. بەڵام ئێستا ئەوە چاک دەرکەوتووە کە ئەو ئامانجانەی کە قاسملوو خەباتی بۆ دەکردن و ژیان و گیانی لە پێناویاندا دانا، بوونەتە ئامانجی سیاسیی هەموو ڕۆڵەکانی گەلی کوردو سەرجەم ئازادیخوازانی وڵاتەکەمان.

ڕەوتی ڕوداوەکان لەو دوو دەیەی دواییدا و وەزعی ئێستای ئێران ئەوە دەردەخەن کە ئەوە کۆماری ئسلامی و ئیستبدادی مەزهەبی یە کە هیچ داهاتوویەکیان نیە و پاشەڕۆژ هی ئامانجە ئینسانیەکانی قاسملوویە.

ئەوەتا ئەمڕۆ ناوی قاسملوو بۆتە سەرمەشق و ئیلهام بەخشی خەبات بۆ هەموو تێکۆشەرانی ڕێگای ئازادی، دێموکراسی و عەداڵەتی کۆمەڵایەتی لە کوردستانی ئێراندا.

نەوەی نوێی نێو ڕیزەکانی حیزب و بزووتنەوە قاسملوو وەک مامۆستای مەدرەسەی خەبات بۆ ئازادی و ڕزگاری تەماشادەکەن. لە دەرس و وانەکانی فێردەبن. هەڵوێست، وتەو نووسینەکانی دەکەنە دەسمایەی خۆیان بۆ چوونە پێش بە ڕێگای خەبات بۆ وەدەستهێنانی دێموکڕاسی دا.

دووەم

لەحزەیەکی زۆر ناخۆش بوو کە هەواڵی شەهیدبوونی دوکتۆر قاسملووم بیست. وەک ئەوەی کە ئاسمان بە سەر سەرم دا بڕووخێ وابوو. بۆ ئێمە کە لە هەل و مەرجێکی زۆر سەخت و دژواردا خەباتمان دەکرد. لە دەستدانی قاسملوو کە هەم مامۆستاو هەم ڕێبەر و هەم تەجەسومی ئیرادەی حیزب و گەلەکەمان بۆ خەبات و بەربەرەکانی و نوێنگەی هیواو ئاواتەکانی گەلە بندەستەکەمان بوو، زەبرێکی بەڕاستی قورس و بە ژان بوو.

بە بڵاو بوونەوەی هەواڵی دڵتەزێنی شەهیدبوونی قاسملوو لە ڕادیۆ دەنگی کوردستانی ئێران، یەکێک لە لە کادرەکانی ڕادیۆ واتە کاک سیامەک، وتووێژێکی کورتی سەبارەت بەو کارەساتە لە گەڵ پێکهێنام کە ڕۆژی دوایی لە ڕادیۆوە بڵاو کرایەوە.

حاڵەتێکی زۆر تایبەتی بوو، زۆرم وەبیر نەماوە کە چیم وت. ئاخر ئامادەگیشم نە بوو. لەو قسانە تەنیا چەند ڕستە یەکم وەبیر ماون کە بریتین لە.

( بە شەهیدبوونی قاسملوو ، جارێکی دی باوکم شەهیدکرایەوە. جارێکی دی هەموو شەهیدانی کوردستان لەمن شەهید کرانەوە.)

( ئەگەر تادوێنێ د.قاسملوو شانازی دەکرد کە ئەندامی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێرانە، ئەمڕۆ حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران و هەموو گەلی کورد لە کوردستانی ئێران شانازی دەکەن کە قاسملوویان لە ئامێزی خۆیان دا پەروەردە کردوە.)

پاش بڵاوبوونەوەی وتوێژەکە لە ڕادیۆ، کاک دوکتۆر شەرەفکەندی لە نێو جەمعێک لە کادر و پێشمەرگەکاندا وتی قسەکانی ئیبراهیم لە پێوەندی لە گەڵ شەهیدبوونی دوکتۆر قاسملوودا لە دڵەوە دەهاتنەدەر بۆیە بەڕاستی لە سەر دڵانیش دەنیشتن و کاریگەریان دادەنا. ئەو تەعبیرەی ئیبراهیم لە ڕۆڵی دووکتۆر قاسملووی کرد لە نێو حیزبدا بە ڕاستی واقیعیەتە. دوکتۆر قاسملوو هە میشە شانازی دەکرد کە ئەندامی حیزبی دێموکڕاتی کوردستانی ئێرانە. بەڵام ئەوەتا ئێستا دەبینین کە هەموو گەلی کورد لە کوردستانی ئێران و سەرجەم ڕیزەکانی حیزب شانازی دەکەن کە قاسملوویان لە داوێنی خۆیاندا پێگەیاندوە.

سێیەم

لە پێوەندی لە گەڵ بیستەمین ساڵرۆژی شەهیدبوونی قاسملوودا، تەکیە لە سەر ئەوە دەکەم کە ئەو پێش هەر شتێک خەباتگێڕی ڕێگای دێموکڕاسی بوو. لە زۆر موناسەبەت دا دەی گوت کە بۆ ئێمە دێموکڕاسی لە سەروی هەموو شتێکەوەیە. ئەو دەی گوت کە حیزبی ئێمە پێش هەرشتێک حیزبێکی دێموکڕاتە و بۆ دابین و دەستەبەرکردنی دێموکراسی خەبات دەکا. دابین بوونی دێموکڕاسی لە تاران، لە کوردستاندا بە شێوەی خودموختاری وەدیهاتنی مافەنەتەوایەتیەکان ڕەنگ دەداتەوە.

من ئەو قسەیەم لە خۆی بیستوە کە دەڵێ ئەگەر ئێمە، هێزە دێموکڕات و میللی و نیشتیمانی یەکانی ئێران لە وەختی خۆی دا پشتیوانیمان لە دەوڵەتی بەختیار کردبا، مەسیری شۆرشی ئێران بە ڕێگایەکی دیکەی جیا لەم ڕێگایەی ئێستادا دەڕۆیشت. بەختیار دەیتوانی ئازادی تێکۆشانی سیاسی و حیزبی و ئازادیە دێموکراتیەکان دەستەبەربکاو بەم جۆرە ئێران بەرە بەرە

بەرەو دێموکراتیزەبوون دەڕۆیشت و ئاڵوگۆری دێموکراتیک دەستیان پێدەکرد و دیکتاتۆری پاشایەتی دەستەڵاتی لە دەست دەدا و بەم جۆرە شۆڕش لە ئامانجەکانی خۆی ڕۆژ بە ڕۆژ پتر نزیک دەبووەوە. قاسملوو ئەوەی بە گەورەترین هەڵەی سیاسی هێزە میللی و دێموکڕاتەکانی ئێران دەزانی.
دوکتۆر قاسملوو دەیگوت من ئەو دەم دەمویست ئەو مەسەلەیە لە دەفتەری سیاسی خۆماندا باسکەم . بەڵام بە داخەوە حیزبی تودە وەزعێکی خوڵقاندبوو کە ئێمە تەنانەت لە دەفتەری سیاسی حیزبیش دا نە مان دەتوانی ئەو مەسەلەیە بێنینە گۆڕێ.

ئامادە کردنی محەممەد سولەیمانی

ڕێکەوتی : ٣١ی ژووئیەی ٢٠١٣

## با پردان درووستکەین نەک دیواران!.

لەنێوان ساڵەکانی ٢٠٠ تا ٢٠٠٤ی زایینیدا، لە پرۆژەیەکی هاوبەشی نێوان وەزارەتی دەرەوەی نۆروێژ، ئیدارەی موهاجەرەتی نۆروێژ و ڕێکخراوی نۆروێژی هیلسنکی بۆ مافەکانی مرۆڤد وەک دیلمانج کارم دەکرد.
ئەودەم خەڵکێکی لە وڵاتانی ڕۆژهەلاتی نێوەڕاستەوە وەک پەنابەر روویان دەکردە نۆرویژ و کەمپەکان هەرجمەیان دەهات. هیچ کۆنە ساختمانێک نەمابوو نەکرێتە کەمپ، بەو حاڵەش هەر جێگا نەبوو.
مەبەست لەوپرۆژە بریتی بوو لە ئاشناکردنی ئەوپەنابەرانە بە مافەکانی مرۆڤ، پێکەوەژیانی بە ئاشتی لە کۆمەڵگایەکی دێمەکراتیک و فرەفەرهەنگیدا و هەروەها ڕاهێنانیان لە سەر چۆنیەتی چارەسەرکردن و ئیدارە و هێنانەخواری ئاستی کێشەکان. بەواتایەکی دیکە ئەوان کە لە ناوچە شەڕلێدراوەکانەوە هاتبوون، لە فەرهەنگیکی دووگم و پڕ لە توونـدوتیژی و تەعەسوب و خۆبەحەقزانی کەللەویشکی سیاسی و مەزهەبی ئیدەئۆلۆژیکیدا گەورەببوون، دەبوایە سەرلەنوێ بازسازی بکرێنەوە، پرگرامەکۆنەکانی نێو کامپیۆتێری زەینییان دیلیت بکرێن و پرۆگرامی تازەیان لە جێ دامەزرێنرێ تا بۆ ژیانێکی تازە ئامادەبن.
لە کۆمۆنی هۆرداڵ نزیک گاردەمۆن واتە فرۆکەخانەی ئۆسلۆ سەلیبی سووری نۆروێژ خاوەنی ناوەندێکی گەشتیاریە بۆ ئەوکەس و بنەماڵانەی توانای سەفەریان نیە و سەلیبی سوور بە ئیمکاناتی خۆی ئەوخەڵکە دێننە ئەو شوێنەو سەیران و چالاکی جۆراوجۆریان بۆ ڕێکدەخەن. لەو ماوەیەدا بەشێک لە ناوەندە گەورە گەشتیاریە خرابووە خزمەت ئەو پرۆژەیە.
هەر هەفتەی ٥٠ کەس لەولاوانەی لە کەمپەکاندا دەژیان دەهێنرانە هۆرداڵ و دەخرانە ژێر بەرنامەیەکی پەروەردەیی چروپڕ. باشترین مامۆستاکان وشارەزایانی مافەکانی مرۆڤ و دێموکراسی و چۆنیەتی چارەسەرکردنی کێشەکان لە شوێنە جۆراوجۆرەکانەوە دەهاتن و دەرسیان دەگوتەوە. کاری من ئەوەبوو کە دەبوایە ڕاستەوخۆ هەرچی مامۆستا لە زاری دەهاتەدەر تەرجومەی بکەم بۆ سەر زمانی بەشدارانی کۆرسەکان یا قسەو پرسیار و تێبینیەکانی ئەوان تەرجومەبکەمەوە بۆ مامۆستا. بەشدارانی کۆرسەکان جاری وابوو کوردبوون جاری وابوو خەڵکی ولاتانی ئێران و ئەفغانستان و جاری واش بوو خەڵکی وڵاتانی عەرەبی بوون. دەرسەکان بە شێوەی تیئاتر و پێداگۆگی موشارەکەتی دەوترانەوە. لە پێشدا مامۆستاکان کورتەیەکی تیئوریکی بابەت و زاراوەکانیان پێشکەش دەکرد و دواتر ئەو تیئوری و کۆنسێپتانە بە شێوەی عەمەلی و بە بەشداری قوتابییەکان ئیجرادەکران و ژیانیان وەبەردەنرا. لە پێداگۆگیدا دەڵێن باشترین شێوەی فێربوون فێرکرنە. بەڕاستی من بۆخۆم بە ئەندازەی هەموو عومرم لەو کۆرسانەدا فێربووم. چاویلکەیەکی دیکەم بۆ تەماشاکردنی ژیان و ژیان کردن وەرگرت. هەر چەند بە هۆی پێشینەی پەروەردەیی و تەمەن و. . . ئیمکانی نیە کەسێکی وەک من سەرلەنوێ لە سەداسەد بازسای بکرێتەوە، بەڵام لانی کەم دەزانم کە فڵان کار یا حەرەکەتی من درووست نیە و مەعقولیەتی تێدانیە. ئارەزووم بوو ڕۆژێک بێت ئەو ماترياڵە بە کوردیش هەبێت و ئێمەش لە پەروەردەو فێرکردنی خۆماندا بەکاری بەرین.
بەخۆشیەوە چەندساڵ دواتر بەرێوەبەرانی پرۆژەکە هەموو ئەو ماتڕیاڵەیان کۆکردەوە و لە دووتوێی کتێبێکدا بە ناوی " با پردان درووست کەین نەک دیواران" بلاویانکردەوە. کتێبەکە لە میدیاکانی نۆروێژ و ناوەندەکانی پەروەردەو فێرکردندا پێشوازی گەورەی لێکرا. هەر زوو وەرگێردرایە سەر بەشێکی بەرچاو لە زمانە گەورەکانی وەک ڕووسی و ئینگلیسی و سێربی و چینی و. . . دواتر گەلێک خەڵاتی جۆرواجۆری وەرگرتن وەک خەڵاتی شوڕای ئورووپا و یونسکۆ.
من کە لە گەڵ نوسەرەکانی کتێبەکە شانازی هاوکاری چەنساڵەم هەبوو، هەروەها لە مێژیش بوو خەوم بەوەوەدەدی ئەو ماتڕیاڵە بە کوردی هەبێت، دەستبەجێ بڕیارم دا تەرجومەی بکەم. بەڵام بە هۆی ئەوەی کە کتێبی دیکەم لە بەردەستا بوون بۆ وەرگێران و وەختی بە تاڵیشم نەبوو، کارەکە کەمێک دواکەوت. دیارە چەند فەسڵم پار تەرجومەکردبوون و بەرێز کاک عەلی لالە کاری لە سەرکردبوون. سەرەتای ئەوبەهارە تەشویقی کردم کە کارەکە تەواوکەم. بڕیارم دابوو بۆ ساڵرۆژی شەهیدبوونی نەمر دوکتۆر قاسملوو تەوای کەم. بە خۆشیەوە ئێستا کتێبەکە تەواو بووە.

نوسەرانی کتێبەکە برتین لە. Enver Djuliman & Lillian Hjortn

هەردووکیان لە بەناوبانگترین مامۆستایانی ئەو بوارەن. خاتوو لیلیان ئێستا سەرۆکی ئەکادیمی فێرکردنی مافەکانی مرۆڤە لە نۆروێژ و لە ناوەندە جۆراوجۆرەکانی پەروەردەدا پرۆژەکانی فێرکردنی مافەکانی مرۆڤ سەرپەرستی دەکات.

کتێبەکە هەشت فەسڵە. سێ بواری مافەکانی مرۆڤ، لێک تێگەیشتینی فەرهەنگەکان و چۆنیەتی ئیدارەو چارەسەری کێشەکان دەگرێتەخۆ. بێجگە لە باسە تیئوریکیەکان لەسەر ئەو بابەتانە، ٩٧ ڕاهێنان و مەشقیشی لە خۆگرتوە کە مامۆستایان دەتوانن بەکاری بێنن. کتێبە دەتوانرێ لە هەموو ئاستەکاندا، لە قوتابخانەکان، زانکۆکان، پۆلیس، ئیدارەدەوڵەتیەکان، کلاس و دەورە جۆراوجۆراوەکانی ڕاهێنانی کادر و پەروەردەی تەشکیلاتی و حیزبییەکاندا کەڵکی لی وەرگیردرێ.

شایانی باسە کە کاک عەلی لالە ئەوجاریش زەحمەتێکی زۆری لە گەڵ ساخکردنەوەی تێکستە دەستنوسەکانی من و دەسەر یەک کردنەوەیان و ویراستاری کتێبە کێشاوە. بەڕێز کاک عەبدوڵا حیجاب بەرپرسایەتی تەتبیقی دەقە کوردیەکەی کتێبەکەی لەگەڵ دەقە نۆرویژیەکە و کۆنترۆڵی کەیفیەتی وەرگێرانەکەی گرتۆتە ئەستۆ.

ئامانجی گەورەی دووکتۆر قاسملوو دێموکراسی بوو. جەوهەری دێموکراسی بریتیە لە پێکەوە حەوانەوە. هەموو هەوڵی دووکتۆر قاسملوو ئەوەبوو کە لە نێو پێکهاتە جۆراوجۆرەکانی کوردستان و ئێران دا پردان درووستکات. سەرەنجام لە ڕێگای ڕووخاندنی دیوارەکانی نێوان گەلی کورد و دەوڵەتی مەرکەزیدا گیانی لەدەستدا. ئەو دەیزانی ئەودیوارانە زۆر سەخت و بڵندن، بەڵام ئەوەشی دەزانی هیچ ڕێی دیکەمان نیە بێجگە لە کار و تێکۆشان بۆ رووخاندنی ئەو دیوارانە. بۆیە لەڕێگای دروستکردنی ئەو پردەدا ئامادەبوو هەموو خەتەرێک قبوول بکات. بە بڕواوە ڕێی ئەو کارەی گرتەبەر و سەرەنجام گیانیشی لەسەر دانا. شەهیدبوونی دووکتۆر قاسملوو بەمانای بی ئیعتبار بوونی ئەو بیر و فەرهەنگ و ستراتیژیەنیە، ڕاست نیشانەی ئەوەیە کە ئەودیوارە سەخت و ئەستوورە بەڵام هەر دەبێت تێک بشکێ و لە جێگای ئەو پرد دروست بێ. بۆیە ئەمڕۆ دووکتۆ قاسملوو بۆتە سەمبوولی ئەوپردە کە پێویستە لە نێوان بزووتنەوەی کورد و دوڵەتی ناوەندیدا دروست بێت.

هەر بۆیە لە ٢٤ەمین ساڵی شەهید بوونیدا، وەرگێرانی کتێبە پێشکەش دەکەم بە گیانی پاکی دووکتۆر قاسملووی نەمر.

ڕێکەوتی : ٢٢ی ژووئیەی ٢٠١٣

## ئامادە کردنی بۆ چاپ، کتێبی با پردان دروووست کەین نەک دیواران!

لەنێوان ساڵەکانی٢٠٠٠ تا ٢٠٠٤ی زایینیدا، لە پڕۆژەیەکی هاوبەشی نێوان وەزارەتی دەرەوەی نۆروێژ، ئیدارەی موهاجەرەتی نۆروێژ و ڕێکخراوی نۆروێژی هیلسنکی بۆ مافەکانی مرۆڤدا وەک دیلمانج کارم دەکرد.

ئەودەم خەڵکێکی لە وڵاتانی ڕۆژهەلاتی نێوەڕاستەوە وەک پەنابەر روویان دەکردە نۆرویژ و کەمپەکان هەرجمەیان دەهات. هیچ کۆنە ساختمانێک نەمابوو نەکرێتە کەمپ، بەو حاڵەش هەر جێگا نەبوو.

مەبەست لەوپرۆژە بریتی بوو لە ئاشناکردنی ئەوپەنابەرانە بە مافەکانی مرۆڤ، پێکەوەژیانی بە ئاشتی لە کۆمەڵگایەکی دێمەکراتیک و فرەفەرهەنگیدا و هەروەها ڕاهێنانیان لە سەر چۆنیەتی چارەسەرکردن و ئیدارە و هێنانەخواری ئاستی کێشەکان. بەواتایەکی دیکە ئەوان کە لە ناوچە شەرلێدراوەکانەوە هاتبوون، لە فەرهەنگیکی دووگم و پڕ لە توونــدوتیژی و تەعەسوب و خۆبەحەقزانی کەللەویشکی سیاسی و مەزهەبی ئیدەئۆلۆژیکیدا گەورەببوون، دەبوایە سەرلەنوێ بازسازی بکرێنەوە، پڕگرامەکۆنەکانی نێو کامپیۆتێری زەینییان دیلیت بکرێن و پرۆگرامی تازەیان لە جێ دامەزرێنرێ تا بۆ ژیانێکی تازە ئامادەبن.

لە کۆمۆنی هۆردال نزیک گاردەمۆن واتە فرۆکەخانەی ئۆسلۆ سەلیبی سووری نۆروێژ خاوەنی ناوەندێکی گەشتیاریە بۆ ئەوکەس و بنەماڵانەی توانای سەفەریان نیە و سەلیبی سوور بە ئیمکاناتی خۆی ئەوخەڵکە دێننە ئەو شوێنەو سەیران و چالاکی جۆراوجۆریان بۆ ڕێکدەخەن. لەو ماوەیەدا بەشێک لە ناوەندە گەورە گەشتیاریە خرابووە خزمەت ئەو پڕۆژەیە.

هەر هەفتەی 50 کەس لەو لاوانەی لە کەمپەکاندا دەژیان دەهێنرانە هۆردال و دەخرانە ژێر بەرنامەیەکی پەروەردەیی چروپڕ. باشترین مامۆستاکان و شارەزایانی مافەکانی مرۆڤ و دێموکراسی و چۆنیەتی چارەسەرکردنی کێشەکان لە شوێنە جۆراوجۆرەکانەوە دەهاتن و دەرسیان دەگوتەوە. کاری من ئەوە بوو کە دەبوایە ڕاستەوخۆ هەرچی مامۆستا لە زاری دەهاتەدەر تەرجومەی بکەم بۆ سەر زمانی بەشدارانی کۆرسەکان یا قسە و پرسیار و تێبینیەکانی ئەوان تەرجومە بکەمەوە بۆ مامۆستا. بەشدارانی کۆرسەکان جاری وابوو کوردبوون جاری وابوو خەڵکی ولاتانی ئێران و ئەفغانستان و جاری واش بوو خەڵکی وڵاتانی عەرەبی بوون. دەرسەکان بە شێوەی تیئاتر و پێداگۆگی موشارەکەتی دەوترانەوە. لە پێشدا مامۆستاکان کورتەیەکی تیئوریکی بابەت و زاراوەکانیان پێشکەش دەکرد و دواتر ئەو تیئوری و کۆنسێپتانە بە شێوەی عەمەلی و بە بەشداری قوتابیەکان ئیجرادەکران و ژیانیان وەبەردەنرا. لە پێداگۆگیدا دەڵێن باشترین شێوەی فێربوون فێرکرنە. بەڕاستی من بۆخۆم بە ئەندازەی هەموو عومرم لەو کۆرسانەدا فێربووم. چاویلکەیەکی دیکەم بۆ تەماشاکردنی ژیان و ژیان کردن وەرگرت. هەر چەند بە هۆی پێشینەی پەروەردەیی و تەمەن و .... ئیمکانی نیە کەسێکی وەک من سەر لە نوێ لە سەداسەد بازسازی بکرێتەوە، بەڵام لانی کەم دەزانم کە فڵان کار یا حەرەکەتی من درووست نیە و مەعقولیەتی تێدانیە. ئارەزووم بوو ڕۆژێک بێت ئەو ماتریاڵە بە کوردیش هەبێت و ئێمەش لە پەروەردەو فێرکردنی خۆماندا بەکاری بەرین.

بەخۆشیەوە چەندساڵ دواتر بەڕێوەبەرانی پرۆژەکە هەموو ئەو ماترپاڵەیان کۆکردەوە و لە دووتوێی کتێبێکدا بە ناوی " با پردان درووست کەین نەک دیواران" بلاویانکردەوە. کتێبەکە لە میدیاکانی نۆروێژ و ناوەندەکانی پەروەردەو فێرکردندا پێشوازی گەورەی لێکرا. هەر زوو وەرگێردرایە سەر بەشێکی بەرچاو لە زمانە گەورەکانی وەک ڕووسی و ئینگلیسی و سێربی و چینی و.... . دواتر گەلێک خەڵاتی جۆرواجۆری وەرگرتن وەک خەڵاتی شورای ئورووپا و یونسکۆ.

من کە لە گەڵ نوسەرەکانی کتێبەکە شانازی هاوکاری چەند ساڵەم هەبوو، هەروەها لە مێژیش بوو خەوم بەوەوە دەدی ئەو ماترپاڵە بە کوردی هەبێت، دەستبەجێ بڕیارم دا تەرجومەی بکەم. بەڵام بە هۆی ئەوەی کە کتێبی دیکەم لە بەردەستا بوون بۆ وەرگێران و وەختی بە تاڵیشم نەبوو، کارەکە کەمێک دواکەوت. دیارە چەند فەسڵم پار تەرجومەکردبوون و بەڕێز کاک عەلی لالە کاری لە سەرکردبوون. سەرەتای ئەو بەهارە تەشویقی کردم کە کارەکە تەواوکەم. بڕیارم دابوو بۆ ساڵرۆژی شەهیدبوونی نەمر دوکتۆر قاسملوو تەوای کەم. بە خۆشیەوە

ئێستا کتێبەکە تەواو بووە .

نوسەرانی کتێبەکە برتین لە . Enver Djuliman & Lillian Hjortn

هەردووکیان لە بەناوبانگترین مامۆستایانی ئەو بوارەن. خاتوو لیلیان ئێستا سەرۆکی ئەکادیمی فێرکردنی مافەکانی مرۆڤە لە نۆروێژ و لە ناوەندە جۆراوجۆرەکانی پەروەردەدا پرۆژەکانی فێرکردنی مافەکانی مرۆڤ سەرپەرستی دەکات.

کتێبەکە هەشت فەسڵە. سێ بواری مافەکانی مرۆڤ، لێک تێگەیشتینی فەرهەنگەکان و چۆنیەتی ئیدارەو چارەسەری کێشەکان دەگرێتەخۆ. بێجگە لە باسە تیئوریکیەکان لەسەر ئەو بابەتانە، ٩٧ ڕاهێنان و مەشقیشی لە خۆگرتوە کە مامۆستایان دەتوانن بەکاری بێنن. کتێبە دەتوانرێ لە هەموو ئاستەکاندا، لە قوتابخانەکان، زانکۆکان، پۆلیس، ئیدارەدەوڵەتیەکان، کلاس و دەورە جۆراوجۆراوەکانی ڕاهێنانی کادر و پەروەردەی تەشکیلاتی و حیزبیەکاندا کەڵکی لی وەرگیردرێ.

شایانی باسە کە کاک عەلی لالە ئەو جاریش زەحمەتێکی زۆری لە گەڵ ساخکردنەوەی تێکستە دەستنوسەکانی من و دەسەر یەک کردنەوەیان و ویراستاری کتێبە کێشاوە. بەرێز کاک عەبدوڵا حیجاب بەرپرسایەتی تەتبیقی دەقە کوردیەکەی کتێبەکەی لەگەڵ دەقە نۆرویژیەکە و کۆنترۆڵی کەیفیەتی وەرگێرانەکەی گرتۆتە ئەستۆ.

ئامانجی گەورەی دووکتۆر قاسملوو دێموکراسی بوو. جەوهەری دێموکراسی بریتیە لە پێکەوە حەوانەوە. هەموو هەوڵی دووکتۆر قاسملوو ئەوەبوو کە لە نێو پێکهاتە جۆراوجۆرەکانی کوردستان و ئێران دا پردان درووستکات.

سەرەنجام لە ڕێگای ڕووخاندنی دیوارەکانی نێوان گەلی کورد و دەوڵەتی مەرکەزیدا گیانی لەدەستدا. ئەو دەیزانی ئەودیوارانە زۆر سەخت و بڵندن، بەڵام ئەوەشی دەزانی هیچ ڕێی دیکەمان نیە بێجگە لە کار و تێکۆشان بۆ رووخاندنی ئەو دیوارانە. بۆیە لەرێگای درووستکردنی ئەو پردەدا ئامادەبوو هەموو خەتەرێک قبوول بکات. بە برِواوە ڕێی ئەو کارەی گرتەبەر و سەرەنجام گیانیشی لەسەر دانا. شەهیدبوونی دووکتۆر قاسملوو بەمانای بی ئیعتبار بوونی ئەو بیر و فەرهەنگ و ستراتیژیەنیە، ڕاست نیشانەی ئەوەیە کە ئەودیوارە سەخت و ئەستوورە بەڵام هەر دەبێت تێک بشکێ و لە جێگای ئەو پرد درووست بێ. بۆیە ئەمرۆ دووکتۆ قاسملوو بۆتە سەمبوولی ئەوپردە کە پێویستە لە نێوان بزووتنەوەی کورد و دوڵەتی ناوەندیدا درووست بێت.

هەر بۆیە لە ٢٤مین ساڵی شەهیدبوونیدا، وەرگێرانی کتێبە پێشکەش دەکەم بە گیانی پاکی دوکتۆر قاسملووی نەمر.

ئەستنبووڵ

ڕێکەوتی : ٢٢ی ژووئیەی ٢٠١٣

## کاتێک پەرواز دەبێتە بادی خۆشمرووور و پەیکی شارەزا بە وادی شارە زوور

چەند رۆژ لەمەوبەر وتارێکم بۆ بەرگریکردن لە ژنە هونەرمەندی کورد، خاتوو پەرواز حوسەین، کە بە نارەوا کەوتبووە بە شاڵاوی بەدناوکردن، لە چەند ماڵپەرێکی کوردیدا بڵاوکردەوە. لەو وتارەدا من لە ڕوانگەی مافەکانی مرۆڤەوەو بە ڕیتۆریکی مافەکان چوومەتە نێوباسەکە. پەروازم وەک سوژە بەکارهێناوە کە تیشک بخەمە سەر شوێن و پێگەی ژن لە کۆمەڵگای سوننەتی کوردستان و ڕێکارەکانی بە هێزکردنی مەوقعیەتی ژنانیشم لەوکۆمەڵگایەدا دەستنیشان کردوون.

چەند دۆستی نزیکم بە تەلەفۆن و ئیمەیل بەجۆرێک گلەییان لێکردم کە ئەو مەسەلەیە چ پێوەندیەکی بە منەوە هەیە کە دەبێ لەسەری بنوسم. ئەوان لەو بڕوایە دابوون کەوەخت دانان و ئینێرژی سەرفکردن لەسەر بابەتێکی لەو چەشنە، بۆمن درووستنیە.

بەڵێنم بەو دۆستانەم دا تۆزێک بە وردی مەسەلەکەیان بۆ ڕوونکەمەوە.

لەوساڵانەی دواییدا، ژمارەیەکی زۆر عەرەبی شارەکانی بەغداو نێوەڕاست و باشووری عێراق وەک پەنابەر هاتوونەتە نۆروێژ. ئەوانە پێشتر لە سوریە و ئۆردۆن ژیاون و ئەزموونێکی زۆری ئاوارەییان وەپشت سەری خۆیان ناوە. مۆس یەکێک لەو کۆمۆنانەیە کە هەموو ساڵێ ژمارەیەک لەو ئاوارانە وەردەگرێ. من وەک مامۆستا لە یەکێک لە قوتابخانەکانی ئەو کۆمۆنەدا کاردەکەم و هەربۆیەش ژمارەیەکی بەرچاو لە قوتابیەکانمان ئەو قوتابیە عەرەبانەن.

ماوەیەک لەمەوبەر رۆژێک یەکێک لەو قوتابیانەم بەناوی مریەم کە قوتابی کلاسی نۆیە وتی مامۆستا ئەتۆ دەنگ دەدەی بە پەرواس. منیش لەڕاستیدا حاڵی نەبووم باسی چ دەکا. وتم نازانم دەڵیی چی؟ لەوەڵامدا گوتی پەرواس کوردە و پێم سەیرە تۆ کوردی و دەڵێی پەرواس ناناسم. وتی پەرواس کچە کوردێکە لە کوردستانەوە لە بەرنامەی عەرەب ئیدۆلدا بەشدارەو چاک دەرواتە پێش و هەموو عەرەبەکان پێی موعجیبن. قەولی پێدام دوای دەرس بە مۆبیلەکەی ڤیدیۆی پەرواسم نیشاندا. بەمجۆرە دوای دەرس گۆرانیەکی پەروازی نیشاندام کە کۆپلەیەکی کوردی تێدابوو. کە گوێم لێگرت، یەکسەر وەک ئەحمەد هەردی دەڵێ شریتی عومری ڕابردوومی هێنامەوە بەرچاو.

گۆرانیەکە ئەوەبوو.

کە دەڵێن ئەمرۆ دەشت و کێو شینە

چەندە مەڵبەندی ئێمە شیرینە

**بچۆ سەر گردی یارە بیبینە**
**لە جیهاندا گوڵێکی ڕەنگینە**

ئەوە شعری شاعیری ناوداری میللەتەکەمان پیرەمێردی نەمرە و یەکێک لەو تابلۆ ئەدەبیە بەرزانەی شعری کوردیە کە قۆناخی ناسیۆنال ڕۆمانتیزمی ئەدەبی کوردی پێدەناسرێتەوە. ئەو قۆناخە لە دروستکردنی میزاج و ڕووحی میللیی و نەتەوەیی لە نێو ڕۆڵەکانی هەر نەتەوەیەکدا، قۆناخێکی گرنگی مێژووییە. میللەتێک بەوە دروستدەبێ کە ڕۆڵەکانی نیشتمان و وڵاتی خۆیان خۆشبوێ. خۆ لەخۆڕانەبوو دووکتۆر قاسملوو وەک ئیدۆلێک بۆ ئەوەی ئێمە فێرکا هەمیشە سروودی خوایە وەتەن ئاواکەی زەمزەمە دەکرد. ئەوەم وەختێک بۆ دەرکەوت کە لەزانکۆدا مێژووی ئەدەبیات و قۆناخەکانی گەشەکردن ودروستبوونی میللەتی نۆروێژم خوێند.

ئێستا بۆمنی کورد لەو سەری دونیا و لە قوتبی شیمال، لە ژینگەیەکی نۆرویژیدا، ئەو کۆپلە شیعرەم گوێلی بێ، ئەویش بە دەنگی کچێکی کورد و لە بەرنامەی تەلەفزیۆنێکی عەرەبی وەک ئێم بی سی دا، بەڕاستی شتێکی چاوەڕوان نەکراو بوو. بەتایبەتی ئەوە کە کچێکی عەرەب بێت و نیشانتبدا، هێندەی دیکەش هەستی کوردایەتیت تەحریک دەبێت. بەوجۆرە لەدوورەوە دەگەڵ پەرواز ئاشنابووم و ئیتر بەخاتری ئەو ئەرەب ئیدۆلم تەماشادەکرد و هەر ئەوەش بوو کاتێک پەرواز کەوتە بەرپەلامار، ئەو وتارەم بۆ دیفاع لە پەرواز و باسکردنی مەوقعیەتی ژنی کورد نووسی.

بەڵام ئەو گۆرانیە بۆمن هەرئەوە نەبوو کە باسی سرووشتی جوانی کوردستان دەکا و دەمباتەوە بەهاری وڵات و وەسفەکانی دیکەی سرووشتی کوردستانم لە شعیری کوردیدا بیردەخاتەوە. وەک باهار هات بە گاڵەگاڵی هێمن، وتم بەبەختی خەواڵووی حاجی قادری کۆیی و تابلۆ جوانەکانی دیکەی گۆران و شاعیرانی دیکەمان کە قەت لێیان تێرنابم و زوو زوو ڕووحی ماندووم دەبەمە سەر کانیەکانیان و بینیان پێوەدەنێم. ئەو پارچە شعرە پێوەندیەکی ڕووحی زۆر نزیکیشی لەگەڵ من و ژیانی نەوجەوانی و جەوانی من هەیە. بۆیە کە لەپڕ گوێم لە پەرواز بوو ئەو شیعرەی بە گۆرانی دەوت، بوومە لەرزە کەوتە ڕووحمەوە و دەنگی گەرم و سەمیمی ئەو شۆخە کوردە، وەک گۆران لە دەروێش عەبدوڵادا دەڵێ، کەوتە سکاڵا لەگەڵ ڕووحی کلۆڵمدا. بەو دەنگە مەلی خەیاڵم فریەوە بۆ سلێمانی، بۆ سەیوان، بەردەرکی سەرا، مامەیارە، سەرچنار، تووی مەلیک، برایم پاشا، شەقامی ئوورزی و جادەی کاوە و چاخانەی شەعب. هەزاران خاتراتی تر وەک شانە زەردەواڵە لەسەرمدا ئالۆز بوون. غەریبی و دوورە وڵاتی، ئەزموونێکە کە مرۆڤ تا خۆی تاقی نەکاتەوە، سەری لێدەرناکا. مەولانای ڕۆمی و ناڵی و حاجی قادری کۆیی زۆرجوان ئەو ئەزموونە ئینسانیە دەگێرنەوە. ناڵەی جودایی هێمن، ئاو لەبەردی دێنێ. ئاخر بەرد لەبەردی بێتەوە دەنگی هەیە. بادی خۆشمرووری ناڵی لە ئەستەمبووڵەوە بۆ شارەزوور ناڵی دەخاتە سەر باڵەکانی و دەیباتەوە وڵات. حاجی قادری کۆیی بەخەو لە ئەستەمبووڵەوە دێتەوە کۆیە، ئەو شارەی خۆی وتەنی، لەبەهارا قووبەی کشمیر دەداتە بەر شەق وەکو گۆ. دێتەوە هەیبە سوڵتان، حەمامۆک، ئۆمەرخوچان، دیتەوە بۆ ئەوشارەی خۆی وتەنی کوڕیان غیلمانن و کچیان عەینی حۆری.

مامۆستا هێمن جارێک لە بەغدا بە کۆڵانێک دا ڕەتدەبێ و لەپڕ گوێی لە ژنێک دەبێ کە کچە بچکۆلەی بانگ دەکا و دەڵی مەهاباد مەهاباد وەرە مەوەستە. بۆ هێمنی ئاوارەو غەریبی مەهابادی ، لەو بەغدایە و لە کوچەیەکدا، بیستنی ناوی مەهاباد، هێندە چاوەڕوان نەکراو دەبێ کە شاگەشکەی دەکا. بیستنی ئەوکۆپلە شیعرەش بۆمن ئەزمونێکی شەخسی لەو جۆرە بوو. پەرواز بادی خۆشمروور بوو ، پەیکی شارازا بوو بە هەموو وادی شارەزووردا و منی بردەوە سلێمانی. خەوێک بوو لە چەشنی بەختی خەواڵووی حاجی قادری کۆیی. هەڵی گرتم و بردمیەوە ئەوشارەی منداڵی و نەوجەوانی من و کەسایەتی منی شکڵ پێدا.

گردی یارە یا مامەیارە ئەودەم کەمن لە سلێمانی بووم دەکەوتە قەراخی شار و نزیکی گردی سەیوان. بەهاران خەڵک دەرژانە ئەو ناوە و سەیرانگای خەڵک بوو. لەوەش زیاتر ئارامگای پیرەمێرد دەکەوێتە سەرگردەکە. حافز و سەعدی بۆ خەڵکی شیراز چۆنن، ئیبسن بۆ خەڵکی ئۆسلۆ چەند بەرزە, پیرەمێردیش بۆ خەڵکی شاری سلێمانی بەو جۆرەیە. دەگێرنەوە پیرەمێرد کاتی خۆی نەورۆزان یاپراخی دروستکردوە و بۆ نەورۆزکردن خەڵکی شاری جارداوە بێنە مامەیارە و لەوێ نەورۆزی کردوە. ئەوە کە ئێستاش نەورۆزی سلێمانی لە چاو نەورۆزی شارەکانی دیکەی کوردستان تامێکی تایبەتی هەیە لەو نەریتەوە سەرچاوەدەگرێ کە پیرەمێرد بۆ خەڵکی ساری سلێمانی بەجێ هێشتوە.

پتر لە نیوسەدەیە چارەنووسی من و بنەماڵەکەم بە چارەنووسی بزووتنەوەی کوردو چۆنیەتی تێکۆشانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێرانەوە گرێدراوە. دوای دەستپێکردنی شۆڕشی ئەیلوول کە تەشکیلاتی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێرانیش دەکەوێتە بەر پەلاماری پۆلیسی شا، بەشی زۆری کادرو ئەندامانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران و ڕێبەری حیزب ، بە کردەوە ئیمکاناتی حیزب دەخەنە خزمەت شۆڕش. ئەودەم لە قۆناخێکدا سەنگەسەر ناوەندی سەرکردایەتی شۆڕش دەبێ و بارزانی و شەهید ئەحمەد تۆفیق لە قشڵەی سەنگەسەر دەبن. ئێمەش بەهۆی ئەوە کەباوکم پێشمەرگە دەبێ، ماڵمان وەک ماڵی بەشێکی زۆر لە ئەندامانی حیزب لە سەنگەسەر و دەوروبەری سەنگەسەر جێگیر دەبێ. من خۆم ئەو دەورانەم لەبیرە و زۆر منداڵبووم وێنەم لە گەڵ شەهید باپیر شکاک هەیە لە بەردەکی و قشڵەی سەنگەسەر کە ناوەندی تێکۆشانی حیزب و شۆڕشیش بوو.

ناچمەوە سەر ڕووداوەکانی دواتر و چۆنیەتی دروستبوونی کۆمیتەی ئینقلابی حیزبی دێموکرات و دەستپێکردنی جوڵانەوەی ۴۶ و ۴۷ و چۆنیەتی تەسلیم کردنەوەی باوکم ساڵح لاجانی و هاوڕیکانی بە ڕێژیمی شا لە لالەیەن سەرکردایەتی شۆڕشەوە. ئەوەدەڵێم کە بنەماڵەی ئێمە دوایی هەموو ئاڵوگۆڕەکان دیسانیش هەر لەسەنگەسەر ماینەوە چونکە خزممان لەوێبوون و بە هۆی ئەو غەدرەش کە سەرکردایەتی شۆڕش لێمانی کردبوو، خەڵکی سەنگەسەر بەگشتی و تەنانەت ئەندامان و پێشمەرگەکانی پارتیش تەعاتوفیان بۆمان هەبوو و وەک خەڵکی خۆیان تەماشایان دەکردین. تا دەرچوونی بەیاننامەی ۱۱ی ئازار. لەو قۆناخەدا بە هاتنەوەی قاسملووی نەمر و کاک کەریمی حیسامی، حیزب خۆی دەگرێتەوە و دەورانی گەشەی سیاسی و تەشکیلاتی حیزب دەست پێدەکاتەوە.

بەڵام تەنانەت دوایی دەرچوونی بەیاننامەی ۱۱ی ئازاریش کە شۆڕش سەرکەوت بوو، دیسانیش فشارو پاڵەپەستۆ خرایە سەر حیزبی ئێمە کە دەبێ لە ناوچە سنووریەکان دوورکەونەوە و چالاکیتان نەبێت. بەمجۆرە هەموو ئەندامان و لەیەنگرانی حیزبیان کۆکردینەوە ناردیانین بۆ هیران و نازەنین و دواتر بۆ کۆیە. کە وتووێژی نێوان بەغداو شۆڕش بە بنبەست گەیشت و شەردەستی پێکردەوە ئێمە ماڵمان چووەوە سەنگەسەر نێو خزمەکانمان. سەنگەسەر کەوتە بەر پەلاماری دەوڵەت و خەڵکەکەی ئاوارەبوون. ئێمەش ئاوارەی ئاڵیە ڕەش و بەستێ سۆفیان بووین. دوو گووندن لە نزیک سونێ. بەشێک لە خەڵکەکە ڕایان کردە دیوی ئێران و لە ئۆردووگاکاندا دەحەوانەوە. بەشێکیش دوای ماوەیەک گەڕانەوە سەر جێگاورێگای خۆیان لە سەنگەسەر.

وەزعی ئێمە زۆر دژوار بوو. نە دەمانتوانی بچینەوە سەنگەسەر، ناوچەیەکی شەڕلێدراو بوو، نە دەشمانتوانی بڕۆینە ئەودیوو. لەوبنارە لەوپەڕی سەختی مەینەتبەشیدا دەژیاین. ڕێبەرایەتی حیزب بڕیاریدا بەشێک لە ڕێبەری حیزب لە ناوچەکانی ژێر دەستەڵاتی شۆڕشدا وەمێنن. بەشێک لە ئورروپابێ و بەشێکیش لە بەغدا و سلێمانی وەمێنێ. لەبیرمە ئەوبەشەی کە لە نێو شۆڕش مابووە وە لەلایان بەڕێز مامۆستا عەبدوڵا حەسەنزادەوە سەرپەرستی دەکرا.

من کە عاشقی خوێندن بوم بۆخۆم و بەهاوکاری مامی شەهیدم، بڕیارم دا بڕۆم وەدوای خوێندنەکەم کەوم. تازە شەڕ دەستی پێکردبووە وە. هەموو کوردستان ئاوری لێدەباری. لەگەڵ ئەندامێکی کۆمیتەی ناوەندی حیزب واتە بەڕێز کاک سمایلی حاجی بە دۆڵی شینکایەتیدا، بەپێ ڕۆیشتین و پاش چەند شەوو ڕۆژ گەیشتینە دەوورووبەی سلێمانی. من ئێستا پێم سەیرە چۆنم توانیوە ئەو هەموو ڕێیە بڕۆم. ئاخر پۆلی دووی متەوەستە بووم. لەبیرمە بەشەو بە دۆلێکدا کە ناوەکەی دۆڵی قەیوانبوو، لە گەڵ خەڵکی گوندەکانی دەووروبەر کە باری ترێ و میوەیان پێبوو، خۆمان بە نێو شاری سڵێمانیداکرد و بەیانیەک زوو گەیشتینە جێگایەک کە گەڕەکێکی شاربوو بە ناوی کارێزە وشکە. کاک سمایل زۆر دەترسا، حەقی بوو، دەمانچەیەکی حیزبی پێ بوو دەبوایە بیباتە نێوشار، ئەگەر بە دەمانچەوە گیرابایین، هەر لەوێ ئیعدام دەکراین. بەمجۆرە بەسلامەتی گەیشتینە نێو شار.

من زوو لە قوتابخانەی ناوەندی کاوە ناونوسیم کرد و دەستم کرد بە خوێندن. لەبیرمە بۆناونوسینم و جێبەجێ کردنی کارەکانم، کاک کەریمی حیسامی ئەرکەکەی خستە سەر شانی مامۆستا کەریم زەند. من لە مێژبوو ناوم بیستبوو. ئێستا لە نزیکەوە لە خزمەتی دابووم. ئەوەم بە شانازی دەزانی کە کاک کەریم زەندم بینی. ئەو یەکەم وەرگێڕی ئینجیل بوو . چونکە شەر دەستی پێکردبووە و خەڵکێکی زۆری دەووروبەری شار بۆ خوێند روویان لە شاری سلێمانی کردبوو، بە زەحمەت لە قوتابخانەکان جێ دەست دەکەوت. بە هیمەتی مامۆستا کەریم زەند لە متەوەستەی کاوە دەستم بە خوێندن کرد. لە سەرەتادا لە ماڵی کاک سمایلی حاجی و دواتر لە ماڵی دەروێش ئەحمەد و پاشانیش لە ماڵی کاک فایق و دواتریش لە ماڵی سەدیقی ئیبراهیمی کە نوێنەری حیزب بوو لەسلێمانی دەژیام. لێرەوە سوپاسی هەموویان دەکەم و مەمنوونی ئەو هەموو لوتف و موحیبەتەم کە لەو دەورە سەختەدا دەگەڵ منیان کرد. دواتر کاک حەمەدەمینی سیراجی کە نوینەری حیزب بوو لە بەغدا، مەسەلەکەی منی لەگەڵ وەزارەتی پەروەردەی عێراق باس کردبوو و بەمجۆرە بە کتابێکی ڕەسمی تەربیەی سولەیمانیان ئاگادار کردبوو کە لە قسمی داخلی جێگاو ڕێگام بۆ دابین بکەن. دەبێ بگوترێ من کاک کاریمی حیسامی و کاک حەمەدەمینی سیراجیم لە مێژبوو دەناسین و پێشتر دیتبوومن. ئەو شەوەم لەبیرە کە کاک حەمەدەمین لە سەنگەسەر کۆبوونەوەی دەگەڵ باوکم و دەستەیەکی دیکە لە هاوڕێانی حیزبی کرد لە خانوێکدا کە ئێستاش شووینەکەی پێدەزانمەوە، خانووی سۆفی ئاسکەی دایکی کاک ئەحمەد ڕەجەب و بەم جۆرە لە کۆبوونەوەوەرا چەحماخەی چولانەوەی ۴۶ و ۴۷ لێدرا و باوکم و ژمارەیەکی زۆر لە پێشمەرگەکانی حیزب ئەو شەوە گەڕانەوە نێوخۆی وڵات. پێشتر لە ڕێبەرانی حیزب بە خزمەت مۆمۆستا حەسەنزادە و کاک حەسەنی ڕستگار ، کاک ئەمیری قازی و کاک ڕەسولێ پێشنماز و کاک سەید ڕەسوڵی دەهقان و کاک کەریم حەداد و کاک قادری وێردی و مەلاسەید ڕەشید و کاک سولەیمانی موعێنی و کاک سمایلی شەریفزادە گەیشتبووم. دواتر لە بەغدا دەگەڵ کاک حەسەنی شیوەسەڵی ، کاک جەلالی میراوەیی، کاک ڕەحمان کاژەیی و مامۆستا هێمن و یوسفی ڕیزوانی ئاشنابووم. کە ئینتشاراتی حیزبیان هەڵدەسوڕاند و ڕۆژنامەی کوردستان و نامیلکەی تێکۆشەریان چاپدە کرد.

بەو شێوەیە من لە داروتەڵەبەی برایم پاشا شوێنی ژیان و خوێندنم دیاری کرا. ئەو جێگەیە لە گردی سەیوان و گردی مامەیارە نزیکە. لەماوەی ئەو هەموو ساڵانەدا کەمن لە سلێمانی دەمخوێند، بۆ دەرس حازرکردن و سەعی کردن دەچووومە گردی یارەو دەوروبەری. دواتر کە کەمێک فراژووتر بووم لەگەڵ ڕەفیقەکانم، بۆ عارەق خواردنەوەش هەر دەچوینە ئەوێ.

هەر لەو قۆناخەشدا، بە ڕەسمی بووم بە ئەندامی حیزب. من بە کاک سەدیقم وت کە دەمەوێ ببمە ئەندامی حیزب. کاک سەدیقی ئیبراهیمی کە خەڵکی بانەبوو و نوینەری حیزبوو لە سلێمانی داوای لێکردم کە بە نوسراوە داوای ئەندامەتی حیزب بکەم. پێموایە هێشتا تەمەنم نەیدەگەیاندێ. من هەر لە منداڵیەوە لە حیزب و باوەشی حیزبدابووم. بەڵام ئەندامەتی حیزب شتێکی دیکە بوو و دەبوایە پڕۆسەی ئەساسنامەیی خۆی ببڕێ. سەرەنجام وەرگیرام. کاتێک هەواڵیان پێدام کە حیزب وەک ئەندامی خۆی قبووڵی کردووم، لە خۆشیان و لە شانازیان دەپێستی خۆمدا جێم نەدەبۆوە. ئاخر ئەو دەم حیزبایەتی و کوردایەتی و خەبات تێکەڵاوێک بوو لە ڕۆمانتیزمی ئینقلابی و قارەمانبازی و لەخۆبردووی، دەورانی مائۆ و هوشیمینەو کاسترۆ بوو.

لەبیرمە مەسئوولی حیزبیم برای گەورەو تێکۆشەرم کاک کەریم حەداد بوو. کەسێک کە بەماڵ و سەروەت و سامانی خۆی خزمەتی حیزبی دەکرد. مانگی جارێک کۆبوونەوەی حیزبیمان هەبوو. ئەدەبیاتی حیزبیمان دەخوێندەوە و باسی خەبات و ڕووداوەکانی کوردستان و ئێرانمان دەکرد. بەمجۆرە ئەلفوبێی کاری حیزبایەتی و تەشکیلاتی لەکاک کەریم فێربووم و کاک کەریم منی بۆ نێو تەشیلاتی حیزب و حیزب هیدایەت کرد. کاک کەریم بوو هەستی نیشتمان پەروەری و حیزب خۆشەویشتی لە مندا مشتوماڵ کرد و دواتر بوو بە هێزێکی مادی کەسەرتاسەری ژیانی منی گرتەوە و حیزبایەتی کردە پڕۆژەی ژیانی من. ئەو هەستە بوو منی کردە ڕێبواری ڕێگای عیشق و ئازادی. ئەگەرچی هێمن وتەنی جگە لەناکامیش، نەمدیوە بەرهەمێکیتر. ئەودەم ماڵی کاک کەریم لە نزیک ئوورزی هەر لە حەوشەی ماڵی کاک کەریم زەندا دەژیان. ئێمە زۆرتر ڕۆژانی تەعتیل بۆ کۆبوونەوە دەچوینە ماڵی کاک کەریم. هەمیشە براژنە خەدیجەی خێزانی کاک کەریم بە ڕووی خۆشەوە دەرگای لێدەکردینەوە. قەت نەمدی براژن جارێک نێوچاوانی تێکنێ و ڕووی گرژبێت. هەزار سڵاوی لێبێ و لە هەرکوێە هەر ساخ و سلامەت و تەمەن درێژبێ.

هەر لێرە بوو لەگەڵ مامۆستا هاشمی کەریمی ئاشنابووم. ئێمە پێمان دەگووت کاک حەسەن. هاوکلاسیەکی خۆم ، تەها ڕەسووڵ، برای دووکتۆر شوکریە ڕەسوڵ، بۆ فێربوونی فارسی دەهاتە لای کاک هاشم ،. ئەوە منیشی هاندا خۆم فێری فارسی کەم و ئەدەبیاتی فارسی بخووێنمەوە. بەتایبەتی بەرتوڵت برێشتم بە فارسی دەخووێندەو کەیفم دەکرد. هەر لێرەبوو لەگەڵ کاک مستەفای شەڵماشی ئاشنابووم. لەبیرمە جارێک جێژنی دامەزرانی حیزبمان لەو دەورەیەدا لە ماڵی کاک مەلاسمایلی حاجی گرت. هەموو ئەندامانی حیزب لە سلێمانی و دەووروبەر کۆببوینەوە لەسەر سفرەیەک پێکەوە نانمان خوارد. ژمارەمان لە قامکەکانی دەستان تێنەدەپەڕی. یەکەم جار بوو لێرە لە جەژنی ۲۵ گەلاوێژدا، بیرە واتە ئابووجۆم خواردەوە و لەبیرمە کاک حەمەدەمینی سیراجی نەمر، بۆی تێکردم. هەزارجار یادی بەخێر. ئاخر من حیزبی دێموکراتم ئاوا لە خەباتدا دیوە. ئێستاش ۲۵ گەلاوێژ لێرە هەزاران کەس لە ساڵۆنی جەژنی ۲۵ گەلاوێژدا ئامادەدەبن.

من وەک ئێستا عاشقی خوێندنەوە بووم. ئەودەم سەرچاوی بڵاوکردنەوەی ئەدەبیاتی کوردی و گۆڤارو ڕۆژنامە کوریەکان لە سلێمانی کتێبفرۆشی کاک عومەری مەکتەبە بوو. کە بەداخەوە بە

غەریبی ئەو ماوەیە لە سوئێد مرد و گوایە ئەمڕۆ تەرمەکەی دەگێرنەوە بۆ سلێمانی. ئەودەم ڕۆژنامەی هاوکاری هەفتەی یەکجار بڵاودەبووە. من ڕۆژانی جومعە دەچووم تا دەهات ڕادەوەستام و هەوەڵین کەسبووم دەمکڕی. کاک عومەر دەیزانی کە بەووەخت دەگەیشتمە لای و خۆشی دەویستم چونکە دەمخوێندەوە. جار جار شتی تایبەت بەخۆشی دەدامێ بۆ هاندانم بۆ خوێندنەوە. چیرۆکی پێشمەرگەی ڕەحیمی قازی و ژانی گەلی برایم ئەحمەدم لە کاک عومەر بە قەرز وەرگرت بۆ خوێندنەوە. ئەودەم ڕێگای بەغداو سلیمانی وا ئاسان نەبوو. گۆڤاری بەیان و ڕۆشەنبیری نوێش مانگانە بلاودەبوونەوە. هەموویانم بە عیشق و عیلاقەوە دەخوێندنەوە. دەستم کرد بەنوسین بۆ هاوکاری و یەکەمین وتاری درێژم لە پێوەندی دەگەڵ جوڵانەوەی ساڵانی ۴۶ و ۴۷ دا لە هاوکاردیدا دابەزی و بۆم بوو بە تەشویقێکی گەورە بۆ نوسین. شعرێکیشم بۆ ئیعدامی پەرویزی حیکمەت جۆ، کە شا ئیعدامی کرد لە بیری نوێدا بڵاکرایەوە و دواتر بە عەرەبیش بڵاوم کردەوە. من کە شەووڕۆژ لە گردی یارە بووم بە چاوی خۆم دەمدیت کە ئارامگای پیرەمێرد خەریکە دەڕووخێ و نە شەهرداری و نەکەس خەمی لێدەخوا. بۆیە وتارێکم لەوبارەوە نارد بۆ ڕۆژنامەی بیری نوێ و مەسەلەکەم وروژاند وئەووەش لە سلێمانی دەنگی دایەوە. کە ئەو وتارەم لە مەدرەسە پێشانی مامۆستاکانمدا، زۆریان پێ باش بوو و ئافەرینیان پێ وتم.

ڕۆژنامەی بیری نوی، زمان حاڵی حیزبی شیوعی کوردستانیش دەردەچوو، کە ئەویشم موو بە موو دەخوێندەوە. بەو جۆرە کەوتمە نێو گۆمی مەندی بزووتنەوەی ئەدەبی و ڕووناکبیری و سیاسی سلێمانی. لەگەڵ گۆران مەریوانی، مامۆستا حوسێن بەفرین، محمەد عومەر عوسمان، جەمال غەمبار، عوسمان شەیدا، محمەد ڕەنجاو، خەبات عارف کە ئەودەم پرینسیپەسەی حیزبی شوعی بوو، ئومێد ئاشنا، دڵشاد مەریوانی شەهید، بەرزان فەرەج، ڕێبوار مەریوانی، فاتح عیزەدین، شێخ ئەنوەر، حەسیب قەرەداخی، وشاعیر و نوسەرانی دیکەی سولەیمانی ئاشنابووم. ئەوەی لە گەردەولوولدا باسی دەکرێ کە مامۆستا هێمن و تەشکیلاتی حیزبی دێموکرات لە زیندووکردنەوەی ڕووحیەی کوردایەتیدا لە دوای هەرەس کاریگەر بوون، تەواو ڕاستە. بڵاوکردنەوەی ڕۆژنامەی کوردستانی ئۆرگانی حیزب و کتێبەکانی دیکەی بنکەی پێشەوا، لەسەر بەرز ڕاگرتنی ڕووحیەی خەبات شوێنەواری باشیان دانا. ڕێبەران و کادرەکانی حیزب چ لە بەغدا و چ لە سلێمانی و چ لە شارو شارۆچکەکانی تر پێوەندیەکی نزیک و پتەویان دەگەڵ خەڵک و نوسەران و ڕووناکبیرانی کوردستان هەبوو. لە بیرمە هەموو جارێ کە مامۆستا هێمن بەسەردان دەهاتە سلێمانی، سلێمانی دەکەوتە جوڵە. تەواوی شار دەخرۆشا. کاتێک یەکیەتی نوسەرانی کورد کۆڕێکیان بۆ مامۆستا هێمن بەست لە سلێمانی تا ئەزمونی شعری خۆی بگێرێتەوە، شار جۆشا بوو. حکومەت لە ترسی تەقینەوەی وەزعەکە، ئامادەباشی ڕاگەیاندبوو. ئای کە سەربەرز و ڕووسوور بووم کە لەماڵی کاک کەریمی حەداد دەگەڵ مامۆستا هیمن بەرەو ساڵۆنی کۆڕەکە چوین. مەپرسە خەڵک چیان بۆ هێمن دەکرد. ئاخر هێمن لەو هەلومەرجە سەختەدا، ئەو شعرەی بلاوکردەوە کە دەڵێ :

دەمگرن ئەمما لە گرتووخانە ڕق ئەستوورترم
لێمدەدەن ئەمما لەسەر داوا ڕەواکەم سورترم
دەمکوژن ئەمما بە گڕ جەلادەکەمدا دێمەوە
کوردم و ناتووێمەوە، ناتوێمەوە.
ئەو شعرە لەسەر لێوی گەورەو بچوکی خەڵکی سلێمانی بوو.

با ئەوەش بگێرمەوە کە حیزبی بەحس، وەزعێکی پێک هێنابوو کە دەبوایە هەموو کەس بەحسی بێت. ڕۆژانی جۆراوجۆر ئێمەیان لە مەدرەسەکانەوە دەهێنا سەرجادەو ڕێژەیان پێدەداین. یەکێک هەمیشە پێش دەکەوت و بە عەرەبی دەیگووت.

هەموو عێراق بەحسیە.هەموو کرێکارێک بەحسیە، هەموو خوێنکارێک بەحسیە، سلێمانی هەمووی بەحسیە.
ئێمەش کە دەبوایە تیکرای کەینەوە و بۆیان بڵێینەوە. دەستەجەمعی دەمان گووت.
سلێمانی گشتی بەحسیە.هەورامانیش بەحسیە. دارگوێزەکانیش بەحسیە، پشت دارگوویزەکانیش بەحسیە.
یا دەمان گووت:

دەسکی بە پێنج فلسە کەوەر
مەزەی ساوارە کەوەر
ماڵی فەقیرە کەوەر

بەوجۆرە مەسیرەکانی قوتابخانەکانمان دەکردە کۆمدیدیەکی سیاسی و ڕێژیم بۆخۆی بەدەستیەوە گیرۆدە دەبوو.

بەڵی تا دەستپێکردنی شۆڕشی سەرانسەر گەلانی ئێران بە دژی شا من لە سلێمانی بووم. لەوێ فێری خوێندنەوە بەزمانی عەرەبی بووم. لەوێ مارکسیسمم بە عەرەبی خوێندەوە. سەرمایەی مارکس و کتێبەکانی دیکەی فەلسەفەم خوێندەوە. لەوێ لەگەڵ سوخەنڕانیە ئاگراویەکانی مامۆستا شێخ جەلالی حوسەینی ئاشنابووم کە بەدزیەوە بۆمان دەهاتن.
منداڵ و لاو لەو شوێنە سۆسیالیزێرە دەبێ کە لێی گەورە دەبێ. بەڵی ئەو ساڵانە شکڵیان بە کەسایەتی من داو دواتریش ئەو بارگە کولتوریەی لە سلێمانی خستمە سەرکۆڵم، لە سەرتاسەری قۆناخەکانی دیکەی ژیانمدا، تەنانەت لە ئورروپاشدا بەکەڵکم هات و وەک زەخیرەی وزەو ئینێرژی بۆ بردنە پێشی خۆم دەکارم کرد. ئێستاش پێم خۆشە بڕۆمەوە سلێمانی و بە جادەکانی دا بڕۆم. حەزم لێ یە شەربەتی مێوژی سلێمانی بخۆمەوە، کەبابی سلێمانی بخۆم، یاپراخی سلێمانی بخۆم. گەزی سلێمانی بخۆم. ئای کە شێلمی کوڵیوی سەر عارەبانە

دەستیەکان چەن بە لەزەت بوو، پاقلاوەکەی چی؟ حەزم لێ یە  بە برایم پاشاو سابوونکەراندا جاریکی دیکە لە گەڵ هاوڕێکانی دەورانی مەدرەسەمدا، لە گەڵ کاک عومەر ئەمین عەلی ڕانیەیی ، رەفیق  واتە ناڵی لە مەرِ خۆمان و  موەفەق، ناسح، ئایار، ئەوانی تردا بێمەخوار، تەماشای کچە جوانەکانی  سەرجادەکانی بکەم وەک ئەودەم. ئەوانەی بە جادەی کاوەدا دەهاتنەخوار و پێی نازیان لە سەر ئەرزدا دادەنا و گۆران وتەنی نەزەریان نەدەکرد و ئەرۆیشتن ئۆغر.

هەژار دەڵی :

دەشتی لاجانە بەهەشتی پێشووم
هونەرم گەر هەبێ لەوێیە تێشووم
ئەوێ بوو لانکی یەکەم دڵداریم
لەوێ هەڵبوو سەرەتای خەمباریم

بەڵێ بۆ منیش سلێمانی دەشتی لاجانەکەی مامۆستا هەژارە. خەمی گەورەی من لەوێ سەوز بوو کە خەمی  وشیاری و  بە دەربەست بوونە. ئەگەر هونەرێکیشم هەبێ، بەڕاستی ئەوە تێشووەکەیم  هەر لەوێ وەرگرتووە. بەڕاستی هەر سلێمانیش بوو لانکی یەکەم دڵداریم.  لەوێ فێربووم  گوڵ نەچنم بۆ گوڵدانی مردووی سەرمێز  لەبەرۆکی کچانی دەم پێش ئەوەی بیانگرمە ئامێز. سڵاو لە سلێمانی و داروبەردی و درشت و وردی.

ئێستا بڵێی ئەو دۆستە خۆشەویستەم پاش ئە داستانەش کە بۆم گێڕایەوە و تەنیا گۆشەیەکی بچووکی  ژیانی منیشە لە سلێمانی، حەقم پێنەدا بە دەنگی پەرواز و ئەو کۆپڵە شعرە جوانەی و ناوی  گردی یارە، لەوسەری دونیا ڕانەچڵەکێم و پەرواز نەکەمە بادی خۆشمررور تا بمباتەوە سلێمانی و دەشتی شارەزوور.

رێکەوتی : ١١ی ژووئەنی ٢٠١٣

## دیفاع لە پەرواس دیفاع لە هەموو ژنانی کوردستانە!

هێرش و پەلاماری بێجێ و نارەوای چەند کەسانێک، کە دەگوترێ یەکێکیان پێشنوێژی یەکێک لە مزگەوتەکانی شاری هەولێریشە، بۆسەر ژنە هونەرمەندی کوردستان، پەرواس حوسەین، کە بەهۆی لێوەشاوەییەکانی خۆی و تەشویقی خەڵکی کوردستان، توانیویەتی هەزاران کۆسپ و ڕێبەندانی دیار و نادیار لە سەرڕێی چوونە پێشی خۆی لە بەرنامەی ئەرەب ئیدۆل دا ببڕێ، جارێکی دیکە سەرنجی بیروڕای گشتی کوردستانی بۆلای مەوقعیەتی ژنی کورد لە کۆمەڵگای کوردستاندا ڕاکێشاوە.

ڕاستیەکەی ئەوەیە کە ئەو پەلامارە بێ جێیە ئاوێنەی باڵانوێنی ئەو ڕوانگە دواکەوتوانەیە کە بەشێکی بەرچاوی کۆمەڵگای ئێمە بۆ ژن چ وەک ئینسان و چ وەک بەشێک لە کۆمەڵ هەیەتی و دەبێ ئاڵووگۆڕی بەسەردابێ. ئەگەر دەمانەوێ کوردستان بەرەو مۆدێرنیتە بەرین و پرۆسەی مۆدێرنیزاسیۆن لە کوردستاندا بەرینە پێش،  پێویستە  پێش هەموو شتێک ئاڵووگۆڕ بەسەر ڕوانگەی خۆمان لە بوارە کۆمەڵایەتی،  فەرهەنگی و ئاینیەکاندا بۆ سەر مرۆڤ بێنین. مۆدێرنیتە لەوەڕا دەست پێدەکا کە مرۆڤ بخەینە نێو چەقی بازنەی ڕوانینمان. واتە ڕێز لەو مافە سروشتیانەی مرۆڤ بگرین کە بە شێوەیەکی تەبیعی کاتێک ئینسان لەدایک دەبێ و دێتە سەرزەوی، دەبێتە خاوەنیان. بەوپێ یە کۆمەڵگای ئێمەش دەبێ ژن وەک مرۆڤ تەماشا بکات و ماف و ئازادیە سروشتیەکانی بپارێزێ و دەستەبەریان بکات. دابین کردنی مافە سروشتیەکانی ژنان نەک هەر لە پێوەندی لەگەڵ مافەکانی ژناندا، بەڵکو لە  پێوەندی دەگەڵ مافەکانی منداڵانیشدا، بایەخ و گرنگی زۆریان هەیە. چوونکە تەنیا کاتێک مافەکانی منداڵان ڕیالێز دەبن کە مافەکانی ژنان دابین کرابن.

ڕوانگەی چەوتی ئێمە بۆژن لێرەوە دەستپێدەکا کە هەر لە منداڵیەوە ژن نەک وەک ئینسانێکی سەربەخۆ، بەڵکو لە  پێوەندی دەگەڵ پیاودا  پێناسەدەکەین. کۆمەڵگای ئێمەش وەک هەر کۆمەڵگایەکی دیکەی سوننەتی و دواکەوتوو، بە چاویلکەی ناموسی و غیرەتی جنسی، سەیری ژن دەکا. لەو ڕوانگە ناموسیەدا ئیتر ژن دەبێتە شت و دەبێتە ئامرازێکی جینسی و بەس. نابێ تووشی ئەو هەڵەیە بین کە ناموس و داوێن پاکی تێکەڵ کەین. داوێن پاکی تایبەتمەندیەکی ئەخلاقی و شەخسی پرپایەخە. ئەوە مەسەلەیەکی شەخسیە نەک مەسەلەیەکی قانوونی و جەزایی. جگە لەوە داوێنپاکی نابێ بکرێتە ژنانەو پیاوانە. ئەگەر واباشە  پیاوان داوێن پاک بن،  هەر بەوجۆرە باشە ژنانیش داوێن پاک بن.

لەو ڕوانگە دواکەوتوانەیەدا ناموس بەشێکە لە وجوودی ژن کە هی پیاوانی کەسوکارە. تا کۆمەڵگا دواکەوتووتر بێت، ئەو مالیکیتە بە سەر ژنەوە لە  پیاوانی خزم و کەسوکارەوە پتر درێژدەبێتەوە و دەگاتە  پیاوانی گەڕەک و عەشیرەت و تەنانەت هاو شاریش و زۆرجاری وایە لەوەش تێدەپەڕێ. ئەو هێرش و پەلامارە نارەوایەی لە مینبەرِی هەندێک مزگەوتەوە کرایە سەر پەرواس باشترین نموونەی ئەو قسەیەن. لەو کولتوورە سەقەتەدا ژن لەسەریەتی تەنیا دەگەڵ ئەوپیاوانە هەستێ و دانیشێ کە خاوەنەکانی بۆی دیاری دەکەن.

### چۆن ئاڵووگۆڕ بەسەر ئەو ڕوانگە دواکەوتوانەیە دا بێنین؟

لەو بارەوە دەبێ هەم لەبواری فەرهەنگی و کولتووریەوە و هەم لەبواری قانوون گوزاریەوە کار بکەین. ئێمە نابێ لە هێزە کۆنە پارێزەکانی نێوکۆمەڵگای کوردستان بسڵەمینەوە. دەبێ بە ئاشکرا بێینە مەیدان . میللەتی ئێمە موسوڵمانن. ئەوە تەواو ڕاستە. بەڵام ئەوە هیچ رێ لەوە ناگرێ کە ئەوەی هەر لەسەرەتای بلووغ بوونەوە بە حەقی کوڕان و پیاوانی دەزانین،  بە کچان و ژنانی ڕەوانەبینین. لەوەش زیاتر ئەوە کەی عەداڵەت و ئینسافە کە هەر ئەوشتەی کە کوڕان و پیاوان دەیکەن، کاتێک کچان و ژنان دەیکەن،  بۆیان بە تاوان دابنرێ  و  بە خاتری ئەنجامدانی هەمان کار و هەڵسوکەوت، سزابدرێن یاتەشهیر و بەدناو بکرێن دوای ئەوە دەبێ تێکۆشین لە بوارەکانی سیاسی و کۆمەڵاتەتی و خوێندن و مووچەو کار وەرگرتن و

بوارەکانی دیکەی قانوونی مەدەنیدا، بەرانبەری ژنان و پیاوان لە قانووندا، دەستەبەر بکەین. جگە لەوە دەبێ قانوون ژنان لەبەرانبەر ئەو توونـدووتیژیەش دا بپارێزێ کە بەهـۆی هەبوونی ڕووحیەی پیاوسالاری و غیرەتی جنسیەوە لە کۆمەڵ و لە نێو بنەماڵەدا دەگەڵی بەرەوڕوودەبن.

بەداخەوە ئەو ڕوانگە چەوتەی ئێمە بۆژن دەگەڵ دین و مەزهەب و کولتوورمان ئاوێتەبووە. بۆیە لەو مەیدانەشدا دەبێ هانا بۆ سکۆلاریزم بەرین . دەبێ ئەو حەقە بەژن بدەین چارەنووسی خۆی دیاری بکات و دەستەڵاتی بەسەر لەش و لاریخۆیدا هەبێت و بە ئـازادیش شەریکی ژیـانی خۆی هەڵبژێـرێ. لەو بـارەوە پێویستە کەڵک لە یاسـاو قـانوون و پڕاکسیس و عـورف و عادەتێک وەرگرین کە ئەو حەقە بە ژن دەدا، وەک ئینسان، لە کۆمەڵ و لە بنەماڵەدا، ڕەفتاری دەگەڵ بکرێ. بۆ ئەو کارەش پێویست نیە دەست لە دیـن و مەزهەبـی خۆمـان هەڵگرین، دەتوانین خووندنەوەی هاوچەرخ و قەرائەتی تـازەمان لە ئەسڵە شەرعی و تێکستە مەزهەبی و ئاینیەکان هەبێت. ئەوە تەواو شتێکی ڕەوایە لە دین و مەزهەبدا و زانا و قـازی و مامۆستا ئاینیە بەڕیزەکانمان، بە لەبەرچاوگرتنی قۆناخەکانی ئێستای پێشکەوتنی کۆمەڵگا، دەتوانن خوێندنەوەی تـازەیان لە سەر مەسەلە جۆراوجۆرەکان هەبێت. واتە دەبێ کارێک بکەین کە لە هەرجێ یەک ڕێوشوێنە مەزهەبیەکان، بەزیانی مافە سروشتی و ئینسانیەکانی ژنان عەمەل دەکەن، قانوونی دیکە دانێین و کەڵک لەو یاساو عورف و قـانوونانە وەرگرین، کە بەرانبەریی نێوان ژن و پیاو لە بەرامبەر قانووندا دابین دەکەن. ئاخر ژنیش وەک پیاو خوا خوا خەڵقی کردوە.

کۆمەڵگای کوردستان بۆ ئەو ئاڵوگۆڕە کولتووری و فەرهەنگی و کۆمەڵایەتیە ئامادەیە. کۆمەڵگای کوردستان کۆمەڵگایەکی سیاسیە و سەدان ساڵە بۆ ئازادی و ڕزگاری و مافەنەتەوایەتـی و ئینسانیەکان خەباتی تێدا بە ڕێوەدەچێ. ئەو خەباتە بۆ بەرانبەریی و ئـازادیی ژنانیش بووە، کە بەشێکی گرنگی میللەتەکەمانن.

ئازادی ژن و هەوڵدان بۆ دابیکردنی مافەکانی ژنان مەسەلەیەکی لوکس و فیمینیستی نیە. بەڵکوو مەسەلەیەکی سیاسی و کۆمەڵایەتیە و بۆ ئێمە لە کوردستان بەشێک لە ستراتیژی ڕزگاری نەتەوەییە . ڕزگاری لە ژێرچەپۆکی و مەینەتبەشی و ستەم و هەڵاواردن و چەوسانەوەی هەموو لایەنە. دونیا بە خێرای باوبەرق دەڕواتە پێش . کۆمەڵگای ئێمە نـاتوانێ هیچی دیکە بە خێرایی کیسەڵ بڕواتە پێش. چوونکە ئەوە وامان لێ دەکا قەت نەگەینەوە کاروانی پێشکەوتنی مرۆڤایەتی. کوردستان ئەگەر لە نیوەی یەکەمی قەڕنی بیست و یەکدا نەتوانێ هەموو کۆت و زەنجیرەکانی دست و پێی خۆی بپچڕێنی، تـازە ئیدی تەنیا دەبێ لە داهاتوودا دڵی بەوە خۆشکا، لە دوورەوە تەماشی تەپوتۆزی کاروانی پێشکەوتنی مرۆڤایەتی بکات. پەروەندەی کار و پێشکەوتن و خەباتێ ئێمە لە قەڕنی بیستەمدا، جێگای ڕەزامەندی نیە. خۆ لە خۆڕا نە بوو قاسملوو دەیگووت، ئەگەر جیلەکانی پێشووی کوردستان چاک کار و خەباتیان کردبا، حاڵی ئەو نەسلەی ئێستا ئەوەنەدەبوو کە هەیە. کەواتە بۆ کەوتنە سەر مەداری مۆدێرنیتە، ڕزگاری لەستەمی نەتەوایەتی بۆ ئێمەی کوردستانی چەندە گرنگە، ڕگار بوونمان لە ستەم و چەوسانەوەی کۆمەڵایەتی و بێعەداڵەتی و ستەمی جنسیش هێندە گرنگە.

من قەت لە گەڵ زیادەڕۆیی و فیمینیزمی لوکس و ڕادیکاڵ نیم. نابێ ڕێگای ئەوەش بدەین کە شوێنیزمی ژنانە جێگای پیاوسالاری و شوێنیزمی پیاوانە بگرێتەوە. زەوقی سالمی ئینسان دەبێ پێوانەی پێوەندیەکانی نێوان ژن و پیاو بێت. موڕاعات کردنی دەورووبەر و ژینگەی کەمەڵایەتی و تەبیعی و ئعتیدال و باڵانس جەوهەری ئەو زەوقە سالم و سەلیمەن کە لە ئینسانی کورددا هەبووە و هەیە. ئێمە دەبێ ئەو ڕوانگەو کولتوورە لە کوردستاندا پیادەبکەین کە دەڵی ژن و پیاو هەر دووکیان ئینسانن و هەردووکیان مەخلوقی خوان و لە کـۆمەڵ و لە ماڵ و لە نێو بنەماڵەدا پێویستە ئازاد و بەرانبەربن و پێکەوە لە ئاشتی و ئیحترام و کەڕامەت و ڕووسووری و دا بژین.

پێوانەی هەر حەرەکەتێکی ئازادیخوازانە و خێرخوازانە و پێشکەوتنخوازانە لە کوردستاندا، ئەوەیە کە چەنـدە پشتیوانی لە ئـازادی و ڕزگـاری کوردستان و میللەتـی کـورد دەکـا. دین و مەزهەب و ئیلاهیاتیش، لە کوردستان کە دەبێ بە گوێرەی ئوسوڵ بۆ خێری گشتی و بەرزکردەوەی مەعنەویات و ئەخلاقیات و ویژدانیـاتی ئینسـانی کـور کـاربکـا، بەشێکە لەو پرۆسـەیە. لەسەرتـاسەری مێژووی بزووتنەوەی کوردا، ئیلاهیاتی کوردستانی بەشێک بووە لە هێزی ئیلهامدەری خەبات بۆ ئازادی و پێشکەوتن. یەکەمین ڕێکخراوی تـایبەت بە ژنان لە کوردستاندا، بە پشتوانی پێشەوای مەزن قـازی پێکهات و پێشەوا بنەماڵەی خۆی لەوبارەوە کردنە مۆدێل و سەرمەشق و هانیدان بێنە مەیدانی کاروباری سیاسی و کۆمەڵایەتی و فەرهەنگی.

ئەوەی مەسەلەی ژنی لە کۆمەڵگای ئێمەدا کردۆتە مەسەلەیەکی حەساس، زۆرتر لەو ڕوانگەیەوە سەرچاوەدەگرێ کە کۆمەڵگای ئێمە بە عەینەکی مەزهەبی تەماشای ژن دەکـات. ئێمە لە گەڵ ستیستەمێکی عیبادی و حقووقی ئەوتۆ بەرەوڕووین کە بە داخەوە ژن وەک بوونەوەرێکی خزمەتکاری پیاو دەبینێ. لە خاوەنداریەتی پیاودایە. لە پەراسووەکانی پیاو دروستبووە. بایەخ و ڕێزیشی بەوەوە نە بەستراوەتەوە کە وەک پیاو ئینسانێکی سەربەخۆیە و ئازاد هاتۆتە سەردونیاو خاوەنی عەقل و شعورە و دەبێ وەک ئنسان سەیری بکرێ و مافە سروشتی و فتریەکانی دەستەبەر بکرێن. بەڵکوو تەنیا لە خزمەتکاربوونی پیاو و وەفاداربوونی بە پیاو دایە کە شایستەیی ئەوە پەیدا دەکات بەرێزەوە سەیری بکرێ. بە داخەوە ئەو وەزعە هێندە داخ هێنەرە کە تەنانەت لە هەندێک وڵاتدا، یەکێک لە ئەرکە بنەڕەتیەکانی دەوڵەت و پۆلیس و دامودەزگای ئیداری بۆتە ئەوە کە هەستان و دانیشتن و چۆنیەتی جلوبەرگ پۆشینی ژنان بخاتە ژێر چاوەدێری.

ڕوونە لە بارووودۆخێکی وادا، ژنان لە دواکەوتوویدا ڕادەگیردرێن، توونـدووتیژی بەرانبەر بە ژنان و منداڵان پەرەدەگرێ، مافەکانی ژنان و منداڵان دەخرێنە ژێرپێ و نەخۆشی و گەندەڵیە فەرهەنگی و کۆمەڵایەتیەکان پەرە دەستێنن. دێموکراسی و ئازادی ئەگەر جەوهەرەکەی دابیبن بـوونی مافەکـانی مرۆڤ، مافەکـانی ژنـان و مافەکـانی منـداڵان و کەمئەنـدامان نەبێت، بێ نێوەرۆکە. کاتێک ڕۆژانە سەدان ژن و کچ توونـدووتیژیان پێ ڕەوادەبینرێ، باڵاخانە دروستکردن، نابێتە جێگای شانازیەکی زۆر. لێکۆڵینەوەکانی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتـووەکـان ئەوە دەردەخەن کە ئەگەر ماف و ئازادیەکـانی ژنـان دەستەبەر بکرێن، پێشکەوتنی سیاسی و ئـابووری و پەرەسـەندنی هەموولایەنە خێراتـر پێکدێ. بۆیە وەزیفەی حکومەت و حیزبەکـان و ئۆپۆزسیۆن و کۆمەڵگای مەدەنی کوردستانە لەو مەیدانەدا چالاک و هەڵسووڕبن و لە هەردەرفەتێک کە دێتە پێش بۆ چوونە پێشی پرۆژەی دابینکردنـی مافەکـانی ژنـان و منـداڵان کەڵـک وەرگرن و بیکەنە خەمی هەمیشەیی.

بەرنامەی فیمینیزمی لوکس و ڕادیکاڵ و توونڕەو، شتێکە کە پێوەندی بە ئێمەو کۆمەڵگای ئێمەوە نیە. ئەوە دڵ مەشغوڵی هەندێک لە ژنانە کە پێم وایە لە کوردستان ژمارەیان لە قـامکی دەستان تێناپەڕێ. ئێمە و میللەتی ئێمە خوازیاری لابردنی تەبعیز و ئاپارتایتن کە لە کۆمەڵگادا بەرانبەر بە ژنان ڕەچاوەدەکرێ. ژنانی کوردستان دەبێ پشتیوانی قانوونی و قـەزایی و سیاسیان لێبکرێ. پێویستە ڕێگایان بۆ تەخت بکرێ تا نەک وەک ژن بەڵکوو، وەک هاووڵاتی، هاونیشتمانی، وەک ئینسان و تـاکی کورد، لە هەموو بوارەکاندا، لە فەزای گشتیدا، توانایی و لێوەشاوەییەکانیان نیشاندەن و خۆیان ڕیالیزەبکەن. ژنـان دەبێ لە کوردستاندا لە ماڵ و لە شوێنی کار و خوێندن و بازاڕدا، لە ئامان دابن و توونـدووتیژیان لەگەڵ نەکرێ.

خەبات بۆ ئازادی و پێشکەوتنی کورد و کوردستان لە مەیدانی جۆراوجۆردا بەرێوەدەچێ. خەبات و کاروتێکۆشان بۆ گۆڕینی ڕوانگەی ناعادڵانە و دوور لەئینساف بۆ ژنان، یەکێک لەو مەیدانانەیە. وەرن با هەموو لەوبوارەدا دەست ویکدەین. ئەوە هەر ئەرکی ژنان نیە بە تەنێ، هەموو چین و توێژەکان پێویستە گۆشەیەکی ئەو خەباتە بەرنە پێش. پێگەو مەوقعیەتی ژن، ماف و ئازادیەکانی ژنان و منداڵان دەبێ لە قەڵەمڕەوی مەزهەب بیتەدەر و عورفیگەرابکرێت. تەنیا لەو حاڵەتە دایە کە دەرکەوتنی پەرواسەکان و هاتنەمەیدانیان مسۆگەر دەبێ، کچ و کوڕ دەتوانن وەک یەک میراتیان پێ بگا، دەرکەوتنی موی سەری ژنان و زووڵف و رووخساریان، وەک ئینسان، به قەباعەت دانانرێ، چەند ژنی و سیغە دەبنە دیاردەیەکی شەرمهێنەر و دوور لە ئینسانەت و ئەخلاق. ئاخر کەرامەت شتێکی جنسی نیە. ئەگەر پیاو کەرامەتی هەیە، ژنیش خاوەنی کەڕامەتە و دەبێ ڕێز لە کەڕامەتی بگێردرێ. لە جێ یەک کەڕامەتی ژن بشکێ، پیاویش ئەگەر خۆی لە گێلی نەدا، کەرامەتی شکاوە و بێ کەڕامەتە.

من دڵنیام ژنانی کوردستان تازە بە خۆگێڤکردنەوەی چەند کەسی جاهیل و لە خوا بێخەبەر ناترسن و عەزمی خۆیان جەزم کردوە کە لە گۆڕەپانی و مەیدانی خەباتدا چالاک و کاریگەر بن. ئەوان لێبڕاون نەک هەر خۆیان لە قەیدوبەندی پیاوسالاری و فەرهەنگی دواکەوتوانە رزگارکەن، بەڵکوو دەیانەوێ ڕۆڵی کاراش لە ڕێبەرایەتی کردنی بزووتنەوەی ئازادیخوازانەی کوردا بگێڕن.

ماوەیەک لەمەوبەر شانازی ئەوەم هەبوو وەک میوان لە کۆنفرانسی سێهەمی یەکیەتی ژنانی دێموکڕاتی کوردسیتان ئێران لە ئورووپادا بەشداربم. ئەوەی من لەو کۆنفرانسەدا دیتم و گوێم لێبوو، بریتی بوو لە عەزمی ڕاسخ و پۆڵایینی ژنانی کورد بۆ بەشداری چالاکانە لە بزووتنەوەدا و بۆ پێشرەوی و ڕێبەری کردنی کۆمەڵگای کوردستان . ئەو وەزعە لە سەرتاسەری کوردستاندا هەروایە. شانازی بۆ ئەوانەی لەو خەباتەدا بەشدارن کە ئایندەی کوردستان پێوەبەندە.

ئێستا کە مەسەلەی ئاوزڕاندن و تەشهیری پەرواس بیروڕای گشتی خەڵکی کوردستانی بریندارکردوە، بە جێیە لەو دەرفەتە کەڵک وەگرین و بە دیفاع کردن لەو ژنە هونەرمەندەی کورد، دیفاع و پشتیوانی خۆمان بۆ ئازادی ژنی کورد نیشاندەین. دیفای لە پەرواس دیفاع لە هەموو ژنانی کوردستانە.

ڕێکەوتی : ٥ی ژووئەنی ٢٠١٣

## پێڵاوی ژمارە ٤٢

ئەو مەسەلەو کێشە سیاسیانەی وڵاتەکەمان لەگەڵیان بەرەو ڕوویە زۆر و جۆراوجۆرن. هەر بەوپێیە ڕوانگەو بۆچوونی جیاوازیش بەرانبەر بەوان لە کۆمەڵگای ئەمڕۆی ئێراندا لە گۆڕێدان. بە پێی ڕاسپاردەو پەسندکراوەکانی کۆنڤانسوێنە نێونەتەوەییەکان کە ئێران پەسندی کردوون و بۆ وەبەرچاوگرتن و بەرێوەبردنیان خۆی بەرعۆدەکردوە، پێویستە هەموو دانیشتوانی وڵاتەکەمان بێ جیاوزی لە بەرانبەر قانوون دا وەک یەک بن و وەک یەکیش لە ئیمکانات و خێروبێری وڵات کەڵک وەرگرن.

### بەرانبەریی لە بەرامبەر قانوون

کەواتە ئێمە هاووڵاتیانی ئێران حەقی ئەوەمان هەیە دەرفەت و هەلومەرجی وەک یەکمان بۆ برەخسێ تا بتوانین کەسایەتی سیاسی و فەرهەنگی و کۆمەڵایەتی خۆمان بەرینە پێش. مافی ئەوەمان هەیە تواناو لێوەشاوەیەکانی خۆمان بۆ بردنە پێشی وڵاتەکەمان دەکار کەین و چ بە تەنیا و چ بە کۆمەڵ لە گەڵ هاووڵاتیانی دیکەماندا بەدوای سەعادەت و بەختەوەری خۆمان و میللەتەکەماندا بگەرێین. ئەو ئەسڵە هەموو کەس، ژنان، پیاوان، کەمئەندامان، پەیرەوانی نەتەوە و دین و مەزهەبە جۆراوجۆرەکان دەگرێتەوە.

دابین کردنی ئەو ئەسڵە دەکەوێتە چوارچێوەی مافەکانی شارۆمەندی و لە لایەن کۆنڤانسوێنی مافەمەدەنی و سیاسیەکانی رێکخراوی نەتەوەیەکگرتوەکان کە ئێران ئیمزای کردوە، دەپارێزرێت. بناخەی فەلسەفی ئەو پرینسیپە لە هاوبایەخ بوونی هاووڵاتیانەوە، کە وەک ئینسان هەموو خاوەنی بەهای وەک یەکن، سەرچاوەدەگرێ. بە پێی مافە سروشتیەکانیش ئینسانەکان بە ئازادی لە دایک دەبن و هاوبەهان و خاوەنی عەقل و شعورن و پێویستە بە گیانێکی برایانە ڕەفتار دەگەڵ یەکتر بکەن و دەوڵەتیش دەبێ بە یەک چاو تەماشایان بکات. ئەوەش تەنیا کاتێک ئیمکانی هەیە کە هەموو هاووڵاتیان دەرفەتی ئەوەیان بۆ پێک بێ کە لە بەرانبەر قانووندا مافی وەک یەکیان هەبێ و بشتوانن وەک یەک کاریگەریی سیاسی و شوێنەواری سیاسیی لەسەر پرۆسەی چوونە پێشی کاروباری وڵاتەکەیان دانێن.

### کەمایەتیە نەتەوەییەکان

ئەوەی وەک ڕاستیەکی حاشاهەڵنەگر دەبینرێ، ئەوەیە کە ئێران وڵاتێکی فرەگەلە. واتە دەوڵەتی ئێران لە سەرخاک و نیشتمانی چەند نەتەوە کە هەرکامیان خاوەنی ناسنامەی نەتەوەیی و ئێتنیکی تایبەت بەخۆیانن درووست بووە. زۆربەی هێزولایەنە سیاسیەکانی ئێران، چ لە دەرەوە و چ لە نێوخۆی وڵاتدا لە سەر ئەو واقعیەتە کۆکن و لەوەش زیاتر دەڵێن ئەو فرەگەل بوون و فرەفەرهەنگی بوونە بۆ خۆی بۆتە سەرچاوەی دەوڵەمەندی و خێروبەرەکەت . بەوجۆرە دەبێ ئێران وڵاتێک بێت کە شانس و دەرفەتی وەک یەک بۆ گەشە و هەڵدانی هەموو نەتەوە و فەرهەنگەکان دەستەبەربکات.

لێرەدا پرنسیپێک زۆرگرنگە ئەویش ئەوەیە کە هەموو نەتەوە و فەرهەنگە جۆراوجۆرەکانی ئێران دەبێ ڕێزیان لێ بگیردرێ و ئیمکاناتی وەک یەکیان لە سەروەت و سامانی وڵات بۆ دابینبکرێ. بەجۆرێک کە گەشەکردن و هەڵدانی هەمەلایەنەی هەرکام لە نەتەوە و فەرهەنگەکان لە جوگرافیای تایبەتی خۆیاندا، ببێتە مەرجی گەشەکردنی وڵاتی ئێران بەگشتی و لەو

لاشەوە گەشەکردن و پێشکەوتنی ئێران بەگشتی ببێتە فاکتۆر و مەرجی هەڵدان و گەشەکردن و پێشکەوتنی نەتەوە و فەرهەنگە جۆراوجۆرەکانی پێکهێنەری وڵاتی ئێران. تەنیا لە هەلومەرجێکی ئاوادایە کە ئێران لە وەزعی ئێستادا وەک وڵاتێک دەتوانێ بمێنێتەوە و بڕواتە پێش.

نەتەوەبندەستەکانی ئێران ئەو گەلانەن کە وەک کەمایەتی نەتەوەیی دەژمێردرێن ولەباری نەتەوەیی و ئێتنیکی و کولتووری و زمانی و خاک و نیشتمان و هەڵکەوتی جوگرافیاییەوە، لە نەتەوەی دەسەڵاتدار جیان.

هەموو ئەو گەل و نەتەوانە ریشەی مێژوویی چەند هەزار ساڵەیان لەو خاکەدا هەیە و بە هەزاران ساڵە لەسەر زێدونیشتیمانی باوک و باپیرانی خۆیان دەژین و تەعەلووقی مێژوویی بەو خاکەیەوەی گرێداون.

گەلی کورد کە بەشێکی جیانەکراوەی نەتەوەی دابەشکراوی کوردە، یەکێکە لەو گەلانەی کە لە ئێرانی هەمرۆدا لە هەموو مافەنەتەوایەتیەکانی خۆی بێ بەشکراوە و بە توندترین شێوەش سەرکوت دەکرێ.

شێوەی دەوڵەتداری و سیستەمی سیاسی ئێستای ئێران وەک رێژیمێکی نادێموکراتیک و ناوەندگەرا و ئیدەئۆلۆژیک و مەزهەبی، هیچ دەرەتانێک بە ئێمە کوردەکان و کەمایەتیە نەتەوەییەکانی دیکە نادا تا بتوانین لە مافە نەتەوەیی و سیاسیەکانی خۆمان کەڵ وەرگرین. لەلایەک دەگوترێ کە زۆرایەتی لە ئێرانی ئەمرۆدا نەتەوەی دەسەڵاتدارە و بە گوێرەی ئەسڵی زۆرایەتی و کەمایەتی دەبێ دەسەڵات دەبەردەست زۆرایەتی دابێ.

لەوەزعێکی ئەوادا لە چ رێگایەکەوە دەتوانرێ مافە میللی و سیاسیەکانی نەتەوە بندەستەکانی ئێران دەستە بکرێ. ڕوانگەیەکی سیاسی هەیە دەڵێ ئەوە بەسە کە مافی شارۆمەندی بۆ هەموو هاووڵاتیان دابینبکرێ و هەموو هاووڵاتیان لەبەرانبەر قانووندا وەک یەکبن و یەکجۆرەڕەفتاریان لەگەڵ بکرێ.

جارێ با لەوەگەڕێین کە سیستەمی سیاسی ئێران نە ئێستاو نە لەڕابردوودا، قەت زەرفیەتی ئەوەی تێدانەبووە کە هەموو هاووڵاتیانی ئێران وەک یەک تەماشابکات . بە پێچەوانەوە سەرتاسەری مێژووی ئێران ئەوە نیشاندەدا کە دەوڵەتی ناوەندی هەموو تواناو دەسەڵات و ئیمکاناتی وڵاتی بۆ تواندنەوە و سەرکوتی نەتەوە بندەستەکانی ئێران واتە کەمایەتیە نەتەوەییەکان تەرخان کردوە.

بەڵام سەرەڕای ئەوەش بابزانین کە ئایا دابینکردنی مافە شارۆمەندیەکان و دەستەبەرکردنی بەرانبەریی هاووڵاتیان لە بەرانبەر قانووندا، تەنانەت ئەگەر بەکردەوە جێبەجێش بکرێ، دەتوانێ مافەسیاسیە تایبەتی و نەتەوەیی و کولتووریەکانی ڕۆڵەکانی گەلی کورد و گەلانی دیکەی بندەستی دانیشتووی ئێران دابین و دەستەبەربکات؟

### خاک و نیشتیمان

دەوڵەتی ئێران لە سەر خاک و زێد و نیشتیمانی هەموو ئەو نەتەوانە دروستبوە، کە دەکەونە چوارچێوەی ئەو دەوڵەتەوە. کوردستان زێد و نیشتیمانی گەلی کوردە. بەلووچستان زێدونیشتیمانی گەلی بەلووچە. خوزستان زێدونیشتیمانی گەلی عەرەبە. ئازەربایجان نیشتیمانی ئازەریەکانە. تورکمەنستان زێدونیشتیمانی گەلی تورکمەنە. هەر وەک وتمان بە هەزاران ساڵە ئەو نەتەوانە لەسەر نیشتمانی خۆیان دەژین. مێژوویەکی دوورودرێژیان لەسەر ئەو خاکە هەیە. مێژوویەک کە هەویەت و کولتوور و فەرهەنگ و زۆر تایبەتمەندی دیکەی پێ بەخشیون کە لە گەلانی دیکەیان جیا دەکاتەوە. هەر بۆیە ئەوە بێ عەداڵەتیەکی گەورەیە کە ئەو نەتەوانە لە مافە سیاسی و نەتەوایەتیەکانی خۆیان بەهرەمەند نەبن. واتە نەتوانن لە سەر خاک و نیشتیمانی خۆیان چارەنوسی خۆیان بەدەستەوە بگرن و کاروباری سیاسی و ئیداری و کۆمەڵایەتی و تەندرووستی و فەرهەنگی خۆیان بەرێوەبەرن. لەوەش زیاتر ئەوە کە بەتاوانی داواکردنی مافە میللی و سیاسیەکانی خۆیان سەرکوت و قەلاچۆدەکرێن، جورمێکی سیاسیە کە دەوڵەتی ناوەندی بەرانبەر بەوان بەرێوەی دەبات .

هەوڵدانی دەوڵەتی ناوەندی بۆ تواندنەوە و لەنێوبردنی مەوجودیەتی سیاسی و میللی و کولتووری و کۆمەڵایەتی ئەو گەلانەو بردنەپێشی سیاسەتی حاشاکردن لە بوون و مەوجودیەتیان وەک نەتەوەیەکی خاوەن ناسنامەی تایبەتی و سەربەخۆ، لەلایەن کۆمەڵگای نێونەتەوەیەوە و لەلایەن رێکەوتننامە نێونەتەوەیەکانەوە مەحکووم دەکرێ. زۆرن ئەو کۆنڤانسیۆن و رێکەوتننامە نێونەتەوەییانەی کە ئەرک و بەرپرسایەتی دەخەنە سەر دەوڵەتەکان تا مافە سیاسی و فەرهەنگی و کولتووری و زمانی و میللیەکانی گەلان و کەمایەتیە نەتەوەییەکان و خەڵکە بوومیەکان دەستەبەر بکەن.

رێکخراوی نەتەوە یەکگرتوەکان، گەلان و خەڵکانی بوومی بەو گەل و خەڵکانە پێناسە دەکات کە پێش لە دروستبوونی دەوڵەت بەوشکڵەی ئێستا، لەسەر ئەو خاکە ژیاون و بە درێژایی مێژوو توانیویانە زمان و کولتوور و فەرهەنگ و شێوەژیان و نیشتیمان و زێد و هەندێک بەهاو میتۆد و داب و نەریت و سوننەت و پڕاکسیس و ئەنستیتۆی کۆمەڵایەتی تایبەت بەخۆیان دروستکەن و بیانبەنە پێش و پشتاوپشت بیانگوێزنەوە.

### مەوقعیەتی کەمایەتیە نەتەوەییەکان

ساڵی ١٩٨٩ی زاینی، رێکخراوی جیهانی کار، سەربە نەتەوە یەکگرتووەکان، کۆنڤانسیۆنێکی تازەی سەبارەت بە مافەکانی نەتەوە و گەل و خەڵکە بوومیەکان کە لە چوارچێوەی دەوڵەتە سەربەخۆکاندا دەژین پەسندکرد. بە پێی یاسای نێودەوڵەتی دەوڵەتەکانی ئەندام بەرعۆدەدەبن کە هەموو بەندەکانی ئەو کۆنڤانسیۆنە بۆ دەستەبەرکردنی مافەکانی گەلانی بوومی کە دەکەونە چوارچێوەی سنورەکانیانەوە، بەرێوەبەرن. واتە ئەو پەیماننامە نێودەوڵەتیە بەڵگەنامەیەکی قانوونیە کە بەرپرسایەتی قانوونی دەخاتە سەر ئەستۆی دەوڵەت و کاربەدەستانی دەوڵەت. ئەو دۆکیومێنتە یاساییەش مافی وەک یەک، وەک هاووڵاتی و سیتیزن، بۆ هەموو هاووڵاتیان لە چوارچێوەی سنورەکانی دەوڵەتدا دەستەبەردەکا. سەرەڕای ئەوەش ئەو دۆکیومێنتە قانوونیە نێودەوڵەتیە ئەرک و بەرپرسایەتی دەخاتە سەرشانی دەوڵەت کە مافە فەرهەنگی و کولتووری و مەزهەبیەکانی گەلان و خەڵکانی بوومی بەرەسمی بناسێ و رێزیان لێ بگرێ.

هەروەها بەرپرسایەتی دەخاتە سەر دەوڵەت کە پراکسیس و داب و نەریت و بایەخ و بەها کۆمەڵایەتی و کولتووریەکانی ئەو گەلانە بە هێند بگرێ و مەیدانی هەڵدان و گەشەکردن و پەرەسەندنیان بۆ پێکبێنێ. هەر بە پێی ئەو بەڵگەنامە نێونەتەوەییە دەوڵەت ئەرکی لەسەرشانە تا دەرفەتی خوێندن لە هەموو قۆناخەکاندا، بۆ خەڵکانی بوومی بەزمانی زگماکی خۆیان پێکبێنێ و لەوبارەوە دەبێ هیچ چەشنە جیاوازیدانانێکیان دەرحەق نەکرێ.
دەوڵەتەکان لەسەریانە قانوونی ئەساسی، یاسا و قانوون و سیستەمی سیاسی و بەڕێوەبەری خۆیان بەجۆرێک بگۆڕن، کە ڕێفۆرمی پێویستی بۆ وەڵامدانەوە بە جێ بەجێ کردنی ئەو پەیماننامە نێونەتەوەیە تێدا پێک بێ. مەبەست ئەوەیە لەو ڕێگایەوە مافە تایبەتیەکانی ئەو گەل و نەتەوەو خەڵکە بوومیانە دەستەبەر بکرێن، کە دەکەونە سنووورە سیاسیەکانی دەوڵەتەوە.
یەکێک لە هۆیەکانی پەسندکردنی ئەو کۆنڤانسێۆنە لە لایەن نەتەوەیەکگرتوەکان و کۆنڤانسیۆنی تایبەت بە کەمایەتیە نەتەوەییەکان لەلایەن شوڕای ئورووپاوە، ئەوەیە کە لە کردەوەدا دەرکەوتووە پرنسیپی زۆرایەتی و کەمایەتی، کە دێموکڕاتیکیش دێتە بەرچاو، ناتوانێ وەڵامدەری کێشەی میللی لە وڵاتە فرە گەلەکاندا بێت. هەروەها پرنسیپی بەرانبەریی شارۆمەندان لە بەرامبەر قانوونیشدا، تەنانەت ئەگەر دەستەبەریش بکرێ، دیسان هەر ناتوانێ وەڵامی پێویست بەهەموو لایەنەکانی ئەو مەسەلەیە بداتەوە. بۆیە دەبێ ڕێگاچارەیەکی سیاسی بۆ مەسەلەی کەمایەتیە نەتەوەییەکان بدۆزرێتەوە، کە ئەویش بریتیە لەوەی بە شێوەی قانوونی ئۆرگان و ئەنستیتۆی تایبەت بەخۆیان بۆ پێکبێ تا لە ڕێگای ئەوانەوە مافە نەتەوەیی و فەرهەنگیەکانی خۆیان پڕاکتیزەبکەن و کاروباری سیاسی و ئیداری تایبەت بە ناوچەکانی خۆیان بەڕێوەبەرن و لە پرۆسەی سیاسی و حاکمیەتیش دا بەشداری بکەن.

بۆ کەمایەتیە نەتەوەییەکان دەبێ مافی تایبەتی خۆیان هەبێ؟

Jarle Weigård کە یەکێک لە لێکۆڵەرەوە بەناوبانگەکانی بواری کێشەی کەمایەتیە نەتەوەییەکانە دەڵێ ( ئەگەر کۆمەڵە کەسێک دەستنیشان کەین و هەروا بێ وەبەرچاوگرتنی جیاوازی بە پێی پرنسیپی هەڵسوکەتی وەک یەک و یەکسان لەگەڵ هەموان، پێڵاوی ژمارە ٤٢ بەسەر هەموویاندا دابەشکەین و داوایان لێبکەین ئەو پێڵاوە بکەنە پێ، لە کردەوەدا دەردەکەوێ کە ئەو کارە هیچ ڕەفاهیەتێک بۆ هەندێک لەو کەسانە پێکناهێنی و لەوەش زیاتر تەنانەت ڕەنگە ئەو کەسە تەنگبێ یا گەورەبێ و ببێتە هۆی نەخۆشی بۆ ئەو کەسە. لەو حاڵەتەدا دەردەکەوێ کە ڕەفتاری وەک یەکمان لەگەڵ هەموو ئەوکەسانە نەکردوە. چونکە ئەو ڕەفتارەی ئێمە بۆتە هۆی ئەوەی ئەوکەسانە ئاکامی وەک یەکیان لەو سیاسەتەی ئێمە دەست ناکەوێ.
هەر بەو جۆرە ئەگەر دەنگی کەسانی سەر بە کەمایەتیەکی نەتەوەیی لەبەرانبەر دەنگی کەسانی سەربە زۆرایەتی دەستەڵاتدار و زاڵدا حیساب کەین، زوو بۆمان دەردەکەوێ کە شانسی ئەوە زۆر گەورەیە کە دەنگی کەمایەتیەکە لەنێو دەریای دەنگی زۆرایەتیدا بخنکێ).
بۆیە بە گوێرەی کۆنڤانسیۆنە نێونەتەوەییەکان ئەرکی سەرشانی دەوڵەتە کە هەموو سیاسەت و میکانیزمێکی پێویست بۆ دەستەبەرکردنی مافەکانی کەمایەتیە نەتەوەییەکان لە چوارچێوەی سنوورەکانی دا بگرێتەبەر.
زۆرایەتی دەستەڵاتدار، هەمیشە دەستەڵات و ئیمکاناتێکی زۆری لەبەردەستدایە تا قازانج و بەرژەوەندیەکانی خۆی بەرێتە پێش. پرسیار ئەوەیە کە ئەو زۆرایەتیە چ ئەرکێکی لەسەرشانە بۆ دروستکردنی کۆمەڵگایەک کە بتوانێ قازانج و بەرژەوەندیەکانی هەمووان دابین بکات و باڵانسێک پێکبێنی کە هەموو لایەک هەست بە بوون و عەداڵەت بکەن؟

ڕێکەوتی : ٣ی ژووئەنی ٢٠١٣

## فانۆسی دەریایی

خەریکە کاتی بەڕێوەچوونی هەڵبژاردنەکانی مەجلیسی شوڕای ئیسلامی نزیک دەبێتەوە. دامودەزگا جۆراوجۆرەکانی ڕێژیم و دەستەوتاقمە جیا جیاکانی نێو دەستەڵات، هەر لەئێستاوە کەوتونەخۆ تا بە فێڵ و تەڵەکەو تەنانەت ئەگەر بە هەڕەشەو چاوترساندنیش بێ، خەڵک بنێرنەسەر سندوقەکانی دەنگدان و بەم جۆرە بازاڕی ئەو شانۆسازیە گەرم بکەن..
مەجلیسی شوڕای ئیسلامی هیچ وەختێک نوێنەری خەڵک و پێکهاتەی ڕەنگاوڕەنگی گەلان و دانیشتوانی وڵاتە خۆشەویستەکەمان نەبووە. بەڵام ئیدی ئێستا بەو وەزعەوە کە کۆماری ئیسلامی تێیدایە، بەو ئەزموونە کە لەسەر کۆماری ئیسلامی لە تەواویەتی خۆیدا هەمانە، بەو چاوبەستەییەی کە دامودەزگاکانی ڕێژیم لە پێوەندی لە گەڵ هەڵبژاردنەکانی ئەم دواییانەی نێو ڕێژیمدا لە خۆیان نیشاندا، ناکرێ بە هیچ جۆر بیروڕای گشتیی سەبارەت بە هەبوونی جۆرێک لە دێموکراسی و هەڵبژاردن لە ئێراندا، تووشی سەرلێشێواوی بکەین و بە هەڵەی بەرین.
تاقیکردنەوەکانی ڕابردوو، چ لە پێوەندی لە گەڵ هەڵبژاردنەکانی مەجلیسدا، چ لە پێوەندی لەگەڵ هەڵبژاردنی سەرکۆماریدا، چ لە پێوەندی لە گەڵ هەڵبژاردنی شوڕاکان دا، ئەوە دەردەخەن کە تەنانەت بەشداریی زۆریی خەڵکیش لەو هەڵبژاردنانەدا، ناتوانێ ئاڵوگۆڕێک بە قازانجی خەڵک پێکبێنێ و ببێتە مایەی ڕێفۆرم و چاکسازی لە کۆماری ئیسلامیدا. لەوەش زیاتر بۆ هەمووان دەرکەوتووە کەدەمڕاستەکانی نیزام کێیان پێ خۆش بێ لە سندوقەکانی دەنگدان دەیهێننەدەر و بۆ کارێکی لەوجۆرەش هیچ پێویستیە کیان بەدەنگی خەڵک نیە.
دەشزانین کە خەڵکی ئێران لە ساڵانی ڕابردوودا چەندجار تەنانەت بە زۆرایەتیەکی بەرچاویشەوە، دەنگیان بە ڕێفۆڕمخوازەکانی نێو ڕێژیم داوە، کەچی هەموو جارێک ناکام ماونەتەوە و ڕەنج بە خەسار هاتونەدەر. ئەو دەستاوتاقمانەی نێو ڕێژیم کە ئیدیعای ڕێفۆڕمخوازی دەکەن و داوادەکەن خەڵک پشتیوانیان لێبکا، پێشتر پشتیوانیان لێکراوە ومەیدان و دەستەڵاتی پێویستیشیان بۆ بردنە پێشی سیاسەتەکانیان دراوەتێ، بەڵام هەمیشە پشتیان لە خەڵک کردوە. ئەوان لە هەرجێیەک پێویست بووبێ، لە پەنا دەستەڵاتدارانی ڕێژیم ڕاوەستاون و دیفاعیان لە قازانج و بەرژەوەندیەکانی نیزامی ئاخوندی کردوە و تەنانەت بوونەتە مایەی بە فیرۆدانی دەسکەوتەکانی خەبات و بەربەرکانی کۆمەڵانی خەڵکیش.

سەیر ئەوەیە بەشێک لەو دەستەوتاقمە بە ناو ئیسڵاح تەڵەبانە، ئەمڕۆژانە جارێکی دیکەش بەوپەڕی بێ چاوڕوویەوە داوادەکەن خەڵک دەنگیان پێبدەن و ڕێگایان بدەنێ تا لە خێروبێری نوێنەری مەجلیس بوون کەڵک وەرگرن. هەر وەک ئەوەی خەڵکی ئێران نەزانن کە هەڵبژاردن لە کۆماری ئیسلامیدا، جگە لە خەڵک خەڵەتاندن شتێکی دیکە نیە.

ئاخر ئیدی هیچ بیانوویەک بۆ خۆفریودان و درێژکردنەوەی تەمەنی ئەم ڕێژیمە سەرەڕۆیە نەماوە. هیچی دیکە ناکری کۆمەڵانی خەڵک بە ئومێدی ئیمکانی پێکهاتنی ئیسلاحات لە نێوخۆی کۆماری ئیسلامیدا سەرگەردان کەین.

بەشداری کردن لە هەڵبژاردنێکدا کە ئاکامێکی بۆ خەڵک بەدواوە نە بێت ، جگە لە خۆ فریودان چ مانایەکی هەیە. خەڵک ماندوون و خوازیاری ڕێگاچارەیەکن کە لەم جەهەننەمە ڕزگاریان کات. گەلانی ئێران لە خەبات و بەربەرەکانی لە گەڵ کۆماری ئیسلامیدا پوختە بوونە. خەڵک ئەزموونی تەواویان وەدەست هێناوەو ئیدی ئێستا گەیشتوونەتە ئاستێک کە دەیانەوێ لەم شانۆسازی و هەڵبژاردنە بێ ئاکامانە تێپەڕن و کەوتونەتە سەرڕێبازی خەبات و تێکۆشان بۆ وەلانانی یەکجاری ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی لە تەواویەتی خۆیدا.

لە کاتێکدا کە تادێ فشار و پاڵەپەستۆی کۆمەڵگای نێونەتەوەیی لە سەر ڕێژیم زۆرتر دەبێ و کۆمەڵانی خەڵک پتر دەکەونە مەیدانی خەبات و بەربەرەکانی دەگەڵ کۆماری ئیسلامی، ئەرکی هێزە نیشتیمانی و دێموکراتیەکانی وڵاتەکەمان ئەوەیە کە باشتر لە پێشوو ڕێگای خەبات و تێکۆشان بۆ کۆمەڵانی خەڵک هەموارکەن. ئەگەر ماسکی ئیسڵاح هەڵگری لە ڕووخساری ڕێژیم دادڕین، هەم خەڵک و هەم کۆمەڵگای نێونەتەوەیی باشتر دەتوانن تەکلیفی خۆیان دەگەڵ ئەم ڕێژیمە ڕوون کەنەوە.

گەلی کورد لە کوردستانی ئێران هەر لە ڕۆژەکانی هەوەڵی هاتنەسەرکاری کۆماری ئیسلامیەوە، لە ژێر ڕێنوێنیەکانی حیزبی دێموکڕاتی کوردستانی ئێراندا، نای بە کۆماری ئیسلامی ئێران وتووە.

ئەو هەڵوێستە بەلا پەرەیەکی زێڕینی مێژوویی خەباتی ڕزگاریخوازانەی میللەتەکەمان دادەنرێ. ئێستا پاش ئەو هەموو خەبات و بەربەرەکانیە، پاش ئەو هەموو ئەزموونە و پاش ئەوە کە کۆماری ئیسلامی ماهیەتی کۆنەپەرنەپەرستانە و سەرەڕۆیانەی بۆ هەموو لایەک دەرکەوتوە، بەجێ یە کوردستان جارێکی دیکەش لەو دەرفەتە کەڵک وەرگرێ و ئەو هەلوێستە مێژوویە کە زۆر جار بەرانبەربە ڕێژیم لە خۆی نیشان داوە، نیشان داتەوە.

کەواتە دەبێ نزیک بوونەوەی کاتی بەڕێوەچوونی هەڵبژاردنەکانی مەجلیسی کۆماری ئیسلامی لە کوردستان بکەینە دەرفەتێک بۆ نیشاندانی یەکدەنگی و یەک هەڵوێستی و یەک سەنگەری میللەتی کورد لەکوردستانی ئێران و هێزە خەباتگێرەکانی کوردستان لە لایەک و، لە لایەکی دیکە شەوە جارێکی دیکەش تێکڕاو پێکەوە بەو ڕێژیمە لە تەواویەتی خۆیدا بلێین نا. بەم جۆرە دوو کێل بە بەردێک دەشکێنین. هەم هاوپێوەندیی میللی و نەتەوەیی نێوخۆمان و هاوهەڵوێستیمان لە بەرامبەر کۆماری ئیسلامیدا نیشاندە دەین. کە ئەوە بۆخۆی بۆ بزووتنەوەی کوردستان لەمرۆدا دەبێتە دەسکەوتێکی بەنرخ و گەورە. بە تایبەتی لەو قۆناخەی خەباتی ڕزگاریخوازانەی میللەتەکەماندا، کە بەدەست پرشوبڵاویەوە دەناڵێنین، زۆرمان پێویستی بە مانۆڕێکی لەو چەشنە هەیە . لە لایەکی دیکەشەوە جارێکی دیکەش نا بە کۆماری ئیسلامی دەڵێین و ئەو ڕێژیمە لە تەواویەتی خۆیدا بە هەموو داروەدستەکانیەوە ڕەد دەکەینەوە. ئەوەش مەوقعیەتی کوردستان لە نێو بزووتنەوەی سەرانسەری دا وەک سەنگەری دیفاع لە ئازادی و دێموکڕاسی بەهێزتر دەکا. لەوەش زیاتر بەو کارە ڕێ خەبات و تێکۆشانی ڕاستەقینەش بۆ خەبات و بەربەرەکانی دژی کۆماری ئیسلامی بە گەلانی دیکەی ئێرا ن نیشان دەدەین. کە ئەوەش بە نۆرەی خۆی وەزن و پێگەی بزووتنەوەی کوردستان لە ئاستی ئێراندا، زۆر دەباتە سەر و توانای بدەوبستێنی زۆرتری دەداتێ.

ئەوەی ماوە لەوبارەوە بیڵێین ئەوەیە کە ئەوە ئەرکی حیزبی دێموکڕاتی کوردستانی ئێرانە کە تێکۆشێ بە هاوکاری هێزەخەباتگێرەکانی دیکەی کوردستان و کەسایەتیە نیشتیمانپەروەرەکانی نێو ڕیزەکانی خەباتی خەڵکی کوردستان ، هەر لە ئێستاوە بکەوێتە خۆ و تا کاتی بەڕێوەچونی هەڵبژاردنەکانی مەجلیس، زەمینەی ئەو هاوهەڵوێستی و هاوپێوەندیە میللی یە پێکبێنی.

ئاخر حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە نێو بزووتنەوەی میللی دێموکڕاتی کوردستانی ئێراندا فانۆسی دەریایی یە. )ە lighthouse ) واتە

ئێستا کە کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان و هێزە خەباتگێرەکانی نێو گۆڕەپانی بزووتنەوەی کوردستان، وەک فانۆسی دەریایی تەماشای حیزبی ئێمە دەکەن و مێژوو ئەو مەوقعیەتەی داوەتە حیزبەکەمان، ئێمەش تێکۆشەرانی دێموکڕات دەبێ تێکۆشین پتر ئەو لێوەشاوەییە لە خۆمان نیشاندەین و ئەو ئەرکە گەورە ڕاپەڕێنین کە کەوتۆتە سەرشانمان.

*A lighthouse is a tower, building, or other type of structure designed to emit light from a system of lamps and lenses or, in older .times, from a fire, and used as an aid to navigation for maritime pilots at sea or on inland waterways*

*Lighthouses mark dangerous coastlines, hazardous shoals, reefs, safe entries to harbors, and can also assist in aerial .navigation*

دەمانەوێ فاعیلی سیاسەت بین

نەک تەنیا هەر مەفعول بیهی

جیاوازیدانان بریتیە لە هەر چەشنە هەڵاواردنێکی ناڕەوا و نابەجێ کە دەوڵەت بەرانبەر کەسێک، کەسانێک یان گرووپێک یا پەیڕەوانی کەمایەتیە نەتەوەیی، مەزهەبی، ئیتنیکی، جینسی و زمانی و هتد.... یەکان بەڕێوەی دەبات.

لەو وڵاتانەدا کە نەتەوەو پەیڕەوانی دین و مەزهەبە جۆراوجۆرەکانی تێدا دەژین، ئەو جیاوازیدانانە لە فۆرم و شێوەی جۆراوجۆردا خۆی نیشاندەدا. بەڵام بە شێوەیەکی سەرەکی دەتوانین بڵێین کە پەیڕەوانی کەمایەتیەکان شانس و دەرفەتی وەک یەک و بەرانبەر لەگەڵ ئەوکەسانەیان نادرێتێ کە سەر بە نەتەوە یا دەستەوتاقمە دەستەڵات دارەکانن تا ئەوانیش بتوانن وەک ئەوان لە توانا و لێوەشاوەیی و سەرچاوەکانی خۆیان بۆ چوونە پێش و گەشەکردن و هەڵدان کەڵک وەرگرن(Rogstad 2001& 2006,Støren 2004).

لە وەزعێکی ئاوادا ئەو جیاوازی دانانە ناڕەوایە دەبێتە گیروگرفتێکی جدیی سیاسی و وەک گەورەترین کێشەی دێموکڕاسی خۆی نیشان دەدا. چونکە هەڵاواردنی لەو چەشنە دەبێتە هۆی ئەوەی نۆرم و بایەخە بنەڕەتیەکانی مافی مرۆڤ و مافی شارۆمەندی بخرێنە ژێرپێ. چونکە لە ئاکام دا هەلی وەک یەک بۆ هەموو هاووڵاتیان، بۆ بەشداری لە بەڕێوەبردنی کاروباری

ولاتدا پێک نایە.

ئێمە رۆڵەکانی گەلی کورد لە کوردستانی ئێران بە ئێسک و پێستەوە ئەو جیاوازی دانان و هەڵاواردنە نارەوایەی دەوڵەتی ناوەندی لەسەر خۆمان هەست پێ دەکەین.

ئەو هۆیانەی دەبنە سەرچاوەی ئەو جیاوازی دانان و هەڵاواردنانە زۆر و ئاڵۆزن. لەلایەک دەستەڵاتی سیاسی، ئابووری و فەرهەنگی و مێدیایی و نیزامی و ئەمنیەتیی لە دەستی نەتەوەیی فەرمانڕەوا دایە. لەوەش زیاتر لە سێبەری کۆماری ئیسلامیدا دەوڵەت مەزهەبی تایبەت بەخۆی هەیە کە وەک چەکێک بۆ بردنە پێشی سیاسەتەکانی دەکاری دەکا. قانوون و سیاسەت و بەرنامە و پرۆژەکانی دەوڵەتی ناوەندیی بە جۆرێک دادەرێژرێن کە ئەو هەڵاواردن و جیاوازیدانانە بۆتە تایبەتمەندیی هەرە بەرچاوی ئەوان. ئەوەش بەنۆرەی خۆی ئاکامی جۆراوجۆری بۆ کەمایەتیەکان و کەسانی سەربەوان بەدواوەیە. کاربەدەستانی دەوڵەتی لە هەموو شوێنێک و لە هەموو ئاستەکاندا ئەو سیاسەت و بەرنامانە لە کردەوەدا بەرێوەدەبەن. بەمجۆرە تەبعیز و هەڵاواردن نەک هەر لە ئاستی خوارەوە و فەرهەنگی و کولتووریدا، بەڵکوو لە ئاستی رەسمی دا لە دژی خەڵکی کوردستان و کەمایەتیە مەزهەبی و نەتەوەییەکانی دیکە بەرێوەدەچێ و پرۆژەیەکی دەوڵەتیە.

لە ئاکامی ئەو سیاسەتە دەوڵەتیەدایە کە کەمایەتیە نەتەوەییەکان لە ئێراندا هەست دەکەن کە دەچەوسێنەوە، لە ژێر ستەمی نەتەوایەتی دان و لە مافی دیاری کردنی چارەنووسی خۆیان بێ بەشن.

هیچ کوردێک، بەلووچێک، عەرەبێک، ئازەریەک، باهائیەک، کەلیمیەک و سونیەک نابینی لە ئێرانی ئەمڕۆدا بەدەست سیاسەتی هەڵاواردن و جیاوازی دانانەوە وەزاڵە نەهاتبێ. ئاخر ئەوان ئەزموونی تاڵیان لەو بارەوە هەیە کە لە ژیانی واقعی خۆیانەوە لە نێو کۆمەڵگای ئەمڕۆی ئێراندا سەرچاوەدەگرێ. ئەوان لە زانکۆکاندا، لە ناوەندە ئیداری و دەوڵەتیەکاندا، لە کارگەو کارخانەکاندا، لە قوتابخانەو باخچەکانی ساوایاندا، لە پادگان و ناوەندە نیزامی و ئەمنیتیەکاندا، لە فرۆکەخانە و شوێنە گشتیەکاندا، تەنانەت لە نێوبازاڕ و مزگەوت و ناوەندە مەزهەبی و ئایینیەکاندا، هەڵسوکەوتی نا عادڵانەیان دەگەڵ دەکرێ و وەک هاونیشتیمانی دەرەجە چەندەم تەماشادەکرێن. ئەوان تەنیا تاوانیان ئەوەیە کە کورد، بەلووچ، عەرەب، ئازەری، کەلیمی، زەردەشتی ، تورکمەن یا سونین.

ئێستا پرسیار ئەوەیە کە ئەو جیاوازی دانان و هەڵاواردنە رەسمی و دەوڵەتیە بەرانبەر کەمایەتیەکان چ ئاکامێکی سیاسی لێ پەیدادەبێت؟

تاقیکردنەوەی ولاتانی فرەگەل بە گشتی و ئەزموونی ولاتی خۆشمان ئەوە نیشاندەدەن کە لە هەرجێیەک کەمایەتیەکان و کەسانی سەربەوان، پتر هەست بە هەڵاواردن و تەبعیز و جیاوازیدانانی نارەوا بەرانبەر خۆیان بکەن، بەشداری زیاتر لە کاروباری سیاسی دا دەکەن و ئەنگیزە و مۆتیڤاشونیان بۆ کاری سیاسی و رێکخراوەیی و خەباتگێرانە زۆرتردەبێ.

ئەوان دەیانەوێ ئەو رەوشە بگۆڕن کە لە نێویدا دەژین. خەبات و تێکۆشانی ئەوان لە هەلومەرجێکی لەوچەشنەدا، تێکۆشانیکی عادڵانەیە. هەر بۆیەش لەلایەن هەموو پەسندکراوە نێونەتەوەیەکان و کۆنڤانسیۆنەکانی مافی مرۆڤ و مافی کەمایەتیەکانەوە دەپارێزرێ و بە کردەوەیەکی رەوا دادەنرێ.

ئێمە خەڵکی کوردستان لەو چەند سەدەی دوایدا، هەمیشە سیاسەتمان لەسەر دارێژراوە و بەرێوەبراوە. واتە هیچ وەختێک خۆمان فاعیل نەبووینە لە سیاسەتگوزاریەکدا کە پێوەندی بە ژیانی ئێمەوە هەبووە. لەوەش زیاتر تەنانەت لە پیادەکرنی ئەو سیاسەتەشدا دەستمان نەبووە.

هەموو ئامانجی خەباتی ئێمەو نەتەوە بندەستەکانی دیکەی ئێران ئەوەیە کە بۆخۆمان ببینە دارێژەرو بەرێوەبەر و پیادەکەر و فاعیلی ئەو پۆلیتیکەی پێوەندیی بە ژیان و چارەنووسمانەوە هەیە. . ئێمە دەمانەوێ ئازادبین، ئازاد لە هەڵاواردن، لە تەحقیر، لە بە هێند نەگرتن، ئازاد لە مەینەتبەشی، ئازاد لە سەرکوت و زەبروزەنگ، ئازاد لە ستەمی نەتەوایەتی و ئازاد لە لەدواکەوتوویی راگیراندا. دەمانەوێ وەک خەڵکی تاران لە سەروەت و سامانی ولاتەکەمان کەڵک وەرگرین و شاروگوندەکانمان ئاوەدان بن. دەمانەوێ لە دەستەڵات و حکومەت و حاکمیەتی ئێراندا بەشداربین.

ئەو داخوازیە سیاسیە یە کە بۆتە سەرچاوەی مۆتیڤاشۆن و ئەنگیزەی خەباتی سیاسی خەڵکی کوردستان.

رێکەوتی : ٢٩ی مای ٢٠١٣

## بانگی ئازادی،

جیاوازیدانان بریتیە لە هەر چەشنە هەڵاواردنێکی نارەوا و نابەجێ کە دەوڵەت بەرانبەر کەسێک، کەسانێک یان گرووپێک یا پەیڕەوانی کەمایەتیە نەتەوەیی، مەزهەبی، ئیتنیکی، جینسی و زمانی و هتد.... یەکان بەرێوەی دەبات.

لەو ولاتانەدا کە نەتەوەو پەیڕەوانی دین و مەزهەبە جۆراوجۆرەکانی تێدا دەژین، ئەو جیاوازیدانانە لە فۆرم و شێوەی جۆراوجۆردا خۆی نیشاندەدا. بەڵام بە شێوەیەکی سەرەکی دەتوانین بڵێین کە پەیڕەوانی کەمایەتیەکان شانس و دەرفەتی وەک یەک و بەرانبەر لەگەڵ ئەوکەسانەیان نادرێتێ کە سەر بە نەتەوە یا دەستەوتاقمە دەستەڵات دارەکانن تا ئەوانیش بتوانن وەک ئەوان لە توانا و لێوەشاویی و سەرچاوەکانی خۆیان بۆ چوونە پێش و گەشەکردن و هەڵدان کەڵک وەرگرن(Rogstad 2001& 2006,Støren 2004).

لە وەزعێکی ئاوادا ئەو جیاوازی دانانە نارەوایە دەبێتە گیروگرفتێکی جدیی سیاسی و وەک گەورەترین کێشەی دێموکراسی خۆی نیشان دەدا. چونکە هەڵاواردنی لەو چەشنە دەبێتە هۆی ئەوەی نۆرم و بایەخە بنەرەتیەکانی مافی مرۆڤ و مافی شارۆمەندی بخرێنە ژێرپێ. چونکە لە ئاکام دا هەلی وەک یەک بۆ هەموو هاوولاتیان، بۆ بەشداری لە بەرێوەبردنی کاروباری ولاتدا پێک نایە.

ئێمە رۆڵەکانی گەلی کورد لە کوردستانی ئێران بە ئێسک و پێستەوە ئەو جیاوازی دانان و هەڵاواردنە نارەوایەی دەوڵەتی ناوەندی لەسەر خۆمان هەست پێ دەکەین.

ئەو هۆیانەی دەبنە سەرچاوەی ئەو جیاوازی دانان و هەڵاواردنانە زۆر و ئاڵۆزن. لەلایەک دەستەڵاتی سیاسی، ئابووری و فەرهەنگی و مێدیایی و نیزامی و ئەمنیەتیی لە دەستی نەتەوەیی

فەرمانڕەوا دایە. لەوەش زیاتر لە سێبەری کۆماری ئیسلامیدا دەوڵەت مەزهەبی تایبەت بەخۆی هەیە کە وەک چەکێک بۆ بردنە پێشی سیاسەتەکانی دەکاری دەکا. قانوون و سیاسەت و بەرنامە و پرۆژەکانی دەوڵەتی ناوەندیی بە جۆرێک دادەڕێژرێن کە ئەو هەڵاواردن و جیاوازیدانانە بۆتە تایبەتمەندیی هەرە بەرچاوی ئەوان. ئەوەش بەنۆرەی خۆی ئاکامی جۆراوجۆری بۆ کەمایەتیەکان و کەسانی سەربەوان بەدواوەیە. کاربەدەستانی دەوڵەتی لە هەموو شوێنێک و لە هەموو ئاستەکاندا ئەو سیاسەت و بەرنامانە لە کردەوەدا بەرێوەدەبەن. بەمجۆرە تەبعیز و هەڵاواردن نەک هەر لە ئاستی خوارەوە و فەرهەنگی و کولتووریدا، بەڵکوو لە ئاستی رەسمی دا لە دژی خەڵکی کوردستان و کەمایەتیە مەزهەبی و نەتەوەییەکانی دیکە بەرێوەدەچێ و پرۆژەیەکی دەوڵەتیە.

لە ئاکامی ئەو سیاسەتە دەوڵەتیەدایە کە کەمایەتیە نەتەوەییەکان لە ئێراندا هەست دەکەن کە دەچەوسێنەوە، لە ژێر ستەمی نەتەوایەتی دان و لە مافی دیاری کردنی چارەنووسی خۆیان بێ بەشن.

هیچ کوردێک، بەلووچێک، عەرەبێک، ئازەریەک، باهائیەک، کەلیمیەک و سونیەک نابینی لە ئێرانی ئەمڕۆدا بەدەست سیاسەتی هەڵاواردن و جیاوازی دانانەوە وەزاڵە نەهاتبێ. ئاخر ئەوان ئەزموونی تاڵیان لەو بارەوە هەیە کە لە ژیانی واقعی خۆیانەوە لە نێو کۆمەڵگای ئەمڕۆی ئێراندا سەرچاوەدەگرێ. ئەوان لە زانکۆکاندا، لە ناوەندە ئیداری و دەوڵەتیەکاندا، لە کارگەو کارخانەکاندا، لە قوتابخانەو باخچەکانی ساوایاندا، لە پادگان و ناوەندە نیزامی و ئەمنیتیەکاندا، لە فرۆکەخانە و شوێنە گشتیەکاندا، تەنانەت لە نێوبازاڕ و مزگەوت و ناوەندە مەزهەبی و ئایینیەکاندا، هەڵسوکەوتی نا عادڵانەیان دەگەڵ دەکرێ و وەک هاونیشتیمانی دەرەجە چەندەم تەماشادەکرێن. ئەوان تەنیا تاوانیان ئەوەیە کە کورد، بەلووچ، عەرەب، ئازەری، کەلیمی، زەردەشتی ، تورکمەن یا سونین.

ئێستا پرسیار ئەوەیە کە ئەو جیاوازی دانان و هەڵاواردنە ڕەسمی و دەوڵەتیە بەرانبەر کەمایەتیەکان چ ئاکامێکی سیاسی لێ پەیدادەبێت؟

تاقیکردنەوەی وڵاتانی فرەگەل بە گشتی و ئەزموونی وڵاتی خۆشمان ئەوە نیشاندەدەن کە لە هەرجێیەک کەمایەتیەکان و کەسانی سەربەوان، پتر هەست بە هەڵاواردن و تەبعیز و جیاوازیدانانی نارەوا بەرانبەر خۆیان بکەن، بەشداری زیاتر لە کاروباری سیاسی دا دەکەن و ئەنگیزە و مۆتیڤاشونیان بۆ کاری سیاسی و ڕێکخراوەیی و خەباتگێرانە زۆرتردەبێ.

ئەوان دەیانەوێ ئەو ڕەوشە بگۆڕن کە لە نێویدا دەژین. خەبات و تێکۆشانی ئەوان لە هەلومەرجێکی لەوچەشنەدا، تێکۆشانیکی عادڵانەیە. هەر بۆیەش لەلایەن هەموو پەسندکراوە نێونەتەوەیەکان و کۆنڤانسیۆنەکانی مافی مرۆڤ و مافی کەمایەتیەکانەوە دەپارێزرێ و بە کردەوەیەکی ڕەوا دادەنرێ.

ئێمە خەڵکی کوردستان لەو چەند سەدەی دوایدا، هەمیشە سیاسەتمان لەسەر دارێژراوە و بەرێوەبراوە. واتە هیچ وەختێک خۆمان فاعیل نەبووینە لە سیاسەتگوزاریەکدا کە پێوەندی بە ژیانی ئێمەوە هەبووە. لەوەش زیاتر تەنانەت لە پیادەکرنی ئەو سیاسەتەشدا دەستمان نەبووە.

هەموو ئامانجی خەباتی ئێمەو نەتەوەبندەستەکانی دیکەی ئێران ئەوەیە کە بۆخۆمان ببینە داڕێژەرو بەرێوەبەر و پیادەکەر و فاعیلی ئەو پۆلیتیکەی پێوەندیی بە ژیان و چارەنووسمانەوە هەیە. ئەو داخوازیە سیاسیە یە کە بۆتە سەرچاوەی مۆتیڤاشۆن و ئەنگیزەی خەباتی سیاسی خەڵکی کوردستان. هێمن وتەنی خەباتی ئێمە خەباتێکی ئینسانیە. بانگی ئازادی و گرووی یەکسانیە.

رێکەوتی : ٢٩ی مای ٢٠١٣

## چاویلکەی حیزبی ئێمە دەبێ لەیەک کاتدا هەم زەرەبین بێ، هەم نزیکبین و هەم دووربینیش بێ.

لەبەرانبەر گرێ پوچکەدا نابێت دەستەوەستان دانیشین. گرێ پوچکە دەبێ بکرێتەوەو لەوەش زیاتر دەبێ لە جێی هەرە سەخت دا بکرێتەوە.

نابێت بێڵین تیراوەی دەمارگرژیی سەرتاسەری سیاسەتی ئێمە دابگرێ. بزووتنەوەی میللی دێموکراتی کوردستان، وەک بزووتنەوەی میللەتێک کە ئاجێندا ئەسڵیەکەی بریتیە لە ڕزگاری لە ستەمی نەتەوایەتی، هاوڕایی سیاسی لێمان دەوێ. بنبەستی سیاسی بریتیە لەو شورە بەرزە ئیدەئۆلۆژیکیەی وەک خەتی سوور بەدەوری خۆمانماندا کێشاوە . بۆ هاتنەدەر لەو بنبەستە سیاسیە، پێش هەموو شتێک دەبێ ئەو زەنجیری رووحیەی مەزهەبی و ناموسپەرستی سیاسیەی کە لە دەستوپێی بیری سیاسی و عەمەلی سیاسی خۆمانمان ئاڵاندوە، بپچڕێنین.

سواری شایستە بۆ گەیشتن بە شوێنی مەبەست، یا لەو ڕێبەندانانەی کە دێنە سەر رێی لادەدا یا بەسەریاندا بازدەدا. بەم جۆرە چونکە ئەو بەداوی ئامانجێکەوەیە کە بریتیە لە گەیشتن بە شوێنی مەبەست، نایەڵی داوەڵ و ڕێبەندانەکانی سەر رێگا، رووحیەی چوونەپێشی تێدا بکوژن.

ئەرستۆ دەڵێ ئامانجی کاری سیاسی بریتیە لە هەوڵدان بۆ دابین کردنی خێری خەڵکی شار. ئێستا ئەگەر خێری خەڵکی شاری خۆمانمان دەوێ، دەبێ لەسەر چۆنیەتی دابین و دەستەبەرکردنی ئەو خێری گشتیە رێککەوین.

ئەوە ئیمکانی نیە، مەگەر ئەوەی کە لە پێشدا دەست لە یەخەی یەکتر بەردەین. خەڵک لە مەیدانی خەبات و بەربەرەکانی دا فەرهەنگێکی پێشکەوتووی سیاسیی هاوچەرخیان درووست کردوە. ئەو پەیامانەی جەژنی نەورۆزی پار لە شاروشارۆچکەکانی کوردستانەوە بە گوێماندا دران، پێمان دەڵێن کە دەبێ لە گۆشەنیگایەکی ڕوونترەوە بڕوانینە مەسەلەکان. زەمانە لێمان قبووڵ ناکا چۆرتکە لێدەین و بە خەواڵوویی بیر بکەینەوە. لە ململانێ و کەڵەوەکێشی دەگەڵ یەکتردا، وەزعی خۆمان و خەباتەکەمان گەیاندۆتە جێگایەک کە هیچکاممان لێی ڕازینین و دەزانین ئەوە شایستەی ئێمە و بزووتنەوەکەمان نیە. کەچی ئێستاش هەر خەریکی تاکتیک دەکارکردن دەگەڵ یەکترین.

ئەو دۆڵە سیاسیەی لە نێوان خۆمانمان درووستکردوە، بە تێپەرینی زەمان بە تەرمی ئێمە پڕدەبێتەوە. نەوەی تازەی میللەتی کورد بەسەر ئەو پردەدا تێ دەپەڕێ و ئەو دوژمنایەتی و ڕق و بەربەرەکانیانە بەجێ دێڵێ کە ئێمە خۆمانمان تێ یاندا زیندانی کردوە و لە ڕاستیدا دەورانیان بەسەرچووە.

وەختێک لە بەر چاوی خۆمان ئەوە دەبینین، ئایا باشتر ئەوەنیە بۆخۆمان بۆ پڕکردنەوەی ئەو دۆڵە سیاسیە دەستبەکاربین؟ یەکیەتی سیاسی و تەشکیلاتی حیزب بۆ خەباتەکەمان و بزووتنەوەکەمان هێندە گرنگ و کارسازە، کە هەر تێبینیەکی دیکەی سیاسی لە بەرانبەریدا بێ مانا دێتە بەرچاو. مەگەر کاری سیاسی بریتینیە لە دەستنیشانکردن و بردنە پێشی ئەولەویەتەکان؟

وا چاومان برپوەتە بەرپێی خۆمان کە تەنانەت ئاسۆ بەرین و بەرزەکانیش نابینین! ئاخر بیرکردنەوەی تاکتیکی و حەرەکەتی تاکتیکی ئەگەر لە خزمەت ستراتیژیەکی گەورە دانەبێ، دەبێتە هۆی تەنگەبەربوونەوەی گۆشەنیگای ڕوانگەی سیاسی.

بریا نیوەی ئەو هەموو وەخت و ئینێرژیەی ئێستا بۆ چارەسەری ئەو وەزعە خەرجی دەکەین کە بۆخۆمان بەسەر خۆمانمان هێناوە، ئەو دەم سەرفی بیرکردنەوە لە ئاکامی ئەو ڕەفتارانەی خۆمانمان کردبا کە بوونە هۆی پێکهاتنی ئەو بارودۆخە.

ئێستا ئەگەر پوختە بووبین، دەبێ لەو چەندساڵەدا هەم زۆرشتی تازە فێربووبین و هەم زۆر شتیشمان فەرامۆش کردبێت. لە پێداگۆگیدا پێناسەی فێربوون ئەوەیە کە مرۆڤ بتوانێ دوای دەرس و پەند و عیبرەت وەرگرتن، ڕەفتار و هەڵسوکەوتی خۆی بگۆڕێ. فێربوون هەر ئەوەنیە کە شتی تازە فێربی. فێربوون ئەوەش دەگرێتەوە کە شتە کۆن و لەباوکەوتوەکان فەرامۆشکەی. ئەوەتا وادەجوڵێینەوە دەڵێی نە هیچی تازە فێربووینە و نە هیچیشمان فەرامۆشکردوە. خەبات ڕەفتاری سیاسی تازەی لێمان دەوێ. پێویست ناکا تێکۆشین تۆبەنامەو ئیعتراف نامە لەیەکتر وەرگرین. ئەوە یارمەتی بە دروستبوونی فەرهەنگێکی سیاسی مۆدێرن لە نێومەدا ناکا. چونکە کامەمان لە مەوقعیەتێکی ئەوتۆدایە، وەک حەزرەتی عیسا دەڵێ هێندە پاک و بێگوناە بێت، بتوانێ بەردی یەکەم بگرێتە کابرای گوناهبار. بەڵام ئەگەر هەموومان تۆبەنامەو ئیعتراف نامە بدەینە حیزبەکەمان و خۆمان و میللەتەکەمان، ئەوە یارمەتیمان بە دروستبوونی فەرهەنگێکی سیاسی مۆدێرن کردوە، کە وەک ئۆکسجین بۆ هەناسەدانی خەباتەکەمان پێویستە. ئاخر کامەمان لەوجێ یەی دەرفەتمان هەبووە و بۆمان لواوە، زیادەڕۆییمان نەکردوە؟

چەند مانگ لەمەوبەر خوشکەمریەمی کەریمی، هاوسەری کاک محەممەدی کەریمی، بەهۆی نەخۆشی کۆچی دوایی کرد. کۆچی خوشکە مریەم کۆستێکی گەورەبوو بۆ هەموو ژینگەی کوردی لە نۆروێژ. ئەو دایکێکی مهرەبان بوو بۆ چەند کوڕ و کچی جوان. هاوسەرێکی بەوەفا بوو بۆ هاوسەرەکەی و کابانێکی لێوەشاوەو میوان دۆستێکی دڵگەورەو دەم بە بزەبوو. بەڵام ئەوەی ئازاری مەرگی خوشکە

مریەمی بە سۆتر دەکرد، بریتی بوو لەوە کە مەرگی ئەو نابەوەخت بوو. ئەو ڕۆمانێک بوو کە زۆر فەسڵی مابوون کەچی لە پڕ تەوابوو. لە سالۆنی بەڕێوەچوونی مەراسمی سەرەخۆشی خوشکە مریەمدا، کە سالۆنی قوتابخانەیەکی جیرانی ماڵی خۆیان بوو، هەندێک ڕستەی جوان بە دیواری یەکێک لە پایەکانی ساڵۆنەکەوە بە زمانی نۆروێژی هەڵواسرابوون کە یەکێک لەوان بۆمن سەرنج ڕاکێش بوو ئەو ڕستە ماناکەی ئەوبوو کە ئەگەر دەمانەوێت برۆینە پێش، دەبێ فێربین بە شێوەی دیکە بیربکەینەوە و لە پێرسپێکتیڤێکی دیکەوە تەماشا بکەین و بە زمانێک دیکە بدوێین. ڕاستیەکەی ئەوەیە کە ئێمە پێویستیمان بە بیرکرنەوەی تازە هەیە. بیرکردنەوە بە شێوەی تازە، ڕەفتاری سیاسی تازەشی بەدوا دادێت.

لە حاڵەتێکی ئاوادایە دەتوانین بڵێین لە ڕابردوو دەرسمان وەرگرتووە. وەختی ئەوەیە لەو کابووسە ڕاپەڕین. وەختێک بەرژەوەندیە گەورە نەتەوەییەکان لە گۆڕێدان، کەی وەختی تۆڵەسەندنەوەی شەخسی و پاکانە حیساب لە گەل یەکتریە؟ ڕوونە کە هەرکەس لە مەحفەلی خۆیدا ڕاحەتترە. بەڵام ڕاحەت بوون لە مەحفەلی خۆتا، کەی بۆتە هونەرێکی هێندەگەورە کە شانازی لەگەڵ خۆی بێنێ ؟

یەکیەتی سیاسی و تەشکیلاتی ئەو حیزبە هێندە پڕ ئەهەمیەتە، کە دەبێ وامان لێبکا بۆ دابینکردنی ئەو وەحدەتە سیاسی و تەشکیلاتیە، تەنانەت بچینە پشتی سەری ئەو کەسانەش کە موافقی بوونی ئەوان لە ڕێبەرایەتی حیزب دانین.

ئەو حیزبە بەرهەمی ڕەنج و خوێن و فرمێسکی نزیکەی یەک سەدەی میللەتێکە. کەواتە پاراستنی ئەو حیزبە وەک گەورەترین وەسیلەی خەبات، بۆ تێکۆشەرانی دێموکڕات، دەکەوێتە پێش هەر ئیعتبارێکی دیکەوە. هەمیشە وایە کە ئەوە جەماوەر و بەدەنە و خەڵکن بە بەشداری کارای خۆیان لە پرۆسەی سیاسیدا، هەلومەرجی چوونە پێشی خێری عموومی خەڵکی شار ئامادە دەکەن. دەبینین لە نێو ڕیزەکانی بزووتنەوەدا، سەفی موخالیفان و موافقانی وەزعی مەوجوود، بە بارتەقای عەرز و ئاسمان لێک جیاوازن و کەیفیەت و لەولاشەوە تەنانەت شێوەی بەڵگە هێنانەوەشیان بۆ دیفاع لە قسەکانیان زۆریان فەرق هەیە. ئەی کەوایە ئەو بنبەستە لەکوێ وە سەرچاوە دەگرێ. خۆ ناکرێ بڵێین ئیرادەی کار بۆ چارەسەریەکەی دەکەوێتە دەرەوەی دەستی خۆمان.

بەڕێز کاک مستەفا، سکرتێری گشتی حیزب، لە مێژە ئەو هەوری نیگەرانەی ڕەواندۆتەوە. ئەو لەوبارەوە زۆرجار وتویەتی ئەوە موشکیلەی حیزبی دێموکڕاتەو هەردەبێ حیزبی دێموکڕات خۆشی چارەسەری کات. ئەگەر دەمانەوێ هێزێکی گەورەی سیاسی لە نێو میللەتی خۆماندا بۆ خەبات بێنینە مەیدان، دەبێ بتوانین بە هەموو ناکۆکیەکانی نێوانمانەوە، بە هاوڕایی سیاسی بگەین. ئەسڵەن حیزبمان بۆیە درووست کردوە تا لەو وردەناکۆکی و ناڵێکیانە دەربازمان بێ و بتوانین لەسەر مەسەلە بنەڕەتیەکان پێکەوە هاوکاری بکەین.

کارکردن لە حیزبی دێموکڕاتدا کە حیزبێکی خەباتگێرە، سەختە. ئەوانەی لە کەشتیە ئاسمانیەکاندا، لە فرۆکەکاندا، لە کەشتیە ژێردەریاییەکان دا کار دەکەن دەزانن کار و هاوکاری و کۆمیونیکاشۆن لەو هەلومەرجانەدا چەندە زەریف و دەقیقە. لەفیلمە کاوبۆییە ئەمریکاییەکاندا، پاڵەوانی فیلمەکان دەبینین کە بە تەنێ یا لە گەڵ چەند سواری تر لە دەشتێکی کاکی بەکاکی گەورەو هەتا چاوبڕکات بەریندا، سواری ئەسپێک بووە، کڵاو گەرگەریەکی لەسەرناوە، سیگارێکی بەرگی بە لالێوەوە گرتوە و دەمانچەیەکی شەشلوولیشی بە قەدی خۆیدا هەڵواسیوە و شای بە سەپان نازانێ هەر گیڤەی سمێلی دێ و دەڕواتە پێش. یانی مەیدانی ئازادی عەمەلی زۆرە. بەڵام لە تەشکیلاتێکی خەباتگێردا کە کار بۆ ئازادی میللەتێک دەکا ئازادی عەمەلی لەو چەشنە بۆ کەس نیە.

ئەو وەزعەی بەسەر ئێمەو خەباتەکەماندا هات، زادە و هەڵقوڵاوی ئەو هەلومەرجە بوون کە ئەو دەم ئێمەی تێدابووین. ئەویش بە نۆرەی خۆی بەرهەمی ئەو شێوەبیرکردنەوەیە بوو ، کە کاروخەباتمان پێدەکرد. ئێستا ئەگەر بمانەوێ لەو وەزعە دەربازبین دەبێ بە جۆرێکی دیکە بیربکەینەوە و بە ڕووحیەیەکی دیکەوە حیزبایەتی و کاری سیاسی بکەین. ئەگەر نا لە داهاتووشدا تووشی هەمان دەردەسەری دەبینەوە کە ئەوەتا وەک مێردەزمە سواری سەرمان بووە. ئەگەر بتوانین فەزای کاری سیاسی و حیزبایەتی سالمتر کەین، دەتوانین حیزبەکەمان

بکەینە گەورەترین وەسیلەی خەبات و بەربەرکانی. ئەوەش بە نۆرەی خۆی بزووتنەوە بە هێزوبەرین دەکاتەوە.

حیزبایەتی و سیاسەتێک کە مۆنۆپۆلیزە و ئینحسار بکرێ، تووشی ناکارایی دەبێت. کەواتە پێویستیمان بە ڕەفتاری سیاسی دووربینانە ترە. واتە پێویستە حیزبایەتی و کاری سیاسی لە دەستی ڕەفتار و رووحیەی مەزهەبیگەری ئازاد بکەین.

چاویلکەی ڕوانینی حیزبی ئێمە دەبێ لە یەک کاتدا هەم بتوانێ نزیک ببینێ و وردەکاریەکان تێک کاتەوە، هەم دووربینیش بێ و بۆ فەتح کردنی قوللەو لوتکە بڵند و ئاسۆ بەرز و دوورەکانیش هیدایەتمان بکات. من ئەو قودرەتە لە حیزبی خۆماندا دەبینم. ئاخر حیزبی دێموکرات قەقنەسی گۆڕەپانی سیاسەتی کوردیە و زۆر جار دیتوومانە لە بن خۆڵەمێشدا کەوتۆتەوە باڵ لێدان و بە ئاسمانە بەرزەکاندا لە شەقەی باڵانی داوە. ئەسپی حیزبی ئێمە توانای ئەوەی هەیە، ئەو ڕێبەندانانە بخاتە پشت سەری خۆی کە لەسەر ڕێگای چوونە پێشیدان. من قەت لە خۆمان و ڕێبەرایەتی خۆمان نائومێد نیم.

ڕێکەوتی : ٢٥ی مای ٢٠١٣

## با مێژوومان میللی بکەین و شکڵێکی میللی و نەتەوەیی بە خەبات بدەین.

قەیرانی هەموولایەنەی کۆماری ئیسلامی هەروادێ بەرین دەبێتەوە. بایکۆتی ئابووری و بازرگانی وماڵیی ڕێژیم و بێزراویی سیاسی و دیپلۆماسی ئەو لە نێو وڵاتانی ناوچەو دونیادا لە لایەک و ئەو ناڕەزایەتیە جەماوەریەش کە لە نێوخۆدا لەگەڵی بەرەو ڕوویە لە لایەکی دیکەوە،

هەموو هێزو لایەنە نیشتیمانی و خەباتگێرەکانی وڵاتەکەمان هاندەدەن کە هەرچی زووتر خۆیان بۆ رووبەڕووبونەوە لەگەڵ ئەو ئاڵوگۆڕو چاڵێنجانە کە لە پێشماندان و شوێن لەسەر چارەنووس و داهاتووی وڵاتەکەمان دادەنین، ئامادەبکەن.

درێژەدان بەو پرشوبڵاویە سیاسیەی کە لەنێو کەسایەتی و هێزو لایەنە خەباتگێرەکانی کوردستاندا هەیە، مەترسی ئەوە زیاد دەکا کە میللەتەکەمان نەتوانێ وەک پێویست کەڵک لەو هەلانە وەرگرێ کە خەریکە دێنە پێش یا نەتوانێ زەرەری ئەو مەترسیانەکەم کاتەوە کە بۆی لە کەمیندان.

ڕاستیەکەی ئەوەیە کە حیزب و ڕێکخراو و کەسایەتی و لایەن و هێزە نیشتیمانی و دێموکراتیەکانی نێو گۆڕەپانی بزووتنەوەی میللی کوردستان لەگەڵ چاڵێنج و تاقیکردنەوەیەکی نەتەوەیی ئەوتۆ بەرەوروون کە ئاکامەکەی پێوەندیی بە ڕادەی وشیاری، ئاگاهی و لەخۆبردوویی و مایەلەخۆدانانی ئێستای ئەوانەوە هەیە.

ئێمە ئەگەر بە شێوەیەکی هاوئاهەنگ، یەکگرتوو، بەهێز و بە وشیاریەوە بجوڵێینەوە، نەک هەر دەتوانین تارادەیەکی زۆر ئەو پیلان و مەترسیانە پوچەڵکەینەوە کە لەسەر ڕێی خەباتی ڕەواماندان، بەڵکو دەتوانین بروا بەوەش لەخۆاماندا بەهێزبکەین کە لەدەستمان دێ بەرەی میللەتی خۆمان لە ئاوێ دەرێنین و بزووتنەوەکەمان بگەیەنینە سەرکەوتن.

هێنانەگۆڕی ناکۆکیە فیرقەیی، حیزبی و شەخسیەکانی ڕابردوو و زەقکردنەوەی خۆویستی و تێبینیە حیزبی و بەرژەوەندیە تایبەتیەکانی نێوان لایەن و کەسایەتیە میللی و نیشتیمانیەکان، تا ئێستا نەیان هێشتوە هێزو لایەن و کەسایەتیە میللی و نیشتیمانیەکانی کوردستان، بە پاراستنی ڕوانگە و بەرنامەی سیاسی خۆیانەوە، بتوانن لەسەر قازانج و بەرژەوەندیە نەتەوەییەکان پێکەوە هاوکاری بکەن.

وەختی ئەوەیە ڕابردوومان و میژوومان و کەسایەتیە ساسی و خەباتگێرەکانی ئێستاو ڕابردوومان، حیزبەکان و ڕێکخراوە سیاسیەکانمان، حیزبی دێموکرات، کۆمەڵە، خەبات، حیزبی کۆمۆنیست، پارتی ئازادی و هەروەها پێشەوا، ئەحمەد تۆفیق، موعێنی، قاسملوو، شەرەفکەندی شێخ عیزەدین، شێخ جەلال، مەلاخدری عەبباسی، یەزدان پەنا، موفتی زادە و ئەوانی تر و تەنانەت ئەوانەش کە ئێستا لە گۆڕەپانەکەدان، ناشناڵیزە و میللیی بکەین. یانی ئەوانە خۆیان و خەباتەکەیان و ئامانج و داواو ڕێبازە کەیان هی میللەتی ئێمە و هی کوردستانن و دەبێ ئاواش ببینرێن و هەلسەنگێنرێن. ئەگەر بەو پلەیە لە تێگەیشتنی سیاسیی بگەین، بزووتنەوەکەمان دەکەویتە سەر سکەیەکی لە گەڕانەوەنەهاتوو و بە خێراییەکی زۆر بەرەوپێشەوە دەڕوا. چونکە هەموو ڕۆڵەکانی کوردستان بە بیرکردنەوەیی جیاوازی سیاسی و فکریەوە خۆیانی تێدا دەبیننەوە.

ئەو وەزعەسیاسیەی لە پێشماندایە هیچی دیکە ئیجازەی درێژەدانی ئەو ڕەوشەمان پێنادا کە خومان پێوەگرتووە و لە نێوی دا دەژین.

ئەو کەس و لایەنانەی هێشتاش لەباری سیاسیەوە گەشەیان نەکردوە و جارێ هەر سەرمەستی وتنەوەی سرودی ئەنالحەقی خۆیانن، زۆر ناکیشێ تێدەگەن کە قەتاری زەمان و کاروانی خەبات بەجێی هێشتوون.

کاروانێک وەڕێکەوتوە کە بە خێرایی دەڕواتە پێش و لەسەر کەسیش ڕاناوەستێ. ئاڵوگۆڕەکانی ناوچەو دونیا و ئێرانیش، بای بە هێزتر دەخەنە پشتی سەریی کەشتی چارۆکەداری ئەو کاروانە. کۆمەڵگای کوردستان ئاڵوگۆڕی بنەڕەتی بەسەرداهاتوە. بەشی زۆری حەشیمەتی کوردستان لاو و باسەواد و وشیار و زانکۆ دیدەن. هەستی نەتەوایەتی و هاوپێوەندیی کوردایەتی ناسنامەی هاوبەشی هەموو ڕۆڵەکانی کوردستانە. چێنێکی مام ناوەندی بە هێز لە کوردستان پێگەیشتوە کە ماتۆڕی بزووتنەوەی کوردستان هەڵدەسوڕێنێ و پێگەی تەبەقاتی حیزبی دێموکڕاتە. خەڵک سەبارەت بە مەسەلە نەتەوایەتی و میللیەکان لەسەر هەستن و بەو هەموو سەرکوت و زەبروزەنگەوەش کە لەسەریانە، لە هەر دەرفەتێکدا کە بۆیان هەڵدەکەوێ، هاوپێوەندی نەتەوەیی خۆیان و عەزم ی خۆیان بۆ خەبات لە پێناوی ئازادی و ڕزگاریدا نیشاندەدەن.

جەوهەری کاری سیاسی و نێوەرۆکی پۆلیتیکی کوردی ئەمرۆ لە کوردستانی ئێراندا، شتێک نیە جگە لە خەباتی میللی و دێموکڕاتیک. شتێک نیە جگە لە کوردایەتی و خەبات بۆ ڕزگاری لەستەمی نەتەوایەتی و دواکەوتوویی سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتی و دابین کردنی مافی دیاریکردنی چارەنووس. هەر بۆیەیە نەوەی نوێی کوردستان، نەسلی تازەو وشیارو بێداری

کوردستان، تادێ زۆرتر قاوغە تەسک و ئیدەئیلۆژیکیەکان بەجێ دێڵێ.
ئێمە ئێستا ئەرکێکی گرنگتر لەوەمان لە پێشدانیە کە تێکۆشین هەموو رۆڵەکانی میللەتی کورد لە کوردستانی ئێران لە دەوری پلاتفۆرمێکی میللیی هاوبەش کۆکەینەوە. ئەوە کە بەزمانی ماتماتیک پێی دەڵێن گەورەترین کۆڵکەی هاوبەش واتە دۆزینەوەی گەورەترین مەخرەجی موشتەڕەکی نێوانی هێزو حیزب و کەسایەتیە نیشتیمانی و میللیەکان ئەرکی هەرەسەرەکی ئەو قۆناخەی خەباتە.
مۆبیلیزەکردنی هەموو هێزولایەن و کەسایەتیەکانی نێوکۆمەڵگای کوردستان بۆ چالاکی زیاتر، بەشداری زیاتر و مایەدانانی زیاتر تا هێزی زیاتر بخەینە خزمەت بزووتنەوە، ئەرکێکی دیکەی ئەمڕۆی هێزولایەنە سیاسیەکانی کوردستانە. بە هێزکردنی پێوەندی و ئاستی هاوکاری نێوان هێزە خەباتگێڕەکانی کوردستان و پەرەپێدانی دیالۆگ و کۆمونیکاشۆن لە نێوانیاندا، ئەرکێکی دیکەی سەرشانی هەموو لایەکمانە. هەلومەرجی بردنە پێشی سیاسەتێکی لەوچەشنە لە هەموو بارێکەوە ئامادەیە. لەلایەک خەڵک ئومێدێکیان بەوە نەماوە کە لە چوارچێوەی ئەو ڕێژیمەو سیاسەتەکانی دا ئاڵوگۆرێک بە قازانجی ئازادی پێک بێ. لە لایەکی دیکەشەوە قورسایی باری ژیان و بەرێچوون پشتی زۆربەی هەرەزۆری کۆمەڵانی خەڵکی چەماندۆتەوە. بەمجۆرە زەمینەی عەینی وەلانانی کۆماری ئیسلامی پێکهاتووە. ئەوە تەنیا رێگاچارەی ئەو قەیرانە سیاسیە هەمەلایەنەیە کە وڵاتەکەمان گیرۆدەیەتی.
لە هەلومەرجێکی ئاوادا،حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران کە هێزی سەرەکی نێو بزووتنەوەی میللی و دێموکراتی کوردستانە بە ئەرکی سەرشانی خۆی دەزانێ بەورێگایەدا بڕواتە پێش و زەمینەی گەیشتن بە تەوافوقی میللی دروستکات.
ئیعتباری سیاسی و پرستیژی بەرز لە کوردستان و ئێران و ناوچەدا توانای ئەوە دەداتە حیزبەکەمان کە لە دروستکردنی زەمینەی ئەو سیاسەتەدا نەخشی کارساز ببینێ. یانی ئەوە کە کار بۆ ئەوەبکەین خەبات لە شکڵی دەستەیی و گرووهی و فیرقەیی و حیزبی بێنینە دەر و شکڵی میللی پیبدەین.

رێکەوتی ١٣ی مای ٢٠١٣

## کەمایەتیە نەتەوەییەکان و بەشداریی کاریگەریان لە پرۆسەی سیاسیدا

لەو وڵاتانەدا کە نەتەوە و پەیرەوانی دین و مەزهەبە جۆراوجۆرەکان پێکەوە لە چوارچێوەی سیستەمێکی سیاسی دەوڵەتیدا دەژین، دەوڵەتی ناوەندی پێویستە هەموو سازوکارێکی پێویست بۆ خوڵقاندنی دەرفەتی لەبار بە مەبەستی بەشدارکردنی چالاکانەی کەمایەتیەکان لە پرۆسەی سیاسی وڵاتدا بگرێتە پێش.
مەنشوری رێکخراوی نەتەوەیەکگرتوەکان، دەوڵەتەکانی ئەندامی ئەو رێکخراوە بۆ بەرێوەبردنی ئەو پەیماننامانەی کە رێکخراوی نەتەوەیەکگرتوەکان بۆ پاراستنی مافی مرۆڤ و دەستەبەرکردنی مافی کەمایەتیە نەتەوەیی و ئاینی و مەزهەبی و زمانیەکان پەسندی کردوون، بەرعۆدە دەکا.لەوەش زیاتر ئەرکیان دەخاتە سەر شان تا بۆ پیادەکردنی ئەو پەیماننامانە لە ئاستی دونیادا، هاوکاری وڵاتانی دیکەو کۆمەڵگای نێونەتەوەی بکەن.
ئەوە بەومانایە کە بێجگە لەو قانوونانەی کە لە ئاستی هەر وڵاتێکدا دەوڵەت بە حوکمی ئەندام بوونی لە رێکخراوی نەتەوەیەکگرتوەکاندا دەبێ بۆ پاراستنی مافی کەمایەتیەکان بەرێوەیان بەرێ، قانوونی نێودەوڵەتیش گەلێک کۆنڤانسیۆنی جۆراوجۆری بۆ پاراستنی مافی کەمایەتیەکان و دابینکردنی هەلومەرجی لەبار بۆ بەشداربوونی ئەوان لە کاروباری سیاسیی وڵاتەکانیان دا وەبەرچاوگرتوون کە دەوڵەتەکان پێویستە لە سیاسەتگوزاری خۆیاندا بەرانبەر بە کەمایەتیەکان وەبەرچاویان بگرن.
کۆنڤانسیۆنەکانی رێکخراوی نەتوەیەکگرتوەکان بۆ مافە مەدەنی و سیاسی ئابووری و کۆمەڵایەتی و کولتووریەکان، رێوشوێنە گشتیە پێویستەکان بۆ بردنەپێشی وەها سیاسەتێک بۆ دەوڵەتەکان دەستنیشان دەکەن.جیا لەوان هەر وەک وتمان لە ئاستی نێونەتەوەیی و ناوچەییشدا، ژمارەیەکی زۆر قانوون و یاسایی تایبەت بە پاراستنی کەمایەتیەکان لەلایەن ئۆرگانە نێونەتەوەیی و ناوچەییە سەڵاحیەتدارەکانەوە پەسندکراون کە ئیعتیباری قەزایی و قانوونیان هەیە.
کەواتە لە دونیای ئەم سەردەمەدا، ئیدی دەوڵەتەکان ناتوانن وەک رابردوو بە کەیفی خۆیان بجوڵێنەوە و لە پشتی پرنسیپی سەربەخۆی و حاکمیەتی میللی و نیشتیمانی، سیاسەتی بێ عەداڵەتی و هەڵاواردن و تەبعیز دەرحەق بە کەمایەتیەکان بەرێوەبەرن.
یەکێک لەو ئەسڵانە کە قانوونی نێونەتەوەیی بۆ بەشدارکردنی کەمایەتیەکان لە پرۆسەی سیاسی وڵاتەکانیاندا پێی لەسەردادەگرێ، بریتیە لە پرنسیپی ئامادەکردنی هەلومەرجی لەبار بۆ بەشداری کاریگەر و چالاکانەی ئەوان لە پرۆسەی سیاسیدا.
بەگوێرەی ئەو ئەسڵە، کۆمەڵگای نێونەتەوەیی و قانوونی نێودەوڵەتی حوکم دەکەن کە دەوڵەتەکان بێجگە لەو رێوشوێنە جۆراوجۆرانەی کە بەشێوەیەکی گشتی بۆ بەشداری هاووڵاتیان لە پرۆسەی سیاسیدا پیادەیان دەکەن، پێویستە هەندێک سازوکار و بەرنامەو پلان و سیاسەتی تایبەتی دیکەش بگرنەپێش کە رێگا بۆ بەشداریی چالاکانەی کەمایەتیەکان لە پرۆسەی سیاسیدا خۆشبکەن.جەوهەری ئەو کارە بریتیە لە بەرێوەبردنی سیاسەتی هەڵسوکەوتکردنی تایبەتی و موسبەت بەرانبەر بە کەمایەتیەکان واتە( affirmative action ) یا ئەوەی مامۆستا گۆران گوتەنی برا عەرەبە چاوڕەشەکانمان پێی دەڵێن (الإجراءات الإيجابية).
ئەو هەڵسوکەوتکردنە پۆزەتیڤ و تایبەتیە لە کردەوەدا دەتوانێ فۆرمی جۆراوجۆر بە خۆیەوە بگرێ.وەک دۆزینەوەی چارەسەری بۆ کێشەی کەمایەتیەکان، ئەوە کە کەمایەتیە کان ئۆتۆنۆمی یان بدرێتێ، یا لە ناوچەکانی شوێنی دانیشتنی خۆیاندا دەستەڵاتی ئیداری و خۆبەرێوەبەری خۆیان پێ بدرێ، یا دامەزراوی ساسی و کۆمەڵایەتی و فەرهەنگی و کولتووری و مێدیایی کۆمەڵایەتی و تەندروستی تایبەت بۆخۆیان بۆ درووست بکرێ کە ئەوان بە هی خۆیانی بزانن و ئەو دامەزراوانەش لە کردەوەدا دیفاع لە ماف و ئازادیەکانی ئەو کەمایەتیانە بکەن.یانی پێویستە ئەو مافە بە کەمایەتیەکان بدرێ کە هەندێک ئەنستیتۆ و موئەسەساتی تایبەت بە خۆیان درووستکەن کە لە کردەوەدا نوێنەرایەتی ئەوان بکەن.( special representation righes )

واتە هەندێک ئۆرگانی تایبەت بەخۆیان دروستکەن کە لە بەرانبەر دەستەڵاتی ناوەندی و ئەو زۆرایەتیەدا کە دەستەڵاتی لە بە دەستەوەیە، بیان پارێزن و قازانج و بەرژەوەندیەکانی ئەوان بەرنە پێش.ئەوەش دەکرێ بە شکلێ پارڵەمانی ناوچەیی، حیزب و ڕێکخراوی سیاسی و فراکسیۆنی سیاسی تایبەت بە خۆ، حکومەتی ناوچەیی، فیدراڵیزەکردنی وڵات، دیسانتراڵیزەکردنی دەستەڵاتی حکومەتی و پێکهێنانی ئۆرگان و موئەسەساتی جۆراوجۆر بۆ پیادەکردنی حاکمیەتی شەراکەتی لە ئاستی سەرانسەریدا، خۆی نیشانبدا.
ئەو ڕوانگە تازەیە ئاڵوگۆڕی بەرچاوی بە سەر ئەو لێکدانەوە لیبراڵیەدا هێنا کە پێشتر لە قانوونی نێودەوڵەتیدا بۆ مەسەلەی کەمایەتیەکان دەکرا و دوای شەری دووهەمی جیهانی برەوی پەیدا کردبوو.لێکدانەوەیەک کە دەیگووت دەوڵەت پێویستە هەلومەرجێک پێک بێنێ تا هەموو هاووڵاتیان، بێ وەبەرچاوگرتنی هیچ جیاوازیەک، بتوانن وەک یەک لە پرۆسەی سیاسیدا بەشداری بکەن.واتە یەک سیاسەت political equality

## بەرانبەر بە هەموو هاووڵاتیان بێ هەڵاواردن بەڕیوەبەرێ.

ئێمە کوردەکان ئەوەشمان پێ ڕەوانەبینراوە و وەک هاووڵاتی دەرەجە سێ و چوار سەیرمان کراوە.کاتێک دووکتۆر قاسملوو لە دیدار لە گەڵ خومەینی دا، پێی دەڵێ ئێمە کوردەکانی ئێران چاوەڕوانین دەوڵەتی مەرکەزی داخوازەکانی خەڵکی کوردستان وەبەرچاو بگرن، لەوەڵامدا خومەینی دەڵێ هەموو موسوڵمانین.بەڵام وەک موسوسوڵمانیش ڕەفتارمان دەگەڵ نەکرا.دواتر هەر ئەو خومەینیە جیهاد بە دژی خەڵکی کوردستان ڕاگەیاند.
بەوجۆرە لە دەیەی ئاخری قەرنی ڕابردوودا، پاش ڕووخانی سیستەمی سۆسیالیزمی مەوجود و سەرهەڵدانی کێشەی کەمایەتیەکان لە ئورووپاو وڵاتانی سۆسیالیستی پێشوودا، بەتایبەت دوای کارەساتەکانی باڵکان و کۆنگۆ و ئاسیای نێوەڕاست، هەروەها بەهۆی تووندتر بوونی کێشەی نەتەوەیی و بڵێسەداربوونی خەباتی گەلانی ژێر چەپۆکە و یەک لەوان نەتەوەی کورد لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستدا، مەسەلەی گەل و نەتەوە بندەستەکان و کەمایەتیەکان لە ئاستی نێودەوڵەتیدا بوو بەمەسەلەی هەرە سەرەکی.
ساموئێل هەنتنگتۆن, بە هەڵسەنگاندنی ئەو دیاردەیە وتی ئیدی لەمەو بەدوا کێشەی ئەسڵی، کێشەی نێوان فەرهەنگەکان، کولتوورەکان، تەمەدوونەکان و نەتەوەو کەمایەتیە جیاجیاکان لە گەڵ یەکتر دەبێت .شەهید دووکتۆر سەعید لە ڕاپۆرتی خۆی بۆ کۆنگرەی ٩ی حیزبدا، بە خۆش بینیەوە دەڕوانێتە ئەو وەزعە تازە نێونەتەوەییە.لەوەش زیاتر وەک شانسێکی تازە کە بۆ خەباتی ئازادیخوازانەی نەتەوەی کورد هاتۆتە پێش، لە سیاسەتگوزاری بزووتنەوەی کوردا، حیسابی بۆ دەکاتەوە.
بەو شێوە لە ئاکامی ئەو وەزعەدا، مەسەلەی مافی کەمایەتیەکان لە قانوونی نێونەتەوەییدا بوو بە مەسەلەیەکی ئاکتوێل و لێکدانەوەی قوڵتر و دەوڵەمەندتری بۆ کرا.
ئەو تێزەی کەدەڵێ دەوڵەت دەبێ یەک سیاسەت بەرانبەر هەموو هاووڵاتیان بێ جیاوازی بەڕێوەبەرێ تا دەرفەت و شانسی وەک یەکیان بۆ بەشداری لەکاروباری سیاسیدا بۆ پێکبێنێ، لە وڵاتە فرە کولتووری و فرەفەرهەنگیەکاندا، لە کردەوەدا نەک هەر بە بن بەست گەیشت، بەڵکوو کارەساتی ئینسانی گەورەشی لێکەوتەوە.
ئەو سیاسەتە تەعبیرێکی بەرتەسک بوو کە لە پرنسیپی سیاسەتی وەک یەک political equality یا یەک جۆرە سیاسەت دەکرا.لەو پرینسیپەدا، دەوڵەت بە مەبەستی دابینکردنی مافی وەک یەک بۆ هاووڵاتیان بۆ بەشداری لە پرۆسەی سیاسیدا یەک سیاسەتی ڕەسمی و دەوڵەتیی دەباتە پێش.بەڵام ئەزموونە مێژوویەکان دەریدەخەن کە لە کردەوەدا زۆرایەتی دەستەڵاتدار کە دەوڵەتی بە دەستەوەیە، هەمیشە تەبعیزی بە دژێ کەمایەتیەکان بەڕێوەبردوە.
دواتر ئەو پرنسیپە خوێندنەوە و تەفسیر قوڵتری بۆکرا.شانسی وەک یەک و equality of opportunity هەروەها ئاکامی وەک یەک equality of outcome بوون بە جەوهەری ئەو تێگەیشتنە نوێە.لەوەش زیاتر ئەو تێگەیشتنە نوێە ئەو سیاسەتە تایبەتیانەش دەگرێتەوە کە بۆ بە هێزکردن و ڕاهێزان و ئیمپاوەرمێنتدان بە کە مایەتیەکان دەبێ وەبەرچاو بگیردرێن.
یانی نێوەرۆکی سیاسەتی وەک یەک هەم شانسی وەک یەک و هەم ئاکامی وەک یەک دەگرێتەوە و هەم ئەو سیاسەتە تایبەتیانەش دەگرێتەوە کە وەزعی تایبەتیی کەمایەتیەکان بە حیساب دێنی.
ئەوەی تایبەتیە بە ئێمەی کورد لە هەموو پارچەکانی کوردستان ئەوەیە کە هیچ کات هەستمان نەکردوە کە شانسی وەک یەکمان لە گەڵ کەسانی سەربەنەتەوەی دەستەڵاتدار هەبێ تا بتوانین بە ئەندازەی ئەوان لە کێکەکە بۆ خۆمان هەڵگرین.
لەتەعبیری مۆدێرنی ئەو پرنسیپەدا، کە دوای ساڵانی ١٩٩٠ ، بۆتە کۆڵەکەیەکی دیکەی ئەو سیاسەتە کە دەوڵەت دەبێ بەرانبەر کەمایەتیەکان ڕەچاوی بکا، مافە کولتووری و فەرهەنگی و سیاسی و مەدەنیەکانی کەمایەتیەکان، وەک فاکتۆرێکی پڕبایەخ دەژمێردرێن.یانی دەوڵەت بۆ ئەوەی شانس و دەرفەتی وەک یەک بۆ بەشدارکردنی هەموو هاووڵاتیان لە پرۆسەی سیاسیدا پێکبێنێ، پێویستە هەر لەسەرەتاوە بە ڕەچاوکردنی ئەو جیاوازیانەوە دەست پێبکا کە لە نێوان هاووڵاتیاندا هەن.واتە ئەو جیاوازیانە ببینێ کە کەمایەتیە میللی و ئاینی و مەزهەبی و فەرهەنگیەکان لە زۆرایەتی فەرمانڕەوا و دەستەڵاتدار جیادەکەنەوە و ڕێز لەو جیاوازیانە بگرێ و دەرفەتی گوڵ کردن و گەشەکردنیان بۆ درووستکا.
لێرەدایە کە فاکتۆری هەویەت و ناسنامەی نەتەوەیی و فەرهەنگی و کولتووری و مەزهەبی و ئیتنیکی، وەک پاڕامیترێکی جدی لە سەر ڕەوتی چۆنیەتی چوونەپێشی پرۆسەی سیاسیدا، خۆیان نیشان دەدەن.واتە پەیڕەوانی کەمایەتیە نەتەوەییەکان تەنیا کاتێک دەتوانن بەشداری کاریگەر لە پرۆسەی سیاسیدا بکەن کە ناسنامەو کولتوورو فەرهەنگی تایبەتی خۆیان بۆ بەڕەسمی بناسرێ و لەو کۆنتێکستەوە لە پرۆسەی سیاسیدا بەشداربن کە ناسنامەی نەتەوەیی و کولتوری خۆیان پێ ڕەوادەبینێ.
بەو جۆرە بۆمان دەردەکەوێ کە کەمایەتیە نەتەوەییەکان لە ئێرانی ئەمڕۆدا، ناتوانن بە شێوەیەکی ئاسایی لە پرۆسە ی سیاسی وڵاتدا بەشداری بکەن.چوونکە بەشداری ئەوان لە پرۆسەی ئاسایی سیاسیدا هیچ کاریگەریەکی جیدی لەسەر وەزعی سیاسی وڵات و چارەنوسی خۆیان نابێت.لە لایەک کۆماری ئیسلامی سیستەمێکی مەزهەبی وغەیرە دێموکڕاتیکە.لە لایەکی دیکەش ناتوانێ و لە ماهیەتی دا نیە سیاسەتێکی وەک یەک بەرانبەر هەموو هاووڵاتیان بەڕێوەبەرێ تا دەرفەت و شانسی وەک یەکیان بۆ تەئسیر گوزاری بداتێ.لە ئاکامدا لە ئاستە جۆراوجۆرەکاندا سیاسەتی تەبعیزو هەڵاواردن بەرانبەر کەمایەتیە میللی و مەزهەبی و ئاینی و جنسیەکان بەڕێوەدەبات.ئەوە شتێکە ئێمە خەڵکی کوردستان بە ئێسک و پێستەوە هەستی

پێدەکەین.لە لایەکی دیکەشەوە چونکە دەوڵەتی ناوەندیی هیچ سازوکارێکی تایبەتی بۆ چارەسەری کێشەی نەتەوە بندەستەکان نیە و ڕێگاش نادات ئەوان بۆ بردنەپێشی داخوازی و قازانجەکانی خۆیان، دامەزراو و موئەسەساتی تایبەت بەخۆیان هەبێت، کەمایەتیەکان ناتوانن بەشداریی کاریگەر لە پرۆسەی سیاسی وڵاتدا بکەن.بۆیە بەشداری ئێمەی خەڵکی کوردستان لە هەڵبژارنەکاندا، شوێنەوارێکی بەرچاوی لە سەر پرۆسەی سیاسی نابێت.

لە ئێراندا لەلایەک سیاسەتێکی وەک یەکی یەکی دەوڵەتیی بەرامبەر هاووڵاتیان بەڕێوەناچێ.دەرفەت و شانسی وەک یەک نادرێتە کەمایەتیەکان.لە لایەکی دیکەشەوە بە توونڈی تەبعیزیان پێ ڕەوادەبینرێ.لەوەش زیاتر هیچ دامەزراو و موئەسەساتێکی تایبەت بەخۆیان بۆ لەبەرچاوناگیرێ تا بتوانن بە شێوەیەکی چالاکانەو کاریگەر لە ڕێگای ئەوانەوە تەئسیر لەسەر پرۆسەی سیاسی دانێن.کاتێکیش ئیعترازو نارەزایەتی خۆیان بەرانبەر ئەو باروودۆخە دەردەبڕن، لە گەڵ سەرکوت و زەبروزەنگی دەوڵەتیی بەرەو ڕوودەبن.بۆیە لە هەلومەرجێکی ئاوادا وەزعەکە شکڵێکی دیکە بەخۆوە دەگرێ.

لە هەلومەرجێکی ئاوادا نەتەوە بن دەستەکان ناچارن بۆ بردنە پێشی ویست و داخوازەکانی خۆیان ڕێگای شۆڕش و خەباتی سەخت و تەنانەت خوێناویش بگرنە پێش.خەبات و بەربەرەکانی سەخت و خوێناوی سێ دەیەی ڕابردووی خەڵکی کوردستانی ئێران بۆ دیفاع لە مان و مەوجودیەتی ناسنامەی نەتەوەیی خۆی دەبێ لەو پێرسپێکتیڤەوە تەماشابکرێ.لەخۆڕا نەبوو دوکتور قاسملووی شەهید دەیگووت دیفاع و بەربەرەکانی و خەباتی چەکدارانەی گەلی ئێمە لووتکەی هەرەبەرزی خەباتی سیاسی و بەشداربوونە لە پرۆسەی سیاسیدا.

ڕێکەوتی : ٦ی مای ٢٠١٣

## کوردستان دەبێ زەنجیری ئیسلام لە دەست و پێی خۆی بکاتەوە.

کرانەوەی کوردستان بە ڕووی دونیای دەرەوەدا، پێوەندیی بەرینی کوردستان لەگەڵ بازاری جیهانی، هاتووچۆی بەربڵاوی خەڵک هەرێم بۆ وڵاتانی دەرەوە، گەشەکردنی تکنۆلۆژی ڕاگەیاندن و چوونەسەری ئاستی ژیان، ڕەوتی پێکهاتنی ئاڵوگۆڕە کۆمەڵایەتی و کولتوریەکانیان لە نێوکۆمەڵگای کوردستاندا خێراتر کردوە. ئەوەش بەنۆرەی خۆی دیالۆگێکی نیشتمانی لێ کەوتۆتەوە کە زۆر لایەن بەشداری تێدادەکەن.

کاکڵی باسەکان لەو گفتوگۆیانەدا ڕەنگدەدەنەوە کە لە نێوان بەشێک لە کەسایەتی و ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگای مەدەنی لە لایەک و بەشێک لە مامۆستایان ئاینیی لە لایەکی دیکەوە لەگۆڕێدان. وتارەکانی بەڕێز مامۆستا مەزهەری خوراسانی پێژنوێژی مزگەوتی قادر بلە لە شاری هەولێر چڵەپۆپەی ئەو باسانەن کە لەوبارەوە لەڕاگەینە گشتیەکان دا بڵاودەبنەوە.

ئەو دیالۆگە نیشتمانیەی کە باسمان کرد، دەرفەتێکی هێناوەتەپێش تا ئەوپرسیارە جارێکی دیکەش بێنینە گۆڕێ کە ئایا ئیسلام توانای ئەوەی هەیە لەگەڵ دێموکڕاسی و مافەکانی مرۆڤ، ئازادی ولیبرالیزم و مۆدێرنیتە ونوێ بوونەوە خۆی بسازێنێ؟

منیش لە دوورەوە دەمەوێت لەو باسانەدا بەشداری بکەم. پێشەکیش داوایلێبووردن لە مامۆستا مەزهەری خوراسانی و هەر مامۆستایەکی دیکە دەکەم ئەگەر بەجۆرێک لە قسەکانی من نارەحەت بن. هەندێک ڕێکخراو و کەسایەتی ئیسلامی لە کوردستان باس لەوەدەکەن کە دێموکڕاسی ڕەگی لە ئیسلامدا هەیە. ئەوان لەوەش تێدەپەڕن و باس لە دێموکراسی ئیسلامی ومافی مرۆڤی ئیسلامی دەکەن. بزانین ئەو ئیدیعایەی ئەوان تاکوێ ڕاستە؟

لە هەندێک وڵاتی ئیسلامیدا، بۆ نموونە لە میسر و ئێران و تورکیەدا، هەر لە نیوەی دووهەمی سەدەی نۆزدەهەمەوە، بەشێکی زۆر لە توانای فکری زاناکانی ئیلاهیاتی ئیسلامی بۆ ئەوە تەرخانکراوە تا نوێبوونەوە، دێموکراسی و ئازادی و مافی مرۆڤ لە ئیسلام بێننە دەرەوە.

ئەوان لەو دوو سەدەی دواییدا، بەکەیفی خۆیان هەموو دەسکاریەکی پێویستیانلە تێکست و دەقە مەزهەبیەکان و مێژووی ئیسلامدا کردوە تا بەڵکوو بتوانن ئیسلام لە گەڵ ڕێنسانس و نوێبوونەوە بگونجێنن.

با بۆ ڕوونبوونەوەی زیاتری باسەکە لە پێشدا ئەزموونی ئەورووپاییەکان لێکدەینەوە.

ئورووپاییەکانیش، بۆسەدان ساڵ، هەر لە سەدەی دوازدەهەمەوە تا ئەو دوو سەدەی ڕابردووش، بەدەستهەمان کێشەوە گیرۆدە بوون. بۆ ئەوانیش زۆر زەحمەت بوو کە هەروا ئاسان مرۆڤ وەک مەوجودێکی خودموختار و بەرپرس و مەسئول بناسن. بۆیان سەخت بوو کە بیر و فکر و ئەندێشە لە کۆت وزەنجیری ئیمانی مەزهەبی ئازاد بکەن.

ئەوانیش وەک هەندێک لە مامۆستا ئاینیەکانی لای خۆمان، هەویەت و ناسنامەیخۆیانیان لە کولتوور ئاینی خۆیاندا بەدی دەکرد. لەوەش زیاترئەو فەرهەنگ و کولتوورەیان، بە شتێکی ئەبەدی و موتڵەق و نەگۆڕ لە قەڵەمدەدا.

ئەو سێ ئەسڵەی ئورووپا بۆ نوێبوونەوەی خۆی، بۆ پێشکەوتنی خۆی، بۆ مۆدێرنبوونی خۆی پەیڕەوی لێکردن، واتە ئازادی ئینسان، عەقڵگەرایی و هەوڵدان بۆ گەیشتن بە کەماڵ، بۆ بەشێکی زۆری خەڵکی ئورووپاش تا ماوەیەکی زۆر دوور لە عەقڵ دەهاتنە بەرچاو.

ئاخر چۆن دەبێ ئینسانی نەزانی گوناهبار، لەبەرانبەر مەشیەتی خوداوەندی گەورەدا، کە سوکانی هەموو سانیەو دەقیقەکانی ژیانی وی بەدەستەوەیە، بە حیساب بێ؟ چۆن دەبێ ئەو ئینسانە نەزان و گوناهبارە وەک مەوجودێکی خاوەن بیرو ئیرادە و عەقڵ بناسرێ، کە نەک هەر بیردەکاتەوە تا ڕازەکانی بوون و خلقەت دەرک بکا، بەڵکوو تێدەکۆشێ یاساو قانوونەکانی زاڵ بەسەر خلقەت و جیهانیشدا بناسێ و بۆ کۆنترۆڵ کردنی دونیا و پێکهێنانی ئاڵووگۆڕ تێیدا، دەکاریان بکا؟

ئەو ڕەوتە بۆ ئورووپاییەکان سەدان ساڵی کێشا. ئەوان بە شێوەیەکی ئاساییەو قۆناخەدا تێپەڕین. ئاخر ئەوان لەو نیعمەتی تکنۆلۆژیە هاوچەرخەیڕاگەیاندن کە ئێستا وڵاتانی موسوڵمانی بە هەزار داوی تووندەوە بە دونیای هاوچەرخەوە گرێداوە بێ بەشبوون. ئەوە کە مامۆستا مەزهەر لە مزگەوتی قادربلە لە هەوڵێر وتاردەدا و ڕاستەوخۆ من لە قوتبی شیمال لە لە ڕێگای ئینترنێت و سەتەلایتەوە گوێم لە قسەکانی دەبێت و دەکەوینە شیکردنەوەی قسەکانی، تەنیا نموونەیەکی بچکۆلەی ئەو دەرفەتەیە کە تکنۆلۆژی سەردەم پێکی هێناوە.

بۆیە چاوەڕواندەکرێ ئاڵووگۆڕە کۆمەڵایەتیەکان لەوسەردەمەدا خێراتر رووبدەن. ئەگەر ئەو پرۆسەیە بۆ ئورووپا سەدان ساڵی کێشا، ڕەنگە بۆکۆمەڵگائیسلامیەکان ئەوەندە نەکێشێ. ئاخر وڵاتانی ئیسلامی هەرچی بکەن ناتوانن خۆیان لەو ڕایەڵکە گەورەی پێوەندی و ڕاگەیاندنە دەربازکەن کەدونیای کردۆتە گوندێکی چکۆلەی وەک قوشتەپەو لە کردەوەدا هەموو کەس و هەموو شتێکی پێکەوە گرێداوە. کاریگەری و شوێندانانی ڕووداوەکانی دەرەوە، پێشکەوتنەکانی دەرەوە، ئاڵوگۆڕەکانی دەرەوە، داهێنان و دۆزینەوەکانی دەرەوە، تکنۆلۆژی جۆراوجۆر و کاڵا مەسرەفیەکانی دەرەوە لەسەر خەڵکی کۆمەڵگا ئیسلامیەکان، زۆر گوێ ناداتە ئەوەی ئاخۆ ئەوان چیان بە دڵە وچیان پێخۆشە یا پێ ناخۆشە. واتە بێ گوێدانە دڵی ئەوان و پێخۆش بوون و پێ ناخۆشبوونیان، ڕووداوەکانی دونیای دەرەوە، شوێنەواری خۆیان لەسەر بیر وزەینی ئەو خەڵکە بە جێ دێڵن. هیچ دیوارێک لە نێوان فەرهەنگ کولتورەکاندا بە پێوە نامێنێ. چۆن مرۆڤەکان و بازاڕەکان و وڵاتەکان لەگەڵ یەک دەکەونە کاروکاسبی و ئاڵوویر و بازرگانی و بدەوبستان، فەرهەنگ و کولتووره جۆراوجۆرەکانیش هەر بەوجۆرە دەگەڵ یەک دەکەونە بدەو بستان.

دیارە ئەو بدەوبستانە بە قازانجی ئەو کولتوورە، ئەو فەرهەنگە تەواودەبێکە زیندوترە، دینامیکترە، بە هێزترە، توانای دانی زیاترە، کراوەترە، دەوڵەمەندترە.

کەواتە ئاڵوگۆڕ لە کوردستانیش دا دەستی پێکردوە و تادێ توندترو خێراتریشدەبێ. ئەوە کە هەندێک کەس و توێژی سوننەتی لە کوردستان تێکۆشن پێش بەو ڕەوتە بگرن، هیچ لە مەسەلەکە ناگۆڕێ، بەڵام ڕەنگە خەرجی تێچونی ئاڵوگۆڕەکان تۆزێک بەرێتە سەرتر.

ئێستا لەبەر ڕووناکایی ئەو قسانەی سەرەوەدا هەموومان دەگەینە ئەو قەناعەتە کە ئاڵوگۆڕ لە کوردستاندا گەڕانەوەی بۆ نیە و دەبێ ڕەگەڵی کەوین و هیدایەتی کەین. بەڵام ئایا دەبێ ئەو ئاڵوگۆڕانە لە داب و نەریت وریۆشوینە سوننەتیە کولتوری و فەرهەنگیەکانی سەردەمە کۆنەکان و چاخەکانی نێوەڕاستی مێژوومانەوە ئیلهام وەرگرن؟ یا دەبێ مۆدێلە سەرکەوتوەکانی دونیای سەردەم و کۆمەڵگا پێشکەوتوەکان بکەینە سەرمەشق؟

### لەو بارەوە سێ مۆدێلمان هەیە :

گەڕانەوە بۆ ڕابردوو و چەرخی زێڕینی حکوومەتی ئیسلامی لە مەدینە.مۆدیلی دووەمیش بریتیە لە جیهانگەرایی و یونیڤێرشەلیزم. مۆدێلی سێهەمیش بریتیە لە خۆجێیگەرایی، بوومیگەرایی ، بەواتایەکی دیکە ناتیڤیزم. هەندێک حیزب و ڕێکخراوی ئیسلامی لەو بڕوایەدان کە چونکە مۆدێلی حکوومەتی ئیسلامی لەسەردەمی دەستەڵاتی حەزرەتی موحەمەد،سڵاوی خوای لێبێ ،لە قۆناخێکی مێژوویدا، هەبووە، ئێستاش دەکرێ ئەو مۆدیلە پیادەبکرێتەوە. بۆ ئەو مەبەستە ئەوان جیهاد و شەهادەت وەک میتۆدی کار و خەبات پێشنیاردەکەن.

جیهانگەرایی و یونیڤەرسەلیزمیش، بریتیە لەوە کە ئامێر و تکنیکەکانی شارستانیەتی سەردەم بخەیتە خزمەت خۆت و بۆ پەرەسەندنی هەموو لایەنە کەڵکی لێوەرگری و بیکەیتە مۆدێل. بوومی گەراییش ئەوەیە کە دەیەوێ دێموکراسی و ئیسلام ئاوێتە بکا. هەم ئیسلامی دەوێ و هەم دێموکڕاسی. دەیەوێت مۆدێلی حکوومەتی مەدینە وەک سەرچاوەی ئیلهام بەکاربەرێ. بەڵام ئیسلامێکی کراوەتری دەوێت. ئەوە مۆدێلی بەڕێز مامۆستا سەلاحەدین باهائەدینی لەمەڕخۆمانە.

هەرسێکی ئەو ڕێگاچارانە، وەک مۆدیلی پەرەسەندن، لە دووسەد ساڵی ڕابردوودالە وڵاتە ئیسلامیەکاندا، لێرەولەوێ، تاقی کراونەوە. کەچی ئێستا ئەگەرتەماشا دەکەین ئاکام تەنیا ئەوەیە کە ئاستی پێشکەوتنی وڵاتانی ئیسلامی بەتایبەتی لە ناوچەی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستدا، تەنیا کەمێک لە پێش ئەفریقاوەیەکە لە خوارترین پلەکانی پلیکان یا مارپێچی تەمەدوونی هاوچەرخدا بەکزومەلوولی ڕاوستاوە.

ئەگەر دیقەت بکەین بۆمان دەردەکەوێ پاش دووسەد ساڵ ڕووبەڕووبوونەوەو هەوڵدان بۆ خۆسازگارکردن لە گەڵ شارستانیەتی ڕۆژئاوا، پێشکەوتوترینی ئەو وڵاتە ئیسلامیانە ئەوانەن کە مۆدیلی جیهانگەراییان بۆپەرەسەندنی خۆیان هەڵبژاردوە. بەڵام ئەوانەش چوونکە نەیان توانیوە ئەو زەنجیرە سونەتیەی کە لەدەست وپێیان ئاڵاوە بپچڕێنن، سەرەنجام بە نیوەچڵی کارەکەیان وێلکردوە یا تووشی شکان هاتوون.

ئەو وڵاتانە لە عەقڵگەرایی تەنیا تکنۆلۆژی غەربیان وەرگرتوە و بەس. کولتوری کار و فەرهەنگی بەرزی ڕێکخستن و بازار و بانکداری و کارو زەحمەت و ماندووبوون و ڕەفتاری بەرزی ئینسانی و هومانیزم و تۆڵێرانسە و ئازادی بەیان و دین و مەزهەب و عەقیدەشیان وەلاناوە. ئەوان ئازادیان دەوێ بەڵام بێ مافی مرۆڤ و مافی کەمایەتیەکان و مافی ژنان و مەفەکانی منداڵان و ئازادیە دێموکراتیکە سیاسی و فەرهەنگی و مەدەنیەکان. گەیشتن بە کەماڵ بۆ ئەوان تەنیا لاسایی کردنەوەی فۆرم و ڕواڵەتەکانی تەمەدوونی ڕۆژئاوابووە نەک وەرگرتنی کاکڵ و جەوهەری شارستانیی غەرب.

تورکیە، ئێران و میسر کە تا ساڵانێکی زۆر خۆیان وەک پێشەنگ و ئاڵاهەڵگری ئەو مۆدێلە دەناساند، لە کردەوەدا نیشانیان دا لە جیاتی گرتنە پێشی مۆدێلی جیهانگەرایی وغەربگەرایی، هەرهەمان ڕێگاچارەی بوومی گەرایی واتە نایتیڤیزمیان گرتۆتەبەر. لەوەش خراپتر ئەوەبوو کە ئەوان لە بوومی گەراییەکەشیاندا، لە جیاتی ئەوەی تێکۆشن ئیسلام لەگەڵ شارستانیەتی ڕۆژئاوا بگونجێنن، کەوتنەخۆ تا تەمەدوونی ڕۆژئاوا لەگەڵ ئیسلام بگونجێنن.

حەمە ڕەزاشا و حوسنی موبارەک و کەمالیستەکان، لە ئاکامی گرتنە پێشی ئەوسیاسەتە سەقەتەدا، واتە جیهانگەرایی بە نیوەچڵی، هەلومەرجێکیان پێکهیناکە هەرچەند بە فاسیلەیەکی زەمانی تۆزێک لێکدوور، بەڵام هەرسێک وڵاتی ئیران و تورکیەو میسریان خستە ژێر سونامی شۆڕشی ئیسلامی و ئیسلامگەرایی.

بەمجۆرە دیکتاتۆری لە ئێران و میسر و تورکیەدا هەلومەجی بۆ پەروەردەکردنی گورگی ئیسلامگەرایی درووست کرد کە سەرەنجام سکی ئەو سیستەمە دیکتاتۆریانە و ئەو کۆمەڵگایانەشی لێک هەڵدڕی.

هۆی سەرەکی بۆ ئەوسونامیە ئیسلامیە کە بەسەر ئەو وڵاتانەدا هات ئەوە بوو کە لە هەرسێکی ئەو وڵاتانەدا و لە هیچ جێیەکی دیکەی وڵاتانی ئیسلامیدا،جورئەت و ئازایەتی ئەوە نەبووە کە دین و دەوڵەتداری و حکومەتداری لێکجیابکرێنەوە و جەوهەری تەمەدوونی غەرب کە بریتیە لە دیموکراسی و ئازادی و لیبرالیزم و مافی مرۆڤ و مافی کەمایەتیەکان و نەتەوە بندەستەکان وعەدالەت بە هێند بگیردرێن.

بۆ ئەو مەبەستە هەنگاوی یەکەم ئەوەبوو کە تەقەدووس لە دین دارنرێ و دین بێتە ئاستی دامەزراوێکی کۆمەڵایەتیی نێوکۆمەڵ کە بکرێ باسی بکرێ و ڕەخنەی لێبگیردرێ . ئەوە کاکلی

ڕینسان و مۆدێرنیتەو شارستانیەتی ڕۆژئاوایە. واتە هێنانە خواری دین لە سەرەوەی کۆمەڵ و لەسەر تاقچەی تەقەدووس بۆ ئاستی دامەزراوێکی وەک دامەزراوە کۆمەڵایەتیەکانی دیکەی نێو کۆمەڵ. بەڵام دیتمان تەنانەت لە تورکیەشدا تەنیا ئەوە بە زەبری سەرەنێزەی سوپا و بە قیمەتی ئەو سەرکوت و زەبروزەنگە تووندەی کە بەسەر گەلی کورددا بەڕێوەدەچێ و بە قیمەتی بەڕێوەبردنی ئەشکەنجە و بوون بە جەهەندەمی ڕۆژنامە نووسان و بە باجی مەیدان دان بە ئیسلامیەکان و تەحویلدانی سوکانی دەستەڵات بەوان، ئەو سیستەمە توانیویەتی بەشەلەشەل خۆی ڕاگرێ . بردنە پێشی پرۆسەی ئاشتی و هەڵدان بۆچارەسەری کێشەی کورد و کرانەوەی زۆتر بە ڕووی دێموکراسی و چوونە نێو ئورووپا، ڕێگا چارەی کەوتنە سەر مەداری مۆدێرنیتەن بۆ تورکیە.

هاتنەسەرکاری کۆماری ئیسلامی لە ئێران و ئەزموونی پتر لە سی ساڵ حکومەتی ئیسلامی لەو ولاتەدا، بەو ئیمکاناتە ئابووریە گەورە و بەو مەوقعیەتەژئۆپۆلیتیکیە بەرچاوەی ئەو وڵاتە وە، سەرەنجام شکەست و بنبەستی هەموولایەنەی ئەو حکومەتە، ئەوەمان پێدەڵێ کە هەوڵدان بۆ پیادەکردنەوەی مۆدێلی بوومیگەرایی و حکومەتی سەردەمی مەدینە، نەک هەر ئیمکانی نیە، بەڵکو کارەساتیش دەخوڵقێنێ.

ئەو بەڵایەی حکومەتی کۆماری ئیسلامی لەو سی سالەدا بەسەر کۆمەڵگا و خەڵکی ئێران و ئیسلامی سیاسی و تەنانەت خودی ئیسلامی دا هێناوە، تەنانەت بەسەر شیعگەریشی دا هیناوە، ئەوەدەرسەی بۆ هەموو کۆمەڵگا ئیسلامیەکان تێدایە کە وەدوای سەرابی بەهەشتی مۆدێلی حکوومەتی ئیسلامی لەسەر ڕووی زەوی نەکەون.

کەواتە تەنیا ڕێگا بۆ ئەوەی کۆمەڵگا ئیسلامیەکان پێ بنێنە نێو شارستانەتی هاوجەرخ و بکەونە سەر سکەی قەتاری پێشکەوتن و پەرەسەندن، واتە لە گەڵمیللەتانی دیکەی پێشکەوتووی دونیا پێکەوە لە دیوەخان لەسەر سفرەی شارستانیەت و بەرهەمەکانی دانیشن، نەک ورتکەخۆری پاشخانی ئەو تەمەدوونەبن وەک ئێستا، ئەوەیە کە خۆیان لە داوی قەیدو بەندی مەزهەبی قوتارکەن.

چ گرتنە پێشی ڕێگای تەعبیری ڕادیکال لە ئیسلام و چ هەوڵدان بۆ گرتنەپێشی تەعبیری لێبراڵتر لە ئیسلام، بە ناچاری دەمانباتەوە بۆ مۆدیلی حکومەتی دەساڵەی مەدینە، یا مۆدیلی حکومەتی جیلەکانی یەکەم و دوەمی سەردەمی فتوحاتە ئیسلامیەکان .

پیادە کردنەوەی مۆدێلی سەردەمی زێڕینی ئیسلام، لە ئێران و ئەفغانستان وسودان بە جۆرێک تووشی بنبەستی کارەسات خوڵقێن بوو، کە ئیدی هیچ شک وگومانێکی تەنانەت بۆ هێزە ئیسلامیەکانیش نە هێشتۆتەوە کە ئەوە ڕێگایەکە نەک هەر کۆمەڵگا تووشی کاتەستڕۆف دەکا، بەڵکو ئابروویەکیش بۆ مۆدێلی دەستەڵاتداریەتی ئیسلامی ناهێڵێ.

هەر بۆیە ئێستا زانایانی ئایینی وئیلاهیاتی ئیسلامی، هەوڵدەن ڕێگای میانەڕەوی بگرنەبەر و بە کارو تەحقیقی عیلمی لەسەر دەقە مێژووی و ئەدەبیە دینی و مەزهەبیەکان، تەعبیرێکی دێموکراتیک تر لە ئیسلام بە دەستەوە بدەن . ئەوان بە چاوپۆشین لە بەشی مەدەنی قورئان و سوننەتی پێغەمبەر و پێداگرتن لەسەر قورئانی مەکی یانی ئەودەم کە ئیسلام دەستەڵاتی بە دەستەوە نەبووە، دەتوانن تا رادەیەک تۆلێرانسەو موساڵەحە لە ئیسلام و هەندێک قۆناخی دەستەڵاتداریەتی ئیمپڕاتۆڕی ئیسلامیدا وەدەست خەن کە پایەکانی ئیستدلالی خۆیانی لەسەرداڕێژن. لەو ڕێگایەوە دەکرێ ئیسلام تا رادەیەک لە گەڵ زەمانبەرنەپێش، بێ ئەوەی کە پێویست بێ دەست لە ئەسڵە بنەڕەتیەکانی ئاینیی ئیسلام وەردەن کە وەک ئەسڵی نەگۆڕ هەن و هەر دەشبن.

بەڵام دیسانیش بنبەستەکە هەر بە نەکراوەی دەمێنێتەوە. یانی لێرەدا گرێیەک هەیە کە گرێ پووچکەیەو ناکرێتەوە. ئەویش ئەوەیە کە دەبێ دین ومەزهەب و کلیساو مزگەوت لە بەرزایی تەقەدووسەوە بێنیە خوار بۆ نێو کۆمەڵ کە وەک هەر دامەزراوێکی دیەکی نێوکۆمەڵ بتوانرێ قسەوباسیان لەسەر بکرێ و ڕەخنەیان لێ بگیردرێ. تەنیا لەو حاڵەتەدایە کە ڕێگای پێشکەوتنی کۆمەڵگائیسلامیەکان و پێکهاتنی ئاڵووگۆڕ تێیاندا پێک دێ.

پێکهاتنی ئاڵووگۆڕ و پێشکەوتن لە ئووروپا لەو خاڵەوە دەستی پێکرد. ئەوە بێ ئەولاولا ڕێگای پێشکەوتنی کورستانیشە. کەس نالێ خەڵکی کوردستان دەبێ دەست لە دین و مەزهەبی خۆیان هەڵگرن، بەڵکوو مەبەست ئەوەیە کە ڕوانگە و بۆ چوونی خۆیان سەبارەت بە دین و مەزهەب بگۆڕن. خەڵک لە ئەمریکاو ئورووپا زۆر مەزهەبی ترن لە خەڵکی وڵاتانی ئیسلامی. لە هەمانکاتدا، دین و مەزهەبیش نە بۆتە کۆت و بەندی بیرو ئەندێشەیان.

ڕێکەوتی : ١٣ی ئاوریلی ٢٠١٣

## دیالۆگ لە گەڵ بەڕێز مامۆستا مەزهەری خوراسانی

کرانەوەی کوردستان بە ڕووی دونیای دەرەوەدا، پێوەندیی بەرینی هەرێمی کوردستان لەگەڵ بازاری جیهانی و هاتووچۆی بەربڵاوی خەڵکی هەرێم بۆ وڵاتانی دەرەوە، گەشەکردنی تکنۆلۆژی ڕاگەیاندن و چوونەسەری ئاستی ژیان بونەتە هۆی خێرابوونی پێکهاتنی ئاڵوگۆڕە کۆمەڵایەتی و کولتوریەکان لە نێوکۆمەڵگای کوردستاندا. ئەوەش بەنۆرەی خۆی دیالۆگێکی نیشتمانی و میللی لێ کەوتۆتەوە کە زۆر لایەن و فاکتۆر تێیدابەشدارن. بەڵام کاکڵی باسەکان لەو دیباتەدا ڕەنگدەدەنەوە کە لە نێوان بەشێک لە ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگای مەدەنی لە لایەک و بەشێک لە مامۆستایان ئاینیی لە لایەکی دیکەوە لە گۆڕێدان. قسەو و وتارەکانی بەڕیز مامۆستا مەزهەری خوراسانی پێژنوێژی مزگەوتی قادر بلە لە شاری هەولێر چڵەپۆپەی ئەو باسانەن کە لەوبارەوە لە ڕاگەینە گشتیەکان و بەتایبەتی لە یوتیوب دا بڵاودەبنەوە.

ئەو دیالۆگە میللی و نیشتمانیەی کە باسمان کرد، دەرفەتێکی هێناوەتەپێش تا ئەوپرسیارە جارێکی دیکەش بێنینە گۆڕێ کە ئایا ئیسلام توانای ئەوەی هەیە لەگەڵ دێموکڕاسی و مافەکانی مرۆڤ، ئازادی ولیبراڵیزم و مۆدێڕنیتە ونوێ بوونەوە خۆی بسازێنێ؟

منیش لە دوورەوە دەمەوێت لەو باسانەدا بەشداری بکەم. پێشەکیش داوای لێبووردن لە مامۆستا مەزهەری خوراسانی و هەر مامۆستایەکی دیکە دەکەم ئەگەر بەجۆرێک لە قسەکانی من دڵ ڕەنجاو بێت.

هەندێک ڕێکخراو و کەسایەتی ئیسلامی لە کوردستان باس لەوەدەکەن کە دێموکڕاسی ڕەگی لە ئیسلامدا هەیە. ئەوان لەوەش تێدەپەڕن و باس لە دێموکراسی ئیسلامی ومافی مرۆڤی ئیسلامی دەکەن.

ڕاستە لە هەندێک وڵاتی ئیسلامیدا، بۆ نموونە لە میسر و ئێران و تورکیەدا، هەر لە نیوەی دووهەمی سەدەی نۆزدەهەمەوە، بەشێکی زۆر لە توانای فکری زاناکانی ئیلاهیاتی ئیسلامی بۆ ئەوە تەرخانکراوە تا نوێبوونەوە، دێموکراسی و ئازادی و مافی مرۆڤ لە ئیسلام بێننە دەرەوە. ئەوان لەو دوو سەدەی دواییدا، بەکەیفی خۆیان هەموو دەسکاریەکی پێویستیان لە تێکست و دەقە مەزهەبییەکان و مێژووی ئیسلامدا کردوە تا بەڵکوو بتوانن ئیسلام لە گەڵ ڕێنسانس و نوێبوونەوە بگونجێنن.

ئەو ڕەوتە هەر تایبەت بە وڵاتانی ئیسلامی نیە. ئورووپاییەکانیش، بۆسەدان ساڵ، هەر لە سەدەی دوازدەهەمەوە تا ئەو دوو سەدەی ڕابردووش، بەدەست هەمان کێشەوە گیرۆدە بوون. بۆ ئەوانیش زۆر زەحمەت بوو کە هەروا ئاسان مرۆڤ وەک مەوجودێکی خودموختار و بەرپرس و مەسئول بناسن. بۆیان سەخت بوو کە بیر و فکر و ئەندێشە لە کۆت وزەنجیری ئیمانی مەزهەبی ئازاد بکەن. ئەوانیش وەک هەندێک لە مامۆستا ئاینیەکانی لای خۆمان، هەویەت و ناسنامەی خۆیانیان لە کولتوور و سەقافەی ئاینی خۆیاندا بەدی دەکرد. لەوەش زیاتر ئەو فەرهەنگ و کولتوور و سەقافەیان، بە شتێکی ئەبەدی و موتڵەق و نەگۆڕ لە قەڵەمدەدا.

ئەو سێ ئەسڵەی ئورووپا بۆ نوێبوونەوەی خۆی، بۆ پێشکەوتنی خۆی، بۆ مۆدێرن بوونی خۆی پەیڕەوی لێکردن، واتە ئازادی ئینسان، عەقڵگەرایی و هەوڵدان بۆ گەیشتن بە کەماڵ، بۆ بەشێکی زۆری خەڵکی ئورووپاش تا ماوەیەکی زۆر دوور لە عەقڵ دەهاتنە بەرچاو. ئاخر چۆن دەبێ ئینسانی نەزانی گوناهبار، لەبەرانبەر مەشیەتی خوداوەندی گەورەدا، کە سوکانی هەموو سانیەو دەقیقەکانی ژیانی وی بەدەستەوەیە، بە حیساب بێ؟ چۆن دەبێ ئەو ئینسانە نەزان و گوناهبارە وەک مەوجودێکی خاوەن بیرو ئیرادە و عەقڵ بناسرێ، کە نەک هەر بیردەکاتەوە تا ڕازەکانی بوون و خلقەت دەرک بکا، بەڵکوو تێدەکۆشێ یاساو قانوونەکانی زاڵ بەسەر خلقەت و جیهانیشدا بناسێ و بۆ کۆنترۆڵ کردنی دونیا و پێکهێنانی ئاڵووگۆڕ تێیدا، دەکاریان بکا؟

ئەو ڕەوتە بۆ ئورووپاییەکان سەدان ساڵی کێشا. ئەوان بە شێوەیەکی ئاسایی بەو قۆناخەدا تێپەڕین. ئاخر ئەوان لەو نیعمەتی تکنۆلۆژیە هاوچەرخەی ڕاگەیاندن بێ بەش بوون، کە ئێستا وڵاتانی موسوڵمانی بە هەزار داوی تووندەوە بە دونیای هاوچەرخەوەگرێداوە. ئەوە کە مامۆستا مەزهەر لە مزگەوتی قادربلە لە هەوڵێر وتاردەدا و ڕاستەوخۆ من لە قوتبی شیمال لە ، لە ڕێگای ئینترنێت و سەتەلایتەوە گوێم لە قسەکانی دەبێت و دەکەوینە شیکردنەوەی قسەکانی، تەنیا نموونەیەکی بچکۆلەی ئەو دەرفەتەیە کە تکنۆلۆژی سەردەم پێکی هێناوە.

بۆیە چاوەڕواندەکرێ ئاڵووگۆڕە کۆمەڵایەتیەکان لەوسەردەمەدا خێراتر ڕووبدەن و ئەگەر بۆ ئورووپا سەدان ساڵی کێشا، ڕەنگە بۆ کۆمەڵگا ئیسلامیەکانی ئێستا ئەوەندە نەکێشێ. ئاخر وڵاتانی ئیسلامی هەرچی بکەن ناتوانن خۆیان لەو ڕایەڵکە گەورەی پێوەندی و ڕاگەیاندنە دەربازکەن کە دونیای کردۆتە گوندێکی چکۆلەی وەک قوشتەپەو لە کردەوەدا هەموو کەس و هەموو شتێکی پێکەوە گرێداوە. کاریگەری و شوێندانانی ڕووداوەکانی دەرەوە، پێشکەوتنەکانی دەرەوە، ئاڵوگۆڕەکانی دەرەوە، داهێنان و دۆزینەوەکانی دەرەوە، تکنۆلۆژی جۆراوجۆر و کاڵا مەسرەفیەکانی دەرەوە لەسەر خەڵکی کۆمەڵگا ئیسلامیەکان، زۆر گوێ ناداتە ئەوەی ئاخۆ ئەوان چیان بە دڵە و چیان پێخۆشە یا پێ ناخۆشە. واتە بێ گوێدانە دڵی ئەوان و پێخۆش بوون و پێ ناخۆشبوونیان، ڕووداوەکانی دونیای دەرەوە، شوێنەواری خۆیان لەسەر بیر و زەینی ئەو خەڵکە بە جێ دێلن. هیچ دیوارێک لە نێوان فەرهەنگ و کولتورەکاندا بە پێوە نامێنێ. چۆن مرۆڤەکان و بازاڕەکان و وڵاتەکان لەگەڵ یەک دەکەونە کاروکاسبی و ئاڵوویر و بازرگانی و بدەوبستان، فەرهەنگ و کولتوورە جۆراوجۆرەکانیش هەر بەوجۆرە دەگەڵ یەک دەکەونە بدەو بستان. دیارە ئەو بدەوبستانە بە قازانجی ئەو کولتوورە، ئەو فەرهەنگە تەواودەبێ کە زیندوترە، دینامیکترە، بە هێزترە، توانای دانی زیاترە، کراوەترە، دەوڵەمەندترە.

کەواتە ئاڵوگۆڕ لە کوردستانیش دا دەستی پێکردوە و تادێ تووندترو خێراتریش دەبێ. ئەوە کە هەندێک توێژی سوننەتی کوردستان تێکۆشن پێش بەو ڕەوتەبگرن، هیچ لە مەسەلەکە ناگۆڕێ، بەڵام ڕەنگە خەرجی تێچونی ئاڵوگۆڕەکان تۆزێک بەرێتە سەرتر.

ئێستا لەبەر ڕووناکایی ئەو قسانەی سەرەوەدا هەموومان دەگەینە ئەو قەناعەتە کە ئاڵوگۆڕ لە کوردستاندا گەڕانەوەی بۆ نیە و دەبێ ڕەگەڵی کەوین و هیدایەتی کەین. بەڵام ئایا دەبێ ئەو ئاڵوگۆڕانە لە داب و نەریت و ڕێوشوینە سوننەتیە کولتوری و فەرهەنگیەکانی سەردەمە کۆنەکان و چاخەکانی نێوەڕاستی مێژوومانەوە ئیلهام وەرگرن؟ یا دەبێ مۆدێلە سەرکەوتوەکانی دونیای سەردەم و کۆمەڵگا پێشکەوتوەکان بکەینە سەرمەشق؟

لەو بارەوە سێ مۆدێلمان هە:

گەڕانەوە بۆ ڕابردوو و چەرخی زێڕینی حکوومەتی ئیسلامی لە مەدینە. مۆدیلی دووەم بریتیە لە جیهانگەرایی و یونیڤێرشەلیزم.

مۆدێلی سێهەمیش بریتیە لە خۆجێیگەرایی، بوومیگەرایی ، بەواتایەکی دیکە ناتیڤیزم.

هەندێک حیزب و ڕێکخراوی ئیسلامی لەو بڕوایەدان کە چونکە مۆدێلی حکوومەتی ئیسلامی لەسەردەمی دەستەڵاتی حەزرەتی موحەمەددا سڵاوی خوای لێبێ لە قۆناخێکی مێژوویدا هەبووە، ئێستاش دەکرێ ئەو مۆدیلە پیادەبکرێتەوە. بۆ ئەو مەبەستە ئەوان جیهاد و شەهادەت وەک میتۆدی کار پێشنیاردەکەن.

جیهانگەرایی و یونیڤەرسەلیزمیش، بریتیە لەوە کە ئامێر و تکنیکەکانی شارستانیەتی سەردەم بخەیتە خزمەت خۆت و بۆ پەرەسەندنی هەموو لایەنە کەڵکی لێوەرگری و بیکەیتە مۆدێل.

بوومی گەراییش ئەوەیە کە دەیەوێ دێموکراسی و ئیسلام ئاوێتە بکا. هەم ئیسلامێکی بە هێزی دەوێ و هەم دێموکڕاسیەکی بە هێز. دەیەوێت مۆدێلی حکوومەتی مەدینە وەک سەرچاوەی ئیلهام بەکاربەرێ. بەڵام ئیسلامێکی کراوەتری دەوێت. ئەوە مۆدێلی بەڕێز مامۆستا سەلاحەدین باهائەدینی لەمەڕ خۆمانە.

هەرسێکی ئەو ڕێگاچارانە، وەک مۆدیلی پەرەسەندن، لە دووسەد ساڵی ڕابردوودا لە وڵاتە ئیسلامیەکاندا، لێرەولەوێ، تاقی کراونەوە. کەچی ئێستا ئەگەر تەماشا دەکەین ئاکام تەنیا ئەوەیە کە ئاستی پێشکەوتنی وڵاتانی ئیسلامی بە تایبەتی لە ناوچەی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستدا، تەنیا کەمێک لە پێش ئەفریقاوەیە کە لە خوارترین پلەکانی پلیکان یا مارپێچی تەمەددونی هاوچەرخدا بە کزومەلوولی ڕاوستاوە. ئەگەر دیقەت بکەین بۆمان دەردەکەوێ پاش دووسەد ساڵ ڕووبەڕووبوونەوەو هەوڵدان بۆ خۆسازگارکردن لە گەڵ شارستانیەتی ڕۆژئاوا، پێشکەوتوترینی ئەو وڵاتە ئیسلامیانە ئەوانەن کە مۆدیلی جیهانگەراییان بۆ پەرەسەندنی خۆیان هەڵبژاردوە. بەڵام ئەوانەش چوونکە نەیان توانیوە ئەو زەنجیرە سونەتیەی کە لەدەست وپێیان ئاڵاوە بیچرێنن، سەرەنجام بە نیوەچڵی کارەکەیان وێلکردوە یا تووشی شکان هاتوون.

ئەو وڵاتانە لە عەقڵگەرایی تەنیا تکنۆلۆژی غەربیان وەرگرتوە و بەس. کولتوری کار و فەرهەنگی بەرزی ڕێکخستن و بازار و بانکداری و کارو زەحمەت و ماندووبوون و ڕەفتاری بەرزی ئینسانی و هومانیزم و تۆلێرانسە و ئازادی بەیان و دین و مەزهەب و عەقیدەشیان وەلاناوە. ئەوان ئازادیان دەوێ بەڵام بێ مافی مرۆڤ و مافی کەمایەتیەکان و مافی ژنان و مەفەکانی منداڵان و ئازادیە دێموکراتیکە سیاسی و فەرهەنگی و مەدەنیەکان. گەیشتن بە کەماڵ بۆ ئەوان تەنیا لاسایی کردنەوەی فۆرم و ڕواڵەتەکانی تەمەدوونی ڕۆژئاوابووە نەک وەرگرتنی کاکڵ و جەوهەری شارستانیی غەرب. تورکیە، ئێران و میسر کە تا ساڵانێکی زۆر خۆیان وەک پێشەنگ و ئاڵاهەڵگری ئەو مۆدێلە دەناساند، لە کردەوەدا نیشانیان دا لە جیاتی گرتنە پێشی مۆدێلی جیهانگەرایی و غەربگەرایی، هەرهەمان ڕێگاچارەی بوومی گەرایی واتە نایتیڤیزمیان گرتۆتەبەر. لەوەش خراپتر ئەوەبوو کە ئەوان لە بوومی گەراییەکەشیاندا، لە جیاتی ئەوەی تێکۆشن ئیسلام لەگەڵ شارستانیەتی ڕۆژئاوا بگونجێنن، کەوتنەخۆ تا تەمەدوونی ڕۆژئاوا لەگەڵ ئیسلام بگونجێنن.

حەمە ڕەزاشا و حوسنی موبارەک و کەمالیستەکان، لە ئاکامی گرتنە پێشی ئەو سیاسەتە سەقەتەدا، واتە جیهانگەرایی بە نیوەچڵی، هەلومەرجێکیان پێکهێنا کە هەرچەند بە فاسیلەیەکی زەمانی تۆزێک لێکدوور، بەڵام هەرسێک وڵاتی ئیران و تورکیەو میسریان خستە ژێر سونامی شۆڕشی ئیسلامی و ئیسلامگەرایی. بەمجۆرە دیکتاتۆری لە ئێران و میسر و تورکیەدا هەلومەجی بۆ پەروەردەکردنی گورگی ئیسلامگەرایی درووست کرد کە سەرەنجام سکی ئەو سیستەمە دیکتاتۆریانە و ئەو کۆمەڵگایانەشی لێک هەڵدڕی.

هۆی سەرەکی بۆ ئەوسونامیە ئیسلامیە کە بەسەر ئەو وڵاتانەدا هات ئەوە بوو کە لە هەرسێکی ئەو وڵاتانەدا و لە هیچ جێیەکی دیکەی وڵاتانی ئیسلامیدا، جورئەت و ئازایەتی ئەوە نەبووە کە دین و دەوڵەتداری و حکومەتداری لێک جیابکرێنەوە و جەوهەری تەمەدوونی غەرب کە بریتیە لە دیموکراسی و ئازادی و لیبراڵیزم و مافی مرۆڤ و مافی کەمایەتیەکان و نەتەوە بندەستەکان و عەدالەت بە هێند بگیردرێن. بۆ ئەو مەبەستە هەنگاوی یەکەم ئەوەبوو کە تەقەدووس لە دین دارنرێ و دین بێتە ئاستی دامەزراوێکی کۆمەڵایەتیی نێوکۆمەڵ کە بکرێ باسی بکرێ و ڕەخنەی لێبگیردرێ . ئەوە کاکلی ڕینسان و مۆدێرنیتەو شارستانیەتی ڕۆژئاوایە. واتە هێنانە خواری دین لە سەرەوەی کۆمەڵ و لەسەر تاقچەی تەقەدووس بۆ ئاستی دامەزراوێکی وەک دامەزراوە کۆمەڵایەتیەکانی دیکەی نێو کۆمەڵ. بەڵام دیتمان تەنانەت لە تورکیەشدا تەنیا ئەوە بە زەبری سەرەنێزەی سوپا و بە قیمەتی ئەو سەرکوت و زەبروزەنگە تووندەی کە بەسەر گەلی کورددا بەڕێوەدەچێ و بە قیمەتی بەڕێوەبردنی ئەشکەنجە و بوون بە جەهەندەمی ڕۆژنامە نووسان و بە باجی مەیدان دان بە ئیسلامیەکان و تەحویلدانی سوکانی دەستەڵات بەوان، ئەو سیستەمە توانیویەتی بەشەلەشەل خۆی ڕاگرێ . بردنە پێشی پرۆسەی ئاشتی و هەڵدان بۆ چارەسەری کێشەی کورد و کرانەوەی زۆتر بە ڕووی دێموکراسی و چوونە نێو ئورووپا، ڕێگا چارەی کەوتنە سەر مەداری مۆدێرنیتەن بۆ تورکیە.

هاتنەسەرکاری کۆماری ئیسلامی لە ئێران و ئەزموونی پتر لە سی ساڵ حکومەتی ئیسلامی لەو ولاتەدا، بەو ئیمکاناتە ئابووریە گەورە و بەو مەوقعیەتە ژئۆپۆلیتیکیە بەرچاوە ئەو وڵاتە سەرەنجام شکەست و بنبەستی و هەموو لایەنەی ئەو حکومەتە، ئەوەمان پێدەڵێ کە هەوڵدان بۆ پیادەکردنەوەی مۆدێلی بوومیگەرایی و حکومەتی سەردەمی مەدینە، نەک هەر ئیمکانی نیە، بەڵکو کارەساتیش دەخوڵقێنێ. ئەو بەڵایەی حکومەتی کۆماری ئیسلامی لەو سی سالەدا بەسەر کۆمەڵگا و خەڵکی ئێران و ئیسلامی سیاسی و تەنانەت خودی ئیسلامی دا هێناوە، تەنانەت بەسەر شیعگەریشی دا هیناوە، ئەوەدەرسەی بۆ هەموو کۆ مەڵگا ئیسلامیەکان تێدایە کە وەدوای سەرابی بەهەشتی مۆدێلی حکوومەتی ئیسامی لەسەر ڕووی زەوی نەکەون.

کەواتە تەنیا ڕێگا بۆ ئەوەی کۆمەڵگا ئیسلامیەکان پێبنێنە نێو شارستانەتی هاوچەرخ و بکەونە سەر سکەی قەتاری پێشکەوتن و پەرەسەندن، واتە لە گەڵ میللەتانی دیکەی پێشکەوتووی دونیا پێکەوە لە دیوەخان لەسەر سفرەی شارستانیەت و بەرهەمەکانی دانیشن، نەک ورتکەخۆری پاشخانی ئەو تەمەدوونە بن وەک ئێستا، ئەوەیە کە خۆیان لە داوی قەیدو بەندی مەزهەبی قوتارکەن.

چ گرتنە پێشی ڕێگای تەعبیری ڕادیکال لە ئیسلام و چ هەوڵدان بۆ گرتنە پێشی تەعبیری لیبراڵتر لە ئیسلام، بە ناچاری دەمانباتەوە بۆ ئەوەی کە مۆدێلی حکومەتی دەساڵەی مەدینە، یا مۆدێلی حکومەتی جیلەکانی یەکەم و دوەمی سەردەمی فتوحاتە ئیسلامیەکان بگرینە بەر.

پیادە کردنەوەی مۆدێلی سەردەمی زێڕینی ئیسلام، لە ئێران و ئەفغانستان و سودان بە جۆرێک تووشی بنبەستی کارەسات خوڵقێن بوو، کە ئیدی هیچ شک وگومانێکی تەنانەت بۆ هێزە ئیسلامیەکانیش نە هێشتۆتەوە کە ئەوە ڕێگایەکە نەک هەر کۆمەڵگا تووشی کاتەسترۆف دەکا، بەڵکو ئابروویەکیش بۆ مۆدێلی دەستەڵاتداریەتی ئیسلامی ناهێڵێ.

هەر بۆیە تەنیا ڕێگایەک کە دەمێنێتەوە ئەوەیە کە زانایانی ئایینی و ئیلاهیاتی ئیسلامی، هەوڵدەن ڕێگای میانەڕەوی بگرنەبەر و بە کارو تەحقیقی عیلمی لەسەر دەقە مێژووی و ئەدەبیە دینی و مەزهەبیەکان، تەعبیرێکی دێموکراتیک تر لە ئیسلام بە دەستەوە بدەن . ئەوان بە چاوپۆشین لە بەشی مەدەنی قورئان و سوننەتی پێغەمبەر و پێداگرتن لەسەر قورئانی مەکی یانی ئەودەم کە ئیسلام دەستەڵاتی بە دەستەوە نەبووە، توانیویانە تا ڕادەیەک تۆڵێرانسەو موساڵەحە لە ئیسلام و هەندێک قۆناخی دەستەڵاتداریەتی ئیمپراتۆری ئیسلامیدا وەدەست خەن کە پایەکانی ئیستدلالی خۆیانی لەسەر دارێژن. لەو ڕێگایەوە توانیویانە ئیسلام تا رادەیەک لە گەڵ زەمان بەرنە پێش، بێ ئەوەی کە پێویست بێ دەست لە ئەسڵە بنەڕەتیەکانی ئایینی ئیسلام وەردەن کە وەک ئەسڵی نەگۆڕ هەن و هەر دەشبن.

بەڵام دیسانیش بنبەستەکە هەر بە نەکراوەی دەمێنێتەوە. یانی لێرەدا گرێیەک هەیە کە گرێ پووچکەیەو ناکرێتەوە. ئەویش ئەوەیە کە دەبێ دین و مەزهەب و کلیساو مزگەوت لە بەرزایی تەقەدووسەوە بێنیە خوار بۆ نێو کۆمەڵ کە وەک هەر دامەزراوێکی دیەکی نێوکۆمەڵ بتوانرێ قسەوباسیان لەسەر بکرێ و ڕەخنەیان لێ بگیردرێ. تەنیا لەو حاڵەتەدایە کە ڕێگای پێشکەوتنی کۆمەڵگا ئیسلامیەکان و پێکهاتنی ئاڵووگۆڕ تێیاندا پێک دێ. پێکهاتنی ئاڵووگۆڕ و پێشکەوتن لە ئووروپا لەو خاڵەوە دەستی پێکرد. ئەوە بێ ئەولاولا ڕێگای پێشکەوتنی کورستانیشە. کەس ناڵی خەڵکی کوردستان دەبێ دەست لە دین و مەزهەبی خۆیان هەڵگرن، بەڵکوو مەبەست ئەوەیە کە ڕوانگە و بۆ چوونی خۆیان سەبارەت بە دین و مەزهەب بگۆڕن. خەڵک لە ئەمریکاو ئورووپا زۆر مەزهەبی ترن لە خەڵکی وڵاتانی ئیسلامی. لە هەمانکاتدا، دین و مەزهەبیش نە بۆتە کۆت و بەندی بیرو ئەندێشەیان.

ڕێکەوتی : ١٣ی ئاوریلی ٢٠١٣

# بۆ پێویستە حکوومەت سکۆلار بێت؟

## پەیدابوونی دین

بە تەعبیرێک مێژوو بۆ دوایە ناگەڕێتەوە. واتە ڕەوتی گەشەکردنی مرۆڤایەتی لە پێشکەتنی بەردەوامدایە. جەوهەری ئەو قسە بریتیە لەوە کە کۆماڵگای ئینسانی تا دێ بەرەوئازادی زۆرتر دەچێ. ئەوەش لە بەرئەوەیە کە مرۆڤ هەمیشە تێدەکۆشێ ئەو کۆت و زەنجیرانە کە لە دەستوپێی ئالاون، بپسێنێ . دەشزانین کە ئینسانەکان جۆراوجۆرن و هەر کامیشیان هەوڵدەدەن تا ئەوپەڕی ئازادی بۆ خۆیان وەدەست بخەن. بەڵام لەبەر ئەوەی ئینسان بوونەوەرێکی کۆمەڵایەتیە و ناتوانێ لە دەرەوەی سیستەمی کۆمەڵایەتیدا هەڵکا و سیستیەمی کۆمەڵایەتیش لە گەڵ ئازادی بێ سنووری تاکی ئینسانی نایەتەوە، ئینسان پێویستە هەندێک چوارچێوە و ڕێوشوێن قبووڵبکا و بە گوێرەی ئەوان هەڵسوکەوتبکات.
وتمان مرۆڤ بوونەوەرێکی کۆمەڵایەتیە و تەنیا لە کۆمەڵدا دەتوانێ بژی و وەک ئینسان گەشەبکا. لە ئاکامدا لەنێوان مەیلی ئینسان بۆ وەدەستهێنانی ئازادی زۆرتر لە لایەک و پێویستی ژیان لە چوارچێوەی سیستەمێکی کۆمەڵایەتیداله لایەکی دیکەوە ناتەبایی درووست دەبێ. بۆیە پێکهێنانی جۆرێک هاوسەنگی لە نێوان ئازادی تاک و ڕاگرتنی چوارچێوەی ڕێژیمی کۆمەڵایەتی دا، هەمیشە مەسەلەی هەرە گرنگی کۆمەڵگای ئینسانی بووە و فەلسەفە و سیاسەت و زانستە کۆمەڵایەتیەکانی دیکە هەرکامیان بەجۆرێک تێکۆشاون وەڵامی بۆ بدۆزنەوە. بەڵام ڕەوتەکە بەجۆرێک بووە کە هەر لەبەرەبەیانی مێژووە تا ئێستا ئەو هاوسەنگیە بەرەبەرە بە قازانجی ئازادی تاک چۆتە پێش.
لە قۆناخە سەرەتاییەکانی مێژوودا یاسا و قانوون و مافەکانی تاک لەگۆڕێ دانەبوون. لەو قۆناخانەدا تەنیا دین و مەزهەب ڕۆڵی ڕێکخەری ژیانی کۆمەڵایەتیان دەگێرا. دین کاری ئەوەبوو هاوسەنگی لە نێوان ئازادی تاک و سیستەمی کۆمەڵایەتیدا پێکبێنێت.
دینیش بۆخۆی بە قۆناخی جۆراوجۆردا تێپەڕیوە. لە هەوەڵەوە دین و مەزهەب زۆر سادەو ساکاربوون. مرۆڤەکان هەندێک شتی سرووشتی وەک بەرد و ئاژەڵ یان دەپەرست. دواتر پێ بەپێی گەشەکردنی کومەڵ، دینیش پەرەی سەند. بەڵام لە هەموو قۆناخەکاندا دین تەنیا یەک وەزیفەی هەبووە. ئەویش ئەوەبووە کە خەڵک بە هێزێکی غەیبی و لەسەرەوەتر بترسێنێ تا ناچاریان بکا پەیڕەوی لەو سیستەمە کۆمەڵایەتیە بکەن کە لە نێویدا دەژین. مەبەست لەو کارەش بریتی بووە لەوە کە لەوڕێگایەوە ئازادی ئەوان سنوورداربکرێت و نەتوانن بە کەیفی خۆیان ڕەفتار بکەن. ئەوە ئەرکی دین بووە و ئێستاش هەروایە.

## سەرهەڵدانی سکۆلاریزم

تا هاتووە بە گەلێک هۆ توانای دین بۆ گێڕانی ئەو ڕۆڵەی کە لەسەرەوە باسمان کرد، کەم و کەمتر بۆتەوە. واتە دین و ئەو هێزە غەیبیە کە دین بۆ ناچارکردنی خەڵک بە بەڕیوەبردنی ئەحکامەکانی پشتی پێ دەبەستێ، تا هاتوە کاریگەرییان کەمتر بۆتەوە. خەڵک بیروباوەڕی ئایینی خۆیانیان هێشتۆتەوە، بەڵام کەمتر بە پێی ئەوان ڕەفتاریان کردوە. ئەوەش گەلێک هۆی هەن.
گرنگترینی ئەو هۆیانە کە ئەو وەزعەیان پێکهێناوە بریتیە لەوە کە ئەحکامی مەزهەبی بە پێی ئەوە کە سەرچاوەی ئیلاهی یان هەیە، ناتوانن لەگەڵ زەمان و پێداویستیەکانی پەرەسەندنی کۆمەڵ بڕۆنە پێش.
هۆیەکی دیکەش ئەوەیە کە ئاخوند و قەشەو مەلا و پیاوەئاینیەکانی دیکە، بۆخۆیان هەمیشە ڕێوشوێنە ئایینی و مەزهەبیەکانیان خستوونەتە ژێر پێ یا بە کەیفی خۆیان تەفسیریان بۆ کردوون و لێکیان داونەوە. هۆیەکی دیکەش ئەوە بوو کە بە درێژایی زەمان و لە پرۆسەی گەشەکردنی کۆمەڵدا، گەلێک یاساو ڕێساو ڕێوشوێن هاتنە کایەوە کە خەڵک لە پەنای ئەحکامە مەزهەبیەکاندا بۆ بەڕێوەبردنی ژیانی ڕۆژانەی خۆیان کەڵکیان لێوەردەگرتن. ئەو ڕێساویاسا و دابونەریتانە پێیان دەوترێ عورف.
ئەو عورف و نەریت و عادەتانە لە ژیانی واقعی خەڵکەوە سەرچاوەیان دەگرت هەربۆیەش لە زۆر حاڵەتدا، تەنگیان بە ئەحکامە ئایینی و مەزهەبیەکان هەڵدەچنی. لە هەرکوێ حوکمە مەزهەبیەکان نا روون بوون، جێبەجێ کردنیان سەخت بوو، یا مەلاو ئاخوند و کەشیشەکان خۆیان ڕێزیان لێنەدەگرتن، یاساو ڕێسا عورفیەکان جێیان دەگرتنەوە.
بەوجۆرە بۆ خەڵک دەرکەوت کە حوکمە ئایینی و مەزهەبیەکان نەک هەر بۆ ئیدارەکردنی ژیانی ڕۆژانەی کۆمەڵ بەسنین و کەم دەهێنن، بەڵکوو لە لایەن خودی کەشیش و مەلاکانیشەوە بەڕێوەنابردرێن.
کارگەیشتە جێگایەک کە هەندێک فەیلەسوف و زاناو عارف و عالمی کۆمەڵناس، بەو قەناعەتە گەیشتن و ئازایەتی ئەوەیان پەیداکرد کە بڵێن دین و مەزهەب نەخشێکی لە ئیدارەکردنی کۆمەڵدانیەو نابێت دەست لە کاروباری دونیایی وەردا. ئەوان لەو بڕوایەدان کە ڕۆڵی دین لە کاروباری کۆمەڵایەتیدا ئەوەیە ئەخلاقیات و ویژدانیات پەرەپێبدا و بایەخە ئەخلاقیەکان مەوعیزەبکا. واتە ئەوان دەڵێن یاسادان و قانوون دانان دەبێ لە واقعیەتی ژیان خەڵکەوە سەرچاوەبگرێ و بەتایبەتی ئەو خەڵکە کە قانوونەکانان بەڕێوەدەبەن دەبێ خۆیان لە دانانی ئەو یاساو ڕێسایانەدا ڕۆڵیان هەبێت.
بۆوەلانانی دین لە مەیدانی یاسادانان و قانوون گوزاریدا، پێویست بوو ئاڵووگۆڕی بنەڕەتی بەسەر ڕوانگەی مرۆڤ بۆسەر شوێن و پێگەی دین و مەزهەب لە ژیانی خسوسی و کۆمەڵایەتی دا بێت. واتە دەبوایە ڕوانگەی سوننەتی بۆ دین و مەزهەب بگۆڕدرێ. ڕوانگەیەک کە دین و مەزهەب لە سەرووی هەموو شتێکەوە دەزانێ و لە لایەن قەشە و مەلا و ئاخوند و فەقێکانەوە دیفاعی لێدەکرێت.
لە هەموو دینەکاندا پلەبەندی مەزهەبی و ئاینی هەیە. هەردینەی بە شێوەی تایبەتی خۆی کەسانی تایبەت بە خۆی بۆ خزمەتی خۆی پەروەردەدەکات.
خەڵک بۆ تێگەیشتن لە پرنسیپەکانی دین و بەکارهێنانیان، پێویستیان بە مەلاو مورشید و کەشیش و فەقێ و ئیمام هەیە. ئەوانن خەڵک ڕێنوێنی دەکەن و ئەگەر گیروگرفتیان بۆ هاتە

پێش،  بۆیان چارەسەر دەکەن. بەرەبەرە ئەو ڕێنوێنی و ڕێگاچارانە شکڵی ئۆتۆریتە، دەستوور، دەستەڵات و تەنانەت زۆرویژی بە خۆوەدەگرن. بەو جۆرە خەڵک کوێر کوێرانە لەو کەسانە پەیڕەوی دەکەن. لە ئاکامدا ئەوانیش لەوە کەهەن گەورەتر و بەرزتر دێنە بەرچاوان. تەنانەت خۆیان بە مەرجەعی قانوون دەزانن و داوای دەستەڵاتی سیاسیش دەکەن.

ئەو ڕوانینە سونەتیە بۆ  دین، دەبێتە هۆی گەندەڵ بوونی کۆمەڵ و سیاسەت و دین و ئەخلاق.  مێژوو نیشانی داوە تا دین و مەزهەب پتر بەسەر کۆمەڵدا زاڵبن، گەندەڵی و بێ ڕەونەقی هەموو لایەنە، زیاتر باڵ بەسەر کۆمەڵدا دەکێشێ و چاکسازی سەختر دەبێ. ئەزموونی چەرخەکانی نێوەڕاستی ئورووپا و تاقی کردنەوەی دەستەڵاتی  کۆماری ئیسلامی باشترین نموونەی ئەو قسەیەی ئێمەن.

ئەو وەزعە بە درێژایی چەرخەکانی نێوەڕاست لە ئوورووپادا  بەسەر کۆمەڵدا زاڵ بوو. بەڵام دواتر ئورووپا خۆی لە داوی دین و مەزهەب قوتارکرد و ڕێگای  ڕێفۆرم و چاکسازی ئایینی و مەزهەبی گرتەبەر. بەڵام تا ئێستا ئیمکانی پێکهێنانی ڕێفۆڕم و چاکسازی لە ئیسلامدا  پێکنەهاتووە.

دیارە مەسیحیەت قەت خۆی بەدینی حکومەت نەزانیوە. ئەوەش پێکهێنانی ڕێفۆرم و چاکسازی لە ئایینی مەسیحیەتدا ئاسانتر کردوە.

بەوحاڵەش کاتێک چاکسازی لە دینی مەسیحی دا دەستی پێکرد، شەڕی نێوان کاتۆلیک و پرۆتستان سەری هەڵدا کە سەرەنجام کلیسا لەو شەڕەدا وەک دۆڕاوی ئەسڵی هاتەدەر. لەئاکامی ئەو شەڕوململانێ یەدا، حاکمیەتی کلیسا بەسەر  دونیای مەسیحیدا کۆتایی پێهات و بەوجۆرە پاپ و قەشەکان لە دەستەڵات  کێشرانە خوارەوە و حکومەتەکانی وڵاتانی ئورووپای ڕۆژئاوا دەستەڵاتیان بەسەر خاکی وڵاتەکانیاندا  پەیداکرد.

لەو پرۆسەیەدا ئورووپای ڕۆژئاوا ئیمتیازێکی دیکەشیان لە چاو ئێمە خەڵکی ڕۆژهەڵات هەبوو.  ئەوان هەر لە سەردەمی چەرخەکانی نێوەڕاستەوە دەستیان وە قانوونەکانی سیستەمی قەزایی ڕۆم ڕادەگەیشت. ئەو یاسایەنە لە مافە سرووشتیەکانی مرۆڤەوە سەرچاوەیان دەگرت نەک لە ئەحکامی ئیلاهی و ئاسمانیەوە. ئەو قانوونانە و داب و عورف و نەریتەکان ببوونە سەرچاوەیەکی باش کە لە چارەسەرکردنی کاروباری ڕۆژانەی کۆمەڵدا کەڵکیان لێوەردەگیرا. ئەو قانوونانە  باشتر لە ئەحکامە مەزهەبیەکان پێوەندیی نێوان حکومەتەکان و خەڵکیان ڕێکدەخست.

پەرەسەندنی سکۆلاریزم

بەڵێ سکۆلاریزم لەو دوو ئاڵوگۆڕەوە سەری هەڵدا.  یانی چاکسازی مەزهەبی  کە کۆتایی بە دەستەڵات و فەرمانڕەوایی کلێسا هێنا و هەروەها غەیرە مەزهەبی کردنی سەرچاوەکانی قانوون گوزاری و یاسادانان.

ئەو ڕەوتە لە قەڕنی شازدەهەم لە ئوورووپا دەستی پێکرد و لە کۆتاییەکانی چەرخی نۆزدەهەمدا گەیشتە وڵاتە موسوڵمانەکان.

بزووتنەوە ئازادیخوازیەکان، بزووتنەوە میللی و دێموکڕاتیەکان، بزووتنەوە دژی ئیستعماریەکان،  بزووتنەوەی گەلانی ئازادیخوازی ناوچە و یەک لەوان بزووتنەوەی کوردیش، لەودەمەوە تا ئێستا هەمیشە سکۆلاربوون و هەن.

بۆ نموونە  پێشەواقازی محمەد، لە سەردەمی کۆماری کوردستاندا، قانوونگوزاری و سیاسەتی تا ڕادەیەکی زۆر لە ژێر نفوزی دین دەهێناو سکۆلاریزەی کردن.

ئەمرۆ خەڵکی کوردستان بەگشتی بەو پلەیە لە تێگەیشتنی سیاسی و پێگەیشتنی کۆمەڵایەتی گەیوون کە بزانن دین و مەزهەب هیچ ڕەبتێکیان بە حکومەتەوەنیە و ئەگەر بشیان هەوێت توانا و لێوەشاوەیی بەرێوەبردنی حکومەتیان نیە.

هەندێک ئاخوند  دەڵێن ئیسلام دینی حکومەتە. بەڵام لە سەرتاسەری قورئاندا جگە لە چەند ئایەت، هیچ شتێکی دیکە کە پێوەندی بە حکومەتداریەوە بێت بەرچاو ناکەوێت. ئەو ئاخوندانە  ئەو چەند ئایەتە دە کەنە بناخەی  پاساوەکانیان.  باقیەکەشی لە تەفسیرکردنی ئەو ئایەتانەو  سوننەتەکانی پێغەمبەر و ئیمامەکان و لە ڕێگای تەئویل و تەعبیرەوە تەواو دەکەن. بەڵام ئەگەر قەرارە لە تەعبیر کەڵک وەرگرین بۆ لە ئەزموونی وڵاتە  پێشکەوتوەکانی دونیا کەڵکوەرنەگرین کە لە مەیدانی قانووندانان و ئیدارەکردنی کۆمەڵ و حکومەتداریدا سەرکەوتوو هاتوونەدەر. باشە بۆ خەڵک بۆ خۆیان لە ئیدارەکردن و قانوونگوزاری وڵاتەکەی خۆیاندا نەخشی ئەسڵی نە گێڕن؟

بۆ باشترە حکومەت و قانوون سکۆلاریزە بکرێن؟

سکۆلاریزم دەستی دین و مەزهەب لە سەر سیاسەت و دەستی سیاسەت لە سەر دین و مەزهەب کورت دەکاتەوە و هەریەکەیان لە خانەو شوێنی شایستەی خۆیان دادەنێ. دین و مەزهەب کارێکی فەردی و ویژدانیە.  خەڵک مافی ئەوەیان هەیە هەر دین و مەزهەبێک کە خۆیان بیان هەوێ هەڵبژێرن یا بیگۆڕن. حکومەت نابێ  دەست لە کاری ویژدانیا ت و عەقایدی مەزهەبی و ئایینی خەڵکدا وەربدا. ئیدارەکردنی کوردستان و قانوونگوزاری و بڕیاردان سەبارەت بە چارەنووسی میللەت و ئیدارەکردنی کۆمەڵ کارێکی گشتی یەو خەڵک خۆیان دەبێ بە شێوەیەکی بەرین بەشداری تێدابکەن. خوای گەورە نەک هەر لە قورئاندا، بەڵکو لە هیچکام لە کتێبە ئاسمانیەکاندا، ڕێگا چارەی مەسەلە وگیروگرفتە سیاسی و کۆمەڵایەتیەکانی ڕۆژانەی خەڵکی نیشان نەداوە.

لە قورئاندا چەند دەستووری حکومەتی، ئەویش سەبارەت بە میرات و زەواج و چۆنیەتی تەقسیم کردنی غەنائیمی غەزووەکان هەن. لەوە زیاتر وڵاتە ئیسلامیەکان لەو عورف و عادەت و داب و نەریتانە بۆ ئیدارەکردنی کۆمەڵ کەڵک وەردەگرن کە لە سەردەمی پێش ئیسلامدا لە بادیەی عەرەب دا باوبوون و وەک سەرچاوەی قانوون و شەریعەت کەڵکیان لێوەردەگرن.

لەوەش زیاتر کەس مافی ئەوەی نیە بە ناوی خوای گەورە قسەبکا و نەزەربدا. مەگەر ئەوە کە خوای مەزن بۆ خۆی ئەوی وەک وتەبێژ و نوێنەری خۆی دەستنیشان کردبێت. لە حاڵەتیکی ئاواشا ئیتر خوا تا ئاستی  یەک ئینسان دادەبەزێ و ئیتر وەک خوا نامێنێ و خودا نیە.

لە کوردستانی سکۆلاریزەدا، ڕێز و ئیحتڕامی دین و مەزهەب و مامۆستایانی ئاینی و کلیسا و قەشەو مزگەوت و مەلا و مینبەڕ و قورئان و تەورات و زەبوور بە باشترین شێوە دەپارێزرێ. چونکە ئەگەر حکومەت و کاربەدەستانی حکومەت غەدریان کرد، ناعەداڵەتیان کرد، گەندەڵیان کرد، شکەنجەیان کرد،  پیاویان کوشت، بودجەیان بە تاڵانبرد، بە ناوی دین و مەزهەب تەواونابێت.

جەوهەری سکۆلاریزم بریتیە لە ئازادیی مەزهەبی، یانی ئازادی دین و مەزهەب. بەڵام لایەنێکی دیەکی سکۆلاریزم بریتیە لەوە کە بە قانوون ڕێگا لەوە بگری کە مەزهەب و دین دەست

لەکاروباری حکومەت وەرنەدەن و ڕێگانەدرێ کەڵکی سیاسی لە دین و مەزهەب وەرگیرێت.
مەسەلە هەر ئەوەنیە کە دین دەبێ لە حکومەت جیابێت. دین دەبێ لە سیاسەتیش جیابێت. چونکە سیاسەت و دەستەڵات دووڕووی یەک سککەن و لێک جیاناکرێنەوە. ئامانجی کاری سیاسی وەدەستهێنانی قودرەتی حکومەتیە. بۆیە مەترسی ئەوەیە کە ئەگەر حیزبێکی ساسی بە کەڵک وەرگرتن لە دین و مەزهەب و قورئان توانی دەنگی خەڵک وەدەستبێنێ، دوایە قانوون و یاسای دژی ئازادی و دژی دێموکڕاتیک لە پارلەماندا پەسندبکا. بۆیە باشتر وایە هەر لەسەرەتاوە لە بەرانبەر کەڵکی خەراپ وەرگرتنی سیاسەت لە دین ڕابوەستین.
ئیسلام نیشانی داوە کە ناتوانێ لە گەڵ دێموکڕاسی سازگاربێت چونکە توانای تەحەموولی دێموکراسی نیە و تا ئێستا نەشی توانیوە خۆی لە گەڵ پێداویستیەکانی کۆمەڵگای هاوچەرخ سازگار بکات. بەڵام دێموکڕاسی توانای تەحەموولی ئیسلام و هەموو ئاینەکانی دیکەی بەسەریەکەوە و لە پەنای یەکەوە هەیە. لە دێموکراسیدا، خەڵک ئازادن موسوڵمان، مەسیحی، سوننە، شیعە، کاتۆلیک،بەهائی و...بن و ڕێوشوێنە مەزهەبیەکانی خۆیان ئازادانە بەڕێوەبەرن. بەڵام سیاسەت و حکومەت و ئیدارەی کۆمەڵ دەبێت لە شەریعەت و مزگەوت و کلیسا جیابن.

ڕێکەوتی : ٣٠ی مارسی ٢٠١٣

## بۆ دەبێ کوردستان سکۆلاریزە بکەین؟

دەوترێت مێژوو بۆ دوایە ناگەڕێتەوە.واتە ڕەوتی گەشەکردنی مرۆڤایەتی لە پێشکەتنی بەردەوامدایە.جەوهەری ئەو قسە بریتیە لەوە کە کۆماڵگای ئینسانی تا دێ بەرەوئازادی زۆرتر دەچێ.ئەوەش لە بەرئەوەیە کە مرۆڤ هەمیشە تێدەکۆشێ ئەو کۆت و زەنجیرانە کە لە دەستوپێی ئالاون، بپسێنێ .دەشزانین کە ئینسانەکان جۆراوجۆرن و هەر کامیشیان هەوڵدەدەن تا ئەوپەڕی ئازادی بۆ خۆیان وەدەست بخەن.بەڵام لەبەر ئەوەی ئینسان بوونەورێکی کۆمەڵایەتیە و ناتوانێ لە دەرەوەی سیستەمی کۆمەڵایەتیدا هەڵکا و سیستیەمی کۆمەڵایەتیش لە گەڵ ئازادی بێ سنووری تاکی ئینسانی نایەتەوە، ئینسان پێویستە هەندێک چوارچێوە و ڕێوشوێن قبووڵبکا و بە گوێرەی ئەوان هەڵسوکەوتبکا.
وتمان مرۆڤ بوونەوەرێکی کۆمەڵایەتیە و تەنیا لە کۆمەڵدا دەتوانێ بژی و وەک ئینسان گەشەبکا.لە ئاکامدا لەنێوان مەیلی ئینسان بۆ وەدەستهێنانی ئازادی زۆرتر لە لایەک و پێویستی ژیان لە چوارچێوەی سیستەمێکی کۆمەڵایەتیداله لایەکی دیکەوە ناتەبایی دروووست دەبێ.بۆیە پێکهێنانی جۆرێک هاوسەنگی لە نێوان ئازادی تاک و ڕاگرتنی چوارچێوەی ڕێژیمی کۆمەڵایەتی دا، هەمیشە مەسەلەی هەرە گرنگی کۆمەڵگای ئینسانی بووە و فەلسەفە و سیاسەت و زانستە کۆمەڵایەتیەکانی دیکە هەرکامیان بەجۆرێک تێکۆشاون وەڵامی بۆ بدۆزنەوە.بەڵام ڕەوتەکە بەجۆرێک بووە کە هەر لەبەرەبەیانی مێژووە تا ئێستا ئەو هاوسەنگیە بەرەبەرە بە قازانجی ئازادی تاک چۆتە پێش.
لە قۆناخە سەرەتاییەکانی مێژوودا یاسا و قانوون و مافەکانی تاک لەگۆڕێ دانەبوون.لەو قۆناخەدا تەنیا دین و مەزهەب ڕۆڵی ڕێکخەری ژیانی کۆمەڵایەتیان دەگێڕا.دین کاری ئەوەبوو هاوسەنگی لە نێوان ئازادی تاک و سیستەمی کۆمەڵایەتیدا پێکبێنێ.
دینیش بۆخۆی بە قۆناخی جۆراوجۆردا تێپەڕیوە.لە هەوەڵەوە دین و مەزهەب زۆر سادەو ساکاربوون.مرۆڤەکان هەندێک شتی سرووشتی وەک بەرد و ئاژەڵ یان دەپەرست.دواتر پێ بە پێی گەشەکردنی کومەڵ، دینیش پەرەی سەند.بەڵام لە هەموو قۆناخەکاندا دین تەنیا یەک وەزیفەی هەبووە.ئەویش ئەوەبووە کە خەڵک بە هێزێکی غەیبی و لەسەرەوەتر بترسێنێ تا ناچاریان بکا پەیڕەوی لەو سیستەمە کۆمەڵایەتیە بکەن کە لە نێویدا دەژین.مەبەست لەو کارەش بریتی بووە لەوە کە لەوڕێگایەوە ئازادی ئەوان سنووورداربکرێت و نەتوانن بە کەیفی خۆیان ڕەفتار بکەن.ئەوە ئەرکی دین بووە و ئێستاش هەروایە.
بەڵام تا هاتووە بە گەلێک هۆ توانای دین بۆ گێڕانی ئەو ڕۆڵە کەم و کەمتر بۆتەوە.واتە دین و ئەو هێزە غەیبیە کە دین بۆ ناچارکردنی خەڵک بە بەڕیوەبردنی ئەحکامەکانی پشتی پێ دەبەستێ، تا هاتوە کاریگەرییان کەمتر بۆتەوە.خەڵک بیروباوەڕی ئایینی خۆیانیان هێشتۆتەوە، بەڵام کەمتر بە پێی ئەوان ڕەفتاریان کردوە.
گرنگترینی ئەو هۆیانە کە ئەو وەزعەیان پێکهێناوە بریتیە لەوە کە ئەحکامی مەزهەبی بە پێی ئەوە کە سەرچاوەی ئیلاهی یان هەیە، ناتوانن لەگەڵ زەمان و پێداویستیەکانی پەرەسەندنی کۆمەڵ برۆنە پێش.
هۆیەکی دیکەش ئەوەیە کە ئاخوند و قەشەو مەلا و پیاوەئاینیەکانی دیکە، بۆخۆیان هەمیشە ڕێوشوێنە ئایینی و مەزهەبیەکانیان خستوونەتە ژێر پێ یا بە کەیفی خۆیان تەفسیریان بۆ کردوون و لێکیان داونەوە.هۆیەکی دیکەش ئەوە بوو کە بە درێژایی زەمان و لە پرۆسەی گەشەکردنی کۆمەڵدا، گەلێک یاساو ڕێساو ڕێوشوێن هاتنە کایەوە کە خەڵک لە پەنای ئەحکامە مەزهەبیەکاندا بۆ بەڕێوەبردنی ژیانی ڕۆژانەی خۆیان کەڵکیان لێوەردەگرتن.ئەو ڕێساویاسا و دابونەریتانە پێیان دەوترێ عورف .
ئەو عورف و نەریت و عادەتانە لە ژیانی واقعی خەڵکەوە سەرچاوەیان دەگرت هەربۆیەش لە زۆر حاڵەتدا، تەنگیان بە ئەحکامە ئایینی و مەزهەبیەکان هەڵدەچنی.لە هەرکوێ حوکمە مەزهەبیەکان نا روون بوون، جێبەجێ کردنیان سەخت بوو، یا مەلاو ئاخوند و کەشیشەکان خۆیان ڕێزیان لێنەدەگرتن، یاساو ڕێسا عورفیەکان جێیان دەگرتنەوە.
بەوجۆرە بۆ خەڵک دەرکەوت کە حوکمە ئایینی و مەزهەبیەکان نەک هەر بۆ ئیدارەکردنی ژیانی ڕۆژانەی کۆمەڵ بەسنین و کەم دەهێنن، بەڵکوو لە لایەن خودی کەشیش و مەلاکانیشەوە بەڕێوەنابردرێن.
کارگەیشتە جێگایەک کە هەندێک فەیلەسوف و زاناو عارف و عالمی کۆمەڵناس، بەو قەناعەتە گەیشتن و ئازایەتی ئەوەیان پەیداکرد کە بڵێن دین و مەزهەب نەخشێکی لە ئیدارەکردنی کۆمەڵدانیەو نابێت دەست لە کاروباری دونیایی وەردا.ئەوان لەو بڕوایەدان کە ڕۆڵی دین لە کاروباری کۆمەڵایەتیدا ئەوەیە ئەخلاقیات و ویژدانیات پەرەپێبدا و بایەخە ئەخلاقیەکان مەوعیزەبکا.واتە ئەوان دەڵێن یاسادان و قانوون دانان دەبێ لە واقعیەتی ژیان خەڵکەوە سەرچاوەبگرێ و بەتایبەتی ئەو خەڵکە کە قانوونەکانان بەڕێوەدەبەن دەبێ خۆیان لە دانانی ئەو یاساو ڕێسایانەدا ڕۆڵیان هەبێت.
بۆوەلانانی دین لە مەیدانی یاسادانان و قانوون گوزاریدا، پێویست بوو ئاڵووگۆڕی بنەڕەتی بەسەر ڕوانگەی مرۆڤ بۆسەر شوێن و پێگەی دین و مەزهەبدا لە ژیانی خسوسی و کۆمەڵایەتی

دا بێت.واتە دەبوایە ڕوانگەی سوننەتی بۆ دین و مەزهەب بگوڕدرێ.ڕوانگەیەک کە دین و مەزهەب لە سەرووی هەموو شتێکەوە دەزانێ و لە لایەن قەشە و مەلا و ئاخوند و فەقێکانەوە دیفاعیان لێدەکرێ.
لە هەموو دینەکاندا پلەبەندی مەزهەبی و ئاینی هەیە.هەردینەی بە شێوەی تایبەتی خۆی کەسانی تایبەت بە خۆی بۆ خزمەتی خۆی پەروەردەدەکا.
خەڵک بۆ تێگەیشتن لە پرنسیپەکانی دین و بەکارهێنانیان، پێویستیان بە مەلاو مورشید و کەشیش و فەقێ و ئیمام هەیە.ئەوانن خەڵک ڕێنوێنی دەکەن و ئەگەر گیروگرفتیان بۆ هاتە پێش بۆیان چارەسەر دەکەن.بەرەبەرە ئەو ڕێنوێنی و ڕێگاچارانە شکڵی ئۆتۆریتە، دەستوور، دەستەڵات و تەنانەت زۆرویژی بە خۆوەدەگرن.بەو جۆرە خەڵک کوێر کوێرانە لەو کەسانە پەیڕەوی دەکەن.لە ئاکامدا ئەوانیش لەوە کەهەن گەورەتر و بەرزتر دێنە بەرچاوان.تەنانەت خۆیان بە مەرجەعی قانوون دەزانن و داوای دەستەڵاتی سیاسیش دەکەن.
ئەو ڕوانینە سونەتیە بۆ دین، دەبێتە هۆی گەندەڵ بوونی کۆمەڵ و سیاسەت و دین و ئەخلاق.مێژوو نیشانی داوە تا دین و مەزهەب پتر بەسەر کۆمەڵدا زاڵبن، گەندەڵی و بێ ڕەونەقی هەموو لایەنە، زیاتر باڵ بەسەر کۆمەڵدا دەکێشێ و چاکسازی سەختر دەبێ.ئەزموونی چەرخەکانی نێوەڕاستی ئورووپا و تاقی کردنەوەی دەستەڵاتی کۆماری ئیسلامی باشترین نموونەی ئەو قسەیەی ئێمەن.
ئەو وەزعە بە در یژایی چەرخەکانی نێوەڕاست لە ئوورووپادا بەسەر کۆمەڵدا زاڵ بوو.بەڵام دواتر ئورووپا خۆی لە داوی دین و مەزهەب قوتارکرد و ڕێگای ڕێفۆرم و چاکسازی ئایینی و مەزهەبی گرتەبەر.بەڵام تا ئێستا ئیمکانی پێکهێنانی ڕێفۆرم و چاکسازی لە ئیسلامدا پێکنەهاتووە.کە تازە پێویستیش ناکات لەوبارەوە کاربکرێت.چونکە لە وڵاتە ئیسلامیەکانیشدا ئیدی کۆمەڵ بۆخۆی دەستی پێکردوە ڕێگای خۆی دەکاتەوە و سکۆلاریزەدەبێت و بێ گوێدان بەو، دەڕواتە پێش .ئەوە دینە بۆ مانەوەی خۆی پێویستە وەخۆبێتەوە.

دیارە مەسیحیەت قەت خۆی بەدینی حکومەت نەزانیوە.ئەوەش پێکهێنانی ڕێفۆرم و چاکسازی لە ئایینی مەسیحیەتدا ئاسانتر کردوە.

بەوحاڵەش کاتێک چاکسازی لە دینی مەسیحی دا دەستی پێکرد، شەڕی نێوان کاتۆلیک و پرۆتستان سەری هەڵدا کە سەرەنجام کلیسا لەو شەڕەدا وەک دۆڕاوی ئەسڵی هاتەدەر.لەئاکامی ئەو شەڕوململانێ یەدا، حاکمیەتی کلیسا بەسەر دونیای مەسیحیدا کۆتایی پێهات و بەوجۆرە پاپ و قەشەکان لە دەستەڵات کێشرانە خوارەوە و حکومەتەکانی وڵاتانی ئورووپای ڕۆژئاوا دەستەڵاتیان بەسەر خاکی وڵاتەکانیاندا پەیداکرد.
دیارە لەو پرۆسەیەدا ئورووپای ڕۆژئاوا ئیمتیازێکی دیکەشیان لە چاو ئێمە خەڵکی ڕۆژهەڵات هەبوو.ئەوان هەر لە سەردەمی چەرخەکانی نێوەڕاستەوە دەستیان وە قانوونەکانی سیستەمی قەزایی ڕۆم ڕادەگەیشت.ئەو یاسایەنە لە مافە سرووشتیەکانی مرۆڤەوە سەرچاوەیان دەگرت نەک لە ئەحکامی ئیلاهی و ئاسمانیەوە.ئەو قانوونانە و داب و عورف و نەریتەکان ببوونە سەرچاوەیەکی باش کە لە چارەسەرکردنی کاروباری ڕۆژانەی کۆمەڵدا کەڵکیان لێوەردەگیرا.ئەو قانوونانە باشتر لە ئەحکامە مەزهەبیەکان پێوەندیی نێوان حکومەتەکان و خەڵکیان ڕێکدەخست.
بەڵێ سکۆلاریزم لەو دوو ئاڵوگۆڕەوە سەری هەڵدا.یانی چاکسازی مەزهەبی کە کۆتایی بە دەستەڵات و فەرمانڕەوایی کلێسا هێنا و هەروەها غەیرە مەزهەبی کردنی سەرچاوەکانی قانوون گوزاری و یاسادانان.
ئەو ڕەوتە لە قەرنی شازدەهەم لە ئوورووپا دەستی پێکرد و لە کۆتاییەکانی چەرخی نۆزدەهەمدا گەیشتە وڵاتە موسوڵمانەکان.
بزووتنەوە ئازادیخوازیەکان، بزووتنەوە میللی و دێموکڕاتیەکان، بزووتنەوە دژی ئیستعماریەکان، بزووتنەوەی گەلانی ئازادیخوازی ناوچە و یەک لەوان بزووتنەوەی کوردیش، لەودەمەوە تا ئێستا هەمیشە سکۆلاربوون و هەن.

بۆ نموونە پێشەواقازی محمەد، لە سەردەمی کۆماری کوردستاندا، قانوونگوزاری و سیاسەتی تا ڕادەیەکی زۆر لە ژێر نفوزی دین دەهێناو سکۆلاریزەی کردن.

ئەمرۆ خەڵکی کوردستان بەگشتی بەو پلەیە لە تێگەیشتنی سیاسی و پێگەیشتنی کۆمەڵایەتی گەیوون کە بزانن دین و مەزهەب هیچ ڕەبتێکیان بە حکومەتەوەنیە و ئەگەر بشیان هەوێت توانا و لێوەشاوەیی بەڕێوەبردنی حکومەتیان نیە.
هەندێک ئاخوند و مەلا دەڵێن ئیسلام دینی حکومەتە.بەڵام لە سەرتاسەری قورئاندا جگە لە چەند ئایەت، هیچ شتێکی دیکە کە پێوەندی بە حکومەتەوە بێت بەرچاو ناکەوێت.ئەو ئاخوندانە دەڵێن ئەو چەند ئایەتە دەکەنە بناخەو باقیەکەشی لە تەفسیرکردنی ئەو ئایەتانەو سوننەتەکانی پێغەمبەر و ئیمامەکان و لە ڕێگای تەئویل و تەعبیرەوە وەدەست دەخەن.بەڵام ئەگەر قەرارە لە تەعبیر کەڵک وەرگرین بۆ لە ئەزموونی وڵاتە پێشکەوتوەکانی دونیا کەڵکوەرنەگرین کە لە مەیدانی قانووندانان و ئیدارەکردنی کۆمەڵ و حکومەتداریدا سەرکەوتوو هاتوونەدەر.باشە بۆ خەڵک بۆ خۆیان لە ئیدارەکردن و قانوونگوزاری وڵاتەکەی خۆیاندا نەخشی ئەسڵی نە گێڕن؟
سکۆلاریزم دەستی دین و مەزهەب لە سەر سیاسەت و دەستی سیاسەت لە سەر دین و مەزهەب کورت دەکاتەوە و هەریەکەیان لە خانەو شوێنی شایستەی خۆیان دادەنێ.دین و مەزهەب کارێکی فەردی و ویژدانیە.خەڵک مافی ئەوەیان هەیە هەر دین و مەزهەبێک کە خۆیان بیان هەوێ هەڵبژێرن یا بیگۆڕن.حکومەت نابێ دەست لە کاری ویژدانیا ت و عەقایدی مەزهەبی و ئایینی خەڵکدا وەربدا.ئیدارەکردنی کوردستان و قانوونگوزاری و بڕیاردان سەبارەت بە چارەنووسی میللەت و ئیدارەکردنی کۆمەڵ کارێکی گشتی یەو خەڵک خۆیان دەبێ بە شێوەیەکی بەرین بەشداری تێدابکەن.خوای گەورە نەک هەر لە قورئاندا، بەڵکو لە هیچکام لە کتێبە ئاسمانیەکاندا، ڕێگا چارەی مەسەلە وگیروگرفتە سیاسی و کۆمەڵایەتیەکانی ڕۆژانەی خەڵکی نیشان نەداوە.
لە قورئاندا چەند دەستووری حکومەتی، ئەویش سەبارەت بە میرات و زەواج و چۆنیەتی تەقسیم کردنی غەنائیمی غەزووەکان هەن.لەوە زیاتر وڵاتە ئیسلامیەکان لەو عورف و عادەت و دابو نەریتانە بۆ ئیدارەکردنی کۆمەڵ کەڵک وەردەگرن کە لە سەردەمی پێش ئیسلامدا لە بادیەی عەرەبیدا باوبوون و وەک سەرچاوەی قانوون و شەریعەت کەڵکیان لێوەردەگرن.

لەوەش زیاتر کەس مافی ئەوەی نیە بە ناوی خوای گەورە قسەبکا و نەزەربدا.مەگەر ئەوە کە خوای مەزن بۆ خۆی ئەوی وەک وتەبێژ و نوێنەری خۆی دەستنیشان کردبێت.لە حاڵەتیکی ئاواشا ئیتر خوا تا ئاستی یەک ئینسان دادەبەزێ و ئیتر وەک خوا نامێنێ و خودا نیە.
لە کوردستانی سکۆلاریزەدا، ڕێز و ئیحترامی دین و مەزهەب و مامۆستایانی ئاینی و کلیسا و قەشەو مزگەوت و مەلا و مینبەر و قورئان و تەورات و زەبوور بە باشترین شێوە دەپارێزرێ.چونکە ئەگەر حکومەت و کاربەدەستانی حکومەت غەدریان کرد، ناعەداڵەتیان کرد، گەندەڵیان کرد، شکەنجەیان کرد، پیاویان کوشت، بودجەیان بە تاڵانبرد، بە ناوی دین و مەزهەب تەواونابێت.
جەوهەری سکۆلاریزم بریتیە لە ئازادیی مەزهەبی، یانی ئازادی دین و مەزهەب.بەڵام لایەنێکی دیەکی سکۆلاریزم بریتیە لەوە کە بە قانوون ڕێگا لەوە بگری کە مەزهەب و دین دەست لەکاروباری حکومەت وەرنەدەن و ڕێگانەدرێ کەڵکی سیاسی لە دین و مەزهەب وەرگیرێت.
مەسەلە هەر ئەوەنیە کە دین دەبێ لە حکومەت جیابێت وەک لە بەرنامەی حیزبدا هاتووە.دین دەبێ لە سیاسەتیش جیابێت.چونکە سیاسەت و دەستەڵات دووڕووی یەک سککەن و لێک جیاناکرێنەوە.ئامانجی کاری سیاسی وەدەستهێنانی قودرەتی حکومەتیە.بۆیە مەترسی ئەوەیە کە ئەگەر حیزبێکی ساسی بە کەڵک وەرگرتن لە دین و مەزهەب و قورئان توانی دەنگی خەڵک وەدەستبێنێ، دوایە قانوون و یاسای دژی ئازادی و دژی دێموکڕاتیک لە پارڵەماندا پەسندبکا.بۆیە باشتر وایە هەر لەسەرەتاوە لە بەرانبەر کەڵکی خەراپ وەرگرتنی سیاسەت لە دین ڕابوەستین.
ئیسلام نیشانی داوە کە ناتوانێ لە گەڵ دێموکڕاسی سازگاربێت چونکە توانای تەحەمولی دێموکراسی نیە.بەڵام دێموکڕاسی توانای تەحەمولی ئیسلام و هەموو ئاینەکانی دیکەی بەسەریەکەوە و لە پەنای یەکەوە هەیە.لە دێموکراسی کوردستاندا، خەڵک ئازادن موسوڵمان مەسیحی، سوننە، شیعە، کاتۆلیک، بەهائی و...بن و ڕێوشوێنە مەزهەبیەکانی خۆیان ئازادانە بەڕێوەبەرن.بەڵام سیاسەت و حکومەت و ئیدارەی کۆمەڵ دەبێت لە شەریعەت و مەلا و کلیسا جیابن.

ڕێکەوتی : ٣٠ی مارسی ٢٠١٣

## مەئموریەتێکی قورس .

حیزبەکەمان چەند مانگ لەمەوبەر کۆنگرەی پازدەهەمی خۆی بەست. لەو کۆنگرەیەدا ساخ بوینەوە کە حیزب لە گەڵ پێداویستیەکانی قۆناخی ئێستای خەبات هاوئاهەنگ بکەین.
ئەودەم وێنەیەکی ڕوونمان لەو وەزعە نەبوو کە بەرەوڕوومان دەهات. بەڵام دەمانزانی ئاڵوگۆڕی گەورە بەڕێوەن و حیزبی دێموکڕات دەبێ خۆی بۆ ڕووبەڕووبونەوە دەگەڵیان ئامادەبکا.
ئێستا ئەگەر خۆمان بەجدی بگرین و ئەو مەئموریەتەش بەجدی بگرین کە خستومانەتە سەر شانی خۆمان، بۆمان دەردەکەوێ کە جەوهەری ئەو بڕیارەی کە لەکۆنگرەدا دامان بریتیە لە بەرینکردنەوەی گۆشەنیگای ڕوانینی حیزب بۆ دونیای دەوروبەر و ئەو وەزعە نوێ یە کە خەریکە شکڵ دەگرێ.
ئەمڕۆ باشتر تێگەیوین کە بەڕاستی خەریکە هەلومەرجێکی تەواو تازە دێتە پێش. هەلومەرجێک کە لێمان دەخوازێ ئێمەش خۆمان بۆ سواربوونی ئەو شەپۆلانە تەییارکەین کە ئەوەتا بە چاوی خۆمان دەیان بینین کە بەرەوڕوومان دێن. پێشبینی و قۆزتنەوەی شەپۆلان و سواربونیان بۆ چونەپێش بۆ حیزبێکی سیاسی وەک حیزبی ئێمە هەلپەرستی نیە. بەڵکو دووربینی و هەل ناسیە.
ئاخر تا پتر تەماشای خۆمان دەکەین، باشتر لە پێگەو ریسالەتی حیزبی خۆمان لە نێو کۆمەڵگای کوردستاندا حاڵی دەبین. دەبینین کە میللەتەکەمان لە هەموو بارێکەوە لە دوایەیە. هەندێک میللەت موشکیلەی ڕێگاوبانیان هەیە. هەندێ میللەت گیروگرفتی ژینگە یان هەیە، هەندێک گیروگرفتی ئینیرژیان هەیە، هەندێکیان مەسەلەی کورت خایەنیان هەن و هیواش هەن موشکیلەی درێژخایەنیان هەن. ئێمە هەموویمان پێکەوە هەن. ژێر چەپۆکەین، حاکمیەتی میللی مان پێشێل دەکرێ، حکومەتی خۆمان نیەو چارەنوسی سیاسی خۆمانمان بەدەستەوە نیە، لە باری ئابووری و فەرهەنگی و کۆمەڵایەتیەوە لە هەژاری و مەینەتبەشی دا دەژین.
حیزبی دێموکڕات بۆ وەڵام دانەوە بەو وەزعە دروستبووە. تێکۆشان لە وەزعێکی ئاواشدایە کەنەخشی حیزبی ئێمە بەرجەستەدەکا.
کورد و کوردستان دەبێ لەو وەزعە بێنە دەر. ئێمە نزیکەی حەو دەیەیە لەو ڕێگایەدا خەبات دەکەین و بە ڕابردووی پڕ لە شانازی خاشمانەوە دەنازین. بەڵام لەو باروودۆخە نوێ یەدا کە ئێستا هاتۆتەگۆڕ، ئەگەر دەمانەوێ کاریگەربین و ئەو مەئموریەتە بەرینەسەر کە خستومانەتە سەرشانی خۆمان پێویستیمان بە وەیە خۆمان و تەشکیلات هەڵکێشینە ئاستێکی چەند قات سەرەوەتر لەوەی ئێستا و پێشوومان.
حیزبی ئێمە دەبێ بتوانێ وەڵامدەری مەسەلەکانی ئێستا و داهاتووی کوردستان بێت. لەوەش زیاتر دەبێ لە بردنەپێشی سیاسەتی ئێرانیشدا ڕۆڵێکی کاریگەر ببینێ. ئەوەش وامان لێدەخوازێ هونەرەڕەزمیەکانی مەیدانداریی سیاسی فێربین.
خەباتی ئەمڕۆ لەچاو ساڵانی ڕابردوو زۆر لەسەرترە. هەربۆیەشە پێویستیی بە لێوەشاوەیی و زەرفیەتی فکری و سیاسی و ئەخلاقی زۆرتر هەیە. ئێمە نامانەوێ لە سیاسەتی کوردستان و ئێران و ناوچەدا بکەوینە پەڕاوێزەوە. هەربۆیەش تێدەکۆشین وەک ڕابردوو لە سەنگەری هەرەپێشەوەی خەباتی میللەتەکەمان دابین.
دیسکۆڕس واتە گوفتمانی سیاسی لە کوردستان بریتیە لە ڕزگاری و ئازادی و دێموکڕاسی و عەداڵەتی کۆمەڵایەتی. پایەکانی بەرنامەی ساسی و جیهانبینی سیاسیی حیزبی ئێمەش لە لەسەر ئەو چوار کۆڵەکە دامەزراون.
هەموو خەڵکی کوردستان داخوازە سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتیەکانی خۆیان لەبەرنامەی سیاسی حیزبی ئێمەدا دەبیننەوە. بە ملێون کەس لە کوردستان ئامادەن گوێ لە پەیامی سیاسی حیزبی ئێمە بگرن و سەروماڵی خۆشیان بۆ بردنەپێشی ئەو پەیامە فیدابکەن. ئەوە سەرمایەیەکی سیاسیی گەورەیە کە کەم هێزی سیاسی لە مێژودا توانیویانە وەدەستی بێنن. بۆیە دەبێ خۆشمان لە ئاستی ئەو چاوەڕوانیانەدا بین کە خەڵک لێمانیان هەیە.

کۆمەڵگای کوردستان تەواو بۆتە کۆمەڵگایەکی سیاسی. جامعەی مەدەنی لە کوردستان خەریکە سەرهەڵدەدا. پێشکەوتنخوازی و نوێبوونەوە و چاوکرانەوەی سیاسی و فەرهەنگی بۆتە بەشێک لە کاراکتەری کەسایەتی کچان و کوڕانی کوردستان. قرچەقرچی شکانی مۆرەکانی بڕبڕەی پشتیی کۆمەڵگای سوننەتیی لە کوردستان، دێتە گوێی هەموو گوێیەک کە توانای بیستینی هەبێت. خەڵک نەک هەر خوازیاری ئەوەن دەستی ئاخوند لە سیاسەت و حکومەت و یاسادانان دووربخەنەوە، بەڵکو خەریکە زەینی خۆشیان لە بیرکردنەوەی مەزهەبی ئازاد دەکەن و دەیانەوێ دینیش لە دەستی حکومەت ڕزگاری بێت.

ئێمە ئەمڕۆ لە گەڵ کۆمەڵگایەک بەرەوڕووین کە زۆری فەرق هەیە لە گەڵ کۆمەڵگای سێ دەیەی ڕابردوو. خەڵکی کوردستان و بە تایبەتی نەسلی تازەی کوردستان دەستیان کردوە بە موتاڵاو چاوخشاندنەوە بە سەرتاسەری مەوقعیەتی خۆیان و هۆیەکانی ئەو وەزعەی تێیدان. بۆیە درووشمی سیاسی ڕۆژانە و هەندێک وشەو دەستەواژە و فۆرمۆلی ئاسانی سیاسی ناتوانن بۆ ئەوان بەس بن. دەورانی بمرێ ڤلانەکەس و بژێ فیسارەکەس لە سیاسەتی کوردیدا تێپەڕیوە.

بۆیە حیزبێک کە دەیەوێ پێشڕەوی ئەو میللەتەبکا دەبێ بڵند بڕوانێ و توانای ئەوە لەخۆیدا درووستبکا کە بە بڵنداندا بفرێ. جائەوە با ریسکیش بێ . مەگەر حیزبی ئێمە هەموو ژیانی هەر خەتەرکردن نەبووە.

خەبات بە دژی کۆماری ئیسلامی و ڕووخانی ئەو ڕێژیمە، کە بۆ ئێمە زۆرگرنگە و لەو مەیدانەشدا کەس ناتوانێ موزایەدەمان بە سەردابکا، تەنیا قۆناخێکە لە خەباتی ئێمە لەسەر ڕێگای ڕزگاری میللەتەکەماندا. ئێمە دەمانەوێت میللەتەکەمان بەرینە ئاستی میللەتانی ئازاد و بەختەوەری دونیا. بۆیە ئەرکی ئێمە زۆر قورسە.

ڕۆڵی ئێمە هەر لە خەبات بە دژی کۆماری ئیسلامیدا کورتنابێتەوە. ئێمە تەکانی ئاخر و تووند لە کۆمەڵگای کوردستان دەدەین . مەئموریەتی حیزبی دێموکرات ئەوەیە کۆمەڵگای کوردستان بخاتە سەر ڕەوڕەوەی پەرەسەندنی خۆی. واتە تەیک ئوف بە کۆمەڵگای کوردستان بکات . کاتێک فڕۆکە دەکەوێتە حەرەکەت لە سەرەتادا لەسەر تەگەرەکانی دەڕوا. بەڵام پاش ماوەیەک تەیک ئۆف دەکا یانی ئیدی دەکەوێتە سەر قودرەتی ماتۆڕەکانی خۆی و لە ئاسماناندا دەکەوێتە مەلە و دەڕواتە پێش. لە کۆمەڵناسی سیاسیدا تەیک ئۆف بەو قۆناخە لە پەرەسەندنی کۆمەڵگایەک دەڵێن کە ئیدی ئەو کۆمەڵگایە دەکەوێتە سەر چەرخەکانی پێشکەوتنی خۆی و دەتوانێ بۆخۆی گیروگرفتەکانی خۆی چارەسەرکاو بڕواتە پێش.

ئەمڕۆژانە لەکاتی گەڕانەوە لە مەئموریەتێکی حیزبیدا، لە خزمەت برای گەورەم کاک دوکتۆر خوسرەو عەبدوڵاهی و هاوڕێیانی تێکۆشەر خوشکە پەروانەی حەیدەری و کاک سولەیمانی کەڵەشی دابووم. پاش چەند شەو ڕۆژ کاری بەردەوام کۆبوونەوەکردن لە کوێستانەکانی ئۆپلاندەوە بەرە و ئوسلۆ دەگەڕاینەوە. من ماشێنم لێدەخوڕی و لەو بەفرو سەهۆلبەندانەدا دەبوایە زۆرتر وریابوایەم. کاک دوکتۆر خوسرەو و کاک سولەیمان لەبەر هیلاکی و بێخەوی چاویان دەخەو ڕاچوو. منیش کە بەو ڕێگایەدا نابەڵەدبووم و لە پڕ دەگەیشتمە دووربینەکانی تڕافیکی سەرڕێ، لە ترسی جەریمەکران و ڕێگنین (فاتۆرا) بۆ هاتن تووند تورمزم دەگرت. لە ئاکامدا هاوڕێیان بەو تەکانە تووند و لە پڕانە وەخەبەر دەهاتن.

کاری حیزبی ئێمە ئەوەیە ئەو تەکانە توونده لە میللەتی خۆمانبدا و بیخاتە سەرمەداری تەیک ئۆفکردن. واتە کۆمەڵگای کوردستان بخاتە سەر مەداری مۆدێڕنیتە.

کۆمەڵگای کوردستان دەبێ لە ستەمی میللی و سیاسی و ئابووری و فەرهەنگی و کۆمەڵایەتی ڕزگاری بێت.

پێش هەرشتێک پێویستە میللەتی کورد وەک هەر میللەتێکی دیکە حاکمیەت و مافی دیاریکردنی چارەنووسیی سیاسی خۆی بەدەستەوە بگرێ. پاشانیش دەبێ مافە مەدەنی و سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتی و کولتوریەکان لە کۆمەڵگای کوردستاندا دابینبن. لە وەش زیاتر پێویستە مافەکانی منداڵان، ژنان، کەم ئەندامان، کەمایەتیە مەزهەبی و ئێتنیکی و... لە کوردستاندا دابین بکرێن.

لە زانستە سروشتیەکاندا دەگوترێ ئامانجی تەکامول تەکامولی زۆرترە. ئامانجی دێموکڕاسیش بۆ حیزبی ئێمە دێموکڕاسی زۆرترو زۆرتر و هەر زۆرترە. ئەزموونە مێژوویەکان ئەوە دەردەخەن هەر بەو ئەندازە کە پیادەکردنی عەدالەتی کۆمەڵایەتی لە سەر حیسابی قوربانی کردنی ئازادی ئاکامەکەی کارەسات خوڵقێنە، هەوڵدان بۆ دابینکردنی ئازادیش لەسەر حیسابی نادیدەگرتنی عەدالەتی کۆمەڵایەتی کارەساتی بەدوادادێ. بۆیەیە کە حیزبی ئێمە چ لەبەرنامەی سیاسیەکەی و چ لە سیاسەتی ڕۆژانەیدا هیچ کاتێک لەو مەسەلەیە غافڵ نیە. ئەوەشە ئەو مەوقعیەتە بێ وێنەیەی بە حیزبی دێموکرات لە نێو لە کۆمەڵگای کوردستاندا بەخشیوە.

بەڵێ کاری حیزبی ئێمە ئەوەیە تەکانی تووند و ئاخر بە کۆمەڵگای کوردستان بداو بیخاتە سەر ڕەوڕەوەی چوون پێش و پەرەسەندن. ئەوەش مەئموریەتێکی گەورەو قورسە کە هاویشتومانەتە سەرشانی خۆمان.

با هێزی بیر و چاوەکانی حیزب، هێزی بازوو و ئەژنۆکانی حیزب، بۆ ئەنجامدانی ئەو مەئموریەتە و ئەو تەکانە گەورەیە بخەینە ژێر تەوانی دە.

ڕێکەوتی : ٢٢ی مارسی ٢٠١٣

## تەکانی ئاخر , مەئموریەتێکی قورس و گران.!

حیزبەکەمان چەند مانگ لەمەوبەر کۆنگرەی پازدەهەمی خۆی بەست.

لەو کۆنگرەیەدا ساخ بوینەوە کە حیزب لە گەڵ پێداویستیەکانی قۆناخی ئێستای خەبات هاوئاهەنگ بکەین. ئەودەم وێنەیەکی ڕوونمان لەو وەزعە نەبوو کە بەرەوڕوومان دەهات. بەڵام دەمانزانی ئاڵوگۆڕی گەورە بەڕێوەن و حیزبی دێموکڕات دەبێ خۆی بۆ ڕووبەڕووبونەوە دەگەڵیان ئامادەبکا.

ئێستا ئەگەر خۆمان بەجدی بگرین و ئەو مەئموریەتەش بەجدی بگرین کە خستومانەتە سەر شانی خۆمان، بۆمان دەردەکەوێ کە جەوهەری ئەو بڕیارەی کە لەکۆنگرەدا دامان بریتیە لە بەرینکردنەوەی گۆشەنیگای روانینی حیزب بۆ دونیای دەوروبەر و ئەو وەزعە نوێ یە کە خەریکە شکڵ دەگرێ.

ئەمڕۆ باشتر تێگەیوین کە بەڕاستی خەریکە هەلومەرجێکی تەواو تازە دێتە پێش. هەلومەرجێک کە لێمان دەخوازێ ئێمەش خۆمان بۆ سواربوونی ئەو شەپۆلانە تەیبارکەین کە ئەوەتا بە چاوی خۆمان دەیان بینین کە بەرەوڕوومان دێن. پێشبینی و قۆزتنەوەی شەپۆلان و سواربونیان بۆ چونەپێش بۆ حیزبێکی سیاسی وەک حیزبی ئێمە هەلپەرستی نیە. بەڵکو دووربینی و هەل

ناسیە.ئاخر تا پتر تەماشای خۆمان دەکەین، باشتر لە پێگەو ریسالەتی حیزبی خۆمان لە نێو کۆمەڵگای کوردستاندا حاڵی دەبین. دەبینین کە میللەتەکەمان لە هەموو بارێکەوە لە دوایەیە. هەندێک میللەت موشکیلەی ڕێگاوبانیان هەیە. هەندێ میللەت گیروگرفتی ژینگە یان هەیە، هەندێک گیروگرفتی ئینیرژیان هەیە، هەندێکیان مەسەلەی کورت خایەنیان هەن و هیواش هەن موشکیلەی درێژخایەنیان هەن.

ئێمە هەموویمان پێکەوە هەن. ژێر چەپۆکەین، حاکمیەتی میللی مان پێشێل دەکرێ، حکومەتی خۆمان نیەو چارەنوسی سیاسی خۆمانمان بەدەستەوە نیە، لە باری ئابووری و فەرهەنگی و کۆمەڵایەتیەوە لە هەژاری و مەینەتبەشی دا دەژین.

حیزبی دێموکڕات بۆ وەڵام دانەوە بەو وەزعە درووستبووە. تێکۆشان لە وەزعێکی ئاواشدایە کەنەخشی حیزبی ئێمە بەرجەستەدەکا.

کورد و کوردستان دەبێ لەو وەزعە بێنە دەر. ئێمە نزیکەی حەو دەیەیە لەو ڕێگایەدا خەبات دەکەین و بە ڕابردووی پڕ لە شانازی خاشمانەوە دەنازین. بەڵام لەو بارووودۆخە نوێ یەدا کە ئێستا هاتۆتەگۆڕ، ئەگەر دەمانەوێ کاریگەربین و ئەو مەئموریەتە بەرینەسەر کە خستومانەتە سەرشانی خۆمان پێویستیمان بە وەیە خۆمان و تەشکیلات هەڵکێشینە ئاستێکی چەند قات سەرەووەتر لەوەی ئێستا و پێشوومان.

حیزبی ئێمە دەبێ بتوانێ وەڵامدەری مەسەلەکانی ئێستا و داهاتووی کوردستان بێت. لەوەش زیاتر دەبێ لە بردنەپێشی سیاسەتی ئێرانیشدا ڕۆڵێکی کاریگەر ببینێ. ئەوەش وامان لێدەخوازێ هونەرەڕەزمیەکانی مەیدانداریی سیاسی فێربین.

خەباتی ئەمرۆ لەچاو ساڵانی ڕابردوو زۆر لەسەرترە. هەربۆیەشە پێویستیی بە لێوەشاوەیی و زەرفیەتی فکری و سیاسی و ئەخلاقی زۆرتر هەیە. ئێمە نامانەوێ لە سیاسەتی کوردستان و ئێران و ناوچەدا بکەوینە پەڕاوێزەوە. هەربۆیەش تێدەکۆشین وەک ڕابردوو لە سەنگەری هەرەپێشەوەی خەباتی میللەتەکەمان دابین.

دیسکۆرس واتە گوفتمانی سیاسی لە کوردستان بریتیە لە ڕزگاری و ئازادی و دێموکڕاسی و عەداڵەتی کۆمەڵایەتی. پایەکانی بەرنامەی ساسی و جیهانبینی سیاسیی حیزبی ئێمەش لە لەسەر ئەو چوار کۆڵەکە دامەزراون.

هەموو خەڵکی کوردستان داخوازە سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتیەکانی خۆیان لەبەرنامەی سیاسی حیزبی ئێمەدا دەبیننەوە. بە ملیون کەس لە کوردستان ئامادەن گوێ لە پەیامی سیاسی حیزبی ئێمە بگرن و سەروماڵی خۆشیان بۆ بردنەپێشی ئەو پەیامە فیدابکەن. ئەوە سەرمایەیەکی سیاسیی گەورەیە کە کەم هێزی سیاسی لە مێژودا توانیویانە وەدەستی بێنن. بۆیە دەبێ خۆشمان لە ئاستی ئەو چاوەڕوانیانەدا بین کە خەڵک لێمانیان هەیە.

کۆمەڵگای کوردستان تەواو بۆتە کۆمەڵگایەکی سیاسی. جامعەی مەدەنی لە کوردستان خەریکە سەرهەڵدەدا. پێشکەوتنخوازی و نوێبوونەوە و چاوکرانەوەی سیاسی و فەرهەنگی بۆتە بەشێک لە کاراکتەری کەسایەتی کچان و کوڕانی کوردستان. قرچەقرچی شکانی مۆرەکانی بڕبڕەی پشتیی کۆمەڵگای سوننەتیی لە کوردستان، دێتە گوێی هەموو گوێیەک کە توانای بیستینی هەبێت. خەڵک نەک هەر خوازیاری ئەوەن دەستی ئاخوند لە سیاسەت و حکومەت و یاسادانان دوورخەنەوە، بەڵکو خەریکە زەینی خۆشیان لە بیرکردنەوەی مەزهەبی ئازاد دەکەن و دەیانەوێ دینیش لە دەستی حکومەت ڕزگاری بێت.

ئێمە ئەمرۆ لە گەڵ کۆمەڵگایەک بەرەوڕووین کە زۆری فەرق هەیە لە گەڵ کۆمەڵگای سێ دەیەی ڕابردوو. خەڵکی کوردستان و بە تایبەتی نەسلی تازەی کوردستان دەستیان کردوە بە موتاڵاو چاوخشاندنەوە بە سەرتاسەری مەوقعیەتی خۆیان و هۆیەکانی ئەو وەزعەی تێیدان. بۆیە درووشمی سیاسی ڕۆژانە و هەندێک وشەو دەستەواژە و فۆرمۆلی ئاسانی سیاسی ناتوانن بۆ ئەوان بەس بن. دەورانی بمرێ فڵانەکەس و بژێ فیسارەکەس لە سیاسەتی کوردیدا تێپەڕیوە.

بۆیە حیزبێک کە دەیەوێ پێشرەوی ئەو میللەتەبکا دەبێ بڵند بڕوانێ و توانای ئەوە لەخۆیدا درووستبکا کە بە بڵنداندا بفرێ. جائەوە با ریسکیش بێ . مەگەر حیزبی ئێمە هەموو ژیانی هەر خەتەرکردن نەبووە.

خەبات بە دژی کۆماری ئیسلامی و ڕووخانی ئەو ڕێژیمە، کە بۆ ئێمە زۆرگرنگە و لەو مەیدانەشدا کەس ناتوانێ موزایەدەمان بە سەردابکا، تەنیا قۆناخێکە لە خەباتی ئێمە لەسەر ڕێگای ڕزگاری میللەتەکەماندا. ئێمە دەمانەوێت میللەتەکەمان بەرینە ئاستی میللەتانی ئازاد و بەختەوەری دونیا. بۆیە ئەرکی ئێمە زۆر قورسە.

ڕۆڵی ئێمە هەر لە خەبات بە دژی کۆماری ئیسلامیدا کورتنابێتەوە. ئێمە تەکانی ئاخر و تووند لە کۆمەڵگای کوردستان دەدەین . مەئموریەتی حیزبی دێموکرات ئەوەیە کۆمەڵگای کوردستان بخاتە سەر ڕەوڕەوەی پەرەسەندی خۆی. واتە تەیک ئوف بە کۆمەڵگای کوردستان بکات . کاتێک فرۆکە دەکەوێتە حەرەکەت لە سەرەتادا لەسەر تەگەرەکانی دەڕوا. بەڵام پاش ماوەیەک تەیک ئۆف دەکا یانی ئیدی دەکەوێتە سەر قودرەتی ماتۆڕەکانی خۆی و لە ئاسماناندا دەکەوێتە مەلە و دەڕواتە پێش. لە کۆمەڵناسی سیاسیدا تەیک ئۆف بەو قۆناخە لە پەرەسەندنی کۆمەڵگایەک دەڵێن کە ئیدی ئەو کۆمەڵگایە دەکەوێتە سەر چەرخەکانی پێشکەوتنی خۆی و دەتوانێ بۆخۆی گیروگرفتەکانی خۆی چارەسەرکاو بڕواتە پێش.

ئەمڕۆژانە لەکاتی گەڕانەوە لە مەئموریەتێکی حیزبیدا، لە خزمەت برای گەورەم کاک دوکتۆر خوسرەو عەبدولاهی و هاوڕێانی تێکۆشەر خوشکە پەروانەی حەیدەری و کاک سولەیمانی کەڵەشی دابووم. پاش چەند شەو ڕۆژ کاری بەردەوام کۆبوونەوەکردن لە کوێستانەکانی ئۆپلاندەوە بەرە و ئوسلۆ دەگەڕاینەوە. من ماشێنم لێدەخوڕی و لەو بەفرو سەهۆلبەندانەدا دەبوایە زۆرتر وریابوایەم. کاک دوکتۆر خوسرەو و کاک سولەیمان لەبەر هیلاکی و بێخەوی چاویان دەخەو ڕاچوو. منیش کە بەو ڕێگایەدا نابەڵەدبووم و لە پڕ دەگەیشتمە دووربینەکانی تراڤیکی سەرڕێ، لە ترسی جەریمەکران و ڕێگنین بۆ هاتن تووند تورمزم دەگرت. لە ئاکامدا هاوڕیان بەو تەکانە تووند و لە پڕانە وەخەبەر دەهاتن.

کاری حیزبی ئێمە ئەوەیە ئەو تەکانە تووندە لە میللەتی خۆمانبدا و بیخاتە سەرمەداری تەیک ئۆفکردن. واتە کۆمەڵگای کوردستان بخاتە سەر مەداری مۆدێڕنیتە.

کۆمەڵگای کوردستان دەبێ لە ستەمی میللی و سیاسی و ئابووری و فەرهەنگی و کۆمەڵایەتی ڕزگاری بێت.

پێش هەرشتێک پێویستە میللەتی کورد وەک هەر میللەتێکی دیکە حاکمیەت و مافی دیاریکردنی چارەنووسیی سیاسی خۆی بەدەستەوە بگرێ. پاشانیش دەبێ مافە مەدەنی و سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتی و کولتوریەکان لە کۆمەڵگای کوردستاندا دابینبن. لە وەش زیاتر پێویستە مافەکانی منداڵان، ژنان، کەم ئەنداماں، کەمایەتیە مەزهەبی و ئیتنیکی و... لە کوردستاندا دابین بکرێن.

لە زانستە سروشتیەکاندا دەگوترێ ئامانجی تەکامول تەکاملی زۆرترە. ئامانجی دێموکراسیش بۆ حیزبی ئێمە دێموکراسی زۆرترو زۆرتر و هەر زۆرترە. ئەزموونە مێژووییەکان ئەوە دەردەخەن هەر بەو ئەندازە کە پیادەکردنی عەدالەتی کۆمەڵایەتی لە سەر حیسابی قوربانی کردنی ئازادی ئاکامەکەی کارەسات خوڵقێنە، هەوڵدان بۆ دابینکردنی ئازادیش لەسەر حیسابی نادیدەگرتنی عەداڵەتی کۆمەڵایەتی کارەساتی بەدوادادێ. بۆیەیە کە حیزبی ئێمە چ لەبەرنامەی سیاسیەکەی و چ لە سیاسەتی ڕۆژانەیدا هیچ کاتێک لەو مەسەلەیە غافڵ نیە. ئەوەشە ئەو مەوقعیەتە بێ وێنەیەی بە حیزبی دێموکرات لە نێو لە کۆمەڵگای کوردستاندا بەخشیوە.

بەڵێ کاری حیزبی ئێمە ئەوەیە تەکانی تووند و ئاخر بە کۆمەڵگای کوردستان بداو بیخاتە سەر ڕەوڕەوەی چوون پێش و پەرەسەندن. ئەوەش مەئموریەتێکی گەورەو قورسە کە هاویشتومانەتە سەرشانی خۆمان.

با هێزی بیر و چاوەکانی حیزب، هێزی بازوو و ئەژنۆکانی حیزب، بۆ ئەنجامدانی ئەو مەئموریەتە و ئەو تەکانە گەورەیە بخەینە ژێر تەوانی دە.

ڕێکەوتی : ٢٢ی مارسی ٢٠١٣

## باڵەکانی فڕینی حیزبی دێموکڕات بۆ فڕین بە بڵندایی ئاسمانێ دا ئازاد دەکەین!

ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی  هەموو خراپیەکانی سیستەمە دیکتاتۆر و ئیدەئۆلۆژیەکانی لە خۆیدا کۆکردۆتەوە. گەندەڵیی هەموو لایەنەی دەستەڵاتی فەرمانڕەوا هێندە زەق و بەرچاوە کە تەنانەت  لە ژێر پەردەی ئەستووری دین و مەزهەبیش دا ناشاردرێتەوە.

هەلومەرجێک هاتۆتە پێش کە تەنانەت چین و توێژە هەرە موحافەزەکارەکانی نێو کۆمەڵگاش ناچاربوون دەنگی ناڕەزایەتیی خۆیان بە دژێ ئەو وەزعە بەرزکەنەوە کە لە ئاکامی سیاسەتە دژی گەلیەکانی دەستەڵاتی ئاخوندی دا  پێکهاتووە.

کاربەدەستانی ڕێژیم و لەسەرووی هەموویانەوە ئاغای خامەنەیی،  لە بەرانبەر خەڵکدا خۆیان بە بەرپرس نازانن و هیچ بەرپرسایەتیەک سەبارەت بەو بارووددۆخە قبووڵ ناکەن کە وڵاتەکەمانی تێکەوتووە. ئەوان نایشارنەوە و بە ئاشکرا ڕادەگەیەنن کە تەنیا لە بەرانبەر ئیمام زەماندا خۆیان بە وەڵام دەر دەزانن.

بەمجۆرە دەبێ چاوەڕوان بین کە قەیرانی هەمووﻻیەنەی ڕێژیم لە مانگ و وەرزەکانی داهاتوودا زۆر لەوەش قوڵتر بێتەوە کە هەیە.

ڕاستە ئێمە دەبێ توانای ڕێژیم بۆ ئیدارەکردنی قەیران بە کەم نەگرین. بەڵام ئەزموون نیشانیداوە کە قەیرانی سیاسی و ئابووری ئەگەر بۆ ماوەیەکی زۆر  درێژەیان کێشا، هیچ حکومەتێک خۆی لە بەرانبەریاندا ڕاناگرێ. هەر لەو چەند دەیەی دواییدا دیتوومانانە کە زۆر دەوڵەتی گەورەتر و بەهێزتریش لە کۆماری ئیسلامی، وەبەر گەردەلوولی قەیرانی سیاسی و ئابووری کەوتوون و ئاسەوارێکیان لێنەماوە.

یەک شت ڕوونە. کۆماری ئیسلامی چۆتە  نێو سەخترین قۆناخەکانی تەمەنی خۆی و لە نێو گێژاوی گیروگرفتە سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتی و دیپلۆماسیەکانیدا دەست وپێ داوێ.

ئێستا ئیدی خواستی گۆڕانی ڕێژیم لە ئاستی درووشمێکی سیاسیەوە تێپەڕیوە و بۆتە  پێویستیەکی حاشاهەڵنەگر. ئەوە نەک هەر بۆ خەڵکی وڵاتەکەمان، بەڵکوو بۆ کۆمەڵگای نێونەتەوەیش هەر وایە. دووره دیمەنی چەکداربوونی کۆماری ئیسلامی بە بۆمبی ئەتۆمی،  هێندە بۆ ناوچەو دونیا  پڕ مەترسیە، کە بە هیچ جۆر بۆ مرۆڤایەتی پێشکەوتوو قبووڵناکرێ.

بۆیە خواستی گەلانی ئێران بۆ ڕووخانی ئەم ڕێژیمە، لەگەڵ خواستی کۆمەڵگای نێونەتەوەیی بۆ وەلانانی مەترسی کۆماری ئیسلامی لە سەر ئاشتی  لە ناوچەو دونیادا  پێکەوە یەکدەگرنەوە. ئەوەش شانسێکی زۆر بە بزووتنەوەی ئازادیخوازانەی گەلانی ئێران دەدا تا بتوانێ لە خەبات بە دژی ئیستبدا دو دیکتاتۆریی ڕەشی مەزهەبیدا،  حیسابی زۆرتر لەسەر پشیوانی و هاودە ردی و هاوپێوەندیی وڵاتان و کۆڕوکۆمەڵگاجیهانیەکان بکا.

لە دەورانی گڵۆبازیسیۆن و بە جیهانی بووندا، کە دونیا بە هەزاران هەودای دیار و نادیارەوە پێکەوەبەستراوە،  پشتیوانی و هاوپێوەندیی دەرەوە هەمیشە وەک فۆکتۆرێکی کاریگەری سەرکەوتنی خەباتی گەلانی ئازادیخواز زانراوە. بەڵام لەو هاوکێشەیەدا دەبێ بزانین کە فاکتۆری ئەسڵی خەباتی خۆمان لە نێوخۆی وڵاتدایە. وەک دوکتۆر قاسملوو دەڵێ  عامیلی دەرەوە تەنیا دەبێ وەک  یارمەتیدەر تەماشابکرێ.

حیزبی دێموکڕاتی کوردستانی ئێران کە خەبات بۆ ئازادی و دێموکڕاسی دەکاو دەیەوێ گەلی کورد بە مافی دیاریکردنی چارەنوسی خۆی بگا، تێدەکۆشێ پشتیوانیی کۆڕوکۆمەڵە نێونەتەوەییە بەشەردۆستەکان بۆلای بزووتنەوەی میللی دێموکراتیکی گەلی کورد و گەلانی ئازیخوازی دیکەی  ئێران هەرچی پتر ڕاکێشێ. ئێمە نەک هەر شەرم لەوەناکەین کە لە خەباتی ڕەواو عادڵانەماندا، کەڵک لە  پشتیوانی سیاسی وئەخلاقی و مەعنەوی گەلان و وڵاتانی دونیا وەرگرین، بەڵکو تێدەکۆشین بە باشترین شێوە لەو ئیمکاناتە کە دونیای هاوچەرخ بۆ کۆمەک بە بزووتنەوەی دێموکراسیخوازی و ڕزگاریخوازی میللەتان پێکی هێناو کەڵکوەرگرین.

لەو وەزعەدا کە خەریکە دێتە  پێشێ پێویستە  هەموو ئیمکاناتی نێو گۆڕەپانەکە چ لە ئاستی کوردستان و چ لە ئاستی سەرانسەریدا  بۆ بەشداری لە خەباتدا مۆبیلیزەبکەین. تا ئەوجێ یەی دەکرێ دەبێ مەیدانی مانۆڕدانی ڕێژیم بەرتەسک کەینەوە. هەموو تێکۆشین لە سەر قازانج و بەرژەوەندیە میللیەکان دابین و دستەبەرکردنیان بە تەوافوق بگەین.  پێویستە دەست لە کوتانی یەکتر هەڵگرین و نەیەڵین هیچی دیکە ئینێرژیەکان لە جیاتی دەکارکردنیان بۆ بردنەپێشی خەبات، بە خۆڕایی لە ململانێ دەگەڵ یەکتریدا بە فیڕۆ بچن.

حیزبی ئێمە لە ژێر ڕێنوێنیەکانی کۆنگرەی پازدەهەمی خۆیدا لێ بڕاوە کە هەموو تواناکانی خۆی لەو دەرەیەدا بخاتە خزمەتی خەبات و بەربەرەکانی بە دژی ئیستبدادی ڕەشی ئاخوندی.

بۆ ئەو مەبەستەش تێدەکۆشێ باڵەکانی فڕینی خۆی بۆ   فڕین بە بڵندایی ئاسمانێ دا ئازاد بکات.

ڕێکەوتی : ١٥ی مارسی ٢٠١٣

## دەستمان بگرن و هەڵمان کێشنە ئاستی خۆتان!

دەوترێ گۆی زەوی ئەگەر لەسەر ئەوەمەدارەی ئێستای نەبوایە، وەک هەسارەکانی دیکە خاڵی لە ژیان دەبوو. ئەودەم نە ئاو و نە ئۆکسجینی لێ نەدەبوو تا نەفەس بەبەر حەیات دا بکەن. ئەگەر ئەوە لەباری فیزیکی و بیۆلۆژیشەوە ڕاست بێ، بە بڕوای من ئەوە ئێوە ژنانن ماناتان بە ژیان بەخشیوە . ئێمە لە کوردستان شاعیرێکی گەورەمان هەیە بە ناوی گۆران. ئەو لە شعرێکیدا ئەو واقعیەتە فەلسەفیەی بە باشترین شێوە کێشاوەتەوە. ناوبراو دەڵێ بەڵام تەبیعەت هەرگیزاو هەرگیز ، بێ ڕووناکیە بێ بزەی ئازیز. بەڕاستی ئەو دونیایە ئەگەر ئێوەی تێدا نەبوایە،ئەوەی نە دەهێنا پیاو ئەسڵەن حەسرەتی بۆ بخوازێ و دلێ پێخۆشبێ. لە خۆڕا نیە حاجی قادری کۆیی شاعێرێکی دیکەی ئێمە دەڵێ ژن زینەتی خودایە حەبیبی موستەفایە، قەڵاتن لە بۆ مێردان. موستەفا لێرەدا مەبەست موحەممەد پێغەمبەری موسوڵمانانە. ئاخر ئەو زۆری ژن خۆشویستووە. هەر ئەویش بوو کاتی خۆی زیندەبە چاڵکردنی منداڵانی کچی قەدەغەکرد. ئەوە لە کاتی خۆی دا کارێکی گەرەبوو. بەشەریەت ئێستاس لە چین و هیند، ئەو دیاردەیەی وەک پەڵەی شەرم بە نێو چاوانەوەیە. باسی شەریعەتی ئیسلام و مەوقعیەتی ژن کاری تیۆلۆگەکانە و من لێرەدا خۆی لێلادەدەم. چونکە ئێرە جێی باسێکی ئەکادیمک نیە. ئەوەش کەدەوترێ زینەتی خوایە، یانی لوتکەی دەست ڕەنگینی و شاکاری هەرەگەورەی خالقی بە توانا بریتیە لەو وەستایەتیەی لە خولقاندنی ژندا لە خۆی نیشانداوە. جائەوە با ژنی لەئاوی کەلەکەی پیاویش خەڵق کردبێت، هیچ لە مەسەلەکە ناگۆڕێ. لەو بارەوە ئەحمەد هەردی شاعیرێکی دیکەی ئێمە دەڵی پەچەت لادە ببینم ڕووت خۆ ئەمن سەیری تۆناکەم، لە ڕووی تۆ تێدەگەم یەزدان چلۆن نەخشی دەنەخشێنێ.

نازانم بۆ ئەوەتان بە من سپارد کە ئەم ئێوارەیە من لەدەوری مێزی نانخواردنی یول قسان لە سەر ژنان بکەم. ڕەنگە لەبەر ئەوەبێ کە موسوڵمانم و پێتان خۆشە بزانن موسوڵمانیک لەوبارەوە چۆن فکر دەکاتەوە. ڕەنگە لەبەر ئەوەش بێ کە ئەو ڕۆژانە تەلەڤزیۆن و ڕۆژنامەکان زۆر سەبارەت بەوە دەدەوێن کە لەنێو شار شەوانە ژنان لە خیابانەکانی ئۆسلۆدا لە دەست پیاوان ئەمنیەتیان بۆ نەماوە. دەتانەوێ من سۆنداژ بکەن تا بزانن ئێمە پیاوان بۆ وا ڕەفتار دەکەین. ڕەنگە لە بەر ئەوەش بێ کە وەک خۆتان دەڵێن وەک جەنتڵمان دەگەڵ ژنان ڕەفتاردەکەم.

دڵم ئەلبوومێکی هێندە گەورەیە جێگای وێنەی هەموو ژنە جوانەکانی دونیای تێدا دەبێتەوە. ئەوە قسەی لەتیف هەڵمەت شاعیرێکی گەورەی کوردە و لێرەدا لێم قەرزکردوە. کە دەشڵێم ژنی جوان. بۆمن هەموو ژنەکان جوانن. وەک دایک، خوشک، هاوسەر، ، دەزگیران، هاوکار، پوور، دایەگەورە، جیران هتد....نوسەرێکی فەرانسەوی هەیە دەڵێ هیچ ژنێک ناحەزنیە. بەڵام هێندێکیان زیرەکترن باشتر جوانیەکانیان و لایەنی ئینسانی و سۆز و هەستی ژنانەیان دەردەخەن. هەندێکیشیان ئەو زیرەکیەیان نیە، دەنا لە ئەساسدا هەموویان جوانن و سەرچاوەی خێروبەرەکەتن.. بەڕاستی هەرواشە. گۆران شاعیری گەورەی کورد کە لە ئەدەبیاتی ئێمەدا ئیبسنی ئێوەیە ئەو مەبەستە بە جۆرێکیتر فۆرمۆلەدەکات و دەڵێ. ئەو ئافرەتە زۆر دڵگیرە، دڵگیرترکات کوێی دڵگیرە. مارکسیش دەڵێ سروشتی ترین پێوەندیی نێوان ئینسانەکان لە پێوەندیی نێوان ژن و پیاودا دەردەکەوێ.

ئاخر نازانم لە ٤ دەقیقەدا چۆن بتوانم سەبارەت بە ژنان قسان بکەم. وشە و مەبەبەست وەک شارە ژەنگەسورەی ئاڵۆزبوو دەنێو زەینمدا دێن و دەڕۆن وبۆم سەروبەرنابن تا سیستەمیان پێبدەم و مانایان لێ سازکەم.

مێنتالیتەی نۆروێژی دەڵێ ماڵێک ژن و پشیلەو پەیس واتە شومینە یا ئاگردانی گەورەی تێدا نەبێت، ماڵ نیە. کوردیش دەڵێ ژن و ماڵ. یانی ماڵ وەختێک ماڵە کە ژنی تێدابێت. لێرەدا پەرانتێزێک دەکەمەوە. لای ئێمە جارێ وای لێ نەهاتوە ژن بتوانێ ماڵیشی هەبێ و منداڵیشی هەبن و کەسیش لێی نەپرسێ بابی منداڵانت کێ یە یا لە کوێ یە؟ لێرە کەس ئەو موشکیلەی نیە. لای ئێمە ژن هەمیشە گوناهبارە، تەنانەت ئەگەر پیاوەکەشی بەدجنس بێ، ئەوە کۆمەڵ هەر ژنەکە بە تاوانبار دەزانێ.

لە کوردستان و ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست بزووتنەوەی ژنان بۆ ڕزگاری لە دەست پیاوسالاری و هەژاری و تەبعیز و بی عەداڵەتی و ستەمی میللی و سیاسی کاردەکا. ئاخر ژن و کۆمەڵ لە یەک کاتدا هەموو ئەو ستەمانەی لەسەرن. لێرە بەرانبەریی ژن و پیاو بۆتە واقعیەت و چ لە قانوون و چ لە فەرهەنگ و چ لە کۆمەڵدا جێی گرتووە. لە کوردستان ژنان بەدەست عەقڵیەتی خێڵەکیەوە گیرۆدەن و بە هەزار هەراز دەکوژرێن و دەسوتێنرێن. لیرەش ژنان ئێستا داوادەکەن دوو سەنگەری دیکە لە کۆمەڵگای نۆروێژدا فەتح بکەن. یەکیان فەتح کردنی ناوەندەکانی دەستەڵاتی سیاسی و ئیداریە. ئەوی تریشیان ئەوەیە دەڵێن ئەملاک واتە خانوبەرە، زەوی و زار، جەنگەڵەکان، هۆتێل و کارخانەکان، دووکان ڕێستۆران و باڕ و دیسکۆکان زۆرتر لە سەر ناوی پیاوان سەبتن و دەبێ لەو دووبوارەشدا پیاوان ناچار بە پاشەکشەو تەسلیم بوونی عەداڵەت بکەین.

لەو وڵاتەدا ئەوە ژنانن کاروباری ڕۆژانە بەڕێوە دەبەن. دەچیە هەرکوێ هەرژنن کارەکان هەڵدەسوڕێنن. قوتابخانە، زانکۆکان، بازاڕەکان، نەخۆشخانەکان، کارگەو کارخانەو کەشتی و قەتار و بوس و فرۆکەخانە و ساڵۆنەکانی وەرزشی و هتد...

من لە هەموو ئەو شوێنانەی سەروکارم دەگەڵیان هەیە، ڕەئیسەکانم ژنن، لە قوتابخانە مودیرەکەم ژنە. لێرە کە ئێواران کاردەکەم هەروایە. دەچمەوە ماڵی هەر خانم ڕەئیسە. لە تەشکیلاتێکی سیاسیدا، واتە حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێراندا کاردەکەم، لەوێشدا ئێستا لە کۆمیتەی حیزبی نۆروێژدا ڕەئیسەکەم بۆتە ژن. هیوادارم ئەوە سەرتاسەری تەشکیلاتی حیزبی دێموکڕات بگرێتەوە. باڕووتیش لە هیندۆرایەوە و بڵاو بۆوە. تەگەر لە دۆڵی ڕافدین را بە هەموو دونیادا بڵاو بۆوە. هەروایە هەموو شتێک لە جێگایەک و لە نوختەیەکەوە دەست پێدەکات.

دەگوترێ ئەو وەزعە نالە بارەی ئەمڕۆ دونیای تێدایە، ئاکامی مودیریەت و سیاسەتگوزاریی پیاوانەیە. ژنان دەڵێن ئەگەر دەمانەوێ ئەو دونیایە بگۆڕین، دەبێ مودیریەتەکەی لە دەست پیاوان دەربێنین. گوتۆرم فلۆی ستاد، فەیلەسوفی گەورەی نۆروێژی لەوبارەوە دەڵێ. دووشت دەتوانن ئەو وەزعە نالەبارە بگۆڕن کە ئەمڕۆ دونیای تێدایە. ژن و پووڵ. بەڵام عەیبی ژنان ئەوەیە کە ئەگەر دەستەڵاتیان بە دەستەوە گرت، ئیدی دەبنە پیاو و وەک پیاوان ڕەفتاردەکەن. پوولێش بەرەکەتە و ڕووی دەهەرجێ یەک کرد، ڕەفاە ئاوەدانی دەگەڵ خۆی دێنێ. بەڵام عەیبی پووڵیش ئەوەیە ئەگەر ڕووی دەجێ یەک کرد،

هەر بەوجێە دەزانێ. بۆیە دەبێ پووڵ هیدایەت بکرێ و ژنانیش لەهیچ بارودۆخێکدا تەنانەت ئەگەر بوونە وەزیر و مودیریش هەویەتی ژنانەی خۆیان ون نەکەن.

ئێوارێ کە هاتمە ئێرە، کاترینە گوتی چ هەستێکت هەیە لە نێو ئەو هەموو ژنانە دای کە ئەمشەو لەو ساڵۆنە بۆ یولەبوور لە دەوری یەک کۆبوونەتەوە. ئێمە سێ پیاوین و ١٩ ژن. لەو

بارەوە دەبێ بڵێم کە لە کولتوری ئێمەدا پیاوی موسوڵمان دەبێ سەرتاسەری عومری نوێژ و تاعەت بکات، بچێتە حەج و سەر فیترەو زەکات بدات و زکروتەلیلان بکات و بەسەر پردی سیراتێدا تێپەرێ تا خوا ڕووحمی پێبکاو بچێتە بەهەشت. بە هەشتیش بە گوێرەی ئەو وەسفەی قورئان لێی دەکا. دەبێ جێەک بێ وەک ئێرە. مێزی ڕازاوە، خواردنی خۆش و شەڕابی پاک و ژنی جوان و گوڵ و گوڵزار. ئەو ئێوارەیە بۆمن وەک خوێچێژکردن لە بە هەشتێ یە. هیوادارم خەو وام لێنەکا لە نیوەڕۆی ئاهەنگدا ، ئەو بە هەشتەم لە کیس بدا. ئەمشە هەموو هەستەکانم دەخەمە ژێر توانی ١٠ تا دەرکی ئەو بە هەشتە بکەم کە خوا موژدەی دەدا. دیارە ئەو ژنانەی لێرە لە دەوری مێز دانیشتوون، فەرقێکیان هەیە . ئەویش ئەوەیە کە لە جوانی و خانومانیەدا هیچیان لەو ژنانە کەمترنیە کە خوای ئێمە موسوڵمانان لە قورئاندا وەسفی برۆ و موژگان و لەش ولاری جوان و نازونوزیان دەکات. بەڵام ئەو ژنانە کاریان تەنیا هەر ئەوەنیە ڕەفاە بۆ پیاوان بخوڵقێنن، ئەوانە لێرە بە ماندووبوونی بێ وچانیان کۆمەڵگا دەبەنەپێش و لەسەر ڕووی ئەو دونیایە خەر یکن بە هەشت درووست دەکەن. کاتی خۆی ئێوە بوون کە ئێمەتان هاندا قەپاڵە لە سێوی زانیاری و عیلم بدەین و وەبەر غەزەبی خوای گەورەکەوین. لە ئاکامدا خوا لە گەڵ ئێوە لە فیردەوسی بەرینی خۆی فرێی داینە دەرەوە. بەڵام چونکە ئێوەمان دەگەڵ بوون و تامی سێوی زانستیشمان کردبوو، ئەوەتا بە شەر بەقووەتی شان و پیل و بیری خۆی ئەو شارستانیەتە پێشکەوتوەی درووست کردوە کە دەی بینین.

لە کۆتاییدا دەڵێم ئێمە پیاوان بەختەوەرین کە لەو سەفەری ژیانەدا ئێوە ژنانمان لە گەڵن و هاوسەفەرمانن. ئێوە نەبوایەن، ئێمە مۆتیڤۆشۆنمان بۆ ژیان و کار چوونە پێش نەدەبوو. بەڵام ئێوە لە مەعجونێکی پڕ ڕەمزو ڕەموز دروستکراون. بە ڕاستی تێگەیشتن لە ئێوە و دەرک کردنی ئێوە و هەڵسوکەوت دەگەڵ ئێوە و ژیان دەگەڵ ئێوە، پێویستی بە لێوەشاوەیەکی فەرهەنگی و کۆمەڵایەتی گەورەهەیە ، کە ئێمە پیاوان جارێ نەمانتوانیوە وەدەستی بێنین. جا ئەوە چ کونگ هەرڕاڵد، شای نۆروێژبێ، چ یەنستۆلتن بێرگ، سەرەک وەزیرانی نۆروێژبێ یا مەسعودبارزانی سەرۆکی کوردستان یا هەر پیاوێکی دیکە بێت، فەرق ناکا. بێ ئێوە ناژین. هێندەشمان خۆشدەوێن، نازانین چۆن خۆشەویستی و سوپاسگوزاری خۆمانتان بۆ دەربرین. ناشزانین چۆن نیازی خۆشمان بە موحیبەتی ئێوە بە شێوەیەکی درووست بە ئێوە بگەیەنین. هەر بۆیەشە ئاوا خراپ لێک حاڵی دەبین و بیلکلینتۆن گوتەنی ڕەفتاری هەڵنەسەنگێنراو بەرانبەر ئێوە لە خۆمان نیشان دەدەین. ئێمە لە ئاستی گەورەیی و دڵفرەوانی و موحیبەت و بەزەیی و میهرەبانی و جوانی و عیشق و گەرمی ئێوەدانین. پیاو پێویستی بە گەشەکردنی فەرهەنگی زۆرە تا بتوانێ لێوەشاوەیی ئەوە پەیدا کا شایانی ئەوەبێ دەگەڵ ئێوەبێ.

هیوادارم ئێوە ژنان دەستی ئێمە پیاوەکان بگرن و هەڵمانکێشنە ئاستی خۆتان.

بۆ ئەوەش دەبێ دەگەڵمان لەسەرەخۆبن و لێمان وەڕەس نەبن و سەبرو حەوسەلەتان دەگەڵ ئێمە بەسەر نەچێ. مامۆستا دەبێ دەگەڵ قوتابیەکەی زۆر لە سەرەخۆبێ تا بتوانێ بیباتە پێش و فێری بکا و گەشەی پێبدا. ئاخر بە راستی ئێوە ژنان بۆ ئێمە پیاوان مامۆستان.

سکۆڵ بەسڵامەتی هەموو ژنان و بەتایبەتی ئەو خاتوونانەی لێرە حزووریان هەیە و لەو جلە جوانانەدا ، لە دەوری ئەو میزە ڕازاوەدا وەک چرا دەدەرۆشێنەوە.

ئیبراهیم لاجانی

ئەوە نێوەرۆکی وتارێکی کورتە لەکاتی نانخواردنی جەژنی یولدا ، کەدواوام لێکرابوو من لەسەر ژنان قسەبکەم، پێشکەش بە هاوکارەکانم کردوە. چونکە ڕووی قسەکان لە گوێگری نۆروێژیە، ڕەنگە زۆرشتی بۆ خوێنەر یا بیسەری کورد زیادە یا درێژدادڕێ بێت. داوای لێبووردن دەکەم.

لە بەرەبەری ٨ی مارس دا بە بیرم دا هات کە بە کەمێک ئاڵوگۆڕەوە بە کوردی دایرێژمەوە.

رێکەوتی : ٣ی مارسی ٢٠١٣

## ئەسپی حیزبی ئێمە لە ڕێبەندانان ناسڵەمێتەوە!



لەبەرانبەر گرێ پوچکەدا نابێت دەستەوەستان دانیشین. گرێ پوچکە دەبێ بکرێتەوەو لەوەش زیاتر دەبێ لە جێی هەرە سەخت دا بکرێتەوە.

نابێت بێڵین تیراوەی بنبەستی دەمارگرژیی سەرتاسەری سیاسەتی ئێمە دابگرێ. بزووتنەوەی میللی دێموکڕاتی کوردستان، وەک بزووتنەوەی میللەتێک کە ئاجێندا ئەسڵیەکەی بریتیە لە ڕزگاری لە ستەمی نەتەوایەتی، هاوڕایی سیاسی لێمان دەوێ. بنبەستی سیاسی بریتیە لەو شورە بەرزە ئیدەئۆلۆژیکیەی وەک خەتی سوور بەدەوری خۆمانماندا کێشاوە . بۆ هاتنەدەر لەو بنبەستە سیاسیە، پێش هەموو شتێک دەبێ ئەو زەنجیری رووحیەی مەزهەبی و ناموسپەرستی سیاسیەی کە لە دەستوپێی بیری سیاسی و عەمەلی سیاسی خۆمانمان ئاڵاندوە، بیپچڕێنین.

سواری شایستە بۆ گەیشتن بە شوێنی مەبەست، یا لەوڕێبەندانانەی کە دێنە سەر ڕێی لادەدا یا بەسەریاندا بازدەدا. بەم جۆرە چونکە ئەو بەداوی ئامانجێکەوەیە کە بریتیە لە گەیشتن بە شوێنی مەبەست، نایەڵی داوەڵ و ڕێبەندانەکانی سەر ڕێگا، ڕووحیەی چوونەپێشی تێدا بکوژن.

ئەرستۆ دەڵێ ئامانجی کاری سیاسی بریتیە لە هەوڵدان بۆ دابین کردنی خێری خەڵکی شار. ئێستا ئەگەر خێری خەڵکی شاری خۆمانمان دەوێ، دەبێ لەسەر چۆنیەتی دابین و دەستەبەرکردنی ئەو خێری گشتیە رێککەوین.

ئەوە ئیمکانی نیە، مەگەر ئەوەی کە لە پێشدا دەست لە یەخەی یەکتر بەردەین. خەڵک لە مەیدانی خەبات و بەربەرەکانی دا فەرهەنگێکی پێشکەوتووی سیاسیی هاوچەرخیان درووست کردوە. ئەو پەیامانەی جەژنی نەورۆزی پار لە شاروشارۆچکەکانی کوردستانەوە بە گوێماندا دران، پێمان دەڵێن کە دەبێ لە گۆشەنیگایەکی ڕوونترەوە بڕوانینە مەسەلەکان. زەمانە لێمان قبووڵناکا چۆرتکە لێدەین و بە خەواڵوویی بیر بکەینەوە. لە ململانێ و کەڵەوەکێشی دەگەڵ یەکتردا، وەزعی خۆمان و خەباتەکەمان گەیاندۆتە جێگایەک کە هیچکاممان لێی ڕازینین و دەزانین ئەوە شایستەی ئێمە و بزووتنەوەکەمان نیە. کەچی ئێستاش هەر خەریکی تاکتیک دەکارکردن دەگەڵ یەکترین.

ئەو دۆڵە سیاسیەی لە نێوان خۆمانمان درووستکردوە، بە تێپەڕینی زەمان بە تەرمی ئێمە پڕدەبێتەوە. ئەوەی تازەی میللەتی کورد بەسەر ئەو پردەدا تێ دەپەڕێ و ئەو دوژمنایەتی و ڕق و بەربەرەکانیانە بەجێ دێڵێ کە ئێمە خۆمانمان تێ یاندا زیندانی کردوە و لە ڕاستیدا دەورانیان بەسەرچووە. وەختێک لە بەر چاوی خۆمان ئەوە دەبینین، ئایا باشتر ئەوەنیە بۆخۆمان بۆ پڕکردنەوەی ئەو دۆڵە سیاسیە دەستبەکاربین؟ یەکیەتی سیاسی و تەشکیلاتی حیزب بۆ خەباتەکەمان و بزووتنەوەکەمان هێندە گرنگ و کارسازە، کە هەر تێبینیەکی دیکەی سیاسی لە بەرانبەریدا بێ مانا دێتە بەرچاو. مەگەر کاری سیاسی بریتینیە لە دەستنیشانکردن و بردنە پێشی ئەولەویەتەکان؟

وا چاومان بڕیوەتە بەرپێی خۆمان کە تەنانەت ئاسۆ بەرین و بەرزەکانیش نابینین! ئاخر بیرکردنەوەی تاکتیکی و حەڕەکەتی تاکتیکی ئەگەر لە خزمەت ستراتیژیەکی گەورە دانەبێ، دەبێتە هۆی تەنگەبەربوونەوەی گۆشەنیگای ڕوانگەی سیاسی.

بریا نیوەی ئەو هەموو وەخت و ئینێرژیەی ئێستا بۆ چارەسەری ئەو وەزعە خەرجی دەکەین کە بۆخۆمان بەسەر خۆمانمان هێناوە، ئەو دەم سەرفی بیرکردنەوە لە ئاکامی ئەو ڕەفتارانەی خۆمانمان کردبا کە بوونە هۆی پێکهاتنی ئەو بارودۆخە.

ئێستا ئەگەر پوختە بووبین، دەبێ لەو چەندساڵەدا هەم زۆرشتی تازە فێربووبین و هەم زۆر شتیشمان فەرامۆش کردبێت. لە پێداگۆگیدا پێناسەی فێربوون ئەوەیە کە مرۆڤ بتوانێ دوای دەرس و پەند و عیبرەت وەرگرتن، ڕەفتار و هەڵسوکەوتی خۆی بگۆڕێ. فێربوون هەر ئەوەنیە کە شتی تازە فێربی. فێربوون ئەوەش دەگرێتەوە کە شتە کۆن و لەباوکەوتوەکان فەرامۆشکەی. ئەوەتا وادەجوڵێینەوە دەڵێی نە هیچی تازە فێربووینە و نە هیچیشمان فەرامۆشکردوە. خەبات ڕەفتاری سیاسی تازەی لێمان دەوێ.

پێویست ناکا تێکۆشین تۆبەنامەو ئیعتراف نامە لەیەکتر وەرگرین. ئەوە یارمەتی بە دروستبوونی فەرهەنگێکی سیاسی مۆدێرن لە نێومەدا ناکا. چونکە کامەمان لە مەوقعیەتێکی ئەوتۆدایە، وەک حەزرەتی عیسا دەڵێ هێندە پاک و بێگوناە بێت، بتوانێ بەردی یەکەم بگرێتە کابرای گوناهبار. بەڵام ئەگەر هەموومان تۆبەنامەو ئیعتراف نامە بدەینە حیزبەکەمان و خۆمان و میللەتەکەمان، ئەوە یارمەتیمان بە درووستبوونی فەرهەنگێکی سیاسی مۆدێرن کردوە، کە وەک ئۆکسجین بۆ هەناسەدانی خەباتەکەمان پێویستە. ئاخر کامەمان لەوجێ یەی دەرفەتمان هەبووە و بۆمان لواوە، زیادەڕۆییمان نەکردوە؟

چەند مانگ لەمەوبەر خوشکەمریەمی کەریمی، هاوسەری کاک محەمەدی کەریمی، بەهۆی نەخۆشی کۆچی دوایی کرد. کۆچی خوشکە مریەم کۆستێکی گەورەبوو بۆ هەموو ژینگەی کوردی لە نۆروێژ. ئەو دایکێکی مهرەبان بوو بۆ چەند کوڕ و کچی جوان. هاوسەرێکی بەوەفا بوو بۆ هاوسەرەکەی و کابانێکی لێوەشاوەو میوان دۆستێکی دڵگەورەو دەم بە بزەبوو. بەڵام ئەوەی ئازاری مەرگی خوشکە مریەمی بە سۆتر دەکرد، بریتی بوو لەوە کە مەرگی ئەو نابەوەخت بوو. ئەو ڕۆمانێک بوو کە زۆر فەسڵی مابوون کەچی لە پڕ تەوابوو. لە سالۆنی بەڕیوەچوونی مەراسمی سەرەخۆشی خوشکە مریەمدا، کە سالۆنی قوتابخانەیەکی جیرانی ماڵی خۆیان بوو، هەندێک ڕستەی جوان بە دیواری یەکێک لە پایەکانی ساڵۆنەکەوە بە زمانی نۆروێژی هەڵواسرابوون کە یەکێک لەوان بۆمن سەرنج ڕاکێش بوو.

ئەو ڕستە ماناکەی ئەوبوو کە ئەگەر دەمانەوێت بڕۆینە پێش، دەبێ فێربین بە شێوەی دیکە بیربکەینەوە و لە پێرسپێکتیڤێکی دیکەوە تەماشا بکەین و بە زمانێک دیکە بدوێین. ڕاستیەکەی ئەوەیە کە ئێمە پێویستیمان بە بیرکرنەوەی تازە هەیە. بیرکردنەوە بە شێوەی تازە، ڕەفتاری سیاسی تازەشی بەدوا دادێت. لە حاڵەتێکی ئاوادایە دەتوانین بڵێین لە ڕابردوو دەرسمان وەرگرتووە. وەختی ئەوەیە لەو کابووسە ڕاپەڕین. وەختێک بەرژەوەندیە گەورە نەتەوەییەکان لە گۆڕێدان، کەی وەختی تۆڵەسەندنەوەی شەخسی و پاکانە حیساب لە گەل یەکتریە؟ ڕوونە کە هەرکەس لە مەحفەلی خۆیدا ڕاحەتترە. بەڵام ڕاحەت بوون لە مەحفەلی خۆتا، کەی بۆتە هونەرێکی هێندەگەورە کە شانازی لەگەڵ خۆی بێنێ ؟

یەکیەتی سیاسی و تەشکیلاتی ئەو حیزبە هێندە پڕ ئەهەمیەتە، کە دەبێ وامان لێبکا بۆ داپینکردنی ئەو وەحدەتە سیاسی و تەشکیلاتیە، تەنانەت بچینە پشتی سەری ئەو کەسانەش کە موافقی بوونی ئەوان لە ڕێبەرایەتی حیزب دانین. ئەو حیزبە بەرهەمی ڕەنج و خوێن و فرمێسکی نزیکەی یەک سەدەی میللەتێکە. کەواتە پاراستنی ئەو حیزبە وەک گەورەترین وەسیلەی خەبات، بۆ تێکۆشەرانی دێموکڕات، دەکەوێتە پێش هەر ئیعتبارێکی دیکەوە.

هەمیشە وایە کە ئەوە جەماوەر و بەدەنە و خەڵکن بە بەشداری کارای خۆیان لە پرۆسەی سیاسیدا، هەلومەرجی چوونە پێشی خێری عموومی خەڵکی شار ئامادەدەکەن. دەبینین لە نێو ڕیزەکانی بزووتنەوەدا، سەفی موخالیفان و موافقانی وەزعی مەوجوود، بە بارتەقای عەرز و ئاسمان لێک جیاوازن و کەیفیەت و لەولاشەوە تەنانەت شێوەی بەڵگە هێنانەوەشیان بۆ دیفاع لە قسەکانیان زۆریان فەرق هەیە. ئەی کەوایە ئەو بنبەستە لەکوێ وە سەرچاوە دەگرێ. خۆ ناکرێ بڵێین ئیرادەی کار بۆ چارەسەریەکەی دەکەوێتە دەرەوەی دەستی خۆمان. بەڕێز کاک مستەفا، سکرتێری گشتی حیزب، لە مێژە ئەو هەوری نیگەرانەی ڕەواندۆتەوە. ئەو لەوبارەوە زۆرجار وتویەتی ئەوە موشکیلەی حیزبی دێموکڕاتەو هەردەبێ حیزبی دێموکڕات خۆشی چارەسەری کات.

ئەگەر دەمانەوێ هێزێکی گەورەی سیاسی لە نێو میللەتی خۆماندا بۆ خەبات بێنینە مەیدان، دەبێ بتوانین بە هەموو ناکۆکیەکانی نێوانمانەوە، بە هاوڕایی سیاسی بگەین. ئەسڵەن حیزبمان بۆیە درووست کردوە تا لەو وردەناکۆکی و نالێکیانە دەربازمان بێ و بتوانین لەسەر مەسەلە بنەڕەتیەکان پێکەوە هاوکاری بکەین.

کارکردن لە حیزبی دێموکڕاتدا کە حیزبێکی خەباتگێرە، سەختە. ئەوانەی لە کەشتیە ئاسمانیەکاندا، لە فرۆکەکاندا، لە کەشتیە ژێردەریاییەکان دا کار دەکەن دەزانن کار و هاوکاری و کۆمیونیکاشۆن لەو هەلومەرجانەدا چەندە زەریف و دەقیقە. لەفیلمە کاوبۆییە ئەمریکاییەکاندا، پاڵەوانی فیلمەکان دەبینین کە بە تەنێ یا لە گەڵ چەند سواری تر لە دەشتێکی کاکی بەکاکی گەورەو هەتا چاوبڕکات بەریندا، سواری ئەسپێک بووە، کڵاو گەرگەریەکی لەسەرناوە، سیگارێکی بەرگی بە لالێوەوە گرتوە و دەمانچەیەکی شەشلوولیشی بە قەدی خۆیدا هەڵواسیوە و شای بە سەپان نازانێ هەرگیڤەی سمێلی دێ و دەڕواتە پێش. یانی مەیدانی ئازادی عەمەلی زۆرە. بەڵام لە تەشکیلاتێکی خەباتگێردا کە کار بۆ ئازادی میللەتێک دەکا ئازادی عەمەلی

لەو چەشنە بۆ کەس نیە.
ئەو وەزعەی بەسەر ئێمەو خەباتەکەماندا هات، زادە و هەڵقوڵاوی ئەو هەلومەرجە بوون کە ئەو دەم ئێمەی تێدابووین. ئەویش بە نۆرەی خۆی بەرهەمی ئەو شێوەبیرکردنەوەیە بوو ، کە کاروخەباتمان پێدەکرد. ئێستا ئەگەر بمانەوێ لەو وەزعە دەربازبین دەبێ بە جۆرێکی دیکە بیربکەینەوە و بە ڕووحیەیەکی دیکەوە حیزبایەتی و کاری سیاسی بکەین. ئەگەر نا لە داهاتووشدا تووشی هەمان دەردەسەری دەبینەوە کە ئەوەتا وەک مێردەزمە سواری سەرمان بووە. ئەگەر بتوانین فەزای کاری سیاسی و حیزبایەتی سالمتر کەین، دەتوانین حیزبەکەمان بکەینە گەورەترین وەسیلەی خەبات و بەربەرکانی. ئەوەش بە نۆرەی خۆی بزووتنەوە بە هێزوبەرین دەکاتەوە.
حیزبایەتی و سیاسەتێک کە مۆنۆپۆلیزە و ئینحسار بکرێ، تووشی ناکارایی دەبێت. کەواتە پێویستیمان بە ڕەفتاری سیاسی دووربینانە ترە. واتە پێویستە حیزبایەتی و کاری سیاسی لە دەستی ڕەفتار و ڕووحیەی مەزهەبیگەری ئازاد بکەین.

ئەسپی حیزبی ئێمە توانای ئەوەی هەیە، ئەو ڕێبەندانانە بخاتە پشت سەری خۆی کە لەسەر ڕێگای چوونە پێشیدان. من قەت لە خۆمان و ڕێبەرایەتی خۆمان نائومێد نیم.

وێنەی: ئەسب سواری ئینتەرنێت

ڕێکەوتی : ١٧ی فیوریەی ٢٠١٣

## با لەو کابووسە وەخەبەر بێین

لەبەرانبەر گرێ کوێرەدا نابێت دەستەوەستان دانیشین.گرێ پوچکە دەبێ بکرێتەوەو لەوەش زیاتر دەبێ لە جێی هەرە سەخت دا بکرێتەوە.نابێت بێڵین تیراوەی بنبەستی دەمارگرژیی سەرتاسەری سیاسەتی ئێمە دابگرێ.بزووتنەوەی میللی دێموکڕاتی کوردستان، وەک بزووتنەوەی میللەتێک کە ئاجێندا ئەسڵیەکەی بریتیە لە ڕزگاری لە ستەمی نەتەوایەتی، هاوڕایی سیاسی لێمان دەوێ.بنبەستی سیاسی بریتیە لەو شورە بەرزە ئیدەئۆلۆژیکیەی وەک خەتی سوور بەدەوری خۆمانماندا کێشاوە .بۆ هاتنەدەر لەو بنبەستە سیاسیە، پێش هەموو شتێک دەبێ ئەو زەنجیری ڕووحیەی مەزهەبی و ناموسپەرستی سیاسیەی کە لە دەستوپێی بیری سیاسی و عەمەلی سیاسی خۆمانمان ئاڵاندوە، بیپچڕێنین.
سواری شایستە بۆ گەیشتن بە شوێنی مەبەست، یا لەوڕێبەندانانەی کە دێنە سەر ڕێی لادەدا یا بەسەریاندا بازدەدا.بەم جۆرە چونکە ئەو بەداوی ئامانجێکەوەیە کە بریتیە لە گەیشتن بە شوێنی مەبەست، نایەڵی داوەڵ و ڕێبەندانەکانی سەر ڕێگا، ڕووحیەی چوونە پێشی تێدا بکوژن.
ئەرستۆ دەڵێ ئامانجی کاری سیاسی بریتیە لە هەوڵدان بۆ دابین کردنی خێری خەڵکی شار.ئێستا ئەگەر خێری خەڵکی شاری خۆمانمان دەوێ، دەبێ لەسەر چۆنیەتی دابین و دەستەبەرکردنی ئەو خێرە گشتیە ڕێککەوین.
ئەوە ئیمکانی نیە، مەگەر ئەوەی کە لە پێشدا دەست لە یەخەی یەکتر بەردەین.خەڵک لە مەیدانی خەبات و بەربەرەکانی دا فەرهەنگێکی پێشکەوتووی سیاسیی هاوچەرخیان درووست کردوە.ئەو پەیامانەی جەژنی نەورۆزی پار لە شاروشارۆچکەکانی کوردستانەوە بە گوێماندا دران، پێمان دەڵێن کە دەبێ لە گۆشەنیگایەکی ڕوونترەوە بڕوانینە مەسەلەکان.زەمانە لێمان قبووڵناکا چۆرتکە لێدەین و بە خەواڵوویی بیر بکەینەوە.لە ململانێ و کەڵەوەکێشی دەگەڵ یەکتردا، وەزعی خۆمان و خەباتەکەمان گەیاندۆتە جێگایەک کە هیچکاممان لێی ڕازینین و دەزانین ئەوە شایستەی ئێمە و بزووتنەوەکەمان نیە.کەچی ئێستاش هەر خەریکی تاکتیک دەکارکردن دەگەڵ یەکترین.ئەو دۆڵە سیاسیەی لە نێوان خۆمانمان درووستکردوە، بە تێپەڕینی زەمان بە تەرمی ئێمە پڕدەبێتەوە.نەوەی تازەی میللەتی کورد بەسەر ئەو پردەدا تێ دەپەڕێ و ئەو دوژمنایەتی و ڕق و بەربەرەکانیانە بەجێ دێڵێ کە ئێمە خۆمانمان تێ یاندا زیندانی کردوە و لە ڕاستیدا دەورانیان بەسەرچووە.وەختێک لە بەر چاوی خۆمان ئەوە دەبینین، ئایا باشتر ئەوەنیە بۆخۆمان بۆ پڕکردنەوەی ئەو دۆڵە سیاسیە دەستبەکاربین؟ یەکیەتی سیاسی و تەشکیلاتی حیزب بۆ خەباتەکەمان و بزووتنەوەکەمان هێندە گرنگ و کارسازە، کە هەر تێبینیەکی دیکەی سیاسی لە بەرانبەریدا بێ مانا دێتە بەرچاو.مەگەر کاری سیاسی بریتینیە لە دەستنیشانکردن و بردنە پێشی ئەولەویەتەکان؟
وا چاومان برپیوەتە بەرپێی خۆمان کە تەنانەت ئاسۆ بەرین و بەرزەکانیش نابینین! ئاخر بیرکردنەوەی تاکتیکی و حەرەکەتی تاکتیکی ئەگەر لە خزمەت ستراتیژیەکی گەورە دانەبێ، دەبێتە هۆی تەنگەبەربوونەوەی گۆشەنیگای ڕوانگەی سیاسی.
بریا نیوەی ئەو هەموو وەخت و ئینێرژیەی ئێستا بۆ چارەسەری ئەو وەزعە خەرجی دەکەین کە بۆخۆمان بەسەر خۆمانمان هێناوە، ئەو دەم سەرفی بیرکردنەوە لە ئاکامی ئەو ڕەفتارانەی خۆمانمان کردبا کە بوونە هۆی پێکهاتنی ئەو بارودۆخە.
ئێستا ئەگەر پوختە بووبین، دەبێ لەو چەندساڵەدا هەم زۆرشتی تازە فێربووبین و هەم زۆر شتیشمان فەرامۆش کردبێت.لە پێداگۆگیدا پێناسەی فێربوون ئەوەیە کە مرۆڤ بتوانێ دوای دەرس و پەند و عیبرەت وەرگرتن، ڕەفتار و هەڵسوکەوتی خۆی بگۆڕێ.فێربوون هەر ئەوەنیە کە شتی تازە فێربی.فێربوون ئەوەش دەگرێتەوە کە شتە کۆن و لەباوکەوتوەکان فەرامۆشکەی.ئەوەتا وادەجوڵێینەوە دەڵێی نە هیچی تازە فێربووینە و نە هیچیشمان فەرامۆشکردوە.خەبات ڕەفتاری سیاسی تازەی لێمان دەوێ.
پێویست ناکا تێکۆشین تۆبەنامەو ئیعتراف نامە لەیەکتر وەرگرین.ئەوە یارمەتی بە دروستبوونی فەرهەنگێکی سیاسی مۆدێرن لە نێومەدا ناکا.چونکە کامەمان لە مەوقعیەتێکی ئەوتۆدایە، وەک حەزرەتی عیسا دەڵێ هێندە پاک و بێگوناە بێت، بتوانێ بەردی یەکەم بگرێتە کابرای گوناهبار.بەڵام ئەگەر هەموومان تۆبەنامەو ئیعتراف نامە بدەینە حیزبەکەمان و خۆمان و میللەتەکەمان، ئەوە یارمەتیمان بە درووستبوونی فەرهەنگێکی سیاسی مۆدێرن کردوە، کە وەک ئۆکسجین بۆ هەناسەدانی خەباتەکەمان پێویستە.ئاخر کامەمان لەوجێ یەی دەرفەتمان هەبووە و بۆمان لواوە، زیادەڕۆییمان نەکردوە؟

چەند مانگ لەمەوبەر خوشکەمریەمی کەریمی، هاوسەری کاک محمەدی کەریمی، بەهۆی نەخۆشی کۆچی دوایی کرد.کۆچی خوشکە مریەم کۆستێکی گەورەبوو بۆ هەموو ژینگەی کوردی لە نۆروێژ.ئەو دایکێکی مهرەبان بوو بۆ چەند کوڕ و کچی جوان.هاوسەرێکی بەوەفا بوو بۆ هاوسەرەکەی و کابانێکی لێوەشاوەو میوان دۆستێکی دڵگەورەو دەم بە بزەبوو.بەڵام ئەوەی ئازاری مەرگی خوشکە مریەمی بە سۆتر دەکرد، بریتی بوو لەوە کە مەرگی ئەو نابەوەخت بوو.ئەو ڕۆمانێک بوو کە زۆر فەسڵی مابوون کەچی لە پڕ بێ ئەوەی بگاتە کۆتایی تەوابوو.لە ساڵۆنی بەڕیوەچوونی مەراسمی سەرەخۆشی خوشکە مریەمدا، کە ساڵۆنی قوتابخانەیەکی جیرانی ماڵی خۆیان بوو، هەندێک ڕستەی جوان بە دیواری یەکێک لە پایەکانی ساڵۆنەکەوە بە زمانی نۆروێژی هەڵواسرابوون کە یەکێک لەوان بۆمن سەرنج ڕاکێش بوو.ئەو ڕستە ماناکەی ئەوبوو کە ئەگەر دەمانەوێت بڕۆینە پێش، دەبێ فێربین بە شێوەی دیکە بیربکەینەوە و لە پێرسپێکتیڤێکی دیکەوە تەماشا بکەین و بە زمانێک دیکە بدوێین.ڕاستیەکەی ئەوەیە کە ئێمە پێویستیمان بە بیرکرنەوەی تازە هەیە.بیرکردنەوە بە شێوەی تازە، ڕەفتاری سیاسی تازەشی بەدوا دادێت.لە حاڵەتێکی ئاوادایە دەتوانین بڵێین لە ڕابردوو دەرسمان وەرگرتووە.وەختی ئەوەیە لەو کابووسە ڕا پەڕین.وەختێک بەرژەوەندیە گەورە نەتەوەییەکان لە گۆڕێدان، کەی وەختی تۆڵەسەندنەوەی شەخسی و پاکانە حیساب لە گەل یەکتریە؟ ڕوونە کە هەرکەس لە مەحفەلی خۆیدا ڕاحەتترە.بەڵام ڕاحەت بوون لە مەحفەلی خۆتا، کەی بۆتە هونەرێکی هێندەگەورە کە شانازی لەگەڵ خۆی بێنێ ؟

یەکیەتی سیاسی و تەشکیلاتی ئەو حیزبە هێندە پڕ ئەهەمیەتە، کە دەبێ وامان لێبکا بۆ دابینکردنی ئەو وەحدەتە سیاسی و تەشکیلاتیە، تەنانەت بچینە پشتی سەری ئەو کەسانەش کە مواققی بوونی ئەوان لە ڕێبەرایەتی حیزب دانین.ئەو حیزبە بەرهەمی ڕەنج و خوێن و فرمێسکی نزیکەی یەک سەدەی میللەتێکە.کەواتە پاراستنی ئەو حیزبە وەک گەورەترین وەسیلەی خەبات، بۆ تێکۆشەرانی دێموکرات، دەکەوێتە پێش هەر ئیعتبارێکی دیکەوە.

هەمیشە وایە کە ئەوە جەماوەر و بەدەنە و خەڵکن بە بەشداری کارای خۆیان لە پرۆسەی سیاسیدا، هەلومەرجی چوونەپێشی خێری عموومی خەڵکی شار ئامادە دەکەن.دەبینین لە نێو ڕیزەکانی بزووتنەوەدا، سەفی موخالیفان و مواققانی وەزعی مەوجوود، بە بارتەقای عەرز و ئاسمان لێک جیاوازن و کەیفیەت و لەولاشەوە تەنانەت شێوەی بەڵگە هێنانەوەشیان بۆ دیفاع لە قسەکانیان زۆریان فەرق هەیە.ئەی کەوایە ئەو بنبەستە لەکوێ وە سەرچاوە دەگرێ.خۆ ناکرێ بڵێین ئیرادەی کار بۆ چارەسەریەکەی دەکەوێتە دەرەوەی دەستی خۆمان.بەڕێز کاک مستەفا، سکرتێری گشتی حیزب، لە مێژە ئەو هەوری نیگەرانەی ڕەواندۆتەوە.ئەو لەوبارەوە زۆرجار وتویەتی ئەوە موشکیلەی حیزبی دێموکڕاتەو هەردەبێ حیزبی دێموکڕات خۆشی چارەسەری کات.

ئەگەر دەمانەوێ هێزێکی گەورەی سیاسی لە نێو میللەتی خۆماندا بۆ خەبات بێنینە مەیدان، دەبێ بتوانین بە هەموو ناکۆکیەکانی نێوانمانەوە، بە هاوڕایی سیاسی بگەین.ئەسڵەن حیزبمان بۆیە درووست کردوە تا لەو وردەناکۆکی و ناڵێکیانە دەربازمان بێ و بتوانین لەسەر مەسەلە بنەڕەتیەکان پێکەوە هاوکاری بکەین.

کارکردن لە حیزبی دێموکڕاتدا کە حیزبێکی خەباتگێرە، سەختە.ئەوانەی لە کەشتیە ئاسمانیەکاندا، لە فرۆکەکاندا، لە کەشتیە ژێردەریاییەکان دا کار دەکەن دەزانن کار و هاوکاری و کۆمیونیکاشۆن لەو هەلومەرجانەدا چەندە زەریف و دەقیقە.لەفیلمە کاوبۆییە ئەمریکاییەکاندا، پاڵەوانی فیلمەکان دەبینین کە بە تەنێ یا لە گەڵ چەند سواری تر لە دەشتێکی کاکی بەکاکی گەورەو هەتا چاوبڕکات بەریندا، سواری ئەسپێک بووە، کڵاو گەرگەریەکی لەسەرناوە، سیگارێکی بەرگی بە لالێوەوە گرتوە و دەمانچەیەکی شەشلوولیشی بە قەدی خۆیدا هەڵواسیوە و شای بە سەپان نازانێ هەر گیڤەی سمێلی دێ و دەڕواتە پێش.یانی مەیدانی ئازادی عەمەلی زۆرە.بەڵام لە تەشکیلاتێکی خەباتگێردا کە کار بۆ ئازادی میللەتێک دەکا ئازادی عەمەلی لەو چەشنە بۆ کەس نیە.

ئەو وەزعەی بەسەر ئێمەو خەباتەکەماندا هات، زادە و هەڵقوڵاوی ئەو هەلومەرجە بوون کە ئەو دەم ئێمەی تێدابووین.ئەویش بە نۆرەی خۆی بەرهەمی ئەو شێوەبیرکردنەوەیە بوو، کە کاروخەباتمان پێدەکرد.ئێستا ئەگەر بمانەوێ لەو وەزعە دەربازبین دەبێ بە جۆرێکی دیکە بیربکەینەوە و بە ڕووحیەیەکی دیکەوە حیزبایەتی و کاری سیاسی بکەین.ئەگەر نا لە داهاتووشدا تووشی هەمان دەردەسەری دەبینەوە کە ئەوەتا وەک مێردەزمە سواری سەرمان بووە.ئەگەر بتوانین فەزای کاری سیاسی و حیزبایەتی سالمتر کەین، دەتوانین حیزبەکەمان بکەینە گەورەترین وەسیلەی خەبات و بەربەرکانی.ئەوەش بە نۆرەی خۆی بزووتنەوە بە هێزوبەرین دەکاتەوە.

حیزباتەتی و سیاسەتێک کە مۆنۆپۆلیزە و ئینحسار بکرێ، تووشی ناکارایی دەبێت.کەواتە پێویستیمان بە ڕەفتاری سیاسی دووربینانە ترە.واتە پێویستە حیزبایەتی و کاری سیاسی لە دەستی ڕەفتار و ڕووحیەی مەزهەبیگەری ئازاد بکەین.

ئەسپی حیزبی ئێمە توانای ئەوەی هەیە، ئەو ڕێبەندانانە بخاتە پشت سەری خۆی کە لەسەر ڕێگای چوونەپێشیدان.من قەت لە خۆمان و ڕێبەرایەتی خۆمان نائومێد نیم.

ڕێکەوتی : ١٦ی فیورییەی ٢٠١٣

## کارکردن بۆ دۆزینەوەی گەورەترین کۆڵەکەی هاوبەش

قەیرانی هەموولایەنەی کۆماری ئیسلامی هەروادێ بەرین دەبێتەوە. بایکوتی ئابووری و بازرگانی وماڵیی ڕێژیم و بێزراویی سیاسی و دیپلۆماسی ئەو لەنێو وڵاتانی ناوچەو دونیادا لە لایەک و ئەو ناڕەزایەتیە جەماوەریەش کە لە نێوخۆدا لەگەڵی بەرەوروویە لە لایەکی دیکەوە، هەموو هێز و لایەنە نیشتیمانی و خەباتگێرەکانی وڵاتەکەمان هاندەدەن کە هەرچی زووتر خۆیان بۆ ڕووبەڕووبونەوە لە گەڵ ئەو ئاڵوگۆڕ و چاڵێنجانە کە لە پێشماندان و شوێن لەسەر چارەنووس و داهاتووی وڵاتەکەمان دادەنین، ئامادەبکەن.

درێژەدان بەو پرشوبڵاویە سیاسیەی کە لەنێو هێز و لایەنە خەباتگێرەکانی کوردستاندا هەیە، مەترسی ئەوە زیاد دەکا کە میللەتەکەمان نەتوانێ وەک پێویست کەڵک لەو هەلانە وەربگرێ کە خەریکە دێنە پێش یا نەتوانێ زەرەری ئەو مەترسیانە کەم بکاتەوە کە بۆی لە کەمینداں.

ڕاستیەکەی ئەوەیە کە حیزب و ڕێکخراو و کەسایەتی و لایەن و هێزە نیشتیمانی و دێموکراتەکانی نێو گۆڕەپانی بزووتنەوەی میللی کوردستان لەگەڵ چاڵێنج و تاقیکردنەوەیەکی نەتەوەیی

ئەوتۆ بەرەوروون کە ئاکامەکەی پێوەندیی بە ڕادەی وشیاری، ئاگاهی و لەخۆبردوویی و مایە لە خۆدانانی ئەوانەوە هەیە.

ئێمە ئەگەر بە شێوەیەکی هاوئاهەنگ، یەکگرتوو، بەهێز و بە وشیاریەوە بجوڵێینەوە، نەک هەر دەتوانین تاڕادەیەکی زۆر ئەو پیلان و مەترسیانە پوچەڵکەینەوە کە لەسەر ڕێی خەباتی ڕەوامانن، بەڵکو دەتوانین بروابەوەش لەخۆاماندبەهێزبکەین کە لەدەستماندێ بەرەی میللەتی خۆمان لە ئاوێ دەرێنین و بزووتنەوەکەمان بگەیەنینە سەرکەوتن.

هێنانەگۆڕی ناکۆکیە فیرقەیی، حیزبی و شەخسیەکانی ڕابردوو و زەقکردنەوەی خۆویستی و تێبینیە حیزبی و بەرژەوەندیە تایبەتیەکانی نێوان لایەن و کەسایەتیە میللی و نیشتیمانیەکان، تا ئێستا نەیان هێشتوە هێزولایەن و کەسایەتیە میللی و نیشتیمانیەکانی کوردستان، بە پاراستنی ڕوانگە و بەرنامەی سیاسی خۆیانەوە، بتوانن لەسەر قازانج و بەرژەوەندیە نەتەوەییەکان پێکەوە هاوکاری بکەن.

ئەو وەزعە سیاسیەی لە پێشماندایە هیچی دیکە ئیجازەی درێژەدانی ئەو ڕەوشەمان پێنادا. ئەو کەس و لایەنانەی هێشتاش لەباری سیاسیەوە گەشەیان نەکردووە و جارێ هەر سەرمەستی وتنەوەی سرودی ئەنالحەقی خۆیانن، زۆر ناکیشێ تێدەگەن کە قەتاری زەمان و کاروانی خەبات بەجێی هێشتوون.

کاروانێک وەڕێکەوتوە کە بە خێرایی دەڕواتە پێش و لەسەر کەسیش ڕاناوەستێ. کۆمەڵگای کوردستان ئاڵوگۆڕی بنەڕەتی بەسەرداهاتوە. بەشی زۆری حەشیمەتی کوردستان لاو و باسەواد و وشیار و زانکۆ دیدەن. هەستی نەتەوایەتی و هاوپێوەندیی کوردایەتی ناسنامەی هاوبەشی هەموو ڕۆڵەکانی کوردستانە. چینێکی مامناوەندی بە هێز لە کوردستان پێگەیشتوە کە ماتۆڕی بزووتنەوەی کوردستان هەڵدەسوڕێنێ. خەڵک سەبارەت بە مەسەلە نەتەوایەتی و میللیەکان لەسەر هەستن و بەو هەموو سەرکوت و زەبروزەنگەوەش کە لەسەریانە، لەهەر دەرفەتێکدا کە بۆیان هەڵدەکەوێ، هاوپێوەندی نەتەوەیی خۆیان و عەزمی خۆیان بۆ خەبات لە پێناوی ئازادی و ڕزگاریدا نیشاندەدەن.

جەوهەری کاری سیاسی و نێوەرۆکی پۆلیتیکی کوردی ئەمڕۆ لە کوردستانی ئێراندا، شتێک نیە جگە لە خەباتی میللی و دێموکڕاتیک. شتێک نیە جگە لە کوردایەتی و خەبات بۆ ڕزگاری لەستەمی نەتەوایەتی و دواکەوتوویی سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتی و دابین کردنی مافی دیاریکردنی چارەنووس. هەر بۆیەیە نەوەی نوێی کوردستان، نەسلی تازەو وشیارو بێداری کوردستا، تادێ زۆرتر قاوغە تەسک و ئیدەئیلۆژیکیەکان بەجێ دێڵێ.

ئێمە ئێستا ئەرکێکی گرنگتر لەوەمان لە پێشدانیە کە تێکۆشین هەموو ڕۆڵەکانی میللەتی کورد لە کوردستانی ئێران لە دەوری پلاتفۆرمێکی میلیی هاوبەش کۆبکەینەوە. کارکردن بۆ دۆزینەوەی گەورەترین کۆڵەکەی هاوبەشی نێوانی هێز و حیزب و کەسایەتیە نیشتیمانی و میللیەکان گەورەترین ئەرکی ئەو قۆناخەی خەباتە.

مۆبیلیزەکردنی هەموو هێزولایەن و کەسایەتیەکانی نێوکۆمەڵگای کوردستان بۆ چالاکی زیاتر، بەشداری زیاتر و مایەدانانی زیاتر تا هێزی زیاتر بخەینە خزمەت بزووتنەوە، ئەرکێکی دیکەی ئەمڕۆی هێزولایەنە سیاسیەکانی کوردستانە. بە هێزکردنی پێوەندی و ئاستی هاوکاری نێوان هێزە خەباتگێڕەکانی کوردستان و پەرەپێدانی دیالۆگ و کۆمونیکاشۆن لە نێوانیاندا، ئەرکێکی دیکەی سەرشانی هەموو لایەکمانە.

هەلومەرجی بردنە پێشی سیاسەتێکی لەوچەشنە لە هەموو بارێکەوە ئامادەیە. لەلایەک خەڵک ئومێدێکیان بەوە نەماوە کە لە چوارچێوەی ئەو ڕێژیمەو سیاسەتەکانی دا ئاڵوگۆڕێک بە قازانجی ئازادی پێک بێ. لە لایەکی دیکەشەوە قورسایی باری ژیان و بەرێچوون پشتی زۆربەی هەرەزۆری کۆمەڵانی خەڵکی چەماندۆتەوە. بەمجۆرە زەمینەی عەینی وەلانانی کۆماری ئیسلامی پێکهاتووە. ئەوە تەنیا ڕێگاچارەی ئەو قەیرانە سیاسیە هەمەلایەنەیە کە وڵاتەکەمان گیرۆدەیەتی.

حیزبی دێموکڕاتی کوردستانی ئێران کە هێزی سەرەکی نێو بزووتنەوەی میللی و دێموکڕاتی کوردستانە بە ئەرکی سەرشانی خۆی دەزانێ بەورێگایەدا بڕواتە پێش و زەمینەی گەیشتن بە تەوافوقی میللی درووستکات. ئیعتیباری سیاسی و پرستیژی بەرز لە کوردستان و ئێران و ناوچەدا توانای ئەوە دەداتە حیزبەکەمان کە لە درووستکردنی زەمینەی ئەو سیاسەتەدا نەخشی کارساز ببینێ. یانی کار بۆ ئەوەبکەین کە خەبات لە شکڵی دەستەیی و گرووهی و فیرقەیی و حیزبی بێنینە دەر و شکڵی میللی پیبدەین.

ڕێکەوتی : ٢٧ی ژانوییەی ٢٠١٣

## پێشەوا قازی لە پێرسپێکتیڤێکی نزیکتر و ڕوانگەیەکی ڕوونترەوە

ڕێبواری ڕێی دوور کە ئەژنۆی دەلەرزێ و هەنگاوی شل دەبن، لادەدا و توشەبەرەی نێو کۆڵەپشتی دەردێنی و نانێک دەخوا و سەرلەنوێ هێزی ڕۆیشتنش و ورەی دیتەوە بەر.

بۆ ئێمەی ڕێبوارانی ڕێگای خەباتیش ١٠ی خاکەلێوە و گەڕانەوە بۆ شەهیدانی میللەتەکەمان، وەک سەرچاوەی ئیلهام، هەمیشە ورەمان وەبەردێنیتەوە و خەنجەری ڕوحیەی خەباتگێرانەمان ئاو دەداتەوە.

پێشەوا ئەو لوتکە گەورەی جوغرافیای ناسیۆنالیسمی کوردستانی، دەکرێ لە گۆشەنیگای جۆراوجۆرەوە سەیری بکرێ. هەتا زیاتر لێی بڕوانی و لە پێرسپێکتیڤی جیاوازترەوە سەیری بکەین، پتر گەورەیی ئەو ئینسانە مەزنەمان بۆ دەردەکەوێ. من ئەو ڕۆژانە جارێکی دیکەش بە هەندێک لە بەڵگەنامەکانی سەردەمی کۆماردا چومەوە و سەرەڕای سەرقاڵی زۆرم، هەندێک یاداشتم هەڵگرتوون کە پێشەوا لە گۆشەنیگای نزیکترەوە دێننەبەرچاو.

قازی هەر لەو ماوەکورتەدا کە پێی نایە مەیدانی سیاسەتی کوردی، بە خێراییەکی زۆر بوو بە ئەستێرەی هەرە پڕشنگداری ئاسمانی کوردایەتی و خەباتی نیشتیمانی و نەتەوەیی میللەتەکەمان. ئەوەتا ئێستا بۆتە سەمبولی قوربانی بوون، فیداکاری و بۆتە سەرچاوەی ئیلهام و سەرمەشقی خەبات بۆ هەموو ڕۆلەکانی کورد لە کوردستان.

سیاسەتەکانی و بەرنامەی سیاسی پێشەوا، پاش تێ پەڕینی ئەو ماوە درێژەش، هەروا مەوزوعیەتیان هەیە و ئێستاش هەروا ڕێگا چارەی گیروگرفتەکانی ئێران و هەڵدان و گەشەکردنی کوردستان و وڵاتەکەمانن. دامەزرانی دێمۆکراسی، سڕینەوەی ستەمی نەتەوایەتی، دابین کردنی مافی کەمایەتیە میللی و مەزهەبییەکانی وڵاتەکەمان، دابین کردنی پەرەسەندنی کۆمەڵایەتی و فەرهەنگی و ئابووری، دیسانترالیزەکردنی دەستەڵاتی ناوەندی و پێکهێنانی هەلومەرج بۆ کورد و نەتەوە بندەستەکانی دیکەی ئێران هەتا بتوانن لە پرۆسەی سیاسی و حاکمیەتی میللی دا بەشداری بکەن هەروا مەسەلەی ڕۆژن لە سیاسەتی ئێراندا.

بەرنامەی سیاسی پێشەوا بۆتە مانفێستی کوردایەتی و ناسیۆنالیسمی هاوچەرخی کورد. دامەزراندنی دەستەڵاتی کوردستانی و دیاریکردنی مافی چارەی خۆنوسین، هەروا ئامانجی هەرەبەرزی بزووتنەوەی کوردە لە هەموو بەشەکانی کوردستاندا. ئەو جادەیە کە قەتاری جوڵانەوەی کوردی پێدا دەڕوا، هەر ئەو جادەیەیە کە پێشەوا موهەندیسی کردووە. ئێمە نەسلەکانی دوای ئەو گەورەتری شانازیمان تەنیا ڕەنگە هەرئەوە بێت، کە نەمان هێشتوە ڕێبازەکەی کوێر بێتەوە و خەباتەکەی ئەومان بردۆتە پێشێ. وەک شەهاب بە ئاسمانی خەباتی میللی ماندا کشا و کوردی لە خەوی غەفلەتی ژێرچەپۆکی ڕاچڵەکاند و ئێستاش لەو شەوەزەنگە تاریکەدا لە پەنجەرەی مێژوومانەوە، هەروا دەبینرێ و دەدرەوشێتەوە.

پێشەوا مێژووی میللەتی کورد و ڕاپەڕینی میللیەکانی کوردی خوێندبووەوە. ئەزموون و ئامانجە سیاسیەکانی ڕێبەرانی پێش خۆی فۆرمۆلەکرد و لە شێوەی پرۆژەیەکی سیاسیدا دایڕشت. بۆ ڕێبەریکردنی ئەو پرۆژەیە حیزب و تەشکیلاتی مۆدێرنی دروستکرد و دەوڵەتی لە شکڵی جمهوریدا بۆ پیادەکردنی ئەو پرۆژە سیاسیە پێکهێنا.

دواتر لەدادگادا و لە جەرەیانی سەفەرەکانی دا بۆ تاران دیفاعی لە کار و بەرنامەی سیاسی خۆی و ئامانجەکانی میللەتی کورد کرد و هەتاسەر پێیان وەفادارما و گیانی خۆشی لە پێناویاندا بەخت کرد. دوای مردنیشی بوو بە ڕەمزی فیداکاری لە پێناو میللەتدا.

لە دەورانی بزووتنەوە دژی ئیستیعماریەکان دا. لە هەموو وڵاتانی ناوچەدا، ڕێبەرانی بزووتنەوەی دژی ئیستیعماری توونە بە خەباتی دژی ئیستعماریەوە نوسابوون و دواتریش هەموویان دیکتاتۆر و سەرەڕۆ دەرچوون. پێشەوا لە سیاسەت و کردەوەدا، بۆ ئازادی و دێموکڕاتی ، ڕزگاری لە ستەمی نەتەوایەتی و پێشکەوتنی کۆمەڵایەتی و فەرهەنگی تێدەکۆشا و بە هەرسێکیان وەفاداربوو. لە ئەوپەڕی ئیقتداری سیاسیدا، خەڵکی و خاکی و لە هەڵسوکەوتدا دێمۆکرات بوو و دێمۆکراتیش مایەوە. لەو دەورانە مێژوویەدا، لە نێو ڕێبەرانی بزووتنەوەی ڕزگاری خوازی میللەتتاندا، ئەوە تەنیا پێشەوا بووە کە نەکەوتۆتە داوی سەرەڕۆییەوە.

عونسوری پێشکەوتنخوازی لە بەرنامەی سیاسی و کارنامەی حکومەتی پێشەوادا وەک ڕۆژی روون دیارە. ڕیفۆڕمی ئەرزی و مەسەلەی دابیکردنی مافەکانی ژنان و پەرەپێدانی پەروەردە و فێرکردن و ئەمنیەتی قەزایی و سکۆلاریزەکردنی دادگاکان باشترین نموونەی ئەو قسەیەن. لە گەڵ ئەوەدا کە پیاوێکی رووحانی بووە، بەڵام هیچ کات وەک ڕێبەری دینی لە حیزب و حکومەتدا هەڵسوکەوتی نەکردوە و لە هەموو جێگایەک وەک ڕێبەری میللی و سیاسی قسەی کردووە. نە دینی خستۆتە خزمەت ئامانجە سیاسیەکانی خۆی و نە سیاسەت و حیزب و حکوومەتی کردوونەتە بووکە شوشەی دەستی دین و مەزهەب. لەسەرتاسەری ئێراندا ئەودەم ئاخوندەکان دژی ئیسڵاحاتی ئەرزی و مافەکانی ژنان بوون و دژایەتیان دەکردن، بەڵام پێشەوا تێدەکۆشا بیانکاتە واقعیەتێکی ژیانی ڕۆژانە.

کۆماری کوردستان پڕشنگدارترین قۆناخی مێژووی هاوچەرخی کورد و کوردستانە. ئەوەی هەتا ئێستا هەمانە و لە داهاتووشدا هەتا چاو بڕەکا دەمانبێ، هەر لەوێڕا دەست پێدەکا. وەک بیگ بانگ، تەقینەوەی گەورەی ناسیۆنالیسمی هاوچەرخی کوردستانی لەوێڕا سەرچاوەدەگرێ و ئێستاش ئەو ئینێرژیەی کە وەری دەگرێ هەر لەو تەقینەوە گەورەیەوە پێی دەگا.

پێشەوا ڕێبەری حیزب و سەرکۆمار بوو ،بەڵام قەت حکوومەتی نەکردە ئاڵقەبەگوێی حیزب. حیزبی نەکردە سەرباری حکوومەت و زەنجیر بۆ دەست و پێی حکوومەت. قەت نەبوو لە کێوی سینای دەفتەری سەرکۆماری و سەرۆکایەتی حیزبەوە فەرمانان نازل بکات. بڕیارەکان دەستەجەمعی دراون و راوێژیان لە سەردەکرا و بە فیلتێرە پێویستەکاندا تێدەپەڕین جا دوایەش لە ڕۆژنامەی کوردستاندا بڵاو دەکرانەوە و بە ئاگاداری بیروڕای گشتی دەگەیەشتن. حیزب ماتۆڕی بردنە پێشی بەرنامەکان و ڕێکخستنی میللەت و مۆبیلیزەکردنی تواناکان بوو نەک دەست وپێگر. هەموو ئیمکاناتی حیزبی خستبووە خزمەت حکومەت نە بە پێچەوانەوە. قەت خۆی لە جێێ کۆمیتەی ناوەندی دانەدەنا و کۆمیتەی ناوەندیشی لە جێی حیزب دانەدەنا و حیزبیشی لە جێی میللەت دانەدەنا. خۆی و حیزب و کۆمار و دەوڵەتی بۆ خزمەتی میللەت دەویستن . پێشەوا بەرانبەر بیر و رای گشتی لە سەر هەست بوو. کەسێک نەبوو گوێ نەداتە بیروڕای گشتی میللەت و روانگە و بیروبۆچونی هاوکارەکانی بە گرنگ دەگرت.

مەیدانی بۆ دروست بوون و پێگەیشتنی چینی متەوەستی کۆمەڵگای کوردستان خۆشدەکرد. ئەدیب و زانا و فەرهەنگیەکانی کوردی لە دەوری حیزب و کۆمار کۆکردبونەوە و خستبوونیە خزمەت میللەت و پەرەسەندنی زمان و ئەدەب و کولتور و پەروەردەو فێرکردنی میللی. هەموو توانای ئینتلیکتوێلی کوردی خستبووە خزمەت خەبات و بەرنامەکانی حکومەتی کوردستان. ئەو حیزبەی ئەو لە دوای خۆی بە جێی هێشت، ئێستاش هەروا خۆشەویستی خەڵکی کوردستانە و ئەوەش هەتا رادەیەکی زۆر لە وەڕا دێ کە حیزبی پێشەوایە و پێشەوا دایمەزراندوە.

پێشتر ڕێبەرانی بزووتنەوەی کورد بە هۆی پیگە و نفوزی عەشیرەتی و ئایینیەوە هاتونەتە سەر. پێشەوا لە ڕێگای حیزبایەتی و کاری ڕێکخراوەیەوە هاتبووە سەر . ئەو هەم مەشرۆعیەتی هەبوو، هەم لێوەشاوەیی زانستی و سیاسی و هەم یەکپارچەگی ئەخلاقی و هەم مەحبووبیەتی جەماوەری. پاش مەرگیشی هەروا خۆشەویست مایەوە. کەمن ئەو ڕێبەرانەی ئاوا لە نێو میللەتی خۆیاندا خۆشەویستبن و هەرخۆشەویستیش بمێننەوە.

پێشەوا ڕزگاریخواز، ئازادیخواز، پێشکەوتنخواز و شۆڕشگێر بوو. راستەوخۆ لەگەڵ میللەت پێوەندی هەبوو. ئەو دیوانسالاری و بۆرۆکراسی بۆ بردنە پێشی بەرنامە و پڕۆژەکانی کۆمار هێنایە کایە و موئەسەساتی بۆ کۆمەڵ و کۆمار دروست کردن، بەڵام وەک پێشەوای میللی قەت نەهات خۆی لە قاوغی تەسکی بۆرۆکراسی حیزبی و دەوڵەتیدا زیندانی بکا. ئەو بە کردەوە ڕێبەرایەتی دەکرد و لە ریزی پێشەوەی کار و خەبات و هەوڵ و تێکۆشان بۆ چارەسەری گیروگرفتەکاندا بوو. خاکی و خۆماڵی و بێ فیز و تەکەبوور بوو. ئەو هاتبوو وەک بۆخۆی لە ڕۆژی سوێند خواردنەکەیدا فەرمووی، سەروماڵی فیدای میللەت و نیشتیمانەکەی بکا.

ئینسانێکی زانا و خاوەن فەرهەنگ بوو، هەر بۆیەش بایەخێکی زۆری بە فەرهەنگ و ئەدەب و کولتور دەدا. دەورانی حکوومەتی کۆماری کوردستان لە مێژووی میللەتی کوردا، هەتا ئەو دە دوازدە ساڵەی دوایی، پڕشنگدارترین قۆناخی گەشەکردنی فەرهەنگ و زمان و ئەدەب و ڕۆژنامەگەری کوردییە کە مێژوو بە خۆیەوەی دیوە. ئەو زمانە ئەدەبی و سیاسیەی ئەمڕۆ بەکاری دێنین، هەر هەمان زمانە کە لە سەردەمی کۆماری کوردستاندا بوو بە زمانی ئەدەبی و سیاسی و ڕۆژنامەگەری کوردی.

نەخش و سەهمی خەڵک لە بزووتنەوە و دەستەڵاتدا، نەخش و سەهمی هەرە زۆر بوو. پێشەوا دەستەڵاتی حیزبی و حکوومەتی لە دەستی خۆی و کەس و کارەکانی دا ک نەکردبووە. چەترێکی گەورە بوو هەموو لە ژێریدا جێگایان دەبووەوە. معیار بۆ ئەو خزمەت بوو. ئەو گەورەترین کۆڵکەی هاوبەش بوو. مەخرەجی موشتەرەک بوو.

تەمەنی کەم بوو، هیچ عەشیرەت و تایفەی لە پشت نەبوون، بەڵام توانی لە جامعەی دواکەوتوی ئەودەمی کوردستاندا، ببێتە کاریزمایەکی میللی هێندە گەورە کە هەموو عەشیرەتە گەورە و ناتەبا و تەنانەت نەحەواوە لە گەڵ یەکتردا، لە دەوری فەرماندەییەکی سیاسی و نیزامی کۆکاتە وە و تەنانەت کوردەکانی بەشەکانی دیکەی کوردستانیش، راکێشێتە ژێر ئۆتۆریتەی میللی کۆماری کوردستان.

یەکپارچەیی ئەخلاقی پێشەوا لە پلەیەکی هێندە بەرزدا بوو کە گەورەیی و مەزنی خۆی لە گەورەیی و مەزنی میللەت و خەڵک و هاوکارەکانی دا دەدی و پێویستی بەوە نەبوو کەسانی دی نەبینێ و وەلایان بنێ. بە پێچەوانەوە ئەو دەیزانی گەورەیی و مەزنایەتی لەوەڕادێ کە بتوانێ خەڵک و کەسانی گەورە و بە ئۆتۆریتە لە دەوری خۆت و بەرنامەکانت کۆکەیەوە نەک بە پێچەوانەوە. ئاخر کەسێک کە دەستەڵاتی سیاسی و حیزبی و حکوومەتی لە خۆی و دەوروبەری خۆیدا کۆدەکاتەوە، ئەوە کەسێکە کە توانایی سیاسی و فکری و ئەخلاقییەکەی مەحدودە، کاراکتێرێکی بێ هێزی هەیە و دەوروبەرەکەشی هیچ کارە و لێ نە هاتوون. پێشەوا نیهاد سازی کرد، بزوتنەوەی کردە میللی و گشتی. حیزبی نەکردبووە فیرقە و سێکتێکی سیاسی، حیزبی دێموکرات لە سەردەمی پێشەوادا، جەبهەیەکی بەرینی میللی بوو کە هەموو رۆڵەکانی کوردستان لە نێویدا جێ یان دەبۆوە و هەمووشیان بە ئیی خۆیان دەزانی، شاعیر وتەنی بە میلیۆن کورد، سوژدەیان بۆ دەبرد.

ئەو خسڵەتە میللیە کە وەک میرات بۆ حیزبی دێمۆکرات بە جێماوە هەر لەو دەمەڕا دێ کە پێشەوا کردیە حیزبی میللیی. حیزبی دێمۆکراتی دروست کرد و لە رێگای حیزبەوە بوو بە پێشەوای گەل و دواتر حیزبیشی خۆشەویست کرد. دەڵێن هەر خەباتێک رێبەری خۆی دروست دەکا، حیزب و بزووتنەوەی کوردستان لە سەردەمی پێشەوادا جەماوەری و میللی و گەورە و بەرین بوون، بۆیەش ئەو رێبەرە گەورەیان هێنایە مەیدان. ئەوەتا ئێستاش مەیدانی چوار چرا و گۆڕی پێشەوا، بوونەتە سەمبوولی نیشتمان پەروەری و مەککەی کوردایەتی و قیبلە و زیارەتگای رێبوارانی رێگای رزگاری کوردستان و پێشەوا لە دڵی نەتەوەی کورد و ویژدانی میللەتی کوردا هەر زیندووە و رێباز و ئامانجەکانی هەروا ئامانجی کۆمەڵانی بەرینی خەڵکی کوردستانن.

گۆڕی پێشەوا بۆتە کورەی جۆشدانی کوردایەتی و لە سەرتاسەری کوردستاندا خەڵک سوێندی گەورەیان بە گۆڕی پێشەوایە. ئەوە مانایەکی گەورەی مەعنەوی و ئەخلاقی هەیە. بیری سیاسی پێشەوا هێشتاش هەروا بە پێشەنگ دادەنرێ و مەوزوعیەتی هەیە و روو لە گەشەشە. ئەو درەختەی پێشەوا چەقاندی، هەروادێ پتر رەگ لە کوردستاندا دادەکوتێ. ئەو ئینێرژەیە میللیە کە لە پشتی سەری بزووتنەوەی کوردستانەوە هەیە، بە تایبەتی ئەو هێزە کە نەیهێشتوە حیزبی دێمۆکرات بشکێ، یا لە رێلی خۆی لادا، هەر ئەو ئینێرژیەیە کە لە پێشەواوە پێی دەگا. ئەمرۆ بە میلیۆن کورد لە هەموو کوردستاندا پەیامی پێشەوایان کردۆتە مەشخەڵی رێنیشاندەری رێگای خەباتیان. هەموو هێزە کوردستانیەکان چ لە بەشی رۆژهەلات یا لە بەشەکانی دیکە، لە راستی راستەوە هەتا چەپی چەپ و تەنانەت مەزهەبییەکانیش، شەجەرەی سیاسی خۆیان دەبەنەوە سەر پێشەوا و دەیانەوێ مەشروعیەتی لێوەرگرن. هەموو هەسارەکانی کۆمەڵەی خۆر تین و رووناکی لە خۆر وەردەگرن، هەموو هێزە سیاسیەکانی کوردستانیش تین و رووناکی لە پێشەواوە وەردەگرن. ئەو گەرمی و رووناکیەش لە بن نایەو دەگاتە هەمووانیش. ئەو شوێنەوارەی پێشەوا لە سەر تاکی کورد، میللەتی کورد، سیاسەتی کورد و ویژدانی میللی کوردستان بە جێی هێشتوە، باشترین بەڵگەی ئەو قسەیەن.

راستە کۆماری کوردستان رووخا و بزووتنەوە پاشەکشەی کرد، بەڵام بیری پێشەوا نە شکا، چونکە شکەست ئەوەیە قەت هەڵنەستیەوە. هەرکەس پاش کەوتنەخوار درەنگ یا زوو هەستێتەوە، نەشکاوە. بەرنامەی سیاسی و حیزبی پێشەوا و خەباتی پێشەوا، بە جۆرێک لە کوردستاندا رەگیان داکوتاوە، کە ئەوتا شەوەزەنگی رەشی ئیستبدادی ئاخوندیش، نەیتوانیوە، لە گەشە و هەڵدانیان بخات. پێشەوا و کۆماری کوردستان و بەرنامەی سیاسی پێشەوا ئێستا بوونەتە رێفێرانسە و نەسلەکانی ئێستا و داهاتووی کوردستان خۆیانی پێ پێناسە دەکەن، چونکە قۆناخی دەوڵەتی جمهوری کوردستان، لە مێژووی میللەتی کوردا بەرجەستەگی تاریخی هەیە و سەردەمی زێڕینی مێژووی دەستەڵاتداریەتی هاوچەرخی کوردە.

پێشەوا هەموو هەڵوێستەکانی چ لە پێوەندی لەگەڵ تاران و چ لەگەڵ تەورێز و چ لە گەڵ زلهێزەکان و چ لە پێوەندی لەگەڵ مەسەلە نێوخۆییەکانی کوردستاندا، تەنیا لە گۆشە نیگای بەرژەوەندیی کوردستان و دێمۆکراسیەوە دەگرتن. مەهارەتێکی بێ وێنەی لە فۆرمۆڵە کردنی داخوازەکانی میللەتی کورد و پەیامی سیاسی خەڵکی کوردستان و حیزبی دێموکراتدا هەبوو. ئەوەش بوو پێشەوای کردبووە رێبەرێکی تەواعەیاری میللی. لە خۆڕانیە بوو بە پێشەوا و هەروا بە پێشەوایش مایەوە.

پێشەوا فیداکاری کرد و تەڵەبکاریش نەبوو. ئەو لە دادگاش دا دەزانێ دەی کوژن، بەڵام دیفاعی سەرسەختانە لە میللەتی کورد و داخوازەکانی میللەتی کورد دەکا. لە وەسیەتنامەکەشی داو لە سەر سێدارەش هەر داوا لە رۆڵەکانی کوردستان دەکا خەبات بەرنە پێش و خواش بەشاهیدی دەگرێ کە بەسەر وماڵ خزمەتی میللەی خۆی کردوە و داوا دەکات لە ئەگەر قسوری هەیە نەتەوەکەی بیبەخشن. بەمجۆرە ئەو هیچ تەڵەبکار نیە و فیداکاریشی بۆیە نەکردوە لە میللەتەکەی تەڵەبکاربێت. تەنیا داوای ئەوەیە میللەت پاڵ وێکەدەن و خۆیان بە عیلم و زانست تەییارکەن و خەبات بەرنە پێش و نەیەڵن ئاگری خەبات لە نێڵە بکەوێت. بۆیە لە پێدەشتی کاکی بە کاکی بزووتنەوەی کوردا بۆتە لوتکەی هەرەبەرزی فیداکاری و گیانبازی و نیشتیمان پەرستی و وڵاتپارێزی.

ئەوە چەند دەیەیە کە تەواوی دەزگای تەبلیغاتی دەوڵەتی ئێران و ناسیۆنالیزمی مەزنی خوازی ئێرانی و کۆنە پەرستیی ناوچە و تەنانەت زرەچەپی کورد و ئێرانیش کەوتونەتە خۆهە تا پێشەوا تەخریب کەن و خۆی و بەرنامە و کارنامەکەی رەشکەن، بەڵام نەک هەر نەیان توانیوە زەرەیەک لە گەورەیی و خۆشەویستی پێشەوا کەم کەنەوە ، بەڵکو پێشەوا هەروادێ و مەزن تر و خۆشەویستر دەبێ و بەرنامەی سیاسی پێشەوا ئەمرۆ بۆتە بەرنامەی رێگاچارەی گیروگرفتەکانی وڵاتە خۆشەویستەکەمان.

ئەو تێدەکۆشا کۆرپەی ئازادی و رزگاری کوردستان، لە منداڵدانی میللەتی کوردەوە بۆ سەر دونیا هیدایەت بکا. حیزب و تەشکیلاتی بۆ ئەو کارەدەویستن و حیزب بۆ ئەو کەناڵی خزمەت بە گەل و نیشتیمان بوو.

پێشەوا ئەڵتەرناتیوی نەبوو. کەسێک بوو مێژووی کورد و زەمان هێنابوویە پێشەوە. لە ماوەیەکی کوردا کە دەستی بەکاری سیاسی کرد، نەخشی هێندەگەورەی گێڕا، کە لە مێژووی میللەتی خۆی دا بوو بە گاندیەک، ناپلیۆنێک،ماندێلایەک. ئەو درووستکار بوو. خۆی و دەزگای حکومەتەکەی دووربوون لە گەندەڵی و فەساد. ئێستاش درووستکاری نەک بە فەزیلەت بەڵکوو بە

موعجیزە دادەنرێ، کەچی پێشەوا لە هەموو فەساد و ئالودەگیەک بە دووربوو. ئەو کێوێک بوو لە ئەخلاقیەتی بەرز و ئیستراتیژی سیاسی و سەلامەتی ویژدانیی. هەر بۆیەش بوو ئیعتبارێکی سیاسی و مەعنەوی گەورەی لە نێو میللەتدا هەبوو. کەس نەی توانیوە لە نێو کوردا وەک پێشەوا ئاوا ئیعتباری سیاسی وەدەست بێنێ.

دەڵێن مێژوو رووحم بە کەس ناکا. پێشەوا لە نێو رێبەرانی سیاسی میللەتی کورد و میللەتانی دیکەی ناوچەدا، لە ریزی هەرە پێشەوەی ئەو رێبەرانە دایە کە ژمارەشیان بە داخەوە زۆر کەمە، کە لە ئیمتیحانی سەختی مێژوو دەرچوون و رووسوور هاتوونە دەر . هێمن وتەنی عومری کورتی هەبوو، بەڵام ئەو عومرە کورتە پڕاوپڕبوو لە شانازی و شەرەف.

لایەنێکی دیکەی گەورەیی پێشەوا لەو پیلانە گەورەیەرا دێ کە کۆنەپەرستی و ئیمپریالیزم و دوژمنانی کورد لە دژی ئەو و حکومەتەکەی بە رێوەیان برد. ئەو راستیە لە رەوتی دادگادا و لە چۆنیەتی حوکمدانی قازییەکان و لەداردانیاندا بە باشترین شێوە دەردەکەوێ. پێشەوا بی کیفایەت نەبوو، بەڵام پیلانێکی نێو نەتەوەیی لە دژی ئەو وەرێخرا کە لە دەرەوەی کۆنترۆڵی ئەودابوو. ئەو ژمارەیەکی کەم کارتی بۆ یاری لە دەست دابوون، لە هەموو کارتەکان بە باشترین شێوە کەڵکی وەرگرت. تواناو لیوەشاوەیی و دroووستکاری و مودیریەت و بە تەگبیری پێشەوا پێشتر لە زۆر بواردا تاقی کرابۆوە ئەوەی روویدا ئاکامی پیلانی هاوبەشی ئیمپریالیزم و کۆنەپەرستی بوو.

بەبڕوای من گەورەترین تایبەتمەندیی پێشەوا ئەوەیە کە ئەو وەک رێبەر و پێشەوای میللەتی کورد لە بەرامبەر میللەت و مێژوودا هەستی بەبەرپرسایەتی دەکرد.

رێبەرانی ئێستای کورد دەبێ زۆر دەرسی بە نرخ لە پێشەوا فێربن، بەڵام لە هەموان گرنگتر ئەوەیە ئەو ئیحساسی مەسئولیەتە لە بەرانبەر میللەت و مێژوو دا، لە قازی نەمر فێر بن.

رێکەوتی : ١٧ی ژانوییەی ٢٠١٣

## دیسکۆڕسی کوردستانی .!

سەردەمی بەکارهێنانی توندوتیژی دەگەڵ یەکتر لە پێوەندیی نێوان هێزە کوردستانیەکاندا بەسەر چووە. نەوەی نوێی کوردستان و بیرورای گشتی ئیدی بە هیچ جۆر سیاسەتێکی لەو چەشنە لەکەس و لە هیچ لایەنێک قبووڵ ناکا.

ئەوەش بۆخۆی سەرەتایەکە بۆ سڕینەوەی توندووتیژی لە سیاسەتی کوردیدا. میللەتی ئێمە بەداخەوە ئەزموونی شەڕی براکوژی هەیە. لە هەموو پارچەکانی کوردستان ئەو ئەزموونە تاڵەمان هەیە. کورد زیانێکی زۆری لە شەڕی براکوژی دیتوە. بۆیە بە هیچ بیانوویەک و لە ژێر هیچ عینوانێکدا، نابێ جارێکی دیکە ئەوە لە هیچ کەس و لایەنێک قبووڵ بکرێ بۆ بردنە پێشی سیاسەتەکانی خۆی چەک لە کورد و رۆڵەی کورد بکێشی.

نابێ بە هیچ کەس و لایەنێک رێگا بدرێ، بە بیانووی تۆڵەکردنەوە و خوێن وەرگرتنەوە، ئەو شەڕوکێشە و ململانێ خوێناویانەی ڕابردوو بۆ نەوەکانی ئێستاو ئایندەی کوردستان درێژ کاتەوە. پێویستە پوختەیی سیاسیی بەسەر مەیدانی سیاسەت و بیری کوردا زاڵ بێ و پۆلیتیکی کوردی لە رق و قین و تووڕەیی بشۆردرێتەوە.

بەڵام ئەوە بەو مانایە نیە باسی ئەو شەڕو ململانێ خوێناویانە نەکەین کە ئێمە هێزە کوردستانیەکان دەگەڵ یەکتر هەمان بووە. مانای ئەوەنیە خۆ لە واقعیەتەکانی مێژووی خۆمان نەدەین و ڕاستیەکان بشارینەوە. یا پێچەوانەیان نیشان دەین. نەوەی نوێی کوردستان دەبێ ئەو مێژووە تێبگات و دەرس و پەندی لێوەرگرێت. دەبێ لە حافیزەی میللی و نەتەوەییماندا، ئەو ئەزمونانە بە پۆزەتیف و نێگەتیفیانەوە، عەمبار بکرێن و ببنە مایەی دەوڵەمەندی ئەزموونی سیاسی و خەباتگێڕانەمان. دەبێ باسی شەڕی براکوژی نێوان دێموکرات و کۆمەڵە، پارتی و دێموکرات، یەکیەتی و پارتی، پارتی و پ.ک.ک، پ.ک.ک و یەکیەتی، دێموکرات و ریبەرایەتی شۆڕشگێر و هتد بکەین. بەڵام مەبەست لەوە دەبێ تەنیا یەک شت بێ و بەس. ئەویش خزمەت کردن بە ئێستاو ئایندەی کورد و کوردستان و بە هێزکردنی هەستی نەتەوایەتی و کوردایەتی و کوردستانی.

ئەوە ئازایەتیەکی گەورەبوو کە بەرێز مام جەلال لە پەرلەمانی کوردستاندا داوای کرد شەڕی براکوژی تەحریم بکرێ. لەوەش گرنگتر ئەوەبوو بەرێز کاک مەسعود بارزانی سەرۆکی کوردستان سەبارەت بە شەڕی براکوژی، داوای لێبووردنی لە میللەتی کورد کرد. ئێستا دەبێ ئەو ڕووحیەیە بەرینە پێش و بیکەینە پرۆژەیەکی سیاسی لە کوردستان.

ئەوەش دەبێ فێربین کە گرتنی هەر هەڵوێستێکی سیاسی و هەبوونی هەر عەقیدەیەکی سیاسی، جا با منیش لەگەڵی نەبم، یا تۆش دەگەڵی نەبی، بەمانای تاوانی سیاسی نیە. تەنیا شتێک جورمە کە بە پێی قانوون بە تاوان و جورم پێناسە دەکرێ. ئەوە کەمن هەڵوێستێکی سیاسی دەگرم و عەقیدەیەکی سیاسی تایبەتیم هەیە، یا لە ڕابردوودا هەڵوێستێکی سیاسی تایبەتیم هەبووە، نابێ بۆم بە تاوان دابنرێ. ئەوە لە کولتووری چاخەکانی نێوەڕاستدایە، کە هەبوونی عەقیدەی سیاسی جیاواز و جیابیری بە تاوان و جەریمە دادەنرێ. هەڵوێستی سیاسی جیاواز لە هەڵوێستی سیاسی دەستەڵاتداران، تاوانی سیاسی نیە. چونکە ڕاستی و درووستی هەڵوێستی سیاسی بەستراوەتەوە بە هەلومەرجی زەمانی و مەکانیەوە.

ئەمڕۆ بە پێچەوانەی ساڵانی رابردوو ئیدی ئەوە کەللەویشکی و بیرتەسکی سیاسی نیە کە قسەی یەکەم لە سیاسەتی کوردیدا دەکا. دەستی مەزهەب لە سیاسەتی کوردیدا خەریکە بە تەواو لە هەموو شکڵ و شێوە کانیدا کورت دەبێتەوە. پێمان وانەبێت کە ڕووحیەی مەزهەبی لە سیاسەتکردندا هەر لەلای ئیسلامیەکان هەیە. هێزە چەپ و میللی و دێموکڕات و نەتەوەییەکانیشمان زۆر جار هەر بە ڕووحیەی مەزهەبیەوە سیاست دەکەن. ڕووحیەی مەزهەبی لە سیاسەتدا ئەوەیە کە لە بیر و فکری سیاسیدا حەقمەدار و وشک و دووگماتیست بین، مەرجەع و ئیمامان هەبێ، لە کردەوەی سیاسیشدا توندووتیژی دەکاربکەین و ئەدەبیاتی سیاسیشمان جوێن و تەوهین و سوکایەتی و تەحقیری موخالیفانی خۆمان بێت.

سیاسەتی کوردی خەریکە ئەو دەورانە دیمۆدەبووە بەجێ دێڵێ. کۆمەڵگای کوردستان لە هەموو پارچەکانی کوردستان خەریکە سەرتاسەر دەگۆڕێ.

کرانەوەی کوردستان بە ڕووی دونیای دەرەوەدا، خوێندەواربوونی خەڵک، پێگەیشتنی کۆمەڵگای مەدەنی، ڕۆڵی مێدیای جیهانی و ناوچەیی و کوردستانی، چوونەسەری ئاستی وشیاری سیاسی و کۆمەڵایەتی خەڵک، بوونەتە هۆی تێک ڕووخانی دیوارەکانی دونیای داخراوی سیاسەت و حیزبایەتی بە مۆدێلی ڕابردوو.

نەوەی تازەی کوردستان دەزانێ رێگای رزگاری کوردستان تەنیا بریتیە لە پچڕاندنی زەنجیرەکانی ستەمی نەتەوایەتی و پەرەپێدانی هەموو لایەنەی کوردستان. مۆدیلی ئێمە نە قومە، نە سعودیە، نە تالیبان و نە قاعیدە و نە کۆریای شیمالی.

بە خۆشیەوە هەلومەرج بۆ هاتنەگۆڕێ دیسکۆرسێکی کوردستانی ئامادە دەبێت. بەرەبەرە هەموو ڕۆڵەکانی نەتەوەی کورد دەگەنە ئەو قەناعەتە کە کوردستانی بیربکەنەوە و کوردستانیش عەمەلی سیاسی لەخۆیان نیشاندەن. نێوەرۆکی کوردستانی بیرکردنەوە بریتیە لە کوردایەتی، ئازادیخوازی، دێموکڕاسی و مافەکانی مرۆڤ. ئەوەیە دیسکۆرسی کوردستانی.

ڕێکەوتی : ١٧ی ژووئەنی ٢٠١٣

## خۆش نیە هەمیشە هەر برا چووکە بیت!

هەفتەی جارێک بۆ ماوەی ٤٥ دەقیقە، لە کانتینەی قوتابخانەدا، لە پێوەندی لەگەڵ پەرەپێدانی پرۆگرامێکی هاوبەشی نۆرویژی/ ئەمریکاییدا، وەک چاودێر دەکەوینە لای یەکتر. ئەو پرۆگرامە لێکۆلینەوەیەکی مەیدانیە بۆ دەرخستنی شوێنەواری ڕەفتاری پۆزەتیڤ لەسەر گەشەی ژینگەی فێربوون.
ئەو هەفتەیەش بۆ یەکەم جار لە سالی تازەدا کەوتینەوە لای یەکتر. سالی تازەمان لە یەک پیرۆزکرد و کەوتینە دوان. لێی پرسیم داخوا لە پشوی سەری ساڵدا چۆنم بۆ گوزەراوە. منیش وتم هەر لە وڵات بووم . خۆش بوو. لە ماڵەوەبووم . خواردنی خۆش، پێکەوبوون لەگەڵ بنەماڵە، تێرنوستن. سەردان و دیدار، تۆزێکیش میوان و میوانداری و یەک دوو ئێوارە جەژنیش لە نێو ژینگەی خۆمان کوردەکانی ئوسلۆدا.
وتی ڕاستە ئەو جەژنانە زۆرتر بۆ ئەوەن بنەماڵەکان لە دەوری یەکتر کۆبنەوە. منیش چووبوومەوە وڵاتی خۆم و لای بنەماڵەکەم بۆ سکۆت لەند. وتم نەمزانی بوو خەڵکی ئێرەنی. وتی ئەوە داستانێکی دیکەیە. من کچێکی نۆروێژیم هێناوە و چەند منداڵمان پێکەوەهەن و هەر بۆیەشە لێرە دەژیم. بەڵام لەو جۆرە موناسەبەتانەدا، جار جار خۆم و منداڵەکان دەچینەوە سکۆت لاند.
وتم کەوایە لە پێوەندی دەگەڵ وەزعی سیاسی سکۆت لاند هەندێک پرسیارم هەن. من کوردم و خۆت دەزانی کوردەکان میللەتێکی گەوەرەن لە ڕۆژ هەڵاتی نێوەراستدا لە ژێر ستەم و چەوسانەوەی نەتەوەییدان. ساڵانێکی زۆرە خەبات دەکەین و ئەو خەباتە جارێ هەر بەردەوامە.

ئەوە کە ئێوە دەتانەوێت ڕیفڕاندۆم بکەن و لەورێگایەوە چارەنوسی خۆتان دیاری بکەن، بۆ ئێمەش قوەتی قەلب و سەرچاوی ئیلهامە.

دەتوانی لەوبارەوە کەمێک بەرچاو ڕوونیم بدەیەی.

وتی ئێمە پارڵەمانی ناوچەیی خۆمان هەیە. لە بەڕیوەبردنی کاروباری ناوچەکانی خۆماندا خودموختارین. سیستەمی حقوقی و پەروەردەیی سەربە خۆمان هەیە. دەوڵەتی محەللی ئێمە یارمەتیە دەرمانی و بیهداشتیەکان بێ بەرامبەر بۆ خەڵک دابین دەکات. خوێندکارانی ئێمە شەهریەی خوێندن نادەن. جگە لە مەسەلەکانی پێوەندیدار بە موهاجەرەت، چەک، قومار و مەوادی موخەدیر، لە بوارەکانی دیکەدا، تەنانەت لە پێوەندی دەگەڵ دیاری کردنی ڕادەی ماڵیاتیشدا، ئۆرگانە ناوچەییەکان دەستەڵات دارن.
بەو حاڵەش بە حەقی خۆمانی دەزانین جیابینەوە. لە پایزی ساڵی٢٠١٤ دا ڕێفراندۆم بۆ ئەو مەسەلەیە بەڕێوەدەبەین. ئێمە سەرچاوەی گەورەی نەوتی دەریای شیمال و ئیمکاناتێکی زۆری سەنعەتی و فەرهەنگێکی دەوڵەمەند و هاوپێوەندیەکی بە هێزمان لەگەڵ یەکتر هەیە. لە ڕابردووشدا، مێژوویەکی پڕ لە گرێوگۆڵمان لە گەڵ لەندەن هەبووە. حەقی خۆمانە سەربەخۆبین.
ئێمە ٣٠٧ ساڵ لەمەوبە لە گەڵ ئینگلیستان یەکەیەکی سیاسی تازەمان پێک هێنا. بەڵام لەسەرتاسەری ئەو ماویەدا، هەر تەحقیر کراوین، بە بەراورد لە گەڵ ئینگلیسیەکان هەمیشە لە مەینەتبەشی و بێ عەداڵەتیدا ژیاوین. ئاخر نازانم ئەتۆ لێم تێدەگەی یانا، خۆشنیە هەمیشە هەر برا چکۆڵەبیت. برا چکۆڵەش مافی خۆیەتی ڕۆژێک ماڵێ خۆی بکات و ببیتە خاوەن ماڵ و حاڵی خۆی و ئەدرەس و جێگەورێگەی خۆی هەبێت و بچێتە نێو نێوان و کەسایەتی سەربەخۆی خۆی پەیداکات.
کە ئەو قسەیم لێ بیست، دەسبەجێ کەوتمەوە یادی هاوڕێ تێکۆشەرم، کادری بەوەجی حیزبەکەمان کاک محەمەد ڕەسوڵی کە ئێستا لە ئەمریکادەژی کە دەیگوت: یاخوا کەس لە ماڵێ برا چکۆڵەنەبێت، لە تەشکیلاتی حیزب و بەتایبەتی لە کۆمیتەی ناوچەدا کادری دەرەجە چوارنەبیت و لە نێو هێزی پێشمەرگەشدا خوایە کەس سەرپەل نەبێت.
وتی زوو لە سەرەتای هاویندا دەڕۆمەوە. ئەمساڵ و هەموو توانای خۆم بەکاردەبەم تا کاریگەربم لە بردنەپێشی پرۆسەی سەربەخۆییخوازیدا. ئەوە ئەرکی نەتەوەییمە و دەبێ زوو لە گۆرەپانەکەبم.
وتم ئومێدێک هەیە. وتی دونیاکە گۆڕاوە. ئەگەر ئیرادەی خۆمان بۆ ئەو مەبەستە هەبیت، ئەو پرۆسەیە سەردەکەوێ. هەلومەرجێکی تازە هاتۆتە گۆڕ کە ئیجازەی ئەوەمان پێدەدات. وتم چۆن؛
سەیرکە لە ماوەی نێوان ساڵەکانی ١٩٤٧ تا 1991 دا تەنیا یەک نموونەمان لەوە هەیە کە ناوچەیەک جیابووبێتەوە و سەربەخۆیی خۆی ڕاگەیاندبێ، ئەویش بەنگلادیشە. لەو ماوەیەدا زلهێزەکان لەسەر ئەوە پێکهاتبوون کە سنوورە مەوجودەکان بپارێزن. یاسایی نێونەتەوەیش و عورفی دیپلۆماسی جیهانیش ئەوەبوو کە سنورەکان و دەوڵەتەکان وەک شتێکی ئەبەدی و هەمیشەیی و وتووێژ هەڵنەگر بناسێت. بەڵام دوای ساڵی 1991 ڕەوتێکی تازە هاتۆتەکایە. لەو ماوە کورتەدا، زۆردەوڵەتی فرەنەتەوە لەسەر نەخشەی سیاسی دونیا نەماون و زۆری تازەش لەسەر وێرانەکانی ئەوان پێکهاتوون. وەک یەکیەتی سۆڤیەت، یوگۆسلاڤیا، چیکۆسلۆڤاکیا و ئیتیوپی. لەو ئاخرانەشدا سودان. جگەلەوە زۆر میللەتی دیکەش لەو ماوەیەدا باشتر لە ڕابردوو داوای سەربەخۆیی خۆیان دەکەن و بۆ ئەو مەبەستە خەبات دەکەن وەک: کوبیک، ئیرلەندی شیمالی، فلاندەرەکان، کاتالۆن، باسکەکان، فەلەستینیەکان، تامیلەکان، کشمیر، پەنجاب.
ئەو مەسەلەیە جارێکی دیکە مەسەلەی حەقی دیاریکردنی دەستەجەمعی مافی چارەیخۆنوسینی لە یاسای نێونەتەوەییدا خستۆتەوە نێو ئەجێندای ڕۆژ.

لێم پرسی ئەگەر سەربەخۆبن چ رووەدا. دەستبەجێ وتی سکۆتلاند گوڵدەکا. ئێمەش دەبینە خاوەنی دەستەڵات و دەوڵەمەندی و پووڵ. ئاخر ئینگلیسەکان پێیان وایە هەر ئەوان دەزانن پووڵ و سەرەووەت شتی چاکن. ئەوان پێیان وایە ئەوانە کالایەکی لۆکسن تەنیا بە بەژنی ئەوان بڕاون. ئاخر سەرووەت و دەستەڵات پووڵ لە هەموو جێ یەک مەرغوبن و هەموو کەس پێویستیان پێیان هەیە.

وتم پێم خۆشە ئەوپرۆسەیە بڕواتە پێش لە سکۆتلان چونکە بۆ ئێمە کوردەکانیش، دەبێتە ئیلهام دەر. ئاخر دەزانی ئێمە لەو وڵاتانەدا کە کوردستانیان بەسەردا دابەشکراوە تەنانەت بەبرا چوکەشمان دانانێن.

نە لەحکومەتدا و نە لە حاکمیەتدا بەشمان نیە. لە ناوچەکانی خۆشماندا هیچ دەستەڵاتێکمان بۆ بەڕێوەبردنی کاروباری خۆمان نیە. لەو بیست ساڵەی دواییدا لە عێراق ناوچەی کوردستان توانیویەتی حکومەتی مەحەللی خۆی پێکبێنێ. بەڵام بەردەوام لە هەڕەشەی دەوڵەتەکانی دەوروبەردایە.

وتی دایکم لەسەر مەسەلەی کورد زانیاری هەیە. ئەو دەڵێ گیروگرفتی گەورەی کوردەکان ئەوەیە کە شەرمێ دەکەن بە دەنگی بەرز هاوارکەن کە چیان دەوێ. ئێوە نابێت شەرم بکەن. کەس لە ئاسمانان ڕانایە دەردومەرگی ئێوە بە گوێی دونیا بگەیەنێ. پێویستە خۆتان داخوازیەکانی خۆتان رووک و ڕەوان بە کۆمەڵگای جیهانی بگەیەنن. ڕەنگە باجی زۆری بوێ و کێشەی گەورەی لێ دروستبێ. بەڵام ئەو هەموو شەرم و حوجبەی ئێوەش مەترسیەکی گەورەیە لە سەر بزووتنەوەکەتان.

وتم ئێمە لە ناوچەیەکی حەساسداین . وتی کاکە فەلەستینیەکانیش هەر لەوناوچەن کە ئێوەی تێدان.

وتم زۆرم پێخۆش بوو ئەوقسانەمان پێکەوەکردن. لە داهاتوودا درێژە بەو باسە دەدەین.

کاتەکەمان تەواو بوو. زەنگی چوونەژوور لێیداو دەبوایە سەرکەوەمەوە نهۆمی سەرەوەی مەدرەسەکەمان. لەگەڵخۆم کەوتمە دیالۆگ کە تۆبڵێی راستبێ کە ئێمە لە کۆمەڵگای نێونەتەوەییدا وەک میللەتێکی شەرمن و لەڕادەبەدەر نەجیبی سیاسی ناسرابین. بە جۆرێک کە نەجابەتی سیاسیمان بوبێتە نوقتەزەعف و پاژنەی ئاشیلمان. لە لایەکی دیکەش قسەکانی دوکتۆر قاسملووم وەبیر دەهاتنەوە کە دەیگووت کۆمەڵگای نێونەتەوەیی بۆیە گوێی لێ ئاخنیوین چونکە تەیارە نارفێنین و بارمتان ناگرین. بەڵام بەو حاڵەش هەرنابێ بزووتنەوەی ڕەوای کورد ئالوودەی ئەوجۆرە میتۆدە نا پەسندانە بکەین.

هەرچۆنێک بێ لە جێ یەک کە خەڵک خەمی گەورەیان ئەوەیە کە لە وەختی ئازادیاندا بچنەکوێ بۆ خلیسکێن و لە بەفر نیشتن، قسەکانی ئەو هاوکارەی خۆمم زۆر پێخۆش بوون. بە ئێسک و پێستەوە ئەو وتە بەرزەی مەولانام هاتەوە بیر کە دەڵی هاودڵی لە هاوزمانی خۆشترە.

ڕێکەوتی : ١٥ی ژانوییەی ٢٠١٣

## ریسالەتی حیزبی دێموکڕات!

پاش پتر لە سێ دەیە لە خەبات و تێکۆشان، ئەو خەباتە خەریکە لە ڕووخانی کۆماری ئیسلامی و دامەزراندنی ڕێژیمێکی دێموکراتیک لە وڵاتەکەماندا، دەبێتە هێزێکی کارساز و بڕیاردەر.

ئاسۆی بزووتنەوەی میللی دێمۆکراتی کوردستان ڕوون دێتە بەرچاو.ڕەوتێکی تازە لە سیاسەتی کوردیدا لە کوردستانی ڕۆژهەڵات دەستی پێکردوە.هەر چەند ئەو ڕەوتە لە سەرەتا دایە بەڵام تازە گەڕانەوەی بۆ نییە.ئەو ڕەوتەش بریتیە لە بەرەوپێش چوونی هەوڵەکان بۆ دەست پێ کردنی دیالۆگی میللی، هاتنەدەر لە پرش و بڵاویی سیاسی، لێک نزیک بونەوە، تەنانەت ڕێکەوتنی چەندلایەنە و پێکگەیشن لە سەر مەسەلە بنەڕەتی و چوارچێوە ئەساسییەکانی کار و خەبات.

ئەو دیالۆگە لە نێوان بزووتنەوەی کورد و هێز و لایەنە سیاسییەکانی دیکەی وڵاتەکەشماندا، لەلایەکی دیکەوە هەر لە گۆڕێ دایە.لەوێشدا هەرچەند مەیدانی کار وەک مەیدانی مین دێتە بەرچاو، بەڵام کورد لەو بەرەیەشدا هیچ ڕێگای دیکەی نییە دەبێ لە گۆڕەپانەکە بێ و ڕێگای چوونە پێشی ئامانجەکانی خۆش بکات و یەک بە یەک مینەکان هەڵگرێتەوە.هیچ جێی نیگەرانی نییە، بزووتنەوەی کورد زۆر لەوە بە هێزترە کە ئەکتەرەکانی سیاسەتی ئێران و ناوچە حیسابی بۆ نەکەن.بەڵام دەبێ لە مەیدانەکەدا بین، بە هێز بین و چاکیش یاری بکەین.

ئەوەی هەتا ئێستا کۆماری ئیسلامی ڕاگرتووە، سەرەنێزە و دۆلارە نەوتییەکان بوون.ئێستا بەو ئابلۆقە سەختە کە دونیا خستویەتیە سەر ڕێژیم، هەموومان گوێمان لە قرچەقرچی ئەو ئەستووندانەیە کە تاوڵی کۆماری ئیسلامیان بە پێوە ڕاگرتووە.چوونە پێشی ئەو وەزعە، سەرەنێزەی سەرکوتی ڕێژیمیش دەکاتە چەقۆیەکی کول و بێ ئەسەر.

لە لایەکی دیکەشەوە، شەڕی نێوان دارودەستەکانی نێو حاکمیەت بە قوڵ بوونەوەی ئەو قەیرانە، جارێکی دیکە خەریکە سەرتاسەری دەستەڵاتی ئاخووندی دادەگرێ.وەزعی ناوچەش بەگشتی بە قازانجی ئازادی و دێمۆکراسی دەڕواتە پێش.کەیسی کوردستان و پرسی کوردیش ئیدی بۆتە کێشەیەکی گەورەی دونیا و هەموو تێگەیشتوون کە ئەو پرسە دەبێ چارەسەر بکرێ.

حیزبی دێموکڕات هەم لە گۆڕەپانی سیاسەتی کوردستان و پرسی کورددا دەتوانێ دەوری لێوەشاوەی خۆی بگێڕی و هەم لە ئاستی ئێران و ڕۆژهەڵاتی کوردستانیشدا دەتوانێ ڕۆڵی خۆی ببینێ.

بەرنامەی سیاسیی حیزبی دێموکڕات بەرنامەیەکە بۆ دێموکراتیزە کردنی ئێران، دیسانتراڵیزە کردنی دەستەڵاتی مەرکەزی و بۆ دابین کردنی مافی چارەیخۆنووسینی میللەتی کورد.ئەو بەرنامەیە بەرنامەی بنیاتنانەوەی ئێرانی دوای رووخانی کۆماری ئیسلامییە.بۆیە هەتا دێت پتر دەبێتە بەرنامەی سیاسیی کۆمەڵانی هەراوی میللەتی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان.ئەمڕۆ پەیامی حیزبی دێموکڕات بە گوێی هەموو کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان دەگا و بانگەوازی ئامانجە نەتەوەیی و دێمۆکراتی و ئینسانییەکانی لە گوێی خەڵکدا دەزرینگێتەوە.هەر بۆیە چ لە ئاستی سەرانسەریدا،

چ لە ئاستی ڕۆژهەڵاتی کوردستان و چ لە ئاستی کوردستانی گەورەدا، هیچ هێزێکی سیاسی نیشتمانی و نەتەوەیی جیدی نابینی کە حیزبێ دێموکرات، بە هەموو ئیختلافەکانیشییەوە لەگەڵ خۆیدا، وەک هێزێکی کاریگەری مەیدانی خەبات نەبینێ و نەیەوێ هاوڕایی دەگەڵ بکا.کارنامە و بەرنامە و پراکتیکی حیزبی دێموکرات بۆتە جێگای بڕوا و متمانەی نەتەوەی کورد و هەموو گەلانی ناوچە.ئەوەش لە لایەکی دیکەوە حیزبی دێموکڕاتی کردۆتە حیزبێکی مەسئول کە بیروڕای گشتی حیسابی لێ دەکێشێ.ئێستا وەختی ئەوە هاتووە ئەو حیزبە تەشکیلاتی خۆی بە جۆرێک ئامادە بکا کە بتوانێت وا کاربکا کە حیزب بکاتە پاڕامیترێکی کاریگەری سەر ئەو وەزعە سیاسییەی کە هاتۆتە

گۆڕێ.

ئەوەش بەوە دەکرێ کە حیزبی دێموکڕاتی کوردستانی ئێران وەک هێزێکی میللی دەرکەوێ و بتوانێ هەموو هێزە خەباتگێرەکانی گۆڕەپانەکە لەگەڵ خۆی بدا.نابێ لە بیرمان بچێ کە هەر لە ئەساسدا حیزبی دێموکرات بۆ ئەو مەبەستە دامەزراوە.یانێ ئەوە ریسالەتی حیزبی دێمۆکراتە کە ببێتە دینامۆی خەباتی میللی و دێمۆکراتیکی گەلەکەمان و ئەو خەباتە بەرێتە پێش.

ڕێکەوتی : ١٣ی ژانوییەی ٢٠١٣

## حیزبی دێموکڕات و ئیرادەی ئانجامدانی کردەوەی سیاسی! ...

سەردانی بەڕێزو تێکۆشەر کاک مستەفای هیجری، سکرتێری گشتی حیزب وەک سەرۆکی هەیئەتێکی پایە بەرزی ڕێبەرایەتی حیزب لە ناوەندی کارو تێکۆشانی هاوڕێیانی پێشوومان وەک وەڵامدانەوە بە ڕاسپاردەکانی کۆنگرەی پازدەهەمی حیزب، دیواری بەرلینی نێوان ریزەکانی دێموکڕاتەکانی کوردستانی ئێرانی تێک ڕووخاند.ئێستا ئەرکی بەدەنەی حیزب و جەماوەری حیزب و تێکۆشەرانی حیزب و دۆستان و لایەنگرانی حیزبە کە خشت خشتی ئەو دیوارە بێننەخوار، لای بەرن، بیکەنە مەسالح و کەرەسەی دروستکرنەوەی قەڵای یەکیەتی و برایەتی و وەحدەتی سیاسی و تەشکیلاتی حیزب.ئەوەی مایەوەش بینێرنە موزەخانەی مێژووی حیزب و بزووتنەوە بۆ دەرس و پەند لێ فێربوون.

دیواری بەرلین سەمبوولی شەڕی ساردبوو.بە ڕووخانی ئەودیوارە لە نۆهەمی نوامبری ١٩٨٩ دا شەڕی ساردیش کۆتای پێهات.میخائیل گۆرباچۆف، ڕێبەری ئەوکاتی یەکیەتی سۆڤیەت، پازدەساڵ دوای ڕووخانی ئەو دیوارە، لە ساڵی٢٠٠٤ دا وتی ئەوکات کە من و هلمۆت کهۆل، سەدری ئەعزەمی ئاڵمانی ڕۆژئاوا لە مانگی ژوئیەی ساڵی ١٩٨٩ دا، وتووێژمان دەکرد، هەردوولا بەو ئاکامە گەیشتین کە جارێ وەختی یەکگرتنەوەی هەردوو بەشی ئاڵمان نەهاتوە.هەر بۆیە مەسەلەی وەلانانی دیواری بەرلینمان حەواڵەی قەرنی داهاتوو کرد.ئەو لە درێژەی قسەکانی دا وتی بەڵام خەڵکی ئاڵمان بڕیارێکی دیکەیاندا.ئەوان پێیان لەسەر لابردنی دیواری بەرلین داگرت و بۆخۆیان ڕێبەرایەتی مێژوویان بەدەستەوە گرت.گەلانی وڵاتانی ڕۆژهەڵات و ناوەندیی ئورووپاش بە ئیلهام وەرگرتن لەخەڵکی ئاڵمان، کۆسپەکانی سەر ڕێگای ئازادی خۆیانیان وەلانان.

ئایا ئێمەش بەدەنەی حیزب، هەموو ئەوانەی خۆمان بە جەماوەری حیزب، تەشکیلاتی حیزب، بنەماڵەی شەهیدانی حیزب، دۆست و ئەندام و لایەنگری حیزب دەزانین و خۆمان لە هالەی تەشکیلاتی حیزب دا دەبینین، ناتوانین ڕێبەرایەتی مێژوو بەدەستەوە بگرین وئەو ڕەوتە بگەیەنینە ئاکام.ئەو دەم دەتوانین ببینە سەرمەشق و ئیدۆل بۆ کۆمەڵەکان، خەباتەکان، پارتی ئازادی و یەکیەتی شۆڕش گێڕان و هتد.ئاخر دوکتۆر قاسملوو لە نامیلکەی پرۆسەی ئاشتی و دێموکڕاتیزسیۆندا دەڵێ ئاشتی موسریە.واتە سەرایەت دەکات.مەبەستم ئەوەنیە ئانارشیزمی تەشکیلاتی و حیزبی و کائۆس بخوڵقێنین.مەبەستم ئەوەیە لە نێوخۆماندا و لە گەڵ خۆمان بکەوینە دیالۆگ و مۆنۆلۆگ.لەباری ڕووحی و سایکۆلۆژیەوە، لەباری فکری وسیاسیەوە، بەخۆمان دا بچینەوە و یەک یەک ئەو خشتانە وەلانێین کە چینەکانی ئەو دیوارەمان پێ بەرزکردبوونەوە.من دڵنیام دەتوانین ئەوکارەبکەین.

بەو شناختە کە لەسەر ڕێبەرایەتی حیزب هەمبوو، ساڵێک بەر لە ئێستا، لە کاتێکدا کە تروسکایەک نەبوو، وتم من قەت لەخۆمان و ڕێبەرایەتی حیزب نا ئومێدنیم و نائومید نابم.

ئەو ئۆپیتیمیزمەی من لەو خۆشبینی شناختەوە دەهات کە بە ئەزموونی تەمەنی حیزبایەتی خۆم لەسەر خۆشبینی ئیرادەی حیزبی دێموکڕات بۆئەنجامدانی عەمەلی سیاسی هەمبوو.ئەو ئامادەییەی حیزب بۆ ئەنجامدانی عەمەلی سیاسیی بەجێ پێش کۆنگرەش خۆی نیشاندا.بەڵام لە کۆنگرەدا، کە تابڵۆی ڤیژەی ئێدڤارک مونکی گەرووی ئازاو دلێری بزووتنەوەی کوردستان بوو، بە باشترین شێوە شکڵی گرت و بوو بە سیاسەت .ئەو سەردانەی سکرتێری گشتی حیزب و هەیئەتی هاورێی وەڵام دانەوە بەو سیاسەتە درووستە بوو.

لە کولتوری مەسیحی دا، چوارهەفتەکانی پێش کریسمس، بە ئەدڤەنت ناودێرکراون.

خەڵک لەو ماوەیەدا بۆ بەپیر کریسمەوە چوون، هەر هەفتەی مۆمێک دادەگیرسێنن.مۆمێک بۆ ئاشتی و تەبایی، مۆمێک بۆ بڕوا و عەقیدە، مۆمێک بۆ عیشق و خۆشەویستی و سەرەنجام مۆمێکیش بۆ ئومێد و هیوا.

لە ڕیزەکانی ئێمە و بزووتنەوەی کورد لە ڕۆژهەڵاتدا چەند ساڵ بوو مۆمی ئاشتی و تەبایی نەک هەر نەدەسوتا، بەڵکو کوژابووەوە.لەوەش زیاتر مۆمی بڕوا و ئیمان بە خەبات و بەربەرەکانیش کزبووبوو.مۆمی عیشق خۆشەویستش لە سوتان کەوتبوو.ئاخر ئێمە کەوتبوینە ژێر مێردەزمەی ڕق و توورەیی و دەمارگرژیی سیاسی و حیزبی و مەحفەلی و فیرقەیی.لە حاڵەتی ئاواشدا فرشتەی عیشق لە نێوماندا ڕادەکات.

ئێستا فەزیلەتی سیاسی زاڵ بەسەر حیزبی دێموکڕاتدا، کە سەردانی کاک مستەفا هیجری و هەیئەتی پایەبەرزیی هاورێی لە ناوەندی کاروتێکۆشانی هاورێیانی پێشومان، نیشانەیەکی بەرزی ئەو پوختەگی سیاسیە و ئەو فەزیلەتە سیاسیە یە، مۆمی ئومید و هیوای لە دڵی هەموومان و میللەتەکەماندا داگیرساندۆتەوە.کورد دەڵی دونیا بە ئەومێدەوە دەخورێ.ئەگەرمۆمی ئومێد بسوتێ، ئەگەر مۆمی ئومێد بئایسێ، مۆمەکانی خۆشەویستی و بڕواو ئاشتیش دادەگیرسێنەوە.ئاخر بۆ خەبات ئومێد لە هەموو شتێک پێویسترە.ئەرکی هەرە گەورەی کۆنگرەی ١٥ی حیزب ئەوە بوو کە ئومێد بە خەبات زیندووکاتەوە و ئیعتیبار بۆ کاری سیاسی و حیزبایەتی بگێڕێتەوە.کۆنگرە لە کارو ئەرکەکانی خۆیدا سەرکەوتووبووە.

ڕێکەوتی : ٣ی ژانوییەی ٢٠١٣

# بابەت و نووسراوەکانی ساڵی ٢٠١٢

## کێشەی کورد کێشەیەکی سیاسی و نەتەوایەتیە و نابێ بکەوێتە داوی شەڕی مەزهەبیەوە!

یەکێک لە لایەنەکانی سیاسەتی کۆماری ئیسلامی لە عێراق، ئەوەیە کە ئەو وڵاتە بکاتە مەیدانی پەرەپێدانی مەزهەبی شیعە. ئەوە هەر لە هەوەڵەوە سیاسەتی کۆماری ئیسلامی بوە و وەک میراتێک لە سەفەویەکانەوە بۆی بەجێماوە. لەوەش زیاتر زۆرن ئەوانەی کۆماری ئیسلامی ئێران بە سەفەوی دووهەم دەزانن.

پینجسەد ساڵ لە مەوبەر سەفەویەکان بەزەبری سەرەنێزە و لە ڕێگای بەکارهێنانی ئەوپەڕی بێ ڕەحمی و زەبروزەنگ و خوێنرێژیەوە و بە هۆی بڵاوکردنەوەی خورافات و درۆ و کەڵەکبازیەوە، خەڵکی ئێرانیان، کە ئەودەم لەسەدا نەوەدیان سوننی بوون، کردن بە شیعە. ئەوان لەو کارەیاندا سەرکەوتوبوون. بە جۆرێک کە لە سەردەمی دەستەڵاتداریەتی دووسەد ساڵەی سەفەویەکاندا ئێران بە تەواوی بوو بە کۆمەڵگایەکی شیعە و کەوتە زەلکاوێکەوە کە تەنانەت پێشکەوتن و نوێسازیەکانی چەرخی بیستەمیش، نەیانتوانی ئەو وڵاتە و خەڵکەکەی لەو زەلکاوە دەربێنن. دواتریش پتر لە سێ دەیە لەمەوبەر جارێکی دیکەش لە دەورانێکی تازەتردا خەڵکی ئێران فریوی سەفەویەکانی زەمانەیان خوارد و کەوتنەوە ژێر چۆکی ئاخوندەکان. ئەوەتا ئەوە پتر لە سێ دەیەیە ڕێژیمی ئاخونی وەک دێوەزمە دەستی ناوەتە بینەقاقەی خەڵکی ئێران و خەریکە هەناسەیان لێدەبڕێ.

دە بێ بگوترێ کە سەرکەوتنی سەفەویەکان لە بە شیعەکردنی ئێراندا بە نرخێکی گران تەواو بوو. هەندێک بەشی ئێران بە زۆری ناچار بە جیابوونەوە کران. بەشێکی بەرچاویش لە سونیەکانی ئێران بە مەیل و دڵخوازی خۆیان دەستیان لە ئێرانی بوونی خۆیان هەڵگرت. ئەوان نیشتیمانێکیان بە جێهێشت کە وەک دوژمن ڕەفتاری دەگەڵ دەکردن. بە ملیۆن ئێرانی یا لە بە شەکانی ڕۆژئاوای ئێرانەوە پەنایان بۆ دەوڵەتی عوسمانی برد و چاوەڕوان بوون لەو هەموو زووڵمە ڕزگاریان کا یا لە لای ڕۆژهەڵاتی ئێرانەوە ڕێێ جیا بوونەوەیان گرتەبەر و چوونەدەر. قاجاریەکانیش، کە میراتی شیعەگەری سەفەویەکانیانن، بە هەموو خوێنرێژی و گەندەڵی و خورافاتیکەوە ، پێ گەیشتبوو، هەمان سیاسەتیان بردەپێش. بەمجۆرە برینی کێشەی نێوان شیعە و سوننی هەروا بە سەرئاواڵایی و سارێژنەکراویەوە مایەوە.

ئێستا کۆماری ئیسلامی ئێران جارێکی دیکە ئاڵای شیعەگەری سەفەویەکانی بەرزکردۆتەوە. ئێران و ناوچە کەوتوونەتە قۆناخێکی تازەی شەڕوکێشەی نێوان شیعەو سوننی. هیچ دوورنیە نرخی پەرەپێدانی شیعەگەری بۆ ئێران و بۆ ناوچە لەم قۆناخەشدا، زۆر گران تەواوبێت. ئەو تەنگەژە سیاسیەی ئەمرۆژانە هەڕەشە لە سەقامگیری و مەوجودیەتی عێراق و پرۆسەی دێموکڕاسی لەو وڵاتەدا دەکا، تەنیا گۆشەیەکی بچوکی ئەو شەڕو کێشەیە.

لە نێوخۆی ئێرانیشدا، ڕێژیم سیاسەتی بە شیعەکردنی ناوچە سوننی نشینەکانی وەک کوردستان ، بەلوچستان، تالشستان و تورکمەنسەحرا، بە توندی و زۆر بێ بەزەییانە دەباتە پێش. لەو ناوچانەدا ڕێژیم لە هەموو ئیمکاناتی سیاسی و نیزامی و پۆلیسی و ئابووری و تەبلیغاتی خۆی بۆ پاڵەپەستۆ خستنە سەر خەڵک کەڵک وەردەگرێ. گرتن و کوشتن و ڕاونان و ئەشکەنجە لەو ناوچانەدا بێداد دەکا. ئەمە بۆتە هۆی ئەوە کە چ لە کوردستان و چ لە بەلوچستان خەڵک هاواریان لێ بەرزبێتەوە. سەدان هەزار سوننی مەزهەب لە تاران دەژین و مافی ئەوەیان نیە تەنانەت لە ڕۆژی جەژنی قوربان و ڕەمەزانیشدا ، بە گوێرەی داب و نەریتەکانی خۆیان، نوێژی جەژن بکەن و ئەگەر لەو مافەی خۆشیان کەڵک وەرگرن بۆ ناوەندەکانی وەک کەهریزەک ڕەپێچەک دەدرێن. ڕاست وەک سەردەمی سەفەوی خەریکە مەزهەب لەئێران دەبێتە فاکتۆریکی کاریگەرو چارەنوس ساز لە سیاسەتی نێوخۆی و ناوچەیی و دەرەکی حکومەتدا. بەو پێ یە کۆماری ئیسلامی بەو سیاسەتەی خۆی و بە هەوڵدان بۆ وەدەستهێنانی هەندێک مەبەست کە نەک هەر لە توانای ئەودانین، بەڵکو دەکەونە دەرەوەی چوارچێوەی قازانج و بەرژەوەندیەکانی ئێرانیش، بەنزین بە ئاوری ململانێ و ڕەقابەتێک دادەکا کە ڕەنگە ئاکامی چاوەڕوان نەکراوی بۆ ئێرانیش بەدواوەبن.

هەر ئێستا جەبهەیەکی سوننی لە بەرانبەر سیاسەتی شیعەگەری کۆماری ئیسلامی ئێراندا خەریکە درووست دەبێ. وڵاتان عەرەبی ناوچە، کە بەدەست سیاسەتی ئاژاوەگێرانەی کۆماری ئیسلامیەوە، ترسیان ڕێنیشتوە، خەریکی خۆ ڕێکخستن و پاڵوێکدانن. سعودیە و وڵاتانی دیکەی کەنداو، ئۆردۆن و میسر و جەزایر و تونس و مەڕاکیش و فەلەستین و لوبنان، هەموو دەکەونە ئەو جەبهەیەوە. عێراق کە لە مێژە بۆتە ئامانجی ئەو سیاسەتەی کۆماری ئیسلامی ، ئێستا ئەمرۆژانە خەریکە دەبێتە مەیدانی ئەو شەڕە. پاش چوونەدەری هێزەکانی ئەمریکا لە عێراق، ئێران دەیەوێ هەرچی زووتر شوێن بە سونیەکانی ئەو وڵاتە لێژکا. لە فەلەستین کۆماری ئیسلامی حەماسی هەیە و لە لوبنانیش حیزبوڵا. لەسەر تاسەری ئەو ناوچەیەدا شەڕ لە نێوان سوننی و شیعەدا، بە وەسیلەی جۆراو جۆر لە گۆڕیدایە. خەرجی ئەوشەڕە لە گیرفانی خەڵکی ئێران دابین دەکرێ. کۆماری ئیسلامی لە ڕێگای تەبلیغاتی دژی یەهودی وفرۆفیشاڵی دژی ئیسرائیلیەوە و بە هۆی خەرجکردنی سەدان ملیۆن دۆلار لە خەزێنەی خەڵکی ئێران، دەیەوێ ببێتە قارەمانی دژی ئیسرائیل لە ناوچەکەدا. بەڵام هەر لە ئێستاوە دیارە کە سەری ڕێژیم وەبەردی واقعیەتە مێژوویی، سیاسی و کولتوریەکانی ناوچەکە دەکەوێ و سەرمایەگوزاریەکەی دەبێتە بلقی سەر ئاو.

کۆماری ئیسلامی کە دەیەوێ لە ڕۆژهەلاتی ناڤیندا هێژمۆنی خۆی و شیعە، بەسەر وڵاتانی عەرەبی و سوننیەکانی ئەو وڵاتانە و تەنانەت کوردستان و تورکیەو پاکستان و ئەفغانستانیشدا بسە پێنێ، هەر لە ئێستاوە دۆڕاندویەتی. ئاخر ئێران و گەلانی ئێران هیچ قازانجێکیان لە یارمەتیدان و سەرکردایەتی کردنی حەمماس و حیزبوڵاو سوریەو داروەدستەکانی دیکەی شیعە لە عێراق و ناوچەکەدا نیە. هەڵگیرساندنی شەڕی مەزهەبی لە عێراق و لە نێوبردنی ئەزمونی دێموکڕاسی لەو وڵاتەدا، بۆ گەلانی ناوچە بە گشتی و گەلانی عێراق بە تایبەتی و بۆ کۆمەڵگای نێو نەتەوەییش خەتی سورە و بە هیچ جۆر قبوڵ ناکرێ.

ئێمە خەڵکی کوردستان ، چ لە کوردستانی ئێران و چ لە کوردستانی عێراق و چ لە تورکیەو چ لە سوریە ، لە سەرمانە توشی ئەو داوە نەبین. کێشەی ئێمە کێشەیەکی نەتەوایەتیە. ڕاستە بە شێکی زۆر لە خەڵکی کوردستان سوننین و لە ژێر سیاسەتی پاکتاوکردنی مەزهەبیش دان، بەڵام مە سەلەی ئەسڵی لە کوردستان بە هەموو بەشەکانیەوە، لە گۆڕیدابوونی ستەمی نەتەوایەتی و سیاسیە. جگە لەوە بۆ بەربەرەکانی دەگەڵ ئاپارتایتی مەزهەبی و هەوڵی ڕێژیم بۆ بە شیعە کردنی خەڵکی سونیش لە کوردستان، دەبێ وریابین نە کەوینە کەمینی شەڕی مەزهەبی کوێر و داوی داروەدستە جۆراوجۆرە مەزهەبیەکانی وەک تالیبان و جوندولاو مۆدێلی دیکەی لەو چەشنە. توندڕەوی مەزهەبی و دەمارگرژی ئایینی لە هەموو شێوەکانی خۆیدا دەبێ مەحکوم بکرێ. خەبات بۆ ئازادی و لە نێوبردنی ستەم و چەوسانەوەی نەتەوایەتی و جیاوازیدانانی مەزهەبی و بێ بەشی و مەینەتبەشی کۆمەڵایەتی و ئابووری و سیاسی

لە کوردستان، ئەگەر لە ژێر درووشمی دێموکڕاسی و فیدڕالیزم و ڕگاری لە ستەمی میللی دا بێت، سەرکەوتنی نزیکترە و دونیاش باشتر پشتیوانی لێدەکات. چۆن مێژوو سەفەویەکانی قەدیمی خستە زبڵدانی مێژوو، هەر ئاواش ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی دەخاتە زبڵدانی مێژوو. داهاتووی ناوچە و ئێران و کوردستان، شتێک نیەجیا لە دێموکڕاسی و ئازادی. ئەوەتا شنەبای ئازادی و دێموکراسی لە ناوچەکەدا هەڵی کردوە و بێ گومان ئێران و کوردستانیش دەگرێتەوە. ئەوە خەیاڵ نیە و خۆشبینی زانستی و فەلسەفیە.

ڕێکەوتی : ۲۸ی دێسامبری ۲۰۱۲

## براکوژی,




ئەوەنـدەی وەبیـرم دێ، لە دوای سـەرکەوتنی شۆڕشـی ڕێبەنـدانەوە زۆرتـر هەر پێکەوەبـوین. لە شـەڕی داسـەپاوی ڕێـژیم بەسـەر گەلەکەماندا کە کاک مەلامە عروف و کاک حاجی سەید ڕەسووڵ لە کـاتی پەلاماری ڕێژیم بۆ سەر شاری پیرانشار شەهیدبوون و تەرمەکانی ئەو شەهیدانەمان رادەگوێست، کاک خدر بە کوڵ دەگریـا. ئـامێزم لێداو داوام لێکرد نەگریـا. وتـی نـازانم بـاجەبێری خوشکم و منداڵەاکان چۆن بەرگەی ئەو خەمە دەگرن. ئاخر سەخت بوو دەبوایە تەرمی کاک مەلا مارف بەرینەوە بۆ لای خوشکی و خوارزاکانی. ئەو لەو لەحزەیە دەترسا کە تـەرمی شەهید مەلامارف بگـاتەوە و و خوشکەبێری و منداڵەکانیشی بێنە سەرتەرمەکەی. سەرەنجام کاک خدر لە گەڵ ئەو لەحزە بەرەو ڕووبـوو کە لێیدەترسـا. ئەو دەبـوایە شـاهیدی فرمێسک وەرانـدنی خوشکی و خوارزا بچکۆلەکانی بێت. هەر لەوێرا بەکردەوە ئەویش کەوتە نێو مەیدانی خەبات. ئیدی زۆرتر هەر لە گەڵ یەکبوین.

زۆری دەخوێنـدەوە. لەمـاوەیەکی کورتـدا شـارەزای ئەدەبیات و سیاسـەتەکانی حیزب بـوو. زۆری نەکێشـا بـوو بە یەکێک لە کـادرە لێوەشاوەکانی حیزب. بەرپرسایەتـی جۆراوجۆری لە حیزب و تەشکیلاتـدا پێ ئەسپێردرا. لە هەمان کاتـدا پێشمەرگەیەکی ئـازاو بە ورەش بوو. باوکی کاک خدر زارعی واتە مـام عەلـی( مەلا عەلـی لبـادی) کە یەکێک لە ئەنـدامانی قەدیمـی حیزب بـوو لە نـاوچەی پیرانشار، هەمیشە تەشویقی دەکردین بۆ درێژەدانی خەبات. هەرچی پێویستمان بوایە بۆی دەناردین. تەنیـا داوای ئەوە بـوو ئێمە درێـژە بە خەبـات بـدەین. جـار جـار دەگەڵ کـاک خـدر دەچوینەوە ڕکـاوێ لای پـورەخەج دایکـی کـاک خـدر. بەیـانـان لە سـەر بەرمـاڵەکەی کە لە نـوێژان دەبـوەوە لە خـوای دەپـاڕایەوە ئـێمە و پێشـمەرگەکانی کوردستان مەحفوزبکـا . هەمیشـە دەیگـووت ئێوە هەردووکتان کورِمنن. زۆری خۆش دەویستین. منیشی بە ئەندازەی کاک خدر خۆش دەویست. داوای ئەوەبوو لێک هەڵنەبڕێین و ئاگامان لە یەکتری بێت. ناو بە ناو لیباس و کەوش و خەرجی گیرفانی بۆ دەناردینە لای ئامۆژنە حەلیمەم.

بەرە بەرە ئێمە لە ناوچە دوورکەوتینەوە و قۆناخی شەری پارتیزانی دەستی پێکرد. ئیدی کاک خدر زارع ببـوو بە یەکێک لە کـادرە لێوەشاوەکانی حیزب و جێی ئومێدی خەڵک و تەشکیلات. بنەماڵەکەیان، دایکی پوورەخەج، باوکی، براو خوشک و ئامۆزاکانی شانـازیان بە کـاک خـدر دەکـرد. ئەوان سـەربەرزبوون کە کوڕەکەیـان پێشـمەرگەی کوردسـتانە. منـیش شـانـازیم پێـوەدەکرد. یەکترمـان زۆر خۆشدەویست. بەڵام کاک خدر لە تەشکیلاتـدا کەسایەتـی سەربەخۆی خۆی پەیدا کردبوو. لە هەرجێیەک حیزب کـاری پـێ سپاردبایە وەری دەگرت. کەم کەس دەیزانی کە من و کاک خدر خزم و هاوبنەماڵەین.

کۆنگرەی هەشتەمی حیزب بوو بە هۆی پێکهاتنی ئینشعاب لە حیزبدا. من و کاک خدر زارع کە هەردووکمان لە هێزی قەندیل بووین، بە هۆی ناکۆکی سیاسیەوە هەر یەکەمان کەوتینە لایەک.

من بەرپرسایەتـی حیزبیم لە ناوچەی پیرانشار وەرگـرت و کـاک خـدریش لە لایەکەی تـر هەر لە پیرانشـار بەرپرسایەتی هەبـوو. بڕیاری سیاسی و تەشکیلاتیمان ئەوەبوو کە نەمان دەتوانی یەکتریش بدوێنین. سەرەنجام چەندجار ئێمە لە شاخەکانی قەنـدیل کەوتینە بەرانـبەری یەکتر و ئەوانەی لە سەرەتـای شۆڕشەوە پێکەوە و هاوسەنگەر بووین، ئێستا دەبوایە سێرە لە سێبەری یەکتر بگرین.

لە یەکێک لەو تێکهەڵچوونانەدا کە لە نێوان هەردوو لادا لە شاخەکانی قەندیل ڕوویدا، کاک خدر شەهید دەبێت. خەبەری ئەو ڕووداوە هەموو خەڵکی ناوچەی هەژاند.

ئەمن لە حیزبدا زۆرم زەبری ڕووحی وێکەوتون. بەڵام ئەو زەبرە ژانێکی تایبەتی و سەختی هەبوو . لەوێ و لە ڕووداوەدا بە ئێسک و پێستەوە زانیم مانای شەڕی براکوژی چیە. ئاخر من و کاک خدر برابووین، یەکبنەماڵەبووین و هاوسەنگەر و هاوخەبات بووین. نەم دەزانی چ بەخۆم بڵێم. چۆن وەڵامی ئامۆژنم و کاک مراد و کاک حاسڵ و مامم و ئامۆزاکانم بدەمەوە. ئەوان من و کاک خدریان دابوو بە شۆڕش و خەبات. ئەو ڕۆژانەم دەهاتنەوە بیر کە پوورە خەج بەیانان لە دیوەخەنەکەیان لە سەر سەری من و کاک خدر نوێژی دەکردن و لە خوای دەپاڕایەوە بمان پارێزێ و لەتیری دوژمن بە دوورمان کات. دەنێو خۆم دا دەگریام ، شەرمم لە خۆم دەکرد. بۆی دەگریام، بۆ خۆم دەگریام . بۆ کاک خدر. بۆ کتێبەکانی کە دوای جیابوونەوەش هەر لە ماڵێ لە لای سەفیە بوون. ئەو ڕۆژەم وەبیر دە هاتەوە کە پاش سەرکەوتنی شۆڕش لەگەڵم هات بۆ مەهاباد و چوینە خزمەت دووکتۆر قاسملوو بۆ درووستکردنی تەسهیلات بۆ ئەوەی ئیمتیحانەکانم بدەم. کاک دوکتۆر دەستبەجێ تەلەفۆنێکی بۆ بەرێز کاک حەسەن شەرەفی، جێگری ئێستای سکرتێری گشتی حیزب کرد کە ئەو دەم مودیری یەکێک لە دەبیرستانەکانی شاری سابڵاخ بوو. من کە زۆر شارەزا نەبووم کاک خدر لە گەڵم هاتە خزمەت کاک حەسەن. کاک حەسەن کارەکەی دەستبەجێ ڕاپەڕاند.

دوایە شەر دەستی پێکرد. ئاخر کاک حەسەن نەک هەر لە حیزب دا براگەورە و بەرپرسم بوە، مودیر و مامۆستاشم بووە. بەڵێ ئەو خەمەش وەک خەمەکانی دیکەی ژیانی حیزبایەتی و

پێشمەرگایەتی هەر لەنێوخۆم دا هەڵی دەقرچاندم و برینەکەی ئێستاش هەر قەتماخەی نە بەستوە. بۆمن خەبات هەمیشە ڕەنج و ئازار و مەینەت بەشی و قوربانیدان بووە. لە هیچ کوێ نەم دەوێرا خۆم نیشانی کاک مراد و کاک حاسڵ و ئامۆژنە حەلیمم و ئامازاکانم بدەم. چونکە نەمدەزانی چ بڵێم. سەرەڕای هەموو ئەوانە ناحەزان و دوژمنان ئەوەشیان بڵاو کردبووەوە کە لەو تێک هەڵچونانەدا من ڕاستەوخۆ سێرەم لە کاک خدر گرتووە کە هیچ ئەسڵ و ئاساسێکی نەبوو. بەڵام دڵی ئامۆژنمیان لەمن ڕەش کردبوو.

زۆری نەکێشا عەقڵی سەلیم و فەزیلەتی سیاسی بە سەر دێوەزمەی ناکۆکی و ناتەبایی نێو تەشکیلاتی حیزبدا زاڵبوو و حیزب توانی یەکبگرێتەوە.

من یەکێک لەو کادرانەی حیزب بووم کە چارەسەریی ئەو ناکۆکیانەم پێ خۆش بوو. ئێستاش هەروام.

لە کاتی وەسەریەک کەوتنەوەی بنەماڵەی گەورەی دێموکڕاتدا ، بەو بۆنەوە حیزب جەژنێکی لە بنکەی دەفتەری سیاسی گرت و منیش بۆ بەشداری لە جەژنەکەدا لە شوێنی مەئموریەتم کە رادیۆ بوو هاتمەوە دەفتەری سیاسی. شایی بوو. منیش وەک خەڵکی دی لەو شاییەدا هەڵدەپەڕیم. لە هەمان کاتدا وێنەی کاک خدریشم لەبەر چاوان بوو. لە کاتی هەڵپەڕیندا بەو کەسانەی کە لە دەستیاندا هەڵدەپەڕیم وتم هەرپێ یەک کە بە ئەرزی دادەدەین، گوولەیە و دەیگرینە سنگی دوژمنانی گەلەکەمان. کە چی هەر لەوێ جوابێکم وەرگرت کە ئێستاش شەرمی لێدەکەم بیگێرمەوە.

ئیدی وەسەر یەک کەوتینەوە و هەموو ڕۆژێ بە موناسەبەتی تێکەڵبوونەوە دەعوەت و دەعوەتکاری بوو. بە خۆشیەوە لە هیچکام لەو میوانیانەدا بەشدار نەبووم. بەڵام ئەوەم بۆ سەیر بوو کە خوایە ئەوانە کە هێندە ئاوا لە گەڵ یەک میهرەبانن ، چۆن بوو ئاوا شیروتیریان لێکتر دەسوو. شەرمم دەکرد و ئازاری کاک خدریش بەدیتنی ئەو میوانی و سیناریۆیانە هێندەی دیکەش لە دڵمدا بە ژانتر دەبوو. پێم وایە ئەو شەڕێ براکوژیە تەنیا لەمن وەڕاست گەڕابوو. چونکە بۆمن برینەکە لە جەستەی خۆم و بنەماڵەی خۆم دابوو. کورد دەڵی برینی لە هاواڵی، کونە لە جەواڵی.

دووساڵ لەمەو بەر بۆ زەماوەندی کچەکەم چوومەوە کوردستان. پاش ئەو هەموو ساڵە ئامۆژنە حەلیمەم گەورەیی کردبوو و بە خۆی و کوڕەکانیەوە هاتبوو بۆ سەر زەماوەندی جگەر گۆشەکەم. کە چووم وەریان بگرم و بە خێر هاتنیان بکەم، کە چاوم پێی کەوت یەکەم قسەی ئەوەبوو ئەدی کاکە گیان بۆ کاک خدرت دەگەڵ نیە. من بە بیستنی ئەو قسەیە و دیتنی ئامۆژنم و بیستنی ناوی کاک خدر پێم خۆش بوو ئەرز دەمی لێک کردباوە و قوتی دابام. گریان و شینێکی تازە. تەنیا ئەوەندەم لە دەست هات بڵێم ئامۆژن من لە جیاتی ڕێبەریی حیزبیش داوای لێبوردنت لێ دەکەم.

ئیدی ئەو چەند ڕۆژە من و ئامۆژن کە چاومان پێکدەکەوت هەر کزەمان لە جەرگی هەڵدەستا. ئێمە دەمانزانی دەم و چاوی یەکتر بخوێنینەوە.

ڕێکەوتی : ١٧ی دیسامبری ٢٠١٢

## دەست بەو مەوجانەوە دە گرین کە بەرەو ئایندەمان دەبەن.

وەزعی ناوچە و دوونیا بە ئاقارێکدا دەڕواتە پێش کە بە قازانجی کورد و بزووتنەوەی کورد و بزووتنەوەی ئازادیخوازی گەلانی ئێرانە. زۆر ناکێشێ بەسەر مەیدانێکی گەورە لە کار و خەباتدا دەکەوین.

ڕاستە بەو وەزعە دژوارەشەوە کە تێیداین، کەس لە ئێمە بۆ ڕووبەڕووبوونەوە لە گەڵ ئەو داهاتوە ئامادەتر و سازماندراوترنیە. بەڵام ئەوە نابێت وامان لێبکا لە خۆمان ڕازیبین. ئاخر ئێمە حیزبێکی مەسئوولین. دەبێت لە قۆناخی داهاتوودا ئەو ڕۆڵە گرینگ و گەورەیە ببینین کە لێمان چاوەڕوان دەکرێ. بۆ ئەوەی ئەو ڕۆڵە گرینگ و گەورەیە ببینین، دەبێت لە ئاستی کوردستان و ئێران دا بە هێزبین. بۆ ئەو مەبەستەش دەبێ لە باری سیاسی و تەشکیلاتیەوە لە نێو خۆماندا پتەو و ساغ و سالم و یەگرتووبین. کەواتە دەبێ تێکۆشین بە سەر گیروگرفت و نالێکی و ناکۆکیەکانی نێو خۆمان و بزووتنەوەدا زاڵبین.

حیزب بەگشتی و بەدەنەو ڕێبەری ئێمە نیشانی داوە کە بەرانبەر دووژمنانی گەل و نەتەوەکەمان چەندە ئازا و بەجەگ و جەسوور و نەترسە. لەوەش زیاتر من دلنیام ئێمە دلێری ئەوەشمان تێدایە کە بتوانین بەرخورد بە خۆمان بکەین. بەدەنە و ڕێبەری ئێمە هەمیشە پاکباختەبووە. ئێمە جگە لە خێری عموومی و بەرژەوەندیە بەرزەکانی میللەتی کورد شتێکی دیکەمان نەویستوە و ناوێ.

ڕێبەری ئێمە هەر بە حوکمی ئەو مەسئولیەتە گەورە کە لەسەر شانیەتی، بە حوکمی ئەوە کە بۆ خۆی لە جەرگەی ڕووداوەکان دایە، بە حوکمی ئەو پێوەندیە بەرینەی کە لە گەڵ خەڵک و دۆستان و دڵسۆزانی حیزب هەیەتی لە هەموو کەس باشتر ئەو زەروورەتە هەستپێدەکا. حیزب و ڕێبەری ئێمە هەمیشە ئەو دلێرییە مەعنەوی و ئەو ئازایەتیە ئەخلاقیەی تێدا بووە کە بۆ ڕووبە ڕووبوونەوە لە گەڵ چاڵێنجە گەورەکان پێویستە. هەر شتێک بە قازانجی میللەت و بزووتنەوە بێت بە قازانجی ئێمەشە. هەر ئەوە گرنگنیە کە بە دووژمن بوێرین.

ئەوەش گرنگە بە ئەهریمەنی نێو نەفسی خۆشمان بوێرین. لە تیۆلۆگی یا ئیلاهیات دا باسی جیهادی ئەکبەر دەکەن. جیهادی هەرە گەورە ئەوەیە لە گەڵ ئەژدیهای حەوت سەری نەفسی خۆت شەڕبکەی. ئێمەش دەبێت ئەوە بکەین. نابێ هەر لە دووژمن بترسین. دەبێت لە هەندێک ڕەفتار و هەڵسوکەوتی خۆشمان بترسین و لە گەڵیان دەستەویەخەبین.

ئێمە دەست بەو مەوجانەوە دە گرین کە بەرەو ئایندەمان دەبەن. کەسێک بیەوێ لە ئۆسلۆوە بچێتە ستۆکهۆڵم ، دەبێ قەتار یا فرۆکە یا ئوتوبووسی ستۆکهۆڵم بگرێ. ئێمە مەحکوم بەوەنین لەو وەزعەدا بمێنینەوە. مانەوە لەو وەزعەدا چارەنووسی ئێمە نیە. چارەنووسی ئێمە و سبەینێی ئێمە ژیان و خەباتە لە نێو میللەتی خۆمان لە کوردستانی ئێراندا. چارەنووسی ئێمە ئازادی و دیموکراسیە. کەواتە دەبێ هەر لە ئێستاوە خۆمان بۆ ژیان لە ئازادی و دێموکراسیدا ئامادە کەین .

ئاخر ئێمە پێشمەرگەی ڕێگای ئازادی و دێموکڕاسین. کەواتە دەبێ دەستی برایەتی و هاوخەباتی بۆ یەکتر درێژکەین و بە دڵێکی پڕ لە هیواو بڕواوە بڕۆین بەرەو ئاسۆ، بەرەو ئاسۆی ڕوون.

لەبیرمان بێت کە ڕاستە ئەو تونێڵە خەریکە دەگاتە کۆتایی، بەڵام دەبێ بزانین ڕاست کار و هەڵسووڕانی جدی و ئەساسی ئێمە ئەو دەم دەست پێدەکا کە دەگەینە کۆتایی ئەو تونێلەی کە کاک سەعیدی نەمر پێشبینی کردبوو.

کلیلی سەرکەوتنەکانمان لەو سندوقە سیحراویانەدایە کە خۆیان لەنێودڵی ئەو دەرفەتانەدا حەشارداوە کە لە مانگ و وەرز و ساڵەکانی داهاتوودا دێنە پێشمان. ئەگەر ئەو دەرفەتانە ڕاونەکەین و نەتوانین وەک قارەمانی نێو ئەفسانەکان کەڵک لەو ئیمکاناتانە وەرگرین کە بۆمان هەڵدەکەون و ئامادەییمان بۆ قۆزتنەوەیان نەبێت، ئەو سندوقانەمان بۆ ناگیرێن و لە ئاکامدا دەستیشمان بەو کلیلانە ڕاناگا کە دەرگای قەسری سەرکەوتنەکانمان بۆ دەخەنە سەرپشت.

ڕاست بۆ وەڵام دانەوە بەو وەزعەیە کە بەڕێز و تێکۆشەر کاک مستەفا هیجری، سکرتێری گشتی حیزب، ڕادەگەیەنێ کە بۆ ئامادەکردنی حیزب بۆ ڕووبەڕوو بوونەوە لە گەڵ ئەو قۆناخانەی کە لە پێشمانن، ئامادەیە ، بۆ تەختکردنی کۆسپەکانی سەر ڕێی خەبات و دەستەبەرکردنی یەکرِیزیی هەموو تێکۆشەرانی دێموکڕات ، بێ قەید و شەرت، هەموو هەنگاوێکی پێویست هەڵگرێ.

ئەو لەو ڕێگایەوە دەیەوێ ئێسکە ماسی ئینشعاب لە گەرووی تەشکیلاتی حیزب بێنێتەدەر. ئەو دەیەوێ لەو ڕێگایەوە ، دڕکی نالێکی لە پێی تەشکیلاتی حیزب دەرێنی تا بتوانێ باشتر بە ڕێی خەبا تدا بڕواتە پێش و چاکتر هەڵسوڕێ. دەیە وێ ئێش و ئازارەکانی ئەو دڕکە لە کۆڵ لەشی حیزب و تەنانەت بزووتنەوەش بکاتەوە تا چاکتر ئەرکەکانی ڕاپەڕێنێ . لەوەش زیاتر دەیەوێ کاڵەی ئاسن لە پێێ حیزب بکا تا جارێکی تر قەت دڕووی دیکەی لەو چەشنە نە چەقێتە پێی و هەنگاوی چوونە پێشی پێ شل نەکا. بە جۆریک کە سڵەمینەوە لە کۆلکەی کێشە نێوخۆییەکان و بێلوتفی و تەنانەت ناحەقیەکانیش، بەسەر بەرازی ئینشیعابماندا نەخا. بەڕێز کاک مستەفای هیجری وەک سکرتێری حیزب هەر ئەو هەڵوێستەی لێ چاوەڕوان دەکرێ ، یانی ئەوە کە هەموو توانای خۆی بخاتە خزمەت بەرژەوەندیە باڵاکانی حیزب، یەکخستنەوەی ڕیزەکانی حیزب و بەهێزکردن و بەرەوپێشبردنی حیزب و مۆبیلیزەکردنی هەموو تواناکانی حیزب بە کاناڵێکی درووستدا.

ئەو بە قسەکانی جهەتی ئەو سیاسەتەی دیاری کردوە، ئێستا ئەوە بەدەنەیە دەبێت بێتە مەیدان و ئەو ئەرکە بەرێتە پێش. کاک مستەفا هاواردەکا کە با هەمووماں بێین لە حیزبی خۆماندا بگەین بە کۆنسێنسوس و کۆمپرۆمیس . Consensus and compromise هەموو پرۆفیسۆرەکانی زانستی سیاسەت و ئیدارەی کێشەکان کۆکەیەوە بۆ چارەسەری ئەو کێشەیەی بەرۆکی ئێمەی گرتوە، ڕێگای لەوە ماقوڵتر و درووستریان پێ نیە. وەرن بۆ بڵند کردن و سەرخستنی باری ئەو پرۆژەیەی بەڕێزیان، لە جیاتی ئەوە کە تیر و توانجی ژاراوی تێگرین، با دەستباری دەگەڵ بگرین.

نێڵسۆن ماندێلاش لە وەزعێکی زۆر دژواردا، بە ئاگاهی لە هەموو ئەو مەترسیانەی لە سەر ڕێی بوون، هەموو دەستمایەو ئیعتبار و پرستیژی سیاسی خۆی کردە ئامرِاز و ئیرادەی بردنە پێشی پرۆسەی فۆرسونینگ و موساڵەحەی میللی. لەو پێناوەدا ناچاربوو کە عەداڵەتیش بکاتە قوربانیی موساڵەحە، یانی ڕیکۆنسولیەیشن. Reconciliation. ماندێلا لە پرۆسەیەکی سەخت و دژواردا لەو کارە گەورەدا سەرکەوت و مەوقعیەتی خۆی وەک ڕێبەرێکی گەورەی مێژوویی و جێگای حیزبەکەشی واتە کۆنگرەی میللیی ئەفریقای لە نێو میللەتی خۆیدا بۆ هەتاهەتایە تەسبیت کرد. ئەو لەو ڕێگایەوە ئەفریقای جنوبیشی خستە سەر ڕێگای دێموکراسیەکی ڕوو لە گەشە و هەڵدان . لەوەش زیاتر مۆدێلێکی سەرکەوتوشی لە وەسەریەکخستنەوەی میللەتێک کە دەیان ساڵ ناکۆکی و تەبعیز و لێکهەڵاواردن هەڵبرِهەڵبرِی کردبوو، بە دونیا نیشاندا. مۆدێلێک کە ئەمرِۆ بۆتە سەرمەشق و میللەتانی دیکە بۆ مەڵهەم کردنی برینەکانی جەستەی خۆیان وەک دەرمان بەکاری دێنن.

دیارە ڕێگای موساڵەحە لە لای ئێمە بەو ئەندازەیەی لە پێش ماندێلادا بوو، سەخت نیە. لای ئێمە تەنیا پێویستی بە وەیە کە هەموو مان خۆمان بدەینە بەر نەشتەرگەری ڕەخنە و بە خۆدا چوونەوە و خۆ هەڵسەنگدانەوە، دوکتۆر قاسملوو جارێک وتی عەمەلی جەراحی ئازاری هەیە بەڵام پێویستە بۆ مانەوەو درێژەکێشانی ژیان . بۆیە خۆدانە بەر نەشتەرگەری بەخۆداچونەوە، بۆ خەباتگێڕان هەر هەمیشە شتێکی پێویستبووە، تەنانەت ئەگەر بۆ ماوەیەک ئازاریشی پێوەبێت.

ئەسڵەن دەبێ ئەوە بکەینە وەرزشێکی حیزبی و تەشکیلاتی و بچێتە نێو بەرنامەی کار و ژیانی خەباتگێرانەمان و لەسەر خۆمانی پیادەبکەین تا ساخ و سڵامەت و موقاوم و بە ڕووحیە و شاد و سەری حاڵ بمێنینەوە. ئەو دیواری بە ناو بەرلینە بە یەک تەکانی لوتی بێڵی بۆڵدزێری ئیرادەی خەباتگێرانەمان دەڕووخێ. سەرتاسەری تەجروبەی سیاسەت و گەشەکردنی زانستی سیاسەت لە ماوەی چەند سەدەدا لە ئورووپا کە پێشرەوی فکری بەشەریەتە، لە دوو زاراوەی سیاسیدا پوختە دەبێتەوە. ئەو دوو مەقولە سیاسیەش بریتین لە کۆمپرۆمیس و کۆنسێنسوس، یانی سازش و هاوڕاهی لەگەڵ یەکتر. ئەسڵەن دێموکڕاسی چوارچێوەیەکە بۆ پیادەکردنی ئەو دوو مەفهومە.

دێموکڕاسی بە جۆرێک یانی ئیدارەکردنی تەوافوق و هاوڕایی. هیچ ڕێگا ی دیکە نیە. لە هەرجێ یەک ئەمن هەموو خواستەکانم جێبەجێ بوون، ئەوە بەو مانایە یە کە دێموکڕاسی لێ نیە. ئەوە تەنیا لە سیستەمە ئۆتۆریتارەکاندایە کە هەموو دەبێ چەپڵە لێدەن. بەڵام حیزبی ئێمە حیزبێکی دێموکڕاتە.

وەک بەڕێز کاک حەسەنی شەرەفی جێگری سکرتێری حیزب وتی خەڵکی کوردستان و هەموو جەماوەری حیزب ، خوازیاری ئەوەن حیزبی دێموکرات گەورە و بەرین و یەکریزبێ . بەڕێزیان ڕاست دەفەرموێ ، خەڵک دوو حیزبی دێموکراتیان بە دوو ناوی نەک هەر وەک یەک یا نزیک لەیەک بەڵکوو بە دوو ناوی جیاوازەوەش ناوێن. ئەوان خوازیاری ئەوەن تێکۆشەرانی ئەو حیزبە پێکەوە، وەک هەمیشە لە ژێر ناو و دیسپلینی حیزبی دێموکڕاتی کوردستانی ئێراندا کار و خەبات بکەن. بانگەوازی ڕێبەری حیزبیش ڕاست بەو جهەتەدایە. بە بڕوای من ئەو بۆ چوونەی دەڵێ باموافەقەت لەسەر ئەوەبکەین کە ناتوانین بە تەوافوق بگەین، کە ئەوەش جۆرێک تەوافوقە، هیچ لە دەردەکە چارەسەر ناکا.

ئاخر ئەوە تەنیا ڕەسمیەت دان بەو حاڵەتەیە کە ئێستا لە گۆڕێ دایە. ئەوەش حیزبەکەمان لە گەڵ زۆر کێشەی حقوقی و سیاسی بەرەو ڕوودەکات کە لە داهاتوودا گرفتی گەورە بۆ حیزب و بزووتنەوە درووست دەکەن. ئاخر ئەو ئەڵترناتیوە ئێسکە ماسیەکە لە گەرووی تەشکیلات و بزووتنەوە دەرناهێنێ ، چقڵەکە لە پێی حیزب دەرناهێنێ. ئەو ڕێگایە لەو زستانی ساردوسڕی ئینشیعابەدا، لە باشترین حاڵەتدا، تەنیا دەمانباتە بەربەرۆچکەی دیواری ئارەزووی یەک گرتنەوە. لەوێش دەبێ دڵمان بەوە خۆشکەین چیلکان دە عەرزی وەژەنین، باسی جیاوازیەکانمان بکەین و دیسان ماددان بۆ یەکتر ڕیزکەین و پاکانە بۆ بەدەستی خۆ خۆڵ بەسەریخۆداکردنی دەستەجەمعیماندا بکەین.

ئاخر ڕوونە کە هەورە تریشقە لە ئاسمانی ساودا ڕوونادا. هەر بۆیە بانگەوازی بەڕێز و تێکۆشەر سکرتێری حیزب تاقە ئەڵترناتیوە کە بە قازانجی حیزب و بزووتنەوە تەواوبێ. واتە

کارکردن بۆ دابینکردنی یەکریزیی تێکۆشەرانی دێموکڕات لە کوردستانی ئێران، لە چوارچێوەی تەشکیلاتی حیزبی دێموکڕاتی کوردستانی ئێراندا. کەواتە باس کردن و دانیشتن بە مەبەستی ڕێککەوتن لەسەر ئەوە کە ناتونین پێکەوە ڕێککەوین هیچ هونەر نیە.

هونەر ئەوەیە قبووڵ بکەین کە دەبێت لە ڕیزی حیزبی خۆماندا پێکەوە بین ، جا دوایە هەموو قسە پێویستەکان و تەنانەت قسە ڕەقەکەکانیش بکەین. تەنیا لە وەزعێکی ئاوادایە کە ترس و نیگەرانیەکانی خۆمان و خەڵکی کوردستان دەبنە قاقای پێکەنین. لەوەزعێکی ئاوادایە کە حیزبەکەمان بەهێز و گەورەدەبێ و دەتوانێ ئەو ئەرکە ببینێ کە دەبێ هەیبێ. مەگەر ئەوەنیە میللەت دەیەوێ هەموو ئەوانەی خۆیان بە تێکۆشەری دێموکڕات دەزانن وەک هەمیشە لە ڕیزی حیزبی خۆیاندا پێکەوە کار بکەن و لە یەک سەنگەر دابن. گەلۆ با هەوڵدەین لە حیزبی خۆماندا بگەینە کۆمپرۆمیس و کۆنسێنسوس. ئەوە ڕێگا درووستەکەیە.

ئێستا ئێمە لە حاڵی زۆرەبانی لە گەڵ یەکتر داین . دەستمان بە هیچ کوێ ڕاناگاو تووند دەستمان لە یەخە و بەرۆکی یەکتر ناوە و هەر کاممان دەیەوێ ئەوی تر لە ئەرزێ بدا.

وەختی ئەوەیە دەست لە یەخەی یەکتر بەردەین. وەختی ئەوەیە واز لەو مەیدانداری و پاڵەوان بازیە لە دژی یەکتر بێنین. با لێک بکشێینەوە. جادوایە کە پشومان هاتەوە بەر و عەقڵی سیاسیمان هاتەوە سەر حاڵ دەتوانین پێکەوە بدوێن و کە توانای دوان و دیالۆگیشمان لە نێودا پەیدا بوو، حەتمەن دەگەینە سازش و هاوڕایی و یەکگرتنەوە. سروشتی حیزبی دێموکرات وەک حیزبێکی میللی و جەماوەری وایە کە ئەو برینەی سارێژدەکات و دەکەوێتەوە سەر حاڵەتی ئاسایی خۆی.

ئەو وەزعە نائاساییە وەزعیکی سروشتی نیە و هەر بۆیەش کە وەختی خۆی هات نامێنی. بۆ ئەو مەبەستەش چەند فاکتۆری زۆر گەورە ی یارمەتی دەرمانن. یەکەم ئەوە میللەتەکەمان بۆ ئەو کارە پشتیوانمانە و دەسبارمان دەگەڵ دەگرێ. دووهەم ئەوەیە کە ئێمە هەموومان تەوافوقمان لە سەر بەرنامەی حیزبەکەمان هەیە. سێهەم هەموومان تەوافوقمان لە سەر برای تێکۆشەرمان کاک مستەفای هیجری وەک سکرتێری حیزب هەیە. ئەوە شتێکە کە هەموو لایەکمان بە ئاشکرا ڕایدەگەیەنین .

تەنانەت هاوڕێ یانی دیکەشمان کە لە ڕێزێکی دیکەدا وەستاوەن دەڵێن کاک مستەفامان وەک گەورەترین کۆلکەی هاوبەش قبووڵە. کەواتە ئەوە دەبێ بکرێتە مەخرەجی موشتەرەکمان. جیالەوە شتی هاوبەشی دیکەشمان هێندە زۆرە کە لەڕاستیدا هەموومان یەک ڕێفرانسەمان هەیە. ئەوەش بە نۆرەی خۆی دەبێتە چەسپ و مادەیەکی شیمیایی بەهێز کە تەفاعولاتی شیمیایی نێوانمان لە پرۆسەی وەسەر یەک کەوتنەوەماندا سەرکەوتو و دەستەبەر دەکات.

ئێستا کاری ئێمە بەدەنەو تەشکیلات ئەوەیە ئەو فشارەی لە لایەن بیروڕای گشتیی خەڵکی کوردستان و جەماوەی حیزبەوە لە سەرخۆمانی هەست پێدەکەین، کۆچی پێبدەین واتە مونتەقیلی کەین بۆ سەر ڕێبەرایەتی حیزب و بەتایبەتی بەرێز کاک مستەفای هیجری تا ڕۆڵی گەورەترین کۆلکەی هاوبەش یانی مەخرەجی موشتەرەک ببینێ. کۆنفرانسەکان و کۆنگرەی حیزبیش کە قەرارە بەو زوانە ببەسترێ، باشترین دەرفەتن بۆ کارێکی لەو چەشنە. جیا لەوە خەڵکی کوردستان و دۆستانی حیزبیش کۆمەگمان دەکەن و بیروڕای گشتیش پشتیوانمانە .کەواتە لەو پرۆسەیەدا سەردەکەوین.

ئیدی دەورانی سقوتی ئازادی ئێمە تەواوبوەو و دەبێ هەستینەوە. کۆنگرەی پازدە نوختەی کۆتای ئەو وەزعە نەخوازراوەیە کە تێی داین و سەرەتای هەڵسانەوە، بە هێزبوونەوە، پڕ قودرەت بوونەوە، خۆ سازدانەوە، خۆ تەیارکردنەوە، مەیدانداری کردنەوە، خۆ ڕێکخستنەوە، تینوتاقەت پەیداکردنەوە، نۆرە گورز وەشاندنەوەی گەل و حیزبی ئێمە دەبێ. ئەوە مەسەلەی حیزبی دێموکڕاتە و هەر حیزبی دێموکڕاتیش دەبێ چارەسەری بکا.

بەدەنەی حیزب دەبێ شکڵ بەو سیاسەت و پرۆسەیە بدا کە بەرەو حەللی ئەو کێشەمان دەبا. با کۆمەک بەو ڕەوتە و بە ڕێبەری بکەین. ئاخر ئەوەنیە لە پێڕەوی نێوخۆمادا هاتوە کە ئەندامی حیزب دەبێ چالاکانە لە سیاسەت گوزاری و موناقەشەکردن و دارشتن و بردنە پێش و پیادەکردنی بڕیارات و هەڵوێست و سیاسەتەکانی حیزبدا بەشداریبکات. ئێستایە بەدەنە دەبێت ئەو شمشێرە لە کالانی پێڕەوی نێوخۆ بێنێتەدەر و ڕایکێشی و پێی بچێە مەیدانداریی کاری تەشکیلاتی و حیزبی.

ئەو ڕێگایە ئەگەر زەحمەت و پڕ هەوراز و نشێویش بێ، چونکە دەمانباتە مەقسەد، نابێ سێو و دووی لێ بکەین. دوکتۆر قاسملوو دەیگووت هەمیشە ئاسانترین ڕێ باشترین ڕێ نیە. زۆر جار سەخت ترین و ناخۆشترین ڕێ ، باشترین ڕێگاشە.

ڕەنگە ئەوە ئاسان بێت کە خۆ لە مەسەلەکە بدزینەوە و لێبگەڕێین ئاوا بڕواتە پێش یا ئەو وەزعە نەخوازراوە قبووڵ بکەین و ڕەسمیەتی پێ بدەین. بەڵام ئاکامەکەی بۆ حیزب و بزووتنەوە زۆر خراپ دەبێت. هەموومان دەزانین کە زیانەکانی ئەو کارە چەندە زۆر و پڕ مەترسین. ڕێگای چارەسەری گیروگرفت ئەوەیە لیێ بچیە پێش و تەحلیلی کەی و باشترین و مەعقولترین ئەڵترناتیوی چارەسەری هەڵبژێری. ئێمە تێکۆشەرانی حیزب کە نەسلی پاش شۆڕشی ڕێبەندانین ، زۆرمان خزمەت بە حیزب کردوە.

ئێمە بووین حیزب و بزووتنەوەمان گەیاندە چڵەپۆپەی هێز و ئیقتدار و گەشە و پەرەسەندویی. بەڵام گەورەترین خزمەتمان ئەوەدەبێ کە ئەو حیزبە و ئەو بزووتنەوەیە بێنینەوە سەر حاڵەتی سروشتی خۆی و لەو پرش و بڵاویەی ئیستا ڕزگاری کەین و بە یەکگرتویی و ئیقتدارەوە بیدەینە وە دەستی نەسلی ئێستاو داهاتوو. ئەو خزمەتەمان لە هەموو خزمەتەکانی دیکەمان گەورەتر دەبێ. چونکە ئەو کۆشکەی بە ڕەنج و ئارەقی نێو چاوانی خۆمان دروستمان کردوە، نارووخێ و دەمێنی. ئەودەم ڕەنج بە خەسار نایەینە دەر.

میللەت بە ئینسافە و نمرەی خۆی بە هەرکاممان دەدات. با ئێمە لە یەکتریش ناڕەحەت بین و نمرە بە یەکتر نەدەین. میللەت خزمەتکارانی خۆی دەناسێ. کەواتە با لەوە نەترسین کە بەرەو داهاتوو بڕۆین.

نەسلی ئێستا و داهاتوو غەلوغەشەکانی ئێمە یان نین و لەوەش زیاتر لە ڕابردوودا ناژین و لە ڕابردووی ئێمەش دەرس وەردەگرن. بۆیە دەتوانن کوڕ و کچی سەردەمی خۆیان بن و حیزب و بزووتنەوە لەو قۆناخەدا و لە داهاتوودا چاکتر لە ئێمەش بەرنە پێش. بەڵام شەرت ئەوەیە ئێمە ئیفتیخاراتەکانمانیان بە میرات بۆ بەجێبێڵین نەک عەیب و غەلوغەشەکانمان.

تەنیا شۆفیرێک کە تابڵۆ نەناسێ یا چاوی نەبینێ، ڕوو دە جادەیەک دەکا کە تابلۆی بنبەستی بۆ دانرابێ.

بەو ئەزمونانەی لە ڕابردوودا هەمانن ئەو مەسەلەیە لە یەکەم ڕوانینماندا زۆر زەحمەت دێتە بەر چاو. بەڵام ئیرادەی خەباتگێرانەمان لەوە بە هیزترە بمان ترسێنێ. ڕاستە کێوێکی بەرز و گەورەمان لە پێشە کە دەبێ پێی دا سەرکەوین و ڕێگای پێداسەرکەوتنیشی دژوار و سەخت و پڕ هەوراز هەڵدێرە. بەڵام ئاخر لای پشتەوەشمان دەریایەکی گەورە و پڕ لە تۆفان و گەردەلولە و دوورە کەنارە کە نەک هەر ناتوانین پێیدا تێپەڕین، بەڵکوو خۆ لێدانی بەرانبەرە لە گەڵ بە هیلاک چوونمان. ژەنەڕالی پایز وتەنی کەشتیەکی درز تێکەوتوو لە دەریای

توشا، تۆبلێی ڕۆژێ بگاتە کەنار؟
ئایە دروستە ڕقوقین و تەعەسوبی نابەجێ هێندە بیروزەین و بەر چاومان ببەستێ کە تەنانەت لە نێوچونی خۆشمان بۆ گرنگ نەبێت. رقوقین لە سیاسەت داهەیە، هەمووەمان ئینسانین دەبێ تورەش بین و لە یەکتریش هەڵبەزینەوە . ئاخر خۆ ڕۆبۆت نین. هەست و سۆزو ئیحساسمان هەیە و لە خوێن و گۆشت درووستبووین. بەڵام ئینسان مەوجودێکی سیاسیە. ئەگەر سیاسی نەبا ئێستا وەک دایناسۆرەکان ڕەگەز و ڕەچەڵەکی براِبۆوە و نە مابوو. ئینسان بەووە ماوە و دەمێنی و دەڕواتە پێش کە لەو کێشە و شەڕو گیروگرفتانەی کە بۆی دێنە پێش فێردەبێ و توانای خۆ گەنجاندن و سازشی هەیە و بۆ چونە پێشی خۆی کەڵکیان لێوەردەگرێ .
کەماڵ و پوختەبوون وەک مەولەوی دەڵێ هەر بەوە دەڵێن. ئینسان تەنیا حەیوانێکە کە سیاسەت دەکا. هەر بۆیەشە خوا بە ئەشرەفی مەخلوقاتی ناسیوە و لە تێکستە دینیەکانیش دا دەوترێ خوا لە سەر شکڵی خۆی مرۆفی دروست کردوە. لەوەش زیاتر لە ئاینی زەردەشتدا ئینسان بە هاوکاری خواش دەناسرێ لە بردنە پێش و هەڵسورانی ئەو گەردوونە گەورەدا. مەبەست ئەوەیە کە قودرەتی مرۆڤ بۆ زاڵبوون بەسەر کێشەکانی سەر ڕێی خۆیدا وەبیر بێنمەوە. ئینسان توانای سیاسەتکردنی هەیە.
ڕق وقین و هەست و سۆز دەبێ هەبن و جاجار خۆشیان نیشان دەن. بەڵام لە نیهایەتدا دەبێ عەقڵی سەلیمی سیاسی و فەزیلەتی سیاسی جڵەوی کار بە دەستەوە بگرن. با بەسەر دڵی ئێشاو و شکاو و ناسکی خۆماندا زاڵبین و عەقڵی سیاسیمان بەکاربێنین و عەمەلی سیاسی لە خۆمان نیشاندەین. کێ هەیە لە ئێمە دڵی نەشکابێ و لە دەست زمان و دەستی هاوڕێیانی خۆی لە و حیزبەدا شەوانە تابەیانی نەگریابێ . من پێم وانیە تێکۆشەرێکی حیزبی هەبێ کە ئەوەی بەسەر نە هاتبێ. ئاخر فێربووین زمانیش وەک کلاشینکۆف لە دژی یەکتر بەکاربەرین.
زمان لە ئەساسدا بۆ پێوەندی گرتن و دیالۆگ و کۆمیونیکاشۆن و چارەسەری کێشە و لێک تێگەیشتن درووست بوە. کەچی ئێمە بە پێچەوانەوە بۆ ئاڵۆزکردن و یەکتر شکاندن و دوژمنایەتی سازکردن بەکاری دێنین. وشە و رستە وەک نارنجۆک و گوللە ئاراستەی یەکتر دەکەین. نازانین کە وشە دەتوانێ تەنانەت شەری گەورەی لێ بکەوێتەوە. وشەبوو کە لە سەرەتاکاندا بوو بە دەستەچیلەی شەرێ مالوێرانکەری ئێران و عێراق.
ئێستا کاتی ئەوەیە دڵفرەوان و دڵ گەورەبین و حیزبمان، کە وەسیلەی بردنەپێشی خەبات بۆ ئازادی میللەتەکەمانە، لە خۆشمان خۆشتر بوێت.
کەواتە باشتر وایە هەر ڕوو لە شاخەکە بکەین. ڕاستە سەختە. بەڵام ئەگەر گەیشتینە سەر لوتکەی کێوەکە هەمووەمان ماندوویمان دەردەچێ و حیزبەکەمان و میللەتەکەشمان و هەموومان بردوومانەتەوە. ئەوەیە ڕێگای درووستی موساڵەحە بۆ ئێمە لەو هەلومەرجەدا، واتە ڕیکۆنسیلیەیش یا نۆروێژی وتەنی فۆرسۆنینگ بۆ ئێمە ئەوەیە.

ڕێکەوتی : ١٣ی دێسامبری ٢٠١٣

## ئەوبەردانە خوێنی شەهیدانیان بەسەردا ڕژاوە.

لە قوتابخانەی ناوەندیی بیتۆرنە لە شاری مۆس، ڕۆژانی چوارشەممە، پێش ئەوەی دەرس دەستپێبکا، سەعاتێک هەموو مامۆستایان و بەرێوەبەرانی قوتابخانە پێکەوە کۆدەبینەوە. لەو کۆبوونەوانەدا باس و مەسەلە جۆراوجۆرە پەروەردەییەکان و گیروگرفتەکانی کاری ڕۆژانەمان دەخەینە بەر باس و لێدوان. هەروەها زانیاری دەگەڵ یەکتر دەگۆڕینەوە، پەخشنامە و یاساو بڕیارە تازەکانی وەزارەتی پەروەردە شیدەکەینەوە. جارجارەش بەرێوەبەران و نوێنەرانی دامەزراوە جۆراوجۆرە ئابووری، سیاسی، کۆمەڵایەتی، تەندروستی و وەرزشی و ئیدارییەکان لەو کۆبوونەوانەدا بەشداری دەکەن و باس لە کاروباری خۆیان و ئیمکاناتی بەردەستیان بۆ یارمەتیدانی قوتابخانەکەمان و بردنەپێشی پرۆسەی پەروەردە لەو شارەدا دەکەن.
هەفتەی ڕابردوو کەسێک لەو کۆبوونەوەیەدا میوانمان بوو کە سەرۆکی ڕێکخراوێک بوو ئەندامەکانی خەریکی نوسینەوە و کۆکردنەوە و ئارشیوکردن و ساخکردنەوەی مێژووی شاری مۆس و دەوروبەری ئەو ناوچەیەن. ئەوانە یا پسپۆری کاروباری مێژوو و جوغرافیان یا شارەزای ناوچەکەن یا عەلاقەیان بەو کارە هەیە و پێکەوە لەو ڕێگایەوە خزمەتی وڵاتی خۆیان دەکەن.
کابرا لە ماوەی ٤٥ دەقیقەدا توانی هەموو ئەو شووینە جۆراوجۆرانەمان نیشاندا کە بایەخی کولتوری و مێژوویان هەبوو و لە نێو شار و دەرەوەی شار هەڵکەوتبوون و بۆ ئەوەدەبوو مامۆستاکان بۆ دەرس وتنەوە بە تایبەتی لە پێوەندی دەگەڵ مێژوو، پەروەردەی کۆمەڵایەتی و نیشتیمانی و فەرهەنگی دا کەڵکیان لێوەرگرن.
مۆس بە هۆی هەڵکەوتی جوغرافیی خۆی کە دەکەوێتە سەردەریا و هەروەها نزیکی سنووری سوئێدیشە، لە بزووتنەوەی سەربەخۆیخوازیی نۆروێژ و پاشانیش لە مقاوەمەتی ڕزگاریخوازانەی ئەومیللەتەدا بە دژی دەستەڵاتی داگیرکەری ئاڵمان لە شەری دووهەمی جیهانیدا رۆڵیکی کاریگەری هەبووە. هەر بۆیە زۆر شوێن و جێگای لێن کە مەیدانی شەڕوبەربەرەکانی قارەمانانەی نۆروێژیەکانن بە دژی داگیرکەران و پەلاماردەرانی خاکی وڵاتەکەیان.
لەکاتی نیشاندانی وێنەو فیلمی ئەو شوێنانەدا کابرا بە دەنگێکی پڕ لە شانازی و ئیفتیخارەوە، بایەخی مێژوویی و کولتوری ئەوانی بۆ درووستکردنی گیانی نیشتیمانڵدۆستی و وڵاتپارێزی لە نەوەکانی ئێستای نۆروێژدا دەستنیشان دەکرد و داوای دەکرد کە مامۆستاکان لە هەرفرسەتێکدا کە بۆیان هەڵدەکەوێ قوتابییەکانیان بەرنە ئەو شوێنانە تا لە نزیکەوە بیانبینن. ئەوە هەم دەرسەکان و وەرگرتنیان ئاسانتر دەکا و هەم هەستی نیشتمانپەروەری و وڵاتپارێزی لە منداڵەکان دەخوڵقێنی.
لە کاتی نیشاندانی دیوارێکدا کە زۆرتر بۆمن لە کەڵەکەبەرد دەچوو وتی ئێرە سەنگەری چەند نیشتیمانپەروەی نۆروێژیە کە لە بەربەرەکانی دەگەڵ سەربازانی ئاڵماندا کوژراون. لە بیرتان بێت کە قوتابیەکانتان بردن پێ یان بڵێن بەرێزەوە و بە پارێزەوە بە لای ئەو بەردانەدا برۆن پێیان لێنەنێن چونکە ئەوبەردانە خوێنی شەهیدانیان ڕژاوەتەسەر.
لەو لەحزەدا دەست بەجێ لەو قوتبی باکوڕەوە گەڕامەوە کوردستان. گەڕامەوە بۆ شاخ و دەشت و بەندەنەکانی کوردستان. بۆ ئەو شوێنانەی کە هەموو تەمەنی لاویی خۆمم لە نێو هێزی پێشمەرگەی کوردستاندا لە گەڵ هاوڕێکانمدا تێدا سەرفکردبوو. بیرم لەوەدەکردەوە کە سەرتاسەری خاکی پیرۆزی کوردستان مەیدانی خەبات و قارەمانیەتی پێشمەرگەکانی کوردستان بووە. ئایا ئێمەش وەک میللەتێکی پێگەیشتوو دەتوانین ئەو هەموو قارەمانیەتی و فیداکاریە کە تێکۆشەرەکانی میللەتەکەمان لە خۆیان نیشانداوە بە بایەخەوە ڕاگرین و بیان کەینە سەرچاوەی ئیلهامی نیشتیمانپەروەری. ئایا ئەو شوێنانەمان تۆمارکردوون کە مەیدانی حەماسەخوڵقێنی ڕۆڵەقارەمانەکانی گەلەکەمان بوون. گۆڕی شەهیدەکانمان دیارە؟ ئایا وەک خەڵک هیچمان

کردوە کە ئەو گۆڕانە بەسەرکەینەوە؟ ئایا دەتوانین هەموو ئەو شوێنانە تۆمارکەین کە بۆنموون شەهیدان عەبدووڵای بارامی، خەلیل خەلەبان، سولەیمان مۆریک، سەرگورد عەلیار، سەروان ئەفشین، چرچە،
قادر ئیفتیخاری و عەلی عومەری و عومەر قەلاتەڕەشی و برایم شێخالی و مینە گۆزەڵ و ڕەسوڵمستە و حەسۆعەلیپوور و خدرەسوور و هەزاران شەهیدی دیکەی گەلەکەمان خوێنیان بەسەریاندا ڕژاوە؟
خەباتی ئێمە دوروودرێژە. خەبات بۆ ئازادی میللەتیکە. ئەگەر میللەتێک نەتوانێ ڕێز لە تێکۆشەرکانی خۆی و لە سەربازەکانی خۆی بگرێت و وەفاداری بەوان و ئامانج و ڕێبازیان نیشانبدا، نیشانەی ئەوەیە هێشتاش لەباری سیاسی و فەرهەنگیەوە پێنەگەیشتوە. ئێمە لە داهاتووشدا ڕێگاو خەباتێکی دوورودرێژمان لە پێشەو کەسیش بە خێری خۆی ئازادی و ڕزگاریمان بۆ نایەنێ. ڕێگای ڕزگاری ئێمە خەبات و بەربەرەکانیە. بۆیە دەبێ وەک نەتەوەیەکی وشیار بایەخی ئەو خەباتکارانە بزانین کە ژیان و گیانی خۆیان دەکەنە دەستمایەی بردنە پێشی خەباتی ڕزگاریخوازی نەتەوەکەمان.
نۆروێژیەکان خاک و نیشتیمانی خۆیان خۆشدەوێ. شانازی بە نۆروێژی بوونی خۆیانەوە دەکەن. لە هەمان کاتدا لە بردنە پێشێ ئاشتی و ئازادی و مەفەکانی مرۆڤیشدا لە ڕیزی هەرە پێشەوەی خەڵکانی دونیادان. بە هاواری لێقوماوانەوە دەچن و شەوی وایە لە دووسەعاتدا بە سەدان میلۆن کرۆن بۆ یارمەتی بێرەوبەوێ کۆدەکەنەوە. بەڵام لە سەر پاراستنی خاک و نیشتیمانی خۆیان ئامادەن ببنە قوربانی. ڕووسیەی زل هێز تەماعی کردبووە ئاوەکانی نۆرێژ لە لای قوتبی شیمالەوە، پێی وابوو ئێرەش ئێران و هەندێک شوێنی دیکەیە بتوانێ بیاندۆشێ،بەڵام پار سەرەنجام پاش چەنساڵ شەری دیپلۆماسی نۆروێژیەکان توانیان پەیمانێکیان بە سەردا بسەپێنن کە ڕووسیە تائەبەد نەتوانێ خەیاڵ پڵاوی لەوچەشنە بکات.
ئێمەی کوردیش ئەگەر دەمانەوێ وەک میللەت برۆینە پێش و بچینە نێو ڕێزی میللەتانی سەر بەخۆی دونیا دەبێ هەرکەس پەلاماری نیشتیمانی ئێمەدەدا مەنجەنیقی بۆسازکەین و کەسێکیش بە لێقەومای یا بە میوانی دێتە کوردستان دەبێ نانی خۆمانی دەگەڵ بەشکەین. بۆیە زۆرگرنگە سەربازانی ڕێگای پاراستنی کوردستان گۆرەکەیان ببێتە زیارەتگاو پۆل پۆل منداڵانی قوتابخانەکانمان سەردانیان بکەن و کوردایەتی و فیداکاری و نیشتیمانپەروەریان لێوەفێربن. ئیسرائیلیەکان ئەوەندە بایەخی سەربازەکانی خۆیان دەزانن، کە ڕۆژانی پشوو، هەموو ماڵەکان دەرگایان بۆ سەربازەکان ئاوالایە تا ئەو سەربازانەی کە لە بەر دووری ناتوانن بچنەوە لای دایک و باوکیان ، بێن میوانی ماڵەکانی ئەوان بن. ئیمەش کە ڕێگایەکی درێژمان لە پێشدایە ئەگەر بایەخی خەباتکارانی گیان لەسەردەستی خۆمان نەزانین، نە بەرزگاری دەگەین و نە شایانی ئەوەشین بچینە ئاستی میللەتانی بەختەوەری دونیا. قوتابی ناوەندیبووم کاتێک مامۆستا هێمن و کاک هاشمی کەریمی و هاوڕێیانی دیکەی کۆمیتەی ناوندی حیزب بۆ پلینۆمێکی کۆمیتەی ناوەندی چووبوونە بوڵگارستان. دوای گەڕانەوەیان بۆخۆم لە مۆمۆستا هێمنم بیست کە بوڵگاریەکان کەسێکیان کردۆتە قارەمانی میللی و لە بەردەرگای پارلەمانی خۆیان موجەسەمەیان بۆ سازکردوە کە لە ناوچەسنووریەکانی نێوان تورکیەو بوڵگارستان ڕاوە تورکی کردوە و ئەو تورکانەی ویستوویانە پێ بنێنە خاکی بوڵگارستان کوشتوونی. هەر لەبەر ئەوکارەش بوڵگاریەکان بە قارەمانی میلیی خۆیانی دەزانن. مامۆستا هێمن ئەوەی وەک شتێکی پۆزەتیڤ دەگێڕاوە. وەک دەرسێک بۆ لێ فێربوون باسی دەکرد. مەبەستی ئەوەبوو کە کورد دەبێ بایەخ و نرخی هەموو ئەوکەسانە بزانێ کە لە پێناو پاراستنی کوردستاندا خەبات دەکەن یا لەو ڕێگایەدا گیانیان بەختکردوە. لەخۆرا نەبوو دەیگووت من هەرچەند شاعیری گەلیشبم هێشتاش هیچنیم لە بەرانبەر گەورەیی پێشمەرگەداو و خاکی بەرپێی تێکۆشەرێکی کوردم.

ڕێکەوتی : ١٨ی نوامبری ٢٠١٢

## حیزبی دێموکڕات و هەلسوکەوت لە گەڵ دین

شوێن و ڕۆڵی دین لە کۆمەڵگادا، بەدرێژایی مێژوو هەمیشە مەسەلەیەکی گرنگ و جێگای باس بووە..هەر لەودەمەوە کە مرۆڤ لە سێزدەهەزارساڵ لەمەوبەرەوە دوای ئەوەی کە فێری ئاژەڵداری و کشتوکاڵ بوو واتە توانی دێ و پاشانیش کاتێک پێنج هەزار ساڵ لەمەوبەر توانی شار دروستکا، بەرێوەبردنی کۆمەڵگا ئینسانیەکان هەمیشە لە دەستی کەسانێک دابووە کە دەستەڵاتیان هەبووە زۆری لە خەڵکەکە بکەن، یا لەوەش گرنگتر توانای ئەوەیان هەبووە بەسەر بیرو زەینی خەڵکدا زاڵبن.
پاشان دەرکەوت کە دەستەڵات چونکە دەتوانێ دەستاودەست بکرێ بە تەنیا بۆ بردنە پێشی ئەومەبەستە بەسنیە.ئەوەی دواتر بە ناوی بڕوا و دین ناسرا لەو بارەوە بایەخی زۆرتری پەیداکرد و باشتر توانی ئەو ئەرکە بەرێوەبەرێ.هەر بۆیە دەتوانین بڵێین کە لە پێنجهەزار ساڵ لەمەوبەرەوە نۆرمی دەستەڵاتداری لە هەموو کۆمەڵگا ئینسانیەکاندا بریتی بووە لەوە کە شا کە دەستەڵاتداربوە لە هەمان کاتدا ڕێبەری ئاینیش بووە.واتە دەستەڵاتی سیاسی و ئاینی هەر یەک بوون.
دواتر لە پرۆسەیەکی درێژخایەندا بەرەبەرە ئەوە کە دەستەڵاتی سیاسی و ئاینی هەر یەکبن بەرەو بن بەست و کۆتایی خۆی ڕۆیشت و ئەو تیئوریە هاتەکایەوە کە ئەو دوو دەستەڵاتە هاوزێی یەکتربن.
کاتێک ئاریایەکان لە سێهەزارساڵ لەمەوبەوبەرەوە لە باشووری ڕووسیەو ئوکرانیاکۆچیان کردە ئەو ناوچانەی کە ئێستا پێی دەوترێ فەلاتی ئێران، ئێمەی کورد سێ چوارهەزار ساڵ پێش لەوان لەوێبووین و ئەوانمان لە نێو شارستانیەتی خۆماندا وەرگرتن.دواتر کە ئیمپراتۆرێ ماد و هەخامەنشی درووستبوو، ئەو دەستەڵاتە گەورە نەیدەتوانی لە فۆرمی شا و کاهیندا درێژە بکێشێ.چونکە لەو ناوچە پان و بەرینەدا گەلێک مەزهەب و ئایینی جۆراوجۆر هەبوون و پاشاکان نەیان دەتوانی لە یەک کاتا هەم پاشا و هەم ڕێبەری ئایینی ئەو هەموو دین و مەزهەبە جۆراوجۆرانەی خەڵکی ئەو ناوچانە بن کە لە ژێر دەستەڵاتیان دابوون.ئیتر دەستەڵاتداریەتیی یەکتای ئاسمانی و زەمینی بەرەبەرە بە ناچاری گۆڕا بۆ دەستەڵاتداریەتی دوانەیی ئاینی و حکومەتی بەڵام هاوتەراز و هاوبایەخ.بەو جۆرە بیرۆکەی جیایی دین لە دەوڵەت لە مێژوودا چەکەرەی کرد.لە ئیمپراتۆری ڕۆمیشدا کاتێک پایتەختی دەوڵەت لە ڕۆمەوە بۆ کۆنستانتینوپل گوازرایەوە و پاپ لە ڕۆم مایەوە بەرەبەرە کلیسا لە دەوڵەت جابووەوە بەڵام دواتر هەردووکیان لە دەستەڵاتی کلیسادا دیسان یەکیان گرتەوە.

هەزاروچوارسەساڵ لەمەوبەر ئیسلام هات و یەکیەتیی دین و دەوڵەتی لە پێغەمبەر دا کۆکردنەوە.دواتریش تا کاتێک چوار خەلیفەی ڕاشدین دەستەڵاتداربوون، دەستەڵاتی سیاسیی و ئاینی لە یەک جێگابوون و لە ڕاستیدا هەریەک بوون.بەڵام کاتێک پاشایەتیە سەربەخۆکان لە ناوچەدا سەریان هەڵداو بە تایبەتی دوای ڕووخانی ئیمپڕاتۆری عوسمانی و کەڵک وەرگرتنی دەوڵەتە ئیسلامیەکان لە قانوونە غەیرە شەرعیەکان، لە کردەوەدا دین و دەوڵەت تەنانەت لە وڵاتە ئیسلامیەکانیش دا لێک جیابوونەوە.واتە تەنانەت تیئوریسێنە موسوڵمانەکانیش جیایی دین و دەوڵەتیان لە نەزەریە پەردازی ئیسلامیدا تیئوریزەکرد.ئەو نەزەریە تا چەرخی بیستەم و سەرهەڵدانی بزووتنەوەکانی سەلەفی و ئیخوانموسلمین و وەهابیەت و دواتر سەرهەڵدانی ڕادیکالیزمی ئیسلامی کەهەرکامیان بە جۆرێک بانگەشەی گێڕانەوە و زیندوکردنەوەی حکومەتی پێغەمبەر لە سەدری ئیسلامدا دەکەن، لە دەوڵەتە ئیسلامەکاندا کاری پێدەکرا.لە ئوروپاشدا دەزانین کە ئەوە کلیسای کاتۆلیک بوو کە سەرەنجام توانی جێگای ئیمپڕاتۆری ڕۆم بگرێتەوە.ئەو کلیسایە تا سەدەی نۆهەم بە کەڵک وەرگرتن لە لەت لەت بوونی ئیمپڕاتۆری فرانکەکان و شەڕوململانێ میللی و مەزهەبییەکان توانی بۆ ماوەی شەسسەد ساڵ دەستەڵاتی خۆی ڕابگرێ.بەڵام دواتر شەڕە ئاینی و مەزهەبییەکان و بزووتنەوە ڕێفۆڕمخوازەکان و ڕینسانس بوونەهۆی درووستبوونی دەوڵەتە مۆدێرنەکان.ئەوەش کۆتایی بە دەست تێوەردانی دین لە کارووباری دەوڵەتدا هێنا.

ئەو کورتە مێژووە بۆمان دەردەخا کە فاکتۆرو هۆکارەسیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتیەکان لە سەر ڕەفتارو هەڵسوکەوتی مرۆڤەکان و کۆمەڵگا ئینسانیەکان، شووینەواری کاریگەرو بڕیاردەریان هەیە و زەمینەی جیایی دین لە دەوڵەت پێکدێنن.واتە مێژوو ئەوەمان فێردەکا کە گۆڕانکاریە سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتیان زەمینەی سکۆلاریزم پێک دێنن.بۆیە سکۆلاریزم یەکێک لە مەرجەکانی کۆمەڵگایەکی دێموکڕات و مۆدێرنە.ئەوە ئیدی ئەمڕۆ بۆتە قانوونێکی دونیا پەسەند و بە پرنسیپێکی سەرەکی دەوڵەتداری و بەڕێوەبەری لە دونیادا دەزانرێ.ئەگەر لێرەولەوێ لە هەندێ گۆشەوکەناری دونیادا، وەک کۆماری ئیسلامی، ئەوەمان بەرچاودەکەوێ کە دەستەڵاتی دینی و سیاسی هێشتاش هەر یەکدەستن و دین و دەوڵەت تێکەڵاون بە کەچڕەوی و لادان لە قاعیدە بە حیساب دێ و هیچ داهاتوویەکی نیە و تەنیا وەک ئەزمونێکی تاڵ دەژمێردرێ و زۆر ناکێشی کۆمەڵگای ئەو وڵاتانە ڕەگەڵ ڕەوتی دونیای هاوچەرخ دەکەوێتەوە.

دێموکراسیەکانی هاوچەرخ لە ڕۆژئاوادا و لە ناوچە جۆراوجۆرەکانی دیکەی دوونیادا، وەک مۆدێلێکی سەرکەوتووی بەڕێوەبەری کۆمەڵگا ئینسانیەکان، مۆدێلێکی سەرکەوتوویان وەک سەرمەشق بە هەموو مرۆڤایەتی بەدەستەوە داوە.ئێمەش وەک حیزبێکی دێموکڕات و میللی کە دەمانەوێ میللەتەکامان بکەینە خاوەنی دەوڵەتێکی مۆدێرن و هاوچەرخ و ئازاد و رزگار، چ لە بەرنامەی سیاسی و چ لە کردەوەدا لە سەرمەشقەکانی دێموکڕاسی ئیلهام وەردەگرین.وەک حیزبێکی دێموکرات و وەک ئەوە کە دەمانەوێ بە تەنیا یا لە گەڵ هێزەسیاسیەکانی دیکەی کوردستاندا دەستەڵاتی سیاسی لە کوردستاندا بەدەستەوە بگرین، دەبێت هەر لە ئێستاوە پابەندبوونی خۆمان بە عورفیگەرایی و تێگەیشتنی خۆمان بۆ خۆمان و بۆ هەموو لایەک لەو چەمکە نیشاندەین.

ڕاستە کۆمەڵگای کوردستان کۆمەڵگایەکی موسوڵمانە.بەڵام زەمینەی جیایی دین لە دەوڵەت و حکومەت لە کوردستاندا ئامادەیە.ئەزموونی نەک هەر شکەستخواردوو بەڵکو کارەساتخوڵقێنی کۆماری ئیسلامی، هیچ ئیعتیبارێکی بۆ حکومەتی دینی لە کوردستان و ئێراندا نە هێشتۆتەوە.لە لایەکی دیکەش پایە فکری و تیئوریکیەکانی زەرووڕەتی جیایی دین لە دەوڵەت لە لایەن فەیلەسوفە ئوروپایی و شەرقی و تەنانەت موسوڵمانەکانیشەوە لە مێژە گەڵاڵەکراون و لەو بارەوە ئەدەبیاتێکی زۆرودەوڵەمەندمان لە بەردەستدایە کە دەبێت لە پەروەردەوفێرکردندا کەڵکی لێوەرگرین.

کوردستان هەرگیز جوغڕافیای سەرهەڵدانی ڕادیکاڵیزمی ئاینی و مەزهەبی نەبووە.کوردستان و کۆمەڵگای کوردستان بۆ بە عورفی بوون ئامادەن و حیزبی ئێمە لە پێش هەمووان و باقی هێزەسیاسیەکانی کوردستان و ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگای مەدەنی دەبێ لەو بارەوە دەست وێکدەن و کاری جدی و بەرپرسانە بکەن.لەو نێوەدا چەند مەسەلەی گرنگ هەن کە دەبێ وەبەرچاوبگیرێن.یەکەم ئەوە ئێمە هەروەک لە کۆنگرەشدا وتم نابێت تێکۆشین دین و مەزهەب بکەینە وەسیلەی بردنەپێشی مەبەستە سیاسیەکانی خۆمان.ئەوە لە لایەک لە گەڵ بەرپرسایەتی و گەورەیی و میللی بوونی حیزبی دێموکرات نایەتەوە و لە لایەکی دیکەش ئەزموونەکان ئەوەدەردەخەن کە ئەوانەی دەیانەوێ لە سیاسەتدا لە دین کەڵکی خۆیان وەرگرن، ئەوە سەرەنجام دینە کە ئەوان دەخاتە خزمەتی خۆی و کەڵکی خۆیان لێوەردەگرێت.لە لایەکی دیکەشەوە لە کوردستاندا گەلێک دین و مەزهەب و تەریقەت و فیرقەی جۆراوجۆر هەن و هەمووشیان پەیڕەوانی خۆیانیان هەیەو حیزبی ئێمە وەک ڕێبەری بزووتنەوەی میللی دێموکراتی کوردستان، دەبێ ئەو دین و مەزهەبانەو پێڕەوەکانیان بە یەک چاو تەماشاکات و بایەخی وەک یەکیان پێبدا.

وەک پێشتریش باسم کرد عورفیگەرایی بۆئێمە، لە تێگەیشتنی حیزبی ئێمەدا، بەمانای سکۆلاریزمە.ئێمە دژی هیچ دین و مەزهەبێک نین و لە هەمان کاتیشدا حیزبێکی ئاینی و مەزهەبیش نین.پەیڕەوانی هەموو دین و مەزهەبەکان ئەگەر بەرنامەی سیاسی حیزبیان قبووڵبێ دەتوانن لە حیزبی مەدا تێکۆشانی سیاسیان هەبێ و لە تەشکیلاتی حیزبدا برۆنە پێش.جائەوە چ موسوڵمانبن یامەسیحی، بودایی، کەلیمی، شیعە، سونی، یارسان یا پەیڕەوی هەردین و مەزهەبێکی دیکە لە مەسەلەکە ناگۆڕێ.جگە لەوە بە جێهێنانی فەرائیزی دینی و مەزهەبیش لە ڕیزەکانی حیزب و بزووتنەوەدا پێویستە وەک شتێکی ئاسایی تەماشایی بکرێ و وەربگیرێ و وەک شتێکی فەرهەنگی و کولتوری سەیری بکەین.ئێمە کە دەڵێین عورفیگەراپین مەبەستمان ئەوەنیە دین و مەزهەب لە نێو میللەتەکەمان و لە نێوکۆمەڵگای کوردستان لە ڕیشە هەڵکێشین.ڕاست بە پێچەوانەوە دەمانەوێت دین و مەزهەب شوێنی شایستەی خۆی بدرێتێ و ئەو کارو ئەرکە بەرێوەبەرێ کە ریسالەتی خۆیەتی.دین لە ئەساسدا سەروکاری لە گەڵ ئەخلاقیات و ویژدانیات هەیە.هەر بۆیە کارکردەکەشی پێویستە لەوبوارەدا بمێنێتەوە و ئالودەی کاروباری دەوڵەتی و ئیدارەکردنی کاروباری عوومومی نەکرێت.کەواتە ئێمە نامانەوێ دین و مەزهەب لە ویژدانی کۆمەڵگای کوردستان و میللەتەکەمان بەرینە دەر.دەمانەوێ تەقەدوس لە ئیدارەکردنی کۆمەڵ و دەوڵەتداریدا بەرینە دەرێ.نەک دەوڵەت، بەڵکو هیچ کەس و حیزب و لایەنێک مافی دەستتێوەردان لە ویژدان و ئیعتیقاداتی خەڵکی دا نیە.لە بەرنامەی حیزبی ئێمەدا هاتوە کە هەموو کۆنڤانسیۆنەکانی پێوەندیدار بە مافەکانی مرۆڤ لە کوردستان بەرێوەدەچن.واتە ئازادی دین و مەزهەب لە بەرنامەی سیاسی مەدا دەستەبەرکراوە.ئێمە بە مەسئولیەتەوە ئەوەمان لە بەرنامەی سیاسی خۆمان دا گونجاندوە.جەوهەری عورفیگەرایی لە تێگەیشتنی حیزبی مەدا ڕەواداریی لیبراڵ و تۆلێرانسەیە کە پایەکی دێموکراسیە و بۆ ئێمە وەک حیزبێکی دێموکرات پرینسیپە.لیبراڵیسمی سیاسی دین وەک سیستەمێکی ئەخلاقی و ئەو بایەخە گرنگانە تەماشادەکا کە بو دەوڵەمەندکردنی ئینسانیەتی ئینسانەکان پێویستن.هەموو دینەکان و تەنانەت ئیسلامیش هەمیشە خۆیان لە گەڵ وەزعی سیاسی و کۆمەڵایەتی کۆمەڵگاکان گونجاندوە.ئەمڕۆ تەنانەت لە مەککەو مەدینەشدا ئاسان نیە وەک ڕابردوو دەستی خەڵک بپەڕێنی یا قەساس بکەی.مامۆستاکانی زانکۆی ئەستەمبوڵ دەڵێن

کاتی خۆی کە ئیسلام مەنعی کردوە ژن بە تەنیا سەفەربکا لە بەر ئەوەبوە کە ڕێگاکان نائەمن بوون.ئێستا کە ڕێگاو وەسیلەکانی سەفەر ئەمینن ئەو مەنعە ئیدی دەبێ هەڵگیرێ.مەبەستم ئەوەیە بلێم دین ئەگەر دەیەوێ وەمێنی دەبێ خۆی دەگەڵ مۆدێرنیتە بگونجێنێ.مۆدێرنیتە جێگای دینی تێدا دەبێتەوە.لە فوروسەت لە شاری ئۆسلۆ لەو گەرەکەی ئێمە خۆشترین و گەورەترین مزگەوتی لێ یە.کلیسایەکی گەورەشی جیرانە.هەر لەو ناوچەیە مەعبەدێکی بودایەکانیشی لێیە.پەیرەوانی هەموو ئەو دین و مەزهەبانە پێکەوەش دەژین و هەرکەسەش ئەگەربیهەوێت چۆنی پێخۆشە ئاوا ئازادە خوای خۆی بپەرستێ بەو مەرجەی لێگەڕی خەڵکانی دیکەش بە ئازادی نوێژوتاعەتی خۆیان بکەن.
ئەوەیە کە دەوترێ مۆدێرنیتە و دێموکراسی و عورفی گەرایی مەیدان بۆ دین و مەزهەب خۆش دەکەن تا بایەخە ئەخلاقی و ویژدانیەکان پەرەپێبدەن و ئەرکی مەعنەوی و ڕیسالەتی خۆیان بە جێ بێنن.مەبەستم ئەوەیە بلێم ئێمە دەبێ لە سیاسەت و کردەوەدا بە خەڵکی خۆمان ڕاگەیەنین کە مەبەستی ئێمە لە سکۆلاریزم ئەوەنیە دین لە کۆمەڵدا ڕیشەکێش کەین دەمانەوەی تەقەدووس لە کاروباری دەوڵەتی و ئیدارەکردنی کۆمەڵگادا دوورخەینەوە.ئەزموونی چاخەکانی نێوەڕاستی ئوروپا و مێژووی ئیسلام و تاقیکردنەوەی کۆماری ئیسلامی لەوبارەوە قەلایەکی پتەون کە ئەوسیاسەتە درووستەی حیزبی دێموکرت پاڵی وێداون.

ڕێکەوتی : ١١ی نوامبری ٢٠١٢

## لە پەنجەرەکانیساڵۆنی کۆنگرەی ١٥ی حیزبی دێموکڕاتەوە شەماڵی سالمسازی لە پۆلیتیکی کوردستانی ئیراندا هەڵدەکا

خەریکە دەگەینە سەرپێچێکی تازەی مێژووی خەباتی ڕزگاریخوازانەی میللەتەکەمان.من دڵنیام کە ئەو قۆناخەش بە لێوەشاوەییەوە تێپەڕدەکەین و ئەو فەسڵەش لە مێژووی حیزب و میللەتەکەمان پڕ دەبێ لە لاپەڕەی زێڕین.ئاخر هەمیشە ئەوە ئینسانەکانن بە کار و چالاکی و خەبات و تێکۆشانی پڕ بەرهەمیان، مێژوو دەخوڵقێنن.من لەوە دڵنیام ڕیزەکانی حیزبی خۆمان و ڕیزەکانی حیزب و ڕێکخراوە کوردستانیەکانی دیکەی سەر گۆڕەپانی سیاسەتی کوردستانی ئێران، پڕن لە ئینسانی خەباتگێڕ، تێکۆشەر، دڵسۆز، فیداکار و لێوەشاوە و بە ئەزموون کە هەرکامیان بە نۆرەی خۆیان دەریایەکن لە هێزوتوانای ئینسانی.هێزوتوانایەک کە هەرچی لەسەر ئەوزەویە دەیبینین، بەرهەمی ئەوە.کەواتە حەقمە خۆشبین بم.
بەڵام دەبێ لە بیرمان بێت کە تەنیا کاتێک ئەو هێزانە دەبنە ئینێرژی موسبەت و فاکتۆرێک بۆ چوونە پێش و سەرکەوتن کە مەیدانی بەشداری و موشارەکەت و خۆ دەکارکردنیان بۆ بخوڵقێ.کەواتە دەبێ و پێویستە فەزایەک لە نێو بزووتنەوەدا درووستکەین کە خەلاقیەت وئیبتیکارو شوروشەوق بەکار لە نێوماندا پەرەپێبدا.ئەوەش بەوە دەکرێ کە هەموو تێکۆشەرانی نێو ڕیزەکانی حیزب و بزووتنەوە لە دارشتن و بردنە پێشی سیاسەت و تاکتیکەکانی بزووتنەوەکەماندا هاوبڕیاربن.
هونەری حیزب ئەوەیە ئەو هێزانە کۆکاتەوە و وەگەڕیانبخا و دەکاریان بکا.ئاخر حیزبی ئێمە ڕاست بۆ ئەوە درووستبوە کە هێزوتواناکانی نێو کۆمەڵگای کوردستانی ئێران کۆکاتەوە و بۆ خەبات و بەرخۆدان لە پێناو ئازادیدا، ڕێکیانبخا.پێشەوا بۆ مەبەستێکی لەو چەشنە حیزبی دێموکراتی دامەزراند.

حیزبی ئێمە هەرگیز نابێت لەو ئەرکەی خۆی غافڵبێت.لە هیچ هەلومەرجێکدا نابێ ئەو ڕیسالەتەی خۆمان لەبیرکەین.

ئەوە ئەرکی هەرەسەرەکی ئێمە.هیچ هەلومەرجێکی سەخت و دژوار نابێ وامان لێ بکا ئەو ئەرکە ئەسڵیە بەکەم بگرین یا بیخەینە ڕیزی دواوەی کارەکانمان.فڕۆکەوان لە هەر هەلومەجێکدا، تەنانەت لە گەردەلول و تۆفان و گێژەڵوکەو هەوروباران و تەم و مژیشدا، دەبێ لە هیدایەتی فڕۆکەکەی غافڵ نە بێت.نابێ لە گیروگرفت و کەندوکۆسپ و تەمومژ و باوبۆران بترسین.دەبێ لە گیروگرفت و کەندوکۆسپەکان بچینە پێش و بیانناسین و چارەسەریان کەین.ئاخر حیزب ڕاست بۆ ئەوە درووستبووە.دەبێ فێربین گیروگرفتەکان چارەسەرکەین.نەک هەر پێویستە کاری درووست بکەین، پێویستە بەشێوەی درووستیش و لە کات و شوێنی خۆشیاندا کارەکان بکەین.زۆر گرنگە ئەو ڕووحیە یا بەواتایەکی تر ئەو مێنتالیتەیە لە حیزب و خۆماندا درووستکەین کە دەڵێ بەڵێ ئێمە دەتوانین ئەرکەکانمان ڕاپەڕێنین.هێمن گوتەنی دەبێ لە شانو باهۆی خۆمان ڕابینین کە هەڵگرین ئاڵای ئازادی.
وەختێک ئینسان دەکەوێتە تونێڵێکی تاریک بەدوای تروسکای و ڕووناکیدادەگەڕێ.ئەمن پێم وایە ئەوە کە بتوانی شەمعێک داگیرسێنی، هەزار جار باشترە لەوەی کە جوێن بە تاریکی بدەی.
دەبێ گیروگرفتەکان بدۆزینەوە و دەستنیشانیان کەین و بۆ چارەسەرکردنیان تێکۆشین و هەنگاو هەڵگرین.پێویستە ڕوومان لە داهاتووبێت.پێویستە کالایەکی سیاسی ئەوتۆ بەرهەم بێنین کە لە بازاڕی سیاسەتی کوردستانی ئێراندا موشتەری هەبن و خەڵک خوازیاربن.دەبێ بە هەزار چاو و گوێ موراقیبی ئەو دەرفەت و شانسانەبین کە هەلومەجی پڕ لە ئاڵوگۆڕی ناوچە و ئێران و کوردستان و تەنانەت دونیاش بۆمان دەخوڵقێنن و کەڵکیان لێوەرگرین.
ڕاستیەکەی ئەوەیە کە داهاتووی خۆمان و خەباتەکەمان و میللەتەکەمان بەستراوەتەوە بەوەی کە ئێستا چدەکەین و چۆن یاری دەکەین؟ ئەگەر پێکەوەبین و یەکگرتووبین و هاوئاهەنگی و هاوڕایمان پێکەوە هەبێت، هیچ هێزێک ناتوانێ بمانشکێنێ و ڕێگای چوونەپێش بەرەو ئامانجەکانمان لێ بەربەستبکا.
ئەرکی ئێمە ئەوەیە هەموو هێزەکانی نێو بزووتنەوە بخەینە سەریەک .ئاخر دەبێ بزانین کە کادرەکانی حیزب، تێکۆشەرانی نێو سەنگەرە جۆراوجۆرەکانی بزووتنەوە، گەورەترین سەرمایەی خەباتەکەمانن.بۆیە دەبێ ئەوان ببنە ئاکتۆری سەرەمەیدانەکە.کۆڕوکۆبوونەوە و سیمنار و کۆنگرەو کۆنفرانسەکانمان پێویستە ببنە مەیدانی باس و دیالۆگی پڕنێوەرۆک سەبارەت بە سیاسەت و ئامانج و تاکتیک و ستراتیژیەکانمان.هەموو تێکۆشەرانی حیزب دەبێ شانس و مەیدان و دەرفەتی ئەوەیان هەبێ لە شکڵپێدانی حیزب و بزووتنەوە و سیاسەت و تاکتیکەکانی حیزبدا، نەخشی خۆیان بگێڕن.
دیالۆگ و باس و مشتومڕی بەکەڵک، فەزایەکی پڕ لە هاوکاری درووستدەکا و ئاستیی موشارەکەت دەباتە سەر.لەو بارەوە هەندێک ئەسڵ هەن کە دەبێ وەبەرچاویان بگرین.گرنگترینی ئەوان ئەوەیە کە تێبگەین هەموو ڕوانگەکان، هەموو جۆرە نەزەر و بۆ چوونەکان بە ئەندازەی یەک بایەخیان هەیە.جارێکی دیکەش دەیڵیمەوە بۆناپارتزم لە حیزبێکی دێموکرات و میللی

وەک حیزبی دێموکراتدا جێی نیە و نابێ ڕێگای هەناسەدان و سەربڵندکردنی پێبدرێت.هەموو تێکۆشەرانی حیزب دەبێ بە هێند بگیرێن و سرنجیان بدرێتێ و گوێیان بۆ شلبکرێ.لێرەدایە کە ڕێبەریی ئەرکێکی گەورەی دەکەوێتە سەرشان .ئەرکی خوڵقاندنی فەزای موشارەکەت بۆ بەدەنە و تێکۆشەرانی حیزب و بزووتنەوە.

ئێمە لە سەردەمی فوتباڵدا دەژین.ڕەنگە بەکارهێنانی فوتباڵ وەک تەمسیل، کۆمەک بە ڕوونبوونەوەی مەبەستەکەمان بکا.لە فوتباڵدا زۆرگرنگە کە هەموو تیمەکە بەشداربن و پێکەوە یاری بکەن.ڕاستە هەرکام لە یاریزانەکانی تیپەکە ئەرک و مەوقعیەتی خۆیان هەیە، بەڵام پێکەوە یاری دەکەن و چ ببەنەوە و چ بیدۆڕێنین، هەموویان تێیدا بەشدارن.ناکرێ ئەو کەسە کە شوت لێدەداو و تۆپ دە دەروازەی تیپی ڕەقیب دەکا، میداڵی ئیفتیخار و قارەمانی بداتە خۆی و یاریزانەکانی دیکەش بە دەردی شوانەکەی حەقنادیاری نێو فۆلکلۆرمان بەرێت.

بۆیە زۆر گرنگە هەموومان هەستی ئەوەمان تێدا دروستبێ کە بۆ یەکتر شتین.بۆ یەکتر پشت و پەناین، لە لای یەکتر خاوەن ڕێز و مەوقعیەتین.زۆر درووستە هەموومان لە نێو هاوڕێیانی خۆماندا هەست بەوەبکەین کە هەین.هەموو حەقمان هەیە لە پەنا یەکتر گوڵبکەین.هەموو حەقمان هەیە ببینە ئاوێنەی یەکتر و یەکتر بە یەکتر نیشان دەین.زۆر بە جێ یە یەکتر هاندەین و یەکتر تەشویقکەین.کەسانی بە هێز و بڕوا بەخۆ دەتوانن هێز بدەنە کەسانی دیکە.ئەگەر پێغەمەرێک بڕوای بە خۆی و پەیام و پێغەمبەربوونی خۆی نەبێت، چۆن دەتوانێت خەڵک بۆ قبووڵکردنی پەیامەکەی هاندا؟ کەسێک کە لە هارمۆنی دایە لە گەڵخۆی و حیزب و تەشکیلات و هاوڕێکانی دەتوانێ ئینێرژی موسبەتیش بە سەر دەوروبەری دا ببارێنێ.ڕیبەرایەتی هیچ شتێک نیە بێجگە لە پەرەپێدانیی ئینسانەکان و وەگەڕخستنی تواناکانیان.ئەرکی ڕێبەرایەتی ئێمەش هەر ئەوەیە.

کاری ئێمە ئەوەیە خێری گشتیمان بوێ.حیزبی دێموکڕات بۆ دەستنیشانکردن و بردنە پێشی خێری گشتی درووستبووە.ئەرکی هەرە گرینگی ئێمە لەو قۆناخەدا ئەوەیە کە ئەو کارە بکەین.یانی حیزبی دێموکرات دەبێ یەخچاڵێک بێ، بە پێچەوانەوە کار بکات.یەخچاڵ یا سەلاجە، گەرمی بۆ دەرێ دەنێرێ و ساردی بۆ ژووری بەرهەم دینێ.تەشکیلاتی حیزبی ئێمە دەبێ گەرمی بۆ نێو ڕێزەکانی خۆی بەرهەم بێنی و ساردیش بۆ دەرەوە.لە ئاستی کوردستان و بزووتنەوەی کوردستان ئێرانیش دا حیزبی دێموکرات دەبی گەرمی بۆ نێو ڕیزەکانی بزووتنەوەی کورستان بەرهەم بێنێ و ساردیش بۆ درەوەی بزووتنەوە درووسکات.کۆنگرەی ١٥ ی حیزب دەبێ ڕێبەری حیزب بەجۆرێک ئاڕاستەکات کەرۆڵێ ماتۆڕێکی پێچەوانەی ماتۆڕێ یەخچاڵ لە تەشکیلاتی حیزب و لە نێوبزووتنەوەدا بگێڕێت.تەنها لەو حاڵەدایە کە حیزبی ئێمە لە نێو بزووتنەوەی میللی دێموکڕاتی کوردستانی ئیراندا نەخشی کلیدی دەبێت.یانی ئەو نەخشەی کە لێی چاوەڕوان دەکرێ.ئەگەر بە ڕۆڵێکی کەمتر لەوە رازیبین، نابینە حیزبی دێموکڕات ودادەبەزینە ئاستی هەر هێزو لایەنێکی دیکەی نێو گۆڕەپانەکە کە هێندەش کەم نین.ئەزموونەکان ئەوە دەردەخەن کە خەڵک و جەماوەری حیزب و بەدەنەی حیزب ڕۆڵێکی لەو چەشنەی بۆ حیزبی دێموکڕات پێ قبووڵ ناکرێ و لە کەسیش قبووڵ ناکا کە بیهەوێ رۆڵی حیزبی دێموکرات بێنێتە ئاستێکی ئەوتۆ و بیکاتە فیرقەیەکی جیا لە کۆمەڵانی هەراوی خەڵک.ئەگەر نەتوانین خۆمان لەتەونی جاڵجاڵووکەی ئەو نهیلیزمی ئنشعاباتەی بەدەستیەوە گیرۆدەین ڕزگارکەین، ئەگەر نەتوانین داسووی ئالێکی و ئنشعاب لە گەرووی تەشکیلاتی حیزب دەرێنین، حیزب ناتوانێ لە ئێستاو داهاتوودا ڕۆلێ کلیدی بگێڕێ.

مەبەست لە ڕۆڵی کلیدی ئەوەنیە کە تێکۆشین هژمۆنی سیاسی و فەرهەنگی خۆمان بەسەر خەڵک و حیزب و ڕێکخراوەکانی نێو بزوتنەوە و کۆڕوکۆمەڵ و کەسایەتیەکانی نێو ژینگەی سیاسی و مەدەنی کوردستاندا بسەپێنین.ئەوە نە مومکینەو نە لەگەڵ پرینسیپەکانی حیزبی ئێمە دێتەوە.مەبەست لە ڕۆڵی کلیدی ئەوەیە رۆڵی خۆرمان لە مەنزومەی شەمسی یا کۆمەڵەی خۆردا هەبێت.لەجیاتی تێکۆشین لەسەرەوەبین، دەبێ لە نێوەراستی سیستەمەکەدابین.لە سیستەمی مەنزوومەی شەمسیدا، خۆر دەکەوێتە نێوەڕاستی هەموو هەسارە یا سەیارەکانی دیکە و هێمن وتەنی تین و وزەو ڕووناکیان پێ دەبەخشێ.بەم جۆرە ڕۆڵی خۆر هێندە کلیدیە هەسارەکانی دیکە بەبێ ئەو ئەوەنابن کە هەن و بۆیەش بەدەوریدا دەسوڕێنەوە.

حیزبی دێموکرات نەخشێ ئاوای لێ چاوەڕوان دەکرێ و هەر لە سەرەتاشەوە بۆ گێڕانی ڕۆڵێکی ئاوا پێکهاتووە.

کەواتە هەرچی حیزبی دێموکڕات بەهێز و گەورەدەکا و ڕۆڵی کلیدی دەداتێ دەبێ ئەوەبکەین.ئەوە ئەرکی ئێمە تێکۆشەرانی حیزب بە گشتی و ئەندامانی کۆنگرەی ١٥ای حیزبە.تەنیا ئەودەمە بەشداری ئێمە لە کۆنگرەدا شانازیەکی میللی یە کە تێکۆشەرانی نێو ساڵۆنی کۆنگرە، لە ئاستی ئەو مەسئولیەتە مێژووییە دابین و هەر زوو لە سەعات و ڕۆژەکانی سەرەتای دەستپێکردنی کۆنگرەدا، لە پەنجەرەی ساڵۆنەکانی کۆنگرەرا، لە گەڵ شنەبا پەیامی ئەوە بۆ کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان بنێرین کەحیزبی ئێمە حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لێبڕاوە لە ئێستاو داهاتوودا هەروەک سەرتاسەری تەمەنی خۆی رۆڵی کلیدی بگێرێ.

ڕێکەوتی : ١٧ی سیپتامبری ٢٠١٢

## تەنیا بۆ مێژوو بەیادی کاک دووکتۆر شەرەفکەندی

١٧ی سێپتێمبەری ئەمساڵ، بیستەمین ساڵڕۆژی شەهیدبوونی دوکتۆر سەعیدی شەرەفکەندی، سکرتێری پێشوی حیزبی دێموکڕاتی کوردستانی ئێران، هاوڕێی تێکۆشەر کاک فەتاحی عەبدولی، ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی و نوێنەری حیزب لە دەرەوەی ولات و کاک هومایۆنی ئەردەڵان بەرپرسی کۆمیتەی ئاڵمانی حیزب، بەدەستی تێرۆریستەکانی کۆماری ئیسلامیە.

بەو بۆنەوە لە بەرانبەر ڕووحی بەرزی کاک سەعید و کاک فەتاح و کاک هومایۆندا، سەری ڕێزو حوورمەت دادەنوێنم .

من لە ساڵانی ڕابردوودا، لە دووسیمناردا، بە درێژی لەسەر کەسایەتی خەباتگێرانەی کاک سەعیدو رۆڵی ئەو لە حیزب و بزووتنەوەدا قسەم کردوە. هەردووکی ئەو دوسیمنارانە لە ئارشیوی حیزبدا پارێزراون و بۆ تەلەفزیۆنی تیشکیش نێردراون . ئێستا کە هەر بڵاو نابنەوە هیوادارم دەرفەتێکم بۆ هەڵکەوێت بتوانم پیادەیان بکەم و بە نوسین بڵاو یان کەمەوە. شەهیدبوونی کاک سەعید زۆری من هەژاند، ئاخر بۆمن هەر سکرتێر و ڕێبەر نەبوو، باوک و پشت و پەناو هیواو هیومێدیش بوو لە حیزب دا. بە شاهیدی هاوڕێیانی ڕادیۆ چل ڕۆژی تەواو هەموو ڕۆژێ لەسەرم دەنووسی. ژیاننامەکەشیم هەر بۆخۆم نوسی. زۆر شت ماوە کە جارێ ناکرێ باسیان بکەین. بەڵام لەو بابەتە کورتەدا دوو هەلوێستی ئازایانەو جومێرانەی کاک سەعید وەبیر دێنمەوە، کە یارمەتی دەکەن بە ڕوون بوونەوەی ڕاستیەکی مێژوویی.

پاش کۆنگرەی هەشتەمی حیزب، وەزعێکی تایبەتی بەسەر حیزبدا هات. بەشێک لە کادرو پێشمەرگەکانی حیزب ئینشعابیان لە حیزب کرد و ڕێگای خۆیان لە حیزب جیاکردەوە و هەر بەو ناوەش درێژەیان بە کارو چالاکیەکانی خۆیاندا.

پاش کۆنگرە لە یەکێک لە کۆبوونەوەکانی کۆمیتەی ناوەندیدا، لە پێوەندی لەگەڵ هەڵوێستگرتن لە بەرامبەر ڕەوتی جیابووەوەدا مەسەلەی چۆنیەتی پاراستن و دیفاع کردن لە مەوجودیەتی حیزب کەوتەبەرباس. ئێمە ئەندامانی ڕێبەری حیزب ئەو ڕێگا چارانەمان دەستنیشانکردن کە بۆ پاراستنی مەوجودیەتی حیزب دەبێ کەڵکیان لێوەرگرین. تەنانەت کۆمیتەی ناوەندی گەیشتە ئەو قەناعەتە کە ئەگەر پێویست بێ بۆ دیفاع لە حیزب و مەوجودیەتەکەی چەکیش بەکاربێنین. ئەو مەسەلە باس و وتووێژێکی زۆری لەسەرکرا و سەرەنجام بۆ بڕیار لەسەر دان درایە بەر دەنگی ئەندامانی کۆمیتەی ناوەندی.

لە نێو هەمو ئەندامانی ڕێبەری حیزبدا کە مافی دەنگدانیان هەبوو، ئەوە تەنیا کاک سەعیدبوو کە دەستی موافەقەتی بۆ ئەو بڕ یارە بەرزنەکردەوە و دەنگی پێ نەدا. لە بیرمە ئێومە کە بەرپرسایەتی کۆمیتەکانی نێوخۆی وڵاتمان بە ئەستۆوە بوو، قسەمان ئەوە بوو کە ئەوان دەچنە نێو خەڵک و دەڵێن ئێمە حیزبی دێموکڕاتی کوردستانی ئێرانین و ئەوەش بەئێمە قبووڵ ناکرێ. کاک سەعید بۆ ڕەدی ئەو ئیستیدلالەی ئێمە وتی خۆ ئێوە گۆڵەتان لە زمانی نەکەوتوە. ئێوەش بە خەڵک بلێێن ئەوانە ڕاست ناکەن. لەوەش زیاتر ئەگەر ئێوە بڕواتان بەخۆتانە کە حیزبی دێموکڕاتی کوردستانی ئێرانن، مەترسن و خەڵکیش هەرئا

وا وەرتان دەگرن. ڕەنگە مەسەلەیەکی ئاوا بۆ ماوەیەکی کورت بێتە پێش، بەڵام زوو تەواو دەبێ. بەو جۆرە کاک سەعید تەنیا کەسێک بوو لە نێو ئەندامانی ڕێبەریدا کە دەنگی بەو بڕیارەنەدا.

دواتریش ئێمە لە ناوچە و لە مەیدانی کردەوەدا لە نێو خۆی کوردستاندا لەگەڵ مەسەلەکە بەرەو ڕووبووین. بە داخەوە لە هەندێک شوێن تووشی دەستەویەخەبوویونی چەکدارانەش لە گەڵ یەکتر هاتین. من ئەو دەم بەرپرسایەتی مەڵبەندی سپیسەنگم بە ئەستۆوەبوو کە ناوچەیەکی بەرینی کوردستانی دەگرتەوە و شارێگای هاتووچۆش بوو بۆ نێوخۆی وڵات.

فەرماندەی ئەودەمی هێزی قەندیلیش، کە لە هێزە هەرە بە هێزەکانی هێزی پێشمەرگەی کورستان بوو ، برای تێکۆشەرم کا سەید ڕەسوڵی ئەحمەدی بوو و جێگرەکەشی هاوڕێی تێکۆشەرم کاک محەمەدی میقدای واتە کاک محمەدە ڕەشە بوو. کە هەردووکیان لە کادرە لێوەشاوەکانی حیزبن. ڕەوتی جابووەوەش هاتووچۆیەکەیان هەر بەو مەسیرەی ئێمەدابوو. جارێک لە ناوچەی بەری مێرگانی پیرانشار دیسان تووشی یەکتر هاتین.

بەشێک لە پێشمەرگەکانی ئەوان لە دۆڵێکا مابوونەوە و ئێمە زوو لە شوێنی مانەوەی ئەوان ئاگادارکراین و لە ماوەیەکی زوودا دەورەماندان و خستماننە ئابڵۆقەوە. کە ئەوە دەگێڕمە هیچ بە شانازی نازانم . بەڵام ئەوە مێژووە و لەلایەکی دیکەشەوە وا بڵاو کراوەتەوە کە کا سەعید دارێژەری ئەسڵی ئەو شەڕەبووە. بۆیە تەنیا بۆ مێژوو ئەوەباس دەکەم

با ئەوەش بلێم ئەلحەق ئەوانیش هەموو هەوڵیان ئەوەبوو لە گەڵ ئێمە دەرگیرنەبن و تا دەکرێ خوێن نەرژێ و بە ڕێگای دیکە بتوانین وەزعەکە چارەسەرکەین. ئێمە داوامان ئەوەبوو کە ئەوان بێنەوە نێو خۆمان و لە سەنگەرەکانیان بێنەدەر و ڕەگەڵ خۆمان کەون.

ئەو ئابڵۆقەی ئێمە لە دەوری ئەوان زۆری کێشاو پاش چەند سەعات ئاوامانەوە پێمان وابوو کەدەبێ مەسەلەکە بە شێوەی نیزامی چارەسەرکەین . هەموو بەرپرسانی حیزبی کە لەوێ حازربووین کۆبووینەوە . لە بیرمە من و کاک سەید ڕەسوڵ و و کاک محەمەدەڕەشە و چەن کەسی دیکەش لە کادرەکانی حیزب کە لەوێ ئامادەبووین دوای باس و مشۆرەت وامان بە باش زانی پێوەندی بە ڕێبەرایەتی حیزبەوە بکەین و داوای ڕێنوێنیان لێبکەین. بە خۆشیەوە زوو ڕێبەری حیزب وەڵامی داینەوە و کاک سەعید بۆخۆی ڕێنوێنی کردین کە بە هیچ جۆر شەڕمەکەن . بۆخۆی داوای لە بەڕێز کا سەید ڕەسوڵ کرد کە ئابڵۆقەکە ئیدامەبدە

ن و بە هیچ جۆر نەیەڵین پێشمەرگەکانی ئێمە تەقەبکەن و وەزعەکە درێژەبدەین تا تاریک دادێ و دوایە لە تاریکاییدا ئەگەر هەر نەیان ویست بێنەوە لاتان، کەلێنیان بۆ چۆڵکەن و ڕێگایان بدەن بڕۆن.

بەو جۆرە ئەو ڕێنوێنیە حەکیمانەی کاک سەعید بۆ ئێمە ئەو ڕۆژە گیانی دەیان پێشمەرگەی نەجات دا و حیزبیشی لە تووشبوونی کارەساتێکی تراژیدی دوورخستەوە.

ئێمە بەلێکدانەوەی ئەودەمی خۆمان کارمان دەکرد. لە بیرمە وتی ئێوە ڕێنوێنی ڕێبەرایەتی وەبەرچاوبگرن و مەسڵەحەتی حیزب لەوەدایە. لەوەش زیاتر وتی ئەو بڕیارەی کە کاتی خۆی داومانە هەڵوێستێکی سیاسیە و مانای سیاسی هەیە و بەس.

دیسانیش داوای لێبووردن دەکەم لە گێرانەوەی ئەو باسە، بەڵام پێم وابووکە هێنانەگۆڕێ ئەو مەسەلەیە خزمەت بە ڕوونبوونەوەیەکی مێژووی دەکا و پێویستە لە جێگایەک باسی لێوەکرابا.

ڕێکەوتی : ١۴ی سیپتامبری ٢٠١٢

## بۆ ئەندامانی کۆنگرەی ١۵ی حیزبی دێموکڕاتی کوردستانی ئێران.

ڕێی دێموکرات وەک پردی سیراتێ وایە

کۆنفرانسەکانی سەرجەم تەشکیلاتەکانی حیزب بۆ هەڵبژاردنی نوێنەرانی کۆنگرەی ١٥ی حیزب لە نێوخۆو دەرەوە کۆتاییان پێ هاتوە.بەوپێیە کۆنگرەی ١۵ی حیزب نزیک بۆتەوە.لەو پێوەندیەدا سەرکەوتنی کۆنگرەی ١۵ی حیزب لە ئەرکە نیشتیمانی و نەتەوەییەکانیدا، لە جێبەجێ کردنی کارەکانی دا بە ئاوات دەخوازم و سڵاو دەنێرم بۆ هەموو بەشدارانی کۆنگرە.

ڕاستە ئێمە هەر چوار ساڵ جارێک کۆنگرە دەگرین بەڵام بە پێی قاعیدە کۆنگرەی هەر حیزبێکی سیاسی بۆ چوار مەبەست پێکدێ.یەکەم ئەوە کە حیزب کۆنگرە وەک خۆپێشاندانێکی سیاسی و تەشکیلاتی بۆ نیشاندانی حزووری تەشکیلاتی و سیاسی و جەماوەری خۆی لە گۆرەپانەکەدا بەکاردێنێ.

دووهەم ئەوە کە حیزب کۆنگرەی خۆی وەک ئیستگەیەکی پشودان بۆ خۆخرکردنەوە و خۆسازماندانەوە و خۆ تەییارکردنەوە و بە خۆداچونەوە بەکاردێنێ.واتە حیزب لە کۆنگرەدا کارنامەی چەند ساڵی ڕابردووی خۆی دەخاتە بەر زەرەبینی ویژدانی مونسیفانەی تێکۆشەرانی خۆی و لایەنە ئەرێنی و بە هێزەکانی کاروتێکۆشانی خۆی دەستنیشاندەکاو سەرلەنوێ پێ لە سەر درێژەپێدانیان دادەگرێتەوە.لەلایەکی دیکەش قامک دەخاتە سەر ئەو لایەن و باس و بابەتانەش کە حیزب کەمتر تێیاندا سەرکەوتوبوە و دەرمانیان بۆ دەنوسێ.ئەو مەسەلانەی کە مامۆستای زەمان و ڕۆژگار و تەجروبەش دەریخستوە کە ئیدی بۆ ئەوەنابێت حیزب هیچی دیکە ئینێرژی یان لەسەردانێ، کۆنگرە دەسنیشانیان دەکا و ئەگەر پێویست بێ، لە جێگای ئەوان ئەلترناتیوی دیکە دێنێتە کایەوە.
جاری واشە کۆنگرەی حیزب بۆ وەڵام دانەوە بە وەزعێکی تازە پێکدێ کە بۆ حیزب هاتۆتە پێش.ئاڵوگۆڕی بەرچاو لە وەزعی سیاسی ناوچەکەدا خەریکە ڕوودەداو حیزب ناچارە خۆی لە گەڵ ئەوئاڵووگۆڕانە ڕێکخات یا خۆی بۆ بەپیرچونیانەوە ئامادەبکات.
جاری واشە کۆنگرەی حیزب بۆ ئەوە دەبەسترێ تا گیروگرفتێک کە بۆ حیزب هاتۆتەپێش و حیزب لەگەڵی دەستەویەخەیە، کۆنگرە وەک گەورەترین ئۆرگانی بڕیاردەر، چارەسەری بکات.

ئەمن پێم وایە کۆنگرەی ١٥ی ئێمە، واتە دێموکڕاتەکانی کوردستانی ئێران، دەبێ هەمووی ئەو مەبەستانە بکاتە سەرلەوحەی کاروتێکۆشانی خۆی.

کۆنگرەی ١٥ پێش هەموو شتێک دەبێ مانۆرێکی گەورەی سیاسی و تەشکیلاتی بێت و ببێتە ئاوێنەیەک کە قودرەت و گەورەیی و کاریگەریی حیزب بۆ دونیای دەوروبەوری حیزب دەرخا.حزووری سەنگین و بەهێزی حیزب لە مەیدانی خەباتدا جارێکیدیکەش بە کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان و دۆستان و دڵسۆزانی حیزب و تەنانەت ناحەزان و دوژمنانی حیزبیش نیشانبدات.
لەلایەکی دیکەوەش کۆنگرە دەبێ هەموو لایەنەکانی کارنامەی تێکۆشانی حیزب لەو چوارساڵەی ڕابردوودا بخاتە بەرباس و بە وردی و بە ئینسافەوە هەڵیان سەنگێنی.لە پێشدا پێویستە نوختە بە هێز و درەوشاوەکانی کارنامەی تێکۆشانی حیزب ببینێ و لە پێوەندی دەگەڵ ئەواندا ئافەرین بە ڕێبەری بلی و گوڵی شانازی و ئیفتیخار بداتە حیزب و تێکۆشەرانی حیزب و لەسەر درێژەپێدانی سیاسەت و هەڵوێستە ئوسوڵیە سەرکەوتوەکان پێداگرێتەوە.
وەک وتمان دەبێ ئازایەنەش، دلێرانەش، کەمووکوڕی و گیروگرفت و نەقسەکانیش دەست نیشانکا و دەرمان و ڕێگاچارەیان بۆ بدۆزێتەوە.لەو بارەوە چەند نوختە گرنگن کە دەبێ لە بیریان نەکەین.
یەکەم ئەوە کە لە حیزبی دێموکراتدا هیچ مەنتیقەیەکی موحەرڕەمەنیە.واتە هیچ جێگاو ئۆرگان و شوێنێک نیە کە بۆمان نەبێت باسی بکەین.جاران لە کوردستان هەندێ جێگا پێیان دەوترا مەنتیقەی موحەرڕەمە.ئەو ناوچانە کەس حەقی نەبوو پێ یاندا بڕوات.کۆنگرە گەورەترین ئۆرگانی حیزبە و سەڵاحیەتدارترین شوێنی حیزبە بۆ هێنانە گۆڕێ باس و مەسەلە حیزبی و تەشکیلاتیەکان.لە نۆروێژ ئیدارەی پارێگاری لە منداڵ واتە بارەنە ڤێرنەیان هەیە کە خەڵک دەبێ دەگەڵی زۆر میهرەبان بن و هەرچی بیکات لێی قبووڵی بکەن.لە هیندوستان گای موقەدەسیان هەن کە کەس ئیجازەی نیە لە گوڵێ کاڵتریان پێبڵێ و سەردار و موختارن.حیزبی دێموکڕاتی کوردستانی ئێران حیزبێکی جەماوەری و خەباتگێرە.هەموو بەش و ئۆرگانەکانی لە حاڵی کاروخەبات و بەربەرەکانی دان.بەو پێیە لە مەیدانی خەباتدا کەمووکوڕیان بۆ دێنە پێشێ، توشی هەڵە دەبن، دەسوێن، ماندوو دەبن.یا تێپەڕینی زەمان و سەختیەکانی مەیدانی خەبات دەری دەخەن کە ئەم یا ئەومیتۆدەی کار و سیاسەتمان درووستنەبووە و دەبێ بیگۆڕین.لە حیزبی دێموکراتدا وەک وتم نە مەنتیقەی موحەرەمەمان هەیە، نە نۆرویژین تا بارەنە ڤێرنەمان هەبێ و پێویست بێ دەگەڵی میهرەبان بین.نە هیندوستانیشین تا گای موقەدەسمان هەبن و نەتوانین لە گوڵ کاڵتریان پێ بڵێین و بیانکەینە سەردار و موختار.حەقمانە سەرتاسەری ئەو حیزبە لە سەرێ هاتاخوارێ، لە دەرەوە و ژوورەوە بدەینە بەر زەرەبینی باس و ڕەخنە و لە هەرکوێ پێویست بێ و تەشخیسماندا، دەبێ بیدەینە بەر نەشتەرگەری و چەقۆ یا تیشکی لیزەری عەمەلی جەراحی.
خاڵێکی دیکە کە پێویستە لە کاتی هەڵسەنگاندنی سیاسەت و هەلوێست و ئۆرگان و کەسایەتی و کادر و تێکۆشەرانی حیزبدا لەبەرچاوی بگرین ئەوەیە کە لە قەزاوەت و هەڵسەنگاندندا ئینساف و عەداڵەت و واقعبینی و ئەخلاق و ویژدانی حیزبی و خەباتگیرانە بەکاربێنین.ئەوەش بەوە دەکرێ کەلەلایەک هەر کەس و سیاسەت و هەلوێست و ئۆرگان و کەسایەتیەکی حیزبی لەو کۆنتێکستەدا هەڵسەنگێنین کە کارو خەباتی تێدادەکا.واتە ئەو وەزعە کە ئەوی تێدایە.فاکتۆری زەمان و مەکان و ئەو مەوقعیەتە کە تێیدایێ، ڕەنگی خۆیان لە ڕووداوەکان دەدەن و کەس ناتوانێ لە دەرەوەی ئەو زەمان و مەکانە بێت.هەر زەمان و مەکانێکیش ئەگەر دەرفەت و شانس و ئیمکانی تایبەتیت دەخەنە بەردەست، لە لایەکی دیکەشەوە مەحدوودیەت و کەندوکۆسپ و دەردەسەری و فاکتۆری نالەباریشت دەدەنێ کە وەک نەیاری تۆ کاردەکەن.
مەسەلەیەکی دیکەش گرنگە.ئەویش ئەوەیە کە هەرکەس و تێکۆشەر و ئورگانێکی حیزبی دەبێ بە گوێرەی ئەو ئەرکانە هەڵسەنگێنرێ کە لەسەر شانی بوون.پێوانە بۆ هەڵسەنگاندن دەبێ ئەرکەدیاری کراوەکان و ئەو ئامانجانەبن کە لەو برگە زەمانیەدا کارمان بۆکردوون.چ ئەرکێکت بەمن سپاردوە؟ بۆ جێبەجێ کردنی ئەو ئەرکە چەندەت سەرمایەو و سەرچاوەی وەک هێزی مادی و ئینسانی و وەخت و ئیمکاناتی دیکە لە ئیختیارناوم.خۆ تۆ ناتوانی بەوە تاوانبارم کەی کە فلان یا فیسارە کارەم نەکردوە، لەوەختێکدا ئەوکارە بە هەزار دەلیل لە توانای من دانیە هیچ، بەڵکوو هەر ئیمکانی نیە لەو هەل و مەرجەدا جێ بە جێ بێ.لە لایەکی دیکەشەوە هەڵسەنگاندن دەبێ بۆ چوونە پێش بێ.من قوتابیەکانم بە گوێرەی ئەو دەرسانە هەڵدەسەنگێنم کە پێم گووتوون و پێم سپاردوون حازریان کەن.بۆیەش هەڵیان دەسەنگێنم تا ڕێگای چوونە پێش و هەڵدان و گەشەکردنیان بخەمە بەرپێ نەک بە پێچەوانەوە.مەبەست لە هەڵسەنگاندنی ئۆرگان و تێکۆشەرانی حیزب و کارنامە و کاروکردەوەکانیشیان لەوە زیاتر نیە.مەبەست لە هەڵسەنگاندنەوەی حیزب و کارنامەی حیزب بەگشتی و هی ئۆرگان و تێکۆشەرانی حیزب بەتایبەتی لە کۆنگرەدا ئەوەیە کە حیزبەکەمان و تێکۆشەرانی حیزبەکەمان بە ڕێگای پڕ لە شانازی خەباتدا دیسانیش هەربەرینە پێش.مەبەست ئەوەیە قەت لە خۆمان غافڵ نەبین و قەتیش لە خۆمان ڕازی نەبین.
خاڵێکی دیکەش هەر لەوبارەوە دەبێ باسبکرێ.ئەویش ئەوەیە کە لە کاتی باس کردن لە سەر مەسەلە جۆراوجۆرەکاندا پێویستە ڕیتۆریکی مۆدێڕن بەکاربەرین و ئەدەبی سیاسی لە خۆمان نیشاندەین.یانی بە زمانی سیاسەت و دیپلۆماسی بدوێین.کۆمپیۆتێر زمان و تێرمینۆلۆژی تایبەت بەخۆی هەیە.ئەدەبیات و سینەما و توجارەت و بانکداری و پێداگۆگی و ساختمان سازی و

فەلسەفە هتد...هەموویان زمانی خۆیان هەیە.حیزبایەتی و سیاسەت و خەباتیش تێرمینۆلۆژی و ڕێتۆریکی تایبەت بەخۆیان هەیە و کۆنگرەی حیزب کە بەرزترین ئۆرگانی حیزبە دەبێ لەو زمانە کەڵک وەرگرێ کە لە هەموو دونیا سیاسەت و دیپلۆماسی پێدەکرێ.ئەدەبیاتی چاڵەمەیدانی لە لایەک و ڕێتۆریکی مەدح و سەنا و پێهەڵگوتن و یان جوێن و تەوهین و تەحقیر و سوکایەتی پێککردن لە لایەکی دیکەوە، لە کۆنگرەی ١٥ای حیزبی ئێمە ناوەشێنەوە.

وەک لەسەرێ باسمان کرد هەندێک جار حیزب کۆنگرە بۆ ئەوە دەگرێ تا خۆی بۆ ڕووبەڕووبوونەوە لە گەڵ وەزعێکی تازە تەییار و ئامادەبکات.ئیستا ناوچەی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست لە بەردەم وەزعێکی تازەدایە.بەهاری ناوچە دەستی پێکردوە و جارێ هیشتاش هەر لە سەرەتاکانی خۆیدایە.ئەو ئاڵوگۆڕانە دەگەنە ئێران و کوردستانی ئێرانیش.حیزبی ئێمە وەک پاڕامیترێکی جدی لەسەر وەزعی سیاسی ئێران و کوردستان، ئەکتەرێکی گەورە و کاریگەرە.بە جێیە و پێویستیشە حیزب لەو کۆنگرەیەدا هەموو ئەو ئیحتیمالانەی کە ئەگەری هاتنە پێشیان هەیە بخاتە بەرباس خۆی و جوڵانەوەی کوردستانیان بۆ ڕووبەڕووبوونەوە لە گەڵیان ئامادەبکات.بێ گوومان ئەوە لایەنێکی گرنگی کاری کۆنگرەکەمان دەبێ.لەو بارەوە حیزبی دێموکڕات دەبێ هەندێک سیاسەت و بەرنامەی تایبەت داڕێژێ کە شیاوی مەوقعیەتی حیزب بن و حیزب وا تەییارکەن کە بتوانێ لەو دەورە پڕ لە کارەساتەدا کە ئەوەتا لە پێشمان دایە و هەرڕاست پاش کۆنگرە دەست پێدەکا، ڕۆڵی پێشڕەوی خۆی بگێڕێ.

یەکجاری دیکەش ئەوە دەڵێمەوە.چەرخی بیستەممان لەدەست دا.قەرنی بیست و یەکەم نابێ لە دەستبدەین.دیسان ئێران و ناوچە لە بەردەم گەردەلوولی گەورەی ئاڵووگۆری سیاسی دان.ئەوجار کورد دەبێ بەشی خۆی لەو کیکە، کە بەدەستەوەگرتنی مافی دیاریکردنی چارەنوسی خۆیەتی هەم لە ئاستی ناوچەکەدا و هەم لە ئاستی ئێراندا، وەدەست بێنی.بۆیە پێویستە کۆنگرەکەمان جارێکی دیکە لەو وەزعە تازەدا، حیزب و ڕۆڵی حیزب پێناسەکاتەوە، سیاسەتە ئیئتلافیەکانی حیزب هەڵسەنگێنێتەوە.دۆستان و دوژمنانی میللەتی کورد لەو قۆناخەدا بخاتەوە بەر زەرەبین و توانا و ئیمکاناتەکانیان سەرلەنوێ هەڵسەنگێنێتەوە.ڕێبازی سیاسی و ستراتیژیکی حیزب داڕێژێتەوە و حیزب بۆ بەپیروەچونی ڕووداوەکان تەییاربکات.ڕێبەریەک هەڵبژێرێ کە بتوانێ ڕیئاکۆرەکانی ئینێرژیبەخشی نێو تەشکیلاتی خۆی و بزووتنەوە دەکاربکا و قودرەتێکیش بە ڕێبەری بدا کە ببێتە سیاسەتساز و ڕووداوخوڵقێن و دەستپێشخەر و ئیبتیکاربەدەستی نێو مەیدانی سیاسەتی کوردی لە کوردستانی ئێران.

مەبەستێکی دیکە کە وەک وتمان لە مەبەستەکانی بەڕێوەبردنی کۆنگرە بۆ حیزب ئەوەیە کە تێکۆشێ گیروگرفتێک چارەسەرکات کە بۆ حیزب هاتۆتەپێش یا لە سەر ڕێگای تێکۆشانی حیزب کەندوکۆسپی سازکردوون.

لە کەس شاراوەنیە کە حیزبی ئێمە لەگەڵ گیروگرفتێکی لەو چەشنە بەرەوڕوویە.چەندساڵ لەمەوبەر بەشێک لە تێکۆشەرانی حیزب ریزی خۆیان لە تەشکیلاتی حیزب جیاکردوە.دەپێشدا دەبێت ئەوە بلێین کە هەورەبروسکە لە ئاسمانی ساودا ڕوونادا.ئێستا هەموومان و تەنانەت ئەو دۆستانەش تێگەیوین کە دەکرا ئەو کارەساتە ڕوونەدا.هەمووومان گەیشتووینەتە ئەو قەناعەتە کە ئەو کردوەیە زیانی زۆری بە حیزب و بزووتنەوەی میللەتەکان گەیاندوە.هەمووشمان تێگەیوین کە هەرکاممان لە هاتنەگۆڕی ئەو وەزعەدا کەم و زۆر سەهممان هەبووە.ئێستا لەوەش تێگەیوین کە درێژەدان بەو وەزعە بەو جۆرە نەک هەر ئیمکانی نیە، تەنانەت زەرەرێکی گەورە لە حیزب و وەحدەتی تەشکیلاتی حیزب لە درێژخایەندا دەدا و بزووتنەوەش لە گەڵ مەترسی جۆراوجۆر بەرەورووەدەکات.تواناو ئینێرژیەکی زۆرمان بە خونساکردنەوەی یەکتر لە بەردەبا.کۆمەڵانی خەڵکیش لە گەڵ نائومێدی بەرەووروەدەکا.وەختی هاتوە ئەو مەسەلە چارەسەرکرێ.هەم کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان داوای حەرەکەتێکی لەو جۆرە لە حیزب دەکەن و هەم ئێستا بۆتە زەرووورەتیش و بە بێ ئەوکارە و بەبێ هەنگاو هەڵێنانەوە لەو ڕێگایەدا کارمان لەنگدەبێ.لە خۆڕانیە بەرێزو تێکۆشەر کاک مستەفای هیجری سکرتێری گشتی حیزب لە دواوتوێژ لە گەل رووداودا لەو بارەوە دەڵێ چارەسەرنەکردنی ئەو مەسەلەیە و هێشتنەوەی لەوەزیاتری زیانی گەورە و قەرەبوونەکراوەی بە دواوەدەبێ.کەواتە کۆنگرەی ١٥ای حیزب دەبێ بزماری ئاخر لە تابووتی ئەو دووبەرەکیە نەخوازراو و داسەپاوە بە سەر حیزب و تەشکیلاتی حیزبدا بدا.کۆنگرە پێویستە ڕێوشوێن و ڕێگاچارەکانی چارەسەری ئەو ناکۆکیە بدۆزێتەوە و بیان کاتە سیاسەتی عەمەلی و ڕێبەری داهاتووی حیزب موتەعەهد و مولتەزیم بکا تا هەرچی زووتر ئەو کۆسپە لە سەر ڕێگای تێکۆشانی حیزب دا لابا.

وەزعی ناوچەکە و ئیزۆلە بوونی کۆماری ئیسلامی لە ئاستی دونیاداو هەڵکردنی شنەبای ئازادی و دێموکڕاتیزاسیۆن لە ناوچەکەدا، ئەوە لە حیزبی ئێمە دەخوازن کە بۆ شوێندانان لە سەر ڕووداوەکان خۆی تەییاربکات.هەوەڵێن کاریش لەو ڕێگایەدا ئەوەیە کە وەحدەتی تەشکیلاتی بۆ حیزبەکەمان بگێرێنەوە تا حیزب بتوانێ ئەرکەکانی بەرێوەبەرێ.

بالەوەش نەترسین کێ جێگای کێ دەگرێتەوە.خەبات و حیزب و بزووتنەوە پێویستیان بە هەمووومان و سەدان و هەزاران و دەیان هەزار تێکۆشەری دیکە هەیە.ڕاستیەکەی ئەوەیە نەک هەر زۆرنین، زۆریش کەمین و دەبێ بەسەدان و دەیان هەزار کەسی دیکەش لە ریزی ئەو حیزب و خەباتەدا سازماندەین و مۆبیلیزە بکەین.حیزبی دێموکڕات جێگای خەبات و تێکۆشان و مایەلەخۆدانان و فیداکاری و گیانبازیە.هەرکەس بتوانێ و کوڕی مەیدانی خەبات بێ و مایە لە سەروماڵ و گیان و ووجودی خۆی دانێ و لە گەڵ خەبات بڕواتەپێش جێگای شیاوی خۆی هەیە و لە تەشکیلاتدا جێگای شیاوی خۆی دەکاتەوە.لە حیزبی ئێمەدا قاعیدە ئەوەنیە کەس جێگای کەس بگرێتەوە.لە حیزبی مەدا قاعیدە وایە کە هەرکەس جێگای خۆی دەکاتەوە.ئێستا و داهاتووش هەروادەبێت.

کەواتە یەکێک لە گرنگ ترین ئەرکەکانی کۆنگرەی ١٥ ی حیزب بە گوێرەی ڕاسپاردەکانی کۆنفرانسەکانی نێو تەشکیلاتیش چارەسەرکردنی یەکجاری ئەو مەسەلەدەبێت.

ئێمە دێموکڕاتەکانی کوردستانی ئێران لە کاتێکدا کۆنگرەی ١٥ای خۆمان دەگرین کە حیزبەکەمان خەریکە پێدەنێتە حەوتەمین دەهەی تەمەنی خۆی.ئەو تاریخە دوورودرێژە، کە پڕاوپڕە لە قوربانی دان و ڕەنج و فیداکاری و مایەلەخۆدانان و گیانبازی و ڕەنج و تراژیدی، لەلایەک شانازی و ڕووسووری زۆری داوە پێمان و لە لایەکی دیکەش حیزبەکەمان و خۆمانی پوختەکردوە و بە پلەی کەمالی گەیاندووین.مەولەوی دەڵێ ڕەنج و تراژیدی مرۆڤ بە پوختەیی و کەماڵ دەگەیەنن.ئەوە ئیحساسی غروورێکی بەجێمان تێدا پێکدێنی.بەڵام لەلایەکی دیکەشەوە ئەرک و مەسئولیەتێکی گرانمان دەخاتە سەرشان.ئاخر پوختەگی و بە کەماڵ گەیشتن، بەرپرسایەتیش دەگەڵ خۆی دێنێ.هەر بۆیە دەبێ لە ئاستی ئەو بەرپرسایەتیە دابین کە مێژوو خستوویەتیەتە سەرشانمان و وەڵامدەری چاوڕوانیەکانی میللەت لە خۆمان و کۆنگرەکەمان بین.

حیزبی دێموکڕات بە پێی ئەو نەخش و ڕۆڵە گەورە کە لە بزووتنەوەدا هەیبووە و هەیەتی، خەڵکی کوردستان لە هەرهێزێکی سیاسی دیکەی کوردستانی زۆرتر هیواو هومێدی خۆیان پێ بەستووە.ئەو حیزبە بۆتە موڵکی خەڵکی کوردستان و تەجەسومی ئاوات و ئامانجەکانی میللەتی کورد.هەربۆیەشە هێندە جێگای ئیعتیبار و متمانەیە لە نێو میللەتی کورد و بزووتنەوەی

ڕزگاریخوازی گەلانی دیکەی ناوچەکەدا.ئەرکی ئێمە تێکۆشەرانی حیزب و بەتایبەتی ئەندامانی کۆنگرەی ١٥ی حیزب ئەوەیە ئەو ئیعتیبارەی حیزب بپارێزین و بە ڕێگایەکدا هەنگاوهەڵگرین کە حیزبەکەمان هەروا جێگای متمانەو هیواوهومێدی خەڵکی کوردستان بمێنیتەوە.

ئەو ئیعتیبار و جێگای ئومێدبوونە هەروا ئاسان پێکنەهاتووە.نزیکەی حەفتا ساڵ خەبات و قوربانی دان و فیداکاری لە پشتە.دەریایەک خوێن و ئارەق و فرمێسکی لە پشتە.بۆیە زۆر گرنگە ئێمە خۆمان هەڵکێشینە ئاستی ئەو ئیعتیبارە گەورەی حیزبەکەمان و نیشاندەین کە میراتگری بە حەقی ئەو هەموو خوێن و فرمێسکەین.

گەورەترین سەرمایە بۆ هەرهێزێکی سیاسی ئەوەیە کە لە نێو میللەتی خۆیدا جێگای متمانە بێت.هەموو ئەو گیروگرفتە گەورەی ئەمڕۆ ناوچەی ئۆرۆ بەدەستیەوە دەناڵێنی، ئەو قەیرانەی یۆنان و ئیسپانیاو ئیتالیاو پورتوگاڵی گرتۆتەوە، یا ئەو قەیرانە ئابووریەی کە چەندساڵ لەمەوبەر ڕۆژئاوای گرتەوە، لەوەڕا سەرچاوەدەگرن کە خەڵک متمانەیان بە سیستەمەکە کزبوە یا نەماوە.

دووساڵ لەمەوبەر لە کلاسێکدا لە کۆمۆنی ئوسلۆ دەرسی تاریخ و جوگرافیاو سیستەمی سیاسی و ڕەفاهی نۆروێژم بەو پەنابەرە گەورە ساڵانە دەوتەوە کە وەرگیرابوون و دەبوایە بە پێی قانوون پەنجا سەعات بەزمانی خۆیان زانیاریان لەسەر لایەنەجۆراوجۆرەکانی سیستەمی سیاسی و کۆمەڵایەتی نۆروێژ بدرێتێ.ڕۆژێک دەبوایە هەموو کلاسەکەم بەرمە موزەخانەی دەریایی نۆروێژ لە بیگدۆی بۆ ئاشنابوونیان لە گەڵ مێژووی نۆروێژ و تواناکانی میللەتی نۆروێژ لە بواری دەریاوانیدا.هەموو شاگردەکانم ئەفغانی بوون و ٤٥ کەس بووون.لە مەدرەسە وەدەرکەوتین و دەبوایە سواری بووس بین بۆ گەیشتن بە موزەخانەکە.لەو نێوەدا دەبوایە لە هەندێک جادە بپەرینەوە.بۆ پەڕینەوە شوێنی تایبەتی هەیەو بە خەتی خۆی دەستنیشانکراوە و لە هەموو دونیاش تاڕادەیەکی زۆر وەک یەکە.کەچی لەکاتی پەڕینەوەکەدا دیتم بەشێکی زۆر لەو شاگردانەی من ناتوانن بپەڕنەوە و بۆیان زەحمەتە بە خەتە سپیەکاندا بپەڕنەوە.یانی نەیان دەوێرا و پێیان وانەبوو ماشینەکانی نێو ترافیک ڕێگای پەڕینەوەیان دەدەنێ.بە ناچاری وەک پۆلیسی هاتووچۆ دەبوایە ڕاوەستابام تا هەموویان دەپەڕینەوە.دواتر ئەو مەسەلە بوو بە یەکێک لە بابەتەکانی دەرسی ڕۆژی دوایی.لە ئەفغانستان و بە گشتی لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست و وڵاتانی دونیای سێهەمدا، ئەو خەتە سپیانە کە بۆ پەڕینەوەی ڕێبوار دیاری کراون، خاوەن ماشێنەکان لە کردەوەدا وەبەرچاویان ناگرن و هەربۆیە مانایەکیا نیەو خەڵک و ڕێبوارانیش متمانە بەو خەتانە ناکەن.بەڵام لە نۆروێژ ئەو خەتانە مانای قانوونی و ئەخلاقی و سیاسی و کۆمەڵایەتیان هەیە.منداڵان لە باخچەی ساوایانەوەو لە مەدرەسەوە فێردەکرێن کە ئەو تابڵۆ و ڕێوشوێنانە گرنگ و پڕبایەخن و دەبێ وەبەرچاوبگیرێن.هەربۆیە کاتێک وەختی پەڕینەوە و نۆرەی پەڕینەوەیان دێ، لەسەرەخۆو بێ سترێس دەپەڕنەوە و کاریشیان بەوەنیە کە چەندەماشێن لە ترەفیکدا ڕاوەستاون.ئەوان لە حەقی سروشتی خۆیان کەڵک وەردەگرن و متمانەی تەواویشیان بە سیستەمەکە و بە شۆفیرەکان هەیە کە موراعاتیان دەکەن.بەڵام لە ئەفغانستان وانیە.بۆیە خەڵکەکەش متمانە بە سیستەمەکە ناکەن.کەواتە متمانە زۆر زۆر گرنگە و سەرمایەیەکی زۆر گەورەیە.

بەوجۆرە ئەومتمانە گەورەی خەڵک بە حیزبی ئێمەی دەکەن گەورەترین سەرمایەی حیزبەو دەبێ نەک هەربپیارێزین، بەڵکوو دەبێ پێوەشیەوەی زیاد کەین.لەبیرمان نەچێ کە لەو حەفتاساڵەدا بەدەیان هەزار کەس لە تێکۆشەرانی حیزب گیانی خۆیان کردۆتە هەزینەی پێکەوەنانی ئەو سەرمایە گەورە کە ئەمڕۆ لە شکڵی متمانەی خەڵک بە حیزبەکەماندا خۆی دەنوێنێ.

بەو متمانە گەورە کەخەڵک بە حیزبی ئێمەی هەیە، حیزب دەتوانێ ڕێگاو بەرنامەو سیاسەتێک بخاتە پێش پێی بزوتنەوەی میللی دێموکڕاتی کوردستانی ئێران، کە سەرکەوتنی بەدوادابێت.یانی لەو کۆنگرەدا حیزب دەبێ کۆمەڵە سیاسەتێک بگرێتەبەر کە هەموو هێزو کەسایەتیەکانی نێو بزووتنەوە وا کاناڵیزەبکا کە نەک هەر هێزی یەکتر بە هەدەر نەدەن، بەڵکو یەکتر مۆبیلیزەش بکەن.

ئەو ئەرک و تەکلیفە کە مێژووی حیزبی دێموکڕات و حەفتاساڵ خەبات و تێکۆشانی بەردەوام و ئەو مەوقعیەتە کە حیزب هەیەتی، خستوویەتیە سەشانی حیزب و تێکۆشەرانی حیزب و ڕێبەرایەتی حیزب، بە هیچ جۆر سادە و ئاسان و سووک نیە.قورسایی و سەنگینی ئەو تاریخە دورودرێژ و پڕ لە شانازی و فیداکاریە، ئازادیی ڕەفتار لە حیزب و ڕێبەرایەتی حیزب دەستێنێ.یانی ئەو بەرپرسایەتیەی لە سەر شانی حیزب و ڕێبەرایەتیەکەیەتی، لە قورسایی تاریخی ناشادی حیزبیش بەسەر شانی حیزبەوە قورسترە.تێپەڕین بەو ڕێگایەدا وەک پەرینەوە بە سەرپردی سیراتێدایە کە دەڵێن لە ئەڵماسی تیژترو لە موش باریکترە.ڕێگای دێموکڕاتیش ئاوایە.پڕە لە شانازی بەڵام پڕخەتەر و کارەساتیشە.

با تێکۆشین کۆنگرەی پازدە بە جۆرێک حیزب بازسازیکاتەوە، بەجۆرێک حیزب سازماندداتەوە، بە جۆرێک حیزب تەییارکاتەوە، بە جۆرێک حیزب ڕێکخاتەوە، کە توانای بەڕێوەبردنی ئەو ئەرکانەی هەبێت کە مێژوو خستوونیەتە سەرشانی.با تێکۆشین کۆنگرەی ١٥ی حیزب بە جۆرێک حیزب تەییاربکات کە بتوانێ هەم توانای ڕەقابەتی لە مەیدانەکەدا هەبێت و هەم توانای هاوکاریش لە گەڵ هێزەسیاسیەکانی دیکەی نێو گۆرەپانەکە.ئەگەر حیزب بتوانێ بە ڕێگای خێری گشتیدا توانای موساڵەحەو و هاوڕایی لە خۆیدا پەروەردەبکا، ئەگەر حیزبی ئێمە بتوانێ لەو کارەدا سەرکەوتووبێت، ئەوە ئەو هەموو سەرمایە ئینسانی و مادی و مەعنەویەی میللەت لەو حەفتاساڵەدا لە حیزبیدا هەزینەکردوە، خێری داوەتەوە.

بۆیە پێویستە حیزبەکەمان لەگەڵ پێداویستیەکانی سەردەم و زەروورەتەکانی سەررێگای خەبات هاو ئاهەنگ کەین.ئەوانەی ماڵیان سپی و ڕەنگ دەکەنەوە دەزانن کە کاتێک ئینسان ژووری نوستن و ئاشپەزخانە ڕەنگدەکاتەوە، زوو تێدەگا کە پێویستە هاڵی دانیشتنەکەش ڕەنگ کاتەوە، دەنا زۆر ناحەز دەنوێنێ.کاتێک هەموو ژوورەکانیشی ڕەنگ کردنەوە تێدەگا کە پێویستە مۆبڵەکانیش بگۆڕێ یا شێوەی دانانیان بگۆڕێ.

ئێمە هەروەک ڕابردوو دەبێت حیزبی هەرەگەورە و پڕ قودرەتی کوردستانی ئێران بین.ئەو گەورەیی و قودرەتەی ئێمە لەوەڕا دێ کە لەو سەردەمە تازەشدا، دڵ و بیری خەڵکی کوردستان داگیرکەینەوە.زۆربەی هەرە زۆری خەڵکی کوردستان ئێستا لاون و تەوەقوعاتی نوێ یان لە حیزبی ئێمە هەیە و نایانەوێت سیاسەتە دیمۆدەبوەکانی ڕابردویان بۆ بەستەبەندی کەینەوە.ئەوان شتی تازەیان لە حیزبی خۆیان دەوێت.نوێبوونەوەی هەموو لایەنە.نوێبوونەوە لە تەشیلاتدا، لە ڕاگەیاندندا، لەڕێتۆریکدا، لە دیپلۆماسی دا، لەمیتۆدو شێوەکانی خەباتدا، لە کاری حیزبی و حیزبایەتیدا، لە ڕەقابەت و موخالەفەت و هاوڕایی و موساڵەحەدا، تەنانەت لە شەر و ململانێ و بەربەرکانیشدا.بە کورتی نوێبوونەوە لە فەرهەنگ و کولتوری حیزبایەتیدا.

ئەگەر بتوانین لەو کۆنگرەیەدا بەوڕێگایەدا هەنگاو هەڵگرین، ئەوە شوێنی حیزبی خۆمانمان لە نێو کۆمەڵگای کوردستانی ئێراندا جارێکی دیکەش لەو سەردەمە تازەدا تەسبیت و قایم

کردۆتەوە.حیزبی دێموکرات هەم دەبێت میللی و جەماوەری وەمێنی و هەم دەبێت حیزبێکی خەباتگێڕیش بێت.بۆ خەبات گێڕبوون دیسپلین و سترەکتور و چوارچێوە و ئینزبات پێویستە. نابێت وەحدەتی حیزب و دیسپلینی حیزبی بکەینە قوربانی جەماوەی بوونی حیزب.نابێ میللی بوونی حیزب و جەماوەری بوونی حیزبیش بکەینە قوربانی ئینزباتی حیزبی.ڕاگرتنی ئەو باڵانسەیە کە حیزبی دێموکڕات، دێموکرات و جەماوەی و میللی وخەباتگێر دێڵێتەوە.لە خۆڕانیە دەڵێن ڕێی دێموکرات وەک پردی سیراتێ وایە.

ڕێکەوتی : ١٠ی سیپتامبری ٢٠١٢

## با ڕووحی بەرزی شەرەفکەندی ..ئاسمانی فەزای کۆنگرەی ١٥ی حیزبی دێموکڕات داگیربکات



سپتامبری داهاتوو ٢٠ ساڵ بەسەر شەهیدبوونی کاک دوکتۆرسەعید، سکرتێری پێشووی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران و کاک فەتاحی عەبدولی و کاک همایۆنی ئەردەڵاندا تێدەپەڕێ .ڕێکخراوەکانی حیزب لە دەرەوە و نێوخۆی کوردستان، لەبەردان ئەمسال ساڵرۆژی شەهیدبوونی کاک سەعیدو هاورێکانی، بۆ پێشاندانی حزوری سیاسی و جەماوەری حیزب لە مەیدانی خەبات دا، بکەنە خۆنیشاندانێکی سیاسی و تەشکیلاتیی گەورە.لەوپێوەندیەدا پێشنیار دەکەم هەموو لایەک تێکۆشین ساڵرۆژی شەهیدبوونی دوکتۆر شەرەفکەندی و هاورێکانی، بکەینە ڕۆژی نیشاندانی ڕێککەوتنی نەتەوەیی و تەفاهومی میللی و وەحدەتی میللی، ڕۆژی ڕووخاندنی دیوارەکانی نێوانمان.

دوو تایبەتمەندی گەورە لە کاک سەعید دا بەرجەستە بوون.یەکەم ئەوە کە سیاسەت بۆ کاک سەعید کوردایەتی بوو.یانی پێوانەی هەرکارێکی سیاسی و خەباتگێرانە لە کوردستاندا ئەوەبوو کە تا چەندە لە خزمەت ڕزگاری کورد و کوردستان دایە.دووهەمیش ئەوە کە ناوبراو بەراستی پێشمەرگەیەکی فیداکارو گیان لەسەردەستی شۆڕش و بزووتنەوە بوو.لە پێشدا پێشمەرگەبوو جا دوایە ببوە ڕێبەر و سکرتێر.هیچی لە شۆڕش نەدەویست و هەموو تواناو لێوەشاوەیەکانی خۆشی هێنابوونە خزمەت شۆڕش.بۆیە بە جێ یە ڕووحی شەرەفکەندی بەبەر جەستەی شۆڕش و حیزب و خەباتدا کەینەوە.لەو وەزعەدژوارەدا کە تێیداین دەبێ هانا بۆ ڕووحی بەرزی شەرەفکەندی بەرین بە هاوارمانەوە بێت.

پڕۆژەی سیاسی حیزبی دێموکڕات، ئەو پڕۆژەیە کە شەرەفکەندی و قاسملوو و دەیان هەزار شەهیدی دیکەی میللەتەکەمان گیانیان لە پێناویدا بەخشی، بۆتە پڕۆژەی سیاسیی بۆ هەموو میللەتی کورد.خەڵکی کورستان بە هەموو چین و توێژەکانیەوە، بەرنامەی حیزب بە بەرنامەی داخوازە میللی و دێموکڕاتیەکانی خۆیان دەزانن و کاری بۆدەکەن.

ڕووداوەکان ئەوە دەردەخەن کە بزووتنەوەی کورد لە کوردستانی ئێران خەریکە دەکەوێتە قۆناخێکی تازە.قۆناخی بەرین بوونەوەی زیاتر و بە جەماوەری بوونی خەبات.قۆناخێک کە حیزبی دێموکڕات دەیەوێ هەموو هێزو و توانای خۆی و خەڵک و هێزەکانی دیکەی نێو بزووتنەوەش بۆ هەرچی باشتر سازماندان و ڕێبەری کردنی مۆبیلیزە بکا.بەڵام ئەوکارە تەنیا ئەو کاتە ئیمکانی هەیە کە هەموو هێزەسیاسی و کەسایەتیە سیاسیەکانی نێو بزووتنەوە، ئازایەتی ئەوەیان هەبێت، زەنجیری تەعەسوب و دەمارگرژی سیاسی و حیزبی و ئیدەئۆلۆژیک لە دەست و پێی بیری سیاسی و ڕەفتاری سیاسی خۆیان بکەنەوە و شایستەگی و پوختەبوونی سیاسی و فەرهەنگی لە خۆیان نیشاندەن.لەو نێوەدا ڕۆڵی حیزبی دێموکرات دەبێت ڕۆڵێکی بنەڕەتی بێت و ببێتە هەوێنی شکلگرتن و بردنە پێشی ئەو پرۆسەیە.

بەو پێ یە دەردەکەوێ کە کاری هەرە گەورەی کۆنگرەی ١٥ی حیزبەکەمان ئەوەیە کە تەشکیلاتی حیزب لە نێوخۆ و دەرەوە بۆ وەڵام دانەوە بەو ئەرکانە ئامادە بکا کە لەوبارەوە دەکەونە سەر شانی حیزب.لەوەش زیاتر چاوەدێرە سیاسیەکان پێ یان وایە کە یەکێک لە ئەرکە هەرە گرنگەکانی کۆنگرە ئەوە دەبێ کە کۆمەڵە سیاسەتێک دارێژێ کە حیزبی دێموکڕات بە جۆرێک تەییار بکەن کە بتوانێ ئیبتیکاری پێکهێنانی هاوئاهەنگی و هاوکاریەکی نزیکتر لە نێوان هێز و لایەن و کەسایەتیە سیاسیەکانی نێو بزووتنەوە دا بەدەستەوە بگرێ و ببێتە پردی متمانەی نێوانیان.

ئێستا هەموو خەڵکی کوردستان چاوەڕێی ئاکامەکانی کۆنگرەن.چاوەڕوانیان ئەوەیە لە پەنجەرەکانی سالۆنی کۆنگرەڕا شەماڵی سالمسازی لە پۆلیتیکی کوردی یانی سیاسەتی کوردی لە کوردستانی ئیران بەسەر هەموو کوردستان دا بڵاوبیتەوە.ئەوان چاوەڕوانیان ئەوەیە کە تێکۆشەرانی حیزب بە هەست کردن بەو بەرپرسایەتیە گەورە کە لەسەر شانیانە، لە کۆنگرەدا لە عەقڵی دەستەجەمعی و فەزیلەتی سیاسی کەڵکوەرگرن و حیزبی دێموکڕات مەنزڵێکی دیکەش، بە ڕێگای دوور و درێژی خەبات بۆ ئازادی و دێموکراسی و مافە نەتەوایەتیەکانی خەڵکی کوردستاندا، بە ڕێگای خزمەتکردن بە ئامانجەبەرزەکانی بزووتنەوەی کوردستاندا، بەرەو پێش بەرن.

دەزانین کە بەبێ ڕێزگرتن لەو بایەخ و نرخانە، لەو بایەخ و نەریتە بەرزانە کە بوونەتە ناسنامەی حیزبی دێموکڕات و حیزبی دێموکڕاتیان گەیاندۆتە ئێرە و لەو ڕێگا دوورو درێژەدا چرای ڕێ نیشادەرمان بوون، لە هەمان کاتیشدا بە بێ بە خۆداچوونەوە و خۆ هەڵسەنگاندنەوەی خۆمان و سیاسەت و تاکتیکەکانمان، ناتوانین لە داهاتوودا بڕۆینە پێش و خۆمان و حیزبەکامان بەرینە ئاستی ئەوقۆناخە کە لە پێشمانە .قۆناخێک کە مەیدانی شەڕە گەورەو و یەکجاریەکەیە.چەرخی بیستەممان بێ دەستکەوت لە دەستدا، قەڕنی بیست و یەکەم نابێ لە دەستبدەین و ئەو قەڕنە مەیدانی زەمانیی شەڕی هەرەگەورەی کوردە.دەبێ خۆمان و میللەتەکەمان بۆ ئەو شەڕەگەورە هەموو لایەنە ئامادەبکەین.جارێکی دیکە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست وەک سەرەتا و نێوەڕاستی چەرخی بیستەم کەوتۆتە بەر گەردەلوول.ئیدی ئەوجار لەوەدەرفەتەدا کورد دەبێ بەشی خۆی لەو کیکە هەڵگرێ .ناوچەکە لەبەردەم وەزعێکی لەو جۆرەدایە.

ئەوەش وەختێک دەتوانین بکەین کە پێش هەرشتێک وەفاداری و ئەمەگناسی خۆمان بەرامبەر بە نەسلەکانی پێشوتری حیزب و بزووتنەوە نیشاندەین.سەری ڕێز و کڕنۆش بۆ زەحمەت و ماندوو بوون و تێکۆشان و خەباتی ئەوان دانوێنین .ئەوانەی وجودی خۆیان، سەروەت وسامانی خۆیان، بیر و هێزو تەمەنی خۆیان بۆ بەرزکردنەوە و ڕاگرتن و بەرەوپێشبردنی ئاڵای خەباتی حیزب و نەتەوەکەمان ڕاگرتوە.ئەوانەی لەو حیزبەدا شەهید بوون، هەر لە پێشەوای سەرقافڵەی شەهیدانمانەوە تا باقی شەهیدانی سەردەمی کۆمار، شەهیدانی قۆناخەکانی دواتری هێرشی ساواک بۆ سەر تەشکیلاتەکانی حیزب، شەهیدانی بزووتنەوەی ساڵەکانی ۴۶ و ۴۷، شەهیدانی خۆپێشانەکانی سەرەتاکانی شۆڕش و بەربەرەکانی قارەمانانەی شەڕی سێ

مانگە، شەهیدانی شەڕی داسەپاوی کۆماری ئیسلامی بەسەر خەڵکی کوردستان و حیزب و بزووتنەوەکەماندا، شەهیدانی هێزی پێشمەرگەی کوردستان و هێزیی بەرگریی میللی و کۆمەڵانی خەڵکی بێ دیفاعی کوردستان،
شەهیدانی نێو زیندانەکانی کۆنەپەرستی و شەهیدانی ماشێنی تیرۆر ی ڕێژیم لە کوردستانی عێراق، تورکیە و لە وڵاتانی دیکە.لەوەش زیاتر پێویستە وەفاو ئەمگناسی خۆمان بەرامبەر بە هەموو ئەندامان و لایەنگران و تێکۆشەرانی حیزب دەربڕین کە لەو ڕێگا پیرۆزە دا زەحمەتیان کێشاوە، ئەوانەی کەم ئەندام بوون، ئەوانەی ئازیزانیان لە دەستداون و ئەوانەی کە پشتیوانیان لە حیزب و تێکۆشەرانی حیزب و بنەماڵەکانیان کردوە.
بەڵێ لەسایەی ئەو فیداکاری وگیانبازیانەیە کە حیزبی ئێمە و خەباتی میللەتی ئێمە گەیشتۆتە ئێرە و بوونەتە جێگای هیوا و هومێد .حیزبییەکی تەشکیلاتی و دڵسۆز، ئەگەر وەفاو ئەمەگی بەرامبەر ئەو بەها بەرزانە و ئەو نەریتە خەباتگێڕانەیەیی حیزب نەبێت و ئەو وەفایەش لە کردار و ڕەفتاردا نیشان نەدا، ناتوانێ ئەو کاروانە بەرێتە پێش، یا کۆمەگ بە بردنە پێشی ئەو خەباتە بکات یا دەتوانین بڵێین کە ناتوانێ لە گەڵ ئەو کاروانە بڕواتە پێش و لەو شەڕە گەورەدا کە لە پێشماندایە پێشمەرگەبێت.
ئێستا کە حیزبەکەمان بەرەو کۆنگرەی ١٥ ی خۆی دەچێ، ئامانجەکانمان، لە جەوهەری خۆیاندا هەرئەو ئامانجانەن کە لە ڕۆژەکانی سەرەتای دامەزرانی حیزبدا ئامانجمان بوون.واتە دابین کردنی مافە نەتەوایەتیەکانی میللەتی کورد، ئازادی و دیموکڕاسی و عەداڵەتی کۆمەلایەتی و ڕەفاە و سەعادەت و بەختەوەری بۆ ڕۆڵەکانی کوردستان.ئەوەتا ئەمڕۆش پاش بڕینی ئەو ڕێگا دوور و درێژە، پاش ئەو هەموو چونەپێش و سەرکەوتن و تێشکان و کەوتن و هەستانەوەیە، هەروا ئاڵای خەبات بۆ ئازادی و مافە نەتەوایەتیەکانی میللەتی کورد لە کوردستانی ئێران بەدەست حیزبەکەمانەوە دەشەکێتەوە و لە گەڵ خۆماندا بەرەوپێشی دەبەین.
ئێمە ناتوانین لە هەڵسەنگاندنەوەی ئەو ڕێگا دوورودرێژە کە بڕیومانە خۆ ببوێرین.ئاخر ئێمە عەزممان جەزم کردوە کە بڕۆینە پێش و ئەو خەباتە بگەیەنینە ترۆپکی ڕزگاری.ئێمە دەمانەوێت پێشڕەوی بکەین و ناما نەوێت لە جێگای خۆمان بوەستین، یا هەر بەو یا بەم شکڵ و شێوەی خەباتەوە بنوسێین.ئێمە نیشانمانداوە کە چەندە لە سەر ئامانج و پرنسیپە ستراتیژیەکانمان شێلگیر و سوورین، ئەوەندەش لە دۆزینەوە و ڕەچاو کردن و بەکارهێنانی میتۆدو ڕێگای جۆراو جۆر بۆ کار و خەبات بۆ گەیشتن بەوان، لێوەشاوەین.
مێژووی خەبات و تێکۆشانی حیزبی دێموکڕات و تێکۆشەرانی دێموکڕات بەشێکی گەورەی مێژووی هاوچەرخی میللەتەکەمانە و لە یەکتر جیا نا کرێنەوە.ئێستا کە دەمانەوێ نەریتی خەباتگێڕانەی حیزبەکەمان بۆ نەوەکانی ئەمڕۆ و سبەی کوردستان بگوێزینەوە، لەو خەباتەدا لەکوردستان دا بە تەنیا نین و هەموو خەڵکی کوردستان پشتیوانمانە.لەو ڕێگایەدا ئێمە هەموو ئەو هێز و حیزب و کۆڕوکۆمەڵ و کەسایەتیانە بە هاوڕێ و هاوخەبات دەزانین کە بۆ ئازادی و دێموکڕاسی و مافە نەتەوایەتیەکانی گەلی کورد خەبات دەکەن.ڕێککەوتنی دوو قۆڵی نێوان کۆمەڵەو حیزبیش کە دوو جەمسەری موتەزادی سیاسەتی کوردن لە کوردستانی ئێراندا، دەبێ لەو گۆشەنیگایەوە تەماشای بکرێت.ئەوە سەرەتای شکڵگرتنی نیهادینە بوون و جێگرتنی دێموکڕاسی و پلۆڕالیزمی سیاسی لە کۆمەڵگای ئێمەدایە.بەڵام دەبێ کار بکەین ئەوە گەورە و بەرین و قوڵ بێتەوە و بزووتنەوەی کورد بەهێزتر و هاوئاهەنگتر و چاپوک تر بکات.بۆ ئەوەش شەرتی ئەساسی ئەوەیە حیزبی دێموکڕات لە پێشدا ڕیزەکانی خۆی پتەوبکات تابتوانێ لە عۆدەی ئەرکە نەتەوەیی و نیشتمانیەکانی بێتە دەر.ئێمە قەت ئارەزوومان ئەوەنیە کە حیزبی تاقانەی گۆرەپانەکەبین، بەڵام تێکۆشاوین و لە داهاتوشدا تێدەکۆشین کاریگەرترین و بە هیزترین هێزی سیاسی کوردستان بین و تەشکیلاتی خۆشمان بۆ گێرانی ئەورۆڵە ئامادەدەکەین.
بۆیە ئێمە نووینەرانی کۆنگرە بەرعۆدەبووین لە و کۆنگرەیەی حیزبەکەماندا، هەموو تواناو ئیمکاناتی خۆمان بۆ یەکخستن و هاوئاهەنکردنی هێز و ئینێرژیەکانی نێو بزووتنەوەی کوردستان دەکارکەین و بەربەست و کۆسپەکانی سەر ڕێگای چوونەپێشی ئەو زەرورەتە تەخت کەین.
چاک تێگەیوین کە بۆ بەرین کردنەوەی خەبات بەدژی ئیستبدادی ڕەشی دینی و سەرکوت و زەبروزەنگی کۆماری ئیسلامی لە کوردستان، بۆ بە جەماوەری کردنی خەباتی کۆمەڵانی خەڵک، مەرجی هەرە سەرەکی ئەوەیە کە هێزەکانی نێو بزووتنەوەی کوردستان یەکخەین.
ئەوەش بەوە دەکرێ کە تێکۆشین لەسەر پلاتفۆڕمێکی میللی ڕێکەوین.ئاستی هاوکاری و هاوئاهەنگی لە گەڵ یەکتر بەرینە سەرتر.ئەگەر لە جێ یەک ئیمکانی یەکگرتنی تەشکیلاتی هەیە کاری بۆبکەین.ئەگەر لە جێ یەک دەتوانین لە سەر بەرنامەیەکی هاوبەش ڕێککەوین درێخی لێ نەکەین.پێشمەرجی کار بۆ ئەو مەسەلەش بریتیە لە سالمسازی لە فەزای سیاسەتی کوردستان داو سازکردنی زەمینە و فەزا بۆ لێکحاڵی بوون و لێک تێگەیشتنی هێزو لایەنە سیاسیەکانی کوردستان و بردنەپێشی دیالۆگێکی میللی و نیشتیمانی.
کۆنگرەی ١٥ حیزب، بە هەنگاو هەڵێنانەوە لەو ڕێگایەدا، دەیەوێت هەم خۆی پێناسەبکا و هەم زەمینەی بە جەماوەری کردنی خەبات پتر پێک بێنێ.
ئێمە قاڵبووی مەیدانی خەبات وتێکۆشانین .هیچ هێزێک ناتوانێ ئیرادەی حیزبی ئێمە بۆ درێژەدانی خەبات و بەربەرەکانی و ڕێبەری کردنی خەباتی خەڵکی کورستان تێک بشکێنێ.بەو بڕوا و متمانە بەخۆبوونەوە و بە لەمەیدانی خەباتدا بوون خۆمان و حیزبەکەمان گەیشتوینەتە ئێرەو زیندو ماوین و زیندوش دەمێنین.هیچ شتێک ناتوانێ حیزبی دێموکرات لە ڕێگای ئەسڵی خۆی کە ڕێگای خزمەت بە ئامانجەبەرزەکانی خەڵکی کوردستانە لادا.لە داهاتووش دا هەروادەبێت.ئەو ئیبتکارە سیاسیانەی حیزبی ئێمە لەو چەند مانگەی دواییدا بەدەستیەوە گرتوون و لە خۆی نیشانداون، ئەگەر لە پێرسپێکتیڤێکی ڕوونەوە لێیان بڕوانین و و بە عەینەکی ڕەش تەماشایان نەکەین، خەبەر لەوە دەدەن کە ئەو قەزاوەتەی کە لە مێژە دەیڵێین کە لە هیچ هەلومەرجیکدا قەت لە خۆمان و لە ڕێبەری حیزبەکەمان نابێ نائومێدبین، قەزاوەتێکی درووستە.ئاخر تەشکیلاتی حیزبی دێموکرات زەراتخانەیەکی گەورەو لەبن ناهاتووی بزووتنەوەی کوردستانەو ڕیئاکتۆریکی بەرهەمهێنانی ئینرژی خەبات گێڕانەیە کە قەت لە کار ناکەوێ.کۆنگرەی ١٥ حیزب تەشکیلات و ڕێبەری حیزب بۆ کەڵک وەرگرتن و دەکارکردنی ئەو ڕیئاکتۆرە و ئەو زەڕادخانە گەورەیە بە پێداویستیەکانی موهەندیسی سەردەم ئابدەیت دەکاتەوە.
بۆیە دڵنیام رووحی بەرزی شەرەفکەندی فەزای ساڵۆنی کۆگرەکەمان داگیردەکا و جارێکی دیکەش دەمانباتەوە قوتابخانەی کوردایەتی و فێرگەی خەباتی پێشمەرگایەتی.کەس لە فێربوون بێ نیازنیە تا ئێمە لێی بی نیازبین.چوونە قوتابخانە و فێربوون هەمیشە شتێکی باشە و پێویستە و ڕەمزی چوونەپێش و گەشەکردنیشە.

ڕێکەوتی : ٣ی سیپتامبری ٢٠١٢

## له سالڕۆژی دامەزرانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران,

حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە نێو حیزب وڕێکخراوە ، کوردستانی ، ئێرانی، ناوچەیی ونێونەتەوەییەکاندا پرستیژی بەرزی خۆی هەیە. حیزبێکە لە قوڵایی واقعیەتە سیاسی، ئابووری وکۆمەڵایەتیەکانی کوردستانی ئێران و ئەو هەلو مەرجەوە وە سەری هەڵداوە کە کوردستان و کوردی تێدایە. جگە لە میللەتی کورد هێزو تواناو ئیلهام لە هیچ شوێنێکی دیکە وەرناگرێت. پتر لە شەش دەیەیە لە مەیدانی خەباتدا ، ئاڵای داخوازە نەتەوایەتیەکانی میللەتی کورد ودێمۆکراسی خوازیی لە ئێران دا بەرزو شەکاوە ڕاگرتوە. سەرەڕایی ئەو هەموو هێرش و پەلامارەی لە لایەن کۆنەپەرستی فەرمانڕەواو و دوژمنانی نەتەوەکەمان کراونەتەسەری ، هەروا بەهێز وقایم لە مەیداندا ماوەتەوە ودەڕواتە پێش.

حیزبێکە توانای مانەوەو چوونە پێشی هەیە. لە قەیرانەکاندا بە هێزتر دێتە دەرو لە کورەی خەبات و بەربەرەکانی دا قاڵبۆتەوە. توانای خۆ نوێکردنەوەی و بەخۆداچونەوەی هەیە و تا دێ پتر گەشەدەکا. حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران حیزبێکە هەم لەباری سیاسی وفیکریەوە وهەم لەباری تەشکیلاتی و پێگەی کۆمەڵایەتیەوە گەورەیەو بە ئاسانیش خۆی لە گەڵ هەل ومەرجە تازەکان ڕێکدەخات. حیزبێکە خەبات وتێکۆشانەکەی لە خەبات وتێکۆشانی ئەم شەش دەیەی دوایی میللەتی کورد لە کوردستانی ئێران بۆ ئازادی و مافی نەتەوایەتی و لە خەباتی میللەتانی ئێران بۆ ئازادی ودێموکراسی جیاناکرێتەوە. خاوەنی ڕابردوو و مێژوویی خەباتگێڕانەیە. هەر لەو کاتەدا کە مێژوو بۆ خۆی داناتاشێ، قەت حاشاش لە ڕابردووی خۆی ناکات. ئەگەر بە مێژووی خەباتگێرانەی خۆی شانازی دەکات ، لەو شوێنەی کە پێویستە لە مێژووی خۆی دەرس وەردەگرێ.

حیزبی دێموکڕاتی کوردستانی ئێران هیچ پێویستی بە خۆتەوجیە کردن نیە. حیزبێکی کراوە، گەلی ودێموکراتیک و جەماوەریە و هیچ سیاسەت وبەرنامە و تاکتیکێکی شاراوە لە میللەت و بیروڕای گشی نیە. ڕابردوویەکی پڕ لە ئەزموونی هەیە، بەڵام ئەم ڕابردوە نە بۆتە کۆڵەبارێکی گەورە بەسەرشانیەوە کە نەیەڵێ هەنگاو بۆ پێشەوە باوێت. ڕابردوو بۆ حیزبی دێموکرات تەنیا بریتە لە سەرچاوەی دەرس لێوەرگرتن و ئیلهام، نەک مانەوە و چەقبەستن لە نێویدا.

حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران ، حیزبێکە کە خەباتی خۆی بە هەڵسەنگاندن و ڕەخنە گرتن لە وەزعی سیاسی ئێران و مەوقعیەتی سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتی میللەتی کورد دەست پێکردوە. حیزبێکە بڵند پەروازە و بۆ ڕزگاری میللەتی کورد لە کوردستانی ئێران ، بۆ دێموکراتیزەکردنی دەستەڵای سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتی لە ئێران و لە کوردستانی ئێران ، بۆ سەقامگیرکردنی ئازادی و پلۆڕالیزمی سیاسی و فەرهەنگی، و بۆ دابینکردنی مافەکانی مرۆڤ و لە نێو بردنی بێ عەداڵەتی، بۆ پێشکەوتن و پەرەسەندنی هەموو لایەنە و دامەزراندنی کۆمەڵگایەکی مەدەنی و دێموکراتیک و سەقامگیرکردنی بایەخەکانی سۆسیال دێموکراسی خەبات دەکات. دەیەوێ لە باری سیاسیەوە کۆمەلگای ئێران کوردستان سەرلە نوێ سازمان داتەوە و فەرگەنگ و کولتووری دێموکراتیک لە پێوەندیە کۆمەڵایەتی و سیاسیەکاندا جێگرتووبکات.

حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران حیزبێکی جیدیەو بۆ وەدەستهێنانی دەستەڵاتی سیاسی ، چ بەتەنیاو چ بە هاوبەشی لە گەڵ هێزە دێموکراتەکانی دیکەی کوردستان ، هەوڵدەدا. حیزبی دێمۆکراتی کوردستانی ئێران ، بە چاوگێران بە وەزعی سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتی کورستان و مەوقعیەتی سیاسی میللەتی کورد لە کوردستانی ئێران دا ، بۆی دەرکەوتوە کە هیچیدی ئەم وەزعە نابێ قبووڵ بکرێ و دەبێ بگۆردرێ. ئەوەش قەتاری حیزبی خستۆتە سەر ڕێگایەکی ئاسنی ئەوتۆکە نایەڵی بترازێ و بە لا ڕێدابڕوا. ڕێگای سڕینەوەی ستەمی نەتەوایەتی و رزگاری و دابین کردنی مافی دیاریکردنی چارەنوس بۆ میللەتی کورد و ئازادی و دێموکراسی لە ئێران.

حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران کە خەبات بۆ ئازادی و دێموکراسی و مافە نەتەوایەتیەکانی کورد دەکا، دەبێ خۆی و میللەتی خۆی، کەمووکوریەکانی خۆی ، لایەنە لاوازەکانی خۆی و فەرهەنگی سیاسی کوردستان وئێران بناسێ و قامکیان لەسەر دانێ. چارەمان نیە جیا لەوەی کە هەڵەو کەمووکوڕیەکانمان دەستنیشان کەین و لە دووبارەکردنەوەیان خۆببوێرین. ئێمە دەمانەوێ دەستەڵاتی سیاسی بەدەستەوە بگرین ، بە ڵام لە هیچ کاتێکدا ئەوە لەبیر ناکەین کە ئامانجی هەرە بەرزی ئێمە لە کاری سیاسی بریتیە لە خێری گشتی.

حیزبی ئێمە دەستەڵاتی سیاسی بۆ ئەوە دەوێ تا بەرنامەی سیاسی خۆی پێ پیادەبکات. بەرنامەیەک کە بریتیە لە پرۆژەی سڕینەوە و لە نێوبردنی ستەمی نەتەوایەتی ، دابین کردنی دێموکراسی و سەقامگیرکردنی ڕەفاە و عەداڵەتی کۆمەڵایەتی. لە بارودۆخێکی ئاوادا پێویستیمان بە ئازایەتی ئەخلاقی بۆ دیفاعکردن لە بەرنامەی سیاسیمان خۆمان هەیە. پێویستیمان بە ڕووحیەی خەباتگێڕانە لە مەیدانی خەبات دا هەیە. هەربۆیە دەبێ هەمیشە تێکۆشین ڕەفتار و کردارمان لە گەڵ سیاسەت و قسەو دروشمەکانمان بێنەوە.

پێویستە لەسەر ئوسوڵەکان پێداگرین و سەرمایەی ئەخلاقی خۆمان لە خەباتدا ڕۆژبەڕۆژ دەولەمەندتر کەین.

ئێمە لە دەربڕین و ڕاگەیاندنی سیاسەتەکانی خۆماندا هەمیشە خاوەنی ئازایەتی بووین. فەرهەنگی سیاسی ئێمە ئەوەبوەو ئەوەیە کە جیا لە قازانجەکانی میللەتی کورد و بزووتنەوی سەرانسەریی میللەتانی ئێران وبایەخە ئینسانی وپەسندکراوە نێونەتەوەیەکان ، هیچ شتێکی دیکە لە خەبات وسیاسەتدا، خەت ونیشانی بۆ ئێمە دیاری نەکردوون. ئەوەش بۆتە دەستمایەی گەورەی سیاسی بۆمان و ئیعتیبارێکی گەورەی بۆ ئێمە لە نێو میللەتی کوردا بۆ حیزبی ئێمە دەستەبەرکردوە. لە خۆڕانیە کە لە ستراتیژیماندا شێلگیرو لە ئاشتی نە هاتووین و لە تاکتیکەکانماندا ، تواناو لێوەشاویی زۆر بۆ خۆ گونجاندن لە خۆ نیشاندە دەین. هوشیاری و دووربینی سیاسی تایبەتمەندیەکی سەرەکی سیاسە ت و هەڵوێستە کانمان بوەو هەیە..، بەشێکی بەرچاوی کاری فەرهەنگی وخەباتی فەرهەنگیمان لە نێوخۆماندا دەبەینە پێش. هەمیشە نیگەرانی سڵامەتی خۆمان و ڕیزەکانی تەشکیلاتی خۆمان بووین.

ئاخر ئەگەر حیزبی ئێمە قسەوکردەوەی لە گەڵ یەک نەیەنەوە، قەت شایانی ئەو هەموو ڕێزو پرستیژەنیە کە لە نێو خەلکی کوردستاندا هەیەتی. لەوەش زیاتر شایانی ئەوەنیە دەستەڵاتی سیاسی بەدەستەوە بگرێت. ئەخلاق شوێنێکی گرینگی لە حیزبی ئێمەدا هەیە. ئێمە لەوە کە ئەخلاق لە سیاسەتەکانماندا بە هێند دەگرین قەت زیانمان نەکردوە. بایەخدان بە بەها ئەخلاقیەکان ، حیزب و تەشکیلاتی حیزب بەهێزدەکەن. بایەخی ئینسانی مرۆڤەکان بۆ حیزبی ئێمە لە سەروی هەر شتێکی دیکەوەیە. هەرگیز تووشی دوگماتیزمی حیزبی نە بووینەو بە چاوی دوژمن تەماشای موخالیفانی خۆمانمان نەکردوە. ئەوە بۆتە ئەسڵێکی گرنگی هەڵوێستە سیاسیەکانمان کە دەڵێین هەرکەس دوژمنایەتیمان نەکات دۆستمانە، نەک هەرکەس دۆستایەتیمان نەکات دوژمنمانە. لە نێو ڕیزەکانی تەشکیلاتماندا فەزایەکی کراوە و دێموکراتیک بۆ باس و دیالۆگ و مناقەشەی سیاسی و فکری و نەزەری هەیە. گومانی تێدانیە کە

لەنێوماندا ململانێ ی سیاسی و تەنانەت خسوسیش هەیە. بەڵام ئەو مللا نێ یە نە بۆتە هۆی ئەوەی کە دێموکراسی نێوخۆی حیزبیمان بخاتە مەترسیەوە. تاهاتوە پتر ڕێو شوێنە دێموکراتیکەکانمان ، لە نێو خۆمان جێگیر کردوون.
لەو جێیەی کە ناکۆکی سیاسیمان لە نێو تەشکیلات دا لەسەر مەسەلە تەشکیلاتی و حیزبییەکان بۆ هاتۆتە گۆڕ، لەوە نەترساوین بە بیانووی پاراستنی یەکیەتی سیاسی و تەشکیلاتی، باسیان لێنەکەین . هەمیشە ترسی ئێمە لەوەبووە کە لە ئوسوڵە سیاسیەکانمان و ڕێباز و سونەتە حیزبییەکانمان لادەین . بۆئێمە سووربوون لەسەر ڕێبازی حیزب، کە سەربەخۆی سیاسی و تەشکیلاتی حیزب و خەبات بۆ دابین کردنی مافەکانی میللەتی کورد ودێموکراسی لە وڵاتەکەمان دا بووە، لە هەر شتێکی دی گرنگتربووە.
ئێستا کە کەساڵێکی دیکە لە خەباتی حیزبەکەمان دەست پی دەکا وێڕای هەڵسەنگاندنەوەی وەزعی سیاسی وهەلومەرجی خەباتی خۆمان و میللەتەکمان، بە دڵێکی پڕ لە ئومێدو هیواوە بەرەو پێش دەڕۆین. دەزانین هەم دەرفەت وهەم مەترسی جۆراو جۆرمان لە پێش دان.
وەزعێکی نوێ هاتۆتە پێش و لە مەیدانی خەباتی میللی ودێموکراتی گەلەکەمان دا ، نەوەیەکی دیکە هاتۆتە مەیدان کە دوور دەڕوانێ و بایەخ وبەها سیاسیەکانی نێو بەرنامەی حیزبی ئێمە بە هی خۆی دەزانێ و خەباتیان بۆ دەکات. ئەمڕۆ پتر لە هەرکاتێکی دیکە ڕۆڵەکانی نەتەوی کورد لەکوردستانی ئێران گوێ بۆ قسەکانی حیزبی ئێمە ڕادەگرن. نەسلێک پێی ناوەتە مەیدانی خەبات و ژیان کە جگە لە ئازادی و دێموکراسی و عەدالەتی کۆمەڵایەتی ، بە هیچ شتێکی دی ڕازی نابێت. ئەوکاروانە دەڕواتە پێش و ڕێگای لێ ناگیرێ.
خەباتی ئێمە تایبەتمەندیی میللی و دێموکراتیکی هەیە. هەربۆیە هەرلەوکاتەدا کە پێویستیمان بە سیستەم و ڕێکوپێکی تەشکیلاتی هەیە، پێویستیمان بە پلۆڕالیزمی سیاسی و فکری و فەرهەنگی و نەزەری لە نێو بزووتنەوەدا هەیە. پێویستیمان بە هاوپێوەندی میلیی هەیە. بۆیە پێویستە لەسەر پرۆژەیەکی میللی پێک بێین. خۆ لە خۆڕانیە حیزبی ئێمە هێندە لەسەر پێویستی لێک نزیکبوونەوە وهاوکاری و هاوئاهەنگی هێزە خەباتگێرەکانی کوردستانی ئێران پێدادەگرێ.
ئێمە نامانەوێ لەو خەباتەدا بە تەنیا بین. حیزبی ئێمە گەیشتۆتە ئەو قەناعەتە کە سەرەڕای هە موو جیوازییەکانمان، بۆ بنیاتنانی کۆمەڵگایەکی ئازاد و دێموکراتیک ، دەبێ لە گەڵ هێزەکانی دیکە پێکەوە کاربکەین .
حیزبێک کە بە ڕەنج و کار و خەبات و تێکۆشانی چەند نەسل لە ڕۆڵەکانی گەلی کورد لە کوردستانی ئێران درووست بووە، ئێستا بۆتە هێزێکی کاراو کارساز لە سیاسەتی کوردستان و ئێران دا. ئەندامان و تێکۆشەرانی حیزبی ئێمە لەسەریانە لە گەڵ حیزبی خۆیان گەشەبکەن و برۆنە پێش. خەباتی ئێمە بۆ ئازادی میللەتێکە کە لە هەموو مافە نەتەوایەتیەکانی خۆی بێ بەشە. بۆیە مەسەلەی ئەسڵی و بنەڕەتیی لە خەباتی ئێمەدا ، بریتیە لە گەیشتن بە ئازادی ، وەدەستهێنانی مافی دیاری کردنی چارەنووس و دامەزراندنی دەستەڵاتی سیاسی و ئیداریی کوردستانی. ئەو ئامانجە ئەستێرەی ڕێنیشاندەری ڕێگای خەباتمانە و نابێ لە چاوانمان ونبێت. ئیعتیبار و مانەوەو چونە پێشمان بەوە بەستراوتەوە کە چەندە دەتوانین بە ڕێگای ئەو ئامانجەدا بڕۆینە پێش.
ئێمە حیزبێک نین کە بە بەرزکردنەوەی دروشمی بژی فڵانە کەس و بمرێ فیسارەکەس پێمان نابێتە مەیدانی خەباتی سیاسی. ئێمە ئامانجێکمان هەیە کە ئەویش بریتیە لە ئازادی و سڕینەوەی ستەمی نەتەوایەتی لە هەموو بوارەکانی ژیانی میللەتەکەماندا. لە ڕێگای خەبات بۆ وەدەستهێنانی ئەوئامانجەدا، بەو ئاکامە گەیشتووین کە دەبێ بە دژی ستەم و نابەرامبەری، بە دژی دیکتاتۆری ، بە دژی ئیستبدادی سیاسی و مەزهەبی ، بە دژی کۆنەپەرستی ، بە دژی شۆڤێنیزمی دەستەڵاتدار و ناسیۆنالیزمی بەرچاوتەنگی کورد ، بە دژی تێکەڵاوکردنی دەستەڵاتی حکومەتی و دین، ڕاوەستین و تێکۆشین.
ڕێی خەبات سەختە و پڕ لە هەورازو نشێوە. پشودرێژی و ئازایەتی و چاوی تیژ و ئەژنۆی بە هێز و بیری وردی دەوێ. ئامانج بەرزەو ڕێگا دوور. بەڵام شێلگیریی لە سەر ئوسوولەکان ونەرم بوون لە هەڵبژاردن و دەکارکردنی تاکتیکەکاندا، وەک هەمیشە دەمان پارێزێ و سەرەنجام خۆمان و میللەتەکەمان دەگەیەنێتە ترۆپکی ڕزگاری.

ڕێکەوتی : ٢٥ی ئووتی ٢٠١٢

## حیزبایەتی بە سیمایەکی ئینسانیەوە

بۆ ئیدارەکردنی هەر تەشکیلات یا ڕێکخراوێک سێ جۆرە فۆرمی بەڕێوەبەریمان هەیە.بەڕێوەبەریی لە ڕێگای ئامانجەکانەوە واتە "Management by objectives"، بەڕێوەبەریی لە ڕێگای پرینسیپە ڕێکخراوەیەکانەوە وەک پەیڕەوی نێوخۆ یا ڕێوشوێنە تەشکیلاتیەکان یا ئەوەی پێی دەوترێ یاساورێسا و قانوون"Management by regulations"، بەڕێوەبەریی لە ڕێگای بایەخە بەرزە ئینسانی و ئەخلاقی و ئیتیکیەکانەوە"Management by values".
هەرکام لەو شێوانەی بەڕێوەبەری دەکرێ بە تەنیا کەڵکیان لێ وەرگیردرێ و حیزب یا تەشکیلاتیان پێ ئیدارەبکرێ .دەکرێ لەگەڵ یەکتریش ئاوێتەبکرێن و پێکەوە دەکاربکرێن.ئەزموونەکان دەریان خستوە کە باشترین و سەرکەوتووترین جۆری بەڕێوەبەری ئەو شێوەیە کە هەرسێ جۆر تێکەڵاو دەکات و ئاوێتەیەک لە هەرسێکیان پێکدێنێ.
ڕوونە کە هەر دامەزراوێکی سیاسی وئابووری و کۆمەڵایەتی بۆ هەڵسووڕاندنی کارو باری خۆی هەندێک ڕێوشوێنی تایبەت بە خۆی هەن کە لە تەشکیلات و حیزبدا ئەو ڕێوشوێنانە بە شکڵی پەیڕەوی نێوخۆ خۆ دەنوێنن.ئەگەر لە ڕێکخراوێکدا شێوەی ئیدارەکردن بوو بە ئیدارەکردن لە ڕێگای یاسا و قانوونەکانەوە، ئەوە ئەو ئیدارەکردنە زۆرتر لە فۆڕمیکی ئیداری ڕەق و پڕ کۆنترۆڵدا خۆی نیشان دەدا.جۆرێکی دیکە لە بەڕێوەبەری وەک وتمان ئەو شێوە بەڕێوەبەریەیە کە ئامانجەکانی ڕێکخراوەکە چۆنیەتی کار و هاوکاری کردنی کەسانی نێو ڕێکخراوەکە بە یەکەوە ڕێکدەخات.واتە هەموو ئەندامان و کادر و بەریوەبەرانی ڕێکخراوەکە لە دەوری ئامانجە هاو بەشەکان کۆ دەبنەوە و بۆ وەدیهێنانی ئەو ئامانجانە کاردەکەن.
لە حیزبیش دا وایە.ئامانجە سەرەکیەکانی حیزب و بزووتنەوەی میللی دێموکڕاتیکی کوردستان و بەرنامەی سیاسیی حیزب هەمووی ئێمەیان لە دەوری خۆیان و لەدەوری یەکتر کۆکردۆتەوە.پەیڕەوی نێوخۆش ئەو ڕێوشوێنە تەشکیلاتیانە دەستنیشان دەکات کە هەڵسوڕان و هاوکاری و پێکەوەکارکردنی ئێمە لە ڕەوتی کار و تێکۆشان بۆ وەدیهێنانی ئامانجە

هاوبەشەکاندا تەنزیم دەکا.
ئەو ئامانجانە وەک GPS ماشێنی کاروانی خەبات و تێکۆشانی ئێمە هیدایەت دەکەن و نایەڵن قەتاری حیزب لە سەر سکەی ئەسڵی خۆی بترازێ.پرینسیپە تەشکیلاتەکانیش وەک تابڵۆ و نیشانەکانی تراڤیک چۆنیەتی رەفتار و حەرەکەتی ئێمە لە ترافیکدا رێکدەخەن .ئەگەر وەبەرچاونەگیردرێن و پشتگوێ بخرێن ئەنارشیزم و بێسەرەوبەرەیی و کائۆس دروست دەبێت .تراڤیک زۆر سەخت و دژوار دەبێ.زیان و زەرەر و تەلەفاتی گیانی و ماڵی زۆری بەدوادا دێ.
دەزانین کە تابڵۆکان جۆراوجۆرن و هەرکامیان زانیاریەکی تایبەتمان دەدەنێ.هەندێکیان ئەدرەس دەدەن.جا ئەگەر کائۆس درووست بوو لە تراڤیکدا، رەنگە لەبەر بێ سەرەوبەرەیی، ئەوتابڵۆیانەش نەبینین کە ئەدرەس دەدەن.لەئاکام دا وەزعێک دێتە پێشێ کە رەنگە جادەی عەوەزی بگرین و لە جێگایەکی دی سەروەدەرنێین.یا رەنگە وەزعی جادە و ئاستی خێرایی وەبەر چاونەگرین و توشی هەڵدێران بین.بەم جۆرە دەبینین کە لە حیزبدا ئێمە تێکەڵاوێک لە دوو شێوەی بەرێوەبەریی واتە بەرێوەبەریی لە رێگای ئامانجەکانەوە و بەرێوەبەریی لە رێگای پرینسیپە رێکخراوەیەکانەوە بەکاردێنین.ئەو جۆرە تێکەڵاوکردنە زۆر سروشتیە.بەڵام ئایا بەسە؟
نەخێر هەرئەوە بە تەنیا بەس نیە.چوونکە هیچکام لەو دوو جۆرە ئیدارەکردنە بایەخێک بۆ پێوەندیە ئینسانیەکان دانانێن و فاکتۆری ئینسانیش لەو هاوکێشەیەدا فاکتۆرێکی ئەسڵیە.ئاخر ئەوە ئینسانەکانن لە تەشکیلاتدا کۆبوونەتەوە و بۆ وەدیهێنانی کۆمەڵێک ئامانج خەبات دەکەن .لەو رێگایەشدا پێویستە هەندێک رێوشوێن وەبەرچاوبگرن بۆ ئەوەی بتوانن دەگەڵ یەکتر هەڵبکەن.بۆیە زۆر گرنگە بایەخە بەرز و ئینسانیەکانیش تێکەڵاوی دووجۆرەکەی دیکەی ئیدارەکردنی تەشکیلات و ژیانی حیزبایەتی بکەین.
مەبەست لەوە ئەوەیە کە پێویستە کولتووری بەرزی ئینسانی و ستاندارده ئیتیکی و ئەخلاقیەکان تێکەڵاوی کاری سیاسی و تەشکیلاتی و حیزبایەتی بکەین.ئەودەم هێزو توانامان بۆ کار و خەبات چەند بەرانبەردەبێ .ئاخر کادر یا ئەندامی حیزب پشیلەی دارنیە مشکان بگرێ و ماست نەخوا.رۆبۆت نیە.ئینسانە.دەگریا، پێدەکەنێ، دەترسێ تووڕەدەبێ، منداڵی هەیە، ژنەکەی یا مێردەکەی چاوەڕوانی لێی هەیە.هەستی جۆراوجۆری دیکەی هەن .
بە واتایەکی دیکە ئەندامی حیزب نابێت تەنیا وەک وەسیلە و ئامرازی کار تەماشا بکەین و بایەخ بۆ هەست و سۆز و شعورو و رِوانگەو بۆچوون و کەسایەتیەکەی دانەنێین.
بەرێز کاک عومەری ئێلخانی زادە، سکرتێری کۆمەڵەی زەحمەتکێشانی کوردستان لە سیمینارێکدا لە ئۆسلۆ لە پێوەندی لە گەڵ باس لەسەر وەزعی سیاسی کوردستانی ئێران دا فەرمووی لە نێو بزووتنەوەی کورد لە کوردستانی ئێراندا تاڕادەیەکی زۆر لە سەر مەسەلە سیاسی و ئامانجەکان کێشەمان نیە.کێشەی ئەسڵی ئێمە زۆرتر پێکەوە هەڵنەکردنە کە ئەو وەزعەی لێ کەوتۆتەوە.بەو پێ یە دەردەکەوێ کە کێشەی ئێمە زۆرتر فەرهەنگی یە و پیویستیمان بەوەیە کەسایەتی ئینسانی خۆمان پەرەپێبدەین.خۆمان دێموکڕاتیزەبکەین.لێوەشاوەیی کۆمەڵایەتی لەخۆماندا پتر بخەملێنین.حیزبایەتی بە سیمایەکی ئینسانیەوە بکەین.
لە ساختمانێکدا دەژیم کە چەند جیرانم هەن و پێوەندی جیرانەتی من لە گەڵ ئەوان لە رێگای کۆمەڵێک یاساو قانوون رێکخراوە.بە گوێرەی ئەو یاسایانە من دەبێت چاودێری وەزعی ئەوان بکەم و ئەوانیش موڕاعاتی وەزعی ئێمە بکەن.بەڵام ئەگەر جیرانەتی ئێمە تەنیا هەر بەو یاساوقانوونانەوە بڕواتە پێش، جیرانەتیەکەمان زۆر وشک و رەق و میکانیکی و سارد وسڕ دەبێت.هەر جۆرە دەنگ و خشپەو حەرەکەتێک رەنگە دەمەچەقەی لێ بکەوێتەوە.بە پێچەوانەوە ئەگەر لە شایی و شینی یەکتردا بەشداربین، وەک ئینسان لە گەڵ یەکتر رەفتارکەین و سەردان و هاتووچۆی یەکتر بکەین و رێز لە یەکتر بگرین و دەست بەسەری منداڵەکانی یەکتردابێنین و جارجار میوانی یەکتربین و نانێک دەگەڵ یەکتر بخۆین، ئەودەم باشتریش یاساو قانونەکان بە رێوەدەبەین جیرانەتیەکەشمان گەرم تر و خۆشتر دەبێت.
مودیری کارخانەیەکی بەرهەمهێنەر ئەگەر تەنیا هەر قازانج و بەرژەوەندیەکانی کارخانەکەی لە بەرچاوبێ و لەوە بەولاوە هیچ شتێکی دیکەی بۆ گرنگ نە بێت، ئایا قازانج دەکا؟
نەخێر.ئەگەر مودیری کارخانەکە پێداویستیەکانی ئەو کرێکار و کارمەندو موهەندیسانەی دەرک کرد کە چەرخەکانی کارخانەکە هەڵدەسوڕێنن و بە هێندی گرتن و، ئەگەر ئەوانیش لە گەڵ مودیرەکەیان پێداویستیەکانی موشتەریەکانی کارخانەکەیان دەرک کردو بۆ دابین کردنی داخوازی موشتەریەکان و وەڵام دانەوە بە وەزعی بازار تێکۆشان، ئەوە کارخانە مەوقعیەتی لە بازاردا دەستەبەربوە.بەم جۆرە کارخانەکە باشتریش دەمێنێتەوە و قازانجی زۆرتریشی پێدەگا.قازانخی زۆریش سەرمایە زیاد دەکاو بەم جۆرە کارخانەکە گەورەتر دەبی و دەتوانێ مەیدانی مانۆڕدانی خۆی بەرینتر بکاتەوە.

کەواتە با تێکۆشین پێوەندیە ئینسانیەبەرزەکان لە تەشکیلاتەکانماندا و لە ڕیزەکانی بزووتنەوەدا پەرەپێ بدەین و سیمایەکی ئینسانی بە حیزبایەتی بدەین.

رێکەوتی :۲۴ی ئووتی ۲۰۱۲

## چ شتێک رۆڵی کلیدی بە حیزبی دێموکرات دەدا؟

خەریکە دەگەینە سەرپێچێکی تازەی مێژووی خەباتی رزگاریخوازانەی میللەتەکەمان. من دڵنیام کە ئەو قۆناخەش بە لێوەشاوەییەوە تێپەڕدەکەین و ئەو فەسڵەش لە مێژووی حیزب و میللەتەکەمان پڕ دەبێ لە لاپەڕەی زێڕین.
ئاخر هەمیشە ئەوە ئینسانەکانن بە کار و چالاکی و خەبات و تێکۆشانی پڕ بەرهەمیان، مێژوو دەخوڵقێنن. من لەوە دڵنیام ڕیزەکانی حیزبی خۆمان و ڕیزەکانی حیزب و رێکخراوە کوردستانیەکانی دیکەی سەر گۆڕەپانی سیاسەتی کوردستانی ئێران، پڕن لە ئینسانی خەباتگێڕ، تێکۆشەر، دڵسۆز، فیداکار و لێوەشاوە و بە ئەزموون کە هەرکامیان بە نۆرەی خۆیان دەریایەکن لە هێزوتوانای ئینسانی. هێزوتوانایەک کە هەرچی لەسەر ئەوزەویە دەیبینین، بەرهەمی ئەوە. کەواتە حەقمە خۆشبین بم.
بەڵام دەبێ لە بیرمان بێت کە تەنیا کاتێک ئەو هێزانە دەبنە ئینێرژی موسبەت و فاکتۆرێک بۆ چوونە پێش و سەرکەوتن کە مەیدانی بەشداری و موشارەکەت و خۆ دەکارکردنیان بۆ بخوڵقێ.

کەواتە دەبێ و پێویستە فەزایەک لە نێو بزووتنەوەدا درووستکەین کە خەلاقیەت وئیبتیکارو شوروشەوق بەکار لە نێوماندا پەرەپێبدا. ئەوەش بەوە دەکرێ کە هەموو تێکۆشەرانی نێو ڕیزەکانی حیزب و بزووتنەوە لە داڕشتن و بردنە پێشی سیاسەت و تاکتیکەکانی بزووتنەوەکەماندا هاوبڕیاربن.

هونەری حیزب ئەوەیە ئەو هێزانە کۆکاتەوە و وەگەڕیانبخا و دەکاریان بکا. ئاخر حیزبی ئێمە ڕاست بۆ ئەوە درووستبوە کە هێزوتواناکانی نێو کۆمەڵگای کوردستانی ئێران کۆکاتەوە و بۆ خەبات و بەرخۆدان لە پێناو ئازادیدا، ڕێکیانبخا. پێشەوا بۆ مەبەستێکی لەو چەشنە حیزبی دێموکراتی دامەزراند.

حیزبی ئێمە هەرگیز نابێت لەو ئەرکەی خۆی غافڵبێت. لە هیچ هەلومەرجێکدا نابێ ئەو ڕیسالەتەی خۆمان لەبیرکەین.

ئەوە ئەرکی هەرەسەرەکی ئێمە. هیچ هەلومەرجێکی سەخت و دژوار نابێ وامان لێ بکا ئەو ئەرکە ئەسڵیە بەکەم بگرین یا بیخەینە ڕیزی دواوەی کارەکانمان. فڕۆکەوان لە هەر هەلومەجێکدا، تەنانەت لە گەردەلول و تۆفان و گێژەڵوکەو هەوروباران و تەم و مژیشدا، دەبێ لە هیدایەتی فڕۆکەکەی غافڵ نە بێت. نابێ لە گیروگرفت و کەندوکۆسپ و تەمومژ و باوبۆران بترسین. دەبێ لە گیروگرفت و کەندوکۆسپەکان بچینە پێش و بیانناسین و چارەسەریان کەین.

ئاخر حیزب ڕاست بۆ ئەوە درووستبووە. دەبێ فێربین گیروگرفتەکان چارەسەرکەین. نەک هەر پێویستە کاری درووست بکەین، پێویستە بەشێوەی درووستیش و لە کات و شوێنی خۆشیاندا کارەکان بکەین. زۆر گرنگە ئەو ڕووحیە یا بەواتایەکی تر ئەو مێنتالیتەیە لە حیزب و خۆماندا درووستکەین کە دەڵێ بەڵێ ئێمە دەتوانین ئەرکەکانمان ڕاپەڕێنین. هێمن گوتەنی دەبێ لە شانو باهۆی خۆمان ڕابینین کە هەڵگرین ئاڵای ئازادی.

وەختێک ئینسان دەکەوێتە تونێلێکی تاریک بەدوای تروسکای و ڕووناکیدادەگەڕێ. ئەمن پێم وایە ئەوە کە بتوانی شەمعێک داگیرسێنی، هەزار جار باشترە لەوەی کە جوێن بە تاریکی بدەی. دەبێ گیروگرفتەکان بدۆزینەوە و دەستنیشانیان کەین و بۆ چارەسەرکردنیان تێکۆشین و هەنگاو هەڵگرین. پێویستە ڕوومان لە داهاتووبێت. پێویستە کاڵایەکی سیاسی ئەوتۆ بەرهەم بێنین کە لە بازاڕی سیاسەتی کوردستانی ئێراندا موشتەری هەبن و خەڵک خوازیاریبن. دەبێ بە هەزار چاو و گوێ موراقیبی ئەو دەرفەت و شانسانەبین کە هەلومەجی پڕ لە ئاڵوگۆڕی ناوچە و ئێران و کوردستان و تەنانەت دونیاش بۆمان دەخوڵقێنن و کەڵکیان لێوەرگرین.

ڕاستیەکەی ئەوەیە کە داهاتووی خۆمان و خەباتەکەمان و میللەتەکەمان بەستراوەتەوە بەوەی کە ئێستا چدەکەین و چۆن یاری دەکەین؟ ئەگەر پێکەوەبین و یەکگرتووبین و هاوئاهەنگی و هاوڕایمان پێکەوە هەبێت، هیچ هێزێک ناتوانێ بمانشکێنێ و ڕێگای چوونەپێش بەرەو ئامانجەکانمان لێ بەربەستبکا.

ئەرکی ئێمە ئەوەیە هەموو هێزەکانی نێو بزووتنەوە بخەینە سەریەک . ئاخر دەبێ بزانین کە کادرەکانی حیزب، تێکۆشەرانی نێو سەنگەرە جۆراوجۆرەکانی بزووتنەوە، گەورەترین سەرمایەی خەباتەکەمانن. بۆیە دەبێ ئەوان ببنە ئاکتۆری سەرمەیدانەکە.

کۆڕوکۆبوونەوە و سیمنار و کۆنگرەو کۆنفرانسەکانمان پێویستە ببنە مەیدانی باس و دیالۆگی پڕنێوەرۆک سەبارەت بە سیاسەت و ئامانج و تاکتیک و ستراتیژیەکانمان. هەموو تێکۆشەرانی حیزب دەبێ شانس و مەیدان و دەرفەتی ئەوەیان هەبێ لە شکڵپێدانی حیزب و بزووتنەوە و سیاسەت و تاکتیکەکانی حیزبدا، نەخشی خۆیان بگێڕن.

دیالۆگ و باس و مشتومڕ بەکەڵک، فەزایەکی پڕ لە هاوکاری درووستدەکا و ئاستیی موشارەکەت دەباتە سەر. لەو بارەوە هەندێک ئەسڵ هەن کە دەبێ وەبەرچاویان بگرین. گرنگترینی ئەوان ئەوەیە کە تێبگەین هەموو ڕوانگەکان، هەموو جۆرە نەزەر و بۆ چوونەکان بە ئەندازەی یەک بایەخیان هەیە.

جارێکی دیکەش دەیڵیمەوە بۆناپارتزم لە حیزبێکی دێموکرات و میللی وەک حیزبی دێموکراتدا جێی نیە و نابێ ڕێگای هەناسەدان و سەربڵندکردنی پێبدرێت. هەموو تێکۆشەرانی حیزب دەبێ بە هێند بگیرێن و سرنجیان بدرێتێ و گوێیان بۆ شلبکرێ. لێرەدایە کە ڕێبەریی ئەرکێکی گەورەی دەکەوێتە سەرشان . ئەرکی خوڵقاندنی فەزای موشارەکەت بۆ بەدەنە و تێکۆشەرانی حیزب و بزووتنەوە.

ئێمە لە سەردەمی فوتباڵدا دەژین. ڕەنگە بەکارهێنانی فوتباڵ وەک تەمسیل، کۆمەک بە ڕوونبوونەوەی مەبەستەکەمان بکا. لە فوتباڵدا زۆرگرنگە کە هەموو تیمەکە بەشداربن و پێکەوە یاری بکەن. ڕاستە هەرکام لە یاریزانەکانی تیپەکە ئەرک و مەوقعیەتی خۆیان هەیە، بەڵام پێکەوە یاری دەکەن و چ ببەنەوە و چ بیدۆڕێنین، هەموویان تێیدا بەشدارن. ناکرێ ئەو کەسە کە شوت لێدەداو و تۆپ دە دەروازەی تیپی ڕەقیب دەکا، میداڵی ئیفتیخار و قارەمانی بداتە خۆی و یاریزانەکانی دیکەش بە دەردی شوانەکەی حەقنادیاری نێو فۆلکلۆرمان بەرێت.

بۆیە زۆر گرنگە هەموومان هەستی ئەوەمان تیدا درووستبێ کە بۆ یەکتر شتین. بۆ یەکتر پشت و پەناین، لە لای یەکتر خاوەن ڕێز و مەوقعیەتین. زۆر درووستە هەموومان لە نێو هاوڕێیانی خۆماندا هەست بەوەبکەین کە هەین. هەموو حەقمان هەیە لە پەنا یەکتر گوڵبکەین. هەموو حەقمان هەیە ببینە ئاوێنەی یەکتر و یەکتر بە یەکتر نیشان دەین. زۆر بە جێ یە یەکتر هاندەین و یەکتر تەشویقکەین.

کەسانی بە هێز و بڕوا بەخۆ دەتوانن هێز بدەنە کەسانی دیکە. ئەگەر پێغەمەرێک بڕوای بە خۆی و پەیام و پێغەمبەریوونی خۆی نەبێت، چۆن دەتوانێت خەڵک بۆ قبووڵکردنی پەیامەکەی هاندا؟ کەسێک کە لە هارمۆنی دایە لە گەڵخۆی و حیزب و تەشکیلات و هاوڕێکانی دەتوانێ ئینێرژی موسبەتیش بە سەر دەوروبەری دا ببارێنێ. ڕیبەرایەتی هیچ شتێک نیە بێجگە لە پەرەپێدانیی ئینسانەکان و وەگەڕخستنی تواناکانیان. ئەرکی ڕێبەرایەتی ئێمەش هەر ئەوەیە.

کاری ئێمە ئەوەیە خێری گشتیمان بوێ. حیزبی دێموکڕات بۆ دەستنیشانکردن و بردنە پێشی خێری گشتی درووستبووە. ئەرکی هەرە گرینگی ئێمە لەو قۆناخەدا ئەوەیە کە ئەو کارە بکەین. یانی حیزبی دێموکرات دەبێ یەخچاڵێک بێ ، بە پێچەوانەوە کار بکات. یەخچاڵ یا سەلاجە، گەرمی بۆ دەرێ دەنێرێ و ساردی بۆ ژووری بەرهەم دینێ. تەشکیلاتی حیزبی ئێمە دەبێ گەرمی بۆ نێو ڕێزەکانی خۆی بەرهەم بێنی و ساردیش بۆ دەرەوە.

لە ئاستی کوردستان و بزووتنەوەی کوردستان ئێرانیش دا حیزبی دێموکرات دەبی گەرمی بۆ نێو ڕیزەکانی بزووتنەوەی کورستان بەرهەم بێنێ و ساردیش بۆ درەوەی بزووتنەوە درووسکات. کۆنگرەی ١٥ ی حیزب دەبێ ڕێبەری حیزب بەجۆرێک ئاڕاستەکات کەرۆڵێ ماتۆڕێکی لە چەشنی ماتۆڕێ یەخچاڵ لە تەشکیلاتی حیزب و لە نێوبزووتنەوەدا بگێڕێت. تەنها لەو حاڵەدایە کە حیزبی ئێمە لە نێو بزووتنەوەی میللی دێموکڕاتی کوردستانی ئیراندا نەخشی کلیدی دەبێت.

یانی ئەو نەخشەی کە لێی چاوەڕوان دەکرێ. ئەگەر بە ڕۆڵێکی کەمتر لەوە رازیبین، نابینە حیزبی دێموکڕات وادادەبەزینە ئاستی هەر هێزو لایەنێکی دیکەی نێو گۆڕەپانەکە کە هێندەش

کەم نین. ئەزموونەکان ئەوە دەردەخەن کە خەڵک و جەماوەری حیزب و بەدەنەی حیزب ڕۆڵێکی لەو چەشنەی بۆ حیزبی دێموکرات پێ قبووڵ ناکرێ و لە کەسیش قبووڵ ناکا کە بیهەوێ ڕۆڵی حیزبی دێموکرات بێنێتە ئاستێکی ئەوتۆ و بیکاتە فیرقەیەکی جیا لە کۆمەڵانی هەراوی خەڵک.

ئەگەر نەتوانین خۆمان لەتەونی جاڵجاڵووکەی ئەو نهیلیزمی ئنشعاباتەی بەدەستیەوە گیرۆدەین ڕزگارکەین ، ئەگەر نەتوانین داسووی نالێکی و ئنشعاب لە گەرووی تەشکیلاتی حیزب دەرێنین، حیزب ناتوانێ لە ئێستاو داهاتوودا ڕۆڵی کلیدی بگێرێ.

مەبەست لە ڕۆڵی کلیدی ئەوەنیە کە تێکۆشین هژمۆنی سیاسی و فەرهەنگی خۆمان بەسەر خەڵک و حیزب و ڕێکخراوەکانی نێو بزووتنەوە و کۆڕوکۆمەڵ و کەسایەتیەکانی نێو ژینگەی سیاسی و مەدەنی کوردستاندا بسەپێنین. ئەوە نە مومکینەو نە لەگەڵ پرینسیپەکانی حیزبی ئێمە دێتەوە. مەبەست لە ڕۆڵی کلیدی ئەوەیە ڕۆڵی خۆرمان لە مەنزومەی شەمسی یا کۆمەڵەی خۆردا هەبێت. لەجیاتی تێکۆشین لەسەرەوەبین ، دەبێ لە نێوەراستی سیستەمەکەدابین.

لە سیستەمی مەنزوومەی شەمسیدا، خۆر دەکەوێتە نێوەڕاستی هەموو هەسارە یا سەیارەکانی دیکە و هێمن وتەنی تین و وزەو ڕووناکیان پێ دەبەخشێ. بەم جۆرە ڕۆڵی خۆر هێندە کلیدیە هەسارەکانی دیکە بەبێ ئەو ئەوەنابن کە هەن و بۆیەش بەدەوریدا دەسوڕێنەوە.

حیزبی دێموکرات نەخشکێ ئاوای لێ چاوەڕوان دەکرێ و هەر لە سەرەتاشەوە بۆ گێڕانی ڕۆڵێکی ئاوا پێکهاتووە. کەواتە هەرچی حیزبی دێموکڕات بەهێز و گەورەدەکا و ڕۆڵی کلیدی دەداتێ دەبێ ئەوەبکەین. ئەوە ئەرکی ئێمە تێکۆشەرانی حیزب بە گشتی و ئەندامانی کۆنگرەی ١٥ای حیزبە.

ڕێکەوتی : ١٥ای ئووتی ٢٠١٢

## غونچەیەک کە مژدەی بەهاری پێیە!

لە چەند ڕۆژی ڕابردوودا پلینۆمی ئاخیری کۆمیتەی ناوەندیی حیزبی دێموکڕاتی کوردستانی ئێران کۆتای بەکارەکانی خۆی هێنا.بە گوێرەی ڕاگەیەنراوی دەفتەری سیاسی حیزب، کۆمیتەی ناوەندی حیزب لەو پلینۆمەدا، بۆ تەختکردنی کۆسپەکانی سەر ڕێگای بەرینبوونەوە و بەهێزکردنی خەباتی جەماوەری، بۆ لەنێوبردنی نالێکی و نابەسامانیەکانی نێو بزووتنەوەی میللیی دێمکڕاتی کوردستانی ئێران، بڕیاریداوە هەنگاوی کاریگەر هەڵگرێ.

وەک سەرەتایەک لەو ڕێگایەدا کۆمیتەی ناوەندی ئامادەیی حیزبی دەربڕیوە ڕاستەوخۆ لەگەڵ ئەو بەشە لە تێکۆشەرانی پێشوی حیزب بکەوێتە دیالۆگ و وتووێژ کە چەندساڵ لەمەوبەر بۆخۆیان ڕیزەکانی حیزبیان بەجێهێشت و سەربەخۆ لە تەشکیلاتی حیزب درێژەیان بە کارو چالاکیە سیاسیەکانیان دا.

ئەو هەواڵە لە نێوخۆ و دەرەوەی کوردستان و بە تایبەتی لە نێو کۆمەڵانی خەڵکی کوردستاندا، بوو بەمایەی خۆشحاڵی و شادمانی.لەوەش خۆشتر ئەوەبوو کە هەواڵەکان ئەوەیان دەگەیاند کە ئەو بڕیارە دەنگی هەموو ڕێبەرایەتی حیزبی لە پشتە.یانی کۆمیتەی ناوەندی حیزب، بە پێچەوانەی ئەو دەنگۆ و تەبلیغاتە ژاراویەی بڵاو دەبۆوە، هاوڕایی و کۆنسێنسوسی تەواوی لە سەر ئەو مەسەلە هەیە.

لەو پێوەندیەدا سڵاو دەنێرم بۆ کۆمیتەی ناوەندی حیزب و سەری ڕێزو حورمەت لە بەرانبەر ئەو ئیرادەو شەهامەت و دلێریی سیاسیەدا دادەنوێنم کە بەوکارە لە خۆیان و لە حیزبیان نیشاندا.

من ئەو هانگاوە سیاسیە گەورەیە بە سەرەتای دەستپێکردنی ئەو ڕەوتە دادەنێم کە حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران و هێزە سیاسیەکانی دیکەی گۆرەپانی خەبات، بۆ سالمسازی فەزاو مەیدانی خەبات لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان پێویستە دەستی پێ بکەن.هەموو هێزە سیاسیەکانی کوردستان و سەرجەم کەسایەتی و ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگای مەدەنی لەو پێوەندیەدا بەرپرسایەتی مێژوویی یان دەکەوێتە سەرشان.ئێستا ئیتر ئەو هاوڕێ یانەشمان کە بە هەرهۆیەکەوە بووە کاتی خۆی لە تەشکیلاتی حیزب دابڕان، لەبارەگای بیروڕای گشتی خەڵکی کوردستاندا لەبەردەم ئیمتیحانێکی گەورەدان.

لەوبارەوە دەبێ چەند تێبینی لەبەر چاوبگرین.یەکەم ئەوە کە قبووڵبکەین کێشەیەک هەبووە و هەیە کە ئەو وەزعەی پێکهێناوە.دووهەم پێویستە گەیشتبینە ئەو قەناعەتە کە ئەوە گیروگرفتی حیزب و بزووتنەوە و هی هەموومانە و دەبێ خۆشمان چارەسەری کەین.دەبێ نیەتمان ئەوەبێ ئەوپرۆسەیە ئەگەر ماوەیەکی زۆریش بکێشێ، سەرەنجام سەرکەوێ.نابێ وەک دەڵێن سیاسەت دەگەڵ یەکتر بکەین.ئامانج لەو کارە بەهێزکردنی بزووتنەوەی کوردستانە.حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێرانیش حیزبی هەموو کۆمەڵانی خەڵکی کوردستانە و بەتایبەتی هی هەموو ئەو کەسانەیە کە مایەو هێز و توانای تەمەن و ژیان وجودی خۆیان تێدا بەخت کردوە.قەباڵەی ئەو حیزبە بە تەنیا دەگیرفانی هیچ کەس دانیە.هەر کەس لەو حیزبەدا تێبکۆشێ دەبێ جێگای شیاوی خۆی هەبێت.تەنیا خزمەتی زۆرتر، مایە لەخۆ دانانی زۆرتر و مەسئولیەت قبووڵکردنی زۆرترە دەبێ مەوقعیەتی هاوڕێیەکی حیزبی لە تەشکیلات دا دیاری بکات .لە کاتێکدا بەرەو بنیاتنانی سبەینێیەکی نوێ و کردنەوەی لاپەڕەیەکی تازە دەڕۆین، دەبێ پێویستیەکانی ئێستاو سبەینێی بزووتنەوە و میللەتەکەمان بخەینە ئەولەویەتەوە.باخەوان بۆیە باخ لێدەداو بە ڕووح و گیان خزمەتی دەکا کە بەربدا.پێوەندی نێوان پرۆسەو ئاکام و ئامانج و میتۆدی کار لێرەدا زۆر گرنگە.ئەو کارەی دەستمان داوەتێ کارێکی درووستە، بەڵام لەوەش گرنگتر ئەوەیە بە شێوەیەکی درووستیش بیبەینە پێشێ.هەموومان لەو بارەوە بەرپرسایەتیمان دەکەوێتە سەرشان.

باتێکۆشین باخی پڕۆسەی سالمسازی سیاسەتی ئێمە ئەو بەرەبدا کە دەمانەوێ.ئەو بەرە کە میللەتەکەمان و بزووتنەوەکەمان دەی هەوێ و هەموومان هەست بە زەرورەتەکەی دەکەین.نەک ئەوە یا ئە شتە کە من یا تۆ یا فڵان و فیسار کەس و دەستە و تاقم دەیان هەوێ.لەکاری ئاوادا کە خێری گشتی و میللی و نەتەوەیی تێدایە، هەرکەس گەورەیی و ئازایەتی و جوامێری و دلێری و مەوسئولیەتی زۆرتر لە خۆی نیشان بدا، ئەو لە بارەگای گەل و خەڵکدا ڕووسورترە.

لەمێژە دەڵێم لە خۆمان نائومێد نیم.بەو وەزعە نالەبارەشەوە کە تێیداین، قەت لە خۆمان و لە ڕێبەرایەتی حیزب و تێکۆشەرانی حیزب نائومێد نەبووم و نیم.مێژوو پێمان دەڵێ لە

مەوقعیەتی ئینسانی دا نائومێدی نیە.جاری وایە دەبێ لە نێو ئۆقیانوسی نائومێدی دا ئومیدەواربین.شەو دەگاتە ئەوپەڕی تاریکی خۆی جا گزنگی بەرەبەیان دەکەوێتە سەرەتاتکێ.ئەو بڕیارەی ڕێبەری حیزب بۆ دەستپێکردنی دیالۆگ بە مەبەستی هاتنەدەر لەوە وەزعە، بەسەرەتاتکێی گزنگی بەیانی ئاڵوگۆڕ لە سیاسەتی کوردی لە کوردستانی ئێران لە قەڵەم دەدرێ.
من خۆشبینم و ئەو ئۆپتیمیزمەش بناخەی فەلسەفی و زانستی هەیە.لەو گوندە جیهانیەی کە ئێمەی تێدادەژین، زانست و زانیاری و ئاگاهی وەک هەوای ئازد بە هەمولایەکدا بڵاو دەبێتەوە.زانست و زانیاری و ئاگاهیش شوێنەواری ئەرێنی لەسەر بیروزەینی مرۆڤ هەیە و بەستەڵەکی بیر و ئیدەی سیاسی و فەرهەنگی دەکاتەوە.ئاڵوگۆڕەکان زۆر خێرا ڕوودەدەن.جیا لەوە ئەوەش دەزانین کە تەنیا یەک حەقیقەتی نەگۆڕ هەیە کە هەمیشە دەمێنێتەوە.ئەویش ئەوەیە کە هەموو شتێک لەحاڵەتی گۆڕاندایە.
هەر بارودۆخ و هەلومەرجێکی سیاسی و کۆمەڵایەتی لە ئاکامی لە گۆڕێدابوونی هەندێک فاکتۆر و پاڕامێتر و هۆکارەوە پێکدێ و درووست دەبێ.ئەگەر ئەو فاکتۆر و پاڕامیتر و هۆکارانەش گۆڕان یان یەک لەوان یا چەند لەوان گۆڕان، ئەوە بارودۆخەکەش دەگۆڕێ و هەلومەرجی تازە دێتە کایەوە کە پێویستی بە شتی تازە هەیە ومرۆڤ و حیزب و ڕێکخراوە سیاسیەکان دەبێ خۆیانی دەگەڵ ڕێکخەن.دەش زانین کە هەموو توخمەکان لە گۆڕاندان کەواتە مەوقعیەتەکانیش لە حاڵی گۆڕاندان.لە شیمی دا پلەی کڵپەگرتن هەیە.هەر مادەیەک بگاتە پلەیەکی دیاریکراوی گەرمی کڵپەدەگرێ.
جاری وایە داب و نەریتێکی باو هەیە وپاش ماوەیەکی زەمانی دەبینین کە بەرەبەرە ئاسەوارێکی لێ نامێنێ.ئەوە ئاکامی ئەو ئاڵۆگۆڕەیە کە هەمان نوختە گۆڕانە.Tipping pointکە باسم کرد وردەوردە پێکدێ بەمجۆرە دیاردە کۆمەڵایەتی و سیاسیەکان دەگۆڕێن و پێشکەوتن و پەرەسەندنیش ڕوودەدەن.
دیارە کەسانی واش هەن لە فریزەر و یەخچاڵی مێژوودا بەستوونی و دەبێ بەحاڵی خۆیان وێڵیان کەین.با لە خەوی قوڵی ئەشکەوتی کەهفی خۆیاندا هەر پرخەیان بێ.ئەوانە یا وەخەبەردێن و سواری قەتاری زەمان دەبن و دەگەڵی دەڕۆنە پێش، یا ئەوەتا لێی بەجێدەمێنن.سیاسەت و کۆمەڵ دەڕواتە پێش و لەسەر کەس ڕاناوەستێ.هەرکەس توانای نەبێت لە گەڵ قەتاری پێشکەوتنی کۆمەڵ بڕواتە پێش، دەکەوێتە کەنار و ئەگەر زۆر شانسی هەبێت دەخرێتە موزەخانە و منداڵان پۆل پۆل لە قوتابخانەکان ڕا بۆ دیتن و لێ فێربوونی دێنە تەماشای.
کەواتە با گیروگرفتی تکنیکی لەسەر ڕێگای ئەو کارە خێرە پێک نەیەنین و شەڕی ئاست و هاوئاست و شتی وا دەگەڵ یەکتر نەکەین.خەڵک و جەماوەری حیزب داوای یەکریزی تێکۆشەرانی دێموڕاتمان لێدەکەن.با ئەو دەرفەتە بقۆزینەوە.شنەبای ئاڵوگۆڕ و دێموکراتیزاسیۆن ڕووی لە ناوچەی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست کردەوە و ئێمەش بەشێکین لەو ناوچەیە.بەهاری ئێمەش بەڕێوەیە و با خۆی بۆ ئامادەکەین.ئەو بڕیارەی کۆمیتەی ناوەندی حیزب غونچەیەکە نیشانەی ئەو بەهار و نەورۆزە یە.با هەرکاممان دەست بدەینە خانەتەکانی و بەرەوپیلی ئەو بەهارە بچین.کە بەهار هات هەموو خەڵک خانەتەکانی دەکەن.زۆر پێویستە تێگەیشتنی ئەوەمان هەبێ کە هەوومان پێویستیمان بە خانەتەکانی لە بیر و ئەندیشەی سیاسی و ڕەفتاری سیاسیمان دا هەیە.وەک کوردی ڕۆژهەڵاتی کوردستان، سیاسەت و فەرهەنگی کار و حیزبایەتیمان پێویستی بە خانەتەکانیەکی ئەساسی هەیە.

ڕێکەوتی : ١٤ی ئووتی ٢٠١٢

## با گوێ ڕادێرینە بانگەوازی زەمان!

کۆنگرە ی پازدەهەمی حیزب دەبێ: گرێ کوێرەی سیاسەت لە کوردستانی ئێران بکاتەوە , بنبەستەکان بشکێنێ, دەرگا داخراوەکان بخاتە سەر پشت, تەکانی گەورە بۆ پێشەوە بە بزوتنەوە بدا !
ئەو هەموو پرشوبڵاوی و دابڕدابڕانەی لە سیاسەتی کوردی و مۆدێلی حیزبایەتی لە کوردستانی ئێراندا هەیە، ناتوانرێ بە نیشانەی لە گۆڕێدابوونی کولتورێکی پێگەیشتوی حیزبایەتی یا کاری سیاسی لە قەڵەم بدرێت. ئەو جۆرە ناسازی و ناسامانی و نا هاوئاهەنگی سیاسیە لە کۆمەڵگایەکدا کە بە بلوغی سیاسی و مەدەنی گەیشتبێت، بەرچاو ناکەوێت و سەرهەڵنادات. تۆوی ناسامانی سیاسی و ئەتۆمیزەبوونی سیاسەت، لە زەویەکدا دەڕوێ کە خاکەکەی پڕبێ لە کود یا نایترۆژینی مەزهەبی گەری، وشکبیری، تەکرۆانگەیی، تەسک بیری، ناپوختەیی، دەستبەتاڵی و بێنەوایی سیاسی.
ئەو کارەساتە تەنیا لە هەندێک جێگای وەک سۆماڵی، واتە لە کۆمەڵگایەکدا کە هێشتا گەشەی نەکردوە و هژمۆنی بەدەست پێوەندیە کانی پێش مۆدێرنەتەی وەک پێوەندیە تایفەیی و خێڵەکیەکانەوەیە، بەرچاو دەکەوێ . یانی کۆمەڵگایەک کە لە مانای هاوڕایی سیاسی، هاوئاهەنگی سیاسی، سازشی سیاسی بە قازانجی خێری گشتی حاڵی نابێت. لەو جۆرە کۆمەڵگایانەدا سیاسەت نە پێویستی بە دایکە و نە بە باوک. لە هیچ قاعیدەو ڕێوشوێنێک پەیڕەوی ناکا.
لەو کۆمەڵگایانەدا جێگای کاری سیاسی، بیری سیاسی و بیرکردنەوەی سیاسی بە سیاسەتبازی و زرنگی پڕ دەکرێتەوە. زرنگی نە بە مانای زیرەکی بەڵکو بە مانای چاوبەستی. سیاسەتی ئاوا پێویستی نەک هەر بە خوێندنەوە،ئاگاهی ومەسئولیەت نیە، بەڵکو پێویستی بە دەرک کردنی غەریزەی بەقا و تەنانەت ناسینی سودی درێژخایەنی شەخسیش نیە. لەو کولتورە گەشەنەکردوەدا، سیاسەت لە بەرپێی خۆی بەولاوە نابینێ و وردبینی سیاسەت تا سەری لووت بڕەکات.
بێمەدارایی، خۆبەحەقزانی، جگە لە خۆ کەس نەدیتن، هەموو کەس و هەموو شتێک بە ڕەش و سپی دیتن و ڕەنگی دیکە نەدیتن، یا دوژمنایەتی یا پەرستن، یا دەست لەسەرسنگ وەستان یا لە بەرانبەر یەکدا ڕاوەستان لایەنێکی دیکەی ئەو فەرهەنگەن. هاندەری ئەسڵی بۆ کاری سیاسی لەو فەرهەنگەدا قازانجی شەخسیە، ئەویش نە قازانجی شەخسی ڕەواو درێژخایەن.
یانی ئەوە کە ئەو شتە بۆمن چی تێدایە و من کام پۆستم دەدرێتێ دەبێتە پێوانە. لە حاڵەتی ئاوادا سیاسەت لە مەبەستە ئەسڵیەکەی کە کار بۆ خێری گشتی یە دووردەکەوێتەوە. کاتێک ئامانج دەبێتە ئەوە، وەسیلەی خەباتیش دەبیتە ئیتیهام لێکدان و جنێوپێکدان و یەکتر وەلانان و یەکتر بوخزاندن.
ئاخر ئەگەر گیرۆدەی ئەو کولتورە نەبین و کۆمەڵگاکەشمان ئیستعدادی ئەوەی تێدا نە بێت کە بەوحاڵەشەوە چەپڵەمان بۆ لێدا، چۆن ئەو هەموو ئینشعابات، تیرەتیرە بوونی سیاسیە لە نێو ئێمەدا ئیمکانی هەیە؟ کە ئینشعابیش دەکەین، ئەوە نیە بڕۆین بەرنامە، سیاسەت، خەت و ڕێبازێکی نوێ و تازە بۆ کار هەڵبژێرین. ئەوە نیە بڕۆین لە تەشکیلات و حیزبی

پێشومان دوورکەوینەوە ، یا لانی کەم هاو تەریب لە گەڵەوی بە ڕێگای خۆماندا و بە میتۆدی خۆمان و بە ڕەنگ و رووخسارێکی دیکەوە برۆینە پێش.
دێین دەست دەیەخەی وی دەنێین و دەگەڵی دەکەوینە زۆرانبازی. بەم جۆرە بە وتەی پارلەمانتارێکی نۆروێژی دۆستی کورد کە بە کاک فەریدوون عەلی خانی وتبوو، دەکەوینە خونساکردنەوەی یەکتر، بێ ئیعتبارکردنی یەکتر و بە هەدەردانی ئینێرژەکانی نێو بزووتنەوە و سەر یەشەش بۆ خەڵکی دی و بە تایبەت دۆستانی بزووتنەوەی کورد درووست دەکەین. لە کاتێکدا چاک دەزانین لە سەرتاسەری ئەم دونیایەدا کێشە و شەڕ لە سەر مەوجودیەت و هەویەت وناسمانە لە گۆڕێدایە، ناسنامە و مەوجودیەتی یەکتر دەخەینە بەر هەڕەشە و دەشڵێین ئەوە مەسەلەیەکی هێندە گرنگ نیە و بۆ دەبێ هێندە حەساسیەتمان بە شتێکی ئاوا هەبێ.
ئەگەر بتوانین ململانێ سیاسی و حیزبییەکانمان، بەرخوردی بەرژەوەندیە شەخسی و سیاسی و گرووهیەکانمان بخەینە چوارچێوەیەکی ئوسووڵی و مەدەنی و ئەخلاقی، ئەگەر هەموو شتێکمان هەر بۆخۆمان نەوێ، ئەگەرهەر خۆمان پێ بەرحەق نەبێ، ئەگەر موخالیف و ڕەقیبی سیاسی و حیزبی بە دووژمن دانەنێین، لە ئینسانیەتی وەدەرنەنێین، هەموو کردار و ڕەفتارێک لە گەڵ ئەو بەڕەوا نەزانین، سیاسەتی ئێمە تووشی ئەو شپرزەیی وبێسامانی وپەرێشانیە نابێ.
بەدخوازی یەکترین، هەمیشە نیگەرانی قسەو ڕەفتاری یەکترین. بە ناشادی یەکتر خۆشحاڵ دەبین. ناو و نیتکە نەک هەر وەدوای یەکتر بەڵکو وەدوای هاوسەر و ژن و منداڵ و کوڕوکچی یەکتریش دەخەین. ئەگەر بۆمان هەڵکەوێ کلکی مەڕوماڵاتی یەکتر دەبڕین و مەزراو و گیشە و قەلاغی یەکتر دەسوتێنین تەگەری تراکتۆری یەکتر پەنچەردەکەین و ناوی دەنێین ململانێی سیاسی و خەباتی دەروون حیزبی و ڕەقابەتی حیزبایەتی.( هەموو ئەو دیاردانە هی کۆمەڵگا گەشە نەکردووەکانن).
لە دژی یەک دەخوێنین. بێ توانایی و بە قەولی کاک سەید ڕەسوڵی دیهقان بێ کیفایەتی خۆمان لە مەیدانی خەبات بە دژی دوژمنانی میللەتەکەمان دا، بە ئازایەتی و بێباکیمان لە پێڵەپانی لە یەکترداندا، یەکتر شکاندندا، دادەپۆشین. بۆ بردنە پێشی خۆمان، بۆ پێشگرتن لە چوونە پێشی کەسانی تر، هەموو شتێک بە ڕەوا دەزانین، هیچ خەتێکی سوور و تابڵۆیەکی ستۆپ ڕعایەت ناکەین. دەستمان وە هیچ کوێ ڕاناگا و تووند دەستمان دە بینەقاقە و یەخەی یەکتر ناوە و گۆزەودیزەی لەجێێ خۆوەستان و ناکامیە میللی و شەخسی و حیزبی و سیاسیی و بنماڵەیی یەکانمان لە سەری یەکتردا دەشکێنین.
لە یەکتر چوینەتە لوتکەی قافی خۆ بە حەقزانی و بە هیچ جۆر نایەینە خوار. بە حەوت پشتانیش ناگەینە مەنسوری حەللاج کەچی لە خۆڕا خۆمان لێ بۆتە ئەو و بۆ ئەو کەسانەی لە دەوروبەری خۆمانن و هاومەحفەلمانن، سرودی ئەنالحەق دەڵێینەوە و بۆشمان گرنگنیە میللەت و خەڵکانی دی چ دەڵێن. ئاخر بەشێکی گرینگی ئەو کولتورە نا درووستە ئەوەیە کە تەماشادەکەین بەڵام نابینین، گوێ دەگرین بەڵام نابیستین.
بۆدەسماڵی بەرژەوەندیی لەحزەی و کورتخایەنمان، ئاگر لە قەیسەریی حیزب، بزووتنەوە، نەتەوە و خێری گشتی بەردەدەین. چاومان نابینێ ، لەسەر لقی دارەکەین و بە مشار و تەپشۆش بەربوینەتە قەدەکەی. مەسەلە چارەنوس سازەکانمان فەرامۆش کردوون و دەگەڵ یەکتر خەریکی وردەحیسابی سیاسی و تەشکیلاتی وحیزبی و ناوچەیی تایفەیی و قەبیلەیی و زاراوەیی و شەخسین.
نیازمان بە گیتۆ یە و لە گیتۆی خۆماندا نەبێ هەست بە بوونی خۆمان ناکەین. ئەگەر لەماکۆ، سابڵاخ، پیرانشار،سنە، پاوە، بۆکان،کرینـدی غەرب، مەریوان،هەوشار، دیوانـدەرە، سەقز،شنۆ،جوانرۆ، بانە، قەسر، قوروە،کرمەشان و نەغەدە و هتد... بێینەدەر هەست بە هەویەت ناکەین ؟ بۆ نەبینە ماسیە ڕەشە چکۆلەکەی سەمەدی بیهرەنگی و تێنەکۆشین برۆینە پێش؟ تا دەرفەتی فێربوون و ئەزموون وەسەریەکنان و خەملین و گەشەکردنی زۆرترمان بۆ برەخسێ.
وەرن بچینە بەر ئاوێنەی دزێونما و دەگەڵ خۆمان بەرەو ڕووبین. با هەر کەس لە خۆمانەوە دەست پێبکەین. با دەگەڵ ئەو بێهودەگیەی گیرۆدەی بووین دەستەو یەخەبین. جیم کۆلینس دەڵێ ڕێبەرانی کەمتر لێوەشاوە، ئەو ڕێبەرانەن کە کاتێک وەزع باشە، دەچنە بەر ئاوێنەو خۆیان لە ئاوێنەدا دەبینن. کاتێک وەزع باش نیە، دەچنە بەرپەنجەرە و لە پەنجەرەوە دەڕوانـنە دەرەوە و دەیانەوێ هۆیەکانی خراپی و نا مەتڵوبی وەزعەکە لە دەرەوە بدۆزنەوە.
بەڵام ڕێبەرانی گەورە و لێوەشاوە، ئەو ڕێبەرانەن کە هەرکات هەستیان کرد وەزعەکە باش نیە، دەچنە بەر ئاوینە تا خۆیان لە ئاوێنەدا ببینن . فەیلەسوفی ئاڵمانی دیلتای دەڵێ بۆ خۆ هەڵسەنگاندن دەبێ تواناى ئەوەمان هەبی لە خۆمان فاسیلە بگرین. چونکە بەبێ فاسیلەگرتن لە خۆمان ناتوانین تەماشای خۆمان بکەین. یانی دەبێ توانای ئەوەمان هەبێ ببینە ئۆبجەکت یانی مەفعول.
ئاخر ماسی نازانێ کە لە ئاوێ دا دەژی. ڕەنگە ئێمەش نەزانین کە بەو فەرهەنگەوە کار دەکەین. جگەلەوە دەبێ دیدی ڕەخنەگرانە و زانستی ڕەخنەگرانەشمان هەبێت جا ئەودەم دەتوانین خودسازی بکەین. حیزبی ئێمە بە گشتی و ئێمە تێکۆشەرانی حیزب لە جوملەی ڕێبەرانی لێوەشاوەی میللەتی خۆمانین. هەر بۆیەشە هەر کات هەست بکەین وەزعەکە باشنیە دەچینە بەر ئاوێنە.
لە کاری سیاسی ، حیزبی دا کاراکتەر مەسەلەی بنەڕەتیە. قاسملوو وتەنی ئەوە فاکتۆری ئەخلاقیە کە قودرەت بە سیاسەت دەدا. ئاخر ئەگەر دواکەوتوویی فەرهەنگی، بێ ئوسووڵی، بێ پرینسیپی نەبێ، چۆن دەکرێ هەموو شتێک بخەینە ژێر پێ. نەک هەر قازانج و بەرژەوەندی یە گەورەو نەتەوەییەکان، تەنانەت سودی شەخسی درێژ خایەنی خۆشمان تووڕ هەڵدە دەین.
ئەگەر هەست بە فشاری بیروڕای گشتیی لە سەرخۆمان بکەین، چۆن وەک دەسکەوت و غەنیمەتی شەڕ ڕەفتار لە گەڵ بزووتنەوە و حیزب دەکەین و بە کەیفی خۆمان چیمان پێخۆشبێ وایان بەسەر دێنین؟ ئاخر ئەگەر بێنەوایی سیاسی نەبێت، چۆن نەک هەر تەسلیمی ئینشیعاباتی نا سیاسی دەبین، بەڵکوو ڕەگەڵیشی دەکەوین و دەبینە ئەندامی تیمی ئۆرکێسترەکەی.
ئاخر وەک تاکیش ، وەک شەخسیش قازانجی من و تۆ لە بە هێزی بزووتنەوە و گەورەیی حیزبەکەمان و چوونە پێشی میللەتەکەمان و شۆڕشەکەمان دایە.
ئەگەر بە هێز بین و کاریگەربین، دەبینە فاکتۆرێکی جدی سەر مەیدانی خەبات و سەرکەوتنمان نزیکتر دەبێتەوە. ئەودەم سەندەڵی و کیفی مەسئولیەتیش لە نێو میللەتی خۆماندا هێندە زۆر دەبن، منیش بە پێی توانای خۆم جێگایەکم دەستدەکەوێ، ئەگەر نیەتم خزمەتبێ و توانای خزمەتم هەبێ. ئێستا کە جارێ شوێنێکمان نیە و دوورە وڵاتین، ئەو پێڵەپانی لێکدانەی ئێمە لە یەکتری، ئەو هەموو دەسیسەوپیلانە بۆ حەزفی یەکتری، واقعەن جێگای بەزەییە.
ئاخر شەڕ و ململانێ کردن لە سەر ئەو میداڵانەی لە نێوخۆماندا، خۆمان بە خۆمانیان دەدەین و بە هەزار شەرت و شروت و ئەگەر و ئەمما وەبەرۆکی یەکتریان دەخەین، بێجگە لە دڵی

خۆ خۆشکردن به باڵ لێدان و فڕین له نزماییاندا، که بۆخۆی عەینی خۆ فریودانه، چ مانایەکی هەیە. با ئەوەش بڵێین قەباعەتی خۆ فریودانێ له قەباعەتی خەڵک فریودانێ کەمتر نیه.

سەیر ئەوەیە زۆربەی هەرەزۆری ئەوانەی میداڵیان وەبەرۆک دەخەین، زۆر ناکێشی نەک هەر میداڵەکانیان لێ دەستێنینەوە، بەڵکو له هەموو به هایەکی ئینسانی و نیشتمانی و کۆمەڵایەتیش، دایان دەڕنین و تەنانەت ئەو توانا و لێوەشاوەییانەشیان دەخەینه بەرپرسیار، که له ئاکامی عومرێک کار و ماندووبوون دا بۆ خۆیان وەدەستیان هێناون. لەوەش زیاتر تەنانەت دەیانخەینه بەر داسی دەڕاسەی ماشێنی کەسایەتی شکێنی ئەو کولتورە سەقەتە که سیاسەت و حیزبایەتی پێدەکەین.

بۆیه دەبێ تەنیا دڵ بەو میداڵانە خۆشکەین که خەڵک و میللەت وە بەرۆکمانی دەخەن. ئێستا دەبێ دەستی یەکتر بگوشین و دەستی هەرکەس ماچ کەین که ئامادەیی دەردەبڕێ گۆشەیەکی ئەو خەباتە به ئەستۆوە بگرێ. مەگەر نابینین ئێمه له گەڵ چ ئەژدیهایەکی حەوت سەر بەرەورووین؟

دڵخۆشیم بەوەیە که خۆم پێموایە حەقم و بەو هۆیەوە له سواری کەری شەیتانی خۆم نایەمەخوار و له هیچ ئەندازەیەک له هەڵەو لارێ ڕۆیشتن ناگەڕێمەوە. بەشێکی زۆر لەو تواناو ئیستعدادانەی که دەتوانن خزمەت به حیزب و خەبات و بزووتنەوە بکەن، یا حەزفیان دەکەین یا ناچار به کەنارەگیریان دەکەین.

هێندە خۆمان پێ حەقبەجانبە که پێمان وایە هەمیشه له بەرەی یەزداندا بوینەو هەرکەس کەوتە بەرانبەرمان ئەوە دەکەوێتە بەرەی ئەهریمەن و دەستبەجێ مەحکومە. جا مەحکومیش له کولتوری مەدا، مەعلومە وەزعی چۆنە. تەنانەت حەقی دیفاع له خۆشی نیه. جارێک له خۆمان ناپرسین ئەو حەقەمان له کوێ هێناوە له گەڵ تێکۆشەرانی ئەو بزووتنەوەیە ئاوا ڕەفتار دەکەین.

یەکێک له ئەرکەکانی ڕوناکبیرانی کورد و تێکۆشەرانی نێو بزووتنەوەی کوردستان به بڕوای من دەبێ ئەوەبێ که تووند له گەڵ ئەو کولتوورە سیاسیه سەقەتە بەرەو ڕووبن. ئەوە نیشانەی ئەوەیە که کولتوری سیاسی مان نەخۆشە. ئەوشتانەی باسم کردن نەخۆشیەکە نین، بەڵکو سیمپتۆم یا نیشانەی نەخۆشیەکەن. ئەو ڤیروسە دەبێ تەشخیس بدرێ و دەرمانی بۆ بدۆزرێتەوە. ئەو نەخۆشیە دەکرێ چارەسەر بکرێ.

ئێمە مایەی ئەوەمان تێدایە، ئێمە دەتوانین زۆر زۆر زۆر لەوە باشتربین که ئێستا هەین، زۆر شت له دەرەوەی ئیرادەی ئێمەن، بەڵام زۆربەی ئەو حەرەکەتانەی بۆ هاتنەدەر لەو وەزعە پێویستن، لەتوانا و قودرەتی خۆمان دان. ئێمە مەحکوم بەوەنین لەو وەزعەدا بین. ئەگەر بتوانین ئەو نەخۆشیە دەرمان و چارەسەرکەین، بزووتنەوەکەمان به هێزتر دێتەدەر. نەخۆشی ئەگەر مرۆڤ نەکوژێ، به هێزی دەکا، مەسونیەتی دەداتێ. ئێمە دەتوانین ئەو کارە بکەین.

یەکێک له ئەرکەکانی کۆنگرەی پازدەی حیزبی ئێمە دەبێ کار کردن بۆ گۆڕینی ئەو فەرهەنگە بێت. حیزبی دێموکڕاتی کوردستانی ئێران دەبێ له هەموو کەس زیاتر کار بۆ گۆڕینی ئەو کولتورە بکا. ئاخر گەورەترین سەرمایەی سیاسی و مەعنەوی میللەتی کورد له خەباتی میللی و دێموکراتیکماندا، حیزبی دێموکراتە. نامەوێ ڕۆڵی هێزە سیاسەکانی دیکەی کورد نادیدەبگرم، بەڵام شوێنی تاریخی دێموکرات له نێو میللەتی کورددا حاشای لی ناکرێ. خۆ له خۆڕانیه له فۆلکلۆری میللیمان دا هاتوە که دەڵێ ئاغانیم دێهاتم بێ، کوردنیم دێموکڕاتم بێ، حاجی قەرەنیاغانیم، دەزگیرانم فاتم بێ.

هیوادارم هەموو ڕیبەرانی نێو ڕیزەکانی ڕێبەرایەتی حیزب و تەشکیلات و بزووتنەوەکەمان و کادر و تێکۆشەرانی دیکەی حیزبی ئێمەو باقی هێزە سیاسیە کوردستانیەکان، که سەرمایەی مەعنەوی میللەتن، بێنە پشتی سەری ئەو ڕێنسانسە فەرهەنگیە. هیوادارم برای گەورەو تێکۆشەرم کاک مستەفای هیجری سکرتێری گشتی حیزبەکەمان و باقی هاوڕیانی دەفتەری سیاسی و کۆمیتەی ناوەندی حیزب، بکەونە پشتی سەری ئەو ڕێنسانە فەرهەنگیە.

بۆ ئەو مەبەستە میللەت چاوەڕوانی زۆرتری له بەڕێز کاک مستەفای هیجری یە، چونکە جێگای متمانەی ڕیزەکانی حیزب و بزووتنەوەیە و تەنانەت ئەو بەشە له هاوڕێانی پێشوشمان که ئێستا ڕێگایەکی دیکەیان بۆ خۆیان هەڵبژاردوە، هەر هیوا و ئومێدیان زۆرتر به کاک مستەفایە بۆ ڕەواندنەوەی هەوری نائومێدی و بۆ ئەوە که ببێتە ئاڵاهەڵگری ئەو ڕێنسانسە فەرهەنگیە. له لایەکی دیکەشەوە بەڕێزیان له جێگای پێشەوا و شەهیدانی گەورە کاک دوکتۆر قاسملوو و دوکتۆر شەرەفکەندی دانیشتوە و خەڵکی کوردستان و ئێمە بەدەنەی حیزب و هێزە سیاسیەکانی دیکەی کوردستان، به جێیە چاوڕوانیەکی ئەوتۆیان له ئەو و بەڕێز کاک حەسەن شەرەفی، جێگری سکرتێری گشتی حیزب و باقی ئەندامانی ڕێبەری حیزب هە بێت.

به تایبەتی که ئێستا بەرەو کۆنگرە دەچین، زۆر گرنگە بەو نیەتەوە بڕۆینە کۆنگرە. کۆنگرە بۆ ئەوە نیه وەک نەهرۆ له کتێبی چاوگێرانێک به مێژووی جیهاندا دەڵێ، پێش کۆنگرە بڕیارەکان درابن و میداڵەکان له نێو جەمعێکدا دابەش کرابن و بەقیەی مەسەلە هەر ئەوەبێ که له دەوری یەک کۆببینەوە و دانیشین و هەڵسین و بڵاوەی لێبکەین. کۆنگرە حیزبێکی گەورەی وەک حیزبی دێموکرات دەبێ کاری گەورە بکا، بڕیاری گەورەبدا، تەکان بۆ پێشەوە به بزووتنەوە بدا، بنبەستەکان بشکێنێ و دەرگا داخراوەکان بکاتەوە و ئاکامەکانی و دەسکەوتەکانی له ئاستی چاوەڕوانیەکانی بزووتنەوە و کۆمەڵانی خەڵک و بەدەنەکەی دابن.

هیوادارم ئەو کۆنگریە بناخەکانی ئەو ڕێنسانسە فەرهەنگی و کولتوریە دارێژێ و ببێتە سەرەتای دەورانێکی تازە له کاری سیاسی و حیزبایەتی له کوردستانی ئێراندا. له بیرمان بێ له چەرخی بیست و یەکداین و دونیا به خێرایی باو بروسکە دەرواتە پێش بۆیە ناکرێ به پێوانەکانی سەرەتا و نێوەڕاستەکانی قەرنی ڕابردوو کاری سیاسی و حیزبایەتی بکەین.

ئێمە پێشرەوی ئەو میللەتەین. با پێشڕەوایەتی بکەین تا خۆمان و بزووتنەوەکەمان پێشڕەوی بکەن. له زانست و فەلسەفەدا، دەگوترێ تەنیا ئەو شتە دەمێنێتەوە و گەشەدەکا، که توانای ئاڵوگۆڕی تێدایە. هەر شتێک ئیستیعدادی گۆڕانی تێدانەبێ، نامێنێتەوە. کۆمەڵگای کوردستان گۆڕاوە، نەسلەکان گۆڕاون، گوفتمان و دیسکۆریش گۆڕاوە، هەربۆیە دەبێ ئێمەش خۆمان له گەڵ پێداویستیەکانی ئەو سەردەمە هاوئاهەنگ کەین و وەڵام به بانگەوازی زەمان بدەینەوە. هەنگاوی یەکەم بۆ زۆربەمان لەوڕێگایەدا ئەوەیە له خۆمان ڕا دەست پێبکەین.

ڕێکەوتی : ٣١ی ژووئیەی ٢٠١٢

## تیپۆلۆژی دوکتۆر قاسملوو لە حیزبایەتی، کوردایەتی و خەبات و سیاسەتدا

لە دڵەوە سوپاسی کۆمیتەی حیزب لە دانمارک دەکەم کە شانازی ئەوەیان پێ بەخشیم ئەمڕۆ لێرە، لە ٢٣ هەمین ساڵی شەهیدبوونی ڕێبەری مەزنی حیزب و گەلەکەمان کاک دوکتۆر قاسملووی نەمر و کاک عەبدوولا قادری ئازەر دا، کە بەدەستی تیرۆریستەکانی کۆماری ئیسلامی لە ڤیەن شەهیدکران، بۆ ڕێزگرتن لە ناو و یاد و ڕووحی بەرزیان لەو کۆڕەدا لەخزمەت ئێوەی بەرێز دابم.

قسەکردن لە سەر د.قاسملوو ئەویش لە حزووری ئێوەدا کە بەشێکتان بۆ خۆتان هاوسەنگەر و یار و یاوەری بوونە کارێکی هێندە ئاسان نیە و پێویستی بە دیقەتی زۆرتر هەیە.لێرە تێکۆشەرانی وەک کاک سولەیمان کەڵەشی و کاک عەلی خانی و هیدیکە ش حزووریان هەیە کە ساڵانێکی زۆر لە نزیکەوە، لە ژێر بەرپرسایەتی د.کتۆر قاسملوودا کارو خەباتیان کردوە و شاهیدی بۆ لێوەشاوەییە مەیدانی و تیئوریکیەکانی دووکتۆر قاسملوو دەدەن.

من تێدەکۆشم قاسملوو لە ڕوانگەی ئەزموونەکانی خۆمەوە بخەمە بەر باس .بەوحاڵەش ئەوەش بۆخۆی کارێکی گرانە.چوونکە دووکتۆر قاسملوو کەسایەتیەکی هەموو لایەنەی کامڵی هەبوو.دارێک بوو لقوپۆپی جۆراوجۆری لێدەبوونەوە.ڕێبەرێکی سیاسی بوو، ڕێبەرێکی بەتوانای بزووتنەوەیەکی میللی دێموکراتیک بوو، سەرکردەی حەرەکەتی چەکدارانەی میللەتی خۆی بوو، کەسایەتیەکی سیاسی ناوچەیی و ئێرانی و کوردستانی وتەنانەت جیهانیش بوو، مامۆستای زانکۆبوو، دیپلۆمات بوو، ڕووناکبیر بوو، ئینتلێکتوڵ بوو، ئەدیب و نوسەر و زمانزان بوو، مێژوو زان و مێژوو نووس بوو، پێشمەرگەبوو، خەباتگێربوو، شارەزای کاروباری فەرهەنگی و هونەر و ئەدەبیا ت بوو، سەرڕەڕای هەمووی ئەوانە لە نێو بزووتنەوەی کورد و جوڵانەوەی ڕزگاری خوازی کوردستاندا ئیدەئۆلۆگ بوو.بۆیە باسکردن لەسەر ئەو لایەنە جۆراوجۆرانەی کەسایەتی دوکتۆر قاسملوو لەتوانای من دانیە.وەک ئەوە وایە منداڵێک کە تازە پێی هەڵگرتووە بیەوێ بەسەر کێوێکی گەورەدا سەرکەوێ کە کارێکی غەیرە مومکینە.

لەوەتەی وەبیرم دێ لە ریزەکانی ئەو حیزبەدام.ئەو شەوەم لەبیرە کە دەڵاوان یانی گوندەکەی خۆمانمان بۆ ئاخر جار بە جێهێشت و کۆمەڵێک پێشمەرگە شەو لە گەڵ باوکم هاتن و ئێمەیان هەڵگرت و بەیانی کە تازە گزنگی دابوو لە کوێستانی کانیەخوای ئاگرمان بە گوێنیان کردەوە.دواتر چوینە زینوێ و خەلان و دۆڵی باڵەکایەتی.دەبێ من ئەودەم شەش ساڵانە بووبم .لەوێ لە زێنوێ و خەلانێ بۆ یەکەم جار شەهید ئەحمەد تۆفیقم دیت، ژمارەیەک لە ئاغاوەتەکانی ناوچەی پیرانشار وەک دژکردەوە بەرانبەر بە ئیسڵاحاتی ئەرزی شا هەڵاتبوون.کاک ئەحمەد قسەی بۆ دەکردن و من لە گەڵ باوکم چووبوومە بنکەی پێشمەرگەکان ئەو ڕۆژەم لە بیرماوە.من لە گەڵ باوکم دەچوومە مقەرەکانی پێشمەرگە و هەزاران وێنەی ئەورۆژانە و ڕۆژانی دواتری ئەو قۆناخەم لە ئەلبوومی بیری تیژی منداڵیم دا هەرماون.دواتریش شێنێ و سونێ و سەنگەسەر و هیران و نازەنین و کۆیە و سلێمانی و دیسان سەنگەسەر و بناری قەندیل تا دەستپێکردنی شورِشی گەلانی ئێران و دیسان دەورەیەکی دیکە لەو خەباتە.ئەودەم ئەوەی ئەمن لە بیرمە حیزب بریتی بوو کۆمەڵێک کادرو پێشمەرگە کە بە هەموو وجودیانەوە و بە ئیمکانات و تەنانەت چەک و فیشەکی خۆشیانەوە لە خزمەت شۆڕشی کوردستانی عێراق دابوون.تەشکیلاتی حیزبیش لە نێوخۆ لە باری ئیمکاناتی مادیەوە تەداروکاتی دەکرد.ناوی مەلا قادر لاچینی، کاک ئارەحمانی قەرەقشڵاخێ، مام سوارە سەکر، کاک حاسل و مراد ڕەسوی لەیلانی و مونتەقیمی قازی و دەیان کەسی دیکەم لەبیرە کە دەچوونەوە نێوخۆ و دەهاتنەوە و سەردانی ماڵی ئێمەیان دەکرد.تامی ئەو شیرینیانەم هەر لە دەمدا ماوە کە کاک مونتەقیمی قازی لە سابڵاخ هەموو جارێ بۆی دەهێنام .لە سەرتاسەری دەزگاکانی شۆڕِشدا پێشمەرگەکانی حیزب کارو زەحمەتیان دەکێشا و قارەمانەتیان لە شەڕەکاندا لە خۆیان نیشاندەدا.شەڕەکانی زۆزگ و هەندرێن و کێوەڕەش و دەربەند و سەفین و ناوچەکانی باڵەکایەتی و پشدەر و بیتوێن بە شاهیدی خەڵکی ئەو ناوچانە مەیدانی قارەمانیەتی پێشمەرگەکانی حیزبوون بەرامبەر بە پەلاماری سوپای عێراق.لە ئیدارەکردنی دەزگاکانی شۆڕِشیشدا نەخشی بەرچاویان هەبوو.بۆ نموونە لە ئیدارە کردنی کاروباری کۆمەڵایەتی ناوچە ئازادکراوەکانیش بەشداربوون.لە بیرمە ماڵی ئێمە لە شێنێ لە پەنای ماڵی حاکم عەلۆ بوو کە حاکمی شۆڕش بوو.

یانی حیزب مەوقعیەت و سترەکتور و هەیکەل و بنکەو بنیاتێکی سەربەخۆی نەبوو و لە ڕاستیدا بەشێک بوو لە هەیکەلی شۆڕش و ژێرمەجموعەی شۆڕش یانی بزووتنەوەی کوردستانی عێراق .هەرچی یارمەتی و ئیمکاناتی مادیش لە نێوخۆوە کۆدەکراوە، دەدرایە سەرکردایەتی شۆڕش بۆ تەداروکاتی شۆڕش.وەک ئەوەی کاری تەشکیلاتی حیزب لە نێوخۆ تەداروکی شۆڕشی ئەوبەشەی کوردستان بێت.بەوحاڵەش قازانجەکانی سەرکردایەتی شۆڕش وای دەخواست کە ئەوان تەنانەت هەر ناویشیان لێ نەمێنێ چ دەگا بە خەبات و بەربەرکانی.کێشە و ئاڵۆزیەکانی نێوخۆیی و فشارو پاڵەپەستۆی سەرکردایەتی شۆڕش و پیلانەکانی ساواک، هەموو ئەوانە هەلوومەجێکیان پێک هێنابوو کە ئاستی تێکۆشانی حیزب تەنانەت لە خوار سفرەوەش بوو.ئەوەندەش کە لە تەشکیلاتی حیزب مابوو یا لە نێوخۆ لە زیندان دابوو، یا لە کوردستانی گەرمێن پەرەوازە و بێ ڕێبەری وبێ ئیمکانات و لە هەلومەرجێکی زۆر سەختدا مابۆوە و مەجالی کاری سیاسی و حیزبی لێ زەوت کرابوو.بەشێکی بەرچاو لە کادەکانی حیزب یا لە بزووتنەوەی ۴۶ و ۴۷ دا لە نێو چووبوون یا لە کوردستانی عێراقیش لە ژێر تاقیب دابوون و پرش وبڵاوببوون.

ڕاست لە هەلومەرجێکی ئاوادا قاسملوو وەک خدری زیندە هاتە مەیدان و بوو بە عیسای حیزبی دێموکرات.وەک کێو لە بەرامبەر هەموو سەختیەکاندا ڕاوەستا و حیزبی زیندووکردەوە و لە نەبوونەوە جارێکی دیکە گیان و نەفەسی وەبەر پەیکەرەی حیزب خستەوە و لە ڕاستیدا حیزبی سەرلەنوێ خستەوە سەر ڕێ.

تەشکیلاتی حیزبی سازماندایەوە.سەربەخۆیی سیاسی و تەشکیلاتی بۆ حیزب گێڕایەوە، بەرنامەو پرۆگرامی تازەی بۆ حیزب دارِشتەوە، ڕۆژنامەی کوردستان ئۆرگانی کۆمیتەی ناوەندی دەرکردوە، تێکۆشەر نامیلکەی نێوخۆی تەشکیلاتی حیزبی دەرکردەوە، چەندین دەورەی تەربیەتی کادری بۆ کادرەکان وەڕێخستن، پێوەندیەکانی حیزبی دەگەڵ وڵاتانی جۆراوجۆر و حیزب و ڕێکخراوە ئێرانی و کوردستانیەکان ڕێکخستەوە.لە ڕاستیدا حیزبی درووست کردوە.قەوارە و کەسایەتی و هەیکەل و هەیبەتی بۆ حیزب گێڕایەوە.تێکۆشەرانی پەرش و بڵاوی حیزبی لێرە و لەوێ کۆکردەوە و وەرەی کار و خەباتی پیدانەوە.بەرانبەر هەیمەنەی حیزبی توودە و لایەنە کوردستانیەکان وەستا و ئیجازەی نەدا کەس دەست لە کاروباری نێوخۆی حیزبەوە وەردا.هۆی ئەسڵی بۆ ئەوەکە کە پاشگری ئێرانی بە ناوی حیزبەوە زیاد کرد ئەوە بوو کە سنورێکی تایبەتی بکێشێتەوە لە باری تەشکیلاتیەوە بۆ ئەوەی چوار چێوەی دەستەڵاتی تەشکیلاتی و مەیدانی کاری تەشکیلاتی حیزبی دێموکرات دیاری بکات و ڕێ لە دەستێوەردانی لایەنەکانی دیکە لە کاروباری نێوخۆی حیزب بگرێ.هەر واشی کرد و لەو کارەدا سەریش کەوت.

ڕووناکبیر و ڕەخنەگری بەناوبانگی کورد مامۆستا حەمەی مەلاکەریم دەڵی ئەگەر هێمن هەر بە تەنیا قەسیدەی ئێوارەی پایزی نوسیبا، بەس بوو بۆ ئەوەی ئەو شوێنە گەورەی هەبێ کە

ئەمڕۆ لە شیعری کوردیدا هەیەتی.منیش پێم وایە خزمەتەکانی دووکتۆر قاسملوو بە حیزبی دێموکڕات و بزووتنەوەی کورد لە کوردستانی ئیران هەر لەو قۆناخەدا کە باسم کرد، بەسن بۆ ئەوەی ڕۆڵی قاسملوو لە مێژووی حیزبدا بە ڕۆڵێکی مێژوویی لە قەڵەم بدەین.
نەخشی دوکتۆر قاسملوو لە تەیار کردنی حیزب و بزووتنەوەی کورد لە قۆناخی شۆڕشی گەلانی ئێران و پاشان سازماندانی خەبات و بەربەرەکانی خەڵکی کوردستان بە دژی هێرش و پەلاماری ڕێژیم بۆ سەر کوردستانیش، نەخشێکی درەخشانی حاشا هەڵنەگرە.
من هەر لە نێو حیزب دابووم بەڵام کە داوای ئەندامەتی حیزبم کرد لە سلێمانی قوتابی دەورانی دەبیرستان بووم و هەوەڵین بەرپرسی حیزبیم کاک کەریم حەدادی تێکۆشەر بوو، مانگی جارێ کۆبوونەوەمان دەبوو .لەو دەورەیەدا بوو بۆ یەکەم جار بە خزمەت مامۆستای تێکۆشەر کاک هاشمی کەریمی گەیشتم.هاوینانیش کە سەردانی بنکەی حیزبم لە بەغدا دەکرد، شانازی ئەوەم بە نسیب دەبوو کە بەشیک لە کادرەکانی ڕێبەری حیزب ببینم.وەک مۆماستا حەسەنی شیوەسەڵی و کەسانی دیکە.بۆمن هەمیشە شانازی بوو کە بە خزمەت مامۆستا هێمن دەگەیشتم.بەڵام قەت ئەو دەرفەتە هەڵنەکەوت کاک دووکتۆر ببینم تا ئەوکاتە کە ڕێبەری حیزب بڕیاری گەڕانەوە بۆ نێوخۆی وڵات دا و دووکتۆر قاسملوو، تا موقەدەماتی سەفەرەکەی ئامادەبوو، لەسەنگەسەر ماوەیەک لە ماڵی ئێمە بە نهێنی مایەوە.ئێمە ئەودەم پێمان دەگووت مام شەریف .کاک سەید ڕەسوڵی بابی گەوەرە کە پێوەندیەکی بەرینی تەشکیلاتی لە گەڵ نێوخۆ هەبوو مەسئولی حەرەکەتی کاک دووکتۆر بوو بۆ نێوخۆ.شایانی باسە ئەودەم سەردەمی قەلع وقەمعکردنی تەشکیلاتی حیزبی شوعی عێراقیش بوو لە لایەن حکومەتەوە.بەشێکی زۆر لە کادرەکانی حیزبی شیوعی عێراقیش هەر بە ماشێنەکەی حیزب لە بەغداوە دەگە یەنرانە سەنگەسەر و دواتر بە هاوکاری ئەندامانی حیزب لەو بنارە نەجات دەدران.من کە کوردستان و کوردی دوکتۆر قاسملووم خوێند بۆوە.شانازیم دەکرد کە ئێستا لە نزیکەوە لە خزمەت خۆی دام و مەجالی ئەوەم هەیە شتی لێ پرسم.لەبیرمە لێی پرسیم چ خاتراتێکم لە باوکی شەهیدم لەبیرە.

ئەو ماوەیە کە کاک دووکتۆر لە سەنگەسەر مایەوە بارانێکی زۆر دەباری.

پاش ماوەیەک لە کاک سەید ڕەسوڵ دەپرسێ کە هۆی مانەوەمان هێندە لێرە چیە.کاک سەید دەڵێ بارانێکی زۆر دەبارێ و ڕێگای قەندیل نە بۆتەوە و چەندجار کەسانی بڕواپێکراومان ناردوون ئیمکانی ئەوەنیە ئەسپ دەرچێ و سلامەتی تۆ و دەربازبوونی تۆ بۆئێمە مەسەلەی ئەسڵیە و بۆیە چاوەڕوان ماوینەوە تا هەوا خۆش دەبێت.جیا لەوەش قەرارە هەندێک چەکوچۆڵمان بۆ بێ و بە دەستی خاڵی ناتوانین دەورێ یە کەوین.لەوەڵامی کاک سەید ڕەسوڵ و مامم دا دەڵێ خەڵک لە شەقامەکانی تاران سنگیان دەکەنە قەڵغان و ئیمە دەبێ هەرچی زووتر لە مەیدانی ڕووداوەکان بین دەنا تەئسیرمان نابێ و دواکەوتنی ئێمەو بەوەخت لە مەیدان دانەبوونمان ئاکامی زۆر خراپی بۆ مەوقعیەتی حیزب دەبێ.ئێمە شۆڕش دەکەین و دەڕۆین لە هەرکوێ نەمان توانی بڕۆین دەمێنینەوە تا دیسان دەتوانین بکەوینەوە ڕێ.
ئەودەم حیزب هیچ چەکوچۆڵێکی نەبوو.سێ کلاشینکۆف لە لایەن یەکیتی نیشتیمانیەوە درابوونە حیزب کە لە بیرم دێ دەبوایە بە بەلەم لە گوندەکانی دەوروبەری سەدەی دووکان بپەڕێنرینەوە و بگەیەنرێنە سەنگەسەر.ئەوە هەموو ئیمکاناتی حیزب بوو بۆ دەست بە خەبات کردن.لە بیرم دێ دۆستانی حیزب لە گوندی بەلکی ناوچەی سەنگەسەر ئەودەم و لەو بارەوە یارمەتی و هاوکاریەکی گەورەی سەرختنی ئەو حەرەکەتەیان کرد.یانی یارمەتی دان بە دەربازکردنی کاک دوکتۆر.چونکە کاک دووکتۆر بە نهێنی لە بەغداوە هاتبوو و دەبوایە بە نهێنیش دەربازبێ.
هەوەڵین پێشمەرگەی حیزب لەو قۆناخەدا مامی شەهیدم کاک قادرلاجانی بوو کە لەگەڵ کاک دوکتۆر گەڕایەوە .کاک دوکتۆر لە کورتەباسێک لەسەر مێژووی ڕێبەرایەتی حیزبدا باسی ئەو حەرەکەتە دەکا.ئەو گەڕانەوەی کاک دووکتۆر لەو هەلومەرجەدا و چوونەوە ناوخۆی وڵات و سازماندانە وەی ڕێکخراوەکانی حیزب لە نێوخۆ بە مەوقع ولەکاتی خۆیدا، بوو بە هۆی ئەوە کە حیزبی دێموکرات تەنانەت پاش ئەوهەموو سەرکوت و زەبروزەنگەش کە بۆ دەیان ساڵ لە سەر تە شکیلاتەکەی هەبوو، جارێکی تریش هەستێتەوە و ببێتە هێزی سەرەکی لە کوردستانی ئێران و ڕۆڵی شیاوی خۆی لە ڕووداوەکاندا بگێڕێ.
من بایەخی مێژوویی ئەو گەڕانەوەی بە وەختی دووکتۆر قاسملوو وەک گەڕانەوە مێژوویەکەی لێنین لە ئاپریلی ١٩١٧ و تەئسیری ئەو حەرەکەتە لە سەر هەڵگیرسان و سەرکەوتنی شۆڕشی ئۆکتۆبەر دەبینم.ئەگەر ئەو حەرەکەتەی لینین شوێنەواری چارەنوس سازی لەسەر هەڵگیرسان و سەرکەوتنی شۆڕشی ئۆکتۆبەر هەبوو، حەرەکەتی مێژوویی دوکتۆر قاسملووش بەوەخت و لەکاتی پێویستدا، بوو بە هۆی ئەوە کە زوو حیزب لە نێوخۆی وڵاتدا ڕێکخراوەکانی زیندووکاتەوە و ئامادەیی ئەوە پەیدابکا لەسەر وەزعی سیاسی شوێن دانێ.بەو جۆرە ئەو گەڕانەوە مێژوویییەی دوکتۆر قاسملوو، بوو بە سەرەتای قۆناخێکی تازە لە مێژووی خەباتی ڕگاریخوازانەی گەلەکەماندا.ئیدی ئاستی فەعالیەت و تێکۆشانی حیزب و مەیدانی کاروچالاکیەکانی هێندەبەرین بۆوە کە هەر زوو بوو بە هێزی یەکەمی گۆڕەپانەکە.بۆیە لە ڕاستیدا ئەو حیزبی دێموکڕاتەی ئەو نەسلەی دوای ئینقلاب دیتوویەتی، بەرهەمی دەستی قاسملووی نەمرە و قاسملوو موهەندیسیەکەی کردوە.
من بە خاتری درێژەدانی مەدرەسەکەم مابوومەوە و نە گەڕابوومەوە.قەت ئەو ڕۆژەم لەبیر ناچێ لە رادیۆ تاران گوێم لێ بوو کاک دووکتۆر وەک سکرتێری حیزبی دێموکڕاتی کوردستانی ئێران سەردانی ئیمام خومەینی کرد.من لە ماڵی کاک جەماڵی هیرانی لە ڕانیە میوان بووم.ماڵیان لە لای قولەی رانیەبوو.لە گەڵ کاک کاوە کوڕی کاک جەماڵ ڕەفیق بووم و ئەوان لە مێژبوو دۆستی حیزب بوون.دواتر کاک کاوە بوو بە پێشمەرگە و شەهیدبوو.کۆلێژی ئیدارە و ئیقتسادی تەواوکرد و چووە نێو شۆڕش بەڵام زوو شەهیدبوو.ئەو بنەماڵە شوعی بوون و زۆریش دۆستی ئێمەبوون.کە گوێم لەو خەبەرە بوو چاوم پڕبوون لە فرمێسک و بەسەر ڕوومەتی کزومەلوولم دا هاتنە خوار.دایکی کاک کاوە و کاک کاوە و خوناوی جوانەمەرگ ڕوویان تێکردم کە ئەوە چیە بۆ دەگری؟ چ بوە؟ وتم گوێتان لێ یە کاک دووکتۆر قاسملوو سەردانی خومەینی کردوە وچۆتە تاران.ئاخر خومەینی ئەودەم کەسێک بوو کە خەڵک وێنەکەیان لە مانگیشدا دەدیت.ئەوانیش زۆریان پێ خۆش بوو.بەڵام قەت وەک من لەو ڕووداوە حاڵی نەدەبوون.بۆمن ئەو فرمێسکانە، فرمێسکی شادی و سەرکەوتن بوون.فرمێسکی وەدی هاتنی خەونە کانی دەورانی لاوی و مێرمنداڵیم بوو.تەنیا کەسێک دەیتوانی لەو فرمێسکانە بگا کە غەریبایەتی و تەحقیری دیتبێ.بۆمن حیزبی دێموکڕات شتێک بوو تەنیا لە چوارچێوەی دیوارەکانی ماڵی خۆمان و

خاترەکانی دەورانی منداڵیم لە باوکم، کاک پاپیر شکاک، کاک ئەحمەد تۆفیق، کا عەبووڵا و کاک سولەیمانی موعێنی، کاک سمایل شەریفزادە و دەیان تێکۆشەری حیزب و وێنەیەکی پێشەوا و کۆبوونەوەی ئێوارانی چەن کەس لە ئەندامانی حیزبی کە لە کارگەری دەهاتنەوە و شەوانە لە ماڵی یەکتر کۆدەبوونەوە و باسی ڕابردوویان دەکرد.کە بە داخەوە دواتریش کە گەڕاینەوە بە نیشانەی تەحقیر پێ یان دەگوتن دەرچوانی دانشگای قەڵادزێ، ڕەنگە ئەوجاریش کە گەراینەوە پێمان بلێن دەرچوانی دەشتی کۆیە، وەک کاک مەلا محمەدی عەبباسی، شەهید محمەد بێژوەیی، عەبدڵا لاجانی و کاک سمایلی حاجی و هتد لەسەنگەسەر.من کە هەموو عومرم حیزبی دێموکڕاتم لە هەلومەرجی کاری نهێنیدا دیتبوو تەنانەت لە کوردستانی عێراقیش، بۆمن کە ڕاوڕاوێنی کاربەدەستانی شۆڕشم بە تێکۆشەرانی حیزب بە چاوی خۆم دیتبوو، بۆمن کە لەسەر بڵاو کردنەوەی یەکەم ژمارەی کوردستان، ئەویش گەیاندنی بە چەند کەس لە ڕووناکبیرانی کورد لە سەنگەسەر، دیتبووم کە چۆن مامم لە بەرچاوی من بەر شەق دەرێ، ئەو خەبەرە خەبەری کۆتایی هاتنی ئەو دەورانە بوو.ناحەق نەبووم کە لە خۆشیان بگریم.ئێستا دەمدی کاک دووکتۆر لەو ئاستەدا سیاسەت دەکا و حیزبی دێموکڕات ئاوا لە چڵە پۆپەدایە.یەکەم جاربوو ناوی حیزبی دێموکڕات لە رادوێیەک ببیستم.خۆزگەم بەو ڕۆژە، بریا هەر ئەودەم لە خۆشیان گیانم دەرچووبا.ئەو فرمێسکانە ئاکامی تەزوویی زیندووبونەوە و گەرانەوەی غروور حیزبی و سیاسیم بوون.ئاخر ئەمن دەزانم چ پەتپەتێنیکما پێ دەکرا، لەوە دەترسم جارێکی دیکەش لە گەرمین وامان بەسەر بیتەوە.بەو جۆرە دەتوانین بڵێین لەو قۆناخەش دا ئەوە قاسملوو بوو، بوو بە ماتۆری وەگەرخستنەوەی حیزب لە نێوخۆ.ئەوە ئەوبوو بوو بە ناخودای کەشتی حیزب و بزووتنەوەی کورد لەو قۆناخە دژوارەدا.

دوکتۆر قاسملوو بە درێژایی تەمەنی پڕکارو بەرهەمی، خزمەتێکی زۆری بە حیزب و بزووتنەوەی کورد لە کوردستانی ئێران کرد.ئەو لەنێو کورداندا لە ئینسانە هەرە وشیار و مەزن و بلیمەتەکانی ڕۆژگاری خۆی بوو.ڕۆڵی ناوبراو هێندە گەورەیە کە ئێستا مێژوو نوسان، مێژووی حیزب و بزووتنەوەی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بەجۆرێک دابەش دەکەن کە بۆخۆی گرنگیی ڕۆڵی قاسملوو لەو مێژوەدا دەردەخا.دەورانی کۆمار، دەورانی دوای کۆمار، دەورانی پێش قاسملوو، دەورانی دوای قاسملوو.ئەو جۆرە دابەشکردنە ئەکادیمیکیە ڕۆڵی قاسملوو بە ڕوونی لەو خەبات و بەربەرەکانیەدا ڕوون دەکاتەوە.

لەوەش زیاتر مێژوو نوسان و لێکۆڵەرەوەکان، باس لە شوێنەواری فەرهەنگ و کولتور و سیاسەت و پلان و بەرنامەکانی قاسملوو لە سەر حیزبی دێموکڕات و بزووتنەوەی کورد دەکەن.ئەوان پێ یان وایە ئەوە کە حیزب ئێستان ئاوا دەڕواتە پێش و لە ئیدامەکاری نەوەستاوە، بەشێکی زۆری بەرهەمی ئەو کولتور و سترەکتور و سازماندەهیەیە کە قاسملوو بۆ حیزبی داڕشتوە.دەتوانین ڕۆڵی قاسملوو وەک لۆکۆمۆتیڤ پێناسەبکەین.لۆکۆمۆتیڤ ئەو ماتۆڕەیە کە قەتار بە دوای خۆیدا رادەکێشێ.لۆکۆمۆتیڤ هەمیشە لە پێشەوەیە، بە هێزو پڕ قودرەتە و خێراشە واتە بە سورعەتە.لۆکۆمۆتیڤ هەمیشە بە سورعەتێکی زۆروە واگۆنەکان بە دوای خۆیدا دەکیشێ.جاری وایە لە ڕێلیش دەردەچێ بەڵام هەر هەڵدەسوڕێ .دوکتۆر قاسملووش ئەو نەخشەی لە حیزب و بزووتنەوەدا هەیە.ئەو تەنانەت پاش شەهیدبوونیشی بە قودرەتی زۆروە هەروا دەمانباتە پێش.ئێستاش هەروا هێزی لۆکۆمۆتیڤی سیاسەت وپرنسیپە کانی قاسملوویە کە بەسەر حیزبەوە ماوەو دەیباتە پێش.لەو وەزعە ناهەموارەشدا کە حیزبی تێدایە، ئەوە قاسملوویە پاش ٢٣ ساڵ لە شەهیدبوونیشی، هەر ئینێرژی موسبەت بە حیزب و بووتنەوە تەزریق دەکا.ئەوش بۆخۆی لایەنێکی دیکەی گەورەی و دەوری ئەو لە بزووتنەوەیەدا دەردەخا.

ئەستێرەیەکە لەو شەوە زەنگەدا، دەدرەوشێتەوە و بە بیرو ئەندیشەی سیاسی وخەباتگێڕانەی ڕێمان نیشان دەداو بۆلای خۆی ڕامان دەکێشێ.بیری سیاسی قاسملوو وەک ڤیژشن بەرەو لای خۆی کار و خەباتمان هیدایەت دەکا.بیری سیاسی قاسملوو ئیستا بۆتە پێناسەی بزووتنەوەی میللی دێموکراتی کوردستان.

تایبەتمەندی هەرە گەورەی دوکتۆر قاسملوو ئەوە بوو کە نیشتیمانپەروەر، کوردپەروەر و کوردستان پەروەربوو.ئەو کەسایەتیەکی جیهانی، ناوچەیی، ئێرانی بوو، هەویەتی جۆراوجۆری هەبوون.بەڵام کوردستانی بوونەکەی جەوهەری ئەسڵی و هەستەی ئەسڵی کەسایەتی قاسملوو بوو.هەموو هەویەتەکانی دیکەی بۆ بەهێزکردنی هەویەتی کوردستانیەکەی و جێبەجێکردنی ئەو ریسالەتە کە کەوتبوە سەر شانی کە ئازادی کوردستان بوو، بە کار دەهێنان.کوردستانی بە هەموو وجودەوە خۆشدەویست.بە عیشقەوە تەماشای دەرودیمەنی کوردستانی دەکرد و خوایە وەتەن ئاواکەی لەبەر خۆیەوە دەگوت.دەیگووت دەچمە هەر وڵاتێک و لە هەر کوێ ڕێبەران و کەسانی سیاسی دیکە دەبینم و باسی کێشەی کورد دەکەم، هەست دەکەم کە بە ڕێزو حورمەتەوە وەرم دەگرن.بۆیە هەمیشە شانازی دەکەم کە ڕۆلەی کوردستانم و بە ناوی کوردەوە قسەدەکەم.یەکێک لەو دەرسانەی نەوەی نوێ دەبێت لە قاسملووی فێربێت لە راستیدا ئەو نیشتیمانپەروەربوون و کوردپەروەربوونەیە.

قاسملوو لە هەموو کەس باشتر توانای فۆرمۆلەکردنی داخوازەکانی کورد، ڕوونکردنەوەی کێشەی کوردی هەبوو.وتەبێژێکی لێوەشاوەی نەتەوەی کوردبوو لە ئاستی دونیادا.بە چەند زمان لە گەڵ دونیای دەرەوە و ڕۆژنامەکان و کاربەدەستانی ئەو وڵاتانە کە کوردستانیان بە سەردا دابەشکراوە قسەی دەکرد و مەسەلەی کوردی بەیان دەکرد.هەر بۆیە مێژوونوسان دەڵێن کە لە نێونەتەوەیی کردنی کێشەی کوردا، لە سەرەتاکانی کاردا، نەخشی بنەڕەتی هەبووە.خزمەتی قاسملوو لەوبوارەشدا وناو و ناوبانگی قاسملوو لەو مەیدانەشدا هەتا هەتایە دەمێنێ و شانازیە بۆ نەوەکانی ئێستاو داهاتوومان.

دوکتۆر قاسملوو پێشمەرگەیەکی ئازاو قارەمانیش بوو.بە جەرگ و نەترس بوو.دلێربوو.لە خەبات و بەربەرەکانی و شەرومقاوەمەتدا، نموونەی ورەی بەرز وشکەستناپەزیری بوو.چ لە شەری سێمانگەدا، چ لە شەڕەکانی مانگی هێرش و دیفاعدا، چ لە شەرەکانی قۆناخی خەباتی پارتیزانی دا، چ لە دیدار و سەردانەکانی لە جەبهەکانی شەڕ و بنەکانی پێشمەرگەکاندا، هەمیشە ڕووحیەیەکی بەرز و پۆڵاینی هەبوو.لە بیرمە لە شەڕی جادەی سەردەشت پیرانشار سەردانی کردین و بە مام ئەوڵای سەعیدی گوت مادام ئەتۆ بەو تەمەنەوە، کە لە شەست ساڵ زیاتر بوو، لە پێشی جەبهەدای من لە خەباتی خۆمان نیگەران نیم و شۆڕشی ئێمە دەڕواتە پێش.پەیامەکانی ئەودەم کە ڕۆژانە بۆ هێزی پێشمەرگەو خەڵک لە ڕادوێ بڵاودەبوونەوە، یەکپارچە دەبوونە ورەو هێزیان وەبەر ئەژنۆی ئێمە لە جەبهەکان دەنا.فەرماندەیی ئەسڵی ئەو شەڕانە بەدەست کاک سەید ڕەسوڵی بابی گەورە و کاک حەسەنی سیوەسەڵیوە بوو، بەڵام پێشمەرگەکانی ناوچەکانی دیکەی کوردستانیش لەو شەرانەدا بەشدار بوون.بۆیەکەم جار لەو شەڕانەدا لە گەڵ مۆماستا ئاسۆ محمەدی و کاک ئەمیری ئەلیاسی و کاک خەلیل خەلەبان ئاشنابووم.کاتێک پەیامەکانی دووکتۆر لە رادوێ کە راست لە پێشی جەبهەکەبوو لە ئالێەمەران ڕا بڵاو دەبوونەوە، کاک عومەر شەریفزادە دەی گووت گوێبگرە تەماشاکە کورد هۆشیمینەی خۆی هەیە کە هەزار هۆشیمینەی ڤێتنامی دەسکیشی لە دوو ناکا.من ئەودەم کە لە سلێمانی دەمخوێند لە پێش ئینقلابدا لەگەڵ کاک سەدیقی ئیبراهیمی نوێنەری ئەودەمی حیزب لە سلێمانی کە دواتر بووبە نوێنەری حیزب لە بەیرووت لە ماڵێکدا پێکەوە دەژیاین و کاک سەدیق وێنەیەکی گەورەی هۆشیمین ڕێبەری خەباتی ئازادیخوازانەی ڤێتنامی هەڵواسی بوو.بەو وتانەی کاک عومەر خەیاڵم

گەڕایەوە پێش شۆڕش و سەردەمی ئامادەیی و قەولمدا کتێبەکانی هۆشیمن پەیداکەم و بیان خوینمەوە.من ئەو دەم کادری سیاسی لکی سێی هێزی ئاوارە بووم و لەو شەڕانەدا دەیان هاوسەنگەر و خزم و هاوڕێم شەهیدوبریندداربوون.لەو ماوەدا کاک دوکتۆر دووجار سەردانی کردین.لەوی یەکەم جار بە خزمەت کاک عومەر شەریفزادە گەیشتم.

قاسملوو بۆ پێشمەرگەکانی بەشەکانی دیکەی کوردستانیش پەیکەرەی لە شکان نەهاتوویی و مقاوەمەت بوو.دوای ڕاوەستانی شەڕی ئێران و عێراق هەوری نا ئومێدی هەموو کوردستانی داپۆشی بوو.هەموو لە دووبارەبوونەوەی ساڵی ١٩٧٥ دەترساین.کاک دووکتۆر زوو بە هەڵسەنگاندی دۆخی سیاسی و بڵاوکردنەوەی لێکدانەوەی خۆی لە هەلومەرجەکە، ئاسۆی خەبات و کاری دەستنیشان کرد و ڕای گەیاند ئەگەر ئاشتی بۆ کورد هیچی تێدانە بێت، کوردی هەموو پارچەکان یەکدەگرن و لە توانایان دا یە ئەو ناوچەیە نا ئارام بکەن و خەباتی خۆیان بەرنە پێش.ئیدی ئەوە ساڵی ١٩٧٥ نیە، ئەوە دووبارە نابێتەوە .لە بیرمە نەک هەر ئێمە بەڵکوو پێشمەرگەکانی یەکیەتی و هێزە سیاسیەکانی دیکەش بەو قسانەی دووکتۆر وەیان هاتەوەبەر و هیواو ئومێدیان بۆ گەڕایەوە.

ڕێبەرێکی بە ئۆتۆریتەبوو.دەیەویست هەموو کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان لە دەوری بزووتنەوە و ئامانجە میللیەکانی کۆکاتەوە.هەمیشە لە هەوڵی ڕێکخستنی هێزە کوردستانی و ئێرانەکاندا بوو.تێدەکۆشا گەرووپەکی هاوبەش بۆ هاواری کورد ڕوو بە دونیای دەرەوە درووستکات.دەیگووت دەبێ بە یەک زمان و فۆرمۆڵ و بە تایبەتی لە چوارچێوەی مافی مرۆڤ و پەسندکراوە نێونەتەوەیەکاندا مەسەلەی کورد بەرینە نێو بیرورای گشتی دەرەوە تا لێما وەرگرن.ئەوەی ئەورۆ پێی دەگوترێ کۆنگرەی نەتەوەیی بیرۆکەکەی هی دوکتۆر قاسملوویە.

دوکتۆر قاسملوو لە بەیانکردن و دەربڕینی هەڵوێستە سیاسیەکانی دا، گوێی نەدەدایە بەرژەوەندی شەخسی و تێبینیە ڕواڵەتیەکان.لە هەڵوێستگرتندا بۆ ئەو ئامانجە ئینسانی و دێموکڕاتیکەکان و حەقیقەت پێوانە بوون.زۆر جار بە پێچەوانەی ئاڕاستەی ڕووبار مەلەی سیاسەتی دەکرد و لە خنکانیش نەدەترسا.

ئەگەر ئەو ئالای بەربەرەکانی لە گەڵ کۆماری ئیسلامی هەڵگرت، ڕێژیم لەئەوپەڕی هێز و توانا و تەنانەت مەقبووڵیەتیش دابوو.بە دەیان ملێون کەس لە خەڵکی ئێران و تەنانەت هێزە سیاسیە چەپ و میللی و مەزهەبیەکانیش لایەنگریان لێدەکرد و وێنەی خومەینیان لە مانگدا دەدی.بەڵام ئەو زوو ماهیەتی کۆنەپەرستانە و دواکەوتوانەی ئەو ڕێژیمەی تەشخیس داو کەوتە لە قاودانی.ئەوە ئەو دەم کارێکی زۆر سەخت بوو.جارێک لەوبارەوە وتی ئەودەم باسکردنی مەسەلەیەکی ئاوا تەنانەت لە دەفتەری سیاسی حیزبیش دا بە زەحمەت دەکرا بهێنرێتە گۆڕێ.مەحکومکردنی بەبارمتە گرتنی پێرسونێلی سەفارەتی ئەمریکا لە کاتی خۆیدا، مەحکومکردنی پەلاماری سۆڤیەت بۆ سەر بەهاری پراگ، مەحکوکردنی سیاسەتەکانی حیزبی توودە لە پێوەندی دەگەڵ ڕێژیمدا، ڕەخنەگرتن لە سۆسیالیزمی مەوجود لە کاتێکدا کە قوتبێکی گەورەی سیاسەتی دونیا بوو.ڕاوەستان لە بەرانبەر هژمۆنی تەڵەبی موجاهیدین، حیزبی توودە و هەندێک هێزولایەنی دیکەی کوردستانی دا هەموویان نیشانەی ڕاستی و دروستی ئەو قسیەیەن.لە کۆمەڵناسی سیاسیدا، بەو جۆرە کارە دەوترێ پۆلیتیکلی ئینکۆرڕێکت.یانی لەباری سیاسیەوە نادرووست.قاعیدە وایە سیاسەتمەدار وەدوای مەقام وقازانج و دەنگ و کورسی پارلەمانی وشتی وا دەکەوێ.یانی خۆی دەگەڵ مەینستریم واتە جەریانی غاڵب ڕێکدەخا.بۆیە کەسێک کە دەگەڵ مەینسرتریم دەکەوێتە بەربەرەکانی، کارێک دەکا کە پۆلیتیکلی ئینکۆرڕێکتە.بەڵام گەورەیی قاسملوو لە سیاسەتدا هەمیشە لەوەڕا هاتوە کە مەینستریمی چاڵێنج کردوە و خستویەتیە ژێر نیشانەی پرسیار.

ئەگەر لەسیاسەتدا، تێگەیشتنی بەرژەوەندیە میللی و نەتەوەییەکان و خێری گشتی و ئامانجی سەرەکی بە شێوەیەکی واقعبینانە، لە هەموو شت گرنگترە.ئەگەر دۆزینەوەی ڕێگاو میتۆدی گەیشتن بە ئامانجی سەرەکی و خێری گشتی مەسەلەیەکی زۆر پڕ بایەخە.ئەگەر هەوڵدان بۆ دەکارکردنی ئەو ڕێگاو میتۆدانە و تەختکردنی کۆسپەکانی سەر ڕێگا، کلیلی مەسەلەکەیە، ئەوە بێ شک دەتوانین بڵێین دووکتۆر قاسملوو لەو کارەدا لە ڕیزی پێشەوەی کەسایەتیە سیاسیە ئێرانی و کوردستانیەکان دا بووە.ئەو ئامانجە سیاسیەکانی بزووتنەوەی کوردستان و تاکتیکی خەباتگێڕانە و چالاکی و کردەوەی سیاسیی ڕۆژانەی بە شێوەیەک لێک گرێ دابوون، کە سیاسەت و خەباتی خستبوونە خزمەت ڕزگاری میللەتی ژێرچەپۆکی کورد.ئەو دەیەویست میللەتی کوردستان ڕزگاربێ و ژیانێکی شیاوی ئەم سەردەمەی هەبێت.لەخۆڕانیە دەیگووت خودموختاری ئەگەر نێوەرۆکەکەی نە بێتە ژیانێکی پڕ لە ڕەفاە و ئازادی بۆ خەڵکی کوردستان، بایەکەخی یەو هەموو خەباتەی نیە.واتە ئەو سیاسەتی بۆ دووشت دەکرد بۆ ڕزگاری کوردستان و بۆ ژیانێکی پڕ لە سەعادەت بۆ خەڵکی کوردستا.ئەوە کە لە زانستگاکاندا پێی دەوترێت ئیمانسیپەیشن پۆلیتیک.سیاسەت لای قاسملوو شتێک نەبوو جگە لە کاروخەباتی ڕۆژانە بۆ گەیاندی میللەتی کورد بە ئاستی میللەتانی دوونیا.

دەیگووت خەباتی ئێمە دوورودرێژە.میللەتێکی ژێرچەپۆکە تا ڕزگاری ڕێگایەکی درێژی لە پێشە.بۆیە دەبێ هەم خەبات بکەین و هەم بژین.لە خۆڕانەبوو لە ڕیزەکانی شۆڕشدا بایەخی زۆری بە ژیان و جلوە جوانەکانی ژیان دەدەدا.لە شایی و زەماوەندی پێشمەرگەکاندا بەشداری دەکرد.جوانی و ڕێکوپێکی و کارو زەحمەتی تەشویق دەکرد.هونەر و مۆسیقا و ئەدەب و ژیانی بنەمەڵەیی تەشویق دەکرد.بۆ چونێک هەبوو کە پێشمەرگە نابێ زەماوەند بکا، ئەو بەتووندی لە بەرانبەر ئەو جۆرە قسانەدا ڕادەوەستا و دەیگووت پێشمەرگە ئینسانە، ناتوانی لە ئینسانیەتی دابڕنی.حەقی خۆیەتی زەماوەندبکا، بەڵام دەبێ پێی بلێێن ئیمکاناتی شۆڕش بۆ بەڕێچوونی بنەماڵە کەمە.

حزوورێکی بەردەوام و دیاری هەبوو.لە ڕیزەکانی بزووتنەوەدا، لە نێو بنکەکانی پێشمەرگەدا، لە کۆمیتە شارستانەکاندا، لە نێێ تەشکیلاتی نهێنیدا، لە نێو ڕوونکبیراندا، لە نێو نوسەرانی کوردو ئێرانی و ئەدیب و هونەرمەندانداا، لە نێو کۆڕوکۆمەڵە سیاسیە ئێرانی و کوردستانی و ناوچەیەکاندا، حزووری بەرچاوی سیاسی و مەعنەوی پڕ ڕەنگی هەبوو.ئێمە چ لە دفتەر باین، جچ لە ناوچە و لە قوڵایی مەیدانەکانی خەباتی پێشمەرگایەتیدا، ئەومان لە پەنا خۆمان دەدیت.پێشمەرگەکانی داڵەهۆ پێ یان وابوو قاسملوو لە هێزەکەی ئەواندا سازمان دراوە.هی هەوشاریش هەر ئەو هەستەیان هەبوو، بەکورتی پێشمەرگەکان لە هەرکوێ بان، هەستیان بە بوونی دوکتۆر لە لای خۆیان دەکرد.لە هەموو جێیەک ئەو حزوورە گەرم و سەمیمی و سەنگینەی لەنێو ڕیزەکانی شۆڕش و خەباتدا هەبوو.پێشمەرگە کان لە هەزاران کیلۆمیتر دوور لە سکرتاریای حیزبەوە، نەیان دەوێرا ڕیشیان هەبێ، چونکە دەیانزانی کاک دووکتۆر حەز ناکا پێشمەرگە ڕێک و پێک و پاک وخاوین نەبێت.

ئەو حزوورەی ڕێبەری بوو کە هێزی ئەخلاقی و مەعنەوی دابوو بە خەباتی پێشمەرگە .دووژمن لە هەموو بارێکەوە بەهێزتر و پۆشتەوپەرداختر بوو، بەڵام ئەوە هەر پێشمەرگەبوو زەبری دەوەشاند، ڕەمزی ئەوە لە هیزی ئەخلاقی پێشمەرگەوە سەرچاوەی دەگرت.بەشی زۆری ئەو قودرەتە مەعنەویە، دووکتۆر قاسملوو ئیلهامدەری بوو.

شکسپیر باسی هێنری دەکا.کاتێک مێژووی شەڕەکانی نێوان ئینگلیس و فەرانسە دەگێرێتەوە، باس لەوەدەکا کە کاتێک هێنری پاشا و سەرکردەی سوپای ئینگلیس دەبینێ لەشکری فەرانسەویەکان زۆر زۆرتر و پرچەکترە لە چاو سوپاکەی خۆی.شەوی پێش دەستپێکردنی شەڕەکە سەردانی خێوەتی هەموو فەرماندەرەکانی خۆی دەکا.هەرکامیان پێی وادەبێت کە ئەوە تەنیا

هێنری هەر سەردانی ئەوی کردوە.هێنری هومید و هیوایان وەبەردەنێ و بە جۆرێک حاڵیان دەکا کە چاوڕوانی زۆری لێیانە.هەر یەکەی لەحزەیەکی کورت لە لایان دەبێت و بەمجۆرە بەیانی کە شەڕ دەستپێدەکا ئەو حزوورە کەمەی شەوی ڕابردوو لە میدانی شەڕیشدا لە لای هەموو فەرماندەرەکان و لە ڕێگای ئەوانیشەوە لە نێو هەموو سەربازەکان دا خۆی نیشان دەداو دەبێتە ئیلهام و هێز و ورەو بڕوا بە سەرکەوتن و بەربەرەکانی.لە ڕاستیدا قاسلووش لە نێو بزووتنەوەی کوردا، لە نێو کادر و پێشمەرگەداهێنری بوو.خۆزگە ئێمەش شکسپیرێکمان دەبوو، داستانەکانی خەبات و خۆڕاگری پێشمەرگەکانی کوردستانی وەک شانازی میللی لە ئەدەبیاتی نەتەوەییمان دا تۆماردەکرد.

سونامی بوو لە نێو بزووتنەوەدا، لە مەیدانی خەبات و سیاسەتی ئێران و کوردستاندا، لە پارچەکانی دیکەی کوردستانیش دا پارامیترێکی جدی بوو.وەک سونامی بوو، لە هەموو لایەک ڕا دەهات، نەت دەتوانی خۆی لێ لادەی و لە بەردەستی ڕاکەی.دەکرا موخالیفی بی، دژی بی، بەڵام کەس نەیدەتوانی حاشا لە گرینگی و فاکتۆربوونی ئەوبکا یا ئینکاری بکا.هیچ هێزو لایەنێک نەیاندەتوانی ئینکاری جدی بوونی قاسملوو لە سیاسەت و خەباتدا بکەن.بەتایبەتی لە مەیدانی سیاسەتی کوردستان و ئێراندا.

لە کۆڕوکۆبوونەوەکاندا، لە مەجلیس و میوانی و جەژن و زەماوەندەکاندا، لە نێوماندا، چ لە ڕۆژانی شایی و چ لە ڕۆژە سەخت و دژوارەکاندا، دەدرەوشایەوە.بە قسەو وتە جوان و پڕماناکانی شوێنەواری لە سەر هەمووان دادەنا.لە خۆڕانەبوو کۆشنێر دوای شەهیدبوونی وتی لە نێو ڕێبەرانی دونیای سێەمدا، من ڕێزوحورمەتم لە هەموان زیاتر بۆ قاسملوو هەبوو.

قاسملوو ڕووناکبیرێکی خەباتگێر بوو.کاری فکری دەکرد، دەیخوێندەوە، وەزعی سیاسی دونیای لە هەموو گۆشەنیگاکانەوە تەماشادەکرد و وەدوای ڕووداوەکان دەکەوت.قەت لە خۆی غافڵ نەبوو.براژنە نەسرین لە نۆروێژ وتی ڕەحمان زۆری دەخوێندەوە، چاک فێردەبوو.بەڵام فەرقی گەورەی ڕەحمان دەگەڵ کەسانی دی ئەوە بوو کە ئەو هەرچی فێری دەبوو، لەجێی خۆی بەکاری دەهێنا.ئەو فێردەبوو تا لە ژیان و خەباتدا بڕواتە پێش.ئێواران کە هەموو کارەکانی تەواو دەبوون دەیخوێندەوە.بە عیشقەوە ئەدەبیاتی کوردی و فارسی و فەڕانسەی و عەرەبی دەخوێندەوە.ئاگای لە ئاخرین ڕووداوەکانی دونیای ئەدەب و هونەر و سینەماو مۆسیقاو فەلسەبوو.پاش شەهدبوونی دەفتەری سیاسی بڕیاری دا کتێبخانە شەخسیەکەی بدرێتە کتێبخانەی گشتی حیزب و نەوارەکانی بدرێنە ڕادوێ دەنگی کوردستان.بۆم سەیر بوو لە نێو کاسێتەکاندا گۆرانی و مۆسیقای هەموو میللەتانی دونیایان تێدابوو.تەنانەت هی ئەمریکای لاتیین و ئەفریقاش.مۆسیقای سونەتی قەرەجەکانی باشوری ئوروپا و دەیان عنوانی دیکە.کتێبخانەکەشی لەو شاخە لە راستیدا باشترین کتێبی بە زمانەکانی فەرانسەی و ئینگلیسی و عەرەبی وفارسی وتورکی تێدابوون.ئەو کتێبانە لەو شاخە ئەودەم بۆ ئیمە بوونە خۆراکی ڕووح و بەتایبەت کە هی کاک دووکتۆریش بوون بە عەلاقەیەکی زۆرترەوە دەمان خوێندنەوە.

جارێک کلاسێکی بۆدانابن کە فێری فیلم هەڵگرتن بین.لەو کلاسەدا هەرکام لە هێزەکانی پێشمەرگە کەسێکیان بە کلاسەکە ناساندبوو.من و خوشکە خەدیجەی مەعزوریش لە رادوێ را چووبوین.بۆمن سەیر بوو لەو کلاسەدا باسی هونەر و سینەما و شانو وچۆنیەتی فیلم هەڵگرتن و بایەخ و گرنگی فیلمە دۆکیۆمێنتارەکانی کرد.سەرسام بووم.ئاخر پێت وابوو ئەو هەر مامۆستای هونەر و فیلم و سینەمایەو بەس.

هەموو ڕۆژێ هەواڵەکانی دونیاو ناوچەو ئێرانی تاقیب دەکردن و پێوەندی نێوان ئەوانی دەدۆزیەوە و باشترین تەفسیری لێ دەکردن و بۆ ڕوونکردنەوەی ڕێی خەبات کەڵکی لێوەردەگرتن.دەیگووت چونکە مەسئولیەتم هەیە ناچارم تەنانەت نەشریاتی هێزەچەپە ڕادیکالەکانی وەک تۆفان و ئەوانی تری لەو تیپەش بخوێنمەوە.چونکە دەبێ بزانم دەڵێن چی؟

پێوەندیەکی بەرینی کۆمەلایەتی و دۆستایەتی هەبوو.لەگەڵ کەسایەتیە سیاسی و ئەدەبی و ڕووناکبیریەکانی کوردو ئێرانی و عەرەب و بیانی پێوەندی هەبوو.چەند ساڵ لەمەوبەر لە کۆمۆنی ئەسکەر لە نزیک ئۆسلۆ مامۆستابووم، موعەلیمێکی ئەفغانستانی دەرسی ماتماتیکی دەگوتەوە و کاتێک یەکەم جار یەکترمان دیت و وتم کوردی ئێرانم، دەستبەجێ باسی خەباتی حیزب و بزووتنەوەی کوردی لەو بەشەی کوردستان لێپرسیم.منیش بۆم باسکرد و وتی خۆشحاڵم کە ئەو قسانەم گوێ لێدەبێ.من پێم وابوو پاش تیرۆری قاسملوو خەباتەکەشی نەماوە.پێم سەیر بوو دوکتۆر قاسملووی دەناسی.دواتر بۆی باسکردم کە دۆستی قاسملووبوە و سەردەمێک لە کابوول لە کابینەیەکی ئەفغانستاندا وەزیربووە لە کاتی دەستەڵاتی چەپەکاندا.شانازی دەکرد کە جارێک لە پاریس کاک دۆکتۆری دیبوو.ناوبراو دووساڵ لە مەوبەر گەڕایەوە ئەفغانستان و ئێستا تەنیا منداڵەکانی لێرەن.با ئەوەش بڵێم کە بەڕاستی ئەویش بۆخۆی کانیەکی زانست و زانیاری بوو.پار چوومە دهۆک لە یەکەم ڕۆژی گەیشتنمدا چوومە میوانیەک.تازە دانیشتبووم کەسێک هاتە نزیکم و وتی من لە ناوچەی شینکایەتی چەند شەو لە گەڵ کاک محمەدی موکری و چەند نوسەری تر میوانی کاک دووکتۆر قاسملوو بوومە باسی ئەو دیدارانەی دەگێراوە و عیشق و خۆشەویستی کاک دوکتۆر لە چاوانیدا شەپۆلی دەدا.ئەو مامۆستا محمەد ئەمین بوو کە سەردەمێک مودیری پەروەردەو فێرکردنی دهۆک بووە.مەبەستم ئەوەیە بڵێم پێوەندیەکی بەرینی کۆمەڵایەتی هەبوو.هەرکەس یەکجار دیتبای دەچۆ ژێر تەئسیری.سەردانی بریندارەکانی دەکرد، لە ئەحواڵیانی دەپرسی، کەم ئەندامەکانی بەسەر دەکردنەوە.

لەسەرتاسەری ئەو ماوەدا کە سکرتێری حیزب بوو، بەتایبەتی لەو ساڵانەی دواییدا، شەووڕۆژ بۆ بە هێزکردن و ڕێکخستنی حیزب کاری دەکرد.باشترین کات و سەعاتەکانی تەمەنی خۆی بۆ نوسین و قسەکردن و دەرس وتنەوە و پێکهێنانی کۆروکۆبوونەوە و دیداری جۆراوجۆری سیاسی و حیزبی و دیپڵۆماسی تەرخان دەکردن.قەت لەکار ماندوو نەدەبوو.

ئەو فەرهەنگی ئیدامەکاری هێنایە ناو سیاسەت و تەشکیلاتی ئیمە.قوتابخانەیەکی درووستکرد کە هەزاران کادر و تێکۆشەری حیزبی تێدا پەروەردەکراون.لە کلاسێکدا وتی من دڵنیام ئەگەر ئەو ڕێبەریەی ئێستای حیزب هەمووشی تێدا بچێت، تازە ئیدی حیزبی دێموکرات ناکەوێتەوە سەر ئەرز و ئاڵای خەباتەکەی لە شەکانەوە ناکەوی.ئەو بڕوای بە خۆی و کاری خۆی هەبوو. ئیدەی سیاسی قاسملوو ئەمڕۆ بۆتە دیسکۆری و گوفتمانی زاڵی سیاسی لە کوردستاندا.بۆتە هەوێنی ژیان و خەباتی کۆمەڵانی خەڵکی کوردستانی ئێران.خوێنکاران، لاوان، قوتابیان، ژنان، مامۆستایان، دانشگاهیان وباقی چین و توێژەکانی دیکەی خەڵکی کوردستان ئیلهام لە قاسملوو وەردەگرن .هەرچەند دوکتۆر قاسملوو هاونەسلی نەسلی ئێستای کوردستان نیە، بەڵام ئیدەو پەیام و ڕوانگەو بۆچوونەکانی ئێستاش لە نێو نەوەی نوێی کوردستاندا لە هی هەموو کەس باشتر وەردەگیرێ.قاسملوو لە هەموو ڕێبەرانی ئەمڕۆی کورستان لە نەوەی نوێی کوردستان نزیکتر و مەقبوڵترە.

قاسملوو دەیگووت کوردستان دەبێ لەو وەزعە بێتە دەر.کورد لە ژێر ستەم دایەو کوردستان دابەش کراوە.ئەو وەزعە نابێت قبووڵ بکرێ.ئەوە نیوەرۆکی پەیامی قاسملوو بوو.نەوەی نوێی کوردستان بە ئێسکو پێستەوە هەست بەو ستەم و بێعەداڵەتیەدەکا کە لەسەر کوردە.هەربۆیە لە دەورانی گلۆباڵیزاسیۆندا، بەو هەموو ئاگاهیە کە ڕۆژانە وەک شنەبا بڵاو دەبێتەوە، نەوەی نوێی کوردستان شوێن ی مەوقعیەتی میللەتی خۆی لە نێو گەلانی دونیادا دەبینێ ولە جەوهەری پەیامی قاسلوو تێدەگا.

بەڵام قاسملوو تەنیا هەر بەوە ڕازی نەبوو کە بەدژی وەزعی ئێستای کورد و ئەوستەمە بێتە مەیدان لە لەسەریەتی.ئەو داهاتووی کورد و کوردستانیشی دەستنیشان دەکرد.دەیزانی کورد

دەبێ بڕواتە کوێ.حەزرەتی موسا دەیزانی ئوممەتی خۆی بۆ کوێ هیدایەتدەکا.قاسملووش دەیزانی کورد دەبێ بەرەوکوێ بڕوا.ئەو دەیگووت کوردستان دەبێ بچێتە ڕیزی میللەتانی ئازاد و پێشکەوتوی دونیا.

کوردستان لە دونیای سێیەمدایە، لە دونیای ئیسلامدایە، لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستدایەو لە دونیای عەرەبیش دایە.هەرکام لەوانە پێناسەی سیاسی خۆیان هەیە.دونیای سێیەم یانی هەژاری و بێنەوایی و بێعەداڵەتی، دونیای ئیسلام یانی دژایەتی مۆدێرنیتە و پێشکەوتن، ڕۆژهەڵاتی نێوەڕست و دونیای عەرەب یانی دوژمنایەتی ڕۆژئاوا و زەینکوێری سیاسی و ڕادیکالیزم و تیرۆرپزم.قاسملوو دەیگووت کورد و کوردستان ئەگەر لە باری جوگرافیشەوە ناتوانن لەو ناوچەیە بێنەدەر، دەبێ لەباری سیاسی و فەرهەنگی و مینتاڵیتەوە خۆیان لەو چاڵانە ڕزگار کەن.دەیگووت مۆدێلی ئێمە ئورووپایە کە چڵەپۆپەی گەشەسەندن وپەرەسەندنی کۆمەڵگای ئینسانیە.ئەوجی پێشکەوتنی ئابووری وسیاسی وفەرهەنگی و تکنۆلۆژی ئینسان ئەوەیە کە لە ئورووپا هەیە.بۆیە دەبێ بەرەو ئەو مۆدێلە بڕۆین.زۆر دڵی بەوە خۆش بوو کە تورکیە بێتە نێو ئوروپاوە.دەی گووت ئەودەم بەشێک لە کوردستان دەبێتە ئورووپا و تەئسیری لەسەر پارچەکانی تری کوردستانیش دەبێ.هەرئەو ڕێگەی کە تورکیە هەڵی بژاردوە یانی هەوڵدان بۆ چوونە نێو ئورووپا.دەیگووت ئیسلام دینی ئێمەیە، بەڵام نابێ ببێتە شێوەژیانمان.بۆیە دەبێ لەو چاڵانە خۆمان قوتاربکەین.تورکەکانیش موسوڵمانن، بەڵام هەموو هەوڵیان ئەوەیە بڕۆنە نێو ئورووپا.ئەو ستراتیژیەی تورکیەی نەک هەرلەبەر قازانجی کێشەی کورد، بەڵکوو لە بەر مەسەلە کۆمەڵایەتی و ئابووری و فەرهەنگیەکانیش، تەقدیردەکرد.یانی ئەو دەیگووت کورد و کوردستان دەبێ خۆی لە گەڵ دونیای مۆدێرن و پێشکەوتوو هاوئاهەنگ بکا.تەنیا لەو حاڵەتەدایە کە دەچینە ئاستی میللەتانی دونیا.نەوەی نوێی کوردستان، موشتاقی چوونەدەر لەو چاڵانەیە کەباسم کردن.هەربۆیە پەیامی قاسملوو بە ئاسانی وەردەگرن.

قاسملوو ژیانی خۆشدەویست.هەژاری تەقدیس نەدەکرد.هەموو هەوڵی ئەوەبوو ژیانێکی بەختەوەرانە بۆ نەتەوەکەی بنیات بنێ.ئەو لە مەزڵوومنمایی بێزاربوو.هەمیشە دەیگوت کوردستان شانسی ئەوەی هەیە ببێتە بەشێکی گرنگێ بازاڕ و ئابووری ناوچە.کوردستان مەکۆی نەوت و گاز و ئاوە.بۆیە ئەگەر شانسێ بدرێتێ و سەرکوتی نەتەوەیی لەسەر لاچێ زوو دەبێتە ئۆکۆنۆمیەکی گەورە.بەڵام دەی گووت بۆگەیشتن بەو ئامانجە، کورد دەبێ ئاڵوگۆڕی فەرهەنگی بەسەردابێ.ئەو دەی گووت پێشکەتنی فەرهەنگی خەمیرمایەی پێشکەوتنی سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتیە.ئەو پێشکەوتنی زانستی و فەرهەنگی و کولتوری بە هەوێنی پەرەسەندن دەزانی، هەر بۆیەشە هێندە لە نەوەی نوێی کوردستان نزیکە.

قاسملوو نێوەرۆکی ناسیۆنالیسمی هاوچەرخی کوردی فۆرمەڵەکرد.یانی کوردایەتیەک کە لە نێوەرۆکدا دێموکراتیک و ئازادیخوازە، دوورە لە بەرچاوتەنگی و دەمارگرژی و مەزهەبی گەری.لەو ناسیۆنالیسمەدا خاکی کوردستان کاکڵی کێشەکەیە و کورد حەساسیەتی زۆر بە کاک نیشاندەدا.لەو ناسیۆنالیسمەدا، بەرژەوەندیە نەتەوەییەکان دەکەوەنە سەرووی هەموو ئیعتیبارێکی دیکەوە.لەو مۆدیلە لە کوردایەتیدا ئامانج گەیشتنە بە مۆدێرنیتە، نەک دژایەتی مۆدێرنیتە.لەو ناسێۆنالیسمەدا، دین لە دەوڵەت و حکومەت جیایە.یانی پێوەندیە سیاسی وحقوقیەکان سکۆلاریزە دەکرێن نەک کۆمەڵگا.زۆر جار دەی گووت حیزبی ئێمە لائیکە.یانی ئێمە نامانەوێ دین لە کۆمەڵگای کوردستان وەدەرنێین.بەڵکودەمانوێ دین وەک نیهادێکی کۆمەڵایەتی ئەو نەخشەی هەبێت کە دەبێ بە شێوەیەکی سرووشتی لێی چاوەڕوان دەکرێت.

لەو مۆدیلە لە کوردایەتیدا مافەکانی مرۆڤ و مافەکانی ژنان و منداڵان و کەمایەتیەکان و کەمئەندامان، دەبنە بەشێک لە جەوهەری بەرنامەی ڕزگاری نەتەوەیی و شۆڕش وخەبات.بەمجۆرە قاسملوو ناسیۆنالیسمی کوردی خستەسەر جادەیەکی ڕاست و درووست.کۆتوبەندی مەزڵوومنمایی لە دەستوپێ کوردکردەوە.دەیگووت کورد دەبێ بۆخۆی ئەرکو مەسئولیەتی ڕزگاری و ئازادی خۆی بگرێتە ئەستۆ.نابێ چاوەڕوان بین سەربازی ئەمریکی و رووسی و فەڕانسەوی بێن لە جیاتی کوڕوکچی کور لە سنە و کەرکوک وورمێ بۆ ئازادی کوردستان شەڕبکەن.سیاسەت و کوردایەتی لە کوردستانی ئێران لە داوی کۆتوبەندی عەشیرەتگەری و تایفەیی دەرهێنا.ئەو ناسیۆنالیسمی کوردی کردە بەشێک لە بزووتنەوەی ئازادیخوازی ناوچەکە.ئەو لە کاتی ڕاوەستانی شەڕی ئیران و عێراقدا ڕای گەیاند کە شەرتی سەقامگیربوونی سوڵح و ئاشتی لەوناوچەیەدا، ئەوەیە کەکورد وکوردستانیش بگرێتەوە.بەبێ چارەسەری عادڵانەی کێشەی کورد، ئاشتی لەو ناوچەدا قەت دانامەزرێ.ئەسڵەن ئاشتیەکی ئاوا بۆ کورد وەک خامۆشی قەبرەستانی مەترسیدارە و کورد تەحەمولی ناکات.ئەو خەباتی کوردی لە کەوتنە داوی دژایەتی کردنی ئیسرائیل، یەهودیەت و مەسیحیەت و هەر چەشنە دین و مەزهەبێکی دیکە پاراست.بەو جۆرە ناسیۆنالیسمی کوردی کردە پارامیتریکی جدی بە قازانجی ئازادی و دیموکڕاسی لە ئێران و ناوچەکەدا.

ئەو بە هەموو تواناوە تێکۆشا خەبات بۆ ڕزگاری کوردستان، بزووتنەوەی کوردستان نەکەونە داوی تیرۆریزم و ڕادیکالیزم و بنیاتگەرایی مەزهەبی و سیاسی و ئیدۆئۆلۆژیک و بیروباوەری کۆنەپەرستانە .یانی ناسیۆنالیسمی کوردو خەباتی کوردی لە گەڵ دێموکڕاسی و لیبراڵیزم و ئوسوڵە نێونەتەوەییەکان وعورفی نێودەوڵەتی هاوئاهەنگ کرد.لەخۆڕانیە ئێستا دەبینین کە بزووتنەوەی کورد فاکتۆرێکی پۆزەتیڤە لە ناوچەکەدا.ئەو دەیگووت بزووتنەوەی کورد ئەگەر ئاوا نەڕواتە پێش، ناتوانێ پشتیوانی نێونەتەوەیی بۆ لای خۆی ڕاکێشێ.بەرهەمی ئەو سیاسەتە ئەوەیە کە ئێستا بزووتنەوەی کورد هەڕەشەیەکی جدیە لە سەر دیکتاتۆری و سەرەڕۆیی و مژدەی بەهاری ناوچەکەشی لە هەناوی خۆیدا هەڵگرتوە.

هەربۆیە ئەگەر لە مێژووی هاوچەرخی کوردا کەسێکمان بوێ قاسملووی لە گەڵ موقایەسەبکەین، کەسمان دەست ناکەوێ و ئە بێهاوتایە.ئەوتەنیا لەگەڵخۆی یانی قاسملوو موقایەسەدەکرێ. ئەو قەت سۆزو رق و کینەی نەدەکردە بناخەی سیاسەت گوزاری و هەلوێستی سیاسی.واقعبین بوو.بڕوای بە تواناکانی لاوانی کوردستان هەبوو.تێدەکۆشا کورد فێری بەرزەفڕی بکا و هانی دەدا تووتتر و بەرزتر لەوەکە هەیە بفڕێ.شوێنەواری قاسملوو لەسەر خەباتی کورد لە چوارچێوەی زەمان و مەکانی سەردەمی خۆی تێپەڕیوە.بۆیەشە لە نێو کوردان دا هەروا بەرز و بێ هاوتایە.

ئەو مەسئولیەتی وەردەگرت.دەی وت چ وەک تاک و چ وەک نەتەوە دەبێ بەرپرسایەتی قبووڵبکەین بۆ ئەوەی لەو دۆخەی کە تێی داین بێینەدەر.دەیگووت ئەگەر نەوەکانی ڕابردوو چاک کاریان کردبا ئێمە ئەوە حاڵمان نەدەبوو.دژی ئیمام زادە سازی بوو.بۆ ئەو ئیمام زادە سازی یانی ڕاوەستان لە مێژوودا، یانی بە بارمتە گرتنی داهاتوو بوو.دژی ڕووحیەی کەربەلای بوو لە حیزبایەتی و سیاسەتکردندا.لایەنگری عەقڵو کردەوەی سیاسی هەلسەنگێنراوبوو.دژی بەهرەبەرداری لە شەهیدان بوو.بۆ ئەو سست عونسوڕی و کورتبینی و خۆپەرستی و ڕووحیەی دژی کۆمەڵایەتی و تا سەری لووت دیتن گەورەترین نیشانەکانی دواکەوتوویی بوون.

لایەنگری سەرسەختی پلۆرالیزمی سیاسی و حیزبی و فەرهەنگی بوو. پێی وابوو پلۆڕالیزم و دیسانتراڵیزم دەبنە مایەی سەرهەڵدانی ئابووری و پێشکەوتن و خەلاقیەت و ئینێرژیەکان ئازادە دەکەن.هەر بۆیە دەیگووت ئێرانی دەبێ دیسانتراڵیزە و پلۆڕالیزە بکرێ.لە سیاسەتدا جرمی بنتام بۆ قاسملوو سەرمەشق بوو.واتە کارکردن بۆ دابینکردنی خێری گشتی.خێری گشتی لەوەدایە کە مرۆڤ قازانجی کورتخایەنی خۆی فیدای قازانجی درێژخایەنی گەل و وڵات بکا.لە جیاتی هەڵاواردن و خۆویستی ڕووت، ڕێگای سازش و هاوڕایی بگرێتەبەر.

لەسیاسەتدا دووربین وستراتیژیک بوو.ئێمە کە لەسەری لوتی خۆمانمان بەولاوەنەدەدی جارێک لە پلونۆمێکدا باسکرا کە هەرکەس کە لە ئۆردووگای ڕوومادیەوە دێتە دەورەی فێرگە نەیەڵین دایکەکانیان بێن و بیان بینن چونکە دەیان بەنەوە.لە وەڵامی ئەو پێشنیارەدا وتی ئەوە هەڵەیە.ئەو خەڵکە سەرمایەی شۆڕش و خەباتن و باشترین ماتریاڵن لە دەستی حیزبدا کە دەتوانین کاریان لەسەر بکەین و لە ڕێگای ئەوانەاوە حیزب بەرەو ناوچەکانی کرمەشان و ئیلام کۆچ پێبدەین .تا ژمارەیەکی زۆرتر لەوانە بێنە فێرگە و لە گەڵ حیزب ئاشنابن، باشترە چوونکە ئێمە لەو ڕێگایەوە دەتوانین ژمارەیەکی زۆر کادر بۆ حیزب پەروەردەکەین کە لە داهاتوودا دەتوانن نەخشی گەورە بە قازانجی حیزب ببینن.جیا لەوە دەچنەوە لە نێو کەس وکاری خۆیاندا دەبنە کادری حیزب ئەوە چ زەرەرێکی تێدایە کە ئێمە دەبێ لێرە ئەو مەسەلە ئاوا باسکەین.ئێستا دەزانین کە بەڕاستی ئەو قسەی کاک دووکتۆر چەندە درووست بووە.مەبەستم ئەوەیە ئەو زۆر درێژخایەن بیری دەکردوە.جارێکی تر لە کۆبوونەوەیەکدا وتی بە خەڵکی گوندەکان بڵێن ئەگەر هەر دەچنە شار بڕۆن لە ورمێ خانوو بکرن و نیشتەجێبن.ئەو بەڕاستی ستراتیژیک بوو.جارێکی دیکە وتی شەشمانگ کارم لەسەر ئەوە کردوە کە فرانسوا میتران سەرکۆماری فەڕانسە لە وتاری ساڵانەی خۆیدا لە ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتوەکان لە کاتی باس لە سەر مەسەلەکانی دونیادا، وەک نموونە باسی کوردیش یانی کێشەی کوردیش بکا.

لە نوسین و وتارو باسەکانیدا دیدی زانستی و ئینسانی زاڵە.شعوری بەرزی سیاسی و واقعبینی سیاسیان تێدایە.ئەوە لە وڵاتێکدا کە خەڵک نە هەوا و لەسەر ئەساسی سۆز و عاتیفە کاردەکەن، کارێکی دەگمەنە.ئەو لە بەیان کردنی مەبەستە سیاسیەکانیدا زۆر ڕەوان بوو.ئاڵۆزترین مەسەلەکانی بەزمانێکی زۆر سادە دەر دەبڕین.

لە سیاسەتدا ئایندەنگەر بوو.خۆ بەزلزان نەبوو.متوازن بوو.دیدێکی ئاواڵای هەبوو.خاوەن نەزەر و هەڵسەنگاندنی خۆی بوو.بۆیە لە لایەن هەموو ئەکتەرە کانی سەر شانۆی سیاسەتی ئێران و کوردستان تەنانەت موخالیفەکانیشی بە جدی وەردەگیراو جێی ڕێزبوو.

زۆریان هێرشکردەسەری.بە پیاوی ناتۆ و ئیمپریالیزم و دواتە بە پیاوی بەحس و تەجزیەتەڵەب و دژی شۆڕش و دوژمنی خواو چی و چی لە قەڵەمیاندا.بەڵام ئەوە زەڕەیەک کاری لێنەکرد و لە خەباتی سارد نە کردەوە.قەتیش شەڕە جنێوی نەکرد.هەمیشە دەیگوت دەبێ ئەدەبیاتی حیزب وەزین و هەسەنگێنراوبێ و لە ئەدەبیاتی چالەمەیدانی خۆ دوور بگرین.

جارێک لە قەندیل میوانمان بوو یانی میوانی مەڵبەندی سپی سەنگ بوو کە بنکەکەمان لە سینەمۆکە بوو.پێشمەرگەکان هاتن و وتیان ڕادوێ موجاهیدین جوێن دەداو بە دوکتۆر قاسملوو دەڵێ ئەشرافزادە و چی و چی.پێشمەرگەکان زۆریان پێ ناخۆش بوو.وتی پێتان ناخۆش نەبێت.ئەوانە بەرادوێی خۆیان تەبلیغ بۆ ئێمە دەکەن.من سیاسەت دەکەم و لە ئورووپا هەموو ڕۆژێ کاریکاتۆری سیاسەت مەدارەکان لە ڕۆژنامەکاندا بڵاودەکەنەوە کەسیش تەنانەت پێشیان ناخۆش نیە.ئێوەش ئەو کارە هەرئاوا وەربگرن.

ئەو قەت حەقیقەت و گۆڕەپانی سیاسی کوردستانی لە پاوانی خۆیدا نەدەدی، نەی دەویست حیزبی دێموکرات تاقانەبێ.بەڵام تێدەکۆشا حیزبی دێموکڕات بە هێز و کاریگەربێ لە مەیدانەکەدا.ئەو پێی وابوو تەوافوق دەبێ لە ئاکامی هاتنە گۆڕی ڕوانگە جۆراوجۆرەکانەوە وەدەستبێ.لە کۆبوونەوەکانی کۆمیتەی ناوەندیدا هەمیشە دوای هەموان نەزەری خۆی لە سەر مەسەلەکان دەردەبڕی و تەنیا هاوئانگی درووست دەکرد.

قاسملوو وێڕای ئەوەی کە دەریای زانیاری بوو.کەسێکی سەمیمی و گەرمیش بوو.نموونەی بەرزی ڕووحیاتی بەرزی ئینسانی بوو.لە بەرانبەر نامرادیدا نەبەزیبوو.بە هەموو بڕواوە بۆ ئەو ئامانجانە کاری دەکرد کە بڕوای پێیان بوو.پێغەمبەر ئەگەر بڕوای بە پەیامی خۆی نەبێت، ناتوانێ خەڵکیان لە دەورە کۆکاتەوە.ئەو بڕوای بە پەیامی خۆی بوو بۆ یەش دەی توانی خەڵکیان بۆ مۆبیلیزەبکات.

تازە لە سابڵاخ هاتبوینەدەر و لە سەر شاخانبووین.سەرەتاکانی دامەزرانی ڕادوێ دەنگی کوردستانی ئێران بوو.کاری پاراستنی رادوێ هێزی ئاوارە ئەسپێردرابوو.شەهید مەلا بایزی محەمەدی سەرپەرستی پێشمەرگەکانی دەکرد.منیش لە گەڵ مام لەوێ بووین و کاک دوکتۆر دەبوا بچێتە خرەجوێ کە کلاسی کادری لێ بوو دەرسی هەڵدانی ئابووری بڵێتەوە.ئەوکارەیان بە ئێمە سپارد و لە ڕێگا کتێبێکی بە دەستمەوە دیت و پرسی چیە.من پێشانم دا وتی قەی ناکا بیخوێنەوە بەڵام ئەوە ئینتشاراتی حیزبی توودەیە.ئەوان ئاساری مارکسیستی بە جۆرێک چاپ و بڵاودەکەنەوە کە لە جهەتی خەتی سیاسی خۆیان دابێ.داوات لێدەکەم ئاساری کلاسیکی مارکسیستی بخوێنەوە باشترە ئەو جزوانەی حیزبی توودە ریسالەی ئامووزشی حیزبین.هەر بەوەش ڕامەوەستە و ڕوانگەکانی موخالیفی مارکسیسیمیش بخوێنەوە جا ئەودەم لە مەسەلەکان تێدەگەی.بەو جۆرە ڕێنوێنی کردم کە بە چاوی ئیدەئۆلۆژیکەوە تەماشای دونیا نەکەم.ئەو ڕۆژە بوو کە ڕۆژنامەی مەردوم نوسیبووی چوماقدارانی ئەلاوەیسی بە دەفتەری حیزبی تودە دەر مەهاباد حەملەوەر شودەن.

ئەو دەیگوت دەبێ لە خەباتدا تەکیە بکەینە سەر ئامانجی درووست و وەسیلەی درووست و پرۆسەی درووست.دەیگووت کورد چۆ هەرجێ یەک داوای چەک و پوڵ دەکا.ئەوە سیاسەتی کوردیە.ئێمە دەبێ ئەو فەرهەنگە بگۆڕین.دەبێ لە جیاتی چەک و پوڵ داوی پشتیوانی سیاسی و مەعنەوی بکەین.چونکە کەسێک ئەگەر پشتیوانی سیاسیت لێبکا.ئەگەر پێویست بێ چەک و پوڵیشت دەداتێ.ئەو دەیگووت دەبێ تەکیە بکەینە سەر بیری خەباتگێرانە و پەروەردە و ریتۆریکی حەقخوازانە و عادڵانە.

لە مێژووی هەر نەتەوەیەکدا بەدەگمەن کەسانی وا هەڵدەکەون کە دەبنە کەسایەتی مێژوویی.قاسملوو نەک دوای مەرگی تەنانەت لە سەردەمی ژیانی پربەرەکەتیشیدا، بوو بە کەسایەتیەکی مێژوویی کە کورد هەتا هەتایە شانازی پێوەدەکا.هەربۆیە هێمن وتەنی بە مردووییش بۆتە نیشانەی تیری دووژمنانی کوردو کوردستان.

ئازایەتی لە هەلوێست گرتندا، بینشی قوڵی سیاسی و شەهامەتی سیاسی کە لە قاسملوودا هەبوون، لە هەموو سیفەتەکانی دیکەی زەقتر بوون.زەمانێک کە خەڵک جەمارانیان بە مەککەیەکی دیکە دەزانی، وتی ئەوەی ئەمڕۆ لە ئێراندا دەگوزەرێ بۆنی فاشیزمی مەزهەبی لێدێ.ئەگەر نەزەراتی ئەو و شاپوری بەختیار بە هێند گیرابان ئێران توشی ئەو چارە ڕەشیە نەدەبوو.

فێری کردین هەر هاوپەیمانیەک لە سەر ئەوە ببەستین کە ئەو لایەنەی دەگەڵی دەچینە هاوپەیمانیەوە چی دەوێ نەک ئەوە کە دژی کێ یە.دەی گووت ئەگەر لە گەڵ هەر هێزولایەنێک لە سەر تەنیا لە سەر ئەساسی ئەوە ڕێککەوین کە دژی کێ یە، لە نیهایەتدا بێ ئیعتیبار دەبین.

لە بزووتنەوە ڕزگاری خوازەکاندا ئەزموونەکان لە دوو جۆرە کەسایەتی دەدوێن.یەکەم کەسێکی مودیر و بە تواناو لێوەشاوە.بەڵام نا پابەند بە ئوسوڵ و ئەخلاقیاتی ئینسانی و خەباتگێرانە.

دووهەم کەسانی پاکیزە و سادق و خاوەن ویژدانی شۆڕشگێڕانە بەڵام ناکارا لە باری سیاسی و ریبەری کردنی جەماوەریەوە.دیارە هی واش هەن هیچیان نین .دووکتۆر قاسملوو هەردووکیانی

هەبوون.ئەو جۆرە ڕێبەرانە حوکمی کیمیایان هەیە.دووکتۆر قاسملوو هەم شارەزاو لێ هاتووبوو.هەم بە ویژدان و خاوەن ئەخلاقی خەباتگێڕانەش بوو.هەمیشە دەی گووت ئێمە بەرپرسین.دەبێ وریای کاروکردەوەکانمان بین و خەڵک لێمان دەپرسێتەوە.

لە نێو تەواوی ڕێبەرانی سیاسی ئێران و کوردستاندا، دەنگی قاسملوو لە دیفاع لە دیموراسیدا، جەسورترین و بەرزترین دەنگ بوو.لەخۆڕا نەبوو بە کوردستانیان دەگووت سەنگەری دیفاع لە ئازادی.

ئازادەگی جەوهەری ئەخلاقی قاسملوو بوو.ئەو دەی گووت سیاسەت ئەگەر ئیلتیزام، یەعەهود و مەسئولیەتی لە گەڵ نەبێ دەبێە بۆمبێکی خەتەر.مەسئولیەت و تەعەهود یەکێک لە ماتۆڕەکانی فرۆکەی سیاسەتی قاسملوو بوون.ئەو بەو مەسئولیەت و تەعەهودە تا سەر وەفادار مایەوە.لەئاخر لەحزەی پێش شەهیدبوونیشی وەک ئامانجی خەڵکی کوردستان لە خودموختاری دیفاع دەکا و وەفادەرە بە میللەتەکەی.هەر بۆیەوە بە چاوێکی ڕەخنەگرانەوە دەیڕوانیە ژیان و دەوروبەر و ڕووداوەکان و لە حەقیقەت و جوانی دەگەڕا.رووک و ڕاست بوو.

بێ ئەوەی بیهەوێ بت شکێنێ، ڕەخنەی خۆی دەگرت و وەک مامۆستا هەڵەکەی راست دەکردیەوە، بێ ئەوەی مەبەستی سوکایەتی کردن بووبێ پێت.ئە ئەخلاقیاتە بەرزە ئینسانیە هیچ سنورێکی نەبوو.چ پێشمەرگە لە شەرەکاندا دیلی کوشتبا چ لایەنی ڕێژیم ئەوکارەی کردبا بۆ ئەو کردوەیەکی نە شیاو بوون.هەمیشە نیگەرانی ڕاستی و درووستی کاروکردەوەکانی تێکۆشەرانی حیزب بوو.ئەو چاک پێوەندی دیالێکتیکی نێوان ئامانج و وەسیلە و پرۆسە و ئاکامی دەزانی.دەی گووت ئامانجی بەرزو ئینسانی دەبێ بە وەسیلەیەکی ئینسانی و میتۆدی ئینسانی کاری بۆ بگرێ.دەنا توشی شکەست دەبێ.بۆیە تێدەکۆشا بزووتنەوەی کورد لە هەموو هەڵەو پەڵەیەک و کوێرزەینیەکی سیاسی دوور ڕاگرێ.

ڕووناکبیرێکی دیار بوو.بەڵام لە گەڵ هەموو ڕوناکبیران جیاوازی هەبوو.قەت ئیدیعای رووناکبیری نەدەکرد و ئەدای ڕووناکبیرانی دەر نە دەهێنا.لە هەمان کاتدا ئیدیعای دەروێشیشی نەدەکرد.بێ نیازبوو، کەسێکی حەمماسی بوو، هەموو ژیان و زانایی و تواناکانی خۆی هێنابوونە خزمەت شۆڕش.زۆری پێخۆش بوو میللەت و ڕووحی باوکی لێی ڕازبن.ساکێکی دەستی هەبوو هەمیشە بۆ کۆڕوکۆبوونەوەکان بەدەستیەوە بوو، دەیگوت ئەوە باوکم ئەودەم وەک تەشویق بۆی کریوم کە چوومەتە دەبیرستان.ئەو هەموو تەمەنە هەر بەدەستیەوە بوو.

وەک پێشمەرگە دەژیا و سادە و ساکار.لە شەڕی سێ مانگەدا ئاوارە ببوین بۆ دیانان و خەڵکێکی زۆر لەو سنورە مابۆوە.میرزاعەبدوڵای پاک سروشت نامەیەکی لە سەر وەزعەکە نووسی و دای بەمن بیبەم بۆ دەفتەری سیاسی.دەفتەری سیاسی ئەودەم لە پشکاوێ بوو.چووم دوکتۆر قاسملووم لەوێ دی لە کاولاشێکدا کە پێ یان دەگووت ماڵی دووکتۆر قاسملوو.هەرلەوێ کریس کۆچیرا دەچێتە سەردانی و پێی دەڵێ ئەوە یەکەم جارە ماڵی خۆم هەبێت.

ئەو حیسابی لە خۆی و هاوڕیانی دەکێشا.دەڵێن کار دەگەڵ حەزرەتی عیسا سەخت بووە، چوونکە سەخگیربوە، بەڕاستی ئەوە لەسەر قاسملووش راست بوو.ئینزباتێکی سەختی لە سەرخۆی و حیزب و هاوڕێیانی پیادە دەکرد.

بۆ قاسملوو سیاسەت مەیدانی کار بۆ گۆڕینی کۆمەڵ بوو.بۆیە خەڵکی کوردستانی تەشویق دەکرد سیاسەت بکەن.دەرکێکی درووستی لە مێژوو هەبوو، دەیزانی ئێران و کوردستان بەکام وەزعی مێژوویی دا تێدەپەڕن.شارەزایەکی تەواوی بەسەر مێژووی دونیا و ئێران و کوردستان دا هەبوو.

بۆیە هەمیشە گەشبین و ڕوو لە داهاتوو بوو.

دژی ئەوە بوو سیاسەت دین وەک وەسیلەی چوونە پێشی خۆی بەکاربێنی.چونکە دەیگووت لە حاڵێکی ئاوادا سیاسەت سەرەنجام دەبێتە داردەستی دین.ئەو لەوبارەوە ئەزموونی ئووروپای بە نموونە دەهێنایەوە.

فەرهەنگی سیاسی و ئینسانی قاسملوو هێندە دەوڵەمەند بوو کە هەموو کەسی دەخستە ژێر شوێنەواری خۆی.دانیال میتڕان دەڵێ قسەکردن دەگەڵ قاسملوو ئارام بەخشی رووح بوو.

ناسری پاکدامەن دەڵێ قاسملوو کەسێکە وەک موسەدیق کە ئێران دەبێ پێیەوەبنازێ.

موسەدیق یەک گوناهی هەبوو کە ڕاکێشرایە دادگا.ئەویش دیفاع لە سەربەخۆی ئێران و بەرژەوەندیە کانی ئێران بوو.دووکتۆر قاسملووش یەک گوناگی هەبوو کە کەوتە بەر تیرۆریزمی دەوڵەتیی کۆماری ئیسلامی.ئەویش بریتی بوو لە خەبات بۆ ماف و ئازادیەکانی گەلی کورد و گەلانی دیکەی ئێران.

سەرمەشقێکی لە خۆی درووستکرد، کە لە هەموو سەرمەشقەکانی ئەو چەندەیەی دوایی نێو بزووتنەوەیی کورد تێپەڕی.ئەوەتا دوو دەیە دوای خۆشی زەمان نەیتوانیوە بیخاتە هەمبانەی فەرامۆشیەوە.ئەو و بیری ئەو لە گەڵ شەپۆلەکانی دێموکراسی و ئازادی و بەهاری ناوچە دایە و ئەوەتا بەرەوڕوومان دێ.

بڕوای قوڵی بەوەبوو کە لە خەبات و تێکۆشانی ڕۆژانەماندا دەبێ ئەسڵەکانی مافی مرۆڤ لەبەر جاوبگرین و بتوانین لەسەر مەسەلە نەتەوەیی و چارەنوس سازەکان پێکەوە هاوکاری بکەین.

ئەو دەیگووت ئەرکی هەرە گەورەی حیزبی دێموکرات ڕێکخستنی ریزەکانی بزووتنەوەی کوردستانە.بۆیە قازانجی گشتی کوردستان بۆ ئەو لە سەرووی هەموو شتێکی دیکەوە بوو.بۆیە ئێستاش هەر سەرچاوی ئیلهام و لێ فێربوون و مۆتیڤاشونە.پێی وابوو حیزبی دێموکڕات دەتوانێ لە یەک کاتدا خەبات بۆ ڕزگاری لە ستەمی نەتەوایەتی و رزگاری لەبێ عەداڵەتی کۆمەڵایەتیش بەڕێوەبەرێ.ئەو ئەوەی بە ریسالەتی حیزبی دێموکڕات دەزانی.دوای تەوابوونی کۆنگرەی شەش چومە خزمەتی وتم ئێستا کە سۆسیالیزمی دێموکراتیک پەسندکراو ئێمە دەنگمان پێداوە، وا باشە تیئوریزەی کەین تا بیبەینە نێوخەڵک.وتی تیئوریزەکردنی ناوێ.عەداڵەتی کۆمەلایەتیت دەوێ یان نا، ئازادی و دێموکراسیت دەوێ یان نا؟ ئەو دوانە لە گەڵ یەک دەبنە سۆسیالیزمی دێموکڕاتیک.مەنتقێکی هێندە بەهێزی هە بوو زوو تەسلیمی دەبووی.

بە ڕووحیەی مەزهەبی سیاسەتی نەدەکرد.ڕووحیەی مەزهەبی یانی وشکبیری لە ئەندێشەی سیاسی و توندوتیژی لە کردەوەی سیاسیدا.

بۆ درێژە پێدانی ڕێبازی قاسملوو دەبێ خۆمان بە ئینلایتنمێنت واتە تەنویری قاسملوو بسپێرین.بە چاویلکەی ئیدەئۆلۆژی تەماشای دونیا نەکەین.ڕوانگەو پێرسپێکتیڤی حیزب و بزووتنەوە بەرین کەینەوە.زەنجیری بەرچاوتەنگی و دەمارگرژی لە دەست وپێی سیاسەت و بیری سیاسیمان بکەینەوە.مێژووی کورد نەکەینە مەیدانی شەڕێ تاریکی و ڕووناکی و ئەهریمەن و ئاهورەمەزدا.دەبێ گرنگ بۆ ئێمە ئێستاو داهاتووی کوردستان و نەتەوەکەمان بێ.

دەبێ بزووتنەوە گەورەو بەرین کەینەوە بە جۆرێک کە هیچ هێزێکی دێموکراتیکی کوردستانی وەلانەنرێ.دەبێ سیاسەتی کوردی و حیزبایەتی لە پاتۆلۆژی پاککەینەوە و زمانی سیاسەت و دیپلۆماسی و ئەدەبیاتی رۆژانەمان لە جوێن و تەوهین و سوکایەتی کردن بە یەکتر و ئەم و ئەو پاک کەینەوە.دەبێ ئاستی سیاسەت و کاری حیزبی بەرینەسەر و خۆمان هەکێشینە ئاستی ئەو مەسئولیەتەی لە سەر شانمانە.نابێ حیزب بێنیە خوار تا ئاستی خۆمان.دەبێ خۆمان بەرینە ئاستی تێکۆشەرێکی حیزبی.دەبێ بە جەهتی خێری گشتیدا هەنگاو هەڵگرین.دەبێ حیزبی دێموکراٖت، حیزبی قاسملوو و هەزاران شەهیدی دیکەی سەربەرزی کوردستان بەهێزو گەورە کەینەوە و نەیەڵین ببێتە فیرقە.

ژیانی قاسملوو وەک هەر ژیانێکی دی چوار لایەنی هەن.دەستپێکردن، کۆتایی هاتن، ئەو رۆژگارە و ئەو کۆنتێکستە کە تێی دابوو، لایەنی چوارەمیش کارو کردەوەکانی بوون بۆ خزمەت بە کوردو کوردستان.ئەو بە کار و خزمەتەکانی بە حیزب و گەل، توانی لایەنی چوارەمی ژیانی هێندە قوڵ و بەرین و درێژ بکاتەوە کە ئەوەتا ئستاش هەروا لە نێوماندا حزووری هەیە و پیرەمێرد وتەنی لە دڵ و ویژدانی میللەتدا دەژی.

بەڵێ ژنان و پیاوانیک هەن پاش مەرگیش، واتە گلێش، ناتوانێ کۆتایی بە زیندوو بونیان بێنێ.قاسملوو، یەکێک لەوانە.وەک گاندی وەک موسەدیق وەک یاسر عەرەفات.

هەزاران سڵاو لە ڕووحی پاکی دووکتۆر قاسملوو و شەهید عەبدووڵا قادری ئازەر و دوکتۆر فازیل رەسوڵ و هەموو شەهیدانی کوردسیان.

سوپاستان دەکەم کە سەبرو تاقەتی گوێگرتنتان لەمن لە خۆ نیشاندا.

سەرکەوتووبن. ئیبراٖهیم لاجانی

ڕێکەوتی : ١٥ی ژووئیەی ٢٠١٢

## ئیبراٖهیم لاجانی، چالاک و کارناسی مافەکانی مرۆڤ، دوهەمین کتێبی دەرسی بۆ فێربوونی مافەکانی مرۆڤ ، لە نۆرویژیەوە کردە کوردی

بۆ هاوپێوەندیی نیشاندان لە گەڵ ئاغای محمەد سەدیقی کەبودوەند پێشمەرگەی ماف و ئازدیەکانی مرۆڤ لە کوردستان بۆ هاوپێوەندیی نیشاندان دەگەڵ بەرێز کاک محمەد سەدیق کەبوودوەند، دامەزرێنەری ڕێکخراوی مافی مرۆڤی کوردستان، کە لەسەر بەرگری کردن لە ماف و ئازادیە ئینسانیەکانی خەڵکی کوردستان لەهەلومەرجێکی زۆر دژواردا لە زیندانی کۆماری ئیسلامیدا بەسەردەبا، کاک ئیبراٖهیم لاجانی، چالاک و کارناسی مافەکانی مرۆڤ، دوهەمین کتێبی دەرسی بۆ فێربوونی مافەکانی مرۆڤ ، لە نۆرویژیەوە کردەکوردی. کتێبەکە لەو ماوەیەدا لە کوردستان چاپ و بڵاو دەکریتەوە و دەکەوێتە بەردەستی قوتابیان و خوێندکارانی زانکۆکان و هەموو ئەو کەسانەی دەیانەوێت فەرهەنگی مافی مرۆڤ فێربن و لە کوردستاندا پەرەی پێبدەن. شایانی باسە وەرگێرانی کتێبەکە و چاپی کوردیەکەی لەلایەن وەرگێرەوە، وەک هاوپێوەندی نیشاندان پێشکەش کراوە بە ئاغای کەبوودوەند. پێشمەرگەی ڕێگای وەدیهێنانی مافی مرۆڤی ئینسانی کورد.

بۆزیاتر ئاشنابوون لە گەڵ ئەوکتێبە سرنجی خوێنەر بۆ پێشەکی چاپی کوردی کتێبەکە بە قەڵەمی نوسەر خۆی کە بەتایبەتی بۆ چاپە کوردیەکەی نوسیوە، رادەکێشین.

نێۆڵ هۆستماڵینگن Njål Høsmalingen بەڕێوەبەری ئەنستیتۆی یاساو سیاسەتی نێونەتەوەییە لە ئۆسلۆ.( International law and policy ) ناوبراو یاسای خوێندوە و لەو بیست ساڵەی دواییدا بەردەوام لە پێوەندی لەگەڵ مافەکانی مرۆڤدا کاری کردوە. نێۆڵ پێشتریش ئەرک و چالاکی جۆراوجۆری دیکەی لەبواری یاساو سیاسەتی نێونەتەوییدا ئەنجام داون. بۆ نموونە ناوبراو وەک ڵیکۆڵەر لە کۆلێژی قانوونی زانکۆی ئۆسلۆ کاری کردوە. هەروەها لە قۆناخێکدا سەرۆکی ئەنستیتۆی نەتەوەیی نۆروێژ بۆ مافەکانی مرۆڤی بە ئەستۆوە بووە.

نێۆڵ لە زانکۆ و کۆلێژە جۆراوجۆرەکانی نۆروێژدا دەرسی مافەکانی مرۆڤ دەڵێتەوە و کۆرس و خولی جۆراوجۆری ڕاهێنان لەسەر مافەکانی مرۆڤ و لە پێوەندی لە گەل مافەکانی مرۆڤدا بۆ دامودەزگا دەوڵەتی و ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگای مەدەنی لەو وڵاتەدا بەرێوەدەبا. جیا لەوەش ئەو یەکێک لە سیما هەرە دیارەکانی نێو مێدیای نۆروێژە بۆ باسی و لێدوان لەمەڕ کێشە ومەسەلەجۆراوجۆرە سیاسی و کۆمەڵایەتیەکان کە ڕۆژانە لەو وڵاتەدا دێنە گۆرێ.

نێۆڵ لەبواری نوسین و وەرگێرانیشدا چالاکەو تا ئێستا ژمارەیەکی زۆر کتێب و نامیلکەی جۆراوجۆری نووسیون. گرنگترینی ئەو کتێبانەی کە ناوبراو نوسیونی بریتین لە:

مافەکانی مرۆڤ چن؟ مافە نێونەتەوەییەکانی مرۆڤ، کۆنڤانسیۆنی مافەکانی منداڵ و مافەکانی منداڵان لە نۆروێژ، حجاب لە نۆروێژ و هەروەها کتێبی ئازادی عەقیدەوبەیان.

مافەکانی مرۆڤ چین؟

پێشەکیی نووسەر بۆ چاپی کوردی

مافەکانی مرۆڤ شتێکن کە هەموو مرۆڤەکان دەگرنەوە و پێویستە ئێمە هەمووومان بێ جیاوازی کەڵکیان لێوەگرین. لە بنەڕەتڕا مافەکانی مرۆڤ شتێکی هێندە ئاڵۆزنین و مانایەکی زیاتر لەوەیان نیە کە مرۆڤ پێویستە بە رێز و خۆشەویستیەوە لەگەڵ هەموو ئینسانەکان هەڵسوکەوت بکات. بەڵگەش بۆ ئەوەی کە لەسەرمانە بەرێز و خۆشەویستیەوە رەفتار لە گەڵ مرۆڤەکان بکەین لە زۆر سەرچاوەی جۆراوجۆردا دەست دەکەوەن. بۆ نموونە کتێبە ئاینیەکان، یاساکانی وڵات و هەروەها ئەو پرینسیپیە ئەخلاقیانەی کە لە گەڵخۆماندا هەڵمان گرتوون و بڕوامان پێ یان هەیە، هەموویان پێ لەسەر ئەوە دادەگرن کە دەبێ بە رێز وخۆشەویستیەوە لە گەڵ کەسانی دیکە بجوڵێینەوە.

"مەبەست لە مافەکانی مرۆڤ چیە؟" کتێبێکە زۆر بە کورتی لایەنە جۆراوجۆرەکانی مافەکانی مرۆڤ روون دەکاتەوە. چاپی کوردی ئەو کتێبە لەسەر بناخەی کتێبێک ئامادەکراوە کە لە ساڵی ٢٠٠٥ ەوە لە بازاڕی وڵاتی نۆروێژدا دەفرۆشرێ و خەڵک لە ئاستە جۆراوجۆرەکاندا، بەتایبەتی لە ناوەندەکانی پەروەردەو فێرکردن دا، کەڵکی لێوەردەگرن. دەبێ بگوترێ وەرگێڕ لە کاتی وەرگێڕانی کتێبەکەدا بۆ کوردی ، لەو شوێنانەی کە پێویست بووە، ئاڵووگۆڕی بە سەردا هێناوە و تێکۆشاوە نێوەرۆکی کتێبەکە لە گەڵ ڕاستیەکانی پێوەندیدار بە ناوچەکوردنشینەکاندا، ڕێکبخاتات.

نۆروێژ وڵاتێکی بچوکە و دەکەوێتە باکوری ئورروپا. ئەو وڵاتە لەباری ئابووریەوە پێشکەوتنی بەر چاوی بە خۆیەوە دیوە و توانیویەتی ژیانێکی تێروتەسەل و پڕ لە خۆشی و تا ڕادەیەکی زۆر یەکسان بۆ هەموو هاووڵاتیان دەستەبەربکات. لەو وڵاتەدا بەرانبەریی نێوان ژن و پیاو لە هەموو بوارەکانی ژیاندا بۆتە ڕاستیەکی حاشاهەڵنەگر. لەوەش زیاتر لەو وڵاتەدا خەڵک بە گشتی دەستیان بە کەرەسەی پەروەردەو خوێندن ڕادەگاو خوێندەوار و وشیار و ئاگان. لە ئاکامدا ئەمڕۆ دەبینین کە لە پێوەندی لە گەڵ دابین و دەستەبەرکردنی مافە کانی مرۆڤدا، نۆروێژ لە ڕیزی هەرە پێشەوەی وڵاتانی دونیا دایە. بەڵام خۆ هەمیشە هەروا نەبووە. لە چەرخی ڕابردوودا نۆروێژ لە ڕیزی هەژارترین وڵاتانی ئورروپادا بوو. تا ساڵی ١٩٥٠ ی زاینیش، خاڵێک لە دەستوری ئەو وڵاتەدا کاری پێدەکرا کە بەگوێرەی ئەو خاڵە هاتنە ژووری جوولەکەکان بۆ نێو خاکی نۆروێژ قەدەغە بوو.

جیا لەوەش تا ئێستا زۆر جار نۆروێژ لە لایەن کۆڕوکۆمەڵە جۆراوجۆرەکانی لایەنگری مافەکانی مرۆڤەوە ڕەخنەی لێگیراوە کە بۆ ماوەیەکی زۆر پێیش دادگایی کردن گیراوەکان لە گرتووخانەکاندا ڕادەگرێ. هەروەها جوولەکەکانی نۆروێژ لە سەردەمی شەڕی دووهەمی جیهانیدا، تا ئاستی نزیک لە لەنێوبردن و سڕینەوەی یەکجاری کەوتنە بەر پەلامار و قەڵاچۆکردن. سەرەڕای هەموو ئەوانەش، مێژوو شاهیدە کە کاربەدەستانی دەوڵەت و داموودەزگا دەستەڵاتدارە حکومەتی و ئایینیەکانی ئەو وڵاتە لە ڕابردوودا سیاسەتێکی پڕ لە توندوتیژیان بە مەبەستی تواندنەوەی خەڵکانی خۆجێی نیشتەجێی ئەو وڵاتە و لەنێوبردنی زمان و ناسنامە و فەرهەنگی ئەوان، واتە سامەکان و کەمایەتیە کانی دیکەی وەک ڕۆمانی وهتد... دەکارکردوە.

ڕوونە کە ڕەوشی ناوچە کوردنشینەکان زۆر لەوەش خراپترە. ئەو وەزعە دژوارە ساڵانێکی زۆرە بۆ کوردەکان پشت لەدوای پشت هەروا بووە. ئەوان بە ئەندازەیەکی زۆر تووشی زووڵم و زۆری و چەوسانەوە و زەبروزەنگ بوون و تەنانەت لەو نێوەدا بەشێکی زۆریشیان گیانیان لە دەست داوە. گەلی کورد بۆ ئۆتۆنۆمیەکی زۆرتر و وەدەستهێنانی مافی ئیدارەکردنی خۆی بە ناچاری پەنای بۆ چەک بردووە. ئەوەش لە گەڵ دژکردەوەی توندی دەوڵەتەکان ڕووبەڕوو بۆتەوە.

من لەو بڕوایەدام لە مەیدانی خەباتدا وشە دەتوانێ لە چەک کاریگەرتربێ . خەباتێک کە لە زمان و ئەدەبیاتی مافەکانی مرۆڤ و پەسندکراوە نێونەتەوەییەکان بۆ بردنە پێشی خۆی کەڵک وەرگرێ، دەتوانێ کاریگەریەکی زۆرتری لەو خەباتە هەبێ کە بۆ بردنە پێشی مەبەستەکانی چەک بەکاردێنێ. بۆیە زانیاری لەسەر مافەکانی مرۆڤ ڕەنگە یەکێک لە گرنگترینی ئەو زانست و زانیاریانە بێت کە کوردەکان بۆ بردنە پێشی خەباتی خۆیان پێویستیان پێ بێت.

ئەگەر زانیاریمان لە سەر مافەکانی مرۆڤ هەبێ، تێدەگەین کە ئەو ڕێساو یاسا بنەڕەتیانە، ئەو بنەما و پرنسیپە سەرەکیانە کامانەن کە کۆمەڵ دەبێ لە سەریان دامەزرێ و بە ڕێوەبچێت.

مافەکانی مرۆڤ ئەو نۆرم و پرینسیپانەن کە بە مەبەستی پاراستنی مرۆڤ لە بەرامبەر هەرچەشنە پەلامار و دەستدرێژیەکدا دامەزراون. جیا لەوەش پێوەندی نێوان کاربەدەستان و تاکەکانی کۆمەڵگا دیاری دەکەن. مافەکانی مرۆڤ هەم تاکەکەس و هەم گرووپ و دەستەو تاقمە جۆراوجۆرە ئایینی، زمانی و ئیتنیکی یەکان هتد... دەپارێزن.

لە وەرگێران و ئامادەکردن و بڵاوکردنەوەی ئەو کتێبەدا زۆر کەسی لێوەشاوە کە بە پەرۆشەوە بۆ مافەکانی مرۆڤ کاردەکەن کاریان کردوە و زەحمەتیان کێشاوە. من پڕ بە دڵ سوپاسی هەموویان دەکەم. لەنێو ئەواندا بەتایبەتی سوپاسی بەڕێزان کاک نێچیرڤان بارزانی، سەرۆک وەزیرانی حکومەتی هەرێمی کوردستان، کاک کاوە مەحموود، وەزیری ڕۆشەنبیری لە حکومەتی هەرێمی کوردستان دەکەم کە ئەرکی چاپ و بڵاوکردنەوەی کتێبەکەیان گرتە ئەستۆ و ئامادەیی خۆیان بۆ هاوکاری زیاتر لە گەڵ پرۆژەکانی داهاتوومان ڕاگەیاند. هەروەها سووپاسی کاک عەبدووڵا حیجاب دەکەم کە ئەرکی پێداچوونەوە و بەراوردکردنی چاپی کوردی کتێبەکەی لەگەڵ نێوەرۆکی چاپی نۆروێژیی کتێبەکە گرتە ئەستۆ. سوپاسی کاک عەلی لالە دەکەم کە بە بێ ماندووبوونو زەحمەتەکانی ناوبراو بۆ پیتچنین و ساخکردنەوەی دەستنووسی تێکستە وەرگێردراوەکان ، ئەو کتێبە نەدەگەیشتە دەستی خوێنەران. هەروەها سوپاسی کاک هیوای ئەحمەدی دەکەم کە لە باری ڕەوانبێژی و ڕێزمانیەوە بە دەقە کوردیەکەدا چۆتەوە. سەرەنجام سوپاسی کاک عەلی مەحموود چالاکی بواری مافەکانی مرۆڤ دەکەم کە لەو پرۆژەیەدا هاوکاری کردین و ئامادەیی خۆشی بۆ هەرچەشنە هاوکاریەکی دیکە لە گەڵمان دەربڕی.

هیوادارم ژمارەیەکی زۆر لە ڕۆڵەکانی گەلی کورد ئەو کتێبە بخوێننەوە و لە خەبات و تێکۆشانی خۆیاندا کەڵک و ئیلهامی لێ وەرگرن.

ئاواتەخوازم ئەو کتێبە یارمەتیەک بێ بە کوردەکان و بتوانێ لە وەدەستهێنان و دابین و دەستەبەرکردنی ژیانێکی پڕ لە ئاشتی و پەرەسەندنی هەموو لایەنە و هارمۆنیکدا، بە کەڵکیان بێت.

ڕێکەوتی : ٢٧ی ژووئەنی ٢٠١٢

## بەرە و کۆنفرانس و بەرەو پیری کۆنگرەی ١٥ ی حدک ئێران!،

ئەگەر هیچ گیروگرفتێکی چاوەڕوان نەکراو نەیەتە پێشێ، بە پێی پەیڕەوی نێوخۆی حیزبەکەمان دەبێ لە هاوینی داهاتوودا کۆنگرەی١٥ای حیزب ببەسترێت. هەرلەئێستاوە، لەو بارەوە، شووروشەوقێکی زۆر بۆ شوێن دانان لەسەرچۆنیەتیی بەڕێوەچوونی کۆنگرەو لەوەش زیاتر بڕیارو پەسندکراوەکانی، سەرتاسەریی تەشکیلاتی حیزبی داگرتوە. بۆحیزبێکی دێموکرات کەدێمکراسی لەنێوخۆی ولە کۆمە ڵدا بەهێند دەگرێ، ئەو شوورووشەوق و حەمماسەتە بۆ بەرەوپیری کۆنگرەوە چوون، دیاردەیەکی ئاسایی و جێگای ئافەرینە.

ئەو باس و بابەت و مەسەلە وکێشە جۆراوجۆرانە کە کۆنگرە دەبێت لەسەریان ڕاوەستێ و هەڵیان سەنگێنێ زۆرن و لێرەدا ناکرێت بچینە سەرهەموویان. هیوادارین لە دەرفە تێکی دیکەدا بگەڕێینەوە سەر ئەوان. لە ووتارەدا مەسەلەی هەڵبژاردنی ئەندامانی ڕێبەریی دەخەینە بەرباس و لێ دوان کە هەمیشە یەکێک لە مەسەلە گرنگەکانی دەستووری کاری کۆنگرەکانی حیزبی ئێمە بووە.




لە هەرسیستەمێکی دیموکراتی دا، لە هەرحیزب ورێکخراوێکی دێموکراتی وەک حیزبی ئێمەدا، هەربۆیە لە کۆنگرەکانی حیزبش دا، هەڵبژاردن بەگرنگترین قۆناخ وتاقیکرنەوە وئەزموون بە حیساب دێت. هەمووشتێک بەوە بەستراوەتەوە کە دەنگدان بە پێێ قانوون وئەسڵە پەسندکراوکانی حیزبی وبڕیارەکانی کۆمیتەی ئامادەکردنی کۆنگرەو یاساو ڕیسادێموکراتیکەکان بەڕێوەبچێ و بەشێوەیەکی گشتیش لە لایەن بیروڕای عمومی یەوە وەربگیرێ. ئەگەر ئەوانەی کە پاش وەبەرچاوگرتن وپەیڕەوی کردن لە قانوون و ئەسڵە دیاری کراوەکان، هەڵبژاردن دەبەنەوەو، ئەوانەش کە لەهەڵبژارنەکەدا سەرناکەون، وەک یەک، ئاکامی هەڵبژاردنەکە قبووڵ بکەن، ئەوە دێمکراسی کاردەکا.

لەو بارەوە هەڵبژاردن تا ڕادەیەکی زۆر وەک وەرزش و کێ بەرکێ وەرزشی یەکان دەچێ. ئەو ڕووحیە ی کە بەسەرهەڵبژاردنێکی دێموکڕتیک دا زاڵە، هەر وەک ئەو ڕووحیە یە کە بەسەر وەرزش دا زاڵە. هەرکاتێک لەلایەن یەکێک لە لایەنەکان تەقلوب بکرێت، یان لایەنێک لە لایەنەکان نەچێتە ژێرباری ئاکامەکە، هەموو شتێک تێک دەچێ وئاکامی زۆر وێران کەر و ڕووخێنەری بەدواوە دەبێت.

لە هەڵبژاردنیش دا هەروەک کێ بەرکێ وەرزشیەکان، مەبەست وئامانجی کاندیداکانی بەشدار بریتی یە لە بردنەوە. بۆگەیشتن بەو مەبەستەش کاندیداکان هەموو هەوڵی خۆیان دەدەن. بەڵام ویست ومەیلی بردنەوە نابێ ئەسڵی مەسەلەکە بخاتە مەترسی و ژێرپرسیار. وەرزشکارەکان تێدەکۆشن بیبەنەوە، بەڵان ڕێز لە وەزش دەگرن. بۆ ئەوەی وەرزشەکە بەردەوام بێ، چ ئەوکەسە کەبراوەیەو چ ئەو کەسە کە براوە نی یە، هەوڵ دەدەن سنووری خۆیان نەپەڕێنن. ئەو وەرزشکارە کە نایباتەو، تەنانەت ئەگەر لەنێوخۆیدا زۆریش نارەحەت بێت،کارێکی واناکات کە وەرزش تێک داو ئیدی جارێکی دی موسابەقە نەبێتەوە. ئەو ئاکامی کێ بەرکی کە قبووڵ دەکا، یا ئیدی دەچێتە کەنار ووازدێنی،یا بە هەووڵ وتێکۆشانی زۆرترو خۆماندوکردنی پتر،خۆی بۆ دەورەی داهاتوو واتە موسابەقەی داهاتوو ئامادە دەکا. ئەوچەشنە ڕوحیە یە کەئەو وەرزشکارەی نەی بردۆتەوە، دێنێتە سەرئەو بڕوایە کە پیرۆزبایی بەو وەرزشکارە بڵێ کە بردویەتیەوەو، تەنانەت ئەگەر بەڕواڵەتیش بێ بە سەروڕوویەکی خۆشەوە، لەگەڵ وەزعەکە بەرەو ڕووبێت.

ئەوانەی لە دێموکراسی یە کانی ئوروپا دا دەژین، ئەو ڕوحیە وەرزشکاریە لە هەڵبژاردنەکانی ئەو وڵاتانەدا دەبینن. هەمیشە وایە کاندیدا سەرنەکەوتوەکان، یەکەمین کەسانێکن کە پیرۆزبایی بە کاندیدا سەرکەوتوەکان دەڵێن ودەکەونە کار بۆ ئەوەی لەدەورەی داهاتوو دا سەرکەون. لەزۆربەی حاڵەتەکانیشدا وایە کە جاری داهاتوو دەیبەنەوە. لەڕاستی دا دەنگدەران چاوەڕوانی یان لە کاندیداکانی خۆیان هەیە کە ئەوجۆرە ڕوحیە یان تێدابێت وبە خاتری هەبوونی ڕوحیە یەکی لەو چەشنەش، پاداش یان دەدەنێ.

لەو کۆمەڵگا دێموکراتی یانەشدا، ڕوونە کە کاندیدای سەرنەکەوتوو، لە سەرنەکەوتنی خۆی نارەحەت دەبێ. بەڵام وانیە کە سەرنەکەوتن بە کارەسات وئابڕووچوون لە قەڵەم بدا. هەربۆیەشە نابینین کە لەو وڵاتانەدا پاش تەواوبوونی هەڵبژاردن وەزعەکە تێک چێ.

هەروەک باسکرا، لە هەڵبژاردنیشدا، هەروەک وەرزش، بەمەرجی وەبەرچاوگرتنی مەرج و ڕێ و شوێنەکانی یاریەکە، هەرهەوڵ و کۆششێک بۆ بردنەوە بەڕەوا لە قەڵەم دەدرێ. تەبلیغات و پڕۆپاگەندەی هەڵبژاردن، سەردان و پێوەندیی گرتن لە گەڵ دەنگدەران، قەول و قەراری جۆراوجۆری پێش هەڵبژاردن و تەنانەت هەندێک ڕێککەوتن وئیئتلافی پێش هەڵبژاردنیش، بە کارێکی ڕەوا دەزانرێن.

هیچ گرفتێک لەوەدانیە کە کاندیداکان خۆیان بە دەنگدەران بناسێنن و بەرنامەو پرۆژەکانی خۆیان بخەنە بەر چاوی بیروڕای گشتی و بە تایبەت دەنگدەران. ئەوە مافی هەرکاندیدایەکە کە لە گەڵ یەک یا چەند کاندیدای دیکە ڕێک کەون کە دەنگ بەیەکتر بدەن. لە زۆر لە هەڵبژاردنەکاندا بە ئاسانی دەکرێ ئاکامەکانی هەڵبژاردن پێشبینی بکەین، چونکە دەبینین کە کەس ولایەن وهێزی گرنگ هەرلە سەرەتاوە پێکەوە هاوکاری دەکەن.

بۆ ئێمە کە پەروەردە و نەریتی دێموکراسیمان لاوازەو تازە خەریکە لەگەڵ فەرهەنگی دێموکراسی ئاشنا دەبین، زۆربەی ئەومەسەلانەی کە باسکران وێدەچێ، سەیر بێنە بەرچاو. خۆ لەخۆڕانیە کە زۆر جار لە کۆنگرەکانی حیزبدا تووشی گیرو گرفت دەبین. ئەومەسەلەیە تائێستا زۆر جار زیانی لە حیزبەکەمان داوە. هەربۆیە بەجێ یە ئەوجار هەرلە ئێستاوە، لەو بارە ڕۆشنگەریی بکەین وبە دیدی ئاواڵاو بەرنامەی هەڵسەنگێنراوەوە بەرەو کۆنگرە بچین.

لەدێموکراسی دا هەموو ئەو شتانەی بە پێی قانوون قەدەغە نەکراون، ڕەوا و مەشرۆع بە حیساب دێن. لە هەڵبژارنە دێموکڕاتیکەکاندا ، نە بردنەوە پاداشێکی هێندە گەورەیە کە ئەرزوئاسمانی بۆ بڕوخێنی و ئەسڵی مەسەلەکەی بۆ لەبیر بەریەوە، و نە سەرنەکەوتن مایەی شەرمەزاری یە تا ببێتە مایەی درووست بوونی ڕەفتاری نابەجێ و هەڵنەسەنگێنراو لەلای کاندیدا سەرنەکەوتووەکە .

چ دەبی ئەگەر بەشێک لە کادری ڕێبەریی ئێستای حیزب ئاڵوگۆربکرێ. ئەگەر هەرلەئێستاوە کەسانێک لە تەشکیلاتدا پێکەوە لەسەر باس و مەسەلە جۆراوجۆرەکانی کۆنگرە هاوکاری بکەن، کارێکی بێ جێ یان نەکردوە. ئەگەر تۆبتوانی لە گەڵ کەسانێک ڕێککەوی و لە کۆنگرەشدا بەو جۆرە بجوڵێ نەوە کە لەسەری ڕێککەوتوون، ئەوە نیشانەی گەشەسەندنی ئەخلاقی بەرزیی سیاسی یە لەحیزبدا.

دەبێت دووڕوویی و دەبەدەرهێنان لە یەکتر کۆتای پێ بێ و پێویست ناکات سیاسەت لە حیزبی ئێمەدا بی دایک و باب بێت. ئەوە تەشیلاتە کە دەبێت ، گەشەی تەشکیلاتی بۆ ئەفرادی حیزبی دەستەبەربکات. کەسانێک کە تەشکیلات نەی خامڵاندوون، کەم وا هەڵدەکەوێ خێربدەنەوە.

مەسەلەیەکی دیکەش هەر لەوبارەوە زۆرگرنگ دێتە بەرچاو. ئەویش ئەوەیەکە پاش ڕاگەیاندنی ئاکامی هەڵبژاردن، بەجێ یە هەموو پێکەوە بۆ جێ بەجێ کردن و بەرەو پێش بردنی بڕیار و پەسندکراوەکانی کۆنگرەو بەهێزکردنی حیزب و پەرەپێدانی خەبات کاربکەین .تەنانەت ئەوانەشمان کە لە هەڵنەبژێرانی خۆمان یا کاندیداکانی خۆمان ناڕازین، مەسەلەکە بخە ینە

پشت سەرو فەرامۆشی کەین. دەبێت لە بیرمان بێ کە هەمیشە سبەینێ یەکی دیکەو دەرفەتی دیکەمان لە پێشدان. گرنگ مانەوە و پاراستنی سیستەمی دێموکراسی یە لە حیزبەکەماندا. ئاخر هەڵبژێردرانی کەسانی ناشایستە لە لایەن سیستەمێکی دێمکراتیکەوە زۆر با شترە لە هەڵبژێردرانی کەسانی شایستە بە شێوەی نا دێموکراتی و لە لایەن سیستەمێکی غەیرە دێموکراتیکەوە. چوونکە سیستەمی دێموکراتیک هەمیشە دەچێتە پێش و خۆی ئیسلاح دەکاو عەیبەکانی خۆی چارەسەردەکا ، کەچی سیستەمی نادیموکراتیک حیزب بەرەو گەندەڵی و لە نێو چوون دەبات.

ڕێکەوتی : ٢٧ی ئاوریلی ٢٠١٢

## کابینەی تازەی حکومەتی هەرێم و مافەکانی مرۆڤ

لە کۆمەڵگا ئینسانیە کۆنەکاندا، ئەو دەم کە پێناسەیەکی هاوبەش بۆ مافەکانی مرۆڤ لە گۆڕێ دانەبوو، ئەو دەستەڵاتدارانەی کە ماف و ئازادیە فەردی و سیاسی و کۆمەڵایەتیەکانی خەڵکیان دابین و دەستەبەر دەکرد، بە حاکمی عادڵ ناو دەبران. ئەوانەش کە ئەو ماف و ئازادیانەیان پێ شێل دەکردن، بە زۆردار و زاڵم دەناسران. لەگەڵ پێشکەوتنی کۆمەڵدا، لە هەندێک شوێنی ئەم دونیایەدا، مرۆڤ بەو ئاکامە گەیشت کە ئەو دواکەوتوویی، گەندەڵی و هەژاری و ناعەداڵەتیەی کە لە کۆمەڵدا هەیە، تا ڕادەیەکی زۆر، لە ئاکامی وەبەرچاونەگرتن و لە ژێر پێنانی مەفە سروشتی و ئینسانیەکانی هاووڵاتیانەوە درووست دەبێ. ئەو کۆمەڵگایانەی کە ماف و ئازادیەکانی مرۆڤیان وەبەرچاوگرتوون و دەستەبەریان کردوون، لە هەموو بوارەکانی ژیانی کۆمەڵایەتی، ئابووری، سیاسی و فەرهەنگیدا، پێشکەوتنی بەرچاویان وەدەستهێناوە و توانیویانە ژیانێکی پڕ لە سەعادەت و بەختەوەری و ڕەفاە، بۆ هاونیشتمانیانی خۆیان پێکبێنن. بە پێچەوانەوە، لەو وڵاتانەدا کە ماف و ئازادیەکانی مرۆڤ وەبەرچاوناگیردرێن، خەڵک بێجگە لە هەژاری، مەینەیبەشی، گەندەڵی و دواکەوتویی کۆمەڵایەتی وسیاسی و کولتووری و ئابووری، شتێکی دیکەیان پێ نەبڕاوە.

ئەمڕۆ بەڕوونی ئەوە دەرکەوتوە کە پێشکەوتنی هەموولایەنەی کۆمەڵگای ئینسانی، تەنیا لە ڕێگای دابین و دەستەبەرکردنی ماف و ئازادیەکانی مرۆڤەوە ئیمکانی هەیە. تەنیا لە ئاکامی ڕێزگرتن لە مافەکانی مرۆڤ و دابیکردنی ئەواندایە کە بەهرەوتواناکانی یەک یەکی ئەندامانی کۆمەڵ دەپشکوێن و گوڵدەکەن و لە ئاکامدا سەرجەمی کۆمەڵ پێشکەوتن و پەرەسەندن بە خۆیەوە دەبینێ.

تاقیکردنەوە دەریخستوە کە هەرکاتێک پرینسیپە بنەڕەتیەکانی مافی مرۆڤ دەستەبەرکران، باقی ئامانجە جۆراوجۆرەکانی دیکەی کۆمەڵیش، ئیمکانی وەدیهاتنیان بۆ دەڕەخسێ. بەڵام ئەگەر ئەو ئەسڵە بنەڕەتیانە دابین کران، هەر چەشنە بزووتنەوەیەک بەرەوپێشەوە، درەنگ یا زوو تێک دەشکێ و کۆمەڵ لە گەڵ هەژاری و گەندەڵی و دواتەوتوویی و نائومێدی بەرەو ڕوودەبێ. گرنگترین پرینسیپە بنەڕەتیەکانی مافی مرۆڤ لە بەیاننامەی جیهانی مافی مرۆڤدا هاتوون. ئێمە لێرەدا بە پێویستی نازانین یەک یەکی بەندەکانی بەیاننامەی جیهانی مافەکانی مرۆڤ شیکەینەوە، بەڵام ئەگەر بە ئینسافەوە ئەو پرینسیپانە بخوێنینەوە، وێنەیەک لە کۆمەڵگایە ئازاد و دێموکڕاتیک و ئینسانیمان لەبەر چاو دەنەخشێ. کۆمەڵگایەک کە شیاوی مرۆڤە و ئیمکانی گەشەسەندنی هەموو لایەنەی تاک و کۆمەڵیش پێک دێنێ.

ئەو ئەسڵە بنەڕەتیە بۆ کۆمەڵگای کوردەواریش هەر ڕاستە. وەبەرچاو نەگرتنی ماف و ئازادیەکانی مرۆڤ ، هەژاری، دواکەوتوویی هەموولایەنەو نا عەدالەتی و ستەم و جیاوازی دانان و هەڵاواردنی بەدواوەدەبێ. کەواتە تەنیا پێوانە بۆ گەلی بوون، دێموکڕاتیک بوون، بەرحەق بوون و ڕەوابوونی هەر چەشنە سیستەمێکی سیاسی، بریتیە لەوە کە ئەو سیستەمە لە کردەوەدا چەندە بڕوای بە ماف و ئازادیەکانی مرۆڤ و دابین و دەستەبەرکردنیان هەیە.

ئێستا کە حکومەتی هەرێمی کوردستان لە پڕۆسەی پەرەسەندن و تەکامولی خۆیدا گەیشتۆتە قۆناخێکی تازە و چارەنوس ساز، بە جێ یە چاوەڕوانی ئەوەمان لە کابینەی تازەی حکومەتی هەرێم ئەوەبێ کە بایەخێکی زۆر بە ماف و ئازادیەکانی مرۆڤ بدا و لە بەرنامەی کاری خۆیدا، سەرنجێکی تایبەتی بداتە دابین و دەستەبەرکردنی ئەوان.

پێویستە پەرلەمان و هەموو کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان تێکۆشن کە کۆنڤانسیۆنە نێونەتەوەییەکانی مافی مرۆڤ و بەڵگەنامەکانی دیکەی مافی مرۆڤ لە سیاسەت و پلان و ستراتیژی کابینەی تازەدای حکومەتی هەرێمدا ڕەنگبدەنەوە . کابینەی تازەی حکومەتی هەرێم تەنیا لەوڕێگایەوە دەتوانێ پشتیوانی بەرینی کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان بۆ خۆی مسۆگەر بکات و مژدەی داهاتوویەکی گەش و پڕ لە ڕەفاە و سەعادەت بەخەڵکی کوردستان بدات. بە خۆشیەوە پارتی دێموکڕاتی کوردستان و یەکیەتی نیشتیمانی کوردستان و حیزبی شیوعی کوردستان و باقی هێزەخەباتگێرەکانی دیکەی کوردستان ، بایاننامەی جیهانی مافی مرۆڤ و سەرجەم بەڵگەنامەکانی دیکەی مافی مرۆڤیان لە پڕۆگرامی سیاسی خۆیاندا جێ کردوونەتەوە. ئەوە لەو ڕاستیەوە سەرچاوە دەگرێ کە پارتی و یەکیەتی و هێزەخەباتگێرەکانی دیکەی کوردستان بڕوای قوڵیان بە وە هەیە کە لە کوردستانی ئازادا ، بێ وەبەرچاوگرتنی ماف و ئازادیەکانی مرۆڤ، نە زووڵم و ستەمی نەتەوایەتی لە نێودەچێ و نە ڕەفاە و عەداڵەتی کۆمەڵایەتی درووست دەبێ و نە پێشکەوتنیش ڕوودەدا. کەوایە با هیوابخوازین کە کابینەی ئێستای حکومەتی هەرێم ئەو چاوەڕوانیەی خەڵکی کوردستان و ئەو پرینسیپانەی لە پڕۆگرامی پارتی و یەکیەتی و هێزە خەباتگێرەکانی دیکەی کوردستاندا هاتوون، بکاتە سیاسەت و بەرنامەی عەمەلی حکومەتی هەرێمی کوردستان و لەوەش زیاتر با ئومێدەواربین کە کاربەدەستانی حکومەتی هەرێم حاکمێکی عادڵ بن. بەو هیوایە.

ڕێکەوتی : ٢٤ی ئاوریلی ٢٠١٢

## حیزبی دێموکڕات نیشاندەری ڕێگای خەبات

ئێران ئاوسی ئاڵوگۆڕی گەورەیە. هەم دەرفەتی مەزن و زێڕینمان لە پێشدان و هەم مەترسی گەورەش.
مێژوو نیشانی داوە میللەتان لە هەلە مێژووییە تایبەتیەکاندایە کە یا سەردەکەون یا سەریان بێ کڵاو دەمێنێ. ئەوەش بەوە بەستراوەتەوە کە چۆن لە دەرفەتە زێڕین و گەورەکان بە قازانجی ئازادی و بەرژەوەندیەکانی خۆیان کەڵک وەرگرەدەگرن و لەو مەترسی و هەڕەشانەش خۆ دەپارێزن کە بۆ یان لە کەمیندان. ئەو وەزعە هەموو هێزە نیشتیمانی و دێموکڕاتیەکانی ئێران ناچار دەکا کە خۆیان بۆ ڕوو بە ڕوو بوونەوە لە گەڵ ئەو هەلومەرجە ئامادەبکەن کە خەریکە دێتە پێش.
میللەتی کورد لە کوردستانی ئێران، بە کەڵک وەرگرتن لە ئەزموونی خۆی و گەلانی دیکە پێویستە خۆی بۆ کەڵک وەرگرتنی کارساز لەو وەزعە ئامادەبکا کە بەرەبەرە شکڵ دەگرێ. بەڵام ڕاستیەکەی ئەوەیە کە نە بوونی هاوئاهەنگیی پێویست لە نێو هێزە خەباتگێرەکانی سەر گۆڕەپانی بزووتنەوەی کوردستاندا ئەونیگەرانیە پێکدێنێ کە کورد نەتوانێ سواری شەپۆلە گەورەکان بێ و لەو دەرفەتەی کە دێتە پێش بە قازانجی خۆی کەڵک وەرگرێ و لەو مەترسیانەش کە بۆی لە کەمین دان خۆی لادا.
ئێستا هێزە دێموکڕات و نیشتمانپەروەرەکانی کوردستانی ئێران و کەسایەتیە سیاسی و ڕووناکبیرەکانی کوردی ئێرانی لە گەڵ تاقیکردنەوەیەکی گەورەی نەتەوەیی بەرەوڕوون. تاقی کردنەوەیەک کە تەنیا بە نیشاندانی وشیاریی سیاسی، فیداکاری و سنگ فرەوانی لە خۆمان و بە قبووڵکردنی مەسئولیەتی مێژوویی دەتوانین لێێ بێینەدەر.
بە داخەوە تا ئێستا هەندێک وردە حیسابی بچکۆلە و تێبینی حیزبی و بەرژەوەندی خسووسی و دەستەیی نەیان هێشتووە لە سەر پرۆگرامێکی هاوبەشی نەتەوەیی پێک بێین.
حیزبی دێموکڕاتی کوردستانی ئێران زۆر لە مێژە بۆ لێک نزیک کردنەوەی هێزە خەباتگێڕەکانی مەیدانی خەبات لە کوردستانی ئێران تێدەکۆشێ. بەڵام بلێین چی کە هاواری ئێمە هەر لە بیابانێ دا بووە.
لەو هەلومەرجەدا حیزبی ئێمە دەبێ هەوڵەکانی خۆی لەوبارەوە کاراتر بکا. ئاخر درووستکردنی هاوئاهەنگی و پێکهێنانی هاوکاریەکی بەکردەوە لە نێو هێز و لایەن و کەسایەتیە سیاسیەکانی کوردستانی ئێران دا ئیدی ئێستا بۆتە پێویستیەکی مێژوویی.
ئەوانەی بۆ گەیشتن بە هاوکاری و هاوئاهەنگیەکی نەتەوەیی کەمتەرخەمی لە خۆیان نیشادەدەن، یا لەو ڕێگایەدا کۆسپ درووست دەکەن، جگە لەوە کە ناگەشەکردوویی سیاسیی خۆیان نیشاندەدەن، درەنگ یا زووش بۆیان دەردەکەوێ کە قەتاری بزووتنەوە و چونەپێشی زەمان بە جێێ هێشتوون.
کاروانی خەباتی میللەتی کورد دەڕواتە پێش و لە سەر کەس ڕاناوەستێ. ئەو خەبات و بەربەرەکانیە جەماوەریە کە کۆمەڵانی خەڵک لە شار و گوندەکانی کوردستاندا، هەر لە ماکۆ تا ئیلام لەخۆیانی نیشاندە دەن باشترین بەڵگەی ئەو قسەیەن. نەوەیەک لە کوردستانی ئێران هاتۆتە مەیدانی ژیان و خەبات کە جگە لە ڕزگاری کورد لە ستەمی نەتەوایەتی، دابین کردنی ئازادی و دێموکڕاسی و ڕەفاە و بەختەوەری بۆ خەڵکی کوردستان بیر لە شتێکی دیکە ناکاتەوە و، بە هیچ شتێکی لەوەش کەمتر ڕازی نابێت.
هێزە سیاسیەکانی کوردستان لەو قۆناخەدا ئەرکێکی گرنگتر لە جۆشدان و هاوئاهەنگ کردنی ئەو خەباتەیان بە ئەستۆوە نیە. کۆمەک و یارمەتی هەرە گەورە ئەوەیە هە موو توانا و پوتانسێلی خەباتگێڕانەی خەلکی کوردستان بەرەو ئامانجە هاوبەشە نەتەوەییەکان کاناڵیزەبکەین. هەل و مەرج لە هەموو بارێکەوە بە قازانجی بردنەپێشی سیاسەتێکی لەو چەشنەیە.
لە لایەک میللەتانی ئێران بە گشتی ئومێدێکیان بە پێکهاتنی ئاڵوگۆڕ لە نێوخۆی کۆماری ئیسلامیدا نەماوە و داری ئیسڵاح بوونی ڕێژیم وهاتوهاواری بە ناو ئیسڵاح تەڵەبانی نێو تاقمی دەستەڵاتدار نەک هەر بەرێکی پێوەنەهاتوە بەڵکوو لە ڕەگەوەش وشکبووە. گرانی و هەژاری و مەینەتبەشی و ئاوسان و ئیعتیاد و بێکاری، ژیانی بۆ خەڵک کردۆتە جەهەننەم. سەرکوت و زەبر و زەنگ و گرتن و ڕاونان و ئیعدامیش بۆتە دیاردەیەکی ئاسایی. لە لایەکی دیکەشەوە بیروڕای گشتیی جیهانی و تەنانەت ناوەندە بڕیار دەرەکانیش پێ لە سەر ئەوە دادەگرن کە پێویستە ئاڵوگۆڕ لە ئێراندا پێکبێ.
حیزبی دێموکڕاتی کوردستانی ئێران پێویستە ئیبتکاری کار بۆ بردنەسەری تواناکانی بزووتنەوەی کورد لە ئێران بۆ وەڵام دانەوە بە پێداویستیەکانی خەباتی ئەم قۆناخە بەدەستەوە بگرێ . ئێمە دەبێ لەو ڕێگایەدا ئامادەی کاربین و ئەگەر پێویستبێ مایەی زۆریش لە خۆمان دانێین. لەوەش زیاتر نائامادەیی کەسانی دیکەش نابێ دڵساردمان بکاتەوە.
مێژوو شاهیدە کە زۆر جاران حیزبی دێموکڕات ڕاست لەو کاتانەدا کە ئومێدێک نەبوە، مەشخەڵی ئومێد و هیوای بەرزکردۆتەوە. هیواداریین کۆنگرەی١٥ی حیزب جارێکی دیش ئەو مەشخەڵە داگیرسێنێ.

ڕێکەوتی : ٢٤ی ئاوریلی ٢٠١٢

## چۆن بەدەنەی حیزب هەڵسوڕتر و ڕۆڵی حیزب لە ڕێبەریکردنی خەباتی جەماوەریدا کاراتر بکەین؟

لە نێو ئێمەدا کە تازە خەریکە بەرە و دێموکراسی هەنگاو هەڵدەگرین، مەسەلەی ڕێبەری و تێگەیشتن لە کاری ڕێبەری پرسێکی ئاڵۆزە.
ئەوە کە دەوترێت دێموکڕاسی بریتیە لەوە ک خەڵک حکومەت بەسەر خۆیاندا بکەن، جاری وایە وای لێ تێدەگەین کە هیچ دەستەڵات و ئۆتۆریتەیەک لەسەرووی خۆمان قبووڵ نەکەین . کاتێکش کە بێسەرەوبەرەیی، ئانارشیزم و ڕووحیەی عەشیرەتگەری ڕێگای چونەپێشی کارەکانمان لێ دەگرێت، دەکەوینە بیری دۆزینەوەی کەسێک و پەیدابونی ناجیەک کە بێت و ڕێبەری مان بکا و کارەکانمان بۆ سەروبەر بکات.
لە کۆمەڵگا یەکی دێموکراتیکدا، ڕێبەریی حەق نیە. هیچ کەس بەو هۆیەوە کە بۆنمونە سەر بە فڵان عەشیرەتە، یان فڵان جێگەی کۆمەڵایەتی هەیە، یا لە فڵان کەس نزیکە ناتونێت ببێتە ڕێبەر. ڕێبەریی دێموکڕاتیک تەنیا و تەنیا بە هۆی لێوەشاوەیی شەخسی، کارامەیی لە مەیدانی تێکۆشانی بەکردەوەدا و ئەویش لە پرۆسەیەکی درێژخایەنی کاری حیزبی و

تەشکیلاتیدا وەدی دێت. ڕێبەریی دێموکڕاتیک لە ڕاستی دا ئیعتیمادێکە بەکەسێک دەکرێ کە ئەو لێوەشاوەیی یە ی هەیە. لەیەک قسەدا ڕێبەر تەنیا کاتێک ڕێبەرە کە مەوقعیەتی خۆی وەک ڕێبەر لە دوروبەرەکەی یانی تەشکیلات و خەڵک وەرگرتبێت.

لە دێموکراسیدا هەمووکەس مافی ئەوەی هەیە لەکاروباری گشتیدا، لەو مەسەلانە دا کە پێوەندیان بە چارەنوسی خۆی و ئیدارەکردنی کۆمەڵەوە هەیە دەخالەت بکات. لەبەرئەوە کە هەڵناکەوێ هەموو تاکەکانی کۆمەڵ یەک دەنگ بن، دەنگی زۆربە ئیعتباری پێدەکرێت. بەڵام ئەوە کە هەموو تاکەکان مافی بەرانبەریان بۆ دەخالەت ودەنگدان هەیە ، بەومانایە نیە کە هەموو ئەوکەسانە بە باشترین شێوە و وەک پێویست ڕەفتاردەکەن. لێرەدایە کە پێویستی هەبوونی ڕێبەریی دێتەکایەوە.

لە کۆمەڵگایەکی وەک کۆمەڵگای ئێمەدا کە دێموکراسی نەبۆتە فەرهەنگ وجێی نەگرتوە، فاکتۆری جۆراو جۆر هەن کە بەدژی دێموکڕاسی دەجوڵێنەوە. نەبوونی ڕووحیە وپەروەردەی مەدەنی ولاوازی کۆمەڵگای مەدەنی یەکێک لەوانە. لە کۆمەڵگایەکی ئاوادا خەڵک فێرنەبوون پێکەوە کاربکەن. لەوەش زیاتر پێکەوە کارکردن دەبێتە هۆی سەرهەڵدانی ناکۆکی وتەنانەت دوژمنایەتیش لە نێوانیان دا. بۆیە لەڕاستی دا بە بێ هەبوونی ڕێبەرێکی لێوەشاوە، کاری دەستەجەمعی زۆر بە دژواری دەچێتە پێش و تەنانەت پرۆسەی چونە پێشی دێموکڕاسیش توشی کەندوکۆسپ دەکا. ڕێبەریی لەکۆمەڵگایەکی دێموکڕاتیک وپێشکەوتوودا ، بە ئەندازەی کۆمەڵگایەکی تازە ئاشنابە دێموکڕاسی زەق وپڕ ڕەنگ و دژوار نیە.

لە کۆمەڵگا پێشکەوتوەکاندا ڕێبەر زۆرتر کاری بریتیە لە هاوئاهەنکردنی کارو تێکۆشانی دەستەجەمعی. بەڵام لە کۆمەڵگاکانی وەک کۆمەڵگای ئێمەدا توانا و هێز و کاتی ڕێبەریی زۆرتر بۆ چارەسەری ناکۆکی و کێشەو ململانێکان سەرف دەبێت.

تەکیەکردنی لەڕادەبەدەر لەسەر ڕێبەری و ڕێبەر، دەبێتە هۆی پەرەسەندن و پەروەردەبوونی تایبەتمەندی وخسوسیاتی نا مەدەنی لە کەسەکان و نێو خەڵکدا. هەستکردن بە بەرپرسایەتی و بڕوابەخۆبوون بۆ کار و تێکۆشانیان تێدا دەمرێنیت. توانای هەڵسەنگاندن و قەزاوەتی سەربەخۆیانەمان لێ دەستێنێتەوە. لە لایەکی دیکەش ڕۆڵی ڕێبەر لە حەدی پێویست دەچێتە دەر و دەبێتە کەسێکی تایبەتی کە بۆخۆشی خۆی لێ گەورەدەبێتەوە و ڕێبەری کردن و ڕێبەربوون بە حەقی خۆی دەزانێ.

تیئوریە هاوچەرخەکانی زانستی ڕێبەری دەڵێن، باشترین ڕێبەر ئەو ڕێبەرەیە کە کەمترین ڕێبەری بکا. ئەو هەموو باسەی کە لەنێو ئێمەدا سەبارەت بە ڕێبەر وڕێبەری دەکرێت، ڕاست نیشانەی ئەوەیە کە بە ئەندازەی پێویست لە باری ساسیەوە گەشەمان نەکردوە و پێویستیمان بە کەسێک هەیە کە بەڕێوەمان بەرێ و ڕێگامان نیشاندا. لە هەمووی خراپتر بەهانەشە بۆ ئەوەی کە دەست لەسەر دەست دانێین و خۆ لە ئەنجام دانی ئەوکارانە بپارێزن کە بەخۆشمان دەکرێن و دەتوانین بەڕێوەیان بەرین.

ئەو ڕیبەریە کەبۆ ئێمە دڵخوازە ڕێبەریی دێموکڕاتیک نیە. بەو مانایە کە بێت وکارو تێکۆشانی دەستەجەمعی ئێمە هاو ئاهەنگ بکاو هێزو تواناکان بەرە و ئامانجی هاوبەش وەگەڕخاو مۆتیڤاشۆنمان بداتێ. ئێمە ڕێبەرێکی کاریسماما‌ن پێ دڵخوازە کە موعجیزەبکا. ڕێبەرێکمان دەوێ کە نەک هەر لە جیاتی ئێمە بیربکاتەوە، بەڵکو بڕیاریش بداو تەنانەت ئیقدامیش بکاو کارەکانیش ئەنجام دا . ئەو مۆدێلە لە ڕێبەری ئاکامەکەی ئەوە دەبێت کە لە مۆدێلی ڕێبەرانی وڵاتانی ڕۆژهەلاتی نێوەڕاستدا دەیبینین. واتە ڕێبەر وای لێدێ نەخشێکی هێندە گرنگ بۆ خۆی قایلە کە بە ئیشارەی قامکان و بە جوڵەی برۆیان هەموو کارەکان بەڕێوەدەبا و تەنانەت دەتوانێ ڕیبەرانی دوای خۆشی بەدەستی خۆی دیاری بکا و گوێش ناداتە بیروڕای گشتی. سیاسەت لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستدا بە دەستی ئەم جۆرە مۆدێلە لە ڕێبەرایەتیەوە دەناڵێنێ و تەنانەت وای لێ هاتوە سیاسەت لە مەبەستی ئەسڵی خۆشی دوورکەوتۆتەوە.

ڕاستیەکەی ئەوەیە کە پێرسپێکتیڤ و ڕوانگەی حیزبی ئێمە بۆ ڕێبەری و ڕۆڵی ڕێبەر دەبێت بەرین بێتەوەو تەنانەت لە بنەوەڕا بگۆڕدرێت.

لە بیرمان بێت کە ئێمە باس لە ڕێبەر و ڕۆڵی ڕێبەر لە بزوتنەوەیەکی میللی ودێمکراتی و لە حیزبێکی دێموکڕاتی وەک حیزبی دێموکڕاتی کوردستانی ئێران دا دەکەین. کەواتە ڕێبەریی و ڕێبەری دڵخوازی ئێمە دەبێت لە چەشنی ڕێبەریی دێموکراتیک بێت کە کاری بریتی بێت لە هاوئاهەنک کردنی کاری دەستەجەمعی و هێزو تواناکانی نێو حیزب و بزووتنەوە و ئاڕاسەکردنیان بە جهەتی ئامانجی هاوبەشی میللەتەکەماندا.

لە حیزبی دێموکڕاتی کوردستانی ئێراندا پێویستە لە جیاتی ئەوە کە بەدوای ڕێبەری کاریسماوە بین ، تەکیە بکەینە سەر ڕۆڵی ڕێبەران و کادرەکانی محەللی و ڕێبەرە مەیدانیەکانی بوارە جۆراوجۆرەکانی خەبات و تێکۆشانی حیزب. لە سەرتاسەری شار وشارستان وگوندو ناوچەکانی کوردستاندا ولە هەموو ئەوجێگایانەدا کە کوردی ئێرانی دەژین وکاردەکەن، لەدەرەش لە وڵاتە جۆراو جۆرەکاندا ، حیزبی ئێمە تەشکیلاتی هەیە و کا روفەعالیەت بەڕێوەدەبات. بۆیە بە جێ یە نەخش و ڕۆڵی ئەو ڕێبەر و کادرە مەیدانیانە بەهێز کەین کە لە کۆمیتەکانی گەڕەک و دێ، کۆمیتەکانی ناوچەکان، کۆمیتەکانی شارو شارستانەکان، کۆمسیۆنەکان و تاقم و گروپەکانی کارهتد دا ... کاری حیزبی بەهاوکاری هاوڕێکانیان بەڕێوەدەبەن. ئەوکارە بەشداری و موشارەکەت و دەخالەتی بەدەنە وئەندامانی حیزب و ڕێبەرانی کۆمیتەو بەشەجۆراو جۆرەکانی تەشکیلات لە کاروباری حیزب دا مسۆگەردەکا و روحیەی مەدەنی لە نێوماندا جێگیردەکات.

پێویستە ڕووحیەی مەدەنی بێنینە نێو فەرهەنگی سیاسی خۆمان . لە سیمنارێکدا کە بۆ باس لەسەر مێژووی ڕێبەرایەتی حیزب تەرخان کرابوو، دوکتۆر قاسملووی نەمر وتی من دڵنیام ئیدی حیزبی دێموکرات لەباری سیاسی و تەشکیلاتیەوە بەو جێ یە گەیشتوە کە ئەگەر ئەو ڕێبەرایەتیەی ئەمرۆ لە پەلامارێکی دوژمندا هەمووی پێکەوە لە نێوبچێ، تەشکیلاتی حیزب ئەو زەرفیەتەی تێدایە کە کار و تێکۆشانی حیزب ڕانەوەستێ. واتە تەشکیلاتی حیزب ئیدامەی کاری ڕێبەری دەدا و ئەرکی خۆی و کاری ڕێبەری کردنی بزووتنەوە هەر وەک ئێستا دەباتە پێش.

لە مێژە ئێمە دەڵێین ڕێکخراو وەسیلەی هەرەگرینگی ئێمەیە لە خەباتدا. باشترین سەرمایەکانی حیزب ئەندامان وکادرەکانی حیزبن . لەڕاستیدا لە جیاتی ئەوە کە بە تانیا هەر تەکیە لەسەر ڕۆڵی یەک ڕێبەرو چەند کەس لە ڕێبەرایەتی ئۆرگانەکانی سەرەوەی حیزبدا بکەین، واباشە لە پەنا ئەویشدا، بایەخ بە کادرەکانی محەللی و ڕێبەرانی مەیدانی حیزب بدەین. حیزبی ئێمە لە جیاتی ڕێبەرێکی کاریسما سەدان و هەزاران ڕێبەری پێویستە. تەشکیلاتی ئیمە کە خەباتی جەماوەری خەڵکی کوردستان ڕێبەری دەکا، دەبێ ئێستاو داهاتووش هەر وەک ڕابردوو قوتابخانەی پەروەردەکردنی کادر و ڕێبەرانی خەباتی میللی و جەماوەری کوردستان بێ و هەر ئاواش وەمێنی. ئاخر خەبات بۆ ڕزگاری میللەتێکی ژێردەستە، کارێکی گەورەیەو بە پرۆسەیەکی سەخت و درێژخایەنیش دا دەڕواتە پێش. کاری حیزبی ئێمە مۆبیلیزەکردن و هاوئاهەنکردن و ڕێبەری کردنی ئەو خەباتەیە کە کۆمەڵانی خەڵک بۆ ڕزگاری خۆیان دەستیان داوەتێ و بەڕێوەی دەبەن. ئەگەر دەمانەوێ خەباتی جەماوەی لە کوردستان بەرین کەینەوە و حیزب بۆ گێڕانی ڕۆڵێکی ئەو تۆ لە داهاتوودا، باشتر ئامادە بکەین، دەبێ لەو جهەتەدارۆڵی گەورە بدەینە بەدەنە و تەشکیلاتی حیزب. تەنیا لەو ڕیگایەوە دەتوانین هەم خەباتی جەماوەری پەرەپێ بدەین و هەم ڕۆڵی حیزبەکەشمان، وەک ڕێبەری بزووتنەوەی

میللی دێموکراتی کوردستانی ئێران، به هێزتر و پڕ ڕەنگتر کەین.

ڕێکەوتی : ١٩ی ئاوریلی ٢٠١٢

## بوون به پێشەوا و به پێشەوا مانەوەی قازی موحەممەد

هەرکام له ئێمه بەجۆرێک ڕێبەرین چونکه لانی کەم ڕێبەرێبەرایەتی ژیانی خۆمان دەکەین. زۆر کەسیش له نێو ئێمەدا هەن که لەبواری گەورەتردا بۆ نموونه له ئاستی بنەماڵه، مەدرەسه، کارخانه و دامەزراوه سیاسی و کۆمەڵایەتیەکاندا کاری ڕێبەرایەتی دەکەن. ڕوونه که مەیدانەکانی کاری ڕێبەرایەتی جۆراوجۆرن و هەر بەو پێیەش ئەرکەکانی ڕێبەر، بەرپرسایەتی و ڕۆڵیشی جۆراوجۆرن. بەڵام مەسەلەیەک هەیه که له هەموو حاڵەتەکانی ڕێبەرایەتیدا، وەک فاکتۆرێکی گرینگ خۆی نیشاندەدا. ئەویش ئەوەیه که لەهەر حاڵدا ڕێبەر سەروکاری دەگەڵ ئینسانان هەیه. ئەو ئینسانانه یا هاووڵاتین، یا هاونیشتیمانن، یا هاوڕێی حیزبین، پێشمەرگەن، سەربازن، یا کارمەند و کرێکار و هتد. . .
کاری ڕێبەر ئەوەیه که خەڵک واته ئینسانەکان له دەوری دروشم و ستراتیژ ی و ئیدەئاڵ و بەرنامەکانی ڕێکخراو، حیزب، بزووتنەوە، مەدرەسه و کارخانه و بەکورتی ئەو دامەزراوه کۆکاتەوه که ڕێبەرایەتی دەکا. ئەو دەبێ هاندەربێ، دینام بێ، ماتۆربێ، شوروشەوق بەکارو خەبات له نێو دەوروبەری خۆیدا بڵاو بکاتەوە. شادی و خۆشی دابەش بکا. هەموان بەشداربکات و کەس هەڵنەاوێرێ. ڕێبەر دەبێت کۆسپان تەختکا، پردان درووستکا، دیواران بڕوخێنی. دەبێ خەم لەبەربێ و مەڵحەمی برینان و دڵه شکاوەکان بێت. ڕێبەر به هاوکاری دەگەڵ هاوکارەکانی دەبێ فەرهەنگ و کولتورێک درووستکەن که ناوەرۆکەکەی بریتی بێت له ڕوانگەیەک که وەک ئەستێرەی گەش بدرەوشێتەوە و خەڵک بەدوای خۆی دا بکێشێ. فەرهەنگێک که بایەخ به پێوەندیه ئینسانیەکان بداو ڕەنگەجۆراوجۆرەکان له خۆیدا جێبکاتەوە و له هەمانکاتیشدا ئامادەیی بۆ چونەپێش و گۆڕان و درووستکردنی بەهای نوێ تێدابێت.
له مێژوودا زۆر نموونەی ئەوجۆره ڕێبەرانەمان هەن که بوونەته سەرمەشق و ئێستاش هەروا سەرچاوەی ئیلهامن. من هەوڵ دەدەم دوونموونه لەو سەرمەشقانه باسکەم و پاشان پێشەوا قازی به پێوانانەی ئەوان هەڵسەنگێنم تابزانین ڕەمزی بوون به پێشەوا و پێشەوامانەوەی قازی لەچدایه؟

### سوقرات

سوقراِت گرینگی زۆری به پێوەندیی نێوان تاک و کۆمەڵ دەدا. ناوبراو ئەو پرسیاره فەلسەفیانەی دەهێنانه گۆڕ که چۆن دەتوانین ژیانێکی جوان و پڕ له فەزیلەت و عادڵانه درووستکەین. هەروەها ئەو به سەخاوەتەوە ئامادەبوو گیانی بۆ ئیدەو بایەخه بەرز و تازه وئینسانیەکان بەخت بکا که بڕوای پێ بوون . سوقراِت به ئاتێنی دا دەگەڕاو دەی پرسی ژیانی باش و پڕ فەزیلەت کامەیه؟ جوانی چیه؟ کۆمەڵگایەکی بەختەوەر چۆنه؟ عەداڵەت چیه؟ کۆمەڵگایەکی عادڵانه چۆنه و کام سیفاتی هەن و تایبەتمەندیەکانی چن؟
سوقراِت ئەپرسیارانەی زۆرتر ئاڕاستەی دەستەڵاتدارانی ئاتێنێ دەکردن. ئەو لاوانی بۆ خەبات و بەربەرەکانی و ڕاپەڕین هاندەدان. ئەو به هێنانه گۆڕێ پرسیار سەبارەت به ژیانی پڕ فەزیلەت و کۆمەڵگای عادڵانه دەیەویست سەرنجی خەڵک بۆ وەزعی نالەباری کۆمەڵگای ئەودەمی ئاتێنێ ڕاکێشێ. جیالەوه هەمیشه خەڵکی هاندەدا که خۆیان و توانا و زەرفیەتەکانی خۆیان بناسن. چونکه کەسێک دەتوانێ دەگەڵ خەڵک بحەوێتەوه که خۆی بناسێ.
ئەو جۆره حەرەکەتانەی سوقراِت و ئەو پرسیارانەی ئەو به دڵی کاربەدەستانی ئەودەمی ئاتێنێ نەبوون. هەربۆیه نەیارەکانی که دەستەڵاتداران بوون ئەویان به کەسێکی ئازاردەر دەزانی و هەر له بەر ئەوەش بوو مەحکومیان کرد که جامی ژەهر بخواتەوە.
پرسیارەکانی سوقراِت هەموو خەڵکیان دەگرتەوە. هەموو له کۆمەڵدا بەرامبەر یەکتر ڕێبەرن و دەبێ بپرسن ژیانی باش و پڕ فەزیلەت چیه؟ ئەوە یارمەتیمان دەدات که سرنج بدەینه ژیانی هاووڵاتیانمان که له وەزعێکی سەخت و دژوار دان، حەقخوراون و ئەگەر پێویست بێ یارمەتیان بدەین. جاری وایه دیتن و بەسەرکردنەوەیەک گەورەترین یارمەتیه. کەسێک که پێویستی به یارمەتیه زۆری بۆ گرنگه یارمەتیدەر ئاوڕی لێداتەوە.

سوقراِت بۆ خۆشی هەموو جارێ وەڵامی ئەو پرسیارانەی پێنەبوو که دەی هێنانەگۆڕێ. بەڵام مەبەستی ئەوەبوو خەڵک وەبیرکەوتنەوه بکەون.

له لایەکی دیکەشەوه دەیەویست ئەوه بڵێ کەسێک که بەدڵەوه ئەو پرسیارانه دێنێته گۆڕێ دەبێت کەسێکی ئاقڵ و به هۆش بێت. له فەرهەنگی یۆنانیدا کەسێکی زیرەک و خاوەن هۆش ئەو کەسەیه که توانای دیتنی داهاتووی هەیه و دووربین و ئاینده بینه. کەسێکیش که دووربینه و توانای دیتنی داهاتووی هەیه ڕوانگەدەدا، ڕێ دەستنیشان دەکاو قەتاری حەرەکەتی کۆمەڵ دەخاته ڕێ. کەسێکی ئاوا جهەت دەستنیشان دەکا، خەت دەدا، خەڵک بەدوای خۆی دادەکێشێ و خەڵک بۆخۆیان وەدوای دەکەون و دەیکەنه پێشەوا و بەم جۆره ڤیزشون دروست دەکا. ئەو دەبێته پێشەواو مەشخەڵ هەلدەگرێ و ئاڵای پەیامەکەی بەرزدەکاتەوه و دەبێته خاوەن ڤیزشون. مەبەست له ڤیزشون بانگ و پەیامی خێری گشتی و درووستکردنی کۆمەڵگایەکه که ئینسانەکان له وێدا له فەزیلەت دا بژین. پەیام و ڤیزشونی مەزن ئەوانەن که ڕوویان له هەموو خەڵکه و کەس هەڵنەاوێرن و دەبنه کاناوێکی گەوره بۆ هەموو ئەوانەی تینوون. پەیام و ڤیزشوونی مەزن ئەو پەیامەیه که دەیەوێ کۆمەڵ بەرەو بەختەوەری و ئازادی و فەزیلەت بەرێ و هەموو ئەندامانی کۆمەڵگا به سەعادەت و بەختەوەری بگەیەنێ. ئەرستۆ که قوتابی سوقرات بوو دواتر ئەو قسەی سوقراِتی دەوڵەمەندتر کرد که دەڵێ کەس ناتوانێ بەختەوەر بێت ئەگەر کۆمەڵگاکەی و کەسانی دەوروبەری بەختەوەر نەبن.

### عیسای مەسیح

دەرکەوتوه کەسێک که به خێری گشتی یەوه ماندوه و له خەمی میللەت و گەل و وڵات دایه، له قەیران و سەختی و دژواریەکاندا باشتر خۆی ڕادەگرێ و چاکتر دێتەدەر له کەسانێک که

زۆرتر هەر لە خەمی خێری شەخسی خۆیان دان. عیسای مەسیح نموونەیەکە لەو چەشنە کەسانە. ئەو یەکێک لە گەورەترین ڕێبەرانی مێژووی بەشەریەتە و هێشتاش زۆرترین پەیڕەوی هەن. بزانین پەیام و مۆدێلی ڕێبەرایەتی عیسای مەسیح چی و چۆن بوو کە ئاوا بوو بەو ڕێبەرەگەورە و بەو پەیامبەرە مەزنە. شێوەی مودیریەتی ناوبراو و پێوەندیەکانی ئەو لەگەڵ خەڵک و چۆنیەتی پێوەندی گرتنی بە خەڵکەوە و نێوەرۆکی پەیامەکەی زۆر ئاسانە بەڵام لە هەمان کاتدا پیادەکردن و پڕاکتیزەکردنی زۆر سەخت و دژوارە. هەمووی ئەوە دەکرێ لە لە چوارخاڵدا کورت کەینەوە.
لەڕاستیدا ئەو چوار خەڵە ئەویاساو قانوونانەن کە پێویستە هەموو ئەو کەسانە دەکاریان بکەن کە ڕێبەرایەتی خەڵک دەکەن و دەیانەوێ ئینسانەکان لە دەوری پەیامێک یان ڤیزشونێک کۆکەنەوە و کۆمەڵ بەرەو ئەو ئامانجە مۆبیلیزەبکەن واتە وەگەڕیخەن.

### یەکەم

مرۆڤەکان هەموویان خاوەن بایەخن و لەباری ئینسانیەوە هاوبەهان. بۆ عیسای مەسیح هەموو ئینسانەکان لە چوارچێوەی ئاینی ئەو و پەیامی ئەودا وەک یەک هاو بایەخن. بناخەی ئەوبیرە لەوەڕا سەرچاوەدەگرێ کە ناوبراو هەموو ئینسانەکانی بە یەک چاو تەماشادەکردن. ئەو نەیدەهێشت جیاوازیە ڕواڵەتیەکان ببنە هۆی لێک هەڵاواردنی ئینسانەکان بەمجۆرە و خودی و ناخودی دورووستبێ. کەسێک کە جیاوازی لە نێو ئینسانەکان دادەنێ. دیواران دروست دەکاو لەهەر حاڵدا ئەگەر بەشێکانیش ڕاکێشێ، بەشێکیش لەخۆی دەتارێنێ و دووردەخاتەوە. پەیامی مەزن ئەوپەیامەیە کە ڕووی لە هەموو کۆمەڵگا و هەموو میللەت بێت.

### دووەم

دەبێت توانا و قودرەتی لێبوردن و بەخشین و عەفوکردنمان هەبێت. ئینسان قابیلی هەڵەیە. هەڵەکردن بەشێکە لە سروشتی ئینسان. بەڵام بەخشین و عەفووکردن شتێکە پێوەندی بە هاوپێوەندیی ئینسانیەوە هەیە . بەخشین و عەفووکردن نیشانەی لاوازی و شلوشەوێقی ڕێبەرنیە. ڕاست بە پێچەوانەوە عەفووکردن و بەخشین بە گوناهانەوە، متمانە دەخوڵقێنێ و باشترین ئامرازیشە بۆ پێشگیری کردن لە دووبارەبوونەوەی هەڵە.

### سێهەم

کارکردن و و هەڵسان و دانیشتن لە گەڵ عیسای مەسیح و پەیڕەوی کردن لێی سەخت و دژوارە. ئەو لێی دەویستی. ئەو چاوەروانی و ئینتیزار و داخوازی لە هەموو ئەوکەسانە هەیە کە ئەویان قبووڵە. بەڵێ ژیان لە کۆمەڵدا، ژیان لە نێو میللەتدا مایەدانان لە خۆی دەوێت. ڕاستیەکەی ئەوەیە کە ئەوە هەر ڕێبەر نیە کە ئینتیزار و چاوەڕوانی لە خەڵک و تاکەکانی نێوکۆمەڵ هەیە، بەڵکو ئێمە هەموومان دەبێت ئینتیزار و چاوەڕوانیمان لێکتر هەبێت و لێکترمان بوێت و لە ڕێبەریشمان بوێت. نەک هەر لەکاری هاوبەش و هاوکاری پێکەوەکردن و ژیانی سیکۆسۆسیالماندا، بەڵکو لە هەموو هەڵسان و دانیشتنماندا پێوێستە موڕاعاتی یەکتر و دەورووبەری خۆمان و تەنانەت سروشت و حەیوانات و دارودرەخت و ژینگەش بکەین.
ئەوە کە داخوازیت لە هاوکار و هاواڵ و هاووڵاتی و هاونیشتیمانی و ئەو کەسانە هەبێت کە ڕێبەرایەتیان دەکەی، بە هیچ جۆر مانای ئەوە نیە کە تۆ ڕێبەرێکی ئۆتۆریتاری . کەسێک کە داخوازی لێدەکرێ، چاوەڕوانیی لێدەکرێ، ئینتزاراتی لێدەکرێ، یانی دەگەڵ چاڵش بەرەوڕوودەکرێ. ئەوەش ناچاری دەکا خۆی هەڵکێشی، خۆی بەرێتە پێشی، خۆی بە هێزبکا، خۆی کامڵ بکا، خۆی پوختەبکا. دیارە دەبێت داخوازی و چاوەڕوانیەکان واقعبینانەبن و لە گەڵ توانا و زەرفیەتەکان و هەلومەرج بێنەوە. ئەگەر وانەبێت، ئەو چاوەڕوانی و ویستانە دەبنە ئامراز و وەسیلەیەک بۆ دەستەڵات نواندن. ئاخر کاتێک کارێک دەکەی کە نایەڵی ئینسانەکان هەستبە مەسئولیتەت بکەن، پێش بە پەرەسەندنی ئەوان دەگری و خۆشت لە توان و لێوەشاوەییەکانی ئەوان بێبەش دەکەی.

### چوارەم

عیسای مەسیح ئینسانەکانی خۆشدەویستن. هاوکار و پەیڕەو و هاووڵاتیانی خۆی و ئەندامانی کۆمەڵگای ئینسانی خۆشدەویستن. ئەو تەنانەت ناحەزانی خۆشی خۆشدەویستن. فەلسەفەی ئەوە لەوەدایە کە خۆشەویستی و موحیبەت هێزێکی هێندەگەورەی هەیە کە دەتوانێ ڕق و قین و تووڕەیی و تەنانەت دووژمنایەتیش ڕامالێ و لە نێوبەرێ. موحیبەت لە سەرووی هەموو شتێکەوەیە. خۆشەویستی خوڵقێنەر و دروستکەرە. ڕوونە تایبەتمەندی و خسڵەتێکی لەوچەشنە بەڕاستی سەختە مرۆڤ بتوانێ لەخۆیدا پەروەردەی بکات. ئەوە توانایەکی تاڕادەیەک فەوقی بەشەری دەوێ. بەڵام ڕێبەری گەورە کە میللەتێک چاوی لێیەتی دەبێت ئەوتوانایە لە خۆیدا درووستبکات. موحیبەت کلیلێکە بۆ ئەوەی مرۆڤەکان بکینەوە و بڕواو متمانەیان وەدەستبێنین. ڕایانکێشینە مەیدانی کار و تێکۆشان بۆ بەشداربوون لە کارکردن بۆ خێری گشتیدا. هەر ئەوە کە بتوانی خەڵک و هاوکار و هاوباوەڕەکانی خۆت خۆشبوێن، بۆخۆی مانادەدا بەژیان و نێوەرۆکی ژیان دەوڵەمەند دەکا.
یۆنانیەکانیش باسی موحیبەتیان کردوە، بەڵام ئەوان زۆرتر باس لە دۆستایەتی دەکەن. ئاخر دۆستایەتیش شتێکە پێوەندی بە کەیفیەتی پێوەندیەکانی نێوان ئینسانەکانەوە هەیە. ئەرستۆ دەڵی دۆستایەتی گیانێکە لە دووجەستەدا. دۆستایەتیش وەک موحیبەت و خۆشەویستی لە ڕێگای دیتن و وەبەرچاوگرتنی جیاوازیەکانەوە وەحدەت درووست دەکا. ئاخر هونەر ئەوەیە لە جیاوازیەکانڕاو و بە جیاوازیەکنمانەوە بگەینە وەحدەت و کۆنسێنسوس یانی تەوافوق. وەحدەتێک کە جیاوازیەکان نابینێ و بە لەنێوبردنی جیاوازیەکان پێکدێ، پایەدارنابێ و زۆریش پڕمەترسیە.

دەبێ بگوترێ کە ئاوێتەبوونی ئەو چوار خسڵەتە بەرزەیە لە کەسایەتی عیسای مەسیحدا کە ئەویان کردە ئەورێبەرە گەورە.

ئەو بە هاواری نەخۆش و لێقەڵماوانەوە دەچوو. گوناهباری دەبەخشین، موحیبەت و خۆشەویستی لێ دەباری. برینی سارێژ دەکردن. پردی لە نێو جیاوازیکاندا درووست دەکردن. دیواری دەرووخاندن. کۆسپ و تەنگ و چەڵەمەی وەلادەبردن. گرێ پوچکەی دەکردنەوە. سوڵحی دەکردن. کاری سەخت و تێکۆشانی لە خۆی و پەیرەوانی دەویست. ماندوویی نەناسبوو. برِوای بە کار و پەیامی خۆی هەبوو. خەڵکی لە دەوری خۆی و لە دەوری یەکتر و لە دەوری پەیامی هاوبەش و ئامانجی هاوبەش کۆدەکردەوە. نەک هەر دیفاعی لە برِواو مەرامی خۆی دەکرد، لە هەمووی گرینگتر، ئەو ئامادەبوو بۆ بردنە پێشی پەیام و ڤیزشونی خۆی و ئیدەئاڵەکانی بە سەخاوەتەوە بمرێ. عیسای مەسیح لە دادگای ناساڵحی ئیمپراتۆری رۆمدا بە تاوانبار لەقەڵەم دراو لە خاچ درا. بەڵام لە ویژدانی مرۆڤایەتیدا، میداڵی ئیفتیخار و سەربەرزی و شانازی پێبەخشرا و ئەوەتا ئێستاش ئەستێرەی پەیامەکەی هەروا دەدرەوشێتەوە تیشکان داوێ.

من پێم وایە هەر ئەو رەمزانە کە سوقرات و عیسای مەسیحیان کردنە پێشەواو مامۆستاو رێبەر و خاوەن پەیام و ڤیزشون، قازی موحەممەدیشیان کردە پێشەوا. خوێنەر دەبێت زەحمەت بکێشێ بەڵگەنامەکانی سەردەمی کۆمار بخوێنێتەوە، تا باشتر ئەوراستیەی بۆ دەرکەوێت. بەڵام من لێرە دا بە هۆی ئەوە کە شەو درەنگە، تەنیا چەند بەڵگە لە وتە کانی پێشەوا قازی دەخەمە بەرچاو تا بۆمان دەرکەوێ کە پێشەوا بەراستی پەیامی بۆ میللەتی کورد پێبوە و بۆ ئەو پەیامەش و لەسەر بردنە پێشی ئەوپەیامەش لەداردرا. هەر ئەو دی. ئێن، ئایەشەقازی کردۆتە پێشەوا و هەروا وەک پێشەواش ماوەتەوە وهەمیشەش لە ویژدانی میللی و لە مێژوویی کوردا بە پێشەوایی دەمێنێتەوە.

(بەئاڵای موقەدەسی کوردستان سوێند دەخۆم کە تا ئاخر هەناسەی ژیانم و رژاندنی ئاخر تنۆکی خوێنم بە گیا و ماڵ لە رێی راگرتنی سەربەخۆیی جمهوری کوردستان و یەکیەتی کوردوئازەربایجان موتیع و وەفاداربم)

سوێندی پێشەوا لە رۆژی راگەیاندنی جمهوری

(ئەوە کە لەرێگای ئازادی میللەتی خۆم بکوژرێم، جگە لە رەحمەتی خودا شتێکی دی نیە. بەمەرگی جوامێرانەی خۆم شانازی دەکەم)

قازی موحەممەد لە بەناو دادگادا

(ئەو مافە بە کەس نادەم سوکایەتی بە میللەتی من بکات. من لە پێناوی ئەو میللەتەدایە کە ئێستا بە ئیعدام مەحکووم بووم. قازی موحەممەد ئیدی شتێکی دیکەی نیە لە دەستی بدا، کەسێک دەست لە گیان هەڵگرێ، قسەی دڵی خۆشی دەکا. ئەوەی کە لەخوام دەویست، یانی شەهادەت لە رێگای خواو وەتەندا بە دەستم هێناوە)

قازی موحەممەد لە بەناو دادگادا

( ئەنگیزەی من بۆ ئەکارانە کە کردوومن سەرزەمین و میللەتەکەم بوە، هەرکارێک لە گەڵمن دەکەن بیکەن بەڵام دەست لە ئازاری میللەتەکەم هەڵگرن)

دیفاعیات لە بەناو دادگادا

( لە ئاخرین سەعاتەکانی ژیانمدا، خودا بە شاهید دەگرم کە لە رێگای ئازادی و بەختیاری ئێوەدا گیان و ماڵیخۆم فیداکردوە لە هیچ هەوڵ و کۆششێک درێخیم نەکروە)

وەسیەتنامە

(کوردستان سەرزەمینی میللەتی کوردە و ماڵی ویە. کەس مافی حەسادەت و بەخیلی نیە. هەموو لەو ماڵی خۆدا ئازادن. هەرچی لەدەستان دێت بۆ ئازادی کورد درێخی مەکەن)

وەسیەتنامە

( میللەتی مە چی لە میللەتانی دیکەی دونیا کەمتر نیە، زانست و عیلم نەبێت. فێری زانست و عیلم بن تا لە کاروانی بەشەریەت وەدوانەکەون)

وەسیەتنامە

( خودایە دادی مەزڵومان بستێنە و میللەتی کورد لە ژێر سوڵتەی ئەو خوێن خۆرانە رزگارکە)

٢٠ دەقیقە پێش لە درداران لە کاتی موناجات لە گەڵ خودادا

( تا دوا لەحزاتی ژیان د ەست لە فیداکاری هەڵناگرم و بە تەواوی دونیا رادەگەیەنم کە میللەتی کورد حەقی ژیانی ئازادی هەیە)

رۆژنامەی کوردستان، ژمارە ٦٩، ٣٠ تیری ١٣٢٥

رێکەوتی : ٢٩ی مارسی ٢٠١٢

## تووند و تیژی بە دژی ژنان دوای تەواوبوونی شەڕ

بەگوێرەی لێکۆڵینەوەیەک کە لەلایەن ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکانەو بڵاوکراوەتەوە، تووندوتیژیەکی بەرین لە نێو ئەو بنەماڵانەدا هەیە کە پیاوەکانیان پاش تەواوبوونی شەڕ گەڕاونەتەوە ماڵەوە.ژنێکی کامبۆجی دەگێڕێتەوە کە مێردەکەی پاش تەواوبوونی خزمەتەکانی لە ڕیزی خەمیرە سوورەکان لە ساڵی ١٩٩١ داو گەڕانەوەی بۆ ماڵێ، بە شێوەیەکی بەردەوام بە دژی ئەو و منداڵەکانیان تووندوتیژی دەنوێنێ.ئەو ژنە دەڵێ کە هاوسەرەکەی هێندە تووندوتیژی دیتوە و، هێندە بۆخۆی تووندووتیژی لە دژی کەسانی دیکە نواندوە، کە ئیتر ناتوانێ بە شێوەیەکی ئینسانی ڕەفتار بکا.پیاوێکی مەقدۆنیایی دەڵێ شەڕ ئێمەی تێک داوە.ئەمن ناتوانم لە ژنەکەم نەدەم.ژنێکی فەلەستینی لە ڕامۆڵادا دەڵی، دیاردەی خۆکوشتنبە شێوەیەکی بەرچاو لە نێو ژنان و کچانی ئەو ناوچەیەدا زیادی کردوە.لە ڕامۆڵادا ناوەندێکی فریاکەوتن و یارمەتیدان بە ژنان و کچان دامەزراوە.بەڕێوەبەری ئەو ناوەندە دەڵێ بەیانان کە پیاوەکان دەڕۆنە سەرکار، تەلەفۆنی ناوەندەکە دەست بەزەنگلێدان دەکا.لە سەدا حەفتای ئەوکەسانەی زەنگ لێدەدەن، ئەو کچ و ژنانەن کە لە لایەن باوکەکانیان، براکانیان و مێرد و مام و خاڵ و کەسوکارە نزیکەکانیانەوە، ئەزیەت و ئازار دراون یان دەستدرێژیان کراوەتە سەر و لێیان دراوە.

تاقمێکی پسپۆڕی ڕێکخراوی ژنانی نەتەوە یەکگرتوەکان، لە هاوینی ٢٠٠١ دا، بۆ ماوەی ساڵێک لە ناوچە قەیرانی و شەڕلێدراوەکانی دونیادا، لەسەر شوێنەواری شەڕوکێشە چاکداریەکان لە سەرژنان، لێکۆڵینەوەی کرد.ئەودەستەیە سەردانی بۆسنی هرزەگۆیین، مەقدۆنیا، کۆسۆڤۆ، سیربستان، کۆلۆمبیا، کامبۆج، تەیمووری ڕۆژهەڵات، لیبریا، گینە، ڕواندا، سیرالئۆن، سۆماڵی، ئیسرائیل و ناوچە داگیرکراوەکانی فەلەستینیان کرد.لە هەمووی ئەو ناوچانەدا، ژنان باس لەوە دەکەن کە چەک و تەقەمەنی ژیانی بنەماڵەی ئەوانی شێواندوە.ئەوان دەڵێن سەربازی گەری بە جۆرێک ژیانی کوڕو مێرد و براکانی ئەوانی داگرتوە کە ئیتر ناناسرێنەوە.ئەوان دەڵێن هاوسەرەکانیان ساردن، عەسەبی و داخراون و تووندووتیژیان لێدەبارێ.ئەو لێکۆڵینەوەیە دەنگێکی زۆری دایەوە، چونکە دەرکەوت کە ئەو وەزعە لە هەموو شوێنە شەڕلێدراوەکاندا هەر ڕاستە.

لە هاوینی ٢٠٠٢ دا، لە پایەگایەکی سەربازی ئەمریکا، لە باکوڕی

کالیفۆڕنیادا، چوارکەس لەو سەربازانەی لە شەڕی ئەفغانستانەوە گەڕابوونەوە، ژنەکانی خۆیانیان کۆشت.لەم دواییانەدا، لە ڕۆژنامەکانی ئەمریکادا ئەوە دەخوێنینەوە کەڕاپۆریە نهێنییەکان ئەوە دەردەخەن کە هەرکات سەربازانی ئەمریکا، بۆشەڕ وعەمەلیاتی عەسکەری دەڕۆنە دەرەوە، ڕادەی تووندوو تیژیی پیاوان بەدژی ژن و منداڵان لە کۆمەڵگای ئەمریکادا، بە شێوەیەکی لە ڕادەبەردەرەڕواتە سەرێ.

لە نێو سوپای ئەمریکادا، کە لەساڵی ١٩٩٩دا، سێسەدو سی هەزار ئەندامی هەبووە، ٨٦٤٨ ژن شکایەتیان لەو تووندوتیژیەکردوە کە سەربازەکان لە ماڵێ لە خۆیانی نیشان دەدەن.دیارە ئاماری درووستی ئەو دیاردەیە، زۆر لەوەش زیاترە.چوونکە هەموو ژنەکان ناچن شکایەت بکەن و ئەو مەسەلەیە بە پۆلیس ڕاگەیەنن.

لەسەدا حەفتاوپینجی ژنانی کامبۆجی، کە مێردەکانیان لە شەڕو کێشە چەکداریەکاندا، بەشداربوون، پاش ئەوەی کە لە ساڵی ١٩٩٥ دا، هێزەکانی پاراستنی ئاشتی هاتنە نێو وڵاتەوە، بوونەتە قوربانی تووندوتیژی.بەشێکی زۆر لەوان لە لایەن هاوسەرەکانیانەوە تەقەیان لێکراوە.

هەموو لیکۆڵینەوەکانی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتوەکان ئەوە دەردەخەن کە چەکداربوونی پیاوان، دیاردەی تووندوتیژی بەرامبەر بە ژنان و منداڵان لە کۆمەڵدا پەرەپێدەدا.

هەروەها هەر ئەو لێکۆڵینەوانە ئەوە نیشاندەدەن کەتووندوتیژی بنەماڵەیی لە کاتی شەڕ و کێشە چەکداریەکان دا زۆرتر دەبێ.

ئەودیاردەیە پاش تەواو بوونی شەڕ و بە گەڕانەوەی پیاوەکان لە بەرەکانی شەڕ بۆ ماڵەوە، بەرینتر و قوڵتریش دەبێتەوە.

سەدملیۆن کەس لە ئاکامی شەڕدا، لە قەڕنی بیستەم و سەرەتاکانی قەڕنی بیست و یەکدا کوژراون.کاتێ پیاوەکان لە سەنگەرەکان دا دەکوژرێن، ژنان و منداڵان لە ئاکامی بۆمبارانی شاروگوندەکاندا، لەبەر برسیەتی و تینوویەتیدا، لە ئاکامی نەخۆشی و ناچارکردنیان بە لەشفرۆشیدا، گیان لە دەست دەدەن.

تەنانەت ئەگەر ئەو ژن و منداڵانە زیندووش دەردەچن، هەتاهەتایە دەبێ لە گەڵ بیری خۆکۆشتن، دستەویەخەبن.هەرکات مێرد و براو باوکیشیان لە شەڕ دەگەڕێنەوە، شکەنجە و ئەزیەت و ئازار دەدرێن، چونکە هەست دەکەن کە بە هۆی ژن و کچەکانیانەوە شەڕەفیان لەکەدار بووە.

پاش تەواوبوونی شەڕی سارد، ٤٠ ملیۆن کەس ئاوارە و پەڕەوازەبوون.هەشتا لە سەدی ئەوان ژن و منداڵن.

بە لە بەرچاوگرتنی ئەوە کە کوردستانیش یەکێک لەو مەڵبەندانەیە کە ساڵانێکی زۆرە مەیدانی شەڕ و سەرکوت و زەبرو زەنگی حکومەتە دیکتاتۆرەکان بە دژی میللەتی کوردە، دەکرێ ئەو دیاردەیە لە کوردستانیش هەر راستبێ.

ئێستا وەختی ئەوەیە لە ڕێگای پیادەکردنی پرۆگرامەکانی پێداگۆگی ئاشتیخوازانەوە، کار بەدەستانی هەرێم، بۆسڕینەوەی ئاکامە ناڵەبارەکانی شەڕ، هەنگاو باوێن.

وەرگێڕان و ئامادەکردنی ئیبراهیم لاجانی

ڕێکەوتی : ١٥ی مارسی ٢٠١٢

## هەل و مەرجی ئێستای خەبات و ئەرکەکانی تەشکیلاتی ئێمە

ئەمڕۆ خەباتی سیاسیی جەماوەریی شکڵی هەرە سەرەکی خەبات لە کوردستانی ئێرانە و حیزبەکەمان هەموو توانای خۆی بۆ ڕێکخستنی ئەو شکڵە لە خەبات تەرخان دەکات.

خەباتی جەماوەریی بریتیە لە هەڵخراندن و مۆبیلیزەکردنی هێز وتوانای خەباتگێڕانەی کۆمەلانی ملیۆنی خەڵک بۆ گەیشتن بە داخوازی ڕوون و دیاری کراو.پایەکانی ئەوخەباتە لە سەر واقعیەتەکانی ژیانی ڕۆژانەی خەڵکی کوردستان کە لە ژێرستەمی میللی دا دەژین ڕاوەستاون.خەباتی جەماوری ئەگەر لە سەرەتادا پرش و بلاو و ناهاوئاهەنگیش بێ، بەرە بەرە ئاستی سنفی و سەندیکایی و ناوچەیی بە جێ دێلێ و دەبێتە نارەزایەتیەکی سیاسیی سەرتاسەری و میللی.

نافەرمانی مەدەنی، خۆپێشاندان، مانگرتن، نە چوونە سەرکار، کۆبوونەوەی ئیعترازی، تۆمار نووسین، کۆبوونەوە لە بەردەرگای ئیدارەکان، بلاوکردنەوەی بەیاننامە، کەڵک وەرگرتن لە ناتەبایی نێوان داروودەستە جۆراو جۆرەکانی نێو دەستەلات، بەهرە وەرگرتن لە ئیمکانات و فکتۆری دەرەکی و پشتیوانیی کۆمەڵگای نێونەتەوەیی و زۆر میتۆدی دیکە، چەکی ئەو شێوە خەباتەن.

بە هێزبوون, پەرەسەندن و پێشرەوی کردنی ڕۆژ لە ڕۆژ زیاتری بزووتنەوە جەمسەرێکی ئەو خەباتەیە و لاوازبوون و پاشەکشەی ڕۆژ لە ڕۆژ زیاتری حکومەتیش جەمسەرەکەی دیکەیەتی.زەمینەی عەینی پەرەگرتن و چوونە پێشی خەباتی جەماوەری بریتیە لەو ستەمە میللی یە کە لە کوردستاندا لە هەموو بوارەکانی ژیاندا خەڵک بە ئێسک و پێستەوە هەستی پێدەکەن.

لە وەش زیاتر بێ توانایی و بێ کیفایەتی حکوومەت لە دابین و دەستەبەرکردنی پێداویستیە سەرەتاییەکانی ژیانی خەڵک لە لایەک و، لە ژێر پێنانی ماف و ئازادیە سەرەتاییەکانی خەڵک لە لایەن داموودەزگا حکوومەتیەکانەوە لەلایەکی دیکەوە، یارمەتی بە چونەپێش و پەرەگرتنی هەرچی زۆرتری ئەو خەباتە دەکەن.

تایبەتمەندیی بەرچاوی ئەو قۆناخە ئەوەیە کە خەڵک ئیدی وەزاڵە هاتوون و ڕاست و ڕەوان بەرەنگاری داموودەزگا سەرکوتکەر و سیاسەتە دژی گەلیەکانی ڕێژیم دەبنەوە.ڕێژیمیش هەموو تێبینی و فریوکاری و ڕواڵەتسازیەکی وەلاناوە و بەو پەڕی ڕووهەڵماڵاویەوە کەوتۆتە سەرکوتی بزووتنەوە ئیعترازیەکانی خەڵک و گرتن و کوشتن و ئیعدامی خەباتگێڕان و هەڵسووڕاوانی کۆمەڵگای مەدەنی و سیاسیی کوردستان.

بنبەستی سیاسی ڕێژیم، قەیرانی بێ داهاتوویی، شکەستی ڕەوتی ئیسلاحخوازی و نائومێدبوونی خەڵک لە پێکهاتنی هەرچەشنە ئاڵوگۆڕیک بە قازانجی ئازادی و دێموکڕاسی.هەروەها دوورەپەرێزمانەوەی ڕێژیم لە ئاستی جیهانی دا، بایکۆتە ئابووری و بازرگانی و ماڵیەکانی دنیای دەرەوە، گرانی و ئاوسان و بێکاری و پەرەسەندنی بزووتنەوەی ئازادیخوازیی لە نێو میللەتانی دیکەی ئێرانێدا، هەموویان لەو فاکتۆرانەن کە بەقازانجی گەشەسەندنی خەباتی جەماەریی سیاسیی لە کوردستاندا شوێن دادەنێن.

حیزبی ئێمە لە کۆنگرەی پێنجەمی خۆیدا مەسەلەی گۆڕانی ڕێژیمی لە ئێراندا هێنا گۆڕ.لەو دەمەوە ئیدی بزووتنەوەی کورد وەلانانی کۆماری ئیسلامی وەک ڕێگاچارەی هاتنەدەری وڵاتەکەمان لەو قەیرانە هەموو لایەنە کە تێیدایە دەستنیشانکردوە و، بە هەموو تواناوەش بۆ بردنە پێشی ئەوسیاسەتە خەباتی کردوە.

بەخۆشیەوە خواستی گۆڕانی ڕێژیم ئەمڕۆ بۆتە خواستێکی گشتی و هەموو هێزە سیاسیەکانی ئێران و کۆمەلانی خەڵک لە وڵاتەکەماندا داوای گۆڕانی ئەو ڕێژیمە دەکەن.ئەوەش سەرکەوتنێکی گەورەی سیاسی و ئەخلاقیە بۆ بزووتنەوەی کوردستان کە بە حەق هەر لەسەرەتاوە ئالاهەڵگری خەبات بۆ ئازادی و دێموکڕاسی بووە و کوردستان بۆتە سەنگەری دیفاع لە ئازادی سەرتاسەری ئێرانیش.

بێ گوومان ئەوەش ڕۆڵی کوردستان لە ڕووداوەکانی داهاتوو داو لە داڕشتنەوەی جوغراڤیای سیاسی ئێراندا وەک هێزێکی کاریگەر دەستەبەردەکا.لەوەش زیاتر ئێستا کۆمەڵگای نێونەتەوەیی و بیروڕای گشتی دنیاو تەنانەت هێزە ناوچەییەکانی ڕۆژهەلاتی نێوەڕاستیش، خوازیاری وەلانانی حکوومەتی کۆماری ئیسلامین لە ئێراندا.ئەوەش توانای مانۆڕدانی بزووتنەوەی کوردستان زۆرتردەکا و دۆست و هاوپەیمانی سیاسی تاکتیکی و ستراتیژیکی زۆرتری بۆ دروستدەکا.هەموو ئەوانە زەمینەی پتر بۆ پەرەسەندنی خەباتی جەماوەری لە کوردستان پێک دێنن.

ئەوە کە کۆمەڵگای نێونەتەوەیی و هەندێک لە هێزە بڕیاردەرە جدیەکان و هێزە چارەنووسازە ناوچەییەکان هاوکات لە گەڵ بزووتنەوەی کوردستان و بزووتنەوەی سەرتاسەری، خوازیاری وەلانانی کۆماری ئیسلامین نابێ وەک ئەوە کە بزووتنەوەی کوردستان و بزووتنەوەی سەرانسەری بوونەتە کلکەی هێزە دەرەکیەکان سەیر بکرێت.کورد و میللەتانی دیکەی ئێران بلێن چی کە کۆماری ئیسلامی کاری خۆی گەیاندۆتە جێگایەک کە هێزە ناوچەیی و نێونەتەوەییەکان وەلانانی ئەم ڕێژیمە بە تاقە ڕێگای پێشگرتن بە ڕوودانی کارەساتی ئینسانیی گەورە بە دەست ئاخوندەکان دەزانن.ئەوە بۆخۆی شانسێکی باشە کە بەرژەوەندیەکانی بزووتنەوەی کوردستان و سەرانسەری و خواستی میللەتانی ئێران لە گەڵ قازانجە میللیەکانی هەندێک هێزی ناوچەیی و نێونەتەوەیی دێتەوە.

میللەتانی ئێران بەگشتی و میللەتی کورد لە کوردستانی ئێران بە تایبەتی ناتوانن دەست لە خەباتی خۆیان هەڵگرن تەنیا لە بەرئەوەی کە هەندێک هێزی ناوچەیی و ناونەتەوەیی هەمان ئاڵوگۆڕیان لە ئێراندا دەوێ کە ئەوان کاری بۆ دەکەن.

لە مێژوودا زۆرجار دیتوومانە کە فاکتۆری دەرەکی لە سەرکەوتنی خەباتی ئازادیخوازانەی میللەتاندا ڕۆڵی بەرچاوی گێڕاوە.ئایا بە بێ یارمەتی و پشتیوانی سیاسی و ئەخلاقی کۆمەڵگای نێونەتەوەیی، وڵاتانی ئورووپای ڕۆژ هەلات دەیانتوانی ئازادی خۆیان وەدەست بێننەوە؟ دووکتۆر قاسملوو زۆرجار دەیگووت فاکتۆری دەرەکی تەنیا دەبێ وەک یارمەتیدەر تەماشابکەین و حیسابی ئەسڵی لەسەر هێزی خۆمان و میللەتی خۆمان بکەین.نە ئاوا کە نەخشی خۆمان بخەینە ژێر سایەی ڕۆڵی فاکتۆری دەرەکی و نە ئاواش کە دەوری کاریگەریی یارمەتی و پشتیوانی خاریجی بە هێند نەگرین.

بەتایبەتی ئێمە دەگەڵ ڕێژیمێک دەستەویەخەین کە دین و مەزهەب و نەوت و گاز و خواو قورئان و زیندان و قەنارەو پەت و سێدارەو شکەنجەو مزگەوت و سەرەنێزەو..ی خستوونەتەکار بۆ پارێزگاری لە خۆی لە بەرامبەر میللەتانی ئێرانێدا.

بۆیە بزووتنەوەی کوردستان و بزووتنەوەی سەرانسەری میللەتانی ئێران حەقی خۆیانە لە یارمەتی و پشتیوانیەک کە کۆڕوکۆمەڵە نێونەتەوەییە کان ئامادەن بۆ کۆمەک بە خەبات و بەربەرەکانی بەرامبەر بە کۆماری ئیسلامی پێیان بکەن کەڵک وەرگرن.

بزووتنەوەی کوردستان بە شێکی جیانەکراوەی بزووتنەوەی سەرتاسەریی میللەتانی ئێرانێ یە بۆ ئازادی و دێموکڕاسی.بزووتنەوەیەکی جدی و جەماوەری و ڕەسەنەو پێگەی بەرینی خەڵکی هەیە.بۆیە ئەوانەی چاوەڕوانن کە میللەتی ئێمە خۆی لە پشتیوانی سیاسی و دیپلۆماسی و ماڵی و ئەخلاقی وڵاتان و کۆڕوکۆمەڵە نێونەتەوەییەکان بێبەری و پشتاوبکا، واقعبین نین.نەخێر

ئێمە لە دەورانی گلۆبالیزمداین و دەبێت حیزبی ئێمە لێوەشاوەیی ئەوە لە خۆی نیشان بدا کە لەو دەرفەت و هەل و ئیمکاناتە کە ئێستا لە دنیادا لە گۆڕێدایە بە قازانجی گەیشتن بە ئامانجەکانی بزووتنەوە بۆ خێری گشتی کورد کەڵک وەربگرێ.
بەوپێ یە دەبینین کە زەمینەی گەشەسەندنی خەباتی جەماوەری لە کوردستانی ئێران لە هەموو بارێکەوە لە حاڵی گەشەسەندن دایە.

کەواتە چبکەین؟ کاری ئەسڵی تەشکیلاتی ئێمە دەبێ سازماندان و هاوئاهەنگ کردنی ڕێکخراوە جەماوەریەکان بێ.یارمەتی دان بە سازماندانی ڕێکخراوەکانی ژنان، لاوان، کرێکاران، خوێنکاران، مامۆستایان، بازاڕیان و هەروەها پشتیوانی هەموو لایەنە لە خەبات و چالاکی و تێکۆشانیان و لێک گرێدانی داخوازە تایبەتیەکانی ئەوان لە گەڵ داخوازە گشتیەکانی میللەت، ئەرکی سەرەکی ئێمەیە لەو قۆناخەدا.
لەباری سیاسیەوە دەبێت تەشکیلاتی ئێمە بتوانێ پشتیوانی کۆڕوکۆمەڵە نێو نەتەوەییەکان بۆ لای خەباتی چین و توێژەکانی خەڵکی کوردستان ڕاکێشێ.زوو خەبەر و هەواڵی حەرەکەتە ئیعترازیەکانی خەڵک بە دەرەوە بگەیەنێ و هەڵوێستەکانی ڕێکخراوە نێو نەتەوەییەکان بۆ پشتیوانی لە خەباتی کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان زوو بە گوێی بیرووڕای گشتی بگەیەنێ.دەبێت تێکۆشین گرتن و زیندانی و شکەنجەی چالاکانی سیاسی و مەدەنی لە لایەن هێزەکانی حکوومەتەوە لە قاودەین و بیرووڕای گشتی نێوخۆ و دەرەوە بۆ دیفاع لە گیانی ئەوان مۆبیلیزەبکەین.نابێ ئەوان و بنەماڵەکانیان لە بەرامبەر ماشێنی سەرکوتی ڕێژیمدا هەست بە تەنیای و بێ پشتیوانی بکەن.تەشکیلاتی ئێمە دەبێ قەڵایەکی گەورەیی مەعنەوی و ئەخلاقی و مادی بەدەوریی ئەو تێکۆشەرانە و بنەماڵەکانیاندا دروستکا تا خۆڕاگر و قارەمانانە وەک سەمبوولی بەربەرەکانی وەمێنن.
مێدیای کوردی لەکوردستانی ئێران پێویستە پەیامی خەباتی خەڵک و حەرەکەتە ئیعترازیەکانی خەڵک بە گوێی بیرورای گشتی ئێران و دنیا بگەیەنێ و سەرکووت و زەبروزەنگ و سیاسەتی دژی گەلیانەی کۆماری ئیسلامی لە قاوبدا.مێدیای ئێمە دەبێ ڕۆمانتیزمی نەتەوەیی و پێداگۆگی خەباتگێڕانە لە کوردستاندا بڵاو کاتەوە و تەبلیغات وپڕۆپاگەندەی کۆماری ئیسلامی لە هەموو بوارەکاندا پووچەڵکاتەوە.ئەوە یەکێک لە ئەرکە گەورەکانی حیزبی ئێمەیە لەو قۆناخەدا.مێدیای ئێمە دەبێت ببێتە دەنگ و ڕەنگی کۆمەڵانی خەڵک و خەبات و ژیانی ڕۆژانەیان.دەبێ لە خزمەت گۆڕانی ڕێژیمدابێ و ڕاستیەکان بۆ خەڵک ڕوونکاتەوە.ئاسۆی ڕوونی سەرکەوتن بکێشێتەوەو و هیواو ئومێد وەبەر خەڵک بنێ.
تەشکیلاتی ئێمە لە ڕێگای پێوەندیە تەشکیلاتیەکانی خۆی لە نێو خەڵکدا، لە ڕێگای پێوەندیە نیشتمانی و کوردستانیەکانی لە گەڵ حیزب و ڕێکخراوە سیاسیە کوردستانیەکان و کەسایەتیە سیاسی و فەرهەنگی و ئەدەبی و هوونەریەکان و لە ڕێگای مێدیای کوردیەوە، بۆ درووستکردنی بیرووڕای گشتیی کوردی تێدەکۆشێ.کارکردن بۆ نەخشاندنی ستراتیژیەکی میللی وەک ئامانجی هاوبەش و کۆکردنەوەی هەموو هێز و توانای کورد لەدەوری پلاتفۆڕمێکی کوردی ئەرکێکی دیکەی حیزبەکەمانە لەو قۆناخەدا کە دەتوانێ یارمەتی ڕاستەوخۆ بە بەرین بوونەوەی پتری مەیدانی خەباتی جەماوەری بکات.
کارکردن بۆ گەیشتن بە تەفاهوومی میللی و موساڵەحەی نیشتیمانی یا ئەوە کاک بەڕێز کاک مستەفا هیجری وەک ئاشتبوونەوەی میللی ناوی دەبا و خۆ هەڵکێشان بۆ ئاستی زۆر بڵندی قبووڵکردنی مەسئوولیەتی میللی وەزیفەیەکی دیکەی تەشکیلاتی حیزبی ئێمەیە لەو قۆناخەدا.حیزبی ئێمە وەک هێزی ئەسڵی و هەرە لە مێژینەی نێو گۆرەپانی خەباتی کوردستان لە هەر هێز و لایەنیکی دیکە پتر لەو بارەوە مەسئولیەتی لە سەر شانە.هەنگاو هەڵگرتن لەو ڕێ یەدا، کۆمەڵانی خەڵک دلێرتر دەکاو ورەو و گوورو تینی زۆرتر وەبەر میللەت دەنێ و خەباتی جەماوەریی سیاسی لە کوردستاندا بە هێزتر و بەرەو پێشتر دەبا.
ئێمە حیزبی ملیۆنی کۆمەڵانی خەڵکی کوردستانین.نفووز و پرستیژی حیزبی ئێمە لە کوردستاندا واقعیەتێکی حاشاهەڵنەگرە.بەو حاڵەش وەک هێزێکی دێموکڕات و ڕەسەن وگەلی، ئێمە قەت پێمان خۆشنیە حیزبی تاقانەی میللەتی کوردبین لە کوردتسانی ئێران.بڕوامان بە پلۆڕالیزمی سیاسی هەیەو هە بوونی یەک یا چەند حیزبی سیاسی گەورەی دیکە بە بەرنامەی سیاسی جۆراوجۆرەوە بە قازانجی دێموکڕاسی و بزووتنەوە دەزانین.ئەوەش قەت ڕێگای ئەوەمان لێ ناگرێ کە بۆ بە هێزکردنی هەرچی زۆرتری خۆمان و ڕاکێشانی هەرچی زۆرتری پشیوانی خەڵک بۆ دیفاع لە بەرنامەی سیاسی خۆمان تێنەکۆشین.لە هەمان کاتدا ئەو مافە بە هێزە سیاسیە ڕەسەنەکانی دیکەی نێو بزووتنەوەش ڕەوادەبینین و بۆهاوکاری و پێکەوەژیانی بە ئاشتیانە لە گەڵیان ئامادەین.کارێکی لەو جۆرە بێ گوومان هێز و تواناکانی میللەت دەخاتە سەر یەک و متمانەو ئیعتمادی زۆرتر لە نێو خەڵکدا بۆ کاری سیاسی درووست دەکا و سیاسەتی کوردی لە ئاستی ئێران و ناوچەدا پتر دەکاتە پارامیتر.
حیزبی ئێمە لەو قۆناخەشدا وەک هەموو قۆناخەکانی دیکەی مێژووی خۆی، بە تێ گەیشتن لە ڕاستیەکانی وەزعی سیاسی ئێران و کورستان، هەموو هێز و توانای خۆی دەخاتە خزمەت بزووتنەوەی کوردستان و ئەرکی مێژووی و ڕیسالەتی نیشتیمانی خۆی بەجێ دێنێ.نە کۆماری ئیسلامی و نە هەوراز و نشێوەکانی ڕێی خەبات و نە دڕک و داڵی سەر ڕێگا ناتوانن حیزبەکەمان لەو ڕێبازە میللی و نیشتیمانیە لادەن کە هەمیشە ڕێبازی ئەسڵی خەباتی حیزبی ئێمە بووە.ڕێبازی خەبات بۆ ئامانجە بەرزەکانی میللەتی کورد لە کوردستانی ئێران .ڕێبازی ڕۆیشتن بە ڕێگای دابینکردنی خێری گشتی میللەتی کورد لە کوردستانی ئێران .
شانازی بۆ ئەوانەی لە گەڵ ئەو کاروانە دەڕۆنە پێش و بە ئەندازەی توانای خۆیان هێز و توانا و ئینێرژی دەخەنە خزمەت چوونە پێشی ئەو خەباتە.

ڕێکەوتی : ٧ی مارسی ٢٠١٢

## ئاوڕێک لە ڕاگەیاندن و ڕێتۆرێکی حیزبی دیموکڕات

حیزبی دێموکڕاتی کوردستانی ئێران لەنێو هێزە سیاسی یە ئێرانی و کوردستانی یەکاندا جێگایەکی تایبەتی و بەرچاوی هەیە.پێگەیەکی بەرینی کۆمەڵایەتی، پرستیژی بەرزی سیاسی، پتر لە نیو سەدە خەباتی بێ پسانەوە بۆ مافە نەتەوایەتیەکانی گەلی کورد، تێکۆشانی بێ وچان بۆ دێموکڕاسی و پلۆڕالیزم و بۆ لە نێو بردنی بێ عەداڵەتی کۆمەڵایەتی، تەنیا بەشێک لە ناسنامەی ئەو حیزبەن.

حیزبێکە کە ڕێکخراوەکانی ڕۆژانە لە سەرتاسەری کوردستان و بەشێک لە شارەکانی دیکەی وڵات و تەنانەت لەوڵاتە جۆراوجۆرەکانیشدا، کارو چالاکی و تێکۆشانی سیاسی و فەرهەنگی وکۆمەڵایەتی...بە ڕێوەدەبەن.کەچی سەرەڕای هەموو ئەوانە حیزبی ئێمە لە هەڵس وکەوتی ڕۆژانەی دا زۆر کەم ئیدیعایە.ڕاستیەکەی ئەوەیە کە بە شێکی بەرچاوی ئەو کارو چالاکی یە کە ڕێکخراوەکانی حیزب لە نێوخۆ و دەرەوە بە ڕێوەی دەبەن، بڵاو ناکرێتەوە و بە گوێی بیروڕای گشتی ناگا..

ئەوتایبەتمەندی یە لە کولتورێکی وەک کولتوری ئێمەدا کە کاری بێ هات و هاوار و بێ دەنگ نابینێ، بەجێ یە ڕێزی لێ بنرێت.بەڵام دەبێ ئەو راستی یەش ببینین کە سنگ فرەوانیی لە ڕادەبەدەر و خۆبەکەمگرتنی نابەجێش، زیانی زۆر و قەرەبوونەکراوەی بەدواوەیە.هەربۆیە دەبێ لە بایەخ نە دان بە ڕاگەیاندنی حیزبی خۆببوێرین.ئاخر کاری باش و پۆزەتیڤ بایەخی خۆی هەیە وهەر بەو هۆیەشەوە دەبێ بە هێند بگیرێ.لە دونیایەک دا کە جارێ هێشتاش بە داخەوە پارسەنگی تەرازوو بە لای ستەم وبێ عەداڵەتی و کاری نا ئەرێنی دایە، زۆر ڕەوایە کە کارە با ش و بەکەڵکەکان و بایەخە بەرزەئینسانی یە کان پەرەیان پێ بدرێت.کار وخەباتێک کە کەس لێی ئاگادار نەبێت، دیارە شوێنەواری کەمیشی لەسەر کۆمەڵگای کورستان دەبێ. حیزبی ئێمە کە بۆ گۆڕینی کۆمەڵگای کوردستان و تەنانەت پێکهینانی ئاڵوگۆڕی قووڵ لە ئێرانیشدا تێدەکۆشێ، دەبێ بە باشترین شێوە پەیام وسیاسەت ودروشمەکانی خۆی بەمیللەتی کورد و میللەتانی دیکەی ئێران بگەیەنێ.تە شکیلاتی ئێمە کە لە نێو خۆ و دەرەوە بزووتنەوەی خەڵکی کوردستان ڕێبەری دەکا، دەبێ ئەو خەباتەش بناسێنێ، ئیلهامی بداتێ و ئیلهامیشی لێوەرگرێ.

ڕاستە ڕۆژنامە و ڕادیۆ، ماڵپەری ئینترنێتی وتەنانەت بەخۆشیەوە ئەمڕۆ دەزگای مۆدێرنی وەک تەلەوزیۆنیشمان هەیە.بەڵام بەوحاڵەش هەموو کار و چالاکیی ڕێکخراوەکانی حیزب بەووەخت و بە شێوەی پێویست بڵاو ناکرێتەوە.هەر ئەوئیمکاناتەی کەئێستا لە بەردەستی حیزبدایە، ئەگەر کەڵکی تەواوی لێوەرگیرێ دەتوانێ ئاکامی زۆر باش بەدەستەوە بدا.

لێرەدا ڕۆڵی ڕێکخراوەکانی حیزبی وەک هەموو زەمینەکانی دیکەی کاری حیزبی، بە جۆرێکی زەق و بەرچاو خۆی دەنوێنێ.کۆمیتە حیزبی یەکان و باقی ڕێکخراوەکانی دیکەی حیزب، ئەو جێگایانەن کە کار وبار وچالاکی وتێکۆشانی ڕۆژانەی حیزبیان تێداڕوودەدا.کۆمیتەکان و ئەندامان ولایەنگرانی حیزب ڕەنگە بایەخ بە هەڵسووڕانی ڕۆژانەی خۆیان نەدەن وبەکەمی بگرن.بەڵام ڕاستیەکەی ئەوەیە کە چ لە نێوخۆی وڵات و چ لەوڵاتانی دەرەوە، ئەوەکاری ڕێکخراوەکانی حیزبە کە تێکڕاو سەرجەمی تێکۆشانی حیزب پێک دێنێ.

کاری حیزبی و ڕێکخراوەیی کارێکی بە کۆمەڵ و دەستەجەمعی یە.کاری دەستەجەمعیش لە فەرهەنگی ئێمەدا زەحمەت و دژوارە.بۆیە هەر ئەوە کە لەو هەل و مەرجە سەختەدا، کۆمەڵە کەسێک بە یە کەوە کاری سیاسی و خەبات گێڕانە دەکەن، بۆخۆی فەرهەنگی میللی ئێمە و ڕووحیەی خەباتگێڕانەمان دەباتە سەرێ و بڵاو کرانەوەی ئەو خەبەرانە کە پێوەندی یان بە کارو چالاکی کۆمیتەکانەوە هەیە، ڕاستەوخۆ یارمەتی بەو ڕەوتە دەکا.

لەوەش زیاتر حیزب بەو جۆرە کارو چالاکی یانەوە دەچێتە پێش و تاپتر بتوانێت پەرەیان پێ بدا، خۆی زیاتر دەباتەپێش و هێزو توانای بۆ کارو خەبات زۆرتردەبێت.

لە لایەکی دیکەوە ئێمە دەبێ ڕێی خەبات و تێکۆشان نیشانی خەڵک و لایەنگرانی حیزب بدەین.زۆرن ئەوانەی دەپرسن کە چۆن بتوانن خزمەت بکەن.ڕاگەیاندنی حیزبی لەو بارەوە دەتوانێ نەخشی کارساز و ببینێ و ببێتە ڕێنوێن و هاندەر بۆ گەشە پێدانی خەبات.بڵاو کردنەوەی هەواڵی کار وچالاکیەکانی حیزب، دەبێتە سەرچاوەی بزووتن و جووڵانی زیاتری خەڵکانی زۆرتر.بڵاو کردنەوەی هەواڵی کۆمیتە چالاکەکان، شوێنەوار لەسە کۆمیتە کەمتر چالاکەکان دادەنێ و وزەی کارو خەبات وەبەر ئەژنۆیان دەنێت.بەو جۆرە کۆمیتەو ڕێکخراوەکانی حیزب لێکتر فێردەبن ولەئاکامدا کارایی یان دەچێتە سەرتر.

هەربۆیە یەکێک لە ئەرکە بەرچاوەکانی کۆنگرەی ١٥حیزب ئەوەیە کە گیروگرفت و کۆسپەکانی سەر ڕێگای گەشەکردنی ڕاگەیاندنی حیزبی لە بارەی فۆرم ونێوەرۆکەوە بخاتە بەرباس و بڕیاری پێویستی لەسەربدا.وەختی ئەوە هاتوە کە تکنۆلۆژی هاوچەرخ لە گەڵ سەرچاوە ئینسانیەکانی نێو ریزەکانی تەشکیلات و بزووتنەوە تێکەڵ بکرێن و ڕێتۆریک و کاڵای سیاسی و فکری حیزب زوو بگەیەننە بازاڕی کوردستان و ئێران و تەنانەت ناوچەش.ئەوە کە چ کاڵایەک بەرهەم دێنین و چۆنی بەستەبەندی دەکەین و چۆن دەیگەیەنینە بازار بایەخێکی زۆر گرینگی لەسەر چوونە پێش و مانەوە و سەرکەوتنی ئێمە هەیە .لەوبارەو مەسەلەیەکی دیکەش دەبێ بە هێند بگرین.ئەو کەسانەی کاڵاکانی بەرهەمهێنراوی ئێمە مەسرەف دەکەن و لێمان دەکڕن، حەقی ئەوەشیان هەیە کە نەزەر و بۆچوون و خواست و سەلیقەکانیان لەبەر چاوبگیردرێن و لە پرۆسەی بەرهەمهێنان و سازکردنی کاڵاکاندا دەخالەت بکەن.بەوە دەڵێن دێموکراسی مەسرەفکەران.حیزبی ئێمە حیزبی میللەتی کوردە لە کوردستانی ئێران و کاڵای سیاسی خۆی بۆ ئەو بازارە بەرهەم دێنێ، هەر بۆیە زۆریش بە جێی یە خواست و ویست و ئومێد و ئارەزووەکانی میللەت لەبەرچاوبگرین.لە ڕاستی دا نێوەرۆکی سیاسەتەکانی ئێمە دەبێت ئەوەبێت.لێرەدایە کە ڕاگەیاندنی حیزبی لە شکڵی ڕاگەیاندنی یەکلایەنە دێتەدەر و دەبێتە کۆمیونیکاسیۆن و توانای پێوەندی گرتن لە گەڵ ژینگەی دەوروبەر.ئەوەش بەنۆرەی خۆی داهاتوی حیزب و مەقبوولیەتی حیزب و توانای حیزب بۆ ژیان و تەنانەت کێبەرکێش، کە شتێکی ئاساییە لە بازاردا دەستەبەردەکا..تا زۆرتر وشە و وێنەو وتە بەسەر میللەتدا ببارێنین، شوێنەواری زۆرتر دادەنێین و کاڵا سیاسیە کانمان لە بازاڕدا ڕەونەقی زۆرتریان دەبێت.واتە دەبێ ڕێتۆرێکی حیزبی ئێمە هەم کاریگەربێ و هەم بەووەخت و هەم لە بەستەبەندی موناسب و جەزابیش دا بگاتە دەست خەڵک و نێو بازاڕ.

چالاکبوونی زیاتری ڕاگایاندنی حیزبی، ئیدی ئێستا یەکێ لە ئامانجە بنەرەتیەکانی کارو هەڵسووڕانی سیاسی و ڕێکخراوەیی ئێمەیە.وەڵامدانەوە بە داواکانی بەشی راگایاندنی حیزب کارێکی زۆر سە خت ودژوارنیە و پێویستیشی بە میکانیزمێکی ئاڵۆز نیە.تەنیا ئەوەی دەوێ کە کۆمیتە وڕێکخراوەکان کەسانی لێوەشاوە وشارەزا بۆ ڕاپەڕاندنی ئەرکی ڕاگەیاندنی خۆیان دیاری کەن و ئیمکاناتی پێویستیشیان بۆ تەرخان کەن.گرینگ ئەوەیە کە بەووەخت و لە فۆرم وناوەرۆکیکی دروستدا، هەواڵی کار وچالاکی یەکان بگەنە شوێنی خۆیان و بایەخی خەبەریی خۆیان لە دەست نەدەن.شاراوە نیە کە ئەمڕۆ ئیمکانی ڕاگەیاندنی هەواڵ و باراندنی وێنە و وشە ودەنگ و تێکستە ئاوێتەکان بە چەشنێکی بێ وێنە لە گۆڕێ دایەو تەنیا کار وحەوسەلەو زەوق وهیممەتی دەوێ.

لە هەل ومەرجی ئێستادا کە بزووتنەوە ئیعترازیەکانی خەڵک بە چەشنێکی بێ وێنە پەرەیان گرتووەو و چاوەڕوان دەکرێ کە لە مانگ و وەرزەکانی داهاتوودا، خەڵک پتر تەنگ بە ڕێژیم هەڵچنن، بڵاوکردنەوەو ناساندنی خەبات و بەربەرەکانیی میللەت و ڕێکخراوە مەدەنی یەکان و چالاکانی مەدەنی و سیاسی، ڕاست بە ئەندازەی خەباتەکە بایەخی هەیە.

حیزبی ئێمە لە خەبات وبەربەرەکانیی کۆمەڵانی خەڵکدا ڕۆڵی کارساز و بنیات نەری هەیە.بێ گوومان لە ڕەوتی ئاڵوگۆڕەسیاسی یەکانی داهاتوودا، بە سەدان هەزار و بگرە بە ملیۆن کەس، لە سیاسەت و ڕوانگەو دروشمەکانی ئێمە تەئسیر وەردەگرن.سیاسەتەکانی ئێمە، دروشمەکانی ئێمە، بیرو هزری سیاسی و بەرنامەی حیزبی ئێمە، ئازادیخوازانە

و پێشکەوتنخوازانەن و ڕێگا چارەی گیرو گرفتە کانی ئێران و میللەتی کوردستانیان تێدا دەست نیشان کراوە.هەر بۆیە ئەگەر پەیامی ئێمە بە چاکی و بە وەخت بگاتە کۆمەڵانی خەڵک، بێ گوومان وەردەگیرێ و دەبێتە سەر چاوەی خەبات وبەربەرەکانی زۆرتر.لێرەدایە کە بایە خی ڕاگایاندنی حیزبی چ لەئاستی کۆمیتەو ڕێکخراوەکانی حیزب دا وچ لە ئاستی ئۆرگانەکانی سەرەوەی ڕێبەرایەتی حیزبدا زۆرتر دەردەکەوێت.

بەو هیوایەی کۆنگرە ۱۵ ی حیزب ڕاگەیاندنی حیزبی و کەموکوڕی و کۆسپەکانی سەرێگای گەشەکردنی بخاتە بەرباس و ڕێنوێنی و ڕاسپاردەی پێویست بۆ دەوڵەمەندکردن و بەهێزکردنی بە ئۆرگانە بەرپرس و پێوەندی دارەکان بدا.

ڕێکەوتی : ۳ی مارسی ۲۰۱۲

## خەبات بۆ ئازادی کارێکی هێندە ئاسان نیە.

بە نزیک بوونەوەی شانۆسازیی  بە ناو هەڵبژاردنی دەورەی نۆهەمی مەجلیسی شووڕای ئیسلامی ،

جارێکی دیکە ئەو هەلە بۆ میللەتی کورد لە کوردستانی ئێران و هەموو میللەتانی دیکەی ئێران پێک دێ کە نا بە ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی لە تەواویەتی خۆیدا بڵێن. ئیدی هیچ کەس و دەستەو تاقمێک  ناتوانێ میللەتانی ئێران  بە  پێکهاتنی ئاڵوگۆڕ لە حکوومەتی  کۆماری ئیسلامیدا ئومێدەواربکا.

بەو حاڵەش بەشێک لە دەستەو تاقمە بە ناو ئیسلاح خوازەکانی نزیک لە دەسەڵات و دەوروبەری دەسەڵاتی فەرمان ڕەوا، کەوتوونەتەوە خۆ تا خەلک بۆ بەشداری لە و چاوبەستەکی یە دەوڵەتی یە دا هان بدەن. ئەوان  کە لەدەورەکانی ڕابردوودا  پشتیان لە دەنگ و متمانەی خەڵک کرد، بە وپەڕی ڕووهەڵماڵاویی وە داوا لە کۆمەڵانی خەڵک دەکەن ئەوجارەش دەرفەت و دەنگیان بدەنێ بۆ ئەوەی لە ئیمتیازات و مەزاياکانی بە ناونوێنەرایەتی مەجلیس  کەڵک وەگرن.  بەڵام میللەتانی ئێران بەگشتی و میللەتی کورد بەتایبەتی لێبڕاون بە هەرجۆرێک کە بۆیان بلوێ لەو هەلە بۆ نیشاندانی نارەزایەتی و بێزاریی خۆیان لە ڕێژیم  کەڵک وەرگرن.

بەشێک لە دەستەو تاقمە بە ناو ئیسلاح خوازەکانی نزیک لە دەسەڵات و دەوروبەری دەسەڵاتی فەرمان ڕەوا، کەوتوونەتەوە خۆ تا خەلک بۆ بەشداری لە و چاوبەستەکی یە دەوڵەتی یە دا هان بدەن.

بایکۆتی  شانۆسازیی هەڵبژاردنی مەجلیسی شووڕای ئیسلامی لە لایەن خەڵکی کوردستان و میللەتانی دیکەی ئێرانێ وە، دەتوانێ باشتر سرنجی کۆمەڵگای نێونەتەوەیی بۆ لای واقعیەتەکانی ئێران ڕاکێشێ. بەشێک لە دەوڵەتەکان، بە بەهانەی ئەوە کە دەبێ مەیدان بۆ ئیسڵاح خوازەکانی نێو ڕێژیم دروستبکرێ، ڕێگانادەن ڕێژیمی جنایەتکاری کۆماری ئیسلامی لە گەڵ ئاکامی سیاسەتە دژی میللی یەکانی خۆی بەرەو ڕووبێ.

لە نێوخۆیی ئێرانیش دا ، بایکۆتی  ئەو بە ناو هەڵبژاردنەو ولابردنی دەمامکی ئیسڵاح هەڵگری لە سیمای ئەو حکوومەتە سەرەڕۆیە، وەزعێکی باشتر بۆ خەبات وبەربەرەکانی میللەتانی ئێران بە دژی کۆماری ئیسلامی دەخوڵقێنێ.  گیرووگرفتی ئەمڕۆی وڵاتەکەمان ئەوەنیە کە کێ  و کام دارودەستەی نێو دەستەڵات لە مەجلیس دایە. هەربۆیە چۆنیەتی پێکهاتەی مەجلیسی نۆهەمیش بۆ میللەتانی ئێرانێ هیچ بایەخێکی نیە. حکومەت و دەستەڵات  لە ڕێژیمی ئاخوندی دا بەدەست کەسان ودەستەو تاقمێکەوەیە کە نە  پێویستیان بەسە ڕکەوتن لە هەڵبژاردندا هەیەو  نە لە هەڵنەبژێرانی خۆشیان نیگەرانن یا ترسێکیان هەیە.

لە باشترین لێکدانەوەد ا بناخەی فەلسەفی هەڵوێستی ئەو کەسانەی لایەنگری بەشداریی لەو چاوبەستەکێ یەدان ، ئەوەیە کە دەکرێ کەمێک ئاڵوگۆڕ لەو سیستەمەدا  پێک بێت. بەڵام ئەو دۆستانە نازانن کە ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی وەک هیچ ڕێژیمێکی دیکەی دنیا نیە و سیستەمێکی مەزهەبی و سەرەڕۆیە و تواناى ئاڵوگۆڕی تێ دا نیە. کەواتە ئەوان  بە بانگەوازکردن بۆ بەشداری خەڵک لەو بە ناو هەلبژاردنانەدا، داوای مانەوەی وەزعی مەوجود دەکەن. بەڵام فاکتەکان ئەوە دەڵێن کە ئەم ڕێژیمە نەتوانای چارەسەری گیروگرفتەکانی ئێرانی هەیەو نە دەشتوانی لە ژێر ئەو هەموو پاڵە پەستۆ یەدا خۆڕاگرێ کە لەنێوخۆو دەرەوەدا خراوەتەسەری و هەروا دێ و زۆرتریش دەبێت. واتە وەزعی مەجوود ناتوانێ زۆر درێژەی هەبێت. ئیدی نە خەڵک  توا نای تەحەمولی ئەو باروودۆخەیان ماوە و نە ڕێژیمش تازە دەتوانێ بەسەرکوت و زەبروزەنگ درێژە بەدەستەڵاتی خۆی بدات.  کەواتە بایکۆتی شانۆسازی بە ناو هەڵبژاردنی مەجلیسی نۆهەم کە حیزب وڕێکخراوە کوردوستانی یەکان و یەک لەوان  حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بانگەوازی بۆ دەکەن، لە باری سیاسیەوە هەڵوێستێکی دروستە. ( politically correct)

ڕێگا چارەی گیروگرفتەکانی ئەمڕۆی ئێران بریتیە لە  دامەزراندنی سیستەمێکی دێموکراتیک و فیدراڵ. کۆماری ئیسلامی کۆسپی سەر ڕێگای جێ بە جێ بوونی ئەو ئامانجەیە. کەواتە با هەموو پێکەوە خەبات بکەین بۆ ڕووخاندنی کۆماری ئسلامی و  ئامادەکردنی زەمینەی پیادەکردنی دێموکڕاسی و فیدراڵیزم.

لە هیچ جێگایەکی ئەم دونیایەدا  خەبات کارێکی سووک و ئاسان نیە. ئەویش خەبات بە دژی دەوڵەتێکی سەرەڕۆی مەزهەبی کە  دین و مەزهەب و نەوت  پێکەوە بۆ مانەوەی خۆی بەکاردێنێ. دەبێ خەبات بەرینە  پێش . گەلان و میللەتانی وڵاتانی ئورووپای ڕۆژهەڵاتی دوو نەسل لە خابات دابوون تا سەرەنجام  بە ئازادی گەیشتن.

ڕێکەوتی : ۲۵ی فیورییەی ۲۰۱۲

## سەبارەت بە هەڵسوڕان و شوێنی ژنان لە حیزبی دێموکڕاتی کوردستانی ئێران

بە  پێی پەیرەوی نێوخۆی حیزب، حیزبی دێموکڕاتی ستانی ئێران یەک تەشکیلاتی هەیە.هەربەپێی پەیرەوی نێوخۆی حیزبیش، بۆ هەموو ئەندامانی حیزب، بێ جیاوازی، یەک دیسپلین بە

ڕێوەدەچێ و ئەندامانی حیزب ئەرک و مافی وەک یەکیان هەیە.

بەو پێ یە کاری ڕێکخراوەکانی حیزب دەبێ بریتی بێ لە هەوڵدان بۆ ڕێکخستن و سازماندانی ژنان و پیاوان، بە بێ هەڵاواردن لە ڕیزەکانی تەشکیلات دا.بەڵام لەڕاستی دا تا ئەو جێ یە کەمن لێی ئاگادارم، لەکردەوەدا کادرە تەشکیلاتی یەکانی ئێمە، بۆسازماندانی ژنان لە تەشکیلات دا، زۆر جیدی نین.ڕەنگە جار جار لێرەو لەوێ، لە جێگا یەک ژنێکیش لە ڕێکخراوێکی حیزبی دا سازمان بدرێت، بەڵام ئەوە هیچ لەو ڕاستی یە کەمناکاتە وە کە بە داخەوە ڕێژەی ژنان لە چاو پیاوان لە تەشکیلاتی حیزب دا زۆر کەمەو زۆرجار وا دێتەبەرچاو کە حیزبی ئێمە تەنیا حیزبی پیاوانەو بەس.

هەندێک هاوڕێ دەڵێن کە ژنان لە تەشکیلاتی حیزب دا ئەقەلیەتن و لە حیزب دا تەبعیزیان پێ ڕەوا دەبینرێت و داوای ئەوەدەکەن کە سەهمیەیان بۆ دیاری بکرێ.

لەوبارەوە دەبێ بڵێین کە  لە حیزبی ئێمەدا، جگە لە ئەقەلیەتی عەدەدی، ئەویش تەنیا لە کاتی هەڵبژارنەکاندا، ئەقەلیەتی حقووقی نیە.ئەکسەریەت نەک هەر ناتوانێ مافەکانی کەمایەتیی وەبەرچاو نەگرێ، بەڵکو ئیجازەی نیە کە مافەکانی یەک ئەندامی حیزبیش نادیدەبگرێ.کەواتە بەهیچ جۆر نابێت لە تەشکیلاتی حیزب دا تەبعیز بە ژنان ڕەوابببینرێت و نابێت دیاردەیەکی ئەوتۆ بەڕەسمی بناسرێت.

با ئەوەش بڵێین کە لە مێژە لە نێو حیزب دا ئەومەسەلەیە وەک کەموکوڕی دەبینرێ .لەوبارەوە زۆر دەلیل و هۆکاری جۆراو جۆر بۆ پاساودانی ئەووەزعە ریزدەکرێن، کە منیش تا ڕادەیەک بەشێکیانم قبووڵە.بەڵام من پێموایە گرفتەکە لەوەدایە کە شێوە و مێتۆدی کارمان لەوبارەو درووست نیە.

هەموو هەوڵ و کۆششی ئێمە بۆ ئاکتیوکردنی ژنان لە حیزبدا، ئەوەبووە یەکیەتی ژنانی دێموکڕاتی ستانی ئێران سازماندەین و تەواوی ئینێرژی و توانا کانمان بۆ ڕاکێشانی ژنان بۆ نێو حیزب، لەو بوارەدا کەناڵیزەکراون.من پێم وایە کە ئەوشێوەکارە بۆخۆی ڕاست هۆکارێکی بنەڕەتی یە بۆ ئەو گیروگرفتە کە لە پێوەندی لەگەڵ مەسەلەی چۆنیەتی کارو تێکۆشانی ژنان لە حیزب دا هەمانە.لەوبارەوە ئێمە قەتارەکەمان لێ بۆتەمەنزڵ.ڕێبوار بۆیە بلیت دەکڕێ و وەخت و پووڵ خەرج دەکا تا بگاتە مەنزڵ، نەک بۆ ئەوەی کە سواری قەتاربێت و بسوڕێتەوە.ئێمە واما ن لێ هاتووە.هەموو تواناو ئینێرژی خۆمان بۆ ڕاکێشانی ژنان بۆ نێو حیزب و تەشکیلات، سەرفی یەکیەتی ژنان دەکەین کە لەڕاستی دا کۆمەگ بە وەناکا کە ژنان بێنە نێو تەشکیلات و لە حیزبدا ئاکتیوبن.چوونکە لەباری ئەساسنامەیی شەوە بەڕوونی دیارنیە کە داخوا یەکیەتی ژنانی دێموکڕاتی ستانی ئێران بەشێکە لە تەشکیلاتی حیزب یان نا.

من بۆخۆم پێموایە کە یەکیەتی ژنانی دێموکڕاتی ستانی ئێران، ڕێکخراوێکی تایبەت بە ژنانی کوردستانی ئێرانەو بۆ دیفاع لە ماف و ئازادیەکانی ژنانی کوردستانی ئێران خەبات دەکات.کارێک کە زۆر پێویستەو بە حەق و ڕەوا یەو حیزبی ئێمەش دەبێت پشتیوانی لێ بکا.بەڵام ئەوە نابێت بەری چاومان بگرێت و دڵمان بەوە خۆشکا کە بەڵێ بۆ سازماندانی ژنان و ئاکتیو کردنیان لە حیزب دا کارمان کردوە.ئەوجۆرە قەناعەت هێنانە تاڕادەیەک وەک خۆفریودان دەچێ.

هەندێک هاوڕێمان هەن کەدەڵێن یەکیەتی ژنان بەشێک لە تەشکیلاتی حیزبە.بەڵام نە لە پەیڕەوی نێوخۆی حیزب داو نە لەپەیڕەوی نێوخۆی یەکیەتی ژنان دا بەڕوونی باسێک لەو مەسەلەیە نەکراوە.تازە ئەگەر قسەی ئەوهاوڕێ یانە قبووڵ بکەین، ئەودەم بە بڕوای من گرفتەکە دەست پێدەکات.

لەڕاستی دا حیزبێکی سیاسی مۆدێرن و پێشکەوتووی وەک حیزبی دێموکڕاتی ستانی ئێران، نابێت لێک هەڵاواردن وتەبعیزی جینسی لە نێو ئەندامانی خۆیدا و لە تەشکیلاتی خۆی دا بەڕەسمی بناسێ و قبووڵی بکات.ئەوسوننەتە لەحیزبی تووده داکەو ت و بەداخەوە ئێیمە ش خەریکە دەگرێتەوە .واتە سوونەتی دابەشکردنی ئەندامانی حیزب بەسەر دەستەو تاقمی کۆمەڵایەتی و پیشەیی جۆرواجۆر وسازماندانیان لەسەر ئەو ئەساسە.وەک سازمانی ئەفسەران، جەوانان، کرێکاران وهتد...

وەک وتمان حدکا، یەک تەشکیلاتی هەیە.بەتایبەتی ئێمە بڕوامان بە هەڵاواردنی جنسی لە نێوان ئینسانەکاندا نیە.ئێمە بەپەیڕەوی لە ڕوانگەو بۆچوونە کانی حیزب، کاتێک باس لە ئەندام دەکەین، مەبەستمان ئەوکەسەیە کە ئەندامی حیزبە، جا ژن بێ یا پیاو.کاتێکیش کە باس لە ئینسان دەکەین، بیر لەوەناکەینەوە کە ئەو ئینسانە یا ئەو کەسەی باسی دەکەین، ژنە یان پیاو.

زۆر وەدواکەوتووم تا بزانم وەزعەکە لە وڵاتەجۆراوجۆرەکانی ڕۆژئاوادا لەوبارەوە چۆنە.تا ئەوجێ یەی من ئاگادارېم، حیزبە سیاسی یە مۆدێرنەکان یەک تەشکیلاتیان هەیە و لە هەندێکیان دا لە نێو تەشکیلات دا رایەڵکە واتە نێت وێرکێکی ژنانیان هەیە، بەڵام لە تەشکیلات داو لەژێر هەمان دیسپلینی تەشکیلاتی و حزبی دا.

+++

لەبیرمان نەچێ کە فەرهەنگی تەبعیز و هەڵاوارد ن بەتەنیا هەرپێوەندیی بە پیاوانەوە نیە.بە داخەوە زۆرن ئەو ژنانەی کە لە کوردستان دا ژنانە پیاوانە بیردەکەنەوەو بە چاویلکەی ژنانە پیاوانە دەڕواننە دەوروبەری خۆیان ودیاردە جۆراوجۆرەکان.

لەنێوخودی ژنان‌دا، بە هۆی زاڵ بوونی داب ونەریتە مەزهەبی یەکا ن و هۆکاری دیکەوە، زۆرن ئەوانەی پیاوان بە مەوجودێکی جیاواز دە ناسن و هەرلەسەر ئەو ئەساسەش ژنانە پیاوانە بیردەکەنەوە.لەڕاستیدا یەکێک لە هۆیەکانی وەزعی دژوار و نالەباری ژنان لە کۆمەڵگای ستاندا ئەوژنانەن.

لە کوردستاندا ژنان بە شێوەیەکی بەرین ستەم وتەبعیزیان پێ ڕەوادەبینرێ و دەچەوسێنەوە.ئەوەش ئەوە دەخوازێ کە حیزبەکەمان وەک حیزبی پێشڕەوی خەباتی میللی ودێموکڕاتی خەڵکی کوردستان، چ لەبەرنامە و چ لە ئەدەبیاتی ڕۆژانەو چ لە ڕەفتارو سیاسەتەکانی دا سرنجێکی تایبەتی بداتە هەلومەرجی ژیان وخەباتی ژنان.هەربۆیە حیزبیش ئەو پێویستی یەی هەست پێکردوە وله بەرنامەی خۆی دا لەسەر بەرانبەریی ژن وپیاو لە نێو بنەماڵەو لە کۆمەڵدا پێ دادەگرێ.لەوەش زیاتر حیزب لە بەرنامەی خۆیدا ڕای گەیاندوە کە ئەگەر دەستەڵاتی سیاسی بەدەستەوە بگرێ، تێ دەکۆشێ هەموو ئەو کۆنڤانسیۆن و پەیماننامە نێونەتەوەیی یانە کە بۆ لەنێوبردنی ستەم وتەبعیز لەسەرژنان لە لایەن ڕێکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکانەوە پەسندکراون پیادەبکا.

بەڵام حیزب هەر بەوە نەوەستاوە.ئێمە لە خەباتی ڕۆژانەی خۆماندا، لە کاری سیاسی، فەرهەنگی، کۆمەڵایەتی و ڕێکخراوەیی ماندا و لە ڕاگەیەنە گشتی یەکانماندا، بایەخی زۆرمان بە ماف وئازادیەکانی ژنان داوە.تێکۆشاوین لەگەڵ تەبعیز ولێک هەڵاواردنی جنسی و ئەوفەرهەنگە کە تەبعیز بە ژنان ڕەوادەبینێ، بەربەرەکانی بکەین.هەمیشە گوتوومانە کە ژن و پیاو بەرامبەرن و لە بەرامبەر قانوون دا وەک یەکن .هەم پیاوان و هەم کۆمەڵ مافی ئەوەیان نیە کە بەتەنیا بڕیار بۆ ژنان بدەن.

ئێمە لە هەندێک شوێن بۆ خێراترکردنی لە نێوبردنی تەبعیز، بەوە ڕازین کە ژنان تاڕادەیەکی دیاری کراو ئیمتیازیان بدرێتێ.ئەوەش تەنیا لەبەرئەوەیە کە دەمانەوێ، دواکەوتوویی نسبیی ژنان زووتر کۆتایی پێ بێت.بەڵام حیزبی ئێمە بڕوای بە دروست کردنی دیواری بێرلین لە نێوان ژنان وپیاواندا نیە و نایەوێ، ژن وپیاو لە گەڵ یەک بکەونە شەڕی جنسیی و رقەبەرایەتی.ئێمە هەموو چەشنە توند ڕەویەک، بۆنموونە فیمینیزمی توندڕەویش، کە ئیدە ئۆلۆژی یەکی دژەپیاوە، بە کۆسپی سەرڕێگای بنیات نانی کۆمەڵگایەکی دێموکراتیک دەبینین.

+++

بۆ باشترکردنی هەلومەرجی کارو تێکۆشانی ژنان لە حیزبدا، لە بری ئەوە کە حیزب هەموو تواناو ئینێرژی یەکانی خۆی لە کاناڵی یەکیەتی ژنانەوە بەکاربێنێ، واباشترەکە تێکۆشین کار زۆرتر لەسەر ئەوەبکەین کە ژنان لە حیزب و تەشکیلاتی حیزب دا چالاک وهەڵسووڕێن.لەو بارەوە ئێستا کە بەرەو کۆنگرەی پازدەهەمی حیزب دەچین، وەختی ئەوە هاتوە کە لە ئاستی حیزبدا بۆ باشترکردنی هەلومەرجی کار وتێکۆشان و هەڵسووڕانی ژنان لە تەشکیلاتی حیزبدا باسێکی جدی بێتە ئاراوە..

ئەو باسانە دەتوانن ببنە ئەهرومی فشار لە تەشکیلاتی حیزب داو بۆ برنە پێشی ئەو پێرسپێکتیڤ وڕوانگانە کاربکەن کە حیزب لەو بارەوە دەیەوێت لەنێو خۆی ولە نێو میللەتەکەماندا بیانباتە پێش.

لەبیرمان نەچێ کە لە هەموو جێ یەک، مەبەست لە هێنانە بەرباسی ئیدەیەک ئەوەیە کە بەرنامەو دیدگایەکی تایبەتی بەرێتە پێش.

ئەو قسانەی من نابێ وەک بانگەشە بۆ هەڵوەشانی یەکیەتی ژنانی دێموکراتی ستانی ئێران لە قەڵەم بدرێت.بەپێچەوانەوە من لەسەرئەو بڕوایەم کە دەبێ یەکیەتی ژنانی دێموکراتی ستانی ئێرانیش بەهێز بکرێت و ئیمکانات و دەرفەتی ئەوەی بۆ دروست بکرێ کە لە ئێستا چالاکترو هەڵسووڕتربێت.هیوادارم بەوقسانەم نەکەومە بەر لەعنەت و تەکفیری تێکۆشەرانی نێو ڕیزەکانی یەکیەتی ژنانی دێموکراتی ستانی ئێران کە ڕێزم بۆ خۆیان وتێکۆشانیان هەیە و هەمیشەش یاریدەدەریان بووم.

بەجێ یە کۆنگرەی حیزب بەڵگەنامەیەک سەبارەت بە ماف و ئازادیەکانی ژنانی کوردستان و نەخشەی ڕێگا بۆ سڕینەوەی ئەو ستەم و هەڵاواردنە پەسندبکات کە لە کوردستاندا ژنان لەگەڵی دەستەو یەخەن.سەنەدێک کە دواتر ببێتە ڕێ نیشاندەری ڕێکخراوەکانی حیزب بۆ کار لەو پێوەندی یەدا.چوونە پێشی بزووتنەوەی ژنان لەکوردستانی ئێران دا ئەوە لە حیزبی ئێمە، وەک حیزبی پێشرەوی خەباتی میللەت دەخوازێ، کە لەوبارەوە کەم تەرخەم نەبین.

ڕێکەوتی : ٢٣ی فیورییەی ٢٠١٢

## با سەرمایە کانی حیزب و بزووتنەوە زەڕبی یەکتری کەین!

لەمێژە لە ڕیزەکانی تەشکیلاتی حیزبی ئێمە دا ئەو قسەیە جێ کەوتوە کە دەڵێین تەشکیلات چەکی هەرە گرینگی ئێمەیە. دەشزانین کە تەشکیلاتی حیزب لە ئینسانان، لە لایەنگران و ئەندامان و کادرەکان و تێکۆشەران و ڕێبەرانی حیزب پێکهاتوە.

بەڕاستی ئێستا دەورانێکە کە دەکرێ ئەو مەفهومە تەشکیلاتی و حیزبیە بەرینتر کەینەوە و بڵێین تەشکیلات و ڕێتۆریکێکی هاوچەرخ و کاریگەر، گرینگترین ئامڕازی ئێمەن لە خەبات بۆ وەدیهێنانی ئامانجە بەرزەکانی حیزب و گەلەکەماندا.

بەڵام دەزانین کە کارکرد و هەڵسووڕانی چەرخەکانی ماشێنی تەشکیلات و ریتۆریکی حیزبی ئێمە، بەستراوەتەوە بە ڕادەی کارایی و ئیفێکتیڤ بوونی کادر و ئەندامانی حیزب. دوکتۆر قاسملوی نەمر دەڵێ ئێمە ئەگەر پووڵمان نەبێت دەتوانین داوای یارمەتی یا قەرز لە حیزبە دۆست و براکانمان بکەین و گیرووگرفتە ماڵیەکانی خۆمان لەوڕێگایەوە چارەسەرکەین. ئەگەر چەکیشمان بوێ، هەرئاوا دەتوانین داوای چەک و چۆڵی پێویست لە دۆستەکانمان بکەین. بەڵام کادر و تێکۆشەری حیزبی ناتوانین لە جێگای دیکە بێنین و هەردەبێت لە نێوخۆمان، لە نێو ئەندامانی خۆمان و لە نێو میللەتی خۆماندا دروستبن و پەروەردەبکرێن و پێبگەن.

بۆیە دەبێ بڵێین کە ئەندامان و تێکۆشەرانی حیزب گەورەترین و بەنرخترین و پڕبایەخترین سەرمایەی حیزبن . لەهەر پرۆژەیەکی گەورە و ستراتیژیکیش دا، سەرمایە ڕۆلی ئەسڵی دەبینێ و بە بێ ئەو، فاکتۆرەکانی دیکە کارناکەن یا ئەگەر بۆ ماوەیەک کاریش بکەن، لاوازن و دواتر لە لاق دەکەون.

کەواتە سەرمایە دەبێت ئامانەتی لێ بکرێ و بپارێزرێ و پەرەی پێبدرێ و وەبەربهێنرێ. سەرمایە دەبێ گەشەبکا و هەڵبدا و زیاد بکا بۆ ئەوەی بتوانێ خێر بداتەوە و ئاوەدانی و خێر و بەرەکەت لە گەڵ خۆی بێنێ.

مەبەستم لەو قسانە ئەوەیە کە حیزب دەبێت سەرمایە ئینسانیەکانی خۆی بپارێزێ و لە پرۆسەی کاری حیزبی و تەشکیلاتید، ا گەشەیان پێبدا و، لە پەروەردەکردن و خەملاندنی کەسایەتیی حیزبی و تەشکیلاتیی تێکۆشەرانی خۆی غافڵ نەبێت. ئەوەش بە میتۆد و شێوەی جۆراوجۆر دەکرێ . یەکێک لەو میتۆدانە بریتیە لە فێرکردن و بارهێنان، مەشق پێکردن و ڕاهێنانی سیاسیی لە پرۆسەی بردنە پێشی کاروباری ڕۆژانەی حیزبدا، بە جۆرێک کە ئەو پەڕی مەیدانی موشارەکەت (participation ) و بەشداری و شوێندانان لە سەر کار و تێکۆشانی حیزب، لە چوارچێوەی تەشکیلات و پرنسیپە ڕێکخراوەیەکاندا، بۆ تێکۆشەرانی حیزب دابین بکرێ.

هەر ئەندامێکی حیزب لە شوێنی کار و ژیانی خۆیدا، لە شوێنی ژیان و تیکۆشانی خۆیدا، بە پێی توانا و لێوەشاوەیی یەکانی، بە گوێرەی ئەو مایەی لە خۆی و لە وجودی خۆی و لە کات و گیرفانی خۆی بۆ کاری حیزبی دای دەنێ و بە پێی تەئسیری کار و خزمەتەکەی لەسەر چوونە پێشی تێکۆشانی حیزب، پێویستە مەیدانی گەشە و خەملینی بۆ دابین بکرێ و پشتیوانیی تەشکیلاتی و حیزبی لێ بکرێ. بەتایبەت کەسانێک کە بەرپرسایەتی بردنە پێشی کاروباری حیزبیان بە ئەستۆوەیە، پێویستە تەشکیلاتی حیزب وەک گلێنەی چاو ئامانەتی یان لێ بکا.

ئەو مەسەلە هێندە گرینگە پێشەوای موعەزەم لە وەسیەتنامەکەیدا بە توندی پێی لە سەر دادەگرێ.

ئەگەر ئەوە نەبێت، مۆتیڤاشۆن motivaition)) یا ئەنگیزە واتە هێزی پاڵنەر و قووەی موحەریکە، بۆ کار و خزمەت و شان وەبەردان نامێنێ و، ئەوەش ئاکامی زۆر خراپی لێدەکەوێتەوە.

بەهێند گرتنی سەرمایە ئینسانیەکان و پەرەپێدان و گەشەپێدانیان، تایبەتمەندیەکی بەرچاوی هەر کولتوور و فەرهەنگێکی دێموکراتیکە. ئەوە کە ئەندامانی حیزب پەروەردە کەین و ئاستی زانست و زانیاریان بەرینەسەر، هەروەک لە ئەساسنامەی حیزبیشدا هاتوە، بایەخێکی زۆر گرنگی هەیە.

بەڵام مەسەلەکە هەر بەوە تەواو نابێ و ئەوە تەنیا لایەنێکی قەزیەکەیە. زاراوەی ئەندام یا کادر یا تێکۆشەری حیزب، هەرمەفهوومی تەشکیلاتی و حیزبی نیە . ئاخر ئەندامی حیزب لە پێش هەر شتێکدا ئینسانە. واتە پەرەپێدان و گەشەپێدانی ئەندامانی حیزب هەر گەشەکردنی تەشکیلاتی و حیزبی ناگرێتەوە، بەڵکوو پەرەسەندنی لایەنە جۆراو جۆرەکانی کەسایەتیی ئینسانیی هەر یەکێک لە ئێمە دەگرێتەوە.

تەشکیلات دەبێت قوتابخانەی دروستکردنی ئێمە بێت و دروستمان کات و بمانخەملێنێ. جوانمان بکات، بمانخاتە بەردڵان، هەستە ئینسانی و بایەخە بەرزە ئینسانیەکانمان تێدا بچێنێ و وەخەبەریان بێنێ. ئاوێنەیەک بێت، خۆمانی تێدا ببینین و بە ڕاوەستان لە بەرانبەریدا، کەمووکوڕیەکانمان دەرکەون و یارمەتیمان بدا بۆ خۆ جوان کردن. ئاخر ئێمە لە ئاسمان ڕا نەهاتووینەتە نێو حیزب. هەموومان لە کۆمەڵگای دواکەوتووی کوردستان ڕا هاتووینە نێو حیزب. بەم جۆرە منی ئەندامی حیزب، ئەو نەخۆشیە ڕەفتاری و ڕووحی و کۆمەڵایەتیانەی لە نێو کۆمەڵدا هەن، لە گەڵ خۆم کەم و زۆر هێناومن بۆ نێو حیزب. بەڵام لەسەر یەک هەستی خەباتگێڕانە، عەداڵەت خوازانە، ئازادیخوازانە و کوردایەتی هەوێنێکی هێندە بە هێزە، دەتوانێ سەر لەنوێ دامانڕێژێتەوە و لە قالبمان داتەوە . یەکێک لە فەلسەفەکانی هەبوونی دیسپلینی حیزبی هەر ئەوەیە. ئینسانی خەباتگێڕ بەڕاستیی ئینسانترە. هەر ئەو هەستە ئینسانیەشە کە هانی دەدات ژیانی بۆ ئازادی و سەعادەتی میللەتەکەی تەرخان بکات.

ئەو ژینگەیە ((Environent ئەو کۆمەڵگایە، ئەو حیزب و تەشکیلاتە کە( ئینسانی تێدا دەژی و ئنسان کاری تێدادەکا، یا تێیدا گەورەدەبێ، شوێنەواری ڕاستەوخۆی لە سەر درووست بوونی کەسایەتی ئینسانەکە هەیە. تا ئەو کۆمەڵگایە ئینسانی تر بێت، ئینسانەکانی نێوێ ئینسان ترن. مارکس دەڵی ئینسان زادەی ژینگەیە. لەوەش زیاتر ڤیگۆتسکی و پێداگۆگە گەورەکانی دیکە هەموویان لەسەر ئەوە کۆکن کە ئەو شەبەکە و نێتوۆرکەی کە ئینسانی تێدایە، شوێنەواری ڕاستەوخۆی لە سەر ئینسانەکە هەیەو ئینسانەکە درووست دەکا. زۆر جار کە دەچمە نێو شار و میترۆ دەگرم، وێنەیەک سەرنجم ڕادەکێشێ و دەمخاتە دونیای بیرکردنەوە. وێنەی ژنێکی جوان و باڵابەرزی دەم بە بزەی دووگیان واتە زگپڕە کە لە نێو واگۆنەکاندا هەڵواسراوەو لە ژێری نوسراوە ئەو منداڵە دێتە کام ژینگە؟ لە ڕاستیدا ئەوە ژینگەیە کە دەتوانێ هەلومەرجی گەشەو و پەرەسەندنی ئەو ئینسانە دابین بکا یا وەزعێکی بۆ بخوڵقێنێ کە تووشی کەند و کۆسپ و ناهەمواری بێت و لە ڕێگای ئاسایی گەشەی خۆی لای دا.

لە عیلمی پزشکی و تەبابەتدا دەڵێن ئینسانی ساخ و تەندرووست ئەو کەسەیە کە لە گەڵ ژینگە و شوێنی ژیانی خۆی لە هارمۆنی واتە هاوئاهەنگی دایە. نەخۆشیش کە سێکە کە ژینگەی دەوروبەری لە گەڵ ئەو لە هارمۆنی دانیە یا ئەو لە گەڵ ژینگەی دەوروبەری لە هاوئاهەنگی دانیە. کەواتە ژینگەیەکی تەشکیلاتی و حیزبی کە لە سەر بناخەی هومانیزم و ئینسانیەت و فەرهەنگێکی دێموکراتیک و بایەخە بەرزەکانی بەشەریەتی پێشکەوتوو دامەزرابێ، دەبێتە قوتابخانەی دروستبوون و هەڵدان و خەملێنی کەسایەتیی ئینسانیی ئەو ئینسانانەی کە لە نێویدا دەژین و کار دەکەن.

حیزب وەختێک گەشەدەکا و هەڵدەدا و پەرە دەگرێ کە تێکۆشەرەکانی لەحیزبدا و لە کۆمەڵدا گەشە بکەن و لە جیاتی ئەوە کە هەر سیمایەکی حیزبی و تەشکیلاتی بن، ببنە سیمایەکی میللیی، نیشتیمانی و نەتەوەیی. خۆ لە خۆڕانیە حیزبی ئێمە شانازی بە پێشەوا و قاسملوو و شەرەفکەندی و دەیان و سەدان و هەزاران شەهیدی دیکەی نێو ڕیزەکانی ڕێبەرایەتی و تەشکیلاتی خۆیەوە دەکا. خۆ ئەوانیش حیزبی و تەشکیلاتی بوون، ئەدی چۆن بوو بوونە کەسانێک کە ئەوەتا نەک حیزب، بەڵکوو کوردستان و تەنانەت بزووتنەوەی ئازادیخوازی ئێرانیش بە هی خۆیان دەزانێ و شانازیان پێوە دەکا؟

کەواتە ئەوە کە ئەندامی حیزب نەک هەر وەک ئەندام و کادری حیزبی، بەڵکوو وەک ئێنسانێک بە هەموو تایبەتمەندی و پێداویستیە ئینسانیەکانیەوە تەماشاکەین و ژینگەیەکی سالم و سرووشتیی بۆ کار و تێکۆشان و هەڵدان و گەشەکردنی دروستکەین، ئەرکی هەمیشەیی مودیریەتی تەشکیلاتی ئێمەیە.

لە لایەکی دیکەشەوە حیزب و تەشکیلات ئەندامی حیزبیان بۆ ویترینێ ناوێ. ئەندام و تێکۆشەری حیزب بەرامبەر حیزب ئەرکی لەسەر شانە، پێویستە کار و ئەرکە حیزبیەکانی ڕاپەڕێنێ، ئاخر ئەو تەعەهودی حیزبی و تەشکیلاتی هەیە. وەک لە سەرێ باسمانکرد، ئەوە خزمەت و تێکۆشان و مایە لە خۆ دانان و کار و زەحمەت و ماندووبوون و موشارەکەت و چالاکی و کارە کە لە حیزب و تەشکیلاتدا، دەبێتە بناخەی گەشەکردن و چوونە پێش. لە غەیری ئەوەدا ئەو ناهاوئاهەنگیە لە نێوان ژینگە و ئینسانەکەدا واتە ئەو دیسهارمۆنیە ( disharmony) درووست دەبێ لە ژینگە کەدا و، دەبێتە سەرچاوەی نەخۆشی جۆراوجۆر.

لە حیزبی مەدا کەس جێگای کەس نا گرێتەوە. ئەسڵ ئەوەیە کە هەرکەس بە گویرەی زەحمەت و ماندووبوون و مایە لەخۆدانان و مەسئوولیەت قبووڵکردن و موشارەکەت و تەئسیرێک کە لەسەر چوونە پێشی تێکۆشانی حیزب هەیەتی، شوێنی خۆی لە حیزب و تەشکیلاتدا بکاتەوە. واتە لە تەشکیلاتی ئێمەدا کەس جێگای کەس ناگرێتەوە، بەڵکوو هەرکەس تێدەکۆشێ لە ڕێگای خزمەت بە حیزب و ئامانجەکانی حیزب و گەلەوە، جێی خۆی بکاتەوە. هەر بۆیە ئەوانەی کار و زەحمەت لەو حیزبەدا دەکێشن و مایە لە خۆیان دادەنێن، بۆ هاتا هەتایە جێگای خۆیان هەیە و دوای نەمانیشیان، زەحمەت و ماندووبوون و فیداکاریەکانیان دەبنە سەرمەشقی ئیلهام بۆ نەوە تازەکانی حیزب و گەل.

لایەنێکی دیکەی پەرەسەندن و گەشەکردنی ئەندام و تێکۆشەری حیزب، ئەوەیە کە تێبکۆشێ لە تەشکیلات و حیزب و بزووتنەوەیەکدا کە حیزب بەشداری تێدا دەکا، خۆی سۆسیالیسێرە واتە بەکۆمەڵایەتی بکا. مەبەست لە سۆسیالیسێرە بوون لە حیزبدا ئەوەیە کە تێبکۆشی خۆی لە حیزبدا ببینێ نەک بە پێچەوەانەوە. ڕەنگ و ڕوو و سیمای تێکۆشەری حیزبی هەبێت. لە خەت و ڕیبازی سیاسیی حیزب دابێ و دیفاعیان لێبکا. ویکیپێدیا زۆر جوان مانا و مەفهومی سۆسیالیسێرە بوونی شیکردۆتەوە.

بە کۆمەڵایەتی بوون ئەو پڕۆسەیەیە کە مرۆڤ تێیدا لەو نۆرم و بایەخ و کودە کۆمەڵایەتیانەدا فۆرم دەگرێ، کە لەو کۆمەڵگایەدا باون کە ئەو کار و ژیانیان لە گەڵ کەسانی دیکەدا، تێ دا دەکا.

کەواتە مەبەست لە سۆسیالیسێرە بوون لە تەشکیلات و حیزب دا ئەوەیە کەئەندامی حیزب سیمای دێموکڕاتی هەبێت. یانی ئەندامی حیزب خۆی لەو بایەخ، نرخ، پرنسیپ، نۆرم، پێوانە و ڕێوشوێنانە دا فۆرم یا شکڵ پێ بدا کە حیزبیان پێ دەناسرێتەوە و بە تایبەتمەندی حیزب ناسراون. ئاخر شیعە بەبێ بەردەمۆر و نەجەف و کەربەلاو حەسەن و حوسێن و تاسوعاو عاشورا و مەهدی و ئیمام ڕەزا. . . شیعە نیە. واتە ئەندامی حیزب دەبێ شانازی بە ئەندامەتی خۆی لە حیزبدا بکا و سیمای دێموکڕاتی هەبێ و لە هەڵسوکەوت و ڕەفتار و کردەوەدا لە گەڵ خوشک و برا حیزبییەکانی وەک بەیانـامەی جیهانی مافەکانی مرۆڤ دەڵـێ، بە گیانێکی برایانە بجوڵێتەوە. دڵسۆزی بۆ حیزب زۆر گرینگە، بەڵام دەبێت لە حیزبدا بۆ ئەندامان و تێکۆشەرانی حیزبیش دڵسۆزبین. حیزبمان دەبێ خۆشبوێ، بەڵام ئەوەش گرینگە کە تێکۆشەرانی حیزبیشما ن خۆشبوێن. ئەوانە پێکەوە بەستراون. تەواوکەری یەکترن. دوولایەنـی یەک مەسەلەن و دوو ڕووی یەک سککەن. ئەوە جۆرێک نە خۆشیە کە تووشی وەهمی ئەوە بین کە پێمان وابێ جگە لە خۆمان کەسی تر دڵسۆزی حیزب نیە. ئەو حیزبە ئی هەموو ئەو کەسانەیە کار و زەحمەتی تێدا دەکێشن و مایەی تێدا دادەنێن. هێ هە موو ئەو میللەتەیە.

سۆسیالیسێرە بوون لە حیزبدا ئەوەشە کە فەرهەنگ و کولتووری حیزب و ئەدەبیاتی حیزب، ببێتە فەرهەنگ و کولتووری ئەندامی حیزب. ئەوەی کە لە پێداگۆگیدا پێی دەڵێن ناسنامە . (Identity)

حیزبی دێموکڕات هەندێک داب و نەریت و ڕێتواڵ و سیمبۆل و شوێن و کەس و جێگا و هەندێک برگەی زەمانی و مێژوویی هەن کە بوونەتە بەشێکی جیانەکراوەی هەویەت و فەرهەنگ و کولتوری حیزب و مان و مەوجودیەت ئەو حیزبە یان لەسەر وەستاوە.

٢٥ی گەلاوێژ، ٢ی ڕێبەندان، چوارچرا، ١٠ی خاکەلێوە، کۆنگرەکانی حیزب، پێشەوا و شەهیدانی کۆمار، ڕاپەڕینی جوتیارانی موکریان، جوڵانەوەی ٤٦ و ٤٧ شەڕی سێمانگە، مانگی دیفاع لە ئازادی، سەدان و هەزاران شەڕ و عەمەلیاتی حەمماسی و قارەمانانە لەشەڕو بەربەرکانی لە گەڵ کۆنە پەرستیدا، بە هەزاران شەهیدی سەربەرز و کاروانی شەهیدانی حیزب، بە هەزاران زیندانیی سیاسی و ئیعدام و دونیایەک لە بەربەرەکانی و خۆڕاگریی ئەندامانی حیزب لە زیندانەکاندا، دەیان هەزار دایک و باوکی شەهید و منداڵە شەهید، بە هەزاران کەم ئەندام و بریندار، بە سەدان هەزار لایەنگر، جگە لەوانە دەنگی کوردستانی ئێران، ڕۆژنامەی کوردستان، بێستوون، ئاربابا، ئاگری، شاهۆ، قەندیل، بەیان، زرێبار، ئاژوان، هەوشار، ، سەرشاخان، گەلاڵە، قەندیل، وییەن، پاریس، میکۆنووس، تیشک، ئەحمەد تۆفیق، تێکۆشەر، دووکتۆر قاسملوو، شەرەفکەندی، کۆیە، قەڵا و هەزاران شوێن و کەس و تاریخ و ناو و شار و شاخ و مەزراو و ئەشکەوت و دارستان و چۆم و ڕووبار و مووچەو مەزراو گۆڕ و گۆڕستان و . زیندانی وەک قزڵقەڵعە، قەسری قەجەر، ورمێ، ئەوین، دیزڵئاباد. فرمێسکی دایکە شەهید و منداڵە شەهیدو . . تێکەڵاوی خوێن و گۆشتی ئەو حیزبە بوونە و موڵکی هەموو میللەتی کوردن و بوونەتە بەشێک لە مێژوو و وجودی حیزب و لێی جیانابنەوە. چۆن ئەفریقایی و دانس و مۆسیقا و ڕیتمی شاد لێکتر جیاناکرێنەوە، هەر ئاواش ئەو شتانە، ئەو ناو و کەس و تاریخ و هتد. . . . لە حیزب جیاناکرێنەوە و مەوجودیەتی حیزبیان پێوە بەستراوە و سەروەت و سامانی مەعنەوی و سیاسی و مێژوویی و کۆمەڵایەتی حیزب و گەلن.

کەواتە زۆر گرینگە ئەندامی حیزب و تێکۆشەری حیزب خۆی وەبەر لووساوکی ئەو شانازیانە و ئەوکولتووره بدا. لەو کانیە بخواتەوە. ئاخر موسوڵمان دەبێ شادەی بێنێ، بچێتە حەج، نوێژێ بکا، زەکات بدا، قیبلەی هەبێ، سەردانی مزگەوتێ بکا، قورئان و حەدیسان بخوێنێتەوە، دەستنوێژی هەڵگرێ و بەرماڵی هەبێ و مەککە و مەدینەو . . . بۆ گرینگ بن.

خۆ خستنە بەر بارانی فەرهەنگ و کولتوور و ئەدەبیاتی حیزب، کەسایەتی حیزبی و تەشکیلاتی و خەباتگێڕانەمان مشت و ماڵ دەدا و پەرەمان پێدەدا. ئەوە ئەو خاکەیە کە هەل و مەرجی ڕوان و شین بوون و سەوزبوون و گەشەکردنی شەتڵ و نەمامی کەسایەتی تەشکیلاتی و حیزبیمان بۆ دەستەبەر دەکا. هیچ نەمامێک ئەگەر خاک و ئاو و تیشکی ڕۆژی پێنەگا گەشە ناکا. لە سەرخاکی زەویەکی کەس نەکێڵ و بەردە ڕەق هیچ نا ڕووێ. بش ڕوویێت ڕەگ داناکوتێ و زوو سیس دەبێ.

بەوجۆرە بە سۆسیالیسێرە بوون لە تەشکیلات و حیزبدا، تەعەللوقمان بە حیزب و تەشکیلاتەوە لە لا درووست دەبێ. تەعەللوق بە حیزب هێز و وزە و تین و تاقەتمان بۆ کار و خەبات دەداتێ و لە ڕەوانشناسی کاری حیزبی و ڕێکخراوەییدا بایەخی زۆر گرینگی هەیە. Affiliation ئەو هەستیی تەعەللوقەیە کە وامان لێدەکا بە هەموو وجودمانەوە کاربکەین. کارکردن بە هەموو وجودەوە دەبێتە هۆی ئەوە کە کەیفیەتی ئەو شتانە، ئەو خزمەتگوزاری و بەرهەمانە باش بێ کە لە ئاکامی کاردا بەرهەمیان دێنین.

لە تەشکیلاتێکیشدا کە ئەنداماکانی بە هەموو وجودیانەوە کاروخەبات دەکەن، ئەو تەشکیلاتە دەڕواتە پێش و هەڵدەدا و پەرەدەگرێ و لە گەڵ پەرەسەندنی خۆیدا ئەندامەکانی خۆشی دەباتە پێش و هەڵیان دەکێشێتە ئاستی تێکۆشانی خۆی و ئەو سەتحە کە بۆخۆی لە نێو بزووتنەوەدا تێیدایە. حیزبی مە لە نێو کوردستان و ئێرانێ دا خاوەنی ئیعتیبارێکی بەرزی سیاسی و خەباتگێڕانەیە. حیزبی دێموکڕاتی کوردستانی ئێران هەمان مەوقعیەتی کۆنگرەی میلیی ئەفریقای جنووبی و ڕێکخراوی ڕزگاریبەخشی فەلەستینی هەیە. هەر بۆیە تێکۆشەرانی حیزب خۆیان هەڵدەکێشنە ئەو ئاستە بەرزە کە حیزب تێیدا ڕاوەستاوە. واتە ئاستی چاوەڕوانیەکانی میللەت لە حیزب. ئەوە وەزیفەیەکی حیزبیە و تەشکیلات کاری بۆ دەکا. بەڵام لە هەمان کاتدا وەزیفەی هەر ئەندامێکی حیزبیشە کە بە هەموو تواناوە تێبکۆشی خۆی بەرێتە ئاستی مەوقعیەتی حیزب.

بەو پێ یە درووستبوونی ناسنامە و هەویەتی حیزبی و شکڵ گرتنی هەستیی تەعەللوق بە حیزب لە ئەندامانی حیزبدا، مەسەلەی وەفاداری ئەندام بە حیزب درووست دەکا. loyality ئەوەش بە نۆرەی خۆی دیسان حیزب بە هێز دەکا. لەبیرمان نەچێت کە ئەوە تەنیا هێز و توانای تێکۆشەرانی حیزبە کە لە تەشکیلاتدا کۆدەبێتەوە وحیزب دەباتە پێش.

کەواتە تەشکیلاتی ئێمە کار و ئەرکی هەر ئەوە نیە کە تواناکانی ئەندامانی حیزب بخاتە سەریەک و نەیەڵێ هێزو توانای ئەندامان بە هەدەر بڕوا یا ئەو هێزانە یەکتر خونساکەنەوە. هونەر ئەوەیە کە ئەو هێز و توانایانەی نێو تەشیلات لێکدەین. واتە زەربی یەکتریان کەین تاببنە هێزێکی هێندە گەورە کە ئینێرژی بۆ هەموو ماتۆڕەکانی فڕۆکەی حیزب دابین بکەن. ئاخر حیزب وەک فڕۆکە وایە و بە یەک ماتۆڕ نافڕێ و دەبێ چەندین ماتۆڕی هەبن و هەمووشیان پێکەوە کاربکەن تا فڕۆکەکە تەوازوونی خۆی ڕاگرێ و نەکەوێتە خوار وبە ئاسمانی خەبات و ژیاندا بڕواتە پێش.

دە کۆی دە دەبێتە بیست. بەڵام دە زەربی دە دەبێتە سەد. تەماشا جیاوازیەکەی چەندە زۆرە؟ جا ئەگەر دە تەوان واتە پۆتێنسی دەی بخەینە سەر ئەوە ئاکامەکەی هەر زۆر زۆر دەبێ. کاری تەشکیلاتی ئێمە زەرب کردنی تواناکانی نێو تەشکیلاتە لە گەڵ یەکتر. کۆکردنەوە هیچ هونەرێکی گەورە نیە. نابێ هەر بەوە ڕازیبین کە هێزەکانی نێو تەشکیلات کۆکەینەوە، دەبێ

هوونەری ئەوە فێربین ئەو هێزو توانایانەی نێو حیزب لە گەڵ یەک زەرب کەین. پێم وایە ئەوە دەبێت نێوەرۆکی کار و تێکۆشانی تەشکیلاتیی ئێمە بێت. بۆ ئەوەی ئەو هونەری زەربکردنە کە بۆخۆی هونەرێکی گەورەیە فێر بین، دەبێ کار بکەین تا فۆرمۆڵەکەی یا prescription واتە نوسخەکەی بدۆزینەوە . چێشتە خۆش و بە تامەکان، لە ئاکامی تێکەڵاوکردن و لێکدان و پێکەوە کوڵاندنی چەندین ماددەی غەزایی جۆراو جۆر درووست دەبن. ئێمە لە ناوچەی پیرانشار چێشتێکی زۆر خۆش و بەتاممان هەیە بە ناوی بەربەسێڵ و دەکرێ ڕۆژێک وەک خواردنێکی کوردی بی ناسێنین. بەر بەسێڵ لە ئاکامی کۆکردنەوە و تێکەڵاوکردن و لێکدان و کوڵاندنی چەند ماددەی غەزایی جۆراو جۆر درووست دەبێ، هەر بۆیەشە هێندە خۆشە. ئەگەر ئەو ماددانەی کە بەر بەسێڵەکەیان لێ درووست کراوە، لە پەنا یەک و جیا جیا لەسەر سفرە دانێین نابنە بەربەسێل. ئەوە لێکدان و کوڵاندنی حەکیمانەی ئەو مادانە پێکەوەیە کە بەربەسێلی لێ بەرهەم دێ. لە ئاشپەزیدا زۆر گرینگە recipe واتە دەستوور عەمەلی چێشتەکان بدۆزینەوە و فێریان بین.

بۆ روون بوونەوەی مەسەلەکە دوو نموونەی دیکە دێنمەوە.

لە شایی و زەماوەندەکاندا جاری وایە دەبینین کە لە یەکوەختدا سەدان کەس، کچ و کوڕو ژن و پیاو، پێکەوە هەڵدەپەڕن و پێ بە ئەرز دادەدەن. بە جۆرێک کە ئەرز و دارودیواری ساڵۆنەکە وە لەرزە دەخەن. لە نێو ئەواندا چەن کەس دەبینین کە هێندە جوان، هێندە بە گەرمی و شوروشەوقەوە هەڵدەپەڕن کە ئیلهام دەدەنە ئەوانەی دیکەش و هانیان دە دەن چاک و جوان هەڵپەڕن. بەم جۆرە ئەو گەرمی و شوروشەوقە لە یەکێکەوە یا لە کۆمەڵە کە سێکەوە سرایەت دەکا بۆ ئەوانی دیکەش. لەوانیشەوە بۆ تەماشاچیەکان و تەنانەت ئەوانیش هەڵدەستن و دەچنە نێو شاییەکە و بەو جۆرە شایی تادێ جۆش و خرۆشی زۆرتری تێدەکەوێ و هێزو وزەی هەڵپەڕینی زۆرتری پێوە زیاد دەبێت.
بەمجۆرە داوەتەکە گەرمتر دەبێت، گۆرانی بێژ و مۆسیقاژەنەکانیش پتر تەحریک دەبن و شادتر و گشتر و باشتر دەنگیان دێ . ئەوانیش دیسان لە لای خۆیانەوە باشتری دەڵێن و چاکتر دەنگ هەڵدەبڕن و میلۆدی و ئاواز و ریتمی گونجاوتر دەدۆزنەوە کە لەو لاوە شاییەکە و کەسانی نێو شاییەکە و سەرچۆپی کێشیش هاندەدەن باشتر پێ بە ئەرز دادەن و جوانتر بلەرێنەوە. دەبینین لە شاییەکی زۆر گەورەدا کۆمەڵە کەسێک لە سەرەتادا دەبنە هەوێن و دواتریش بە هەڵپەڕینی جوانیان گەشبینی و جۆش وخرۆش بە سەر ئەوانی دیکەش دا دابەشدەکەن. جا ڕەنگە ئەوانە عاشقبن، یا دۆستیان لەو شاییەدا هەبێت، یا هەر زاتەن کەسانی شاد و زیندوو و گەشبین و ژیان دۆست و سەری حاڵبن. یارەنگە دۆی جوانیان هەبێت. ئێستا ئێمە دەبێ ئەو مۆتیڤاشونە، ئەو ئەنگیزەیە بدۆزینەوە کە لەو جۆرەکەسانە دا هەیە. عەرەبەکان دەڵێن رەقس واتە سەما وەرزشێکی رووحی و جسمیە. لەوەش زیاتر لێکۆڵینەوە دەری خستوە کە ئەو کەسانەی شایی و سەمایان پێ خۆشەو جوان شایی دەکەن، کەسانێکن کە زۆریان بڕوا بەخۆ و بە جوانیی لەشولاری خۆیانە، واتە موسبەت لە سەرخۆیان و دەورووبەری خۆیان بیر دەکەنەوە، ئەوەی لە کوردیدا دەڵێن کابرا شایی بە خۆیە، کە لە پێداگۆگیشدا بە بناخەی هەڵدان و گەشەکردن دادەنرێ. مەبەست ئەوەیە کە ئەو کەسانەی لە شاییەکەدان نەک هەر یەکتر خونسا ناکەن، بەڵکو دەبنە فاکتۆر لەسەر یەکتر و یەکتر هاندەدەن. یەکتر تەشویق دەکەن. یەکتر فێر دەکەن و گەشبینی و ئۆپتیمیزم بە سەریەکتردا دابەش دەکەن، بۆ یەکتر دەبنە پشت و پەنا. هەموو دەستی یەکتر دەگرن و پێکەوە پێ بە ئەرز دادەدەن و تەنانەت تەماشاچیەکانیش دەکێشنە نێو ڕیزی شایی. واتە هەرکام لە بەشدارانی شاییەکە نەک هەر بۆخۆیان جوان و باش هەڵدەپەڕن، بەڵکوو تەئسیری موسبەتیش لە سەریەک دادەنێن و وزەو وگوورو تین و شووروشەوق دەدەنە یەکتری. لە ئاکامدا حاسڵی لێکدانی توانا کانیان لە مەجموع و کۆی سەرجەمی توانا بنەڕەتیەکانیان، زۆرتر دێتە دەر. ئەوەش لە بەر ئەوەیە کە تواناکانیان زەربی یەکتر کراون.
لە دەورانی دیفاعی چەکدارانەدا، لە بیرمانە لە زۆربەی بە تەواوی شەڕەکاندا، پێشمەرگەکان، هەرچەند بە بەراورد لە گەڵ لەشکری پۆشتە و پەرداخی دوژمن، ژمارەیان بە چەندین قات کەمتر و ئیمکاناتیان لە چاو هی دووژمن زۆر کەمتر بووە، بەڵام هەمیشە حەماسەی گەورەیان خوڵقاندوە. ئەوە لە بەر ئەوەبوو کە لە شەڕەکاندا، فەرماندەرانی هێزی پێشمەرگە، بەجۆرێک دەستە و پەل و تیمەکانی پێشمەرگەکانیان سازماندەداکە تواناو قودرەتی دیفاعی و عەمەلیاتی ئەوانی زەربی یەکتر دەکرد. ئەوەش توانای هێرش و دیفاع و مانۆڕدانی پێشمەرگەکانی چەندین بەرانبەر دەکرد. هەرکام لە تیم و پەل و دەستە و لقەکان بە جۆرێک سازمان دەدران کە نەک هەر ئەرکی خۆیان بە باشی بەرێوەدەبرد و لە شەڕەکاندا چاک وەدەست دەهاتن، دەبوونە پشت و پەناو قەڵای دیفاعی و سەنگەری پشتیوانی و پشت پێ بەستن بۆ یەکتریش. بەم جۆرە توانای یەکتریان دەبردەسەر و هێزەکانیان دەبوونە چەند بەرانبەر. ئەگەر وانەبا چۆن پەنجا شەست پێشمەرگە دەتوانن بۆ ماوەی چەندین سەعات، لەوپەڕی بێ ئیمکاناتی دا، بەربەرەکانی دەگەڵ سوپای پۆشتە و پەرداخی دوژمن بکەن و سەرەنجام زەبری قورسیش بوەشێنن و خۆشیان دەربازکەن.
تەشکیلاتی ئێمە ئەو دەرسانە وەک سەرمەشقی خۆی بە کار دێنێ. ئێمە نەک هەر توانای کۆکرنەوەی هێز و تواناکانی حیزب و تەشکیلات، بەڵکوو هونەر و لێوەشاوەیی زەربکردنی ئەو هێز و توانایانەش لە گەڵ یەکتر، لە خۆ نیشان دەین. ڕێبەرایەتی بە وەج و خەباتگێڕ و بەدەنەی دڵسۆز و شێلگیر و دەوڵەمەندی حیزب، هەمیشە نیەت پاکی و کیفایەت و توانا و مایە و مەسئولیەتی ئەوەیان تێدا بووە و هەیە، کە کەندو کۆسپەکانی سەر ڕێگای خەبات تەخت کەن و وەک هەمیشە لە سەنگەری پێشەوەی دیفاع لە قازانج و بەرژەوەندیە بەرزەکانی میللەتەکامان دابن. هەر لە بنەڕەترا ئەوە ریسالەتی حیزبی ئێمەیە . ئێمە قەت لە خۆمان نائومێد نەبووین و نابین.
لە داهاتوودا دەردەکەوێ کە حیزبی دێموکڕاتی کوردستانی ئێران، چ نەخشێکی گەورە لە سیاسەت و گۆڕانکاریە کانی ئێران و ناوچەدا دەگێڕێ. ئەو جاریش دەیڵێمەوە. حیزبی مە فیرقە یەکی سیاسی یا مەزهەبی نیە. بێ لەخۆ بایی بوون حیزبی ئێمە گەورەترین هێزی سازماندراوی میللی یە، کە پشتیوانیی سیاسیی کۆمەڵانی ملیۆنیی خەڵکی کوردستانی لە پشتە و تەنانەت لەسەر وەزعی سیاسیی ئێرانیش دا وەک پاڕامیترێکی جیدی بە حیساب دێ . هەر لە بەر ئەوەشە کە میللەت ئەو هەموو چاوەڕوانیەی لە حیزبی ئێمە هەیە. بۆیە بۆخۆشمان ئەو هەموو چاوەڕوانیەمان لە خۆمان هەیە. بۆیە هێندە شاییمان بە خۆمانە و هەر بۆیەشە هێندە حیسابی توند لەخۆمان دەکێشین.

هێمن دەڵێ فێری زۆردەرسی بەکەڵک و باشی کردووین. . . ئەزموونی خەبات، جابیینە ڕاپەڕین و شۆڕشی ئەمجاری کورد.

ئەو هەورانەی بارانی ئاڵووگۆڕیان پێوەیە، ئەوەتا لە ئاسمانی ناوچە و وڵاتەکەماندا، خەریکە گەواڵ گەواڵ دەبن و دەنگی گرمە و شریقە شریق و ناڵە ناڵی برووسکە کانیان دێتە گوێ و ڕامان دەتلەکێنن و دیوارەکانی دیوەخانی هۆش و بیرمان وەجووڵە دەخەن و دەمان خەنە سەر هەست و ئامادەباشی. حیزبی دێموکڕاتی کوردستانی ئێران، بە شاهیدی مێژوو، هەمیشە کە

سەرچاوە Serchawe

کاتی خۆی هاتبێ، سواری شەپۆلە گەورە و مەزنەکان بوە و خۆی هاویشتۆتە نێو ئوقیانووسی ڕووداو و کارەسات و ئاڵوگۆڕەکانی دنیا و ناوچە و کوردستان و ئێران و بە پیر بانگەوازی زەمانەوە چووە. ئێمە کوڕی زەمانی خۆمانین و نەوەی ئەم سەدەین. دوو هەزار دەرسەد دڵنیاین لە داهاتووش دا حیزبی دێموکرات هەمان نەخشی مێژوویی خۆی وەک ڕابردوو لە کۆمەڵگای کوردستاندا دەگێڕێ. شانازی بۆ ئەوانەی لە گەڵ ئەو کاروانە دەڕوونە پێش و هێز و توانایەکی زۆرتر دەخەن خزمەت ئەو خەباتە و کۆمەگ بە چوونە پێشی کاروانەکە دەکەن.

ئەوانەی تەماشای ئەستێرە بەرز و بڵندەکان دەکەن و چاو دەبرنە ئەوان و بەرەو لای ئەوان دەڕۆن، ئاسۆش ڕوونتر و گەشتر و بەرینتر دێتە بەر چاویان.

ئێمە چاومان بڕیوەتە ئەو ئەستێرە گەش و بەرزانەی لە تەشقی ئاسمانێ دەدرەوشێنەوە . هەر بۆ یەشە هێندە ئومێدەوارین. هەر یاری زانێک و مورەبییەک و هەر تیمێکی فوتباڵ، ئەگەر ئومێدیان بە سەرکەوتن و بردنەوە نە بێت، هەڵە دەکەن کە بچنە مەیدانی یاری و کێ بەرکێ. ئاخر بە بێ ئومێد بەسەرکەوتن، چۆن خەبات دەرواتە پێش؟ کورد دەڵی دنیا بە ئومێدەوە دەخورێ.

ڕێکەوتی : ١١ی فیورییەی ٢٠١٢

## حیزبی دێموکڕات و خێری گشتی

خەریکە دەگەینە سەرپێچێکی تازەی مێژووی خەباتی ڕزگاریخوازانەی میللەتەکەمان. دڵنیام کە ئەو قۆناخەش بە لێوەشاوەییەوە تێپەڕدەکەین و ئەو فەسڵەش لە مێژووی حیزب و میللەتەکەمان پڕ دەبێ لە لاپەڕەی زێڕین. ئاخر هەمیشە ئەوە ئینسانەکانن بە کار و چالاکی و خەبات و تێکۆشانی پڕ بەرهەمیان، مێژوو دەخوڵقێنن. من لەوە دڵنیام ڕیزەکانی حیزبی خۆمان و ڕیزەکانی حیزب و ڕێکخراوە کوردستانیەکانی دیکەی سەر گۆڕەپانی سیاسەتی کوردستانی ئێران، پڕن لە ئینسانی خەباتگێڕ، تێکۆشەر، دڵسۆز، فیداکار و لیوەشاوە و بە ئەزموون. کە هەرکامیان بە نۆرەی خۆیان دەریایەکن لە هێزوتوانای ئینسانی. هێزوتوانایەک کە هەرچی لەسەر ئەوزەویە دەیبینین، بەرهەمی ئەوە. کەواتە حەقمە خۆشبین بم.
بەڵام دەبێ لە بیرمان بێت کە تەنیا کاتێک ئەو هێزانە دەبنە ئینێرژی موسبەت و فاکتۆرێک بۆ چوونە پێش و سەرکەوتن کە مەیدانی بەشداری و موشارەکەت و خۆ دەکارکردنیان بۆ بخوڵقێ. کەواتە دەبێ و پێویستە فەزایەک لە نێو بزووتنەوەدا دروستکەین کە خەلاقیەت وئیبتیکارو شوروشەوق بۆکار و تێکۆشان لە نێوماندا پەرەپێبدا. ئەوەش بەوە دەکرێ کە هەموو تێکۆشەرانی نێو ڕیزەکانی حیزب و بزووتنەوە لە دارشتن و بردنەپێشی سیاسەت و تاکتیکەکانی بزووتنەوەکەماندا هاوبڕیاربن.
هونەری حیزب ئەوەیە ئەو هێزانە کۆکاتەوە و وەگەڕیانبخا و دەکاریان بکا. ئاخر حیزبی ئێمە ڕاست بۆ ئەوە دروستبوە کە هێزوتواناکانی نێو کۆمەڵگای کوردستانی ئێران کۆکاتەوە و بۆ خەبات و بەرخۆدان لە پێناو ئازادیدا، ڕێکیانبخا. پێشەوا بۆ مەبەستێکی لەو چەشنە حیزبی دێموکراتی دامەزراند.
حیزبی ئێمە هەرگیز نابێت لەو ئەرکەی خۆی غافڵبێت. لە هیچ هەلومەرجێکدا نابێ ئەو ڕیسالەتەی خۆمان لەبیرکەین. ئەوە ئەرکی هەرەسەرەکی ئێمە. هیچ هەلومەرجێکی سەخت و دژوار نابێ وامان لێ بکا ئەو ئەرکە ئەسڵیە بەکەم بگرین یا بیخەینە ڕیزی دواوەی کارەکانمان. فرۆکەوان لە هەر هەلومەجێکدا، تەنانەت لە گەردەلول و تۆفان و گێژەڵوکەو هەوروباران و تەم و مژیشدا، دەبێ لە هیدایەتی فرۆکەکەی غافڵ نە بێت، چونکە ئەرکی ئەسڵی فرۆکەوان هیدایەتی فرۆکەکەیە نەک شتێکی دیکە. ئەرکی حیزبی دێموکڕاتی کوردستانی ئێرانیش، هیدایەت و ڕێبەرایەتیکردنی بزووتنەوەی میللی دێموکڕاتی کوردستانی ئێرانە و بەس. نە یەک وشە زۆرتر و نە یەک کەلیمە کەمتر.
بۆیە نابێ لە گیروگرفت و کەندوکۆسپ و تەمومژ و باوبۆران بترسین. دەبێ لە گیروگرفت و کەندوکۆسپەکان بچینە پێش و بیانناسین و چارەسەریان کەین. ئاخر حیزب ڕاست بۆ ئەوە دروستبووە. دەبێ فێربین گیروگرفتەکان چارەسەرکەین. نەک هەر پێویستە کاری درووست بکەین، پێویستە بەشێوەی درووستیش و لە کات و شوێنی خۆشیاندا کارەکان بکەین. زۆر گرنگە ئەو ڕووحیە یا بەواتایەکی تر ئەو مێنتالیتەیە لە حیزب و خۆماندا درووستکەین کە دەڵێ بەڵێ ئێمە دەتوانین ئەرکەکانمان ڕاپەڕێنین. هێمن گوتەنی دەبێ لە شانو باهۆی خۆمان ڕابینین کە هەڵگرین ئاڵای ئازادی.

وەختێک ئینسان دەکەوێتە تونێڵێکی تاریک بەدوای تروسکای و ڕووناکیدادەگەڕێ. ئەوە کە بتوانی شەمعێک داگیرسێنی، هەزار جار باشترە لەوەی کە جوێن بە تاریکی بدەی.

دەبێ گیروگرفتەکان بدۆزینەوە و دەستنیشانیان کەین و بۆ چارەسەرکردنیان تێکۆشین و هەنگاو هەڵگرین. پێویستە ڕوومان لە داهاتووبێت. پێویستە کاڵایەکی سیاسی ئەوتۆ بەرهەم بێنین کە لە بازاڕی سیاسەتی کوردستانی ئێراندا موشتەری هەبن و خەڵک خوازیاری بن. دەبێ بە هەزار چاو و گوێ موراقیبی ئەو دەرفەت و شانسانەبین کە هەلومەجی پڕ لە ئاڵوگۆڕی ناوچە و ئێران و کوردستان و تەنانەت دونیاش بۆمان دەخوڵقێنن و کەڵکیان لێوەرگرین.
ڕاستیەکەی ئەوەیە کە داهاتووی خۆمان و خەباتەکەمان و میللەتەکەمان بەستراوەتەوە بەوەی کە ئێستا چدەکەین و چۆن یاری دەکەین؟ ئەگەر پێکەوەبین و یەکگرتووبین و هاوئاهەنگی و هاوڕایمان پێکەوە هەبێت، هیچ هێزێک ناتوانێ بمانشکێنێ و ڕێگای چوونەپێش بەرەو ئامانجەکانمان لێ بەربەستبکا.
ئەرکی ئێمە ئەوەیە هەموو هێزەکانی نێو بزووتنەوە بخەینە سەریەک . ئاخر دەبێ بزانین کە کادرەکانی حیزب، تێکۆشەرانی نێو سەنگەرە جۆراوجۆرەکانی بزووتنەوە، گەورەترین سەرمایەی خەباتەکەمانن. بۆیە دەبێ ئەوان ببنە ئاکتۆری سەرمەیدانەکە. کۆڕوکۆبوونەوە و سیمنار و کۆنگرەو کۆنفرانسەکانمان پێویستە ببنە مەیدانی باس و دیالۆگی پڕنێوەرۆک سەبارەت بە سیاسەت و ئامانج و تاکتیک و ستراتیژیەکانمان. هەموو تێکۆشەرانی حیزب دەبێ شانس و مەیدان و دەرفەتی ئەوەیان هەبێ لە شکڵپێدانی حیزب و بزووتنەوە و سیاسەت و تاکتیکەکانی

حیزبدا، نەخشی خۆیان بگێڕن. دیالۆگ و باس و مشتومڕی بەکەڵک، فەزایەکی پڕ لە هاوکاری دروستدەکا و ئاستیی موشارەکەت دەباتە سەر. لەو بارەوە هەندێک ئەسڵ هەن کە دەبێ وەبەرچاویان بگرین. گرنگترینی ئەوان ئەوەیە کە تێبگەین هەموو ڕوانگەکان، هەموو جۆرە نەزەر و بۆ چوونەکان بە ئەندازەی یەک بایەخیان هەیە. هەموویان دەبێ بە هێند بگیرێن و سرنجیان بدرێتێ و گوێیان بۆ شلبکرێ. لێرەدایە کە ڕێبەریی ئەرکێکی گەورەی دەکەوێتە سەرشان . ئەرکی خوڵقاندنی فەزای موشارەکەت بۆ بەدەنە و تێکۆشەرانی حیزب و بزووتنەوە. ئێمە لە سەردەمی فوتباڵدا دەژین. ڕەنگە بەکارهێنانی فوتباڵ وەک تەمسیل، کۆمەک بە ڕوونبوونەوەی مەبەستەکەمان بکا. لە فوتباڵدا زۆرگرنگە کە هەموو تیمەکە بەشداربن و پێکەوە یاری بکەن. ڕاستە هەرکام لە یاریزانەکانی تیپەکە ئەرک و مەوقعیەتی خۆیان هەیە، بەڵام پێکەوە یاری دەکەن و چ ببەنەوە و چ بیدۆڕێنین، هەموویان تێیدا بەشدارن. ناکرێ ئەو کەسە کە شوت لێدەداو و تۆپ دە دەروازەی تیپی ڕەقیب دەکا، میداڵی ئیفتیخار و قارەمانی بداتە خۆی و یاریزانەکانی دیکەش بە دەردی شوانەکەی حەقنادیاری نێو فۆلکلۆرمان بەرێت.
بۆیە زۆر گرنگە هەمووەمان هەستی ئەوەمان تێدا دروستبێ کە بۆ یەکتر شتین. بۆ یەکتر پشت و پەناین، لە لای یەکتر خاوەن ڕێز و مەوقعیەتین. زۆر دروستە هەمووەمان لە نێو هاوڕێانی خۆماندا هەست بەوەبکەین کە هەین. هەموو حەقمان هەیە لە پەنا یەکتر گوڵبکەین. هەموو حەقمان هەیە ببینە ئاوێنەی یەکتر و یەکتر بە یەکتر نیشان دەین. زۆر بە جێ یە یەکتر هاندەین و یەکتر تەشویقکەین. کەسانی بە هێز و بڕوا بەخۆ دەتوانن هێز بدەنە کەسانی دیکە. ئەگەر پێغەمەرێک بڕوای بە خۆی و پەیام و پێغەمبەربوونی خۆی نەبێت، چۆن دەتوانێت خەڵک بۆ قبووڵکردنی پەیامەکەی هاندا؟ کەسێک کە لە هارمۆنی دایە لە گەڵخۆی و حیزب و تەشکیلات و هاوڕێکانی دەتوانێ ئینێرژی موسبەتیش بە سەر دەوروبەری دا ببارێنێ.
ڕێبەرایەتی هیچ شتێک نیە بێجگە لە پەرەپێدانیی ئینسانەکان و وەگەڕخستنی تواناکانیان. ڕێبەرایەتی دەبێ ڕێبەرایەتی بکا، گرێ کوێرەکان بکاتەوە، کۆسپەکان تەختکا، ڕووناکایی بخاتە سەر تاریکیەکان، دیواران بڕوخێنێ، پردان دروستکا، گەورەترین کۆڵکە هاوبەشەکان یانی مەخرەجە موشتەرەکەکان بدۆزێتەوە، ئینێرژی پۆزەتڤ تەزریق بکا، هیوا و ئومێد دروستکا، ئەرکە سەرەکیەکان دەستنیشانکا، سەرمایەکان دەکارکا، مەیدانان بۆ کار و چالاکی بدۆزێتەوە و بخوڵقێنێ ودروست بکاو بەرینکاتەوە، ڕوانگە و پێرسپێکتیڤی حیزب و بزووتنەوە ڕوونتر و گەورەتر کاتەوە، هێز وەبەر ئەو ئەژنۆیانە بنێتەوە کە بێ هێز بوون، بنباڵی ئەو هێزانە بگرێ کە لە سەر ڕێی خەباتدا شەکەتی بە ڕووخساریانەوە دیارە، گوێ بگرێ و ببیستێ و تەماشاکا و ببینێ. باتریەکان شارژ کاتەوە، دەرسان دابدا، ماتۆڕەکان چەورکا و ڕۆن و گازۆلیان بۆ پەیداکا، دڵان بێنیتەوە جێی خۆ، ئاسۆیان دەستنیشان کا، خەت بدا، قامک ڕادێرێتە هەڵە و کەمووکوڕی و لاوازیەکان، جۆگاو ئاوەکان جۆماڵ بکا، ئاو بۆ ئاشەکان دابین بکا، متوربان بکا، هەوری نائومێدی بڕەوێنێتەوە، دڵی گەورەبێ و تەنانەت توانای نازکێشانمانیشی هەبێت. دیارە ڕێبەریش حەقیەتی ناز بەسەر ئێمەدا بکا، بەڵام دەبێ توانایی نازکێشانی ئێمەش لە خۆیدا دروستکا. دڵنیام ڕێبەریی پوختەی ئێمە لە داهاتوودا پتر ئەو لێوەشاوەیانە لەخۆی دا نیشان دەدا. ئاخر نەک هەر بەدەنەی حیزب، میللەتێک چاوی لێیەتی.
ئەرستۆ دەڵێ ئامانجی سیاسەت و مەبەست لە کاری سیاسی بریتیە لە خێری گشتی . حیزبی ئێمە وەک حیزبی هەرە سەرکی لە کوردستانی ئێران کاری ئەوەیە خێری گشتیی میللەتی کوردی بوێ و بیپارێزێ. حیزبی دێموکڕات بۆ دەستنیشانکردن و بردنە پێشی خێری گشتیی میللەتی کورد دروستبووە. ئەرکی هەرە گرینگی ئێمە لەو قۆناخەدا ئەوەیە کە لە هەمیشە پتر فوکوس یانی تەمەرکوز و ئەولەویەت بخەینە سەر ئەو ئامانجە و ئەو ئەرکە هەمیشەییەمان بە لێوەشاوەییەوە جێبەجێ بکەین.

سەرچاوە : بۆڵتێنی باسەکانی کۆنگرەی پازدەهەمی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران
http://www.kurdistanmedia. com/kurdi/k15/file/8.php

ڕێکەوتی : ٢٧ی ژانوییەی ٢٠١٢

## حاکمیەتی شەڕاکەتی

ئەوە کە خۆمان بە کوردی ئێران یا ئێرانیی کورد پێناسەبکەین یانی چی؟ ئایا دەوڵەتی ئێران بەو جۆرە کە هەیە چوارچێوەیەکی گونجاوە بۆ ئەوەی ئێمەی کورد لە کوردستانی ئێران خۆمانی تێدا ببینینەوە و هەست بە بوونی خۆمان وەک هاونیشتمانی خاوەن ماف و بەرانبەر لە گەڵ هاووڵاتیەکانی دیکەماندا بکەین؟ یا دەبێ چاو ببڕینە دەرەوەی سنورەکانی ئێران؟ ئێستا هەموو ئەوە دەزانین کە ئێران وڵاتێکی فرە نەتەوە، فرە ڕەنگ، فرە زمان، فرە دین، فرە مەزهەب و فرە دەنگ و لە یەک قسەدا فرە کولتوریە. ئەو فرە کولتوری و فرە دەنگی وفرە نەتەوەییە بۆتە سەرچاوەی سەرهەڵدان و ناتەبایی و ناکۆکی و کێشەی جۆراوجۆری سیاسی. ئەو ناتەباییانە لە وەرا سەرچاوە دەگرن کە ئێمەی کورد لەو وڵاتەدا هێشتا هەویەتی هاوبەشمان وەک ئێرانی بۆ دروست نەبوە. ئەو مافە سیاسیانەی کە لە ئاستی نێونەتەوەییدا بۆ هەموو هاووڵاتیان و نەتەوەکان و کەمایەتیەکان بە ڕەسمی ناسراون، بۆ ئێمەی کورد چ وەک نەتەوە و چ وەک هاووڵاتی لە ئێرانی ئەمڕۆدا دەستەبەر نەکراون. لە لایەکی دیکەشەوە دەرفەتی ئەوەشمان پێنادرێ کە لە بەڕێوەبردنی کاروباری سیاسیی ئێران و تەنانەت شار و ناوچەکانی خۆشماندا نەخشمان هەبێ بۆ ئەوەی ئەو ڕەوشە بگۆڕین . چارەسەری ئەم وەزعە چیە؟ ئێران بەو فرەکولتوری و فرە دەنگیەوە تەنیا یەک ڕێگای هەیە بۆ مانەوەو و سەقامگرتوویی سیاسیی، ئەویش ئەوەیە کە ببێتە دێموکڕاسیەکی فرەکولتوری.
دیموکڕاسی یانی دەستەڵاتداریەتی خەڵک. واتە خەڵک دەبێ نوێنەرانی خۆیان بۆ ئیدارەکردنی وڵات هەڵبژێرن. بەڵام لە ئێرانی ئەمڕۆدا خەڵک تاریفێکی ڕوونی نیە. بۆ ئەوەی سیستەمی سیاسی و تەنانەت دێموکراسیش مەشرووعیەتی هەبێت، دەبێ تەرکیبی دەستەڵاتداران و ئۆرگانە حکومەتیەکان، ئاوێنەیەک بێ کە وا قعیەتەکانی نێو وڵاتی تێیدا ڕەنگبدەنەوە. کەواتە لە وڵاتێکی فرە نەتەوە و فرە گەلدا، سیستەمی سیاسی و دەوڵەتی و حکومەتی بەبێ بەشداری چالاکانەی نەتەوەکان و کەمایەتیە کانی دیکە باش هەڵناسوڕێ و ئەگەر هەڵیشسوڕێ ڕەوانیە و عەدالەت و ئینسافی تێدانیە.
بۆ دروستکردنی دەرفەت بۆ بەشداری کەمایەتیە نەتەوەیی و ئاینی و زمانی و فەرهەنگیەکانیش دەبێ دوو مەج لە گۆڕێدابن.

یەکەم کەمایەتیە نەتەوەییەکان دەبێ دەرفەت و ئیمکانی بەشداریکردنیان لە کاروباری سیاسی و پرۆسەی سیاسیدا بۆ دەستەبەر بکرێ. دووەم کەمایەتیەکان وشیاری و ئاگاهی ئەوەیان هەبێ کە مافە سیاسیەکانی خۆیان داوابکەن و بەکاریان بێنن. کاتێک لە ولاتێکی وەک ئێراندا، کورد وەک نەتەوەیەکی گەورە لە بەشداری لە کاروباری سیاسی وڵات و ناوچەکانی خۆیدا بی بەشدەکرێ. ئیدی سیستەمی سیاسی لەو ولاتەدا هەر بەرگێکی لەبەردابێ، ستیستەمێکی نا دێموکڕاتیک و نا ڕەوایە. کەواتە ئاوێتەبوونی سیاسیی کورد و نەتەوەکانی دیکەی ئێران لە ئێراندا، نەک هەر گرینگی بۆ هەڵدان و گەشەکردنی کورد و نەتەوە ژێردەستەکانی دیکەی ئێران هەیە، بەڵکو بۆ پەرەسەندنی سەرتاسەری ئێرانیش بایەخ و گرینگی تایبەت بەخۆی هەیە و پێویستە.
ئێران هەر لە سەرەتای دامەزرانیەوە بەو شکڵەی ئێستا وەک دەوڵەت ئینکاری هەویەت و فەرهەنگ و کولتور و زمانی کەمایەتیە نەتەوییەکانی دیکەی کردوە و ویستوویەتی یەک فەرهەنگ و یەک هەویەتی تایبەتی بەسەر ئەواندا بسەپێنێ. بەڵام ئێستا بە ڕوونی دەرکەوتوە کە ئەم سیاسەتە شکەستی هێناوە و نەی توانیوە نەتەوەکانی غەیرەفارسی ئێران بتوێنێتەوە و لە نێویان بەرێ. ئێستا کەمایەتیە نەتەوەیەکانی ئێران لە بەرەیەکی هاوبەشدا کۆبوونەتەوە و دەیانەوێ سەرلەنوێ جوغرافیای سیاسی و حکومەتی لە ئێراندا دارێژنەوە. ئیدی دەورانی ملهوڕی و زۆرداری بەسەرچوە. یا دەبێ بە شێوەیەکی دڵخوازانە و دێموکڕاتیک پێکەوەبژین و ئێران هی هەموو ئەوانەبێ کە خۆیان بە ئێرانی دەزانن یا دەبێ لێک هەڵوەشێ.

پرسیار ئەوەیە کە کامانەن لانی کەمی ئەو بایەخ و پرینسیپانەی کە دەبێ لە گۆڕێدابن تا دەستەلاتی سیاسی لە وڵاتە فەرە نەتەوەیی و فرە کولتوریەکاندا، مەشرۆعیەتی هەبێت.

لەو بارەوە فەیلەسوف و کۆمەڵناسی ئاڵمانی یورگن هابێرماس دەڵێ لە وڵاتەا فرە فەرهەنگی و فرە زمانی و فرە نەتەوەییەکاندا، هاونیشتمانان دەبێ وەک هاووڵاتی ئازاد و هاوبایەخ تەماشای یەکتربکەن و یەکتر بەو جۆرە وەرگرن و هەموویان دەرفەت و شانسی وەک یەکیان لە دەستووردا بدرێتێ و لەو دەرفەت و شانسانەش کەڵک وەرگرن. بە وتەی ناوبراو ئەوجۆرە فۆرمە بۆ ئاوێتەبوون و تێکەڵاوبوونی کەمایەتیە نەتەوییەکان لە ولاتێکی فرە نەتەوەدا، فاکتۆری هەرسەرەکیە بۆ ئەوەی نەتەوە جۆراوجۆرەکانی ئەو وڵاتە هەست بە constitutional patriotism بکەن. ئەو زاراوە سیاسیە ئێستا بۆتە مۆدێل بۆ چارەسەری کێشە سیاسیەکانی وڵاتە فرە گەلی و فرە فەرهەنگیەکان و بە بەردی بناخەی دێموکڕاتی فرە کولتوری دادەنرێ. ئەگەر بە کوردی بمانەوێ مانای ئەوزاراوەیە تێبگەین دەبێ بڵێین مەبەست بریتیە لە هاونیشتیمانی دەستووری . هابەرماس ئەو زاراوەیە بەکاردێنێ تا بڵێ لەو وڵاتانەدا هاوپێوەندیی نیشتیمانی لە نێو گەلان و نەتەوە جۆراوجۆرەکانی پێکهێنەری ئەو وڵاتانەدا، زۆرتر لەسەر ئەساسیی بەشداری لە پرۆسەی هاوبەشی سیاسی و دابینبوونی مافە نێونەتەوییەکانی ئەو نەتەوانەدا پێکدێ، تا لە سەر ئەساسی هەویەتی هاوبەش.

*Democratic citizenship need not be rooted in the national identity of a people. However, regardless of the diversity of the different cultural forms of life, it does require that every citizen be socialized into a common political culture* (هابێرماس ۱۹۹۶)

واتە هاوپێوەندیی و هەستیی هاونیشتیمانیی دێموکڕاتیک، پێویست نیە حەتمەن لە ئاکامی لە گۆڕێدابوونی هەویەتی هاوبەشی میللی یا زمانی هاوبەش و هەندێک بایەخی هاوبەشدا دروستبێ. ئەوجۆرە پێکەوەژیانی دێموکڕاتیکە زۆرتر لە ئاکامی بەشداریی لە پرۆسەی هاوبەشی سیاسی و ئاوێتەبوونی سیاسیی و شەریکایەتیی سیاسی پێک دێ.
ناسێونالیستە ئێرانیەکان دەڵێن ئێمە دەتوانین حکومەتتان دەگەڵ بەش کەین و ئەو مەسەلەیە لە ڕێگای دابەشکردنی دەستەڵاتی حکومەتی مەرکەزی چارەسەر کەین بەڵام بە هیچ جۆر ناتوانین حاکمیەتی میللی دابەشکەین.
تامیلەکان بۆ چارەسەری ئەو مەسەلەیەش فۆرمۆلێکی تازەیان داهێناوە. ئەوان دوای سەرکوتکرانی بزووتنەوە چەکداریەکەیان لە سریلانکا لە لایەن دەوڵەتی مەرکەزیەوە، دەڵێن ئێستا کە و بەو بیانوە کە حاکمیەتی میللی تەقسیم ناکرێ جیابوونەوەمان پێ ڕەوانابینن، داوادەکەین ئێمە ش لەو حاکمیەتە میللیەدا ببینە شەریک. واتە حاکمیەتی میللی دەبێ بە شەڕاکەتی بێت.
کۆنگرەی تازەی حیزبی دیموکڕاتی کوردستانی ئیرانیش، بە جێیە لەو قۆناخەدا، ئەوە بە داخوازیەکانی میللەتی کوردەوە زیادبکات کە کورد دەبێ لە حاکمیەتی میللی ئێراندا شەراکەتی هەبێت و شەریک بێ. داوای پێکەوە ژیانی دێموکراتیک ئەوەیە کە هەم لە حکومەت و هەم لە حاکمیەتدا شەریکی سیاسیبین تا هەستبکەین کە هاونیشتیمانی دەستوورین. بە بێ چارەسەری ئەو کێشەیە ئێران بەو شکڵەی ئێستا شانسی مانەوەی زۆر زۆر کەمە. کەواتە ئاوێتەبوونی سیاسیی کورد و نەتەوەکانی دیکەی ئێران لە ئێراندا، نەک هەر گرینگی بۆ هەڵدان و گەشەکردنی کورد و نەتەوە ژێردەستەکانی دیکەی ئێران هەیە، بەڵکو بۆ پەرەسەندنی سەرتاسەری ئێرانیش بایەخ و گرینگی تایبەت بەخۆی هەیە و پێویستە.

سەرچاوە : http://www.kurdistanmedia.com/kurdi/k15/file/5.php

ڕێکەوتی : ۲۰ی ژانوییەی ۲۰۱۲

## فیرقەگەرایی و سکتاریزم دوژمنی خەباتی جەماوەرین

بزووتنەوەی ڕزگاریخوازانەی کوردستانی ئێران لە گەشەو هەڵدانێکی بەرچاو دایە. بەڵام سەرەڕای ئەوەش هەم لە تیئوری و هەم لە پڕاکتیکدا لە گەڵ زۆر مەسەلە بەرەو ڕوویە کە نابێ لە هێنانە گۆڕ و باسکردنیان چ لە ئێستاو چ لە داهاتوودا سڵ بکەینەوە. بۆ ڕێکخستنیی زیاتری ڕیزەکانی بزووتنەوە، بۆ هاوئاهەنک کردنی هێزە کۆمەڵایەتیەکانی نێو بزووتنەوەی کوردستان، هەروەها بۆ ئەوەی بزووتنەوەی کوردستان ئاسۆیەکی بەرینتری لە پێشدابێت، پێویستە لە سەر چەند مە سەلە پێ داگرین. . . بزووتنەوەی کوردستان، بزووتنەوەیەکی ئیدەئۆلۆژیک نیە بزووتنەوەیەکی میللی دێمۆکراتیکە. بزووتنەوەیەکە بۆ ڕزگاری کوردستان لە ستەمی میللی و دێموکڕاتیزەکردنی کۆمەڵگای کوردستان. کەواتە بزووتنەوەی چینێک یا توێژێکی کۆمەڵایەتی دیاریکراو نیە. . دانیشتوانی کوردستان، بێ وەبەرچاوگرتنی ئەوە کە سەر بە کام دەستەو تاقمێکی کۆمەڵایەتین، لەو بزووتنەوەیەدا بەشدارن. . بۆیە پێویستە کە

ڕۆڵەکانی کوردستان بۆ بەشداری لە بزووتنەوەدا مۆبیلیزەبکرێن. ئاخر ڕۆڵەکانی کوردستان تەنیا لە ڕەوتی خەبات و تێکۆشاندا و لە پرۆسەی ڕووبەڕووبوونەوە لە گەڵ دوژمنانی ماف و ئازادیەکانی گەلی کوردا، وشیاری و ئاگاهی میللی پەیدادەکەن و ناسنامەی فەرهەنگی و سیاسی و نەتەوەیی خۆیان دەچەسپێن. بەڵام دەبێ ئەوەش بگووترێ کە چین و توێژە جۆراوجۆرەکانی نێو کۆمەڵگای کوردستان، داخوازی تایبەت بە خۆشیان هەیە. ئەوداخوازە سینفی و کۆمەڵایەتیانە، تەنیا کاتێک دەتوانن بڕۆنە پێش کە لە چوارچێوەیەکی بەرین دا، لە گەڵ داخوازە سەرەکیەکان، لێک گرێبدرێن و هاوئاهەنگ بکرێن. لاوان، ژنان، مۆمۆستایان، خوێندکاران، کارمەندان، کرێکاران، جوتیاران، بازاریان و باقی چین و توێژە زەحمەتکێشەکانی دیکەی کوردستان و کەمایەتیە میللی و مەزهەبی و ئاینی وئێتنیکیەکانی کوردستان، هەرکامیان بە داخوازی خۆیانەوە بە دژی دەستەڵاتی ڕەشی ئاخوندی لە خەبات و بەربەرەکانی دان. ڕێکخراوەکانی حیزبی ئێمە لە هەرکوێ یەک هەن لە سەریانە ئەو نارەزایەتی و بەربەرەکانیە سینفی و کۆمەڵایەتیانە لە سەر بناخەی هاوپێوندیی میللیی لێک گرێبدەن. لێک گرێدان و هاوئاهەنگ کردنی بزووتنەوە ئێعترازیە کۆمەڵایەتیەکان لە گەڵ یەکتر و لە گەڵ داخوازە میللی و دێمووکراتیە گشتی یەکاندا، بزووتنەوەی کوردستان دەکاتە بزووتنەوەیەکی بەرین و جەماوەری. هەر بۆیە ئەوە گرنگترین ئەرکی ڕێکخراوەکانی حیزبە لەو هەلومەرجەدا. ئەگەر نەتوانین ئەو ئەرکە گرینگە جێ بەجێ بکەین. ڕۆڵی پێشرەوبوونی خۆمان لەو بزووتنەوەیەدا دەخەینە ژێر پرسیار. لە لایەکی کەشەوە، ئەگەر ئەو بزووتنەوە کۆمەڵایەتیە جۆراوجۆرانە لە چوارچێوەی سیاسەتێکی میللی و کوردستانی دا ڕێکنەخرێن، هیچ کە ناتوانن بە ئامانجەکانیان بگەن، بەڵکوو هەر زوو سەرکوتیش دەکرێن. ئەوەش ئەو پێویستیە دەردەخا کە بزووتنەوە کۆمەڵایەتیە کان پێویستە پتر لە گەڵ یەکتر هاوکاری و هاوئاهەنگی بکەن و لە بەرانبەر سەرکوت و زەبروزەنگی ڕێژیم دا شێلگیرانە پشتیوانی لە یەکتر و داخوازەکانی یەکتر بکەن. لە حاڵێکی ئاوادا هێزوتوانای هەموو چین و تووێژە کۆمەڵایەتیەکانی کوردستان دەخرێتە سەریەک و لە بەرامبەر ماشێنی سەرکوتی کۆماری ئیسلامیدا خۆڕاگرتریان دەکاو ئاسۆیەکی بەرین و گەورەش بۆ بزووتنەوە لە ئاستی گشتیدا دەستەبەردەکا. لەو پێوەندیەدا مەسەلەیەکی زۆر گرینگ هەیە کە نابێت لە بیرمان بچێت. ئەویش ئەوەیە کە هەوڵدان بۆ نەخشاندنی ئاسۆیەکی گەورە و بەرین بۆ ئەو بزووتنەوە کۆمەڵایەتیانەو لێک گرێدانیان لەئاستێکی بەرزدا، نابێ وامان لێبکا کە خەباتی ڕۆژانەو داخوازە دیاریکراوە سینفی وکۆمەڵایەتیەکانی چین و توێژە جۆراوجۆرەکانی کوردستان بە هێند نەگرین. ڕاست بە پێچەوانەوە پێویستە ڕێکخراوەکانی حیزبی ئێمە لە سەنگەری هەرە پێشەوەی دیفاع لە داخوازە جەماوەریەکان دابن و ویست و داواکانی چین و توێژە کۆمەڵایەتیەکان، لە دروشمی واقعبینانەدا فۆرمۆڵەبکەن و بیانهێننە گۆڕ. ئەو ڕوانگەیەی بایەخ بە خەباتی ڕۆژانەی دەستەوتاقمە کۆمەڵایەتیەکان و داخوازە سینفیەکانی ئەوان نادا، زیان بە ئیعتباری پرۆسەی بەرینبوونەوەی بزووتنەوە و یەکیەتی ڕیزەکانی میللەت دەگەیەنێ. شێوەی ئەسڵی خەباتی ئێمە خەباتی جەماوەریە و بەبێ وەگەڕخستنی هێزوتوانای لەبن نەهاتووی خەڵک، ناتوانین کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان بۆ پێکهێنانی ئاڵووگۆڕی گەورە ڕاکێشینە مەیدان. هەر لەوپێوەندیەدا مەسەلەیەکی دیکەش هەیە کە پێویستە لێرەدا باسی بکەین. ئەویش ئەوەیە کە دەبێت بزانین سکتاریسم و فرقەگەرایی گەورەترین دوژمنی بزووتنەوەی جەماوەری و میللی یە. سکتاریسم زۆرتر لە هەلومەرجی ئەو وڵاتانەدا سەرهەڵدەدا کە بەدەست ئیستبداد و سەرەڕۆییەوە دەناڵێنن. وەزعێک کە ئێمە لە کوردستانی ئێراندا لە گەڵی بەرەوڕووین، وەزعێکی لەو چەشنەیە. هەبوونی حیزب و ڕێکخراوی جۆراوجۆری سیاسی لە سەرگۆڕەپانی بزووتنەوەی کوردستان و ململانێ و ڕەقابەتی سیاسیی ئەوان، بە گوێرەی ئەسڵە دێموکڕاتیکە کان، لە گەڵ یەکتر، شتێکی تەواو سروشتی و تەنانەت پێویست و بەکەڵکیشە. بەڵام ململانێ و ڕەقابەتی غەیرە ئوسووڵی و دوور لە عورفی کۆمەڵگایەکی شارشتانی، زیانی قەرەبوونەکراوە بە سەرجەمی بزووتنەوە دەگەیەنێ. میللەتی ئێمە لە کوردستانی ئێران، وەک هەر میللەتێکی دیکە، لە چین و توێژی جیاواز پێک هاتوە کە قازانج و بەرژەوەندی جیاوازیشیا هەیە. کەواتە لە هەڵەداین ئەگەر پێمان وابێ تەنیا یەک حیزب یا ڕێکخراوی سیاسی دەتوانێ بەتەنیا نوێنەرایەتی هەموو خەڵکی کورستان بکات. بەڵام ئەوەش بەو مانایە نیە کە پلۆڕالیسمی سیاسی بە ئەتۆمیزەکردنی سیاسەت تەرجومەبکەین و بە ناوی پلۆڕالیزم بزووتنەوە و ڕیزەکانی خەبات دابڕ دابڕ بکەین . ئێمە لە کوردستاندا پێویستیمان بە چەند حیزبی سیاسی و جەماوەری گەورە هەیە کە پایەگای کۆمەڵایەتیان هەبێت و بتوانن هەم لە گەڵ یەکتر هاوکاری بکەن و لە هەمان کاتیشدا موخالەفەت و ڕەقابەتی سیاسیش لە گەڵ یەکتر بکەن. ئەوە هەم بە قازانجی دێموکڕاسیە لە کوردستاندا و هەم بە قازانجی بزووتنەوە و هێزەکانی نێو بزووتنەوەشە. بۆ حیزبی دێموکرات هەوڵدان بۆ جێگیرکردنی دێموکراسی و پلۆڕالیزم لە کوردستاندا نەک تاکتیک بەڵکوو ئامانج و فەرهەنگی کارە. هیچ حیزبێکی جدی ناتوانێ بەرامبەر بە لە مەترسی کەوتنی مەوجودیەت و ناسنامەو هەویەتی سیاسی خۆی بێ دەنگ بێت و دەست لە سەردەست دانێ. بۆیە هەرکەس و لایەنێک مەوجودیەت و هەویەتی حیزبی ئێمە نەخاتە بەر مەترسی و هەڕەشەوە و، بەرنامەیەکی دێموکڕاتیک و کوردستانی هەبێت، ئێمە دەستی هاوخەباتی بۆ درێژدەکەین. تایبەتمەندیی هەرەگەورەی حیزبی دێموکڕات وەک حیزبێکی ڕەسەن و بەرپرسی کوردستانی ئەوەیە کە لە سیاسەتدا هەمیشە قازانج و بەرژەوەندیەکانی میللەتی کورد و بزووتنەوەی کوردستان دەخاتە ڕیزی پێشەوەی ئەجێندای کاری خۆی. ئاخر حیزبی ئێمە قازانج و بەرژەوەندیەکی جیا لە قازانج و بەرژەوەندیە بەرزەکانی میللەتی کوردی نیە و هەر بۆ بردنە پێش و وەدیهێنانی ئامانجەکانی خەڵکی کوردستانیش دامەزراوە.

ڕێکەوتی : ١۴ی ژانوییەی ٢٠١٢

## چ بکەین و چ نەکەین؟ ... بەرەو کۆنگرەی ١۵ی حیزبی دێموکڕاتی کوردستانی ئێران

حیزبی ئێمە حیزبێکی میللی و جەماوەریە و هێزی ژیان و خەباتی خۆی لە واقعیەتە عەینی و زەینیەکانی کوردستانی ئێران و ئەو وەزعە ئابووری، سیاسی و کۆمەڵایەتیە وەردەگرێ کە ئەمڕۆ گەلی کورد لە کوردستانی ئێران لە نێویدا دەژی. هەر بۆیەشە سەرەڕای ئەو هەموو سەرکوت و زەبروزەنگە، سەرەڕای ئەو هەلومەرجە سەخت و دژوارە کە تێیدا بەسەردەبا، وەک پارامیترێکی جدی و کاریگەر و سەرەکی لە سەر گۆڕەپانی واقعیەتی سیاسیی کوردستانی ئێراندا حزوورێکی حاشاهەڵنەگری هەیە. ئەوەش نیشانەی ئەوەیە کە سیاسەت و بەرنامەکانی ئێمە مەوزووعیەتیان هەیەو بێ ڕەبت نین. حیزبی میللی تەئسیر لە میللەت وەردەگرێ و تەئسیریشی لەسەر دادەنێ. واتە لە گەڵ ژینگەی خۆی لە ئینتەرئەکشنی بەردەوام دایە. کۆمەڵگای کوردستان لە حاڵی ئاڵوگۆڕیکی بنەڕەتی دایە. ئەو ئاڵوگۆڕانە شوێن لەسەر حیزبەکەشمان دادەنێن و هانی دەدەن خۆی لە گەڵ ڕاستیەکانی کۆمەڵگای تازەی کوردستان ڕێکخا.

بەڵام لەو پرۆسەیەدا تێکۆشەرانی نێو ڕیزەکانی تەشکیلاتی حیزبیش ئەرکێکی گرنگیان لەسەر شانە. ئەویش بریتیە لە ئەرکی ئامادەکردنی خۆیان و حیزبەکەیان بۆ چوون بە پیر

بانگەوازەی زەمانەوە. ئەوەش ئەرکێکی قورسە. ئەو ئەرکە قورسە تەنیا بە ڕێبەرایەتی حیزب جێ بەجێ نابێت. کاری هەموو تەشکیلاتی حیزبە. بەدەنەی حیزب، ئەندامان و لایەنگرانی حیزب، جەماوەری حیزب، بنەماڵەی شەهیدانی حیزب، کادرە مەیدانیەکانی حیزب، ئەندامانی ئۆرگانە جۆراو جۆرەکانی سەربە ڕێبەرایەتی حیزب و سەرەنجام ڕێبەرایەتی حیزبیش دەگرێتەوە. واتە پێویستە هەموو پێکەوە شانبدەنە بەر ئەو ئەرکە مەزنە. ئەو ئەرکە سێ لایەنی هەن. یەکەم ئەوە کە هەموو تێکۆشین لە تەشکیلاتی حیزبەکەماندا و لە دەوری ڕێبەرایەتی حیزبەکەمان پتر خۆ ڕێکخەین و هێز و توانایەکی زۆرتر و مایەیەکی فیزیکی و مادی و فکری و مەعنەوی زۆرتر بۆ خزمەتی حیزب و بردنە پێشی خەبات لە خۆمان دانێین. لایەنی دووهەم ئەوەیە کە هەموومان لە بەرانبەر فەزای سیکۆسۆسیالی نێو تەشکیلات و حیزب و بزووتنەوەدا هاوبەرپرسایەتی لە خۆمان نیشان دەین. واتە هەرکاممان لە مەوقعیەتی خۆمانەوە تێکۆشین فەزایەک لە تەشکیلات و بزووتنەوەدا دروست کەین کە کۆمەک بە پەرەپێدانی گیانی هاوڕێیانە، پێوەندیی نێوئینسانی و ڕووحیەی خەباتگێڕانە، هەستی برایەتی و برنەسەری متمانەی حیزبی و تەشکیلاتی و هاوچارەنووسیی لە نێوماندا بکا.

لایەنی سێیەمی ئەو ئەرکە بریتیە لە وە کە هەموومان تێکۆشین لە تەشکیلاتدا خەللاق و کارساز بین، دروستکەربین، داهێنەربین، کاریگەر و شوێن دانەربین، خەباتکار بین وهەم لە مەیدانی خەبات بە دژی دووژمنانی گەل و نەتەوەکەماندا وهەم لە مەیدانی خەبات بۆ بەهێزکردن و پتەوکردن و سەرخستنی حیزبەکەماندا هەڵسووڕ و چالاک و مەیداندار بین.

ئێستا بابزانین چۆن دەتوانین نێوەرۆکی ئەو باسە پتر وردکەینەوە و ئەو قسانە لەزمانی تیئوریەوە وەرگێڕینە سەر زمانی کردەوەی حیزبی و تەشکیلاتی.

باسمان کرد کە هەموومان ئەرکێکی قورسمان لەسەر شانە. ئەرکی تەییارترکردنی حیزب بە جۆرێک کە بتوانێ وەڵامی ئەو چاوەڕوانیانە بداتەوە کە مێژوو خستونیەتە سەرشانی. ئەو ئەرکەیە دەبێت ببێتە سەرچاوەی ئیلهام و هێز وەبەر ئەژنۆی کار و تێکۆشانی حیزبایەتیمان بنێ. بەڵام ڕاپەڕاندنی ئەو ئەرکەش کارێکی هەروا سوک و ئاسان نیەو زۆر شتی لێمان دەوێت و زۆر شەرت و مەرجی هەن و دەبێت ئەو شەرت و مەرجانە لە خۆمان و لە تەشکیلات دا دروستکەین.

لە کاری حیزبی و تەشکیلاتیدا باشتر وایە بەشداریکەربین تا تەماشاچییەکی پاسیڤ . واتە باشتر وایە ئاکتیو و هەڵسووڕ و چالاک و کاریگەربین تا ئەوەی پاسیڤ بین. بەدەنەو تەشکیلات و جەماوەی پاسیڤ و تەماشاچی دەبنە ئیشغال لە سندووقی پشتەوەی ماشێنی حیزبدا و نەک هەر کۆمەک بە ماتۆڕەکە ناکەن کە بۆ پێشەوە حەرەکەت بکا، بەڵکوو خەتەری ئەوەش هەیە ماتۆڕەکەش لە ژێرباری قورسایی ئەواندا ڕاوەستێ یا بۆ دواوە بگەڕێتەوە. کەواتە لەسەرمانە ئاکتیو بین و لەورێگایەوە هێز و ئینێرژی و مۆتیڤاشۆن بدەینە ڕێبەری و بەمجۆرە کۆمەگ بە ماتۆڕەکە و هەموو سیستەمەکە بکەین.

باشتروایە چالاکانە لە کاروباری سیاسەتگوزاری حیزب و پرۆسەکانی بڕیاردان دا بەشداری بکەین تائەوەی لێگەڕێین کەسانی دی ئەو کارەمان بۆ بکەن. لە تەشکیلاتی حیزبی دێموکراتدا جێگایەک بۆ بۆناپارتیزم نیە. حیزبی ئێمە حیزبێکی جەماوەری و میللیە، وەک ویکیپیدیا وایە . هەموو خەڵکی کوردستان دەتوانن بیدەنێ، پێیەوە زیادکەن، لێی وەرگرن و لێشی فێربن و فێریشی کەن. لە تەشکیلاتی حیزبیشدا هەروایە. هەموو ئەندامانی حیزب دەتوانن بۆ شوێندانان لە سەر سیاسەت وبڕیارەکانی حیزب، بۆ بردنە پێشی ڕوانگەو نەزەراتی خۆیان لە میکانیزمە تەشکیلاتیەکان کەڵک وەرگرن. ئەگەر من و تۆ نەتوانین لەو میکانیزمانە بۆ بردنە پێشی ڕوانگە و مەبەستەکانمان کەڵک وەرگرین، مەیدان بۆ کەسانی دیکە خۆش دەکەین تا بازاڕی حیزب و تەشکیلات بۆ خۆیان قۆرخ و مۆنۆپۆلیزە بکەن . جا ئەگەر پێمان وایە نەزەرات و ئیدەو بۆ چوونەکانمان بۆ سەرخستنی حیزب و بردنەپێشی حیزب کاریگەرن، دەبێت بیانهێنینە بەرباس و بازاریبیان بۆ بکەین. ئەگەرنا کەسانی دیکە ئەوکارە دەکەن . حەقی خۆشیانە. جا با ئێمەش پێمان وابێ بنژیل دەفرۆشن وەک ئەوەی چین لە بازاڕەکانی ئێراندا دەیکا. ئەوە بۆ چونی من و تۆیە و هیچ لە مەسەلەکە ناگۆڕێ. پرتە و بۆڵەو منگە منگ لە تەشکیلاتدا ناتوانێ جێگای ململانێی ئاشکرا و سالم بگرێتەوە. ئەگەر پوڵی ئەسڵ لە بازاڕدا نەبێت پوڵی قەڵبیش ڕەواج پەیدا دەکا. ئەوە لە کاری سیاسیش دا هەروایە. خۆ لە خۆڕانیە دەڵێن سیاسەت خەلاء واتە بۆشایی هەڵناگرێ.

حیزبی دێموکڕات حیزبی خەڵکی کوردستانی ئێرانە. خەڵکی کوردستانی ئێران وەک خەڵکی هەموو شوێنەکانی دونیا لە ژن و پیاو پێک هاتوون. بۆیە تەشکیلاتی حیزب وەک حیزبێکی میللی دەبێت ئاوێنەیەک بێت خەڵکی کوردستان لە خۆی دا نیشان بدات. بە داخەوە لە تەشکیلاتی ئێمە و ژیانی حیزبی و تەشکیلاتی و کۆڕوکۆبوونەوە حیزبیە کانماندا ژمارە و ڕۆڵی ژنان زۆر کەمە. پیاوان نەک هەر زۆرینەو دەستەڵات دار و بڕیاردەرن، بەڵکو سیما و قیافە و هەیکەل و تەنانەت ڕەفتاری حیزبەکەشمانیان تا ڕادەیەکی بەرچاو کردۆتە پیاوانە. ئەوە کەمووکوڕیەکی جدیە بە حیزب و تەشکیلاتی حیزبەوە دیارە. ئەوە بۆ حیزبێکی دێموکڕات و جەماوەری و خەڵکی و مۆدێڕن و خەباتگێڕ نەقسێکی گەورەیە و دەبێت قبووڵی کەین. نەدیتنی ئەو عەیبە بە خۆمانەوە دەبێتە هۆی ئەوەی کار بۆ چاککردنی نەکەین. دەبێت بزانین بەدەستی خۆمان حیزبمان لە ئینێرژی و پوتانسیەلێکی زۆر بۆ کار و خەبات کە لە ژنانی کوردستاندا هەیە، بێ بەشکردوە. لەوەش زیاتر بە چالاکبوونی ژنان لە ڕیزەکانی حیزبدا، حیزبەکەمان سیمایەکی مۆدێڕن، هاوچارخ، پێشکەوتوتر و ئەمرۆیی تر بە خۆوە دەگرێ و حیزب دێموکراتیزەتر دەبێت. لە ئاکامدا فەزای کارو خەباتیش گەرمتر، سەمیمانەتر، دۆستانەتر، برایانەتر، خوشکانەتر، پرمتمانەتر، ئینسانی تر و نەرمتر و جەزابتر و ڕاحەت تر و ڕووناکتر دەبێت. لەسەر هەموومانە لەوبارەوە کاربکەین. ژنان و کچان تەشویق کەین و هانیان بدەین بێنە نێو تەشکیلاتی حیزب و بەمجۆرە حیزبی دێموکڕات فەتح بکەن. کادر و تێکۆشەرانی حیزب لەسەرمانە تەشکیلاتی حیزب، ئەدەبیاتی حیزب، فەرهەنگی کاری حیزبی، کولتوری حیزبی و سیاسەت و بڕیارەکان و تەنانەت ڕێبەرایەتی حیزبیش وەک پێویست فیمینیزە بکەین. زۆر خوشکی لێوەشاوەو بەتوانام دیتوون و داوام لێکردوون بێنە نێو تەشکیلات و کاربکەن. لەوەڵامدا پێ یان وتووم تەشکیلاتی حیزب بۆ ئێمە وەک ئاوێنەیەک وایە کە لە لای پشتەوەڕا بچیە پێشی و لە بەرانبەریدا ڕاوەستی. کەواتە ئیدی وەختی ئەوە هاتوە حیزبی ئێمە لەو وەزعە بێتە دەر و لەو پێوەندیەدا هیچ بیانوو و پاساو هێنانەوەیەک نابێت قبووڵ بکرێت. بێکەس وتەنی نێرومێ هەردوو بە جووتە بۆ وەتەن هەوڵێ نەدەن، دووره دەرچونی لە زیللەت مەل بە باڵێ نافڕێ.

لە تەشکیلات ولە حیزبی ئێمەدا هەموو ئەندامەکان لە باری ئینسانی و تەشکیلاتیەوە هاوبایەخن. ئەندامانی حیزب لەباری ئەساسنامەیی و ئەخلاقی و ئینسانیەوە هەموویان هاوبایەخن. بۆیە پێویستە مەجال و دەرفەتی ئەوە ڕەخساو بێت هەرکەسیش بە گوێرەی توانا و لێوەشاوەییەکانی و ڕادەی خزمەت و مایەدانان لە خۆی و سەرمایە مادی و مەعنەویە کانی، ڕۆڵ و نەخشی لە ژیانی حیزبی و تەشکیلاتیدا هەبێت. من بۆ بردنە پێشی خۆم لە تەشکیلاتدا تەنیا یەک ڕێگام هەیە . میزان خزمەت و کار و تیکۆشان و مایە لەخۆدانانە. ئەوە کە چ هێز و توانایەک دە خەمە خزمەت حیزب و بزووتنەوە ئەساسی کارە. بۆ ڕێگا گرتن لە چوونە پێشی کەسانی دیکەش تەنیا کەڵک وەرگرتن لە میکانیزمە تەشکیلاتی و دێموکڕاتیکەکان و نەبەزاندنی سنوورە ئەخلاقیەکان ڕەوایە. تازە با ڕێگا بدەین هەر کەس دەیەوێ خزمەتبکا، مەیدانی بدەینێ. ئێمە دەبێ زۆربین. ئەرکێکی قورسمان لەسەر شانە، وەک کاک ڕێبوار دەڵێ

ئەگەر تەیری ئاسمانانیش بێنە هاوارمان هێشتا هەرکەمین. با لێ گەڕێین هەزار گوڵ بپشکوێ. ئاخر هێچ زۆرایەتی و کەمایەتیەک دەستەڵاتی ئەوەی نیە مافە سرووشتی و سەرەتایی و ئینسانی و ئەساسنامەییەکانی ئەندامی حیزب بخاتە ژێرپێ. ئەوە حەقیقەتێکی فەلسەفیە کە یەکەمیان دەبێتە هۆی وەگەڕکەوتن و مۆبیلیزەبوونی هێزو توانا و لێوەشاوەییەکانی ئەندامانی حیزب و بۆ کاری زۆرتر، مەسئولیەت قبووڵکردنی پتر، مایە لە خۆدانانی زیاتر و قوربانی دانی گەورەتر تەشویقیان دەکات. دووهەمیشیان دەبێتە هۆی دڵساردی و تێکشکاندنی ڕووحیەی هاوڕیانی حیزبی، پەرەسەندنی فەزای بێ متمانەیی، درووستکردنی زەمینە بۆ سەرهەڵدانی نەخۆشیە تەشکیلاتیەکانی وەک بێ تەفاوەتی، پاسیڤ بوون، هەست بە بەرپرسایەتی نەکردن، مەسئولیەت قبووڵنەکردن، لاوازبوونی ڕەقابەتی دێموکراتیکی دەروون تەشکیلاتی، خۆ دزینەوە لە کار و ئەرکە حیزبی و تەشکیلاتیەکان، سەرهەڵدانی پوچی گەری و نهیلیزم. لە یەک قسەدا دەبێتە هۆی بێ مانابوون، بێ بەهابوون، بێ بایەخبوون و بێ نێوەرۆک بوونی کاری حیزبی و تەشکیلاتی.

لە لایەکی دیکەوە باشتر وایە ئەندامی حیزب لە کۆڕوکۆبونەوە حیزبییەکاندا، لە تەشکیلاتدا خاوەنی نەزەر و ئیدەی خۆی بێت و خەللاق بێ. بە چاوی ڕەخنەوە بڕوانێتە قسەو باس و ڕوانگەی ڕێبەری و کەسانی دیکە و هەر گوێڕایەڵ نەبێت. هەر چاوی لەوە نەبێت ئەو ئەرکانە ڕاپەڕێنێ کە کەسانی دیکە و بەرپرسانی حیزبی دەیخەنە سەرشانی و بۆی دیاری دەکەن. پێویستە خۆشی خەللاقیەت و کارسازی و کاردرووستی لە خۆی نیشان بدا. واتە ئەندامی حیزب پێویستە ئەکتۆر بێت .

زۆرگرنگە فێربین لە تەشکیلاتدا خۆمان و توانا و لێوەشاوەییەکانمان بەکاربەرین و بیانخەینە خزمەت حیزب و بزووتنەوە. خزمەت و خەبات لە ڕیزەکانی حیزبی دێموکڕاتی کوردستانی ئێراندا، کەسایەتی ئینسانی و خەباتگێرانەما ن دەخەملێنێ و مەعنەویەتمان دەباتەسەر و پەرە بە شەخسیەتی تەشکیلاتی و حیزبی و میللی مان دەدا و ناسنامەو کارنامەیەکی پڕ لە سەروەری و شانازیمان بۆ درووست دەکا. بە وتەی شەهیدی گەورەمان دووکتۆر قاسملوو، خەباتی حیزبی ئێمە خەباتە بۆ ئازادی میللەتێک. چ شانازیەکی گەورەیە لەو خەباتەدا بەشداربین و مایە لە خۆمان دانێین. زۆرمان لە کار و مەسئولیەت لە بزووتنەوەدا دەترسین، بەڵام کۆمەڵناسەکان دەڵێن هیچ شتێک وەک مەسئولیەت قبووڵکردن نابێتە هۆی گەشەسەندنی هەموو لایەنەی ئینسان. خۆ لە خۆڕا نەبوو دووکتۆر سەعید دەی گووت شانازی بە ئەندامەتیم لە حیزبی دێموکڕاتی کوردستانی ئێراندا دەکەم. کەواتە ژیانی خەباتگێرانە مانا و بایەخ و نێوەرۆک بە ژیانمان دەبەخشێ و مەعنەویەتمان دەداتێ و ڕیسالەتمان دەخاتە سەر شان. لە فەلسەفەشدا دەگوترێ کە گەورەترین سەعادەت ئەوەیە خزمەت بە کەسانێک بکەی کە پێویستیان بە یارمەتی تۆیە. ئێستا میللەتی ئێمە لە وەزعێکی هێندە دژوار دایە بۆرژگاری خۆی پێویستی بە هەوڵ و تێکۆشانی هەمووی ئێمە هەیە. جا سەعادەتی لەوە گەورەتر چیە کە لەو خەباتەدا بەشداربین کە بۆ ئازادی و بەختەوەری میللەتەکەمان لە گۆڕێ دایە.

چەند خۆشە لە ڕیزەکانی حیزب و بزووتنەوە و خەباتدا بی و هەست بە گەرمی و موحیبەت و سەمیمیەتی هاوڕێ و هاوخەبات و هاوسەنگەرانت بکەی. ئەو گەرمیە خۆرە و تین و رووناکی بە دوونیای ژیانمان دەبەخشێ و دونیای ژیانمان ئاوەدان دەکاتەوە. تێکۆشەرانی نێو بزووتنەوەی کوردستان، جێگای ئومێدی خەڵکی کوردستانن. دووکتور سەعید دەی گووت چ لەوەی خۆشترە ئینسان جێگای ئومێدی میللەتی خۆی بێت. کەواتە کار و خەبات لە حیزب و بزووتنەوەدا ژیانمان دەوڵەمەند و پڕ مانا دەکا. ئەوانەی پێشمەرگە بوون و تەجرووبەی ئەوەیان هەیە کە لە نێو خەڵک دا کار و خەباتیان کردبێ، تێدەگەن کە خۆشەویستی خەڵکی خۆت بی یانی چی و چ غروور و سەربەرزی و ڕووسووریەکی گەورە بە نسیبی مرۆڤ دەکا.

شتێکی تر کە پێویستە لە پێوەندی دەگەڵ کاری حیزبی و تەشکیلاتیدا باسی بکەین ئەوەیە کە خۆشتر و باشترە ئەرکە حیزبی و تەشکیلاتیەکان پێکەوە و بەدەستەجەمعی و بە مشۆرەت لە گەڵ یەکتر جێبەجێ بکەین. حیزبایەتی هەر لە ئەساسدا کارێکی دەستەجەمعیە. بۆیە کار لە حیزب و تەشکیلاتدا، واتە کار کردن لە گەڵ ئینسانان، پێویستی بە لێوەشاوەیی کۆمەلایەتی و سایکۆلۆژی تایبەت بە خۆی هەیە. زۆر گرنگە ئەو لێوەشاوەییە لە خۆماندا پەروەردە بکەین و فێربین ڕێز لە ئینسانەکانی دیکە و گوێ لە ڕوانگەو نەزەراتیان بگرین و کەسایەتی و کەرامەتی ئینسانی ئەوان بە هێند بگرین و قەت بە خۆمان ئیجازە نەدەین حورمەت و کەرامەتی کەس بشکێنین. تەشکیلاتی حیزبی دێموکڕات دەبێت قوتابخانەی درووستکردنی ئینسانەکان بێت و هەموو دەرفەتی ئەوەیان بدرێتێ کە لەوێدا کەسایەتی ئینسانی و سیاسی و حیزبی و خەباتگێرانەیان گەشەبکا و پوختەبن و کەمووکوڕی و عەیب و نەقسەکانیان، کە کەسمان لێ یان بێ بەش نیە، بەرتەرەف و ئیسلاح کەن. من دەورانێک لە کۆمسیۆنی سیاسی نیزامی لە خزمەت بەڕێز و تێکۆشەر سکرتێری گشتی ئێستای حیزب، کاک مستەفا هیجری کە بۆخۆی پێداگۆگە، کارم کردوە. بەڕێزیان ئەودەم لە یەکێک لە کۆبوونەوەکان لە پێوەندی لە گەڵ تەربیەتی کادرەکانی حیزب دا وتی تەشکیلاتی ئێمە دەتوانێ کەسێکی کرچ و کاڵ و تەنانەت خراپیش لە ڕێگای دیسپلین و زەبت و ڕەبتی تەشکیلاتی و کار پێ ئەسپاردنەوە بکاتە کەسێکی زۆر شایستە. هەر بەوجۆرە کەسێکێ زۆر چاکیش ئەگەر لێی نەپرسینەوە و سترەکتورمان بۆی نەبێ و پێشی بەرەلا کەین، توشی هەڵە دەبێت و ڕەنگە ببێتە ئینسانێکی زۆر خراپیش. مەبەست ئەوەیە کە تەشکیلاتی ئێمە دەبێت ئینسانەکان گەشە پێ بدا، تا بۆ خۆشی گەشەبکا. ئاخر ئەگەر ئەندامان و تێکۆشەرانی حیزب لە حیزبدا گەشە نەکەن و نە خەملێن، چۆن ئەو حیزبە گەشەدەکا؟ کەواتە یەکێک لە ڕێکارەکانی پێشکەوتنی حیزب بریتیە لە هەڵدان و گەشەکردنی سەرمایە ئینسانیەکانی حیزب.

مەسەلەیەکی دیکە کە پێویستە لە پێوەندی لە گەڵ کاری حیزبی و تەشکیلاتیدا باسبکرێ ئەوەیە کە کارکردن بۆ بایەخە بەرز و ئینسانیە پڕماناکان، ماناو مەفهومێکی جوان بە ژیان دەدا. مەفهووم بە کار و ژیانمان دەبەخشێ. کار بۆ بایەخە بەرز و ئینسانیە مەزنەکان و هەوڵدان بۆ ڕستگاری خەڵک و وڵات و دابینکردنی ژیانێکی باشتر بۆ میللەتی خۆت، ئیدامەدانی کاری پێغەمبەران و ڕێبەرانی گەورەی بەشەریەتە. بۆیە کار و خەبات لەو ڕێگایەدا دەبێ وەک ڕیسالەتێکی پیرۆز سەیر بکەین و شانازی بەوەوە بکەین کە تێکۆشەری نێو ڕیزەکانی بزووتنەوەی میللی دێموکڕاتی کوردستانی ئێرانین. ئێمە لە باری چەک و چۆڵ و پووڵ و هێزی مادیەوە قەت ناگەینە دوژمن. ئەوەی ئێمەی هێشتۆتەوە و ڕاگرتوە، ئەو بایەخ و بەها بەرزە ئینسانی و پیرۆزانەن کە حیزبی ئێمەو بزووتنەوەی میللی دێموکڕاتی کوردستانیان پێ دەناسرێتەوە. سەرمایەی ئێمە ئەو هێزە مەعنەوی و ئەخلاقیەیە کە حیزبی ئێمەی ڕووسوور و سەربەرز هێشتۆتەوە. ئامانج و بایەخەکانی ئێمە بەرز و ئینسانی و شەرافەتمەندانە و نەجیبانە و عادلانەن، هەر بۆیە میتۆد و ئامڕاز و شێوەکانی کار و خەبات و تێکۆشانیشمان، دەبێ ئوسوڵی و شەرافەتماندانە و دونیا پەسندبن. ڕاستە دوژمنانی ئێمە و میللەتەکەمان بێ ڕووحم و بێ ئینسافن و هیچ سنوور و پرنسیپێکی ئەخلاقی وەبەرچاو ناگرن، بەڵام ئێمە نابێ بکەوینە داوی ئەوان و بە میتۆدی ئەوان وەڵام دەینەوە. کارێکی لەو چەشنە دەمان کاتە هاوخوو و هاوڕەنگی ئەوان و لە ئاکامدا بێ ئیعتیبارمان دەکا. دەبێ ڕەنگ و خووی دووژمن نەگرین و ئەو تەفاوەت و جیاوازیە بۆ ئێمە زۆرگرنگە و دەبێت بیپارێزین. خۆ لەخۆڕانیە تیرۆڕ و تۆقاندن و بارمتەگرتن و بۆمب دانانەوە و فڕۆکە ڕفاندن و کار و کردەوەی دیکەی لەو جۆرە قەت لە فەرهەنگ و کولتووری خەباتگێڕانەی مەدا جێ یەکیان نەبووە. لە بیرمە جارێک ڕێژیم هەموو کادرەکانی ڕێبەریی کۆمیتەی پیرانشاری دەرمانداوکردن. کە منیش لە نێویاندابووم. دواتر دەفتەری سیاسی

لە پەیامێکدا بۆ ئەو پۆلە لە تێکۆشەرانی حیزب، ئەوانی بە شەهیدانی زیندوو ناوبرد. هەر ئەودەم تەشکیلاتی ناوچەی پیرانان ڕایان گەیاندبوو کە لە گوندی ڕکاوێ هەموو ڕۆژێ نان بۆ پایەگای بەرزاییەکانی پشتمالان دەکرێ و ئێمە دەتوانین بە ئاسانی دەرماندلویان بکەین. بەرپرسانی ئەودەمی کۆمیتەی پیرانشار، ڕەوانشاد کاک نەبی قادری نەمر و برای تێکۆشەر کاک سەدیق بابایی یەکدا بەدوو فەرموویان ئەوە ئەخلاق و میتۆدی کاری حیزبی ئێمە نیە و ئەو شێوەکارە با هەر موبارەکی کۆماری ئیسلامی بێت. لە کاتی شەهیدبوونی دووکتۆر قاسملوو دا، لە زۆر جێگاوە پێشنیار بە ڕێبەری حیزب کرا لە تۆڵەی سات و سەدای سیاسیی ئەو دەوڵەتە لە گەڵ ڕێژیم، سەفیری ئوتریش لە تاران یا ئانکارا بە بارمتە بگرین و بی هێنینە شاخەکانی کورستان کە بۆ تەشکیلاتی مە کارێکی زەحمەت نەبوو. هەرچەند حیزب و ڕێبەری حیزب زۆر لە ژێر فشار دابوو، بەڵام لە بیرم دێ دووکتۆر سەعید فەرمووی ئەو میتۆدانە کاری ئێمە نین و ڕاست لەو جۆرە هەل و مەرجە سەختانەدا دەبێ پێ لە سەر ئوسوڵ و بایەخەکانمان داگرین. ئەوە فەرهەنگی مە بووە و هەیە و دەبێت هەرواش وەمێنن.

لە کاری حیزبی و تەشکیلاتیدا باشتر وایە دید و ڕوانگە و ڤیزشونمان هەبێت و دووربین بین و درێژخایەن بیربکەینەوە تا ئەوەی کە ڕۆژ بۆ ڕۆژ فکرکەینەوە. یەکەمیان هێز و توانا و ئیلهاممان دەداتێ و تواناکانی نێو تەشکیلات وەگەڕدەخا. دووهەمیشیان کولتور و فەرهەنگێک بەسەر حیزب و تەشکیلاتدا زاڵدەکا کە نە مۆتیڤاشۆن مان دەداتێ و نە ئیلهام و نە پێرسپێکتیڤمان بۆ کار و خەبات دەداتێ. یەکەمیان دەبێتە هۆی خوڵقاندنی چاوەڕوانی و ئینتیزارات لە خۆمان و حیزب و تەشکیلات، دەبێتە هۆی درووست بوونی ڕووحیەیەکی شاد و پڕ لە حەماسەت لە تێکۆشەرانی حیزبدا، دەبێتە هۆی درووست بوونی شووروشەوق لە دڵی تەشکیلاتدا بۆ کارو خەبات. بەڵام دووهەمیان دەبێتە هۆی سەرهەڵدانی ڕووحیەی ڕۆژ گوزەرانی، بەمنچیگەری، مەنفیبافی وخۆ و حیزب بە قەزاوقەدەر سپاردن . لم لە بیابانان بە هەموو بایەک دەجوڵی و با لە هەرلایەکەوە هەڵکا لە گەڵی دەڕوا. ئەگەر ڤیزشونمان نەبی بە دەردی لمی بیابانان دەچین. بێ ئاسۆ بوون، بێ جهەت بوون، جێی مەترسیە. کەواتە ڤیزشون خەتمان دەداتێ و شکڵ بە جهەتی کار و تێکۆشانمان دەدا.

لە سایکۆلۆژی حیزبایەتیدا زاراوەی چاوەڕوانی ڕۆڵێکی گرنگی هەیە. ئێمە چ چاوەڕوانیەکمان لە یەکتر هەیە؟ ڕێبەری چ چاوەڕوانیەکی لە ئێمە هەیە؟ بەدەنە چ چاوەڕوانیەکی لە ڕێبەرایەتی هەیە؟ ئایا لە ئاستی ئەو چاوەڕوانیانە داین؟ یا تێدەکۆشین خۆمان بۆ ئاستی ئەو چاوەڕوانیانە هەڵکێشین کە لێمان دەکرێ؟ خەڵک و میللەت چ چاوەڕوانیەکیان لە حیزب و تێکۆشەرانی حیزب هەیە؟ ئەو چاوەڕوانی و ئینتیزاراتەن کە شکڵ بە کار و چالاکیەکانمان دەدەن. ئەگەر نەتوانین بە جهەتی ئەو ئینتیزاراتانەدا بڕۆین، هێز و ئینێرژی نێو تەشکیلاتمان بە هەدەر داوە. پوختەبوونی کادری حیزبی و ڕیبەری حیزب و هەموو حیزب، بریتیە لە وەی کە چۆن خۆمان هەڵدەکێشینە ئاستی ئەومەسئولیەتە و ئەو چاوەڕوانیەی کە دەوروبەرمان لێمانی هەیە. لەو ڕێگایەوە حیزب و ئێمە گەشەدەکەین و بە تەعبیری مەولانا بە کەماڵ دەگەین. هەر لەبەر ئەوەشە دەڵێین حیزبی ئێمە لە کوورەی خەباتدا قاڵبۆتەوە. ئەو پوختەگی و بەرپرسبوون و کەماڵە پێویستە بە هەموو سیاسەت و قسەو کردەوەکانمانەوە دیاربێ.

ڕوونە کە بردنە پێشی پرۆسەیەکی لەو چەشنە کارێکی ئاسان نیە و وەک وتمان هەر تەنیا ئەرکی ڕێبەریش نیە. دەبێت هەموو تێکۆشەرانی حیزب خۆی بۆ ماندووکەن و مایەی بۆ دانێن. بەڵام دیارە لەو نێوەدا ڕێبەری دەتوانێ ڕۆڵی گەورە ببینێ. دەزانین کە یەکێک لە ئەرکەکانی ڕێبەری هاوئاهەنگی و ئیدارەکردنە، هیدایەت کردن و هاندان و بەرەوپێشبردنی حیزبە لە ڕێگای کار و زەحمەتی تێکۆشەران و ئەندامانی حیزب کە لە تەشکیلاتدا چالاکن. لێرەدا مەسەلەیەک زۆر گرنگە. ئەویش ئەوەیە کە هیچ ڕێبەر و ڕێبەرایەتیەک سەرکەوتونابێت، ئەگەر ڕێگا نەدا کادرەکانی سەرکەوتوبن. ژەنەڕالی لێوەشاوەو سەرکەوتوو ئەوکەسەیە کە ژەنەڕالێ ژەنەڕاڵ و ئەفسەر و فەرماندەران بێت. لە حاڵێکی ئاوادا دەبێتە فەرماندەی سەربازەکانیش. گرنگ ئەوەیە لە نێو لوتکاندا لوتکەبین. لە بیابانان لوتکەبوون گرنگ نیە. لە سەحرای عەرەبستانێ گردۆڵکەش دەبێتە لوتکە. ئەوەش پێویستی بە گرتنەپێشی هەندێک ستراتیژی تایبەت هەیە وەک دابەش کردنی دەستەڵات، دانی سەڵاحیەت و بەرپرسایەتی بە کادر و بەرپرسانی مەیدانی و ئۆرگانە جۆراو جۆرەکانی دیکە. دابەشکردنی ئەرکە حیزبی و تەشکیلاتیەکان، دانی سەڵاحیەت و بەرپرسایەتی پێکەوە. نابێ کەسێک سەڵاحیەتی هەبێ و مەسئولیەتیشی بەرامبەر حیزب و تەشکیلات نەبێت. یان کەسێک بەرپرسایەتی هەبێت و سەڵاحیەتیشی نە بێت. لایەنێکی دیکەی ئەو مەسەلە ئەوەیە کە تێکۆشین کادرەکانمان و ڕێبەرانی مەیدانی و ئۆرگانەکانی خوارەوە تا ڕادەیەکی زۆر لە چوار چێوەی ئەسڵە تەشکیلاتی و ئەساسنامەییەکاندا خودموختاربن و لە ڕاپەڕاندنی کار و ئەرکەکانیاندا سەڵاحیەتداربن. ئەوە دەبێتە هۆی مۆبیلیزە و بەسیج بوونی هێزو تواناکانی نێو تەشکیلات و خەمڵینی لێوەشاوەییەکانی ئەندامانی حیزب. هەروەها دەبێتە هۆی درووستبوونی کولتووری هەست بە بەرپرسایەتی کردن و شانوەبەردان و ئاڕاستەبوونی تواناکان بە جهەتی خێری گشتی و قازانج و بەرژەوەنیەکانی حیزب و گەلدا.

شتێکی تر کە پێویستە باسی بکەین ئەوەیە کە دەبێ بزانین کە تێکۆشەری حیزبی دێموکرات لە سەریەتی ئاگاداری ئەو ئۆکۆسیستەمە و ئەو ژینگەیەبێت کە حیزبەکەی خەباتی تێدا دەکا. باشتر وایە مێژووی نەتەوەکەمان، جوگرافیای کوردستان، فەرهەنگ و کولتووری کورد و گەلانی ناوچە و دراوسێ بناسین. ئاگاداری وەزعی سیاسی ئێران و ناوچەبین. ئەمە لە کار و خەباتدا کار ئاسانیمان بۆ دەکا و پێرسپێکتیڤێکی ڕووناکترمان لەلا درووست دەکا و بەقەولی دۆستی بەڕێز و هاوکلاسی دەورانی مەدرەسەم، ژەنەڕالی پایز، کاک محمەد عومەر عوسمان، دنیای ڕوانین و بینین و تێگەیشتنمان بەرینتر دەکاتەوە. ڕوانگەو پێرسپێکتیڤی ڕوون و گەورە وامان لێدەکا هەم درەختەکان ببینین و هەم جەنگەڵەکەش. توانای ئەوەمان دەداتێ لە زاویەو شوێن گەلی جۆراوجۆرەوە تەماشای مەسەلەو کێشەکان کەین. کەسێک کە لە دووڕا تەماشای قەندیل بکا هەر کێوێکی گەورە دەبینێ. بەڵام ئەوانەی چوونەتە قەندیل و بە دەوریدا سوڕاونەتەوە، دەزانن قەندیل سەدان لووتکەو دۆڵ و چۆم و رووبار و مێرگ و دەشت و هەوار و کانی و کوێستان و هەوراز و سەر بەرەوژێری تێدایە. ئەوە پێوەندی بەوەوە هەیە لە کام لاوە و لەکام شوێنەوە تەماشای دەکەی. بەڵام بۆ کەسێک کە لە دامێنەکانی ڕا سەیری دەکا، قەندیل تەنیا کێوێکی بەرزە و هیچیتر. هەموو بەیانان من نیوسەعات بە ماشێن دەڕۆم تا دەگەمە سەرکار. لەڕێگا وردورد تەماشای دەوروبەر دەکەم و لەزەت لە جوانی و سەرسەوزی دەشت و دەر و جەنگەڵەکانی سەر ڕێگا دەبینم. کە لەوسەر دەگەڕێمەوە جوانی تازە و شتی تازەتر لەو مەنزەڕانەی سەر ڕێگادا دەدۆزمەوە. ئەوە لەبەر ئەوەیە کە لە گۆشەیەکی دیکەڕا دەڕوانمە وێنەکە. جاریواشە کە گوێ دەدەمە ماملێ و دەگەڵی دەڵێمەوە، دەگەمەوە ماڵێش هیچ نابینم. یانی ئەو حاڵەتە ڕووحیە کە مرۆڤی تێدایە، ئەویش لە سەر دیتن و دەرک کردن تەئسیری هەیە. کەواتە ڕوانگەی بەرین و چاوی تیژبین و دووربین هانمان دەدا مەوقعیەتی خۆمان و حیزبی خۆمان باشتر بناسین و شناختی درووست پەیداکەین و ئەو هێزو ئیرادەیەی بۆ کار و خەبات لە حیزب و میللەتەکەماندا هەیە، بیخەنە خزمەت ئەو شناختە درووستە.

بۆیە یەکێک لە ئەرکە گرنگەکانمان، هەروەک لە ئەساسنامەشدا هاتوە، بریتیە لە وە کە هەوڵ دەین فێربین و بخوێنینەوە و سەمبول و کولتوور و کودەکانی کاری سیاسی و حیز بی فێربین. تا ئێمە زۆرتر فێربین و باشتر ڕۆڵی مێژوویی حیزب دەرککەین، باشتر دەتوانین خزمەتبکەین و لەئاکامدا حیزبەکەمان باشتر چۆتە پێش. ئاخر ئەگەر شناختی درووست و ئێرادەی

کار و خەبات کەوتنە خزمەتی یەکتر و هاوتەریب کەوتن، پێشکەوتن وپەرەسەندن پێک دێ.

ئێمە حیزبێکی بڵندپەروازین و ئەوبڵند پەروازیەشمان لێدێ. بەلام بڵند پەروازی باڵی بەهێز و ئازاد و گەورەشی دەوێ. بۆیە دەبێت باڵی فڕینی خۆمان ئازادکەین . هەموو ئەو شتانەی ڕێگایان لە باڵ لێ دانی ئێمە گرتوە، دەبێ لە خۆمانانیان دوورخەینەوە. حیزبی دێموکڕات دەبێ لە بڵندان بفڕێ و بۆ ئەوەش باڵی گەورەو قەوی گەرەکە. بۆ فڕین لە بڵندان دەبێت سووکباڵ و تیژباڵ بین .

ڕێبواری ئیدامەدەری ڕێگای دەیان هەزار شەهیدی سەربەرزی ئەومیللەتە ئەگەر مەغروور نە بێ، شایانی ئەو ناوە پڕ لە شانازیە نیە. ئەو غرووره سوننەتێکە لە پێشەوای سەربەرزەوە بۆمان بە جێماوەو شەهیدانی دیکەی ئەو میللەتەش پڕ ڕەنگتریان کردوە. لە خۆڕانیە گوڵی گێلاس لە کولتوری حیزبی مەدا مانایەکی سەمبوولیکی بەرزی هەیە. ئاخر گوڵی گێلاس سیسنابێ پێش هەڵوەرین و هەر بە گەشی و غرورەوە بەردەبێتەوە و دەکەوێتە سەر ئەرز. شەهیدانی حیزبی ئێمە بەوپەڕی غرورەوە سەریان ناوەتەوە. کەواتە با تێکۆشین ڕێبواری شایستەی ئەو ڕێگایە بین. بەڵام ئەو غرورە دەبێ خەنجەرێک بێ تەنیا بە ڕووی دوژمنانی گەلەکەماندا لە کالانی بێنینەدەر. دەبێ قەڵغانێک بێ بەرانبەر تیری چڵکنان و شمشێری ئەو کەس و شتانە ڕای گرین کە دەمانخەنە وەسوەسەی لادان لە بەها بەرزە ئینسانی و ئەخلاقی و نیشتیمانی و دێموکراتیکەکان. لە بەرانبەر خۆمان و گەل و هاوڕێ و ڕۆڵەکانی میللەتەکەماندا دەبێ سنگفراوان و بە تەوازووع بین. دەبێ گەورەیی خۆمان لە یەکتر وەرگرین و یەکتر گەورە کەین. کاتێک لێکۆڵینەوە لە سەر بەڵگەنامەکانی کۆماری کوردستان دەکەین، بۆمان دەردەکەوێ کە پێشەوا لە دادگادا و لە سەر سێدارەدا، کێوێکە لە غروور. بەڵام لە دەفتەری کار و ڕیزەکانی تەشکیلاتی حیزب و لە نێو خەڵکی خۆیدا، یەکپارچە تەوازوعە. هەموو ڕێبەران و سەرکردە بەووەجەکانی حیزبی ئێمە هەروابوون. ئەوە نەریتی حیزبی دێموکڕاتە.

هەر لەو پێوەندیەدا دەبێ بڵێین کە هەموو ئەندامان و تێکۆشەران و کادرەکانی حیزب دەبێت بە گیان و پێستەوە هەست بکەن کە ئەو حیزبە هی ئەوانە. پێویستە هەموو ئەوانەی خۆیان لە هالەی ئەو حیزبەدا دەبیننەوە، لە ژیانی حیزبی و تەشکیلاتیدا بەشداربن و هیچ کەس لە هەر پلەو پایەیەکی حیزبی دابێ حەقی نیە حیزب لەسەر خۆی تاپۆبکا و تێکۆشەرانی دیکەی حیزب بێ بڕیاری حیزبی و تەشکیلاتی پشتاو بکا. یا بە پێوانە لەباوکەوتوەکانی پێش مۆدێڕنیتە، حیزب لە کەسانی بەواتەی خۆی غەیرە خودی، پاکسازی بکا. لەو پێوەندیەدا زۆر پێویستە ئیعتباری کۆنگرە و کۆنفرانسەکانی حیزبی و ئیعتیباری هەڵبژاردن و هەڵبژێران و ڕەقابەتی عادڵانە و سالم و دێموکڕاتیک و شەڕافەتمەندانە لە حیزبدا بپارێزین. ئەگەر ئەوە نەما ڕووحیەی کار و خەبات لە کادرەکانی حیزبدا دەمرێ و تەشریفات و فۆرمالیزم وەک خۆرە بەردەبنە گیانی حیزب و بەدەردی ئەو حیزبانە دەچین کە تووشی ئەو نەخۆشیانە بوونەو دیتوومانە چیان بەسەر هاتووە و سەرەنجام بوونەتە حیزبی کارتۆنی.

وەحدەتی سیاسی و تەشکیلاتی بۆ ئێمە زۆر گرنگە و بە پێی پێڕەوی نێوخۆش ئەندامانی حیزب لە سەریانە وەحدەتی سیاسی و تەشکیلاتی حیزب وەک گلێنەی چاو بپارێزن. بەڵام دەبێت بزانین وەحدەتێکی لەو چەشنە ئەگەر لە تەنەوعی فکری و ڕوانگە و بۆ چوونی جۆراوجۆری سیاسیەوە نەیە، بەتەعبیری کاک سەعید لە ڕاپۆرتی کۆنگرەی نۆهەمدا، وەک خامۆشی قەبرەستانێ خۆفناک و جێی مەترسیە. وەحدەتێکی لەو چەشنە نا پایەدارە و تەنانەت خەتەرناکە. ئەوجۆرە وەحدەتە لە گەڵ حیزبی ئێمە نایەتەوە و بۆ ئێمەش دڵخوازنیە. هەر بەو پێ یە ئەگەر تەنەوعی فکری و سیاسیش نەبێتە وەحدەتی سیاسی و تەشکیلاتی لە حیزبدا، ئەنارشیزم و فڕاکسیۆنبازی لێدەکەوێتەوە و حیزب فەلەج دەکا و توانای کار و مانۆڕدانی لێ دەستێنێتەوە. بۆیە زۆرگرنگە تەنەوعی فکری و سیاسی نێو تەشکیلات بە نیشانەی دەوڵەمەندی حیزب بزانین و بە پۆزەتیڤی وەرگرین. بەڵام ئەو تەنەووعە سەرەنجام پێویستە بمان گەیەنێتە وەحدەتی حیزبی و تەوافوق و هاوڕایی سیاسی، بۆئەوەی توانای کردەوەی سیاسی و توانای خەبات و تێکۆشان و هەڵسوڕانمان هەبێت. نابێ بە ناوی دیفاع لە وەحدەت و یەکپارچەیی حیزب، تەشکیلاتی حیزب سانترالیزە بکەین . نابێ بە ناوی دیفاع لە دێموکڕاسیش، ڕێگا بدەین دەستەگەری و ئەنارشیزم و فڕاکسیۆنبازی و تاقمتاقمێنە حیزبەکەمان لە کارایی بخەن. ڕێگای دێموکڕات وەک پردی سیراتێ وایە، لە مووی باریکتر و لە ئەڵماسیش تیژترە. دەبێ وریابین و لێی نەترازێین.

حیزبی مە هێندە گەورە و بەهێزو جەماوەریە، تازە نابێت لەوە بترسین کە کەسێک یان ڕەوتێک پەیدادەبێ و ئەو حیزبە لە نێودەبا یا بەلاڕێ دا دەبا. حیزبی ئێمە لە خەباتدا واکسینە بوە و ئەگەر میکرۆبێکیش بێتە ناو لەشی، یا دەیکوژێ و بێ ئاسەری دەکا یان بە شێوەیەکی سرووشتی لە لەشی خۆی وەدەری دەنێ. بەڵام دەبێ ڕێگابدەین سیستەمی بەدەنیی حیزب و سیستەمی دیفاعیەکەی کار بکا. ئیمیون سیستەمی حیزبی ئێمە میکانیزمە حیزبی و تەشکیلاتیە دێموکراتیکەکانمانن. ئەگەر ئیمیون سیستەممان لە حیزبدا لە کار کەوت و لە نێوچوو، هیچ حەب و دەرزی و دەرمانێک تازە بە هانامان ناگا. بۆیە زۆر گرنگە ڕەقابەتی سالم و دێموکراتیک و شەڕافەتمەندانەی دەروون حیزبی وەک شتێکی زەرووری و سرووشتی بۆ حیزبەکەمان بزانین. وەک یەکێک لە باڵەکانی فڕین و چوونە پێشی فرۆکەی حیزب بە ئاسمانی ژیان و خەبات دا سەیری بکەین.

حیزبی مە نە فیرقەیەکی مەزهەبی و نە سێکتێکی سیاسیە. ئێمە حیزبێکی جەماوەری و گەورەین و دەبێ هەرواش بمێنینەوە. ئەوەش بەوە دەکرێ کە هەروا دێموکرات و خەڵکی و کراوە و گەلی بین. لە سینەمۆکە، بنارەکانی قەندیل، یەکێک لە بنکەکانی حیزبی تێلدڕووی بەدەورەدا کێشرابوو. کاک دوکتۆر قاسملوو میوانمان بوو و داوای کرد لای بەین. لە بیرمە وتی ئەوە لە گەڵ حیزبێکی خەڵکی وجەماوەری وەک حیزبی ئێمە نایەتەوە تێلدڕوو واتە سیمی خاردار لە دەوری بنکەکانی خۆی بدا. مەبەستم ئەوەیە بڵێم ئێمە بەو خەڵکی بوون و جەماوەی بوونەوە ماوینەوە. ئەگەر پشتمان بە قەڵای میللەتەوە نەبا، قەت لە ژێر ئەو هەموو زەبرانەدا پشتمان ڕاست نەدەکردوە. دەبێ ئەو خسڵەتە بپارێزین. دیارە خەڵکی بوون و جەماوەری بوون و دێموکرات بوون ماڵیاتیشی هەیە و مەجبوورین ئەو ماڵیاتەش بدەین.

پێشتریش وتمان کە حیزبی دێموکڕات حیزبێکی میللی و دێمۆکڕاتی و کوردستانیە. کەواتە سەرتاسەری قەوارەی حیزب و تەشکیلات و ڕێبەرایەتیەکەی دەبێت ئاوێنەیەک بێت ئەو واقعیەتە نیشانبدا. نەقسێکی گەورەیە بۆ ئێمە و تەشکیلاتی ئێمە کە وەک پێویست نەمانتوانیوە لە ناوچەکانی ئیلام و کرماشان و ناوچە شیمالیەکانی کوردستانی ئێراندا ڕەگ باژۆین و خەڵکی ئەو ناوچانە لە دەوری سیاسەت و ستراتیژی حیزبەکەمان کۆکەینەوە. حیزبی ئێمە حیزبی کوردە شیعەکانیشە، حیزبی یارسانیەکانیشە، حیزبی کەلیمی و ئاسۆریەکانی کوردستانیشە، حیزبی کوردەکانی تاران و خوراسانیشە، حیزبی ئازەریەکانی نیشتەجێی کوردستانیشە، حیزبی هەموو چین و تووێژە جۆراوجۆرەکان و خەڵکی کوردستانە. کەواتە دەبێت حیزب و تەشکیلاتەکەی ئەو ڕاستیە نیشان بدا و لە سەرمانە تێکۆشین پایەی جەماوەریی حیزب ئیلامیزە، کرماشانیزە و کرمانجیزەتر بکەین. ئەوە یەکێک لە ئەرکە گرنگەکانی ئێستا و سبەینێی تێکۆشانی تەشکیلاتی و حیزبی و جەماوەری ئێمەیە. هەر بەو جۆرەش لەسەرمانە دەرگای تەشکیلات بە ڕووی لاوان دا بۆ کار و تێکۆشان و مەسئولیەت وەگرتن لە هەموو ئاستەکاندا بخەینە سەرپشت. ئەوە

خوێنی تازە بە حیزبەکەمان دەدا و هێز و گووڕ وەبەردەنێ و تایبەتمەندیی شۆڕشگێرانە ی بیمە دەکا. ئەگەر ئەوە نەکەین حیزبمان پیر و بێ ئاینده کردوە و توانای بەرۆژبوونەوەیمان لێ ئەستاندۆتەوە.

دڵ و چا وو گوێ و و دەست و ئەژنۆکانی حیزب باشترە و تاراددەیەکی زۆر پێویستە لاو بن . بەڵام سەری بیر و بڕیاردان و سیاسەتگوزاری ئێمە دەبێت پوختە و پڕ سامان بێ و وەک هەمیشە لە سنوورەکانی واقیعەتی سیاسیدا مانۆڕبدا . ئەوەی لە ئەدەبیاتی حیزبی خۆماندا پێی دەڵێین سیاسەتی مەسئولانەو ئوسووڵی. سەری پر شوری بەتەنیا چاو و گوێی زهن و بیرمان بە ڕووی واقعیەتەکان دا دەبەستێ و تووشی موسیبەت دەبین و ئەسپی ئیحساسات هەڵماندەگرێ و تووشی ئاوانتۆریزمی ڕووتمان دەکا. ڕاستە ئێمە لە قۆناخی خەباتی ڕزگاریبەخشی نیشتیمانی داین و پێویستیمان بە دڵی پڕشورو ڕۆمانتیزمی خەباتگێڕانە هەیە. بەڵام دەبێت لە بیرمان نە چێت کە ڕۆمانتیزمی خەباتگێڕانە پێویستە لە خزمەت واقع بینی سیاسی و خۆشبینی شناخت و گەشبینی عیلمی و فەلسەفی دابێت. دڵی پڕشوورمان دەبێ لە ژێر ڕکێفی سەری پرسامانمان دابێ. خۆ لە خۆڕانیە دووکتۆر قاسملوو دەڵێ ئێمە حیزبێکی مەسئوولین و دەبێت لە بەرانبەر قسە و سیاسەت و کردەوەکانماندا وەڵامدەری خەڵکی کوردستان و تەنانەت گەلانی دیکەی ئێرانیش بین. ئێمە پێویستیمان بەو پێرستپێکیڤە ستراتیژیکە هەیە کە دووکتۆر قاسملوو هەی بوو. ئەو دووربینی و قووڵبینی و ڕیئالیزمەی قاسملوو بۆ ئێمە تا سەر وەک خسڵەتێکی دیار و گرینگی هەویەتی سیاسیمان دەمێنێتەوە. لە هەمان کاتدا دەبێ ئەو چاپووکی و تەڕدەستی و ئازایەتیە تاکتیکیەشمان هەبێت کە لە دووکتۆر سەعید دا هەبوو، کە بێ لادان لە ئوسووڵ حیزبی وەک قۆچەقانی لە مەیدانی خەباتدا هەڵدەسووڕاند. هوونەری ئێمە ئەو نەسلە لە تێکۆشەرانی حیزب ئەوەیە کە بتوانین لەو قۆناخە دا حەکیمانە ئەو دووانە ئاوێتەی یەکتر کەین . ئەگەر لەو ئەرکەدا سەرکەوتووبین، ئەوە هێز و تواناکانی نێو جەماوەری حیزب و تەشکیلاتمان وەک بایەکی بەهێز لەو دەریا مەندەدا، خستۆتە پشتی سەری کەشتی چارۆکەداری حیزب.

لە پێوەندی لە گەڵ ڕووناکبیراندا، دەبێ بڵێین کە ڕووناکبیرانی خەباتگێر هەمیشە ڕۆڵی پێشەنگیان لە حیزبی مەدا هەبووە. لەو قۆناخە و لە داهاتوودا پێویستە نەخش و ڕۆڵی زۆرتر و گەورەتریش بگێڕن و لە ڕیزەکانی حیزبدا چالاکتر و هەڵسوورتربن. بەڵام نا بێ لەبیرمان بچێ کە حیزبی دێموکڕات کلوبی ڕۆشنفکران نیە و نابێ بشبێتە کلوبێکی تایبەت بە ڕۆشنفکران. حیزبی ئێمە حیزبی خەڵکی ئاسایی شاروگوندەکانی کوردستانە. حیزبی هەموو ڕۆڵەکانی میللەتی کوردستانە. ئەگەر تەشکیلات و پایەگای کۆمەڵایەتی حیزبی ئێمە لەو خەڵکە دابڕێ، لە واقعیەتەکانی میللەتی خۆمان دووردەکەوینەوە و دەبینە دەستەیەکی دابڕاو لە خەڵک و تووشی زهنیگەری دەبین و نەخشێکی ئەوتۆمان نابێ. ڕووناکبیران لە حیزبی مەدا جێگاو وەزنی تایبەت بەخۆیان هەیە. بەڵام تەنیا ئەودەمە ئەو وەزن و ڕۆڵە پەیدادەکەن کە تواناو لێوەشاوەییەکانیان بخەن خزمەت حیزب و بزووتنەوە و لە جەرگەی خەبات و مەیدانی تێکۆشان دابن. بۆ نوێ بوونەوەی حیزب خوێنی تازەی لاوان و ڕووناکبیران و نەسلی تازەی کوردستان و کەڵک وەرگرتن لە تکنۆلۆژی سەردەم و ئامرازەکانی کۆمیونیکاشیۆنی هاوچەرخ پێویستە. بە تەعبیرێک ئێمە بۆ نوێ بوونەوەی حیزب پێویستیمان بە بارانە نەک سێڵاو. سێڵاو هەموو چوارچێوەکان تێک دەشکێنێ و بناخەو کۆڵەکەکانیش دەڕووخێنێ و تەفرووتوونایان دەکاو هیچ شتێک بەسەر هیچەوە ناهێڵێ. بەڵام باران وەک کورد دەڵێ خێر و بەرەکەتە و تەزووی ژیان بە زەوی و خاکێ حیزب دەبەخشێ و سەوز و نوێی دەکاتەوە. نابێ بە ناوی نوێکردنەوە کارێک بەسەر حیزب بێنین کە خاوەنەکەشی کە خەڵکی کوردستانن نەیناسنەوە. یا ئەو خاوەنەکەی نە ناسێتەوە. نابێ بە ناوی دیفاع لە داب و نەریت و سونەتەکانی کۆمەڵگای کوردەواری و پاراستنی فەرهەنگی حیزبی دێموکڕات، بکەوینە دژایەتی مۆدێرنیتە . هەر بەو جۆرە ناشبێ بە ناوی دیفاع لە مۆدێرنیتە و مۆدێرنیزەکردنی حیزب بکەوینە دژایەتی فەرهەنگ و داب و نەریت و سونەتەکانی کوردەواری و ئەو تایبەتنەندیانەی کە حیزبی ئێمەی لە کوردستان و ناوچەدا پێ دەناسرێتەوە.

ئێستا ئێمە خەریکی نووسینی قۆناخێکی سەخت و دژوارین لە مێژووی حیزبەکەمان. لە بیرمە پاش شەهیدبوونی کاک دووکتۆر قاسملوو، کاتێک دووکتۆر سەعید لە یەکێک لە پلینۆمەکانی کۆمیتەی ناوەندیدا وەک سکرتێر هەڵبژێردا، وتی سوپاسی کۆمیتەی ناوەندی دەکەم کە ئەو متمانە گەورەی پێ بەخشیم. بۆمن شانازیەکی گەورەیە لە جێیی پێشەوا و دووکتۆر قاسملوو دانیشم. بەڵام ئێرە کۆمیتەی ناوەندیە و دەبێ بزانین کە من لە دەورانێکدا ئەو ئەرکەم دەکەوێتە سەرشان کە بە هۆی گۆڕانی فاکتۆرە سیاسیەکانی هاوکێشە ناوچەییەکان، سەیری تێکۆشانی حیزب ڕوو لە نزوولە. ئەوە ڕەنگە بۆمن گران تەواوبێ. بەڵام چوونکە مێژوو ئەو ئەرکەی خستۆتە سەرشانی من، بەشانازیەوە قبووڵی دەکەم و بە هاوکاری ئێوە و بەدەنەی حیزب و پشتیوانی خەڵکی کوردستان شان دە خەمە ژێر باری ئەو مەسئولیەتە قورسە. ئەوەم بۆیە لێرەدا باسکرد بۆ ئەوەی بڵێم کە ئەگەر ئەوە بۆ کاک سەعید ڕاست بوو، بۆ ڕێبەری ئێستای حیزب بە چەند قات ڕاسترە. بەڵام هەموو نیشانەکان ئەوە دەردەخەن کە ئەو توونێڵە درێژ و تاریکە خەریکە تەواو دەبێت. هەموو ئەوانەی شەممی سیاسیان هەیە تروسکایی و ڕووناکایی ئەوسەری تونێلەکە دەبینن. وەزعی ناوچە و دوونیا بە ئاقارێکدا دەڕواتە پێش کە بە قازانجی کورد و بزووتنەوەی کورد و بزووتنەوەی ئازادیخوازی گەلانی ئێرانە. زۆر ناکێشێ بەسەر مەیدانێکی گەورە لە کار و خەباتدا دەکەوین. ڕاستە بەو وەزعە دژوارەشەوە کە تێیداین، کەس لە ئێمە بۆ ڕووبەڕووبوونەوە لە گەڵ ئەو داهاتوە ئامادەتر و سازماندراوترنیە. بەڵام ئەوە نابێت وامان لێبکا لە خۆمان ڕازیبین. ئاخر ئێمە حیزبێکی مەسئوولین. دەبێت لە قۆناخی داهاتوودا ئەو ڕۆڵە گرینگ و گەورەیە ببینین کە لێمان چاوەڕوان دەکرێ. بۆ ئەوەی ئەو ڕۆڵە گرینگ و گەورەیە ببینین، دەبێت لە ئاستی کوردستان و ئێران دا بە هێزبین. بۆ ئەو مەبەستەش دەبێ لە باری سیاسی و تەشکیلاتیەوە لە نێو خۆماندا پتە و ساغ و سالم و یەگرتووبین. کەواتە دەبێ تێکۆشین بە سەر گیروگرفت و نالێکی و ناکۆکیەکانی نێو خۆمان و بزووتنەوەدا زاڵبین. حیزب بەگشتی و بەدەنەو ڕێبەری ئێمە نیشانی داوە کە بەرانبەر دووژمنانی گەل و نەتەوەکەمان چەندە ئازا و بەجەگ و جەسوور و نەترسە. لەوەش زیاتر من دلنیام ئێمە دلێری ئەوەشمان تێدایە کە بتوانین بەرخورد بە خۆمان بکەین. بەدەنە و ڕێبەری ئێمە هەمیشە پاکباختەبووە. ئێمە جگە لە خێری عموومی و بەرژەوەندیە بەرزەکانی میللەتی کورد شتێکی دیکەمان نەویستوە و ناوێ. دڵنیام ڕێبەری ئێمە هەر بە حوکمی ئەو مەسئولیەتە گەورە کە لەسەر شانیەتی، بە حوکمی ئەوە کە بۆ خۆی لە جەرگەی ڕووداوەکان دایە، بە حوکمی ئەو پێوەندیە بەرینەی کە لە گەڵ خەڵک و دۆستان و دڵسۆزانی حیزب هەیەتی لە هەموو کەس باشتر ئەو زەروورەتە هەستپێدەکا. حیزب و ڕێبەری ئێمە هەمیشە ئەو دلێرییە مەعنەوی و ئەو ئازایەتیە ئەخلاقیەی تێدا بووە کە بۆ ڕووبە ڕووبوونەوە لە گەڵ چاڵێنجە گەورەکان پێویستە. هەر شتێک بە قازانجی میللەت و بزووتنەوە بێت بە قازانجی ئێمەشە. هەر ئەوە گرنگنیە کە بە دووژمن بوێرین. ئەوەش گرنگە بە ئەهریمەنی نێو نەفسی خۆشمان بوێرین. لە تیۆلۆگی یا ئیلاهیات دا باسی جیهادی ئەکبەر دەکەن. جیهادی هەرە گەورە ئەوەیە لە گەڵ ئەژدیهای حەوت سەری نەفسی خۆت شەڕبکەی. ئێمەش دەبێت ئەوە بکەین. نابێ هەر لە دووژمن بترسین. دەبێت لە هەندێک ڕەفتار و هەڵسوکەوتی خۆشمان بترسین و لە گەڵیان دەستەویەخەبین. ئێمە دەست بەو مەوجانەوە دە گرین کە بەرەو ئایندەمان دەبەن. کەسێک بیەوێ لە ئۆسلۆوە بچێتە ستۆکهۆلم، دەبێ قەتار یا فرۆکە یا ئوتوبووسی ستۆکهۆلم بگرێ.

ئێمە مەحکوم بەوەنین لەو وەزعەدا بمێنینەوە. مانەوە لەو وەزعەدا چارەنووسی ئێمە نیە. چارەنووسی ئێمە و سبەینێی ئێمە ژیان و خەباتە لە نێو میللەتی خۆمان لە کوردستانی ئێراندا. چارەنووسی ئێمە ئازادی و دیموکراسیە. کەواتە دەبێ هەر لە ئێستاوە خۆمان بۆ ژیان لە ئازادی و دێموکراسیدا ئامادەکەین . ئاخر ئێمە پێشمەرگەی ڕێگای ئازادی و دێموکڕاسین. کەواتە دەبێ دەستی برایەتی و هاوخەباتی بۆ یەکتر درێژکەین و بە دڵێکی پڕ لە هیواو بڕواوە بڕۆین بەرەو ئاسۆ، بەرەو ئاسۆی ڕوون. لەبیرمان بێت کە ڕاستە ئەو تونێڵە خەریکە دەگاتە کۆتایی، بەڵام دەبێ بزانیین ڕاست کار و هەڵسووڕانی جدی و ئەساسی ئێمە ئەو دەم دەست پێدەکا کە دەگەینە کۆتایی ئەو تونێلەی کە کاک سەعیدی نەمر پێشبینی کردبوو. کلیلی سەرکەوتنەکانمان لەو سندوقە سیحراویانەدایە کە خۆیان لەنێودڵی ئەو دەرفەتانەدا حەشارداوە کە لە مانگ و وەرز و ساڵەکانی داهاتوودا دێنە پێشمان. ئەگەر ئەو دەرفەتانە ڕاونەکەین و نەتوانین وەک قارەمانی نێو ئەفسانەکان کەڵک لەو ئیمکاناتانە وەرگرین کە بۆمان هەڵدەکەون و ئامادەییمان بۆ قۆزتنەوەیان نەبێت، ئەو سندوقانەمان بۆ ناگیرێن و لە ئاکامدا دەستیشمان بەو کلیلانە ڕاناگا کە دەرگای قەسری سەرکەوتنەکانمان بۆ دەخەنە سەرپشت.

ڕاست بۆ وەڵام دانەوە بەو وەزعەیە کە بەڕێز و تێکۆشەر کاک مستەفا هیجری، سکرتێری گشتی حیزب، ڕادەگەیەنێ کە بۆ ئامادەکردنی حیزب بۆ ڕووبەڕوو بوونەوە لە گەڵ ئەو قۆناخانەی کە لە پێشمانن، ئامادەیە، بۆ تەختکردنی کۆسپەکانی سەر ڕێی خەبات و دەستەبەرکردنی یەکڕیزیی هەموو تێکۆشەرانی دێموکڕات، بێ قەید و شەرت، هەموو هەنگاوێکی پێویست هەڵگرێ. ئەو لەو ڕێگایەوە دەیەوێ ئێسکە ماسی ئینشعاب لە گەرووی تەشکیلاتی حیزب بێنێتەدەر. ئەو دەیەوێ لەو ڕێگایەوە، دڕکی نالێکی لە پێی تەشکیلاتی حیزب دەرێنی تا بتوانێ باشتر بە ڕێ خەبا تدا بڕواتە پێش و چاکتر هەڵسوڕێ. دەیەوێ ئێش و ئازارەکانی ئەو دڕکە لە کۆڵ لەشی حیزب و تەنانەت بزووتنەوەش بکاتەوە تا چاکتر ئەرکەکانی راپەڕێنێ . لەوەش زیاتر دەیەوێ کاڵەی ئاسن لە پێێ حیزب بکا تا جارێکی تر قەت درووی دیکەی لەو چەشنە نە چەقێتە پێی و هەنگاوی چوونە پێشی پێ شل نەکا. بە جۆریک کە سڵەمینەوە لە کۆلکەی کێشە نێوخۆییەکان و بێلوتفی و تەنانەت ناحەقیەکانیش، بەسەر بەرازی ئینشیعابماندا نەخا. بەڕێز کاک مستەفای هیجری وەک سکرتێری حیزب هەر ئەو هەڵوێستەی لێ چاوەڕوان دەکرا، یانی ئەوە کە هەموو توانای خۆی بخاتە خزمەت بەهێزکردن و بەرەوپێشبردنی حیزب و مۆبیلیزەکردنی هەموو تواناکانی حیزب بە کاناڵێکی درووستدا. کاک مستەفا هاواردەکا کە با هەموومان بێین لە حیزبی خۆماندا پێکەوەبین و بە کۆنسێنسوس و کۆمپرۆمیس بگەین Consensus and compromise هەموو پرۆفیسۆرەکانی زانستی سیاسەت و ئیدارەی کێشەکان کۆکەیەوە بۆ چارەسەری ئەو کێشەیەی بەرۆکی ئێمەی گرتوە، ڕێگای لەوە ماقوڵتر و درووستریان پێ نیە. وەرن بۆ بڵند کردن و سەرخستنی باری ئەو پرۆژەیەی بەڕێزیان، لە جیاتی ئەوە کە تیر و توانجی ژاراوی تێگرین، با دەستباری دەگەڵ بگرین. نیلسۆن ماندێلاش لە وەزعێکی زۆر دژواردا، بە ئاگاهی لە هەموو ئەو مەترسیانەی لە سەر ڕێی بوون، هەموو دەستمایەو ئیعتبار و پرستیژی سیاسی خۆی کردە ئامراز و ئیرادەی بردنە پێشی پرۆسەی فۆرسونینگ و موساڵەحەی میللی. لەو پێناوەدا ناچاربوو کە عەداڵەتیش بکاتە قوربانیی موساڵەحە، یانی ڕیکۆنسولیەیشن Reconciliation . ماندێلا لە پرۆسەیەکی سەخت و دژواردا لەو کارە گەورەدا سەرکەوت و مەوقعیەتی خۆی وەک ڕێبەرێکی گەورەی مێژوویی و جێگای حیزبەکەشی واتە کۆنگرەی میللیی ئەفریقای لە نێو میللەتی خۆیدا بۆ هەتاهەتایە تەسبیت کرد. ئەو لەو ڕێگایەوە ئەفریقای جنوبیشی خستە سەر ڕێگای دێموکراسیەکی ڕوو لە گەشە و هەڵدان . لەوەش زیاتر مۆدێلێکی سەرکەوتوشی لە وەسەریەکخستنەوەی میللەتێک کە دەیان ساڵ ناکۆکی و تەبعیز و لێکهەڵاواردن هەڵبڕهەڵبڕی کردبوو، بە دونیا نیشاندا. مۆدێلێک کە ئەمڕۆ بۆتە سەرمەشق و میللەتانی دیکە بۆ مەڵهەم کردنی برینەکانی جەستەی خۆیان وەک دەرمان بەکاری دێنن. دیارە ڕێگای موساڵەحە لە لای ئێمە بەو ئەندازەیەی لە پێش ماندێلادا بوو، سەخت نیە. لای ئێمە تەنیا پێویستی بە وەیە کە هەموو مان خۆمان بدەینە بەر نەشتەرگەری ڕەخنە و بە خۆدا چوونەوە و خۆ هەڵسەنگدانەوە، دوکتۆر قاسملوو جارێک وتی عەمەلی جەراحی ئازاری هەیە بەڵام پێویستە بۆ مانەوەو درێژەکێشانی ژیان . بۆیە خۆدانە بەر نەشتەرگەریی بەخۆداچونەوە، بۆ خەباتگێڕان هەر هەمیشە شتێکی پێویستبووە، تەنانەت ئەگەر بۆ ماوەیەک ئازاریشی پێوەبێت. ئەسڵەن دەبێ ئەوە بکەینە وەرزشێکی حیزبی و تەشکیلاتی و بچێتە نێو بەرنامەی کار و ژیانی خەباتگێرانەمان و لەسەر خۆمانی پیادەبکەین تا ساخ و سڵامەت و موقاوم و بە ڕووحیە و شاد و سەری حاڵ بمێنینەوە. ئەو دیواری بە ناو بەرلینە بە یەک تەکانی لوتی بێڵی بۆڵدزێری ئیرادەی خەباتگێرانەمان دەڕووخێ. سەرتاسەری تەجروبەی سیاسەت و گەشەکردنی زانستی سیاسەت لە ماوەی چەند سەدەدا لە ئوروپا کە پێشرەوی فکری بەشەریەتە، لە دوو زاراوەی سیاسیدا پوختە دەبێتەوە. ئەو دوو مەقولە سیاسیەش بریتین لە کۆمپرۆمیس و کۆنسێنسوس، یانی سازش و هاوڕاهی. ئەسڵەن دێموکڕاسی چوارچێوەیەکە بۆ پیادەکردنی ئەو دوو مەفهومە. هیچ ڕێی دیکە نیە. لە هەرجێ یەک ئەمن هەموو خواستەکانم جێبەجێ بوون، ئەوە بەو مانایە یە کە دێموکڕاسی لێ نیە. ئەوە بۆ ئێمەش لەو وەزعەدا هەر ڕاستە. لە لایەکی دیکەشەوە وەک بەڕێز و تێکۆشەر، کاک حەسەنی شەرەفی وتی خەڵکی کوردستان و هەموو جەماوەری حیزب، خوازیاری ئەوەن حیزبی دێموکرات گەورە و بەرین و یەکریزبێ . بەڕێزیان ڕاست دەفەرموێ، خەڵک دوو حیزبی دێموکراتیان بە دوو ناوی نەک هەر وەک یەک یا نزیک لەیەک بەڵکوو بە دوو ناوی جیاوازەوەش ناوێن. ئەوان خوازیاری ئەوەن تێکۆشەرانی ئەو حیزبە پێکەوە، وەک هەمیشە لە ژێر ناو و دیسپلینی حیزبی دێموکڕاتی کوردستانی ئێراندا کار و خەبات بکەن. بانگەوازی ڕێبەری حیزبیش ڕاست بەو جهەتەدایە. بە بڕوای من ئەو بۆ چوونەی دەڵێ باموافەقەت لەسەر ئەوەبکەین کە ناتوانین بە تەوافوق بگەین، کە ئەوەش جۆرێک تەوافوقە، هیچ لە دەردەکە چارەسەر ناکا. چوونکە ئێسکە ماسیەکە لە گەرووی تەشکیلات و بزووتنەوە دەرناهێنێ، چقڵەکە لە پێی حیزب دەرناهێنێ. ئەو ڕێگایە لەو زستانی ساردوسڕی ئینشیعابەدا، لە باشترین حاڵەتدا، تەنیا دەمانباتە بەربەرۆچکەی دیواری ئارەزووی یەک گرتنەوە. لەوێش دەبێ دڵمان بەوە خۆشکەین چیلکان دە عەرزی وەژەنین، باسی جیاوازیەکانمان بکەین و ماددان بۆ یەکتر ڕیزکەین و پاکانە بۆ بەدەستی خۆ خۆڵ بەسەریخۆداکردنی دەستەجەمعیماندا بکەین. ئاخر ڕوونە کە هەورە تریشقە لە ئاسمانی ساودا ڕوونادا. هەر بۆیە بانگەوازی بەڕێز و تێکۆشەر سکرتێری حیزب تاقە ئەڵتەرناتیوە کە بە قازانجی حیزب و بزووتنەوە تەواوبێ. واتە کارکردن بۆ دابینکردنی یەکریزیی تێکۆشەرانی دێموکڕات لە کوردستانی ئێران، لە چوارچێوەی تەشکیلاتی حیزبی دێموکڕاتی کوردستانی ئێراندا. کەواتە باس کردن و دانیشتن بە مەبەستی ڕێککەوتن لەسەر ئەوە کە ناتونین پێکەوە ڕێککەوین هیچ هونەر نیە. هونەر ئەوەیە قبووڵ بکەین کە دەبێت لە ڕیزی حیزبی خۆماندا پێکەوە بین، جا دوایە هەموو قسە پێویستەکان و تەنانەت قسە ڕەقەکەکانیش بکەین. تەنیا لە وەزعێکی ئاوادایە کە ترس و نیگەرانیەکانی خۆمان و خەڵکی کوردستان دەبنە قاقای پێکەنین. مەگەر ئەوەنیە میللەت دەیەوێ هەموو ئەوانەی خۆیان بە تێکۆشەری دێموکڕات دەزانن وەک هەمیشە لە ڕیزی حیزبی خۆیاندا پێکەوە کار بکەن و لە یەک سەنگەر دابن. گەلۆ با هەوڵدەین لە حیزبی خۆماند بگەینە کۆمپرۆمیس و کۆنسێنسوس. ئەوە ڕێگا درووستەکەیە. ئەو ڕێگایە ئەگەر زەحمەت و پڕ هەوراز و نشێویش بێ، چونکە دەمانباتە مەقسەد، نابێ سێودووی لێبکەین. تەنیا شۆفیرێک کە تابلۆ نەناسێ یا چاوی نەبینێ، ڕوو دە جادەیەک دەکا کە تابلۆی بنبەستی بۆ دانرابێ.

با ئەوەش بڵێین کە ڕاستە نابێ لە خۆمان ڕازیبین و نابێ بەو وەزعە ڕازیبین کە تێیداین. چونکە ئەگەر لە خۆمان ڕازیبین ئیدی توانای چوونە پێشمان نامێنی. بێ ئەوەی بمەوێ پاکانە بۆخۆمان بکەم، دەبێ بڵێم دەستیشمان هێندە خاڵی نیە. ڕاستە حزووری چەکداریمان لە کێوەکانی کوردستانی ئێراندا نیە. بەڵام حزووری سیاسی، کۆمەڵایەتی و مەعنەوی حیزبی ئێمە لە نێو کۆمەڵانی خەلکی کوردستاندا و لە تێکۆشان وخەبات و ژیانی ڕۆژانەیاندا واقعیەتێکی بەڵگەنەویستە. جگە لەوە ئێستا سەرتاسەری دونیامان کردۆتە مەیدانی خەبات و تێکۆشان. هیچ میتۆد و شێوەیەک لە خەبات شکنابەین کە ئیمکانی هەبێ و ئێمە بەرێوەی نەبەین . کێ لە ئێمە باشتری خەباتکردوە یا پتر خەبات دەکا و ئامادەیی زۆرتری بۆ قۆزتنەوەی دەرفەتەکان و چونەسەر پشتی شەپۆلە گەورەکان هەیە. ئەوە هەلپەرستی نیە. ڕاست دەبێ هەروابکەین. حازر و ئامادە و تەییار بین و یەکچاو بکەینە هەزار چاو تا ئەگەر شەپۆلەکان هاتن سواریان بین و بە قازانجی میللەت و سیاسەتەکانمان کەڵکیان لێوەرگرین. ئەسڵەن مەبەست لە کاری حیزبی و تەشکیلاتی ڕاست ئەوەیە. لە سیاسەتدا هەموو شتێک هەر ئەوە نیە کە تۆ چۆن حەرەکەت دەکەی. بەشێکی زۆریش پێوەندی بەوە هەیە کە دوژمن چۆن حەرەکەت دەکا. خۆ ئەو وەزعە کە لە کوردستانی عێراق هەیە هەمووی هەر ئاکامی چۆنیەتی حەرەکەتی هێزە خەباتگێرەکانی کورد لەو بە شەی کوردستاندا نیە. بەشێکی زۆری ئاکامی چۆنیەتی سیاسەتەکانی حکومەتی پێشووی عێراقە. بەڵام ئەگەر ئەوان لە مەیدان دانەبوایەن و ئامادەگی و لێوەشاوەیی و پوختەگی ئەوەیان نەبوایە تا سواری شەپۆلە گەورەکان بن، ئەو دەسکەوتانەی ئەمرۆ هاتوونەدی، بە خەونیش نەماندەدیتن. مەبەستم ئەوەیە کە دیفیتیزم و ئاشبەتاڵ لە قاموسی حیزبی ئێمە دانیە و بە ئایندەی خەباتی خۆمان و میللەتی خۆمان ئومێدەوار و دڵگەرمین و دڵنیایین ئەو هەموو خوێن و فرمێسکە بە فیرۆناچێ. بەڵام دەبێت تێکۆشین میراتگرێکی لێوەشاوە و مەسئول و و شایستەی ئەو سەرمایە مەعنەویە گەورەبین کە نەسلەکانی پێشووی حیزب بۆمانیان بە جێ هێشتوە.

ئێمە شکەستمان نەخواردوە. شکەست و پاشەکشە دووجۆرە، سیاسی و تاریخی. شکەستی تاریخی ئەوەیە کە مەوزوعیەتت نەمێنێ و سیاسەت و بەرنامەو پەیامەکەت بێ ڕەبت بێ. پاشەکشەی سیاسیش ئەوەیە لە بارودۆخێکی سیاسیی تایبەتیدا، بە هۆی ئەوزاع و ئەحواڵی زاڵ، وەک پێویست مەیدانی هەڵسووڕانت نە بێت. کەس نیە نەزانێ کە حیزبی ئێمەو سیاسەتەکانی ئەمرۆ لە هەموو کاتێکی تر پتر مەوزووعیەت و ڕەبتیان بە کوردستانی ئێران و ئێرانەوە هەیە. ئەمرۆ پایەگای سیاسی و جەماوەری و کۆمەڵایەتی حیزبی ئێمە لە نێو میللەتی خۆماندا لە هەمیشە بە هێزترە. ئەوەیتر کە ئەوزاع و ئەحواڵی سیاسیە کاتیە و ئاڵوگۆڕی بەسەرداد‌ێ. ناکرێ حیزب و ڕێبەری حیزب لە بابەت ئەوەوە سەرزەنشت بکەین کە وەزعی ناوچەیی و نێونەتەوەیی لە دەرەوەی کۆنترۆڵی ئەواندایە. زەمان و ڕەوتی مێژوو بە قازانجی ئێمەو بزووتنەوەکەمان دەڕواتە پێش. لەو شەڕوبەربەرەکانی و ململانێ یەدا سەرەنجام ئێمەین دەیبەینەوە. هیتلەر لە شەڕی دووهەمی جیهانیدا لە هەموو جەبهەکادا لە پێشڕەوی دابوو. بەڵام سەرەنجامی شەڕەکەی دۆڕاند. با ئێمەش لە هەندێک سەنگەردا ناچار بە پاشەکشە ببین، وەک ڕۆژێم لێ ڕوونە، سەرەنجامی ئەو شەرە بە قازانجی ئێمە تەواو دەبێ. بەڵام دەبێ نەبەزین و لە مەیدان دابین و شایستەگی ئەوەشمان هەبێت دەسکەوتە سیاسەکانی کۆتایی ئەو شەڕە بقۆزینەوە و بیانکەینە سەکۆی هەڵدانی موشەکی حیزب و بزووتنەوە بۆ ئەو شوێنەی کە دەمانەوێ میللەتەکامانی بەرینێ، یانی ئیرانێکی دێموکڕاتی و فیدڕاڵ.

ئێمە حیزبێکی ئێرانی و کوردستانیشین. هەم ئێران و هەم کوردستانیش دوو مەسەلەی ئاکتوێلێ دونیاو ناوچەن. ئێمە لە هەردوو مەیداندا دەتوانین ئەسپی خۆمان لینگدەین. کەواتە مەیدانی کار و مانۆڕدانی حیزبی ئێمە بەرینە و دەبێ خۆمان بۆ مەلە لەو دەریا گەورەدا ئامادەکەین. بەڵام دەبێ مەلەوانێکی لێوەشاوەبین. لێرەدا شتێک گرینگە کە قەت نابێ لەبیری بکەین. ئەویش ئەوەیە کە سەرەڕای ئەوەی کەدەبێ هەم لە ئاستی کێشەی کورد دا بەگشتی و هەم لە پێوەندیی لە گەڵ وەزعی سەرانسەریی ئێراندا لە سەر هەستبین و هەڵسووڕ و فاکتۆربین. بۆ؟ بۆ برنەپێشی مەسەلەی کورد لە کوردستانی ئێران. قەت نابێ ڕازیبین بەوە کە خۆمان و بزووتنەوەی کورد لە کوردستانی ئێران بکەینە تەداروکاتچی بزووتنەوەی سەرانسەریی ئێران یا بزووتنەوەی کورد لە بەشەکانی دیکەی کوردستان. ڕیسالەت و ئەرکی ئێمە بریتیە لە بردنەپێشی کەیسی کورد لە کوردستانی ئێران. هاتنەدەرمان لە شوڕای میللی مقاوەمەت و کار و تێکۆشانی دوکتۆر قاسملوو بۆ هێنانەدەری حیزب لە ژێر هێژمۆنی حیزبی توودەو هەیمەنەی جەریاناتی دیکەی کوردستانی و هەوڵەکانی حیزب لە کۆنگرەی سێدا لەو بارەوە، هەموو بۆ ئەومەبەستە بوون و ئەوەیە هەویەت و هەیبەتی داوە بە حیزبی ئێمە.

بناخە تیئوریەکان و ڕوانگە و بیروبۆچوونە سیاسیەکانی حیزبی ئێمە هاوچەرخ و ئەمرۆیین. ئەوە هەوێنی قوەتی ئێمەن وەک هێزێکی سیاسی و جەماوەری. بەڵام نابێ هەربەوە ڕازیبین. دەبێ ڕەفتاری سیاسیشمان هاوچەرخ و ئەمرۆیی بێ. دەبێت لەو بارەوە ئینزیباتێکی توند لە سەرخۆمان بەرێوەبەرین وەرزشێکی بەردەوام بکەین. دەبێ چ لە پەلامار و چ لە دیفاع دا بە شێوەیەکی هەڵسەنگێنراو عەمەل بکەین و مەعقول و ئوسوڵی بجوڵێینەوە بە جۆرێک کە شیاوی حیزبی ئێمە بێ. نابێ ڕێگا بە خۆمان بدەین لە کورە دەرچین. نابێ دەریچە یانی زمانەی دڵنیایی مەنجەڵی سۆز و ئیحساساتمان داخەین و دەبێ وشیاربین کە پێویستە هەمیشە کراوەبێت تا هەڵنەچێ. بە کوردی و بە کورتی دەبێ کار و خەبات و تێکۆشانی سیاسیمان موتەمەدنانەتر بکەین. چاوەندازی حیزبەکەمان بەرین و بەرینتر کەینەوە. ئەوە ئێمە لە زیادەڕۆیی دەگێرێتەوە. ناشهێڵێ بکەوینە ئەو چاڵانەی دوژمنان و ناحەزان بۆمان هەڵدەکەنن. لە پێداگۆگیدا دەوترێت کە ئەوە بیرەکانن لە مێشک و سەرماندا درووست دەبن و دواتر بە شکڵی قسە و ڕەفتار و کردەوە خۆیان نیشان دەدەن. کەواتە پێویستە ڕەفتار و قسە و کردارمان ئاوێنەی بیروباوەڕی سیاسیمان بێت. دیسکۆرسی ئێمە ئازادی و دێموکڕاسی و عەداڵەت و مافەکانی مرۆڤن، بەرخوردی سیاسیشمان دەبێ ڕەنگ دانەوەی ئەوە بێ.

نابێ قەت ئەوەمان لە بیرچێتەوە کە هەموو هەوڵ و خەبات و تێکۆشانی ئێمە ڕووی لە نێوخۆی کوردستانی ئیرانە. لە هەرکوێی ئەو دونیا پان و بەرینەدا کارێک دەکەین دەبێ بۆ خزمەت بە چوونەپێشی خەبات لە کوردستانی ئێران بێت . وجودمان، ڕابردوومان و ئێستاو ئایندەمان ئەوێ یە و ڕەگ و ڕیشەی ئێمە لەوێ یە. ئەو پرینسیپە لەو جەنگەڵی دەورانی ناشادیەماندا، دەبێ قیبلەنووما مان بێت. ئەو پرینسیپەمان خستە ژێرپێ، سەربەخۆی سیاسی و تەشکیلاتی خۆمان لە دەست داوە و دەبینە کلکەی کەسان و لایەنەکانی دیکە و حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران نامێنین. ئەودەمیش هەربەڕاستی نامێنین. ئەوە بۆ ئێمە خەتی سوورە و دەبێ هەرخەتی سورێش بمێنێتەوە. لەو هەموو ساڵە سەخت و دژوارانەدا کە بەسەر حیزب دا تێپەریون، ئەوەی حیزبی ئێمەی هێشتۆتەوە و نەی هێشتوە بێ ڕەبت بێ، ئەو سەربەخۆیی سیاسیی و تەشکیلاتیەیە. وەک دەزانین کەم واهەبووە هەل و مەرجی ئاسایی بۆ تێکۆشانی حیزبی ئێمە ئامادەبێت، بەڵام ئەو حیزبە هەروا ماوەتەوە. وەکدەڵێن دارێکەو بە جێی سەختەوە ڕواوە Resistance ئەوە لەبەر ئەوەیە ئیلهامی ژیان و خەباتی خۆی لە ژیان و خەباتی میللەتی خۆی لە کوردستانی ئێران وەرگرتوە. هەندێک منداڵ هیچ هەلومەرجێک بۆ ژیان و هەڵدانیان ئامادە نیە، زۆر چاکیش دەردەچن و لە کڵ دێنە دەر. ئەوە کە نۆرویژیەکان دەڵێن لۆڤەتان بارن.

سەرەنجام لەکاری حیزبی و تەشکیلاتیدا مەسەلەیەکی دیکەش زۆر گرنگە. ئەویش مەسەلەی کۆمیونیکاشیۆنە. چۆنیەتی دوان و قسەکردن و ڕاوێژکردن. بۆ ئەو مەبەستەش کراوەیی و

مەسئولیەت دوو کۆڵەکەی مەسەلەکەن. ئەسڵەن فەرهەنگی حیزبی و کولتوری حیزبی بەو کۆمیونیکاشیۆنە دە ناسرێتەوە کەهەمانە. ئەوە بەس نیە. بۆ ئەوەی کۆمیونیکاشیۆنێکی بە هێز و کاریگەر و سەرکەوتومان هەبێت، دەبێت لێوەشاوەیی زمانەوانی و ڕەوانبێژی و ئەدەبیمان هەبێت. ئەوەش پێویستی بەوەیە بە شێوەیەکی گشتی زمانی خۆمان چاک بزانین و بەگفت و لفت بین و لە هەمان کاتدا ئەدەبیاتێکی دەوڵەمەندی حیزبیشمان هەبێت. لەو بارەوە دەبێ بڵێم کە ئەدەبیاتی سیاسیی حیزبی ئێمە بە هێزەو بەڵام پێویستی بەوە هەیە دەوڵەمەندتر و هاوچارختر بکرێ. خزمەتی ئەدەبیاتی حیزب و دەوڵەمەندکردنی دەبێت وەک یەکێک لە ئەرکە گرنگەکانی ئێستاو داهاتوومان سەیربکەین. بەڵام لێوەشاوەیی لە کۆمیونیکاشیۆندا هەر بەوەندە تەواو نابێ. چەندە گرینگە کە چ دەڵێین و چۆنی دەڵێین، ئەوەندەش گرنگە کە چۆن گوێدەگرین و چەندە توانای گوێگرتن بۆ قسە و باسی دونیای دەوروبەر و کەسان و لایەنەکانی دیکە لە خۆمان نیشان دەدەین. باسم کرد کە حیزبی ئێمە لە حاڵی ئینتێرئەکشن دایە لەگەڵ دەوروبەری خۆی و کۆمەڵگای کوردستان و ئاکتۆرە سیاسیەکانی مەیدانەکە. چۆن دەبێ ڕیتۆریکی ئێمە ڕوو لە دەوروبەرمان بە هێزبێ، هەر بەو جۆرە ئانتێنی بیستن و وەرگرتن و خوێندنەوەی سیگناڵەکانی ئاسمانی سەرسەرمان و دنیای دەوروبەرمان دەبێ بە هیز و گەورەبێ. هەر ئەوە گرنگنیە گوێ بگرین، دەبێ توانای خوێندنەوە و وەرگێڕان و دەرک کردنی ئەو زانیارانەشمان هەبێت کە ئەنتێنەکانمان وەریان دەگرن. خوێندنەوەی تکنیکی خوێندنەوە نیە. من قوتابی ئەفغانی و فەلەستینیم هەن کوردی دەخوێننەوە بەڵام حاڵی نابن. خوێندنەوە بێ حاڵی بوون خوێندنەوە نیە. سێ جۆر خوێندنەوە هەیە. خوێندنەوەی دێڕەکان. خوێندنەوەی دێڕەکان و بۆشایی نێوانیان. هەروەها خوێندنەوەی دێڕەکان و بۆشاییەکانی نێوانیان و دیوی پشتەوەی دێڕەکانیش لە یەک کاتدا. خوێندنەوەی ئێمە دەبێ لەجۆری سێهەم بێت. لەوەش زیاتر ئێمە دەبێ توانای ئەوەمان هەبێت لە سەرەوەڕا بۆ خوارێ و لە خوارەوەش ڕا بۆ سەرێ مەتن بخوێنینەوە. ئەوەش لەبەر ئەوەیە کە ئێمە حیزبیکی میللی و بەرپرسین.

گوێ گرتن جۆرێک ئێمپاتیە و فێرمان دەکا بە عەینەکی کەسانی دیکەش جار جار تەماشای دونیا بکەین. دەبێ توانای ئەوەمان هەبێت کەوشی کەسانی دیکەش دەپێکەین. بۆئەوەی لە حاڵوئەحواڵی ئەوان تێبگەین. بەڵام دەبێ زوو کەوشەکانی خۆمان دەپێکەینەوە. مەبەستمان لە لە پێکردنی کەوشی کەسانی تر دەبێ تەنیا ئەوەبێ کە لە قسە و باسەکانیان و حاڵی ئەوان بگەین. بەوجۆرە توانای کۆمیونیکاشیۆنیکی باشمان تێدا پێک دێ. لە حالێکی ئاوادا کۆمیونیکاشیۆن دەبێتە مایەی سازندەگی و بنیاتنانی زۆرتر.

گوێگرتن و بیستن، پەنجەرە بە ڕووی نەسیمی بەهاری بیری تازە و شەماڵی ئیدەی نوێ بە سەر دونیای بیر و ئەندێشەماندا دەکەنەوە و ماناەمان لە لا درووست دەکەن. ئەوەش دەبێتە سیگناڵیک کە کەسانی دیکە حاڵی دەکات ئامادەیی گۆڕانمان تێدایە . بەوجۆرە دەچینە پێش. بۆیە ئێمە دەبێت توانای خۆمان بۆ کۆمیونیکاشیۆن بەرینەسەر و لێوەشاوەییەکانمان لەوبارەوە بخەینە ژێر پۆتێنس یانی توانی دە. بەو جۆرە دەتوانین لە عۆدەی ئەرکەکانمان بێینەدەر. ئێمە ئیفتیخاراتمان زۆرن. بەڵام ئایا ئیفتیخاراتی دیکەمان ناوێن؟ ئایا نابێ خشتی دیکە بخەینە سەر قەڵای شانازیەکانی حیزبەکەمان؟ کێ لە ئێمە خۆمان تێکۆشەرانی حیزب دەبێ لەو بارەوە پتر هەست بە مەسئولیەت بکا؟

ئایندەی حیزبی ئێمەو خەباتی میللەتی ئیمە زۆر ڕوونە. ئەو کەسانە دەتوانن لەو خەباتەدا و لە بنیاتنانی کۆشکی ئەو داهاتوەدا نەخشی زۆرتریان هەبێت کە ڕابردوو بەرچاویان نەگرێ وهەنگاویان پێ سست نەکا. ئەوانەی ڕابردوویان وەک بەرداش لە ملی خۆیان کردوە، بەزەحمەت دەتوانن لە گەڵ کاروانەکە بڕۆنە پێش و تەنیا تۆزوغوباری کاروانەکە ئەویش دووراو دوور دەبینن. ئاخر ئەو کاروانە دەڕواتە پێش. ڕابردوو ناوی خۆی لە سەرە و ڕابردوە و نە ئێستایە و نە سبەینێ یە و تەنیا بە کەڵکی دەرس لێوەرگرتن و لێ فێربوون دێت. ئەوە بەو مانایەش نیە کە ڕابردوو گرنگ نیە، ڕابردوو گرنگە بەڵام لە هەرحاڵدا دەبێ لێی تێپەڕین. نابێ لە ڕابردوودا وەمێنین. یانی ڕابردوو دەبێت ببێتە چرای ڕێ نیشاندەری ڕێگای ڕۆیشتن بەرەو داهاتوو.

لەو پرۆسەیەدا تەشکیلاتی دەرەوەش بە گشتی و تێکۆشەرانی حیزب لە دەرەوەش دەتوانن نەخشێکی کاریگەریان هەبێت. ڕاستە ئێمە لە ئەسڵی مەیدانەکە دوورین، بەڵام ئەگەر چاک بە قازانجی حیزب و میللەتەکامان کاربکەین، دەتوانین ڕۆڵی خۆمان بگێڕین. لە شەڕی کلاسیکدا تۆپخانە نەخشێکی چارەنووس سازی هەیە. بەڵام هەمیشەش لە پشتی جەبهەیە. لە شەڕێ پارتیزانیدا کە بۆخۆمان ئەزموونمان تێیدا هەیە، بیکەیسی چ لە هێرش و چ لە دیفاع و چ لە سەرکوێرکردنی هێزی دووژمندا ڕۆڵێکی بنەرەتی هەبوو. کەچی هەمیشەش لە پشتی جەبهەوە کاری دەکرد. لەبیرمە پێشمەرگەکان ئەو پێشمەرگەیەیان زۆر خۆشدەویست کە بیکەیسی پێ بوو. ئاخر دەیان زانی لە کار و خەباتی ئەواندا چ دەورێکی گرنگ دەگێڕی. مەیدانی کاروو تێکۆشانی ئێمەش لە دەرەوە گەورەیە، دەتوانین بیرووڕای گشتی لەوەزعی میللەتەکەمان ئاگادارکەین، پێوەندی لە گەڵ ناوەندە سیاسی و دیپلۆماسیەکان بگرین، دۆست بۆ خەباتەکەمان پەیداکەین، بنووسین، وەرگێڕین، پووڵ کۆکەینەوە، موئەسەساتی جۆراوجۆر بۆ بزووتنەوە درووستکەین، کاری تیئوریک لەسەر بزووتنەوە و داخوازەکانی کورد بکەین. خۆمان بەرینە پێش، شێوە و میتۆدی نوێ و هاوچەرخ بۆ کار و خەبات بێنینە نێو حیزب و بزووتنەوەی کورد. کاک دوکتۆر سەعید وتارێکی هەیە بە ناوی چ زۆرە بۆ خەبات ڕێگا. ئەوە بۆ ئێمە تەشکیلاتی دەرەوەی وڵاتی حیزبیش هەر ڕاستە.

کورت و موختەسەر پێویستە هەموو ئۆرگانەکانی حیزب و هەموو تێکۆشەرانی حیزب، هەرکەس لە جێگای خۆیانەوە ببنە ماتۆرێکی پێشکەوتنی حیزب. ئەگەر هەموو ماتۆرەکان چاک کاربکەن و هەڵسوڕێن، کۆمەگی زۆرمان بە ماتۆڕی ڕێبەریش کردوە و ئەویش باشتر هەڵدەسوڕێ. هەڵوسوڕانی ئەو هەموو ماتۆڕانەش پێکەوە و لە خزمەتی یەکتری دا، حیزب دەباتە پێش. با تێکۆشین هەموو ماتۆڕەکانی حیزب هەڵکەین، وەگەڕیانخەین، سێرڤیسیان دەینێ و بیانخەینە خزمەتی یەکتر. ئەودەم حیزبەکەشمان باشتر دەتوانێ ئەو ئەرکانە ڕاپەڕێنێ کە مێژوو خستوونیتە سەر شانی دەبێتە لۆکۆمۆتیڤی بزووتنەوەی میللی دێموکڕاتی کوردستانی ئێران. لۆکۆمۆتیڤ دووتایبەتنەندی هەن. یەکەم ئەوەکە هەمیشە لە پێشەوەیەو دووهەمیش ئەوە کە هەمیشە بە قودرەتێکی زۆرەوە دەڕواتە پێش و ڤاگۆنەکانی دیکە بەدوای خۆیدا ڕادەکێشێ. حیزبی ئێمە بۆیە درووستبوە لۆکۆمۆتیڤی بزوتنەوەی میللی دێموکڕاتی کوردستانی ئێران بێت. لەوتراڤیکە سەنگین و ئاڵۆزەی وەزعی سیاسی ناوچەدا نەخشەی ڕێگای ئێمە بۆ چوونە پێش وەک ڕابردوو دەبێ هەر ئەوەبێ و هەموو کار و کردەوەیەکمان لەو جیهەتەدابێ. تا ئەو لۆکۆمۆتیڤە، یانی حیزبەکەمان، خۆی و بەدەنەو ڕێبەری و بەرنامەو سیاسەت و تاکتیک و ستراتیژیەکانی، ڕەبتیان بە کوردستانی ئێران و ویست و داخوازەکانی میللەتی کورد لە کوردستانی ئێرانەوە هەبیت، ئینێرژی پێویستی بۆ دابین دەبێ و ماتۆرەکەی توشی ڕاوەستان نابێت. ئاخر کۆمەڵگای کوردی لە کوردستانی ئێران لێوالێوە لە ئینێرژی بۆ خەبات و بەرخۆدان.

سوپاسی حەوسەلەتان دەکەم . ئەو باسە نە تەواوە و نە تەواویش دەبێ. وەک ویکیپیدیا وایە هەموو ئەنداماn و تێکۆشەرانی حیزب و دڵسۆزانی بزووتنەوە دەتوانن لێی لابەن و پێیەوە زیادکەن و کەموکوڕیەکانی بەر تەرەفکەن و قەراغانی تێکەنەوە و دەوڵەمەندی بکەن. منیش ئەگەر خەمی نان و کرێ خانوو وەختی بۆ هێشتمەوە، جارێکی دیکەش دەگەڕێمەوە سەر ئەو باسە. ئاخر reflection لە پڕاکسیسی خۆ دوان و باس لە کار و تێکۆشانی خۆ کردن، هەمیشە هەوڵدانێکە بۆ فێربوون و چوونە پێش . ئەو جۆرە کۆڕو کۆبوونەوانە، بۆ باس و

هەڵسەنگاندنی پراکسیسی خۆمان زۆر پێویستن. چونکە دەرفەتی ئەوەمان دەدەنێ تۆزێک لەخۆمان وەدوورکەوین و لە دوورڕا تەماشای خۆمان بکەین. مرۆڤ ئەگەر لەخۆی کەمێک دوورکەوتەوە و لە دوورەوەڕا تەماشای قەدوباڵای خۆی کرد، باشتر خۆی دەبینێ. باشتر عەیب و کەمووکوڕی و قووەت و سەرکەوتنەکانی خۆی دەبینێ. لە حالێکی ئاوادا ناچار بە میتاڕیفلێکشن دەبێ. یانی ناچار دەبێ لە گەڵ خۆی بکەوێتە دیالۆگ . کاک سەعیدی نەمر دەیگووت کۆمەڵە بۆمە خێروبەرەکەتە، ئەو باشتر کەموکوڕیەکانمان دەبینێ و باسیان دەکاو ئێمەش هاندەدا چارەسەریانکەین. ئێمە لە مەدرەسە فێربووین کە لە هەڵەکانمان فێربین. لە پڕاکسیسی کاری حیزبی و تێکۆشانی سیاسیشماندا هەر دەبێ فێربین. بەڵام فێربین بۆ چوونە پێشی زۆرتر. مەبەستمان لە خۆ هەڵسەنگاندن ئەوەیە کە بتوانین بڕۆینە پێشتر. نەک خۆ شکاندن و یەکتر فڕێدان و یەکتر شکاندن. لەوەش زیاتر ئەگەر زۆر باسی شانازی و سەرکەوتنەکانیشمان بکەین، ڕووحیەی ئەوەمان تێدا پێکدێ کە ئەو شانازی و سەرکەوتنانە دووبارەکەینەوە و لە حاڵێکی ئاوادا ئیحتیمالی تیکراربوونەوەی ئەوان زۆر زۆرتر دەبێ.
لە داهاتوویەکی نزیکدا حیزبەکەمان دەکەوێتە دەریایەکی گەورە و پڕ لە گێژاو و مەوجی بڵند، کە هەم مەترسی تێدان و هەم هەل و دەرفەتی مەزن، جێگایەک کە تا ئێستا پێیدا تێنەپەڕیوە. با دەسبکەین بەتەمرین و خۆ ڕاهێنان و خۆ ئامادەکردن بۆ ئەوەی حیزبەکەمان لەو دەریایەدا بتوانێ وەک کەشتیەوانێکی لێهاتوو، کەشتی بزووتنەوەی کوردستان بگەیەنێتە کەناری دوورگەی سەرکەوتن . ئاخر ئارەق و ماندووبوونی مەیدانی مەشق و تەدریب و تەمرین، لە خوین و فرمێسک و تەلەفاتی مەیدانێ شەڕێ کەمدەکاتەوە و شانسی سەرکەوتنیش زۆر دەباتە سەر. ئێمە بڕیارمانداوە لە و ململانێ یەدا سەرکەوین. ئەوجاریش دەیڵێمەوە من لە خۆمان نائومێدنیم.

هەر سەرکەوتوبن لە خزمەت بە گەل و حیزبە کەماندا

ڕێکەوتی : ٩ی ژانوییەی ٢٠١٢

## بانگەوازی ستراسبۆرگ یەکەمین کۆنگرەی جیهانیی بۆ هەڵوەشاندنەوەی سزای ئیعدام! چەند قسەیەکی پێویست

مێژووی سزای ئیعدام بە ئەندازەی مێژووی خودی مرۆڤ کۆنە. هەر لەو ڕۆژەوە کە مرۆڤ ئاگری دۆزیەوە، ئەوەش فێربوو کە چۆن هاوڕەگەزی نەیار و موخالیفی خۆی بسوتێنێ. کاتێکیش کە لە گیاوگۆڵ و خوری، گوریس و پەتکی دروستکرد، بۆ لە قەنارەدان و هەڵواسینی هاوچەشنی خۆی بە کاری هێنا. ئەو کاتەش کە ئاسنی دۆزیەوە، هەوەڵین کاری ئەوەبوو کە بۆ هەڵبرینی گەرووی هاونەوعی خۆی تیغ و چەقۆی لێ دروستکا. سەرەنجام لە سەردەمی باڕووتدا، مرۆڤ فێربوو کە بەڕیز داری ئیعدام بچەقێنێ، بۆ ئەوەی سینگی ئەو کەسانە کە بە ئیعدام مەحکووم کراون لە دارەکان شەتەکدراون، بداتە بەر دەسرێژی گوللە.
مێژووی مرۆڤ لە ڕەوتی چوونە پێشی خۆی دا گەیشتۆتە جێگایەک کە ئێستا خوازیاری هەڵوەشاندنەوەی سزای ئیعدامە. چۆن داخوازی هەڵوەشاندنەوەی کۆیلەتی هەڵوەشاندنەوەی ئاپارتاید بە ئاکام گەیشت و ئێستا دەبینین هەم کۆیلەتی و هەم ئاپارتاید بەڕەسمی هەڵوەشاوە ڕاگەیەنراون و قەدەغەن، ئاواش هەڵوەشانەوەی سزای ئیعدام جێ بەجێ دەبێ و سەردەگرێ.
ئینسان لە سەردەمی ئێستادا بەو پلەیە لە تێگەیشتن و شعور گەیشتوە کە لەوە حاڵی بێ مافی ژیان، یەکێک لە سەرەتاییترین مافەکانی مرۆڤەو بۆ دابین و دەستەبەرکردنی ئەومافەش جگە لە هەڵوەشانەوەی هەرشتێک کە ئەو مافە بخاتە ژێرپێ و مەترسیەوە، ڕێگایەکی دیکە لە گۆڕێ دانیە.
ئەگەر لە چەرخی ڕابردوودا بەیاننامەی جیهانیی مافەکانی مرۆڤ ڕاگەیەنرا، پێویستە لەم چەرخەدا ئەو مافانە بەگشتی و مافی ژیان بە تایبەتی بۆ هەموو ئینسانەکان لە ئاستی جیهانیدا سەرلەنوێ پەسند بکرێنەوە. بەواتایەکی دیکە، پاش پەسندکرانی بەیاننامەی جیهانی مافی مرۆڤ لە قەرنی رابردوودا، زۆربەی وڵاتەکانی ئەندامی ڕێکخراوی نەتەوەیەکگرتوەکان، ئێستا لەگەڵ بزووتنەوەی هەڵوەشانەوەی سزای ئیعدام کەوتوون. ئەوە بە سەرکەوتنی عەداڵەت بەسەر تۆڵەدا لە قەڵەم دەدرێ.
لە درێژەی چوونەپێش و گەشەکردنی بزووتنەوەی هەڵوەشانەوەی سزای ئیعدامدا، ئێستا یەکێک لە پێشمەرجەکانی چوونە نێو یەکیەتی ئورڕپا، بریتیە لە هەڵوەشاندنەوەی سزای ئیعدام. لەسەر ئەو بناخەیە، یەکەمین کۆنگرەی جیهانیی هەڵوەشانەوەی سزای ئیعدام لە ڕێکەوتی ٢١ی ژوئێنی ساڵی ٢٠٠١ لە شاری ستراسبۆرگی فەڕانسەدا پێکهات. لەو کۆنگریەدا نوێنەرانی کۆڕوکۆمەڵە نێونەتەوەییەکانی لایەنگر و پارێزەری مافەکانی مرۆڤ، ژمارەیەکی زۆر لە مافناسان، نوسەران و کۆمەڵناسان و کەسوکاری قوربانیانی ئیعدام لە سەرانسەری جیهانەوە، بە مەبەستی باس و لیکۆڵینەوە سەبارەت بە سزای ئیعدام، لە دەوری یەک کۆبوونەوە. بەرهەمی کاری یەکەمین کۆنگرەی جیهانیی هەڵووەشانەوەی سزای ئیعدام، بریتیە لە پەسندکرانی بڕیارنامەیەک کە بە بانگەوازی ستراسبۆرگ ناوی دەرکردوە. پەسندکرانی بانگەوازی ستڕاسبۆرگ بە هەنگاوێکی گرینگ بۆ گێڕانەوە و دابین و دەستەبەرکردنی مافەکانی مرۆڤ دادەنرێ.
هەر بۆیە بە پێویستم زانی تێکستی بانگەوازەکە بکەمە کوردی.

### بانگەوازی ستراسبۆرگ

یەکەمین کۆنگرەی جیهانیی بۆ هەڵوەشاندنەوەی سزای ئیعدام! !

ئێمە ئەو کەسانەی لە دژی سزای ئیعدامین، بە بۆنەی یەکەمین کۆنگرەی جیهانیی دژ بەسزای ئیعدام، کە لە ڕۆژەکانی ٢١ تا ٢٣ ی ژوئێنی ساڵی ٢٠٠١ دا، لە لایەن، ڕێکخراوی پێکەوە بۆ هەڵوەشاندنەوەی ئیعدام، لە شاری ستراسبۆرگ پێکهات، لە دەوری یەک کۆبوینەتەوە تا ڕاگەیەنین کە:
سزای ئیعدام هەمیشە بە مانای زاڵبوونی تۆڵە بەسەر عەداڵەتدایە و سەرەتاییترین مافی مرۆڤ کە مافی ژیانە دەخاتە ژێرپێ و بەرپەلامار.

هیچ کاتێک ئیعدام نەیتوانیوە پێش بە ڕوودانی تاوان بگرێ. سزای ئیعدام هەمیشە وەک ئەشکەنجە، کردەوەیەکی لە ڕادەبەدەر دڕندانەو ڕەفتارێکی نا ئینسانی چاوی لێکراوە. کۆمەڵگایەک کە ئیعدامی تێدا بەڕێوەدەچێ، بە نموونەی کۆمەڵگایەک دادەنرێ کە برەو بە توونڕوتیژی دەدا. هەر کۆمەڵگایەک کە ڕێز بۆ کەرامەت و پلەو پایەی مرۆڤەکان و خەڵک دابنێ، تێدەکۆشێ کە سزای ئیعدام هەڵوەشاوە ڕاگەیەنێ.

ئێمە بە خۆشحاڵییەوە ڕادەگەیەنین کە سەرۆکەکانی ئەنجومەنەکانی یاسادانان لە ئوروپادا، لە ڕۆژی ٢٢ی ژوئێنی ٢٠٠١ دا، بەڕەسمی و لە ئاستی جیهانیدا ڕایانگەیاند کە بەڕێوەبردنی ئیعدام ڕادەگرن. ئەوەش بە بڕیارێکی گرینگ لە پێوەندی لە گەڵ هەڵوەشانەوەی جیهانی سزای ئیعدامدا، دەژمێردرێ. ئێمە خوازیاری ئەوەین کە سزای ئیعدام لە ئاستی جیهانیدا هەڵوەشێتەوە.

بۆ ئەو مەبەستەش لە هەموو خەڵکی دنیا، حکومەتەکان و ڕێکخراوە نێونەتەوەییەکانمان دەوێ کە :

* دەوڵەتەکان یاساو قانوونی پێویست سەبارەت بە هەڵوەشانەوەی سزای ئیعدام پەسند بکەن و هەموو پەیماننامە نێونەتەوەیی و ناوچەییەکانی پێوەندیدار بە هەڵوەشانەوەی سزای ئیعدام ئیمزابکەن.

* ئەو وڵاتانەی ئیعدام بەڕێوەدەبەن، بەجێ یە، ئەوسزایە لە یاساکانی خۆیاندا وەلابەرن.

* ئەو وڵاتانەی حوکمی ئیعدام لەسەر کەسانێک بەڕێوەدەبەن کە لە کاتی ئەنجامدانی تاوانەکاندا، لە خوار تەمەنی قانوونییەوە بوون، دەبێ لە ڕیزی ئەو وڵاتانەدا لە قەڵەم بدرێن کە بە شێوەیەکی زەق و ئاشکرا مافەکانی مرۆڤ پێشێل دەکرێن.

* کەسانێک کە گیرۆدەی نەخۆشیە ڕەوانییەکانن، نابێ سزای مەرگیان بەسەردا بسەپێ و حوکمی ئعدامیان لەسەر بەڕێوەبچێ.

* ئەو وڵاتانەی سزای ئیعدامیان قەدەغەکردوە، یان ئەو سزایە بەڕێوە نابەن، دەبێ لە دانەوەی تاوانباران بەو وڵاتانەی کە سزای مەرگ و ئیعدام بەڕێوەدەبەن، خۆ ببوێرن. تەنانەت ئەگەر ئەو وڵاتانە ئەوەش دەستەبەر بکەن کە تاوانبار ئیعدام ناکرێ.

* هەموو دەوڵەتەکان لە سەریانە بە شێوەیەکی بەردەوام و ڕێکوپێک، زانیاری سەبارەت بەو کەسانەی بە سزای مەرگ واتە ئیعدام مەحکووم کراون، هەلومەرجی ڕاگرتنیان لە زیندان داو چۆنیەتی بەڕێوەبردنی ئیعدام لە سەریان، زانیاری بڵاو بکەنەوە.

√ ئێمە پشتیوانی خۆمان لە شوڕای ئوروپا بۆ لێکۆڵینەوە و ڕاگەیشتن بە وەزعی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکاو ژاپۆن کە دەیانەوێ سزای ئیعدام بەڕیوەبەرن و لە هەمان کاتیشدا وەک چاودێر لە شوڕای ئوروپادا هەبن، دەردەبڕین.

√ ئێمە بە توندی داوا لە شوڕای ئوروپا و یەکیەتی ئوروپا دەکەین کە لە دەوڵەتەکانی تورکیە، ڕوسیە و ئەرمەنستانیان بوێ کە بۆ هەمیشە سزای ئیعدام، لە پێوەندی لە گەڵ هەرچەشنە تاوانێک دا هەڵوەشێننەوە و ڕەزامەندی خۆشیان بۆ تەخفیفی حوکمی مەرگ نیشان بدەن.

√ داوا لە یەکیەتی ئوروپا دەکەین کە تا وەدی هاتن و جێ بەجێ بوونی هەڵوەشانەوەی سزای ئیعدام، لە چوارچێوەی پێوەندیە نێونەتەوەییەکانی خۆی دا بۆ ئەو مەبەستە کاربکاو لەو ڕێگایەدا، دەست لە تێکۆشان هەڵنەگرێ.

√ لەبەر ڕووناکایی ئەو پێشنیارانەی کە لە سەرەوەدا باسیان لێکرا، ئێمە داواکاری تایبەتیمان لەیەک یەکی وڵاتانی دونیا لە پێوەندی لە گەڵ پشتیوانی کردن لە هەڵوەشاندنەوەی سزای ئیعدامدا هەیە.

√ بە ئەرکی سەرشانی خۆمانی دەزانین ئەنجومەنێک پێکبێنین کە ئەو هەوڵ و تێکۆشانانەی لە ئاستی نێو نەتەوەییدا بۆ دیاری کردنی ڕۆژێک وەک ڕۆژی جیهانی هەڵوەشانەوەی سزای ئیعدام لە گۆڕێدان، هاوئاهەنگ بکا.

√ داوا لە قازیەکان و پزیشکەکان دەکەین ئەوە پەسند بکەن کە بایەخی پیشەی ئەوان لە گەڵ سزای ئیعدام ناتەبایی هەیە. لە وەش زیاتر لە هەر جێگایەک و وڵاتێکدا کە هەن، بە توندی بە دژی سزای مەرگ و ئیعدام ڕاوەستن و دژایەتی بکەن.

√ ئێمە دەچینە ڕیزی ڕێکخراوەکانی وەک ڕێکخراوی لێبوردنی نێونەتەوەیی، فیدراسیۆنی نێونەتەوەیی مافی مرۆڤ و باقی ئەو ڕێکخراوانەی دیکە کە ئیمزایان بۆ هەڵوەشانەوەی سزای ئیعدام کۆکردۆتەوە. داواش لە هەموو لایەنگرانی هەڵوەشانەوە و قەدەغەبوونی سزای ئعدام دەکەین کە ڕەگەڵ ئەم بانگەوازە کەون.

√ ئێمە خوازیاری ڕاگرتنی دەستبەجێی حوکمی هەموو ئەو کەسانەین کە سزای ئیعدامیان بۆ بڕاوەتەوە و داوای هەڵوەشانەوەی سزای مەرگیش دەکەین.

لە کۆتایی دا، داوا لە تەواوی حکومەتەکان دەکەین کە لە هەر چەشنە هەنگاوێک کە بە مەبەستی قەدەغەکردنی سزای مەرگ و هەڵوەشانەوەی جیهانیی سزای ئیعدام، لە لایەن ڕێکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکانەوە بەڕێوە دەچێ، پشتیوانی بکەن.

ستراسبۆرگ فەڕانسە

سەرچاوە : http://www.nigawa.info/murarof/declaration_of_Strasbourg.htm

ڕێکەوتی : ٦ی ژانوییەی ٢٠١٢

# کوردستانی ئێران

کێشەی گەلی کورد لە کوردستانی ئێران بەشێکە لە کێشەی نەتەوەی کورد لە ڕۆژهەلاتی نێوەڕاستدا کە وەک نەتەوەیەکی بێ دەوڵەت نیشتمانەکەی واتە کوردستان بەسەر چوار وڵاتدا بێ ڕەزامەندی خۆی دابەش کراوە و لە هەرکام لەو وڵاتانەدا لە مافی دیاریکردنی چارەنوسی خۆی بێ بەشە. هەر بۆیەشە خەباتی گەلی کورد لە هەموو بەشەکانی کوردستاندا بۆ ئازادی و ڕزگاری لەستەمی نەتەوایەتی وەک یەکێک لە هۆکارە کاریگەرەکانی دێموڕاتیزەکردنی ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناڤین بە حیساب دێت.

گەلی کورد لە کوردستانی ئێران چ لە ڕابردوودا و چ لە هەلومەرجی ئێستادا، هەمیشە لە گەڵ سیاسەتی تەبعیز و هەڵاواردنی میللی، سیاسی، مەزهەبی و فەرهەنگی بەرەو ڕووبووە کە لەلایەن دەوڵەتی مەرکەزیەوە بەسەری دا سەپاوە. شوێنەوارەکانی ئەو سیاسەتە شوێنیستیە بە هەموو بوارەکانی ژیانی سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتی خەڵکی کوردستانەوە دیارن. لەباری ئابووریەوە کوردستان بە بەراورد لە گەڵ ناوچەکانی دیکەی ئێران و بە وەبەرچاوگرتنی سەر چاوە سروشتی و ئینسانیەکانی ئەو ناوچەیە، لە دوکەوتوویدا ڕاگیراوە . ئێستاش هیچ پرۆژەیەکی جدی بۆ سەنعەتی کردن و مۆدێرنیزەکردنی ئابووری و کشتوکاڵ و ئاژەڵداری لەو ناوچەیەدا لە گۆڕیدانیە. ئەو بوودجەیەی کە ساڵانە بۆ کوردستان تەرخاندەکرێ دەرسەدێکی زۆر کەم لە سەجەمی بودجەی گشتی وڵات و داهاتی نەتەوەیی پێکدێنێ. هەر بۆیە بێکاری و بەشمەینەتی و هەژاری و ئیعتیاد و دیاردە کۆمەڵایەتیەکانی دیکە لە کوردستاندا بێدا دەکەن. ئەوە لە کاتێکدایە کە کوردستانی ئێران لە هەموو بارێکەوە توانای ئەوەی هەیە ببێتە ئۆکۆنۆمیەکی گەورەو خەڵکەکەی لە ڕەفاە و سەعادەتدا بژین. ئەو وەزعە نالەبارە ئاکامی ڕاستەوخۆی ئەو ستەمە سیاسی و نەتەوەییەیە کە لە لایەن دەستەلاتدارانی تارانەوە بەسەر خەڵکی کوردستان دا سەپاوە و هەروا دێ و تووندتریش دەبێ. لەخۆڕانیە بێکاریەکی بەرین لە کووردستان و بەتایبەتی لە نێو لاواندا بەرچاودەکەوێ.

بڵاوبوونەوەی دیاردەی گیرۆدەبوون بە مادده هۆشبەرەکانیش، بەڵایەکی دیکەیە کە لە سێبەری سیاسەتی سەرکوت و زەبروزەنگی کۆماری ئیسلامیدا، بەرۆکی حەشیمەتی کوردستانی بەگشتی و توێژی لاوان بەتایبەتی گرتووە و ئاکامی ڕاستەوخۆی سیاسەتەکانی کاربەدەستانی ئەمنیەتی و پۆلیسی ڕێژیمە لە کوردستاندا. لە کاتێکدا خەڵک بۆ دابین بوونی پێداویستیە سەرەتاییەکانی ژیانی ڕۆژانە لە تەنگانەدان، مادده هۆشبەرە جۆراوجۆرەکان وەک نوقڵ و نەبات لە بازاڕەکاندا دەستاودەست دەکەن و بە ئاسانی وە دەست دەکەون. ئەوەش لە بەر ئەوەیە کە دەزگا سیاسی و ئەمنیەتیەکانی ڕێژیم لە کوردستان بۆخۆیان لە پشتی ئەو پیلانە گڵاوەن و وەک چەکێک بۆ سەرکوتکردنی لاوانی ئازادیخوازی کوردستان بەکاری دەهێنن.

لێک هەڵوەشانی بنەماڵەکان، هاتنەخواری ئاماری هاوسەرگیری و کۆچی لاوان بۆ دەرەوەی کوردستانی ئێران بە نیشانەیەکی دیکەی ئەو وەزعە سەخت و دژوارە دادەنرێن کە لە سێبەری کۆماری ئیسلامیدا خەڵکی کوردستان لەگەڵی بەرەوڕوویە.

لەباری سیاسیشەوە کوردستان لە ئاستی هەرەسەرەوەی دەوڵەتیدا بە چاویلکەی ئەمنیەتی و پۆلیسی تەماشای دەکرێ. هەر چەشنە تێکۆشانێکی سیاسی و چالاکیەکی حیزبی و ڕێکخراوەیی لە شاروگوندەکانی کوردستاندا قەدەخەیە و لە گەڵ سزایەکی قورس و گرتن و ڕاونان و تەنانەت شکەنجە و ئیعدام بەرەو ڕوودەبێ. لەوەش زیاتر تەنانەت چالاکانی بوارە فەرهەنگی و ئەدەبی و مەدەنیەکانیش بە توندی لە ژێر چاودێری دان و مەیدانی کارو هەڵسوڕانیان لێ بەربەست کراوە و ڕۆژنیە ژمارەیەک لەوان بۆ گرتووخانەکان ڕەوانە نەکرێن و لە لایەن دەزگا سەرکوتکەرەکانەوە ڕەپێچەک نەدرێن.

سەرەڕای هەموو ئەوانە، خەباتی ڕۆڵەکانی گەلی کورد لە کوردستانی ئێران بە شێوەیەکی بەرین لە هەموو ئاسەکاندا لە گۆڕیدایە. ئێستاش کوردستان هەروا بە سەنگەری دیفاع لە ئازادی ئێران بە حیساب دێ.

ڕادەیی وشیاری سیاسی و نەتەوەیی لە نێو ڕۆڵەکانی کوردستاندا و بە تایبەتی لە نێولاوان و خوێنکاران و نەسلی تازەی میللەتەکەماندا بە خۆشیەوە لە ئاستێکی بەرزدایە. کۆماری ئیسلامی لە کوردستاندا، تەنیا بە زەبری سەرەنێزەو سەرکوتی پۆلیسی و نیزامی و سیاسی خۆی ڕاگرتوە و هیچ پێگەیەکی جەماوەریی نیە. دەبێ بگوترێ لە هەموو مەیدانەکانی خەباتدا لاوانی کوڕوکچ ئالاهەڵگری خەبات و بەربەرەکانی و ئەوەش ئەرکی یەکیەتی لاوانی دێموکراتی کوردستانی ئێران بۆڕێکخستن و سازماندانی هەرچی زیاتری ئەوان لە داهاتوودا قورستر دەکا.

یەکیەتی لاوانی دێموکراتی کوردستانی ئێران جارێکی دیکە پێ لەسەر ئەوە دادەگرێتەوە کە کێشەی ئەسڵی ئەمڕۆ لە کوردستانی ئێراندا بریتیە لە هەبوونی ستەمی نەتەوایەتی و سیاسی لەسەر گەلی کوردو تا ئەو ستەم و هەلاواردنەش لە گۆڕێدا بێت، خەڵکی کوردستان هەروەک ڕابردوو، لە هەموو شێوەکانی خەبات و بەربەرەکانی بۆ دیفاع لە مان و مەوجودیەتی خۆی کەڵک وەردەگرێ. ئێمە لەو ڕێگایەدا تێدەکۆشین هەموو هێزوتواناکانی لاوانی کوردستان بۆ بردنەپێشی خەباتێکی بەرینی مەدەنی و جەماوەری مۆبیلیزەبکەین و بیکەینە هەوێنی هاوڕایی و پێکهێنانی هاوپێوەندی خەباتگێرانە لە نێو هەموو چینو توێژەکانی خەڵکی خەباتگێری کوردستاندا

# بابەت و نووسراوەکانی ساڵی ٢٠١١

## شەڕی شیعەو سوننی و ئێمەی کورد

یەکێک لە لایەنەکانی سیاسەتی کۆماری ئیسلامی لە عێراق ئەوەیە کە عێراق بکاتە مەیدانی پەرەپێدانی مەزهەبی شیعە. ڕاستیەکەی ئەوەیە کە ئەوە هەر لە هەوەڵەوە سیاسەتی کۆماری ئیسلامی بوە و وەک میراتێک لە سەفەویەکانەوە بۆی بەجێماوە. لەوەش زیاتر زۆرن ئەوانەی کۆماری ئیسلامی ئێران بە سەفەوی دووهەم دەزانن.

پینجسەد ساڵ لە مەوبەر سەفەویەکان بەزەبری سەرەنێزە و لە ڕێگای بەکارهێنانی ئەوپەڕی بێ ڕەحمی و زەبروزەنگ و خوێنرێژیەوە و بە هۆی بڵاوکردنەوەی خورافات و درۆ و کەڵەکبازیەوە، خەڵکی ئێرانیان، کە ئەودەم لەسەدا نەوەدیان سوننی بوون، کردن بە شیعە. ئەوان لەو کارەیاندا سەرکەوتوبوون. بە جۆرێک کە لە سەردەمی دەستەڵاتداریەتی دووسەد ساڵەی سەفەویەکاندا ئێران بە تەواوی بوو بە کۆمەڵگایەکی شیعە و کەوتە زەلکاوێکەوە کە تەنانەت پێشکەوتن و نوێسازیەکانی چەرخی بیستەمیش، نەیانتوانی ئەو وڵاتە و خەڵکەکەی لەو زەلکاوە دەربێنن. دواتریش پتر لە سێ دەیە لەمەوبەر جارێکی دیکەش لە دەورانێکی تازەتردا خەڵکی ئێران فریوی سەفەویەکانی زەمانەیان خوارد و کەوتنەوە ژێر چۆکی ئاخوندەکان. ئەوەتا ئەوە پتر لە سێ دەیەیە ڕێژیمی ئاخونی وەک دێوەزمە دەستی ناوەتە بینەقاقەی خەڵکی ئێران و خەریکە هەناسەیان لێدەبڕی.

دە بێ بگوترێ کە سەرکەوتنی سەفەویەکان لە بە شیعەکردنی ئێراندا بە نرخێکی گران تەواو بوو. هەندێک بەشی ئێران بە زۆری ناچار بە جیابوونەوە کران. بەشێکی بەرچاویش لە سونیەکانی ئێران بە مەیل و دڵخوازی خۆیان دەستیان لە ئێرانی بوونی خۆیان هەڵگرت. ئەوان نیشتیمانێکیان بە جێهێشت کە وەک دوژمن ڕەفتاری دەگەڵ دەکردن. بە ملیۆن ئێرانی یا لە بە شەکانی ڕۆژئاوای ئێرانەوە پەنایان بۆ دەوڵەتی عوسمانی برد و چاوەڕوان بوون لەو هەموو زووڵمە ڕزگاریان کا یا لە لای ڕۆژهەڵاتی ئێرانەوە ڕێی جیا بوونەوەیان گرتەبەر و چوونەدەر. قاجاریەکانیش، کە میراتی شیعەگەری سەفەویەکانیان، بە هەموو خوێنرێژی و گەندەڵی و خوراڧاتێکەوە، پێ گەیشتبوو، هەمان سیاسەتیان بردەپێش. بەمجۆرە برینی کێشەی نێوان شیعە و سوننی هەروا بە سەرئاواڵایی و سارێژنەکراویەوە مایەوە.

ئێستا کۆماری ئیسلامی ئێران جارێکی دیکە ئاڵای شیعەگەری سەفەویەکانی بەرزکردۆتەوە. ئێران و ناوچە کەوتوونەتە قۆناخێکی تازەی شەڕوکێشەی نێوان شیعەو سوننی. هیچ دوورنیە نرخی پەرەپێدانی شیعەگەری بۆ ئێران و بۆ ناوچە لەم قۆناخەشدا، زۆر گران تەواوبێت. ئەو تەنگەژە سیاسیەی ئەمرۆژانە هەڕەشە لە سەقامگیری و مەوجودیەتی عێراق و پرۆسەی دێموکڕاسی لەو وڵاتەدا دەکا، تەنیا گۆشەیەکی بچوکی ئەو شەڕو کێشەیە.

لە نێوخۆی ئێرانیشدا، ڕێژیم سیاسەتی بە شیعەکردنی ناوچە سوننی نشینەکانی وەک کوردستان، بەلوچستان، تالشستان و تورکمەنسەحرا، بە توندی و زۆر بێ بەزەییانە دەباتە پێش. لەو ناوچانەدا ڕێژیم لە هەموو ئیمکاناتی سیاسی و نیزامی و پۆلیسی و ئابووری و تەبلیغاتی خۆی بۆ پاڵەپەستۆ خستنە سەر خەڵک کەڵک وەردەگرێ. گرتن و کوشتن و ڕاونان و ئەشکەنجە لەو ناوچانەدا بێداد دەکا. ئەمە بۆتە هۆی ئەوە کە چ لە کوردستان و چ لە بەلوچستان خەڵک هاواریان لێ بەرزبێتەوە. سەدان هەزار سوننی مەزهەب لە تاران دەژین و مافی ئەوەیان نیە تەنانەت لە ڕۆژی جەژنی قوربان و ڕەمەزانیشدا، بە گوێرەی داب و نەریتەکانی خۆیان، نوێژی جەژن بکەن و ئەگەر لەو مافەی خۆشیان کەڵک وەرگرن بۆ ناوەندەکانی وەک کەهریزەک ڕەپێچەک دەدرێن. ڕاست وەک سەردەمی سەفەوی خەریکە مەزهەب لەئێران دەبێتە فاکتۆریکی کاریگەرو چارەنوس ساز لە سیاسەتی نێوخۆی و ناوچەیی و دەرەکی حکومەتدا.

بەو پێ یە کۆماری ئیسلامی بەو سیاسەتە پڕ ماجەراجوییەی خۆی و بە هەوڵدان بۆ وەدەستهێنانی هەندێک مەبەست کە نەک هەر لە توانای ئەودانین، بەڵکو دەکەونە دەرەوەی چوارچێوەی قازانج و بەرژەوەندیەکانی ئێرانیش، بەنزین بە ئاوری ململانی و ڕەقابەتێک دادەکا کە ڕەنگە ئاکامی چاوەڕوان نەکراوی تەنانەت بۆ ئێرانیش بەدواوەبن.

هەر ئێستا جەبهەیەکی سوننی لە بەرانبەر سیاسەتی شیعەگەری کۆماری ئیسلامی ئێراندا خەریکە درووست دەبێ. وڵاتان عەرەبی ناوچە، کە بەدەست سیاسەتی ئاژاوەگێرانەی کۆماری ئیسلامیەوە، ترسیان ڕێنیشتوە، خەریکی خۆ ڕێکخستن و پاڵوێکدانن. سعودیە و وڵاتانی دیکەی کەنداو، ئۆردۆن و میسر و جەزایر و تونس و مەڕاکیش و فەلەستین و لوبنان، هەموو دەکەونە ئەو جەبهەیەوە. عێراق کە لە مێژە بۆتە ئامانجی ئەو سیاسەتەی کۆماری ئیسلامی، ئێستا ئەمرۆژانە خەریکە دەبێتە مەیدانی ئەو شەڕە. پاش چوونەدەری هێزەکانی ئەمریکا لە عێراق، ئێران دەیەوێ هەرچی زووتر شوێن بە سونیەکانی ئەو وڵاتە لێژکا. لە فەلەستین کۆماری ئیسلامی حەماسی هەیە و لە لوبنانیش حیزبووڵا. لەسەر تاسەری ئەو ناوچەیەدا شەڕ لە نێوان سوننی و شیعەدا، بە وەسیلەی جۆراو جۆر لە گۆڕێدایە. خەرجی ئەوشەڕە لە گیرفانی خەڵکی ئێران دابین دەکرێ. کۆماری ئیسلامی لە ڕێگای تەبلیغاتی دژی یەهودی وفرۆفیشاڵی دژی ئیسرائیلیەوە و بە هۆی خەرجکردنی سەدان ملیۆن دۆلار لە خەزێنەی خەڵکی ئێران، دەیەوێ ببێتە قارەمانی دژی ئیسرائیل لە ناوچەکەدا. بەڵام هەر لە ئێستاوە دیارە کە سەری ڕێژیم وەبەردی واقعیەتە مێژوویی، سیاسی و کولتوریەکانی ناوچەکە دەکەوێ و سەرمایەگوزاریەکەی دەبێتە بڵقی سەر ئاو.

کۆماری ئیسلامی کە دەیەوێ لە ڕۆژهەلاتی ناڤیندا هێژمۆنی خۆی و شیعە، بەسەر وڵاتانی عەرەبی و سوننیەکانی ئەو وڵاتانە و تەنانەت کوردستان و تورکیەو پاکستان و ئەفغانستانیشدا بسەپێنێ، دۆڕاو دێتە دەر. ئاخر ئێران و گەلانی ئێران هیچ قازانجێکیان لە یارمەتیدان و سەرکردایەتی کردنی حەمماس و حیزبوڵاو سوریەو دارودەستەکانی دیکەی شیعە لە عێراق و ناوچەکەدا نیە. هەڵگیرساندنی شەڕی مەزهەبی لە عێراق و لە نێوبردنی ئەزمونی دێموکڕاسی لەو وڵاتەدا، بۆ گەلانی ناوچە بە گشتی و گەلانی عێراق بە تایبەتی و بۆ کۆمەڵگای نێو نەتەوەییش خەتی سورە و بە هیچ جۆر قبوڵ ناکرێ.

ئێمە خەڵکی کوردستان، چ لە کوردستانی ئێران و چ لە کوردستانی عێراق و چ لە تورکیەو چ لە سوریە، لە سەرمانە توشی ئەو داوە نەبین. کێشەی ئێمە کێشەیەکی نەتەوایەتیە. ڕاستە بە شێکی زۆر لە خەڵکی کوردستان سوننین و لە ژێر سیاسەتی پاکتاوکردنی مەزهەبیش دان، بەڵام مە سەلەی ئەسڵی لە کوردستان بە هەموو بەشەکانیەوە، لە گۆڕیدابوونی ستەمی نەتەوایەتی و سیاسیە. جگە لەوە بۆ بەربەرەکانی دەگەڵ ئاپارتایتی مەزهەبی و هەوڵی ڕێژیم بۆ بە شیعە کردنی خەڵکی سونیش لە کوردستان، دەبێ وریابین نە کەوینە کەمینی شەڕی مەزهەبی کوێر و داوی دارودەستە جۆراوجۆرە مەزهەبیەکانی وەک تالیبان و جوندوڵاو مۆدێلی دیکەی لەو چەشنە. تووندڕەوی مەزهەبی و دەمارگرژی ئایینی لە هەموو شێوەکانی خۆیدا دەبێ مەحکوم بکرێ.

خەبات بۆ ئازادی و لە نێوبردنی ستەم و چەوسانەوەیی نەتەوایەتی و تەبعیزی مەزهەبی و بێ بەشی و مەینەتبەشی لە کوردستان، ئەگەر لە ژێر درووشمی دێموکڕاسی و فیدراڵیزم و ڕگاری لە ستەمی میللی دا بێت، سەرکەوتنی نزیکترە و دونیاش باشتر پشتیوانی لێدەکات. چۆن مێژوو سەفەویەکانی قەدیمی خستە زبڵدانی مێژوو، هەر ئاواش ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی دەخاتە زبڵدانی مێژوو. داهاتووی ناوچ و ئێران و کوردستان، شتێک نیە جیا لە دێموکڕاسی و ئازادی. ئەوەتا شنەبای ئازادی و دێموکراسی لە ناوچەکەدا هەڵی کردوە و بێ گومان ئێران و کوردستانیش دەگرێتەوە. ئەوە خەیاڵ نیە و خۆشبینی عیلمیە.

ڕێکەوتی : ٣١ی دێسامبری ٢٠١١

## بڕیاری دەفتەری سیاسی،

١- فرۆشگایەکی گەورەی سوئێدی بە ناوی ئیکیا لە نزیک ماڵی ئێمەیە. پیاو حەق بڵێ سەری مارومێروی تێدایە و هەمیشەش جمەی دێت. نازانم ئەوە چیە ئەو خەڵکە هەر دەکڕن و دەکڕن. لێرە ئاسەوارێک لە قەیرانی ئابووری و گیروگرفتەکانی ناوچەی ئۆرۆ وەبەرچاوناکەون. منیش جارجار لە گەڵ سەر لەو سەنتەرە دەدەم ماوەیەک لەمەوبەر، ئێوارەیەک لە ئیکیا لە پڕ توشی دۆستێکی زۆر قەدیمی و هاوسەنگەرێکی دەورانی خەباتی سەختی پێشمەرگایەتی بووم. من دەمزانی ئەو دۆستە لە نۆروێژە. بەڵام نەمزانی بوو هاتۆتە ئۆسلۆ. هەر بۆیە حزووری زیهنیم نەبوو. ئەو دۆستە کاک خالید سوارە بوو لە گەڵ براژنە سوعدا. کاک خالید یەکێک لە کادرە تێکۆشەرەکانی کۆمیتەی ناوچەی بەربنە بوو. زۆر لە مێژبوو یەکترمان نەدیتبوو. دیارە لەگەڵ براژن زۆر لە مێژتریش بوو یەکتریمان نەدیتبوو. بە هەرحاڵ چاک و خۆشیەکی گەرممان کرد و پێک شادو شوکربوینەوە. سەیرەلە کوێ لێک دابڕاین و لە کوێ توشی یەک بوینەوە. بە خۆشیەوە ئێستا کاک خالید و خوشکە سوعدا، پاش دەیان ساڵ ژیانی هاوبەش و پێکەوەبوون خاوەنی پێنج منداڵی جوان و ژیکەڵەو ژیرن. شنە، شەهێن، شەوبۆ، ئومێد و . واتە لە ئاکامی پێوەندیی نێوان دوودڵی ئەواندا، پێنج دڵی هاوبەش درووست بوون. هیوادارم بەختەوەربن و لە ژێرسێبەری دایک و باوکیاندا گەورەبن .

٢- تازە کەوتبوینە قۆناخی شەڕی پارتیزانی. بە ناچاری هەندێک لە بنکەکانی خۆمانمان هێنابوونە بنارەکانی قەندیل و زستانان لەو بنارە دەماینەوە و ڕۆژ ژمێریمان دەکرد کەی بەفر بتوێتەوە و بڕۆینەوە ناوچە. ناوەندی سپی سەنگ یەکێک لە ناوەندە کارا و چالاکەکانی حیزب بوو و هێزی قەندیلیش یەکێک لە هێزە هەرە پۆڵاینەکانی پێشمەرگەی کوردستان بوو. بەڕاستی دوژمن زەندەقی لێ چوو بوو. بەوتەی کاک سەعیدی نەمر لە هێرشدا پڵنگ بوو و لە دیفاعیش دا وەک قەندیل سەخت بوو. واتە ناوی خۆی بەخۆیەوە بوو. هەر بەو هۆیەوە بنەماڵە و کەسوکاری پێشمەرگەکان لەو ناوچەیەش، وەک بنەماڵەو کەسوکاری پێشمەرگەکان لە هەموو کوردستاندا، لە ژێر فشاری جۆراوجۆری دام و دەزگا سەرکوتکەرەکانی ڕێژیم دابوون و بەسەدان پیلانیان بۆ وەڕێخستبوون. ئازار و ئەشکنجەی جۆراوجۆر، بێ حورمەتی و سوکایەتی، لێدان و پێدادان و ئیمزا پێکردن و سواری ماشێن کردن و بە خیابانانداگێڕان و دەرکردن و ڕاونان و بەرەڵاکردن لە سنورەکان و هەزاران پیلانی دیکەش.

دقیق وەبیرم نایە کە چ ساڵێک بوو ، لە بیرمە سەرەتای بەهار بوو ، پێشمەرگەکان لە حاڵی گەشت دابوون لە ناوچە. لە پڕ خەبەریان داینێ کە ڕێژیم پۆل پۆل ژن و منداڵی پێشمەرگەکان دەگرێ و خەریکە دەیان نێرێتە ناوچە سنوریەکان. بە خۆشیەوە خەڵک لە هەموو جێ یەک ژن و منداڵی پێشمەرگەکانیان داڵدە دەدان و دەیان شاردنەوە. یەکەمین پۆل لەو ژنومنداڵانە کە وەدەریان نابوون گەیشتبوونە سنوور. ئەو پۆلە بریتی بوون لە خوشکە پیرۆز، هاوسەری کادری بەوەجی ڕێبەرایەتی حیزب و فەرماندەی لێوەشاوە و قارەمانی هێزی قەندیل، کاک سەید ڕەسوڵی ئەحمەدی، براژنە فاتم ، هاوسەری بەڕێز کاک حاجی گوڵاوی فەرماندەی ئازا و تێکۆشەری لکی دووی هێزی قەندیل، براژنە ڕووحزا هاوسەری شەهیدی نەمر کاک حەسۆ عەلی پوور ، فەرماندەی بە زیبک و قارەمانی لکی یەکی هێزی قەندیل، براژنەسوعدا، هاوسەری کادری بەوەجی حیزب لە ناوچەی بەربنە و ئەندامی کۆمیتەی ناوچە ی بەربنە کاک خالید سوارە، براژنە ئایش خێزانی کاک محمەد ئەمین بایەزیدی، فەرماندەی ئازا و قارەمانی لکی چواری هێزی قەندیل و هاوسەری چەند تێکۆشەری دیکەی حیزبیش. سوپای پاسداران ئەوانی بە توێتا هێنابووە سنور و لەو نێو بەفر و سەرماو سۆڵەدا هەڵی ڕشتبوون و وڵات بەدەری کردبوون. بە داخەوە لە ئاکامی ئەو جینایەتەی کۆماری ئیسلامیدا ، کوڕە بچکۆلەکەی کاک محمەد ئەمین بایەزیدی بە هۆی کەوتنەخوار لەسەر ئەسپ، زەربەی گەورەی وەسەری کەوت و ساڵێک دواتر بوو بە قوربانی و سەرەنجام گیانی لە دەستدا و چوە نێو کاروانی شەهیدانی کوردستان. هەزاران سلاو لە گیانی پاکی سامانی جوانە مەرگ.

٣- سوپای پاسداران داوای کردبوو کە ئێوە ئەوانەی هاوسەری پێشمەرگەن، دەبێ بڕۆنە لای هاوسەرەکانتان و تەڵاقیان لێوەرگرن و داوای جیابوونەوە بکەن. لە غەیری ئەوەدا ئیجازەتان نیە بێنەوە و لێرە دانیشن. بەشێک لە هاوڕێیان گەیشتبوونە ئەو ئاکامە کەو هاوسەرە ئازیزەکانیان تەڵاق بدەن. ئەوان کە بە تەجەسومی ئیرادەی لە شکان نەهاتووی هێزی پێشمەرگە ناسرابوون و ناسراون ، پێیان لەسەر ئەوە دادەگرت کە ئەوکارە بکەن بۆ ئەوەی بە دوژمن نیشاندەن ئەو جۆرە پیلانانە زەڕەیەک کار لە ڕووحیەی خەباتگێرانەی ئەوان ناکات. لە بیرمە هاوڕێیانی فەرماندە هەموو یان لەسەر ئەو هەڵوێستە کۆکبوون. ئەو قسە ئێستا ڕەنگە بۆ خوێنەر تەنیا وەک بیرەوری گێرانەوە بێتە بەر چاو. مرۆڤ دەبێ پێشمەرگەبێ و ئامادەی قوربانی دانی گەورەبێ ، جا دگاتە ئە لووتکە بەرزەی بەخشندەیی و فیداکاری . لێرەدا جارێکی دیکەش کرنۆش بۆ ئەو ڕووحیاتە بەرزە دەبەم . ئێمەش کۆمیتەی ڕێبەری مەڵبەند هەموو توانای خۆمان بەکار دەهێنا کە ژن و منداڵی هاوڕێیانی کادر و پێشمەر تا دەکرێ دەبێ لە نێو خەڵکی خۆماندابن و نە یەنەدەرەوە و لە لایەکی دیکەشەوە ئەو پیلانەی دووژمن پوچەڵ کەینەوە. داواوامان لە دەفتەری سیاسی کرد لەو بارەوە ڕێنوێنیمان بکات کە چبکەین . ئەوە یەکەم جار بوو ڕێژیم لە ناوچەکانی ئێمە ، پیلانێکی ئەوتۆی بەرێوەدەبرد. دەفتەری سیاسی زوو وەڵامی داینەوە و شەش حەوت خاڵی وەک ڕێنوێنی ڕیزکردبوون. خاڵی یەکەم بریتی بوو لەوە کە بە هیچ جۆر نا بێت هاوڕێ یانمان هاوسەرەکانیان تەڵاق بدەن و هەر لەو کاتەشدا دەبێ کارێکی وابکەن بگەڕێنەوە نێوخۆی وڵات و لە نێو خەڵکدابن. چوونکە ئەگەر ئێوە ئەو کارەبکەن، ڕێژیم دەمی شیرین دەبێ و لە هەموو جێیەک ئەو پیلانە بەرێوە دەبات. یانی دەبێ بیاننێرنەوە و ئەو داخوازەی ڕێژیمیش وەبەرچاونەگرن و تەلاقیان نەدەن.

دوای گەیشتنی پەیامی دەفتەری سیاسی لە گەڵ ئەو هاوڕێیانە کۆبوونەوەمان کرد و نەزەراتی دەفتەری سیاسیمان شرۆڤەکرد. لە بیرمە کاک خالید سوارە کە تازە چەند هەفتەیەک دەبوو

ژیانی هاوبەشی لە گەڵ براژنە سوعدا پێک هێنابوو، زۆر ئیسراری لە سەر ئەوەبوو کە هەرچی دەیکەین باشە بەڵام نابێ کارێک بکەین کە بەندی یەکەمی ڕێنوێنیەکەی دەفتەری سیاسی وەبەر چاو نەگیرێ. ئەو دەیگووت ئەوە بڕیاری دەفتەری سیاسیەو نابێ بیشکێنین. بە داخەوە ژیانی سەختی سیاسی و خەباتگێڕانە ، جاری وایە عیشق و خۆشەویستی و ئەوین، ئەو پێوەندیە بەرز

و پاکەش دەخاتە ژێر هەورەکانی خۆی. نآچمە سەر ئەو ەی کە چەندەمان کار کرد تا توانیمان ئە مەسەلەیە حەلکەین. سەرەنجام بە خۆشیەوە بڕیاری دەفتەری سیاسیمان نەشکاند و بە هیممەتی براژنە پیرۆز و براژنە ڕووحزاو براژنە ئایشێ و براژنە فاتم و براژنە لەیلا و براژنە زارا و دەیان و سەدان براژنی دیکە ئەو پیلانەی دوژمن تێکشکا و سەری نەگرت. ئێستا کە کاکە سەربەرز و قەمەرو شلێر و محیەدینی شەهید حەسۆ و کاکە سمکۆ و گەزیزە و سەیران و سەحەری کاک سەید ڕەسوڵ و کوڕەکانی کاک حاجی گوڵاوی و کچ و کوڕەکانی کاک خالید سوارە دەبینم، ئەو پەیامەی دەفتەری سیاسیم دێتەوەبیرو خۆشحاڵم کە توانیمان حەکیمانە بجوڵێینەوە و بەوتەی کاک خالید ئەو بڕیارەی دەفتەری سیاسی نەشکێنین. ئاخر ئەگەر ئەو کارەمان کردبا ئەو منداڵە جوانانەی شۆڕش و خەبات ئەوڕۆ لە ژیاندا نەدەبوون. لێرەشدا ئازایەتی و فیداکاریەکە هەر دەگەڕێتەوە بۆ ئەو ژنە ڕووسوورو گیانفیدایانە. کەسانی وەک باجە مریەم و باجە زارا و باجە لەیلاو باجە پیرۆزو باجە رووحزا و باجە فاتم و سەدان خوشکی دیکە کە سەرەڕای ئەو هەموو ئەزیەت و ئازار و پیلانانەی ڕێژیم، بۆیەک جاریش نێوچاوانیانیان لە کاک سەید ڕەسوڵ و کاک موحەمەدە ڕەشەو کاک هەمزەی نەمر و کاک حەسۆ و کاک محەمەدەمین بایەزیدی و کاک خالید تێگنەناو هەمیشە شانازیان بەوەدەکرد کە هاوسەرەکانیان پێشمەرگەی ڕێگای ئازادی کوردستانن. بە پێویستی دەزانم گەرمترین سڵاو بۆ هەموو ئەو ژنانە بنێرم کە شانازی ئەوەیان هەبوو هاوسەری پێشمەرگەکانی کوردستانبن. هیچ گومانم لەوەدا نیە کە بە شێکی زۆری ئەو شانازیانەی کە پێشمەرگەکان لە مێژوودا تۆماریان کردون، دەگەڕێنەوە بۆ پشتیوانی و فیداکاری و گەورەیی هاوسەرەکانیان. سڵاو لە براژنە فاتمی هاوسەری کاک حاجی گوڵاوی و برانە ئایشێی دایکی سامانی جوانەمەرگ و براژنە پیرۆز و براژنەسوعدا و خوشکی گەورەم، شێرەژنی ڕۆژانی سەختی خەبات و بەرخۆدان، براژنە پیرۆز و هەزاران شێرەژنی نێو شۆڕش لە هەرکوێ یەک کە هەن.

ئەو ڕۆژانە سەرۆک ئۆبامام دیت، لە پێوەندی لە گەل جێژنەکانی سەری ساڵدا، سەردانی بنەماڵەی سەربازەکانی ئەمریکای دەکرد و بەو جۆرە قەدرزانی خۆی لە سەربازەکان و بنەماڵە و هاوسەرکانیان نیشاندەدا.جگە لەوە هەر ئەو ڕۆژانە دیسان هەر لە پێوەندی لە گەڵ مە سەلەیەکی لەو چەشنەدا، بیبیسی هەواڵێکی بڵاو کردەوە کە دەڵێ هاوسەرەکانی سەربازانی ئینگلیس کە لەدەرەوەی وڵات خەریکی مەئموریەتن، لە دەوری یەک کۆبوونەتەوە و پێکەوە گۆرانیان وتوە و باسی موعانات و ژان و ئازا ر ئیفتیخاراتەکانی خۆیان و هاوسەرکانیان کردوە. بە بێ ئەوەی خۆیان بزانن و تەنانەت بێ ئەوەی چاوەڕێش بن. ئەلبوم و گۆرانەکانیان کەو تونەتە مەوقعیەتی پلە یەک لە جەدوەلی ریزبەندی ئەلبوومەکانی ئەو چەند هەفتەیەدا لە ئاستی ئینگلیستان. خەڵک وەک نیشاندانی هاوپێوەندی میللی دەگەڵ ئەو ژنانە، ئەلبوومەکانیان دەکڕن و گۆرانیەکانیان دەڵێنەوە . بەمجۆرە داهاتێکی دەیان و سەدان ملیۆن دۆلاریش بە ئەو ژنانە دابین بوە.سەیر ئەوەیە ، ژنەکان داهاتی ئەو ئەلبوومانەیان بۆ کردنەوەی سندووقێک تەرخان کردوە، کە یارمەتی قانوونی و جۆراوجۆری دیکە بەو سەربازانە دەکا کە لە مەئموریەتەکاندا، زیانیان دیوە و لە کاتی گەڕانەوە بۆ وڵاتدا، پێویستیان بە پێڕاگەیشتن هەیە. نازانم ئێمە چۆن بتوانین سیغەیەک بو هاوپێوەندی نیشاندان لە گەڵیان و قەدرناسی لە هاوسەری پێشمەرگەکان بدۆزینەوە؟ بەڵام دەکرێ جارێک لە جاران حیزب و میللەتەکەمان بە جۆرێک لە جۆران ئەو ئەمەگناسیە نیشان دەن.

ڕێکەوتی : ٣٠ی دەسامبری ٢٠١١

## ئەمڕۆ ١٠ دیسامبر ڕۆژی پەسندکرانی بەیاننامەی جیهانی مافەکانی مرۆڤە.

وێڕای ڕێکخراوی نەتەوەگرتوەکان، هەموو ڕێکخراوە غەیرە دەوڵەتیەکانی لایەنگری مافی مرۆڤ، کۆروکۆمەڵە جۆرا و جۆرەکانی دیفاع لە مافەکانی مرۆڤ، ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگای مەدەنی، ناوەندە دەوڵەتی و حکومەتیەکان لە بەشێکی گەورەی وڵاتانی دنیا، زانستگا و زانکۆکان، مێدیای جیهانی و لەیەک قسەدا سەرتاسەری مرۆڤایەتی پێشکەوتوو،تێدەکۆشن بە باشترین شێوە ڕێز لەو ڕۆژە بگرن.

بە جێ یە میللەتی ئێمەش لە کوردستانی ئێران، شانبەشانی بەشەریەتی پێشکەوتنخواز، بە هەر شکڵ و شێوەیەک کەبۆی دەلوێ، لەو خۆپێشاندانە نێونەتەوەییەدا بەشداری بکەن. بە جێ یە کۆمەڵگای مەدەنی کوردستانی ئێران و کۆڕ و کۆمەڵەکانی لایەنگری مافی مرۆڤ لە کوردستان بە تایبەتی و هەموو حیزب و ڕێکخراوە سیاسیەکانی کوردستانی ئێران بە گشتی، بە هەر جۆرێک کە بۆیان دەلوێ ڕێز لە ساڵرۆژی پەسندکرانی بەیاننامەی جیهانی مافەکانی مرۆڤ بگرن.

واباشە یەکدەنگ و یەکپارچە لەو ڕۆژەدا هەموو بە دەنگی بەرز داخوازی وەبەرچاوگرتنی ئەو ماف و ئازادیانە بکەین کە لە بەیاننامەی جیهانی مافەکانی مرۆڤ دا هاتوون. دەکرێ کۆمیتەی هاوبەش بۆ ڕاپەڕاندنی ئەو ئەرکە پێکبێن و بەیاننامە و بانگەوازی هاوبەش بۆ حەرەکەتێکی میللی لەو چەشنە لە ڕێگای مێدیای کوردیەوە بڵاو بکرێنەوە.

بزووتنەوەیەکی سەرتاسەری و گشتیی لەو چەشنە خەباتی جەماوەری ومەدەنی خەڵکی کوردستان هەنگاوێکی گەورە بەرەو پێش دەبا وخەباتی حەقخوازانەی خەڵکی کورستان لە گەڵ حەرەکەتێکی مەزنی جیهانی و نێونەتەویی لێک گرێ دەدا. لەوەش زیاتر پشتیوانی زۆرتری کۆمەڵگای نێونەتەوەیی بۆ لای بزوتنەوەی کوردستان ڕادەکێشێ.

بە خۆشیەوە ئێستا لە کوردستانی ئێران دا، بەیاننامەی مافەکانی مرۆڤ کەوتۆتە ناوەندی کار و فەعالیەتی دەیان کۆڕ و کۆمەڵی جۆرا و جۆری مەدەنی. لەزۆر لە شارەکانی کوردستان ڕێکخراوی تایبەت بۆ دیفاع لە مافەکانی مرۆڤ، مافەکانی ژنان، منداڵان،کەم ئەندامان و هتد درووست بوون و بە شێوەی ئاشکراو نیوە ئاشکرا، کار و چالاکی بەرێوەدەبەن.

لەو نێوەدا ڕێکخرای مافی مرۆڤی کوردستان جێگایەکی تایبەتی هەیە و سەرەڕای ئەو هەموو کەند و کۆسپەی لە لایەن دەزگا حکومەتیەکانەوە خراونەتە سەر ڕێگای خەبات و تێکۆشانی، بە حەق لەو مەیدانەدا ڕۆڵێکی جێگای ئافەرینی میللی دەگێڕێ. کەسایەتی خەباتگێڕی ڕێگای مافەکانی مرۆڤ لە کوردستان،ئاغای کەبودوەند، لەو پێوەندیەدا باشترین سەرمەشق وئیلهامدەرمانە و بەجێ یە نازناوی پێشمەرگەی ڕێگای مافی مرۆڤی لە کورستاندا بدەینێ. هەمووی ئەوانە بەڵگەی ئەوەن کە ئیدی ئەوڕۆ خەبات بۆ مافەکانی مرۆڤ لە کوردستاندا، بۆ تە

ڕوکنێکی هەرە گرینگی بزووتنەوەی میللەتەکامان.

بۆیە دەبێ بە گەشبینی و خۆشبینیەوە بڕوانینە ئەو هوشیاری وبێداری یەی کە لە پێوەندی لە گەڵ کار و خەبات بۆ مافەکانی مرۆڤدا لە نێو خەڵکی کوردستانی ئێران دا سەری هەڵداوە.

بەوحاڵەش دەبێ ئەوە قبووڵ بکەین کە ئێمەی کورد لە کوردستانی ئێران، چ وەک تاک و چ وەک حیزب و ڕێکخراوە سیاسیەکانمان، ئێستاشی دەگەڵ بێ، بایەخی پێویستمان بە کار بۆ بڵاوکردنەوە،ناساندن وئاشناکردنی مافەکانی مرۆڤ لە کوردستاندا نەداوە. زۆر جار تەنیا لە پێوەندی لە گەڵ خۆمان ومافەکانی خۆماندا مافی مرۆڤمان وەبیر هاتۆتەوە.

بەداخەوە زۆرجار تەنیا بۆ بردنە پێشی مەبەستە سیاسیەکانمان باسی مافی مرۆڤمان کردوە، یا وەک ئامڕازێک بۆ بەرەوپێشبردنی مەبەستە سیاسیەکانمان کەڵکمان لێوەرگرتووە. هەندێک جار تەنیا وەک چەک بەدژی ڕێژیم بەکارمان هێناوە و بۆ خۆشمان لە ڕەفتا و کردەوەدا نەک هەر نرخی خۆیمان پێنەداوە، بەڵکو بە هێندیشمان نە گرتوە.

لە وڵاتێکدا، لە کۆمەڵگایەکدا کە پەروەردەیەکی دێموکراتیکی نەبووە . لە فەرهەنگێکدا کە مافەکانی تاک جێگایەکی ئەو تۆیان نیە، دەکرێ لە دیاردەیەکی لەو چەشنە حاڵی بین بەڵام قەت نابێ قبووڵی بکەین.

لە ساڵرۆژی پەسندکرانی بەیاننامەیجیهانی مافی مرۆڤدا ،پێویستە بایەخ و نرخەکانی زاڵ بەسەر بەیاننامەکەدا،بکەینە سەرچاوەی ئیلهام بۆ خەبات و تێکۆشانی خۆمان.

بزووتنەوی کورد دەیەوێت دەستەڵاتی سیاسی لە کوردستانی ئێراندا بە دەستەوە بگرێ. خۆی بە ئەڵترناتیڤی دەستەڵاتی کۆماری ئیسلامی لە کوردستان دەزانێ و لە ڕاستیشدا خەڵکی کوردستان و میللەتانی دیکەی ئێران و کۆڕو کۆمەڵە نێونەتەوەیەکانیش هەرئاوای دەبینن. کەواتە دەبێت توانا و لێوەشاوەیی و مەسئولیەتی دابین و دەستەبەرکردنی مافەکانی مرۆڤ هەر لە ئێستاڕا لە خۆماندا پەروەردە بکەین.

دامەزراندن و سەقامگیرکردنی دێموکڕاسی ئەرکێکی قورسەو دەبێت لە ئێستاوە لە ئاستی جۆرا و جۆری کلتووری و فەرهەنگی و سیاسی و پەروەردەیی دا کاری بۆ بکەین. بۆیە بە جێ یە مافی مرۆڤ جەوهەری سیاسەت، ئەدەبیات و کردار و ڕەفتار و گۆتاری سیاسی ئێمە پێک بێنێ. دوکتۆر قاسملووی نەمر لە یادی چڵ ساڵەی دامەزرانی حیزب دا ڕای گەیاند کە حیزبی دێموکڕات لێوەشاوەیی و توانای ئەوەی هەیە کە دەستەڵاتی سیاسی بە دەستەوە بگرێتەوە. تێکۆشەرانی حیزبی دێموکرات بە جێ یە کیفایەتی قبووڵکردنی ئەو مەس ئولیەتە مێژوویە لە خۆیان د ا بخۆڵقێنن و خۆیان بەرنە ئاستی ئەو چاوەڕوانیانە کە خەڵکی کوردستان لێیانیان هەیە.

ڕێکەوتی : ١٠ی دێسامبری ٢٠١١

## ڕووداوەکانی ئەم دواییانەی زاخۆ و چەند سەرنجێک

خۆ ئێمە لە پاپ کاتۆلیک ترنین؟

بە بیانوو ڕووداوەکانی ئەم دواییانەی زاخۆ

ڕووداوەکانی زاخۆ و تەنینەوەیان بەو خێراییە، ئەوەدەردەخەن کە کوردستان و کۆمەڵگای کوردستانیش لە گەڵ مۆدێرنیتە لە حاڵی ململانێ و زۆرانبازیەکی توند دان.

لە هەر دوولای کێشەکەدا ناحاڵی بوون و زیادە ڕۆی و کەڵکی خراپ وەرگرتن لە وەزعەکە دەبینرێ. لایەکی ئەو ململانێ یە بریتیە لەوکۆڕوکۆمەڵانەی کە ئامانجە سیاسیەکانی خۆیان لە لەفافەی دین وەردەپێچن. هەر لەو بەرەیەدا دارو دەستە کۆنەپەرست و دواکەوتوەکانی دیکەی نێوکۆمەڵگاش خۆیان مەڵاس داوە کە خورافات و جەهل و نەزانی و تەخەلوف دەگەڵ دین تێکەڵ دەکەن یان بە عەینی دینی لە قەڵەم دەدەن وتێ دەکۆشن دەرخواردی خەڵکی بدەن. لایەکەی دیکەی ئەو ململانێ یەش ئەو بۆ چوون و ڕوانگانەن کە دەیانەوێ دین و مەزهەب و بایەخە مەزهەبیەکان لە نێو کۆمەڵگادا خاشەبڕبکەن .

دەستەو تاقمەمەزهەبیەکان و ئەوانەی کە خۆیان لە پەنای ئەواندا حەشارداوە، زمانیان هەڕەشەو توندوتیژی ئاگر خستنەوەیە. ئەوان وشیاریەکیان سەبارەت بە مۆدێرنیتە نیە وهیچ سەرنج نادەنە وەزعی تازەی کۆمەڵگای ئینسانیی هاوچەرخ و پێداویستیەکانی . لەو لاشەوە هەندێک ڕەوتی دیکەی نیوکۆمەڵ لە دین و ڕۆلی دین و ئاینی ئیسلام لە کۆمەڵگادا بێ خەبەرن. بەم جۆرە ئەو دوو ڕەوتە دەستەویەخەی یەکترن. ئەم وەزعە خەریکە میللەتەکەمان و کوردستانی خۆشەویست وئەمونە سیاسیە گرانبەهاکەی دەخەنە مەترسیەوە. بۆیە دەبێ ڕێگاچارەیەک بۆ چونەدەر لەو وەزعە و بۆ لە نێوبردنی ئەو مەترسیە بدۆزینەوە.

حکومەتی هەرێم ، هێزە سیاسیەکانی کوردستان، کۆمەڵگای مەدەنی کوردستان، ڕووناکبیرانی کوردستان و خەڵکی کوردستان نە دەبێ بکەونە سەنگەری ئەو دەستەوتاقمانەی کە ئینکاری دین و ڕۆڵی دین و بایەخە دینیەکان لە کۆمەڵگای کوردستاندا دەکەن و نە دەبێ بکەونە لایەنی ئەو ڕەوتەش کە جەهل و تەخەلوف و نەزانی و دواکەوتوویی و خورافات بە ناوی دین و ئیسلام دەرخواردی خەڵک دەدەن.

ئێمەش لە کوردستان دەگەڵ ئیسلام سەروکارمان هەیە. بەڵام سەرتاسەری تاریخی ئیسلام ئەوەمان پێ دەڵی کە ئیسلام بە گوێرەی ئەو وەزعە کە تێی دەکەوێ، ڕەنگ دەگۆڕێ. هیچ وەختێک ئیسلام یەک جۆر نەبووە. ئیسلام بە گویرەی زەمان و هەلومەرجی سیاسی و کۆمەڵایەتی و بە گوێرەی ئەوە کە بەدەست کێ وە بوە، خوێندنەوەی جیاجیا و تەنانەت ناتەبا لە گەڵ یەکیشی بۆ کراوە. زۆر جار لایەنگرانی مەکتەب و ڕێبازە جۆراوجۆرکان لە ئیسلام دا دەستیان بە خوێنی یەکتر سووربووە. جیا لەوە چ لە قورئان و چ لە حەدیس و سونەتی پێغەمبەر و ئەسحابە و ئیمامەکاند،ا مەیدان بۆ وەبەرچاوگرتنی مەسڵەحەت و خۆ سازگارکردن لە گەڵ وەزع ئاوالایە. لە مەککە پەیامی قورئان ئیستلال و دیالۆگ و وتوێژ و گفتوگۆیە. لە مەدینە لەحنی قورئان هەڕەشە و کوشتنە. لە مەککە هیچ ئیکراهێک لە دیندانیە. کەچی لە مەدینەدا هەمووی هەڕەشەیە. پیاوانی بەنی قورەیزە لە مەدینە بەتاوانی هەبوونی پێوەندی دەگەڵ قورەیش سەردەبڕدرێن و ژنان و منداڵەکانیشیان دەکرێنە کۆیلەو دەفرۆشرێن. کەچی چەندساڵ دواتر خودی قورەیش لە مەککە لە گوڵێ کاڵتری پێناگوترێ. ئیمامی دووهەمی شیعەکان بەیعەت لە گەڵ خەلیفەی ئەمەوی دەکات. کەچی ئیمامی سێهەم لەگەڵ خەلیفەی ئەمەوی شەڕدەکات. لەوبارەوە نمونە زۆرن. لە پەنا ئەو خوێندنەوە جۆراوجۆرانە کە بۆ قورئان و

سوننەت و حەدیس هەن و ڕێگایان بۆ ئاوالەیە. لە ئیسلامدا ئیجماعیش هەیە کە بە گوێرەی عەقڵ دەکرێ لێکدانەوەی جۆراوجۆر لە وەزعەکەبکرێ و دەشزانین عەقڵەکانیش جۆراوجۆرن و ئاستی گەشەو پەروەردەبونیشیان جۆراوجۆرە. هەموو ئەوانە پایەکانی شەریعەتی ئیسلام پێک دێنن. ئەوانەش ئیمکانی ئەوە بۆ موسوڵمانان و هەموو ئەوکەسانە پێکدێنن کە دەیانەوێت ئیسلام و دین و مەزهەب لە گەڵ پێشکەوتنەکانی کۆمەڵگای ئینسانی سازگاربکەن. بەوجۆرە کوردیش حەقی خۆیەتی خوێندنەوەی کوردی و کوردستانی و تایبەت بە خۆی لە ئیسلام هەبێ و لە گەڵ پێداویستیەکانی کۆمەڵگای ڕوولە گەشەی کوردستان و ئەو وەزعە کە میللەتەکامانی تێدایە قەرائەتی خۆی لە دین و مەزهەب سازگار بکات. لەو نێوەدا مامۆستایانی ئایینی کوردستان ڕۆڵی ئەسڵی دەبێ بگێڕن.

ئەوانەی داوادەکەن کە کۆمەڵگای کوردستان لە دین و مەزهەب ئازادبکرێ و بیانوشیان بۆ ئەو داوایەیان ئەوەیە کە هەندێک ئەسڵی دین لە گەڵ عەقڵ و ئەخلاق نایەنەوە ، دەبێ چاک بزانن کە بە هیچ جۆر ناکرێ دین لە کۆمەڵگا دەرباوێین و ریشەکێشی بکەین. یان لە ژیانی خەڵکیدا بیسرینەوە. دەبێ دین و مەزهەب بکرێنە شتێکی خسوسی و تایبەتی و ئیختیاری بەڕێوەبردنی ئەسڵە دینی و مەزهەبیەکان بدرێتە دەستی خەڵکانی موسوڵمان. دەبێ ڕێگا بدرێ خەڵکانی موسوڵمان و تەنانەت کاربەدەستانی حکومەتی کوردستانیش ئەو ئیختیارەیان هەبێت ئەو قەرائەتەیان لە دین و مەزهەب هەبێت کە لە گەڵ ژیان و ئاستی گۆڕانکاریە هاوچەرخەکان و پێداویستیەکانی کوردستانی ئەمڕۆ سازگارە. واتە دەبێ بە گوێرەی ئەوزاع و ئەحواڵی سیاسی کوردستان دین و مەزهەبی خۆشمان ڕێکخەینەوە. بەواتایەکی دی دەبێ ڕێگاچارەی سیاسی بۆ ناسازگاری دین لە گەڵ پێشکەوتن و مۆدێرنیتە لە کوردستان بدۆزینەوە. کوردستانی عێراق کەوتۆتە سەرسکەی چونە پێش و یەکێک لە زیندوترین و گەورەترین ئۆکۆنۆمیەکانی ناوچەکەیەو بە هەزار و یەک کاناڵەوە بە بازاری جیهانیەوە بەستراوەتەوە. بەو پێ یە کەوتۆتە سەر جادەی پێشکەوتنی ئابووری و فەرهەنگی و کۆمەلایەتی و سەنعەتی بوون و چوون بەرەو مۆدێرنیتە. بۆیە پێویستە ڕۆشنگەری سیاسی بکەین و خورافات و جەهل و تەخەلوف لە قاودەین و کاری فەرهەنگی بکەین کە دین و مەزهەب لە ڕێگای ڕۆشەنگەری و فەرهەنگسازیەوە لە فۆلکلۆری دینی و تەخەلوف پاککەینەوە. بەڵام نابێ بەرخورد لە گەڵ دین بکەین. چونکە ئەوە خەڵکی عەوام بەرەو لای هێز و لایەنە توندڕەوەکان دەبات و بە قازانجی ئەوانە تەواو دەبێت کە دین وەک وەسیلەی بردنە پێشی مەبەستە سیاسیەکانیان بەکار دێنن.

هیچ پێویست ناکات تێکۆشین لە کوردستان مۆدێرنیتە لە منداڵدانی دین و مەزهەبدا پەروەردەکەین و بیهێنینە سەر دونیا یا ڕەنگی ئاینی و مەزهەبی لێبدەین. تاقی کردنەوە نیشانی داوە کە مۆدێرنیتە ناتوانێ لە گەڵ دین و مەزهەب سازگاربێ. بەڵام دین و مەزهەب ئەگەر بیانەوێت بمێنن دەبێ خۆیان لە گەڵ مۆدێرنیتە سازگارکەن. ئەوە لە کوردستانیش دا هەر ڕاستە. ئەوەتا تورکەکان مۆدیلی خۆیان لە دینی ئیسلام هەیە. فارسەکانیش هەرئاوا. عەرەبەکانیش لە هەر وڵاتە قەرائەتی تایبەت بە خۆیان لە ئیسلام هەیە. لە بەنگلادیش و پاکستان و ئەندنوزی و ئەفغانستان و وڵاتانی شیمالی ئەفریقاش هەر بەو جۆرە. کۆڕوکۆمەڵە موسوڵمانەکانی دانیشتوی ڕۆژئاواش خوێندنەوەی تایبەت بە خۆیان لە ئیسلام هەیە. مەبەستی من ئەوەنیە کە ئوسولەکانی ئیسلام وەلابنرێن. مەبەستم ئەوەنیە کە بڕوا بە خوا و پێغەمبەر دەسکاری بکرێ. مەبەستی من ئەویە کە جگە لە ئەسڵە بنەڕەتیەکانی ئیسلام و بڕوا بە خوا و پێغەمەر نەبێ، دەکرێ ئەموو ئەو شتانەی دیکە کە لە قورئان و سوننەت و حەدیسدا هاتوون ، بە گوێرەی ئەوزاع و ئەحواڵی سیاسی کوردستان و پێداویستیەکانی ئێستای کۆمەڵگای کوردستان لێکبدرێنەوە.

لە سەر تاسەری وڵاتانی ئیسلامی دا هەروایە و هەموو حکومەتەکانی دیکەش هەروادەکەن. خۆ ئێمە لە پاپ کاتۆلیکتر نین. بە ملیۆن موسوڵمان لە ئوروپا و ئەمریکا و کانادا دەژین و نوێژو تاعەتی خۆشیان دەکەن و سەردانی مزگەوتیش دەکەن و کەسیش موزاحیمیان نیە. کۆمەڵگای مۆدێرن هیچ گرفتێکی لە گەڵ دین و مەزهەب و خواپەرستی نیە. ئەوەش لە بەر ئەوەیە کە کۆمەڵگای مۆدێرن لە سەر بناخەی پلۆرالیزمی فەرهەنگی و سیاسی و دینی و مەزهەبی دامەزراوە. لە بەرئەوەیە کە تۆلێرانسە و دێموکراسی جەوهەر و هەوێنی کۆمەڵگای مۆدێرنن. بەڵام مەرج ئەوەیە کە کەسانی مەزهەبی و دینداریش بە تەعەسوب وشکبیری و توندوتیژی خۆیان، موزاحەمەت و گرفتاری بۆ کۆمەڵگای مۆدێرن و دێمکراتیک دروستنەکەن. کوردستان بۆ ئامێزی مۆدێرنیتە بەرێوەیە. دین و مەزهەب لە کوردستانیش وەک هەموو ئەو دونیایە ناچارە خۆی لە گەڵ ئەو ڕەوتە سازگاربکات. ئەزمونی گەشەسەندنی مەسیحیەت لە ئوروپاو خۆ سازگارکردنی ئیسلام لە گەڵ کۆمەڵگا جۆراو جۆرەکان، ئەوەمان پی دەڵێ کە لە کوردستانیش ڕەوتەکە هەرئاوا دەڕواتە پێش. دیارە لەو پرۆسیەدا ڕووداوی ناخۆشی وەک ئەوەی ڕۆژی هەینی ڕابردوو لە زاخۆ ڕووی دا جار جار ڕوودەدەن. بەڵام ئەوانە تەنیا پەلەقاژەی سەرەمەرگی ئەوڕوانگە و بیرو جەرەیانە دواکەوتوانەن کە لە بەرامبەر ڕەوتی مۆدێرنیتە و پێشکەوتن و دێموکڕاسی لە کوردستاندا، لە حاڵی گیانەڵادان.

ڕێکەوتی : ٣ی دێسامبری ٢٠١١

## حیزبی دێموکڕات دەبێ یەخچاڵێک بێ بە پێچەوانەوە کار بکا

خەریکە دەگەینە سەرپێچێکی تازەی مێژووی خەباتی ڕزگاریخوازانەی میللەتەکەمان. من دڵنیام کە ئەو قۆناخەش بە لێوەشاوەییەوە تێپەڕدەکەین و ئەو فەسڵەش لە مێژووی حیزب و میللەتەکەمان پڕ دەبێ لە لاپەڕەی زێڕین. ئاخر هەمیشە ئەوە ئینسانەکانن بە کار و چالاکی و خەبات و تێکۆشانی پڕ بەرهەمیان، مێژوو دەخوڵقێنن. من لەوە دڵنیام ڕیزەکانی حیزبی خۆمان و ڕیزەکانی حیزب و ڕێکخراوە کوردستانیەکانی دیکەی سەر گۆڕەپانی سیاسەتی کوردستانی ئێران، پڕن لە ئینسانی خەباتگێڕ، تێکۆشەر، دڵسۆز، فیداکار و لیوەشاوە و بە ئەزموون. کە هەرکامیان بە نۆرەی خۆیان دەریایەکن لە هێزوتوانای ئینسانی. هێزوتوانایەک کە هەرچی لەسەر ئەوزەویە دەیبینین، بەرهەمی ئەوە. کەواتە حەقمە خۆشبین بم.

بەڵام دەبێ لە بیرمان بێت کە تەنیا کاتێک ئەو هێزانە دەبنە ئینێرژی موسبەت و فاکتۆرێک بۆ چوونە پێش و سەرکەوتن کە مەیدانی بەشداری و موشارەکەت و خۆ دەکارکردنیان بۆ بخوڵقێ. کەواتە دەبێ و پێویستە فەزایەک لە نێو بزووتنەوەدا دروستکەین کە خەلاقیەت وئیبتیکارو شوروشەوق بەکار لە نێوماندا پەرەپێبدا. ئەوەش بەوە دەکرێ کە هەموو تێکۆشەرانی نێو ڕیزەکانی حیزب و بزووتنەوە لە داڕشتن و بردنە پێشی سیاسەت و تاکتیکەکانی بزووتنەوەکەماندا هاوبڕیاربن.

هونەری حیزب ئەوەیە ئەو هێزانە کۆکاتەوە و وەگەڕیانبخا و دەکاریان بکا. ئاخر حیزبی ئێمە ڕاست بۆ ئەوە دروستبوە کە هێزوتواناکانی نێو کۆمەڵگای کوردستانی ئێران کۆکاتەوە و بۆ

خەبات و بەرخۆدان لە پێناو ئازادیدا، ڕێکیانبخا. پێشەوا بۆ مەبەستێکی لەو چەشنە حیزبی دێموکراتی دامەزراند.

حیزبی ئێمە هەرگیز نابێت لەو ئەرکەی خۆی غافڵبێت. لە هیچ هەلومەرجێکدا نابێ ئەو ڕیسالەتەی خۆمان لەبیرکەین.

ئەوە ئەرکی هەرەسەرەکی ئێمە. هیچ هەلومەرجێکی سەخت و دژوار نابێ وامان لێ بکا ئەو ئەرکە ئەسڵیە بەکەم بگرین یا بیخەینە ڕیزی دواوەی کارەکانمان. فڕۆکەوان لە هەر هەلومەرجێکدا، تەنانەت لە گەردەلول و تۆفان و گێژەڵوکەو هەوروباران و تەم و مژیشدا، دەبێ لە هیدایەتی فڕۆکەکەی غافڵ نە بێت. نابێ لە گیروگرفت و کەندوکۆسپ و تەمومژ و باوبۆران بترسین. دەبێ لە گیروگرفت و کەندوکۆسپەکان بچینە پێش و بیانناسین و چارەسەریان کەین. ئاخر حیزب ڕاست بۆ ئەوە دروستبووە. دەبێ فێربین گیروگرفتەکان چارەسەرکەین. نەک هەر پێویستە کاری درووست بکەین، پێویستە بەشێوەی درووستیش و لە کات و شوێنی خۆشیاندا کارەکان بکەین. زۆر گرنگە ئەو ڕووحیە یا بەواتایەکی تر ئەو مێنتالیتەیە لە حیزب و خۆماندا درووستکەین کە دەڵێ بەڵێ ئێمە دەتوانین ئەرکەکانمان ڕاپەڕێنین. هێمن گوتەنی دەبێ لە شانو باهۆی خۆمان ڕاببینین کە هەڵگرین ئاڵای ئازادی.

وەختێک ئینسان دەکەوێتە تونێڵێکی تاریک بەدوای تروسکای و ڕووناکیدادەگەڕێ. ئەمن پێم وایە ئەوە کە بتوانی شەمعێک داگیرسێنی، هەزار جار باشترە لەوەی کە جوێن بە تاریکی بدەی. دەبێ گیروگرفتەکان بدۆزینەوە و دەستنیشانیان کەین و بۆ چارەسەرکردنیان تێکۆشین و هەنگاو هەڵگرین. پێویستە ڕوومان لە داهاتووبێت. پێویستە کاڵایەکی سیاسی ئەوتۆ بەرهەم بێنین کە لە بازاڕی سیاسەتی کوردستانی ئێراندا موشتەری هەبن و خەڵک خوازیاربین. دەبێ بە هەزار چاو و گوێ موراقیبی ئەو دەرفەت و شانسانەبین کە هەلومەجی پڕ لە ئاڵوگۆڕی ناوچە و ئێران و کوردستان و تەنانەت دونیاش بۆمان دەخوڵقێنن و کەڵکیان لێوەرگرین.

ڕاستیەکەی ئەوەیە کە داهاتووی خۆمان و خەباتەکەمان و میللەتەکەمان بەستراوەتەوە بەوەی کە ئێستا چدەکەین و چۆن یاری دەکەین؟ ئەگەر پێکەوەبین و یەکگرتووبین و هاوئاهەنگی و هاوڕایمان پێکەوە هەبێت، هیچ هێزێک ناتوانێ بمانشکێنێ و ڕێگای چوونە پێش بەرەو ئامانجەکانمان لێ بەربەستبکا.

ئەرکی ئێمە ئەوەیە هەموو هێزەکانی نێو بزووتنەوە بخەینە سەریەک . ئاخر دەبێ بزانین کە کادرەکانی حیزب، تێکۆشەرانی نێو سەنگەرە جۆراوجۆرەکانی بزووتنەوە، گەورەترین سەرمایەی خەباتەکەمانن. بۆیە دەبێ ئەوان ببنە ئاکتۆری سەرمەیدانەکە. کۆڕوکۆبوونەوە و سیمنار و کۆنگرەو کۆنفرانسەکانمان پێویستە ببنە مەیدانی باس و دیالۆگی پڕنێوەرۆک سەبارەت بە سیاسەت و ئامانج و تاکتیک و ستراتیژیەکانمان. هەموو تێکۆشەرانی حیزب دەبێ شانس و مەیدان و دەرفەتی ئەوەیان هەبێ لە شکڵپێدانی حیزب و بزووتنەوە و سیاسەت و تاکتیکەکانی حیزبدا، نەخشی خۆیان بگێڕن.

دیالۆگ و باس و مشتومڕ بەکەڵک، فەزایەکی پڕ لە هاوکاری درووستدەکا و ئاستیی موشارەکەت دەباتە سەر. لەو بارەوە هەندێک ئەسڵ هەن کە دەبێ وەبەرچاویان بگرین. گرنگترینی ئەوان ئەوەیە کە تێبگەین هەموو ڕوانگەکان، هەموو جۆرە نەزەر و بۆ چوونەکان بە ئەندازەی یەک بایەخیان هەیە. هەموویان دەبێ بە هێند بگیرێن و سرنجیان بدرێتێ و گوێیان بۆ شلبکرێ. لێرەدایە کە ڕێبەریی ئەرکێکی گەورەی دەکەوێتە سەرشان . ئەرکی خوڵقاندنی فەزای موشارەکەت بۆ بەدەنە و تێکۆشەرانی حیزب و بزووتنەوە.

ئێمە لە سەردەمی فوتباڵدا دەژین. ڕەنگە بەکارهێنانی فوتباڵ وەک تەمسیل، کۆمەک بە ڕوونبوونەوەی مەبەستەکەمان بکا. لە فوتباڵدا زۆرگرنگە کە هەموو تیمەکە بەشداربن و پێکەوە یاری بکەن. ڕاستە هەرکام لە یاریزانەکانی تیپەکە ئەرک و مەوقعیەتی خۆیان هەیە، بەڵام پێکەوە یاری دەکەن و چ ببەنەوە و چ بیدۆڕێنین، هەموویان تێیدا بەشدارن. ناکرێ ئەو کەسە کە شوت لێدەداو و تۆپ دە دەروازەی تیپی ڕەقیب دەکا، میداڵی ئیفتیخار و قارەمانی بداتە خۆی و یاریزانەکانی دیکەش بە دەردی شوانەکەی حەقنادیاری نێو فۆلکلۆرمان بەرێت.

بۆیە زۆر گرنگە هەموومان هەستی ئەوەمان تیدا درووستبێ کە بۆ یەکتر شتین. بۆ یەکتر پشت و پەناین، لە لای یەکتر خاوەن ڕێز و مەوقعیەتین. زۆر درووستە هەموومان لە نێو هاوڕیانی خۆماندا هەست بەوەبکەین کە هەین. هەموو حەقمان هەیە لە پەنا یەکتر گوڵبکەین. هەموو حەقمان هەیە ببینە ئاوێنەی یەکتر و یەکتر بە یەکتر نیشان دەین. زۆر بە جێ یە یەکتر هاندەین و یەکتر تەشویقکەین. کەسانی بە هێز و بڕوا بەخۆ دەتوانن هێز بدەنە کەسانی دیکە. ئەگەر پێغەمەرێک بڕوای بە خۆی و پەیام و پێغەمبەربوونی خۆی نەبێت، چۆن دەتوانێت خەڵک بۆ قبووڵکردنی پەیامەکەی هاندا؟ کەسێک کە لە هارمۆنی دایە لە گەڵخۆی و حیزب و تەشکیلات و هاوڕێکانی دەتوانێ ئینێرژی موسبەتیش بە سەر دەوروبەری دا ببارێنێ. ڕیبەرایەتی هیچ شتێک نیە بێجگە لە پەرەپێدانیی ئینسانەکان و وەگەڕخستنی تواناکانیان.

کاری ئێمە ئەوەیە خێری گشتیمان بوێ. حیزبی دێموکڕات بۆ دەستنیشانکردن و بردنە پێشی خێری گشتی درووستبووە. ئەرکی هەرە گرینگی ئێمە لەو قۆناخەدا ئەوەیە کە ئەو کارە بکەین. یانی حیزبی دێموکرات دەبێ یەخچاڵێک بێ ، بە پێچەوانەوە کار بکات. یەخچاڵ یا سەلاجە، گەرمی بۆ دەرێ دەنێرێ و ساردی بۆ ژووری بەرهەم دینێ. تەشکیلاتی حیزبی ئێمە دەبێ گەرمی بۆ نێو ڕێزەکانی خۆی بەرهەم بێنی و ساردیش بۆ دەرەوە. لە ئاستی کوردستان و بزووتنەوەی کوردستان ئێرانیش دا حیزبی دێموکرات دەبی گەرمی بۆ نێو ڕیزەکانی بزووتنەوەی کورستان بەرهەم بێنێ و ساردیش بۆ درەوەی بزووتنەوە درووسکات.

ڕێکەوتی : ٢٨ی نوامبری ٢٠١١

## بیست ساڵ پاش کارەساتێکی دڵتەزێن.

ئەو ڕۆژەش وەک ڕۆژەکانی دیکە نانی بەیانیم خوارد و ماڵاواییم لە سەفیە کرد و چوومە مەیدانی ڕاوەستانی مینوبوسەکان کە هەموو بەیانیان لەگەڵ کۆمەڵێک لە تێکۆشەرانی دیکەی حیزب بەوان دەچووینە شوێنێ کاروتێکۆشانی حیزبیمان. من ئەودەم لە ڕادوێ و کۆمسیۆنی ئینتیشارات و تەبلیغاتی حیزبدا کارم دەکرد. چاکم لەبیرە کە گەیشتمە لای مینوبوسەکە و سەرکەوتمە سەرێ وادیار بوو سەندەڵی خاڵی بۆ دانیشتن نەمابوو. هەر بە پێوە لەلای دەرگاکە ڕاوەستام و لەبەردابووم وەک زۆرجاری دیکەش لە سەر پێ ڕاوەستم و قەناعەتبکەم. لە پڕ ماشێنەکەی سکرتاریا لەو شوێنە پەیدابوو و کاک جەلیل مامایی کە مینووبوسەکەی لێدەخوڕی گوتی ئێستا کەوایە تۆ دابەزەو لە گەڵ ئەوان وەرە . منیش دابەزیم و سواری ماشێنەکەی سکرتاریابووم و چەن هاوڕێ دیکەشی تێدابوون.

بەم جۆرە ئێمە کەوتینە ڕێ و کەمێک لە پێش مینووبووسەکەوە بووین. لە ماڵان ونبووین و ڕوو لە بۆڵی شۆڕبوینەوە و لەو شیوە دا کە بەرەو سڵێ دەرۆیشتین لە سەر پێچێک چاومان بە

ماشێنێکی باری شین کەوت کە لە قەراخ جادە وەک ئەوە کە پەنجەربووبێ ڕاگیرابوو. ئێمە لێی تێپەڕین و پێم وایە چەند سانیەی نەبرد دەنگی تەقینەوەیەکی گەورە ئێمە و ماشێنەکەمانی هەژاند. ئاگام لێبوو وەک دەڵێن کاس و هوڕبووم. بۆ چەند لەحزە پەشۆکام. ئاوڕمان دایەوە دواوە دیتمان ئەو ماشێنە باریە گەورەی چەن سانیە لەمەوبەر دیتبوومان نەمابوو و لە پەنا ئەو مینووبوسەکەی ئێمە لە کار کەوتبوو و ئاگر لە لای پێشەوەی هەڵدەستا. وادیار بوو بەرنامەکە بۆ مینووبوسەکە داڕێژرابوو. ئێمە ئەوانەی لە ماشێنەکەی پێشەوە دابووین دابەزین و بەرەو شوێنی کارەساتە چوین. پێم وایە ماشێنەکە پۆلێک لە بریندارەکانی بردن یا ئەوەتا ڕۆیشت تا هاوار بەرێ بۆ دەفتەر. لەبیرم دی من و کاک لوقمانی میهفەر لە قەراخ مینووبوسەکەوەبوین. ڕاستیکەی ئەوەبوو من نەمدەزانی چبکەم. کاک لوقمان فەرمووی ئەو پەنجەرانەی لای دواوە بشکێنین تا ئەوانەی لە مینیبوسەکەدا ا ماونەوە بتوانن بێنەدەر. من لە ژیانی خۆمدا زۆرم کارەساتی ناخۆشم بەسەر هاتوون و زۆر ڕووداوی تاڵم دیتوون. بەڵام بە جورئەتەوە دەتوانم بڵێم ئەو کارساتە سامناکە برینی قورسی خستە سەر ڕووحیەی ناسکی من و ئێستاش هەر چەند دەمەوێ لەبیرخۆمی بەرمەوە، نەک هەر لەبیرم ناچێ بەڵکوو وەک شریت لە گەڵ سەرجەمی فیلمی ژیانی پێشمەرگانەم، زوو زوو بەبەرچاوم دا ڕادەبری. ئاخر من بەبەرچاوی خۆمەوە دەم دی کە کۆمەڵێک هاوڕێ و هاوسەنگەر، جیران و دۆست و ڕەفیق و هاوولاتیم، گیرۆدەی ئەهریمەنی ئاگر و دووکەڵ ببوون و منیش دەگەڵ کاک لوقمان هەرچی هەوڵمان دەدا، بە دەستی بەتاڵ و لەو پەڕی شۆکەبوون دا زۆرمان لە دەست نەدەهات.

کاک لوقمان کە ئەزموونی پتری هەبوو و بۆخۆی ئەو کەسانەی لە پەنجەرەی ئەو بەشە لە مینوبووسەکە دەردەکێشان کە خۆیان لە ژوورەوەڕا تێدەکۆشان بێنە دەرەوە و داوای لەمن دەکرد منیش ئەوکارەبکەم. ئاگام لێبوو لای پێشەوەی مینووبوسەکە دەسوتا و ئاگرەکەی لە کۆنترۆڵ و ئیرادەی من و کاک لوقمان دانە بوو. لەو حاڵەتەدا بووم کە دیتم لە دەفتەرە وە بە هانامانەوە هاتن و ئیتر من ڕاستەوخۆ چوومە لای شەهیدی نەمر دوکتۆر سەعید. لە دورەوە وتی خوێن بەسەرتەوەیە. وادیاربوو خوێنی ئەو هاوڕێ بریندارانە بوو کە لە پەنجەرەکانەوە هاتبونەدەر و ئێمە وەرمان دەگرتن. دواتر کە چوومە بیمارستانی حیزب لە قوڵای کارەساتەکە گەیشتم و زانیم مامۆستا مەلا ڕەسوڵی گەردی و کاک حەسۆ عەلیپوور و کاک جەلیل مامایی شەهید بوون. لەو کارەساتەدا سێ تێکۆشەری حیزبەکەمان گیانیان لە دەستدا. شەهیدان مامۆستا مەلا ڕەسوڵی گەردی و شەهید کاک حەسۆی عەلیپوور و شەهید کاک جەلیل مامایی. هەرسێکیان بۆمن جگەلەوەی کە هاوخەبات و هاوسەنگەربوون، بە حوکمی هاوشاری بوون و پێکەوەبوونی زۆر لە ناوچەکانی پیرانشار، پێوەندیەکی نزیکمان پێکەوە هەبوو. لەوەش زیاتر ئەوان لە ڕاستیدا کاک مەلا ڕەسوڵی گەردی و کاک حەسۆ موحیبەتێکی تایبەتیان بەمن دەکرد و لوتف و میحیبەتی ئەوانم هەمیشە بەسەرەوە بوو. کاک جەلیلیش هەروا. ئەو ئازەرەکی پیرانشاری بوو و لە راستیدا لە ماڵەکانی ئێمەدا کوڕی ماڵێ بوو. دڵسۆز و هەڵسوڕ و بەکار و بە دەستەوە بوو. بۆیە دەکری بڵێم شەهیدبوونی ئەوان زامیکی دیکەی خستە سەر زامەکانی ڕووحی من. کاک حەسۆ یەکیک لە لێوەشاوەترین کادرە سیاسی و نیزامیەکانی حیزبەکەمان بوو. چ لە ڕیزەکانی حیزب و چ لە نێو خەلکدا خاوەنی پێگە و شوێنی کۆمەلایەتی بوو. ئازا و حیزبی و خۆشەویستی خەڵکی ناوچەو هاوسەنگەرانی بوو. بە ئاگاهی تەواوەوە ڕێی خەباتی بۆ ڕزگاری میللەتەکەی هەڵبژاردبوو. هیوادارم لە دەرفەتیکی دیکەدا بتوانم لە سەر ئەو ڕۆڵە قارەمانەی میللەتەکەمان پتر بدوێم.

کاک مەلا ڕەسوڵی گەردی یەکێک لە ئەندامانی لەمێژینەی حیزب بوو. ئەو لە ناوچەکانی پیران و لاجان و مامەش و سندووسدا، لە سەردەمی دەست پێکردنی شۆڕشدا، لە گەڵ چەند کەسی دیکە لە ئەندامانی حیزب، لە زیندووکردنەوەی تەشکیلاتەکانی حیزبدا ڕۆڵی بەرچاوی گێڕا. هەربۆیە هەمیشە یەکێک لە پایەکانی کۆمیتەی شارستانی پیرانشار بوو. پێگەیەکی بەرینی جەماوەری لە نێو خەڵکدا هەبوو. حیزبیەکی بە بڕوا و خاوەن بیروباوەڕێ دێموکڕاتیک بوو. لەو هەموو کارەساتانەدا کە لەناوچەی پیرانشار بەسەر حیزب و تەشکیلاتی حیزب داهاتن ئەو هەمیشە ڕێنیشاندەر و پارێزەری خەتی حیزب بوو. زۆر چاک دەیتوانی سیاسەتەکانی حیزب فۆرمەڵەبکا و بە زمانێکی سادە بەیانیان بکا. بە گفت و لفت و بەدوێ بوو. هیچ نەهامەتی و ڕەنج و کەندوکۆسپێکی سەر ڕێی خەبات هەنگاوی پێ شلنەدەکرد. زۆر پاک و خاوێن و ڕێکو پێک بوو. قەت نەم دی نائومێد بێ و یا کزی و مەلوولی دایبگرێ. ئەو بەڕاستی تێکۆشەرێکی ڕێگای ئازادی و کامەرانی بوو. دەچوینە هەرکوێ و لەو شۆڕشەدا لە هەرکوێ دەگیرساینەوە مامۆستا پیش هەموو شتێک خەمی مەدرەسە و پەیداکردنی چاوەخانوویەکی بۆ مەدرەسە لەبەر دابوو. ئەو منداڵەکانی نێو شۆڕش و خوێندن و پەروەردەی تەنانەت لە سەخت ترین هەلومەرجیشدا لەبیر نەدەچوو. بۆ ئەو خوێندن و مەدرەسە جۆرێک بوو لە خەبات. مامۆستا خاوەنی بیروباوەڕیکی پێشکەوتنخوازانەبوو. سیمایەکی هەڵسوڕ و چالاکی دێموکڕات بوو کە لە نێو خەڵکدا وەک چرا دەدرەوشایەوە. خۆ لە خۆڕا نیە شەهید دووکتۆر شەرەفکەندی دەڵی کاک مەلا ڕەسووڵ کۆڵەکەیەکی حێزب بوو لە نێو خەڵکدا. پێم وایە ئەوە باشترین تەعبیرە بۆ بەیان کردنی مەوقعیەتی تێکۆشەرێکی حیزبی و دەستنیشانکردنی ڕۆڵی وی لە خەباتدا. بەڕاستیش هەروابوو. کاک مەلا ڕەسووڵ هەر لە سەرەتای دەستپێکردنی شۆڕشەوە تا شەهیبوونی کۆڵەکەیەکی حیزب و خەبات بوو. کاک مەڵا ڕەسوڵ لە خەبات دا دەژیا و خەبات بۆ ئەو عەینی ژیان بوو.

هەر لە خەباتیشدا سەری نایەوە و کەوتە نێو کاروانی شەهیدانی میللەت. یادی بەخێر بێ و ڕێگای پڕ ڕێبوارێ.

هەزاران سڵاو لە گیانی پاکی شەهیدان کاک مەلاڕەسوڵی گەردی و کاک حەسۆ عەلی پوور و کاک جەلیل مامایی و هەموو شەهیدانی حیزب و گەل.

ڕێکەوتی : ٤ی نوامبری ٢٠١١

## بزووتنەوەکانی ئێستای دونیای عەرەب و تایبەتمەندیەکانیان

نوسینی: کریم الحلو

ئەگەر بزووتنەوەکانی ئێستای دوونیای عەرەب هەڵسەنگێنین، دەتوانین گرنگترین تایبەتمەندیەکانیان، بەم جۆرەی خوارەوە، دەستنیشان بکەین.

گەڕانەوە بۆ دیسکۆرسی لیبڕالیزمی عەرەبی

گرنگترین تایبەتمەندی ئەو بزووتنەوانە بریتیە لە گەڕانەوە بۆ لیبرالیزمی ڕەسەنی عەرەبی. لیبرالیزمێک کە لە کاتی خۆیدا پێی لەسەر پێویستی هەبوونی( ئازادی) بۆ بزووتنەوە سیاسی و کۆمەڵایەتیەکان دادەگرت. دواتر بە درێژایی مێژووی ئەو بزووتنەوانە، بە بیانووی ئەوە کە مەسەلەکانی دیکەی وەک ناسیۆنالیسزمی عەربی، نەتەوەپەرستی و سۆسیالیزم سەرەکیترن، ئەودیسکۆرسە وەلانرا. ناسیۆنالیستە عەرەبەکان لە سەرەتادا درووشمی << یەکیەتیی نەتەوەیی عەرەب >> یان بەرزکردەوەو دواتریش پێویستیی << ڕزگاری فەلەستین>> یان وەک ئامانجی سەرەکی خۆیان دیاری کرد. ئەوان لەسەر ئەوبڕ

وایەبوون کە بەبێ << یەکیەتی ئوممەی عەرەبی >> و لە ژێر سێبەری

<< داگیرکەران >> دا ئازادی بێ مانایە.

سۆسیالیستە عەرەبەکان درووشمی << سۆشیالیزم >> یان وەک ئامانجی هەرە سەرەکی بزووتنەوە سیاسی و کۆمەڵایەتیەکان هەڵبژارد. ئەوان پێیان وابوو کە تا<< جیاوازی چینایەتی >> و << چەوسانەوەی چینایەتی >> لە کۆمەڵدا هەبێت، ئیمکانی گەیشتن بە << ئازادی>> نیە.
ناسیۆنالیستە عەرەبەکانیش، بەنۆرەی خۆیان ، هەڵگرتن و بەرزکردنەوەی شیعاری << یەکیەتیی نەتەوەیی>> یان ، بە ڕێگاچارەی زاڵبوون بەسەر کێشەو ناکۆکیە مەزهەبی و نێوخۆییەکان و، پێشمەرجی گەیشتن بە ئازادی و<< دابین بوونی یەکیەتی نەتەوەیی>> لە قەڵەم دەدا. بەمجۆرە لە تەواوی قۆناخەکاندا << ئازادی>> دەبووە قوربانی بەرژەوەندیە جۆراوجۆرەکان و، لەبەر گرینگی دان بە ئامانجە بەرز و ستراتیژیکەکانی ئیدەئۆلۆژی و ڕەوتە سیاسیە جیاجیاکان ، دەخرایە پشتگوێ و حەواڵەی داهاتوویەکی نادیار دەکرا.
ئێستا دەبینین ، بە پێچەوانەی ئەوەی لە سەرەوە باسمانکرد، پەیامی بزووتنەوەکانی ئێستای دوونیای عەرەب، بە پێ داگرتن لە سەر زەروورەتی دابین و دەستەبەرکردنی<< ئازادی >> و << مافەکانی مرۆڤ>> چەخماخەی لێ دا. ئازادی بەیان، مافی خۆپێشاندان و نارەزایەتی دەربڕین، کۆنترۆڵ و چاوەدێری بەسەر حکومەت و دەستەلات دا، وەلامدەربوونی دەستەلاتداران بەرامبەر بەخەڵک، عەداڵەتی کۆمەڵایەتی و ئۆکۆنۆمی، بەرانبەری هاووڵاتیان لە بەرانبەر قانوون دا، دەستەبەرکردنی ئەمنیەت و ئاسایشی قەزایی، ئەمنیەتی کۆمەڵایەتی، مافی دەنگدان و هەڵبژاردن و هەڵبژێران و دەستاودەست کردنی دەستەڵاتی سیاسی، بە سەرەتایترین ئامانجەکانی بزووتنەوەکانی ئەمڕۆی وڵاتانی عەرەبی دادەنرێن. بەم شێوەیە دەبینین کە لە ئەمڕۆ خەبەرێک لە درووشم و شیعارە ئیدەئۆلۆژیکیە سۆشیالیستی و ناسیۆنالیستیەکان لەنێو ئەو جوڵانەوانەدا نیە . ئێستا درووشمی << ئازادی >> و << مافەکانی مرۆڤ>> بۆتە ئامانجی هەرە گەورەی ئەو بزووتنەوانە و خەڵک تێدەکۆشن لە ڕێگای دابینبوونی ئەوانەوە بناخەکانی کۆمەڵگایەک داڕێژن کە لەوێدا بەهائینسانیە کان دەستەبەرکرابن.
تایبەتمەندیەکی دیکەی ئەو بزووتنەوانە بریتیە لە گەڕانەوەی حسیبە ت و ئیعتیبار بۆ << جەماوەر >> لە بەرامبەر<< ڕێبەر>> و << حیزب >> و << ڕۆشەنبیر>> دا. دەزانین کە لە ڕابردوودا کۆمەڵانی خەڵک لە بەرانبەر ڕێبەر و حیزب و ڕوناکبیردا لە بیر کرابوون . وەزعێک خوڵقابوو کە ئیعتیباری<< ڕێبەر>> دەکەوتە پێش ئیعتیباری << جەماوەر>> .
واتە ڕێبەر ئەولەویەتی بەسەر << جەماوەر>> دا هەبوو. لەوەش زیاتر توانایی، لێوەشاوەیی، زانایی و حیکمەتەکانی << ڕێبەر>> هێندە گەورە دەکرانەوە کە هەموو میللەت لە کەسایەتیی ئەودا دەتوایەوە.
وشەی << ڕۆشەنبیر>> یش لە بارودۆخێکدا هاتە پێشەوە و ئەولەویەتی پەیداکرد کە وەک گیان و عەقڵی کۆمەڵانی خەڵک ناسرا. بەرپرسایەتی بەرەوپێشبردنی کۆمەڵگاو بنیاتنانی کۆمەڵگایەکی مەدەنی خرایە سەرشانی ڕۆشەنبیر. بەمجۆرە سەرکەوتن بەسەر دواکەوتوویی و نەزانی و کۆنەپەرستی و دەمارگرژی داو، سەرەنجام پێکهێنانی ئاڵوگۆڕی دێموکراتیک بوون بە ئەرکی بنەڕەتی ڕۆشەنبیر.
<< حیزب>> یش لە هەلومەرجێکدا ڕۆڵی ئەسڵی بە دەستەوەگرت کە وەک پێشڕەوەی خەبات و تێکۆشانی میللی و نیشتیمانی، ڕیسالەتی مێژووی خۆی بۆ وەدستهێنانی ئازادی و پێشکەوتن و ڕزگاری بە ئەستۆوە گرت.
لە بەرامبەر ئەوەنەدا، میللەت یا بە واتایەکی دیکە گەل، وەک مەوجودێکی کەم عەقڵ و نەزان پێناسەدەکرا کە هەمیشە پێویستی بە ڕێنوێنی، چاوەدێری و هاوئاهەنگی هەیە. لە ئاکامی زاڵبوونی ئەمجۆرە بیروو بۆچوونانەدا، جەماوەر واتە کۆمەڵانی خەڵک، بە گشتی لە پڕۆسەی کاروباری سیاسی و کۆمەڵایەتیدا وەلانران. بەم چەشنە خەڵک بوون بە فەرمانبەرداری << ڕێبەر>> و پەیڕەو و گوێڕایەڵی << ڕۆشەنبیر>> و بەڕێوەبەری دەستوورو ئەوامری << حیزب>> و هەر بۆ ئەومەبەستانەش کەڵکیان لێ وەردەگیرا.
بە پێچەوانەی هەموو ئەو بۆچوونانەی سەرەوە کە لە زهنیەتی ئیدەئۆلۆژیکەوە سەرچاوەیان دەگرت و باڵیان بە سەر قۆناغەکانی ئەو چەند دەورەی ڕابردوودا کێشابوو، بزووتنەوەکانی ئەم دواییانەی وڵاتانی عەرەبی، بۆ جارێکی دیکەش ئەو ڕاستیەیان دەرخستەوە کە کۆمەڵانی خەڵک وەک چەقی قورسایی دینامیزمی مێژوو، ڕۆڵێ ئەسڵی لە پەرەسەندن و بەرەوپێش چوونی کۆمەڵدا دەگێڕن. بۆ جارێکی دیکەش دەرکەوت کە جەماوەری خەڵک یانی میللەت، دەوری ئەساسیان لە بنیاتنانی ئێستا و داهاتوودا هەیە. گەل لەو بزووتنەوانەدا وەک بڕیاردەری مەیدانەکە خۆی نواند. ئەوەتاخەڵک ئەکتەری ئەسڵی سەر شانۆی ڕووداوە سیاسیەکانن. ئیدی ئەم جار ئەوە << ڕێبەر>> و << ڕۆشەنبیر>> و << حیزب>> بوون کە دوای ڕووداوەکان دەکەوتن. ئەوان هەموو هەوڵیان ئەوەبوو نەبزی کۆمەڵانی خەڵک بگرن تابەڵکوو لێیان تێبگەن و مەشرووعیەتی خۆیانیان لێ وەدەستخەن. وەک دیتمان جەماوەر لە ڕیزی پێشەوە دەڕۆیشت و ئەوانیش بەدوایەوە لەنگان لەنگان هەنگاویان دەنا. ڕێبەر و ڕۆشەنبیر و حیزب بەدوای خەڵکەوە بوون تا لە داخوازی و ئامانج و داواکاریەکانیان تێبگەن. بەدوایانەوە بوون تا ڕەزامەندی ئەوان وەدەستبێنن و کارێک بکەن بەڵکوو جەماوەر ددانی خێریان پێدا بێنێ. بەدوایانەوە بوون تا گەل لێیان نەپرسێتەوە. بەدوای خەڵکەوەبوون تاخەڵک پرسیاریان لێ نەکا و داوای حسابیان لێنەکا.

* دوو فاقەبوونی دەوڵەتی عەرەبی، ناتەباییەکانی نێوخۆی حکوومەت لە وڵاتانی عەرەبیدا و لەدەستدانی ڕووخساری قانوونی حکوومەت.
دەوڵەت لە وڵاتانی عەرەبیدا مۆدێلێکە لە حکوومەت کە لە دەزگا ئەمنیەتی، ئیستخباڕاتی ،عەسکەری و نیزامیەکان پێک دێ . ئەو دامو دەزگا ئەمنیەتی و عەسکەریانە سێبەر بەسەر هەموو کۆمەڵدا دەکێشن و گشت دامەزراوە کۆمەڵایەتیەکان بێ نێوەرۆک دەکەن و ئیرادە و توانای بڕیاردانیان لێدەستێننەوە.

لەو مۆدێلە لە حکوومەتدا، دەزگا ئەمنیەتی و نیزامی و پۆلیسیەکان، نفووز دەکەنە هەموو دامەزراوە کۆمەلایەتی، فەرهەنگی ، سیاسی یەکان و، هەر لەو کاتەدا کە بۆخۆیان گەندەڵ و رزیو و داتەپیون، چاوەدێریش بەسەر هەموو جمووجۆڵێکی خەڵک و کۆڕوکۆمەڵە جەماوەریەکاندا دەکەن. حکومەتێک کە ترس و خۆفی رێنیشتوە، لە سێبەری خۆی دەسلەمێتەوەو نیگەرانی هەرچەشنە ئاڵوگۆرێکی دێموکراتیکە کە لە چوارچێوەی ئیرادەو چاوەڕوانیەکانی ئەودا نەبێت. بزووتنەوەکانی ئەم دواییانەی وڵاتانی عەرەبی ئەم مۆدێلە لە حکومەتیان خستۆتە تەنگانەیەکی نەدیتراوەوە. ئیتر ئەو حکوومەتانە تەنانەت ئەگەر لە رێگای سەرکوت و زەبروزەنگ و تۆقاندنیشەوەبێ، ناتوانن ماهیەتی دووفاقەبوونی خۆیان و ناتەباییەکانی نێوخۆیان و غەیرە قانوونی بوونیان هیچی تر بشارنەوەو و درێژە بە دەستەڵات بدەن. ئێستا وەزعێک لە گۆڕێدایە کە حکوومەت ناتوانێ بە شێوەی جاران لەسەر کورسی دەستەڵات بمێنێتەوە. بۆیە ناچارە مەشرووعیەتی لە دەستچووی خۆی، بەرێگایەکی دیکەی جیا لە سەرکوت و زەبروزەنگ ، لە میللەت وەرگرێتەوە.

* تێگەیشتن لە زەمان و چوونە پێشی رەورەوەی مێژوو

حاکمانی وڵاتانی عەرەبی لە پرِ بۆیان دەرکەوت کە تەمەنی هیچ حکوومەتێک ئەبەدی و تاسەرنیە. رەورەوەی مێژوو بۆ پێشەوە دەروا و هەر شتێک کە بێتە سەر رێگای و پێش بە پێشکەوتن و پەرەسەندن و نوێبوونەوە بگرێ، تێک دەهاڕێ . حکوومەتەکانی وڵاتانی عەرەبی، ئەگەرچی بەدرەنگەوە، بەڵام سەرەنجام بۆیان دەرکەوت کە ناتوانن لە رێگای << حکوومەتی نیزامی>> و راگەیاندنی << حاڵەتی نائاسایی>>، بۆ چەند دەیە درێژە بە دەستەڵات بدەن.

حاکمانی وڵاتانی عەرەبی سەرەنجام لە وە تێگەیشتن کە لە دوونیایەک دا کە شۆرش هەموو قوژبنەکانی گرتۆتەوە و هەموو شتێکی تێدا خستۆتە حاڵەتی ئاڵوگۆرەوە، ئیدی ئەو دەورانە بەسەر چووە کە کورسی دەستەڵات بۆکەس بە جێ نەیەڵن مەگەر بۆ کورەکانیان نە بێت. ئێستا بە خۆشیەوە تێگەیشتوون کە دەستەڵات هەمیشە لە حاڵی ئاڵووگۆردایەو دەستەڵاتی ئەبەدی بۆ کەس مەیسەرنابێت.

دەستەڵاتداریەتی و حکوومەت کردن بریتیە لە رێکەوتننامەیەک لە نێوان هاووڵاتیان و حکوومەت دا و حکوومەت لە سەریەتی ماف و ئازادیەکانی هاووڵاتیان دەستەبەربکا، ئیرادەی ئەوان وەبەرچاوبگرێ. قودرەت و دەستەڵاتداریەتی قانوون تاقە گەرانتیە بۆ جێبەجێ بوونی ئەم رێککەوتننامە. کاربەدەستانی وڵاتانی عەرەبی سەرەنجام هەموو ئەوراستیانەی سەرەوەیان بۆ دەرکەوتن. بەڵام تازە درەنگ بووبوو. ئەوان کاتێک ئەو حەقیقەتانەیان بۆ دەرکەوت و دەستیان کرد بە پاشەکشە و ئیمتیازدان کە ئیتر خەڵک، بە پێی مەنتقی مێژوو، راپەریبوون و بە دانی ئیمتاز و جێ بەجێ کردنی هەندێک قووڵەرێ فۆرم و وادەوە بەڵێنی بێ نێوەرۆک رازی نەدەبوون.

* داخوازی حکوومەتەکانی وڵاتانی عەرەبی بۆ راوەستان لە بەرانبەر هێزە ئوسووڵیە ئیسلامەکاندا

کاربەدەستانی وڵاتانی عەرەبی لە درێژەی هەوڵ و تێکۆشانەکانیاندا بۆ درێژکردنەوەی ماوەی دەستەڵاتداریەتی خۆیان، کەوتنە ترساندنی خەڵک کە ئەگەر میللەت بەنان و نمەکی ئەوان رازی نەبێت و سەر بۆ حاکمیەتی ئەوان بەرنەداتەوە، ئەوە دارودەستە ئوسووڵیەکان دێنە سەرکار. بەم جۆرە ئەوان دوو ئەڵترناتیویان خستەبەردەمی خەڵک. یا دەبێ رازی بن << دارو‌دەستە ئوسووڵیەکان بێنە سەر دەستەڵات>> یا دەبێ لە گەڵ <<وەزعی مەوجوود>> بسازێن. بێ خەبەر لەوە کە خەڵک چاک دەزانن هەردووکی ئەو دوانە هاوزێی یەکترن، لە یەکمنداڵدانەوە هاتوونە سەر دوونیا و لە دیسکۆرس و مۆدێلی رەفتار و شێوەی کردەوەشدا، جیاوازیەکی زۆریان لە گەڵ یەکتر نیە. هەردووکی ئەوانە تەنیا خۆیان بە حەق دەزانن. هەردووکیان خۆیان بە میحوەر لە قەڵەم دەدەن. هەردووکی ئەوان کەس و رەوت و هێزو بیری جیا لە خۆیان وەلا دەنێن. ئەوان نەک هەر لەگەڵ یەکتر ، بەڵکوو لەگەڵ کۆمەڵگاو خەڵکیش هەر ئاوا دەجوڵێنەوە. ئاخر << تیرۆریزمی ئوسووڵی گەرایانە>> لە هەناوی << تیرۆریزمی دەوڵەتی>> و بۆ بەربەرەکانی لە گەڵ ئەودا هاتۆتە کایەوە.

ئەوە کە هەندێک لە حکوومەتەکانی وڵاتانی عەرەبی پێشنیاردەکەن رێفۆرمی قوڵ پێک بێنن، نیشانەی ئەوەیە لەوە تێگەیشتوون کە حکوومەتی دیکتاتۆری، دەبێتە زەمینەساز و رێگاخۆشکەر بۆ هاتنەسەرکاری دیکتاتۆریەکی زۆرتر و هارتر. واقعیەتیش ئەوەیە کە تەنیا رێگای بەربەرەکانی لە گەڵ ئوسووڵیگەری ئیسلامی بریتیە لە دابینکردنی دێموکراسی ، نەک درێژەدان بە دیکتاتۆری.

وەرگێرانی : ئیبراهیم ساڵحی راد ( لاجانی)

ریکەوتی : ٢٥ی ژووئیەی ٢٠١١

## پێداگۆگیی پاراستن و پەرەپێدانی و دەکارکردنی سەرمایەکانی حیزب.!

پێداگۆگیی پاراستن و پەرەپێدانی و دەکارکردنی سەرمایەکانی حیزب لەمێژە لە ریزەکانی تەشکیلاتی حیزبی ئێمە دا ئەو قسەیە جێ کەوتوە کە دەڵێین تەشکیلات چەکی هەرە گرینگی ئێمەیە. دەشزانین کە تەشکیلاتی حیزب لە ئینسانان ، لە لایەنگران و ئەندامان و کادرەکان و تێکۆشەران و رێبەرانی حیزب پێکهاتوە. بەراستی ئێستا دەورانێکە کە دەکرێ ئەو مەفهومە تەشکیلاتی و حیزبیە بەرینتر کەینەوە و بڵێین تەشکیلات و رێتۆریکێکی هاوچەرخ و کاریگەر، گرینگترین ئامرازی ئێمەن لە خەبات بۆ وەدیهێنانی ئامانجە بەرزەکانی حیزب و گەلەکەماندا. بەڵام دەزانین کە کارکرد و هەڵسووڕانی چەرخەکانی ماشێنی تەشکیلات و ریتۆریکی حیزبی ئێمە، بەستراوەتەوە بە رادەی کارایی و ئیفێکتیڤ بوونی کادر و ئەندامانی حیزب. ئێمە ئەگەر پووڵمان نەبێت دەتوانین داوای یارمەتی یا قەرز لە حیزبە دۆست و براکانمان بکەین و گیروگرفتە ماڵیەکانی خۆمان لەورێگایەوە چارەسەرکەین. ئەگەر چەکیشمان بوێ، هەرئاوا دەتوانین داوای چەک و چۆڵی پێویست لە دۆستەکانمان بکەین. بەڵام کادر و تێکۆشەری حیزبی ناتوانین لە جێگای دیکە بێنین و هەردەبێت لە نێوخۆمان، لە نێو ئەندامانی خۆمان و لە نێو میللەتی خۆماندا درووستبن و پەروەردەبکرێن و پێبگەن. بۆیە دەبێ بڵێین کە ئەندامان و تێکۆشەرانی حیزب گەورەترین و بەنرخترین و پرباییەخترین سەرمایەی حیزبن . لەهەر پرۆژەیەکی گەورە و ستراتیژیکیش دا،

سەرمایە ڕۆڵی ئەسڵی دەبینێ و بە بێ ئەو، فاکتۆرەکانی دیکە کارناکەن یا ئەگەر بۆ ماوەیەک کاریش بکەن، لاوازن و دواتر لە لاق دەکەون. کەواتە سەرمایە دەبێت ئامانەتی لێ بکرێ و بپارێزرێ و پەرەی پێبدرێ و وەبەربهێنرێ. سەرمایە دەبێ گەشەبکا و هەڵبدا و زیاد بکا بۆ ئەوەی بتوانێ خێر بداتەوە و ئاوەدانی و خێر و بەرەکەت لە گەڵ خۆی بێنێ. مەبەستم لەو قسانە ئەوەیە کە حیزب دەبێت سەرمایە ئینسانیەکانی خۆی بپارێزێ و لە پرۆسەی کاری حیزبی و تەشکیلاتید،ا گەشەیان پێبدا و ، لە پەروەردەکردن و خەمڵاندنی کەسایەتیی حیزبی و تەشکیلاتیی تێکۆشەرانی خۆی غافڵ نەبێت. ئەوەش بە میتۆد و شێوەی جۆراوجۆر دەکرێ . یەکێک لەو میتۆدانە بریتیە لە فێرکردن و بارهێنان، مەشق پێکردن و ڕاهێنانی سیاسیی لە پرۆسەی بردنە پێشی کاروباری ڕۆژانەی حیزبدا، بە جۆرێک کە ئەو پەڕی مەیدانی موشارەکەت participation) ) و بەشداری و شوێندانان لە سەر کار و تێکۆشانی حیزب، لە چوارچێوەی تەشکیلات و پرنسیپە ڕێکخراوەیەکاندا، بۆ تێکۆشەرانی حیزب دابین بکرێ. هەر ئەندامێکی حیزب لە شوێنی کار و ژیانی خۆیدا، لە شوێنی ژیان و تیکۆشانی خۆیدا، بە پێی توانا و لێوەشاوەیی یەکانی، بە گوێرەی ئەو مایەی لە خۆی و لە وجودی خۆی و لە کات و گیرفانی خۆی بۆ کاری حیزبی دای دەنێ و بە پێی تەئسیری کار و خزمەتەکەی لەسەر چوونە پێشی تێکۆشانی حیزب، پێویستە مەیدانی گەشە و خەملینی بۆ دابین بکرێ و پشتیوانیی تەشکیلاتی و حیزبی لێ بکرێ. بەتایبەت کەسانێک کە بەرپرسایەتی بردنە پێشی کاروباری حیزبیان بە ئەستۆوەیە، پێویستە تەشکیلاتی حیزب وەک گلێنەی چاو ئامانەتی یان لێ بکا. ئەو مەسەلە هێندە گرینگە پێشەوای موعەزەم لە وەسیەتنامەکەیدا بە توندی پێی لە سەر دادەگرێ. ئەگەر ئەوە نەبێت، مۆتیڤاشۆن motivaition)) یا ئەنگیزە واتە هێزی پاڵنەر و قووەی موحەریکە، بۆ کار و خزمەت و شان وەبەردان نامێنێ و، ئەوەش ئاکامی زۆر خراپی لێدەکەوێتەوە. بەهێند گرتنی سەرمایە ئینسانیەکان و پەرەپێدان و گەشەپێدانیان، تایبەتمەندیەکی بەرچاوی هەر کولتوور و فەرهەنگێکی دێموکڕاتیکە. ئەوە کە ئەندامانی حیزب پەروەردە کەین و ئاستی زانست و زانیاریان بەرینەسەر، هەروەک لە ئەساسنامەی حیزبیشدا هاتوە، بایەخێکی زۆر گرنگی هەیە. بەڵام مەسەلەکە هەر بەوە تەواو نابێ و ئەوە تەنیا لایەنێکی قەزیەکەیە. زاراوەی ئەندام یا کادر یا تێکۆشەری حیزب، هەرمەفهوومی تەشکیلاتی و حیزبی نیە . ئاخر ئەندامی حیزب لە پێش هەر شتێکدا ئینسانە. واتە پەرەپێدان و گەشەپێدانی ئەندامانی حیزب هەر گەشەکردنی تەشکیلاتی و حیزبی ناگرێتەوە، بەڵکوو پەرەسەندنی لایەنە جۆراو جۆرەکانی کەسایەتیی ئینسانیی هەر یەکێک لە ئێمە دەگرێتەوە. تەشکیلات دەبێت قوتابخانەی دروستکردنی ئێمە بێت و دروستمان کات و بمانخەملێنێ. جوانمان بکات، بمانخاتە بەردڵان، هەستە ئینسانی و بایەخە بەرزە ئینسانیەکانمان تێدا بچێنێ و وەخەبەریان بێنێ. ئاوێنەیەک بێت ، خۆمانی تێدا ببینین و بە ڕاوەستان لە بەرانبەریدا، کەموکوڕیەکانمان دەرکەون و یارمەتیمان بدا بۆ خۆ جوان کردن. ئاخر ئێمە لە ئاسمان ڕا نەهاتووینەتە نێو حیزب. هەموومان لە کۆمەڵگای دواکەوتووی کوردستان ڕا هاتووینە نێو حیزب. بەم جۆرە منی ئەندامی حیزب، ئەو نەخۆشیە ڕەفتاری و ڕووحی و کۆمەڵایەتیانەی لە نێو کۆمەڵدا هەن، لە گەڵ خۆم کەم و زۆر هێناومن بۆ نێو حیزب. بەڵام لەسەر یەک هەستی خەباتگێڕانە، عەداڵەت خوازانە ، ئازادیخوازانە و کوردایەتی هەوێنێکی هێندە بە هێزە، دەتوانێ سەر لەنوێ دامانرێژێتەوە و لە قالبمان داتەوە . یەکێک لە فەلسەفەکانی هەبوونی دیسپلینی حیزبی هەر ئەوەیە. ئینسانی خەباتگێڕ بەڕاستیی ئینسانترە. هەر ئەو هەستە ئینسانیەشە کە هانی دەدات ژیانی بۆ ئازادی و سەعادەتی میللەتەکەی تەرخان بکات. ئەو ژینگەیە((Environment، ئەو کۆمەڵگایە، ئەو حیزب و تەشکیلاتە کە ئینسانی تێدا دەژێ و ئنسان کاری تێدادەکا، یا تێیدا گەورەدەبێ، شوێنەواری ڕاستەوخۆی لە سەر دروست بوونی کەسایەتی ئینسانەکە هەیە. تا ئەو کۆمەڵگایە ئینسانی تر بێت، ئینسانەکانی نێوێ ئینسان ترن. مارکس دەڵی ئینسان زادەی ژینگەیە. لەوەش زیاتر ڤیگۆتسکی و پێداگۆگە گەورەکانی دیکە هەموویان لەسەر ئەوە کۆکن کە ئەو شەبەکە و نێتوۆرکەی کە ئینسانی تێدایە، شوێنەواری ڕاستەوخۆی لە سەر ئینسانەکە هەیەو ئینسانەکە دروست دەکا. زۆر جار کە دەچمە نێو شار و میترۆ دەگرم، وێنەیەک سەرنجم ڕادەکێشێ و دەمخاتە دونیای بیرکردنەوە. وینەی ژنێکی جوان و باڵابەرزی دەم بە بزەی دووگیان واتە زگپڕە کە لە نێو واگۆنەکاندا هەڵواسراوەو لە ژێری نوسراوە ئەو منداڵە دێتە کام ژینگە؟ لە ڕاستیدا ئەوە ژینگەیە کە دەتوانێ هەلومەرجی گەشەو و پەرەسەندنی ئەو ئینسانە دابین بکا یا وەزعێکی بۆ بخوڵقێنێ کە تووشی کەند و کۆسپ و ناهەمواری بێت و لە ڕێگای ئاسایی گەشەی خۆی لای دا. لە عیلمی پزشکی و تەبابەتدا دەڵێن ئینسانی ساخ و تەندروست ئەو کەسەیە کە لە گەڵ ژینگە و شوێنی ژیانی خۆی لە هارمۆنی واتە هاوئاهەنگی دایە. نەخۆشیش کە سێکە کە ژینگەی دەوروبەری لە گەڵ ئەو لە هارمۆنی دانیە یا ئەو لە گەڵ ژینگەی دەوروبەری لە هاوئاهەنگی دانیە. کەواتە ژینگەیەکی تەشکیلاتی و حیزبی کە لە سەر بناخەی هومانیزم و ئینسانیەت و فەرهەنگێکی دێموکراتیک و بایەخە بەرزەکانی بەشەریەتی پێشکەوتوو دامەزرابێ، دەبێتە قوتابخانەی دروستبوون و هەڵدان و خەملێنی کەسایەتیی ئینسانیی ئەو ئینسانانەی کە لە نێویدا دەژین و کار دەکەن . حیزب وەختێک گەشەدەکا و هەڵدەدا و پەرە دەگرێ کە تێکۆشەرەکانی لەحیزبدا و لە کۆمەڵدا گەشە بکەن و لە جیاتی ئەوە کە هەر سیمایەکی حیزبی و تەشکیلاتی بن، ببنە سیمایەکی میللیی، نیشتیمانی و نەتەوەیی. خۆ لە خۆڕانیە حیزبی ئێمە شانازی بە پێشەوا و قاسملوو و شەرەفکەندی و دەیان و سەدان و هەزاران شەهیدی دیکەی نێو ڕیزەکانی ڕێبەرایەتی و تەشکیلاتی خۆیەوە دەکا. خۆ ئەوانیش حیزبی و تەشکیلاتی بوون، ئەدی چۆن بوو بوونە کەسانێک کە ئەوەتا نەک حیزب ، بەڵکوو کوردستان و تەنانەت بزووتنەوەی ئازادیخوازی ئێرانیش بە هی خۆیان دەزانێ و شانازیان پێوە دەکا؟ کەواتە ئەوە کە ئەندامی حیزب نەک هەر وەک ئەندام و کادری حیزبی، بەڵکوو وەک ئێنسانێک بە هەموو تایبەتمەندی و پێداویستیە ئینسانیەکانیەوە تەماشاکەین و ژینگەیەکی سالم و سرووشتیی بۆ کار و تێکۆشان و هەڵدان و گەشەکردنی دروستکەین ، ئەرکی هەمیشەیی مودیریەتی تەشکیلاتی ئێمەیە. لە لایەکی دیکەشەوە حیزب و تەشکیلات ئەندامی حیزبیان بۆ ویترینێ ناوێ. ئەندام و تێکۆشەری حیزب بەرامبەر حیزب ئەرکی لەسەر شانە، پێویستە کار و ئەرکە حیزبیەکانی ڕاپەڕێنێ، ئاخر ئەو تەعەهودی حیزبی و تەشکیلاتی هەیە. وەک لە سەرێ باسمانکرد، ئەوە خزمەت و تێکۆشان و مایە لە خۆ دانان و کار و زەحمەت و ماندووبوون و موشارەکەت و چالاکی و کارە کە لە حیزب و تەشکیلاتدا ، دەبێتە بناخەی گەشەکردن و چوونە پێش. لە غەیری ئەوەدا ئەو ناهاوئاهەنگیە لە نێوان ژینگە و ئینسانەکەدا واتە ئەو دیسهارمۆنیە( disharmony دروست دەبێ لە ژینگە کەدا و، دەبێتە سەرچاوەی نەخۆشی جۆراوجۆر. لە حیزبی مەدا کەس جێگای کەس نا گرێتەوە. ئەسڵ ئەوەیە کە هەرکەس بە گویرەی زەحمەت و ماندووبوون و مایە لەخۆدانان و مەسئوولیەت قبووڵکردن و موشارەکەت و تەئسیرێک کە لەسەر چوونە پێشی تێکۆشانی حیزب هەیەتی، شوێنی خۆی لە حیزب و تەشکیلاتدا بکاتەوە. واتە لە تەشکیلاتی ئێمەدا کەس جێگای کەس ناگرێتەوە ، بەڵکوو هەرکەس تێدەکۆشێ لە ڕێگای خزمەت بە حیزب و ئامانجەکانی حیزب و گەلەوە، جێی خۆی بکاتەوە. هەر بۆیە ئەوانەی کار و زەحمەت لەو حیزبەدا دەکێشن و مایە لە خۆیان دادەنێن، بۆ هاتا هەتایە جێگای خۆیان هەیە و دوای نەمانیشیان ، زەحمەت و ماندووبوون و فیداکاریەکانیان دەبنە سەرمەشقی ئیلهام بۆ نەوە تازەکانی حیزب و گەل. لایەنێکی دیکەی پەرەسەندن و گەشەکردنی ئەندام و تێکۆشەری حیزب ، ئەوەیە کە تێبکۆشێ لە تەشکیلات و حیزب و بزووتنەوەیەکدا کە حیزب بەشداری تێدا دەکا، خۆی سۆسیالیسێرە واتە بەکۆمەڵایەتی بکا. مەبەست لە سۆسیالیسێرە بوون لە حیزبدا ئەوەیە کە تێبکۆشی خۆی لە حیزبدا ببینێ نەک بە پێچەوەانەوە. ڕەنگ و ڕوو و سیمای تێکۆشەری حیزبی

هەبێت. لە خەت و ریبازی سیاسیی حیزب دابێ و دیفاعیان لێبکا. ویکیپێدیا زۆر جوان مانا و مەفهومی سۆسیالیسێرە بوونی شیکردۆتەوە. بە کۆمەڵایەتی بوون ئەو پرۆسەیەیە کە مرۆڤ تێیدا لەو نۆرم و بایەخ و کودە کۆمەڵایەتیانەدا فۆرم دەگرێ، کە لەو کۆمەڵگایەدا باون کە ئەو کار و ژیانیان لە گەڵ کەسانی دیکەدا، تێ دا دەکا. کەواتە مەبەست لە سۆسیالیسێرە بوون لە تەشکیلات و حیزب دا ئەوەیە کەئەندامی حیزب سیمای دێموکڕاتی هەبێت. یانی ئەندامی حیزب خۆی لەو بایەخ، نرخ، پرنسیپ، نۆرم ، پێوانە و ڕێوشوێنانە دا فۆرم یا شکڵ پێ بدا کە حیزبیان پێ دەناسرێتەوە و بە تایبەتمەندی حیزب ناسراون. ئاخر شیعە بەبێ بەردەمۆر و نەجەف و کەربەلاو حەسەن و حوسێن و تاسوعاو عاشورا و مەهدی و ئیمام ڕەزا.... شیعە نیە. واتە ئەندامی حیزب دەبێ شانازی بە ئەندامەتی خۆی لە حیزبدا بکا و سیمای دێموکڕاتی هەبێ و لە هەڵسوکەوت و ڕەفتار و کردەوەدا لە گەڵ خوشک و برا حیزبیەکانی وەک بەیاننامەی جیهانی مافەکانی مرۆڤ دەڵێ، بە گیانێکی برایانە بجوڵێتەوە. دڵسۆزی بۆ حیزب زۆر گرینگە، بەڵام دەبێت لە حیزبدا بۆ ئەندامان و تێکۆشەرانی حیزبیش دڵسۆزبین. حیزبمان دەبێ خۆشبوێ، بەڵام ئەوەش گرینگە کە تێکۆشەرانی حیزبیشما ن خۆشبوێن. ئەوانە پێکەوە بەستراون. تەواوکەری یەکترن. دوولایەنی یەک مەسەلەن و دوو ڕووی یەک سککەن. ئەوە جۆرێک نە خۆشیە کە تووشی وەهمی ئەوە بین کە پێمان وابێ جگە لە خۆمان کەسی تر دڵسۆزی حیزب نیە. ئەو حیزبە ئی هەموو ئەو کەسانەیە کار و زەحمەتی تێدا دەکێشن و مایەی تێدا دادەنێن. هێ هە موو ئەو میللەتەیە. سۆسیالیسێرە بوون لە حیزبدا ئەوەشە کە فەرهەنگ و کولتووری حیزب و ئەدەبیاتی حیزب، ببێتە فەرهەنگ و کولتووری ئەندامی حیزب. ئەوەی کە لە پێداگۆگیدا پێی دەڵێن ناسنامە .(Identity) حیزبی دێموکڕات هەندێک داب و نەریت و ڕێتواڵ و سیمبۆل و شوێن و کەس و جێگا و هەندێک برگەی زەمانی و مێژوویی هەن کە بوونەتە بەشێکی جیانەکراوەی هەویەت و فەرهەنگ و کولتوری حیزب و مان و مەوجودیەت ئەو حیزبە یان لەسەر وەستاوە. ٢٥ گەلاوێژ، ٢ی ڕێبەندان، چوارچرا، ١٠ی خاکەلێوە، کۆنگرەکانی حیزب، پێشەوا و شەهیدانی کۆمار، ڕاپەڕینی جوتیارانی موکریان، جوڵانەوەی ٤٦ و ٤٧، شەڕی سێمانگە، مانگی دیفاع لە ئازادی، سەدان و هەزاران شەڕ و عەمەلیاتی حەمماسی و قارەمانانە لەشەڕو بەربەرکانی لە گەڵ کۆنە پەرستیدا، بە هەزاران شەهیدی سەربەرز و کاروانی شەهیدانی حیزب، بە هەزاران زیندانیی سیاسی و ئیعدام و دونیایەک لە بەربەرەکانی و خۆڕاگریی ئەندامانی حیزب لە زیندانەکاندا، دەیان هەزار دایک و باوکی شەهید و منداڵە شەهید، بە هەزاران کەم ئەندام و بریندار، بە سەدان هەزار لایەنگر، جگە لەوانە دەنگی کوردستانی ئێران، ڕۆژنامەی کوردستان، بێستوون، ئاربابا، ئاگری، شاهۆ، قەندیل،بەیان،زرێبار،ئاژوان،هەوشار، ،سەرشاخان، گەلاڵە، قەندیل، ویەن، پاریس، میکۆنووس، تیشک، ئەحمەد تۆفیق، تێکۆشەر، دووکتۆر قاسملوو، شەرەفکەندی، کۆیە، قەڵا و هەزاران شوێن و کەس و تاریخ و ناو و شار و شاخ و مەزراو و ئەشکەوت و دارستان و چۆم و ڕووبار و مووچەو مەزراو گۆڕ و گۆڕستان و . زیندانی وەک قزڵقەڵعە، قەسری قەجەر، ورمێ، ئەوین، دیزڵئاباد. فرمێسکی دایکە شەهید و منداڵە شەهیدو .... تێکەڵاوی خوێن و گۆشتی ئەو حیزبە بوونە و موڵکی هەموو میللەتی کوردن و بوونەتە بەشێک لە مێژوو و وجودی حیزب و لێی جیانابنەوە. چۆن ئەفریقایی و دانس و مۆسیقا و ڕیتمی شاد لێکتر جیاناکرێنەوە، هەر ئاواش ئەو شتانە، ئەو ناو و کەس و تاریخ و هتد..... لە حیزب جیاناکرێنەوە و مەوجودیەتی حیزبیان پێوە بەستراوە و سەروەت و سامانی مەعنەوی و سیاسی و مێژوویی و کۆمەڵایەتی حیزب و گەلن. کەواتە زۆر گرینگە ئەندامی حیزب و تێکۆشەری حیزب خۆی وەبەر لووساوکی ئەو شانازیانە و ئەوکولتوورە بدا. لەو کانیە بخواتەوە. ئاخر موسوڵمان دەبێ شادەی بێنێ، بچێتە حەج، نوێژێ بکا، زەکات بدا، قیبلەی هەبێ، سەردانی مزگەوتێ بکا، قورئان و حەدیسان بخوێنێتەوە، دەستنوێژی هەڵگرێ و بەرماڵی هەبێ و مەککە و مەدینەو .... بۆ گرینگ بن. خۆ خستنە بەر بارانی فەرهەنگ و کولتوور و ئەدەبیاتی حیزب، کەسایەتی حیزبی و تەشکیلاتی و خەباتگێڕانەمان مشت و ماڵ دەدا و پەرەمان پێدەدا. ئەوە ئەو خاکەیە کە هەل و مەرجی ڕوان و شین بوون و سەوزبوون و گەشەکردنی شەتڵ و نەمامی کەسایەتی تەشکیلاتی و حیزبیمان بۆ دەستەبەر دەکا. هیچ نەمامێک ئەگەر خاک و ئاو و تیشکی ڕۆژی پێنەگا گەشە ناکا. لە سەرخاکی زەویەکی کەس نەکێڵ و بەردە ڕەق هیچ نا ڕووێ. بش ڕووێت ڕەگ داناکوتێ و زوو سیس دەبێ. بەوجۆرە بە سۆسیالیسێرە بوون لە تەشکیلات و حیزبدا، تەعەللوقمان بە حیزب و تەشکیلاتەوە لە لا دروست دەبێ. تەعەللوق بە حیزب هێز و وزە و تین و تاقەتمان بۆ کار و خەبات دەداتێ و لە ڕەوانشناسی کاری حیزبی و ڕێکخراوەییدا بایەخی زۆر گرینگی هەیە. Affiliation ئەو هەستیی تەعەللوقەیە کە وامان لێدەکا بە هەموو وجودمانەوە کاربکەین. کارکردن بە هەموو وجودەوە دەبێتە هۆی ئەوە کە کەیفیەتی ئەو شتانە، ئەو خزمەتگوزاری و بەرهەمانە باش بێ کە لە ئاکامی کاردا بەرهەمیان دێنین. لە تەشکیلاتێکیشدا کە ئەنداماکانی بە هەموو وجودیانەوە کاروخەبات دەکەن، ئەو تەشکیلاتە دەڕواتە پێش و هەڵدەدا و پەرەدەگرێ و لە گەڵ پەرەسەندنی خۆیدا ئەندامەکانی خۆشی دەباتە پێش و هەڵیان دەکێشێتە ئاستی تێکۆشانی خۆی و ئەو سەتحە کە بۆخۆی لە نێو بزووتنەوەدا تێیدایە. حیزبی مە لە نێو کوردستان و ئێرانێ دا خاوەنی ئیعتیبارێکی بەرزی سیاسی و خەباتگێڕانەیە. حیزبی دێموکڕاتی کوردستانی ئێران هەمان مەوقعیەتی کۆنگرەی میلیی ئەفریقای جنووبی و ڕێکخراوی ڕزگاریبەخشی فەلەستینی هەیە. هەر بۆیە تێکۆشەرانی حیزب خۆیان هەڵدەکێشنە ئەو ئاستە بەرزە کە حیزب تێیدا ڕاوەستاوە. واتە ئاستی چاوەڕوانیەکانی میللەت لە حیزب. ئەوە وەزیفەیەکی حیزبیە و تەشکیلات کاری بۆ دەکا. بەڵام لە هەمان کاتدا وەزیفەی هەر ئەندامێکی حیزبیشە کە بە هەموو تواناوە تێبکۆشی خۆی بەرێتە ئاستی مەوقعیەتی حیزب . بەو پێ یە دروستبوونی ناسنامە و هەویەتی حیزبی و شکڵ گرتنی هەستیی تەعەللوق بە حیزب لە ئەندامانی حیزبدا، مەسەلەی وەفاداری ئەندام بە حیزب .دروست دەکا loyality ئەوەش بە نۆرەی خۆی دیسان حیزب بە هێز دەکا. لەبیرمان نەچێت کە ئەوە تەنیا هێز و توانای تێکۆشەرانی حیزبە کە لە تەشکیلاتدا کۆدەبێتەوە وحیزب دەباتە پێش. کەواتە تەشکیلاتی ئێمە کار و ئەرکی هەر ئەوە نیە کە تواناکانی ئەندامانی حیزب بخاتە سەریەک و نەیەڵێ هێزو توانای ئەندامان بە هەدەر بڕوا یا ئەو هێزانە یەکتر خونساکەنەوە. هونەر ئەوەیە کە ئەو هێز و توانایانەی نێو تەشیلات لێکدەین. واتە زەربی یەکتریان کەین تاببنە هێزێکی هێندە گەورە کە ئینێرژی بۆ هەموو ماتۆڕەکانی فرۆکەی حیزب دابین بکەن. ئاخر حیزب وەک فرۆکە وایە و بە یەک ماتۆڕ نافڕێ و دەبێ چەندین ماتۆڕی هەبن و هەمووشیان پێکەوە کاربکەن تا فرۆکەکە تەوازوونی خۆی ڕاگرێ و نەکەوێتە خوار وبە ئاسمانی خەبات و ژیاندا بڕواتە پێش. دە کۆی دە دەبێتە بیست. بەڵام دە زەڕبی دە دەبێتە سەد. تەماشا جیاوازیەکەی چەندە زۆرە؟ جا ئەگەر دە تەوان واتە پۆتێنسی دەی بخەینە سەر ئەوە ئاکامەکەی هەر زۆر زۆر دەبێ. کاری تەشکیلاتی ئێمە زەرب کردنی تواناکانی نێو تەشکیلاتە لە گەڵ یەکتر. کۆکردنەوە هیچ هونەرێکی گەورە نیە. نابێ هەر بەوە ڕازیبین کە هێزەکانی نێو تەشکیلات کۆکەینەوە، دەبێ هوونەری ئەوە فێربین ئەو هێزو توانایانەی نێو حیزب لە گەڵ یەک زەرب کەین. پێم وایە ئەوە دەبێت نێوەرۆکی کار و تێکۆشانی تەشکیلاتیی ئێمە بێت. بۆ ئەوەی ئەو هونەری زەربکردنە کە بۆخۆی هونەرێکی گەورەیە فێر بین، دەبێ کار بکەین تا فۆرمۆڵەکەی یا prescription واتە نوسخەکەی بدۆزینەوە . چێشتە خۆش و بە تامەکان ، لە ئاکامی تێکەڵاوکردن و لێکدان و پێکەوە کوڵاندنی چەندین ماددەی غەزایی جۆراو جۆر دروست دەبن. ئێمە لە ناوچەی پیرانشار چێشتێکی زۆر خۆش و بەتاممان هەیە بە ناوی بەربەسێڵ

و دەکرێ ڕۆژێک وەک خواردنێکی کوردی بی ناسێنین. بەر بەسێڵ لە ئاکامی کۆکردنەوە و تێکەڵاوکردن و لێکدان و کوڵاندنی چەند ماددەی غەزایی جۆراو جۆر دروست دەبێ ، هەر بۆیەشە هێندە خۆشە. ئەگەر ئەو ماددانەی کە بەر بەسێڵەکەیان لێ دروست کراوە، لە پەنا یەک و جیا جیا لەسەر سفرە دانێیین نابنە بەربەسێل. ئەوە لێکدان و کوڵاندنی حەکیمانەی ئەو مادانە پێکەوەیە کە بەربەسێلی لێ بەرهەم دێ. لە ئاشپەزیدا زۆر گرینگە recipe واتە دەستوور عەمەلی چێشتەکان بدۆزینەوە و فێریان بین. بۆ ڕوون بوونەوەی مەسەلەکە دوو نموونەی دیکە دێنمەوە. لە شایی و زەماوەندەکانـدا جاری وایە دەبینین کە لە یەکوەختـدا سەدان کەس، کچ و کوڕو ژن و پیـاو، پێکەوە هەڵـدەپەڕن و پێ بە ئەرز دادەدەن. بە جۆرێک کە ئەرز و دارودیواری ساڵۆنەکە وە لەرزە دەخەن. لە نێو ئەواندا چەن کەس دەبینین کە هێندە جوان، هێندە بە گەرمی و شوروشەوقەوە هەڵـدەپەڕن کە ئیلهام دەدەنە ئەوانەی دیکەش و هانیان دە دەن چاک و جوان هەڵپەڕن. بەم جۆرە ئەو گەرمی و شوروشەوقە لە یەکێکەوە یا لە کۆمەڵە کە سێکەوە سرایەت دەکا بۆ ئەوانی دیکەش. لەوانیشەوە بۆ تەماشاچییەکان و تەنانەت ئەوانیش هەڵـدەستن و دەچنە نێو شاییەکە و بەو جۆرە شایی تـادێ جۆش و خرۆشی زۆرتـری تێدەکەوێ و هێزو وزەی هەڵپەڕینی زۆرتری پێوە زیاد دەبێت. بەمجۆرە داوەتەکە گەرمتر دەبێت، گۆرانی بێژ و مۆسیقاژەنەکانیش پتر تەحریک دەبن و شادتر و گشتر و باشتر دەنگیان دێ . ئەوانیش دیسان لە لای خۆیانەوە باشتری دەڵێن و چاکتر دەنگ هەڵـدەبڕن و میلۆدی و ئاواز و ڕیتمی گونجاوتر دەدۆزنەوە کە لەو لاوە شاییەکە و کەسانی نێو شاییەکە و سەرچۆپی کێشیش هاندەدەن باشتر پێ بە ئەرز دادەن و جوانتر بلەرێنەوە. دەبینین لە شاییەکی زۆر گەورەدا کۆمەڵە کەسێک لە سەرەتادا دەبنە هەوێن و دواتریش بە هەڵپەڕینی جوانیان گەشبینی و جۆش وخرۆش بە سەر ئەوانی دیکەش دا دابەشدەکەن. جا ڕەنگە ئەوانە عاشقبن، یا دۆستیان لەو شاییەدا هەبێت، یا هەر زاتەن کەسانی شاد و زیندوو و گەشبین و ژیان دۆست و سەری حاڵبن. یاڕەنگە دۆی جوانیان هەبێت. ئێستا ئێمە دەبێ ئەو مۆتیڤاشونە، ئەو ئەنگیزەیە بدۆزینەوە کە لەو جۆرەکەسانە دا هەیە. عەرەبەکان دەڵێن ڕەقس واتە سەما وەرزشێکی رووحی و جسمیە. لەوەش زیاتر لێکۆڵینەوە دەری خستوە کە ئەو کەسانەی شایی و سەمایان پێ خۆشەو جوان شایی دەکەن ، کەسانێکن کە زۆریان بڕوا بەخۆ و بە جوانیی لەشولاری خۆیانە ،واتە موسبەت لە سەرخۆیان و دەوروبەری خۆیان بیر دەکەنەوە، ئەوەی لە کوردیدا دەڵێن کابرا شایی بە خۆیە، کە لە پێداگۆگیشدا بە بناخەی هەڵدان و گەشەکردن دادەنرێ. مەبەست ئەوەیە کە ئەو کەسانەی لە شاییەکەدان نەک هەر یەکتر خونسا ناکەن، بەڵکو دەبنە فاکتۆر لەسەر یەکتر و یەکتر هاندەدەن. یەکتر تەشویق دەکەن. یەکتر فێر دەکەن و گەشبینی و ئۆپتیمیزم بە سەریەکتردا دابەش دەکەن ، بۆ یەکتر دەبنە پشت و پەنا. هەموو دەستی یەکتر دەگرن و پێکەوە پێ بە ئەرز دادەدەن و تەنانەت تەماشاچییەکانیش دەکێشنە نێو ڕیزی شایی. واتە هەرکام لە بەشدارانی شاییەکە نەک هەر بۆخۆیان جوان و باش هەڵدەپەڕن، بەڵکوو تەئسیری موسبەتیش لە سەریەک دادەنێن و وزەو وگوورو تین و شووروشەوق دەدەنە یەکتری. لە ئاکامدا حاسڵی لێکدانی توانا کانیان لە مەجموع و کۆی سەرجەمی توانا بنەڕەتیەکانیان، زۆرتر دێتە دەر. ئەوەش لە بەر ئەوەیە کە تواناکانیان زەربی یەکتر کراون. لە دەورانی دیفاعی چەکدارانەدا، لە بیرمانە لە زۆربەی بە تەواوی شەڕەکاندا، پێشمەرگەکان، هەرچەند بە بەراورد لە گەڵ لەشکری پۆشتە و پەرداخی دوژمن، ژمارەیان بە چەندین قات کەمتر و ئیمکاناتیان لە چاو هی دووژمن زۆر کەمتر بووە، بەڵام هەمیشە حەمماسەی گەورەیان خوڵقاندوە. ئەوە لە بەر ئەوەبوو کە لە شەڕەکاندا، فەرماندەرانی هێزی پێشمەرگە، بەجۆرێک دەستە و پەل و تیمەکانی پێشمەرگەکانیان سازماندەداکە تواناو قودرەتی دیفاعی و عەمەلیاتی ئەوانی زەربی یەکتر دەکرد. ئەوەش توانای هێرش و دیفاع و مانۆڕدانی پێشمەرگەکانی چەندین بەرانبەر دەکرد. هەرکام لە تیم و پەل و دەستە و لقەکان بە جۆرێک سازمان دەدران کە نەک هەر ئەرکی خۆیـان بە باشی بەڕێوەدەبرد و لە شەڕەکاندا چاک وەدەست دەهاتن ، دەبوونە پشت و پەناو قەڵای دیفاعی و سەنگەری پشتیوانی و پشت پێ بەستن بۆ یەکتریش. بەم جۆرە توانـای یەکتریـان دەبردەسەر و هێزەکانیان دەبوونە چەند بەرانبەر. ئەگەر وانەبا چۆن پەنجا شەست پێشمەرگە دەتوانن بۆ ماوەی چەندین سەعات، لەوپەڕی بێ ئیمکاناتی دا ، بەربەرەکانی دەگەڵ سوپای پۆشتە و پەرداخی دوژمن بکەن و سەرەنجام زەبری قورسیش بوەشێنن و خۆشیان دەربازکەن. تەشکیلاتی ئێمە ئەو دەرسانە وەک سەرمەشقی خۆی بە کار دێنێ. ئێمە نەک هەر توانـای کۆکرنەوەی هێز و تواناکانی حیزب و تەشکیلات، بەڵکوو هونەر و لێوەشاوەیی زەربکردنی ئەو هێز و توانایانەش لە گەڵ یەکتر ، لە خۆ نیشان دەین. ڕێبەرایەتی بە وەج و خەباتگێڕ و بەدەنەی دڵسۆز و شێلگیر و دەوڵەمەندی حیزب، هەمیشە نیەت پاکی و کیفایەت و توانا و مایە و مەسئولیەتی ئەوەیان تێدا بووە و هەیە ، کە کەنـدو کۆسپەکانی سەر ڕێگـای خەبـات تەخت کەن و وەک هەمیشە لە سەنگەری پێشەوەی دیفاع لە قازانج و بەرژەوەندیە بەرزەکانی میللەتەکامان دابن. هەر لە بنەڕەتڕا ئەوە ریسالەتی حیزبی ئێمەیە . ئێمە قەت لە خۆمان نائومێد نەبووین و نابین. لە داهاتوودا دەردەکەوێ کە حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، چ نەخشێکی گەورە لە سیاسەت و گۆڕانکاریە کانی ئێران و نـاوچەدا دەگێـڕێ. ئەو جـاریش دەیڵێمەوە. حیزبی مە فیرقە یەکی سیاسی یا مەزهەبی نیە. بێ لەخۆ بایی بوون حیزبی ئێمە گەورەترین هێزی سازماندراوی میللی یە ، کە پشتیوانیی سیاسیی کۆمەڵانی ملیۆنیی خەڵکی کوردستانی لە پشتە و تەنانەت لەسەر وەزعی سیاسیی ئێرانیش دا وەک پاڕامیترێکی جیدی بە حیساب دێ . هەر لە بەر ئەوەشە کە میللەت ئەو هەموو چاوەڕوانیەی لە حیزبی ئێمە هەیە. بۆیە بۆخۆشمان ئەو هەموو چاوەڕوانیەمان لە خۆمان هەیە. بۆیە هێندە شاییمان بە خۆمانە و هەر بۆیەشە هێندە حیسابی تووند لەخۆمان دەکێشین. هێمن دەڵێ فێری زۆردەرسی بەکەڵک و باشی کردووین......... ئەزموونی خەبات ، جابیینە ڕاپەڕین و شۆڕشی ئەمجاری کورد. ئەو هەورانەی بارانی ئاڵووگۆڕیان پێوەیە، ئەوەتا لە ئاسمانی ناوچە و وڵاتەکەماندا، خەریکە گەواڵ گەواڵ دەبن و دەنگی گرمە و شریقە شریق و ناڵە ناڵی برووسکە کانیان دێتە گوێ و ڕامان دەتڵەکێنن و دیوارەکانی دیوەخانی هۆش و بیرمان وەجووڵە دەخەن و دەمان خەنە سەر هەست و ئامادەباشی. حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران ، بە شاهیدی مێژوو ، هەمیشە کە کاتی خۆی هاتبێ ، سواری شەپۆلە گەورە و مەزنەکان بوە و خۆی هاویشتۆتە نێو ئوقیانووسی ڕووداو و کارەسات و ئاڵووگۆڕەکانی دنیا و ناوچە و کوردستان و ئێران و بە پیر بانگەوازی زەمانەوە چووە. ئێمە کوڕی زەمانی خۆمانین و نەوەی ئەم سەدەین. دوو هەزار دەرسەد دڵنیاین لە داهاتووش دا حیزبی دێموکرات هەمان نەخشی مێژوویی خۆی وەک ڕابردوو لە کۆمەڵگای کوردستاندا دەگێڕێ. شانازی بۆ ئەوانەی لە گەڵ ئەو کاروانە دەڕوونە پێش و هێز و توانایەکی زۆرتر دەخەن خزمەت ئەو خەباتە و کۆمەگ بە چوونە پێشی کاروانەکە دەکەن. ئەوانەی تەماشای ئەستێرە بەرز و بڵندەکان دەکەن و چاو دەبڕنە ئەوان و بەرەو لای ئەوان دەڕۆن، ئاسۆش ڕوونتر و گەشتر و بەرینتر دێتە بەر چاویان. ئێمە چاومان بڕیوەتە ئەو ئەستێرە گەش و بەرزانەی لە تەشقی ئاسمانێ دەدرەوشێنەوە . هەر بۆ یەشە هێندە ئومێدەوارین. هەر یاری زانێک و مورەبییەک و هەر تیمێکی فوتباڵ، ئەگەر ئومێدیان بە سەرکەوتن و بردنەوە نە بێت، هەڵە دەکەن کە بچنە مەیدانی یاری و کێ بەرکێ. ئاخر بە بێ ئومێد بەسەرکەوتن، چۆن خەبـات دەرواتە پێش؟ کورد دەڵـی دنیا بە ئومێدەوە دەخورێ.

ڕێکەوتی : ٣ی ژووئەنی ٢٠١٣

## زەماوەندی کوڕ و کچەکانی حیزب!.



**زەماوەندی کوڕ و کچەکانی حیزب! ژیان و خەبات لە حیزبی دێموکراتدا درێژەیان هەیە!**

لە نێو فەزایەکی پڕ لە شادمانی و گەرمی و خۆشەویستیدا، لە لۆکاڵێکی پڕ لە دۆست و ڕەفیقی دەورانی سەختی خەباتدا، لە گەڵ چەندین بنەماڵەی دیکەی هاوشاری و هاوسەنگەردا لە سەر میزێک دانیشتبووین و چاوەڕوانی هاتنی بووک و زاوابووین. زۆری نە کێشا لە نێو هەلهەلە و قاقای کیژ و کوڕانی لاو و دەنگی مۆسیقایەکی دڵ ڕفێندا(بووکی دەلالێ زاوا زێرینە)، نیشتیمان و قادر یا خۆمان گووتەنی مام قادر و نیشتیمان، دەست لە نێودەستی یەکتریدا هاتنە ژووری ساڵۆنەکە و کۆمەڵێک کوڕوکچ لە پێشیاندا سەمایان دەکرد.

لەو لەحزەدا دیتم دایکی زانای چاوەکانی پڕبوون لە ئاو و فرمێسک بەسەر گۆنای کز و رووخساریدا هاتنە خوار. پرسیم سەفیە چیە؟ وتی پەرۆشی براژنە خەدیجمە. ئاخر ئەمن بۆخۆم دایکم و دەزانم بۆ دایکێک هیچ لەوە خۆشتر نیە لە لەحزەی ئاوادا لە پەنا منداڵەکانی بێت. بەڵام ئەوەتا بەهۆی ئەو وەزعەوە کە بەشێکە لە وەزع و چارەنووسی ئێمە، براژنە خەج ناتوانێ لەو ساتەگرینگەی زەماوەندی تاقە کوڕەکەیدا بەشداربێت. بە بیستنی ئەو قسەیە منیش کۆڵە گریم کەوتە ئەوکێ و بێ ئیرادە چاوەکانم پڕبوون لە ئاو. دیارە من پێشتریش تەجرووبەی لەم چەشنەم هەبوو. من زەماوەندی کوڕ و کچانی دیکەی نێو بنکەکانی حیزبم وەک گوڵان و دواتریش ژیان و مادیحم دیتبوو کە هەر لێرە لە ئۆسلۆ ئاوا بە بێ بەشداری دایک و باوکیان، بەڵام لە نێو دەریای خۆشەویستیی دۆستان و هاوڕیانی حیزبیدا، شاییان کردبوو یا ژن و ماڵیان پێکەوەنابوو. بەڵام بەدیتنی نیشتیمان و مام قادر لە یەک لەحزەدا شریتی عومری رابردووم و داستانی خەباتێکی دووروودرێژ هاتەوە بەرچاوم. نازانم بۆ؟ ڕەنگە لە بەر ئەوەبێت کە ئەزموونی شەخسی و تەجرووبەی تایبەتیم لە گەڵ ئەو بووک و زاوایە هەبوو و مام قادرم بەمنداڵی و لە هەل و مەرجی بۆراوجۆردا دیتبوو. لەو کاتەدا نیشتیمانم دی خۆی ڕاپسکاند و دەستی زوای بەردا و بەرەو لای مەلاژن واتە دایکی ڕۆیشت و بەگریانەوە ئامبازی بوو. دایک و کچ ئامێزیان لێکداو گریان. من دەمزانی بۆ دەگریەن، ئەو ئەزموونانە لەو حیزبەدا زۆرن. ئینسان دەبێت بۆخۆی منداڵە شەهیدبێت تا لە مانای ئەو گریانە حاڵی بێت. مرۆڤ دەبێ بێنازی و هەناسە ساردی و بێ لووتفی دیتبێ تا لە گریانی نیشتیمان و مەلاژن حاڵی بێت. بە هەرحاڵ زۆری نەبرد بووک و زاوا لە نێو پێشوازی گەرمدا چوونە شوێنی تایبەت بە خۆیان و دانیشتن.

باوکی نیشتیمان ، شەهید مەلا ئەحمەد، کادرێکی حیزب بوو، بەدەستی بەکرێ گیراوانی ڕێژیم لە دەورووبەری دیانان، لە ژێر سێبەری دەستەڵاتی کوردیدا ، وەک دەیان کادر و پێشمەرگەی دیکەی حیزب ، هەر لەوجێ یە و لە کوردستانی ئازاددا تیرۆر کرا.

بۆیە بۆ ئەو دەستەیە لە دۆستان کە ئەو شەوە لەو زەماوەندەدا پێکەوەبووین، دیمەنی ئاوێزان بوونی نیشتیمان و دایکی برینەکانی کولاندینە وە و سەرجەم هەموو ئەو غەدرو خیانەتانەی وەبیر دەهێنایەنەوە کە لەو سەردەمدا، دەرحەق بە تێکۆشەرانی کوردی ئێرانی ، لەو ناوچەیە ئەنجام دەدرا

ئەی زاوا کێ بوو؟ مام قادر کوڕی خوشکە خەدیج، کچی مامۆستا مەلارەحمانی لاجانی یە. مامۆستا تێکۆشەرێکی گەورە و ناسراوی ڕیزەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێرانە. هەموو تەمەنی خۆی لە خەبات و بەربەرەکانی و حیزبایەتیدا فیداکرد. داستانی ژیانی مامۆستا داستانی پتر لە نیوسەدە خەبات و بەربەرەکانیە و فیداکاریە. من لێرەدا تەنیا چەند برگە لە ژیانی مامۆستا باسدەکەم تا گەورەی و عەزەمەتی ئەو شەخسە گەورەیەمان بۆ دەرکەوێ. مامۆستا لە هەڵدانی ئاڵای کۆماری کوردستاندا بەشدار دەبێت. هەر بە جەوانی دەبێتە ئەندامی حیزب و خۆی گوتەنی سوێند دەخوا و تاسەریش بەو سوێندە وەفادارما. پتر لە دوازدە ساڵ لە زیندانەکانی ڕێژیمی شادا ، لە گەڵ تێکۆشەرانی دیکەی حیزب ، شکنجە و ئازار و دووری و مەحرووميەتی چێشت، بەڵام ئامادە نەبوو پەیمان بشکێنێ.

دوای هاتنەدەر لە زیندان دیسان دەستی بە تێکۆشانی حیزبی کردەوە و لە سەرەتای شۆرشدا، ڕۆڵێکی گرینگی لە زیندووکردنەوەی ڕێکخراوەکانی حیزبدا، لە ناوچەکانی پیرانشار و شنۆ و سندووسدا ، گێڕا. دواتر بوو بە بەرپرسی شوڕای ئینقلاب لە پیرانشار و ڕۆڵێکی بەرچاوی لە خزمەت کردن بەخەڵکی شاردا گێڕا.

بە دستپێکردنی هێرشی کۆنەپەرستی بۆ سەر کوردستان مامۆستا بوو بە پێشمەرگە و دواتر دەیان مەسئولیەتی جۆراوجۆری لە حیزبدا قبووڵ کردن. مامۆستا خۆشەویستی ڕیزەکانی حیزب و کۆمەڵانی خەڵکی ناوچەکانی پیرانشاربوو. کێوێک بوو لە ئیمان و بڕوا. هەمیشە خەڵک و تەشکیلات و پێشمەرگەکانی بۆ خەبات و بەربەرەکانی هاندەدان. ئەو دەم کە کاک دووکتۆر سەعید شەهید بوو من لە خزمەتیدا چوومە دیداری کاک مستەفای هیجری کە ئەرکی قورسی کەوتبووە سەر شان و وەزعێکی تایبەتی بۆ حیزب هاتبووە پێش. مامۆستا ڕووی کردە کاک مستەفاو گووتی هاتووم بە ناوی مامەش و مەنگوڕ و پیران جارێکی دیکە ، لەو هەلومەرجە دا، پشتیوانی خۆمانت بۆ ڕاگەیەنم. مەبەستی مامۆستا لەو قسەیە ئەوەبوو کە من نوێنەرایەتی هەموو خەڵکی پیرانشار دەکەم و ئێمە لە پشتی حیزبی خۆمانین و درێژە بە خەبات بدە و لە گەڵتین. ئەو قسە لەو سەردەم داو لە زاری مامۆستاوە بەڕاستی هەڵوێستی مێژوویی بوو. مامۆستا سەرەنجام لە سەنگەری کۆڵنەدان و بەربەرەکانی دا، لە بنکەی دەفتەری سیاسی ماڵئاوای لە ژیان کردو لە ئاخرین لەحزەکانی ژیانیشیدا، هەر بە کادرو پێشمەرگەکانی دەسپارد خەبات درێژەبدەن.

بەڵی مام قادر نەوەی مامۆستایە. مامۆستا تاقە کوڕێکی هەبوو، بە ناوی کاک مراد. کاک مراد هەر بە منداڵی بوو بە پێشمەرگە. یەکێک لە ئازاترین پێشمەرگەکانی دەستەی شەهید ساڵح لاجانی بوو. لە دەیان و سەدان عەمەلیاتی قارەمانانەدا بەشداری کرد. چەندین جار بریندار بوو. بەڵام هەمووجارێ دوای سارێژ بوونەوەی برینەکانی دەگەڕایەوە سەنگەری خەبات.

دواتر لە مەئموریەتێکدا کە لە گەڵ پۆلێک پێشمەرگەی دیکە هەیان بوو، لە نزیک شاری پیرانشار، لە زێوە ، دەکەونە کەمینی دوژمن و کاک مراد بریندار دەبێت. پێشمەرگەکان کاک مراد بە برینداری تا نەمنجێ دێنن و دواتر کاک مراد لە بەرکاری بوونی برینەکانی شەهید دەبێ و دواتر تەرمی شەهید مراد دەکەوێتە دەستی دوژمن و دەیبەنەوە بۆ پیرانشار. مامۆستا ژن خەبەر دەزانێ بە هاوکاری کۆمەڵێک لە خەڵکی خێرخواز ، تەرمی کوڕە تاقانەکەی وەردەگرێتەوە. هەموو خەڵکی شار شاهیدن کە مامۆستاژن تەنانەت یەک فرمێسکیش هەڵناوڕێنێ و دەڵێ من لە نێوخۆمدا دەگریم و نایەڵم ئەو زاڵمانە دڵیان بەوە خۆش بێ کە من بە چاوی بەگریانەوە ببینن. مامۆستا ژن بەدەستی خۆی کاک مراد دەشوا و بەخاکی دەسپێری. ئەو هەڵوێستەی دایکی شەهید مراد بۆتە داستانی سەرزاری خەڵک و وەک نموونەی ئازایەتی و بەربەرەکانی باسی لێ دەکرێ.

بەڵێ مام قادر خوارزای کاک مراد بوو. دیتنی کاک قادر بە زاوایی هەموو ئەو داستانانەی لە یەک لەحزەدا وەبیر هێنامەوە. بەڵام هەر هەوە نیە. ئەو ڕۆژانەم وەبیر دەهاتەوە کە لە شاخ هاوسێ بووین و لە کاتی تۆپ باران و کاتوشابارانی دووژمندا، مام قادر هەڵدەهات بۆ نێو حەشارگاکان و براژنە خەج لەبەردەرگای کونەتەیارەکان لە خوا دەپاڕایەوە ئامانەتی مام قادر بێ و بیپارێزێ .

مام قادر بۆم مانای دیکەشی هەبوو و هەیە. ئاخر ئەو بە ناوی شەهی قادرلاجانی کراوە. کەسێک کە هەر لە دوای تەسلیم کردنەوەی باوکم بە ڕێژیمی شا لە لایەن سەرکردایەتی شۆڕشی کوردستانی عێراقەوە، ئێمەی خستە بن باڵی خۆی. مام قادر بە ناوی ئەو کەسە کراوە. ئەو تێکۆشەرێکی بەوەجی حیزب بوو. لە زیندووکردنەوەی ڕێکخراوەکانی حیزبدا لە سەرەتای شۆڕشدا، ڕۆڵێکی بەرچاوی گێڕا. لە تێکشکاندنی پیلانەکانی دژی حیزبدا لە ناوچەکانی پیرانشار ڕۆڵێکی بەرچاوی هەبوو. دێموکراتێکی بە جەوهەربوو و بیروباوەڕبوو. فەرماندەیەکی بەوەج و لێوەشاوەبوو.

دواتر لە شەڕەکانی جادەی سەردەشت پیرانشاردا بە تووندی بریندار بوو وپاش ساڵێک لە بیمارستان بوون، ئەویش هەر بەدەستی غەدرو خیانەت لە کوردستانی عێراق تیرۆرکرا.

مام قادر ئەو لەحزەی وەبیر دەهێنامەوە کە دوای بڵاو بوونەوەی یەکەمین ژمارەی ڕۆژنامەی کوردستان، چۆن بە تاوانی ناردنەوەی ڕۆژنامەی کوردستان بۆ نێوخۆی وڵات، دامو دەزگاکانی شۆڕش، شەوێ لە سەنگەسەر هاتنە سەرماڵمان و قادرلاجانیان خستە بە بارانی قۆنداخە تفەنگ و لە گەڵ خۆیان بردیان بۆ زیندان. زۆر منداڵ بووم بەڵام لە بیرمە، بۆیەکەم جار کۆمیتەی ناوەندی حیزب، بە بۆنەی تێپەڕینی بیست و پێنج ساڵ بەسەر لە داردانی پێشەوادا، وێنەیەکی پێشەوا قازی بڵاو کردبۆوە. ئەو وێنەیە لە ماڵی هاوڕیانی حیزبیدا هەڵاوەسرابوو. لە بیرمە جارێکی دیکەش تەنیا بە تاوانی بەڕێکردنی ئەو وێنەیە بۆ نێوخۆی وڵات لە لایەن کار بەدەستانی شۆڕش بانکراو سوکایەتی و بێ حورمەتی زۆری پێکرا وەزعێکیان بۆ هێنابووینە پێشی کە کەس نەی دەوێرا وەک کارگەریش کاربدا بەو ئەندامانەی حیزب کە لەو بناربوون.. کاک مەلامحەمەدی عەباسی کە ئەندامێکی حیزبە و ئێستاش بە خۆشیەوە ماوە و لە سوئێدە، ئەو ڕۆژانەی چاک لە بیرن.

بەڵام لەوەش زیاتر مام قادر بۆمن تەداعی دوو حەرەکەتی گەورەی دیکەشی لە مێژوویی حیزبدا دەکردوە.

حەرەکەتی یەکەم دەستپێکردنی جوڵانەوەی ساڵەکانی ۴۶ و ۴۷ .

دوای ئەوەی کە سەرکردایەتی شۆڕش لە کوردستانی عێراق لە ژێر فشاری ڕێژیمی شادا، دەست دەکا بە گرتن و ڕاونانی کادرەکانی حیزب، کۆمەڵێک لە کادر و پێشمەرگەکانی حیزب، بە نا چاری، بە بێ ئەوەی هەلومەرج ئامادەبێ، بۆ پاراستنی گیانی خۆیان، بە نا چاری ڕوو دەکەنەوە کوردستانی ئێران و بەم جۆرە جەزیرەی ئارامی شادەشڵەقێنن و بۆ ماوەی هەژدەمانگ خەباتی چەکداری بەڕێوەدەبەن. لە بیرمە ئەو شەوەی کە ئەو پۆلە لە تێکۆشەرانی حیزب ، لە سەنگەسەر، لە خانوێکێ بچکۆلەدا، کە ماڵی ئێمە بوو، خانووی سۆفی ئاسکە، دایکی کاک ئەحمەد ڕەجەب، کۆبونەوە و بڕیاری چوونەوەیان دا، کاک حەمەدەمینی سیراجی و باوکم ساڵح لاجانی و دەستەیەکی دیکەبوون. تامی ئەو ماچەم هەر لە لا ماوە کە باوکم لە کاتی ڕۆیشتنندا ماچی کردم و ئیتر نەم دیتەوە. دواتر لە لایەن سەرکردایەتی شۆڕشەوە باوکم و پۆلێک لە هاواڵەکانی، کە تەنیا ئەو مەجموعە مابوون، لە سەر داوای خوالێخۆشبوو مەلا مستەفای بارزانی و بە وەساتەتی حیزبی شیوعی عێراق و بە قەولی مام هەژار لەسەر شەرەفی خوالێخۆشبوو مەلامستەفای بارزانی و بە نامەی حەسۆمیرخان ، مامم عەبدوولا، لاجانی دەنێرنە دۆڵەتوو و بەم جۆرە باوکم و هاوڕێکانی وەک دواپۆلی پێشمەرگەکانی جووڵانەوە لەسەر تەعەهودی خوالێ خۆشبوو سەرۆک بارزانی دێنەوە. کەچی ڕاست یەکجێ دەیان بەنە بارەگای سەرۆک بارزانی و لە ماوەیەکی کورتدا، تەسلیم بە ڕێژیمی شادەکرێنەوە. دوای شکەنجە و ئازارێکی زۆر باوکم و هاوڕێکانی لە پادگانی جەڵدیان ئیعدام دەکرێن. بەڕێز و تێکۆشەر کاک محمەد ئەمین مەجیدیان کە ئێستا لە نۆرویژ دەژی دەڵی من ئەودەم لە زیندانی ڕەزائیە بووم، لە سەر دەرگای یەکێک لە ژوورەکانی زیندان نوسرابوو،( من ساڵح لاجانیم و چاوڕێی ئیعدامم. بەڵام باکم نیە و سەربەرزانە دەمرم). بەم جۆرە ساڵح لاجانی و هاواڵەکانی ئیعدام دەکەن و لە جێگایەک لە نزیک پادگانی جەڵدیان بە بۆڵدزێر وەبن گڵیان دەدەن.

ئەو شەوە کە ئەو پۆلە لە تێکۆشەرانی حیزب ڕۆیشتننەوە بۆ نێوخۆی کوردستانی ئێران، ڕۆژی دوایی قادرلاجانی بانگدەکرێتە هێزی کاوە و دەیگرن لەسەر ئەوە کە ئەو پێشمەرگانە لە ماڵی ئەورا گەڕاونەتەوە کوردستانی ئێران . لە بیرمە بەیانی زووێک بەسەر ماڵمانیان دا داو تفەنگێکی حیزب و چەکێکی دیکە کە هی خۆمان بوو کە پێ یان دەگووت تەماتیک لە ماڵێ ئێمەیان هێنادەر و بردیانن و نامانیدیتنەوە.

حەرەکەتی دووهەمیش بەم جۆرەیە.

لە جەریانی دەسپێکردنی شۆڕشی ئێراندا، کاتێک حیزب بڕیاردە دا کادر و ڕێبەرەکانی بگەڕێنەوە نێوخۆی وڵات، بە حوکمی ئەوە کە ماڵی ئێمە لە سەنگەسەر، بناری قەندیل بوو، بەشێکی بەرچاو لە کادرەکانی حیزب لە ڕێگای شەهیدی نەمر کاک سەید ڕەسوڵی بابی گەورە و شەهید قادرلاجانیەوە گەڕاونەتەوە. یەکێک لەوان شەهیدی نەمر دووکتور قاسملوو بوو. کاک دووکتۆر بە نهێنی، لە ڕێگای هاوڕێانی حیزبی لە بەغداوە، بە ماشێنەکەی حیزب دەگەیەنرێتە سەنگەسەر، ئەو دەم ئێمە ماڵمان لە خانووی ڕەسووی مەحمودی دابوو، کاک دووکتۆر، کە ناوی مام شەریف بوو، سێ ڕۆژ لە سەنگەسەر مایەوە و دوایە لەوێوە، بە هاوکاری هەندێک لە دۆستانی حیزب لە گوندی بەلکی ، لە گەڵ شەهید قادرلاجانی و کاک سەید ڕەسووڵ بەرەو وڵات حەرەکەت دەکەن.

ئەو حەرەکەتەی کاک دوکتۆر ، ئەو بوومەلەرزەی لێکەتەوە کە ئێستا ئەوەتا هەموو کوردستانی گرتۆتەوە و کوردستانی کردۆتە سەنگەری دیفاع لە ئازادی ئێران. کاک دووکتۆر لە بابەتێکدا کە باسی مێژووی ڕێبەرایەتی حیزب دەکا، بۆخۆی باس لەو حەرەکەتە گرنگە دەکاو دەڵێ ئەو دەم حیزب تەنیا یەک پێشمەرگەی هەبوو، ئەویش قادرلاجانی بوو.

سەرچاوە Serchawe

لە لایەکی دیکەشەوە مام قادر بۆمن وەبیر هێنەرەوەی زۆر لە شانازی و سەرفرازیەکانی ژیانی حیزبایەتیمە. ئەو کوڕی تێکۆشەرێکی حیزبە کە ئێستا بەرپرسی ڕادیۆ دەنگی کوردستانی ئێرانە.

ڕادوێ یەک کە بۆمن قوتابخانە بوە و زۆر جاری واهەبووە، تا نیوەشەوان بە دیار چراوە دانیشتووم و بە دەیان لاپەرەم نوسیوە، تابتوانم بەرنامەکانی ڕۆژی دواتری ئامادەبکەم. ئەویش لەو پەڕی بێ دەرەتانی و بێ ئیمکاناتیدا.

جاری وابوە لە ژێر بارانی بۆمبادا، ژووری زەبتی ڕادیۆمان بە جێ هێشتوە و لە گەڵ کورۆکچەکانی ڕادیۆ، چوینەتە بن پرد و کونە ئەشکەوتان بەرنامەمان ئامادەکردوە و نەمان هێشتوە، ڕادوێ بێ دەنگ بێ. بەمجۆرە لەو بارەشەوە دیتنی مام قادری زاوا زێڕینە، بۆمن وەخەبەرهاتنەوەی هەستە نوستوەکانم بوو، بۆ وێناکردنەوەی خاتراتەکانم لە دەورانی کارم دا لە ڕادێۆ و لە خزمەت شەهید کاک دووکتۆر سەعید و کاک تەهای نەمر و هاوڕیانی دیکەی ڕادوێدا.

بەڵێ وەک گووتم دیتنی مام قادر و نیشتیمان، لە یەک لەحزەدا، شریتی عومری ڕابردوومی بەبەرچاوانمدا گێڕا.

دەبێت بڵێم کە هەر لەوێ و لەو زەماوەندەدا بە خزمەت زۆر کەس لە تێکۆشەرانی گەورەی حیزب گەیشتم کە هەر کامیان بگری بۆخۆیان لاپەڕەیەکی مێژووی حیزبن. کاک حوسێن خان، کاک سەید عەلی هاشمی و کاک عەبدوولکەریم بابایی و دەیان کەسی دیکە.

هەرلەوێ چاوم بە بەفرییینی درووگەر کەوت. کچی شەهید ڕەئوفی درووگەر. بە خۆشیەوە وەک گووڵ جوانە و چاک دەخوێنێ و هیوادارم ئاواش لە نێو کۆڕی گەرمی بنەماڵەی گەورەی حیزبدا، زەماوەندی بەفرین و بەفرینەکانی تر، منداڵەکانی حیزب و کوڕ و کچەکانی دیکەی حیزب بگرین.

شەو زۆر درەنگ ببوو، شایی هەروا گەرم دەبوو، بەڵام ئێمە کە لە نۆروێژەوە چووبووین دەبوایە بگەڕێینەوە. هەر بۆیە ماڵاواییمان لە دۆست و ڕەفیقان دەکرد ومامۆستا گۆران وتەنی ڕێی دوور ئەو بە هەشتەی لە کیس داین.

لە کاتی ماڵاوایی دا، کە لە خزمەت برای تێکۆشەرم کاک سەید ڕەسووڵی ئەحمەدی و دۆستانی دیکەدابووم و لە سالۆن دەهاتینەدەر، دیسان لە گەڕی شایی دا چاوم بە مام قادر و نیشتیمان کەوتەوە. دەست لە دەستی یەکتردا، لەنێو گەڕی ڕەشبەڵەک و شاییدا، هەڵدەپەڕین و بە هەموو وجودیانەوە پێ یان بە ئەرز دادەدا. لە پەنا ئەوان لە گەڕی شایی دا دەیان تێکۆشەری وەک کاک سولەیمان کەڵەشی و کاک هەمزەی ڕەشیدیانم دەدیت.

هاتمە دەر و لە یەک لەحزەدا دیسان ئەو داستانە دوورو درێژەم وەک فیلم بەبەرچاواندا تێپەڕی . وتم ژیان و خەبات لە حیزبی دێموکرات دا بەردەوامن. لە خۆڕانەبوو دووکتۆر قاسملوو دەیگووت خەباتی ئێمە دوورروو درێژە. ناکرێ هەر خەبات بکەین و دەست لە ژیان هەڵگرین. ناشکرێ هەر لە فکری ژیانی شەخسی خۆمان دابین و ئاوڕ لە خەبات نەکەینەوە. دادە زیێدی سۆفیزادەم دی لەو زەماوەندە کە ئەویش منداڵیکی بچکۆلەبوو کە باوکی قارەمانی و برای تێکۆشەری کاک ڕەحمان سۆفیزادە شەهیدبوون. کەچی ئێستا دادەزیێت خاوەن ماڵ و منداڵ و هاوسەرە . مێژوویی حیزب لەو منداڵانەی حیزبدا دەڕواتە پێش.

لە گەڕانەوەدا بەرەو نۆروێژ لە نزیکی سنوور لاماندا ماڵی هاوڕێ کاک برایمی ڕۆستەم نەژاد و میوانی ئەوان بووین. ماڵیان ئاوا زۆریان خزمەتکردین . بەیانی ڕۆژی دوای زوو وەخەبەر هاتم. کەس هەڵنەستابوو، چاوێکم لە کتێبخانەکەی کاک برایمی بەڕیز کردو چاوم بە کتێبێک کەوت بە ناوی لاپەڕەیەک لە تێکۆشان و جوڵانەوەی ساڵەکانی ۴۲ تا ۴۷ ی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە نووسینی مامۆستا محەممەدی خزری. دەستم کرد بە خوێندنەوەی . ئەو کتێبە داستانی ژیانی منداڵی من و خانەوادەی من بوو. هەموو لاپەرەکانی بۆم ئاشنابوون. سەنگەسەر، شێنێ، سوونێ، موعێنی یەکان، شەریفزادە، مونتەقیمی قازی کە هەوەڵین مامۆستام بووە ، مەلا قادر لاچینی، شەهید باپیر شکاک،ا سالار هەورامی، شەهید ئەحمەد تۆفیق، مەلابرایم . بە کورتی دێڕ بە دێڕی باسی ئەو دەورانە دەکا لە مێژووی حیزب کە بە یەکێک لە قۆناخە زێڕینەکانی خەبات و تێکۆشانی حیزب بە حیساب دێت و دەورانێکە کە ئەودەم من منداڵی حیزب بووم و ئەوەتا ئێستاش ریشم سپی بووە. لەو کتێبە بە نرخەدا لە دووسێ شوێن باسی ئەو کەسە دەکات کاک مام قادری زاوای بە نێو کراوە.

من وەک نموونە چەند دێڕ دێنمەوە و بەس. لە لاپەرەی ۸۱ دەنووسێ:

ساڵی۱۳۴۴ لە دەشتی شاروێران و شاماتێ........ هەواڵمان پێ گەیشت کە کاک سولەیمان و جەماعەت لە گەدەن. ئێمەش ڕێگامان بەرەو گەدە خوارکردەوە..... لەسەلیم ساوڵێ ... گوێم لە دەنگی چەن کەس بوو کە بە قسەکردن بەرەو من دەهاتن ..... یەکێک لەوان گوتی ماوی. دەنگەکەم ناسی شەهید عەبدووڵای موعێنی بوو. هاتنە پێش شەهید مەلامەحموودی زەنگەنەو و قادرلاجانیشی لە گەڵ بوون.

لە لاپەرەی ۱۶۰ دا دەنوسێ:

هەواڵمان پێ گەیشت کە کاک حەمەدەمین لە گەڵ جەماعەتێک لە پێشمەرگە ئازاکانی حیزبی وەک سالح لاجانی و کەریم ڕەشاش و خۆیان دەربازکردوە و گەڕاونەتەوە .......

چیاکانی ئەودیوی سنوور. ئەو هەنگاوە زۆر هەنگاوێکی ئازایانە بوو.

نووسەر لە لا پەرەی ۸۱ دەنووسێ:

پێشمەرگەی وەک مینەشم و ساڵح لاجانی و قادرلاجانی و نستانیەکان.......هەبوون کە خەڵکی کوردستان بە نموونەی فیداکاری و لە خۆبردووییان دەزانین و بە دروودو ڕێزەوە یادیان دەکەنەوە.

بەڵێ مام قادری زاوا بەنێو قارەمانانی لە جۆرەکەسانە کراوە بۆیە بردمیەوە ناو داستانی ژیانی خۆم.

بەختەوەری ژیانێکی پڕ لە سەربەرزی بۆ بووک و زاوا ، نیشتیمان و کاک قادری زێدە ئازیز.

ئەوە گۆشەیەکی بچووکی مێژووی ئەو حیزبەیە. ئێستا دەیان هەزار بنەماڵە لەو کورستانەدا هەن کە هەرکامیان بەشێک لەو مێژووەن. لە هەموانیش دا ژیان و خەبات بەردەوامە.

ڕێکەوتی : ۲۹ی مای ۲۰۱۱

## حیزبی دێموکڕاتی کوردستانی ئێران و ڕێتۆریکی سیاسی.

ئەو زمانەی ڕێبەرانی سیاسی پێی لە گەڵ خەڵک دەدوێن و بۆ دەربڕین و ناردنی پەیامی خۆیان بەکاری دێنن، پێی دەگوترێ ڕیتۆریکی سیاسی.

ئەوە کە بزانی لە هەر هەل و مەرجێکدا، کام ستراتیژی و تکنیکی زمانەوانی، بۆ گەیاندنی پەیام و شوێن دانان لە سەرخەڵک باشترە، لایەنێکی گرینگیی ڕیتۆریکە. ڕیتۆریکی سیاسیی سرنج دەداتە ئەوە کە سیاسەتمەدارەکان چۆن قسە دەکەن؟

چۆن بینەران و بیسەرانی خۆیان بەوە قانع دەکەن کە بۆچوون و کردەوە سیاسیەکانیان ڕاست و دروستن و پێویستە خەڵک پشتیوانیان لێ بکەن؟

بابزانین چۆن ڕیتۆریک لە سیاسەتدا خۆی نیشاندەدا؟ سیاسەتمەدارەکان چ دەکەن و چ دەڵێن تا ڕازیمان بکەن دەنگیان پێ بدەین؟

چ شتێک سرنجی ئێمە بۆ لای سیاسەت و هەڵوێستەکانی حیزب یا سیاسەتمەدارێک ڕادەکێشێ و وامان لێدەکا تا دیفاع لەو ڕوانگەو هەڵوێستانە بکەین کە ناوبراو کردوونیە سەر لەو حەی کار و تێکۆشانی سیاسیی خۆی؟ ئەوانە هەموویان بەشێکی نێوەرۆکی ڕیتۆریک پێک دێنن. جاری وایە ڕیتۆریک بەو شێوە قسەکردنەش دەگوترێ کە حیزبێک یا سیاسەتمەدارێک لە کاتی باسی سیاسیدا بۆ بەرپەچ دانەوەی قسەکانی سیاسەتمەدار یا حیزبێکی دیکەی موخالیفی خۆی بەکاری دەهێنێ. بۆنموونە ئێمە لە حیزبی دێموکراتدا دەڵێین کە ئەو قسانەی کۆمەڵە سەبارەت بە پایەگای جەماوەری و کۆمەڵایەتی حیزبی دێموکڕات دەیان کا، تەنیا ڕیتۆریکە. واتە واقعیەتی مەسەلەکە نین یا بەشێک لە ڕاستیەکان دەشارنەوە. ڕەنگە کۆمەڵەش قسەوباسەکانی ئێمە لە وەڵام دانەوە بە ئیدعاکانی خۆیدا بە ڕیتۆریک بزانێ.

بەمجۆرە شێوەی دوان و قسەکردنی ڕێبەرانی سیاسیی و ئەو وشە و تەعبیر و دەستەواژانەی بەکاری دێنن، ئیدەئۆلۆژی و ڕوانگەی سیاسی و ئەو بایەخە ئینسانیانەش نیشاندەدەن کە ئەوان بڕوایان پێ یانە و خەباتی بۆ دەکەن.

ڕیتۆریکی حیزبێک یا سیاسەتمەدارێک یا ڕێبەرێکی سیاسی ئەوەمان بۆ دەردەخا کە ناوبراو چۆن دونیا دەبینێ و دەیەوێ کۆمەڵگا بە کام ئاقاردا بەرێ؟

کام مەسەلەی سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئابووری و فەرهەنگی بۆ ئەو گرینگترە؟

کاتێک گوێ لە ڕێبەرێکی سیاسی دەگرین و قسەو باس و هەلوێست و ڕوانگەکانی قبوول دەکەین، مانای ئەوەیە کە ئەو نەک هەر لەوەدا سەرکەوتوو بوە کە ڕوانگە و بۆ چوونەکانی بگەیەنێتە ئێمە، بەڵکوو ئێمەشی هێناوەتە سەر ئە قەناعەتە کە وەک ئەو بیربکەینەوە. ئەو سەرکەوتنە لەوەی پێشوو گەورەتریشە. بەو پێیە ڕیتۆریک ئامڕازێکی گرینگی قەناعەتکردنە بە کەسێک کە گوێمان لێدەگرێ یا بیسەرمانە.

بۆیە ئەوە کە ڕێبەرانی سیاسی چ دەڵێن؟

چۆن و بە چ شێوەیەکی دەڵێن؟

لە چ هەل و مەرجێکدا فڵانە مەسەلە دێننە بەرباس؟

کام ریتم بە کاردێنن؟

کام وشە هەڵدەبژێرن؟

بە کام تۆنی دەنگ قسە دەکەن؟

چۆن رووح وەبەر پەیامەکەیان و قسەو باسەکانیان دەنێن؟ مەسەلەیەکی زۆر گرینگە.

تکنیک و ستراتیژیەکانی قەناعەت هێنان بە بیسەر و گوێگر زۆرن و هەر سیاسەتمەدارێکیش میتۆد و شێوەی خۆی بۆ دوان و قسەکردن هەیە. بەڵام هەندێک مەسەلە هەن کە شوێن لە سەر چۆنیەتی پەیامەکە و گەیاندنی دادەنێن. بۆ نموونە ئەوە کە لە سەر چی قسەدەکەی؟ لە کام مەسەلە دەدوێی؟

لە گەڵ کێ و بۆ کێ قسەدەکەی؟

لە چ شوێنێک قسەدەکەی؟

لە کام هەل و مەرج دا قسەدەکەی؟

هەمووی ئەوانە کەم و زۆر شوێن لە سەر ڕێتۆریکی سیاسی دادەنێن.

تا باشتر شارەزای تکنیکەکانی ڕیتۆریک بین، باشتر لە سیاسەت حاڵی دەبین و باشتریش دەتوانین سیاسەت بکەین.

فوتباڵیستەکان و تیمە جۆراوجۆرەکانی فوتباڵ جەماوەر و تەماشاچی و لایەنگری خۆیانیان هەن. لە ڕاستیدا ئەوە ئەو خەڵکەن کە تەماشای فوتباڵ دەکەن و دونیای فوتباڵیان درووست کردوە. بە بێ ئەو خەڵکە تەماشاچیە و بە بێ ڕۆڵی ئەوان و چەپڵە و تەشویق و کیسەباخەڵی ئەوان ماشێنی فوتباڵ هەڵناسوورێ. لە سیاسەتیش دا هەروایە. جەماوەر یا کۆمەڵانی خەڵک، یا لایەنگران و جەماوەری حیزبەکان ڕۆلێکی گرینگیان لە ڕێتۆریکی سیاسیدا واتە یاریەکەدا هەیە.

ئێمە بە شێوەیەکی ئاسایی هەر لەو لەحزەدا کە زانیاری وەردەگرین، لێکیشی دەدەینەوە و هەڵیشی دەسەنگێنین. بەو جۆرە لە کاتی بیستن و دیتنی پەیامێکدا، دەستبەجێ ساخ دەبینەوە کە ئەو پەیامەمان بە دڵە یان نا؟

پشتیوانی لێدەکەین یانا؟

ئەوە کە لەکاتی بیستنی پەیامێکدا، ئێمە لە نێوخۆماندا چۆن بیر دەکەینەوە؟

چۆن پەیامەکە لێک دەدەینەوە؟

تێگەیشتنی کەمێک زەحمەتە. چوونکە بەشی زۆری ئەوکارە بە شێوەیەکی ئۆتۆماتیکی و لە پرۆسەیەکدا دەڕواتە پێش کە ئێمە کۆنترۆڵمان بەسەریدا نیە.

بەڵام مەسەلەیەک زۆر گرینگە ئەویش ئەوەیە کە ئێمە واتە خەڵک چۆن تەماشای سیاسەت دەکەین و چۆن بیر لە سیاسەت دەکەینەوە. ڕیتۆریک سایکۆلۆژی نیە بەڵام ئەو تکنیک و ئامرازانەمان دەداتێ کە بە هۆی ئەوانەوە دەتوانین تێبگەین چۆن بەشداری لە درووستکردنی ئەو پەیامە سیاسیانەدا بکەین کە لە ڕێبەرانی سیاسیە وە پێمان دەگەن. ڕیتۆریک یارمەتیمان دەدا کە دیاردە و ڕووداوەکان لە بەر ڕووناکایی دیکەدا ببینین و لە پێوەندی لە گەڵ مەسەلەی دیکەدا تەماشایان بکەین.

کاتێک ڕێبەرێکی سیاسی لە گەڵ خەڵک دەدوێ کۆمیونیکاشۆن درووست دەبێت. ڕێبەری سیاسی دەبێتە پەیام نێر. ئەو باس و قسانەی دەیان کات و دەیەوێت بیاننێرێ بۆ خەڵک پێی دەوترێ پەیام و ئەو دەزگای ڕاگەیاندنەش کە ناوبراو بۆ گەیاندنی پەیامەکەی کەڵکی وەردەگرێ، پێی دوترێ کاناڵ. دیارە ئەوە پرۆسەیەکی ئاڵۆزە و ئێمە بۆ حاڵی بوونی مەسەلەکە سادەمان کردۆتەوە. ئاخر لەو هاوکێشەدا زۆر فاکتۆری دیکەش ڕۆڵ دەگێڕن. ئەوە کە کێ چ پەیامێک دەنێرێ؟

پەیام وەرگرەکان کێن؟

چ وەختێکە؟ پەیامەکە چیە؟

کاناڵەکە چ کاناڵێکە؟

سیاسیەکی شارەزا و لێوەشاوە پێویستە ئەو خەڵکە بناسێت کە پەیامیان بۆ دەنێرێ. پێویستە بزانێت کام کاناڵ بۆ ناردنی کام پەیام کاریگەرترە؟

چ وەختێک بۆ ناردنی ئەو پەیامە گونجاوترە؟

لە یەک قسەدا ئەو دەبێت کۆنترۆڵی بەسەر ژینگەی دەورووبەری خۆی دا هەبێت.

کەواتە ڕیتۆریک هەموو ئەو تکنیک و میتۆد و ستراتیژیانە دەگرێتەوە کە ڕێبەرانی سیاسی بۆ قەناعەت هێنان بە خەڵک بە کاریان دەبەن تا پشتیوانی لە سیاسەت و هەڵویستەکانیان بکەن و سەبارەت بە مەسەلە سیاسیەکان وەک ئەوان بیر بکەنەوە.

لەو نێوەدا زمان ڕۆڵی هەرە سەرەکی دەبێنێ. دەربڕینی مەبەست بە جۆرێک کە لێمان قبووڵ بکرێ بە جەوهەری ڕیتۆریک لە قەڵام دەدەرێ. ئەوە کە خەڵک پەیامی حیزب وەردەگرێ، نیشانەی ئەوەیە کە ڕیتۆریکی حیزبی ئێمە کاریگەرە. دیارە زۆر لایەنی دیکەش لە ڕێتۆریکدا گرینگن. بۆ نموونە ئەوە کە ڕێبەران و کادرەکانی حیزب لە کاتی قسە کردن دا چیان لە بەردایە؟

کەواو و پانتۆڵ یا ڕانک و چۆغەکەیان و کۆت و شاڵوارەکەیان چ ڕەنگە؟ کراسەکەیان چۆنە؟

ئایا ڕەنگەکانی لیباسەکانیان لە گەڵ یەک دێنەوە؟

چۆن دادەنیشن؟

چۆن دەست و دەم و چاو و ڕووخساریان بۆ دەربڕینی مەبەستەکانیان بە کاردێنن؟

ئەوەی لە زمانی ئینگلیسی دا پێی دەوترێ بۆدی لەنگویج واتە زمانی لەش. ئێمە ئینسانەکان سیگناڵ بۆ دەوروپشتی خۆمان دەنێرین. ئەوە کە چۆن دێینە بەرچاوی خەڵک زۆر گرینگە. کاتێک ڕێبەرێکی ئێمە قسەدەکا، بینەران و ئەوانەی لەو کۆڕەدا ئامادەن هەموو قسەکانی ئەویان لەبیر نامێنێ، بەڵام وێنە و چۆنیەتی هەڵس و کەتی ئەویان لە پشتی میکرۆفۆن هەمیشە لە زەیندا دەمێنێ. بۆیە زۆر گرینگە کادرەکانمان و ڕێبەرانمان لە هەرجێ یەک و لە هەر کۆبوونەوەیەکدا بە ناوی حیزب قسەدەکەن یا بەشداری دەکەن، جل و بەرگی خاوێن و ڕێک و پێک و گونجاویان لەبەردابێ. سەری حاڵ و شاد و زیندووبن. دەم بە بزە و دەم بە خەندەبن. ئومێدو هیوا بە دەوروبەریان دا بڵاوبکەنەوە. سیگناڵی پۆزەتیف بنێرن. ئینێرژی موسبەت بەنێو تەشکیلات و بزووتنەوە و خەڵکدا تەزریق بکەن. تۆوی هیوا بە سەرکەوتن و داهاتوویەکی باشتر بۆ گەلەکەمان لە نێو خەڵکدا بچێنن. کە تەماشای ئارشیوی حیزب دەکەین، دوکتۆر قاسملوو لە هەرجێ یەک وەک نوێنەری حیزب قسەدەکا، یەکپارچە دەبێتە پەیکەرێک لە غروور و شانازی و بڕوابەخۆبوون. دەبێتە کێوێک لە هەیبەت و ئیرادەی پێشمەرگانە و شۆڕشگێڕانە. ئەو پەیکەرە زێڕینە دەبێ سەرمەشقی ئێمە بێت. دووکتۆر سەعیدیش هەروا. هەمیشە بزەیەکی لە سەر لێوان بوو کە هیوا و ئومێدی لێ دەباری. شایی بەخۆی بوو. شانازی بەوەوە دەکرد کە پێشمەرگەی حیزبە. ئەو دەڵێ(چ لەوە خۆشترە جێگای ئومێدی میللەتەکەت بی). ئەوە بۆ هەموو ڕێبەران و کادرەکانی ئێمە ڕاستە. دەبێت ئەو بزە پڕ لە هیواو ئومێدە کە لە سەر لێوی کاک سەعید بوو، ببێتە گوڵی سەر ڕووخساری هەموو کادرەکانی حیزب. ئەوانە بەشێکن لە ڕیتۆریکی حیزبی ئێمە.

لەوەش زیاتر پاک و خاوێنی بنکە و بارەگاکانمان، شوێنی ژیان و کار و خەباتمان، ژینگەی حیزبی و تەشکیلاتیمان، فەزای ئینسانی و هاوڕێ یانەی نێوانمان، جەژن و مەراسم و کۆڕ و کۆبوونەوەکانمان، فۆرمی جەژنەکان و نێوەرۆکەکانیان، پڕمانابوونی باس و بابەتەکانی نێو کۆبوونەوەکان، ئەو گوڵ و ڕەنگ و تابلۆ و وێنەو درووشم و شیعارانەی لە بنکە و ساڵۆنی جەژنەکانماندا دایان دەنێین، هەموویان بە شێکن لە ڕیتۆریکی حیزبی ئێمە و سیگناڵ بۆ دەوروبەر دەنێرن. وەسیلەیەکن بۆ ناردنی ئەو پەیامە کە ئێمە دەمانەوێت بۆ خەڵکی بنێرین.

ئاخر ناکرێ سالۆنێک بە سەد هەزار کرۆن بە کرێ بگری و دووسێ هەزار کەس لە ساڵۆنەکەدا کۆکەیەوە و ئەوان لە ڕێگای دوورەوە هاتبن و بە ئیعتباری حیزب و بانگەوازی حیزبەوە خۆیان گەیاندبێتە ئەوجێ یە، کە چی نێوەرۆکی جەژنەکە لە ئاستی حیزب و چاوەڕوانیەکانی خەڵکدا نەبێت.

هەرچەند ڕیتۆریک ناتوانێ وەک ئامار، مێژوو و سۆسیۆلۆژی ئاکامی کۆنکریتمان بداتێ، بەڵام ڕۆڵێکی گرینگ دەبینێ.

ئەگەر کۆمەڵگایەک دەیەوێ کێشەو گیروگرفتەکانی بە شێوەیەکی درووست و مەعقول چارەسەرکا، دەبێ لە وشە و ڕیتۆریکی سیاسی بە هێز کەڵک وەرگرێ. ڕیتۆریکی سیاسی خەڵک والێدەکەن دەستەڵات بدەنە ڕێبەران و ڕیبەرانیش بۆ بەکاربردنی دەستەلات بە هێز دەکات.

لە کۆنگرەی شەشەمی حیزبدا کاک دووکتۆر قاسملوو گوتی حیزبی ئێمە دووکانێکە هەموو ئەو شتانەی تێدایە کە کۆمەڵگای ئەمڕۆی کوردستانی ئێران پێویستی پێ یان هەیە. بەڵام ئێمە دووکاندارێکی خراپین. کابرای موشتەری دێتە بەردەرگای دووکانێ و دەڵێ غەرغەرەم دەوێ. ئێمە بە بەستە غەرغەرەمان لە دووکانێ دایە، بەڵام چوونکە دووکانداری چاک نین و نازانین غەرغەرەکانمان لە کووێ داناون، دەچین دەگەڕێین و سەروبنی دووکانەکە لێک دەدەین، غەرغەرەکان نادۆزینەوە. بەم جۆرە کابرای موشتەری حەوسەلەی نامێنێ و دەڕوا. دووکانداری باش دووکانەکەی هێندە جوان دەڕازێنێتەوە کابرای موشتەری لەوبەری جادەڕا دەپەڕێتەوە و دێتە بەردەرگای دووکانەکەی و شتی لێدەکڕێ.

له سەر سفره هەر ئەوه گرینگ نیه که خواردنەکه خۆش و سالم و به تام بێ. ئەوەش زۆر گرینگه که چۆن سفره دەڕازێنینەوه؟
چۆن خواردنەکه دادەنێین و چۆن پێشکەشی دەکەین و چۆن دەی خۆین.
کەسێک که به شەقامی کاڕل یوهانسی ئوسلۆ دا دێته خوار، له دوورەوه دەبینێ دێنیس کەباب وێنەی جۆراوجۆری که بابی هەڵواسیوه. هێنده جوان دایناون که ئیشتیای ڕێبواران دەبزوێنێ و ئەوانەی برسیشیان نیه به دیتنی وێنەی ئەو کەبابه جۆراو جۆرانه ئیشتیای کەباب دەکەن و سەرێک به دێنیس کەبابدا دەکەن.
ئێمه کادرەکانی حیزب پێویسته ببینه دووکاندارێکی باش. ئەوەش بەوه دەکرێ که ڕێتۆریکی خۆمان و حیزبەکەمان به هێز بکەین. بەرنامه و سیاسەتەکانی حیزبی ئێمه وەڵام دەری هەموو داخوازیه میللی و دێموکڕاتیەکانی خەڵکی کوردستانن، بەڵام ئەوه ئێمه کادرەکانی حیزبین که دەبێت پەیامەکانی حیزب و سیاسەتەکانی هێنده جوان بەستەبەندی کەین که خەڵک له هەوای بیان قۆزنەوه.

ڕێکەوتی : ١٦ی مای ٢٠١١

## هاوڕیی حیزبی

حیزب و ڕێکخراوه کان جۆراوجۆرن و ئەرکی جۆراوجۆریشیان هەیه. ئێمه ئینسانەکانیش جۆراوجۆرین. له قسەکردن و جۆری بیرکردنەوەشماندا وەک یەک نین، هەر بۆیه دونیای دەوروبەر و دیاردەکانیش وەک یەک نابینین. ئەوەش لەبەر ئەوەیه که هەرکاممان ئەزموون و تاقیکرنەوه و ژینگەی پەروەردەیی تایبەت به خۆمان هەیه. ئەو جیاوازیانه له ژیانی تایبەتیی ڕۆژانه و ئەو کار و ئەرکانەدا که له سیستەمی ژیانی کۆمەڵایەتیدا بەرێوەیان دەبەین جارێکی دی ڕەنگ دەدەنەوه.
ئەی کەوایه بۆ ئێمه له کولتووری حیزبی خۆماندا دەڵێین هەموو ئینسانەکان هاوبایەخن؟
بۆ دەڵێین هەموو ئەندامانی حیزب هاوبایەخن و بۆ هەمووان یەک دیسپلین هەیه؟
ئەوه له بەر ئەوەیه که له ئاستی ماکرۆدا ئێمه هەموومان ئینسانین و هەر به حوکمی ئینسان بوونیشمان هاوبایەخین. هەموو فەرهەنگی مرۆڤایەتیی پێشکەوتوو و تەواویی بەڵگەنامه نێونەتەوەییەکانی مافی مرۆڤ پێ لەسەر ئەوه دادەگرن که ئینسانەکان هاوبایەخن و دەبێت به گیانێکی برایانه له گەڵ یەکتر بجوڵێنەوه. کەواته جیاوازیەکانی نێوانمان به هیچ جۆر به مانای بێ ئیعتیباری ئەو ئەسڵه بنەرەتیه نین که هەموومان ئینسانین.
له ئاستی میکرۆ واته تەشکیلات و حیزبیشدا، ئێمه هەر هاوبایەخین. چوونکه پێکەوه له تەشکیلاتێکدا بۆ ئازادی میللەتێک خەبات دەکەین. دەمانەوێت میللەتەکەمان بەرینه ئاستی میللەتانی ئازاد و پێشکەوتووی دنیای ئەمڕۆ. ئەو تەشکیلاتەش که بۆ گەیشتن بەو ئامانجه ئێمەی له دەوری یەک کۆکردۆتەوه، حیزبەکەمان، حیزبی دێموکڕاتی کوردستانی ئێرانه. کەواته له حیزبەکەماندا هەموومان وەک ئەندامی حیزب هاوبایەخین و هەر بۆیەشه به پێی پەیڕەوی نێوخۆی حیزب بۆ هەموومان یەک دیسیپلینی حیزبی هەیه.
ئێمه له تێرمینۆلۆژی و ئەدەبیاتی حیزبی و تەشکیلاتی خۆماندا، دەڵێین حیزبی ئێمه، که حیزبێکی خەباتگێڕه و له هەلومەرجێکی سەخت و دژواریش دا تێدەکۆشی، وەک ئۆرگانیزمێکی زیندوو وایه. هەموو بەشەکانی پێکەوه بەستراونەتەوه، به یەکەوه کاردەکەن و یەکتر بەهێز و تەواو دەکەن. هیچ کام له بەشەکانی ئەو ئۆرگانیزمه بەتەنیا ناتوانێ هەموو ئەو کاره بەرێوەبەرێ که کۆی سەرجەمی ئەو لە شه وەک ئۆرگانیزمێکی زیندوو، بۆ مانەوه و بەرەو پێشچوونی خۆی و جێ به جێ کردنی ئەرکەکانی، دەبێ ڕایان پەڕێنێ.
به واتایەکی دیکه، له ئۆرگانیزمێکی زیندوودا، هەموو بەشەکان و کۆئەندامه جیاجیاکان، پێکەوه بەستراون و پێوەندیی تووندوتۆڵیان پێکەوه هەیه. له وەش زیاتر ئەوان پێکەوه دەست ده دەنه دەست تا به قازانجی سەرجەمی ئۆرگانیزمەکه، وەک واحیدێکی زیندوو، کاربکەن. ڕوونه که لەو ئۆرگانیزمەدا، هەرکام له بەشه جۆراوجۆرەکان گرینگیی تایبەت بەخۆیان هەیه. تەنانەت هەندێکیان ڕۆڵی کارساز و بگره چارەنووس سازیشیان هەیه. بەو حاڵەش هیچ کام له بەشەکان ناتوانێ بێ به شەکانی دیکه، بەتەنیا بژی و درێژه به چالاکیی خۆی بدات.
ئەگەر ئەوه وەک مۆدێل، یا مێتافۆرێک قەرزکەین و له ژیانی حیزبی و تەشکیلاتیدا بەکاری بێنین، ئەوه دەبێ بەو جۆرەی لێک دەینەوه که:
ئەندامان و ئۆرگانه جۆراو جۆرەکانی حیزب، به دەنه و ڕێبەرایەتی، کادرەکان و ڕێبەرانی حیزب، پێوەندیی ئۆرگانیک و زیندووویان پێکەوه هەیه. کار و تێکۆشانیان پێکەوه بەستراوه و پێکەوه بۆ ئامانجێکی دیاریکراو کاردەکەن. بۆیەش ڕێز و حورمەت و قەدری یەکتریان له لایه. بایەخی یەکتر دەزانن. نرخ بۆ کار و تێکۆشانی یەکتر دادەنێن. ئاگاداری له یەکتر دەکەن و یەکتر تەواو دەکەن. یەکتر به هێز دەکەن. ئومێد وەبەر یەکتر دەنێن. ئەو پێوەندیه زیندوو و دوولایەنەیه له نێوان ئەندامان له گەڵ یەکتردا، ئۆرگانەکان له گەڵ یەکتردا، ڕێبەرانی حیزب و بەدەنه لەگەڵ یەکتر دا، به شێوەی خۆناسین، لەخۆگەیشتن، خۆدەرک کردن ، دەرکی مەوقعیەتی خۆکردن، ئەوه که له ئەدەبیات دابه ناودەبرێ ، خۆی نیشان دەدا. self-understanding
ئێمه له ئەدەبیاتی حیزبیدا زاراوەکانی پێوەندیی هاوڕێانه و پێوەندیی خەباتگێڕانه بەکاردەبەین. پێم وایه ئەوه تێگەیشتنی هاوبەش و حیزبیانەی ئێمەیه لەو خۆدەرک کردنه له حیزب و تەشکیلاتدا . هاوڕێی حیزبی زاراوەیەکه که نیشان دەدا ئێمه کاری دەستەجەمعی دەکەین و پێوەندیەکانمان له گەڵ یەکتر هاوڕێانەیه. هەر بۆیەش به گیانێکی خوشکانه و برایانه هەڵس و کەوت له گەڵ یەکتر دەکەین.
ڕوونه وەختێک حیزبین که له حیزب دا له گەڵ ئەندامانی دیکەی حیزب تێکۆشانمان هەیه. له حاڵێکی ئاوادا ئەندام له حیزب و تێکۆشانی تەشکیلاتیدا مانای هەیه. هەر ئاواش ڕێبەرایەتی تەنیا کاتێک ڕێبەرایەتیه که بەدەنەیەک هەبێت. ئورگانەکانی سەرێ تەنیا کاتێک ئۆرگانی سەرووترن که ئۆرگانەکانی خوارەوه هەبن و کار بکەن.
هەر بەو جۆره بەدەنەش کاتێک بەدەنەیه که ڕێبەریەکی هەبێت و پێوەندیی زیندووی له گەڵی دا هەبێت. ئورگانەکانی خوارەوه تەنیا کاتێک هەن و کاردەکەن وەک تەشکیلاتێک که ئۆرگانی سەروتریان هەبێ که ڕێنوێنی و پشتیوانیان بکا. بەو جۆره دەبینین که ئەو بەشه به بێ بەشەکەی تر نیه و پێچەوانەکەشی هەر ڕاسته.

ماموٚستا کە دەچێتە مەدرەسە و پێ دەنێتە ژووری کلاسەوە،دەزانێ کە ماموٚستایە. مەسئولیەت و وەزعی خوٚی دەرک دەکا و دەشزانێ تەنیا بەحوکمی ئەوە ماموٚستایە کە لە پوٚلدایە و کوٚمەڵێک شاگرد بە دەوروبەریەوە دانیشتوون و دەرسیان پێدەڵێ. ماموٚستایەتی لە هەلومەرجێکی ئاوادا مانا پەیدادەکا. دیارە قوتابییەکانیش تەنیا ئەوکاتە قوتابین کە لە مەدرەسەدا، لە پوٚلدا وەک قوتابی ڕەفتاربکەن و پەیڕەوی لەو بەرنامە دەرسیانە بکەن کە ماموٚستا دەیان داتێ.

ئەو جوٚرە پێوەندیە دوولایەنە یە پێی دەوترێ پێوەندیی دیالێکتیکی. هێگڵ فەیلەسووفی بەناوبانگی ئاڵمانی بە شێوەیەکی وورد نێوەروٚکی پێوەندی دیالێکتیکی ڕوون دەکاتەوە. ئەو دەڵێ لە پێوەندی دیالێکتیکی نێوان دوو دیاردە یا دوو توخم دا، لە بوون، مەوجودیەت، کار و خوٚدەرک کردن و مانەوە و بەرەوپێش چوونی لایەکیان دا ، لایەکەی دیکەش کاریگەرە و وەک ئەملای دیکە هاوبڕیارە. یانی خاوەن نەخشە. هیچکام لەو دوو لایەنە ناتوانێ داوای سەربەخوٚیی بکا. لەوەش زیاتر هیچ کام لەو دوولایەنە کە لەگەڵ یەکتر لە پێوەندیەکی دیالێکتیکی دان ناتوانن ئیدیعای ئەوە بکەن کە ئەویان لەویتریان پێ ویسترە. یا وەزنەکەی لەو تەرازووەدا قورسترە.

ئێستا کە باسی بایەخی ئینسانی ئینسانەکانمان کرد و باسی پێوەندیی خوشکانە و هاوڕیانەمان لە تەشکیلاتدا کرد، بەجێ یە باس لە مەسەلەیەکی دیکەی گرینگیش بکەین کە ئەویش بریتیە لە مەقامی ئینسان.

ئیمانوێل کانت دەڵێ نەک هەر نابێت ئینسان تەنیا وەک وەسیلە بوٚ وەدەستهێنانی شتێک دەکاربکرێ، بەڵکوو دەبێت هەمیشە وەک ئامانج لە قەڵەم بدرێ. بەو مانایە کە بە چاوی پڕ بایەخ و ڕێز و حورمەتەوە تەماشای هەر ئینسانێک بکرێ و ببینرێ و وەرگیرێ. ئەوەش لەبەر ئەوەیە کە ئینسان هەر لە بەرئەوەی ئینسانە خاوەن مەقامی ئینسانیە و بوٚخوٚی پڕبایەخە. ئەو پڕبایەخ بوونە هیچ پێوەندی بەوەوە نیە کە ئەو ئینسانە چ پسپوٚریەکی هەیە یا کام ئەرکی لەسەر شانە.

چونکە زاراوەی ئینسان بەتەنیا بوٚخوٚی دەوڵەمەندە و نێوەروٚکەکەی پڕجەوهەرە. لە خوٚڕانیە ماکسیم گوٚرگی نووسەری بەناو بانگی رووس دەڵێ کە ئای کە ئینسان چەندە وشەیەکی پڕلە غروور و غروور خوڵقێنە؟ لە ئیلاهیاتیشدا دەڵێن کە خوا ئینسانی لە سەر شکڵی خوٚی درووست کردوە. هەر بوٚیە پسپوٚڕی و ئەرک ناتوانن ئەو جەوهەری پڕبایەخبوونەی ئینسان بشارنەوە یا بێ مانای بکەن. بوٚ ئیمانوێل کانت لە پێش هەموو شتێکدا ئەوە ئەو لایەنە ئەخلاقی و ویژدانیەی کەسایەتیی ئینسانە کە مەقامی ئینسانی بە ئینسان دەدا و وای لێدەکا بەکار و کردەوەکانی لە نێوان باش و خراپ دا وەک ئینسان بە قازانجی باش بجوڵێتەوە.

هەر ئەوەشە ئینسان دەکاتە پڕبایەخ و مەقامی ئینسانی دەداتێ. تەنانەت کانت لەوەش تێدەپەڕێ و دەگاتە ئەوە کە دەڵێ ئینسانەکان پیروٚزن.

ئێستا بزانین ئەو ئیدەئاڵە بەرزانە، لە ژیانی حیزبی و تەشکیلاتیماندا، لە حیزبێکی خەباتگێڕ ی وەک حیزبی ئێمەدا، چوٚن پڕاکتیزەدەکرێن.

باسمانکرد کە کاری حیزبی و تەشکیلاتی کارێکی دەستە جەمعی و هەرەوەزیە. لەکارێکی لەو چەشنەدا هاوکاری، هاوکاری پێکەوەکردن، پێکەوە کارکردن، کوٚمیونیکاشوٚنی ڕوون و دوولایەنە، شاکلیلن.

ئەو هاوکاری و پێکەوە کارکردنە، ئەو دەستەجەمعی کارکردنە، ئەو پێکەوە بوون و پێکەوە خەبات کردنە، ئەو کوٚمیونیکاشوٚنە لە گەڵ یەکتر و لە پێوەندی لە گەڵ یەکریدا بوٚ دەستنیشان کردن و ڕاپەڕاندنی ئەرکە حیزبی و تەشکیلاتیەکان بە شێوەی پێوەندیە ئینسانیە کان لە نێو ئێمەدا ڕەنگدەدەنەوە.

ئەوپێوەندیە ئینسانیانەش گەشەدەکەن و دەوڵەمەند دەبن و پەرەدەگرن و دەبنە پێوەندیی هاوڕیانە. ئێستا ئەو پێوەندیە هاوڕیانە یە کە دەبێتە ڕوٚن و ماتوٚڕی تەشکیلاتی ئێمە چەوور دەکا و نایەڵێ بەشەکانی لێک بخشێن و یەکتر بسسون. لەوەش زیاتر وای لێدەکا ماتوٚڕەکە چاکتر هەڵسوڕێ و باشتر کاربکا. وای لەو ماشێنەی کە ماتوٚڕەکەی ڕوٚنی کەم تێدایە. شوٚفیری لێوەشاوە ئەو کەسەیە کە هەمیشە زوو زوو ڕوٚنی ماشێنەکەی کوٚنتڕوٚل دەکا.

ئەو پێوەندیە ئینسانی و هاوڕێانەیە لە کەیفیەت و ڕادەی کڤاڵیتێتی ئەو خەدەمات و کاڵاو بەرهەمانەش دا جارێکی دیکە ڕەنگدەدەنەوە کە لە ئاکامی کار و چالاکیە هاوبەشەکانماندا بەرهەمیان دێنین.

بەواتایەکی دیکە کەیفیەت و کڤالیتێتی ئەو کاڵاو بەرهەم و خەدەماتە کە پێکەوە بەرهەمی دێنین، وەک ئاوێنە چوٚنیەتی و ڕادەی هاوکاری و پێوەندیە ئنسانیەکانی نێوانمان نیشان دەدا. کار و تێکوٚشان لە ڕیزەکانی حیزبی دێموکڕاتی کوردستانی ئیران دا شانازیەکی گەورەیە. ئەوەی ئەوڕێ یە هەڵدەبژێرێ ئامادەی ئەوەی هەیە مایە لە خوٚی و هەموو وجودی خوٚی دانێ و پێشەوا وتەنی سەروماڵ بکاتەقوربانی. ئاخر حیزبی دێموکڕات حیزبێکی خەبات گێڕە. دووکتوٚر سەعید جارێک لە کوٚبوونەوەیەکدا وتی ئێمە حیزبێکی شوٚڕشگێڕین. ئەندامانی حیزبی دێموکڕات وەک ئەندامانی حیزبە لیبراڵەکانی ئورووپا نین تا بە بەشداری کردن لە هەڵبژاردن و دەنگدان هەر چەندساڵ جارێک بە قازانجی حیزبەکەیان، ئەرکیان تەواوبێت.

وەختێک دەڵێین حیزبێکی خەباتگێڕین، یانی ئێمە لە حاڵی خەبات داین. ژیان و خەباتمان پێکەوە بەستراوە. لەوەش زیاتر مانای ئەوەیە کە نەک هەر هاوڕێ و هاوکار بەڵکو هاوخەبات و هاو سەنگەری یەکین. هاوسەنگەربوون لە فەرهەنگی پێشمەرگانە و خەباتگێڕانەی ئێمەدا شوێنێکی بەرزی هەیە. یانی پێکەوە لە یەک سەنگەرداین. وەک دووکتوٚر سەعید فەرمووی لە کاتی قسەکردن لە پێوەندی لە گەڵ شەهیدبوونی دووکتوٚر قاسملوودا، لەو سەنگەرەدا، لەو خەباتەدا یا سەردەکەوین یا بە سەربەرزیەوە سەر دادەنێین.

ئەو فەرهەنگە بەرزەیە حیزبی ئێمەی پێ دەناسرێتەوە و بوٚتە هەویەتی حیزبی دێموکڕات. بوٚتە بە شێک لە سیمای دێموکڕات.

ئەو ڕووحی فیداکاریە یە کە حیزب و خەباتی حیزبی ئێمەی ڕاگرتوە و دەیباتە پێشێ. ئەوە کانیەکی گەورەیە دەبێ هەمیشە ئێمە ئەندامان و تێکوٚشەرانی حیزب بگەڕێینەوە سەری و ئاوی فێربوونی فیداکاری و گیانبازی و خەباتکاری لێ بخوٚینەوە.

کاروانی شەهیدانی حیزب دوور و درێژە. هەر لەسەرقافڵەی کاروانەکەوە بگرە تا دواشەهیدی حیزبەکەمان هەموویان بە غروور و سەربەرزیەوە لە سەنگەری خەباتدا بەرەوپیری مەرگ چوون و تەنانەت مەرگیشیان کردوٚتە مەیدانێکی دیکە بوٚ خەبات. بەو مەفهوومەی کە دووکتوٚر قاسملوو باسی دەکا. واتە ئێمە لە مردن بێزارین و عاشقی ژیانین هەر بوٚیەشە ڕێگای خەباتمان بوٚ ژیانێکی ئازاد هەڵبژاردوە. بەڵام ئەگەر پێویست بێ لە پێناو ئامانجەکانی گەلە کەماندا بمرین، ئەوە بە عەشقەوە بەرە پیری مەرگەوە دەچین . ئەوەیە فەرهەنگی پێشمەرگانە.

سەرتاسەری مێژووی حیزبی ئێمە پڕە لە فیداکاری و قوربانی بوون. حیزبی ئێمە لە جنسی حەیزەرانە، لە ژێر پاڵە پەستوٚدا دەچەمێتەوە بەڵام ناشکێ. باسی کێ بکەین، هەزاران هەزار نموونەمان لەو حیزبەدا هەن ، لەزیندانەکانی دووژمندا تێکوٚشەرانی حیزبی ئێمە پەیکەرەی بڕواو خوٚڕاگری بووون. لە مەیدانەکانی ئیعدام و سێدارە و قەنارەدا ، لە سەنگەرەکانی دیفاعی

چەکدارانەو تێکۆشانی پێشمەرگایەتیدا. لە هەر ناوچەیەک، لە هەرگوندێک ، لە هەرشارێک ، لە هەر قۆناخێک لە قۆناخەکانی خەبات دا شاعیر وتەنی لە بن هەر بستە ئاسمانێکی ئەو کوردستانەدا، دەیان نموونەمان هەن کە وەک سەرمەشق و سەرچاوەی ئیلهام دەبێت لێ یان فێربین. ئینسانی خەباتگێر بە خەم و ئازاری میللەتەکەیەوە خەباتگێر دەمێنێتەوە.

ئەگەر لە میللەتەکەی دابڕا خەم و دەردو ئازارەکانی خۆی لێ گەورە دەبنەوە. بۆیە زۆر گرنگە لەو ڕووحیەیە دانەبڕێین و لێی فێربین. ئەو خەباتە بەو ڕووحیەوە دەڕواتە پێش.

ئەو ڕووحیەیە فەرهەنگی هاوڕێ یەتی و هاوسەنگەری و هاوخەباتیشی لە حیزبی مەدا درووست کردوە. زۆر کەس لە تێکۆشەرانی حیزب لە زیندانەکاندا حوسێنی ئەستیە ئاسا نینۆکەکانیا دەرهێناون، بەڵام ئامادەنەبوون گیانی هاوڕێیانی خۆیان بخەنە مەترسی. بە سەدان و هەزاران پێشمەرگەی قارەمانی حیزبی ئێمە شەهیدبوون چوونکە نەیان ویستوە تەرمی هاوسەنگەرە شەهیدو بریندارەکانیان بە جێ بێڵن و لە ئاکامدا گیانی خۆشیان داناوە. ئەوەیە گیانی هاوڕێیانەو حیزبیانە کە باسمان لێکرد و دەبێت بیپارێزین.

یەک دوو ساڵ لە مەوبەر سیمینارێکی تەشکیلاتیمان لە ئۆسلۆی پایتەختی نۆروێژ هەبوو. لەوسیمنارەدا بەرپرسی کۆمیتەی کاروباری دەرەوەی حیزب بەشداردەبوو. هەر بۆیە کۆمیتەی وڵات داوای لە هەموو کۆمیتە ناوچەکان کردبوو ،بۆ ئەوەی لە نزیکەوە ئاگاداری مەسەلە حیزبی و تەشکیلاتیە پێوەندی دارەکان بن، لەو کۆبوونەوەدا بەشداربن .

نۆروێژ وڵاتێکی دوورودرێژە. بەشێکی زۆری هاوڕێیانی حیزبی دەبوایە بە هاتن و گەڕانەوەیان دە پازدە سەعات بە ماشێن بێن و بڕۆن. جیا لە ڕێگای سەخت وشاخاوی و سەهۆڵ و بەفریش، کە ئەوەش گیروگرفتی خۆی هەیە.

بەداخەوە لە ڕێگادا ماشێنی هاوڕیانی کۆمیتەی تێکۆشەری بێرگن لە گەڵ ماشێنێکی باری تەسادووفی کردبوو و لەئاکامدا هاوڕێ بەختیار وەلەزی گیانی لەدەست دابوو. کاک عەبدوول تێکۆشەری ڕۆژانی سەختی خەبات کە کەم ئەندام بوو جارێکی دیکەش لاقی بریندرابوو بووەوە و و بەم جۆرە هاوڕیانی دیکەش بریندرابوون.

دوای کۆبوونەوەکە من بە حوکمی بەرپرسایەتی حیزبیم لە گەڵ دووکەس لە تێکۆشەرانی دیکەی حیزب کاک قادر ڕەسوڵی و کاک سۆران ڕەسوڵی چوینە سەردانی بریندارەکان لە نەخۆشخانە.

دەستبەجێ کە گەیشتمە سەریان یەکێک لەوان گریاو چاوی پڕبوون لە فرمێسک. ئەو هاوڕیە ناوی ئالان قادری بوو. من دەمەویست دڵی بدەمەوە بڵێم کە دووکتۆرەکان لە وەزعی وی ڕازین و ڕەنگە بەو زوانە برینەکانت سارێژبنەوە و بگەڕێیەوە ماڵێ. کە چی ئالان وتی من بۆ خۆم ناگریەم. بۆ شەهید بەختیار دەگریەم. بریا من بام لە جێگای ئەو. بۆیە ویژدانم ناڕەحەتە لە کاتی هاتنماندا لە سەرەتادا من لە پێشی ماشێنەکە دانیشتبووم ، دواتر کە لە شار هاتینەدەر داوام کرد کاک بەختیار بێتە پێشەوە و جێگام دەگەڵ وەگۆڕێ. ئەوەش لە بەر ئەوەبوو کە من ڕێز و ئیحترامی زۆرم بۆ کاک بەختیار هەبوو. ئێستا بۆیە دەگریەم دەڵێم بریا قەت ئەوکارەم نەکردباو جێی خۆم نە دابوایە. چونکە ئەگەر ئەو لە جێێ خۆی بوایە ئەو نەجاتی دەبوو و من لە جێگای ئەو شەهید دەبووم. بە تایبەت ئاخر ئەو ژن و منداڵیشی هەبوو.

بەڕاستی ئێمە پێویستیمان بەو ڕووحیە هاوڕێیانەو هاوسەنگەرانەیە هەیە. ڕووحیەیەک کە کاک ئالان و هەزاران ئالانی دیکە لەو حیزبەدا بۆی بوونەتە سەرمەشق. سڵاو لە کاک ئالانی خۆشەویست و کاک عەبدوولی قارەمان و هاوڕیانی کۆمیتەی بێرگن.

سڵاو لە گیانی پاکی شەهید بەختیاری جوانە مەرگ.

*ڕێکەوتی : ١٨ی ئاوریلی ٢٠١١*

## پشتیوانی لە زیندانیانی سیاسی مەیدانی کار و تێکۆشانی هاوبەش

پتر لە سێ دەهەیە کۆماری ئیسلامی وەزعێکی پڕلە سەرکوت و زەبروزەنگ و توندوتیژی بە سەر وڵاتەکەماندا سەپاندوە. لەوماوەیەدا لەو ماوەیەدا پۆل پۆل ئازادیخوازان و تێکۆشەرانی ڕێگای ماف و ئازادیەکانی چین و توێژە جۆراوجۆرەکانی خەڵک ڕەوانەی زیندان و شکەنجەگاکان کراون. بە هەزاران خەباتگێڕی سیاسی و چالاکی مەدەنی ئیعدام کراون. ئەو سیاسەتە هەروا درێژەی هەیە و ڕۆژنیە هەواڵی گرتن و ڕاونانی چالاکانی مەدەنی و خەباتگێڕانی سیاسی لە شارو ناوچە جۆراوجۆرەکانی وڵاتەوە نەگاتە گوێی بیروڕای گشتیی. ئیعدام و کوشتنی زیندانیانی سیاسی وەک پەڵەیەکی ڕەش بە نێوچاوانی کاربەدەستانی ئەورێژیمەوە دیارە و تاسەریش دەمێنێتەوە.

خەبات بۆ ئازادی زیندانیانی سیاسی ئەرکی سەر شانی هەموومانە. لە قاودانی شکەنجەو گرتن و ڕاونانی خەڵک لە لایەن هێزە سەرکوتکەرەکانی ڕێژیم و گەیاندنی دەنگی ڕۆڵە دلێرەکانی ناو چاڵەڕەشەکانی وەک کەهریزەک، ئەرکی ئەخلاقی و ئینسانی هەموو لایەکە.

ڕاستیەکەی ئەوەیە تێکۆشان بۆ ئازادی زیندانیانی سیاسی ، بەلایەنێکی گرینگی خەبات بە دژی سەرەڕۆیی بە حیساب دێ. لەوەش زیاتر ئەو جۆرە خەباتە دەتوانێ تا ڕادەیەک ڕێگای تێکۆشان بۆ پێکهێنانی ئاڵوگۆڕی دێموکڕاتیکیش خۆشکا.

لەوپێوەندیەدا پێویستە پێ لەسەر ئەوە دابگرین کە کارێکی لەوچەشنە پێویستی بە تێکۆشانیی هاوبەش، شێلگیر و سیستماتیک و هاوکاریی نێوان هەموو کەس و لایەنەکانی نێو گۆڕەپانی خەبات هەیە. ئەزموونی وڵاتانی دیکە ئەوە دەردەخا کە ئەگەر هەموو لایەک پێکەوە بۆ ئازادی زیندانیانی سیاسیی دەست وێک دەین و بتوانین پشتیوانی بیرووڕای گشتی بۆ ئەومەسەلەیە ڕاکێشین، دەتوانین پاشەکشە بە کۆنەپەرستی بکەین.

دیارە هەر هەنگاوێکی بچکۆلەش لەوبارە بۆ لەقاودانی شکەنجەو ئیعدام و گەیاندنی دەنگی زیندانیان بە گوێی دونیای دەرەوە بۆ خۆی هەنگاوێکی بەکەڵکە و نابێت درێخی لێبکرێت. بەڵام بۆ ئەوەی بتوانین خەبات بۆ ئازادی زیندانیانی سیاسی و ڕاگرتنی حوکمی ئیعدام لە سەر ئەو بەشە لەوان کە حوکمی ئیعدامیان بە سەردا سەپاوە، بکەینە فاکتۆرێکی کاریگەر و مەیدانێکی بەرین بۆ خەبات، پێویستە لەوبارەوە بە چاویلکەی حیزبی و تەشکیلاتی و ئیدەئۆلۆژیک تەماشای مەسەلەکە نەکەین و زیندانی سیاسی تەنیا وەک زیندانی سیاسی ببینین و بۆ ئازادی وی تێبکۆشین. جگە لەوە ئەوکارە پشوودرێژی و سەبر و حەوسەلەی گەرەکەو پێویستی بە بەرنامەیەکی ڕێک وپێک هەیە کە نابێت لێی ماندووبین. لە کار و خەباتێکی لەو چەشنەدا و لە

هێنانە گۆڕی ناوی زیندانیانی سیاسی و باسکردن لە ئەوان و وەزعی ئەوان لە چاڵەڕەشەکانی کۆنەپەرستی دا، نابێت مەبەستمان دابین کردنی قازانج و بەرژەوەندی حیزبی و سیاسی بێت. ئەوەی لە بارەوە گرنگە دەبێت نەجات دانی گیانی زیندانیان و گەیاندنی هاواری ئەوان بە دەرەوەی زیندانەکان بێت.

ڕێکەوتی : ١ی ژانایییەی ٢٠١١

## بابەت و نووسراوەکانی ساڵی ٢٠١٠

### ١٠ی ئۆکتۆبەر ڕۆژی جیهانیی خەبات بۆ هەڵوەشانەوەی سزای ئیعدام.

١٠ی ئۆکتۆبەر ڕۆژی جیهانیی خەبات بۆ هەڵوەشانەوەی سزای ئیعدامە. بە جێ یە لەو ڕۆژەدا جارێکی دیکە تێبکۆشین سرنجی بیروڕای گشتیی دنیا بۆ لای ئەو هەموو کوشتار و جنایەتە ڕاکێشین کە کۆماری ئیسلامی لە ئێران بە بیانووی بە ڕێوەبردنی قانوون دەرهەق بە ڕۆڵەکانی گەلانی وڵاتەکەمان ئەنجامی دەدات.

بە وتەی ڕاگەیەنە گشتیەکان و بە پێی ئەوراپۆرتانە کە لە لایەن ڕێکخراوەکانی پارێزگاری لە مافەکانی مرۆڤەوە بڵاو دەبنەوە، ئیران پاش چین ، وڵاتێک کە ژمارەی دانیشتوانی نزیکەی بیست بەرانبەری ئێرانە، گەورەترین ژمارەی ئیعدامی تێدا بە ڕێوە دەچێ.

هەرلەو چەند هەفتەو مانگانەی دوایدا، لە ناوچە جیاجیاکانی ئێران، دەیان کەس بە تاوانی جۆراوجۆر ئێعدام کراون و ژمارەیەکی زۆریش لە نۆبەدان تا حوکمی ئیعدامیان لە سەر بە ڕێوە بچێ.

بە داخەوە بەشێکی بەرچاوی ئەوانەی ئەمڕۆ لە ئێراندا ئێعدام دەکرێن، کەسانێکن کە تەمانیان لە خوارێ یە و بەواتایەکی دی منداڵ و مێر منداڵن. بە گوێرەی ئەو ڕاپۆرتانە کە بڵاو دەبنەوە، لەو چەند ساڵەی دواییدا، ئێران تەنیا وڵاتێک بووە کە بە پێچەوانەی ئەو ڕێوشوێنە نێونەتەوەییانە کە بۆ بەڕێوەبردنیان خۆی بەر عۆدەکردوە، منداڵان و مێرمنداڵانی ئیعدام کردوون.

ئێران کۆنڤانسیۆنی مافە سیاسی و ئابووریەکان و کۆنڤانسیۆنی مافەکانی منداڵی ئیمزاکردوون. بە پێی ئەو دوو کۆنڤانسیۆنە ئیعدامی کەسانێک کە لە تەمەنی خوار هەژدەساڵیدا، تاوانێکیان ئەنجام داوە، بە تەواوی قەدەغەیە.

هەروەها هەر وەک باسمان کرد ئێران لە ڕیزی ئەو دەستە کەمە لە وڵاتانی دنیا دایە کە زۆرترین ژمارەی ئیعدام بەڕێوە دەبەن. لە ماوەی ٣٠ ساڵی ڕابردوودا، واتە لەو دەمەوە کە کۆماری ئسلامی دەستەڵاتی لە ئێراندا بەدەستەوە گرتوە، ئێران هەمیشە یەکێک لەو وڵاتانە بووە کە لەوبارەوە ڕیکۆردی جیهانیان هەبووە. ئێستا کۆماری ئیسلامی بەوە کە تەنیا وڵاتێکە کە منداڵان ئیعدام دەکا، لەو بوارەداشدا لە دونیادا ناوبانگی یەکەمی هەیە.

لە بارێکی دیکەشەوە مەسەلەکە هەر جێگای باسە. هە موومان لەوە ئاگادارین کە سیستەمی قەزایی ئێران و دەزگای قەزایی لە ئێراندا زۆر دواکەوتوانەیە و بە هیچ جۆر لە گەڵ پرینسیپ و ستاندارده نێونەتەوەییەکان دا نایەتەوە. ئاخر لە ئێراندا شکەنجە بە شێوەیەکی زۆر سیستماتیک بە ڕێوە دەچێ و لە سەر ئەساسی ئەو ئیقرار و ئیعترافاتە کە لە ژێر شکەنجەدا، وەردەگیرێت، خەڵک حوکم دەدرێن. بەو پێ یە دەردەکەوێ کە پایەی ئەو حوکمانە کە بۆ ئیعدامی ئەم و ئەو دەردەکرێن، لە باری قەزاییەوە زۆر لاوازە.

جگە لەوەش ئێران لە ڕیزی ئەو ژمارە کەمە لە وڵاتانی دونیا دایە کە خەڵک بە تاوانی سیاسی و عەقیدەتی ئێعدام دەکەن. هێشتاش جار جار خەڵک سزای سەنگساریان بۆ دەبڕدرێتەوە. کۆماری ئیسلامی دەستی بە خوێنی زیندانیانی سیاسی و عەقیدەتی سوورە. چ لە تاران و چ لە ناوچەکانی دیکە بێ پەروا خەڵک بەتاوانی موحارب لەگەڵ خوا و موفسید لەسەر زەوی و تێکدانی ئەمنیەت و بیانووی دیکەی لەو چەشنە ئیعدام دەکا. بەڵام ئەو دیاردەیە لە کۆردستان و ناوچە میللی یەکانی دیکەی وەک خوزستان و بەلووچستان و ئازەربایجان و تورکمەن سەحرا زۆرتر و بەرچاوترە.

ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی ئیعدام وەک وەسیلەیەک بۆ تۆقاندن و برنەپێشی سەرکوت و زەبروزەنگ بەکاردەباو دەیەوێ لەو ڕێگایەوە تۆوی ترس و خۆف و تۆقاندن بە نێو خەڵکدا بڵاو بکاتەوە.

ئەو ئیعدام و سەرکوت و زەبروزەنگە کە کۆماری ئیسلامی ئەمڕۆ بەڕێوەی دەبات شتێکی تازەنیەو هەر لە سەرەتاوە سیاسەتی کۆماری ئیسلامی بووە.

لەو سێ دەیەی دوایی دا لە سەر یەک ڕادەی بەڕێوەچوونی ئیعدامەکان لە کەمی داوە و زۆر وڵات هەر لە بنەڕەتڕا وازیان لە بەڕێوەبردنی سزای ئیعدام هێناوە. کەچی لە ئێراندا و بە تایبەتی لە کوردستاندا ڕێژیم هەروادێ و لە بەڕێوەبردنی حوکمی ئیعدام دا پتر بێ پەروادەبێ و زۆرتر لەو سیاسەتە دژی گەلیە کەڵک وەردەگرێ.

ئەوەی لێرەدا جێگای مەترسیە ئەوەیە کە خەڵک و کۆمەڵگای مەدەنی ئێران و کوردستانی ئێران بەرامبەر بە مەسەلەی ئیعدام بێ تەفاوەت بن . ڕووناکبیران، فەرهەنگیەکان، نووسەران و ماموستاکانی مەدرەسەکان و سەرجەم چالاکانی مەدەنی و سیاسی پێویستە حەساسیەتی زۆر بە ئیعدام نیشان دەن و حیزبەسیاسیەکانی کوردستانیش واباشە کار لە سەر ئەو مەسەلەیە زۆر لەوە زیاتربکەن کە تا ئێستا کردوویانە.

ئەزموونی مانگرتنی سەرانسەری کوردستان لە کاتی ئیعدامی فەرزادی کەمانگەر و هاواڵەکانی دا، لەو بارەوە ئەزموونێکی میللی گەورەیە کە دەکرێ دەوڵەمەندتریش بکرێ وببێتە هەوێنی کار و خەباتی زیاتر بۆ هەڵوەشانەوەی سزای ئیعدام.

پێویستە بە ئاشکراو بێ پەردە داوای هەڵوەشاندنەوەی حوکمی ئیعدام بکەین و کۆڕوکۆمەڵی جۆراوجۆر بۆ کار بۆ هەڵوەشانەوەی حوکمی ئیعدام دامەزرێنین. واباشە ڕێکخراوی تایبەتیی بۆ درووست کەین و بەشێک لە خەباتگێڕانی مافی مرۆڤ خۆیان بۆ کار لەو بوارەدا تەرخان بکەن. خەبات بۆ هەڵوەشاندنەوەی سزای ئیعدام لە کوردستان، دەبێت ببێتە سەرلەوحەی کارو

خەباتمان لە نێوخۆو دەرەوە.

خەباتگێڕانی کۆمەڵگای مەدەنی و مافەکانی مرۆڤ لە کوردستانی ئێران دەبێت هەوڵ و تێکۆشانی خۆیان لەو بارەوە بە دژی سزای ئیعدام لە گەڵ کۆروکۆمەڵە نێونەتەوەییەکانی دیکە کە کار بۆ ئەو مەسەلەیە دەکەن هاوئاهەنگ بکەن.
خەبات بەدژی سزای ئیعدام خەباتێکی مەدەنی و فەرهەنگی و مافی مرۆڤی یە و پێویستە هە موومان بەشداری تێدا بکەین. ئەگەر بزووتنەوەی کوردستان دەیەوێت کوردستان بەرەو ئازادی و دێموکڕاسی بەرێت، دەبێت هەر لە ئێستاوە هەڵوەشانەوەی سزای ئیعدام ببێتە پرنسیبێکی بنەڕەتی لە سیاسەت و ئەدەبیات و فەرهەنگماندا.

ڕێکەوتی : ٩ی ئۆکتۆبری ٢٠١٠

## پێویستیی کارکردن بۆ ڕێکخستنی زیاتری ڕیزەکانی بزووتنەوەی میللی دێموکڕاتی کوردستانی ئێران،

بزووتنەوەی ڕزگاریخوازانەی کوردستانی ئێران لە گەشەو هەڵدانێکی بەرچاو دایە. بەڵام سەرەڕای ئەوەش هەم لە تیئۆری و هەم لە پڕاکتیکدا لە گەڵ زۆر مەسەلە بەرەو ڕوویە کە نابێ لە هێنانە گۆڕ و باسکردنیان چ لە ئێستاو چ لە داهاتوودا سڵ بکەینەوە.
بۆ ڕێکخستنیی زیاتری ڕیزەکانی بزووتنەوە، بۆ هاوئاهەنک کردنی هێزە کۆمەڵایەتیەکانی نێو بزووتنەوەی کوردستان، هەروەها بۆ ئەوەی بزووتنەوەی کوردستان ئاسۆیەکی بەرینتری لە پێشدابێت، پێویستە لە سەر چەند مە سەلە پێ داگرین.
بزووتنەوەی کوردستان، بزووتنەوەیەکی ئیدەئۆلۆژیک نیە . بزووتنەوەیەکی میللی دێمۆکراتیکە. بزووتنەوەیەکە بۆ ڕزگاری کوردستان لە ستەمی میللی و دێموکڕاتیزەکردنی کۆمەڵگای کوردستان سەری هەڵداوە. کەواتە بزووتنەوەی چینێک یا توێژێکی کۆمەڵایەتی دیاریکراو نیە. دانیشتوانی کوردستان، سەر بە هەر دەستەو تاقمێکی کۆمەڵایەتی بن، دەتوانن بەشداری لەو بزووتنەوەیەدابکەن.
بۆیە پێویستە کە ڕۆڵەکانی کوردستان بۆ بەشداری لە بزووتنەوەدا مۆبیلیزەبکرێن. ئاخر ڕۆڵەکانی کوردستان تەنیا لە ڕەوتی خەبات و تێکۆشاندا و لە پڕۆسەی ڕووبەڕووبوونەوە لە گەڵ دوژمنانی ماف و ئازادیەکانی گەلی کوردا وشیاری و ئاگاهی میللی پەیدادەکەن و ناسنامەی فەرهەنگی و سیاسی و نەتەوەیی خۆیان دەچەسپێنن.
بەڵام دەبێ ئەوەش بگووترێ کە چین و توێژە جۆراوجۆرەکانی نێو کۆمەڵگای کوردستان، داخوازی تایبەت بە خۆشیان هەیە. ئەوداخوازە سینفی و کۆمەڵایەتیانە تەنیا کاتێک دەتوانن برۆنە پێش کە لە چوارچێوەیەکی بەرین دا، لە گەڵ داخوازە سەرەکیەکان لێک گرێبدرێن و هاوئاهەنگ بکرێن.
لاوان، ژنان، مۆمۆستایان، خوێندکاران، کرێکاران، کارمەندان، جوتیاران ، بازاڕیان و باقی چین و توێژە زەحمەتکێشەکانی دیکەی کوردستان و کەمایەتیە میللی و مەزهەبی و ئاینی وئێتنیکیەکانی کوردستان، هەرکامیان بە داخوازی خۆیانەوە بە دژی دەستەڵاتی ڕەشی ئاخوندی لە خەبات و بەربەرەکانی دان. ڕێکخراوەکانی حیزبی ئێمە لە هەرکوێ یەک کە هەن لە سەریانە ئەو نارەزایەتی و بەربەرەکانیە سینفی و کۆمەڵایەتیانە لە سەر بناخەی هاوپێوندیی میلیی لێک گرێبدەن.
لێک گرێدان و هاوئاهەنگ کردنی بزووتنەوە ئێعتراڕیە کۆمەڵایەتیەکان لە گەڵ یەکتر و لە گەڵ داخوازە میللی و دێموکڕاتیە گشتی یەکاندا ، بزووتنەوەی کوردستان دەکاتە بزووتنەوەیەکی بەرین و جەماوەری. هەر بۆیە ئەوە گرنگترین ئەرکی ڕێکخراوەکانی حیزبە لەو هەلومەرجەدا.
ئەگەر نەتوانین ئەو ئەرکە گرینگە جێ بەجێ بکەین. ڕۆڵی پێشرەوبوونی خۆمان لەو بزووتنەوەیەدا دەخەینە ژێر پرسیار. لە لایەکی کەشەوە، ئەگەر ئەو بزووتنەوە کۆمەڵایەتیە جۆراوجۆرانە لە چوارچێوەی سیاسەتێکی میللی و کوردستانی دا ڕێکنەخرێن، هیچ کە ناتوانن بە ئامانجەکانیان بگەن ، بەڵکوو هەر زوو سەرکوتیش دەکرێن. ئەوەش ئەو پێویستیە دەردەخا کە بزووتنەوە کۆمەڵایەتیە کان پێویستە پتر لە گەڵ یەکتر هاوکاری و هاوئاهەنگی بکەن و لە بەرانبەر سەرکوت و زەبروزەنگی ڕێژیم دا شێلگیرانە پشتیوانی لە یەکتر و داخوازەکانی یەکتر بکەن. لە حاڵێکی ئاوادا هێزوتوانای هەموو چین و تووێژە کۆمەڵایەتیەکانی کوردستان دەخرێتە سەریەک و لە بەرامبەر ماشێنی سەرکوتی کۆماری ئیسلامیدا خۆڕاگرتریان دەکاو ئاسۆیەکی بەرین و گەورەش بۆ بزووتنەوە لە ئاستی گشتیدا دەستەبەردەکا.
بەڵام لەو پێوەندیەدا مەسەلەیەکی زۆر گرینگ هەیە کە نابێت لە بیرمان بچێت. ئەویش ئەوەیە کە هەوڵدان بۆ نەخشاندنی ئاسۆیەکی گەورە و بەرین بۆ ئەو بزووتنەوە کۆمەڵایەتیانەو لێک گرێدانیان لەئاستێکی بەرزدا، نابێ وامان لێبکا کە خەباتی ڕۆژانەو داخوازە دیاریکراوە سینفی وکۆمەڵایەتیەکانی چین و توێژە جۆراوجۆرەکانی کوردستان بە هێند نەگرین. ڕاست بە پێچەوانەوە پێویستە ڕێکخراوەکانی حیزبی ئێمە لە سەنگەری هەرە پێشەوەی دیفاع لە داخوازە جەماوەریەکان دابن و ویست و داواکانی چین و توێژە کۆمەڵایەتیەکان، لە دروشمی واقعبینانەدا فۆرمۆڵەبکەن و بیانهێننە گۆڕ. ئەو بەشە لە کادرەکانی ئێمە کە بایەخ بە خەباتی ڕۆژانەی دەستەوتاقمە کۆمەڵایەتیەکان و داخوازە سینفیەکانی ئەوان نادەن، زیان بە ئیعتباری حیزب و پڕۆسەی بەرینبوونەوەی بزووتنەوە و یەکیەتی ڕیزەکانی میللەت دەگەیەنن.
شێوەی ئەسڵی خەباتی ئێمە خەباتی جەماوەریە و بەبێ وەگەڕخستنی هێزوتوانای لەبن نەهاتووی خەڵک ، ناتوانین کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان بۆ پێکهێنانی ئاڵووگۆڕی گەورە ڕاکێشینە مەیدان.
هەر لەوپێوەندیەدا مەسەلەیەکی دیکەش هەیە کە پێویستە لێرەدا باسی بکەین. ئەویش ئەوەیە کە دەبێت بزانین سکتاریسم و فرقگەرایی گەورەترین دوژمنی بزووتنەوەی جەماوەری و میللی یە. سکتاریسم زۆرتر لە هەلومەرجی ئەو وڵاتانەدا سەرهەڵدەدا کە بەدەست ئیستبداد و سەرەڕۆییەوە دەناڵێنن. وەزعێک کە ئێمە لە کوردستانی ئێراندا لە گەڵی بەرەوڕووین، وەزعێکی لەو چەشنەیە.

هەبوونی حیزب و ڕێکخراوی جۆراوجۆری سیاسی لە سەرگۆڕەپانی بزووتنەوەی کوردستان و ململانێ و ڕەقابەتی سیاسیی ئەوان لە گەڵ یەکتر، شتێکی تەواو سروشتی و تەنانەت پێویست و بەکەڵکیشە. بەڵام ململانێ و ڕەقابەتی غەیرە ئوسووڵی و نا ئەخلاقی ، زیانی قەرەبوونەکراوە بە سەرجەمی بزووتنەوە دەگەیەنێ. میللەتی ئێمە لە کوردستانی ئێران، وەک هەر میللەتێکی دیکە، لە چین و توێژی جیاواز پێک هاتوە کە قازانج و بەرژەوەندی جیاوازیشیاهەیە. کەواتە لە هەڵەداین ئەگەر پێمان وابێ تەنیا یەک حیزب یا ڕێکخراوی سیاسی دەتوانێ بەتەنیا نوێنەرایەتی هەموو خەڵکی کورستان بکات. بەڵام ئەوەش بەو مانایە نیە کە پلۆڕالیسمی سیاسی بە ئەتۆمیزەکردنی سیاسەت تەرجومە بکەین و بە ناوی پلۆڕالیزم بزووتنەوە و ڕیزەکانی خەبات دابڕ دابڕ بکەین . ئێمە لە کوردستاندا پێویستیمان بە چەند حیزبی سیاسی و جەماوەری گەورە هەیە کە پایەگای کۆمەڵایەتیان هەبێت وبتوانن هەم لە گەڵ یەکتر هاوکاری بکەن و لە هەمان کاتیشدا موخالەفەت و ڕەقابەتی سیاسیش لە گەڵ یەکتر بکەن. ئەوە هەم بە قازانجی دێموکڕاسیە لە کوردستاندا و هەم بە قازانجی بزووتنەوە و هێزەکانی نێو بزووتنەوەشە. بۆ حیزبی دێموکرات هەوڵدان بۆ جێگیرکردنی دێموکراسی و پلۆڕالیزم لە کوردستاندا نەک تاکتیک بەڵکوو ئامانج و فەرهەنگی کارە.

هیچ حیزبێکی جدی ناتوانێ بەرامبەر بە لە مەترسی کەوتنی مەوجودیەت و ناسنامەو هەویەتی سیاسی خۆی بێ دەنگ بێت و دەست لە سەردەست دانێ. بۆیە هەرکەس مەوجودیەت و هەویەتی حیزبی ئێمە نەخاتە بەر مەترسی و هەڕەشەوە و، بەرنامەیەکی دێموکڕاتیک و کوردستانی هەبێت، ئێمە دەستی وهاوخەباتی بۆ درێژدەکەین و لەو خەباتەدا کە دەیبەینە پێش، بە دەستە خوشکی خۆمانی دەزانین.

تایبەتمەندیی هەرەگەورەی حیزبی دێموکڕات وەک حیزبێکی ڕەسەن و بەرپرسی کوردستانی ئەوەیە کە لە سیاسەتدا هەمیشە قازانج و بەرژەوەندیەکانی میللەتی کورد و بزووتنەوەی کوردستان دەخاتە ڕیزی پێشەوەی ئەجێندای کاری خۆی. ئاخر حیزبی ئێمە قازانج و بەرژەوەندیەکی جیا لە قازانج و بەرژەوەندیە بەرزەکانی میللەتی کوردی نیە و هەر بۆ بردنەپێش و وەدیهێنانی ئامانجەکانی خەڵکی کوردستانیش دامەزراوە.

ڕێکەوتی : ١٥ی ژووئیەی ٢٠١٠

## چۆن یارمەتی بە خەبات لە نێوخۆی وڵاتدا بکەین؟

هەموو نیشانەکان ئەوە دەردەخەن کە ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی بۆ وەڵامدانەوە بەو قەیرانە هەموولایەنەی کە بەدەستیەوە گیرۆدەیە، لە مانگ و وەرزەکانی داهاتوودا، چنگ و ددانی خویناوی خۆی لەوەش کە هەیە پتر نیشان دەداو سەرکوت و زەبروزەنگێکی زۆرتر لە سەرتاسەری ئێران و بە تایبەتی لە ناوچە کانی وەک کوردستان، بەلووچستان، خوزستان و توورکەمەن سەحرا دا ... وەڕێدخا. ئیعدامکردنی تێکۆشەرانی بەلووچ لەو چەند ڕۆژەی دواییدا، هەڕەشەکانی دەزگای بەناو قەزایی حکوومەت و کاربەدەستانی دیکەی دەوڵەت، هێنانەوە مەیدانی گەشتە جیاجیاکانی سارولا و دەسپێکرنەوەی پەلامار بۆسەر ژنان و هەموو جۆرە ئاسەوارێکی ژیانی مەدەنی لە تاران و شارە گەورەکاندا، جارێ تەنیا بە سەرەتای دەستپێکردنی ئەم شەپۆلە تازەی سەرکوت بە حیساب دێن.

گوومانی تێدانیە کە ئەوەش دەبێتە زەمینەیەک کە بزووتنەوەی ئازادیخوازانەی وڵاتە خۆشەویستەکەمان ڕادیکاڵتر دەکاو لە کوردستان و ئەو ناوچانەی دیکەدا کە دانیشتوەکانیان هەست بە زووڵم و ستەم و هەڵاواردن و بێبەشی چەند قات دەکەن، خەباتی جەماوەری بەرینتر و قووڵتر و بە گووڕتردەکا. خەڵک هیچ ئومێدێکیان بە پێکهاتنی ڕیفۆرم و ئاڵووگۆر لەو ڕێژیمەدانەماوە و بۆ هەموو لایەک ڕوونبۆتەوە کە ڕێگای خەبات بە کەناڵی سازش لە گەڵ ڕێژیمدا تێناپەڕێ. لەخۆڕانیە درووشمەکانی بزووتنەوە ئیعترازیەکان ڕوویان لە وەلانانی تەواویەتی ڕێژیم و تێکشکاندنی چوارچێوەکانی ئەم نیزامەیە کە ئەوە سی ساڵە بۆتە کۆسپی سەر ڕێگای پێشکەوتن و پەرەسەندنی نیشتیمانەکەمان. دەشبینین کە خەڵکی وەزاڵەهاتوو ئامادەن بە گیان و ماڵی خۆیان هەزینەی ئەو خەباتە بدەن.

مانگرتنی گشتی خەڵکی کوردستان لە چەند ڕۆژی ڕابردوودا و تایبەتمەندیەکانی بزووتنەوە ئیعترازیەکانی دیکەی خەڵک لەو یەک ساڵەی دواییدا ، ئەوڕاستیە دەردەخەن کە ئەمڕۆ دڵی خەبات لە شارەکاندا و لە نێوخۆی وڵاتدا لێدەدا. ئەوەش ئەرکی ئێمە وەک دیاسپۆراو وەک ئۆپۆزسیۆنی دەرەوە لەوە کە هەیە قورستریش دەکا.

بۆیە هەموو تواناو ئیمکاناتی ئێمە لە دەرەوە دەبێت بۆ پشتیوانی کردن، یارمەتی دان،ڕێکخستن ، هاوئاهەنگ کردن و پارێزگاری کردن لە خەباتگێرانی نێوخۆ تەرخان بکرێ. چوونکە وەک باسمانکرد ڕێژیم نووکی پەلاماری خۆی ئاڕاستەی جەماوەری ناڕازی و تێکۆشەرانی نێوخۆی وڵات کردوە و بە ئیعدام و گرتن و کوشتن و ڕاونان و وەڕێخستنی دادگای ستالینی و زاڵکردنی فەزایەکی پڕ لە تۆقاندن و زەبروزەنگ دەیەوێ ئەوان چاوترسێن بکا و لەو ڕێگایەوە ئاگری خەبات دامرکێنێ . لە وەزعێکی ئەوتۆدا، خەباتکارانی نێوخۆ پێویستیان بە پشتیوانی بیرووڕای گشتی و هاوپێوەندیی کۆڕو و کۆمەڵە بەشەردۆستەکانی دونیای دەرەوە و هاووڵاتیانی خۆیان لە دەرەوە هەیە.

کەواتە ئێمە نەک هەر لەباری حیزبی و تەشکیلاتیەوە، بەڵکوو لە باری رووحی و سایکۆلۆژیشەوە پێویستە خۆمان بۆ بەڕێوەبردنی ئەرکێکی لەو چەشنە ئامادەبکەین. ڕاستە کادری ڕێبەری و هەستەئەسڵیەکانی تەشکیلاتی ئێمە لە ڕووی ناچاریەوە، لەباری فیزیکیەوە، لەو شوێنەنین کە هەموو پێمان خۆشبوو لە وێبان، بەڵام دەکرێ لە باری سایکۆلۆژی و رووحیەی خەباتگێرانە بچینە نێو فەزای ئەوێ و ئینێرژی پۆزتیڤ، ڕۆمانتیزمی خەباتگێڕانە، وشیاری سیاسی، هەستی هاوپێوەندیی میللی ، ئیلتیزام بە خێری گشتی و بەرپرسایەتی بەرامبەر بە چارەنووسی بزووتنەوە بە شادەمارەکانی خوێنبەرەکانی خەبات دا بکەین.

بۆ ئەوەی بتوانین بچینە نێو فەزای خەباتی نێوخۆ و بزووتنەوەی جەماوەری بە هێز و ڕێکخەین دەبێ خۆمان هەڵسەنگێنینەوە و بە بیری تازە و چاوێکی کراوە ترەوە بڕوانینە دیاردە سیاسی و کۆمەڵایەتیەکان و پێداویستیەکانی مەیدانی خەبات. لەو سی ساڵەی دواییدا ئاڵووگۆڕی زۆر گەورە لە هەموو بوارەکانی ژیانی سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئابووری و فەرهەنگی دا ، چ لە دنیا و چ لە کوردستان و چ لە ئێران و ناوچەدا پێک هاتوون. نەوەیەکی تازە لە کوردستان پێگەیوە کە خوێندەوار و ئاگاو و ئاشنا بە ماف و ئازادیەکانی خۆیەتی و خەباتیان بۆ دەکا. بەڵام ئەو ئاڵوگۆڕانە شوێنەواری کەمیان لەسەر ئێمە داناوە.

یەکێک لە کەموکوڕیەکانی ئێمە لە دەرەوە ئەوەیە کە هێشتاش لە سیاسەتکردندا بە دەست ئەو دەردانەوە گرفتارین کە سیاسەت نین وزۆرتر بە نەخۆشیەکانی سیاسەت دەناسرێن. رق و دووژمنایەتی و توونودوتیژی، ئیتهام و تۆڵەو کەڵەک لێکدان، دەبەلێکتر دەرهێنان و چاڵ بۆ یەکتر هەڵکەندن، حەسادەت بە یەکتربردن و موخالیف بە دووژمن زانین، هەوڵدان بۆ خۆبردنەپێش بە هەر وەسیلەیەک و ڕێگرتن لە چوونە پێشی کەسانیتر بە هەموو وەسیلەیەک، کەڵەوەکێشی لە گەڵ یەکدی و لەسەر هەست نەبوون بەرامبەر بەرژەوەندیی گشتی، نەدیتنی قازانجی شەخسیی درێژخایەنی خۆ. خۆ بە زۆر و بە هەحەق زانین و خەڵکی دی بە کەم گرتن و... من لێرەدا باسی کەس ناکەم و ڕاست لە گەڵ خۆم قسەدەکەم. ئاخر فەیلەسوفێک دەڵی لەو ئەژدیهایە تۆقیوم کە لە ناخم دا هەیەو بە هەموو وجودمەوە هەستی پێدەکەم. داخوا چیم بە سەر دێنێ ؟ ئەوە وایکردوە کە هێز وتواناکانمان نەکەونە سەریەک و هێز و تواناکانی یەکتر پووچەڵکەینەوە. کەواتە دەبێت مەوقعیەتی خۆمان وەردەینەوە و جاریکی دی خۆمان بدەینە بەر بارانی بە خۆدا چوونەوەو و نەشتەری خۆجەڕاحی کردن.

پۆل پۆل ڕۆڵەکانی گەل لە زیندانەکانی کۆنەپەرستیدا، لە ژێر شکەنجەی جەلادەکاندا، سروودی خەباتگێرانە دەڵێنەوە و دەرسی خەبات و بەربەرەکانیمان فێردەکەن. هەر چەند ڕۆژ لەمەو پێش بوو دەستەیەک لە تێکۆشەران لەسەر سێدارەی دووژمن سروودی ئەی ڕەقیبیان خوێندەوە و بەشانازیەوە لە ڕێی خەباتدا بە عەشقەوە بەرەو پیری مەرگەوە چوون. ئەو جۆرە ڕووحیە یە کە دەبێ سەرمەشق و ئیلهامدەری ئێمە بێ.

مرۆڤی خەباتگێر بە خەم و ئازارەکانی میللەتەکەیەوە دەژی و ئەو خەم و ئازارانە بۆی دەبنە هەوێن و داینەمۆی خەبات. بەداخەوە ئێمە لە نێوخەڵکەکەماندانین و لەباری فیزیکیەوە لێیان دوورین. ئەوەش وایکردوە کە بکەوینە ئاڵقەی تەنگی هەندێک دۆست و هاوڕێ و ئاشنا و هاوپیاڵەی خۆمان و دڵمان بەوە خۆشە کە لە نێو ئەواندا مەوقعیەتێکمان هەیە. ئەو وەزعەش گۆشەنیگای ڕوانینمان بەرتەسک دەکاتەوە و نایەڵێ دووربین و واقعبین بین. نایەڵی کێوەکە لە هەموو لایەکەوە ببینین و وێنەیەکی ڕاستەقینەمان لە مەسەلەکە لە لا درووستبێت. بۆیە دەبێت لەو قاوغە تەنگە بێینە دەر و خۆمان بەرینە ئاستی بەرزی ئەو چاوەڕوانیەی کە خەڵک و قۆناخی ئێستای خەبات لێمانی هەیە. ئێمە دەتوانین ئەو کارە بکەین . چوونکە مایە و کیفایەتی ئەوەمان تێدایەو خەباتیش ئەوەی لێمان دەوێ و لەوەش زیاتر مانەوەمان و داهاتوومان لەسیاسەتدا بەوەوە بەستراوەتەوە کە چەندە دەتوانین بەوڕێگایەدا بڕۆینە پێش. کەواتە قازانجی شەخسی درێژخایەنیشمان هەر لەوەدایە کە بچینە نێو ئەتمۆسفیری خەبات لە نێوخۆی وڵاتدا.

لە حالیکی ئاوادا هەرچەند لەباری فیزیکیشەوە دووربین، دەتوانین شوێنەواری کاریگەر لەسەر خەبات لە نێوخۆ دانێین. بەوجۆرە مەوقعیەتی خۆشمان بەهێز دەکەین. لە شەڕدا تۆپخانە هەمیشە لە پشتی جەبهەیە و زۆر لە مەیدانی ئەسڵی شەڕ دوورە. بەڵام ئەگەر چاک بجوڵێتەوە و بتوانێ بە قازانجی پیادە نیزام و کۆمەک بە پێشڕەوی ئەو و سەرکوێرکردن و تێکشکانی دووژمن کار بکا، کەس ناتوانێ لە بایەخ و گرینگیەکەی کەم کاتەوە.

یەکێک لە ڕێگاکانی چوونە نێو سایکۆلۆژی خەباتی نێوخۆ، ئەوەیە کە دەست لە سکتاریسمی حیزبی و ڕێکخراوەیی هەڵگرین و بۆ وەلانانی کۆماری ئیسلامی و هێنانە سەرکاری سیستەمێکی دێموکڕاتیک ، بە هەموو جیاوازیە سیاسی و فکری و بەرنامەییەکانمانەوە، لە گەڵ یەکتر هاوکاری بکەین.

ئەوە حەقی هەر کەسێکە بە هەموو ڕێگایەکی دێموکڕاتیکدا هەوڵبدا کە حیزبی خۆی بەرێتە پێش و خەڵکێکی هەرچی زۆرتر لە دەوری بەرنامەکەی کۆکاتەوە . بەڵام دەبێ ئەوەش چاک بزانین کە نە دەکرێ و نە کارێکی درووستیشە کە بمانهەوێ سیاسەت لە کوردستانی ئێراندا تەنیا بە قازانجی حیزبی خۆمان مێکدۆنالیزە بکەین. ڕاستیەکەی ئەوەیە کە وەلانانی ڕێژیم و دێموکڕاسی و دیسانترالیزەکردنی دەسەڵاتی سیاسی لە ئێراندا، دەتوانێ گەورەترین کۆلکەی هاوبەش واتە مەخرەجی موشتەڕەکی نێوان ئێمە بێ و هەموومان لەدەوری یەکتر کۆکاتەوە. خۆ لە خۆڕانیە ئێمە تێکۆشەرانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران دێموکڕاسی و دەستەبەرکردنی مافە نەتەواتەتیەکانی گەلی کوردمان وەک ستراتیژی خەبات لە کوردستان دیاری کردوە .

ڕێکەوتی : ٢٥ی مای ٢٠١٠

## سەبارەت بە سیاسەتەکانی حیزبی دێموکڕاتی کوردستانی ئێران.!

ڕووداوەکانی یەکسالی ڕابردوو، بۆ جارێکی دیکەش ڕاستی و درووستی هەڵوێستەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێرانیان، سەبارەت بە ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی دەرخستەوە.

حیزبی ئێمە هەر لە سەرەتای هاتنەسەرکاری کۆماری ئیسلامیەوە، بە تێگەیشتن لە نێوەرۆکی کۆنەپەرستانەی دەستەڵاتی ئاخوندی، لە سەر ئەو بڕوایەبووە و هەیە کە ئیمکانی هیچ جۆرە چاکسازیەک بە قازانجی دێموکڕاسی و دابین بوونی ئازادی، لە چوارچێوەی ئەم ڕێژیمەدا لە گۆڕێ دانیە. لە وەش زیاتر ڕاستیەکان ئەوە دەردەخەن کە گرتنە پێشی سیاسەتی هەوڵدان بۆ پێکهێنانی ئاڵووگۆڕ لە نێوەوەوەی ڕێژیمەوە، ئاکامەکەی دەبێتە ئەوە کە باندی دەستەڵاتداری نێو ڕێژیم، تێبکۆشێ جێ پێی خۆی قایم تر بکاو پتر دەست بەسەر دامووەزگا دەوڵەتی و ئابووری و کۆمەڵایەتی و سیاسیەکانی وڵاتدا بگرێ.

شانۆسازیی هەڵبژاردنی سەرکۆماری لە ساڵی ڕابردوودا، ئەوەی سەلماند کە بەڕێوەبردنی هەڵبژاردنێکی دێموکڕاتیک و ئازاد و سەربەخۆ و گشتی و عادڵانە، بە جۆرێک کە لە خزمەتی وڵاتەکەمان و گەلانی ئێران دابێت و دەرفەتی دەستاودەستکردنی دەستەڵات پێکبێنێ ، لە چوار چێوەی سیستەمی حاکمدا ئیمکانی نیە.

هەر بۆیە ئێستا دوو ڕیزبەندیی سیاسی لەوڵاتەکەماندا بە شێوەیەکی زەق کەوتوونەتە بەرامبەر یەک. لە لایەک ئەو هێز و لایەنە سیاسیانە دەبینرێن کە لەو بڕوایەدان بۆ چارەسەری گیرووگرفتەکان و پێشکەوتنی هەمەلایەنە ی وڵات و هاتنەدەر لەو قەیرانە کە وڵاتەکەمان لە گەڵی بەرەو ڕوویە، تەنیا یەک ڕێگا هەیە. ئەویش ئەوەیە کە ئاڵووگۆڕ لە قانوونی ئەساسی دا پێک بێ و حکومەتێکی دێموکڕاتیک بێتە سەر کار کە هە موو گەلان و چین و توێژەکانی میللەت بە هی خۆیانی بزانن و نوێنگەی ئیرادەی هاوبەشی هەموو ئێرانیەکان بێت. واتە حکومەتێک بێتە سەرکار کە مەشڕوعیەتی خۆی لە هەموو پێکهاتەکانی حەشیمەتی وڵاتەکەمان و کۆنڤانسوێنە نێونەتەوەییەکان وەرگرێ نەک شتێکی دیکە. حیزبی ئێمە لەو ڕیزبەندیەدا جێی گرتووە.

سەرچاوە Serchawe

لە لایەکی دیکەوە ئەو هێزو لایەنانە وەستاون کە دەیانەوێ لە چوار چێوەی ئەو سیستەمە دا ، لە چوارچێوەی ئەو قانوونی ئەساسیەدا، لە چوار چێوەی ئەو نیزامەدا ئاڵووگۆڕ بە قسەی خۆیان لە وەزعی ئێستای ئێراندا پێک بێنن. ڕاستیەکەی ئەوەیە ئەو ڕێگایە لە مێژە ئەزموونی خۆی داوە. پاش هاتن و ڕۆیشتنی خاتەمی گرتنە پێشی جۆرە سیاسەتێکی لەو چەشنە ئەگەر بە خۆخەڵەتاندنیش لە قەڵەم نەدرێ، تەنیا دەبێتە هۆی قووڵتر بوونەوەی قەیرانی ئێستا و خەڵکی وڵاتەکەمان پتر لە گەڵ مەینەت بەشی دەستەویەخەدەکا.

لەو نێوەدا ڕێگای سێهەم نیە. ئەو دەستەوتاقمانەی کە لەنێو ئەو دوو بلۆکەدا دەخولینەوە، تەنیا سەر لە خەڵک دەشێوێنن و درەنگ یا زوو ڕەوتی ڕووداوەکان ناچاریان دەکات بەلای یەکێک لەو دوو جەمسەرەدا بکەون.

ڕەوتی ڕووداوەکان لە یەکساڵی ڕابردوودا، ڕاستی و درووستی ئەوسیاسەتە دەردەخەن کە وەلانانی کۆماری ئسلامی وەک کۆسپی سەر ڕێگای هاتنەدەری ئێران لەو بنبەستە سیاسیە لە قەڵەم دەدا کە ئێستا وڵاتەکەمان بە دەستیەوە دەناڵێنێ. سیاسەتێک کە لە کۆنگرەی پێنجەمەوە بۆتە سیاست و هەلوێستی حیزبی ئێمە بەرامبەر بە کۆماری ئیسلامی.

بەخۆشیەوە ئەو سەردەمە بەسەرچووە کە حیزبی ئێمە و بزووتنەوەی کوردستان لە گرتنە پێش و بردنە پێشی ئەوسیاسەتەدا تا ڕادەیەکی زۆر بە تەنیا بوون. ئیدی ئێستا سیاسەت و هەڵوێستە ئوسووڵیەکانی ئێمە نەک هەر لە کوردستاندا، بەڵکوو لە سەرتاسەری ئێراندا وەردەگیرێن و پشتیوانیان لێدەکرێ. حیزبی دێموکڕات و بزووتنەوەی کوردستان بوونەتە هەوێنی شکلگرتنی فاکتۆرێکی گەورە لە سیاسەتی ئێراندا کە بێ گوومان شوینەوارێکی سارەنووسسازی لە سەر دارشتنەوەی نەخشەی سیاسی ئێران و دێموکڕاتیزەکردن و دیسانترالیزەکردنی دەستەڵاتی سیاسی لە داهاتوودا دەبێت. واتە بەرەی هاوخەباتی نەتەوە بندەستەکانی ئێران.

لەوەش زیاتر هاوئاهەنگی تاڕادەیەکی زۆر لە نێوان هێزە خەباتگێرەکانی وڵاتەکەماندا هاتۆتەگۆڕ. پاش پتر لە سێ دەیە لە خەبات و بەربەرەکانی بە دژی کۆماری ئیسلامی و مانەوە لە سەر سیاسەتە ئووسووڵیەکانمان، ئێستا حیزبی دێموکرات بۆتە پاڕامیترێکی کاریگەر لە سەر وەزعی سیاسی ئێڕان. حیزبەکەمان لە دەورەی داهاتوودا لەو پرستیژ و ئیعتیبارە بەرزەی کە لە ئێران و کوردستاندا هەیەتی، بۆ بە ئاکام گەیاندنی خەباتی گەلی کورد و بۆ ڕێکخستنی پتری خەبات لە ئاستی سەرانسەریدا، بۆ هێنانەسەرکاری حکومەتێکی دێموکڕاتیک کەڵک وەرگرێ.

پەرەپێدانی خەباتی جەماوەری، دۆزینەوەی شکڵ و شێوەی گوونجاو بۆ ڕێکخستنی خەباتی خەڵک، یارمەتیکردن و پشتیوانیی بێ چاوەڕوانی و بێ شەرت لە ڕێخراوەکانی کۆمەڵگای مەدەنی، تێکۆشان بۆ پێکهێنانی هاوئاهەنگی لە نێوان حیزب و ڕێکخراوە سیاسیەکانی کوردستانی و سەرانسەریدا، کار و خەبات و تێکۆشانی هاو جهەت، پێویستی تێگەیشتن لە پێداویستیەکانی قۆناخی ئێستای خەبات، خۆبواردن لە هێنانە گۆڕی داخوازی هێژمۆنی خوازانە، وەلانانی جیاوازیە ئیدەئۆلۆژیکیەکان بە قازانجی بەرژەوەندیە بەرز و میللیەکان تەنیا بە شێک لە مەیدانی کار و تێکۆشانی ئێمەن لەو هەل و مەرجەدا.

خەباتمان، سیاسەتە ئوسووڵیەکانمان، پشتیوانی کۆمەلانی هەراوی خەڵک لە سیاسەت و بەرنامەی حیزبەکەمان، ڕاستی و درووستی هەڵوێستەکانمان، ڕەگ و ڕیشەمان لە نێو جەرگەی کۆمەڵی کوردەواریدا، قوربانیەکانمان لە پێناوی مافەکانی میللەتەکەماندا و جێگەی حیزبەکەمان لە نێو حیزب و ڕێکخراوە دێموکڕات و پێشکەوتنخوازەکانی دنیادا، جێگەو پشتیوانەیەکی هێندە گەورەی سیاسی و مەعنەویان داوە بە حیزبەکەمان کە هیچ هێز و لایەنێک ناتوانێ نەیبینێ. ئەرکی ئێمە تێکۆشەرانی حیزب ئەوەیە لەو سەرمایە سیاسیە گەورەیە بە باشترین شێوە کەڵک وەرگرین .

ڕێکەوتی : ٨ی مای ٢٠١٠

## هەل و مەرجی ئێستای خەبات و ئەرکەکانی تەشکیلاتی ئێمە،

لەبەر ڕووناکایی ڕاسپاردەکانی کۆنگرە پلینۆمی دوایی کۆمیتەی ناوەندی حیزب بۆ جارێکی دیکەش پێی لەسەر ئەوە داگرتەوە کە لەم هەل ومەرجەدا خەباتی سیاسیی جەماوەریی شکڵی هەرە سەرەکی خەبات لە کوردستانی ئێرانە و حیزبەکەمان پێویستە هەموو توانای خۆی بۆ ڕێکخستنی ئەو شکڵە لە خەبات تەرخان بکات..

خەباتی جەماوەریی بریتیە لە هەڵخراندن و مۆبیلیزەکردنی هێز وتوانای خەباتگێڕانەی کۆمەڵانی ملیۆنی خەڵک بۆ گەیشتن بە داخوازی ڕوون و دیاری کراو. پایەکانی ئەوخەباتە لە سەر واقعیەتەکانی ژیانی ڕۆژانەی خەڵکی کوردستان ،کە لە ژێرستەمی میللی ودەستەڵاتی سیستەمێکی سیاسیی سەرەڕۆدا دا دەژین ڕاوەستاون. خەباتی جەماوری ئەگەر لە سەرەتادا پڕش و بڵاو و ناهاوئاهەنگیش بێ، بەرە بەرە ئاستی سنفی و سەندیکایی و ناوچەیی بە جێ دێلێ و دەبێتە نارەزایەتیەکی سیاسیی سەرتاسەری بەرین و میللی..

نافەرمانی مەدەنی، خۆپێشاندان، مانگرتن، نە چوونە سەرکار، کۆبوونەوە لە بەردەرگای ئیدارەکان، بڵاوکردنەوەی بەیاننامە، کەڵک وەرگرتن لە ناتەبایی نێوان داروودەستە جۆراو جۆرەکانی نێو دەستەڵات، بەهرە وەرگرتن لە ئیمکانات و فاکتۆری دەرەکی و پشتیوانیی کۆمەڵگای نێونەتەوەی و زۆر میتۆدی دیکە، تاکتیک و میتۆدی ئەوشێوە خەباتەن..

بە هێزبوون, پەرەسەندن و پێشرەوی کردنی ڕۆژ لە ڕۆژ زیاتری بزووتنەوە جەمسەرێکی ئەو خەباتەیە و لاوازبوون و پاشەکشەی ڕۆژ لە ڕۆژ زیاتری حکومەتی کۆماری ئیسلامیش جەمسەرەکەی دیکەیەتی. زەمینەی عەینی پەرەگرتن و چوونە پێشی خەباتی جەماوەری بریتیە لەو ستەمە میللی یە کە لە کوردستاندا لە هەموو بوارەکانی ژیاندا خەڵک بە ئێسک و پێستەوە هەستی پێدەکەن..

لە وەش زیاتر بێ توانایی و بێ کیفایەتی حکوومەت لە دابین و دەستەبەرکردنی پێداویستیە سەرەتاییەکانی ژیانی خەڵک لە لایەک و، لە ژێر پێنانی ماف و ئازادیە سەرەتاییەکانی خەڵک لە لایەن داموودەزگا حکوومەتیەکانەوە لەلایەکی دیکەوە، یارمەتی بە چونە پێش و پەرەگرتنی هەرچی زۆرتری ئەو خەباتە دەکەن..

تایبەتمەندیی بەرچاوی ئەو قۆناخە ئەوەیە کە خەڵک ئیدی وەزاڵە هاتوون و ڕاست و ڕەوان بەرەنگاری داموودەزگا سەرکوتکەر و سیاسەتە دژی گەلیەکانی ڕێژیم دەبنەوە. ڕێژیمیش هەموو تێبینی و فریوکاری و ڕواڵەتسازیەکی وەلاناوە و بەو پەڕی ڕووهەڵماڵاویەوە کەوتۆتە سەرکوتی بزووتنەوە ئیعترازیەکانی خەڵک و گرتن و کوشتن و ئیعدامی خەباتگێران و هەڵسووڕاوانی کۆمەڵگای مەدەنی و سیاسیی کوردستان و سەرانسەری ئێران.

بنبەستی سیاسی ڕێژیم، قەیرانی بێ داهاتوویی، نائومێدبوونی خەڵک لە پێکهاتنی هەرچەشنە ئاڵوگۆڕیک بە قازانجی ئازادی و دێموکڕاسی. هەروەها دووره‌پەرێزمانەوەی ڕێژیم لە ئاستی جیهانی دا، بایکۆتە ئابووری و بازرگانی وماڵیەکانی دنیای دەرەوە کە هەروا دێ و توندتر دەبن، گرانی و ئاوسان و بێکاری و پەرەسەندنی بزووتنەوەی ئازادیخوازیی لە نێو میللەتانی دیکەی ئێرانێدا و گەشەسەندنی بزووتنەوەی سەوز، هەموویان لەو فاکتۆرانەن کە بەقازانجی گەشەسەندنی خەباتی جەماەریی سیاسیی لە کوردستاندا شوێن دادەنێن..

حیزبی ئێمە لە کۆنگرەی پێنجەمی خۆیدا مەسەلەی گۆڕانی ڕێژیمی لە ئێراندا هێنا گۆڕ. لەو دەمەوە ئیدی بزووتنەوەی کورد وەلانانی کۆماری ئیسلامی وەک ڕێگاچارەی هاتنەدەری وڵاتەکەمان لەو قەیرانە هەموو لایەنە کە تێیدایە دەستنیشانکردوە و، بە هەموو تواناوەش بۆ بردنە پێشی ئەوسیاسەتە خەباتی کردوە..

بەخۆشیەوە خواستی گۆڕانی ڕێژیم ئەمڕۆ بۆتە خواستێکی گشتی و هەموو هێزە سیاسیەکانی ئێران و زۆربەی کۆمەڵانی خەڵک لە وڵاتەکەماندا داوای گۆڕانی ئەو ڕێژیمە دەکەن. ئەوەش سەرکەوتنێکی گەورەی سیاسی و ئەخلاقیە بۆ بزووتنەوەی کوردستان کە بە حەق هەر لەسەرەتاوە ئاڵاهەڵگری خەبات بۆ ئازادی و دێموکڕاسی بووە. .

بێ گوومان ئەوەش ڕۆڵی کوردستان لە ڕووداوەکانی داهاتوو داو لە دارشتنەوەی جوغرافیای سیاسی ئێراندا وەک هێزێکی کاریگەر دەستەبەردەکا. لەوەش زیاتر ئێستا کۆمەڵگای نێونەتەوەیی و بیروڕای گشتی دنیاو تەنانەت هێزە ناوچەییەکانی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستیش، خوازیاری وەلانانی حکوومەتی کۆماری ئیسلامین لە ئێراندا. ئەوەش توانای مانۆڕدانی بزووتنەوەی کوردستان زۆرتردەکا و دۆست و هاوپەیمانی سیاسی تاکتیکی و ستراتیژیکی زۆرتری بۆ درووست دەکا. هەموو ئەوانە زەمینەی پتر بۆ پەرەسەندنی خەباتی جەماوەری لە کوردستان پێک دێنن..

ئەوە کە کۆمەڵگای نێونەتەوەیی و هەندێک لە هێزە بڕیاردەرە جدیەکان و هێزە چارەنووسازە ناوچەییەکان هاوکات لە گەڵ بزووتنەوەی کوردستان و بزووتنەوەی سەرتاسەری، خوازیاری وەلانانی کۆماری ئیسلامین نابێ وەک ئەوە کە بزووتنەوەی کوردستان و بزووتنەوەی سەرانسەری بوونەتە کلکەی هێزە دەرەکیەکان سەیر بکرێت. کورد و میللەتانی دیکەی ئێران بلێن چی کە کۆماری ئیسلامی کاری خۆی گەیاندۆتە جێگایەک کە هێزە ناوچەیی و نێونەتەوەییەکان وەلانانی ئەم ڕێژیمە بە تاقە ڕێگای پێشگرتن بە ڕوودانی کارەساتی ئینسانیی گەورە بە دەست ئاخوندەکان دەزانن.  ئەوە بۆخۆی شانسێکی باشە کە بەرژەوەندیەکانی بزووتنەوەی کوردستان و بزووتنەوەی سەرانسەری و خواستی میللەتانی ئێران لە گەڵ قازانجەکانی هەندێک هێزی ناوچەیی و نێونەتەوەی هاوتەریب دێنەبەرچاو..

میللەتانی ئێران بەگشتی و میللەتی کورد لە کوردستانی ئێران بە تایبەتی ناتوانن دەست لە خەباتی خۆیان هەڵگرن تەنیا لە بەرئەوەی کە هەندێک هێزی ناوچەیی و ناونەتەوەیی هەمان ئاڵوگۆڕیان لە ئێراندا دەوێ کە ئەوان کاری بۆ دەکەن..

لە مێژوودا زۆرجار دیتوومانە کە فاکتۆری دەرەکی لە سەرکەوتنی خەباتی ئازادیخوازانەی میللەتاندا ڕۆڵی بەرچاوی گێڕاوە. ئایا بە بێ یارمەتی و پشتیوانی سیاسی و ئەخلاقی کۆمەڵگای نێونەتەوەیی، وڵاتانی ئورووپای ڕۆژ هەڵات دەیانتوانی ئازادی خۆیان وەدەست بێننەوە؟ دووکتۆر قاسملوو زۆرجار دەیگووت فاکتۆری دەرەکی تەنیا دەبێ وەک یارمەتیدەر تەماشابکەین و حیسابی ئەسڵی لەسەر هێزی خۆمان و میللەتی خۆمان بکەین. نە ئاوا کە نەخشی خۆمان بخەینە ژێر سایەی ڕۆڵی فاکتۆری دەرەکی، بەڵام نە ئاواش کە دەوری کاریگەری یارمەتی و پشتیوانی خاریجی بە هێند نەگرین.

بەتایبەتی ئێمە دەگەڵ ڕێژیمێک دەستەویەخەین کە دین و مەزهەب و نەوت و گازی ئێران و زیندان و قەنارەو پەت و سێدارەو شکەنجە و ....ی خستوونەتەکار بۆ پارێزگاری لە دەستەڵاتی سەرەڕۆیانەی خۆی لە بەرامبەر میللەتانی ئێرانێدا..

بۆیە بزووتنەوەی کوردستان و بزووتنەوەی سەرانسەری میللەتانی ئێران حەقی خۆیانە لە یارمەتی و پشتیوانیەک کە کۆڕوکۆمەڵە نێونەتەوەییە کان ئامادەن بۆ کۆمەک بە خەبات و بەربەرەکانی بەرامبەر بە کۆماری ئیسلامی پێیان بکەن کەڵک وەرگرن..

بزووتنەوەی کوردستان بە شێکی جیانەکراوەی بزووتنەوەی سەرتاسەریی میللەتانی ئێرانێ یە بۆ ئازادی و دێموکڕاسی. بزووتنەوەیەکی جدی و جەماوەری و ڕەسەنەو پێگەی بەرینی خەڵکی هەیە. بۆیە ئەوانەی چاوەڕوانن کە میللەتی ئێمە خۆی لە پشتیوانی سیاسی و دیپلۆماسی و ماڵی و ئەخلاقی وڵاتان و کۆڕوکۆمەڵە نێونەتەوەییەکان بێبەری و پشتاوبکا، واقعبین نین.

ئێمە لە دەورانی گڵۆباڵیزمداین و دەبێت حیزبی ئێمە لێوەشاوەیی ئەوە لە خۆی نیشان بدا کە لەو دەرفەت و هەل و ئیمکاناتە کە ئێستا لە دنیادا لە گۆڕێدایە بە قازانجی گەیشتن بە ئامانجەکانی بزووتنەوە و بۆ خێری گشتی کورد کەڵک وەربگرێ..

بەوپێ یە دەبینین کە زەمینەی گەشەسەندنی خەباتی جەماوەری لە کوردستانی ئێران ئەمڕۆ لە هەموو بارێکەوە لە حاڵی گەشەسەندن دایە..

کەواتە چیبکەین؟ کاری ئەسڵی تەشکیلاتی ئێمە دەبێ سازماندان و هاوئاهەنگ کردنی ڕێکخراوە جەماوەریەکان بێ. یارمەتی دان بە سازماندانی ڕێکخراوەکانی ژنان، لاوان ، کرێکاران، خوێنکاران، مامۆستایان، بازاڕیان و هەروەها پشتیوانی هەموو لایەنە لە خەبات و چالاکی و تێکۆشانیان و لێک گرێدانی داخوازە تایبەتیەکانی ئەوان لە گەڵ داخوازە گشتیەکانی میللەت، ئەرکی سەرەکی ئێمەیە لەو قۆناخەدا..

لەباری سیاسیەوە دەبێت تەشکیلاتی ئیمە بتوانێ پشتیوانی کۆڕوکۆمەڵە نێو نەتەوەییەکان بۆ لای خەباتی چین و توێژەکانی خەڵکی کوردستان ڕاکێشێ. زوو خەبەر و هەواڵی حەرەکەتە ئیعترازیەکانی خەڵک بە دەرەوە بگەیەنێ و هەڵوێستەکانی ڕێکخراوە نێو نەتەوەییەکان بۆ پشتیوانی لە خەباتی کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان زوو بە گوێی بیروورای گشتی بگەیەنێ. دەبێت تێکۆشین گرتن و زیندانی و شکەنجەی چالاکانی سیاسی و مەدەنی لە لایەن هێزەکانی حکوومەتەوە لە قاودەین و بیروورای گشتی نێوخۆ و دەرەوە بۆ دیفاع لە گیانی ئەوان مۆبیلیزەبکەین. نابێ ئەوان و بنەماڵەکانیان لە بەرامبەر ماشێنی سەرکوتی ڕێژیمدا هەست بە تەنیای و بێ پشتیوانی بکەن. تەشکیلاتی ئێمە دەبێ قەڵایەکی گەورەیی مەعنەوی و ئەخلاقی و مادی بەدەوریی ئەو تێکۆشەرانە و بنەماڵەکانیاندا درووستکا تا خۆڕاگر و قارەمانانە وەک سەمبوولی بەربەرەکانی وەمێنن.

مێدیای کوردی لەکوردستانی ئێران و تەشکیلاتی ئێمە پێویستە پەیامی خەباتی خەڵک و حەرەکەتە ئیعترازیەکانی خەڵک بە گوێی بیروڕای گشتی ئێران و دنیا بگەیەنێ و سەرکووت و زەبروزەنگ و سیاسەتی دژی گەلیانەی کۆماری ئیسلامی لە قاوبدا. تەشکیلاتی ئێمە دەبێ ڕۆمانتیزمی نەتەوەیی و پێداگۆگی خەباتگێڕانە لە کوردستاندا بڵاو کاتەوە و تەبلیغات وپڕۆپاگەندەی کۆماری ئیسلامی لە هەموو بوارەکاندا پووچەڵکاتەوە. ئەوە یەکێک لە ئەرکە گەورەکانی حیزبی ئێمەیە لەو قۆناخەدا. تەشکیلات و مێدیای ئێمە دەبێت ببێتە دەنگ و ڕەنگی کۆمەلانی خەڵک و خەبات و ژیانی ڕۆژانەیان. تەشکیلاتی ئێمە دەبێ لە خزمەت گۆڕانی ڕێژیمدابێ و ڕاستیەکان بۆ خەڵک ڕوونکاتەوە. ئاسۆی ڕوونی سەرکەوتن بکێشێتەوەو و هیواو ئومێد وەبەر خەڵک بنێ..

تەشکیلاتی ئێمە لە ڕێگای پێوەندیە تەشکیلاتیەکانی خۆی لە نێو خەڵکدا، لە ڕێگای پێوەندیە نیشتمانی و کوردستانیەکانی لە گەڵ حیزب و ڕێکخراوە سیاسیە کوردستانیەکان و کەسایەتیە سیاسی و فەرهەنگی و ئەدەبی و هوونەریەکان و لە ڕێگای مێدیای کوردیەوە، دەبێ بۆ دروستکردنی بیرووڕای گشتیی کوردی تێبکۆشێ. کارکردن بۆ نەخشاندنی ستراتیژیەکی میللی وەک ئامانجی هاوبەش و کۆکردنەوەی هەموو هێز و توانای کورد لەدەوری پلاتفۆرمێکی کوردی ئەرکێکی دیکەی حیزبەکەمانە لەو قۆناخەدا کە دەتوانێ یارمەتی ڕاستەوخۆ بە بەرین بوونەوەی پتری مەیدانی خەباتی جەماوەری بکات..

کارکردن بۆ گەیشتن بە تەفاهوومی میللی و موساڵەحەی نیشتیمانی، ئەوە کە بەرێزسکرتێری حیزب وەک ئاشتبوونەوەی میللی ناوی دەبا و خۆ هەڵکێشان بۆ ئاستی زۆر بڵندی قبووڵکردنی مەسئوولیەتی میللی وەزیفەیەکی دیکەی تەشکیلاتی حیزبی ئێمەیە لەو هەل و مەرجەدا. حیزبی ئێمە وەک هێزی ئەسڵی و هەرە لە مێژینەی نێو گۆڕەپانی خەباتی کوردستان لە هەر هێز و لایەنیکی دیکە پتر لەو بارەوە مەسئولیەتی لە سەر شانە. هەنگاو هەڵگرتن لەو ڕێ یەدا، کۆمەڵانی خەڵک دلێرتر دەکاو ورەو و گوورو تینی زۆرتر وەبەر میللەت دەنێ و خەباتی جەماوەریی سیاسی لە کوردستاندا بە هێزتر و بەرەو پێشتر دەبا و ڕۆڵی کورد لە بزووتنەوەی سەوزدا و لە سیاسەتی ئێراندا دەکاتە پارامیترێکی جدی تر لەوە کەهەیە.

حیزبی ئێمە حیزبی ملیۆنی کۆمەڵانی خەڵکی کوردستانە. نفووز و پرستیژی حیزبی ئێمە لە کوردستاندا واقعیەتێکی حاشاهەڵنەگرە. بەو حاڵەش وەک هێزێکی دێموکڕات و ڕەسەن وگەلی، ئێمە قەت پێمان خۆشنیە حیزبی تاقانەی میللەتی کورد بین لە کوردتسانی ئێران. بڕوامان بە پلۆڕالیزمی سیاسی وحیزبی هەیەو هە بوونی یەک یا چەند حیزبی سیاسی گەورەی دیکە بە بەرنامەی سیاسی جۆراوجۆرەوە بە قازانجی دێموکڕاسی و بزووتنەوە دەزانین. ئەوەش قەت ڕێگای ئەوەمان لێ ناگرێ کە بۆ بە هێزکردنی هەرچی زۆرتری خۆمان و ڕاکێشانی هەرچی زۆرتری پشیوانی خەڵک بۆ دیفاع لە بەرنامەی سیاسی خۆمان تێنەکۆشین. لە هەمان کاتدا ئەو مافە بە هێزە سیاسیەکانی دیکەی نێو بزووتنەوەش ڕەوادەبینین و بۆهاوکاری و پێکەوەژیانی بە ئاشتیانە لە گەڵیان ئامادەین. کارێکی لەو جۆرە بێ گوومان هێز و تواناکانی میللەت دەخاتە سەر یەک و متمانەو ئیعتمادی زۆرتر لە نێو خەڵکدا بۆ کاری سیاسی درووست دەکا و سیاسەتی کوردی لە ئاستی ئێران و ناوچەدا پتر دەکاتە پارامیتر..

حیزبی ئێمە لەو قۆناخەشدا وەک هەموو قۆناخەکانی دیکەی مێژووی خۆی، بە تێ گەیشتن لە ڕاستیەکانی وەزعی سیاسی ئێران و کورستان، هەموو هێز و توانای خۆی دەخاتە خزمەت بزووتنەوەی کوردستان و ئەرکی مێژووی و ڕیسالەتی نیشتیمانی خۆی بەجێ دێنێ. نە کۆماری ئیسلامی و نە هەوراز و نشێوەکانی ڕێی خەبات و نە دڕک و داڵی سەر ڕێگا ناتوانن حیزبەکەمان لەو ڕیبازە میللی و نیشتیمانیە لادەن کە هەمیشە ڕێبازی ئەسڵی خەباتی حیزبی ئێمە بووە. ڕێبازی خەبات بۆ ئامانجە بەرزەکانی میللەتی کورد لە کوردستانی ئێران . ڕێبازی ڕۆیشتن بە ڕێگای دابینکردنی خێری گشتی میللەتی کورد لە کوردستانی ئێران.

شانازی بۆ ئەوانەی لە گەڵ ئەو کاروانە دەڕۆنە پێش و بە ئەندازەی توانای خۆیان هێز و توانا و ئینێرژی دەخەنە خزمەت چوونە پێشی ئەو خەباتە..

ڕێکەوتی : ٢ی فیورییەی ٢٠١٠

## سەبارەت بە دەسپێشخەریە سیاسیەکانی بەرێز کاک مستەفای هیجری،

سەبارەت بە دەسپێشخەریە سیاسیەکانی سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکڕاتی کوردستانی ئێران بەرێز کاک مستەفای هیجری

هەموو فاکتۆرەکان ئەوە نیشان دەدەن کە ململانێی نێوخۆیی نێو قۆڵە جیاجیاکانی دەستەڵاتی فەرمانڕەوا گەیشتۆتە جێگایە کە ئاکامی باشی بەقازانجی بزووتنەوەی دێموکڕاسیخوازیی خەڵکی وڵاتەکەمان بەدواوە دەبێت. ماوەیەک لەمەوبەر هاوڕێ کاک ئەسکەر کوردستانی گێڕایەوە کە ئەودەم کە بنکەکانی دەفتەری سیاسی حیزب لە قەندیل بوون، لەکۆبوونەوەیەکدا کادرێکی حیزب واتە کاک ئەحمەد نەقشی لە کاک دوکتۆر قاسملوو دەپرسێ کە ئۆپۆزسیۆن چۆن دەبینێ و لە چ وەزعێک دایە. کاک دوکتۆر لە وەڵامد ا دەڵێ ئەگەر مەبەستت لە ئۆپۆزسیۆن ئێمەو هێزە سیاسیەکانی دیکەی دەرەوەی وڵاتین، تۆش وەکو من وەزعەکە دەبینی. بەڵام ڕاستیەکەی ئەوەیە کە ئۆپۆزسیۆنی ڕاستەقینە خەڵکن کە لە نێوخۆی وڵاتدا خەباتیکی بەرین و شێلگیر بە دژی ڕێژیم بە ڕێوەدەبەن و لە هەموو شکڵ و شێوەکانی خەباتیش کەڵک وەردەگرن. ئێستا ڕاست ئەوخەبات و بەربەرکانیەی خەڵکە کە ئەمڕۆ گەیوەتە قۆناخێکی کارساز کە تەنانەت بەشێک لە داروودەستە جۆراوجۆرەکانی نێو دەستەڵاتی ئاخوندیش بە جۆرێک دەیانەوێ خۆی ڕەگەڵدەن.

ئاغای موسەوی لە سەرەتادا بۆ نارەزایەتی دەربڕین بە دژی ئاکامەکانی هەڵبژاردن دەنگی هەڵبڕی، نەک شتێکی دیکە. کاتێک کۆمەڵانی خەڵک دەرفەتیان قۆزتەوە و بە نیشانەی نارەزایەتی نیشاندان دژی نیزامی دەستەڵاتدار ڕژانە شەقامەکان، موسەوی و ئەوانی دیکەی وەک ئەویش بەدوای کۆمەلانی خەڵدا کشان. لەماوەی شەش مانگدا بزووتنەوە هێندە چۆتە پێش کە موسەوی داوای هەڵبژاردنی ئازاد و ئازادی بەیان دەکات.

ئاخر دەکرێ لە ئاغایان موسەوی و کەڕوبی بپرسین کە شەش مانگ لە مەوبەر ئەودەم کە ئێوە کاندیدای سەرکۆماری بوون و بە فیلتەری شووڕای نیگاباندا تێپەڕین بۆ باستان لەوە نەدەکرد کە هەڵبژاردن دەبێ ئازاد بێت؟.هەر بۆیە دەتوانین بڵێین کە ململانێی داروودەستە جیا جیاکانی نێو مافیای دەستەڵات لە سەر کێکەکە، بۆ خەڵکی وەزاڵە هاتووی ئێران هێندەش بێ کەڵک نیە.

موسەوی بۆ بردنە پێشی مەبەستەکانی پێویستی بە خەڵکە و دەبێت ئە ومافەش بە خەڵک بدەین بۆ بردنە پێشی خەباتی خۆیان لە موسەوی و هەرکەسێکی دیکەی نێو دەستەڵات ئەگەر

پێویست بێ و ئیمکانی هەبێت کەڵک وەرگرن. ئاخر شکانی هەیبەتی سیستەمی ویلایەتی فەقیهی و سەرجەم دامودەزگاکانی دیکەی ڕێژیم سەرکەوتنێکی تاکتیکی گەورەیە و ناکرێ نەبینرێت. بەڵام گرنگ ئەوەیە بزووتنەوەی جەماوەری وەک پارامیترێکی کاریگەر لە مەیداندا وەمێنی و لەو سەرکەوتنە بەرەو سەرکەوتنیکی تر بڕواتە پێش.
چاوەدێرانی کاروباری سیاسیی ئێران لەو بڕوایەدان کە هەوڵێکی بەرین لە پشتی پەردەوە بۆ ڕێکەوتن و سازانی قۆڵە جۆراوجۆرەکانی نێودەستەڵات لەسەر قازانج و بەرژەوەندیە تایبەتیەکانی نیزام لە ئارادایە. سیگناڵەکانی ڕەفسەنجانی و خاتەمی بۆ چوونە پێش لە چوارچێوەی نیزام دا لە لایەک و داوای خامەنەیی بۆ خۆ هاوئاهەنگ کردنی زۆرتری ئەوان لە گەڵ جەنابیان، وێنەیەکی ڕوون لەو سات وسەودایە نیشان دەدا نیشاندەدا . بۆ یە زۆر بە جێ یە کە لەو هەل و مەرجەدا هەم خەڵک و هەم سەرجەم هێز و لایەنەکانی دیکەی نێو بزووتنەوە لەو پەڕی وریایی دابن و نەیەڵن دەسکەوتەکانی تا ئێستای ئەو بزووتنەوە جەماوەریە ببنە مایەی سات و سەودای سیاسی نێو باڵەکانی ڕێژیم.
ئێستا ئەو مەسەلە بۆ هەموو لایەک ڕوون بۆتەوە کە خەڵکی ئێران ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیان ناوێت. بۆ ئەوان گرنگ نیە کە کێ سبەی دەبێتە سەرۆکی مەجلیس یا سەرۆک کۆمار لەو ڕێژیمەدا. سیستەمی کۆماری ئیسلامی لە سێ دەیەی ڕابردوودا ئەزموونی خۆی داوە و لە هەموو زەرفیەتەکانی خۆی کەڵکی وەرگرتوە. ئەوەتا ئاکامی سی ساڵ دەستەڵاتی ئاخوندەکان ئەوقەیرانە هەموو لایەنەیە کە بەرۆکی وڵاتەکەمانی گرتوە و تەنیا بە لاچوونی ئەم ڕێژیمەش چارەسەر دەبێت.
ئیدی هیچ ئومێدێک بۆ چاک بوونی وەزع لەچوارچێوەی ئەو ڕێژیمەدا لە گۆڕێ دانیە. چونکە ڕێژیم تەنانەت خودی خۆشی لە گەڵ بنبەست بەرەوڕوو کردوە.
گەلانی ئێران و چین و توێژە جۆراوجۆرەکانی خەڵک لە هەر حەرەکەتێکیاندا بۆ پێشکەوتن و پەرەسەندو گەیشتن بە ئازادی و دێموکڕاسی لە گەڵ سەدی سیستەمی ولایەتی فەقیە بەرەوڕوودەبن. ئەوان بە ئێسک و پێستەوە بۆیان دەرکەوتوە کە لە چوارەچێوەی کۆماری ئیسلامیدا هیچ داهاتوویەکیان نیە. هەربۆە ناچارن لە هەموو ئەو سەددانە تێپەڕن و چارەنووسی سیاسی خۆیان بەدەستەوە بگرن.
ئەمرۆ زۆربەی پێکهاتەی حەشیمەتی ئێران، زۆربەی هەرەزۆری کوڕ و کۆمەڵە سیاسیەکانی ئێران، تێکڕای کۆمەڵگای مەدەنی ئێران و ناوەندە زانستگایی و ڕووناکبیریەکانی دیکەی ئێران لە سەر ئەوە کۆک و سوورن کە ئێران بۆ چوونەدەر لەو وەزعە و بۆ چارەسەری گیرووگرفتە جۆراوجۆرەکانی پێویستی بە دێموکڕاسی هەیە. دیارە دێموکراسیش بە پینەوپەڕۆکردنی ئێرەو ئەوێی سیستەمی دەستەڵات دار و ئیسڵاحی ئەم یا ئەو گۆشەی هەیکەلی ڕێژیم وەدینایە.
کوردستان بەو ئەزموونە زۆرەی کە لە خەباتدا هەیەتی، بەو پرستیژە بەرزە کە لە نێو بزووتنەوەی سەرانسەریی داهەیەتی ، دەتوانێ لەکاتی خۆیدا و لە لەحزەی پێویست دا ڕۆڵێکی زۆر گەورە لە ڕامالینی یەکجاریی دامودەزگاکانی ڕێژیمدا ببینێ. هەر بۆیە من بە خۆشبینیەوە دەڕوانمە ڕەوتی ڕووداوەکان و شوێن و کاریگەریی بزووتنەوی کورد وە فاکتۆریکی گەورە لەسەر ڕەوتی ڕووداوەکانی داهاتوودا. هەر لەو پێوەندیەدا هەردوو دەستپێشخەریەکانی بەڕێز کاک مستەفاهیجری، سکرتێری گشتی حیزبی دێموکڕات ، لە پێوەندی لە گەڵ هێنانە گۆڕی پرۆژەی ئاشتی میلیی لە کوردستان و، هەوڵدان بۆ هاوئاهەنگ کردنی لایەنە جۆراوجۆرەکانی کورد و دیالۆگ و پێوەنی گرتن لە گەڵ بزووتنەوەی سەوزدا و کارکردن لەسەر بەرینکردنەوەی مەیدانی بزووتنەوەکە، بە سەرەتای دەستپێکردنی پرۆسەیەکی تازەی لە سیاسەتی کوردی دا دەزانم. لەو ڕێگایەوە بزووتنەوی کورد شەقڵ و مۆرکی خۆی لە بزووتنەوەی سەوزدەداو و بزووتنەوی سەوزیش هێزو گوڕ و تین و ئیدە و ئیلهام لە بزووتنەوەی کورد و بزووتنەوەی میللەتانی دیکەی ئێرانێ وەردەگرێ کە بۆ سڕینەوەی ستەمی میللی و دێموکڕاتیزەکردنی سیستەمی دەوڵەتداری و قودرەتی دەوڵەتی لە ئێران خەبات دەکەن.
ئامانجی سیاسی بزووتنەوەی سەوز دێموکڕاسیە. چەند شانازیەکی گەورەیە کە بەشی سەرەکی دروشمی ستراتیژیی بزووتنەوەی کورد، ئەمڕۆ بۆتە ئامانجی بزووتنەوەی سەرانسەری ئێرانیش. سی ساڵ لەمەوبەر لەو بارەوە کورد تەنیا بوو. کەچی ئێستا ئەوە بە کردەوە بۆ هەموو ئێرانیە میللی و دێموکرات و نیستمانپەروەر و ئازادیخوازەکان دەرکەوتوە کە ڕێگای نەجاتی ئێران دێموکراسی و دیسانتراڵیزەکردنی دەستەڵاتی ناوەندیە. بۆیە دەکرێ بڵێین کە ئەوە تەجروبەی سی ساڵ ژیان لە کۆماری ئیسلامیدایە کە ئیرانیەکانی گەیاندۆتە ئەو قەناعەتە کە ستراتیژی بزووتنەوەی کوردستان وەک ڕێگای گەیشتنی ئێران بە ئازادی و دێموکڕاسی هەڵبژێرن و خەباتی بۆ بکەن.
بزووتنەوەی کورد وەک هەمیشە دەبێت ئەڵترناتیوی کۆماری ئیسلامی پێشانی میللەتانی دیکەی ئێران بدات. ئەو ئەڵترناتیوە لە شیکردنەوەیەک سەرچاوە دەگرێ کە پایەی ئوسوڵی و واقعبینانەی هەیە. هەرچەند لە کورتخایەندا وەک شتێکی پێچەوانەی وەزعی ڕۆژ دێتە بەرچاو. بەڵام ئاخر وەفادارمانەوە بە ئوسوڵ کاراکتەر ی خۆی دەوێت. حیزبی دێموکڕات لە سەردەمی شاش دا دروشمی ڕووخانی ڕێژیمی شای دەداو و دەشمانزانی کە هەڵگرتنی ئەو دروشمە کارێکی سەخت و قورسە. بەڵام لە حەقانیەتی ئەو سیاسەتەدا زەڕەیەک گومانمان نەبوو. ئەوەی ماندێلای کردە ڕەمزی خەبات دژی ئاپارتاید، شێلگیر مانەوەی ئەو لەسەر ئامانجی هەڵوەشاندنەوەی ئاپارتاید بوو. ئەمڕۆ کە بزووتنەوەی کوردستان سەربەرز و ڕووسوور ڕاوەستاوە، لە بەر ئەوەیە کە کورد، کاتێک کە خەڵکی تاران و تەورێز و ئیسفەهان، بەناو ڕووناکبیران و مامۆستاکانی زانستگاکانی ئێران، وێنەی خومەینیان لە ئاوێنەی کورەی مانگدادەیت، لە کوردستان یەکجێ خەڵک بە کۆماری ئیسلامی گووت نا. لەوەش زیاتر لەو سی ساڵەدا هەمیشە کوردستان ناوەندی خەبات و بەربەرەکانی دەگەڵ کۆنەپەرستی فەرمانڕەوا بووە.
ئێران لە حاڵی گۆڕانێکی بنەڕەتی دایە. ئاکامی ئەو خەبات و بەربەرەکانیە دابین بوونی ئازادیە. دیارە لە وەزعێکی ئاوادا جێگایەک بۆ هەلپەرستی نیە حیزبی دێموکراتیش بە شاهیدی مێژووی خۆی قەت هەلپەرست نەبووە. بەڵام دەرفەت ناسی و هەل قۆزتنەوە بۆ بردنە پێشی بەرژەوەندیە میللی یە کانی کورد و کار کردن بۆ خێری گشتیی کورد، چاوەڕوانیەکە کە لە هێز و لایەنە سیاسیە بەرپرسەکان دەکرێ. ئەوەی لە ئەدەبیاتی سیاسی حیزبی دێموکرات دا پێی دەوترێ سیاسەتی ئوسووڵی و مەسئولانە. دەبێ لەو ڕوانگەیەوە سەیری دەستپێشخەریە سیاسیەکانی بەڕێز سکرتێری حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بکەین. ئاشتی میللی لە هەموو جێگایەک ڕەوتێکی درێژخایەنە، بەڵام سەرەنجام هەموو لایەک دەگرێتەوە و ئەو پرۆژەیە موسریە و پەرەدەستێنێ. ئەوە ڤیزشونێکی پێویستە بۆ ئەو قۆناخە مێژووییە کە حیزبی ئێمە و بزووتنەوەی ئێمەی پێدا تێدەپەڕێ.
ئێران ڕێگایەکی دیکەی جیا لە ئازادی و دێموکڕاسی لە پێشدانیە. ئێمە واتە کوردستان هەر لە هەوەڵەوە پێشمەرگەی ئەو ڕێگایە بووین. ئێستاش هەرکەس لەو ڕێگایەدا ڕەگەڵمان دەکەوێ ، یا ڕەنگە لە داهاتوودا ڕەگەڵمان کەوێ، دەستی دەگووشین. هەموو کەس ئەو حەقەی هەیە بێتە گەڵ ئەو کاروانە. خەبات بۆ ئازادی و ڕزگاری لە پاوانی کەس دانیە. ئەوە خەڵکن لە کاتی خۆی دا قەزاوەت لە سەر هەموو کەس و لایەنێک دەکەن.

ڕێکەوتی : ٢٣ی ژانوییەی ٢٠١٠

## یادێک لە شەهیدی نەمر کاک قادر لاجانی

شەهید دوکتۆر قاسملو لە وتارێکدا کە سەبارەت بە مێژووی رێبەرایەتی حیزب، لە یەکێک لە کلاسەکاندا، پێشکەشی بەشێک لە کادری رێبەریی حیزبی کرد، کە باس لە سەفەری گەڕانەوەی خۆی پێش شۆڕشی گەلانی ئێران بۆ نێوخۆی وڵات دەکا، دەڵێ ئەودەم حیزب تەنیا یەک پێشمەرگەی سازماندراوی هەبوو بەناوی قادرلاجانی ئەویش لەوسەفەرەدا لە گەڵ من دابوو و ئێمە پێکەوە لە گەڵ کاک سەید رەسوڵی دهقان بە شاخەکانی قەندیلدا هاتینەوە نێوخۆ ی وڵات.

بەوجۆرە کارو فەعالیەتی سیاسی و تەشکیلاتی و پێشمەرگانەی کاک قادر لاجانی لەو قۆناخەی تێکۆشانی حیزب و گەلەکەماندا دەست پێدەکا.

گەڕانەوەی بەوەختی کاک قادرلاجانی لە خزمەت دوکتۆرقاسملوو وکاک سەیدرەسوڵی بابی گەورە و ئەندامانی دیکەی رێبەری حیزب و کادرەکانی دیکەی حیزب، کۆمەگی زۆری بەوە کرد کە رێکخراوەکانی حیزب لە سەرتاسەری کوردستان ببوژێنەوە و تەشکیلاتی حیزب خۆی سازماندداتەوە و رێبەرایەتی و ئیبتیکاری پرۆسەی سیاسیی لە کوردستاندا بە دەستەوە بگرێ.

کاک قادرلاجانی بەهۆی ئەو ئەزمونە زۆرەی لە کاری حیزبی و تەشکیلاتی و پێشمەرگانەدا هەیبوو، زوو بوو بە سیمایەکی ناسراوی حیزبی لە ناوچەکانی لاجان و سندووس و شنۆ و کۆڵەکەیەکی پتەوی تەشکیلاتی حیزب.

کاک قادر جێگای متمانەی رێبەری حیزب و کادر و ئەندامان و لایەنگران حیزب و کۆمەڵانی خەڵکی ئەو ناوچانە بوو. هەربۆیە لە گەڵ کادرە قەدیمیەکانی دیکەی حیزب وەک مامۆستا مەلا رەحمان لاهیجانی، فەقێ رەسوڵ، مراد رەسول لەیلان، مام عەوڵای سەعیدی، وسێنی ئەستیە، مام رەسول ئاغای، مەلارەسولی گەردی، مەلا بایز محمەدی، سوارە سەکر،فەقێ برایم، حەسەن حەوتەوانە،عەوڵای مەلا عوسمانی، مەلاقاسم، مەلا محمەدی عوسمانی وهتد... لەو قۆناخەدا، توانیان زۆربەی ئەو پیلانانە پووچەڵ کەنەوە کە بۆ حیزب و بزووتنەوە لەو ناوچانەدا دەهاتنە پێش. ئەو دەیزانی حیزبی دێموکڕات بەبێ پشتیوانی چین و توێژە گەلیەکانی خەڵکی کوردستان توشی سکتاریزم و دوورە پەرێزی دەبێ، بۆیە هەموو هەوڵی ئەوەبوو پێوەندی حیزب و تەشکیلاتی حیزب و تێکۆشەرانی حیزب دەگەڵ کۆمەڵانی خەڵک گەرم و سەمیمی و زیندووبێت.

بەڕاستی بۆخۆشی نموونەی کادرێکی خەڵکی و جەماوەری و پێشمەرگەیەکی فیداکاری میللەتەکەی بوو.

کاک قادر لە ئاکامی کارو زەحمەت و لێوەشاوەیەکانیدا، زوو بە ئەندامی کۆمیتەی شارستانی پیرانشار هەڵبژێردراو لەو بەرپرسایەتیەدا توانی خزمەتی بەرچاو بە تەشکیلاتی حیزب و پتەوبوونی ریزەکانی حیزب لەو مەڵبەندەدا بکات.

کاتیک پەلاماری رێژیمی کۆنە پەرستی کۆماری ئیسلامی بۆ سەر کوردستان دەستی پێکرد و حیزب ناچار بوو مقاوەمەتی خەڵکی کوردستان سازمان و رێبەری بکات، کاک قادر یەکێک لە تێکۆشەرانەی حیزب بوو کە بە هۆی ئەزموونی پێشمەرگایەتی پێشووی لە ریزەکانی حیزب لە ساڵەکانی ۴۶ - ۴۷ دا و بەهۆی بەشداری دووروودرێژی لە شۆڕشی ئەیلوولی کوردستانی عێراقدا، توانی رۆڵێکی بەرچاو لە سازماندان و رێبەری کردنی بەرگری و مقاوەمەتی خەڵکی ناوچەکانی پیرانشار و نەغەدە و شنۆدا ببینێ. هەر بۆیەش بوو پاش تەوابوونی شەڕی سێ مانگە، ئەویش، وەک دەیان کادرو فەرماندەی دیکەی حیزب، سەبارەت بە نەخشی بەر چاویان لەو ماوەیەدا، لە لایەن رێبەری حیزبەوە، بە نوسراوە تەشویق کرا.

ئەگەر کاک قادر لە کاتی هێرش و پەلاماری هێزە سەرکوتکەرەکانی رێژیمدا، فەرماندەیەکی لێوەشاوە و بە ئەزموون بوو بۆ رێکخستنی مقاوەمەتی خەڵک، لە کاتەکانی دیکەش دا، کادرێکی تەشکیلاتی و سیاسی و جەماوەری حیزب بوو کە بە هاوکاری ئەندامان و تێکۆشەرانی دیکەی حیزب لە ناوچەکانی پیرانشار کاروباری جۆراوجۆری حیزبی دەبردەپێش.

کاک قادر هەر لە هەرەتی لاویەوە دەگەڵ تەشکیلاتی حیزب ئاشنادەبێت. بەهۆی تێکۆشانی براگەورەکەی بە ناوی ساڵح لاجانی لە ریزەکانی حیزبدا، کە ئەویش دواتر لە ساڵی ۱۹۶۸ دا لە لایەن جەلادەکانی حەمەرەزاشا لە جەڵدیان لە گەڵ چەند هاورێی حیزبی دیکەی ئیعدام کرا، دەکەوێتە ژێر زەرەبینی ساواک. پاشان کە رێکخراوەکانی حیزب لە سەرتاسەری کوردستان کەوتنە بەر پەلاماری ساواک ئەویش وەک دەیان ئەندامی دیکەی حیزب روودەکاتە کوردستانی عێراق و لە ریزەکانی حیزبدا دەست دەکات بە خەبات و تێکۆشانی ئاشکرا.

لەو قۆناخەشدا، کاک قادر توانی وەک پێشمەرگەیەکی ئازاو لێوەشاوەی حیزب خۆی نیشان دا. ئەو یەکێک لەو پۆلە پێشمەرگەی حیزب بوو کە کاک ئەحمەد تۆفیق، رێبەری ئەودەمی حیزب، ئەرکی تەداروکات و پاراستنی کۆنگرەی دووهەمی حیزبیان پێ دەسپێرێ.

کاک قادر وەک هەموو پێشمەرگەکانی حیزب لەو قۆناخەدا، لە شۆڕشی ئەیلوولی کوردستان عێراقدا بەشداری چالاکانە دەکات.

ئەگەر لەلایەک لەگەڵ هاورێکانیان لە ناوچەکانی پشدەر، بیتوێن، باڵەکایەتی، شارباژێر مەرگە و ناوچەکانی دیکەدا، چالاکەنە لە بەرێوەبردنی دامەزراوەکانی شۆڕش دا بەشداری دەکەن و بەرپرسایەتی قبووڵ دەکەن، لە شەرەکانیشدا بەشداری قارەمانانە دەکەن. ئێستاش خەڵکی ناوچەکانی سەنگەسەر و رانیەو قەڵادزێ لە بیریانە کە چۆن پێشمەرگەکانی حیزب لە بەرپەرچدانەوەی هێرش و پەلاماری سوپای عێراقدا بۆ سەر ئەو ناوچانە قارەمانەتیان لە خۆیان نیشاندەدا. کاک قادر لاجانی یەکێک لە پێشمەرگە ئازاکانی حیزب بوو کە لەو شەرانەدا ئازایانە بەشداری کردبوو.

پاش ئەوەی کە تێکۆشەرانی حیزب بە ناچاری بە هۆی فشاری ساواک بۆسەر بزووتنەوەی کوردستانی عێراق، روودەکەنەوە کوردستانی ئیران کاک قادریش لە گەڵ کا سولەیمان و کاک عەبدولای موعێنی هاواڵانی دیکە روودەکەنەوە کوردستانی ئێران و مەشخەڵی بزووتنەوەیەکی چەکداری دادەگیرسێنن کە بۆ ماوەی ۱۸ مانگ دوورگەی ئارامی حەمە رەزا دەشلەقێنن کاک قادر لە شەرەکانی ئەو قۆناخەشدا رۆڵی ئازایانە دەبینێ. راستە ئەو بزووتنەوەیە بە گەلێک هۆوە تێک شکا، بەڵام یەکێک لە لاپەرە زێرینەکانی مێژووی خەبات و تێکۆشانی گەلی کورد لە کوردستانی ئێرانە.

دواتر کاک قادر لاجانی لە ناوچەکانی سەنگەسەر و پشدەر دەگیرسێتەوە و لە گەڵ ژمارەیەکی دیکە لە ئەندامانی حیزب سەر لەنوێ تەشکیلاتی حیزب سازماندەدەنەوە. پاش دەرچوونی بەیاننامەی ۱۱ ی ئازار و پێکهاتنی هەلومەرجی لەبارتر بۆ خەبات و خۆ سازماندانەوە و دوای کۆنگرەی سێیەم، نەخشێکی بەرچاو لە تەشکیلاتی حیزبدا دەگێرێ و دەبێتە یەکێک لە ئالقەکانی پێوەندیی لە گەڵ نێوخۆی وڵات. بەو جۆرە کاک قادر لاجانی تا کاتی گەڕانەوەی لە گەڵ دووکتۆر قاسملوو بۆ نێوخۆی وڵات لەو ناوچە سنوریانە کاری حیزبی بەرێوەدەبا و وەک یەکێک لە ئەندامە هەرە چالاکەکانی حیزب دەناسرێ.

کاتێک هێرشی کۆماری ئیسلامی بۆ سەر ناوچە ئازادکراوەکانی کوردستان دەستی پێکرد، کاک قادر یەکیک لە فەرماندە بەووەجەکانی هێزی پێشمەرگەی کوردستان بوو کە لە ریزی هێزی ئاوارەدا تێدەکۆشا. کاک قادر لە سازمان دان و بەڕێوەبردنی دەیان عەمەلیاتی سەرکەوتوانە و بەرپەرچ دانەوەی دەیان هێرش و پەلاماری سوپای دوژمندا، وەک فەرماندەیەکی بە ئەزموون رۆڵی گێرا. لە شەڕەکانی مانگی دیفاع لە ئازادی و مانگی هێرشدا مقاوەمەتێکی بێوێنەی پێشمەرگەکانی رێبەری و فەرماندەیی کرد. دواتریش لە شەڕەکانی رێگای سەردەشت پیرانشاردا،لە نزیکی گوندی ئاڵواتان لە شەرێکی قارەمانانەدا لە لای سەر و قاچییەوە بە توندی برینداربوو.

بەداخەوە بە هۆی برینی سەختی قاچ و سەری کاک قادر ئیدی بەشێکی زۆری توانای خۆی لەدەستداو پاش ساڵو نیوێک مانەوە لە نەخۆشخانە گەڕایەوە نێومنداڵەکانی و وەک کەمئەندام لە نێو مندالەکانی لە بنارەکانی قەندیل دەژیا. بەڵام دوژمنانی حیزب و گەلەکەمان هەر بۆی لە کەمین دابوون و سەرەنجام لە پیلانێکی خائینانەدا، بە دەستی ئاڵقە بەگوێکانی کۆماری ئیسلامی تیرۆر کراو گیانی پاکی فیدای ئامانجە بەرزەکانی حیزب و گەلەکەی کرد.

کاک قادر لاجانی یەکێک لەو تێکۆشەرانەی حیزبی دێموکڕاتە کە نزیکەی سەرتاسەری تەمەنی خۆی بۆ خزمەت بە ئامانجەکانی بزووتنەوەی میللی دێموکراتی گەلی کورد لە کوردستان ئێران تەرخانکرد و خزمەتەکانی بە حیزب و گەلەکەمان لە یادی حافیزەی ویژدانی زیندویی تێکۆشەرانی حیزب و ڕۆڵەکانی گەلەکەماندا دەمێننەوە و لەبیر ناچن. بە وتەی دوکتۆر سەعیدی نەمر ئەو کوڕی بنەمالەیەکە کە لەنێو خەڵکی کوردستاندا بە یەکێک لەو بنەماڵانە ناسراون کە هەموو هەست ونیستیان فیدای شۆڕش و خەبات کردوە و ژیان و چارەنوسیان بە خەبات و تێکۆشانی حیزبی دێموکڕاتەوە گرێ دراوە.

کاک قادر لە خەڵکی ئاوای دەڵاوانی ناوچەی پیرانشار بوو و لە بنەماڵەیەکی نیشتمانپەروەر و زەحمەتکێشدا چاوی بە دونیا هەڵێنابوو.

یادی بە خێر و رێگای تا سەرکەوتن هەروا پڕ رێبوار بێت

# بابەت و نووسراوەکانی ساڵی ٢٠٠٩

## کاک تەها ئەرکی ئێمەت قورستر کرد،

وێنە: ماڵپەری پێشمەرگەکان: عومەر، کاک موتەلیب، کاک رەحیم مەنگوڕی، کاک ئەحمەد شێربەگی، کاک هەمزە، کاک رەحیم بێهروز و نەمر کاک تەها عەتیقی .

هەواڵی مەرگی نابەوەختی کاک تەهای عەتیقی هەژاندمی. لەسەریەک ئەو جۆرە هەواڵانە تاسێنەر و خەمهێنەرن . بەڵام ئەو هەواڵە ئازاریشی لەگەڵ دابوو لە خۆرا نەبوو بە هەموو وجودمەوە هەستم بە لەرزینی ئەژنۆکانم کرد. ئاخر بە لە دەستچوونی کاک تەها، حیزبی دێموکڕات کادرێکی بەووەجی خۆی، گەلی کورد لە کوردستانی ئێران تێکۆشەرێکی شێلگیری رێگای ئازادی و دێموکراسی، دەزگای ڕاگەیاندنی بزووتنەوەی کورد لە کوردستانی ئێران یەکێک لە ماندوویی نەناسترین مودیرەکانی خۆی لەدەست دا.

کاک تەها کە پێش بوون بە پێشمەرگە، تواناو زانایی و لێوەشاوەیەکانی خۆی وەک مامۆستا لە قوتابخانەکانی مەهاباد دا بۆ پێگەیاندن و پەروەردەکردنی نەوەیی نوێی کورد تەرخانکردبوو، پاش هێرشی کۆنە پەرستی کۆماری ئیسلامی بۆ سەرکوردستان، بەرگی پێشمەرگایەتی لە بەرکرد و هەموو وزەو زەوق وهەست و وجودی خۆی بۆ بردنە پێشی خەبات لە رێگای ئازادیدا تەرخان کرد. کاک تەها هەر لە ڕۆژەکانی هەوەڵەوە لە ڕادیۆ دەنگی کوردستانی ئێراندا کاری کرد و زوو بوو بە کۆڵەکەیەکی بە هێزی ڕادیۆ دەنگی کوردستانی ئێران. ڕادیۆیەک کە بە تایبەت لە هەل و مەرجی سەختی ئەو دەمدا و تەنانەت دواتریش و ئێستاش هەروا دەنگی حەقوێژی بزووتنەوەی میللی دێموکراتی گەلەکەمانە و لە ڕاگرتنی وەرەی خەباتگێڕانەی گەلەکەماندا رۆڵی بنەڕەتی دەگێڕێ ڕۆلەکانی کوردستان بۆ خەبات و بەربەرەکانی هاەدا.

کاک تەها بە حوکمی کارەکەی و شوێنی کارەکەی هەمیشە مشاویرێکی سابتی ڕیبەرایەتی حیزب بوو. خاوەن نەزەر و بۆچوونی خۆی بوو. حیزبیەکی دڵسۆز و بە بیروباوەڕ بوو. بە هەموو واتای وشە پێشمەرگە بوو. ئێمە کە ساڵانێکی زۆر پێکەوە لە ڕادوێ دەنگی کوردستان هاوکار بووین، دواجار لە غوربەتدا چەند ساڵ لەمەوبەر یەکترمان دیتەوە. ئەو دەم تازە یەک دوو ڕۆژ بوو کە شەپۆلەکانی ڕادوێ کەوتبوونە سەر ئینترنێت. گەڕاین و پێکەوە توانیمان لە ڕێگای ئینترنێتەوە گوێ لە دەنگی ڕادوێ بگرین. بە بیستنی دەنگی ڕادوێ هەردووکمان چاومان پڕبوون لە ئاو . بەڵی گریاین. خاتراتی دەورانی هاوکاری لە گەڵ کاک تەها هەمیشە بۆ من سەرچاوەی ئیلهام دەبێت تا هەم لە گەڵم دەبن. پاش کاک تەها ئەرکی ئێمە تێکۆشەرانی دێموکڕات گرانتر دێتە بەرچاو چونکە دەبێت جێگای خاڵی ئەویش پڕکەینەوە.

یادی کاک تەهای پێشمەرگە بە خێر ورێگای هەروا پڕ رێبوارێ

ڕێکەوتی : ٢٩ی دێسامبری ٢٠٠٩

## لە شەست و چوارەمین ساڵڕۆژی دامەزرانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێراندا.

حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە نێو حیزبو ڕێکخراوە کوردستانی، ئێرانی، ناوچەیی‌و نێونەتەوەییەکاندا پرستیژی بەرزی خۆی هەیە. حیزبێکە لە قووڵایی واقیعیەتە سیاسی، ئابووری‌و کۆمەڵایەتییەکانی کوردستانی ئێرانو ئەو هەلومەرجەوە سەری هەڵداوە کە کوردستانو کوردی تێدایە. جگە لە میللەتی کورد هێزو تواناو ئیلهام لە هیچ شوێنێکی دیکە وەرناگرێت. پتر لە شەش دەیەیە لە مەیدانی خەباتدا، ئاڵای داخوازە نەتەوایەتییەکانی میللەتی کوردو دێموکراسیخوازیی لە ئێراندا بەرزو شەکاوە ڕاگرتوە. سەرەڕای ئەو هەموو هێرشو پەلامارەی لە لایەن کۆنەپەرستیی فەرمانڕەواو دوژمنانی نەتەوەکەمانەوە کراونەتە سەری، هەروا بەهێزو قایم لە مەیداندا ماوەتەوەو دەڕواتە پێش.

حیزبێکە توانای مانەوەو چوونە پێشی هەیە. لە قەیرانەکاندا بەهێزتر دێتە دەرو لە کوورەی خەباتو بەربەرەکانیدا قاڵ بۆتەوە. توانای خۆنوێکردنەوەو بەخۆداچوونەوەی هەیەو تا دێ پتر گەشە دەکا. حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران حیزبێکە هەم لە باری سیاسی‌و فیکرییەوەو هەم لە باری تەشکیلاتی‌و پێگەی کۆمەڵایەتییەوە گەورەیەو بە ئاسانیش خۆی لەگەڵ هەلومەرجە تازەکان ڕێک دەخات. حیزبێکە خەباتو تێکۆشانەکەی لە خەباتو تێکۆشانی ئەم شەش دەیەی دوایی میللەتی کورد لە کوردستانی ئێران بۆ ئازادی‌و مافی نەتەوایەتی‌و لە خەباتی میللەتانی ئێران بۆ ئازادی‌و دێموکراسی جیا ناکرێتەوە. خاوەنی ڕابردووو مێژوویی خەباتگێڕانەیە. هەر لەو کاتەدا کە مێژوو بۆخۆی داناتاشێ‌و قەت حاشاش لە ڕابردووی خۆی ناکات. ئەگەر بە مێژووی خەباتگێڕانەی خۆی شانازی دەکات، لەو شوێنەی کە پێویستە لە مێژووی خۆی دەرس وەردەگرێ.

حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، هیچ پێویستی بە خۆ تەوجیەکردن نیە. حیزبێکی کراوە، گەلی‌و دێموکراتیکو جەماوەرییەو هیچ سیاسەتو بەرنامەو تاکتیکێکی شاراوە لە میللەتو بیروڕای گشتی نیە. ڕابردوویەکی پڕ لە ئەزموونی هەیە، بەڵام ئەم ڕابردووە نەبۆتە کۆڵەبارێکی گەورە بەسەر شانیەوە کە نەیەڵێ هەنگاو بۆ پێشەوە باوێت. ڕابردوو بۆ حیزبی دێموکرات تەنیا بریتییە لە سەرچاوەی دەرس لێوەرگرتنو ئیلهام،

### نەک مانەوەو چەقبەستن لە نێویدا.

حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، حیزبێکە کە خەباتی خۆی بە هەڵسەنگاندنو ڕەخنەگرتن لە وەزعی سیاسیی ئێرانو هەلومەرجی سیاسی‌و ئابووری‌و کۆمەڵایەتیی میللەتی کورد دەست پێکردوە. حیزبێکە بڵندپەروازەو بۆ ڕزگاریی میللەتی کورد لە کوردستانی ئێران، بۆ دێموکراتیزەکردنی دەسەڵاتی سیاسی‌و ئابووری‌و کۆمەڵایەتی لە ئێرانو لە کوردستانی ئێران، بۆ سەقامگیرکردنی ئازادی‌و پلوڕالیزمی سیاسی‌و فەرهەنگی‌و بۆ دابینکردنی مافەکانی مرۆڤو لە نێوبردنی بێعەداڵەتی، بۆ پێشکەوتنو پەرەسەندنی هەمەلایەنەو دامەزراندنی کۆمەڵگایەکی مەدەنی‌و دێموکراتیکو سەقامگیرکردنی بایەخەکانی سۆسیال دێموکراسی خەبات دەکات. دەیەوێ لە باری سیاسییەوە کۆمەڵگای ئێرانو کوردستان سەر لە نوێ سازمان بداتەوەو فەرهەنگو کولتووری دێموکراتیک لە پێوەندییە کۆمەڵایەتی و سیاسییەکاندا جێگرتوو بکات.

حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، حیزبێکی جیدیەو بۆ وەدەستهێنانی دەسەڵاتی سیاسی، چ بە تەنیاو چ بە هاوبەشی لەگەڵ هێزە دێموکراتەکانی دیکەی کوردستان، هەوڵ دەدا. حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، بە چاوگێڕان بە وەزعی سیاسی‌و ئابووری‌و کۆمەڵایەتیی کورستانو مەوقعیەتی سیاسیی میللەتی کورد لە کوردستانی ئێراندا، بۆی دەرکەوتووە کە هیچیدی ئەم وەزعە نابێ قبووڵ بکرێ‌و دەبێ بگۆڕدرێ. ئەوەش قەتاری حیزبی خستۆتە سەر ڕێگایەکی ئاسنی ئەوتۆ کە نایەڵێ بترازێ‌و بە لاڕێدا بڕوا. ڕێگای سڕینەوەی ستەمی نەتەوایەتی‌و ڕزگاری‌و دابینکردنی مافی دیاریکردنی چارەنوس بۆ میللەتی کوردو ئازادی‌و دێموکراسی لە ئێراندا.

حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران کە خەبات بۆ ئازادی‌و دێموکراسی‌و مافە نەتەوایەتییەکانی کورد دەکا، دەبێ خۆی‌و میللەتی خۆی، کەموکوڕیەکانی خۆی، لایەنە لاوازەکانی خۆی‌و فەرهەنگی سیاسیی کوردستانو ئێران بناسێ‌و قامکیان لەسەر دانێ. چارەمان نیە جیا لەوەی کە هەڵەو کەموکوڕیەکانمان دەستنیشان کەینو لە دووبارەکردنەوەیان خۆ ببوێرین. ئێمە دەمانەوێ دەستەڵاتی سیاسی بەدەستەوە بگرین، بەڵام لە هیچ کاتێکدا ئەوە لەبیر ناکەین کە ئامانجی هەرە بەرزی ئێمە لە کاری سیاسیدا، بریتییە لە خێری گشتی.

حیزبی ئێمە دەسەڵاتی سیاسیی بۆ ئەوە دەوێ تا بەرنامەی سیاسیی خۆی پێ پیادە بکات. بەرنامەیەک کە بریتییە لە پرۆژەی سڕینەوەو لەنێوبردنی ستەمی نەتەوایەتی، دابینکردنی دێموکراسی‌و سەقامگیرکردنی ڕەفاەو عەداڵەتی کۆمەڵایەتی. لە بارودۆخێکی ئاوادا پێویستیمان بە ئازایەتی ئەخلاقی بۆ دیفاعکردن لە بەرنامەی سیاسیی خۆمان هەیە. پێویستیمان بە ڕوحیەی خەباتگێڕانە لە مەیدانی خەباتدا هەیە. هەر بۆیە دەبێ هەمیشە تێکۆشین ڕەفتارو کردارمان لەگەڵ سیاسەتو قسەو دروشمەکانمان بێنەوە.

پێویستە لەسەر ئوسوڵەکان پێداگرینو سەرمایەی ئەخلاقیی خۆمان لە خەباتدا ڕۆژبەڕۆژ دەوڵەمەندتر کەین.

ئێمە لە دەربڕین و ڕاگەیاندنی سیاسەتەکانی خۆماندا هەمیشە خاوەنی ئازایەتی بووین. فەرهەنگی سیاسیی ئێمە ئەوە بووەو ئەوەیە کە جیا لە قازانجەکانی میللەتی کوردو بزووتنەوی سەرانسەریی میللەتانی ئێرانو بایەخە ئینسانی‌و پەسندکراوە نێونەتەوەیی‌یەکان، هیچ شتێکی دیکە لە خەباتو سیاسەتدا، خەتو نیشانی بۆ ئێمە دیاری نەکردون. ئەوەش بۆتە دەستمایەی گەورەی سیاسی بۆمان و ئیعتیبارێکی گەورەی لە نێو میللەتی کوردا بۆ حیزبی ئێمە دەستەبەر کردوە. لە خۆڕانیە کە لە ستراتیژیماندا شێلگیرو لە ئاشتی نەهاتووینو لە تاکتیکەکانماندا، تواناو لێوەشاویی زۆر بۆ خۆگونجاندن لە خۆ نیشاندە دەین. وشیاری‌و دووربینیی سیاسی تایبەتمەندییەکی سەرەکیی سیاسەتو هەڵوێستەکانمان بووەو هەیە.

بەشێکی بەرچاوی کاری فەرهەنگی‌و خەباتی فەرهەنگیمان لە نێو خۆماندا دەبەینە پێش. هەمیشە نیگەرانی سڵامەتیی خۆمانو ڕیزەکانی تەشکیلاتی خۆمان بووین. ئاخر ئەگەر حیزبی ئێمە قسەو کردەوەی لەگەڵ یەک نەیەنەوە، قەت شایانی ئەو هەموو ڕێزو پرستیژە نیە کە لە نێو خەڵکی کوردستاندا هەیەتی. لەوەش زیاتر شایانی ئەوە نیە دەسەڵاتی سیاسی بەدەستەوە بگرێت. ئەخلاق شوێنێکی گرینگی لە حیزبی ئێمە دا هەیە. ئێمە لەوە کە ئەخلاق لە سیاسەتەکانماندا بە هێند دەگرین، قەت زیانمان نەکردوە. بایەخدان بە بەها ئەخلاقییەکان، حیزبو تەشکیلاتی حیزب بەهێز دەکەن. بایەخی ئینسانیی مرۆڤەکان بۆ حیزبی ئێمە لە سەرووی هەر شتێکی دیکەوەیە. هەرگیز تووشی دوگماتیزمی حیزبی نەبووینو بە چاوی دوژمن تەماشای موخالیفانی خۆمانمان نەکردوە. ئەوە بۆتە ئەسڵێکی گرنگی هەڵوێستە سیاسییەکانمان کە دەڵێین هەر کەس دوژمنایەتیمان نەکات دۆستمانە، نەک هەرکەس دۆستایەتیمان نەکات

دوژمنمانە.

لە نێو ریزەکانی تەشکیلاتماندا فەزایەکی کراوەو دێموکراتیک بۆ باس‌و دیالۆگو موناقەشەی سیاسی‌و فکری‌و نەزەری هەیە. گومانی تێدا نیە کە لە نێوماندا ململانێی سیاسی‌و تەنانەت خسووسیش هەیە. بەڵام ئەو ململانێیە نەبۆتە هۆی ئەوەی کە دێموکراسیی نێوخۆیی حیزبیمان بخاتە مەترسیەوە. تا هاتوە پتر رێوشوێنە دێموکراتیکەکانمان لە نێو خۆماندا جێگیر کردوون.

لەو جێیەی کە ناکۆکیی سیاسیمان لە نێو تەشکیلاتدا لەسەر مەسەلە تەشکیلاتی‌و حیزبییەکان بۆ هاتۆتە گۆڕ، لەوە نەترساوین بە بیانووی پاراستنی یەکیەتیی سیاسی‌و تەشکیلاتی، باسیان لێنەکەین. هەمیشە ترسی ئێمە لەوە بووە کە لە ئوسووڵە سیاسییەکانمان‌و رێبازو سوننەتە حیزبیەکانمان لادەین. بۆ ئێمە سووربوون لەسەر رێبازی حیزب، کە سەربەخۆیی سیاسی‌و تەشکیلاتیی حیزب‌و خەبات بۆ دابینکردنی مافەکانی میللەتی کوردو دێموکراسی لە وەڵاتەکەماندا بووە، لە هەر شتێکی دیکە گرنگتر بووە.

ئێستا کە ساڵێکی دیکە لە خەباتی حیزبەکەمان دەست پی دەکا، وێڕای هەڵسەنگاندنەوەی وەزعی سیاسی‌و هەلومەرجی خەباتی خۆمان‌و میللەتەکمان، بە دڵێکی پڕ لە ئومێدو هیواوە بەرەوپێش دەڕۆین. دەزانین هەم دەرفەت‌و هەم مەترسیی جۆراوجۆرمان لە پێش دان.

وەزعێکی نوێ هاتۆتە پێش‌و لە مەیدانی خەباتی میللی . دێموکراتی گەلەکەماندا، نەوەیەکی دیکە هاتۆتە مەیدان کە دوور دەڕوانێ‌و بایەخ‌و بەها سیاسییەکانی نێو بەرنامەی حیزبی ئێمە بە هی خۆی دەزانێ‌و خەباتیان بۆ دەکات. ئەمرۆ پتر لە هەرکاتێکی دیکە رۆڵەکانی نەتەوی کورد لە کوردستانی ئێران گوێ بۆ قسەکانی حیزبی ئێمە رادەگرن. نەسلێک پێی ناوەتە مەیدانی خەبات‌و ژیان کە جگە لە ئازادی‌و دێموکراسی‌و عەدالەتی کۆمەڵایەتی، بە هیچ شتێکی دی رازی نابێت. ئەو کاروانە دەڕواتە پێش‌و رێگای لێ ناگیرێ.

خەباتی ئێمە تایبەتمەندیی میللی‌و دێموکراتیکی هەیە. هەربۆیە هەر لەو کاتەدا کە پێویستیمان بە سیستەم‌و رێکوپێکیی تەشکیلاتی هەیە، پێویستیمان بە پلۆڕالیزمی سیاسی‌و فکری‌و فەرهەنگی‌و نەزەری لە نێو بزووتنەوەدا هەیە. پێویستیمان بە هاوپێوەندیی میللی هەیە. بۆیە پێویستە لەسەر پرۆژەیەکی میللی پێک بێین. خۆ لە خۆڕانیە حیزبی ئێمە هێندە لەسەر پێویستیی لێک نزیکبوونەوەو هاوکاری‌و هاوئاهەنگیی هێزە خەباتگێڕەکانی کوردستانی ئێران پێ دادەگرێ.

ئێمە نامانەوێ لەو خەباتەدا بە تەنیا بین. حیزبی ئێمە گەیشتۆتە ئەو قەناعەتە کە سەرەڕای هە موو جیاوازییەکانمان، بۆ بنیاتنانی کۆمەلگایەکی ئازادو دێموکراتیک، دەبێ لەگەڵ هێزەکانی دیکە پێکەوە کار بکەین.

حیزبێک کە بە رەنج‌و کارو خەبات‌و تێکۆشانی چەند نەسل لە رۆڵەکانی گەلی کورد لە کوردستانی ئێران دروست بووە، ئێستا بۆتە هێزێکی کاراو کارساز لە سیاسەتی کوردستان‌و ئێراندا. ئەندامان‌و تێکۆشەرانی حیزبی ئێمە لەسەریانە لەگەڵ حیزبی خۆیان گەشە بکەن‌و برۆنە پێش. خەباتی ئێمە بۆ ئازادیی میللەتێکە کە لە هەموو مافە نەتەوایەتییەکانی خۆی بێ بەشە. بۆیە مەسەلەی ئەسڵی‌و بنەڕەتی لە خەباتی ئێمەدا، بریتییە لە گەیشتن بە ئازادی وەدەستهێنانی مافی دیاریکردنی چارەنووس‌و دامەزراندنی دەسەڵاتی سیاسی‌و ئیداریی کوردستانی. ئەو ئامانجە ئەستێرەی رێنیشاندەری رێگای خەباتمانەو نابێ لە چاوانمان ون بێ. ئیعتیبارو مانەوەو چونە پێشمان بەوەوە بەستراوەتەوە کە چەندە دەتوانین لە رێگای ئەو ئامانجەدا برۆینە پێش.

ئێمە حیزبێک نین کە بە بەرزکردنەوەی دروشمی بژی فلانە کەس‌و بمرێ فیسارە کەس، پێمان نابێتە مەیدانی خەباتی سیاسی. ئێمە ئامانجێکمان هەیە کە ئەویش بریتییە لە ئازادی‌و سڕینەوەی ستەمی نەتەوایەتی لە هەموو بوارەکانی ژیانی میللەتەکەماندا. لە رێگای خەبات بۆ وەدەستهێنانی ئەوئامانجەدا، بەو ئاکامە گەیشتووین کە دەبێ بە دژی ستەم‌و نابەرابەری، دژی دیکتاتۆری، دژی ئیستبدادی سیاسی‌و مەزهەبی، دژی کۆنە پەرستی، دژی شۆڤینیزمی دەستەڵاتدارو ناسیۆنالیزمی بەرچاوتەنگی کورد، دژی تێکەڵاوکردنی دەسەڵاتی حکومەتی‌و دینی، راوەستین‌و تێ بکۆشین.

رێی خەبات سەخت‌و پڕ لە هەورازو نشێوە. پشوودرێژی‌و ئازایەتی‌و چاوی تیژو ئەژنۆی بەهێزو بیری وردی دەوێ. ئامانج بەرزەو رێگا دوور. بەڵام شێلگیریی لە سەر ئوسوولەکان‌و نەرمبوون لە هەڵبژاردن‌و دەکارکردنی تاکتیکەکاندا وەک هەمیشە دەمانپارێزێ‌و سەرەنجام خۆمان‌و میللەتەکەمان دەگەیەنێتە ترۆپکی رزگاری.

رۆژنامەی کوردستان . ژمارە ٥١٥

کوردستانمێدیا

رێکەوتی : ٢٥ی ئووتی ٢٠٠٩

## ئامانجی دێموکڕاسی بریتیە لە دێموکڕاسیی زیاتر،

بەرێز و تێکۆشەر خوشکە گەلاوێژی موحەممەدی !

وێڕای سڵاوی گەرم

پرسیارەکانتم خوێندنەوە وبۆم دەرکەوت کە هەموویان لە پێوەندی لە گەڵ دێموکراسیدا فۆرمۆڵەکراون. هەربۆیە هاتمە سەرئەو بڕوایە کە بە شێوەیەکی گشتی وەڵامی پرسیارەکانتان بدەمەوە. بۆ ئەومەبەستە پەنام برد بۆ نوسراوەیەکی پێشووی خۆم هەر لەو پێوەندیەدا. هەر بۆیە ئە بابەتە دەنێرمە خزمەتتان کە وەڵامی پرسیارەکانی تۆی بەرێزی گرتۆتەخۆ. هەرسەرکەوتوبیت.

**ئامانجی دێموکڕاسی بریتیە لە دێموکڕاسیی زیاتر، ئیبراهیم لاجانی**

دێموکراسی بە شێوەی جۆراوجۆر لێکدەدرێتەوە. یەکێک لەو لێکدانەوانە ئەوەیە کە دەڵێ دێموکڕاسی بریتیە لە شێوە و فۆرمی حکوومەت کردن و ئیدارەکردنی وڵات. کەچی پسپۆڕو فەیلەسوفی دیکە هەن کە لەوە تێدەپەڕن و ماناو تێگەیشتن لە دێموکڕاسی بەرینتردەکەنەوە و دەڵێن دێموکڕاسی بریتیە لە شێوەی ژیان.
ڕاستیەکەی ئەوەیە کە دێموکڕاسی تەنیا هەر شێوەی حکومەتکردن، وەدەستهێنانی دەسەڵات و چۆنیەتی بڕیاردان و سیاسەتگوزاری نیە. دێموکراسی بریتیشە لەوە کە چۆن ڕەفتاردەکەی؟ بە چ جۆرێک هەڵسوکەوت دەکەی؟ چەدەڵێی و چۆنیش قسەدەکەی؟ دێموکراسی شێوەی رەفتار وهەڵسان و دانیشتن و مێنتالیتەیە. دێموکراسی بریتە لەوە کە چۆن هەڵس وکەوت و رەفتار لە گەڵ کەسانی دیکە، لە گەڵ غەیری خۆمان دەکەین. چۆن گوێ دەگرین؟ چۆن ڕێگا بەکەسانی دیکە دەدەین قسەبکەن؟ چۆن وتا چ ئەندازەیەک تەحەمولی ئەونەزەرو بۆ چوونانە دەکەین کە لە گەڵ نەزەر و بۆ چوونەکانی ئێمە نایەنەوە؟. دێموکراسی بریتیە لە ڕێز و ئیحتیرام بۆ خۆمان وەک ئینسان ، بۆ ئەوانە کە لەگەلیان کار وژیان دەکەین. بۆئینسانەکانی دیکە. بۆ دەوروبەرمان.
دێموکراسی بریتیە لە دیتنی کەسانی دیکەش جیا لە خۆمان. تەنانەت ئەوانەش کە وەک من بیرناکەنەو وەک من بۆ مەسەلەکان ناچن. دێموکراسی بریتیە لەوە کەتوانای ئێمپاتیمان هەبێت. واتە بتوانین خۆمان لە جێی کەسانی دیکەش دانێین. بتوانین بە چاویلکەی کەسانی دیکەی جیا لە خۆشمان تەماشای دیاردەکان بکەین. دێموکراسی بریتیە لەوە کە زمان و وشەو ڕستە باکاربێنی بۆ دۆزینەوەی چارەسەری بۆ کێشەکان. دێموکڕاسی بریتیە لە دیالۆگ و پێکەوە دانیشتن و پێکەوەدوان بۆ دۆزینەوەی قازانج و بەرژەوەندیە گشتیەکانی ئەوکەسانەی پێکەوە دەژین و چارەنووسی هاوبەشیان هەیە. بریتیە لە کارکردن بۆ دابینکردنی خێری گشتی.
دێموکراسی شتێک نیە درووست کرابێ و ئیدی تەواو بووبێت. دێموکراسی بەردەوام لە حاڵی دەوڵەمەند بوون وپەرەسەندن و پێشکەوتن و بەرین بوونەوە و قووڵ بوونەوە دایە. دێموکڕاسی دەبێت فەتح بکرێ، بەکاربهێنرێ و تاقی بکرێتەوە و تەتبیق بدرێ و کەمووکوڕیەکانی چاک بکرێن و دیسان ودیسان سەر لەنوێ فەتح بکرێتەوە. لە ناتورفاگدا، واتە لە زانستە سروشتیەکاندا، کە باس لە تیئوری تەکامول واتە پەرەسەندن دەکەین، دەڵێین ئامانجی تەکامول تەکامولی زیاترە. لە ڕاستیدا ئەوە بۆ دێموکراسیش هەروایە. ئامانجی دێموکڕاسی بریتیە لە دێموکراسیەکی زۆرتر ، دەوڵەمەندتر و هەموولایەنەتر.
لە ئەسڵدا دێموکراسی وشەیەکی یۆنانیە و بەمانای دەستەڵاتی خەڵک دێ. دێمو واتە خەڵک و کراسییش واتە دەستەڵات یا ئیدارەو حکومەت. دەزانین کە دامەزراوە سیاسیەکانی یۆنانی قەدیم نەیانتوانی بمێننەوە، بەڵام بیرو ئیدەکانیان لە نێو نەچوون. ئەو بیروئیدانە خۆیان خزاندە کولتوری ڕۆمی ومەسیحیە وە. بەکاربران و تاقی کرانەوە. کاریان بۆکرا، پەلاماردران، دیفاعیان لێکراو بەرەبەرە جێگیرکران ولە سەدەی بیستەمدا سەقامگیرکران. کەواتە دێموکراسی وەک شێوەی حکومەت لە ڕاستی دا هەم زۆر قەدیمی یە و هەم نوێشە. تاقیکردنەوەیەکی مێژوویە و پێوێستی بەوە هەیە فێری بین و بەکاربێنین و بەرو پێشی بەرین.
بۆ ئەوەی دێموکراسی کاربکا و چەرخەکەی هەڵسوڕێ پێویستی بە هاووڵاتی چالاک، هەڵسوور وئاگا و ئاکتیو هەیە. بەڵام هاووڵاتی ئاگاو ئاکتیو تەنیا هەربەوە درووست نابێ کە لە کۆمەڵگایەکی دێموکراتی دا لە دایک بێت. مۆدێلێکی لەو چەشنە لە هاووڵاتی پێویستە پەروەردە بکرێ. لەوبارەوە ئەرکی هەرە گەورە دەکەوێتە سەرشانی مەدرەسە ومامۆستاکان. دێموکراسی پێویستە ببێتە پەروەردە. دەبێ فێری بین. ببێتە ژیانی ڕۆژانەمان. خۆ لە خۆڕا نیە لە وڵاتێکی وەک نۆرویژ لە قوتابخانەکان دا ئەو هەموو بایەخە بە بردنەسەری لێوەشاوەیی کۆمەڵایەتی قوتابییەکان دەدرێ.
لایەنێکی گرینگی دێموکڕاسی بریتیە لەو یاسا و ڕێسایانە کە پێوەندیان بە چۆنیەتی و پرۆسەی چوونەپێشی بڕیاردان و سیاسەتدانانەوە هەیە.
بەڵام دەزانین کە بۆ ئەوەی سیاسەت دانان و بڕیاردان دیمۆکراتیک و درووست وحیسابی بێت، پێویستە هەندێک مەرج دەستەبەرکرابن. واتە پێویستە ئازادی بەیان و عەقیدە، ئازادی هات وچۆی زانیاری و دەست ڕاگەیشتن بە زانیاری، ئازادی دەنگدان و هەڵبژاردن، ئازادی پێکهێنانی کۆڕوکۆمەڵی سیاسی و سەندیکایی و ئازادی ڕێپێوان وخۆپێشاندان دەستەبەربکرێن. لەوەش زیاتر ئەوەیە کە پێویستە ئەمنیەتی قەزایی بۆ هەمووهاووڵاتیان دابین کرابێت.
دێموکراسی تەنیا هەر دەستەڵات و دەنگ وحاکمیەتی زۆرایەتی نیە.لایەنێکی زۆرگرینگی دێموکراسی بریتیە لە وەبەرچاوگرتنی مافی تاکەکەس و مافی کەمایەتی و پاراستنی کەمایەتی و تەحەمولی کەمایەتی. بریتیە لە ڕێزدانان بۆ کەمایەتی وئەوانەی وەک زۆرایەتی بیرناکەنەوە و وەک زۆرایەتی ناچن. لە دێموکراسی دا کەمایەتی دەبێتە زۆرایەتی. زۆرایەتی دەبێتە کەمایەتی. دەستەڵات دەستاودست دەکرێ. ئۆپۆزیسیۆن دەچێتە پۆزیسۆن. ئەگەر سیستەمێک دەرفەت بەو ئاڵوگۆڕانە بە گوێرەی یاسا و بەشێوەیەکی دوورلە توندوتیژی نەدا و میکانیزمیان بۆدەستەبەرنەکا، دێمۆکراسیەکەی ناتەواوە. ئەکسەریەت بە پێکەوە هەڵکردن لە گەڵ کەمایەتی دا وەک ئەکسەریەت دەمێنێتەوە. ئەقەلیەتیش تەنیا تا ئەوکاتە ئەقەلیەتە کە توانای ئەوە لەخۆی نیشاندا لە گەڵ زۆرایەتی بجەوێتەوە ومیکانیزمەکانی پێکەوەسازان وەبەرچاوبگرێ. چەندە ئەکسەریەت بەبێ کەمایەتی دەچێتە ژێرپرسیارەوە، ئەوەندەش کەمایەتی بێ زۆرایەتی دەچێتە ژێرپرسیار و قسەو هەڵوێستەکانی حەقانیەت لە دەست دەدەن. نە ئەکسەریەت و نە ئەقەلیەت مافی ئەوەیان نیە دێموکڕاسی تەعتیل بکە ن.
دێموکڕاسی سیستەمی سازان و پێکەوە ژیان و وێک هەڵکردن و پێکهاتنە. دێموکڕاسی یانی کۆمپرۆمیس، یانی سازان لە گەڵ یەکتر. نێوەرۆکی دێموکراسی بریتیە لە وە کە ئینسانەکان هاوبایەخن و نرخی وەک یەکیان هەیە.
بەوپێ یە هیچ کەس مافی ئەوەی نیە مرۆڤەکانی دیکە بەکەم بگرێ یا هەڵیان هاوێری. لە دێموکراسی دا ئەوانی دیکە وەک سەرچاوە و توانا بۆ خزمەتی گشتی سەیر دەکرێن نەک وەک کۆسپی سەر ڕێگای خێری گشتی. بەرانبەریی سیاسیی ئینسانەکان جەوهەری دێموکڕاسیە. لەوەش زیاتر دێموکڕاسی ئەوەیە کە مرۆڤەکان هەل و دەرفەتی وەک یەکیان بۆ پێک بێت. لێرەدایە کە مەسەلەی دەستەڵات دێتە گۆڕێ. دەستەڵات بریتیە لە وە کە تواناو دەرفەتمان بۆ بردنە پێشی ویستەکانمان هەبێت. توانا و دەرفەت بۆ ئەوەی داخوازەکانمان وەدیبێنین و مەبەست وقازانجەکانمان بەرینە پێش. کەواتە دەستەڵات ئەوەش دەگرێتەوە کە چەندە دەستمان بە سەرچاوەکان ڕادەگا. مەبەست لە سەرچاوەکان بریتیە لە پووڵ، زانست و زانیاری، پۆست ومەقامی ڕەسمی و پێگەی کۆمەڵایەتی و دەست ڕاگەیشتن بە شوێنەکانی بڕیاردان و..... ئەوانە هەموویان پێوەندی زۆر نزیکیان بە دەستەڵاتەوە هەیە.

دێموکڕاسی کەمووکوڕی تێدایە وەختێک دەبینین زۆربەی بڕیارەکان لە ناوەندەجۆراوجۆرەکانی بڕیاردان وسیاسەت گوزاری دا لە لایەن پیاوانەوە و تەنانەت بە بێ حزووری ژنان دەدەرێن. لە هەموو حیزبە کوردستانیەکاندا و لە حیزبی ئێمەشدا ڕادەی ژنان و بەشداریان لە ئۆرگانە بڕیاردەرەکان دا زۆر زۆر کەمە. بەوپێ یە دەتوانین بڵێین کە بڕیارەکانمان زۆرتر مۆرکی پیاوانەیان پێوەدیارە. کە ئەوە بۆخۆی وەبەرچاونەگرتنی دێموکڕاسی یە. لەبەرنامەی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێراندا پێ لەسەر ئەوەداگیراوە کە ژن وپیاو مافی وەک یەک وبەرامبەریان هەیە. بەرانبەریی ژن و پیاو بریتیە لە ئازادی و مافی وەک یەک بۆ بەشداری لە پرۆسەی بڕیاردان و بڕیارداندا. بریتیە لەوە کە ژن و پیاو دەستەڵات ونفووزی وەک یەکیان لە هەموو بوارە جۆراوجۆرەکانی ژیان وکار و خەبات دا هەبێت. وەک مووچەی وەک یەک بۆ کاری وەک. وەک دەرفەتی وەک یەک بۆ بەشداری لە کاروباری سیاسی و فەرهەنگی و کۆمەڵایەتی دا.

لەوەش زیاتر دێموکڕاسی بریتیە لە دابەشکردنی دەستەڵات ونفووز بە شێوەیەکی عادڵانە. لە کۆمەڵێکدا کە جیاوازیە کۆمەڵایەتی و ئابووریەکان زۆر و زەق و بەرچاون، دێمۆکڕاسی لە ڕاستی دا دەبێتە ڕواڵەتی و تەنانەت ڕەنگە بە پێچەوانەی بایەخەکانی خۆی کەڵکی لێوەرگیرێت. هەژارەکان و دەستکورتەکان خاوەنی ڕۆژنامە و ڕادیۆ و تەلەڤزیۆن و گۆڤار نین، توانای بەکرێگرتنی مێدیاکانیان نیە. دەستیان وە ڕاگەیەنە گشتیەکان ڕاناگا. دەستیان وە ناوەندەکانی بڕیاردان و ئەو ژوورە داخراوانە ڕاناگا کە بڕیاریان تێدا دەدرێ و سیاسەتگوزاریان تێدا دەکرێت. ئەوان خەمی گەورەیان ئەوەیە کە وەمێنن و منداڵەکانیان شەوانە بە برسیەتیەوە سەرنەنێنەوە. لەوەزعێکی ئاوادا دێموکڕاسی بۆ ئەوان دەبێتە چی؟ مافی وەک یەک بۆدەنگ دان و ئەوە کە هەموان مافی وەک یەکیان بۆ دەنگدان هەیە بە کردەوە دابین نابێت. ئەناتۆڵ فرانس بەتەوسەوە دەڵێ قانوون بۆ هەمووان وەک یەکە و کەس هەڵناوێرێ. سواڵ کردن لە ژێر پردەکانی پاریسێ دا بۆ هەموو کەس قەدەغەیە چ دەوڵەمەندو چ فەقیر.

باشە دەوڵەمەند بۆ سواڵێ دەکات؟ دەوڵەمەند چ پێویستیەکی بە سواڵ کردن هەیە تا قانوون لێی قەدەغە بکا؟

بەو جۆرە بۆمان دەردەکەوێت کە ئێمە هێشتا نەهاتووین دێموکڕاسی ئابووری و کۆمەڵایەتی بخەینە بەرباس. نەدیتن و پشتگوێخستنی ئەو لایەنە گرینگەی دێموکڕاسی تێگەیشتنی ئێمە لە دێموکڕاسی بەدەردی کوردەکانی کوردستانی عێراق دەڵێن سەقەت دەکا.

ئێستا مەسەلەیەکی دیکەش لەوبارەوە دەبێت بخەینە بەرباس. ئەویش ئەوەیە کە مەترسی و هەڕەشەی هەرە گەورە لەسەر دێموکراسی ، تەنانەت لە کۆمەڵگا دێموکراتەکانیش دا، بریتیە لە کەم ڕەغبەتی خەڵک واتە هاووڵاتیان بۆ بەشداری لە کاروباری سیاسیدا. لە کوردستانیش ئەوە دەبێت بە مەترسی لە قەڵەم بدرێ.

دەبێت خەڵک لە کاروباری سیاسی دا بەشداری و دەخالەت بکەن و وەک هاووڵاتی ماف و ئەرک بۆ خۆیان قایل بن. لە ریزەکانی حیزبیش دا ئەندامانی حیزب پێویستە لە هەمووبوارەکانی ژیانی حیزب دا دەخالەت بکەن و شوێن دانێن. ئەوەش بەوە دەستەبەردەکرێت کە ئەندامانی حیزب و تێکۆشەرانی حیزب لە کاروباری حیزبی دا دەخالەت بکەن و کۆبوونەوە نێو خۆییەکانی حیزب بۆ شوێن دانان لە سەر سیاسە ت وهەڵوێستەکانی حیزب بە کاربێنن. دەبێ پێش بەوە بگرین کە ئێلیتێک لە حیزبدا ببێتە خاوەنی قسەی ئەوەڵ و ئاخر.

مۆبیلیزەکردنی هاووڵاتیان بۆ بەشداری لە کاررووباری سیاسیدا بۆخۆی لایەنێکی گرینگی دێموکراسیە. کۆنترۆڵ کردنی نوێنەران لە لایەن ئەوکەسانە کە دەنگیان پێداون، مەسەلەیەکی دیکەی زۆر جدیە لە دێموکڕاسی دا.

دیارە پسپۆران لەسەر ئەو بڕوایەن کە ئەگەر لە لایەک ڕەغبەت بۆ دەخالەت و بەشداری لە کاروباری سیاسیدا لە نێو هاووڵاتیاندا لە کەمیی داوە، لە لایەکی دیکەوە دێموکڕاسی لە ڕێگای جۆراوجۆری دیکەوە بە هێزبووە. بۆ نموونە لە ڕێگای کۆنڤانسیۆن و پەیماننامە نیونەتەوەییەکان، لە ڕێگای بەشداری لە بزووتنەوە جۆراوجۆرەکان، لە ڕێگای درووستکردنی ڕایەڵکەکانی هاوپێوەندی و هاوکاری، چ لە ئاستی نێونەتەوەیی و چ لە ئاستی نەتەوەییدا ، لە ڕێگای هاتنەکایەی تکنۆلۆژی مۆدێڕن و ڕاگەیەنە گشتیەکان. ئەوانە هەرکامیان بە نۆرەی خۆیان لەسەر بەهێزکردنی دێموکڕاسی شوێن دادەنێن.

دێموکڕاسی بریتیە لە وە کە هەرکەس خاوەنی دەنگە لە هەڵبژارتندا. بەڵام لە کردەوەدا ئەوانەی کیسەباخەڵەکەیان ئەستوورترە، دەنگی زۆرتر ونفووزی زۆرتریان هەیە. هێزی کڕین و توانای کڕین دەستەڵات دێنێ و دەستەڵات دەدات بەو کەسەی کە توانای کڕینی زۆری هەیە.

لە دێموکراسی دا مەسەلەی دەستەڵات زۆر گرنگە. کێ دەستەڵاتی بەدەستەوەیە؟ کێ دەستەڵاتی بەسەر پوڵەکاندا هەیە؟ ئەوە ئەو مەسەلانەن کە بەردەوام دەبێت باسیان لێ بکرێت. گرینگ ئەوەیە هاووڵاتیان پاسیو نەبن. تەئسیر دانێن و شوێن دانێن لەسەر سیاسەت و لە کاروباری کۆمەڵ دا بەشداربن. زۆر گرینگە لاوان فێربن سیاسەت بکەن و بەرامبەر مەسەلە جۆراوجۆرەکان بێ تەفاوەت نەبن.

لەڕاستیدا بیروبۆچوونی دێموکڕاتیک و ئیدەی دێموکڕاتیک نابنە هیچ ئەگەر کردەوەو ڕەفتار وسیاسەت وهەڵوێستی دێموکراتیکیان لی نەکەویتەوە. لە جێگایەک کە بایەخی ئینسانی ئینسانەکان وەبەرچاوناگیرێ، دێموکڕاسی نیە. لەهەرجێ یەک ئینسانەکان بە جیدی ناگیرێن، دێموکڕاسی لە گۆڕێدانیە. ئینسانەکان خۆیان، نەزەریان و ئەزموون و توانا و لێوەشاوەییەکانیان دەبێت ببینرێن و کەڵکیان لێوەرگیرێ و بە هێند بگیرردرێن. دەنا دێموکڕاسی فریو و کەڵەکە.

ئەوانەی کە دەکەونە بەر ئاکامی سیاسەت وبڕیارەکان، دەبێ لە داڕشتنی سیاسەت و بریارەکاندا نەزەرو بۆ چوونیان وەبەرچاوبگیرێ و تەنانەت نەخشیشیان هەبێت.

مەسەلەیەکی دیکەی ئەسڵی لە دێموکراسیدا بریتیە لە دیالۆگ و لێک تێگەیشتنی دوولایەنەو ریز وئیحتڕامی دوولایەنە. لە تەربیەتی حیزبی و تەشکیلاتیدا زۆر گرینگە ئەومەسەلەیە وەبەرچاوبگرین. دیالۆگ نەک بۆ یەکتر لە مەیدان دەرکردن، بەڵکو بۆ یارمەتی بە ڕوونبوونەوەی یەکتر. یارمەتی بە لێکنزیکبوونەوەو لە یەکتر فێربوون. یارمەتی بە چارەسەری کێشەکان. ئێمە کەسالانێکی زۆرە پێشمەرگەی ڕێگای ئازادی و دێموکڕاسین، دەبێت بایەخەکانی دێموکڕاسیش لە نێوخۆمان دا بە هێند بگرین، ئەگینا ناتوانین ئەوبایەخانە لە کۆمەڵدا ڕیاڵیزێرەبکەین.

ڕێکەوتی : ٧ی مارسی ٢٠٠٩

# بابەت و نووسراوەکانی ساڵی ٢٠٠٨

## هەلی زێڕین و مەترسی گەورە!!




مۆڵەتی دیارکراو بۆ وەڵامی ئێران بە پاکەتی پێشنیارکراوی کۆمەڵگای نێونەتەوەیی تەواوبوو. ئەمریکا دەڵێ ئیدی کۆماری ئیسلامی هیچ ڕێگەیەکی نە هێشتۆتەوە جگە لەوەی کە شووڕای ئەمنیەت ئابلۆقە ئابووری و بازرگانی و ماڵیەکانی لەسەر توندتر بکا.

چاوەڕوان دەکرێ لە هەفتەکانی داهاتوودا پاڵەپەستۆی زۆرتری جیهانیی بکەوێتە سەر کۆماری ئیسلامی. تەنانەت مەترسی ئەوەش هەیە وڵاتەکەمان بکەوێتە بەر پەلاماری نیزامیش. ئەو وەزعە هەموو هێزە نیشتیمانی و دێموکڕاتیەکانی ئێران ناچاردەکا کە خۆیان بۆ ڕوو بە ڕوو بوونەوە لە گەڵ ئەو هەلومەرجە ئامادەبکەن کە خەریکە دێتە پێش.

ئێران ئاوسی ئاڵوگۆڕی گەورەیە. هەم دەرفەتی مەزن و زێڕینمان لە پێشدان و هەم مەترسی گەورەش. مێژوو نیشانی داوە میللەتان لە هەلە مێژووییە تایبەتیەکاندایە کە یا سەردەکەون یا سەریان بێ کڵاو دەمێنێ. ئەوەش بەوە بەستراوەتەوە کە چۆن لە دەرفەتە زێڕین و گەورەکان بە قازانجی ئازادی و بەرژەوەندیەکانی خۆیان کەڵک وەرگردەگرن و لەو مەترسی و هەڕەشەشانەش خۆ دەپارێزن کە بۆ یان لە کەمیندان.

میللەتی کورد لە کوردستانی ئێران، بە کەڵک وەرگرتن لە ئەزموونی خۆی و گەلانی دیکە پێویستە خۆی بۆ کەڵک وەرگرتنی کارساز لەو وەزعە ئامادەبکا کە بەرەبەرە شکڵ دەگرێ. بەڵام ڕاستیەکەی ئەوەیە کە نە بوونی هاوئاهەنگیی پێویست لە نێو هێزە خەباتگێرەکانی سەر گۆڕەپانی بزووتنەوەی کوردستاندا ئەونیگەرانیە پێکدێنێ کە کورد نەتوانێ سواری شەپۆلە گەورەکان بێ و لەو دەرفەتەی کە دێتە پێش بە قازانجی خۆی کەڵک وەرگرێ و لەو مەترسیانەش کە بۆی لە کەمین دان خۆی لادا.

ئێستا هێزە دێموکڕات و نیشتمانپەروەرەکانی کوردستانی ئێران و کەسایەتیە سیاسی و ڕووناکبیرەکانی کوردی ئێرانی لە گەڵ تاقیکردنەوەیەکی میللی بەرەوڕوون. تاقی کردنەوەیەک کە تەنیا بە نیشاندانی وشیاریی سیاسی، فیداکاری و سنگفرەوانی لە خۆمان و بە قبووڵکردنی مەسئولیەتی مێژوویی دەتوانین بە ڕوو سووری لێ بێینەدەر.

بە داخەوە تا ئێستا هەندێک وردە حیسابی بچکۆلە و تێبینی حیزبی و بەرژەوەندی خسووسی و دەستەیی نەیان هێشتووە لە سەر پرۆگرامێکی هاوبەشی میللی پێک بێین.

حیزبی دێموکڕاتی کوردستانی ئێران زۆر لە مێژە بۆ لێک نزیک کردنەوەی هێزە خەباتگێڕەکانی مەیدانی خەبات لە کوردستانی ئێران تێدەکۆشێ. بەڵام بڵێین چی کە هاواری ئێمە هەر لە بیابانێ دا بووە.

لەو هەلومەرجەدا حیزبی ئێمە هەوڵەکانی خۆی لەوبارەوە زۆرتر دەکا. پێمان وایە دروستکردنی هاوئاهەنگی و پێکهێنانی هاوکاریەکی بەکردەوە لە نێو هێز و لایەن و کەسایەتیە سیاسیەکانی کوردستانی ئێران دا ئیدی ئێستا بۆتە پێویستیەکی مێژووی.

ئەوانەی بۆ گەیشتن بە هاوکاری و هاوئاهەنگیەکی میللی کەمتەرخەمی لە خۆیان نیشادەدەن، یا لەو ڕێگایەدا کۆسپ درووست دەکەن، جگە لەوە کە ناگەشەکردوویی سیاسیی خۆیان نیشاندەدەن، درەنگ یا زووش بۆیان دەردەکەوێ کە قەتاری زەمان بە جێێ هێشتوون.

کاروانی خەباتی میللەتی کورد دەڕواتە پێش و لە سەر کەس ڕاناوەستێ. ئەو خەبات و بەربەرەکانیە جەماوەریە کە کۆمەڵانی خەڵک لە شار و گوندەکانی کوردستاندا، هەر لە ماکۆ تا ئیلام لەخۆیانی نیشاندە دەن باشترین بەڵگەی ئەو قسەیەن. نەوەیەک لە کوردستانی ئێران هاتۆتە مەیدانی ژیان و خەبات کە جگە لە ڕزگاری کورد لە ستەمی نەتەوایەتی، دابین کردنی ئازادی و دێموکڕاسی و ڕەفاە و بەختەوەری بۆ خەڵکی کوردستان بیر لە شتێکی دیکە ناکاتەوە و، بە هیچ شتێکی لەوەش کەمتر ڕازی نابێت.

هێزە سیاسیەکانی کوردستان لەو قۆناخەدا ئەرکێکی گرنگتر لە جۆشدان و هاوئاهەنگ کردنی ئەو خەباتەیان بە ئەستۆوە نیە. کۆمەک و یارمەتی هەرە گەورە ئەوەیە هە موو توانا و پوتانسێلی خەباتگێرانەی خەلکی کوردستان بەرەو ئامانجە هاوبەشەمیللی یەکان کاناڵیزەبکەین. هەل و مەرج لە هەموو بارێکەوە بە قازانجی بردنە پێشی سیاسەتێکی لەو چەشنەیە.

لە لایەک میللەتانی ئێران بە گشتی ئومێدێکیان بە پێکهاتنی ئاڵوگۆڕ لە نێوخۆی کۆماری ئیسلامیدا نەماوە و داری ئیسلاح بوونی ڕێژیم و فرۆفیشاڵی بە ناو ئیسلاح تەڵەبانی نێو تاقمی دەستەڵاتدار نەک هەر بەرێکی پێوەنەهاتوە بەڵکوو لە ڕەگەوەش وشکبووە. گرانی و هەژاری و مەینەتبەشی و ئاوسان و ئیعتیاد و بێکاری ژیانی بۆ خەڵک کردۆتە جەهەننەم. سەرکوت و زەبر و زەنگ و گرتن و ڕاونان و ئیعدامیش بۆتە دیاردەیەکی ئاسایی. لە لایەکی دیکەشەوە بیروڕای گشتیی جیهانی و تەنانەت ناوەندە بڕیارڕ دەرەکانیش پێ لە سەر ئەوە دادەگرن کە پێویستە ڕێژیمی ئێران بگۆڕدرێ.

حیزبی دێموکڕاتی کوردستانی ئێران ئیبتکاری کار بۆ بردنەسەری تواناکانی بزووتنەوەی کورد لە ئێران بۆ وەڵام دانەوە بە پێداویستیەکانی خەباتی ئەم قۆناخە بەدەستەوە دەگرێ . ئێمە لەو ڕێگایەدا ئامادەی کارین و نائامادەیی کەسانی دیکەش دڵساردمان ناکەتەوە. لێ بڕاوین ماسی نەبین لە گۆمی بچکۆلەدا. بڕیارمان داوە دەبینە نەهەنگ لە دەریا گەورەکادا و سواری شەپۆلە مەزنەکان دەبین. مێژوو شاهیدە کە زۆر جاران حیزبی دێموکڕات ڕاست لەو کاتانەدا کە ئومێدێک نەبوە، مەشخەڵی ئومێد و هیوای بەرزکردۆتەوە. کۆنگرەی 14ی حیزب جارێکی دیش ئەو مەشخەڵە دادەگیرسێنێ.

ڕێکەوتی : ٤ی ئووتی ٢٠٠٨

## قۆناخی ئێستای خەبات و ئەرکەکانمان.

ئەمڕۆ خەباتی سیاسیی جەماوەریی شکڵی هەرە سەرەکی خەبات لە کوردستانی ئێرانە و حیزبەکەمان هەموو توانای خۆی بۆ ڕێکخستنی ئەو شکڵە لە خەبات تەرخان دەکات.

خەباتی جەماوەریی بریتیە لە هەڵخراندن ، بەسیجکردن و مۆبیلیزەکردنی هێز وتوانای خەباتگێرانەی کۆمەڵانی ملیۆنی خەڵک بۆ گەیشتن بە داخوازیی ڕوون و دیاری کراو. پایەکانی ئەوخەباتە لە سەر واقعیەتەکانی ژیانی ڕۆژانەی خەڵکی کوردستان کە لە ژێرستەمی میللی دا دەژین ڕاوەستاون. خەباتی جەماوری ئەگەر لە سەرەتادا پرش و بڵاو و ناهاوئاهەنگیش بێ، بەرە بەرە ئاستی سنفی و سەندیکایی و ناوچەیی بە جێ دێلێ و دەبێتە نارەزایەتیەکی سیاسیی سەرتاسەری و میللی.

نافەرمانی مەدەنی، خۆپێشاندان، مانگرتن، نە چوونە سەرکار، کۆبوونەوەی ئیعترازی، تۆمار نووسین، کۆبوونەوە لە بەردەرگای ئیدارەکان، بڵاوکردنەوەی بەیاننامە، کەڵک وەرگرتن لە ناتەبایی نێوان داروودەستە جۆراو جۆرەکانی نێو دەستەڵات، بەهرە وەرگرتن لە ئیمکاناتی خارجی و پشتیوانیی کۆمەڵگای نێونەتەوەیی و زۆر میتۆدی دیکە چەکی ئەو شێوە خەباتەن.

بە هێزبوون, پەرەسەندن و پێشرەوی کردنی ڕۆژ لە ڕۆژ زیاتری بزووتنەوە جەمسەرێکی ئەو خەباتەیە و لاوازبوون و پاشەکشەی ڕۆژ لە ڕۆژ زیاتری حکومەتیش جەمسەرەکەی دیکەیەتی.

زەمینەی عەینی پەرەگرتن و چوونە پێشی خەباتی جەماوەری بریتیە لەو ستەمە میللی یە کە لە کوردستاندا لە هەموو بواەرەکانی ژیاندا خەڵک بە ئێسک و پێستەوە هەستی پێدەکەن. لە وەش زیاتر بێ توانایی و بێ کیفایەتی حکوومەت لە دابین و دەستەبەرکردنی پێداویستیە سەرەتاییەکانی ژیانی خەڵک لە لایەک و، لە ژێر پێنانی ماف و ئازادیە سەرەتاییەکانی خەڵک لە لایەن داموودەزگا حکوومەتیەکانەوە لەلایەکی دیکەوە، یارمەتی بە چونە پێش و پەرەگرتنی هەرچی زۆرتری ئەو خەباتە دەکەن.

تایبەتمەندیی بەرچاوی ئەو قۆناخە ئەوەیە کە خەڵک ئیدی وەزاڵە هاتوون و ڕاست و ڕەوان بەرەنگاری داموودەزگا سەرکوتکەر و سیاسەتە دژی گەلیەکانی ڕێژیم دەبنەوە. ڕێژیمیش هەموو تێبینی و فریوکاری و ڕواڵەتسازیەکی وەلاناوە و بەو پەڕی ڕووهەڵماڵاویەوە کەوتۆتە سەرکوتی بزووتنەوە ئیعتڕازیەکانی خەڵک و گرتن و کوشتن و ئیعدامی خەباتگێڕان و هەڵسووڕاوانی کۆمەڵگای مەدەنی و سیاسیی کوردستان.

بنبەستی سیاسی ڕێژیم، قەیرانی بێ داهاتوویی، شکەستی ڕەوتی ئیسڵاحخوازی و نائومێدبوونی خەڵک لە پێکهاتنی هەرچەشنە ئاڵوگۆڕیک بە قازانجی ئازادی دێموکڕاسی، دوورەپەرێزمانەوەی ڕێژیم لە ئاستی جیهانی دا، بایکۆتە ئابووری و بازرگانی وماڵیەکانی دنیای دەرەوە، گرانی و ئاوسان و بێکاری و پەرەسەندنی بزووتنەوەی ئازادیخوازیی لە نێو میللەتانی دیکەی ئێرانێدا، هەموویان لەو فاکتۆرانەن کە بەقازانجی گەشەسەندنی خەباتی جەماەریی سیاسیی لە کوردستاندا شوێن دادەنێن.

حیزبی ئێمە لە کۆنگرەی پێنجەمی خۆیدا مەسەلەی گۆڕانی ڕێژیمی لە ئێراندا هێنا گۆڕ. لەودەمەوە ئیدی بزووتنەوەی کورد وەلانانی کۆماری ئیسلامی وەک ڕێگاچارەی هاتنەدەری وڵاتەکەمان لەو قەیرانە هەموو لایەنە کە تێیدایە دەستنیشانکردوە و بە هەموو تواناوەش بۆ بردنە پێشی ئەوسیاسەتە خەباتی کردوە.

بەخۆشیەوە خواستی گۆڕانی ڕێژیم ئەمڕۆ بۆتە خواستێکی گشتی و هەموو هێزە سیاسیەکانی ئێران و کۆمەڵانی خەڵک لە وڵاتەکەماندا داوای گۆڕانی ئەو ڕێژیمە دەکەن. ئەوەش سەرکەوتنێکی گەورەی سیاسی و ئەخلاقیە بۆ بزووتنەوەی کوردستان کە بە حەق هەر لەسەرەتاوە ئاڵاهەڵگری خەبات بۆ ئازادی و دێموکڕاسی بووە و کوردستان بۆتە سەنگەری دیفاع لە ئازادی سەرتاسەری ئێرانیش.

بێ گوومان ئەوەش ڕۆڵی کوردستان لە ڕووداوەکانی داهاتوو داو لە دارشتنەوەی جوغرافیای سیاسی ئێراندا وەک هێزیکی کاریگەر دەستەبەردەکا. لەوەش زیاتر ئێستا کۆمەڵگای نێونەتەوەیی و بیروڕای گشتی دنیاو تەنانەت هێزە ناوچەییەکانی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستیش، خوازیاری وەلانانی حکوومەتی کۆماری ئیسلامین لە ئێراندا. ئەوەش توانای مانۆڕدانی بزووتنەوەی کوردستان زۆرتردەکا و دۆست و هاوپەیمانی سیاسی تاکتیکی و ستراتیژیکی زۆرتری بۆ درووستدەکا. هەموو ئەوانە زەمینەی پتر بۆ پەرەسەندنی خەباتی جەماوەری پێک دێنن.

ئەوە کە کۆمەڵگای نێونەتەوەیی و هەندێک لە هێزە بڕیاردەرە جدیەکان و هێزە چارەنووسازە ناوچەییەکان هاوکات لە گەڵ بزووتنەوەی کوردستان و بزووتنەوەی سەرتاسەری، خوازیاری وەلانانی کۆماری ئیسلامین نابێ وەک ئەوە کە بزووتنەوەی کوردستان و بزووتنەوەیی سەرانسەری بوونەتە کلکەی هێزە دەرەکیەکان سەیر بکرێت. کورد و میللەتانی دیکەی ئێران بلێن چی کە کۆماری ئیسلامی کاری خۆی گەیاندۆتە جێگایەک کە هێزە ناوچەیی و نێونەتەوەییەکان پەلاماری نیزامی و وەلانانی ئەم ڕێژیمە بە تاقە ڕێگای پێشگرتن بە ڕوودانی کارەساتی ئینسانیی گەورە بە دەست ئاخوندەکان دەزانن. ئەوە بۆخۆی شانسێکی باشە کە بەرژەوەندیەکانی بزووتنەوەی کوردستان و سەرانسەری و خواستی میللەتانی ئێران لە گەڵ قازانجە میللیەکانی هەندێک هێزی ناوچەیی و نێونەتەوەیی دێتەوە. میللەتانی ئێران بەگشتی و میللەتی کورد لە کوردستانی ئێران بە تایبەتی ناتوانن دەست لە خەباتی خۆیان هەڵگرن تەنیا لە بەرئەوەی کە هەندێک هێزی ناوچەیی و ناونەتەوەیی هەمان ئاڵوگۆڕیان لە ئێراندا دەوێ کە ئەوان کاری بۆ دەکەن.

لە مێژوودا زۆرجار دیتوومانە کە فاکتۆری دەرەکی لە سەرکەوتنی خەباتی ئازادیخوازانەی میللەتاندا ڕۆڵی بەرچاوی گێڕاوە. ئایا بە بێ یارمەتی و پشتیوانی سیاسی و ئەخلاقی کۆمەڵگای نێونەتەوەیی، وڵاتانی ئورووپای ڕۆژ هەڵات دەیانتوانی ئازادی خۆیان وەدەست بێننەوە؟ دووکتۆر قاسملوو زۆرجار دەیگووت فاکتۆری دەرەکی تەنیا دەبێ وەک یارمەتیدەر تەماشابکەین و حیسابی ئەسڵی لەسەر هێزی خۆمان و میللەتی خۆمان بکەین. نە ئاوا کە نەخشی خۆمان بخەینە ژێر سایەی ڕۆڵی فاکتۆری دەرەکی و نە ئاواش کە دەوری کاریگەریی یارمەتی و پشتیوانی خاریجی بە هێند نەگرین.

بەتایبەتی ئێمە دەگەڵ ڕێژیمێک دەستەویەخەین کە دین و مەزهەب و نەوت و گاز و خواو قورئان و زیندان و قەنارەو پەت و سێدارەو شکەنجەو مزگەوت و سەرەنێزەو..ی خستوونەتەکار بۆ پارێزگاری لە خۆی لە بەرامبەر میللەتانی ئێرانێدا.

بۆیە بزووتنەوەی کوردستان حەقی خۆیەتی لە یارمەتی و پشتیوانیەک کە کۆڕوکۆمەڵە نێونەتەوەییە کان ئامادەن بۆ کۆمەک بە خەبات و بەربەرەکانی بەرامبەر بە کۆماری ئیسلامی پێ بکەن کەڵک وەرگرێ.

بزووتنەوەی کوردستان بە شێکی جیانەکراوەی بزووتنەوەی سەرتاسەریی میللەتانی ئێرانێ یە بۆ ئازادی و دێموکڕاسی. بزووتنەوەیەکی جدی جەماوەری و ڕەسەنەو پێگەی خەڵکی هەیە.
بۆیە

ئەوانەی چاوەڕوانن کە میللەتی ئێمە خۆی لە پشتیوانی سیاسی و دیپلۆماسی و ماڵی و ئەخلاقی وڵاتان و کۆڕوکۆمەڵە نێونەتەوەییەکان بێبەری و پشتاوبکا، واقعبین نین. نەخێر ئێمە لە دەورانی گلۆباڵیزمداین و دەبێت حیزبی ئێمە لێوەشاوەیی ئەوە لە خۆی نیشان بدا کە لەو دەرفەت و هەل و ئیمکاناتە کە ئێستا لە دنیادا لە گۆڕێدایە بە قازانجی گەیشتن بە ئامانجەکانی بزووتنەوە کەڵک وەربگرێ.

بەوپێ یە دەبینین کە زەمینەی گەشەسەندنی خەباتی جەماوەری لە کوردستانی ئێران لە هەموو بارێکەوە لە حاڵی گەشەسەندن دایە.

کەواتە چبکەین؟ کاری ئەسڵی تەشکیلاتی ئێمە دەبێ سازماندان و هاوئاهەنگ کردنی ڕێکخراوەجەماوەریەکان بێ. یارمەتی دان بە سازماندانی ڕێکخراوەکانی ژنان، لاوان ، کرێکاران، خوێنکاران، مامۆستایان، بازاڕیان و هەروەها پشتیوانی هەموو لایەنە لە خەبات و چالاکی و تێکۆشانیان و لێک گرێدانی داخوازە تایبەتیەکانی ئەوان لە گەڵ داخوازە گشتیەکانی میللەت، ئەرکی سەرەکی ئێمەیە لەو قۆناخەدا.

لەباری سیاسیەوە دەبێت تەشکیلاتی ئیمە بتوانێ پشتیوانی کۆڕوکۆمەڵە نێو نەتەوەییەکان بۆ لای خەباتی چین و توێژەکانی خەڵکی کوردستان ڕاکێشێ. زوو خەبەر و هەواڵی حەرەکەتە ئیعترازیەکانی خەڵک بە دەرەوە بگەیەنێ و هەڵوێستەکانی ڕێکخراوە نێو نەتەوەییەکان بۆ پشتیوانی لە خەباتی کۆمەلانی خەڵکی کوردستان زوو بە گوێی بیروورای گشتی بگەیەنێ. دەبێت تێکۆشین گرتن و زیندانی و شکەنجەی چالاکانی سیاسی و مەدەنی لە لایەن هێزەکانی حکوومەتەوە لە قاودەین و بیرووڕای گشتی نێوخۆ و دەرەوە بۆ دیفاع لە گیانی ئەوان مۆبیلیزەبکەین. نابێ ئەوان و بنەماڵەکانیان لە بەرامبەر ماشێنی سەرکوتی ڕێژیمدا هەست بە تەنیای و بێ پشتیوانی بکەن. تەشکیلاتی ئێمە دەبێ قەڵایەکی گەورەیی مەعنەوی و ئەخلاقی و مادی بەدەوریی ئەو تێکۆشەرانە و بنەماڵەکانیاندا دروستکا تا خۆڕاگر و قارەمانانە وەک سەمبوولی بەربەرەکانی وەمێنن.

مێدیای کوردی لەکوردستانی ئێران پێویستە پەیامی خەباتی خەڵک و حەرەکەتە ئیعترازیەکانی خەڵک بە گوێی بیرورای گشتی ئێران و دنیا بگەیەنێ و سەرکووت و زەبروزەنگ و سیاسەتی دژی گەلیانەی کۆماری ئیسلامی لە قاوبدا. مێدیای ئێمە دەبێ ڕۆمانتیزمی نەتەوەیی و پێداگۆگی خەباتگێڕانە لە کوردستاندا بڵاو کاتەوە و تەبلیغات وپرۆپاگەندەی کۆماری ئیسلامی لە هەموو بوارەکاندا پووچەڵکاتەوە. ئەوە یەکێک لە ئەرکە گەورەکانی حیزبی ئێمەیە لەو قۆناخەدا. مێدیای ئێمە دەبێت ببێتە دەنگ و ڕەنگی کۆمەلانی خەڵک و خەبات و ژیانی ڕۆژانەیان. دەبێ لە خزمەت گۆڕانی ڕێژیمدابێ و ڕاستیەکان بۆ خەڵک ڕوونکاتەوە. ئاسۆی ڕوونی سەرکەوتن بکێشێتەوەو و هیواو ئومێد وەبەر خەڵک بنێ.

تەشکیلاتی ئێمە لە ڕێگای پێوەندیە تەشکیلاتیەکانی خۆی لە نێو خەڵکدا، لە ڕێگای پێوەندیە نیشتمانی و کوردستانیەکانی لە گەڵ حیزب و ڕێکخراوە سیاسیە کوردستانیەکان و کەسایەتیە سیاسی و فەرهەنگی و ئەدەبی و هوونەریەکان و لە ڕێگای مێدیای کوردیەوە، بۆ دروستکردنی بیرووڕای گشتیی کوردی تێدەکۆشێ. کارکردن بۆ نەخشاندنی ستراتیژیەکی میللی وەک ئامانجی هاوبەش و کۆکردنەوەی هەموو هێز و توانای کورد لەدەوری پلاتفۆڕمێکی کوردی ئەرکێکی دیکەی حیزبەکەمانە لەو قۆناخەدا کە دەتوانێ یارمەتی ڕاستەوخۆ بە بەرین بوونەوەی پتری مەیدانی خەباتی جەماوەری بکات.

کارکردن بۆ گەیشتن بە تەفاهوومی میللی و موساڵەحەی میللی و خۆ هەڵکێشان بۆ ئاستی زۆر بڵندی قبووڵکردنی مەسئوولیەتی میللی وەزیفەیەکی دیکەی تەشکیلاتی حیزبی ئێمەیە لەو قۆناخەدا. حیزبی ئێمە وەک هێزی ئەسڵی و هەرە لە مێژینەی نێو گۆرەپانی خەباتی کوردستان لە هەر هێز و لایەنیکی دیکە پتر لەو بارەوە مەسئولیەتی لە سەر شانە. هەنگاو هەڵگرتن لەو ڕێ یەدا، کۆمەلانی خەڵک دلێرتر دەکاو ورەو و گوورو تینی زۆرتر وەبەر میللەت دەنێ و خەباتی جەماوەریی سیاسی لە کوردستاندا بە هێزتر و بەرەو پێشتر دەبا.

ئێمە حیزبی ملیۆنی کۆمەلانی خەڵکی کوردستانین. نفووز و پرستیژی حیزبی ئێمە لە کوردستاندا واقعیەتێکی حاشاهەڵنەگرە. بەو حاڵەش وەک هێزێکی دێموکڕات و ڕەسەن وگەلی، ئێمە قەت پێمان خۆشنیە حیزبی تاقانەی میللەتی کوردبین لە کوردتسانی ئێران. بڕوامان بە پلۆڕالیزمی سیاسی هەیەو هە بوونی یەک یا چەند حیزبی سیاسی گەورەی دیکە بە بەرنامەی سیاسی جۆراوجۆرەوە بە قازانجی دێموکڕاسی و بزووتنەوە دەزانین. ئەوەش قەت ڕێگای ئەوەمان لێ ناگرێ کە بۆ بە هێزکردنی هەرچی زۆرتری خۆمان و ڕاکێشانی هەرچی زۆرتری پشیوانی خەڵک بۆ دیفاع لە بەرنامەی سیاسی خۆمان تێنەکۆشین. لە هەمان کاتدا ئەو مافە بە هێزە سیاسیە ڕەسەنەکانی دیکەی نێو بزووتنەوەش ڕەوادەبینین و بۆهاوکاری و پێکەوەژیانی بە ئاشتیانە لە گەڵیان ئامادەین. کارێکی لەو جۆرە بێ گوومان هێز و تواناکانی میللەت دەخاتە سەر یەک و متمانەو ئیعتمادی زۆرتر لە نێو خەڵکدا بۆ کاری سیاسی درووست دەکا.

حیزبی ئێمە لەو قۆناخەشدا وەک هەموو قۆناخەکانی دیکەی مێژووی خۆی، بە تێ گەیشتن لە ڕاستیەکانی وەزعی سیاسی ئێران و کورستان، هەموو هێز و توانای خۆی دەخاتە خزمەت بزووتنەوەی کوردستان و ئەرکی مێژووی و ڕیسالەتی نیشتیمانی خۆی بەجێ دێنێ. نە کۆماری ئیسلامی و نە هەوراز و نشێوەکانی ڕێی خەبات و نە درک و داڵی سەر ڕێگا ناتوانن حیزبەکەمان لەو ڕێبازە میللی و نیشتیمانیە لادەن کە هەمیشە ڕێبازی ئەسڵی خەباتی حیزبی ئێمە بووە. ڕێبازی خەبات بۆ ئامانجە بەرزەکانی میللەتی کورد لە کوردستانی ئێران.

شانازی بۆ ئەوانەی لە گەڵ ئەو کاروانە دەڕۆنە پێش و بە ئەندازەی توانای خۆیان هێز و توانا و ئینێرژی دەخەنە خزمەت چوونە پێشی ئەو خەباتە.

ڕێکەوتی : ٣١ی ژووئیەی ٢٠٠٨

## دیسان ئیعدام!



بە گویرەی وتەی هەواڵدەریەکان، ئەمڕۆ یەکشەممە، ڕێکەوتی ٢٧ی ژووئیەی ٢٠٠٨ .٣٠ کەس لەتاران ئیعدام کراون. هەر لەو هەفتە و مانگانەی دوایی دا لە زۆر ناوچەی دیکەش، چەند جاری دیکە بەو شێوەیە گرووپ گرووپ خەڵک ئێعدام کراون.

لەو پێوەندیەدا، زۆر جار ڕێکخراوەکانی دیفاع لە مافی مرۆڤ، چ لە نێوخۆ و چ لەدەرەوە، دەنگی ڕەخنە و بێزاریی خۆیان لە دژی ئەو ئیعدامانە بەرزکردۆتەوە کە کە ئەمڕۆ لە ئێراندا بە ڕێوە دەچن.

بە داخەوە بەشێکی بەرچاوی ئەوانەی ئەمڕۆ لە ئێراندا ئێعدام دەکرێن، کەسانێکن کە تەمانیان لە خوار ١٨ ساڵە و بەواتایەکی دی منداڵ و

مێر منداڵن. بە گوێرەی ئەو ڕاپۆرتانە کە بڵاو دەبنەوە، لەو دوو ساڵەی دواییدا، ئێران تەنیا وڵاتێک بووە کە بە پێچەوانەی ئەو ڕێوشوێنە نێونەتەوەییانە کە بۆ بەڕێوەبردنیان خۆی بەر عۆدەکردوە، منداڵان و مێرمنداڵانی ئیعدام کردوون. لەو دواییانەدا ئەمریکاش کە پێشتر حوکمی ئیعدامی لە سەر منداڵان بەڕێوەدەبرد، لە ئاکامی فشاری کۆمەڵگای نێونەتەوەییدا، وازی لەو کارە هێناوە. سەیر ئەوەیە خاتەمی بە ناو ئیسلاح تەڵەب ماوەیەک لەوە وبەر لە نۆروێژ لەوەڵامی هەواڵدەریەکاندا کە ئایا لە ئێران منداڵان ئیعدام دەکرێن ، بە تەواوی پڕووییەوە گوتی نەخێر ئەوە ڕاست نیە و لە ئێران ئەطفال ئیعدام ناکرێن.

ئێران کۆنڤانسیۆنی مافە سیاسی و ئابووریەکان و کۆنڤانسیۆنی مافەکانی منداڵی ئیمزاکردوون. بە پێی ئەو دوو کۆنڤانسیۆنە ئیعدامی کەسانێک کە لە تەمەنی خوار هەژدەساڵیدا، تاوانێکیان ئەنجام داوە، بە تەواوی قەدەغەیە.

هەروەها ئێران لە ڕیزی ئەو دەستە کەمە لە وڵاتانی دنیا دایە کە زۆرترین ژمارەی ئیعدام بەڕێوە دەبەن. بەڵام سەیرئەوەیە کە لە ماوەی ٣٠ ساڵی ڕابردوودا، واتە لەو دەمەوە کە کۆماری ئسلامی دەستەڵاتی لە ئێراندا بەدەستەوە گرتوە، ئێران هەمیشە یەکێک لەو وڵاتانە بووە کە لەوبارەوە ڕیکۆردی جیهانیان هەبووە. ئێستا کۆماری ئیسلامی بەوە کە تەنیا وڵاتێکە کە منداڵان ئیعدام دەکا، لەو بوارەداشدا لە دونیادا ناوبانگی یەکەمی هەیە.

لە بارێکی دیکەشەوە مەسەلەکە هەر جێگای باسە. هە مووومان لەوە ئاگادارین کە سیستەمی قەزایی ئێران و دەزگای قەزایی لە ئێراندا زۆر دواکەوتوانەیە و بە هیچ جۆر لە گەڵ پرینسیپ و ستاندارده نێونەتەوەییەکان دا نایەتەوە. ئاخر لە ئێراندا شکەنجە بە شێوەیەکی زۆر سیستماتیک بە ڕێوە دەچێ و لە سەر ئەساسی ئەو ئیقرار و ئیعتراڤاتە کە لە ژێر شکەنجەدا، وەردەگیرێت، خەڵک حوکم دەدرێن. بەو پێ یە دەردەکەوێ کە پایەی ئەو حوکمانە کە بۆ ئیعدامی ئەم و ئەو دەردەکرێن، لە باری قەزاییەوە زۆر لاوازە.

جگە لەوەش ئێران لە ڕیزی ئەو ژمارە کەمە لە وڵاتانی دونیا دایە کە خەڵک بە تاوانی سیاسی و عەقیدەتی و ڕەفتاری جنسی ئێعدام دەکەن. هێشتاش جار جار خەڵک سزای سەنگساریان بۆ دەبڕدرێتەوە.

کۆماری ئیسلامی دەستی بە خوێنی زیندانیانی سیاسی و عەقیدەتی سوورە. چ لە تاران و چ لە ناوچەکانی دیکە بێ پەروا خەڵک بەتاوانی موحارب لەگەڵ خوا و موفسید لەسەر زەوی و تێکدانی ئەمنیەت و بیانووی دیکەی لەو چەشنە ئیعدام دەکا. بەڵام ئەو دیاردەیە لە کوردستان و ناوچە میللی یەکانی دیکەی وەک خوزستان و بەلووچستان و ئازەربایجان و تورکمەن سەحرا زۆرتر و بەرچاوترە.

ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی ئیعدام وەک وەسیلەیەک بۆ تۆقاندن و برنە پێشی سەرکوت و زەبرووزەنگ بەکاردەباو دەیەوێ لەو ڕیگایەوە تۆوی ترس و خۆف و تۆقاندن بە نێو خەڵکدا بڵاو بکاتەوە.

ئەو ئیعدام و سەرکوت و زەبروزەنگە کە کۆماری ئیسلامی ئەمڕۆ بەڕێوەی دەبات شتێکی تازەنیەو هەر لە سەرەتاوە سیاسەتی کۆماری ئیسلامی بووە.

لەو سێ دەیەی دوایی دا لە سەر یەک ڕادەی بەڕێوەچوونی ئیعدامەکان لە کەمی داوە و زۆر وڵات هەر لە بنەڕەتڕا وازیان لە بەڕێوەبردنی سزای ئیعدام هێناوە. کەچی لە ئێراندا و بە تایبەتی لە کوردستاندا ڕێژیم هەروادێ و لە بەڕێوەبردنی حوکمی ئیعدام دا پتر بێ پەروادەبێ و زۆرتر لەو سیاسەتە دژی گەلیە کەڵک وەردەگرێ.

ئەوەی لێرەدا جێگای مەترسیە ئەوەیە کە خەڵک بە گشتی و کۆمەڵگای مەدەنی ئێران و کوردستانی ئێران خەریکن بەرامبەر بەو مەسەلەیە بێ تەفاوەت دەبن و بۆ یان دەبێتە شتێکی ئاسایی. ڕووناکبیران، فەرهەنگیەکان، نووسەران و مامۆستاکانی مەدرەسەکان و سەرجەم چالاکانی مەدەنی و سیاسی پێویستە حەساسیەتی زۆر بە ئیعدام نیشان دەن و حیزبەسیاسیەکانی کوردستانیش واباشە کار لە سەر ئەو مەسەلەیە زۆر لەوە زیاتربکەن کە تا ئێستا کردوویانە.

پێویستە بە ئاشکراو بێ پەردە داوای هەڵوەشاندنەوەی حوکمی ئیعدام بکەین و کۆڕوکۆمەڵی جۆراوجۆر بۆ دژایەتی دەگەڵ حوکمی ئیعدام دامەزرێنین. واباشە ڕێکخراوی تایبەتیی بۆ درووست کەین و بەشێک لە خەباتگێڕانی مافی مرۆڤ خۆیان بۆ کار لەو بوارەدا تەرخان بکەن و کارێکی لەو چەشنە بکەنە بەرنامەی خۆیان. خەبات بۆ هەڵوەشاندنەوەی سزای ئیعدام و بەڕێوەبردنی حوکمی ئیعدام بە جەشنێکی بی ڕەویە لە کوردستان، دەبێت ببێتە سەرلەوحەی کارو خەباتمان لە نێوخۆو دەرەوە. لەو نێوەدا کۆبوونەوە ئیعترازیەکانی چەند ڕۆژی ڕابردوو لە سنە، مەهاباد و مەریوان و... بەڕاستی دەبیت ببنە سەر مەشق بۆ پەرەپیدانی خەبات بە دژی سزای ئیعدام .

خەباتگێڕانی کۆمەڵگای مەدەنی و مافەکانی مرۆڤ لە کوردستانی ئێران دەبێت هەوڵ و تێکۆشانی خۆیان لەو بارەوە بە دژی سزای ئیعدام لە گەڵ کۆڕوکۆمەڵە نێونەتەوەییەکانی دیکە کە کار بۆ ئەو مەسەلەیە دەکەن هاوئاهەنگ بکەن.

خەبات بەدژی سزای ئیعدام خەباتێکی مەدەنی و فەرهەنگی و مافی مرۆڤییە و پێویستە هەموومان بەشداری تێدا بکەین.

ڕێکەوتی : ٢٧ی ژووئیەی ٢٠٠٨

## جێگا و شوێنی مافی مرۆڤ لە بەرنامەی سیاسی و خەباتی ڕۆژانەی حیزبی دێموکڕات دا.

ئەمساڵ شەستەمین ساڵی پەسندکرانی بەیاننامەی جیهانی مافەکانی مرۆڤە. وێڕای ڕێکخراوی نەتەوەگرتوەکان، هەموو ڕێکخراوە غەیرە دەوڵەتیەکانی لایەنگری مافی مرۆڤ، کۆڕوکۆمەڵە جۆرا و جۆرەکانی دیفاع لە مافەکانی مرۆڤ، ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگای مەدەنی، ناوەندە دەوڵەتی و حکومەتیەکانی بەشێکی گەورەی وڵاتانی دنیا، زانستگا و زانکۆکان، مێدیای جیهانی و لەیەک قسەدا سەرتاسەری مرۆڤایەتی پێشکەوتوو، هەر لە ئێستاوە لەبەردان بە باشترین شێوە ڕێز لەو ساڵرۆژە بگرن.

هیوادارم میللەتی ئێمەش لە کوردستانی ئێران شانبەشانی بەشەریەتی پێشکەوتنخواز، بە هەر شکڵ و شێوەیەک کە بۆی دەلوێ، لەو جەژنە جیهانی و نێونەتەوەییەدا بەشداری بکا. بە جێ یە کۆمەڵگای مەدەنی، کۆڕ و کۆمەڵەکانی لایەنگری مافی مرۆڤ لە کوردستانی ئێران بە تایبەتی و هەموو حیزب و ڕێکخراوە سیاسیەکانی کوردستانی ئێران بە گشتی لەسەر بەرنامەیەکی

هاوبەش بۆ چۆنیەتی ڕێزگرتن لە شەستەمین ساڵرۆژی پەسندکرانی بەیاننامەی جیهانی مافەکانی مرۆڤ ڕێککەون.
واباشە یەکدەنگ و یەکپارچە لەو ڕۆژەدا هەموو خەڵکی شارو گوندەکانی کوردستان برژێنە شەقامەکان و بە دەنگی بەرز داخوازی وەبەرچاوگرتنی ئەو ماف و ئازادیانە بکەن کە لە بەیاننامەی جیهانی مافەکانی مرۆڤ دا هاتوون. دەکرێ هەر لە ئێستاوە کۆمیتەی هاوبەش بۆ ڕاپەڕاندنی ئەو ئەرکە پێکبێن. لە وەش زیاتر دەکرێ بایاننامە و بانگەوازی هاوبەش بۆ ئاگادارکردنەوەی خەڵک و بیروڕای گشتیی کوردستان بۆ زەمینە سازی حەرەکەتێکی میللی لەو چەشنە لە ڕێگای مێدیای کوردیەوە بڵاو بکرێنەوە.
بزووتنەوەیەکی سەرتاسەری و گشتیی لەو چەشنە خەباتی جەماوەری ومەدەنی خەڵکی کوردستان هەنگاوێکی گەورە بەرەو پێش دەبا وخەباتی حەقخوازانەی خەڵکی کورستان لە گەڵ حەرەکەتێکی مەزنی جیهانی و نێونەتەویی لێک گرێ دەدا. لەوەش زیاتر پشتیوانی زۆرتری کۆمەڵگای نێونەتەوەیی بۆ لای بزوتنەوەی کوردستان ڕادەکێشێ.
بە خۆشیەوە ئێستا لە کوردستانی ئێرانیش دا، بەیاننامەی مافەکانی مرۆڤ کەوتۆتە ناوەندی کار و فەعالیەتی دەیان کۆڕ و کۆمەڵی جۆرا و جۆری مەدەنی. لە هەموو شارەکانی کوردستان ڕێکخراوی تایبەت بۆ دیفاع لە مافەکانی مرۆڤ، مافەکانی ژنان، منداڵان، کەم ئەندامان و هتد درووست بوون و بە شێوەی ئاشکراو نیوە ئاشکرا، کار و چالاکی بەڕێوەدەبەن.
لەو نێوەدا ڕێکخراوی مافی مرۆڤی کوردستان جێگایەکی تایبەتی هەیە و سەرەڕای ئەو هەموو کەند و کۆسپەی لە لایەن دەزگا حکومەتیەکانەوە خراونەتە سەر ڕێگای خەبات و تێکۆشانی، بە حەق لەو مەیدانەدا ڕۆڵێکی جێگای ئافەرینی میللی دەگێڕێ. کەسایەتی خەباتگێڕی ڕێگای مافەکانی مرۆڤ لە کوردستان، ئاغای کەبودوەند، لەو پێوەندیەدا باشترین سەرمەشق وئیلهامدەرمانە و بەجێ یە نازناوی پێشمەرگەی ڕێگای مافی مرۆڤی لە کورستاندا بدەینێ. هەمووی ئەوانە بەڵگەی ئەوەن کە ئیدی ئەمڕۆ خەبات بۆ مافەکانی مرۆڤ لە کوردستاندا، بۆ تە ڕوکنێکی هەرە گرینگی بزووتنەوەی میللەتەکامان.
بۆیە دەبێ بە گەشبینی و خۆشبینیەوە بڕوانینە ئەو هوشیاری وبێداری یەی کە لە پێوەندی لە گەڵ کار و خەبات بۆ مافەکانی مرۆڤدا لە نێو خەڵکی کوردستانی ئێران دا سەری هەڵداوە.
بەوحاڵەش دەبێ ئەوە قبووڵ بکەین کە ئێمەی کورد لە کوردستانی ئێران، چ وەک تاک و چ وەک حیزب و ڕێکخراوە سیاسیەکانمان، ئێستاشی دەگەڵ بێ، بایەخی پێویستمان بە کار بۆ بڵاوکردنەوە، ناساندن وئاشناکردنی مافەکانی مرۆڤ لە کوردستاندا نەداوە. زۆر جار تەنیا لە پێوەندی لە گەڵ خۆمان و مافەکانی خۆماندا مافی مرۆڤمان وەبیر هاتۆتەوە.
بەداخەوە زۆرجار تەنیا بۆ بردنە پێشی مەبەستە سیاسیەکانمان باسی مافی مرۆڤمان کردوە، یا وەک ئامڕازێک بۆ بەرەوپێشبردنی مەبەستە سیاسیەکانمان کەڵکمان لە مافی مرۆڤ وەرگرتووە. هەندێک جار تەنیا وەک چەک بەدژی ڕێژیم بەکارمان هێناوە و بۆ خۆشمان لە ڕەفتار و کردەوەدا نەک هەر نرخی خۆیمان پێنەداوە، بەڵکو بە هێندیشمان نە گرتوە.
لە وڵاتێکدا، لە کۆمەڵگایەکدا کە پەروەردەیەکی دێموکراتیکی نەبووە، لە فەرهەنگێکدا کە مافەکانی تاک جێگایەکی ئەو تۆیان نیە، دەکرێ لە دیاردەیەکی لەو چەشنە حاڵی بین، بەڵام قەت نابێ قبووڵی بکەین.
ئێستا کە کۆنگرەی۱۴ ی حدکا، لە ئاستانەی شەستەمین ساڵی پەسندکرانی بەیاننامەی مافی مرۆڤدا پێکدێ، پێویستە بایەخ و نرخەکانی زاڵ بەسەر بەیاننامەکەدا، بەسەر فەزای کۆنگرە دا زاڵبن و لە بڕیار و پەسندکراوەکانیشیدا زۆرتر ڕەنگدەنەوە.
ئێمە دەمانەوێت دەسەڵاتی سیاسی لە کوردستانی ئێراندا بە دەستەوە بگرین. لەگەڵ هێزە سیاسیەکانی دیکەی کوردستانی ئێران خۆمان بە ئەڵترناتیڤی دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامی لە کوردستان دەزانین و لە ڕاستیشدا خەڵکی کوردستان و میللەتانی دیکەی ئێران و کۆڕو کۆمەڵە نێونەتەوەیەکانیش هەرئاوامان دەبینن. کەواتە دەبێت توانا و لێوەشاوەیی و مەسئولیەتی دابین و دەستەبەرکردنی مافەکانی مرۆڤ هەر لە ئێستاڕا لە خۆماندا پەروەردە بکەین.
دامەزراندن و سەقامگیرکردنی دێموکڕاسی ئەرکێکی قورسەو دەبێت لە ئێستاوە لە ئاستی جۆرا و جۆری کلتووری و فەرهەنگی و سیاسی و پەروەردەیی دا کاری بۆ بکەین. بۆیە بە جێ یە مافی مرۆڤ جەوهەری سیاسەت، ئەدەبیات و کردار و ڕەفتار و گۆتاری سیاسی ئێمە پێک بێنێ. دوکتۆر قاسملووی نەمر لە یادی چڵ ساڵەی دامەزرانی حیزب دا ڕای گەیاند کە ئێستا حیزبی دێموکڕات لێوەشاویی و توانای ئەوەی هەیە کە جارێکی دیکە دەسەڵاتی سیاسی لە کوردستانی ئێران بە دەستەوە بگرێتەوە. ئێمە ڕێبوارانی ڕێگای قازی و قاسملوو و شەرەفکەندی بە جێ یە کیفایەتی قبووڵکردنی ئەو مەسئولیەتە مێژوویە لە خۆمان د ا پەروەردە بکەین و خۆمان بەرینە ئاستی ئەو چاوەڕوانیانە کە خەڵکی کوردستان لێمانیان هەیە.

ڕێکەوتی : ١٥ی ژووئیەی ٢٠٠٨

## کۆنگرەی١۴ی حیزب کۆنگرەی بە جەماوەری کردنی خەبات لە کوردستانی ئێران,

لە ئاگوستی داهاتودا حیزبی دێموکڕات پێ دەنێتە شەست و سێهەمین ساڵی تەمەنی خۆی. کۆمیتەکانی حیزب لە دەرەوەی وڵات و نێوخۆ لەبەردان ئەمسال ساڵرۆژی دامەزرانی حیزب وەک هەموو ساڵانی ڕابردوو بەو پەڕی شکۆ وە یاد بکەنەوە و ڕێوڕەسمەکانی جەژنی ٢۵ گەلاوێژ بکەنە خۆنیشاندانێکی سیاسی و تەشکیلاتی گەورە بۆ پێشاندانی حزوری سیاسی و جەماوەری حیزب . کۆمیتەی حیزب لە نۆروێژ هەر لە ئێستاوە لە تەداروکاتی بەڕێوەبردنی جەژنێکی ئاوادا، ساڵۆنی چەند هەزار کەسی ئێکەبەرگی بۆ ئەو مەبەستە گرتۆتەوە .
شایانی باسە کە چاوەڕوان دەکرێ پاییزی ئەمساڵ١۴هەمین کۆنگرەی حیزبیش هەر لە فەزای جەژنەکانی ٢۵ گەلاوێژدا بەڕێوەبچێ. یەکەمین کۆنفڕانسی هەڵبژاردنی نوێنەر بۆ کۆنگرەی١۴ ی حیزب، ڕۆژی شەممە، ڕێکەوتی ١٢ مانگی جۆلای، لە نۆروێژ، لە ساڵرۆژی شەهیدبوونی ڕێبەری نەمری حیزب، دوکتۆر قاسملوو و هاوڕێکانی دا بەڕێوەچوو و لەلایەن کۆنفڕانسیسەشەوە بە تێکڕای دەنگ، کۆنفڕانسەکە ناوی کۆنفڕانسی شەهیدانی ڤیەنی لەسەر دانرا.
دوو ڕۆژ بەر لەدەستپێکردنی کۆنفڕانسەکە، واتە ۵ شەممە، ڕێکەوتی ١٠ ی جۆلای، ژمارەیەکی بەرچاو لە کوردەکانی دانیشتووی نۆروێژ لە سەر بانگەوازی تەشکیلاتی حیزب، لەبەردەرگای سەفارەتی ئوتریش، بۆ نارەزایەتی دەربڕین بەرامبەر بە سیاسەتی سازشکارانەی کاربەدەستانی ئەو وڵاتە لە پێوەندی لە گەڵ تیرۆری ناجومێرانەی دوکتۆر قاسملوو و هاوڕێکانی دا، بۆ نیشاندانی وەفاداری بە ئامانجەکانی بزووتنەوەی میللی دێموکڕاتی خەڵکی کوردستا کە حیزبی دێموکڕات، حیزبی قاسملوو و هەزاران شەهیدی سەربەرزی دیکە ڕێبەریی دەکات، لەبەردەرگای سەفارەتی ئوتریش لە نوروێژ کۆبوونەوەیەکی ئیعترازیان بەڕێوەبرد.

یەکێک لە کادرەکانی حیزب، بە ئاگاداری لەبەرنامەکانی ڕێبەرایەتی حیزب لە پێوەندی لە گەڵ چۆنیەتی یادکرنەوەی یادی شەهیدانی ڤیەن لە نێوخۆی وڵاتدا، لە وتەیەکی کورتدا گووتی کە حیزبی دێموکراتی لەبەرنامەی دایە خەباتی خەڵکی کوردستان بکاتە جەماوەری. بۆ ئەو مەبەستەش تێ دەکۆشین ساڵرۆژی شەهیدبوونی قاسملووی ڕێبەر، بکەینە ڕۆژی نیشاندانی تەفاهومی میللی و وەحدەتی میللی، ڕۆژی ڕووخاندنی دیوارەکانی نێوانمان و ڕۆژی پڕکرنەوەی درزەکان. ئەو لە بەشێکی دیکە لە قسەکانی دا ڕایگەیاند کە پڕۆژەی سیاسی حیزبی دێموکرات ئێستا بۆتە پڕۆژەو بەرنامەی سیاسی بۆ هەموو میللەتی کورد و خەڵکی کورستان بە هەموو چین و توێژەکانیەوە ئەو بەرنامەیە بە بەرنامەی داخوازە میللی و دێموکراتیەکانی خۆیان دەزانن و کاری بۆدەکەن.

یەک ڕۆژ دواتر، ڕۆژی شەممە، ١٢ جۆلای کە کۆنفرانسی شەهیدانی ڤیەن تازە لە سەرەتای دەستپێکردنی کارەکانی دابوو، بە دەیان پەیام و بروسکە لە ڕێبەرایەتی حیزب و شارە جۆراو جۆرەکانی کورستانەوە گەیشتنە بەشدارانی کۆنفرانس. لە هەمووی ئەو بروسکانەدا هەواڵی ئەوە هاتبوو کە لەسەرتاسەری کوردستاندا خەڵک لە حاڵی مانگرتنی گشتی دان و ڕۆژی شەهیبوونی قاسملوویان کردۆتە ڕۆژی هاوپێوەندی میللی و ئیعترازی جەماوەری و نیشاندانی عەزمی میللی خۆیان بۆ برنە پێشی خەبات. لەو کاتەدا بوو کەکۆنفرانس پێشوازی لە ئیدەی ڕێبەریی حیزب بۆ ناودێرکردنی کۆنگرەی١۴ بە کۆنگرەی بە جەماوەریی کردنی خەباتی خەڵکی کوردستان کرد. بەم جۆرە هەوەڵین کۆنفرانسی خۆ ئامادەکردن بۆ کۆنگرەی١۴ لە کاتێکدا بەڕێوە دەچوو کە سەرتاسەری شار و گوندەکانی کوردستان لەسەر داوای حیزب، هاوپێوەندیی میللی وخەباتگێڕانەیان لە گەڵ یەک نیشان دەدا. دیاردەیەک کە تەعەهودێکی ئەخلاقی و سیاسی بۆ هەموو تێکۆشەرانی حیزب و کۆنگرەی١۴ی حیزب دروست دەکا.

چاوەدێرە سیاسیەکان لە سەر ئەو بڕوایەن کە پاش ئەم ڕووداوە بزووتنەوەی کورد لە کوردستانی ئێران کەوتۆتە قۆناخێکی تازە. قۆناخی بەرین بوونەوەی خەبات و بە جەماوەری بوونی خەبات. قۆناخێک کە حیزبی دێموکڕات دەیەوێ هەموو هێزو و توانای خۆی و خەڵک و هێزەکانی دیکەی نێو بزووتنەوەش بۆ هەرچی باشتر سازماندان و ڕێبەری کردنی وەگەڕبخا. بەو پێ یە دەردەکەوێ کە کاری هەرە گەورەی کۆنگرەی 14 ئەوەیە کە تەشکیلاتی حیزب لە نێوخۆ و دەرەوە بۆ وەڵام دانەوە بەو ئەرکانە ئامادە بکا کە لەوبارەوە دەکەونە سەر شانی حیزب. لەوەش زیاتر چاوەدێرە سیاسیەکان پێ یان وایە کە یەکێک لە ئەرکە هەرە گرنگەکانی کۆنگرە ئەوە دەبێ کە کۆمەڵە سیاسەتێک داڕێژێ کە حیزبی دێموکڕات بە جۆرێک تەییار بکەن کە بتوانێ ئیبتیکاری پێکهێنانی هاوئاهەنگی و هاوکاریەکی نزیکتر لە نێوان هێز و لایەن و کەسایەتیە سیاسیەکانی نێو بزووتنەوە بەدەستەوە بگرێ.

ئێستا هەموو خەڵکی کوردستان چاوەڕێی ئاکامەکانی کۆنگرەن. ئەوان چاوەڕوانیان ئەوەیە کە تێکۆشەرانی حیزب بە هەست کردن بەو بەرپرسایەتیە گەورە کە لەسەر شانیانە، لە کۆنگرەی ١۴ دا لە عەقڵی دەستەجەمعی کەڵکوەرگرن و حیزبی دێموکڕات مەنزڵێکی دیکەش، بە ڕێگای دوور و درێژی خەبات بۆ ئازادی و دێموکراسی و مافە نەتەوایەتیەکانی خەڵکی کوردستاندا، بەرەو پێش بەرن.

دەزانین کە بەبێ ڕێزگرتن لەو بایەخ و نرخانە، لەو بایەخ و ئەسالەتانە کە بوونەتە ناسنامەی حیزبی دێموکڕات و حیزبی دێموکڕاتیان گەیاندۆتە ئێرە و لەو ڕێگا دوورو درێژەدا چرای ڕێ نیشادەرمان بوون. لە هەمان کاتیشدا بە بێ بە خۆداچوونەوە و خۆ هەڵسەنگاندنەوەی خۆمان و بەهاو نرخ و ئەسالەتەکانمان و سیاسەت و تاکتیکەکانمان، ناتوانین لە داهاتوودا بڕۆینە پێش و خۆمان و حیزبەکامان بەرینە ئاستی ئەوقۆناخە کە لە پێشمانە .

ئەوەش وەختێک دەتوانین بکەین کە پێش هەرشتێک وەفاداری و ئەمەگناسی خۆمان بەرامبەر بە نەسلەکانی پێشوتری حیزب و بزووتنەوە نیشاندەین. سەری ڕێز و کرنۆش بۆ زەحمەت و ماندوو بوون و تێکۆشان و خەباتی ئەوان دانوێنین . ئەوانەی وجودی خۆیان ، سەروەت وسامانی خۆیان، بیر و هێزو تەمەنی خۆیان بۆ بەرزکردنەوە و ڕاگرتن و بەرەوپێشبردنی ئاڵای خەباتی حیزب ڕاگرتوە. ئەوانەی لەو حیزبەدا شەهید بوون، هەر لە پێشەوای سەرقافڵەی شەهیدانمانەوە تا باقی شەهیدانی سەردەمی کۆمار، شەهیدانی قۆناخەکانی دواتری هێرشی ساواک بۆ سەر تەشکیلاتەکانی حیزب، شەهیدانی بزووتنەوەی ساڵەکانی ۴۶ و ۴۷ ، شەهیدانی خۆپێشانەکانی سەرەتاکانی شۆڕش و بەربەرەکانی قارەمانانەی شەڕی سێ مانگە، شەهیدانی شەڕی داسەپاوی کۆماری ئیسلامی بەسەر خەڵکی کوردستان و حیزب و بزووتنەوەکەماندا، شەهیدانی هێزی پێشمەرگەی کوردستان و هێزیی بەرگریی میللی و کۆمەڵانی خەڵکی بێ دیفاعی کوردستان، شەهیدانی نێو زیندانەکانی کۆنەپەرستی و شەهیدانی ماشێنی تیرۆر ی ڕێژیم لە کوردستانی عێراق ، تورکیە و لە وڵاتانی دیکە. لەوەش زیاتر پێویستە وەفاو ئەمگناسی خۆمان بەرامبەر بە هەموو ئەندامان و لایەنگران و تێکۆشەرانی حیزب دەربڕین کە لەو ڕێگا پیرۆزە دا زەحمەتیان کێشاوە، ئەوانەی کەم ئەندام بوون ، ئەوانەی ئازیزانیان لە دەستداون و ئەوانەی کە پشتیوانیان لە حیزب و تێکۆشەرانی حیزب و بنەماڵەکانیان کردوە.

بەڵێ لەسایەی ئەو فیداکاری وگیانبازیانەیە کە حیزبی ئێمە و خەباتی میللەتی ئێمە گەیشتۆتە ئێرە و بوونەتە جێگای هیوا و هومێد . حیزبیەکی تەشکیلاتی و دڵسۆز، ئەگەر وەفاو ئەمەگی بەرامبەر ئەو بەها بەرزانە و ئەو نەریتە خەباتگێڕانەیەیی حیزب نەبێت و ئەو وەفایەش لە کردار و ڕەفتاردا نیشان نەدا، ناتوانێ ئەو کاروانە بەرێتە پێش یا کۆمەگ بە بردنە پێشی ئەو خەباتە بکات یا دەتوانین بڵێین کە ناتوانێ لە گەڵ ئەو کاروانە بڕواتە پێش.

ئێستا کە حیزبەکەمان بەرەو شەست و سێهەمین ساڵی دامەزرانی خۆی دەڕوا، ئامانجەکانمان، لە جەوهەری خۆیاندا هەرئەو ئامانجانەن کە لە ڕۆژەکانی سەرەتای دامەزرانی حیزبدا ئامانجمان بوون. واتە دابین کردنی مافە نەتەوایەتیەکانی میللەتی کورد، ئازادی و دێموکڕاسی و عەداڵەتی کۆمەڵایەتی و ڕەفاە و سەعادەت و بەختەوەری بۆ ڕۆڵەکانی کوردستان. ئەوەتا ئەمڕۆش پاش بڕینی ئەو ڕێگا دوور و درێژە، پاش ئەو هەموو چونەپێش و سەرکەوتن و تێشکان و کەوتن و هەستانەوەیە، هەروا ئاڵای خەبات بۆ ئازادی و مافە نەتەوایەتیەکانی میللەتی کورد لە کوردستانی ئێران بەدەست حیزبەکەمانەوە دەشەکێتەوە و لە گەڵ خۆماندا بەرەوپێشی دەبەین.

ئێمە ناتوانین لە هەڵسەنگاندنەوەی ئەو ڕێگا دوورودرێژە کە بڕیومانە خۆ ببوێرین. ئاخر ئێمە عەزممان جەزم کردوە کە بڕۆینە پێش و ئەو خەباتە بگەیەنینە ترۆپکی ڕزگاری. ئێمە دەمانەوێت پێشڕەوی بکەین و ناما نەوێت لە جێگای خۆمان بوەستین، یا هەر بەو یا بەم شکڵ و شێوەی خەباتەوە بنوسێین. ئێمە نیشانمانداوە کە چەندە لە سەر ئامانج و پرنسیپە ستراتیژیەکانمان شێلگیر و سوورین، ئەوەندەش لە دۆزینەوە و ڕەچاو کردن و بەکارهێنانی میتۆدو ڕێگای جۆراو جۆر بۆ کار و خەبات بۆ گەیشتن بەوان، لێوەشاوەین.

مێژووی خەبات و تێکۆشانی حیزبی دێموکڕات و تێکۆشەرانی دێموکڕات بەشێکی گەورەی مێژووی هاوچەرخی میللەتەکەمانە و لە یەکتر جیا نا کرێنەوە. ئێستا کە دەمانەوێ نەریتی خەباتگێڕانەی حیزبەکەمان بۆ نەوەکانی ئەمڕۆ و سبەی کوردستان بگوێزینەوە، لەو خەباتەدا لەکوردستان دا بە تەنیا نین و هەموو خەڵکی کوردستان پشتیوانمانە. لەو ڕێگایەدا ئێمە

هەموو ئەو هێز و حیزب و کۆڕوکۆمەڵ و کەسایەتیانە بە هاورێ و هاوخەبات دەزانین کە بۆ ئازادی و دێموکڕاسی و مافە نەتەوایەتیەکانی گەڵی کورد خەبات دەکەن. بەرعۆدەبووین لە کۆنگرەی ١۴ی حیزبەکەماندا، هەموو تواناو ئیمکاناتی خۆمان بۆ یەکخستن و هاوئاهەنکردنی هێز و ئینێرژیەکانی نێو بزووتنەوەی کوردستان دەکارکەین و کۆسپەکانی سەر ڕێگای ئەو زەرورەتە تەخت کەین.
چاک تێگەیوین کە بۆ بەرین کردنەوەی خەبات بەدژی ئیستبدادی ڕەشی دینی و سەرکوت و زەبروزەنگی کۆماری ئیسلامی لە کوردستان، بۆ بە جەماوەری کردنی خەباتی کۆمەڵانی خەڵک، مەرجی هەرە سەرەکی ئەوەیە کە هێزەکانی نێو بزووتنەوەی کوردستان یەکخەین.
ئەوەش بەوە دەکرێ کە تێکۆشین لەسەر پلاتفۆرمێکی میللی ڕێکەوین. ئاستی هاوکاری و هاوئاهەنگی لە گەڵ یەکتر بەرینە سەرتر. ئەگەر لە جێ یەک ئیمکانی یەکگرتنی تەشکیلاتی هەیە کاری بۆبکەین. ئەگەر لە جێ یەک دەتوانین لە سەر بەرنامەیەکی هاوبەش ڕێککەوین درێخی لێ نەکەین. پێشمەرجی کار بۆ ئەو مەسەلەش بریتیە لە سازکردنی زەمینە و فەزا بۆ لێکحاڵی بوون و لێک تێگەیشتنی هێزو لایەنە سیاسیەکانی کوردستان.
کۆنگرەی ١۴ی حیزب، بە هەنگاو هەڵێنانەوە لەو ڕێگایەدا، دەیەوێت هەم خۆی پێناسەبکا و هەم زەمینەی بە جەماوەری کردنی خەبات پێک بێنێ.
ئێمە قاڵبووی مەیدانی خەبات وتێکۆشانین . هیچ هێزێک ناتوانێ ئیرادەی حیزبی ئێمە بۆ درێژەدانی خەبات و بەربەرەکانی و ڕێبەری کردنی خەباتی خەڵکی کورستان تێک بشکێنێ. بەو بڕوا و متمانە بەخۆبوونەوە و بە لەمەیدانی خەباتدا بوون خۆمان و حیزبەکەمان گەیشتوینەتە ئێرەو زیندو ماوین و زیندوش دەمێنین.

ڕێکەوتی : ١۴ی ژوئیەی ٢٠٠٨

## دیالۆگێکی دۆستانە سەبارەت بە دێموکراسی.

ب . لاجانی: بە کوردی و بە کورتی دێموکراسی مانای ئەوەیە کە ڕێز لە ویستی خەڵک و ئیرادەی خەڵک بگیردرێت. ویست و ئیرادەی خەڵکیش لە بردنە پێشی پرۆسەیەکی دێموکڕاتیکدا دێتەدی و خۆی دەنوێنێ کە خەڵک دەنگ بدەن و هەر کەسەش یەکدەنگی هەبێت. کاتێک ئێمە بەرامبەر دێموکراسی بەرعۆدە دەبین، مانای ئەوەیە کە بە شێوەیەکی ئاشتیخوازانە و دوور لە هەر چەشنە توندوتیژی نیشاندانێک، ویست و ئیرادەی زۆرایەتی تەنانەت ئەگەر بە پێچەوانەی دەنگ و ویستی خۆشمان بێت قبووڵ دەکەین. لە ڕاستیدا جەوهەری دێموکڕاسی ئەو مەسەلەیەیە. واتە چونە پێشی ویست و نەزەر و ئیرادەی زۆرایەتی.

م. مەجیدیان: مەبەستت ئەوەیە ئەگەر زۆرایەتیەک بڕیار بدات کە گروپێکی ئیتنیکی یا کەمایەتیەکی نەتەوەیی یا مەزهەبی لە نێو ببات، یا تەبعیزی پێ ڕەوا ببینێ، من دەبێت قبووڵی بکەم و پەیڕەوی لەو بڕیاەر بکەم و بە شداریش لە پیادەکردنی ئەو سیاسەتەدا بکەم؟

ب. لاجانی: نەخێر ! مەبەستی من ئەوە نیە. ئەوجۆرە کردەوانە، ئەو جۆرە سیاسەتانە بە گوێرەی یاسا و بە پێێ ڕێککەوتنننامە نێونەتەوەییەکان قەدەغەن. ئاخر هەندێک ماف و ئازادی هەن کە لە هیچ هەلومەرجێکدا وەرناگیردرێنەوە. مافی ژیان، ئازادی و مافی گەڕان بەدوای بەختەوەری و سەعادەتدا لەو شتانەن کە کۆڵەکەی دێموکڕاسین و بە مافی سرووشتی دادەنرێن و قانوون دەبێت دەستەبەریان بکات. دەنگدان ئەو مەسەلانە ناگرێتەوە. واتە ئەو مەسەلانە ناخرێنە دەنگ دانەوە. بەڵام دەبێت لەبیرمان بێت کە دەنگدان تەنیا کاناڵێکە کە لەوێدا دەتوانین بە دەنگی خۆمان تەئسیر لە سەر بڕیار و سیاسەت و پەسندکراوەکان دانێین. ئەگەر ئەوە نەکەین ئەوە مەیدان و ئیختیار دەدەین بە کاربەدەستان و دەستەڵاتدارەکان تا بڕیار بدەن و سیاسەتەکان داڕێژن.

م.مەجیدیان: جا مەگەر ئێستا ئەوە ناکەین؟ ئێمە ڕێبەرایەتی هەڵدەبژێرین و هەر کە هەڵمان بژارد ئیدی ئەوە دەستەڵاتی ئەوەی دەبێت یا ئیختیار و سەڵاحیەت بەخۆی دەدا کە بە ویستی خۆی بڕیاران بداو سیاسەت دانێ. لەوەش زیاتر تەنانەت زۆرجار بە پێچەوانەی ویستی زۆرایەتیش بڕیاران دەدا و خەڵک و زۆرایەتیش هیچیان بۆ ناچێتەسەر.
ب.لاجانی: بەڕێزتان مەسەلەکان لێک جیاناکەنەوە. دێموکڕاسی زۆر لەوە ئاڵۆزترە کە لە چاوخشاندنێکی سەرپێیدا دێتە بەر چاو. ئاخر کاتێک بە شێوەی دەنگدان و لە هەڵبژاردنێکی دێموکڕاتیکدا ڕێبەرایەتیەک هەڵدەبژێری، مانای ئەوەیە کە تۆ دەستەڵات و ئۆتۆریتەی پێ دەبەخشی تا لە جیاتی تۆ بڕیاڕ بدا و سیاسەت دانێ.
کاتێک ڕێبەرایەتی هەڵدەبژێری مانای ئەوەیە کە تۆ ئیعتیمادی ئەوەی پێدەکەی لەجیاتی تۆ سیاسەت دانێ و بە باشترین شێوە نوێنەرایەتی تۆ بکات. لەوەش زیاتر متمانەی ئەوەی پێدەکەی کە ئوسووڵ و یاسا و پرنسیپە دیاری کراوەکان وەبەرچاو دەگرێ و هەست بە بەرپرسایەتی بەرامبەر بە بیروڕای گشتی و ئەوکەسانە دەکات کە دەنگیان پێداوە و هەڵیان بژاردوە. جیا لە وەش لە ڕێبەرایەتیش دا سەبارەت بە بابەتەکانی جێگای باس دوای باس و خواسێکی زۆر، مەسەلەکان دەخرێنە دەنگدانەوە و بەم جۆرە دەنگیان بۆ وەردەگیرێ و دەبنە سیاسەت و بڕیار و پەسندکراو. ئەوەیە دێموکراسی و پرۆسەی سیاسەت دانان و بڕیاردانی دێموکڕاتیک.
م.مەجیدیان: بەڵام زۆر باس و بابەتی ئەوتۆ هەن کە ئیدی ڕێبەرایەتی ناتوانێ بڕیاریان لەسەربدا لەبەر ئەوەی زانیاری و شارەزایی لەسەریان نیە. ئاخر دونیای ئەمڕۆ ئاڵۆزە و پسپۆڕی و تەخەسووس لە هەموو بوارەکاندا، لە هەموو مەیدا نەکانی ژیان و کاردا قسەی یەکەم دەکات.
بۆیە هەندێک جار سەڵاحیەتی بڕیاردان و سیاست گوزاری دەبێت بدرێتە پسپۆڕان و شارەزایانی ئەو بوارە کە مەسەلەکە پێوەندیی پێوە هەیە. هەندێک مەسەلە بۆ ئەوە نابێ بخرینە دەنگدان و پێویستە بدرێنە کەسانی شارەزا و پسپۆر بۆ جێ بەجێ کردن. تەنانەت لە دێموکڕاسیش دا هەندێک کار دەبێت لە سەر ئەساسی زانست و تەخەسوس ڕاپەڕێنرێن نەک لە سەر

ئەساسی دەنگدان.

ب. لاجانی: لەو حەڵەتانەدا قسەی ئاخر قسەی پسپۆڕەکانە.

م.مەجیدیان: تاوێک لەمەوبەر وتت کە دێموکراسی یانی ڕێزدانان بۆ ویستی خەڵک و ئیرادەی زۆرایەتی. وای دانێین کە کۆمیتەیەک یا کۆمسیۆنێک حەوت ئەندامی هەن و لەسەر مەسەلەیەک دوای باس و موناقەشەیەکی زۆر دەکەونە دەنگدان. ئاکامی دەنگدانەکە ۴ لە بەرامبەر ۳ دا دەبێت. لەو حاڵەتەدا زۆرایەتی چیە؟ زۆرایەتی کامەیە؟ ویستی خەڵک چیە؟

ب.لاجانی: مەگەر من نەم گوت دێموکڕاسی ئاڵۆزە. هەر بەڕاستیش وایە و زۆر ئاڵۆزە.

م.مەجیدیان: نا تۆ وتت کە بە کوردی و بە کورتی دێموکراسی مانای ئەوەیە کە ڕێز لە ویستی خەڵک و ئیرادەی خەڵک بگیردرێت. ویست و ئیرادەی خەڵکیش لە بردنە پێشی پرۆسەیەکی دێموکڕاتیکدا دێتەدی و خۆی دەنوێنێ کە خەڵک دەنگ بدەن و هەر کەسەش یەکدەنگی هەبێت ودەگەکانیش هاوبایەخ بن.

ڕێکەوتی : ٨ی ژووئیەی ٢٠٠٨

## دێموکڕاسی، دیالۆگ، کێشە ، ئاشتبوونەوە.

### دێموکڕاسی

دێموکراسی بە شێوەی جۆراوجۆر لێکدەدرێتەوە. یەکێک لەو لێکدانەوانە ئەوەیە کە دەڵێ دێموکڕاسی بریتیە لە شێوە و فۆرمی حکوومەت کردن و ئیدارەکردنی وڵات. کەچی پسپۆڕو فەیلەسوفی دیکە هەن کە لەوە تێدەپەڕن و ماناو تێگەیشتن لە دێموکڕاسی بەرینتردەکەنەوە و دەڵێن دێموکڕاسی بریتیە لە شێوەی ژیان.

ڕاستیەکەی ئەوەیە کە دێموکڕاسی تەنیا هەر شێوەی حکومەتکردن، وەدەستهێنانی دەسەڵات و چۆنیەتی بڕیاردان و سیاسەتگوزاری نیە. دێموکراسی بریتیشە لەوە کە چۆن ڕەفتاردەکەی؟ بە چ جۆرێک هەڵسوکەوت دەکەی؟ چدەڵێی و چۆنیش قسەدەکەی؟ دێموکراسی شێوەی ڕەفتار وهەڵسان و دانیشتن و مێنتالیتەیە. دێموکراسی بریتە لەوە کە چۆن هەڵس وکەوت و ڕەفتار لە گەڵ کەسانی دیکە، لە گەڵ غەیری خۆمان دەکەین. چۆن گوێ دەگرین؟ چۆن ڕێگا بەکەسانی دیکە دەدەین قسەبکەن؟ چۆن وتا چ ئەندازەیەک تەحەمولی ئەونەزەرو بۆ چوونانە دەکەین کە لە گەڵ نەزەر و بۆ چوونەکانی ئێمە نایەنەوە؟. دێموکراسی بریتیە لە ڕێز و ئیحتیرام بۆ خۆمان وەک ئینسان ، بۆ ئەوانە کە لەگەلیان کار وژیان دەکەین. بۆئینسانەکانی دیکە. بۆ دەوروبەرمان.

دێموکراسی بریتیە لە دیتنی کەسانی دیکەش جیا لە خۆمان. تەنانەت ئەوانەش کە وەک من بیرناکەنەو وەک من بۆ مەسەلەکان ناچن. دێموکراسی بریتیە لەوە کەتوانای ئێمپاتیمان هەبێت. واتە بتوانین خۆمان لە جێی کەسانی دیکەش دانێین. بتوانین بە چاویلکەی کەسانی دیکەی جیا لە خۆشمان تەماشای دیاردەکان بکەین. دێموکراسی بریتیە لەوە کە زمان و وشەو ڕستە باکاربێنی بۆ دۆزینەوەی چارەسەری بۆ کێشەکان. دێموکڕاسی بریتیە لە دیالۆگ و پێکەوە دانیشتن و پێکەوەدوان بۆ دۆزینەوەی قازانج و بەرژەوەندیە گشتیەکانی ئەوکەسانەی پێکەوە دەژین و چارەنووسی هاوبەشیان هەیە. بریتیە لە کارکردن بۆ دابینکردنی خێری گشتی.

دێموکراسی شتێک نیە درووست کرابێ و ئیدی تەواو بووبێت. دێموکراسی بەردەوام لە حاڵی دەوڵەمەند بوون وپەرەسەندن و پێشکەوتن و بەرین بوونەوە و قووڵ بوونەوە دایە. دێموکڕاسی دەبێت فەتح بکرێ، بەکاربهێنرێ و تاقی بکرێتەوە و تەتبیق بدرێ و کەمووکوریەکانی چاک بکرێن و دیسان ودیسان سەر لەنوێ فەتح بکرێتەوە.

لە ئەسڵدا دێموکراسی وشەیەکی یۆنانیە و بەمانای دەستەڵاتی خەڵک دێ. دێمو واتە خەڵک و کراسییش واتە دەستەڵات یا ئیدارەو حکومەت. دەزانین کە دامەزراوە سیاسیەکانی یۆنانی قەدیم نەیانتوانی بمێننەوە، بەڵام بیرو ئیدەکانیان لە نێو نەچوون. ئەو بیروئیدانە خۆیان خزاندە کولتوری ڕۆمی ومەسیحیە وە. بەکاربران و تاقی کرانەوە. کاریان بۆکرا، پەلاماردران، دیفاعیان لێکراو بەرەبەرە جێگیرکران ولە سەدەی بیستەمدا سەقامگیرکران. کەواتە دێموکراسی وەک شێوەی حکومەت لە ڕاستی دا هەم زۆر قەدیمی یە و هەم نوێشە. تاقیکردنەوەیەکی مێژووییە و پێویستی بەوە هەیە فێری بین و بەکاریبێنین و بەرو پێشی بەرین.

بۆ ئەوەی دێموکراسی کاربکا و چەرخەکەی هەڵسوڕێ پێویستی بە هاووڵاتی چالاک، هەڵسوور وئاگا و ئاکتیو هەیە. بەڵام هاووڵاتی ئاگاو ئاکتیو تەنیا هەربەوە درووست نابێ کە لە کۆمەڵگایەکی دێموکراتی دا لە دایک بێت. مۆدێلێکی لەو چەشنە لە هاووڵاتی پێویستە پەروەردە بکرێ. لەوبارەوە ئەرکی هەرە گەورە دەکەوێتە سەرشانی مەدرەسە ومامۆستاکان. دێموکراسی پێویستە ببێتە پەروەردە. دەبێ فێری بین. ببێتە ژیانی ڕۆژانەمان. خۆ لە خۆڕا نیە لە وڵاتێکی وەک نۆروێژ لە قوتابخانەکان دا ئەو هەموو بایەخە بە بردنەسەری لێوەشاوەیی کۆمەڵایەتی قوتابییەکان دەدرێ.

لایەنێکی گرینگی دێموکڕاسی بریتیە لەو یاسا و ڕێسایانە کە پێوەندیان بە چۆنیەتی و پرۆسەی چوونە پێشی بڕیاردان و سیاسەتدانانەوە هەیە. بەڵام دەزانین کە بۆ ئەوەی سیاسەت دانان و بڕیاردان دیمۆکراتیک و درووست وحیسابی بێت، پێویستە هەندێک مەرج دەستەبەرکرابن. واتە پێویستە ئازادی بەیان و عەقیدە، ئازادی هات وچۆی زانیاری و دەست ڕاگەیشتن بە زانیاری، ئازادی دەنگدان و هەڵبژاردن، ئازادی پێکهێنانی کۆڕوکۆمەڵی سیاسی و سەندیکایی و ئازادی ڕێپێوان وخۆپێشاندان دەستەبەربکرێن. لەوەش زیاتر ئەوەیە کە پێویستە ئەمنیەتی قەزایی بۆ هەمووهاووڵاتیان دابین کرابێت.

دێموکراسی تەنیا هەر دەستەڵات و دەنگ وحاکمیەتی زۆرایەتی نیە.لایەنێکی زۆرگرینگی دێموکراسی بریتیە لە وەبەرچاوگرتنی مافی کەمایەتی و پاراستنی کەمایەتی و تەحەمولی کەمایەتی. بریتیە لە ڕێزدانان بۆ کەمایەتی وئەوانەی وەک زۆرایەتی بیرناکەنەوە و وەک زۆرایەتی ناچن. لە دێموکراسی دا کەمایەتی دەبێتە زۆرایەتی. زۆرایەتی دەبێتە کەمایەتی. دەستەڵات دەستاودست دەکرێ. ئۆپۆزیسیۆن دەچێتە پۆزیسۆن. ئەگەر سیستەمێک دەرفەت بەو ئاڵوگۆڕانە بە گوێرەی یاسا و بەشێوەیەکی دوورلە توندوتیژی نەدا

و میکانیزمیان بۆدەستەبەرنەکا، دێموکراسیەکەی ناتەواوە. ئەکسەریەت بە پێکەوە هەڵکردن لە گەڵ کەمایەتی دا وەک ئەکسەریەت دەمێنێتەوە. ئەقەلیەتیش تەنیا تا ئەوکاتە ئەقەلیەتە کە توانای ئەوە لەخۆی نیشاندا لە گەڵ زۆرایەتی بحەوێتەوە ومیکانیزمەکانی پێکەوەسازان وەبەرچاوبگرێ. چەندە ئەکسەریەت بەبێ کەمایەتی دەچێتە ژێرپرسیارەوە، ئەوەندەش کەمایەتی بێ زۆرایەتی دەچێتە ژێرپرسیار و قسەو هەڵوێستەکانی حەقانیەت لە دەست دەدەن. نە ئەکسەریەت و نە ئەقەلیەت مافی ئەوەیان نیە دێموکڕاسی تەعتیل بکەن.

پرۆفیسۆر بێرنت هاگتڤیست، مامۆستای نانسنسکولەن،کە ئەکادیمیەکە بۆ فێربوونی دێموکڕاسی و مافەکانی مرۆڤ لە نزیک شاری لیلە هامر لە نۆروێژ، لە یەکێک لە وانەکانیدا سەبارەت بە دێموکراسی دەڵێت دێموکڕاسی سیستەمی سازان و پێکەوە ژیان و وێک هەڵکردن و پێکهاتنە. ئەو دەڵێ دێموکڕاسی یانی کۆمپرۆمیس، یانی سازان لە گەڵ یەکتر. نێوەرۆکی دێموکراسی بریتیە لە وە کە ئینسانەکان هاوبایەخن و نرخی وەک یەکیان هەیە. بەوپێ یە هیچ کەس مافی ئەوەی نیە مرۆڤەکانی دیکە بەکەم بگرێ یا هەڵیان هاوێری. لە دێموکراسی دا ئەوانی دیکە وەک سەرچاوە و توانا بۆ خزمەتی گشتی سەیر دەکرێن نەک وەک کۆسپی سەر ڕێگای خێری گشتی. ناوبراو باس لە بەرانبەریی سیاسیی ئینسانەکان دەکا. لەوەش زیاتر لەسەر ئەوەپێ دادەگرێ کە دێموکڕاسی ئەوەیە کە مرۆڤەکان هەل و دەرفەتی وەک یەکیان بۆ پێک بێت. لێرەدایە کە مەسەلەی دەستەڵات دێتە گۆڕێ. دەستەڵات بریتیە لە وە کە تواناو دەرفەتمان بۆ بردنە پێشی ویستەکانمان هەبێت. توانا و دەرفەت بۆ ئەوەی داخوازەکانمان وەدیبێنین و مەبەست وقازانجەکانمان بەرینە پێش. کەواتە دەستەڵات ئەوەش دەگرێتەوە کە چەندە دەستمان بە سەرچاوەکان ڕادەگا. مەبەست لە سەرچاوەکان بریتیە لە پووڵ، زانست و زانیاری، پۆست ومەقامی ڕەسمی و پێگەی کۆمەڵایەتی و دەست ڕاگەیشتن بە شوێنەکانی بڕیاردان و..... ئەوانە هەموویان پێوەندی زۆر نزیکیان بە دەستەڵاتەوە هەیە.

دێموکڕاسی کەمووکوڕی تێدایە وەختێک دەبینین زۆربەی بڕیارەکان لە ناوەندەجۆراوجۆرەکانی بڕیاردان وسیاسەت گوزاری دا لە لایەن پیاوانەوە و تەنانەت بە بێ حزووری ژنان دەدەرێن. لە هەموو حیزبە کوردستانیەکاندا و لە حیزبی ئێمەشدا ڕادەی ژنان و بەشداریان لە ئۆرگانە بڕیاردەرەکان دا زۆر زۆر کەمە. بەوپێ یە دەتوانین بڵێین کە بڕیارەکانمان زۆرتر مۆرکی پیاوانەیان پێوەدیارە. کە ئەوە بۆخۆی وەبەرچاونەگرتنی دێموکڕاسی یە. لەبەرنامەی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێراندا پێ لەسەر ئەوەداگیراوە کە ژن وپیاو مافی وەک یەک وبەرامبەریان هەیە. بەرانبەریی ژن و پیاو بریتیە لە ئازادی و مافی وەک یەک بۆ بەشداری لە پرۆسەی بڕیارڕدان و بڕیارداندا. بریتیە لەوە کە ژن و پیاو دەستەڵات ونفووزی وەک یەکیان لە هەموو بوارە جۆراوجۆرەکانی ژیان وکار و خەبات دا هەبێت. وەک مووچەی وەک یەک بۆ کاری وەک. وەک دەرفەتی وەک یەک بۆ بەشداری لە کاروباری سیاسی و فەرهەنگی و کۆمەڵایەتی دا.

لەوەش زیاتر دێموکڕاسی بریتیە لە دابەشکردنی دەستەڵات ونفووز بە شێوەیەکی عادڵانە. لە کۆمەڵێکدا کە جیاوازیە کۆمەڵایەتی و ئابووریەکان زۆر و زەق و بەرچاون، دێمۆکڕاسی لە ڕاستی دا دەبێتە ڕواڵەتی و تەنانەت ڕەنگە بە پێچەوانەی بایەخەکانی خۆی کەڵکی لێوەرگیرێت. هەژارەکان و دەستکورتەکان خاوەنی ڕۆژنامە و ڕادیۆ و تەلەڤزیۆن و گۆڤار نین، توانای بەکرێگرتنی مێدیاکانیان نیە. دەستیان وە ڕاگەیەنە گشتیەکان ڕاناگا. دەستیان وە ناوەندەکانی بڕیاردان و ئەو ژووورە داخراوانە ڕاناگا کە بڕیاریان تێدا دەدرێ و سیاسەتگوزاریان تێدا دەکرێت. ئەوان خەمی گەورەیان ئەوەیە کە وەمێنن و منداڵەکانیان شەوانە بە برسیەتیەوە سەرنەنێنەوە. لەوەزعێکی ئاوادا دێموکڕاسی بۆ ئەوان دەبێتە چی؟ مافی وەک یەک بۆدەنگ دان و ئەوە کە هەموان مافی وەک یەکیان بۆ دەنگدان هەیە بە کردەوە دابین نابێت. ئەناتۆڵ فرانس بەتەوسەوە دەڵێ قانوون بۆ هەمووان وەک یەکە و کەس هەڵناوێرێ. سواڵ کردن لە ژێر پردەکانی پاریسێ دا بۆ هەموو کەس قەدەغەیە چ دەوڵەمەندو چ فەقیر.

باشە دەوڵەمەند بۆ سواڵێ دەکات؟ دەوڵەمەند چ پێویستیەکی بە سواڵ کردن هەیە تا قانوون لێی قەدەغە بکا؟

بەو جۆرە بۆمان دەردەکەوێت کە ئێمە هێشتا نەهاتووین دێموکڕاسی ئابووری و کۆمەڵایەتی بخەینە بەرباس. نەدیتن و پشتگوێخستنی ئەو لایەنە گرینگەی دێموکڕاسی تێگەیشتنی ئێمە لە دێموکڕاسی بەدەردی کوردەکانی کوردستانی عێراق دەڵێن سەقەت دەکا.

ئێستا مەسەلەیەکی دیکەش لەوبارەوە دەبێت بخەینە بەرباس. ئەویش ئەوەیە کە مەترسی و هەڕەشەی هەرە گەورە لەسەر دێموکراسی ، تەنانەت لە کۆمەڵگا دێموکراتەکانیش دا، بریتیە لە کەم ڕەغبەتی خەڵک واتە هاووڵاتیان بۆ بەشداری لە کاروباری سیاسیدا. لە کوردستانیش ئەوە دەبێت بە مەترسی لە قەڵەم بدرێ. دەبێت خەڵک لە کاروباری سیاسی دا بەشداری و دەخالەت بکەن و وەک هاووڵاتی ماف و ئەرک بۆ خۆیان قایل بن. لە ڕیزەکانی حیزبیش دا ئەندامانی حیزب پێویستە لە هەمووبوارەکانی ژیانی حیزب دا دەخالەت بکەن و شوێن دانێن. دیوارەکانیی قەڵای حیزبی دێموکڕات دەبێت هەموو خشت و بەردەکانی قەوی و پتەوبن تا خودی قەڵاکەش پتەوبێت. ئەوەش بەوە دەستەبەردەکرێت کە ئەندامانی حیزب و تێکۆشەرانی حیزب لە کاروباری حیزبی دا دەخالەت بکەن و فەزای دێموکڕاتی نێوحیزب بۆ شوێن دانان لە سەر سیاسە ت وهەڵوێستەکانی حیزب دەکاربکەن.

مۆبیلیزەکردنی هاووڵاتیان بۆ بەشداری لە کاروباری سیاسیدا بۆخۆی لایەنێکی گرینگی دێموکراسیە. کۆنترۆڵ کردنی نوێنەران لە لایەن ئەوکەسانە کە دەنگیان پێداون، مەسەلەیەکی دیکەی زۆر جدیە لە دێموکڕاسی دا.

دیارە پسپۆران لەسەر ئەو بڕوایەن کە ئەگەر لە لایەک ڕەغبەت بۆ دەخالەت و بەشداری لە کاروباری سیاسیدا لە نێو هاووڵاتیاندا لە کەمیی داوە، لە لایەکی دیکەوە دێموکڕاسی لە ڕێگای جۆراوجۆری دیکەوە بە هێزبووە. بۆ نموونە لە ڕێگای کۆنڤانسیۆن و پەیماننامە نیونەتەوەییەکان، لە ڕێگای بەشداری لە بزووتنەوە جۆراوجۆرەکان، لە ڕێگای درووستکردنی ڕایەڵکەکانی هاوپێوەندی و هاوکاری، چ لە ئاستی نێونەتەویی و چ لە ئاستی نەتەوەییدا ، لە ڕێگای هاتنەکایەی تکنۆلۆژی مۆدێرن و ڕاگەیەنە گشتیەکان. ئەوانە هەرکامیان بە نۆرەی خۆیان لەسەر بەهێزکردنی دێموکڕاسی شوێن دادەنێن.

دێموکڕاسی بریتیە لە وە کە هەرکەس خاوەنی دەنگە لە هەڵبژارتندا. بەڵام لە کردەوەدا ئەوانەی کیسەباخەڵەکەیان ئەستوورترە، دەنگی زۆرتر ونفووزی زۆرتریان هەیە. هێزی کڕین و توانای کڕین دەستەڵات دێنێ و دەستەڵات دەدات بەو کەسەی کە توانای کڕینی زۆری هەیە.

لە دێموکراسی دا مەسەلەی دەستەڵات زۆر گرنگە. کێ دەستەڵاتی بەدەستەوەیە؟ کێ دەستەڵاتی بەسەر پوڵەکاندا هەیە؟ ئەوە ئەو مەسەلانەن کە بەردەوام دەبێت باسیان لێ بکرێت. گرینگ ئەوەیە هاووڵاتیان پاسیو نەبن. تەئسیر دانێن و شوێن دانێن لەسەر سیاسەت و لە کاروباری کۆمەڵ دا بەشداربن. زۆر گرینگە لاوان فێربن سیاسەت بکەن و بەرامبەر مەسەلە جۆراوجۆرەکان بێ تەفاوەت نەبن.

لەڕاستیدا بیروبۆچوونی دێموکڕاتیک و ئیدەی دێموکڕاتیک نابنە هیچ ئەگەر کردەوەو ڕەفتار وسیاسەت وهەڵوێستی دێموکراتیکیان لی نەکەویتەوە. لە جێگایەک کە بایەخی ئینسانی ئینسانەکان وەبەرچاوناگیرێ، دێموکڕاسی نیە. لەهەرجێ یەک ئینسانەکان بە جیدی ناگیرێن، دێموکڕاسی لە گۆڕێدانیە. ئینسانەکان خۆیان، نەزەریان و ئەزموون و توانا و لێوەشاوەییەکانیان دەبێت ببینرێن و کەڵکیان لێوەرگیرێ و بە هێند بگیرردرێن. دەنا دێموکڕاسی فریو و کەڵەکە.
ئەوانەی کە دەکەونە بەر ئاکامی سیاسەت وبڕیارەکان، دەبێ لە داڕشتنی سیاسەت و بڕیارەکاندا نەزەرو بۆ چوونیان وەبەرچاوبگیرێ و تەنانەت نەخشیشیان هەبێت.
مەسەلەیەکی دیکەی ئەسڵی لە دێموکراسیدا بریتیە لە دیالۆگ و لێک تێگەیشتنی دوولایەنەو ڕیز وئیحترامی دوولایەنە. لە تەربیەتی حیزبی و تەشکیلاتیدا زۆر گرینگە ئەومەسەلەیە وەبەرچاوبگرین. دیالۆگ نەک بۆ یەکتر لە مەیدان دەرکردن، بەڵکو بۆ یارمەتی بە ڕوونبوونەوەی یەکتر. یارمەتی بە لێکنزیکبوونەوەو لە یەکتر فێربوون. یارمەتی بە چارەسەری کێشەکان.

## دیالۆگ

نیشانەیەکی بەرچاوی دێموکڕات بوون ئەوەیە کە ئایا تۆ ئامادەییت هەیە قسە و دیالۆگ لە گەڵ ئەوکەس ولایەنانە بکەی کە ناکۆکیت لە گەڵیانداهەیە؟ ئایا ئامادەی لە گەڵ ئەوکەس ولایەنانە دیالۆگ بکەی کە دەگەڵت هاودەنگ نین؟ ئایا ئامادەی تەنانەت لەسەر مەسەلە زۆر ئاڵۆز و پڕ گرێ و گۆڵەکانیش قسەوباس لە گەڵ موخالیفەکانت بکەی؟
کەواتە گرینگترین ئامڕاز و چەک و وەسیلەی بردنە پێشی دێموکڕاسی، دیالۆگ و باس و وتووێژە.
بۆ ئەوەی دیالۆگ درووست و سەرکەوتووبێت پێویستە لایەنەکانی دیالۆگ لە دڵەوە بیانەێ وکاربکەن بۆ تێگەیشتنی هاوبەش. گرینترین مەسەلە لە دیالۆگدا ئەوەیە کە ئەتۆ لایەنی بەرامبەرت بە هاوبایەخ لە قەڵەم دەی. ئەگەر ئەتۆ ئامادەبووی وەک لایەنی هاوبایەخ حیسابت بۆ کرد، ئەودەم ڕێزیشی لێدەگری.
لە دیالۆگدا هەوڵدان بۆ تێگەیشتن لە پارتنەرەکەت بەهەمان ئەندازە گرینگە کە هەوڵدەی پارتنەرەکەت لە تۆ حاڵی بێت. چەندە گرینگە قسەکانت بکەی ، ئەوەندەش گرینگە گوێ لە قسەکانی پارتنەرەکەت بگری. لە ڕێگای گوێگرتن لە تەرەفەوە زۆرلایەنی دیکەی مەسەلەکەمان بۆ دەردەکەوێ و ئەوەش هانمان دەدا جۆرێکی دی لەسەر مەسەلەکە بیر بیکەینەوە. ئەوە ڕەنگە بمان گەیەنێتە جێگایەک کە بۆمان دەرکەوێ هەڵەمان هەبووە و ئازایەتی ئەوەش پەیداکەین دان بە هەڵەکەماندا بێنین.
ئەوە کە پارتنەرەکەت چی لە دڵدایە هیچ بایەخێکی نیە ئەگەر گوێی لێ نەگرین. لە دیالۆگدا قسەدەکەین، بەڵگەی مەحکەم دێنینەوە ، گوێدەگرین و ڕەخنە لەخۆمان دەگرین و تەرەف ڕوون دەکەینەوە.
لەدیالۆگی جیدیدا مەبەست و بیر و ڕوانگەو بۆچوون و نەزەرەکانمان ناشارینەوە. ڕوون و ئاشکراو بێ پێچ وپەنا مەبەستەکانمان بۆ پارتنەرەکەمان دەردە برین. هەربەوجۆرەش ئەو نەزەر و بۆ چوونانەی پارتنەرەکەمان ڕەد دەکەینەوە کە قبووڵمان نین. بەڵام ئەوکارە بەشێوەیەک دەکەین کە زیان بە بایەخی ئینسانی و کەسایەتی ئینسانی پارتنەرەکەمان نەگەیەنین. ئێمە نەزەر و بۆچوونەکانی تەرەف دەدەینە بەر نەشتەری ڕەخنەو ڕوونکردنەوەو وئیستیدلال بەڵام ئینسانیەتی لێوەرناگرینەوە.

## کێشەکان

کێشە وهەبوونی کێشە بەشێکی جیانەکراوەی ژیانی ئینسان و کۆمەڵگای ئینسانیە. لە کۆمەڵگای هاوچەرخی ئێستادا کە هۆیەکانی پێوەندی گرتن وکۆمیونیکاسیۆن زۆرن و خەڵک زۆر وێک دەکەون، دەبێت چاوەڕوان بین کە کێشەش زۆربن. کێشەکان بیر و بۆچوون و خەیاڵمان وەکاردەخەن. هیزی خەللاقیەتمان تێدا درووست دەکەن. توانامان بۆ هاوکاری و هاوپێوەندی نیشاندان وەگەردەخەن.
لە یەک قسەدا کێشەکان لەزۆربەی حاڵەتەکان دا ژیانێکی پڕمانامان دەدنێ و مانا بە ژیان وکار وخەبات و تێکۆشانمان دەدەن. هەمووومان دیتوومانە لە کات و حاڵەتی هەبوونی کێشەکاندا هەست بە زیندووبوونی زیاتر دەکەین. بۆیە هێنانە بەرباسی کێشە بچکۆلەکان ، پێش بە سەرهەڵدانی قەیرانی گەورەدەگرێت. کەواتە ژیان بەبێ کێشە نیە و ناتوانین خۆمانیان لێ لادەین. بۆیە دەبێت فێربین بەشێوەیەکی درووست و ئوسووڵی و خەللاق کێشەکان ئیدارە و چارەسەربکەین.
لەوبارەوە ئیدی ئەمڕۆ خاوەنی ئەدەبیاتێکی زۆرین کە یارمەتیمان دەدات چۆن لە کێشەکان حاڵی بین و چۆن بۆ چارەسەرکردنیان هەنگاو هەڵگرین. کێشەکان دابەشدەکرێن بەسەر دەستەی جۆراوجۆردا. بۆنموونە کێشە لەسەر قازانج و بەرژەوەندی، کێشە لەسەر بایەخە ئاینی و سیاسی و ئیدەئۆلۆژیەکان، کێشە لەسەر دەستەڵات و نفووز و پرستیژ و پۆست و مەقام و هتد....
ئەوەش دەزانین کە چۆن کێشەکان گەورەدەبن و داگیرمان دەکەن. لەسەرەتادا بەشێوەیەکی ناخۆش لە گەڵ تەرەف قسەدەکەین. دواتر هەستی مەنفی جۆراوجۆرمان سەبارەت بە تەرەف تێدا درووست دەبێت. بەرەبەرە تەرەف هەرقسەیەک بکا بە خراپ لێی حاڵی دەبین یا خراپی تەرجومەدەکەین. ئیتر ئەسڵی کێشەکەمان لە بیر دەچێ، واتە ئەو شتە کە ناکۆکیمان لەسەری هەیە و خودی تەرەف دەبێتە مەسەلە وگیرووگرفت.
بەرەبەرە شتە وردەکانی ڕابردووش وەبیر دێنینەوەو و بەمجۆرە وێنەیەک لە دوژمن لە تەرەف بۆ خۆمان درووست دەکەین. ئیدی ڕووڵێک وەردەگێڕین، لێک لادەدەین ، لە نزیک یەک دانانیشین، هاتووچۆی یەکتر ناکەین. بەرەبەرە نەک قسە دەگەڵ یەک ناکەین، بەڵکو قسان لەسەر یەک یان بەدژی یەکتر دەکەین. بەمجۆرە فرشتەو شەیتان دەکەونە بەرامبەر یەک. تەرەف دەبێتە شەیتان و خۆشمان دەبینە فرشتە. جا لەوەش تێدەپەڕێ و دەکەوینە یارگیری و ئەوەی دەگەڵمان نیە و پشتیوانیمان لێناکا ئەوە دژمانە. بەرەبەرە کێشەکە قوڵدەبێتەوە و لە هەردوولا تووندڕەوەکان جڵەوی کار بەدەستەوە دەگرن و مۆدێڕاتەکان لە هەردوولا دەخرێنە پەراوێزەوە. بەمجۆرە کاردەکێشێتە توونددوتیژیی.
بەڵام ڕێگای ئەوەش هەیە کە بە شێوەیەکی درووست کێشەکان چارەسەرکەین. بۆ نموونە دەبێت سرنج بدەینە ئەسڵی کێشەکە نەک خودی تەرەفی کێشەکە. پێویستە توانا و زیرەکی ئەوەمان هەبێت قازانج و بەرژەوەندیەکانی تەرەف لە پشتی ئەو قسە و نەزەرانەوە دەستنیشان کەین کە دەریان دەبڕێت. پێویستە بە دیقەتەوە گوێی لێ بگرین. دەبێ ڕێگا بدەین تەرەف

هەستەکانی خۆی دەربڕێ. دەبێ جار جار لە ڕوانگەی تەرەفەوە سەیری کێشەکە بکەین. پێویستە سەیری پێشەوە بکەین و بۆ پێشەوە بڕوانین نەک بۆ دواوە.
باش ئەوەیە کە چارەسەرێک بدۆزینەوە کە هەردوولامان ڕازیبکات. بەرژەوەندیەکانی هەردوولا لە نەزەرگیرابن. نابێ هەڕەشەو ومەترسی بۆ تەرەف درووست کەین، دەبێت فەزایەک بخولقێنین کە تەرەف هاندا دان بە هەڵە و زیادەڕەوی و کارشکێنی و بێ ئوسوڵیەکانی خۆیدا بێنێ.

ئاشتبوونەوە

ئەگەر توانای سازان وئاشتبوونەوەمان نەبوایە، لە مێژبوو مرۆڤ لەسەر زەوەی براِبۆوە. بەبێ هەبوونی ئەوتوانایە، هەستی تۆڵەکردنەوە بەتەنیا دەیتوانی نەسلی ئینسان لە شەڕ و ڕق وتۆڵەسەندنەوەدا لە نێوببا. بەلام خۆشبەختانە توانای سازان وئاشتبوونەوە لە مرۆڤەکان دا زۆە زۆر بەە، هەستی تۆڵەکردنەوە بەتەنیا دەیتوانی نەسلی ئینسان لە شەڕ و ڕق وتۆڵەسەندنەوەدا لە نێوببا. بەلام خۆشبەختانە توانای سازان وئاشتبوونەوە لە مرۆڤەکان دا زۆر بەهێزترە لە هەستی تۆڵە و شەڕخوازی.
ئاشتبوونەوە بریتیە لە پێکەوە سازانەوەی ئەو کەسانەی لە گەڵ یەک ناکۆکی و شەڕ وکێشەیان هەبووە. بۆ ئەوەی ئاشتبوونەوە بڕواتە پێش دەبێت هەردوولا ئاشتبوونەوەیان بوێت. لایەنێک کە بە سیاسەت وهەنگاو و کار و کردەوەکانی فاسیلەکان زۆرتر دەکا، برینەکان قووڵتر دەکا، دیوارەکان بڵندتردەکا، خاڵە هاوبەشەکان تێکدەدا، پردەکان دەڕوخێنێ لایەنگری چارەسەری کێشەکان نیە. لە حاڵەتێکی ئاوادا هەنگاوە عەمەلیەکانی وەک کۆنگرە گرتن و... بە پێچەوانەی ئیدیعاکانن.
مەسەلەیەکی دیکە لە پێوەندی لە گەڵ ئاشتبوونەوەدا بریتیە لەوە کە لایەنەکان دەرد و ئازار و خەم و ژان فرمێسک وناسۆر و برینەکانی یەکتر دەرک بکەن. ئەو خەم و ژان و ئازارانە بە یەکتر دەرک کردن کەم دەبنەوە، ئەگینا دەبنە ڕق و تووڕەیی.
ئاشتبوونەوە وەختی دەوێ و پێویستی بە وەخت هەیە. ئاشتبوونەوە بە زۆری و زۆرەملی نابێ و ناڕواتە پێش. ئەگەر دەمانەوێ ئاشتبینەوە، دەبێ بمانەوێ و مایەش لەخۆمان دانێین. کە بمانەوێت ئاشتبینەوە دەبێت بڕۆینەوە بۆ مێژوو و بۆ ڕابردوو. ئەوەش بۆ ئەوەیە کە فێربین و لە لایەکی دیکەش بۆ ئەوەیە کە ڕووداوەکان قبووڵ کەین و بزانین بۆ وەزعەکە گەیوەتە ئێرە. بۆ ئەوەی مەسئولیەتەکان قبووڵ بکەین.
من مەبەستم ئەوە نیە کە ببینە ئەسیری ڕابردوو، ببینە کۆیلەی ڕووداوەکانی پێشتر، بەڵکو بۆ ئەوە کە دەرسیان لێوەرگرین. بە هەر حاڵ زۆر گرینگە کە ڕوو لە داهاتوو بین و لە داهاتوو دا بۆ خەباتی هاوبەش و ئامانجە هاوبەشەکان بگەڕێین. بۆ ئەو شتانە بگەڕێین کە دەتوانن وەسەریەکمان خەنەوە.
لە پرۆسەی ئاشتبوونەودا مەسەلەیەکی دیکە زۆر گرینگە. ئەویش بریتیە لە عەداڵەت. دەبێت عەداڵەت نەخرێتە ژێر پێ. ئەو کەس و لایەنە کە غەدری لێکراوە، دەبێت دەستنیشان بکرێت. ئەوەش لەبەر ئەوەنیە کە تۆڵە وەرگرێتەوە. لەبەر ئەوەیە کە ئەو غەدرەی لێی کراوە داگیری نەکات. تەنانەت وا باشە مەسئولیەتی هەرلایەکیشمان لە پێکهێنانی وەزعەکەدا دەستنیشان بکرێت. نەک بۆ ئەوە کە سزای کەسێک بدەین، بەڵکو بۆ ئەوەی جارێکی دیکە ئەوە نەکەینەوە. لە بیرمان بێت کە جیاوازی زۆرە لە نێوان کردار و بکەردا. کرداری خراپ خراپەو دەبێت دووری لێبکەین و مەحکومی بکەین. بەلام ئەو کەسەی کردەوەیەکی خراپی کرد، ئیدی خۆ نابێت بەو کردەوەوە بسوتێت. جیاوازی زۆرە لە نێوان دزی و دزدا.

دزی خراپە. بەلام یەکجار دز هەمیشە دز نیە.

ڕێکەوتی : ٢٦ی ژووئەنی ٢٠٠٨

## کاڵای سیاسی حیزبی ئێمە و بازاڕی کوردستانی ئێران ,

ئاورێک لە ڕاگەیاندنی حیزبی

حیزبی دێموکڕاتی کوردستانی ئێران لەنێو هێزە سیاسی یە ئێرانی و کوردستانی یەکاندا جێگایەکی تایبەتی و بەرچاوی هەیە. پێگەیەکی بەرینی کۆمەڵایەتی، پرستیژی بەرزی سیاسی، پتر لە نیو سەدە خەباتی بێ پسانەوە بۆ مافە نەتەوایەتیەکانی گەلی کورد، تێکۆشانی بێ وچان بۆ دێموکڕاسی و پلۆڕالیزم و بۆ لە نێو بردنی بێ عەداڵەتی کۆمەڵایەتی، تەنیا بەشێک لە ناسنامەی ئەو حیزبەن.
حیزبێکە کە ڕێکخراوەکانی ڕۆژانە لە سەرتاسەری کوردستان و بەشێک لە شارەکانی دیکەی وڵات و تەنانەت لەوڵاتە جۆراوجۆرەکانیشدا، کارو چالاکی و تێکۆشانی سیاسی و فەرهەنگی وکۆمەڵایەتی... بە ڕێوەدەبەن. کەچی سەرەڕای هەموو ئەوانە حیزبی ئێمە لە هەڵس وکەوتی ڕۆژانەی دا زۆر کەم ئیدیعایە. ڕاستیەکەی ئەوەیە کە بە شێکی بەرچاوی ئەو کارو چالاکی یە کە ڕێکخراوەکانی حیزب لە نێوخۆ و دەرەوە بە ڕێوەی دەبەن، بڵاو ناکرێتەوە و بە گوێی بیروڕای گشتی ناگا.
ئەوتایبەتمەندی یە لە کولتورێکی وەک کولتوری ئێمەدا کە کاری بێ هات و هاوار و بێ دەنگ نابینێ، بەجێ یە ڕێزی لێ بنرێت. بەلام دەبێ ئەو ڕاستی یەش ببینین کە سنگ فرەوانیی لە ڕادەبەدەر و خۆبەکەمگرتنی نابەجێش، زیا نی زۆر و قەرەبوونەکراوەی بەدواوەیە. هەربۆیە دەبێ لە بایەخ نە دان بە ڕاگەیاندنی حیزبی خۆببوێرین. ئاخر کاری باش و پۆزەتیڤ بایەخی خۆی هەیە وهەر بەو هۆیەشەوە دەبێ بە هێند بگیرێ. لە دونیایەک دا کە جارێ هێشتاش بە داخەوە پارسەنگی تەرازوو بە لای ستەم وبێ عەداڵەتی و کاری نا ئەرێنی دایە، زۆر ڕەوایە کە کارە با ش و بەکەڵکەکان و بایەخە بەرزەئینسانی یە کان پەرەیان پێ بدرێت. کار وخەباتێک کە کەس لێی ئاگادار نەبێت ، دیارە شوێنەواری کەمیشی لەسەر کۆمەڵگای کورستان دەبێ.

حیزبی ئێمە کە بۆ گۆڕینی کۆمەڵگای کوردستان و تەنانەت پێکهینانی ئاڵوگۆڕی قووڵ لە ئێرانیشدا تێدەکۆشێ، دەبێ بە باشترین شێوە پەیام وسیاسەت ودروشمەکانی خۆی بەمیللەتی کورد و میللەتانی دیکەی ئێران بگەیەنێ. تە شکیلاتی ئێمە کە لە نێو خۆو دەرەوە بزووتنەوەی خەڵکی کوردستان رێبەری دەکا، دەبێ ئەو خەباتەش بناسێنێ، ئیلهامی بداتێ و ئیلهامیشی لێوەرگرێ.

ڕاستە ڕۆژنامە و ڕادیۆ، ماڵپەری ئینترنێتی وتەنانەت بەخۆشیەوە ئەمرۆ دەزگای مۆدێرنی وەک تەلەوزیۆنیشمان هەیە. بەڵام بەوحاڵەش هەموو کار و چالاکیی ڕێکخراوەکانی حیزب بەوەخت و بە شێوەی پێویست بڵاو ناکرێتەوە. هەر ئەوئیمکاناتەی کەئێستا لە بەردەستی حیزبدایە، ئەگەر کەڵکی تەواوی لێوەرگیرێ دەتوانێ ئاکامی زۆر باش بەدەستەوە بدا.

لێرەدا ڕۆڵی ڕێکخراوەکانی حیزبی وەک هەموو زەمینەکانی دیکەی کاری حیزبی، بە جۆرێکی زەق و بەرچاو خۆی دەنوێنێ. کۆمیتە حیزبی یەکان و باقی ڕێکخراوەکانی دیکەی حیزب، ئەو جێگایانەن کە کار وبار وچالاکی وتێکۆشانی ڕۆژانەی حیزبیان تێداڕوودەدا. کۆمیتەکان وئەندامان ولایەنگرانی حیزب ڕەنگە بایەخ بە هەڵسووڕانی ڕۆژانەی خۆیان نەدەن وبەکەمی بگرن. بەڵام ڕاستیەکەی ئەوەیە کە چ لە نێوخۆی وڵات و چ لەوڵاتانی دەرەوە، ئەوەکاری ڕێکخراوەکانی حیزبە کە تێکڕاو سەرجەمی تێکۆشانی حیزب پێک دێنێ.

کاری حیزبی و ڕێکخراوەیی کارێکی بە کۆمەڵ و دەستەجەمعی یە. کاری دەستەجەمعیش لە فەرهەنگی ئێمەدا زەحمەت و دژوارە. بۆیە هەر ئەوە کە لەو هەل و مەرجە سەختەدا، کۆمەڵە کەسێک بە یە کەوە کاری سیاسی و خەبات گێڕانە دەکەن، بۆخۆی فەرهەنگی میللی ئێمە و ڕووحیەی خەباتگێڕانەمان دەباتە سەرێ و بڵاو کرانەوەی ئەو خەبەرانە کە پێوەندی یان بە کارو چالاکی کۆمیتەکانەوە هەیە، ڕاستەوخۆ یارمەتی بەو ڕەوتە دەکا.

لەوەش زیاتر حیزب بەو جۆرە کارو چالاکی یانەوە دەچێتە پێش و تاپتر بتوانێت پەرەیان پێ بدا، خۆی زیاتر دەباتەپێش و هێزو توانای بۆ کارو خەبات زۆرتردەبێت.

لە لایەکی دیکەوە ئێمە دەبێ ڕێی خەبات و تێکۆشان نیشانی خەڵک و لایەنگرانی حیزب بدەین. زۆرن ئەوانەی دەپرسن کە چۆن بتوانن خزمەت بکەن. ڕاگەیاندنی حیزبی لەو بارەوە دەتوانێ نەخشی کارساز و ببینێ و ببێتە ڕێنوێن و هاندەر بۆ گەشە پێدانی خەبات. بڵاو کردنەوەی هەواڵی کار وچالاکیەکانی حیزب، دەبێتە سەرچاوەی بزووتن و جووڵانی زیاتری خەڵکانی زۆرتر. بڵاو کردنەوەی هەواڵی کۆمیتە چالاکەکان، شوێنەوار لەسە کۆمیتە کەمتر چالاکەکان دادەنێ و وزەی کارو خەبات وەبەر ئەژنۆیان دەنێت. بەو جۆرە کۆمیتەو ڕێکخراوەکانی حیزب لێکتر فێردەبن ولەئاکامدا کارایی یان دەچێتە سەرتر.

هەربۆیە یەکێک لە ئەرکە بەرچاوەکانی کۆنگرەی۱۴ حیزب ئەوەیە کە گیروگرفت و کۆسپەکانی سەر ڕێگای گەشەکردنی ڕاگەیاندنی حیزبی لە بارەی فۆرم ونێوەرۆکەوە بخاتە بەرباس و بڕیاری پێویستی لەسەربدا. وەختی ئەوە هاتوە کە تکنۆلۆژی هاوچەرخ لە گەڵ سەرچاوە ئینسانیەکانی نێو ریزەکانی تەشکیلات و بزووتنەوە تێکەڵ بکرێن و کاڵای سیاسی و فکری حیزب زوو بگەیەننە بازاڕی کوردستان و ئێران و تەنانەت ناوچەش. ئەوە کە چ کاڵایەک بەرهەم دێنین و چۆنی بەستەبەندی دەکەین و چۆن دەیگەیەنینە بازار بایەخێکی زۆر گرینگی لەسەر چوونە پێش و مانەوە و سەرکەوتنی ئێمە هەیە . لەوبارەو مەسەلەیەکی دیکەش دەبێ بە هێند بگرین. ئەو کەسانەی کاڵاکانی بەرهەمهێنراوی ئێمە مەسرەف دەکەن و لێمان دەکڕن، حەقی ئەوەشیان هەیە کە نەزەر و بۆچوون و خواست و سەلیقەکانیان لەبەر چاوبگیردرێن و لە پرۆسەی بەرهەمهێنان و سازکردنی کاڵاکاندا دەخالەت بکەن. بەوە دەڵین دێموکراسی مەسرەفکەران.

حیزبی ئێمە حیزبی میللەتی کوردە لە کوردستانی ئێران و کاڵای سیاسی خۆی بۆ ئەو بازارە بەرهەم دێنێ، هەر بۆیە زۆریش بە جێی یە خواست و ویست و ئومێد و ئارەزووەکانی میللەت لەبەرچاوبگرین. لە ڕاستی دا نێوەرۆکی سیاسەتەکانی ئێمە دەبێت ئەوەبێت. لێرەدایە کە ڕاگەیاندنی حیزبی لە شکڵی ڕاگەیاندنی یەکلایەنە دێتەدەر و دەبێتە کۆمیونیکاسیۆن و توانای پێوەندی گرتن لە گەڵ ژینگەی دەوروبەر. ئەوەش بەنۆرەی خۆی داهاتوی حیزب و مەقبوولیەتی حیزب و توانای حیزب بۆ ژیان و تەنانەت کێبەرکێش، کە شتێکی ئاساییە لە بازاردا دەستەبەردەکا. . تا زۆرتر وشە و وێنەو وتە بەسەر میللەتدا ببارێنین، شوێنەواری زۆرتر دادەنێین و کاڵا سیاسیە کانمان لە بازاڕدا ڕەونەقی زۆرتریان دەبێت.

چالاکبوونی زیاتری ڕاگایاندنی حیزبی، ئیدی ئێستا یەکێ لە ئامانجە بنەرەتیەکانی کارو هەڵسووڕانی سیاسی و ڕێکخراوەیی ئێمەیە. وەڵامدانەوە بە داواکانی بەشی راگایاندنی حیزب کارێکی زۆر سە خت ودژوارنیە و پێویستیشی بە میکانیزمێکی ئاڵۆز نیە. تەنیا ئەوەی دەوێ کە کۆمیتە ورێکخراوەکان کەسانی لێوەشاوە وشارەزا بۆ ڕاپەڕاندنی ئەرکی ڕاگەیاندنی خۆیان دیاری کەن و ئیمکاناتی پێویستیشیان بۆ تەرخان کەن. گرینگ ئەوەیە کە بەوەخت و لە فۆرم وناوەرۆکیکی دروستدا، هەواڵی کار وچالاکی یەکان بگەنە شوێنی خۆیان و بایەخی خەبەری خۆیان لە دەست نەدەن. شاراوە نیە کە ئەمرۆ ئیمکانی ڕاگەیاندنی هەواڵ و باراندنی وێنە و وشە ودەنگ و تێکستە ئاوێتەکان بە چەشنێکی بێ وێنە لە گۆڕێ دایەو تەنیا کار وحەوسەلەو زەوق وهیممەتی دەوێ..

لە هەل ومەرجی ئێستادا کە بزووتنەوە ئیعترازیەکانی خەڵک بە چەشنێکی بێ وێنە پەرەیان گرتوەو و چاوەروان دەکرێ کە لە مانگ و وەرزەکانی داهاتوودا،خەڵک پتر تەنگ بە ڕێژیم هەڵچنن، بڵاوکردنەوەو ناساندنی خەبات و بەربەرەکانیی میللەت و ڕێکخراوە مەدەنی یەکان و چالاکانی مەدەنی و سیاسی، ڕاست بە ئەندازەی خەباتەکە بایەخی هەیە.

حیزبی ئێمە لە خەبات وبەربەرەکانیی کۆمەڵانی خەڵکدا ڕۆڵی کارساز و بنیات نەری هەیە. بێ گوومان لە ڕەوتی ئاڵوگۆڕەسیاسی یەکانی داهاتوودا ، بە سەدان هەزار و بگرە بە ملیۆن کەس، لە سیاسەت و ڕوانگەو دروشمەکانی ئێمە تەئسیر وەردەگرن. سیاسەتەکانی ئێمە ، دروشمەکانی ئێمە، بیرو هزری سیاسی و بەرنامەی حیزبی ئێمە، ئازادیخوازانە و پێشکەوتنخوازانەن و ڕێگا چارەی گیرو گرفتە کانی ئێران و میللەتی کوردستانیان تێدا دەست نیشان کراوە. هەر بۆیە ئەگەر پەیامی ئێمە بە چاکی و بە وەخت بگاتە کۆمەڵانی خەڵک، بێ گوومان وەردەگیرێ و دەبێتە سەر چاوەی خەبات وبەربەرەکانی زۆرتر. لێرەدایە کە بایە خی ڕاگایاندنی حیزبی چ لەئاستی کۆمیتەو ڕێکخراوەکانی حیزب دا وچ لە ئاستی ئۆرگانەکانی سەرەوەی ڕێبەرایەتی حیزبدا زۆرتر دەردەکەوێت.

بەو هیوایەی کۆنگرەی۱۴حیزب ڕاگەیاندنی حیزبی و کەموکوڕی و کۆسپەکانی سەرێگای گەشەکردنی بخاتە بەرباس و ڕێنوێنی و ڕاسپاردەی پێویست بۆ دەوڵەمەندکردن و بەهێزکردنی بە ئۆرگانە بەرپرس و پێوەندی دارەکان بدا.

ڕێکەوتی : ۱۶ی ژووئەنی ۲۰۰۸

## وەڵام بە بانگەوازی زەمان

ڕوو لە هەرکوێ دەکەی باس باسی یەکیەتی ،هاوکاری ، ڕێککەوتن ، پێکەوە کارکردن و دۆستایەتی و دیالۆگ و باس وخواسی لەو جۆرەیە. پاش ئەو پرش وبڵاویە کە لە نێو ریزەکانی ئۆپۆزسیۆنی کوردستانی دا لەو یەک دوو ساڵەی رابردودا بینراوە، ئەو دیاردەیە بۆخۆی شتێکی ئەرێنی یە و دەبێت پێشوازی لێ بکرێت. بەڵام لەوە گرنگتر ئەوەیە کە بۆ ئەوەی ئەو ڕەوتە برواتە پێش و بە نیوەچڵی نەمێنێتەوە دەبێت چوارچێوەو و ئوسوڵی بۆ دابنرێت. یەکگرتن زۆر باشە. ئەگەر نەمانتوانی یەک بگرین، با ئیئتلاف بکەین. خۆ ئەگەر ناتوانین ئیئتلافیش بکەین، دەکری هاوکاری لە گەڵ یەک بکەین. خۆ ئەگەر ئەوەش ناکرێ، با لەسەر هەندێک ئوسووڵ و ڕێوشوێن و پرینسیپ لە گەڵ یەک رێککەوتن بکەین. دەبێ بگوترێ کە هیچ کام لەو جۆرە پێوەندی یانە بێ مەرج نین. کەواتە بە جێ یە لێرە دا مانای هەرکا م لەو زاراوانە ڕوونکەینەوە.

یەکیەتی یا یەکگرتن بە مانای بوونە یەک دێ. واتە ئەوهێزانەی لە حاڵەتێکی وادا یەکدەگرن دەبن بە یەک و لە یەکتردا دەتوێنەوە. ئەوە کاتێک ڕوودەدا کە ئەو لا یەنانەی دەیانەوێ یەکبگرن، گیروگرفت و تەنگ و چەڵەمەیەکی گەورەیان لە نێواندا نیە و دێن هەندێک ڕێوشوێن و ئوسووڵ بۆ یەکگرتنەکە دادەنێن و دەست دەکەن بە جێ بەجێ کردنی. ئەوە لەڕاستی دا سەختترین و دژوارترین جۆری ڕێککەوتنە و لە نێوان هێزە گەورەو سەرەکیەکاندا کارێکی لەو جۆرە زۆر مەحاڵە و بەدەگمەن ڕوودەدا.

ئیئتلافی سیاسی لە نێوان ئەو هێزو لایەنانەدا پێک دێ کە ناکۆکی و ئیختلافی گرینگ یان لە گەڵ یەکتر هەیە، بەڵام لەسەر هەندێک مەسەلەی دیاری کراو و ڕوون و سنووردار پێکەوە بە تەوافوق دەگەن. لەو حاڵەتەدا هاوکاری نێوان لایەن و هێزەکانی نێو ئیئتلافەکە بە هەندێک شەرت و مەرجەوە بەستراوەتەوە. لەوەش زیاتر بۆ ماوەیەکی کاتی و دیاری کراوە و تەنیا هەر ئەو مەسەلانە دەگرێتەوە کە لە پێش دا پێکەوە لەسەریان پێک گەیشتوون.

هاوکاریش لە پێوەندی لەگەڵ بەڕێوەبردنی هەندێک بەرنامە و ئاکسیۆن و خۆپێشاندان و کاری لەو جۆرەدا لە ئاستی لۆکاڵ و محەللی دا ، لە نێوان لایەن و هێزە جیاجیا کاندا پێک دێ. بۆ هاوکاریەکی لەو چەشنە هەبوونی خاڵی هاوبەش لە نێوان ئەو لایەنانەدا کە هاوکاری پێکەوە دەکەن ، زۆر پێویست نیە.

ڕێککەوتن بریتیە لە تەوافوق کردن لە سەر هەندێک ئوسووڵ و پرنسیپ ، لە نێوان ئەو هێزو لایەنانەدا کە ناکۆکی و ناتەبایی ریشەیی و قوڵیان لە گەڵ یەک هەیە و ناتوانن ناکۆکی یەکانی نێوانیان لابەرن. ئەولایەنانە یا ئەو کەسانە دێن لەسەر هەندێک خاڵ ڕێک دەکەون و ڕێوشوێنێ یاریەکە وەبەرچاودەگرن و ڕێز لە مافەکانی یەکتر دەگرن.

دەبینین کە لە هیچ کام لەو حاڵەتانەدا مەسەلەکە هێندەش ئاسان نیە. دەبێ سرنج بدەین کە ئەوە کێ یەو بە چ مەبەستێک داوای یەکگرتن یا هاوکاری، ئیئتلاف ، ڕیککەوتن، وێکرابوون ، پێکەوەبوون و پێک گەیشتن دەکا.

ئاخر ئەمڕو حیزب و سازمان و تاقمی بچکۆلەو تەنانەت یەک نە فەریش هەن کە زۆتر حزووری پاڵتاکی و ماڵپەڕیی یان هەیە و پیاو حەق بلّێ زۆریش داوای یەکیەتی دەکەن و سەروبنی قسەکانیان باسی یەکیەتی و برایەتی و پێکەوەبوونە.

دەستە و تاقمی واهەن کە لەمێژە هەوڵ دەدەن ببنە هێز بەڵام نەبوون بە هێزو تەنانەت ئەندام ولایەنگرانی ساڵانی رابردووشیان لەدەست داون. ئێستا مانەوەی خۆیان و چارەی بێ داهاتوویی خۆیان لە درووست کردنی بەرەو ڕێکەوتن و هاوکاری و ئیئتیلاف کردن لە گەڵ هێزەکانی دیکە دا دەبینن. دیارە کەس و شەخسیەتی واش هەن کە دەیانەوێت لە گەڵ حیزب و ڕێکخراوە سیاسیەکان ڕێککەون.

دەکرێ بپرسین کە ڕێکەوتن و هاوکاری و ئیئتلاف لە گەڵ ئەوانە چ قازانجێک بە حیزبی ئێمەو و لەوەش زیاتر بە بزووتنەوەی کوردستان دەگەیەنێ؟ ئەو ڕێکەوتن و لێکنزیک بوونەوانە تەنیا ئەودەم قازانجیان هەیە کە هێزێکی زۆرتر لەوەی ئێستا هەیە، بخەنە خزمەت ،خەباتەوە و گەشەی زیاتر بە بزووتنەوە بدەن.

حیزبی دێموکرات بۆ ئەوەی بتوانێ ریسالەتی خۆی بەڕێوەبەرێ و نەخشی خۆی بە لێوەشاوەیی یەوە بگێرێ، لە گەڵ ئەوەدا کە هەرئێستا زۆر گەورەیە ، پێویستە زۆر لەوەش گەورەتربێت. باسی دێموکراسی دەکەین. ئاخر دێموکراسی بە بێ هەبوونی حیزب و ئەویش چەند حیزبی گەورە مانای نیە.حیزب بۆ ئەوەی تەئسیری لەسەر کۆمەڵ هەبێت ، دەبێ پایەگای جەماوەری و کۆمەڵایەتی بەرینی هەبێت. بۆیە ڕێککەوتن و هاوکاری و بەرەو ئیئتلاف لە گەڵ حیزب و کەسایەتیە پاڵتاکی و بێ جەماوەرەکان، ڕەوتی ئەتۆمیزەبوونی سیاسەت لە کوردستان تەشویق دەکات و بە قازانجی بزووتنەوەی کوردستان نیە.

زۆرن ئەوانەی حەزدەکەن ناوی ڕێبەر و سکرتێرو سەرۆک و شتی لەو بابەتەیان لەسەربێ یا وێنەو ناویان لە پەنا وێنەو ناوی سەرۆک و ڕێبەران بڵاو بێتەوە. با شە ئەوانە ئەگەر هێندەیان عیلاقە بە یەکیەتی و یەکگرتن و هاوکار ی هەیەو بیر لە قازانج و بەرژەوەندی خۆیان ناکەنەوە، بۆ لە نێوخۆیاندا یەکناگرن تا لانی کەم ببنە هێز. خۆ هەندێکیان لە باری سیاسی و بەرنامەیشەوە ناکۆکی یان نیە.

سازمان و ڕێکخراوی واش هەن جارێ هەر لە ئەشکەوتی کەهفی دەورانی شەڕی ساردا دەژین و لە خەوی زستانە وەخەبەر نەهاتوونە و نە کەسیان قبووڵەو نە بەو بیرو بیچمەوە، لە کۆمەڵگای کوردستان دا داهاتوویەکیان هەیە. بۆیە کاری هاوبەش و هاوکاریش لە گەڵ ئەوانە هەربۆ قسەلێ کردنیش نابێت. مەگەر ڕۆژێک بێن و واقعیەتەکانی کۆمەڵگای کوردستان دەرک کەن. ئەوانە دەبێت یارمەتیان بدرێ لەو ئەشکەوتی کەهفە بێنەدەر و خۆیان هاوچەرخ بکەن.

هەروک دەبینین مەیدانەکە بۆ کاری پێکەوە زۆر کەمە حیزب ناتوانێ هەرکەس هات وبە خۆی گووت حیزب و سازمان، لە گەڵی بەرەو ئیئتلاف درووست کات.. حیزبی دێمۆکراتی کوردستانی ئێران ،ئەگەر بیهەوێت ناو و ئیعتباری خۆی ڕاگرێت، ناتوانێ لە گەڵ ئەفرادی تاک ڕێککەوێت. یەکیەتی حیزبێک لە گەڵ ئەفرادیش زۆر بێ مانا دێتە بەر چاو.

### ئەی چیبکەین؟

حیزبی ئێمە لە پێشدا دەبێت لە ئاستی سەرێ دا لە گەڵ حیزب و سازمانە گرنگەکانی سەر گۆڕەپانی خەباتی کوردستان کە ژمارەیان زۆر کەمە، لەسەر هەندێک پرنسیپ، کە نە کەوێتە دەرەوەی ئەسڵە بنەرەتیەکانی سیاسەت و پەسندکراوەکانی حیزب، ڕێک کەوێت. ئەوە بۆ حیزبی ئێمە سترٍاتیژیەکی درێژخایەنەو سەرەنجام هەم ئێمەو هەم باقی هێزە سەرەکیەکانی دیکەی

کوردستان دەبێت بگەینە ئەو قەناعەتە کە لە کوردستان دا ، بە هەموو ناکۆکی یە کانمانەوە، پێکەوە بە ئاشتی بژین و لەسەر هەندێک ڕێوشوێن و ڕێسا ڕێک کەین و قەواعیدی یاریەکی لەو چەشنەش وەبەرچاوبگرین. هەر ئێستا حیزبی ئێمە لەو بوارەدا کاردەکات و هەوڵ و کۆششەکانی خۆی لە داهاتوشدا لەو پێوەندیەدا زۆرتر دەکات. هیوادارین لایەنەکانی دیکەش لەوبارەوە یارمەتیمان بدەن . ئەوە ئەرکی حیزبی ئێمەیە بۆ ڕەواندنەوەی ئەو هەوری بێ ئیعتیمادیە تێبکۆشێ کە ئاسمانی سیاسەتی کوردستانی ئێرانی داگرتوە. کۆنگرەی ١۴ دەبێ لەوبارەوە وەڵام بە بانگەوازی زەمان بداتەوە.

لە لایەکی دیکەشەوە ئێمە ئەندامان و لایەنگرانی خۆمان هاندەدەین کە لە گەڵ کەسانی دیکەی سەربەخۆ و جیابیر و سەر بەلایەن و سازمانەکانی دیکە خەباتگێریش، بۆ باشترکردنی فەزای سیاسی لە کوردستان، لە کۆمیتەو ئەنجومەن و کۆڕوکۆمەڵی ئەدەبی و فەرهەنگی و مەدەنی و حقووقی بەشەری دا، هاوکاری بکەن .

لە لایەکی دیکەشەوە کۆمیتەو هەستەو ڕێکخراوەکانی حیزبیش ، لە ئاستی لۆکاڵ و محەللی کارو تێکۆشانیاندا، بۆ بەڕێوەبردنی ئاکسیۆن و خۆ پێشان دان و جەژن و ڕێورەسمی جۆراوجۆر، دەبێت هاوکاری لە گەڵ لایەنەکانی دیکەی سەرتاسەری و کوردستانی دا بکەن.

بەڵام هەموو ئەوکارانە دەبێت لە چوارچێوەی ئینزبات و دیسپلین و ئەساسنامەی حیزب دابێت.

دەبێت بە دیقەت و سەرنجێکی زۆرەوە ڕەفتار بکەین. هەمیشە مەترسی ئەوە هەیە کە کۆمیتەکانی هاوکاری کە بۆ کار و ئاکسیۆنە هاوبەشەکان پێک دێن، ببنە مەیدانی خۆ دەرخستنی کەسانی هەلپەرست و ئەوتۆ کە بەنیازی خزمەت نایەن و زۆرتر مەبەستی دیکەیان هەیە. نابێت هەرکەس هات و لەو کۆمیتانەدا قیت بۆوە ئێمە لەگەڵی دانیشین. هەر چەشنە کۆمیتەیەک کە بۆ بەڕیوەبردنی ئاکسیۆن و خۆ پێشاندانێک درووست دەبێت، دەبێت ئیعتباری هەبێت و لە کەسانی خاوەن ئیعتبار پێک بێ. هاوڕێ یانی ئێمە ئیجازەیان نیە بە کارکردن لە گەڵ کەسانێک کە ئیعتباری سیاسی یان نیە ، پرستیژی حیزب بخەنە مەترسیەوە. کردنەوەی دەرگا بە ڕووی هەر هەلپەرستێک دا ، لە ڕاستی دا زیان لە کاری هاوپێوەندی و هاوکاری دەدا.

بەڵام ئەوەش نابێت وامان لێ بکات کە لەوسەری بانەکەوە بەربینەوە و جگە لە خۆمان کەسمان قبووڵ نەبێت. ئێمە پێویستە ڕووحیەی دواکەوتوانەی عەشیرەتی لە خۆماندا بکوژین، تەنانەت دەمارگرژی حیزبیش. ئێمە دەبێ فێربین وەک هاووڵاتی خاوەن ماف و کەسایەتی لە گەڵ یەک رەفتاربکەین. دەبێ یەکترمان نەک وەک خزم و تایفەو و هاو ڕەچەڵەک ، بەڵکو وەک هاووڵاتی قبووڵ بێت.

بەڵام وەک هاووڵاتی دەبێت تێکۆشین حیزبەکەمان بە هێزو خاوەن ئینزباتی تەشکیلاتی و سیاسی بێت.

هاوکاری و هاوڕێی و هاوکردەوەیی لە گەڵ جیا بیران نابێت ببێتە هۆی لاوازکردنی حیزب. تەنانەت کاتێک کە وەک خۆشمان لە گەڵ جیابیران دەچینە ناو ئەنجومەن و کۆڕوکۆمەڵێک ، دەبێت بیر لە قازانج و بەرژەوەندیەکانی حیزب بکەینەوە.

مەسەلەیەکی دیکە ئەوەیە کە ئەگەر کۆمیتەو ڕێکخراوەکانی ئێمە لە جێ یەک لە ئاکسێۆن وخۆپێشاندا نێکدا بەشدار دەبن، تا ئەوجێ یەی دەکرێ دەبێت دروشمی سەرەکی و سەمبۆلەکانی حیزب هەڵگرن .

ئێمە لە هیچ کۆروکۆبوونەوە و خۆ پێشانداان و ئاکسیۆنێکی هاوبەشدا بەشدارنابین کە نەتوانین نیشان بدەین ئێمە کێین و چمان دەوێ. ئەگەر لە جێ یەک شتی وا قبووڵ کەین دەبێت لە پێشدا لە کۆمیتەی ئامادەکاریدا باسکرابێت و بەرژەوەندی گەورە و گشتی لە گۆڕێ دابێ ورێکخراوە خارجی و نێونەتەوەیی یەکان لە نێو دابن و ڕەسمەن داوای هاوکاریەکی لەوچەشنەیان لە حیزب کردبێ و ئۆرگانە سەلاحیەت دارەکا نی حیزبیش ڕەزامەندیان نیشاندابێت.

ڕێکەوتی : ٩ی ژووئەنی ٢٠٠٨

## خەباتی دەروون حیزبی،

بەنزیکبوونەوەی کاتی بەستنی کۆنگرەی ١۴ وخۆئامادەکرنی ڕێکخراوەکانی حیزب بۆ گرتنی کۆنفرانسەکانی پێش کۆنگرە، وەک هەمیشە سەرتاسەری تەشکیلاتی حیزب دەبێتە وۆرکشۆپێکی گەورەو بەرین بۆ باس ولێدوان لەسەر ئەو مەسەلە سیاسی و حیزبی وتەشکیلاتی یانەی کە بەجۆرێک پێوەندیان بە خەباتی حیزب وبزووتنەوەی کوردستان وسەرتاسەریەوە هەیە.

لەحاڵەتێکی ئاوادا سروشتیە کە خەباتی نێوخۆی حیزبیش لە نێو لایەنگرانی بۆچوون وپرۆگرام وپرۆژە جۆراوجۆرەکان دا پەرەدەگرێ.

لە حیزبی دێموکرات د ا کە دێموکڕاسی هەمیشە مەسەلەیەکی گرنگ بووەو دەیەوێ دێموکڕاسی لەخۆی ڕا دەست پێ بکات، ئەو جۆرە ململانێ دەروون تەشکیلاتیە لە سەروبەندی گیرانی کۆنگرەکاندا، شتێکی چاوەڕوانکراو و مایەی زیندوو بوون و چوونە پێش و گەشەسەندن وپوختەبوونی حیزبە.

خۆلەخۆڕانیە کە زۆرجار لەکۆنگرەکانی حیزبی ئێمەدا بەشێک لە کادرەکانی ڕێبەرایەتی حیزب جێگای خۆیان بۆ کەسانی دیکە دەبێ بەجێ بێڵن. لەوەش زیاتر لە کۆنگرەکانی ئێمەدا جاری وابوە تەنانەت سکرتێریشمان گۆڕیوە. زۆر جار وابووە کە ئاڵووگۆڕی گەورەشمان بەسەر بەرنامەی کارو تەنانەت شێوەکانی خاباتیشماندا هێناوە. ئەوەنیشانەی هەبوونی ئەو دێموکراسی یە دەرروون حیزبیە یە کە هەمیشەو تەنانەت لە هەلومەجی سەختی خەباتی چەکدارانە شدا لە حیزبی ئێمەدا هەرهەبووە. دێموکراسی یەک کە ئەگەر زۆریش پێرفێکت نەبووبێ، بە شاهیدی دۆستان وتەنانەت موخالیفانیشمان ، لە ناو هێزە ئێرانی و کوردستانی یەکان دا، ئەگەر بێ وێنەش نەبووبێ، کەم وێنەبووە.

بەشێوەیەکی گشتی کۆنگرەکان لە حیزبی ئێمەدا، هەمیشە مەیدانی ململانێ و باس ودیالۆگ وبەرخوردی توندو جیدی بوون. زۆرجار لە کۆنگر کانماندا، شاهیدی ململانێ وکێشەی توندی نێوان کەسایەتی یەحیزبی یەکان و بۆچوونە جیاوازەکان و تەنانەت ناوچە جۆراوجۆرەکان بووین.

بە وحاڵەش کەم وابووە کە ئەوهاوڕێ یانەی هەڵنەبژێردراون، هەر لەبەرئەوەی کە هەڵنەبژێردراون ، حیزبیان بە جێ هێشتبێ. ئەگەر جار جار کاسانی واش هەبوون کە لە حاڵەتی ئاوادا حیزبیان بە جێ هێشتووە، زۆرتر کەسانێکی ئەو تۆبوون کە هەر لە بنەڕەت ڕا، بۆ هاتنە نێو حیزب، ڕێگایان لی هەتلە بووە.

ئێستا کە بەرەوکۆنگرەدەڕۆین، زۆرهاوڕێی وامان هەن کە نیگەرانی ململانێ ورەقابەتەکانی نێوخۆی حیزبن. بەڵام بۆ ئەوەی ئەو نیگەرانی یە برەوێنینە وە، واباشە تەماشایەکی ئەوململانێ و رەقابەتانە بکەین، کە لە کاتی هەڵبژاردنەکاندا، لە وڵاتە پێشکەوتووەکان دا دێنە پێش.
ئێمە هەرچی بۆ هەڵبژاردنی خۆمان وهەڵنەبژێرانی رەقیب وموخالیفەکانمان بیکەین، ناگەینە ئەوەی کە لەووڵاتانەدا، لەوبارەوە لە کاتی هەڵبژاردنەکان دا لایەنە ڕکەبەرەکان دەیکەن. بۆنموونە، تەبلیغات بەقازانجی خۆو بەزیانی لایەنەکەی دی و لەوەش زیاتر تەنانەت ئیئتلاف کردن بە قازانجی یەکێک و بەزیانی یەکیکی ترو وقەول وقەراری ئینتیخاباتیی جۆراوجۆر. کەچی دەبینین کە لایەنە رکەبەرەکان پاش تەواو بوونی هەڵبژاردن، دەست لەنێو دەستی یەکتر دەنێن و کاندیدای سەرکەوتوو،دەبێتە هەڵبژێردراوی هەمووان و تا دەورەی داهاتوو نوینەرایەتی هەمووان دەکات .
بۆ بەشێک لە ئێمە رەنگە ئەوململانێ ورەقابەتە وەک نیشانەی هەبوونی نەخۆشی سیاسی و تەشکیلاتی بێتە بەرچاو. بەڵام بە پێچەوانەوە، ئەوململانێ تووندە کە لەو وڵاتانەدالە کاتی هەڵبژاردنەکاند هەیە، لە ڕاستیدا نیشانەی سڵامەتی و سالمبوونی سیاسی وسەقامگیریی دێمکراسی یە. ڕاست لەو ململانێ یانەدایە کە دێمکراسی لە سەنگی مەحەک دەدرێت.
با ئەوەش بڵێین کە ئێمە هاوڕێ و هاوخەباتی حیزبین ولە خەباتێکی سەخت و دژوار لە گەڵ سەرەڕۆترین ڕێژیم داین. بۆیە ناکرێ وپێویست نیە لە ململانێ و ڕەقابەتەکانمان دا خەتی سووربپەڕێنین و بگەینە زیادەڕەو یەکی لەو جۆرە کە لە نێوان دوو حیزبی ڕەقیب ورکەبەردا هەیە.
ئەو ناکۆکی و ئیختلافانەی کە لە نێو ڕیزەکانی ئێمەداهەن،بە بەراوردکردن لە گەڵ ناکۆکی یەکانی نێوان دووحیزبی جیاواز ورەقیب دازۆر بچکۆلەن.
هەربۆیە بەجێ یە چاوەڕونیمان لە هاوڕێ یانمان ئەوەبێ
کە چ لە کاتی هەڵبژاردنەکا نداو چ بە شێوەیەکی گشتی لە خەباتی دەرون حیزبیدا، بەجۆرێک هەڵسووکەوت بکەین، کە هاوکاریی مان لە گەڵ یەکتر لە حیزب دا نەخاتە مەترسیەوە.
چوونکە ئێمە وەک خەڵکی وڵاتە پێشکەوتوەکان ، لەدێموکراسی دا گەورەنەبووین وبەزەحمەت دەتوانین مەسەلە سیاسی وگشتی یەکان لە مەسەلە خسووسی یەکان جیا کەینەوە.
بەداخەوە لەوبارەو ئێمە تاقی کردنەوەی زۆر تاڵمان هەیە وزۆرجار ململانێکانمان،بوونەتە هۆی تێکچوونی پێوەندیی هاوڕێ یانەی نێوانمان ولەوەش زیاتر برینی خستۆتە جەستەی حیزبە خۆشەویستەکەمان، کە بەهەوڵ وماندووبوون وخوێن و فرمێسکی گشت تێکۆشەرانی حیزب وتەنانەت کۆمەڵانی خەڵک، گەیوەتە ئێرە.
شتێک کە وەک مەڵحەم و پادژەهر دەتوانێ ئەو برینانە سارێژکاتەوە کە ململانێ و رەقابەت و ناکۆکی یە سیاسی و ئانتی پاتیە خسووسی یەکان دە ی خەنە جەستەی تەشکیلات و پەیکەرەی کاری دەستەجەمعی، بریتیە لە ئەدەبی سیاسی.
لەکۆمەڵگا دێموکراتیکەکانی ڕۆژئاوادا، بۆنموونە لەم سوئێدەدا ، لە ناوەندەکانی کاری دەوڵەتی و سیاسی وحیزبی وڕێکخراوەیی دا ، دەبینین کە تووندترین بەرخوردی سیاسی بەیەکتر، بە بەکارهێنان وهەڵبژاردنی وشە وعیباراتی سیاسی گونجاو ئەنجام دەدرێت. وشەو عیبارات وزمانێک کە لەخۆیاندا ژەهری بەرخوردەکە هەڵدەمژن و دەبنەمەڵهەمی سارێژکەری ئەو ئازارانە کە ڕەنگە بەرخوردەکان دروستیان کەن.
لەو وڵاتانەدا لایەنەکانی کێشەو ململانێ ورەقابەتەکان، خۆیان دەخەنە ژێر دیسپلین وئینزباتێکی توونڵ و سەخت. بەحاڵەتێکی پڕ لە ڕێز وئیحترامەوە، دەپێشدا ئیحترام بۆخۆیان، دواتر ئیحترام بۆ لایەنی بەرامبەر وموخالیفیان، دواتر ئیحترام بۆ ئە و جێ وشوێنە کە تێیدان، وەک پارلەمان، کۆنگرە و کۆنفرانس کۆبوونەوەی حیزبی و...، یەکتردەدوێنن وبەرخورد بەیەکتر دەکەن. ئەو فەزا پڕ لە ئیحترامە کە لەحاڵە تێکی ئاوادادرووست دەبێت، هەردوولا والێ دەکا کەبەشێوەیەکی دۆستانە ڕەفتار لە گەڵ یەکتر بکەن. بەوەدەڵێن ئەدەبی سیاسی و لەڕاستیشدا یەکەمین دەرسی دێموکراسیە. دەرسێک کە ئێمە زۆرمان پێویست پێیەو دەبێت فێری بین.
لەکۆنگرەی ١٤ حیزبەکەماندا، بێجگە لە کێ بەرکێ ئینتخاباتی یەکان، هەندێک باس وبابەتی سیاسی و فکری وتەشکیلاتی و حیزبی دیکەش ئەوجار بەجدی دێنە بەرباس، کە حەتمەن، دەبنە هۆی تووتتر بوونی ململانێ کانمان. بۆیە دەبێت تێبکۆشین باسە سیاسیە جدی یەکان ، نەبنەقوربانی ڕکەبەرایەتی یە شەخسی یەکان کە هەمیشە و لە هەموو ژینگەیەکی ئینسانی دا کەموو زۆر هەن. ئێمە دڵنیاین کە حیزبی ئێمە وەکە هەمیشە، لەکێشەو ململانی نێوخۆی یەکان دا، پتر دەخارێ و ئاودیدەتر دەبێ . ئەزموونەکان ئەوەدەردەخەن کە تێکۆشەرانی حیزبی ئێمە، هێندەیان دڵبەستەگی بە حیزبی خۆیانەوە هەیە، کە بەسەر هەموو ئەو ئیحساسەناخۆشانانەیاندا زاڵ دەکات، کە لەئاکامی بەرخورد بەیەکتری دا، لە لایان درووست دەبێت. ئەوە لە هێزی حیزبی ئێمەوە سەرچاوەدەگرێت.
هەربۆیە جێگاومەوقعیەت و پرستیژی حیزب لە نێو میللەتی کوردو میللەتانی دیکەی ئێراندا،برِوا بە حەقانیەتی ئامانج وڕسالەتی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران ، شووروشەوقی خەبات بەدژی کۆماری ئیسلامی ، ئومێد بەداهاتووی خابەتی ڕەواو بەرحەقی میللەتەکەمان، هاوپێوەندیی سیاسی وحیزبی وتەشکیلاتی وهاوسەنگەری وهاوڕێیانەمان پتەوتردەکا.
ئەوەش بەنۆرەی خۆی بیری ورد، چاوی تیژی بینین، هەنگاوی بەهێزو وئازایەتی بەرە وڕووبوونەوە لەگە ڵ خۆمانمان بۆ زاڵ بوون بەسەر کەموکوڕیەکان دەداتێ وچوونە پێشمان دەستەبەردەکا.

ڕێکەوتی : ٣١ی مای ٢٠٠٨

## کۆنگرەی چواردە ، هەنگاوێکی دیکە بەرەو بەهێزکردنی حیزب،

حیزبەکەمان بەرەو کۆنگرەی چواردەهەمی خۆی دەچێ. شوروشەوقی خۆ سازکردن و ئامادەکردنی پێداویستیەکانی کۆنگرەیەکی دەوڵەمەند وپڕنێوەڕۆک لە ڕووی سیاسی و تەشکیلاتیەوە هەموو کۆمیتە و ڕێکخراوکانی حیزبی داگرتووە.
ڕۆڵی بەرچاوی حیزب لە بزووتنەوەی میللی و دێموکڕاتی کوردستانی ئێراندا، وەرگیرانی سیاسەت وهەڵوێستەکانی حیزب لە نێو کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان و هێزە خەباتگێڕەکانی

ولاتەکەماندا، پەرەسەندنی تەشکیلاتی حیزب لە نێوخۆی کوردستان و ولاتانی دەرەوەدا، چونەسەری پرستیژ وئیعتیباری سیاسی و خەباتگێڕانەی حیزب لە نێو کۆڕوکۆمەڵە نێونەتەوەیی یەکاندا، بایەخ و گرینگیی کۆنگرەکانی حیزب زۆرتر دەکەن.

لە حیزبی ئێمەدا کۆنگرەکانی حیزبی جێگاو شوێنی ململانێ سیاسی وفکریەکان، شیکردنەوەی سیاسەتەکانی حیزب، هەڵسەنگاندنی کارنامەی کارو خەباتی ئۆرگانە جۆراوجۆرەکانی حیزب، ساخبوونەوە لەسەر بەرنامە و پلانی تازەی کارو خەبات، پەسندکردنی بڕیار و هەڵوێست سەبارەت بە مەسەلە جۆراوجۆرەکانی پێوەندیدار بە تێکۆشانی حیزب و هەڵبژاردنەوەی رێبەرایەتی حیزبن. هەر بۆیەشە کۆنگرەکان لە چاو کۆبونەوە حیزبییەکانی دیکە، چ لە باری تەشکیلاتی و چ لەباری سیاسیەوە، بایەخی زۆرتریان هەیە.

حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران وەک هێزی هەرەگەورەو ڕەسەنی نێو بزووتنەوی کوردستان، وەک ئۆرگانیزمێکی زیندوو، هەمیشە لە حاڵی تەئسیر دانان و تەئسیر وەرگرتن لە میللەتی کورد، ڕاستیەکانی کوردستان و خەبات و تێکۆشانی گەلانی ئێران و ئاڵوگۆڕە ناوچەیی و نێونەتەوەیەکان دایە.

لە وەزعێکی ئاوادا ڕوونە کە هەمیشە بیری تازە، ئیدەی تازە، میتۆدو شێوەکاری نوێ و ئەزموونی تازە لە نێو حیزبدا سەرهەڵدەدەن و لە فەزای دێموکراتیکی نێو تەشکیلات دا، تەتەڵە دەکرێن، لە بێژینگ دەدرێن، هەڵدەسەنگێرێن ولە مەحەک دەدرێن. دواتر بە قازانجی حیزب و بزوتنەوە دەخرێنە خزمەت سیاسەت و هەڵوێستەکانی حیزب و دەبنە وزوە و ئینێرژی و هێزو تین و گوڕ بۆ بردنە پێشی خەبات و تێکۆشان. هەر لە ئەوەڵەوە ئاوابووە و ئەوە سوننەت و نەریتی خەباتگێڕانەی حیزبی ئێمەیە. بەو شێوە حیزبەکەمان توانیویەتی بەوڕێگا دووردرێژە ی خەباتدا بڕواتە پێش و ببێتە جێگای متمانەی کۆمەلانی بەرینی خەڵکی کوردستانی ئێران.

هەر لەبەرئەوەشە کە کۆنگرەکانی حیزبی ئێمە نەک هەر شوروشەوقی خەباتگێڕانە لە نێو تەشکیلاتی حیزبدا درووست دەکەن، بەڵکو دەبنە جێگای سەرنج و بایەخ پێدانی کۆمەڵانی خەڵک وهێزو ڕێکخراوە سیاسیەکان و ڕێکخراوە جەماوەریەکانی کوردستان و تەنانەت ئێرانیش .

کۆنگرە حیزبیەکان تا ئێستا هەمیشە بوونەتە مایەی بەهێزبوون ، کاراتربوون و خەباتگێرتر بوونی حیزب. گومانی تێدانیە کە کۆنگرەی چواردەش حیزبی ئێمە پتەوتر، بەهێزتر و خەباتگێرتر دەکاو هەنگاوێکی بەرزدەبێت لە ڕاستای تەکامولی بێ کۆتایی حیزب لە بارەی سیاسی وتەشکیلاتەوە.

کۆنگرەی چواردە کۆنگرەی دارشتنی سیاسەت و ستراتیژی خەبات و تێکۆشانی حیزبەکەمان دەبێت بۆ وەرزو ساڵەکانی داهاتوو. داهاتوویەک کە حیزبەکەمان بە وپەڕی هیواو هومێدەوە بەرەوپیری دەچێ و خۆی ئامادە دەکا تا ڕۆڵی کاراو چارەنووس سازی تێدا بگێرێ.

ڕێکەوتی : ٢٤ی ئاوریلی ٢٠٠٨

## ئاڵوگۆڕ

سیاسەت لە کوردستانی ئێران پێویستی بە بەخۆداچونەوە هەیە. ئەو بە خۆدا چونەوە حیزبە کان، کەسایەتیە سیاسیەکان، کۆمەڵگای رووناکبیری، تێکۆشەرانی نێو ڕێکخراوە سیاسیەکان و یەک یەکی ئێمە دەگرێتەوە . هیچ کەس و لایەنێک لە بەخۆدا چونەوە بێ نیاز نیە. ڕاستیە کەشی ئەوەیە کە زۆربەی هەرە زۆرمان هەستمان بەو پێویستە کردوە. ئەو هەموو باس وخواسەی سەبارەت بە ڕێفۆرم وسالمسازی و ئاڵوگۆڕ لە نێوماندا دەگوزەرێ، بۆ خۆی نیشانەیەکی ئەوە یە کە وەختی ئاڵوگۆڕ هاتوە.

هەندێک بیر وبەرنامە و ئەکتەری سیاسی لە نێوماندا دەرفەتی تەواویان بۆ نیشاندانی دەستبەتاڵیی خۆیان هەبووەو ئیدی تەواوبوون. بەرنامەو بیری ئەوتۆش هەن کە چونکە لەتوانایان دا نیە خۆیان لە گەڵ ئۆکۆسیستەمی کوردستانی ئێران بگونجێنن، نەک هەر داهاتوویەکیان نیە، بەڵکو بەخێرایی بەرەو لەنێو چوون دەچن. جوانەمەرگی یەک کە کەس ئەژنۆی خەمی بۆ لە ئامێز ناگرێت.

لایەنگرانی هێشتنەوە وراگرتنی ئەو وەزعە هەر کەس و لایەنێک بن ، سەرمایە گوزاریەکەیان خێرێکیان بۆ ناداتەوە و تەنانەت ئەگەر دەستمایە یەکیشیان هەبێت، لەدەستی دەدەن.

میللەتی کوردی کوردستانی ئێران ئیدی ئەم وەزعەی ناوێت و وەزعی ئێستای خەبات و بزووتنەوەی میللی و دێموکڕاتی کوردیش لە ئێران پێویستی بەو جۆرە کەس و لایەنانە نیە.

ئەو ئەکتەر و بەرنامە و سیاسەتانە پێویستن و کۆمەک بە خەبات دەکەن کە لەگەڵ زەمان ومێژوو دەڕۆنە پێش.

نەوەیەکی تازە لە کوردستانی ئێران پێی ناوەتە ژیان وخەبات. نەوەیەک کە دەیەوێ لە ڕابردووی خەباتی میللی خۆی حاڵی بێ و دەرسی پێویستی لێ وەرگرێت، بە ڵام نایەوێ لە و ڕابردووە دا بژی. راستیەک کە حیزب و کەسایەتیە سیاسیەکانی نێو ئۆپۆزسیۆنی کوردستان دەبێ هەستی پیبکەن و خۆیانی دەگەڵ هاوئاگەنگ کەن. بۆئەو مەبەستەش تەنیا ڕێگا ئەوەیە کە هەمووومان تێکۆشین لەو قاوغە زهنیە بێینەدەر کە تێیدا بەسەر دەبەین.

دونیای تاقی کردنەوەکانی ئێمە تەنگە. بۆ چونەدەر لە ئەتمۆسفیری ئەزموونەکانی ڕابردوومان، پێویستیمان بەوە هەیە کە بیر وفکری تازە تاقی کەینەوە. زۆرن ئەو بیرە ئاواڵەو رووحیە ئازایانەی کە ئازایانە دەیانەوێ خۆیان بگەیەننە ئەوشەپۆلی ڕوون بونەوە و نوێ بوونەوەیەی کە خەریکە لە سیاسەتی کوردستانی ئێران دا سەرهەڵدەدا.

دەورانی فەرمانرەوایی ئیدەئۆلۆژی لە سیاسەتی کوردستاندا، دەورانی حیزبایەتی بە شێوەی مەزهەبی، دەورانی هەرمن من وتن، دەورانی ئەوە کە سیاسەت و کاری سیاسی لە نێو خەڵک و لە حیزبەکاندا تەنیا بە بەژن و باڵای چەن کەس ودەستە وتاقمە براێ، دەورانی خۆدیتن و کەسانی دیکە نەدیتن بەسەرچوە.

مەسەلەی ئە سڵی لە کوردستانی ئێران مەسەلەی ئێستا و سبەینێ یە. قسەی ئەساسی ئەوەیە کە چۆن دەکرێ هێزێکی زۆر بۆ خەبات تەرخان کەین و خەباتی نێوخۆ بلێسەدار بکەین. چون سیاسەت و ئەدەبیاتی سیاسی لە جنێو و تەوهین و بێ حورمەتی بژارکەین، و سیاسەت لە بێ دایک و باوکیەوە بکەینەوە خاوەن دایک و باوک. بە جۆرێک کە ئەخلاق لەو نێوەدا ئەگەر دایکەکەش نەبێت، باوکەکەبێت.

قازانجە ڕەوا سیاسیەکان و بەرژەوەندیە حیزبیەکان، تەنیا ئەو کاتە دەبنە دینامیزمی کارو خەبات کە لە گەڵ بایەخە بەرز و بەها ئینسانیەکان و پەسندکراوە نێونەتەوەی یەکاندا

بێنەوە.فڕۆکەی سیاسەت لە کوردستانی ئێران بە گشتی و لە حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران دا بە تایبەتی بە زۆر ماتۆران دەفڕێ. یەکێک لەو ماتۆڕانە حەتمەن ئەخلاقە. ئەگەر ئەو ماتۆڕەی نەبێت تەیک ئۆف ناکا و ئەگەر بەرزیش بێتەوە ناگاتە جێگای مەبەست. لە حالەتێکی ئاوادا چارەنوسی موسافیرەکان و تەنانەت ئەو کەسانە کە فڕۆکەکەش هیدایەت دەکەن لە مەترسی دایە.

کەس بەتەنیا حەقیقەتی لە لا نیە. ئەوانەی ئەو ئیدیعایە دەکەن و لە مینبەری مزگەوتە سیاسیەکانیان ڕا خوتبەی خۆ پێ حەقبوون وداوا لە ئوممەت کردن بۆ ئیتاعەت دەخوێنن ، درەنگ یا زوو تێدە گەن کە گەشەی کۆمەڵگای مەدەنی وفەرهەنگی مەدەنی لە کوردستان، ئیدی مەودای ئەوەیان پێنادا. خۆش بە حاڵی ئەوەی کە قوڵایی زەرووڕەتی ئاڵوگۆڕی بۆ دەرکەوتوە و بۆ ئەوەی لە نێو نە چێ توێژاڵ فرێدەدا و وەک گیاکان بە هاتنی بەهاری تازە نێرتکی تازە دەردەکا.

نەوەی نوێ لە بێ نێوەرۆکیی گێرەو کێشە کۆن و بێماناکان سەردەردەکا و قسە سواوە کانمان بۆ ئەوان سرنج ڕاکێش نین. قرچە قرچی شکانی بتەکان لە سیاسەتی کوردستان دا دێتە گوێی هەمووان و کۆمەڵگای سیاسی کوردستان ئیدی تازە نە بتان دروست دەکا و نە پێویستیشی بە بت هە یە. ئەوانەی دەیانەوێت بتی تازە دروست کەن سەریان وەبەردی ڕەق دەکەوێ و هەڵناستنەوە. ئیدەی تازە، رووحیەی تازە و مێتۆدی تازەمان گەرەکن.

ئیدی مێرگی سیاسەت لە کوردستان وەک جاران تەنیا لە قۆرغ وقەدەغەی ئیلیت دانیەو خەڵک و تاکە کان دەخالەت دەکەن و شوێن دادەنێن و لەو داوە ڵانەش نارەونەوە کە دەیانەوێ خە ڵک لە دەخالەت و موشارەکەت بترسێنن .

ئێمە دەبێت مێژوومان ورابردوومان میللیی بکەین. بزووتنەوی کورد بکەینە بزوتنەوەیەکی غەیرە ئیدەئۆلۆژی و غەیرە حیزبی و بزووتنەوەیەکی میللی. حیزبەکان بخەینە خزمەتی ئەو نەک بە پێچەوانەوە. بیکەینە بزوتنەوەیەکی بەرینی جۆراوجۆرو و پلۆرالیستی . ئەو ڕێگایەی گرتوومانەتەبەر خۆشمان و ڕابردوەکەشمان دەباتە ژێر پرسیار. دەمارگرژی و سکتاریزمی حیزبی و سیاسی هەڵمان دەدێرێ. با واز لە خۆ سپی کردنەوە و ڕەش کرنی کەسانی دیکە بێنین. با وەک هەموو جێگایەکی ئەو دونیایە قەزاوەت لەوبارەو بدەینە دەستی خەڵک.

پێویستە مێنتالیتەی زاڵ بەسەرخۆمادا تووڕ هەڵدەین. واتە رەفتار و عاداتی تازە فێربین. مۆدێڕن بین و بە زمان و ئەدەبیات و وەسیلەی مۆدێرن و میتۆدی مۆدێرن خەباتی سیاسی و حیزبی بکەین. ناکۆکی سیاسی نەکەینە دوژمنایەتی سیاسی و قودرەت و ئیستعدادی سازان لە گەڵ یەکتر لە خۆماندا درووست کەین. دەبێت توانای ئەوەمان هەبێ لەسەر ئوسوڵەکان ڕێک کەوین. لە پاراستنیاندا شێلگیر و لە دۆزینەوەی شێوەی هاوکاری لە گەڵیەکتردا زیرەکی و لێوەشاوەیی لە خۆ نیشاندەین. میتۆد و شێوەکاری حیزبولاهی و سارولایی لە کاردا قەت لە ئێمە ناوە شێنەوە و فەرهەنگی ئێمە نین.

حەقمانە نیگەرانی شوێن و مەوقعیەتی خۆمان بین ، بەڵام ئەو نیگەرانیە بەوە دەرەوێتەوە کە هێزەکانمان ڕێکخەین و خەبات بەرینە پێش. خەبات و تێکۆشانە ئێمەی زیندووراگرتووە و دەمانهێڵێتەوە. ئەوەی پێوەندی بە حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێرانیشەوە هەیە ئەوەیە کە ئەوانەی دەیانەوێت هەویەت و حەقانیەتی حیزب بخەنە ژێر پرسیار ، بە بێڵ چوون بەر بە سێڵاو بگرن.

جێگیرکردنی بایەخ و دامەزراو و ئوسوڵە دێموکراتیەکان لە بزووتنەوەدا، شانبەشانی خەبات بۆ ئازادی ودێموکراسی لە کۆمەڵدا ، بزووتنەوە و حیزبەکانمان و خۆمان لە بەرامبەر هەرلادان و نەخۆشیەک دا واکسینە دە کا.

بەشداریی خەڵک و تێکۆشەران و تووەدەی حیزبی و تەشکیلاتی کە ئێلیت پێی دەڵێ سیا لەشکر لە کارەکاندا ، وەزعی ئێمە دەگۆڕێ و دەمانباتە پێش. بەدەنە ئەگەر لە کۆبوونەوە و کۆنفرانسەکاندا بە پێچەوانەی ویستی ئێلیت دەنگبدا دەبیتە سیا لەشکر و جەماعەتی چەپڵەو... بەڵام ئەو کاتەی بە فەرمان و ڕێبەریی ئێلیت هێرش دەباو وقارەمانی دەخولقێنێ ، دەبێتە پێشمەرگەو ڕۆڵەی بەقارەمانی حیزب و گەل.

تەکیەکردن لەسەر کەسێک وچەند کەس ، جیا لەوەی کە دیاردەیەکی پێش مۆدێڕن بوونە، چ لە خەبات و چ لە ئیدارەکردندا، ئەویش لە سەردەمی پەرەگرتنی دێموکراسی دا، ئاکامی دڵخواز بەدەستەوە نادات. ئەگەر لە دەست نیشانکردنی بەرپرسایەتیەکان و ئەرکەکان و کارە گرینگ و فەوریەکانمان دا بێ توانایی لە خۆمان نیشاندەین، ئەوە بەدەستی خۆمان بەڵگەی نالێوەشاوەیی خۆمان بۆ ئەوانە ئیمزاکردوە کە خەو بە نالێوەشاوەیی مانەوە دەبینن. پەیامی ئێمە پەیامی بزووتنەوەی کوردەو ڕوون و رەسایە. بردنە پێشی بزووتنەوە و سەرخستنی ودامەزران و پاراستنی دێموکراسی ئەرکێکی قورسەو بە هەموومان دەکرێ و بە هەموومان دەچێتە پێش. خەرجکردنی هێزەکانمان لە شتی لاوەکیدا، سەرکەوتوومان ناکات. لە کەشوهەوایەکی پڕلە رق وقیندا کە دەمارەکانی بیر و ئەندێشەمانی تووند لە شەتەک داوە و خەریکە فرزەیان لێدەبڕێت، چۆن دەکرێ چاوەڕوانی کاری سیاسی بەکەڵک و بە بەرهەم بین.

کۆمەڵگای کوردستانی ئێران مۆدێرن بووە. شنەبای بیرەکانی مۆدێڕنیتە لە هەموو لایەکەوە لە کوردستاندا هەڵی کردوە و تەنانەت گوندو لادێ دوورەکانیشی گرتۆتەوە. ئەگەر سیاسەت لە کوردستانی ئێران خۆی مۆدێرن نەکات، نەک هەر وەدواکەوتووە، بەڵکو خۆی بێ سبەینێ کردوە. ئەوە شەپۆلێکە ئەوەتا لەبەر چاوانمان خەریکە دەبێتە سێڵاو و ئەوانەی دەیانەوێ پێشی پێ بگرن لەڕاستی دا ، وەبەر سێڵاوەکەش نە کەون، دەدرێنە کەنار.

دەبێت هەموو هێزوو تواناکان بۆ خەبات تەرخان بکرێن و سازماندان و بە هێزکردنی بەرەکانی خەباتی نێوخۆی کوردستانیش، ئەرکی هەرە سەرەکی خەباتمان بێت.

ڕێکەوتی : ٢٠ی ئاوریلی ٢٠٠٨

## حیزبی ئێمە پێوستی بەهەزاران ڕێبەر هەیە.

لە نێو ئێمەدا کە تازە خەریکە بەرە و دێموکراسی هەنگاو هەڵدەگرین و فێری نەبوین، مەسەلەی ڕێبەری پرسێکی ئاڵۆزە. ئەوە کە دەوترێت دێموکڕاسی مانای ئەوەیە خەڵک حکومەت بەسەر خۆیاندا بکەن، جاری وایە وای لێ تێدەگەین کە هیچ دەستەڵات و ئۆتۆریتەیەک لەسەرووی خۆمان قبووڵ نەکەین . کاتێکش کە بێسەرەوبەرەیی، ئانارشیزم و ڕووحیەی عەشیرەتگەری ڕێگای چونە پێشی کارەکانمان لێ دەگرێت، دەکەوینە بیری دۆزینەوەی کەسێک کە ڕێبەری و کارەکانمان بۆسەروبەربکات.

لە کۆمەڵگا یەکی دێموکراتیکدا ، ڕێبەریی حەق نیە. هیچ کەس بەو هۆیەوە کە بۆنمونە سەر بە فلان عەشیرەتە، یان فلان جێگەی کۆمەلایەتی هەیە، یا لە فلان کەس نزیکە ناتونێت ببێتە ڕێبەر. ڕێبەریی دێموکراتیک تەنیا و تەنیا بە هۆی لێوەشاوەیی شەخسی، کارامەیی لە مەیدانی تێکۆشانی بەکردەوەدا و ئەویش لە پرۆسەیەکی درێژخایەندا وەدی دێت. ڕێبەریی دێموکراتیک لە ڕاستی دا ئیعتیمادێکە بەکەسێک دەکرێ کە ئەو لێوەشاوەیی یە ی هەیە. لەیەک قسەدا ڕێبەر تەنیا کاتێک ڕێبەرە کە مەوقعیەتی ڕێبەری خۆی لە دوروبەرەکەی وەرگرتبێت.
لە دێموکراسیدا هەمووکەس مافی ئەوەی هەیە لەکاروباری گشتیدا ، لەو مەسەلانە دا کە پێوەندیان بە چارەنوسی خۆی و ئیدارەکردنی کۆمەڵـەوە هەیە دەخالـەت بکـات. لەبەرئـەوە کە هەڵناکەوێ هەموو تاکەکانی کۆمەڵ یەک دەنگ بن، دەنگی زۆربە ئیعتباری پێدەکرێت. بەڵام ئەوە کە هەموو تاکەکان مافی بەرانبەریان بۆ دەخالەت ودەنگدان هەیە ، بەومانایە نیە کە هەموو ئەوکەسانە بە باشترین شێوە و وەک پێویست ڕەفتاردەکەن. لێرەدایە کە پێویستی هەبوونی ڕێبەریی دێتەکایەوە.
لە کۆمەڵگایەکی وەک کۆمەڵگای ئێمەدا کە دێموکراسی نەبۆتە فەرهەنگ وجێی نەگرتوە، فاکتۆری جۆراو جۆر هەن کە بەدژی دێموکڕاسی دەجوڵێنەوە. نەبوونی ڕووحیە وپەروەردەی مەدەنی ولاوازی ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگای مەدەنی یەکێک لەوانە. لە کۆمەڵگایەکی ئاوادا خەڵک فێرنەبوون پێکەوە کاربکەن. لەوەش زیـاتر پێکـەوە کـارکردن دەبێتـە هـۆی سـەرهەڵدانی نـاکۆکی وتەنانـەت دوژمنایـەتیش لـە نێوانیـان دا. بۆیە لەڕاستی دا بە بێ هـەبوونی ڕێبـەرێکی لێوەشـاوە، کـاری دەستـەجەمعی زۆر بـەد ژواری دەچێتـە پێش و تەنانـەت پرۆسـەی چونـە پێشی دێموکڕاسیش توشی کەندوکۆسپ دەکا. ڕێبەریی لەکۆمەڵگایەکی دێموکڕاتیک وپێشکەوتوودا ، بە ئەندازەی کۆمەڵگایەکی تازە ئاشنابە دێموکڕاسی زەق وپڕڕەنگ نیە.
لە کۆمەڵگا پێشکەوتوەکاندا ڕێبەر زۆرتر کاری بریتیە لە هاوئاهەنکردنی کارو تێکۆشانی دەستەجەمعی. بەڵام لە کۆمەڵگاکانی وەک کۆمەڵگای ئێمەدا توانا و هێز و کات ی ڕێبەریی زۆرتر بۆ چارەسەری ناکۆکی و کێشەو ململانێکان خەرج دەبێت.
تەکیەکردنی لەڕادەبەدەر لەسەر ڕێبەری و ڕێبەر، دەبێتە هۆی پەرەسەندن و پەروەردەبوونی تـایبەتمەندی وخسوسیاتی نا مەدەنی لە کەسەکان و نێو خەڵکدا. هەستکردن بە بەرپرسایەتی و برواپەخۆبوون بۆ بەرپرسایەتی قبووڵ کردنمان تێدا دەمرێنیت. توانای هەڵسەنگاندن و قەزاوەتی سەربەخۆیانەمان لێ دەستێنێتەوە. لە لایەکی دیکەش ڕۆڵی ڕێبەر لە حەدی پێویست دەچێتە دەر دەبێتە کەسێکی تایبەتی کە بۆخۆشی خۆی لێ گەورەدەبێتەوە و ڕێبەربوون بە حەقی خۆی دەزانێ .
تیئوریە هاوچەرخەکانی زانستی ڕێبەری ومودیریەت دەڵێن، باشترین ڕێبەر ئەو ڕێبەرەیە کە کەمترین ڕێبەری بکا. ئەو هەموو باسەی کە لەنێو ئێمەدا سەبارەت بە ڕێبەر وڕێبەری دەکرێت، ڕاست نیشانەی ئەوەیە کە بە ئەندازەی پێویست لە باری ساسیەوە گەشەمان نەکردوە و پێویستیمان بە کەسێک هەیە کە بەڕێوەمان بەرێ و ڕێگامان نیشانداو کۆسپەکانمان بۆ تەخت کا. لە هەمووی خراپتر بەهانەشە بۆ ئەوەی کە دەست لەسەر دەست دانێن و خۆ لە ئەنجام دانی ئەوکارانە بپارێزن کە بەخۆشمان دەکرێن.
ئەو ڕیبەریە کەبۆ ئێمە دڵخوازە ڕێبەریی دێموکڕاتیک نیە. بەو مانایە کە بێت وکارو تێکۆشانی دەستەجەمعی هاو ئاهەنگ بکاو هێزو تواناکان بەرە و ئامانجی هاوبەش وەگەڕخاو مۆتیڤاشۆنمان بداتێ. ئێمە ڕێبەرێکی کاریسمامان پێ دڵخوازە کە موعجیزەبکا. ڕێبەرێکمان دەوێ کە نەک هەر لە جیاتی ئێمە بیربکاتەوە، بەڵکو بڕیاریش بداو تەنانەت ئیقدامیش بکاو کارەکانیش ئەنجام دا. ئەو مۆدێلە لە ڕێبەری ئاکامەکەی ئەو وەزعە دەبێت کە ئەم سەروبەندا لە ڕووسیەدا دەیبینین. پۆتین کە بەپێێ قانوون دەورانی سەرکۆماریەکەی تەواببوو، نەخشێکی هێندە گرنگ بۆ خۆی قایلە کە بە ئیشارەی قامکان ڕێبەری دوای خۆشی بەدەستی خۆی دیاری دەکا و گوێش ناداتە بیرووڕای گشتی .
ئەزمونێک کە ئێمەش بۆخۆمان ئەمڕۆژانە تاقی دەکەینەوەو بەدەست ئاکامەمەکانیەوە دەستەو یەخەین.
ڕاستیەکەی ئەوەیە کە پێرسپێکتێڤ وڕوانگەی ئێمە بۆ ڕێبەری و ڕۆڵی ڕێبەر دەبێت بەرین بێتەوەو تەنانەت لە بنەوەڕا بگۆڕدرێت.
لە بیرمان بێت کە ئێمە باس لە ڕێبەر وڕۆڵی ڕێبەر لە بزوتنەوەیەکی میللی ودێمکراتی و لـە حیزبێکـی دێموکڕاتی وەک حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران دەکەین. کەواتـە ڕێبـەریی وڕێبەری دڵخوازی ئێمە دەیبێت لە چەشنی ڕێبەریی دێموکراتیک بێت کە کاری بریتی بێت لە هاوئاهەنک کردنی کاری دەستەجەمعی و هێزو تواناکان و ئاڕاسەکردنیان بە جهەتی ئامانجی هاوبەشدا.
لە حیزبی دێموکڕاتی کوردستانی ئێراندا پێویستە لە جیاتی ئەوە کە بەدوای ڕێبەری کاریسماوەبین ، تەکیە بکەینە سەر ڕۆڵی ڕێبەران و کادرەکانی محەللی و ڕێبەرە مەیدانیەکانی بوارە جۆراوجۆرەکانی خەبات و تێکۆشانی حیزب. لە سەرتاسەری شار وشارستان وگوندو ناوچەکانی کوردستاندا ولە هەموو ئەوجێگایانەدا کە کوردی ئێرانـی دەژیـن وکاردەکـەن، لـەدەرەوەش لە وڵاتە جۆراو جۆرەکاندا ، حیزبی ئێمە تەشکیلاتی هەیە و کا روفەعالیەت بەڕێوەدەبات. بۆیە بە جێ یە نەخش و ڕۆڵی ئەو ڕێبەر و کادرە مەیدانیانە بەهێز کەین کە لە کۆمیتـەکانی گەڕەک و دێ، کۆمیتەکانی ناوچەکان، کۆمیتەکانی شارو شارستانەکان، کۆمسیۆنەکان و تاقم و گروپەکانی کارهتد... کاری حیزبی بەهاوکاری هاوڕێکانیان بەڕێوەدەبەن. ئەوە بەشداری و موشارەکەت و دەخالەتی بەدەنە وئەندامانی حیزب و ڕێبەرانی کۆمیتەو بەشەجۆراو جۆرەکانی تەشکیلات لە کاروباری حیزب دا مسۆگەردەکا وروحیەی مەدەنی لە نێوماندا جێگیردەکات.
پێویستە ڕووحیەی مەدەنی بێنینە نێو فەرهەنگی سیاسی خۆمان . لە سیمنارێکدا کە بۆ باس لەسەر مێژووی ڕێبەری حیزب تەرخان کرابوو، دوکتۆر قاسملووی نەمر وتی من دڵنیام ئیدی حیزبی دێموکرات لەباری سیاسی و تەشکیلاتیەوە بەو جێ یە گەیشتوە کە ئەگەر ئەو ڕێبەریەی ئەمڕۆ لە پەلامارێکی دوژمندا هەمووی پێکەوە لە نێوبچێ، حیزب ئـەرکی خۆی و کـاری ڕێبەری کردنی بزووتنەوە هەر وەک ئێستا دەباتە پێش.
لە مێژە ئێمە دەڵێین ڕێکخراو وەسیلەی هەرەگرینگی ئێمەیە لە خەباتدا. باشترین سەرمایەکانی حیزب ئەندامان وکادرەکانی حیزبن . لەڕاستیدا لە جیاتی ئەوە کە تەکیە لەسەر ڕۆڵی یەک ڕێبەرو چەند کەس لە ڕێبەری ئۆرگانەکانی سەرەوەی حیزب بکەین، واباشە بایەخ بە کادرەکانی محەللی و ڕێبەرانی جەماوەری حیزب بدەین. حیزبی ئێمە لە جیاتی ڕێبەرێکی کاریسما سەدان و هەزاران ڕێبەری پێویستە. با مەیدان بە گەشەکردن وخزمەت کردن بەو ڕێبەرەجەماوەرانیە حیزب بدەین.

ڕێکەوتی : ١٢ی ئاوریلی ٢٠٠٨

## حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران و پرۆسەی هەڵبژارنی کادرەکانی ڕێبەرایەتی،

یەکێک لە ماناکانی دیموکراسی بریتیە لە مافی خەڵک بۆ حکومەتکردن بەسەرخۆیدا. لە کۆمەڵگا گەورەکاندا ئەومافە لەڕێگای هەڵبژاردنی نوێنەرەوە، نەک بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ ، جێ بەجێ دەبێ. هەرلەبەرئەوەشە کە هەڵبژاردن و پرۆسەی چونەپێشی هەڵبژاردن، ڕۆڵێکی بنەڕەتی وحەیاتی یان لە دیموکراسی دا هەیە. تاخواست وبۆچوون وڕوانگەکانی خەڵک پتر لە هەڵبژاردنەکاندا وەبەرچاوبگیرێن و زۆرتر ڕەنگ بدەنەوە، دێموکراسی ڕاستەقینەترە. ڕاست لەبەر ئەوەشە کە هێرش بۆسەر دێموکراسی، لە دەست تێوەردان لە هەلبژاردن ، کەندو کۆسپ سازکردن لەسەررێگای چوونەپێشی پرۆسەی هەڵبژاردن، دەسکاری کردنی ئاکامەکانی و نەدانی دەرفەتی وەک یەک بە کاندیداکان دەست پێدەکا.

لێدوان لە مەسەلەی هەڵبژاردن و ڕوونکردنەوەی پرۆسەی چۆنیەتی چوونەپێشی هەڵبژاردنەکان لە کۆنفرانس و کۆنگرەکانی حیزبدا، کارێکی زۆر بەجێ و پێویستە و نیشانەی جیدی بوونی حیزبە. هەربۆیە لەبەرەبەری نزیکبوونەوە لە کۆنگرەی داهاتوومان واباشە هەر لەئێستاوە ئەومەسەلەیە لە تەشکیلاتی حیزبدا بکەوێتە بەر باس. پاش ساڵانێکی زۆر لە کاری حیزبی و تەشکیلاتی ، دەرسەکان ئەوەمان پێدەڵێن کە پێڕەوی نێوخۆی حیزبەکەمان پێویستە لەوبارەوە دەوڵەمەند بکرێ . ئەوە کە ئێمە لە پەیڕەوی نێوخۆی حیزبدا بەوردی پرۆسە وچۆنیەتی هەڵبژاردنەکان ڕوون کەینەوە و ئەو مەرج و ڕێوشوێنانە دەست نیشان کەین کە پێویستە بەسەر هەڵبژاردنەکان دازاڵ بن، ،کارێکە کە گەشەبە پەیڕەوی نێوخۆمان دەدا. ئاخر پەیڕەوی نێوخۆی ئێستامان لەوبارەوە وەک پێویست وەڵام دەری مەسەلەیەیەکی ئاواگرنگ وئالۆز نیە.

ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان تایبەتمەندیی و مەرج و شەرتەکانی هەڵبژاردنێکی دێموکڕاتیک و مەشرووعی دیاری کردووە . ئیدی ئێستا گونجاندن و تەتبیق دان و پیادەکردنی ئەو میتۆدە دێمۆکڕاتیکانە بۆتە بەشێک لە پرۆسەی دێموکڕاتیزاسیۆن.

گونجاندنی ئەوتایبەتمەندی و مەرجانە کەلەسەرەوە باسمان لێکردن لە پەیڕەوی نیوخۆی حیزبدا، وەڵام دانەوە بە هەل ومەرجی تازەی کۆمەڵایەتی و سیاسی و فەرهەنگی کوردستانی ئێرانە. هیوادارم دەرفەتێک پەیداکەم بۆ تەرجومەکردنی ئەو ڕێوشوێن وپەسنکراوە نێونەتەوەیی یانەی کە پێوەندیان بەهەڵبژاردنێکی دێموکڕاتیکەوە هەیە. بەڵام لێرەدا زۆرتر دەمەوێت لەوەبدوێم کە پێویستە لە حیزبی ئێمەدا مەرجەعێکی سەربەخۆ بۆ ڕاگەیشتن بە هەڵبژاردن ونەزارەت بەسەر هەڵبژاردنەکاندا هەبێت و دەستەڵاتی تەواویشی بدرێتی تەنانەت بۆ بەتاڵکردنەوەی ئاکامەکانی هەڵبژاردنیش، ئەگەر بگاتە تەشخیسێکی ئەو تۆ. ئەوە شتێکە کە بەڕاستی وەختی هاتوە و حیزبێکی مۆدێرن و پێشکەوتووی وەک حیزبی ئێمە لەکوردستاندا، لەوبارەشەوە دەبێت وەک هەمیشە پێشڕەو بێت.

لە حیزبێکی گەورەو بەرین و گەلی ودێموکڕاتی وەک حیزبی ئێمەدا، بەو هەموو ڕەقابەتە سیاسی و فکری و تەنانەت شەخسییانەوە کە لەنێوماندا هەن، هەمیشە لەسەروبەندی هەڵبژارنەکان دا حەساسیەتەکان زۆرتر دەبن کە دەبێت، بە زال کردنی پرنسیپە دیموکڕاتیکەکان کۆنترۆڵ و ئیدارەو هیدایەتیان بکەین.

مەسەلەی دانی دەرفەتی وەک یەک بە کاندیداکان، چ ئەوانە کە کۆمیتەو ڕێکخراوەکان کاندیدایان دەکەن و چ ئەوانەش کە خۆیان خۆیان کاندیدا دەکەن، پێوستەو یەکێک لە مەرجەسەرەکی یەکانی هەلبژاردنێکی دێمکڕاتیک و مونسیفانەو عادڵانەیە و دەبێت زۆر بە جیدی بگرین. کەی ڕەوایە یەکێک دەرفەتی ئەوەی بدرێتی لە نێو تەشکیلات دا و بە ئیمکاناتی حیزب و لە مێدیاکانی حیزبدا ڕێکلام بۆ خۆی و کاڵای سیاسی خۆی بکات و یەکێکی دیکەش کە وەک ئەو ئەندامی حیزبە و بە پێی پەیڕەوی نێوخۆ مافی وەک یەکیان هەیە، ئەو هەقەی پێنەدرێ.

مەسەلەی چۆنیەتی دیاری کردنی کاندیداکان وتەئیدی سەڵاحیەتیان، مەسەلەیەکی دیکەی گرنگە کە دەبێت لە ئەساسنامەدا ڕوونبکرێتەوەو لەوپێوەندیەدا نەخشی ئەسڵی دەبێت بدرێتە ڕێکخراوەکانی حیزب. هەڵبژاردنی ڕێبەرایەتی لە لایەن ڕێبەرایەتی یەوە بەشێوەی ئەوە کە ڕێبەرایەتی بۆخۆی کاندیداکان هەڵبژێرێ، لە گەڵ نەریتەکانی حیزبێکی گەلی وەک حیزبی ئێمە نایەتەوە.

لەمێژە لە حیزبی ئێمەدا باس لەوە دەکرێت کە ئیختیاراتی دەفتەری سیاسی و بەگشتی ئۆرگانەکانی ڕیبەرایەتی حیزب زۆرەو درووست نیە ئەو هەموو دەستەڵات و ئیختیاراتە لەو ئۆرگانانە دا کۆبێتەوە. زۆر هاوڕێ باس لەوە دەکەن کە ئەو ئیختیارات ودەستەڵاتە واباشە بەسەر کۆمیتە وکۆمسیۆن و گرووپ و تاقمەکانی کاردا دابەش بکرێت ، کە کارە جۆراو جۆرەکان لە حیزب دا بەڕێوەدەبەن.

دیارە لەئەساسنامەشدا باس لە کۆمیتەو زەروورەتی سازماندانی کۆمسیۆن و ئۆرگانی جۆراوجۆرکراوە بۆ ڕاپەڕاندنی کارەکان. من بۆ خۆم لەوبڕوایەدام کە ڕاستە دەبێت کۆمیتەو کۆمسێۆن وئۆرگانی جۆراوجۆرمان بۆ ڕاپەڕاندی کارەکانی ڕۆژانەی حیزب زۆربن، هەروەک هەمانن، بەڵام ئەوکۆمسیۆ ن و کۆمیتەو ئۆرگانانە نابێت ببنە ئۆرگانی موازی و هاوتەریب و هاودەستەڵاتی ئۆرگانەکانی ڕیبەری حیزب. ئەوئۆرگانانە دەبێت ببنە بازووی ڕاپەڕاندن و ئیجرائی ڕێبەرایەتی حیزب. لە هەر هەرجێ یەک کە سیلسیلە مەڕاتبی تەشکیلاتی و حیزبی هەیە، مەسەلەی کۆبوونەوی دەسەتەڵاتیش هەیە. لە حیزبی ئێمەدا وایە کە نە کڕنووش بۆ قودرەت دەبەین و نە شۆڕشیشی لە دژ دەکەین. ئێمە تەعامولی لە گەڵ دەکەین.بەو واتایە کە نایەین ئۆتۆریتەی حیزبی بشکێنین و بێنەزمی و ئەنارشیزم برەو پێبدەین. لەجیاتی ئەوە تێدەکۆشین دەستەڵات مەهارکەین. ئەوەش بەوەدەکرێ کە ئۆرگانی جۆراوجۆر بۆ نەزارەت بەسەر کاری ئۆرگانەکانی ڕێبەری دا درووست کەین. هەربۆیە درووست کردنی کۆمسیۆنی هەڵبژاردن و کۆمسیۆنی ڕاگەیشتن بە شکایەت و سکاڵای ئەندامان زۆرپێویستن.

ئەگەر بتوانین ئەومەسەلانە لەو کۆنگرەیەدا جێ بە جێ کەین، ئەوە پەیڕەوی نێوخۆمان و دێموکڕاسی دەرون حیزبی لە حیزبەکەماندا پتر گەشە دەکات.

بەکورتی بایەخ دان بە پەیڕەوی نێوخۆ، نیشانەی ئەوەیە کە قانوون مەداری لە حیزبەکەماندا نهادینە دەبێت. سالم کردنی ژینگەی تەشکیلاتی وفەزای نێوخۆی حیزب بۆ پێکەوە ژیانی حیزبی و هاوکاری زۆرتر پێکەوە، هەمیشە ئەرکێکی گرنگی ئێمەیە و بلووغی حیزب نیشاندەدات.

ڕێکەوتی : ٨ی ئاوریلی ٢٠٠٨

## حیزبی دێموکڕاتی کوردستانی ئێران و کارو تێکۆشانی ژنان له حیزب دا,

به پێی پەیرەوی نێوخۆی حیزب، حیزبی دێموکڕاتی کوردستانی ئێران یەک تەشکیلاتی هەیە. هەربە پێی پەیڕەوی نێوخۆی حیزبیش، بۆ هەموو ئەندامانی حیزب، بێ جیاوازی ،یەک دیسپلین به ڕێوەدەچێ و ئەندامانی حیزب ئەرک و مافی وەک یەکیان هەیە.
بەو پێ یە کاری ڕێکخراوەکانی حیزب دەبێ بریتی بێ له هەوڵدان بۆ ڕێکخستن و سازماندانی ژنان و پیاوان، به بێ هەڵاواردن له ڕیزەکانی تەشکیلات دا. بەڵام لەڕاستی دا تا ئەو جێ یە کەمن لێی ئاگادارم، لەکردەوەدا کادره تەشکیلاتی یەکانی ئێمه، بۆسازماندانی ژنان له تەشکیلات دا،زۆر جیدی نین. ڕەنگه جار جار لێرەو لەوێ، له جێگا یەک ژنێکیش له ڕێکخراوێکی حیزبی دا سازمان بدرێت، بەڵام ئەوە هیچ لەو ڕاستی یە کەمناکاتە وە که به داخەوە ڕێژەی ژنان له چاو پیاوان له تەشکیلاتی حیزب دا زۆر کەمەو زۆرجار وا دێتەبەرچاو که حیزبی ئێمه تەنیا حیزبی پیاوانەو بەس.
هەندێک هێورێ دەڵێن که ژنان له تەشکیلاتی حیزب دا ئەقەلیەتن و له حیزب دا تەبعیزیان پێ ڕەوا دەبینرێت و داوای ئەوەدەکەن که سەهمیەیان بۆ دیاری بکرێ .
لەوبارەوە دەبێ بڵێین که له حیزبی ئێمەدا ، جگه له ئەقەلیەتی عەدەدی ،ئەویش تەنیا له کاتی هەڵبژارنەکاندا، ئەقەلیەتی حقووقی نیه. ئەکسەریەت نەک هەر ناتوانێ مافەکانی کەمایەتیی وەبەرچاونەگرێ،بەڵکو ئیجازەی نیه که مافەکانی یەک ئەندامی حیزبیش نادیدەبگرێ. کەواته بەهیچ جۆر نابێت له تەشکیلاتی حیزب دا تەبعیز به ژنان رەوابیبینرێت و نابێت دیاردەیەکی ئەوتۆ بەڕەسمی بناسرێت.
با ئەوەش بڵێین که له مێژه له نێو حیزب دا ئەومەسەلەیە وەک کەموکوڕی دەبینرێ . لەوبارەوە زۆر دەلیل و هۆکاری جۆراو جۆر بۆ پاساودانی ئەووەزعە ریزدەکرێن، که منیش تا رادەیەک بەشێکیانم قبووڵه. بەڵام من پێموایە گرفتەکە لەوەدایە که شێوە و مێتۆدی کارمان لەوبارەو درووست نیه.
هەموو هەوڵ و کۆششی ئێمه بۆ ئاکتیوکردنی ژنان له حیزبدا، ئەوەبووە که
یەکیەتی ژنانی دێموکڕاتی کوردستانی ئێران سازماندەین و تەواوی ئینێرژ ی و توانا کانمان بۆ ڕاکێشانی ژنان بۆ نێو حیزب، لەو بوارەدا کەناڵیزەکراون. من پێم وایه که ئەوشێوەکاره بۆخۆی راست هۆکارێکی بنەڕەتی یە بۆ ئەو گیروگرفتە که لەپێوەندی لەگەڵ مەسەلەی چۆنیەتی کارو تێکۆشانی ژنان له حیزب دا هەمانە. لەوبارەوە ئێمه قەتارەکەمان لێ بۆتەمەنزڵ. ڕێبوار بۆیه بلیت دەکرێ و وەخت و پووڵ خەرج دەکا تا بگاتە مەنزڵ، نەک بۆ ئەوەی که سواری قەتاربێت و بسوڕێتەوە. ئێمه واما ن لێ هاتووە. هەموو تواناو ئینێرژی خۆمان بۆ ڕێکێشانی ژنان بۆ نێو نێو حیزب و تەشکیلات، سەرفی یەکیەتی ژنان دەکەین که لەڕاستی دا کۆمەگ به وەناکا که ژنان بێنه نێو تەشکیلات و له حیزبدا ئاکتیوبن. چوونکه لەباری ئەساسنامەیی شەوە بەڕوونی دیارنیه که داخوا یەکیەتی ژنانی دێموکڕاتی کوردستانی ئێران بەشێکه له تەشکیلاتی حیزب یان نا.
من بۆخۆم پێموایه که یەکیەتی ژنانی دێموکڕاتی کوردستانی ئێران ، ڕێکخراوێکی تایبەت به ژنانی کوردستانی ئێرانەو بۆ دیفاع له ماف و ئازادیەکانی ژنانی کوردستانی ئێران خەبات دەکات. کارێک که زۆر پێویستەو به حەق و ڕەوا یەو حیزبی ئێمەش دەبێت پشتیوانی لێ بکا. بەڵام ئەوە نابێت بەری چاومان بگرێت و دڵمان بەوە خۆشکا که بەڵێ بۆ سازماندانی ژنان و ئاکتیو کردنیان له حیزب دا کارمان کردوە. ئەوجۆرە قەناعەت هێنانه تاڕادەیەک وەک خۆفریودان دەچێ.
هەندێک هاوڕێمان هەن کەدەڵێن یەکیەتی ژنان بەشێک له تەشکیلاتی حیزبه. بەڵام نه له پەیڕەوی نێوخۆی حیزب داو نه لەپەیڕەوی نێوخۆی یەکیەتی ژنان دا بەڕوونی باسێک لەو مەسەلەیە نەکراوە. تازە ئەگەر قسەی ئەوهاوڕێ یانه قبووڵ بکەین ، ئەودەم به بڕوای من گرفتەکە دەست پێدەکات.
لەڕاستی دا حیزبێکی سیاسی مۆدێرن و پێشکەوتووی وەک حیزبی دێموکڕاتی کوردستانی ئێران، نابێت لێک هەڵاواردن وتەبعیزی جینسی له نێو ئەندامانی خۆیدا و له تەشکیلاتی خۆی دا بەڕەسمی بناسێ و قبووڵی بکات. ئەوسوونەتە لەحیزبی توودە داکەو ت و بەداخەوە ئێیمە ش خەریکە دەگرێتەوە . واته سوونەتی دابەشکردنی ئەندامانی حیزب بەسەر دەستەو تاقمی کۆمەڵێیەتی و پیشەیی جۆرواجۆر وسازماندانیان لەسەر ئەو ئەساسە. وەک سازمانی ئەفسەران ،جەوانان ، کرێکاران وهتد....
وەک وتمان حدکا،یەک تەشکیلاتی هەیە. بەتایبەتی ئێمه بڕوامان به هەڵاواردنی جنسی له نێوان ئینسانەکاندا نیە. ئێمه بەپەیڕەوی له ڕوانگەو بۆچوونە کانی حیزب، کاتێک باس له ئەندام دەکەین، مەبەستمان ئەوکەسەیە که ئەندامی حیزبە، جا ژن بێ یا پیاو. کاتێکیش که باس له ئینسان یا کورد دەکەین، بیر لەوەناکەینەوە که ئەو ئینسانە یا ئەو کوردەی که باسی دەکەین، ژنه یان پیاو.
ئەوماوەیە زۆر وەدواکەوتووم تا بزانم وەزعەکە له وڵاتەجۆراوجۆرەکانی ڕۆژئاوادا لەوبارەوە چۆنه. تا ئەوجێ یەی من ئاگادارەم، حیزبە سیاسی یە مۆدێڕنەکان یەک تەشکیلاتیان هەیە و له هەندێکیان دا له نێو تەشکیلات دا رایەڵکه واته نێت وێرکێکی ژنانیان هەیە، بەڵام له تەشکیلات داو لەژێر هەمان دیسپلینی تەشکیلاتی و حزبی دا.
+++
لەبیرمان نەچێ که فەرهەنگی تەبعیز و هەڵاوارد ن بەتەنیا هەرپێوەندیی به پیاوانەوە نیە. به داخەوە زۆرن ئەو ژنانەی که لەکوردستان دا ژنانه پیاوانه بیردەکەنەوەو به چاویلکەی ژنانه پیاوانه دەڕواننه دەوروبەری خۆیان ودیارده جۆراوجۆرەکان.
لەنێوخودی ژناندا، به هۆی زاڵ بوونی داب ونەریتە مەزهەبی یەکا ن و هۆکاری دیکەوە، زۆرن ئەوانەی پیاوان به مەوجودێکی جیاواز دە ناسن و هەرلەسەر ئەو ئەساسەش ژنانه پیاوانه بیردەکەنەوە. لەڕاستیدا یەکێک له هۆیەکانی وەزعی دژوار و نالەباری ژنان له کۆمەڵگای کوردستاندا ئەوژنانەن.
لەکوردستان دا ژنان به شێوەیەکی بەرین ستەم وتەبعیزیان پێ رەوادەبینرێ و دەچەوسێنەوە. ئەوەش ئەوەدەخوازێ که حیزبەکەمان وەک حیزبی پێشڕەوی خەباتی میللی ودێموکڕاتی خەڵکی کوردستان ، چ لەبەرنامه و چ له ئەدەبیاتی ڕۆژانەو چ له ڕەفتارو سیاسەتەکانی دا سرنجێکی تایبەتی بداته هەلومەرجی ژیان وخەباتی ژنان. هەربۆیه حیزبیش ئەو پێویستی یەی هەست پێکردوە وله بەرنامەی خۆی دا لەسەر بەرانبەریی ژن وپیاو له نێو بنەماڵەو له کۆمەڵدا پێ دادەگرێ. لەوەش زیاتر حیزب له بەرنامەی خۆیدا ڕای گەیاندوە که ئەگەر دەستەڵاتی سیاسی

بەدەستەوە بگرێ ، تێ دەکۆشێ هەموو ئەو کۆنڤانسیۆن و پەیماننامە نێونەتەوەیی یانە پیادەبکا، کە بۆ لەنێوبردنی ستەم وتەبعیز لەسەرژنان لە لایەن ڕێکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکانەوە پەسندکراون.

بەڵام حیزب هەر بەوە نەوەستاوە. ئێمە لە خەباتی ڕۆژانەی خۆماندا، لە کاری سیاسی، فەرهەنگی، کۆمەڵایەتی و ڕێکخراوەیی ماندا و لە ڕاگەیەنە گشتی یەکانماندا، بایەخی زۆرمان بە ماف وئازادیەکانی ژنان داوە. تێکۆشاوین لەگەڵ تەبعیز ولێک هەڵاواردنی جنسی و ئەوفەرهەنگە کە تەبعیز بە ژنان ڕەوادەبینێ، بەربەرەکانی بکەین. هەمیشە گوتوومانە کە ژن و پیاو بەرامبەرن و لە بەرامبەر قانوون دا وەک یەکن . هەم پیاوان و هەم کۆمەڵ مافی ئەوەیان نیە کە بەتەنیا بڕیار بۆ ژنان بدەن.

ئێمە لە هەندێک شوێن بۆ خێراترکردنی لە نێوبردنی تەبعیز ، بەوە ڕازین کە ژنان تاڕادەیەکی دیاری کراو ئیمتیازیان بدرێتێ. ئەوەش تەنیا لەبەرئەوەیە کە دەمانەوێ، دواکەوتوویی نسبیی ژنان زووتر کۆتایی پێ بێت. بەڵام حیزبی ئێمە بڕوای بە درووست کردنی دیواری بێرلین لە نێوان ژنان وپیاواندا نیە و نایەوێ، ژن وپیاو لە گەڵ یەک بکەونە شەڕی جنسیی و رقەبەرایەتی. ئێمە هەموو چەشنە توونڵ ڕەویەک، بۆنموونە فیمینیزمی توونڕەویش، کە ئیدە ئۆلۆژی یەکی دژەپیاوە، بە کۆسپی سەرڕێگای بنیات نانی کۆمەڵگایەکی دێموکراتیک دەبینین.

+++

بۆ باشترکردنی هەلومەرجی کارو تێکۆشانی ژنان لە حیزبدا، لە بری ئەوە کە حیزب هەموو تواناو ئینێرژی یەکانی خۆی لە کاناڵی یەکیەتی ژنانەوە بەکاربێنێ، واباشترەکە تێکۆشین کار زۆرتر لەسەر ئەوەبکەین کە ژنان لە حیزب و تەشکیلاتی حیزب دا چالاک وهەڵسووڕین. لەو بارەوە ئێستا کە بەرەو کۆنگرەی 14 ی حیزب دەچین، وەختی ئەوە هاتوە کە لە ئاستی حیزبدا کۆمیتەیەک بۆ باشترکردنی هەلومەرجی کار وتێکۆشان و هەڵسووڕانی ژنان لە تەشکیلاتی حیزبدا پێکبێت. ئەوکۆمیتە نابێ هەرلە ژنان پێکهاتبێت. دەبێت لە کۆمەڵێک تێکۆشەری حیزبی پێک بێت کە لەوبارەوە دەتوانن یارمەتی دەربن و ئەوئەرکە بەڕێوەبەرن کە لەوپێوەندیەدا دەکەوێتە سەرشانیان. ناوی ئەوکۆمیتە یە دەکرێ کۆمیتەی کاروباری ژنان بێت . ئەوکۆمیتە نابی ببیتە کۆمیتەی ژنانی ئەندامی حیزب. چوونکە وەک حیزبێکی مۆدێر ن ئێمە نابێ لە حیزب دا چ لە هەڵبژاردن و چ لە ئەندامگیری و بەرپرسایەتی پێدان د،ا سرنج بدەینە جنسیەتی ئەندامان و تێکۆشەرانی حیزب.

ئەو کۆمیتەیە دەتوانێ ببێتە تاقم یا ئەهرومی فشار لە تەشکیلاتی حیزب داو بۆ برنە پێشی ئەو پێرسپێکتیڤ وڕوانگانە کاربکات کە حیزب لەو بارەوە دەیەوێت لەنێو خۆی ولە نێو میللەتەکەماندا بیانباتە پێش.

لەبیرمان نەچێ کە لە هەموو جێ یەک، مەبەست لە درووستکردنی ڕێکخراوێک یا گرووپێک ئەوەیە کە بەرنامەو دیدگایەکی تایبەتی بەرێتە پێش.

ئەو قسانەی من نابێ وەک بانگەشە بۆ هەڵوەشانی یەکیەتی ژنانی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە قەڵەم بدرێت. بە پێچەوانەوە من لەسەرئەو بڕوایەم کە دەبێ یەکیەتی ژنانی دێموکراتی کوردستانی ئێرانیش بەهێز بکرێت و ئیمکانات و دەرفەتی ئەوەی بۆ درووست بکرێ کە لە ئێستا چالاکترو هەڵسووڕتربێت. هیوادارم بەوقسانەم نەکەومە بەرگۆپاڵی تەکفیری تێکۆشەرانی نێو ڕیزەکانی یەکیەتی ژنانی دێموکڕاتی کوردستانی ئێران کە ڕێزم بۆ خۆیان وتێکۆشانیان هەیە.

بەجێ یە کۆنگرەی ١٤ ی حیزب بەڵگەنامەیەک سەبارەت بە ماف و ئازادیەکانی ژنانی کوردستان و سەبارەت بەو ستەم و هەڵاواردنە پەسندبکات کە لە کوردستاندا ژنان لەگەڵی دەستەو یەخەن. سەنەدێک کە دواتر ببێتە ڕێ نیشاندەری ڕێکخراوەکانی حیزب بۆ کار لەو پێوەندی یەدا. چوونە پێشی بزووتنەوەی ژنان لە کوردستانی ئێران دا ئەوە لە حیزبی ئێمە دەخوازێ، کە لەوبارەوە کەم تەرخەم نەبین.

ڕێکەوتی : ٨ی مارسی ٢٠٠٨

## ئەندڕاگۆگی موساڵەحە

ڕێبەرایەتی حیزبی ئێمە دەبێ ڕۆڵی گەورەترین کۆلکەی هاوبەش واتە گەورەترین مەخرەجی موشتەرەک ببینێ . چوونکی خەریکی نوسینی قۆناخێکی سەخت و دژوار لە مێژووی نەتەوە و بزووتنەوە و حیزبەکەمانین.

لە بیرمە پاش شەهیدبوونی کاک دووکتۆر قاسملوو، کاتێک دووکتۆر سەعید لە یەکێک لە پلینۆمەکانی کۆمیتەی ناوەندیدا وەک سکرتێر هەڵبژێردرا، وتی سوپاسی کۆمیتەی ناوەندی دەکەم کە ئەو متمانە گەورەی پێ بەخشیم.

بۆمن شانازیەکی گەورەیە لە جێیی پێشەوا و دووکتۆر قاسملوو دانیشم. بەڵام ئێرە کۆمیتەی ناوەندیە و دەبێ بزانین کە من لە دەورانێکدا ئەو ئەرکەم دەکەوێتە سەرشان کە بە هۆی گۆڕانی فاکتۆرە سیاسیەکانی هاوکێشە ناوچەییەکان، سەیری تێکۆشانی حیزب ڕوو لە نزووڵە. ئەوە ڕەنگە بۆمن گران تەواوبێ. بەڵام چوونکە مێژوو ئەو ئەرکەی خستۆتە سەرشانی من ، بەشانازیەوە قبووڵی دەکەم و بە هاوکاری ئێوە و بەدەنەی حیزب و پشتیوانی خەڵکی کوردستان شان دە خەمە ژێر باری ئەو مەسئولیەتە قورسە. ئەوەم بۆیە لێرەدا باسکرد بۆ ئەوەی بڵێم کە ئەگەر ئەوە بۆ کاک سەعید ڕاست بوو، بۆ ڕێبەری ئێستای حیزب بە چەند قات ڕاسترە. بەڵام هەموو نیشانەکان ئەوە دەردەخەن کە ئەو توونێڵە درێژ و تاریکە خەریکە تەواو دەبێت. هەموو ئەوانەی شەممی سیاسیان هەیە تترووسکایی و ڕووناکایی ئەوسەری تونێلەکە دەبینن. وەزعی ناوچە و دوونیا بە ئاقارێکدا دەڕواتە پێش کە بە قازانجی کورد و بزووتنەوەی کورد و بزووتنەوەی ئازادیخوازی گەلانی ئێرانە. زۆر ناکێشێ بەسەر مەیدانێکی گەورە لە کار و خەباتدا دەکەوین.

ڕاستە بەو وەزعە دژوارەشەوە کە تێیداین، کەس لە ئێمە بۆ ڕووبەڕووبوونەوە لە گەڵ ئەو داهاتوە ئامادەتر و سازماندراوترنیە. بەڵام ئەوە نابێت وامان لێبکا لە خۆمان ڕازیبین. ئاخر ئێمە حیزبێکی مەسئوولین. دەبێت لە قۆناخی داهاتوودا ئەو ڕۆڵە گرینگ و گەورەیە ببینین کە لێمان چاوەڕوان دەکرێ. بۆ ئەوەی ئەو ڕۆڵە گرینگ و گەورەیە ببینین، دەبێت لە ئاستی

کوردستان و ئێران دا بە هێزبین. بۆ ئەو مەبەستەش دەبێ لە باری سیاسی و تەشکیلاتیەوە لە نێو خۆماندا پتەو و ساغ و سالم و یەگرتووبین. کەواتە دەبێ تێکۆشین بە سەر گیروگرفت و نالێکی و ناکۆکیەکانی نێو خۆمان و بزووتنەوەدا زاڵبین.

حیزب بەگشتی و بەدەنەو ڕێبەری ئێمە نیشانی داوە کە بەرانبەر دووژمنانی گەل و نەتەوەکەمان چەندە ئازا و بەجەگ و جەسوور و نەترسە. لەوەش زیاتر من دلنیام ئێمە دلێری ئەوەشمان تێدایە کە بتوانین بەرخورد بە خۆمان بکەین. بەدەنە و ڕێبەری ئێمە هەمیشە پاکباختەبووە. ئێمە جگە لە خێری عموومی و بەرژەوەندیە بەرزەکانی میللەتی کورد شتێکی دیکەمان نەویستوە و ناوێ. ڕێبەری ئێمە هەر بە حوکمی ئەو مەسئولیەتە گەورە کە لەسەر شانیەتی، بە حوکمی ئەوە کە بۆ خۆی لە جەرگەی ڕووداوەکان دایە، بە حوکمی ئەو پێوەندیە بەرینەی کە لە گەڵ خەڵک و دۆستان و دڵسۆزانی حیزب هەیەتی لە هەموو کەس باشتر ئەو زەروورەتە هەستپێدەکا. حیزب و ڕێبەری ئێمە هەمیشە ئەو دلێرییە مەعنەوی و ئەو ئازایەتیە ئەخلاقیەی تێدا بووە کە بۆ ڕووبە ڕووبوونەوە لە گەڵ چاڵێنجە گەورەکان پێویستە. هەر شتێک بە قازانجی میللەت و بزووتنەوە بێت بە قازانجی ئێمەشە. هەر ئەوە گرنگنیە کە بە دووژمن بوێرین.

ئەوەش گرنگە بە ئەهریمەنی نێو نەفسی خۆشمان بوێرین. لە تیۆلۆگی یا ئیلاهیات دا باسی جیهادی ئەکبەر دەکەن. جیهادی هەرە گەورە ئەوەیە لە گەڵ ئەژدیهای حەوت سەری نەفسی خۆت شەڕبکەی. ئێمەش دەبێت ئەوە بکەین. نابێ هەر لە دووژمن بترسین. دەبێت لە هەندێک ڕەفتار و هەڵسوکەوتی خۆشمان بترسین و لە گەڵیان دەستەویەخەبین.

ئێمە دەست بەو مەوجانەوە دە گرین کە بەرەو ئایندەمان دەبەن. کەسێک بیەوێ لە ئۆسلۆوە بچێتە ستۆکهۆڵم ، دەبێ قەتار یا فرۆکە یا ئوتوبووسی ستۆکهۆڵم بگرێ. ئێمە مەحکوم بەوەنین لەو وەزعەدا بمێنینەوە. مانەوە لەو وەزعەدا چارەنووسی ئێمە نیە. چارەنووسی ئێمە و سبەینێی ئێمە ژیان و خەباتە لە نێو میللەتی خۆمان لە کوردستانی ئێراندا. چارەنووسی ئێمە ئازادی و دیموکراسیە. کەواتە دەبێ هەر لە ئێستاوە خۆمان بۆ ژیان لە ئازادی و دێموکراسیدا ئامادە کەین .

ئاخر ئێمە پێشمەرگەی ڕێگای ئازادی و دێموکڕاسین. کەواتە دەبێ دەستی برایەتی و هاوخەباتی بۆ یەکتر درێژکەین و بە دڵێکی پڕ لە هیواو بڕواوە بڕۆین بەرەو ئاسۆ، بەرەو ئاسۆی ڕوون. لەبیرمان بێت کە ڕاستە ئەو تونێلە خەریکە دەگاتە کۆتایی، بەڵام دەبێ بزانین ڕاست کار و هەڵسووڕانی جدی و ئەساسی ئێمە ئەو دەم دەست پێدەکا کە دەگەینە کۆتایی ئەو تونێلەی کە کاک سەعیدی نەمر پێشبینی کردبوو.

کلیلی سەرکەوتنەکانمان لەو سندوقە سیحراویانەدایە کە خۆیان لەنێودڵی ئەو دەرفەتانەدا حەشارداوە کە لە مانگ و وەرز و ساڵەکانی داهاتوودا دێنە پێشمان. ئەگەر ئەو دەرفەتانە ڕاونەکەین و نەتوانین وەک قارەمانی نێو ئەفسانەکان کەڵک لەو ئیمکاناتانە وەرگرین کە بۆمان هەڵدەکەون و ئامادەییمان بۆ قۆزتنەوەیان نەبێت، ئەو سندوقانەمان بۆ ناگیرێن و لە ئاکامدا دەستیشمان بەو کلیلانە ڕاناگا کە دەرگای قەسری سەرکەوتنەکانمان بۆ دەخەنە سەرپشت.

ڕاست بۆ وەڵام دانەوە بەو وەزعەیە کە بەڕێز و تێکۆشەر کاک مستەفا هیجری، سکرتێری گشتی حیزب، ڕادەگەیەنێ کە بۆ ئامادەکردنی حیزب بۆ ڕووبەڕوو بوونەوە لە گەڵ ئەو قۆناخانەی کە لە پێشمانن، ئامادەیە ، بۆ تەختکردنی کۆسپەکانی سەر ڕێی خەبات و دەستەبەرکردنی یەکڕیزیی هەموو تێکۆشەرانی دێموکڕات ، بێ قەید و شەرت، هەموو هەنگاوێکی پێویست هەڵگرێ.

ئەو لەو ڕێگایەوە دەیەوێ ئێسکە ماسی ئینشعاب لە گەرووی تەشکیلاتی حیزب بێنێتەدەر. ئەو دەیەوێ لەو ڕێگایەوە ، درکی نالێکی لە پێی تەشکیلاتی حیزب دەرێنی تا بتوانێ باشتر بە ڕێی خەبا تدا بڕواتە پێش و چاکتر هەڵسوڕێ. دەیەوێ ئێش و ئازارەکانی ئەو درکە لە کۆڵ لەشی حیزب و تەنانەت بزووتنەوەش بکاتەوە تا چاکتر ئەرکەکانی ڕاپەڕێنێ . لەوەش زیاتر دەیەوێ کاڵەی ئاسن لە پێێ حیزب بکا تا جارێکی تر قەت درووی دیکەی لەو چەشنە نە چەقێتە پێی و هەنگاوی چوونە پێشی پێ شل نەکا. بە جۆرێک کە سڵەمینەوە لە کۆلکەی کێشە نێوخۆییەکان و بێلوتفی و تەنانەت ناحەقیەکانیش، بەسەر بەرازی ئینشیعابماندا نەخا. بەڕێز کاک مستەفای هیجری وەک سکرتێری حیزب هەر ئەو هەڵوێستەی لێ چاوەڕوان دەکرێ ، یانی ئەوە کە هەموو توانای خۆی بخاتە خزمەت بەرژەوەندیە باڵاکانی حیزب، یەکخستنەوەی ڕیزەکانی حیزب و بەهێزکردن Ù ˆ بەرەوپێشبردنی حیزب و مۆبیلیزەکردنی هەموو تواناکانی حیزب بە کاناڵێکی درووستدا. ئەو بە قسەکانی جەتی ئەو سیاسەتەی دیاری کردوە، ئێستا ئەوە بەدەنەیە دەبێت بێتە مەیدان و ئەو ئەرکە بەرێتە پێش. کاک مستەفا هاواردەکا کە با هەموومان بێین لە حیزبی خۆماندا بگەین بە کۆنسێنسوس و کۆمپرۆمیس . Consensus and compromise هەموو پرۆفیسۆرەکانی زانستی سیاسەت و ئیدارەی کێشەکان کۆکەیەوە بۆ چارەسەری ئەو کێشەیەی بەرۆکی ئێمەی گرتوە، ڕێگای لەوە ماقوڵتر و دروستریان پێ نیە. وەرن بۆ بڵند کردن و سەرخستنی باری ئەو پرۆژەیەی بەڕێزیان، لە جیاتی ئەوە کە تیر و توانجی ژاراوی تێگرین، با دەستباری دەگەڵ بگرین. نیلسۆن ماندێلاش لە وەزعێکی زۆر دژواردا، بە ئاگاهی لە هەموو ئەو مەترسیانەی لە سەر ڕێی بوون، هەموو دەستمایەو ئیعتبار و پرستیژی سیاسی خۆی کردە ئامڕاز و ئیرادەی بردنە پێشی پرۆسەی فۆرسونینگ و موساڵەحەی میللی. لەو پێناوەدا ناچاربوو کە عەداڵەتیش بکاتە قوربانیی موساڵەحە، یانی ڕیکۆنسولیەیشن.

Reconciliation. ماندێلا لە پرۆسەیەکی سەخت و دژواردا لەو کارە گەورەدا سەرکەوت و مەوقعیەتی خۆی وەک ڕێبەرێکی گەورەی مێژوویی و جێگای حیزبەکەشی واتە کۆنگرەی میللیی ئەفریقای لە نێو میللەتی خۆیدا بۆ هەتاهەتایە تەسبیت کرد. ئەو لەو ڕێگایەوە ئەفریقای جنوبیشی خستە سەر ڕێگای دێموکراسیەکی ڕوو لە گەشە و هەڵدان . لەوەش زیاتر مۆدێلێکی سەرکەوتوشی لە وەسەریەکخستنەوەی میللەتێک کە دەیان ساڵ ناکۆکی و تەبعیز و لێکهەڵاواردن هەڵبرهەڵبرێ کردبوو، بە دونیا نیشاندا. مۆدێلێک کە ئەمڕۆ بۆتە سەرمەشق و میللەتانی دیکە بۆ مەڵهەم کردنی برینەکانی جەستەی خۆیان وەک دەرمان بەکاری دێنن. دیارە ڕێگای موساڵەحە لە لای ئێمە بەو ئەندازەیەی لە پێش ماندێلادا بوو، سەخت نیە. لای ئێمە تەنیا پێویستی بە وەیە کە هەموو مان خۆمان بدەینە بەر نەشتەرگەری ڕەخنە و بە خۆدا چوونەوە و خۆ هەڵسەنگدانەوە، دوکتۆر قاسملوو جارێک وتی عەمەلی جەراحی ئازاری هەیە بەڵام پێویستە بۆ مانەوەو درێژەکێشانی ژیان . بۆیە خۆدانە بەر نەشتەرگەری بەخۆداچونەوە، بۆ خەباتگێڕان هەر هەمیشە شتێکی پێویستبووە، تەنانەت ئەگەر بۆ ماوەیەک ئازاریشی پێوەبێت.

ئەسڵەن دەبێ ئەوە بکەینە وەرزشێکی حیزبی و تەشکیلاتی و بچێتە نێو بەرنامەی کار و ژیانی خەباتگێرانەمان و لەسەر خۆمانی پیادەبکەین تا ساخ و سڵامەت و موقاوم و بە ڕووحیە و شاد و سەری حاڵ بمێنینەوە. ئەو دیواری بە ناو بەرلینە بە یەک تەکانی لوتی بێلی بۆڵدزێری ئیرادەی خەباتگێرانەمان دەڕووخێ. سەرتاسەری تەجروبەی سیاسەت و گەشەکردنی

زانستی سیاسەت لە ماوەی چەند سەدەدا لە ئورووپا کە پێشرەوی فکری بەشەریەتە، لە دوو زاراوەی سیاسیدا پوختە دەبێتەوە. ئەو دوو مەقولە سیاسیەش بریتین لە کۆمپرۆمیس و کۆنسێنسوس، یانی سازش و هاوڕاهی لەگەڵ یەکتر. ئەسڵەن دێموکڕاسی چوارچێوەیەکە بۆ پیادەکردنی ئەو دوو مەفهومە.

دێموکڕاسی بە جۆرێک یانی ئیدارەکردنی تەوافوق و هاوڕایی. هیچ ڕێگا ی دیکە نیە. لە هەرجێ یەک ئەمن هەموو خواستەکانم جێبەجێ بوون، ئەوە بەو مانایە یە کە دێموکڕاسی لێ نیە. ئەوە تەنیا لە سیستەمە ئۆتۆریتارەکاندایە کە هەموو دەبێ چەپڵە لێدەن. بەڵام حیزبی ئێمە حیزبێکی دێموکڕاتە.

وەک بەڕێز کاک حەسەنی شەرەفی جێگری سکرتێری حیزب وتی خەڵکی کوردستان و هەموو جەماوەری حیزب ، خوازیاری ئەوەن حیزبی دێموکرات گەورە و بەرین و یەکریزبێ . بەڕێزیان ڕاست دەفەرموێ ، خەڵک دوو حیزبی دێموکراتیان بە دوو ناوی نەک هەر وەک یەک یا نزیک لەیەک بەڵکوو بە دوو ناوی جیاوازەوەش ناوێ. ئەوان خوازیاری ئەوەن تێکۆشەرانی ئەو حیزبە پێکەوە، وەک هەمیشە لە ژێر ناو و دیسپلینی حیزبی دێموکڕاتی کوردستانی ئێراندا کار و خەبات بکەن. بانگەوازی ڕێبەری حیزبیش ڕاست بەو جهەتەدایە. بە بڕوای من ئەو بۆ چوونەی دەڵێ باموافەقەت لەسەر ئەوەبکەین کە ناتوانین بە تەوافوق بگەین، کە ئەوەش جۆرێک تەوافوقە، هیچ لە دەردەکە چارەسەر ناکا. ئاخر ئەوە تەنیا ڕەسمیەت دان بەو حاڵەتەیە کە ئێستا لە گۆڕێ دایە. ئەوەش حیزبەکەمان لە گەڵ زۆر کێشەی حقوقی و سیاسی بەرەو رووەدەکات کە لە داهاتوودا گرفتی گەورە بۆ حیزب و بزووتنەوە دروست دەکەن. ئاخر ئەو ئەڵترناتیوە ئێسکە ماسیەکە لە گەرووی تەشکیلات و بزووتنەوە دەرناهێنێ ، چقڵەکە لە پێی حیزب دەرناهێنێ. ئەو ڕێگایە لەو زستانی ساردوسڕی ئینشیعابەدا، لە باشترین حاڵەتدا، تەنیا دەمانباتە بەربەرۆچکەی دیواری ئارەزووی یەک گرتنەوە. لەوێش دەبێ دڵمان بەوە خۆشکەین چیلکان دە عەرزی وەژەنین، باسی جیاوازیەکانمان بکەین و دیسان ماددان بۆ یەکتر ڕیزکەین و پاکانە بۆ بەدەستی خۆ خۆڵ بەسەریخۆداکردنی دەستەجەمعیماندا بکەین. ئاخر ڕوونە کە هەورە تریشقە لە ئاسمانی ساودا ڕوونادا. هەر بۆیە بانگەوازی بەڕێز و تێکۆشەر سکرتێری حیزب تاقە ئەڵترناتیوە کە بە قازانجی حیزب و بزووتنەوە تەواوبێ. واتە کارکردن بۆ دابینکردنی یەکریزیی تێکۆشەرانی دێموکڕات لە کوردستانی ئێران، لە چوارچێوەی تەشکیلاتی حیزبی دێموکڕاتی کوردستانی ئێراندا. کەواتە باس کردن و دانیشتن بە مەبەستی ڕێککەوتن لەسەر ئەوە کە ناتونین پێکەوە ڕێککەوین هیچ هونەر نیە. هونەر ئەوەیە قبووڵ بکەین کە دەبێت لە ڕیزی حیزبی خۆماندا پێکەوە بین ، جا دوایە هەموو قسە پێویستەکان و تەنانەت قسە ڕەقەکەکانیش بکەین. تەنیا لە وەزعێکی ئاوادایە کە ترس و نیگەرانیەکانی خۆمان و خەڵکی کوردستان دەبنە قاقای پێکەنین. لەوەزعێکی ئاوادایە کە حیزبەکەمان بەهێز و گەورەدەبێ و دەتوانێ ئەو ئەرکە ببینێ کە دەبێ هەیبێ. مەگەر ئەوەنیە میللەت دەیەوێ هەموو ئەوانەی خۆیان بە تێکۆشەری دێموکڕات دەزانن وەک هەمیشە لە ڕیزی حیزبی خۆیاندا پێکەوە کار بکەن و لە یەک سەنگەر دابن. گەلۆ با هەوڵدەین لە حیزبی خۆماندا بگەینە کۆمپرۆمیس و کۆنسێنسوس. ئەوە ڕێگا درووستەکەیە.

ئێستا ئێمە لە حاڵی زۆرەبانی لە گەڵ یەکتر داین . دەستمان بە هیچ کوێ ڕاناگاو تووند دەستمان لە یەخە و بەرۆکی یەکتر ناوە و هەر کاممان دەیەوێ ئەوی تر لە ئەرزێ بدا. وەختی ئەوەیە دەست لە یەخەی یەکتر بەردەین. وەختی ئەوەیە واز لەو مەیدانداری و پاڵەوان بازیە لە دژی یەکتر بێنین. با لێک بکشێینەوە. جادوایە کە پشومان هاتەوە بەر و عەقڵی سیاسیمان هاتەوە سەر حاڵ دەتوانین پێکەوە بدوێن و کە توانای دوان و دیالۆگیشمان لە نێودا پەیدا بوو، حەتمەن دەگەینە سازش و هاوڕایی و یەکگرتنەوە. سروشتی حیزبی دێموکرات وەک حیزبێکی میللی و جەماوەری وایە کە ئەو برینەی سارێژدەکات و دەکەوێتەوە سەر حاڵەتی ئاسایی خۆی.

ئەو وەزعە نائاساییە وەزعیکی سروشتی نیە و هەر بۆیەش کە وەختی خۆی هات نامێنی. بۆ ئەو مەبەستەش چەند فاکتۆری زۆر گەورە ی یارمەتی دەرمانن. یەکەم ئەوە میللەتەکەمان بۆ ئەو کارە پشتیوانمانە و دەسبارمان دەگەڵ دەگرێ. دووهەم ئەوەیە کە ئێمە هەمووومان تەوافوقمان لە سەر بەرنامەی حیزبەکەمان هەیە. سێهەم هەمووومان تەوافوقمان لە سەر برای تێکۆشەرمان کاک مستەفای هیجری وەک سکرتێری حیزب هەیە. ئەوە شتێکە کە هەموو لایەکمان بە ئاشکرا ڕایدەگەیەنین .

تەنانەت هاورێ یانی دیکەشمان کە لە ڕێزێکی دیکەدا وەستاوەن دەڵێن کاک مستەفامان وەک گەورەترین کۆلکەی هاوبەش قبووڵە. کەواتە ئەوە دەبێ بکرێتە مەخرەجی موشتەرەکمان. جیالەوە شتی هاوبەشی دیکەشمان هێندە زۆرە کە لەڕاستیدا هەمووومان یەک ڕێفرانسەمان هەیە. ئەوەش بە نۆرەی خۆی دەبێتە چەسپ و مادەیەکی شیمیایی بەهێز کە تەفاعولاتی شیمیایی نێوانمان لە پرۆسەی وەسەر یەک کەوتنەوەماندا سەرکەوتو و دەستەبەر دەکات.

ئێستا کاری ئێمە بەدەنەو تەشکیلات ئەوەیە ئەو فشارەی لە لایەن بیروڕای گشتیی خەڵکی کوردستان و جەماوەی حیزبەوە لە سەرخۆمانی هەست پێدەکەین، کۆچی پێبدەین واتە مونتەقیلی کەین بۆ سەر ڕێبەرایەتی حیزب و بەتایبەتی بەڕێز کاک مستەفای هیجری تا ڕۆڵی گەورەترین کۆلکەی هاوبەش یانی مەخرەجی موشتەرەک ببینێ. کۆنفڕانسەکان و کۆنگرەی حیزبیش کە قەرارە بەو زوانە ببەسترێ، باشترین دەرفەتن بۆ کارێکی لەو چەشنە. جیا لەوە خەڵکی کوردستان و دۆستانی حیزبیش کۆمەگمان دەکەن و بیروڕای گشتیش پشتیوانمانە .کەواتە لەو پرۆسەیەدا سەردەکەوین.

ئیدی دەورانی سقوتی ئازادی ئێمە تەواوبوەو و دەبێ هەستینەوە. کۆنگرەی پازدە نوختەی کۆتای ئەو وەزعە نەخوازراوەیە کە تێی داین و سەرەتای هەڵسانەوە، بە هێزبوونەوە، پڕ قودرەت بوونەوە، خۆ سازدانەوە، خۆ تەیارکردنەوە، مەیدانداری کردنەوە، خۆ ڕێکخستنەوە، تینوتاقەت پەیداکردنەوە، نۆرە گورز وەشاندنەوەی گەل و حیزبی ئێمە دەبێ. ئەوە مەسەلەی حیزبی دێموکڕاتە و هەر حیزبی دێموکڕاتیش دەبێ چارەسەری بکا.

بەدەنەی حیزب دەبێ شکڵ بەو سیاسەت و پرۆسەیە بدا کە بەرەو حەللی ئەو کێشەمان دەبا. با کۆمەک بەو ڕەوتە و بە ڕێبەری بکەین. ئاخر ئەوەنیە لە پێرەوی نێوخۆمادا هاتوە کە ئەندامی حیزب دەبێ چالاکانە لە سیاسەت گوزاری و موناقەشەکردن و داڕشتن و بردنە پێش و پیادەکردنی بڕیارات و هەڵوێست و سیاسەتەکانی حیزبدا بەشداریبکات. ئێستایە بەدەنە دەبێت ئەو شمشێرە لە کالانی پێڕەوی نێوخۆ بێنێتەدەر و ڕایکێشی و پێی بچێە مەیدانداریی کاری تەشکیلاتی و حیزبی.

ئەو ڕێگایە ئەگەر زەحمەت و پڕ هەوراز و نشێویش بێ، چونکە دەمانباتە مەقسەد، نابێ سێو و دووی لێ بکەین. دوکتۆر قاسملوو دەیگووت هەمیشە ئاسانترین ڕێ باشترین ڕێ نیە. زۆر جار سەخت ترین و ناخۆشترین ڕێ ، باشترین ڕێگاشە.

ڕەنگە ئەوە ئاسان بێت کە خۆ لە مەسەلەکە بدزینەوە و لێیگەڕێین ئاوا بڕواتە پێش یا ئەو وەزعە نەخوازراوە قبووڵ بکەین و ڕەسمیەتی پێ بدەین. بەڵام ئاکامەکەی بۆ حیزب و بزووتنەوە زۆر خراپ دەبێت. هەمووومان دەزانین کە زیانەکانی ئەو کارە چەندە زۆر و پڕ مەترسین. ڕێگای چارەسەری گیروگرفت ئەوەیە لیێ بچیە پێش و تەحلیلی کەی و باشترین و

مەعقولترین ئەڵترناتیوی چارەسەری هەڵبژێری. ئێمە تێکۆشەرانی حیزب کە نەسلی پاش شۆڕشی ڕێبەندانین ، زۆرمان خزمەت بە حیزب کردوە.
ئێمە بووین حیزب و بزووتنەوەمان گەیاندە چڵەپۆپەی هێز و ئیقتدار و گەشە و پەرەسەندویی. بەڵام گەورەترین خزمەتمان ئەوەدەبێ کە ئەو حیزبە و ئەو بزووتنەوەیە بێنینەوە سەر حاڵەتی سروشتی خۆی و لەو پرش و بڵاویەی ئیستا ڕزگاری کەین و بە یەکگرتویی و ئیقتدارەوە بیدەینە وە دەستی نەسلی ئێستاو داهاتوو. ئەو خزمەتەمان لە هەموو خزمەتەکانی دیکەمان گەورەتر دەبێ. چونکە ئەو کۆشکەی بە ڕەنج و ئارەقی نێو چاوانی خۆمان دروستمان کردوە، ناڕووخێ و دەمێنی. ئەودەم ڕەنج بە خەسار نایەینە دەر. میللەت بە ئینسافە و نمرەی خۆی بە هەرکاممان دەدات. با ئێمە لە یەکتریش نارەحەت بین و نمرە بە یەکتر نەدەین. میللەت خزمەتکارانی خۆی دەناسێ. کەواتە با لەوە نەترسین کە بەرەو داهاتوو بڕۆین.
نەسلی ئێستا و داهاتوو غەلوغەشەکانی ئێمە یان نین و لەوەش زیاتر لە ڕابردوودا ناژین و لە ڕابردووی ئێمەش دەرس وەردەگرن. بۆیە دەتوانن کوڕ و کچی سەردەمی خۆیان بن و حیزب و بزووتنەوە لەو قۆناخەدا و لە داهاتوودا چاکتر لە ئێمەش بەرنە پێش. بەڵام شەرت ئەوەیە ئێمە ئیفتیخاراتەکانمانیان بە میرات بۆ بەجێبێڵین نەک عەیب و غەلوغەشەکانمان.
تەنیا شۆفیرێک کە تابلۆ نەناسێ یا چاوی نەبینێ، ڕوو دە جادەیەک دەکا کە تابلۆی بنبەستی بۆ دانرابێ.
بەو ئەزمونانەی لە ڕابردوودا هەمانن ئەو مەسەلەیە لە یەکەم ڕوانینماندا زۆر زەحمەت دێتە بەر چاو. بەڵام ئیرادەی خەباتگێرانەمان لەوە بە هێزترە بمان ترسێنێ. ڕاستە کێوێکی بەرز و گەورەمان لە پێشە کە دەبێ پێی دا سەرکەوین و ڕێگای پێداسەرکەوتنیشی دژوار و سەخت و پڕ هەوراز هەڵدێرە. بەڵام ئاخر لای پشتەوەشمان دەریایەکی گەورە و پڕ لە تۆفان و گەردەلولە و دوورە کەنارە کە نەک هەر ناتوانین پێیدا تێپەرین، بەڵکوو خۆ لێدانی بەرانبەرە لە گەڵ بە هیلاک چوونمان. ژەنەڕاڵی پایز وتەنی کەشتیەکی درز تێکەوتوو لە دەریای توشا، تۆبڵێی ڕۆژێ بگاتە کەنار؟
ئایە دروستە ڕقوقین و تەعەسوبی نابەجێ هێندە بیروزەین و بەر چاومان ببەستێ کە تەنانەت لە نێوچونی خۆشمان بۆ گرنگ نەبێت. ڕقوقین لە سیاسەت داهەیە، هەموومان ئینسانین دەبێ تورەش بین و لە یەکتریش هەڵبەزینەوە . ئاخر خۆ ڕۆبۆت نین. هەست و سۆزو ئیحساسمان هەیە و لە خوێن و گۆشت دروستبووین. بەڵام ئینسان مەوجودێکی سیاسیە. ئەگەر سیاسی نەبا ئێستا وەک دایناسۆڕەکان ڕەگەز و ڕەچەڵەکی بڕابۆوە و نە مابوو. ئینسان بەوەوە ماوە و دەمێنی و دەڕواتە پێش کە لەو کێشە و شەڕو گیروگرفتانەی کە بۆی دێنە پێش فێردەبێ و توانای خۆ گەنجاندن و سازشی هەیە و بۆ چونە پێشی خۆی کەڵکیان لێوەردەگرێ . کەماڵ و پوختەبوون وەک مەولەوی دەڵێ هەر بەوە دەڵێن. ئینسان تەنیا حەیوانێکە کە سیاسەت دەکا. هەر بۆیەشە خوا بە ئەشرەفی مەخلوقاتی ناسیوە و لە تێکستە دینیەکانیش دا دەوترێ خوا لە سەر شکڵی خۆی مرۆفی دروست کردوە. لەوەش زیاتر لە ئاینی زەردەشتدا ئینسان بە هاوکاری خواش دەناسرێ لە بردنە پێش و هەڵسورانی ئەو گەردوونە گەورەدا. مەبەست ئەوەیە کە قودرەتی مرۆڤ بۆ زاڵبوون بەسەر کێشەکانی سەر ڕێی خۆیدا وەبیر بێنمەوە. ئینسان توانای سیاسەتکردنی هەیە. ڕق وقین و هەست و سۆز دەبێ هەبن و جاجار خۆشیان نیشان دەن. بەڵام لە نیهایەتدا دەبێ عەقڵی سەلیمی سیاسی و فەزیلەتی سیاسی جڵەوی کار بە دەستەوە بگرن. با بەسەر دڵی ئێشاو و شکاو و ناسکی خۆماندا زاڵبین و عەقڵی سیاسیمان بەکاربێنین و عەمەلی سیاسی لە خۆمان نیشاندەین. کێ هەیە لە ئێمە دڵی نەشکابێ و لە دەست زمان و دەستی هاوڕێیانی خۆی لە و حیزبەدا شەوانە تابەیانی نەگریابێ . من پێم وانیە تێکۆشەرێکی حیزبی هەبێ کە ئەوەی بەسەر نە هاتبێ. ئاخر فێربووین زمانیش وەک کلاشینکۆف لە دژی یەکتر بەکاربەرین.
زمان لە ئەساسدا بۆ پێوەندی گرتن و دیالۆگ و کۆمیونیکاشۆن و چارەسەری کێشە و لێک تێگەیشتن دروست بوە. کەچی ئێمە بە پێچەوانەوە بۆ ئاڵۆزکردن و یەکتر شکاندن و دوژمنایەتی سازکردن بەکاری دێنین. وشە و ڕستە وەک نارنجۆک و گوللە ئاڕاستەی یەکتر دەکەین. نازانین کە وشە دەتوانێ تەنانەت شەری گەورەی لێ بکەوێتەوە. وشەبوو کە لە سەرەتاکاندا بوو بە دەستەچیلەی شەرێ مالوێرانکەری ئێران و عێراق.
ئێستا کاتی ئەوەیە دڵفرەوان و دڵ گەورەبین و حیزبمان، کە وەسیلەی بردنەپێشی خەبات بۆ ئازادی میللەتەکەمانە، لە خۆشمان خۆشتر بوێت.
کەواتە باشتر وایە هەر ڕوو لە شاخەکە بکەین. ڕاستە سەختە. بەڵام ئەگەر گەیشتینە سەر لوتکەی کێوەکە هەموومان ماندوویمان دەردەچێ و حیزبەکەمان و میللەتەکەشمان و هەموومان بردوومانەتەوە. ئەوەیە ڕێگای درووستی موساڵەحە بۆ ئێمە لەو هەلومەرجەدا، واتە ڕیکۆنسیلیەیش یا نۆروێژی وتەنی فۆرسۆنینگ بۆ ئێمە ئەوەیە.

ڕێکەوتی ١٧ی ژوئیەی ٢٠١٢

=================================================================================

سەرچاوەکان : ماڵپەڕەکانی : کوردستان میدیا ، خاکەلێوە و کوردستان نێت

کۆکردنەوە و ئامادە کردنی : ڕەحمان نەقشی

خەرمانانی ٢٧١٣ی کوردی / سپیتامبری ٢٠١٣ی زایینی